سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی

# شاکر فەتاح

کتێبی هەشتەم



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

## سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی

# شاکر فەتاح

### کتێبی هەشتەم

ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی
ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی



ناوی کتێب: سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی شاکر فەتاح – کتێبی هەشتەم
دانانی: شاکر فەتاح
ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٥٧٨
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: دڵشاد مستەفا + ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٤٧٧)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# دواڕۆژی مرۆڤایەتی

# ساڵی یەکەم

## چیرۆکی ژیانی یەکەم ساڵی بابە ئادەم و دایە حەوایە لەسەر زەویدا

نووسەری: رۆبیر دیو دونیە

بەیانییەکیان، ئادەم و حەوا، لە بەهەشت کرانە دەرەوە. یەکەم کەسێکیش کە لەسەر زەویدا قسەی کرد حەوا بوو. کە حەوا ئادەمی چاو پێ کەوت بەو هەناسە ساردیی و سەرگەردانییەوە پێی گوت: (خۆشەویستەکەم چیت ئەوێ؟... دەست ئەکەین بەکار!)... پاش ئەوە هەردووکیان ملیان پێوە نا و ڕۆیشتن. ئەمە یەکەمجاریان بوو، هەستیان کرد بەبرسێتی و تینوێتی. بەڵام هەرچەندە ئاویان دۆزییەوە لەناو جۆگەلەکانی ناوەند سەوزە گیاکاندا و خواردیانەوە تا تینوێتییان پێی شکا، هەرچەندیان کرد هەندێ میوەیان بۆ نەدۆزرایەوە برسێتی خۆیانی پێ بشکێنن!...

– تەنانەت سێوێکیشمان بۆ نەدۆزرایەوە؟!.

ئەم ورتەیەیش هەر لە دەمی حەواوە بوو هاتە دەرەوە. ئەم وشانەی دواییە، لەناو گوێی ئادەمدا زرنگانەوە ئەویش بەمۆڕییەکەوە ئاوڕی لە حەوا دایەوە و پێی گوت: (بۆچ ئەمە چیی تیایە؟!...)... ئافرەتەکەیش ڕووی لێ وەرگێڕا و بەتوانجەوە دەستی کرد بەورتە و بۆڵەکردن گوتی: (وا دیارە هەر لە سەرەتاوە چاکمان دێتە ڕێ!...)... ڕۆژ گەیشتە سەر تەختی خۆی لەناو جەرگی ئاسماندا، تیشکەکانی ئەمەندە گەرم بوون، ئادەم و حەوایان پڕوکاند. هەستیان کرد بەماندوێتییەکی وا کە لەوە پێش نەیاندیبوو. جۆرە تەمەڵی و خاوییەکی وایش گەیشتبوون بەدڵ و دەروونیان کە لەوە بەر هەستیان پێ نەکرد بوو. چونکە بای بەهەشت خۆش بوو، نە گەرم بوو، نە سارد. بەدرێژایی ساڵیش هەر بەو جۆرە ئەمایەوە. هەموودەمێکی ئەوێ وەک بەهار وا بوو. ئاسمانەکەیشی هەرگیز بەری تاریک نەئەبوو. بەڵام لەو ڕۆژەدا کە لە بەیانییەوە تا ئێوارێ بەهەتاوی ڕۆژەکە پڕوکابوون، کە ئێوارە داهات ڕۆژیان دیی پشتیی تێکردن و ئاوا بوو، ئیتر تاریکایی داهات و هەردووکیانی داپۆشی.

ئەوە یەکەم شەوی ژیانی سەر زەویی ئادەم و حەوا بوو! بەڵام لە ڕۆژی یەکەمیاندا شتی زۆریان هاتە پێش چاو هەرچەندیان ئەکرد تێیان نەئەگەیشتن... چونکە ئەو گژوگیایانەی، لە کاتی ڕۆیشتنیاندا پێیان پیا ئەنان، جارێکی تر ڕاست نەئەبووەوە... پێیەکانی ئادەم



ئاوسان و سوور هەڵگەڕان... حەوایش لەناو هەندێ گژوگیای دڕکاوییدا هەڵ ئەنگوت... کە تەماشای کرد خوێن لە قاچی دێ، فرمێسک بەچاویا هاتە خوارەوە! ئەمە یەکەم جاری بوو کە خوێن لە لەشی بێت. هەروەها یەکەم جاریشی بوو کە بگریی!... کە چاویان ئەکەوت بەگوڵەکان سیس ئەبن، تێ نەئەگەیشتن سەبارەت بەچییە وا سیس ئەبن!. هەروەها کە گیانلەبەرەکان چاویان پێ ئەکەوتن هەڕایان ئەکرد. ئەمانیش لە هەڕاکردنەکەی ئەوان زۆرتر ئەکەوتنە ترس و لەرزەوە. وا ڕێ کەوت شتێک بە بەردەمیاندا خشپەی کرد بەسەر سەوزە گیایەکەدا. ئادەم وایزانی مارە. گاڵۆکێکی لە لقی دارەکان دروست کردبوو بۆ خۆی، کە پیا ماڵی دەست بەجێ مرد. کە ئادەم چاوی بەو گیانلەبەرە بچووکە کەوت، بڕستی تیا نەما و وەستا هەڵیگرت و سەیرێکی کرد. کەچی مارمێلکەیەکی بچووک دەرچوو، گیانی تیا نەمابوو. هەرچەندی کرد مارمێلکەکەی بۆ زیندوو نەکرایەوە... کە لەوە ڕەنجەڕۆ بوو، حەوا لێی پرسی: (واتای ئەمە چییە؟) ئادەمیش پێی گوت: (هەرچەند ئەکەم تێی ناگەم!) بۆ ئەوان ئەمە گران بوو کەوا بەو زووانە لە مردن تێ بگەن!. چونکە ئەمە یەکەم جاریان بوو مردنیان چاو پێ کەوتبێ!. لە دەمەو ئێوارێدا، چاویان لە گورگێک بوو، قەپاڵی ئەگرت لە بەرخێک، حەوایش خۆی هاویشتە باوەشی ئادەمەوە لەبەرخۆیەوە ئەیگوت: (کەواتە ژیان ئەمەتا!...) ئادەمیش لەبەرخۆیەوە گوتی: (ئێمە سێومان خوارد کە ئەمانەمان بێنە ڕێ؟!).

بەڵام دەستیان نەکرد بەگلەییکردن لە یەکتری. کەچی هەردووکیشیان هەستیان بەهەناسە ساردیی و خەفەتباریی ئەکرد!...

***

یەکەم شەویان بەترس و لەرزەوە ڕابوارد... ئەو تریسکە سامناکانەی کە لە ناو چاوی گیانلەبەر و دڕندەکاندا ئەیاندین، ترسیان خستبووە دڵیانەوە... ئەو گیانلەبەرانەی کە لە بەهەشتا، ئەهاتنە لایانەوە و خۆیان تێ هەڵ ئەسوون. لەو شەوەدا گەمارۆیان ئەدان و بەهەر چوار لای ئەو درەختەدا ئەسووڕانەوە کە ئەوان لە بنیا دانیشتبوون، ئەیانقیژاند و ئەیانبۆڕاند و نرکەنرکیان ئەکرد بەسەریاندا. کە بوو بەبەیانی و لە خەو ڕاپەڕین، حەوا بەدەنگێکی کزەوە بەئادەمی گوت: (تا بڵێی برسیمە!...)... ئادەمیش هیچ ورتەی لە دەم نەهاتە دەرەوە. دەمودەست هەستایە سەر پێ و ڕووی کردە ئەو جێگایەی کە شەوی پێشوو گورگەکە لەوێدا بەرخەکەی گرتبوو ئەیخوارد. چونکە وای هاتە پێش چاو کە لە گۆشتی گیانلەبەران بەولاوە هیچ سەرچاوەیەکی تر نییە پێی بژین. هەر پارچە گۆشتێک لە

گورگەکە بەجێمابوو، کۆی کردنەوە و هێنانیە بەردەم حەوا. حەوایش کە پارچەیەکی لێ چێشت دەمودەست بێزی لێ کردەوە. بەڵام زۆری پێ نەچوو، لە برسانا سکی دەستی کردەوە بەژان. ناچار بوو دەست بکاتەوە بەگۆشت خواردن. ئنجا گوتی: (بڵێم چی؟... ناچارم بیخۆم... قەیناکات بام بیخۆم... ئەم کارە بریتییە لە ڕاهاتن لەمە بەولاوە هیچ گرانییەکی تری تیا نییە!).

بەڵام لە پاش ئەم نان و خوانە بچووکە، کە ئادەم بۆ حەوای ڕازاندەوە، ئایا ئادەم ئەرک و ئازاری نان پەیداکردنی لە کۆڵ بووەوە؟!...

– دیارە نەء!...

ئادەم پەیی بەوە برد کە پێخۆر پەیداکردن، کارێکی ئاسان نییە. بیرکردنەوە و خۆ ماندووکردنی پێ ئەوێ. ئەگینا خۆی و ئەو ئافرەتەی لەگەڵیایەتی، لەتاو برسێتی پەرێشان ئەبن. هەروەها پەیی بەوەیش برد، کە بۆ ئەمەی هەمووەدەم خۆرشتی تەواویان لە بەردەستا بێ، بۆ ئەمەی پێی بژین، نابێ پشت بەڕێکەوت زۆر ببەستن!... هێشتا واتەکانی خوا لە گوێیدا ئەزرنگانەوە کە پێی فەرموو بوو: (بەرەنجی شان و خۆەی(*) ناوچەوان نەبێ نانت دەست ناکەوێ!) ئادەم و حەوا ڕاستبوونەوە و هەستانە سەر پێ، ئنجا دەستیان کردەوە بەڕۆیشتن. لە ڕێگا ئەشکەوتێکیان هاتەبەر کە لەناو گردێکدا هەڵکەندرا بوو. پەنایان بردە بەر ئەوێ. پاشان ئادەم چووەوە دەرەوە. هەندێ لقوپۆپی دار و درەختی هێنا بەگەڵاکانیانەوە و هاتەوە کن حەوا، جێگا نوستنێکی نەرمونۆڵی وای بۆ دروست کرد، کە لە نوستنی سەر بەردە ڕەقەکەی ناو ئەشکەوتەکە چاکتر بوو!...

***

ئادەم و حەوا دەستیان کرد بەسوککردنی باری خۆیان، کە تا لە بەهەشتدابوون ئەبو پێڕەویی ئەو یاسایەیان بکردایە کە نابێ بەڕووتی بچنە بەردەمی خوا. هەردووکیان پشتێنەکەیان لە کەمەری خۆیان کردەوە. ئەم پشتێنە بۆ ئەوە بوو کە بەروپشتیان بشارێتەوە. لە گەڵای درەختان دروست کرابوون. هەردەمێ ڕۆژ گەرمی بکردایە ئەو پشتێنەیان لە کەمەری خۆیان ئەکردەوە. هەرچەندە شەیتان، کە کاتی خۆی لە بەهەشتدا چەواشەی کردبوون و لە خشتەی بردبوون تا سێوەکەی پێ خواردبوون، بەڵێنی پێدا بوون، شتی خۆش و ناوازەیان دەست بخات، بەڵام هیچ کامێکیان بایەخێکی نەئەدا بەو

(*) خۆە = (ئارەق، عرق).



ڕووتبوونەوەیە! چونکە لەو چەند ڕۆژەیاندا کە تازە هاتبوونە سەر زەوی، هیچ خەمێکیان نەبوو ئەوە نەبێ کە خواردەمەنییەک پەیدا بکەن بۆ خۆیان، بیخۆن و بەبرسێتییەوە نەمێننەوە!... لەوە بەولاوە خەمی شتی تریان نەئەخوارد!...

کە بەیانیان ڕۆژ هەڵ ئەهات، ئادەم ئەچووە دەرەوە بۆ ڕاوکردن. حەوایش بەتەنیا ئەمایەوە لە ئەشکەوتەکەدا، هەر خەریکی ئەوە ئەبوو کە کراسێک لە پووش بۆ خۆی بچنێ بۆ ئەمەی خۆی لە سەرمای شەو بپارێزێ. بەهیوای ئەوەیش بوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئادەم گیانلەبەرێکی بەرگن ڕاو بکات ئەویش کەوڵەکەی لێ بکاتەوە و لە شەودا خۆی پێ داپۆشێ تا گەرمی ببێتەوە. بەڵام لەو کاتانەدا، کارەساتێکی گرنگ ڕووی دا. ئەو ئاواتەی کە حەوا هەیبوو بۆ خۆ گەرمکردنەوە پێی هاتە دیی. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو کەوڵەی کە بەئاواتیەوە بوو دەستی بکەوێ، دەستی نەکەوت... لەو کاتەدا کە ئادەم خەریکی ئەوە بوو بچێتە دەرەوە، بۆ ئەمەی ڕاوی نێچیرێکی وا بکات کە بەرگن بێ و کە دڵی پێوە بێ، سروشت خرۆشا و کردی بەشۆڕشێکی گرنگ. لە دەنگی گرمەگرمی هەورەکان ئەم پەڕ و ئەو پەڕی ئاسمان دەنگی ئەدایەوە. گێژەڵووکەیەکی سەخت و توندوتیژ پەیدا بوو. هەر درەختێکی بهاتایە بەر لە ڕەگ و ڕیشە دەری ئەکێشا. باران کردی بەڕەهێڵە و بەشەستی ئەهاتە خوارەوە. هەورەتریشقەکان دایان لە بنکی ئەو دار و درەختانەی کە گێژەڵووکەکان لە بن هەڵیانکەندبوون. ئاگری تێ بەردان!... ئادەم و حەوایش سەیری ئەو کارەساتە سەیرە تازەیەیان ئەکرد، واقیان وڕما بوو، ترس و لەرز نیشتبووە دڵیانەوە. کاتێ کە سروشتی شۆڕشگێڕ لە شۆڕشەکەی خۆی بووەوە و دامرکایەوە، لە پاش ئەو شەوە سامناکە کە زەندەقی پیاوی ئەبرد، ئادەم و حەوا، هەردووکیان لە کون چوونە دەرەوە و، بەرە بەرە لە درەختێکی ئاگر تێبەربوو خۆیان نزیک خستەوە درەختەکە هێشتا ئەسووتا، گڕی لێ ئەبووەوە. حەوایش دەستی برد بۆ لقێکی درەختەکە کە ئاگری پێوە بوو. بەڵام گورج دەستی لێ دوورخستەوە و بەهاوارەوە گەڕایەوە پاشەوە. ئەگریا و ئەیناڵاند. ئادەمیش پەنجە سووتاوەکانی حەوای خستە ناو دەستی خۆیەوە و بەدڵ پێ سووتان و بەزەیی پیا هاتنەوەیەکی تەواوەوە دەستی بەسەرا ئەهێنا. پاشان بەهێواشی و نەرمییەکەوە نوشتایەوە و پڕ بەدەم پەنجە سووتاوەکانی حەوای ماچ کرد... دوور نییە ئەمە یەکەم ماچ بوو بێ کە لەسەر زەویدا ڕوویدابێ!... لەگەڵ ئەوەیشا ئادەم و حەوا لە ئاگرەکە خۆیان دوور نەخستەوە... چونکە هەستیان ئەکرد بەگەرمییەک ئەهاتە ناو ئەندامەکانی لەشیانەوە. ئادەمیش لە شەودا هەستی بەوە کردبوو کە ئاگرەکە هێزی ڕووناک کردنەوەی تیایە. لەبەر

ئەوە دەستی کرد بەبیرکردنەوە لەوەی کە هەندێ لەو لقە دارە هەڵگیرساوانە بگوێزێتەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکەی خۆیان، تا لە شەوە ساردەکاندا خۆیانی پێ گەرم بکەنەوە، هەروەها لە شەوە تاریکەکانیشدا ئەشکەوتەکەیانی پێ ڕووناک بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا پەیی بەوە برد کە بۆ ئەمەی کەڵک لەو ئاگرە وەربگرێ، پێویستە ئاگای لێ بێ نەکوژێتەوە. ئادەم هەر سەیری ئاگرەکەی ئەکرد و بیری ئەکردەوە لەو هۆیەی کە ئەو مەبەسەی بۆ پێک بهێنێ. لە پڕ داردەستەکەی خۆی هاتە بەرچاو، کە هێشتا بەدەستیەوە بوو. ئیتر بەهۆی ئەو داردەستەوە توانی هەندێ لقەداری ئاگر تێبەربوو، هەڵگرێ و بەفڕکان بیانگەیێنێتە ناو ئەشکەوتەکە. بۆیەکا بەفڕکان ئەیبردنە ناو ئەشکەوتەکەوە، تا نەکوژێنەوە. لە یەکەم هەڵمەتیا سەرنەکەوت. چونکە پێش ئەمەی بگاتە ناو ئەشکەوتەکە، ئاگری لقەدارەکان کوژایەوە. ئەمجارەیش چووەوە بۆ ئاگرهێنان، هەمیسان ئاگرەکە کوژایەوە. یەک لەسەر یەک تا دە جار ئەو کارەی خۆی دووبارە کردەوە، هەر سەری نەگرت. بەسەزمانە ئەوەی نەئەزانی کە سەرکەوتن ڕەنگە لە سەرنەکەوتنەوە پەیدا ببێ...

ئەوەندەی پێ نەچوو ڕاستیی ئەم قسەیەی بۆ دەرکەوت. چونکە لەتاو هەناسەساردیی و ڕەنجەڕۆیی خۆی کە نەیتوانی ئەو ئاگرە بگەیێنێتە ناو ئەشکەوتەکەوە داردەستەکەی خۆی فڕێدایە ناو پێخەفەکەی حەواوە، کە ئەوە بوو لەوە پێش خۆی لە چیلکە و گەڵا دارە وشکەکان بۆی دروست کردبوو. خۆیشی لەتاو ئێشی گیانی، بەهەناسەساردییەکەوە، بەدڵێکی شکاوەوە، لە پەنایەکی ئەشکەوتەکەدا پاڵی لێ دایەوە. بەڵام سەر داردەستەکەی ئادەم ئاگری گرتبوو. هۆی ئەوەیش ئەوە بوو لقی دارە گڕ تێ بەربووەکانی پێ هەڵگرتبوو بۆ ناو ئەشکەوتەکە. زۆری پێ نەچوو، ئادەم، هەستی پێ کرد دوکەڵ لە پێخەفەکەی حەوا بەرز ئەبێتەوە.

بەڵام هێشتا گڕی نەگرتبوو، نەسووتابوو، بەتەواوەتی. لەو کاتەیشدا حەوا هاتە ژوورەوە کە چاوی کەوت بەپێخەفەکەی خۆی ئەسووتێ، هاواری کرد و قیژاندی، گوتی: (ئای... ئەوە پێخەفەکەمە ئەسووتێ!)... بەڵام ئادەم بەوە دڵی کەوتە خۆشییەوە ئەوەندەی نەما بوو لە خۆشیانا گەشکەدار بێ... چونکە پەیی بەوە برد، کە ئەو خوایەی سزای داون، بەرەڵلایان ناکات لەناو بچن، چونکە ئەم شاهکارەی بۆ داهێناون شاهکاری ئاگر!... ئیتر مرۆڤ هیچی لەسەر نییە بیکات، ئەوە نەبێ، کە ئەو گڕە ئاگرانە بپارێزێ و نەهێڵێ بکوژێنەوە بۆ گەیشتن بەم مەبەسەیش، هەر ئەوەندەی بەسە کە جاروبارێک هەندێ چیلکە کۆ بکاتەوە! ئادەم سەرلەنوێ پێخەفێکی تری بۆ حەوا دروست کردەوە. پاشان لە



ئەشکەوتەکە چووە دەرەوە بۆ ئەمەی خۆرشتێک بۆ خۆیان پەیدا بکات. لە ڕێگادا چاوی بەگەلێک لاشەی گیانلەبەران کەوت، کە گێژەڵوکەکە لەناوی بردبوون... لە بن درەختێکی سووتاودا، فیلە گێژەیەکی سووتاوی دیی، پارچەیەکی لێ کردەوە و خواردی تەماشای کرد جیاوازییەکی زۆر هەیە لە ناو ئەو گۆشتە برژاوە و ئەو گوشتە کاڵەدا، کە تا ئەوسا خۆی و حەوا ئەیانخوارد چێشکەی هەردوو جۆرە گۆشتەکەی بەلاوە زۆر جیاواز بوو ئادەم لەمە سەری زۆر سوڕما بەملاو بەولای خۆیدا ئاوڕی دایەوە، بۆ ئەمەی فریشتەیەک، یاخود خوا خۆی ببینێ،[*] تا سوپاسی خۆی و هەست پێ کردنی خۆی بەکردەوە جوانەکانی خوایی، بۆ خوا دەرببڕێ بەڵام خوا لەمە مەبەستێکی ژیرانەی خۆی هەبوو چونکە لەو ڕۆژەوە کە مرۆڤی لە بەهەشت دەرکرد، ویستی مرۆڤەکە تێ بگەیێنێ کە لەسەر زەویدا تەنیایە لەبەرئەوە پێویستە خۆ بەخۆی خۆی بۆ گیروگرفت و تەنگو چەڵەمەکانی خۆی چارە بدۆزێتەوە دوای ئەوەیش نابێ بەهیچ کلۆجێک بۆ کزیی و بێ چارەیی، یاخود بۆ ڕەنجەڕۆیی و هەناسە ساردیی خۆی بدا بەدەستەوە.

جا ئەگەر ژیان پێویستی بەهەندێ پشتیوانی کردنی خوا بوو بام بکرێ بەڵام لە دوورەوە ئەبێ تا پێشی بکرێ ئەو یارمەتی دان و پشتیوانی کردنەی بەدزییەوە بێ!. ئەمەیش، هەر، تا ئەوەندە ئەکرێ، کە پیاو فێر ئەبێ چۆن پشت بەخۆی ببەستێ و کاروباری خۆی بەدەستی خۆی هەڵبسووڕێنێ!.

ئادەم کە دەمەو ئێوارێ هاتەوە ئەشکەوتەکەی خۆی، پارچە گۆشتێکی برژاوی پێشکەش حەوا کرد حەوایش کە چێشکەی گۆشتەکەی کرد زۆری لا خۆش بوو.

ئیتر لەو کاتەوە فێری ئەوەبوو کە بەهۆی ئاگرەوە گۆشتی ئەو گیانلەبەرانە ببرژێنێ کە ئادەم ڕاوی ئەکردن!.

***

ڕۆژ لەسەر ڕۆژ تێ ئەپەڕیی مرۆڤی یەکەمیش،[١] هەموو ڕۆژهەڵاتنێکی لەسەر تەختە بەردێک لە نزیک ئەشکەوتەکەیەوە تۆمار ئەکرد هەرچەندە خۆرشت دۆزینەوە ئەرکێکی زۆری خستبووە سەرشانی ئادەم، کە بەهۆی ئەوەوە یەجگار کەوتبووە خەموو پەژارەوە،

(*) بەپێی ئایینی ئیسلام بینینی خوا لە توانادانیە بەڵام بینینی کردەوەی خوایی، لە توانا دایە. (وەرگێڕ)

(١) مەبەستی یەکەم مرۆڤی سەر ڕووی زەوی (الأنسان الأول)ە.

چونکە ژیان و گوزەرانی خۆی و ژنەکەی لەسەر ئەوە بەندبوو، بەڵام جار بەجارێک جۆرە دڵتەنگییەکی تووش ئەبوو، هەر چەندێکی ئەکرد نەی ئەزانی لە چییەوە پەیدا ئەبێ!... هەستی بەخۆی ئەکرد، بەدڵ ئەیەوێ ئەم کچە پچکۆلەیە بگرێتە باوەشی حەوایش تا ئەوکاتە، هەر بریتی بوو لە دۆستێک، لە هاوڕێیەک، بۆ ئەوە پەیوەندیی ناوەندیان هەر ئەوەندە بوو کە لەگەڵیا ئەگەڕا بەسەر زەویدا... بەڵام ئەو گەشتە، نە مەبەستێکی تیابوو، نە ئامانجێکیشی هەبوو!... ئادەم هەر ئەوەندە سەیری سنگ و مەمکەکەی حەوای ئەکرد کە بەجوانی و ڕێک و پێکییەکی تەواوەوە خەملّیبون، یاخود سەیری سمتە خڕوپڕە تورت و توندەکەی ئەکرد کە لەشولاری ڕازاندبووەوە، ئارەزووی سەیر سەیر لە دڵیا ئەبزوایەوە تەزووی یەجگار سەیر بەلەشیا ئەهات، خوێنی گەرموگوڕ بەناو دەمارەکانیا بەتەووژم ئەهات!...

بەڵام هەرچەندی ئەکرد نەی ئەوێرا لەو گۆڕرانە بدوێ کە بەسەریا ئەهات، لەو پشێوییە بدوێ کە کەوتبووە دڵیەوە و شەوانی پێ ڕۆژ ئەکردەوە، بێ ئەمەی بهێڵێ خەوێک بچێتە چاویەوە!...

لەگەڵ ئەوەیشدا کە پڕبەدڵ هەستی بەوە ئەکرد، کە ئەگەر بێتو بچێتە سەر جێگای حەواو لە تەنشتیەوە پاڵ بکەوێ، زۆر دڵخۆش و کامەران ئەبێ، بەڵام بەربەستی خۆی زۆر ئەکرد لەو کردەوەیە!.

یەکەم مانگی بەختەباران (مایس) لەسەر زەویدا داهات. گیان لەبەرەکان تووشی شێت و وێتی دڕندەییەک بوون!... ئادەم و حەوایش، هەموو ڕۆژێک، جووتە گیانلەبەر و پەلەوەرەکانیان ئەدیی، هەر نێرە یەکیان بەمێیەکەی خۆیەوە نووسابوو!... هەرچەندە هێشتا لەو ڕازە تێ نە گەیشتبوون، کە بۆچ ئەو نێرومێیانە خۆیان بەیەکترەوە ئەنووسێنن، یاخود بۆچ ئەبن بەیەک لەش، بەڵام هەرچەند ئەو کردەوەیەیان چاوپێ ئەکەوت، دەمو دەست ڕوویان لێ وەرئەگێڕا هەر وەک جۆرە شەرمێکی شاراوە بیانگرێ لەو کردەوانە وا بوو!...

بەڵام شەوەکان لە ژێر پەردەی تاریکی خۆیاندا، زۆر لەم جۆرە کردەوە سامناکانەی بۆ شاردبوونەوە!...

بەشەو هەرگوێیان لە زیڕە زیڕ و، لوورە لوور و وەڕین بوو... دەنگی ئەو گیان لەبەرانە گوێچکەی پڕ کردبوون... ئەو دەنگانە بریتی بوون لە دەربڕینی ئارەزوویەکی کلّپەدار کە لە ناوی خوێنی ئەو گیانلەبەرانە دا گڕی سەندبوو هەموویشیان هەر ئەم بانگە سەیرەیان ئەدا



بەگوێچکەی مرۆڤدا: بانگی خۆشەویستی و دڵداریی!... ئەو بانگەی کە هەستی جیهانی ئەپاراست لەگەڵ گەورەبوون و گەشە کردنیا!...

ئادەم و حەوایش، بەتەواوەتی بۆیان دەرکەوت، کە ئەو گیانلەبەرانە، لە توانایاندا نیە بەرگەی ئەو بانگە چاو بەست کەرە بگرن!... کاتێ کە ئەو ئارەزووە شێتانەیە دڵی داگیر ئەکردن، قژیان بژ ئەبووەوە، چاویان بریسکەی لێوە ئەهات، دانەکانیشیان لەیەکیان ئەدا... تەنانەت گیانلەبەرە هەرە شیرین و لەسەرخۆکانیش، کە ئەو ئارەزووە دەسەڵاتی لێ ئەسەندن، وەک دڕندەیان لێ ئەهات و ئەگۆڕران بەشێوەیەکی تر، کە زۆر سامناک بوو!... پیاوو ژنەکە، چاویان ئەبڕییە ئەو شەڕوشۆڕ و جەنگە سەختانەی کە لەبەردەمیاندا ئەکران و لە پاش تاوێکیش ئاگرەکانیان ئەکوژانەوە... کە سەرنجیان ئەدا، نێرینەی گیانلەبەرەکانیان، هەموودەم بەسەرکەوتوویی، لە جەنگەکانیان ئەبوونەوە، کەچی مێیەکانیان لە ژێر نێرەکانیاندا ئەپلیشانەوە!...

جا هەر ئەو ئەنجامە دامەزراوە نەگۆڕراوە بوو کە هەمووجارێک ڕووی ئەدا، بووبووە بەرهەڵستێک لە ناوەند ئەوان و ئەو تێکۆشانەدا بۆ گەیشتن بەو خۆشییە دڕندانەیەی کەوا دەرئەکەوت گیانلەبەرەکان هەموویان خۆیان بۆ ئەکوتا!...

تا ئەهات شەوەکان گەرمتر ئەبوون، بۆن خۆشیی گوڵەکانیشیان لەناودا زۆرتر بڵاوئەبووەوە!... ئێوارەیەکیان، حەوا ڕاکشایە سەر چیمەنە پڕ لە ئاورنگەکان، بەسەریا هاتبوو ئەگریا... ئادەمیش لێی نزیک بووەوە... بەهێواشی دەمی بۆ هێنا و خەریک بوو باوەشی پیا بکات... بەڵام حەوا، بەنەرمییەکەوە دەستی نا بەسنگیەوە و لە خۆی دوور خستنەوە ئنجا پێی گوت: (مەکە... تکا ئەکەم!...)...

ئادەمیش هەستایە سەرپێ و سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیی، پاشان لە داخانا خۆی خستە جۆگەیەکەوە بۆ ئەمەی بەساردیی ئاوەکە گڕی شارراوەی ناو لەشی بکوژێنێتەوە!... لەو شەوەدا، ئادەم لەبەر دەرگای ئەشکەوتەکەدا نوست... کەچی حەوا لەدەرەوە مایەوە، خەونەچووە چاوی!... لە ناکاو ساز و ئاوازە شەوییە گەورەکە دەستی پێ کرد!... ئاهونالّە و هاوار و قیژەی گیانلەبەران و پەلەوەران لە هەموو لایەکەوە ئەگەیشتە گوێچکەکانی حەوا ئەو دەنگانە بەناخی دڵی ئافرەتەکەدا چوونە خوارەوە، کاریان لێ کرد خوێنی گەرموگوڕیان لە ناو دەمارەکانیان ورووژاند هەستی کرد بەشتێکی گران کەوتۆتە سەرشانەکانی تەزوویەکی بەهێز بەناو لەشیا تێپەڕیی، هەر لە تەوقەسەریەوە هەتا کەڵەموستی پێی،

هاته لەرزین... هەر لە خۆیەوە دەستی برد بۆ چیمەنەکە و چنگی لێ گیرکرد هەڵی پچوڕکان و پارچە پارچەی کرد!... ئەوەندە تینووی بوو بوو، لێوەکانی گرپیان تێبەر بووبوو، سوور هەڵگەڕابوون... مەمکە ڕەقەکانیشی ژانیان ئەکرد تا ئەهات قاووقیژ و بانگ کردنی گیان لەبەرەکانیش بۆ یەکتری، بەمەبەسی جووت بوون، لە تاو ئێشی لەشیان لە کاتی جووت بووندا، ئەهاتنە بەرگوێی حەوا و کاریان لە هەست و تاسە و ئارەزووانی دڵی ئەکرد...
حەوا هەست و هۆشی لە ئاژاوەدا بوو... وەک گێژە لۆکەیەکی سەخت و ناهەموار لێی دابێ، ئاوا پەشۆکا بوو!... حەوای بەسەزمان لە پەو ڕوو کەوت بەسەر دەمدا و گریان و گوتی: (خوای گەورە... بمگەرێ و یارمەتیم بدە... چونکە لەمە زۆرتر بەرگە ناگرم!...)

لەگەڵ ئەوەیشا، زۆری پێ نەچوو، حەوا هەستایە سەرپێ و بەگرانییەکەوە هێواش هێواش ڕۆیشت بۆ لای دەمی ئەشکەوتە کە گەیشتە ئەوێ سەیرێکی ئادەمی کرد... ئادەمیش خەوی بەوبەهەشتەوە ئەدیی کە لێی دەرکرابوو... ئەو میوە و بەری دارانەیشی ئەدیی لە خەوەکەیا کە بێ گومان لەو گۆشتانە چاک تربوون کە خۆی و حەوا پێیان ئەژیان حەوایش تاوێک لێی ورد بووەوە پاشان ورتە ورتێکی کرد و گوتی: (وادیارە نوستووە!...)...

ئەو قسەیەی حەوا کردی، بەتەوسەوەبوو، جۆرە ڕیسواکردنێکیشی تێکەڵ بووبوو بەرامبەر ئادەم!...

***

بەڵام ئادەم، لەنیوەشەودا خەبەری بووەوە هەستی بەجۆرە دڵتەنگییەکی سەیر ئەکرد هەستی بەگڕ و تاوێکی زۆر ئەکرد لە ناو لەشیا... هەستی بەجۆرە سەر چڵییەک ئەکرد کە لە دەروون وروژان و دڵ داخورپانی ئەکرد!... هەستی بەپێویستییەکی گیان لەبەرانە ئەکرد بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزوویەکی بێ ئامان کە لە ناو خوێنی دەمارەکانیا ئەبزوتەوە و سەربزێویی ئەکرد... ئارەزووەکە بووبووە هێز و هەڕەتێکی وا کە هەر بۆ هەلێک ئەگەڕا بتەقێ و بەرەڵڵابێت!...

ئادەم سەیرێکی حەوای کرد، کە هێشتا خەوی لێ نەکەوتبوو... حەوا بەدانیشتنەوە سەیری ئاسمانی ئەکرد، لە چاوەکانیا دیاربوو: هۆشی بڵاو بوو، ترس و لەرزێک نیشتبووە دڵیەوە... بەڵام لەم دانیشتنەیا زۆر لەو هاودەمە جیاوازبوو کە خوا لە پەراسووی ئادەم دروستی کردبوو!... حەوا بەلای ئادەمەوە، ئافرەتێکی ناسک و ناوازە بوو، هەڵی ئەگرت هەموو کارێکی بۆ بکات، تا پەسەندکردنی جوانی و شیرینیی ئەو خۆشەویستی خۆیشی



بەرامبەری ئەو بنوێنێ... تەنانەت هەڵیشی ئەگرت، کە خۆی بهاوێژێتە لای و بەتێکەڵ بوون بەوەوە خۆی کامەران بکات!. لەگەڵ ئەوەیشا، هەر چەندێکی کرد، نەیوێرا ئەوە بکات!.

ئادەم لەوە ئەترسا، کردەوەیەکی پچووکی نەشیاوی لێ ڕووبدات و کارە دڵدارییەکەی لێ تێک بدات!...

تەنانەت لەوەیش ئەترسا کە چاو ببڕێتە چاوەکانی حەوا، نەوەک دڵی گەرد بگرێ!...

شەوەکەی خۆش و ڕازاوە بوو بایەکەی پڕبووبوو لە دەنگی ئاه و ناڵەی گیانلەبەر و پەلەوەرەکان، کە خەریکی جووت گرتن بوون بۆنی خۆشی گوڵەکانیش کە یەجگار زۆر و ڕەنگا و ڕەنگ بوون و لە ژمارە نەئەهاتن، ئەو ناوەیان داگیرکرد بوو کە ئەشکەوتەکەیانی لێ بوو... ئەوەندە هەبوو لەوکاتەدا کارەساتێکی سەیرو جیاواز لە ناوجەرگی سروشتدا ڕووی ئەدا... ئەویش ئەوەبوو گوڵەکان گەڵاکانیان دەستیان کردبوو بەوەرین،[1] کەچی هێشتا بەهار لەو شوێنەدا مابوو کە پیاوەکە و ئافرەتەکە تیا ئەژیان!... سروشت ورووژابوو لەم دوو کەسە، کە لێی هەڵگەڕابوونەوە و یاساکانیان ئەشکاند و بەگوێیان نە ئەکرد کە ئاگر بەر بدەنە چرای پەیدابوون و مانی مرۆڤایەتی!...

تەنانەت لەو کاتەیشدا کە ئادەم و حەوا هەستیان بەخۆیان ئەکرد، خەریکن زوو بەزوو خۆیان بدەن بەدەست سروشتەوە، چونکە بڕستیان بڕابوو، پێیان نەئەکرا لەوە بەولاوە بەرگەی ئارەزووی خۆیان بگرن... تەنانەت لەو کاتە مێژوویییەشدا کە هەرگیز لە بیر مرۆڤایەتی ناچێتەوە، ئادەم هەستی وا ئەکرد کە خەریکە کەتنێکی کوشتن لە دەستی بوەشێتەوە... یاخود خەریکە سکی ئافرەتەکەی هاوڕێی خۆی هەڵ بدڕێ!... بەڵام پێ ئەمەی ئادەم گورێز بکات و بەیەجگاریی پاشگەز ببێتەوە لە بڕیارەکەی خۆی، حەوا خۆی گەیاندێ!... ئادەم زۆر ئەترسا لەوەی کە شارەزای نەبوو، کەلێی شاررابووە وە... لەبەرئەوە خەریک بوو پەشیمان ببێتەوە و پاشە و پاش بگەڕێتەوە دواوە... بەڵام حەوا خۆی گەیاندە ئەو... گورج و گوڵانە تیژی کردە سەر بەجێ هێنانی ئارەزووەکەی دڵی خۆی، دڵی هەردووکیان!... بەدەنگێکی کزی لەرزۆکەوە، ورتە ورتێکی کرد و پێی گوت: (دەی دەست پێ بکە، خۆشەویستەکەم!... خەریک بە، بیکە... ئەگەر هەندێ ئازاریشم پێ بگات دەربەست نایەم!...)...

---

(١) ڕاستتر: ئەویش ئەوەبوو پەڕەی گوڵەکان دەستیان....

لە ڕاستیدا، حەوا، ئازاری زۆر پێ گەیشت... ئێش و ئازارەکەی حەوا ئەوەندە زۆر بوو، هاواری کرد و قیژاندی، دەنگ و هاوارەکەیشی ئەوەندە زل بوو، لەناو ئەشکەوتەکەدا دەنگی دایەوە... بەڵام ئادەم گوێی نەدایە هاوارو فەریادی ژنەکەی... هەروەک گوێیشی لەو هاوارە نەبووبێ خۆی وانوواند... ئەو کاتە بۆ ئەو زۆر گرنگ بوو... گەیشتبووە ئەو پەڕی خۆشی، گەیشتبووە ئەوپەڕی خوتوکەی لەش و کامەرانیی دەروونی!... گەیشتبووە پۆپەی هەرە بەرزی سەرکەوتنەکەی!...

کاتێ کە پیاوەکە لە ئافرەتەکە جیابووەوە، حەوا هەستی پێ کرد ناو لەشی بریندار بووە!... لە دڵی خۆیدا ئەیگوت:

(لە پێناو ئەم شتە پچکۆلەیەدا بوو کە سروشت وای لێ هاتبوو، بووبووە نێچیرێکی خوتوکە و تەزوویەکی شێتانە؟!...

ئەی هەر لەبەر ئەمەیش بوو کە گیانلەبەرە مێچکەکان بانگی گیانلەبەرە نێرەکانی خۆیان کرد بەهاوار و فەریادەوە؟!...

ئەی هەر لەبەر ئەمەیش بوو کە شەوگار پڕبوو لە دەنگی هاوار و قیژەی ئارەزوو و تەزوو و تاسەی گەشکەداری؟!.)

ئادەم هەستی پێ کرد، چی بەدڵی ژنەکەیدا دێ، لێی نزیک بووەوە و بەدەروونێکی پڕ خۆشی و کامەرانییەوە چرپاندی بەگوێیدا، گوتی:

(حەوا، خۆزگە ئەتزانی چەند دڵم خۆش بووە و هەست بەکامەرانی ئەکەم؟!...)

– خۆشەویستەکەم، منیش دڵخۆشیی تۆم ئەوێ!...

– ئەی تۆ وانیت؟... تویش وەک من هەست بەکامەرانی ناکەیت؟

– ئۆه... من؟!... کە تۆ دڵخۆش بیت، منیش دڵم خۆش ئەبێ، خۆشەویستم!...

ئادەمیش بەسەر سوڕمانێکەوە سەیرێکی حەوای کرد ئنجا لێی پرسی:

(ئەی تۆیش هەست بەکامەرانی ناکەیت، خۆشەویستەکەم؟)

– بەڵێ خۆشەویستم!...

لەگەڵ ئەوەیشا ئادەم هەستی پێ کرد، هەرچەند کامەرانییەکەی خۆی گەیشتووەتە ئەندازەی خۆی بەڵام کامەرانی حەوا نەگەیشتووەتە ئەندازەی خۆی!... لە شەرما دەموچاوی خۆی خستە ناو مستی خۆیەوە ئەمەیش یەکەم جاربوو لەسەر زەویدا، کە پیاو هەست بەنەنگی و سووکیی کردەوەی خۆی بکات!...

***



لە پاش ئەمەی ئادەم، بۆ یەکەم جار لە ژیانیا، چووە باخەڵی حەواوە هەموو خەمێکی ئەوەبوو کە ژنەکەی خۆی هاوبەش بکات لە کامەرانی خۆیدا ئەیتوانی لە هەموو کاتێکا ئارەزووی خۆی بشکێنێ: لە بەیانیاندا بوایە، یان لە ئێوارانداا، یاخود بەڕۆژ بەڵام بەو هەموو لنگ بازییانەیشەوە کە ئادەم لەگەڵیا ئەیکرد، حەوا هەروەک خۆی ماوە، خۆشی پێ نەئەگەیشت لە کاتی لنگ بازییەکەیاندا. حەوا، هەموو دەم ئەگەیشتە ئەوەی کە هەست بەخۆی بکات، خەریکە... ئەویش خۆشییەکی پێ بکات، بەڵام لە پڕ مێردەکەی ڕێی پێ ئەبڕی، نەی ئەهێشت حەوا خۆشییەکەی پێ بگات، گورج تینوێتی خۆی ئەشکاند، ئیتر حەوایش ئەو هەلەی لە دەست ئەچوو!... حەوا وەک ئەو نەبوو!... ئادەم پیاوێکی خوپەرست بوو!... ئەویش لەوەدا وەک هەموو پیاوێک بوو کەلەوە دوا لێی کەوتنەوە هەرچەندێکی کرد ئەوخۆشی هەردوولایە پەیدانەبوو لە ناوەند خۆی و حەوادا... چاوەڕوانی هاتنەدیی ئەو ئاواتەی زۆر کرد... بەڵام بەهیچ ئەنجامێک نەگەیشت... دوایی بیری هاتە سەر ئەوەی، کە ئەبێ پیاوان، یەجگار زوو خوتوکەی خۆشییان پێ بگات لە کاتی لنگ بازییدا، بۆیەکا ئەو خۆشییە تەواوە هەر بەوان ئەگات!... بەڵام حەوا، لە پاش لنگ بازییەکەی یەکەم، هەرچەند لنگ بازیی بکردایە لەگەڵ ئامادەمدا ئازاری پێ نە ئەگەیشت... بەڵام پەیی بەوەبرد، کە ئەوە زۆردارییەکی زۆر گەورەی تیایە، کە کارێک بەیارمەتیی دووکەس نەبێ، پێک نەیێ، کەچی خۆشییەکە، هەر تەنیا، بەیەکێکیان بگات، بەوی تریان نەگات!...

جا بەهۆی ئەوهەست کردن بەکەمو کوورییەوە کە پێی گەیشت، دەستی کرد بەلێکۆڵینەوە لە بابەت ڕازی ئەم کارەوە، لە ناو جیهانی گیانلەبەراندا.

بەم ڕەنگە، حەوا، هەموو ڕۆژێک ئەچووە دەرەوە بۆ ناو جەنگەڵستانەکە، بۆ ئەمەی لە ناو لقوپۆپی درەختەکان و چیمەنەکاندا، شتێکی وا بدۆزێتەوە، کە ڕێگای بۆ ڕۆشن بکاتەوە.

ڕۆژێکیان حەوا چاوی بەشاهکارێکی تازە کەوت، کە لەبەردەمی خۆیدا ڕوویدا... ئەوشاهکارەیش، شاهکاری (لە دایک بوون) بوو!... حەوا کەوت بە بێچووە چۆلەکەیەکی بێ پەڕ، لە ناو بەردێکی سپییەوە ئەهاتە دەرەوە بێچووە چۆلەکەکە دەستی کرد بەدەندووک لێدانی بەردەسپیەکە لە ناوەوە، تا ڕێگای تەواوی بۆ خۆی کردەوە و لێیشی هاتە دەرەوە پاشان پەنای بردە بەرهێلانەیەکی پچووک کە پەلەوەرێکی گەورە پارێزگاریی ئەکرد...

حەوا هەستی کرد بەترس و لەرز و خەمو خەفەتێک دڵی ئەگوشێ، چونکە چاوی کەوت

بەو هێلانەیە کە پڕبوو لە بێچوە چۆلەکەی تازە لەدایک بوو، ئەملا و ئەولای هێلانەکەیش لەو پارچە بەردە سپییانەی لێ کەوتبوو!... لە دڵی خۆیدا ئەیگوت تۆ بڵێیی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هێلکەیەکی لەمە گەورەترەوە کەسێک بێتە دەرەوە کە لە خۆی و لە ئادەم بکات، تا هەردووکیان بیکەن بەهاودەمی خۆیان؟!... بێگومان ئەگەر شتی وا ڕووبدات، زۆری پێ خۆش ئەبێ، بەڕووی خۆشیشەوە پێشوازیی ئەکات، چاک و چلۆنییەکی گەرمو گوڕیشی لەگەڵدا ئەکات!...

ئێوارەی ئەو ڕۆژە، ئادەم زوو لەگەشتەکەی خۆی هاتەوە کەروێشکێکی سک پڕی بۆ حەوا هاویشت، کە ئەو بەئەرکێکی زۆرەوە بۆی ڕاو کرابوو، ڕۆژی دوایی، کە ئادەم چووە دەرەوە بۆ ڕاووشکار، حەوا دەستی کرد بەپارچە پارچەکردنی گۆشتی کەروێشکەکە بۆ ئەمەی بەرەبەرە بیبرژێنێ بەڵام کە سکەکەی هەڵدڕیی و سەرنجی لە ناو سکەکەی دا، دەستی خۆی کێشایەوە لە فرمان، واقی وڕما!... چونکە لە هەناوی کەروێشکەکەدا، گەلێک گیانلەبەری پچووک پچووکی دیی، هەموویان چاویان نووقاند بوو.

هەریەکەیشیان بەپەتێکی گۆشتین بەدایکەکەیانەوە نووسابوون... ئەو گیان لەبەرانە، لە کاتێکا مردبوون کە دایکەکەیان مردبوو!...

ئیتر لەوە بەولاوە نزیکی کەروێشکەکە نەکەوتەوە چونکە پەیی بەوە برد کە ئەو ڕازەی لێی شاررابووەوە و تێی نەئەگەیشت جارێکی تریش هاتەوە بەردەمی.

حەوا هەر لە خۆیەوە، دەستی کرد بەدەست هێنان بەسەر سکی خۆیدا، پەنجەی نا بەهەموولایەکی سکیا بەڵام هەستی بەهیچ ئێشێک نەکرد...

هەر لەوساکەوە دەستی کرد بەبیرکردنەوە لەوەی کە ئەو گیانلەبەرە پچووکانەی کە لە ناو سکە پڕبووەکەی خۆی دان ئەبێ چۆن و لە چەرێگایەکەوە بێنە دەرەوە و ڕزگاریان ببێ، تا بۆ خۆیان بژین لە جیهاندا؟!

بەڵام هەرچەندێک بیری لەوە کردەوە، هیچی بۆ دەرنەکەوت ڕێی ئاگاداریی و شارەزای بۆ ڕۆشن نەبووەوە کە ئێوارە داهات و ئادەم گەڕایەوە ئەشکەوتەکە، حەوا کێشی کرد لەگەڵ خۆیدا و بردیە سەر ئەو جێگایەی کە کەروێشکەکەی لێ فرێ دابوو ئنجا پێیی گوت:

(تەماشاکە!)... بەڵام ئادەم هەر ئەم دوو وشەیەی پێ گوت: (شتێکی سەیرە!)... حەوایش بەو وشانە دڵی ئاوی نەخواردەوە!...

***



پاشان هاوین هاتە پێشەوە... گەرمایەکی بێ ئامانی پێوە بوو، پیاوی ئەپڕووکاند... تەنانەت ئەو جۆگەلانەیش وشک بوون، کە ئاویان لێ ئەخواردنەوە... ئەو گژوگیایانەیش سووتان کە جاروبار پەنایان بۆ ئەبردن و ئەیانخواردن بۆ ئەمەی لە برسا نەمرن!... بەری دارەکانیش دەستیان کرد بەهەڵوەرین... بەڵام تەڕیی و تازەییان تیا نەمابوو، چێشکەیشیان خۆش نەبوو... بایەکی توندی گەرم و ناخۆشیشی هەڵ کرد، هەموو گیانلەبەرەکانی گێژووێژ کرد و خاوی کردنەوە و بەکەساسی هێشتنیەوە جا لە ناو ئەو باو گڕو تاوەدا، حەوا هەستی کرد بەجۆرە دڵتەنگییەکی سەیر خەریکە دڵی داگیر بکات.

لە ناکاو، لە پڕ، وای لێ ئەهات بڕشێتەوە... چەند جارێکیش وای لێ هات... جار و بارێکیش ئێش و ئازاری سووک ئەهات بەناو سکیا... بەرگەی ئەوەی پێ ئەگیرا... هەرچەندە ئادەم لەم دەرد و نەخۆشییانەی حەواوە ترسی لێ نیشتبوو، ئەترسا لەوەی بمرێ، بەڵام هەرچەند حەوای بدیایە تۆزە چاک بوونەوەیەک چاک بۆتەوە، بەهەڵی ئەزانی، داوای لێ ئەکرد لنگ بازیی لەگەڵدا بکات!...

لە ڕاستیدا ئەبوو تاو وتینی گەرماکە و هەناسەساردییەکەیان دووری بخستنایەوە لە دڵداریی و لنگ بازیی، بەڵام ئادەم خۆی پێ نەئەگیرا هیچ ڕۆژێکیش نەبوو بەحەوا نەڵێ کە ئارەزووی لنگ بازیی ئەکات لەگەڵیا هەموو جارێک بەحەوای ئەگوت: (خۆشەویستەکەم... هەر تەنیا ئەو خۆشییەم بۆ ماوەتەوە لە ژیاندا!.)

کە ئەوەی پێ ئەگووت باوەشیشی پیا ئەکرد و ئەیگوشی بەخۆیەوە!... دەستی ئەکرد بەلنگ بازیی لەگەڵیا!...

ئافرەتە بەسەزمانەکەیش، بەو هەموو ئەرک و ئازارەوە کە هەیبوو، بەو هەموو بڕست بڕاوییەوە کە تیابوو، ناچار ئەبوو، بۆ ئەمەی دڵی نەشکێنێ خۆی ئەدا بەدەستیەوە!. لەگەڵ ئەمەشا، شەوێکیان، لە ئادەم ڕاپەڕیی و دەستی کرد بەسەرکێشیی کردن!... ئەوەی یەجگار پێ ناخۆش بوو، کە ئادەم ئەوەندە خۆ پەرست بوو، هیچ گوێی نەئەدایە ئێش و ئازار و هاواری ئەو... ئەوەی یەجگار پێ ناشیرین بوو، کە ئادەم هەر بەدووی بەزمورەزمی خۆیدا ئەگەڕا و، بۆ دامرکاندنەوەی ئالۆش و خرۆشی خۆی ئەیویست لنگ بازیی لەگەڵدا بکات!... حەوا ئەوەندە لە ئادەم بەقین بوو، کە ئادەم لێی هاتە پێشەوە کاری لنگ بازیی لەگەڵدا بکات هێزی دایە خۆی و بەهەموو هێز و هەڕەتێکیەوە دەستی نا بەسنگیەوە و لە خۆی دوورخستەوە... بێجگە لەوە قیژاندیشی بەسەریا و پێیی گوت: (پیاوەکە!... تۆ لە هەموو دڕندەکانی تر دڕندەتری!...)...

ئادەمیش دڵی شکاو، بەهەناسەساردییەکەوە هەڵسایە سەر پێ و، بەو شەوە تاریکە ڕێگای گرتە بەر و، ڕۆیشت، نەی ئەزانی ڕوو بۆ کوێ ئەکات!...

حەوایش هەستی کرد بەخۆی: کەنەفت کراوە ڕاست بووەوە و دەستی برد هەندێ چیلکەی نا بەئاگرەکەوە، کە خەریک بوو بکوژێتەوە پاشان چووە ناو دارستانەکەوە و بەسەر پوش و پەڵاش وشکەکاندا ڕاکشا، ئنجا دەستی کرد بەبیرکردنەوە لەوەی کە سەد ڕۆژی خشت بوو لە ناو دۆزەخێکی بێ ئاماندا ئەژیان ئەوەندە تینوویان ئەبوو، گەروویان وشک ئەبوو، گڕی ئەدا لە لەشیان.

برسێتی گڕی بەردابووە هەناویان گەرمایش لەشی هەردووکیانی پڕووکاندبوو لەشی خاو کردبوونەوە، هەستیان بەماندوێتی و شپرزەیی ئەکرد، کەچی لەگەڵ ئەم هەموو دەرد و سەرگەردانییەیشدا، ئادەم هەر بەدووی ئارەزوو دامرکاندنەوەی خۆیدا ئەگەڕا، کە هەرگیز تێر خواردنی نیە لە لنگ بازیی!... هەر گیانلەبەرێک لەو ناوانەدا ئەژیا، وازی هێنا لە لنگ بازی خۆی و دامرکایەوە و بێ دەنگ و سەنگ مایەوە هەر ئادەم نەبێ پیاوەکەی مێردی کە وازی لە بەزمورەزمی خۆی هەر نە ئەهێنا ئەو هەر لەو ساکەوە، کە ئەو خۆشییەی پێ گەیشتووە وازی لێ نەهێناوە، هەموو دەم داوای ئەو لنگ بازییەی لێ ئەکات... بەهیچ شتێک دانامرکێت!... ئادەم وای لێ هاتووە، لە پێناو ئەو خۆشییەدا کە پێی ئەگات، واز لە خواردنیش ئەهێنێ!... هەر ئەوەندەیش جارێک لەو خۆشییەی بێ بەش هێشتەوە، کە هیچ جارێک ئەو خۆشییە بەخۆی بەحەوا نەگەیشتووە، ئادەم پشتی تێ کرد و، بەڕەڵلای کرد و، لێیدا ڕۆیشت ئەمیشی بەم دەرد و نەخۆشیی تایەوە، لەم تاریکە شەوەدا بەجێ هێشت!... تۆ بڵێی ئادەم بگەڕێتەوە؟!... جا ئەگەر نەگەڕێتەوە، لە کوێ ئەو نەخۆشی و کامەرانییەی دەست ئەکەوێ کە لە لنگ بازییەکەی خۆی و ئەودا دەستی ئەکەوت؟!. ئادەم، هەر وەک پێوەی دیاربوو، ئەو لنگ بازییەی بەهۆی مان و ژیانی خۆی دائەنا!... بێ گومان، ئەو تا لێی دوور بکەوێتەوە، خۆی لەو خۆشییە بێ بەش ئەهێڵێتەوە!... بەڵام... خۆی... ئەی خۆی، ئەبێ چی بکات؟!...

حەوا ئەوەی بەبیردا ئەهات کە بمرێ!... مردن؟!. بەڵێ مردن!... ئەی مردن لەم ژیانە باشتر نیە؟!...

بەڵام... مردنەکەی چۆن بۆ پێک دێ؟... یاخود بەواتایەکی تر مرۆڤ چۆن ئەمرێ؟!.

حەوا پەلەوەری برینداری دیبوو، ئەکەوتنە خوارەوە و ئەمردن بەرخیشی دیبوو بەدەم



گورگەوە قەپاڵیان لێ ئەگرتن و ئەیانخواردن چەند جارێکیش شەڕ و کوشتاری ناوەند گیانلەبەرانی چاو پێ کەوتبوو، کە گیانلەبەرە بەهێزەکانیان، گیانلەبەرە بێ هێزەکانیان ئەکوشت و ئەیانخواردن... تەنانەت ئەو گیانلەبەرانەیشی دیبوو، کە بەرگەی گێژەڵووکەیان نەئەگرت و ئەمردن!...

بەڵام هەرگیز ئەو گیانلەبەرەی چاوپێ نەکەوتبوو، کە زیندووبێ و لە تاو ئێش و ئازاری لەشی و دەرد و نەخۆشیی خۆی، خۆی دابێ بەسەر زەویدا و چاوەڕوانی مردن بکات، کە بەسستی تووشی ببێ!...

بۆ ئەمەی بمرێ، تۆ بڵێی ئەمەندەی بەس بێ، کە هەر لەم جێگەیەدا ڕابکشێ و چاوەکانی خۆی بنووقێنێ و هەموو جووڵەو بزووتنەوەیەکیش لە خۆی بەربەست بکات؟!...

لەو کاتەدا کە حەوا خەریکی ئەم خەمو پەژارەیە بوو، لە پڕ لە ناو سکیا شتێک بەتوندیی بزووتەوە و دای لە هەناوی، دەم و دەست تێی گەیاند کە لە ناو سکیا شتێک هەیە... شتەکە لە ناکاو بزووتەوە و ئەو ئێشەی پێ گەیاند... ئەویش چاوە پڕترس و لەرزەکانی خۆی بەرزکردەوە بەرە و ئاسمان دەمیشی کردەوە هاوار بکا و بقیژێنێ... بەڵام هاوارەکە نەگەیشتە سەر لێوەکانی، لە خۆیەوە مرد و نەما!... چونکە هەستی بەئێش و ئازارێکی توند و بەهێز کرد کە لە لێ کەوتنی شتەکەی ناو سکیەوە پەیدابووبوو لە دیواری هەناوی... ئەو ساکە حەوا تێ گەیشت!...

ئەوە تێ گەیشت کە گیانلەبەرێکی پچووک لە ناو سکیایە ئەجووڵێتەوە ئەویش گیانلەبەرێکی پچووکە وەک ئەو گیانلەبەرانە وایە کە ڕۆژەکە لە ناو سکی کەروێشکەکەیدا دۆزینیەوە!... حەوا لە خۆشیاندا هەر ئەیگوت و ئەیگوتەوە (ئۆخەی منالە!... ئۆخەی منالە!...)... پاشان کەوت بەسەر زەویدا و لە هۆش خۆی چوو!...

***

ئەمجارە کە حەوا چاوی خۆی کردەوە، ئادەمی هاتە پێش چاو!... بەردێکی خڕی گەورەی بەدەستەوە گرتبوو زۆری پێ نەچوو پێشکەش بەحەوای کرد... بەڵام بەزۆر زەردەخەنەی بەخۆی ئەکرد بۆ حەوا پێی گوت: (حەوا ها بگرە ئەمە بۆ تۆ!...) بەڵام حەوا نەی ئەویست وا زوو بیبەخشێ هەروەها نەیشی ئەویست دڵخۆشییە گەورەکەی خۆی بۆ دەربخات ئەترسا لەوەی تێی نەگات و ئەوەندەی هەڵیش ئەگرێ ڕێزی لێ نەگرێ!...

ئادەم هەستی پێ کرد حەوا دڕندەیی لەگەڵدا نوواند کە خۆی نەدا بەدەستییەوە، بۆیەکا

بەو جۆرە بەجێی هێشتووە و خۆی لێ دوور خستەوە!... بەڵام کە لە ژنەکەی خۆی دوورکەوتەوە زۆری پێ نەچوو تێ گەیشت کە ئەگەر لنگ بازیی خۆشییەک نەبەخشێ بەو ئافرەتەی کە لنگ بازییەکەی لەگەڵدا ئەکرێ، ئەبێتە بارێکی گران بەسەریەوە، لێی وەڕس ئەبێ و تاپێی بکرێ خۆیشی لێ ڕزگار ئەکات!... بێجگە لەوە ئەگەر بهاتایە حەوای کە نەفت بکردایە تا سەر، لەوانە بوو لە حەوا زۆرتر ئازار بچێژێ بەدەست تەنیاییەوە لەبەرئەوە زۆری پێ نەچوو، ئادەم هۆشی هاتەوە بەرخۆی هاتەوە سەر ڕێی ڕاست لە ڕێگادا خۆی کاڵەکێکی بەرچاو کەوتبوو، کردبوویەوە لە بڕکەکەی و خواردبووی کە تەماشای کردبوو چێشکەی کاڵەکەکە خۆشە و بۆنەکەیششی هەر خۆشە کاڵەکێکی وایشی لەگەڵ خۆیا هەڵگرت و بڕیاریدا بگەڕێتەوە لای حەوا و ئەو دیارییەیشی پێشکەش بکات.

حەوایش کە کاڵەکەکەی لێ وەرگرت کردی بەدووکەرتەوە دەمودەست دەستی کرد بەخواردنی ئنجا کە لە خواردنی بووەوە چوو بەلای ئادەمەوە، دەستی کردە ملی و باوەشی پیاکرد پاشان سەری خستە سەرشانی و حەساندیەوە.

ئنجا بەگلەییەکەوە پێی گوت: (بۆچ بەجێت هێشتم هەی دڵ ڕەق؟... بۆ چ لەو شەوە تاریکەدا لێم جیابوویتەوە؟!) ئادەمیش شانەکانی خۆی ڕاوەشاند و هیچ وەرامی نەدایەوە حەوایش ئەمەی بەهەل زانی، کە کارەساتە گەورەکەی لێ ئاشکرا بکات.

هێزی دایە بەرخۆی و بەچرپە پێی گوت: (ئادەم... منیش منالێکم ئەبێ!)... ئادەمیش بەچاوێکی گێژ و وێژەوە سەیرێکی کرد و پێی گوت: (منالێک... منال؟!.).

– بەڵێ منالە... ئیمشەو لە سکما جوولایەوە!...

ئادەمیش چاوی بڕییە ئەو شوێنەی کە ئەو شاهکارەی تیا شاررابووەوە پاشان دەستی بۆ درێژ کرد و بەنەرمییەکەوە پیا مالی ئادەم هەرچەندە نەی ئەزانی فرمانی سەرشانی خۆی چیە بەرامبەر ئەو منالەی کە لە ناو سکی حەوادا ئەجوولایەوە بەڵام لەوکاتەدا هەستی بەڕێز گرتنێک ئەکرد لە دڵی خۆیدا بەرامبەر ئەو سکە، کە هەر لە پەرستنی ئەکرد... ئادەم ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو کە هێلکە لە لەشی پەلەوەرەکان دێتە دەرەوە هەندێ مێ نیگەی[1] گیانلەبەرەکانیشی دیبوو کە منالەکانی خۆیان لە لەشی خۆیان فڕێ ئەدایە خوارەوە بەڵام نێرەکانیان لەو بارەدا دەستیان نەبوو... بێجگە لەوە ئەم کەینە و بەینەیەش هەروا بەئاسانی پێک نایەت!... باشە ئەم منالە چۆن دێتە دەرەوە؟... کەی دێتە دەرەوە؟ دیسانەوە ئادەم،

(١) یان: مێینە.



دەستی بردەوە بۆ سکەکەی حەوا،[1] دەستی لێ ئەخست، بەڵکو هەست بەجووڵەیەک بکات لە ناویا تا لەوە دڵنیابێ کە منالی تیا پەیدابووە... بەڵام هەرچەندێکی کرد ئەوەی بۆ دەرنەکەوت ئنجا لە حەوای پرسی:

– (تۆ لەوە دڵنیایت کە منالّ لەسکتا هەیە؟!.)

– ئاخ!... تۆ ئەگەر بتزانیایە ئەم کەینە و بەینەیە چەکارێک لە دڵی ئافرەت ئەکات، ئەم پرسەت نە ئەکرد!...

خۆشەویستەکەم، لەوە دڵنیابە کە ئافرەت لە هەست کردن بەمنالّ لە سکی خۆیدا، هەرگیز بەهەڵەدا ناچێ!...

ئادەم نەی ئەویست باوەڕ بەو قسانە بکات... بەڵام لەو کاتەدا هەڕەشەیەکی تایبەتی خوای کەوتەوە بیر کە بەحەوای فەرمووبوو: (بەئازارەوە منالّت ئەبێ!...)...

بەڵام ئەم هەڕەشەیە هەتا ئەو ساکە جێبەجێ نەبووبوو، نە دەربارەی حەوا، نە دەربارەی خۆی!...

ئادەم لە بیرکردنەوەکانی خۆی وازی هێنا چونکە حەوا دەنگی هەڵبڕی و گوتی:

– خۆشەویستەکەم! ئەمە شتێکی سەیرە لێم ڕووئەدا چونکە من بێزوو بە(تووڕە زەڵە)[2] وە ئەکەم... ئەو میوە سوورە پچکۆلەیەی کە لە ناو گژوگیاکاندا ئەماندۆزییەوە!...

– خۆشەویستەکەم! خۆت ئەتوانیت بۆی بگەڕێیت بیدۆزیتەوە!

بەڵام حەوا شەرمەزاری کرد کە پێی گوت: (بێ گومان، خۆشەویستەکەم خۆت تێی ئەگەیت... من ئەم میوەیەم بۆ خۆم ناوێ... بۆ منالەکەم ئەوێ... خۆشەویستەکەم تێ گەیشتیت؟!)

***

لەم هەموو مێژووی مرۆڤایەتیەدا، ژن و پیاوێکی وەک ئادەم و حەوا نادۆزرێتەوە کە ئەوەندە خەموو خەفەتیان خواردبێ بەدەست سک پڕییەکەوە، تۆ بڵێی ئەو ژن و پیاوە، پەییان بەوە بردبێ کە پاشەڕۆژی مرۆڤایەتی بەو سکەوە بەندبوو؟!

حەوا نەی ئەزانی ئەو منالە چەند ڕۆژ لەسکیا ئەمێنێتەوە هەروەها ئەوەیشی نەئەزانی

(١) بۆ سکی حەووا.

(٢) مامۆستا بۆ ئەم ڕووەکەی ناوی بردووە بە(تووڕە زەڵە) لەو بەری لاپەڕەکەوە بەرامبەری نووسیویە: (فراوڵە) و نیشانەی (؟)ی لە دوادا ناوە.

چۆن منداڵەکەی ئەبێ، تا ئەهات گەرمایی ڕۆژ تینی ئەسەند، وەک گڕە ئاگرێکی لێ هاتبوو پیاوی هەڵ ئەپڕووکاند... ئافرەتەکەیش بەو پێیە، تا ئەهات ئێش و ئازاری زۆر ئەبو ئادەمیش ڕێگایەکی وای دۆزییەوە بۆ ئاو کێشان بۆ حەوا کە خراپ نەبوو مەبەسیشی ئەوە بوو حەوا نەکەوێتە ئەرک و ئازارەوە بەهۆی هات و چۆوە بۆ ئەمەی ئاو بخواتەوە و تینوێتی خۆی بشکێنێ... ئادەم کاڵەکێکی هێنا، کونێکی پچکۆڵەی تێ کرد لەو کونەوە هەرچییەکی لە ناودا بوو دەری هێنایە دەرەوە پاش ئەوە ئەو کاڵەکەی بەکار ئەهێنا بۆ ئاو کێشان لە ڕووبارێکەوە کە خەریک بوو وشک ببێ تا ئەوەیشی بۆ ئەچووە سەر، ئەبوو تووشی گەلێک شەڕ و شۆڕی خوێنین ببوایە لەگەڵ گیانلەبەراندا، ئەگینا هەندێ لەو ئاوی پاشماوەیەی دەست نە ئەکەوت.

حەوایش هەستی بەوە کرد کە ئادەم بەدەست ئاو هێنانەوە لە چ گێرە و کێشەیەکدایە، لە چ تەنگو چەڵەمەیەک دایە تێ کۆشا، ئادەم دڵنیا بکات، کە خۆی لە توانایدا هەیە بچێتە سەر ئاوەکە، ئاویش بخواتەوە و خۆیشی بشوات بەڵام ئادەم، نەی هێشت ئەوە بکات زۆری لێ کرد خۆی بەهیچەوە ماندوو نەکات، نەوەک منداڵەکە لە سکیا ئازاری پێ بگات.

ڕۆژێکیان، لە پاش ڕۆیشتنی ئادەم، حەوا ویستی بچێتە دەرەوە، لە گەرمی و ساردیی بایەکە تێ بگات بەڵام گڕ و تاوی هەتاوەکە ئەمەندە توند و تیژبوو، ناچاری کرد بگەڕێتەوە ناو ئەشکەوتەکە. لەو کاتەدا، ئافرەتەکە، هەستی بەئاڵۆزانی دەمارەمێشکییەکانی خۆی کرد، نەی ئەزانی لە چییەوە پەیدا ئەبێ بێجگە لەوە گەلێک دڵتەنگیی تووش هات، پەیتا پەیتا پەیدا ئەبوون و ئەگۆڕران، بەڵام لە کوڵی نە ئەبوونەوە... ماوەیەکی دوور و درێژیشی بەسەرا ڕۆیشتبوو، هێشتا منداڵەکە جووڵەیەکی لەسکیا نەکردبوو، وەک جووڵەکەی یەکەمی کە دڵی پڕکرد لە خۆشی و کامەرانی ئەمەیش بووبووە هۆیەکی تازە بۆ خەفەتباریی و ئازاری دڵی چونکە حەوا لەوە ئەترسا کە منداڵەکە لە سکیا مردبێ، هیچ شتێکیش لە ناو سکیا نەمابێ، لاشەیەکی پچووکی بێ گیان نەبێ!...

سەیر ئەوەبوو، ئادەم خۆیشی، بەم هەستەوە، خەریک مابوو، خەفەتی پێی ئەخوارد و گینگڵەی ئەدا... ئادەم وای ئەهاتە پێش چاو کە حەوا لەو کارە تێ نەگەیشتووە و هەر لە خۆیەوە گەورەی کردووە ئەو منداڵەیش کە لای خۆی وایە لە ناو سکیایە و ئەژیی، لە ڕاستیدا پەیدا نەبووە، حەوا هەر بەخەموو پەژارەی ئەو شەوەوە کە کەنەفتی کردبوو و لێی جیابووبووەوە، سەری خۆی گران کردووە، تا ئەو سک پڕبوونەی لە مێشکی خۆیدا



هێناوەتە بەرچاوی خۆی کە هەیە، کەچی لە ڕاستیشدا هەر نەبووە!...

شەوێکیان ئادەم خۆی لە حەوا نزیک خستەوە و گرتیە باوەشی خۆی بەڵام کە حەوا تەماشای چاوەکانی ئادەمی کرد و تێگەیشت چە نیازێکی بەئاڵۆشی هەیە، توند خۆی لە دەستی ڕاپسکاند و قیژاندی بەسەریا، گوتی:

(تۆ شێت بووی وا ئەکەیت؟!... منداڵەکەت لە بیر چۆتەوە؟!.)

– زۆرم بیست لە بابەت ئەم منداڵەوە کە لە سکتا هەیە و هەرگیز نایشیەتە دەرەوە!... بەهەموو ڕەنگ من لەمە بەولاوە خۆم پێ ناگیرێ!...

– ئای لەم خۆپەرستییە کە تۆ هەتە!...

– تۆ وابڵێ: کە ئەم لنگ بازییە خۆشی بە تۆ ناگەیێنێ، بۆیەکا ناتەوێ بیکەیت!...

– بەڵێ گەورەم وایە... ئەمەیش هۆیەکی ترە بۆ ئەمەی کە لەسەر قسەی خۆم بڕۆم!

لەو کاتەدا ئەوەندەی نەمابوو تێک بچن و پەیوەندیی ناوەندیان دووبارە بئاڵۆزێتەوە بەڵام کارەساتێکی ئاسمانی ڕوویدا و نەیهێشت ئەو پەیوەندییەی ناوەندیان تێک بچێ.

چونکە لەو کاتەدا، گرمەگرمی هەورە تریشقە دەستی پێ کرد، ئاو بەکوندە لە ئاسمان ئەهاتە خوارەوە.

ڕەهێڵە بارانەکان پەیتا پەیتا، یەک لەدوای یەکەوە ئەبارینە سەر زەوی باران ئەمەندە باریی، سەر زەوی بوو بەگۆلا و هەردووکیان وازیان لە دەمەقاڵێی خۆیان هێنا، بۆ ئەمەی خۆیان بدەنە بەربارانە ساردەکە، تا کلۆکۆی لەشیان لە تاو گەرمایی و وشکی و بێ ئاویی دابمرێتەوە... بەڵام دوو ڕۆژی پێ چوو، باران هەر ئەباریی و نەوەستایەوە! ئادەم و حەوایش بەوهۆیەوە خەم دایگرتنەوە!...

(لافاو) هەستا هەر بەرەوبوومێکیان بۆ کۆبووبووەوە ڕاپێچی کرد لەگەڵ خۆیدا تەنانەت کاڵەکە زلەکانیش نەیانتوانی بەرگەی ئەو لافاوە بگرن ڕۆژ دەستی کرد بەکورت بوونەوە.

گەڵای دار و درەختەکان زوو بەزوو هەڵوەرین و کەوتنە خوارەوە گژوگیاکانیش بەهۆی ئەو بەفرەوە کە ئەباریی ڕزین و زەردبوون و لە ناو چوون پەڵە هەورە چڵکنەکانیش هەموو ئاسمانیان داگیرکرد و ڕۆژیان شاردەوە... سروشت هەر لە نەخۆشێکی ئەکرد کە لە گیانەڵا دابێ!

زستان لە ناکاو هاتە پێشەوە ئافرەتەکە هەستی بەساردیی و سڕیی ئەکرد دەستی کرد بەدۆزینەوەی پێستی ئەو گیانلەبەرانەی کە ئادەم ڕاوی کردبوون بۆ ئەمەی پێستێکیان تیا

بدۆزێتەوە و خۆی پێ گەرم بکاتەوە بەڵام هەموویان ڕەق هەڵهاتبوون، لەکەڵک کەوتبوون، بەکاری ئەوە نەئەهاتن، ئادەم ئەرک و ئازارێکی یەجگار زۆری ئەهاتە بەر تا خواردەمەنی بدۆزێتەوە بۆ خۆیان چونکە لەو ناوەدا سەر زەوی چۆڵ بوو بوو؛ هیچ گیانلەبەرێک لەوێدا نەمابوو.

حەوا هەستی بەخۆی کرد، تایەت لەشی گران ئەبێ چونکە منداڵەکەی ناوسکی لەگەشەکردن دایە بەڵام ئادەم وا دیاربوو ئاڵۆش و خرۆشی ڕەگەزبازییەکەی نیشتبووەوە. چونکە نە پێی ئەکرا، نە دەستی ئەپەرژا، بیر لە ختووکە و خۆشیی لەشی خۆی بکاتەوە!...

هەموو ئێوارانێک گورگەکان لەو دیبوو ئەشکەوتەکەیانەوە کۆئەبوونەوە، بەدەنگێکی سامناکەوە ئەیان لووراند بەفریش هەر ئەباریی زۆری پێ نەچوو زەوی تارایەکی بەفرینی سپیی تەنگی دا بەسەر خۆیدا...

لەو کاتەدا کە حەوا لەو چاو ئەندازەیە ورد ئەبووەوە بەئادەمی گوت: (خۆشەویستەکەم کارمان تەواوبوو!)

ئادەم هیچ وەرامیکی نەدایەوە ئەو وا بەبیریا ئەهات کە سزاکەی خوا خەریکە تەواو ببێ زۆریشی پێ ناچێ زەوی لە ناو بەفرە سپییەکەدا جلی مردووانەی خۆی لەبەر ئەکا و هیچ گیانلەبەرێکی تیا نامێنێ لەگەڵ ئەوەیشدا ئادەم خەفەتێکی زۆری نەئەخوارد بۆ ئەو ژیانەی کە تا ئەهات ئەرک و ئازاری زۆرتر ئەبوو.

بەڵام ژیان، بەقسەی ئەوان نەجووڵایەوە، هیواکەی لێ تێک دان... چونکە ئەو و حەوا نەمردن تەنانەت لەو هەڵگەڕانەوەی ناو سروشتەیش هیچ ئازارێکیان پێ نەگەیشت!...

سێ ڕۆژی خشت بوو ئادەم و حەوا بەبرسێتییەوە گینگڵەیان ئەدا لەبەرئەوە ئادەم ناچار بوو بگەڕێ بەدوای خۆرشتدا.

پیاوەکە خۆی فڕێدایە ناو بەفرەکەوە و بەناویا ڕۆیشت دەستی کرد بەشوێن پێ هەڵگرتنی گیانلەبەرەکان دوایی ڕێی کەوتە بەر بەرخێک کە لە هاوڕێکانی خۆی دواکەوتبوو کوتەکێکی پیا ماڵی ماتی کرد و کوشتی بەرخەکە مرد، بەڵام ئادەم لە خۆشیاندا دەنگی سەرکەوتنی خۆی بەرزکردەوە دەمو دەست بەرخەکەی هێنایەوە بۆ حەوا گوێی نەدایە چزووی بەفرە ساردەکە کە بەپێیە ڕووتەکانیەوە ئەدا هیچ کامێکیان، تاوێک لە سەری نەوەستان لە پاش ئەمەی ئادەم کەوڵەکەی لە گۆشتی بەرخەکە کردەوە، هەردووکیان دەمودەست قەپاڵیان گرت لەو گۆشتە خوێناوییە و دەستیان کرد بەخواردنی،



ئادەم تاتێری نەخوارد لەو گۆشتە، هەستی بەئازاری پێیەکانی خۆی نەکرد کاتێ کە سویستی ڕاست بێتەوە و هەستێتە سەر پێ، نەیتوانی جووڵەیەک بکات ئەوەی زۆر پێ گران و ناخۆش بوو، کە لەشی لیری کرد بوو و لە هەندێ شوێنیا ئاوسابوو.

بەهەناسە ساردییەکەوە هاواری کرد، گوتی:

(ئای مناڵ کاوول خۆم... ئای سەرگەردان خۆم... هەر ئەمە مابوو تووشم بێ!.)...

حەوایش کە ئەوەی چاو پێکەوت چنگی کرد بە بەفرەکەدا و دەستی کرد بەهەنوونی پێ ئاوساوەکانی ئادەم بەو بەفرە[١] تا هەستی بەخۆی کرد تا ئەندازەیەک چاک بۆتەوە!...

بەڵام کە شەو داهات تووشی تەنگ و چەڵەمەیەکی گەورە و سامناک بوون لەو کاتەدا کە ئادەم ڕاکشابوو بەپشتا، بەدەم ئازارەکەی لە شیەوە نکە نکێکی لەسەر خۆی ئەکرد، حەوا چوە بەردەم دەرگای ئەشکەوتەکە پشوویەک بدا و هەندێ بای پاک هەڵ مژێ کەچی لە پڕ پاشە و پاش گەڕایە دواوە و قریشکاندی: (گورگن... گورگ) بۆنی گۆشتی بەرخەکە، کە مابووەوە، گەلەیەک گورگی کێش کردبووە بەردەم ئەشکەوتەکە گورگەکان لەوێ دا کۆبووبوونەوە، گلاراویان پێ کەوتبوو، هەر ئەهاتن و ئەچوون، ئەیانلووراند و دانیان ڕیچ ئەکردەوە هەر لەبەر ئەوەیش پەلاماری ژوورەوەیان نە ئەدا، پیاو و ژنەکە بخۆن، گڕی ئاگرەکەیان ئەدیی لە دەم ئەشکەوتەکەدا بەرز ئەبووەوە.

ئادەم بەزۆر خۆی کێش کرد تا هەستایە سەر پێ لە ئاگرەکە نزیک بووەوە قیژاندی بەسەر حەوادا پێی گوت:

(هەندێ بڕەدار بخەرە سەر ئاگرەکە... دارەکەی زۆرتر بکە... باشە، هەروا بکە!...).

یەکێک لە گورگەکان ویستی بێتە ژوورەوە بەڵام ئادەم کوتەکێکی پیا ماڵی پەراسووی شکاند، گورگەکە لە تاو ئێشی لەشی خۆی، پاشە و پاش گەڕایە دواوە بۆ ناو گورگەکانی تر، بەزۆر خۆی کێش ئەکرد گورگەکانیش کە دییان خوێن بەلەشیا دێتە خوارەوە، پەلاماریاندا، کوشتیان و پارچە پارچەیان کرد، خواردیان!...

حەوایش بەشی خۆی بەرەنگاریی ئەو گورگە دڕندانەبوو.

هەندێک سەلکە بزوتکی کلپەداری تێ گرتن گورگەکان بەترس و لەرزێکەوە بەرە و پاش ئەگەڕانە دواوە.

---

(١) واتا: بەفرەکەی تێ هەڵدەسوو.

بەڵام زۆری پێ نەچوو، لە تاو برسێتی خۆیان کەللە ڕەقییان ئەنواندەوە و دڕندانە هوروژمیان ئەبردەوە ناو ئەشکەوتەکە.

دوایی لە ئاسۆوە بەیانی دەرکەوت ئیتر گورگەکانیش یەک لە دوای یەک خۆیان لە ئەشکەوتەکە کێشایە دواوە و هیچیان لەوێدا نەمان.

***

چەند ڕۆژێک بەسەر ئادەم و حەوادا تێ پەڕیی، پڕبوون لە ترس و لەرز و برسێتی و سەرما و بەرەنگاری کردنی گەلە گورگ... تا ئەودەمە پەڵە بەفرەکان هێشتا دەستیان نەکردبوو بەتووانەوە بەڵام زۆری پێ نەچوو ئاوەکانی بەفرە تووواوەکان دەستیان کرد بەبزووتنەوە پاشان بەگورجی ڕێگایان بۆ خۆیان کردەوە و لێشاویان هێنا، هەر شتێک کەوتە بەردەمیان ڕایاندا لەگەڵ خۆیاندا ڕۆژ دەستی کردەوە بەدرێژبوون... چەند جارێکیش بەری ئاسمان ڕوون بووەوە... بەڵام باران، هێشتا لە بارین نەکەوتبووە... لەو دۆڵەدا کە ئادەم و حەوا تیا ئەژیان ئاو دەستی کرد بە بەرزبوونەوە... پاشان سەرکەوتە سەرەوە بەشێکی ئەشکەوتەکەیشی داگیر کرد... ئادەمیش کە چاوی پێ کەوت ئاوەکە لە ناو ئەشکەوتەکەدا، بەرە، بەرە بەرز ئەبێتەوە لەبەر خۆیەوە گوتی: (ناچارین، خۆشەویستەکەم لێرە بار بکەین... ناچارین کۆچ بکەین!).

ئادەم و حەوا، هێندەی پێیان هەڵگیرا و بەکەڵکیان هات لە کۆچە تازەکەیاندا، هەڵیان گرت لەگەڵ خۆیاندا.

ئنجا چوونە دەرەوە لە ئەشکەوتەکە و ملیان پێوەنا بۆ گەشتێکی تر. پیاوەکە پشتی کۆمابووەوە بەو بارەوە کە هەڵیگرتبوو ئافرەتەکەیش بەهۆی سکە زلە گرانەکەیەوە، جووڵانەوەکانی سستییان تێ کەوتبوو، چالاکی و لەش سووکییەکەیش نیوە چڵ بووبوون!...

ئادەم و حەوا بەسستییەکەوە دەستیان کرد بەڕۆیشتن بارانیش ڕەهێڵەی ئەکرد، تیرە بارانی ئەکردن، ئادەم دەستی کرد بەپێشاندانی هیواداریی جاروبار ئەم قسانەی دووبارە ئەکردەوە: (نابێ ئەم بارە هەروا بمێنێتەوە!) کەچی لەگەڵ ئەوەیشا بەچاوێکی کز و هەناسە ساردانەوە تەماشای ئاسمانی ئەکرد!... حەوایش کە پێی ئەکەوت لەبەردەکانی ناو ڕێگاکە و هەڵ ئەنگوت، دەم و دەست، دەستەکانی خۆی درێژ ئەکرد بۆ سکەکەی، تا بیپارێزێ لە ئازار هەموو هۆشێکی خۆی دابووە سەر ئەو منداڵەی کە لە ناو سکیا بوو دەستی کرد بوو بەهەستکردن بەوەیش کە منداڵەکە خەریکە زوو بەزوو لە پەناکەی خۆی بێتە دەرەوە...



ئادەم و حەوا هەر بەڕۆیشتنی خۆیانەوە مانەوە بارانیش لە بارینی خۆی نە ئەکەوت بەڵام ماندوێتی کارێکی پێ کردبوون، ئەوەندەی نەمابوو بمرن و پەتۆ نەبەن بگەنە ئامانجی خۆیان... لە ناکاو حەوا وەستا قیژەیەکی پڕ ترس و لەرزی کرد... قیژەکەی ئەوەندە تیژ و کاریگەربوو ئادەمی داچڵەکاند و دڵی داخورپاند... وا دیاربوو ئێش و ئازاری مناڵ بوون گەیشتبووە جەرگ و هەناوی ئافرەتەکە، بەتوندیی و تیژییەوە لێی ئەدا... ئەو باوو باران و سەرما و سۆڵە و تەڕ و تووشی و ڕێگا بەردەڵان و قوڕ و چڵپاوەیش بەماندوێتی و ڕەنج و کوێرەوەریی کۆچ کردنەکەیانەوە، ئەوەندەی تر ژینی لە حەوای بەسەزمان تاڵ کردبوو... حەوای کڵۆل و سەرگەردان ناچاربوو خۆیدا بەو زەوییەدا کە پڕبوو بوو لە قوڕ و چڵپاو لە تاو ئێش و ئازاری گیانی خۆی ئەگریا و ئەینالاند... ئادەمیش خۆی نووشتاندەوە بۆی و قسەکانی خۆی بۆ دووبارە کردەوە، پێی گوت:

(خۆت بگرە خۆشەویستە بەسەزمانەکەم... بەم زوانە پەنایەکی نزیک ئەدۆزینەوە!...)...

ئافرەتەکە تەکانی دایە خۆی هەڵبستێ بەڵام هەستی پێ کرد، شتێک هەناوی ئەدڕێنێ، هەر چەندێکی کرد نەیتوانی ببزوێ لە جێی خۆی، لە جێی خۆیدا مایەوە.

پاڵ کەوت لە ناو قوڕەکەدا خەمەو پەژارە بەرەنگاریی مێشک و هۆشی بووبوو نەی ئەزانی چی بکات... نە هێزی پێ مابوو، نە دەسەڵات ئنجا ئەو کاتە پەیی بەو ڕازە برد کە مناڵ لە کوێ وە ئەبێت.

هەروەها ئەوەیش تێ گەیشت کە مناڵەکە، هەر لەوەوە پەیدابووە کە لنگ بازیی لەگەڵ ئادەمدا کردووە... ئەو لنگ بازییەی کە هیچ خۆشییەکی بۆ خۆی تیانەبووە، مەگەر ئێش و ئازار و دڵتەنگی... لەگەڵ مناڵێکیشدا!... بەو مێشکە ماندووەی خۆیەوە، هەڕەشەکەی خوای بیرکەوتەوە کە پێی فەرمووبوو:

(بەئازارەوە مناڵت ئەبێ!...)... نەء... نەء... ناکات جارێکی تر لنگ بازیی لەگەڵ ئادەمدا بکاتەوە و، خۆی تووشی ئەم دەرد و ئازارە بێ ئەندازەیە بکاتەوە، هەر بۆ ئەمەی ئادەم ئالۆش و خرۆشی خۆی پێ بشکێنێ!...

ئادەمیش کە هەر خۆی بوو، بوو بوو بەهۆی ئەو ئێش و ئازارەی حەوا، بەپەرۆشەوە ئەهات بەلایەوە و بەچاوێکی گێژ و وێژانەوە سەیری ئەکرد.

حەوایش پاڵی نا بەسنگیەوە و بەسەریا قیژاند، گوتی:

(بڕۆ لێم دوور بکەرەوە... بڕۆ لێم دوور بکەرەوە!...)

ئادەمیش وەرامی دایەوە گوتی: (خۆشەویستەکەم ئەمە لە هەڵەی منەوە ڕووی نەداوە،... ئاخ خۆزگە ئەتتوانی تۆزێکی تریش بڕۆیت!...)

ئافرەتەکەیش بەتیزێکەوە پێکەنی؛ وەک بڵێ: پەککو لە تێ نەگەیشتوویی ئەم پیاوە کە نایەوێ پەی ببات بەو ئێش و ئازارانە و ئەندازەیشیان تێ بگات!. چەند جارێکی تریش منداڵەکە خۆی لە ناو سکیدا بزواند... بەڵام بەهەمموو هێز و هەرەتێکیەوەس حەوای بەسەزمانیش، لە تاو ئێشی لەش و گیانی خۆی، وەک شێت ئەیقیژاند و، هاوار و فەریادی ئەکرد و، خۆی ئەگەوزاند لە ناو قوڕ و چڵپاوەکەدا لە پڕ هەستی کرد بەشتێکی زیندوو لە لەشی هاتە دەرەوە بەڵام هێشتا هەر بەهەناویەوە بەسترابوو، ئادەمیش بەدڵ خۆشی و سەرسوڕمانێکەوە قیژاندی گوتی (منالێکی پچووک دەرچوو... منالێک!...)

بەڵام حەوا تازە لە هۆش خۆی چوو بوو، ئاگای لە خۆی نەمابوو تا ماوەیەکی درەنگیش نەهاتەوە سەرخۆی!.

***

کە حەوا هاتەوە هۆش خۆی تاریکایی زەویی داگیر کردبوو. گریانێکی کز و پچووک کە هەر لە میاواندنی بێچووە پشیلەی ئەکرد هاتە بەر گوێی حەوا ئادەمیش خۆی بۆ حەوا نوشتاندەوە و پێی گوت: (خۆشەویستەکەم... خۆشەویستەکەم!)، پاشان منالەکەی پێشکەش کرد... حەوایش لە دەستی وەرگرت و نوساندی بەسنگی خۆیەوە... ئەوەندەی نەمابوو لە خۆشیانا گەشکەداربێ بەرێکەوت دەمی منالەکە بەر گۆی مەمکێکی حەوا کەوت... منالەکە گۆی مەمکەکەی دایکی خستە دەمیەوە و دەستی کرد بەمژینی... کە شیر لە مەمکەکەیەوە ئەهاتە ناو دەمی منالەکەوە، حەوا هەستی وا ئەکرد بەندەیەکە و تازە گەردنی ئازاد کراوە!... بەڵێ ئەمە ڕاستە کە بەدەم ئازارەوە منالەکەی بوو... بەڵام چەند خۆشە ببیتە دایک!.

تەنانەت ئامادەیشە کە لە پێنا و بە باوەش گرتنی منالێکدا کە لە سکی خۆی بووە، هەرچی گیروگرفت و تەنگو چەڵەمەیەکی ڕۆژگار هەیە شانیان بداتە بەر!... حەوا ئیتر لەوەدا نەمایەوە کە کۆ لە هیچ شتێک بکاتەوە، یان لە پاشەڕۆژ بترسێ... تەنانەت ئادەمیشی بەچاوێکی واوە سەیر ئەکرد، کە پێ زانین بەکردەوە چاکەکانی و سوپاسکاریی بەرامبەری تیا ئەچریسکایەوە!... چونکە ئەوی دانابوو بەهۆی ئەو کامەرانییەی کە دەستی کەوتبوو!...



دوایی ڕۆژ بووەوە بارانەکە دەستی کرد بەخۆ گیرساندنەوە[(١)] پەڵە هەورەکان ئاسمانیان بەردا ڕۆژ دەرکەوت ڕووناکییەکەیشی هەموو جیهانی گرتەوە ئنجا ئادەمیش لە دایکی منالەکەی نزیک بووەوە و بانگی کرد:

– حەوا!

– ئادەم!... خۆشەویستەکەم!.

حەوا منالەکەی بەسەر دەستەکانیەوە هەڵگرت بردیە پێشەوە بۆ ئادەم پاشان بەدەنگێکی ناسکی پڕ لە خۆشەویستییەوە لێی پرسی:

(ئادەم! منالەکە جوان نیە؟)...

– بەڵێ خۆشەویستەکەم جوانە... ئەڵێی چی ناوی بنێین (قابیل)؟!...

بڕایەوە

٣٠/ ١٢/ ١٩٦٥

(١) یان: بارانەکە خۆشی کردەوە.

# چارەی دڵداری

## چیرۆکی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٠ی زایینیدا

نووسینی: ھ. ج. وێڵز

ئەم نووسراوە

ئەم نووسراوە کە ناوی (چارەی دڵداری)یە، لەلایەن نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزەوە (ھ. ج. وێڵز) بەزمانی ئینگلیزی دانراوە. لە گۆڤاری (کتابي)دا، ژمارە (٥٠)ی مانگی بەفرەباران (مایس)ی ساڵی ١٩٥٦، کە لەلایەن (حیلمی موراد)ەوە لە قاهیرەدا دەردەچوو، خرابووە سەر زمانی عەرەبی. منیش لە ١٩٦٧/٦/١٦دا گۆڕیمە سەر زمانی کوردی. نووسراوەکە لەسەر بنچینەیەکی زانستی و هونەری و وێژەیی، جیاوازی پیشان دەدا لە ناوەند ژیانی ناو سەدەکانی (١٨٠٠ و ١٩٠٠) و سەدەکانی پێشووی خۆیاندا و سەدەی (٢٠٠٠)ی زایینیدا. نووسەری گەورە (ھ. ج. وێڵز) هونەرمەندی و زانایی و وێژەکارییەکی زۆری نواندووە لە پیشاندانی پێشکەوتوویی ساڵی (٢٠٠٠)دا لە ڕووی ماکینەکاری و شارستانێتی (نانی: مادی) یاخود کەرەستەییەوە. کە بەهۆی ئەوەوە گۆڕانکارییەکی زۆر گەورە و فراوان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا پەیدا بووە، چ لە ڕووی چاکییەوە، چ لە ڕووی خراپییەوە لە ڕاستیدا ئەو شتانەی (ھ. ج. وێڵز) هێناونیە پێش چاوی خۆی کە ڕوودەدەن و بقەومێن لە (داهێنان) و (باو) و (گۆڕان) و (گەشەکردن)ی ژیاندا، تا ئێستاکە زۆریان هاتوونەتە دی. کەچی لە سەرەکەی تریەوە باری کردەوە و ڕەوشتی جوان و بەرز و پیرۆز بەپێی شارستانێتییە نانییەکە پێش نەکەوتووە و گەشەی نەکردووە و پەرەی نەسەندووە و بەلای چاکیشدا نەگۆڕاوە. بەواتایەکی کورت و پەسند (خۆپەرستی مرۆڤ) هەروەک خۆی ماوەتەوە، بەڵکو تەشەنەیشی کردووە، تەنانەت بەناو پزیشکە زاناکانیشدا بێجگە لە دەوڵەمەندە خانەدانەکان!... (ھ. ج. وێڵز) ئەم بارەی لە چیرۆکێکی (دڵداری)دا پیشان داوە، کە بەپێی ئەندێشەی ئەو لە ساڵی (٢٠٠٠)ی زایینیدا قەوماوە، یان دەقەومێ. کچێکی خانەدانی دەوڵەمەند حەز لە لاوێکی شەنگ و شۆخی هەژار دەکات. بەڵام باوکی کچەکە، کچەکەی خۆی داناوە بیدات بەشوو بەهاوڕێییەکی خۆی کە ئەویش دەوڵەمەند و پایەدار بووە وەکو خۆی. جا لە کاتێکدا کە



کچەکە و کوڕەکە دڵدارییەکەیان خەریک بووە بگاتە پۆپەی خۆی و سەربگرێ بەمارەکردنیان لە یەکتری، باوکی کچەکە پەنا دەباتە بەر پزیشکێکی مرۆڤ نوێنی موگناتیسی،[١] بۆ ئەمەی (زانایی) و (هونەرمەندی)یەکەی خۆی لەوەدا بەکار بهێنێ کە کچەکە بەهۆی (نواندنی موگناتیسی)یەوە وا لێ بکات واز لە دۆستە خۆشەویستەکەی خۆی بهێنێ و شوو بەو کابرایە بکات کە باوکی بۆی هەڵبژاردووە. پزیشکەکە هەموو چەواشەکاری و گزی و فزییەکی خۆی دەخاتە کار، بۆ کەڵکی ناپوختەی خۆی، تا کچەکە چەواشە دەکات و دێتە سەر قسەی باوکی کە شوو بەپیاوە ناپەسندەکە بکات. کوڕە بەسەزمانەکە کە ڕۆژان و مانگان بەخەم و پەژارەی ئەم کڵۆڵییەوە دەتلێتەوە و سەرگەردان دەسووڕێتەوە تا دوایی لەپاش ڕەنج و خەباتێکی دلێرانە ماڵی کچەکە و جێگای پزیشکەکەی بۆ دەدۆزێتەوە و لە هەموو ڕازێکی فروفێڵ و چاوڕاوەکە تێدەگات. ئینجا هورووژم دەباتە سەر پزیشکەکە و شلوکوتی مەرگی دەکات و ریسوایشی دەکات، تا ناچاری دەکات فرۆفێڵ و چەواشەکارییەکەی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و، سەرلەنوێ کوڕ و کچە دڵداران بەدڵدارییەکەی خۆیان شادبینەوە و ببنە ژن و مێردی یەکتری. بەم ڕەنگە لە ساڵی (٢٠٠٠)یشدا هەر (دڵداری) سەردەکەوێتەوە بەسەر (پوولپەرستی) و (خۆپەرستی)دا.

ئەم نووسراوە نایاب و ناوازەیە پەندێکی گەورەی تێدایە بۆ هەموو لایەک بەتایبەتی بۆ خوێندەوارانی کورد. کە ئەویش ئەوەتا: (شارستانێتی نانی بەکار نایەت، تا شارستانێتی گیانیش بەپێی ئەو گەشە دەکات و پێش دەکەوێ). جا هیوادارم بەخودا کە خوێندەوارە بەڕێزەکانی کورد کەڵک و خۆشی لێ وەربگرن.

شاکر فەتاح
(خاوەن پرۆژەی خوێندەواری کورد)
سلێمانی- (١٩٦٧/٦/١٦)

(١) پزیشکی مرۆڤ نوێنی موگناتیسی: (طبيب التنويم المغناطيسي)

# ١

دەڵێین لە ناوەند ساڵی (١٨٠٠ و ١٩٠٠)دا جیهان بەجۆرێکی وا گۆڕاوە، کە لەو گۆڕانە زۆرترە کە لە پێنج سەد ساڵی پێش ئەو ماوەیەدا پێک هاتووە. سەدەی نۆزدەهەمیش بەسەرەتای سەردەمێکی تازە دائەنرێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

ئەم سەدەیە، سەدەی شارە گەورە گەورەکانە، کە لەوساکەوە دەستی پێ کردووە، کە ژیانی لادێیانەی کۆن یاساکەی دوایی هاتووە! وایش دەردەکەوێ کە ئەوانە ڕاست بکەن. چونکە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، زۆربەی ڕەگەزی ئادەمیزاد هێشتا لە شارە بچکۆڵەکان و گوندەکاندا دەژیان. ژیانیشیان هەروەک ئەو ژیانە وا بوو کە لە سەرەتای مێژووەوە ژیابوون تا ئەوسا. بەکشتوکاڵەوە یاخود بەپیشەسازیی کشتوکاڵەوە خەریک بوون. هەموو کەسێکیش بەتەنگ ئەوەوە بوو کە نزیک بەبنکەی کاروفەرمانەکەنیان بژین. کەم ڕێ دەکەوت لە جێگای خۆیان بگوێزنەوە، یاخود کۆچ بکەن. چونکە ئەوساکە هێشا هۆی گوێزانەوەی گورج و ئاسوودە دانەهاتبوو. گوێزانەوەکانی ئەو دەمە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر یان بەپێ دەکران، یاخود بەهۆی ئەو کەشتییانەوە کە بەزەبری با دەڕۆن بەناو ئاودا، کە یەجگار سست دەڕۆیشتن، یاخود بەسواری ئەسپ واتا ڕۆژی لە شەست میل زۆرتریان نەدەبڕی!. جا لەو سەردەمە سەرەتاییەدا هەر شارێک ژمارەی دانیشتوانی لە سەد هەزار کەس زۆرتر بووبێ، یان لە پایتەختی فەرمانڕەواییەکاندا دەبوو، یان لە بەندەرە گرنگەکاندا. ژمارەی ئەو جۆرە شارانەیش لە ژمارەی پەنجەی دەست زۆرتر نەبوون. بەڵام کە سەدەی نۆزدەهەم دوایی هات، داهێنانی ڕێگای ئاسن و، تەلگراف و، کەشتییە هەڵمدارەکان و، کەلوپەلانی سەرسوڕهێنەر، ئەو بارە کۆنانەی گۆڕیبوو و لە ناوی بردبوون، کە جارێکی تر پەیدا نابنەوە. لەبەر ئەوە دروستکردنی شاری گەورە گەورە بەئاسان پێک دەهات. ئەم شارە تازانەیش هەموو بابەتێکی سرەوت و حەسانەوەیان تێدا بوو. پڕبوون لە کۆگای گەورە گەورەی بازرگانی و بەزمگای ڕەنگاوڕەنگ. ئیتر لەو ساکەوە بەربەرەکانێ و ڕاکێشان و توندکردنەوە لە ناوەند ئەم ڕووکەشانەی شارستانێتی تازەدا و دەستکەوتی ناوخۆی شوێنە لادێکانی سەرەتایی پێشوو پەیدا نەبوون. زوو بەزوو لە شارە بچکۆڵەکان و گوندەکانەوە دانیشتوان ڕەویان دەکرد بۆ شارە گەورەکان.

شارە گەورەکان بەجۆرێکی وا دڵی کێش دەکردن، کە خۆیان پێ نەدەگیرا ڕەوی بۆ نەکەن. دوای ئەوە پیشەسازی پێش کەوت. پێویستی بەکارگەران کەم بووەوە بێ فەرمانی



پەرەی سەند. بازاڕی شارە بچکۆلەکان و گوندەکان پەکیان کەوت. جێگا گەورەکانی پیشەسازی بەسایەی گوندە وێران بووەکانەوە، بەهێز و هەڕەتەوە زوو بەزوو گەشەیان کرد!. ئەم کارەساتە بووبووە کاروباری هەموو دەمەی نووسەرەکانی ئەو سەردەمە، کە پێیی دەڵێین سەردەمی (ڤیکتۆریا)ی شاژن. نووسەرەکانی بەریتانیا و ئەمریکا و هیندستان و چین هەر بەوەوە خەریک بوون. لە هەموو شوێنێکدا شارە گەورەکان جێگای شارە بچکۆلە کۆنەکانیان دەگرتەوە. لە کاربەدەستەکانیشدا زۆر کەم هەبوون کە پەیییان بەوە بردبێ، کە ئەم گۆڕانە ئەنجامێکە بەناچاری لە گۆڕانی هۆی پێکگەیشتن و گوێزانەوەوە پەیدا بووە. کەچی ئەوانی تر خەریکی ئەوە بوون کە ڕێوشوێن بۆ ئەوە دابنێن کە ئەو شەپۆلی ڕەوکردنانە بەرەو پاش بگێڕنەوە، کە بەرەنگاریی ڕاکێشانە سەرسوڕهێنەرەکەی شارە گەورەکانیش بکەن. بەلای خۆیانەوە وا بوو، کە دەتوانن ئەو لادێییانە لە شوێنی خۆیاندا بهێڵنەوە!.

***

بەڵام گۆڕانەکانی سەدەی نۆزدەهەم بوونە بەرەبەیانی سەدەی تازە، تەنانەت ئەو شارە گەورانەیش کە لە بڕانەوەی ئەو سەدەی نۆزدەهەمەدا پەیدا بووبوون، لە گەلێک ڕووەوە خراپەی خۆیان هەبوو، کە بووبوونە هۆی لێلکردنی ژیانی دانیشتوەکانیان و تێکدانی سرەوت و ئارامیان. دوکەڵی کارخانەکانیان کە زیانی بەتەندروستی دەگەیاند، لەگەڵ دەنگەدەنگ و قیژوهۆڕی ناو شەقامەکان و ناو کارخانەکان کە سەری پیاویان دەهێنایە ژان، دوو خراپە بوون لەو خراپانە.

بەڵام دوای ئەوە ئەمانە چارەکران. کەرەستەی تازەیان دۆزییەوە بۆ خانوو دروستکردن و، کارخانەیشیان خستەگەڕ، بێ ئەمەی سووتەمەنی بەکاربهێنن. لەبەر ئەوە ڕەوتی گۆڕانی شارستانێتی و شت داهێنان لە ناوەند ساڵەکانی ١٩٠٠ و ٢٠٠٠دا یەجگار تیژی لێ هات، لە بابەت سەردەمی (ڤیکتۆژیا)وە هیچ نەمایەوە بیرەوەری نەبێ. کە ژیانی ئەو سەردەمەیان بەبێ کارەیی شل و شێواوی دادەنا!... داهێنانی ڕێگای ئاسنیش هەر بریتی بوو لە هەنگاوی یەکەم لە گۆڕانی هۆی هاتوچۆ و گفتوگۆ و گوێزانەوەدا. ئەم گۆڕانە، لە دواییدا شۆڕشێکی بەرپا کرد لە ژیانی مرۆڤایەتیدا. کاتێ کە ساڵی ٢٠٠٠ هات، ڕێگا ئاسنەکان و ڕێگا کۆنەکانی سەر زەوی کە لە گڵ و بەرد دروست کرابوون و پڕبوون لە کەندوکۆسپ و قوڕ و چڵپاو، بەجارێک نەمان. لە جێی ئەو ڕێگایانە ڕێگای تەخت و لووس پەیدا بوون، کە لە کەرەستەیەکی وا دروست کرابوون لە لاستیکی دەکرد، پێیان

دەگوت (ئید هامیت) بەناوی (ئیدهام)ەوە کە دای هێنابوو. داهێنانی ئەم کەرەستەیش بەچەشنی داهێنانی چاپکەری و هەڵم، لە داهێنراوە هەرە گرنگەکانی دەژمێررا، کە کارێکی زۆر گەورەیان لە مێژووی جیهان کردووە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە ئەرکی کەمە و بەهەرزانیش دەست دەکەوێ.

نرخی تەنێک لەم کەرەستەیە لە چەند شلنێک(*) تێپەڕ ناکات! لە دروستکردنی ئەم ڕێگا درێژە پانە تازانەدا، خەمی ئەمەیان خواردووە کە هەریەکەیان ببن بەچەند لکێکەوە. هەردوو لکەکەی ئەملا و ئەولای ڕێگاکە بۆ ئەوانە دانراون کە سواری ئەسپە ئاسنینە دەبن و ئۆتۆمۆبیلی گوێزانەوە، ئەوانەی کە لە سالێکدا لە بیست و پێنج میل زۆرتر ناڕۆن. هەردوو لکەکەی دوای ئەوانیش بۆ ئەو ئۆتۆمۆبیلانە دانراون، کە تیژیی ڕۆیشتنیان لە ساتێکدا دەگاتە سەد میل بەشی ناوەڕاستی ڕێگاکەیش بۆ ئەو ئۆتۆمبیلانە دانراوە کە لە سالێکدا لە سەد میل پتر دەڕۆن!. جا ئەم بەشی ناوەڕاستانە کە لەم ڕێگا تازانەدا کرابوونەوە، تا نزیکەی دە سالیش هیچ ئۆتۆمبیلێکیان پێدا نەدەڕۆیشت. چونکە ئەو ئۆتۆمبیلانە هێشتا نەهاتبوونە کایەوە کە ئەوەندەی ئەوە تیژ بڕۆن. بەڵام دوای ئەوە، لە هەموو بەشەکانی تر ئۆتۆمبیلیان زۆرتری پێدا دەڕۆیشت. ئۆتۆمبیلی وا سووکیان بەناودا دەڕۆیشت کە تیژیی ڕۆیشتنیان دەگەیشتە دوو سەد میل. ئەشکێڵ (قطر)ی چەرخەکانیشیان لە ناوەند بیست پێ و سی پێدا بوو. جا لەم کاتەدا کە ئەم جۆرە گۆڕانەی تێدا پەیدا بوو، یاخود ئەم شۆڕشی پیشەسازییەی تێدا بەرپابوو، شۆڕشێکی تری وایش پەیدا بوو، کە بەشێنەیی بارەکانی شارە گەورەکانی گۆڕی. دوکەڵ و تەمومژی کارەخانەکان و پیسی و پۆخڵییەکانیان لە ناودا نەمان. لە جیاتی سووتەمەنی، بۆ هەڵسوڕاندن و ڕووناککردنەوەی ئەو کارخانانە کارەبا بەکار دەهێنرا. دوای ئەوە ڕێگاکان و کۆڕەکانی ناو شارەکان بنمێچیان بۆ کرا و داپۆشران. بۆ ئەوە کەرەستەیەکیان داهێنابوو، هەر لە شووشەی دەکرد. بنمێچەکانیان لەو کەرەستەیە دروست دەکرد. مەبەسیشیان ئەوەبوو کە ئەوانەی بەناو شاردا هاتوچۆ دەکەن، لە گۆڕانی با و ورووژانی بپارێزرێ! دوای ئەوە هەر یاسایەکی پروپووچ دانرابوو لە بابەت بەرزکردنەوەی ساختمانەوە تا ئەندازەیەکی دیاریکراو، هەڵوەشێنرایەوە. بەهۆی ئەوەوە شاری (لەندەن) کە هەر لە دەشتاییەکی دەکرد کە لە سەربانەکانی خانووە پەستە نزمەکانی دروست ببوو، کە لە نزیکەوە تەختایی

(*) شلن: پەنجا فلس دەکات.



بوون، بوو بەشارێکی وەها کە خانووەکانی بەرز بووبوونەوە بەئاسماندا و کەللەیان لە هەور دەدا. پاش ئەوە بێجگە لە فەرمانەکانی ئاوکێشان و ڕووناکی بڵاوکردنەوە و لابردنی پووش و پەڵاش و گڵێش کە خرابوونە سەر ئەستۆی شارەوانییەکان، فەرمانێکی تریش خرابووە سەر ئەستۆیان، ئەویش بریتی بوو لە باکێشان بۆ ناو خانووەکان و تازەکردنەوەی بایەکە و گەرمکردن و ساردکردنی بایەکی بەپێی پێویست!. فڕۆکە بووبووە هۆی گواستنەوەی تەواو. بۆ هاتوچۆ بەکار دەهێنرا. خانووەکانیش گۆڕابوون لەپێشدا بچووک و تایبەتی بوون بەخاوەنەکانیان. لە دواییدا گۆڕابوون بەمیوانخانەی گەورە گەورە کە هەموو دانیشتوانیان دەگرت و، خواردن و خواردنەوەیشیان پێشکەش دەکردن!. لە جووتیارەکانیش هەندێک مابوونەوە، ئەوانیش گواستیانەوە ناو شارە گەورەکان. هەموو ڕۆژێک بەفڕۆکە دەچوونە سەر کشتوکاڵەکانیان لە دەرەوە و، دەهاتنەوە ناو شار!... بەم ڕەنگە لە لادێکاندا خانوو نەما. دانیشتوانی خاکی ئینگلتەرە هەموویان لە چوار شاری گەورەدا کۆبووبوونەوە هەریەکەیان بەدەیان ملیۆن کەسی تێدا ڕژابوو!... ئێستاکە بام خۆمان بناسێنین بەپاڵەوانی چیرۆکەکەمان (مووریس) لەگەڵ باپیرە گەورەیدا کە ناوی (مۆریس)ە.

## ٢

(مۆریس)ی باپیر لە سەردەمی شاژنی دڵچاک (ڤیکتۆریا)دا دەژیا. گوزەرانێکی باشی هەبوو. دەوڵەمەند بوو. هۆشی لەسەرخۆی بوو. ڕۆژنامەی (تایمس)ی دەخوێندەوە. ڕۆژی یەکشەمموانیش دەچووە کڵێسا. هەر کەسێکیش لە خۆی نەچووایە، بەچاوێکی سووکەوە سەیری دەکرد. ئەو لەو پیاوانە بوو کە لە کردەوەی دروست و بەجێ و پێویست بەولاوە هیچی نەدەکرد. ئەمانەیشی کە دەکرد، لە شێوەیەکی ڕێکوپێکدا دەیکردن، هەرگیز لەو شێوەیە لای نەدەدا.

هەموو دەم جلوبەرگی لێهاتووی لەبەر دەکرد. لە جێی خۆیدا پارەی لە ڕێی خودادا دەبەخشییەوە. هیچ دەمێکیش قژی سەری خۆی لەوەندە بەولاوە هەڵدەپاچی کە باو بوو لەناو هەمووانداǃ هەرچی بۆ ئەو پێویست بووایە بیبێ، دەستی خۆی دەخست. هەرچی بۆ یەکێکی وەک ئەو پێویست بووایە خۆی لێ بپارێزێ، خۆی لێ دەپاراست! لەناو ئەو شتە زۆرە پەسندانەیشدا کە هەیبوو ژنەکەی و منداڵەکانی بوو. ئەوانیش هەم ژنی چاک، هەم منداڵانی چاک بوون. ژمارەیشیان بەجێ بوو! ئەوانیش جلوبەرگی نایابیان لەبەر دەکرد کە

لێیان بوەشێتەوە. لە خانوویەکی ناوازەی لێهاتوویشدا دەژیان، کە لەسەر شێوەی خانووەکانی سەردەمی (ڤیکتۆریا )ی شاژن دروست کرابوو.

لە شێوەی باوی (ئان)ی شاژنیشدا کەلوپەلەکانی ناوەوەی خانووەکە ڕازێنرابووەوە. ئەوانە لەو خوێندنگایەدا دەیانخوێند کە بۆیان دەلوا. کە گەورەیش دەبوون لەو کار و فەرمانانەدا دادەمەزرێنران کە بۆ ئەوان دەستیان دەدا. هەرچی کچەکانیشی بوو، هەرچەندە جار بەجارێک بۆڵەبۆڵێکی ناپەسندیان دەکرد، بەڵام هەموویان دان بەشوو، بەو پیاوانەی کە خاوەنی پاشەڕۆژێکی دروست بوون. کاتێ کە (مۆریس) وای لێ هات بمرێ، لە دەمی خۆیدا مرد. لەناو گۆڕێکی مەڕمەڕدا نێژرا، کە هەر شایستەی خۆی بوو!... دوای ئەوە لاشەکەی دەستی کرد بەڕزین. ڕەنگە پێش ئەمەی دەست بکەین بەچیرۆکەکەمان ئێسکەکانی بووبن بەخۆڵ و بڵاوبووبنەوە بەهەر چوار لای جیهاندا!. تەنانەت لە کاتی دەست پێکردنی ئەم چیرۆکەدا، کوڕەکانی و کوڕی کوڕەکانی و نەوە و وەچەکانی، هیچیان لە جیهاندا نەماون و، ئێسک و پرووسکیان بوون بەخۆڵ!.

بەڵام ئەو ئەمانەی بەبیردا نەدەهات، نەیشی دەتوانی بەبیریدا بێن. خۆ ئەگەر یەکێک پێی بگوتایە پاشەڕۆژ وا دەبێ، دەمودەست بەدرۆی دەخستەوە و، هوروژمیشی دەبردە سەر بیروباوەڕی. چونکە هاوڕێکەمان لەو جۆرە کەسانە بوو، کە لەبەر بەڕێزی خۆیان گوێیان نەدەدا بەپاشەڕۆژی مرۆڤایەتی، بایەخیان پێ نەدەدا، تەنانەت لەو بیروباوەڕەیشدا بوو، کە خۆی مرد، مرۆڤایەتی لەوانە نییە کە پاشەڕۆژێکی بۆ بمێنێتەوە!... بەم ڕەنگە ئەو ئەوەی لە دەست نەدەهات، یاخود هیچ بایەخێکی بەوە نەدەدا، کە بیر بکاتەوە لەوەی کە لەدوای مردنی خۆی شتێک ڕوو بدات!.

کەچی لە ڕاستیدا ئەمە ڕووی دا!... چونکە لەپاش ئەوەیش کە ئێسکەکانی خۆی و نەوەی نەوەکانی لەناو گۆڕدا ڕزان و خاوەنەکانیان لە بیری کەسدا نەمان... هەروەها لە دوای ئەمەی کە خانووەکەی ئەو تێیدا بوو ڕووخا و، لەجێی ئەو چەند خانوویەکی تر دروست کران... لە دوای ئەمەی ڕۆژنامەی (تایمس) لە دەرچوون کەوت و لە بیریش چووەوە... لە دوای ئەوەی تەپلەی ئاوریشم باوی نەما و لە یادی کەسیشدا نەما... لەدوای ئەمەی هەرچی لەپێش چاوی (مۆریس)دا زیندوو و گرنگ بوو، وشک هەڵهات و مرد!. لەدوای ئەمانە، هەموویان، جیهان هەر لەجێی خۆی مابووەوە، هیچی لێ نەهاتبوو. هەر لە شوێنی خۆیەوە دەڕۆیشت. ئادەمیزادەکانیش هەر بەسەر پشتیەوە مابوونەوە، دەژیان و،



هەر خەمی خۆیان و زەوی و ساختمانەکانی خۆیان دەخوارد. (میستەر مۆریس) و هاوچەرخەکانی چۆن بوون، ئەوانیش هەر بەو چەشنە بوون!. لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە لە هەموو کووچە و کەنارێکی سەر زەویدا هاوچەرخی (میستەر مۆریس) هەبوون، هەموویان خوێنی ناو دەمارەکانیان وەک خوێنی ناو دەمارەکانی ئەو بوو. ئەمەیش هەر لەوە دەکات کە خوێنی خوێنەری ئەم چیرۆکە بەناو لەشی هەموو نەوە و وەچەکانیدا دەسووڕێتەوە، لە هەموو لایەکی سەر زەمیندا کە تێیدا دەبن. خوێنەکەیشی تێکەڵ بەخوێنی هەزار و یەک بەرەی سەیر سەیر دەبێ، کە بەهیچ کلۆجێک پیاو ناتوانێ سەری لێ دەربکات!.

***

جا لەناو ئەو کەسانەدا کە خوێنی (میستەر مۆریس) بەناو دەمارياندا هاتوچۆ دەکات، یەکێک هەبوو، دەژیا، زۆر لە باپیرە گەورەی خۆی دەکرد. سروشت و ڕەوشت و خووی لەوی دەکرد. ئەمیش وەک باپیرە گەورەی لەشێکی گۆشتن و باڵایەکی کورتەبنەی هەبوو، کە ئەو لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەژیا. ناویشی هەروەک ناوی ئەو بوو. بەڵام تۆزێک دەمی خۆی دەقووچاند. ناوەکەی بەم جۆرە لە دەم دەهاتە دەرەوە:

(مووریس)!... تەنانەت لە بزووتنەوەی دەموچاویشیدا هەر لەو دەچوو! ئەم هاوڕێیەیشمان وەک ئەو پیاوێکی دەوڵەمەند بوو. نە گوێی دەدایە دواڕۆژ نە خەمی چینی هەژارانیشی دەخوارد. بەڵام دیارە ڕۆژنامەی (تایمس)ی نەدەخوێندەوە. تەنانەت ئەوەیشی نەدەزانی کە ڕۆژنامەیەک بەو ناوەوە هەبووە.

چونکە پێش مردنی بەماوەیەکی زۆر، ڕۆژنامەکان لە ئارادا نەمان. ڕۆژگار لەناوی بردبوون. لە جیاتی ڕۆژنامە شتێک داهاتبوو، هەر کەسێ بیبووایە، تا بەیانیان جلەکانی خۆی دەگۆڕی، هەموو دەنگوباسێکی جیهانی لەو شتەوە گوێ لێ دەبوو(*) ئەو کەلوپەلەیش لە گەورە و بچووکی و شێوەدا هەر لە کاتژمێری سەر دیوار دەکات! لە ڕووی کەلوپەلەکەدا نیشانکاری بەکارەبا و، کاتژمێری بەکارەبا و، ڕۆژنامەی ڕۆژ ژماردن دامەزرێنراون. بێجگە لەوە یادهێنەرێکی دروستکراویشی تێدایە بۆ بیرخستنەوەی گفت و بەڵێن و پەیمان. لە شوێنی کاتژمێرەکەیشدا بۆڕیەکیان داناوە، لە کاتی پەیدابوونی

(*) هـ.ج. وێڵز، کە نووسەری ئەم چیرۆکەیە، لەپێش داهێنانی (ڕادیۆ)دا ئەم چیرۆکەی نووسیوە. هەندێ لە قسەکەی هاتۆتە دی. (ش. ف)

دەنگوباسدا وەک کەڵەشێر دەخوێنێ. کەلوپەلەکە لە دوای ئەو هۆشیارکردنەوەیە، هەر دەنگوباسێکی لا هەبێ، دەیڵێ. بەدەنگێکی ئاشکرا و ڕەوانەوە کە هەر لە دەنگی مرۆڤ دەکات دوا دەنگوباسی جیهان دەگێڕێتەوە کە لە شەوی پێشوودا قەوماوە.

هەروەها هاتوچۆی فڕۆکە گەورەکانیش دەگێڕێتەوە کە بەناو ناوچەکانی زەویدا دەسووڕێنەوە. ناوی ئەو خاوەن گەشتوگوزارانەیش دەخوێنێتەوە کە لە هەوارگە تەندروستییە ناوازەکانی سەربانەکەی خاکی (تیبەت)دا نیشتوونەتەوە. هەروەها بڕیارەکانی کۆمەڵە گەورەکانی بازرگانیش دەگێڕێتەوە کە لە دوا کۆبوونەوەیاندا داویانن. ئەمانە، هەمووی، لەو کاتەدا گوێ لێ دەبێ، کە خەریکی خۆگۆڕینە و، خۆ ئامادەکردنە بۆ چوونە دەرەوە! جا ئەگەر، (میستەر مووریس) نەیویست گوێ لەوانە بگرێ، دەتوانێ دەست بنێ بەگۆپکەیەکی بچووکدا، کەلوپەلی قسەکردنەکە تۆزێک دەلەرێتەوە. دوایی دەست دەکاتەوە بەقسەکردن لە بابەت کاروباری ترەوە!...

ئەوەندە هەیە، شێوەی خۆ ڕازاندنەوەی (میستەر مووریس) لە شێوەی خو ڕازاندنەوەی باپیرە گەورەکەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا جیاوازە.

کەسیش ئەوە نازانێ کامیان ئەوەی پێ ناخۆشە کە خۆی لە بەرگی ئەوی تردا ببینێ!. بەڵام ئەمە تەواو ڕاستە کە (مووریس) ئەوەی پێ خۆشترە کە بەڕووتییەوە بڕواتە دەرەوە، بێ جلوبەرگ، نەک وەکو باپیرە گەورەی بکات: بەتەپلەی ئاوریشم و چاکەتی ڕەشی فەرمانڕەوایانەوە و پانتۆڵی خۆڵەمێشی و کاتژمێری زنجیردارەوە خۆی بڕازێنێتەوە، تا لە شێوەی پیاوێکی بەڕێزدا خۆی دەربخات. بەڵام ڕیش تاشین بۆ نەوەی چاک ئاسان بووەوە. چونکە نەشتەرکارێکی هونەرمەند، هەر لە زووەوە هەرچی ڕەگوڕیشەی تووکەکانی ڕیشی هەیە لە بنج و بێخ دەری هێناوە!... هەرچی لنگەکانیشێتی سیپاڵێکی وەهای تێی پێچاون کە ڕەنگی گۆشت دەکات. ئەم سیپاڵەیش لە کەرەستەیەکی وەها دروست کراوە کە بەهۆی باکێشێکی تایبەتییەوە فووی پێدا کرا، دیمەنی ماسوولکە توندوتۆڵەکانی پیشان دەدات. بەبان ئەمەیشەوە بەرگێکی وەهای لە بەردایە، کە لە لاستیکی تەنکی ڕوون دروست کراوە.

پشتەکەی ئاوریشمی پێوەیە لە ڕەنگی لەشدا. ئەم جلوبەرگانەیش جێگای مەکینەی باگۆڕینیان گرتۆتەوە، کە لە ساردی و گەرمی و ئاڵۆزانی کوت و پڕی با لەشی دەپارێزن!. دوای ئەوە پاڵتۆیەکی یەخە نوشتاوە لەبەر دەکات کە ڕەنگی سوورە. سەریشی کە هیچ



تووکێکی پێوە نەهێڵراوەتەوە و، لە بنج و بێخیەوە دەرکێشراوە بەکڵاوێکی ڕەنگ سووری تەنک و بچووک دادەپۆشێ. کە بەبای (هایدرۆجین) فوو دراوە. زۆرتر لە پۆپنەی کەڵەشێر دەکات!.

جا هەر کاتێ لە ڕازاندنەوەی خۆی بووەوە و، جلوبەرگەکانی خۆی بەم ڕەنگە لەبەر کرد، دەچێتە دەرەوە و، ئامادەیش دەبێ بۆ بینینی کەسانی تر. چونکە دڵنیا دەبێ لە جوانی سەر و شێوەی خۆی.

ئەم (مووریس)ە پاشناوی (میستەر)ی پێوە نەبوو. چونکە پاشناو لە دەمێکەوە لەناودا نەمابوو. فەرمانەکەیشی ئەوە بوو، بووبووە فەرمانبەرێکی فەرمانڕەوایی لە «هاوبەشی (شرکە)یە گەورەکەی ئاوڕێژ و باوەشێن»دا. ئەم هاوبەشییە هەرچی چەرخێکی (با) هەبوو لەگەڵ ئاوڕێژەکانی جیهاندا هی ئەو بوو. هەرچی هێزی کارەبای هەموو جیهانیشە ئەو پێکی دەهێنا!.

(مووریس) لەناو میوانخانەیەکی گەورەدا دەژیا، کە کەوتبووە ناو گەڕەکی (ڕێگای حەوتەم)ەوە لە شاری (لەندەن)دا. لایەکی گەورەی پڕ سەرەوت و ئاسوودەیی لە میوانخانەکە داگیر کردبوو، لە نهۆمی بیست و حەوتەمدا. چونکە هەرچی خانووە بچکۆلەکان و ژیانی تەنیایی خێزان هەبوو، لەگەڵ پێشکەوتنی هۆی خۆشڕابواردندا لەناو جیهاندا، نەمابوو. بۆ ئەمەیش گەلێک هۆ لە ئارادابوو: یەکێک لەوانە ئەوەبوو کە نرخی کرێی خانوو و نرخی زەوی تا دەهات زۆرتری لێ دەهات. هەروەها چینی دەسوپێوەند لە ئارادا نەمابوو. شێوەی چێشت لێنانیش بەتەواوەتی گۆڕرا بوو.

جا لەبەر ئەم هۆیانە و گەلێک هۆی تریش یاسای خانووی بچکۆلە و جیاجیا کە لە سەدەکانی پێشوودا باو بوو، لە ئارادا نەما و نەیشدەگونجا بمێنێتەوە.

چونکە ئەو یاسا کۆنە وای لە مرۆڤ دەکرد کە لە تەنیایی و چۆڵەوانییەکی خراپدا بمێنێتەوە. جا کە (مووریس) ئامادە دەبوو بۆ چوونە دەرەوە، ڕووی دەکردە یەکێک لە دوو دەرگانەکەی لا خانووەکەی خۆی، کە هەردووکیان بەرامبەری یەکتر بوون. ئەو دوو دەرگایە، هەریەکەیان لەسەر شەقامێک دەکرایەوە، دەستی دەنا بەگۆپکەیەکدا، دەرگا دەکرایەوە. کە تەماشای دەکرد لە ڕاڕەوێکی پاندایە. لە بەشی ناوەڕاستیدا چەند تەختێکی دانیشتن دانراوە بەخۆی و ئەو کەسەوە کە لە سەری دانیشتووە، لە شێوەیەکی لەنگەرداردا دەبزووتەوە بەلای چەپدا. ڕاڕەوەکە هەمووەم کۆمەڵێک ژن و پیاوی تێدا

دەبینرا کە هەموویان جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی جوانیان لەبەردا بوو. جا ئەگەر یەکێکی لەناو ئەوانەدا بناسیایەوە سەری خۆی بۆ دەبزواند، بەڵام ورتەی لە دەمەوە نەدەهات. چونکە لەم سەردەمەدا باو وا بوو کە پێش ناشتاکردن کەس قسەکردنی بەکارێکی جوان نەدەزانی!... دوای ئەوە (مووریس) لەسەر تەختێکی نەگیراو دادەنیشت. زۆری پێ نەدەچوو، تەختەکەی دەگوێزرایەوە بۆ بەردەم دەرگای جێ سەرکەوتنێکی گەورە. کە دەیبردە خوارەوە بۆ ناو هۆڵێکی گەورەی ناوازە، کە لەوێدا لە شێوەیەکی مەکینەییدا بەرچایی دەدرایە!....

***

ژەمی نانی بەیانیانیش لەم سەردەمەدا، لە هی سەردەمەکانی پێشوو ناکات. چونکە پارچە نانە زلەکانی کە دەبێ بەڕۆنی گیانلەبەر چەور بکرێن لەپێش خواردنیاندا پارچە گۆشتی ئەو گیانلەبەرانەیش کە تازە کوژراون و دەبێ ببرژێنرێن، یاخود سوور بکرێنەوە لەناو ڕۆندا، هەروەها ئەو هێلکەیەیش کە بەزۆر لە بنی مریشکەکە دەهێنرێتە دەرەوە، کە وای لێ دەکات دەکەوێتە قیرەقیڕ لەناو ئازاری لەشی و دەست دەکات بەهاوار بەزمانی خۆی... ئەم خواردنانە هەموویان و ئەو خواردنانەیش کە لە دانگی ئەماندان، ئەوانەی کە لە سەردەمی (ڤیکتۆریا)دا باو بوون، دەیانخواردن، ئەمانە لەوانەن کە بەرەی پێگەیشتوو و پێشکەوتووی ئەم چەرخە بێزی لی بکەنەوە و لێی بتۆقێن کە بیخۆن. ئەمانەی ئێستا بەکولیچە و چەند جۆرە دۆشاوێک دەکەن کە لە دیمەندا ئەوە دەرناخەن ک لە چ جۆرە گیانلەبەرێکی کلۆڵ و بەسەزمان دەرهێنراون ئەم خواردەمەنییانەیش دەخرێنە سەر چەند دەفرێکی بچووک کە بەسەر لاسکە ئاسنێکدا دەخزێن. لاسکە ئاسنەکانیش لە سنووقێکی بچووکەوە دەکشێنە دەرەوە، کە لەسەر لایەکی خوانی نانخواردنەکە دانراوە. ڕووی ئەم خوانەیش بەجۆرێکی وا دروست کراوە. کەچی لە ڕاستیدا لە کانزایەکی تایبەتی دروست کراوە، کە چڵک ناگرێتە خۆی. لە دوای هەموو ژەمە نانخواردنێکیش لە هەناسەیەکدا دەشۆرێ!. جا لەناو ئەم هۆڵەدا بەسەدان خوانی وا بچووک بچووک هەیە کە بەتاکوتەرا و بەکۆمەڵ، نانخۆرەکان لەملا و لەولایەوە دادەنیشن. ئیتر هەر ئەوەندە (مووریس) چوو بەلای مێزێک لەو مێزانەوە کە زۆر بەجوانی ڕازێنرابوونەوە دەستەیەکی ساز و ئاوازی نەبینراو، کە لە پشوودانەدا بوو، دەستی کردەوە بەساز و ئاواز لێدان. پارچە ساز و ئاوازەکان زۆر خۆش بوون، پیاویان دەهێنایە جۆش. لەو ناوەدا دەنگیان دەدایەوە!. بەڵام (مووریس) نە بەتەنگ نانەکەیەوە بوو، نە بەتەنگ ساز و ئاوازەکەوە. هەر چاوی دەگێڕا



بەهۆڵەکەدا. هەروەک بۆ کەسێکی ناسراو بگەڕێ وا بوو. دوایی بەخۆشییەکەوە ڕاست بووەوە و، دەستی بۆ پیاوێک ڕاوەشاند کە لەوپەڕی هۆڵەکەوە بوو. کابراکە، پیاوێکی کەڵەگەتی گەنم ڕەنگ بوو. چاکەتێکی لەبەردا بوو، ڕەنگەکانی زەرد و سەوزی زەیتوونی بوو. کاتێ کە چاوی بە(مووریس) کەوت، وای هاتە پێش چاو، وشک و توندە. بەچاویدا دیاربوو تووڕە بووە، کە لەوەپێش وا نەبوو. دوایی (مووریس) دانیشت و بەمیوانەکەیشی گوت کە لە تەنیشتیەوە دابنیشێ. ئینجا پێی گوت: «ترسام نەیەیت!». هەرچەندە زۆر تێپەڕیبوو بەسەر سەردەمی (ڤیکتۆریا)دا، بەڵام زمانە ئینگلیزییەکەی (مووریس)، هێشتا هەروەک هی ئەو سەردەمە وا بوو. چونکە داهێنانی فۆتۆگرانی و کەلاّفەی دەنگ تۆمارکردن، کە وردە وردە جێگای نووسراو خوێندنەوەیان گرتبووەوە، هەر ئەوەندە کەڵکیان نەبوو کە چاوی مرۆڤیان دەپاراست لە کزی و کولی و داهاتن، کەڵکی ئەوەیشیان هەبوو کە گەشەکردن و گۆڕانیشیان لە زمانەکان و شێوەی زمانەکاندا وەستاند!...

کابرای خاوەن چاکەتی زەرد و سەوز وەرامی مووریسی دایەوە گوتی: «من بۆیەکا لە کاتی بەڵێنی هاتنەکەم ترازاوم، کارەساتێکی سەیر ڕووی دا: زرنگکارێکی بەناوبانگ هاواری لە دەست ماندوێتی و بڕستبڕان دەکرد، کە بەهۆی فەرمان زۆرکردنەوە تووشی ببوو!». دوای ئەوە میوانەکە سەیرێکی خواردەمەنییە هەمەڕەنگەکەی کرد و دەستی کردەوە بەقسەکردن، گوتی: «ئەمە چل ساڵی خشتە خەو نەچۆتە چاوم!». (مووریس)یش گوتی: «تا ئەم ئەندازەیە نەخەوتوویت؟. کەواتە کاروباری تۆ و پزیشکەکانی هاوڕێت کە نواندنی موگناتیسی بەکار دەهێنن لە برەودایە!» پزیشکەکەیش تۆزێک لە دۆشاوێکی ڕەنگ کارەبایی هەڵگرت و خواردی. ئینجا بەملکەچییەکەوە گوتی: «لە ڕاستیدا من زۆر نەخۆشم دێتە لا». (مووریس)یش گوتی: «مەگەر هەر خودا خۆی بزانێ، ئەگەر ئێوە نەبوونایە، چیمان دەکرد!».

پزیشکەکە چێژکەی دۆشاوەکەی، زۆر بەلاوە خۆش بوو. دوای ئەوە وەرامی دایەوە، گوتی: «نەء وا مەڵێ. ئێمە ئەوەندە گرنگ نین. جیهان ئەمە هەزاران ساڵانە، بەباشی بەڕێوەدەچێ و ئێمەیشی لەگەڵدا نەبووین. تەنانەت هەتا دووسەد ساڵیش لەمەوپێش پزیشکەکان ژمارەیان لە هەزاران تێپەڕی دەکرد، زۆربەیان دڵڕەق و بەسام بوون وەک گیانلەبەرانی دڕندە، هەریەکەیشیان بەچەشنی مەڕ لاسایی یەکتریان دەکردەوە. هەرچی پزیشکەکانی نەخۆشییەکانی هۆشیش بوون، هەموو دەسبڕ و چاووڕاوکەر بوون، فریان بەسەر ئەو پیشەیەوە نەبوو!».

پزیشکەکە چاوی بڕیبووە دۆشاوەکە. لەو کاتەدا (مووریس) گوتی: «بۆ چ کەسانی تر لە دەمی پێشوودا تێگەیشتوو بوون؟». پزیشکەکەیش سەری خۆی ڕاوەشاند و گوتی: «ئەودەمە کەس بەتەنگەوە نەبوو، ئەگەر کەمێک گەوج یاخود گرۆز بووبن. چونکە ئەوساکە ژیان ئاسان بوو. لە بەربەرەکانێ و پاڵەپەستۆ و تەنگ پێ هەڵچنینەوە دوور بوو. ئەوساکە دەبوو پیاو بەتەواوەتی هۆشی نەمایە، ئینجا کۆمەڵایەتی بیری لەوە دەکردەوە کە چارەی بکات. لەبەر ئەوە ئەوساکە هیچیان لە دەست نەدەهات ئەوە نەبێ کە بیخەنە بەندیخانەوە، واتا بیخەنە ئەو شوێنەوە کە پێیان دەگوت: (نەخۆشخانەی شێتان)».

(مووریس)یش قسەکەی پێ بڕی گوتی: «منیش ئەوە دەزانم. چونکە لە چیرۆکە مێژووییە دڵدارییەکاندا کە بۆمان دەگێڕنەوە، زۆر جاری وا هەیە پاڵەوانەکە خۆی دەکوتێ بۆ ئەوەی یارە خۆشەویستە جوانەکەی خۆی لە هەوارگەیەکی چاکبوونەوەی نەخۆشانی هۆشدا دەربهێنێ و ڕزگار بکات. یاخود کارێکی تری وەها جێبەجێ بکات. جا نازانم تۆ چۆنیت؟... ئایا گوێ لەم چیرۆکە پڕوپووچانە دەگریت؟».

– من پێی لێ دەنێم کە زۆر جار ئەو جۆرە چیرۆکانە دەخوێنمەوە. چونکە بەهۆی ئەوەوە خۆم و ئەرک و ئازاری خۆمم لەبیر دەچێتەوە. خۆیشم دەخەمە ئەو ڕۆژە پڕ لە جەربەزەییە دڵدارییانەوە کە لە سەدەی نۆزدەهەمی نیوە شارستانێتیدا دەقەومان و سەری پیاویان پێ سوڕ دەما!. منیش لە هەموو شتێک زۆرتر هۆگری ئەو جۆرە چیرۆکە خۆشە دڵکێشکەرانەم!. ئای ئەو چەرخە چەند دواکەوتوو بووە!... ڕێگا ئاسنینەکانی پیس و پۆخڵ بوون. ژوورەکانی ڕێبوارەکانی ئەو ڕێگا ئاسنینەیش دوکەڵیان بەرداوەتە ئاسمان.

خانووەکانی ئەو چەرخە پەست و بچووک بوون. گالیسکەکانی ئەو سەردەمەیش بەئەسپ ڕایانکێشاون!. وا دەردەکەوێ تۆ نووسراو ناخوێنیتەوە!...

– نەء. نایخوێنمەوە! چونکە من لە خوێندنگایەکی تازەدا پێگەیشتووم. ئەو جۆرە قسە پڕوپووچە کۆنانەی تێدا بەکار نەدەهێنرا. هەرچی خوێندەوارییەکم هەیە بەهۆی (فۆنۆگراف)ەوە فێر بووم!.

– دیارە وایە. ئەی تۆ ئەوە دەزانیت کە پیشەکەی ئێمە لەو ڕۆژانەدا موژدەی پاشەڕۆژێکی نایابی نەدەدا؟. بێجگە لەوە کەسیش بایەخی پێ نەدەدا؟.

خۆ ئەگەر بهاتایە یەکێک بەدانیشتوانی ئەو چەرخەی بگوتایە: کە لەپێش ئەمەی دوو سەد ساڵ تێپەڕ بکات، چینێکی وەها لەناو پیاواندا پەیدا دەبن، کە فەرمانەکەیان



بەتەنیا هەر ئەوە دەبێ کە هەندێ شت بخەنە مێشکمانەوە، تا بەهۆی ئەو سرووشەوە هەر بیروباوەڕێکی ناپەسندی تێدا بێ لێی دەربکەن. بێجگە لەوە بەسەر ئارەزووی بەد و زیانبەخشیشدا زاڵ بن و نیازی پیس و خراپیش لە دڵمان دەربهێنن.

هەروەها کاروباری تری وایش ڕاپەڕێنن. جا ئەگەر بهاتایە یەکێک بەو کەسانەی بگوتایە ئەم هەموو کارانە بەهۆی بەکارهێنانی (نواندنی موگناتیسی)یەوە پێک دێن کەسیان بەم قسانە باوەڕیان نەدەکرد!. لەناو هەموویاندا هەرچەند کەسێک پەیدا دەبوو، کە پەی بەوە ببەن کە لە توانایدا هەیە لە کاتی نواندنی موگناتیسیدا کار بکرێتە دڵ و هۆشی مرۆڤ و، نیازیش بخرێتە دڵیەوە کە هەندێ شت لە بیر خۆی بباتەوە، یاخود هەندێ شت ئارەزوو بکات، بەجۆرێکی وا کە لەپاش تەواوبوونی کاتی نوستن ئەو نیازانەی بچنە مێشکەوە و تێیدا بچەسپێن.

– کەواتە ئەوانە نواندنی موگناتیسییان زانیوە.

– بەڵێ زانیویانە. تەنانەت بۆ ئەوەیش بەکاریان هێناوە کە ئێش و ئازار لەبیر پیاو ببەنەوە، وەک لەکاتی ددان ژان کردندا!...

– بەبۆنەی لێدوانی چیرۆکە دڵدارییەکانەوە، حەز دەکەم ئاشکرای بکەم کە ئەوانە لەو بابەتەم نزیک دەخەنەوە کە ئەمەوێ گفتوگۆی لەسەر بکەم.

(مووریس)یش تاوێک بێدەنگ بوو، کەوتە بیرکردنەوەوە. هەناسەیەکی درێژیشی هەڵکێشا. لەو کاتەدا پزیشکەکە چاوی تێ بڕیبوو، لێی ورد دەبووەوە. دەستیشی کردەوە بەخواردنی پارچە میوەکانی ناو دۆشاوەکە، کە بەلایەوە زۆر خۆش بوو. دوای ئەوە (مووریس) گوتی:

– لە ڕاستیدا من کچێکم هەیە. خوێندەوارییەکی باشم فێرکردووە. وتارەکانی مامۆستا جیهانییەکانم داوە بەگوێیدا کە لەسەر قەوانەکان تۆمارکراون. کچەکەم فێری هونەر و، دانانی وێژەیی و، ڕاستیپەرستی و، شێوەی هەڵسان و دانیشتن و، هەڵپەڕکێ و، گەلێک شتی تریش بووە. منیش نیازم هەیە بیدەم بەشوو بەهاوڕێیەکی خۆم، کە لە پیاوە هەرە چاکەکانی ناو (هاوبەشی ڕووناکی)یە. ناوی (بەندون)ە.

– تەمەنی کچەکەت چەندە؟

– هەژدە ساڵە.

– ئەم تەمەنە مەترسی تێدایە. لە دوای ئەوە چی هەیە بیلێیت؟

– وا دەردەکەوێ ئەوەندە گوێی لەو چیرۆکە دڵدارییانە گرتووە، وازی لە وانەکانی خۆی هێناوە لە ڕاستی پەرستیدا. کەللەیشی پڕ بووە لەو ئەندێشە پڕوپووچانە کە لە بابەت شۆڕەسوارەکانی (میسر)ەوە گوتراوە، ئەوانەی کە خۆیان دەخستە ناو تەنگوچەڵەمەوە و بەشیر شەڕیان دەکرد. هەروەها لە بابەت ئەو (ئیسپانیا)نەوە کە لەگەڵ گادا زۆرانبازییان دەکرد. ئەمانە و ئەو هەموو جۆرە جەربەزەییانەی کە لەناو چیرۆکە مێژوویییەکانی و داستانە دڵدارییەکاندا هەن. ئەنجامی خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانەیش بەوە گەیشتووە کە کچە گەوجەکەم، هۆشی بەخۆی نەماوە و، کەوتووەتە سەر فاکوفیکی ئەوەی کە لە شێوەی دڵداریدا نەبێ شوو نەکات و، دەستی بنێ بەڕووی (بەندون)ی بەسەزمانی دڵچاکەوە!...

پزیشکە مرۆڤ نوێنەکەیش قسەکەی پێ بڕی و گوتی: «من گەلێک کارەساتی وەهام هاتووەتە بەردەم. ئەی لاوەکەی تر کێیە لە چیرۆکەکەدا؟».

(مووریس)یش خۆی خستە شێوەی باوکێکەوە کە لە کردەوەی کچەکەی شەرمەزار ببێ. بەدەنگێکی شەرمنانەوە کە پچڕپچڕ لە دەمی دەهاتە دەرەوە گوتی: «کەس نییە ئەو چاوگێڕ (مراقب)ە نەبێ کە لەو فرۆکەخانەیەدا فەرمان دەبینێ، کە فڕۆکەکانی پاریس دێن و لێی دەنیشنەوە. هەروەک دەڵێن لاوێکی هەژرەکارە و سەر و شێوەی جوانە و دڵ دەکێشێ. بەڵام ڕەوشت و خووی سەیرە و، کردەوەی نەبینراو و نەناسراوی لێ ڕوو دەدات بێجگە لەوە هۆگری چاولێکەرییەکی کۆنەپەرستانەیە. تۆ دەزانیت کە دەیشخوێنێتەوە و دەیشنووسێت؟... کچەکەشم لەوەوە فێری خوێندنەوە و نووسین بووە. جا لە جیاتی ئەوەی هەردووکیان وەک کوڕ و کچێکی ژیر و تێگەیشتوو بەتەلەفۆن قسە لەگەڵ یەکتردا بکەن، دەچن شتێک بۆ یەکتر دەنووسن کە نازانم ناوی چییە!... تۆ دەزانیت چی پێ دەڵێن؟»

– نامە؟

– نەء ... ئاخ!. هۆنراوە!...

کە ئەوەی لێ بیست مرۆڤنوێنەکە برۆکانی بەرز کردەوە و بەسەرسوڕمانێکەوە لێی پرسی: «کچەکەت چۆن ئەوی دۆزییەوە؟».

هاتبووە خوارەوە لە فڕۆکەکە، کوڕەکە یارمەتی دابوو. بەم ڕەنگە کەوتبووە ناو باوەشیەوە و، هەموو شتێک تەواو ببوو!...

– دوای ئەوە چی هەیە؟

– هەمووی هەر ئەمەندەیە. بەڵام دەبێ ئەو کوڕە لە ئەندازەی خۆیدا بوەستێنرێ. منیش



لەبەر ئەوە بانگم کردوویتە ئێرە، کە پرست پێ بکەم!... بەلای تۆوە چی بکەم باشە؟... چی دەتوانم بکەم؟ خۆ دیارە کە من بەهۆی هێزی موگناتیسییەوە کەسم بۆ نانوێنرێ. لەم بابەتەوە هیچی وا نازانم. بەڵام تۆ؟

پزیشکەکەیش هەردوو دەستی خستە سەر خوانەکە و پێی گوت:

– مرۆڤ نواندن، هەر چۆنێک بێ، جادووگەری نییە.

– من دەزانم وایە. بەڵام تۆ دەتوانیت...

– هیچ کەسێ، بەخۆشی خۆی نەبێ، نواندنی موگناتیسی لەگەڵدا بەکار ناهێنرێ. جا ئەگەر کچەکەت توانیبێتی خۆی بگرێ و شوو نەکات بە(بەندون)، زۆرتر بیر بەلای ئەوەدا دەچێ کە ناهێڵێ نواندنی موگناتیسی لەگەڵدا بەکار بهێنرێ. ئەگەر بەهۆی مام ناوەندێتی کەسێکی تریشەوە بێ، هەر جارێکیش بنوێنرێ، ئیتر کاری ئێمە ئاسان دەبێ!...

– تۆ دەتوانیت ئەوە بکەیت.

– ئەی دیارە ئەوە دەتوانم بکەم!. جا هەر کاتێ توانیمان بینوێنین و فێری گوێدێری و ملکەچی بکەین، ئەوەیشمان پێ دەکرێ کە نیاز بخەینە دڵیەوە بۆ ئەمەی شوو بەم (بەندون)ە بکات.

ئێمە ئەوساکە وای پێ دەڵێین: ئەم پیاوە جووتی ئەوە. لاوەکەی تر ئێسکی قورسە، گوزەرانی لەگەڵدا ناکرێ. جا هەر کاتێ لەپاش ئەوە کچەکە کوڕەکەی تری بینی، بێزی لێ دەکاتەوە و، خۆی لێ دوور دەخاتەوە. ئەمانە و لەم جۆرە بابەتانەی بەگوێدا دەدەین. خۆ ئەگەر بشتوانین کچەکە بخەینە خەوێکی تەواو و قووڵەوە، ئەوساکە دەتوانین نیازی وا بخەینە دڵیەوە کە ئەو لاوەی بەتەواوەتی لەبیر بچێتەوە!.

– ئەمە گەلێک باشترە!.

– بەڵام هەروەکو گوتم گیروگرفتەکە لەمەدایە کە چۆن دەتوانین کچەکە بنوێنین؟... تۆ نابێ لەم بابەتەوە هیچ شتێکی لا ئاشکرا بکەیت. نایشبێ هانەی بدەینە سەر نواندن. چونکە لەوانەیە لە مەبەست تێ بگات و سەرکێشیمان لەگەڵدا بکات.

مرۆڤ نوێنەکە سەری خستە سەر لەپی دەستی خۆی و دەستی کرد بەبیرکردنەوەیەکی تەواو. (مووریس)یش بەقینێکەوە پێی گوت: «بەڕاستی ئەمە زۆر ناخۆش و نارەوایە، کە پیاو ئەوەی لە دەست نەیێ، چارەنووسی کچەکەی خۆی دیاری بکات!».

– ناوونیشانی کچەکەم بدەرێ. هەر زانیارییەکیشت لەم بابەتەوە لە لا هەیە پێم بڵێ.

بەم بۆنەیەوە لێت دەپرسم: ئایا لەم کەینەوبەینەیەدا سامان دەستی تێدا هەیە؟

(مووریس)یش تاوێک داما چی بڵێ. دوایی گوتی: «لە ڕاستیدا هەندێ پارە لە ئارادا هەیە. پارەکەیش زۆرە. ئەم پارەیە بە(هاوبەشی تەختکردنی ڕێگا)دا بەکارهێنراوە. ئەم پارەیەی لە دایکیەوە بۆ بەجێ ماوە. ئەمەیش کەینەوبەینەکە گرانتر لێ دەکات!».

– تەواوە.

ئیتر پزیشکەکە دەستی کردەوە بەپرسین و لێکۆڵینەوەی خۆی لە بابەت ئەم کەینەوبەینەیەوە، تا هەر زانیارییەکی پێویست بێ لە باوکی کچەکەوە دەستی بکەوێ... ئیتر گفتوگۆی هەردووکیان درێژەی سەند.

### ٣

هەر لەو کاتەدا (ئەلیزابێث مووریس) لە شوێنێکی بێدەنگ و سەنگی فڕۆکەخانەکەدا دانیشتبوو، لە خوار ئەو جێی نیشتنەوە گەورەیەوە کە فڕۆکەکانی پایتەختی فەڕەنسە دەهاتنە ئەوێ و دەنیشتنەوە.

لە تەنیشتیشیەوە ئەو لاوە بەژنوباڵا ڕێکوپێک و جلوبەرگ ڕازاوەیە دانیشتبوو، کە بەدڵ حەزی لێ دەکرد. لاوەکە ئەو چامە (قصیدة)یەی بۆ دەخوێندەوە کە ئەو بەیانییە لەکاتی فەرمانکردندا بەسەر ئەویدا هەڵدابوو. کاتێ کە لە خوێندنەوەی چامەکە بووەوە، هەردووکیان تاوێک بێدەنگ بوون. لەپاشدا فڕۆکەیەکی زۆر گەورە و زەلام لە ئەمریکاوە هات، وەک تیژکەی تفەنگ ئاسمانی دەبڕی. لە سەرەوە بەتەوژم هاتە خوارەوە بۆ سەر تەختایی فڕۆکەخانەکە، بنیشێتەوە! فڕۆکە لە سەرەتادا وەک خاڵێکی بچووکی دیار بوو، لە ڕووی ئاسماندا دەردەکەوت. کەوتبووە ناوچە پەڵە هەورەکانەوە. دوای ئەوە وردە وردە گەورە بوو، پەڵە سپییەکەی ناو پەڵە شینەکەی فراوان بوو.

تا دەهات گەورەتری لێ دەهات، سپیتریش دەبوو. دەتوانرا باڵەکانی کەلەشی فڕۆکەکە جوێ بووبوونەوە بەتەواوەتی ببینرێن. درێژیی هەریەکەیان چەند سەد پێیەک دەبوو. لەشەکەی ناوەڕاستی فڕۆکەکەیش ئەو باڵانە هەڵیان گرتبوو. دوایی ڕیزە تەختەکانی گەشتکەرەکان دەرکەوتن.

ئەم تەختانە دەجووڵانەوە. بەتەنشت یەکیشەوە نووسابوون. فڕۆکەکە هەرچەندە دەنیشتەوە، بەڵام ئەو دووانە وایان دەهاتە پێش چاو کە بەرز دەبێتەوە. دوای ئەوە سێبەری فڕۆکەکە دای لە سەربانی ساختمانە بەرزەکان. دەنگی مەکینەکانی و ڤڕەڤڕی



فڕۆکەکە لەناو چینە نزیکەکانی بایەکەدا دەبیستران. دوایی فڕۆکەکە لەسەر زەوییەک نیشتەوە و دەنگی نەما. (ئەلیزابێث)یش بۆ جاری دووەم توانی چاوە جوانەکانی خۆی بخشێنێ بەو لاوەدا کە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو. دەمی بێدەنگی تەواوبوو. (دەنتون) دەستی کرد بەئاواتەخوازی بۆ ئەو ڕۆژە نزیکەی کە هەردووکیان لە دەست هەموو تەنگوچەڵەمە و گیروگرفتێک دەرباز دەبن و بەفڕۆکەیەک دەفڕن بۆ شارێک لە شارە بەر ڕۆژەکانی (ژاپۆنیا)، کە لەوێدا تێر لە سەربەستی و ئازادی و خۆشڕابواردن بخۆن. کچەکە ئەو ئاواتەی لا خۆش بوو.

بەڵام لە بازدان دەترسا. بێدەنگی کرد و گوتی: «بەڵێ خۆشەویستەکەم ڕۆژێکی وامان بۆ هەڵدەکەوێ. ڕۆژێکی وامان دەستگیر دەبێ!».

فیک و هووڕی فیکفیکەکانی فڕۆکەخانەکە، لەو خەو و ئەندێشەیەی کردن. چونکە نیشانەی ئەوە بوو کە فەرمانبەرەکانی فڕۆکەخانەکە کاتی فەرمانکردنیان هاتووە. پێویستە دەست بکەن بەفەرمان. کچ و کوڕەکە، لە یەکتری جیابوونەوە.

ئەوانیش هەر لەو دڵدارانەیان دەکرد، کە هەزاران ساڵ لەوەپێش لە یەکتری جیا دەبوونەوە. کچەکە چووە سەر شوێنی سەرخستن، لەوێوە نیشتەوە بۆ خوارێ، لە یەکێک لە شەقامەکانی (لەندەن) داگیرسایەوە. ئەم شەقامە لە شەقامە تازەکانی شاری (لەندەن) بوو. هی ئەو سەردەمە بوو کە لێی دەدوێین. شەقامەکانی هەموویان سەریان بەشووشە گیراوە. هەر کەسێ بەناویدا بڕوات لە ساردی و گەرمی و باو و باران ڕزگاری دەبێ. پێبازەکانی شەقامەکان دەجووڵێن. بۆ هەموو کووچەیەکی شارەکە دەچن. جا لەسەر یەکێک لەم پێبازانەوە (ئەلیزابێث) گەڕایەوە ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژی لە میوانخانەی ئافرەتاندا. ئەمیش ئەو شوێنەیە کە بەهۆی تەلەفۆنەوە دەگات بە وتاربێژە هەرە گەورەکانی جیهان، کە لەوانەوە کچەکە زانست و خوێندەواری فێر دەبێ. هەرچەندە وتارەکانی ئەو مامۆستا جیهانییە گەورانە پڕبوون لە زانست و تێگەیشتوویی، بەڵام لەو کاتەدا بەلای کچەکەوە بەگەوجی و قسەی پڕوپووچ دادەنران. چونکە تیشکی ئەو ڕۆژەی لە فڕۆکەخانەکەوە دەگەیشتە ناو دڵی، دڵی بەجۆرێکی وا ڕۆشن دەکردەوە، کە هەموو شتێکی تری لەبیر دەبردەوە، دڵدارییەکەی خۆی نەبێ!... (ئەلیزابێث) کاتەکانی نیوەڕۆی لە وەرزشخانەدا ڕابوارد. نانی چێشتەنگاویشی لەگەڵ دوو دەستە کچی هاوڕێی خۆی و چاوگێڕە ئافرەتەکە خوارد. چونکە ئەودەمە هێشتا ئەوە باو بوو کە کچانی چینی

دەوڵەمەندان، ئەوانەی دایکیان مردبێ، چاوگێڕێکی ئافرەتیان بەسەرەوە دادەنان، ئاگای لە پەروەردەکردن و کردەوە و ڕەوشتیان دەبوو، سەرپەرشتی پێگەیاندنی دەکردن. هەر لەو ڕۆژەدا ژنە چاوگێڕەکەی چوو بەپیر میوانێکەوە، کە چاکەتێکی ڕەنگ زەرد و سەوزی لەبەردابوو. ڕەنگی دەموچاوی سپی بوو. چاوەکانی تیژبوون. میوانەکە یەکێک لە قسەکانی ئەوەبوو،کە چیرۆکێکی تازەی نایابی خوێندبووەوە کە لەم دواییەدا یەکێک لە چیرۆکنووسە هەرە گەورە و خۆشەویستەکان نووسیبووی. چیرۆکەکە لە سەردەمی شاژن (ڤیکتۆریا) دوابوو. خاوەن چیرۆکەکەیش وەک چیرۆکنووسەکانی کۆن ناوونیشانی بەشەکانی چیرۆکەکەی هەڵبژاردبوو. هەر ناوونیشانەیش بریتی بوو لە واژەیەکی درێژ، کە خوێنەری چیرۆکەکە پوختەی کارەساتی ئەو بەشەی لێوە تێدەگەیشت!. دوای ئەوەی میوانەکە لە پێداهەڵدانی ئەم داهێنراوە بووەوە، هاتەسەر ئەوەی کە چیرۆکەکە ئەو سەردەمەی بیر دەخاتەوە، کە پڕبووە لە کۆنەپەرستی و تەنگی و پشێوی. ئەودەمە وا بووە کە مرۆڤ و گیانلەبەر شان بەشانی یەکتر ڕۆیشتوون، بەناو شەقامی پیس و پۆخڵدا. لە هەر پێچوپەنایەکی کۆڵانەکانیشدا، مەرگ بۆ مرۆڤ ئامادە بووە. کە لەوە بووەوە دەستی کردەوە بەقسەکردن، گوتی: «بەڵام لەو سەردەمەدا، ژیان خۆش بووە. پڕ بووە لە کارەساتی سەیر و کوتوپڕ و ناکاو، کە بەهۆی ئەوانەوە ژیانەکە چووەتە دڵەوە و، مرۆڤیش لە دەست وەڕسبوون و تەنیایی ڕزگاری بووە. گەلێک شوێنی وا هەبووە لەسەر زەویدا، کە کەس هێشتا نەیدۆزیبوەتەوە هیچ مرۆڤێکی پێشکەوتوو نەچۆتە ناوی. بەڵام ئێستاکە کەرەستەی سەرسوڕمان و بابەتی کوتوپڕ و ناکاومان لە ژیانی خۆماندا نەهێشتۆتەوە. جا لەبەر ئەوە ژیانەکەمان خۆشی تێدا نەماوە. بووە بەشتێکی ئاسایی و ناساز، کە پیاو لێی وەڕس دەبێ. جێی ئازایەتی و بەرگەگرتن و ئارام و خوداناسی و چاکە بەرز و پیرۆزەکانی تری تێدا نەماوە. ئەوانە ئەوەندەی نەماوە کە لەناو ڕەگەزی مرۆڤایەتی دەربچن. بەم ڕەنگە قسەکانی پیاوەکە سەرنجی کچەکانی بۆ خۆی ڕاکێشا.

لە گفتوگۆکەیدا گەلێک گوێزایەوە، لەم بابەتەوە بۆ ئەو بابەت، تا دوایی گەیشتە سەر ئەوەی کە توانج و پلار لەو ژینە سارد و سڕە بگرێت کە تێیدا دەژین لە (لەندەن)ی تازەدا. گوتی: «ئەم ژیانە ژیانێکی پان و فراوانە و پڕ گیروگرفتە. گەلێک گەشتی ئاسانی تێدا دەکرێ بۆ ئەمپەڕ و ئەوپەڕی جیهان، کە ئەمانە لە چاو گەشتەکانی باووباپیریاندا، کە پڕ بوون لە جەربەزەیی و خۆش ڕابواردن، بەگەشتێکی هەناسەساردی و پڕ لە وەڕسبوون دادەنرێن!.



لە سەرەتادا (ئەلیزابێث) لە گفتوگۆکەدا هاوبەش نەبوو. بەڵام لەپاش تاوێک گفتوگۆکەی ئەوەندە پێ خۆش بوو، لە شێوەیەکی شەرمنانەدا چەند جارێک قسەی هاوێشت. بەڵام پیاوەکە ئەوەندە بەتەنگ ئەوەوە نەبوو.

دەستی کردەوە بەقسەکردنەکەی خۆی، ڕێگایەکی تازەی پیشان دەدا بۆ خۆشڕابواردن. ئەویش شێوەی نواندنی موگناتیسی بوو. دوای ئەوە لە شێوەیەکی هونەرمەندانەدا نیاز بخرێتە دڵیانەوە، بەجۆرێکی وەها کە هەست بەخۆیان بکەن، لە ڕاستیدا لەو چەرخە کۆنانەدا دەژین. چێژکەی خۆشیی جەربەزەییەکی دڵدارییانەی شیرینیش بکەن لەو جەربەزەیییە خۆشانەی کۆن، هەروەک لە ڕاستیدا ئەو چێژکەیە بکەن وا بێ، کاتێ کە لەو خەوە موگناتیسییەیش خەبەربوونەوە، جەربەزەییەکانی خۆیان بەجۆرێکی وا بیر دەکەوێتەوە، هەروەک بەڕاستی ڕوویان دابێ وا دەبن!.

کچەکان بەسەرچڵییەکەوە سەیری دەمی پزیشکەکەیان دەکرد. ئەویش دەستی کردەوە بەقسەکردن گوتی: «ئەمە ئامانجمان بوو، ساڵێک بوو، تێدەکۆشاین پێی بگەین. هەر لە خەوێکی دەستکرد دەکات!.... باش بوو دوایی بەو ئامانجەمان گەیشتین. ئاواتەکەی خۆمان هێنایە دی!... ئێوە لە توانایيتاندا هەیە ئاسۆکانی ئەم دۆزینەوەیە بهێننە پێش چاوی خۆتان. بەهۆی ئەم دۆزینەوەیەوە شارەزاییمان زۆرتر دەبێ. پەنایەکیشمان دەست دەکەوێ بۆ سرەوتی گیان و ئارامی دڵمان. لە کاتێکدا کە دەکەوینەوە تەنگانەوە بەدەست ئەم ژیانە پەستەوە کە تێیدا دەژین، ئەم ژینە ناپەسندەی کە لەسەر بنچینەی بەربەرەکانێیەکی دڵڕەقانە دامەزراوە، دەتوانین پەنابەرینە بەر ئەم نواندنی موگناتیسییە!».

کچە چاوگێڕەکەیش بەپەرۆشێکەوە قسەکەی پێ بڕی و گوتی: «ئایا تۆ ئەوەت لە دەست دێ؟». پزیشکەکەیش بەباوەڕ بەخۆکردنێکەوە پێی گوت: «بێگومان دەتوانم ئەوە بکەم. چ جۆرە خەوێکت دەوێ پێم بڵێ بۆتی جێبەجێ دەکەم!».

کچە چاوگێڕەکەی نواند و ئەو خەوەی پێی دی کە خۆی داوای کرد. کاتێ کچەکە خەبەری بووەوە، ئەو خەوی کە پێی گوتبوو، بەناوازییەوە دیبووی. کچەکانی تریش ئەویان بەو خۆشییەوە کە لە خەوەکەیدا دیبووی، کەوتنە سەر ئارەزووی ئەوەی کە ئەوانیش خۆیان بخەنە ژێردەستی پزیشکەکەوە بیان نوێنێ! هەردووکیان لە ڕابردوویەکی خۆشدا نوقوم بوون. بەم ڕەنگە کەس لە (ئەلیزابێث) داوای نەکرد خۆی بخاتە ژێر دەستی پزیشکەکەوە

بینوێنێ (ئەلیزابێث) خۆی لە خۆیەوە داوای نواندنی خۆی لە پزیشکەکە کرد. دەمودەست کەوتە ناو جیهانی خەوەوە، کە لەوێدا نوستوو هیچی بەدەست نییە، هەموو شتێک بەدەست مرۆڤ نوێنەکەوەیە.

ئا بەم ڕەنگە داونانەوەکە سەری گرت! ئەو ڕێوشوێنەیش کە پزیشکەکە و باوکی کچەکە پێکەوە دایاننابوو سەری گرت. دەربارەی (دەنتون)ی خۆشەویستی بیری گۆڕا. دڵی چوو بەلای شووکردندا بە(بەندون) واتا ئەو زاوایەی کە باوکی بۆی هەڵبژاردبوو!...

٤

ڕۆژێکیان (دەنتون) چوو بۆ ئەو کووچە بێدەنگەی کە هەموو جارێک (ئەلیزابێث)ی لەوێدا دەدی. لە کاتی خۆیدا نەهات!... دڵی شکا!... هەندێکیش پێی تووڕە بوو. ڕۆژی دواییش هەر نەهات! ڕۆژی پاشتریش هەر نەهات!... (دەنتون) دڵی داخورپا. کەوتە خەموخەفەتەوە بۆ دەزگیرانەکەی!. جا بۆ ئەمەی ئەو ترسە لە دڵی خۆی دەربکات، دانیشت و دەستی کرد بەچامەدانانی دڵداری، تا لە کاتی بینینیدا بۆی بخوێنێتەوە!...

بەم ڕەنگە (دەنتون) تا سێ ڕۆژی خشتیش بەرەنگاریی خەموخەفەتی دەکرد، ئەم هۆیە دەستکردانەی بەکار دەهێنا!. دوایی ئەو ڕاستییە سامناکەی بۆ دەرکەوت، کە بەهیچ کلۆجێ بۆی بەرپەرچ نەدەدرایەوە. کچەکە ڕەنگە نەخۆشبێ. دووریش نییە مردبێ. بەڵام هەرگیز بەوە بڕوای نەدەکرد کە ناپاکی لەگەڵ کردبێ!... تا هەفتەیەکی تریش لاوەکە لەو هەناسەساردی و دەردی سەرییەدا مایەوە. تا دەهات دڵی تەنگتر دەبوو. تا دەهات هەستی بەکلۆڵی خۆی دەکرد. دوایی پێی لێ نا کە کچەکە تەنیا شتێک بوو لە جیهاندا کە دەیهێنا لە پێناویدا بژی. جا لەبەر ئەوە پێویستە بگەڕێ و بیدۆزێتەوە و، خۆی بۆ ئەم مەبەسە ماندوو بکات!...

چەند هۆیەکی بچووک و ساکاری بەدەستەوە بوو. دەیتوانی بەکاریان بهێنێ لەکاتی گەڕان بەشوێن کچەکەدا. وازی لە فەرمانەکەی خۆی هێنا و فرۆکەخانەکەی بەجێ هێشت. دەستی کرد بەگەڕان بەناو کۆڵاندا، بۆ کچەکە دەگەڕا، کە بەلای خۆیەوە هەموو جیهانی دەهێنا! ئەو نەیدەزانی کچەکە لە کوێ دەژی.

هیچی وایشی نەدەزانی لە بابەت شێوەی ژیان و کەسوکار و ناوونیشانیەوە تا بەهۆی ئەوانەوە کچەکە بدۆزێتەوە. کچەکە، بەلای هۆشی بچووکی لە خۆیابیبووی خۆیەوەدا بوو، کە خۆشی لەوەدایە هیچ ناوونیشانێکی خۆی بۆ کوڕەکە ئاشکرا نەکات، نەوەک تێ بگات



لەوەی کە جیاوازییەکی تەواوی کۆمەڵایەتی هەیە لەناوەند خۆی و ئەودا!... ڕێگاکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و سەروو و خوارووی شارە گەورەکەی (لەندەن)ی هاتە پێش چاو. شاری لەندەن لە سەردەمی ڤیکتۆریایشدا کە سەرژمارەی دانیشتوەکانی لە چوار ملیۆن کەس تێپەڕی نەدەکردن، هەر وا بوو، ئەمەندە گەورە و فراوان بوو، پیاو لەناویدا ون دەبوو!... کەواتە لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەبێ چۆن بێ، کە سەرژمارەی دانیشتوەکانی دەگاتە سی ملیۆن کەس؟! بەم ڕەنگە دەگەڕا بەناو شەقام و ڕێگاکاندا، نەیدەزانی ڕوو بکاتە کوێ. چست و چالاکییەکی زۆری دەنواند لە گەڕاندا.

بەشەو و بەڕۆژ دەهات و دەچوو. دەستی نەدەپەرژا بخوات، یاخود بنوێت!. (دەنتون) چەند هەفتە و چەند مانگێکی بەم جۆرە ژیانەوە ڕابوارد.

نە خەوی مابوو، نە خۆراک. ئەرک و ئازارێکی زۆری تووش بووبوو بێجگە لەوە ئەمەندە هەناسەساردی و تووڕەیی تووش هاتبوو، ئەمەندە گرفتاری بینینی کچەکە ببوو، ئەمەندە تاسە و تەزووی هاتبووە جۆش، لە پەلوپۆ کەوتبوو!. تەنانەت لەپاش ئەوەیش کە هەموو هیوایەکی لێ بڕابوو بۆ دۆزینەوەی یارەکەی، هەر دەهات و دەچوو، تەماشای هەموو دەموچاوێکی دەکرد، سەیری هەموو بەژن و باڵایەکی دەکرد، لە هەموو شەقام و کۆڵان و ڕاڕەو و شوێنی سەرکەوتن و چایخانەیەکدا چاوی دەگێڕا بەناو ئەم شارە چڕوپڕەدا بەڵکو خودایە یارەکەی بدۆزێتەوە!.

***

دوایی ڕێکەوت بەزەیی پێدا هاتەوە: کچەکە دی! وا ڕێکەوت ئەو ڕۆژە جەژن بوو. ئەویش برسی بوو. باجی چوونە ناوەوەی دا بەیەکێک لە چێشتخانە گەورەکانی شارەکە. بەناو خوانەکاندا تێپەڕی کرد. لێی ببوو بەخوو سەیری هەموو کەسێکی دەکرد. لەپڕ لە جێی خۆی وەستا. وەک قاچی لە جێ چووبێ وا بوو. چاوەکانی گەشانەوە. لێوەکانی کرانەوە!. (ئەلیزابێث)ی دی چەند گەزێک لەولاوە دانیشتبوو. کچەکەیش چاوی بڕیبووە ئەو شوێنەی کە کوڕەکە لێی دانیشتبوو. بەڵام چاوەکانی سارد و سڕبوون، هیچ ترووسکەیەکی خۆشەویستی و ئاشنایەتییان تێدا دیار نەبوو. هەروەک کوڕەکەی نەناسیبێتەوە وا بوو. چاوەکانی کچەکە وەک چاوەکانی پەیکەرێک وا بوون!.

لەپاش ئەمەی تاوێک سەیری (دەنتون)ی کرد، چاوی گوێزایەوە بۆ بینینی ئەوانەی لەپشت ئەوەوە بوون!... ئەو ئەگەر هەر سەیری چاوەکانی کچەکەی بکردایە، گومانی تێ

دەبرد کە (ئەلیزابێث) بێ. بەڵام جووڵەکانی دەستەکانیشی ناسییەوە. ئەو کۆمەڵە قژە بچووکەیشی ناسییەوە کە لار دەبووەوە بەلای گوێیدا، لە کاتی سەر بزواندنەکانیدا. بێجگە لەوە لە شوێنەکانی تری لەشی و دەموچاویشی ورد بووەوە، کە هەمووەدەم لەو شوێنە بێدەنگەی فرۆکەخانەکەدا دڵی خۆی پێ دەگەشاندەوە! یەکێک لەوانەی لەگەڵ کچەکەدا دانیشتبوون قسەیەکی کرد. کچەکە ڕووی وەرگێڕا بۆ پیاوێک کە لە تەنیشتەوە دانیشتبوو. زەردەخەنەیەکی بۆ کرد. پیاوەکە لە لەشدا بچووک بوو. جلوبەرگەکانیشی ئەمەندە پڕوپووچ بوون پیاویان دەهێنایە پێکەنین. کابرا هەر لە مارێکی دەکرد کە شاخەکانی ئاوسابن. ئەو پیاوە (بەندون) بوو. ئەو زاوایە بوو کە باوکی بۆ کچەکەی خۆی هەڵبژاردبوو. (دەنتون) تاوێک لە جێی خۆی وەستا. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. ئەوەندەی نەمابوو بەچاو کچەکە و هاوڕێکەی بخوات. دوای ئەو بڕستی بڕا و لەسەر تەختێکی لای خوانەکە دانیشت. پشتی کردە کچەکەی یاری. بەم ڕەنگە ماوەیەک مایەوە، نەیدەوێرا جارێکی تر تەماشای کچەکە بکاتەوە. بەڵام کە ئاوڕی لێ دانەوە، کچەکە و مێردەکەی و باوکەکەی و دایەنی کچەکە هەموویان هەستابوونە سەر پێ، خەریک بوون بچنە دەرەوە!. (دەنتون)ی بەسەزمان لە جێی خۆیدا مایەوە. هەروەک دەست و پێی بەسترابێتەوە وا بوو. بەڵام کە ئەو چوار کەسە کەمێک دوورکەوتنەوە و، لە دوورەوە لەشیان بچووک دەردەکەوت، هەڵسایە سەر پێی هیچی تری لە مێشکدا جێگیر نەببوو ئەوە نەبێ کە دوایان بکەوێ!... لەو ماوەیەدا تاوێکی بەسەر داهات، ترسا لەوەی پێ شوێنیانی ون کردبێ.

بەڵام زۆری پێ نەچوو (ئەلیزابێث) و دایەنەکەی دۆزییەوە. چووبوونە ناو شەقامێکی واوە کە ڕێبازی بزێوی هەبوو و، بەناو هەموو شارەکەدا دەڕۆیشت. بەڵام (بەندون) و (مووریس) شوێنیان ون بوو.

لاوەکە خۆی پێ نەگیرا. پڕ بەدڵ دەیویست یان دەمودەست کچەکە بدوێنێ یاخود خۆی بدات بەکوشت!. خۆی کوتایە ئەو شوێنەی کە هەر کچەکە و دایەنەکەی لێی دانیشتبوون. ئەویش بەتەنشت ئەوانەوە دانیشت!. دەموچاوە زەرد هەڵگەڕاوەکەی (دەنتون) پڕ بوو لە هەست و نیازی شێتانە.

دەستێکی برد بۆ مەچەکی کچەکە و گرتی و بانگی کرد: (ئەلیزابێث)!... کچەکەیش ئاوڕی لێ دایەوە و بەسەرسوڕمانێکی ئاشکراوە سەیری کرد.



بەڵام لە دەموچاویدا هەر ئەوەندە دیاربوو کە تووشی کابرایەکی نەناسراو هاتووە و لێی دەسڵەمێتەوە! جارێکی تریش بەدەنگێکی واوە قیژاندی بەسەر کچەکەدا، کە خۆی دەنگەکەی خۆی بەلاوە نەناسراوبوو: (ئەلیزابێث)!... دڵدارەکەم تۆ نامناسیتەوە؟ بەڵام لە ڕووی ئەلیزابیث)دا هیچ دەرنەکەوت ترس و بێ سرەوتی و پەشێواوی نەبێ. لەشی خۆیشی لە لاوەکە دوور خستەوە! دایەنەکە خۆی هێنایە پێشەوە تا ئەگەر بەپێویستی زانی دەستی لێ بخاتە کار!. ئەویش ئافرەتێکی بچکۆلە بوو. سەری سپی ببوو.

دەموچاوی هەستی ناو دڵی دەردەبڕی. بەهەردوو چاوە گەشە بریسکەدارە تیژەکانی لە (دەنتون) ورد دەبووەوە. لێی پرسی: «دەڵێی چی؟» ئەویش گوتی: «ئەم کچە دەمناسێ!»... ئەویش ڕووی کردە (ئەلیزابێث) و لێی پرسی: «تۆ ئەم کوڕە دەناسیت؟»... کچەکە گوتی: «نە ء!».

(ئەلیزابێث) دەستی کرد بەدووبارەکردنەوەی ئەم وەرامە: بەڵام بەدەنگێکی سەیرەوە. دەستی خستبووە سەر ناوچەوانی خۆی. هەر وەک یەکێکی تر وانای پێ گوتبێ و دووبارەی بکاتەوە دەیگوت: «نە ء... من نایناسم. من لەوە دڵنیام کە من نایناسم!».

– بەڵام... بەڵام... چۆن نامناسیتەوە؟... من دەنتونم. ئەو دەنتونەم کە هەموو جارێک دەتبینی. جێ نیشتنەوەی فرۆکەکانت لەبیر چۆتەوە؟ ئەو تەختە بچکۆلەیەت لەبیر چۆتەوە کە لەناو بای بەرەڵلا و پاک و خاوێندا لەسەری دادەنیشتین؟. چامەکانی منت لەبیر چۆتەوە کە بۆم دەخوێنیتەوە؟. (ئەلیزابێث)یش قیژاندی گوتی: «نە ء... نە ء... من نایناسم... من نایناسم... شتێک هەیە... بەڵام... نازانم چییە. هەرچی دەزانم ئەوەیە کە نایناسم!».

دەموچاوی کچەکە تەواو ژاکابوو. سەرسوڕمانێکی ناخۆشیشی پێوە دیاربوو.

دایەنەکەیش چاوێکی خشاند بەو و بەکوڕەکەدا. ئەویش لەم کارە سەری سوڕمابوو. دوای ئەوە ڕووی کردە کوڕەکە و، بەزەردەخەنەیەکی کزەوە پێی گوت: «چاوت لێیە؟ کچەکە تۆ ناناسێت!». دووبارە (ئەلیزابێث) پێی گوتەوە: «من تۆ ناناسم. من دڵنیام لەوە کە ناتناسم!».

– بەڵام خۆشەویستەکەی خۆم! ئەی گۆرانییەکان و چامە دڵدارییەکانت بیر ناکەوێتەوە؟ دایەنەکەیش قسەکەی پێ بڕی: (کچەکە بۆی دووبارە کردیتەوە کە ناتناسێ... تۆ نابێ ئەوەندە لە سەری بڕۆیت. بێگومان تۆ بەهەڵەدا چوویت. تۆیش جوان نییە لەمە بەولاوە

گفتوگۆمان لەگەڵدا بکەیت. تۆ نابێ لە چەقی ڕێگادا ئەمەندە تەنگەتاومان بکەیت!.

– بەڵام.

کـە (دەنتـون) ئەو وشـەیەی بەدەمـدا هات، دەمـوچاوە باریکەلانەکـەی چووە شـێـوەی هەناسـەساردییـەکی بێ ئەندازەوە و خـۆی دەکوتا بۆ ئەوەی لەبەر زۆر و ستـەمی ڕۆژگاردا بوەسـتێ!... بەڵام دایەنەکـە بەبۆڵەبۆڵێکەوە پێی گـوت: «ئەی لاو! تۆ نابی ئەوەندە سـەر بکەیتە سەرمان!».

کوڕەکە گوێی نەدایە قسەکەی ئەو. لە خۆشەویستـەکەی خۆی وردبووەوە و بانگی کرد: «ئەلیزابێث؟!».

کچەکە ئەمەندە سەری سوڕمابوو لەم کارە، دەموچاوی بەجارێک شڵەژابوو.

دامـابوو. نەیدەزانی چی بکات. بەڵام زۆری پێ نەچوو، قـیـژاندی بەسـەریدا و گـوتی: «من تۆ ناناسم... ئاخ!... من پێم گوتیت ناتناسم... ئاخ لە دەست تۆ!».

(دەنتون) تاوێک واقی وڕما! دوایی هەستا و دەستی کرد بەناڵەناڵ و بۆڵەبۆڵ.

دەنگەکەی دەبیسـترا. وەک شـێرێکی بریندار لێ هاتبوو. لەتاو ئێشی دڵی دەسـتی بەرزکـردەوە بۆ ئاسـمـان، دەپاڕایەوە لە خـودا... چاوی کـەوت بەبن مـیـچـە بلوورینەکـەی ڕێگاکە... پاش ئەوە وەرگەڕایەوە و دەستی کرد بەکـشانەوە. بەهەناسە ساردییـەکەوە لەم ڕێبازەوە دەیگوێزایەوە بۆ ئەو ڕێباز. دوایی لەناو هاتوچۆکەراندا لە چاو ون بوو.

چاوەکـانی دایەنەکـە هەر لە دوایەوە بوون، تا لە چاو ون بوو. لەو کـاتەدا ئەلیـزابێث ڕووی کردە دایەنەکە و بەپەشۆکاوییـەکەوە لێی پرسی و، لە تاو ئێشی دڵی دەستـەکانی خۆی توند قووچاندبوو گوتی: «ئەو پیاوە کێ بوو؟... ئەو پیاوە کێ بوو؟».

دایەنەکـەیش برۆکـانی خـۆی بەرز کـردەوە و بەدەنگێکی ڕەوان و بیسـتـراوەوە گـوتی: «مرۆڤێکی گەوجە. من لەمەوپێش هەر نەمدیوە!».

– هەر نەتدیوە؟...

– خۆشەویستـەکەم هەر نەمدیوە! تۆ خۆت بەمەوە خەریک مەکە. دڵی خۆیشت تەنگ مەکە.



## ٥

لەپاش چەند ڕۆژێک یەکـێکی تر لە دەرگـای نەخـۆشـخـانەکـەی پزیشکەکـەیدا. واتا پزیشکە بەناوبانگەکە، کـە چاکـەتەکـەی زەرد و سـەوز بوو. پاش ئەوە لاوێک هاتە ناو ژووری نەخـۆشی دەرخـسـتنەکـەوە. بەدەمـوچاوێکی زەرد هەڵگەڕاو و پەشـۆکـاو و سـەرسـامـەوە، بەناو ژوورەکـەدا دەهات و دەچوو. لەپاش تاوێک بەدەنگێکی بەرزەوە بەپزیشکەکەی گوت: «دەمەوێ لە بیرم بچێتەوە سەنگدا تێی مۆڕبووەوە. لە دەموچاو و جلوبەرگەکانی و بەژن و باڵای ورد دەبووەوە... دوای ئەوە وەرامیشی دایەوە، گوتی: «هەر شتێکت بوێ لە بیرت بچێتەوە، خۆش بێ یان ناخۆش، چەند کارێکی دەوێ بۆی بەجێ بهێنرێ. دوای ئەوە پێویستە ئەوەیش بزانیت کە مزێکی زۆر دەسێنم!».

– من هەر ئەوەندەم دەوێ لە بیرم بچێتەوە... هەر چییەکت دەوێ دەتدەمێ!

– کـەواتە ئەوە کـارێکی ئاسـانە. چونکە خـۆت دەتەوێ وا بکەی. من لەوەم بەئەرکـتر کردووە. ئەویش لەم دواییەدا، ئەوانە بەجۆرێکی وا سەخت و گران بوون، بەهیـوا نەبووم تێیـاندا سەر بکەوم. هەرچەندە ئەو شتـەی کردم بەئارەزووی ئەو کەسە نەبوو کە نواندم، کەچی تێیـشـیـدا سەرکەوتم!... ئەویش کـاری دڵداری بوو. هەر لە کـەینەوبەینەکـەی تۆی دەکرد. بەڵام ئەو کچ بوو. تۆیش دڵت خورپە نەکـات. دڵنیـابە بەکـامی خـۆت دەگـەیت.

لاوەکە لە تەنشت مـرۆڤ نوێنەکەوە دانیشت. خۆی وا پیـشـاندا کە بێ دەنگ و سـەنگ دانیشـتـووە. دوای ئەوە تەمـاشای پزیشکەکەی کرد و گوتی: «وا چیـرۆکەکـەی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە. دیارە تۆیش دەتەوێ گوێی لێ بگریت».

– «باشـە... کچێک هەبوو ناوی ئەلیـزابێث موورس بوو...». بەڵام قسـەکەی خۆی بڕی. چونکە دەمـوچاوی مـرۆڤ نـوێنەکەی دی، سەرسوڕمـانێکی کوتوپڕی تێدا ئاشکرابوو. هەر لەو هەناسـەیەدا لاوەکە هەموو شـتێک تێگەیشت ئیتر هەستـایە سەر پێ. وای پیشـان دا کـە زاڵ بووە بەسـەر ئەو پیـاوەدا کـە لەبەردەمـیدا دانیـشـتـووە. دوای ئەوە توند شـانی پزیشکەکەی گرت. چەند تاوێکی پێ چوو.

هەرچەندی کرد قسەی بۆ نەهات، کە هەستی خۆی پێ دەربڕێ... بەڵام پاشەجار گوتی: «بیـدەرەوە دەسـتم. بیـدەرەوە دەسـتم!» پزیشـکەکەیش هەناسـەیەکی هەڵکێشـا و گـوتی: «مەبەستت چییە؟...».

– بیدەرەوە دەستم!.

– کێ بدەمەوە دەستت؟

– ئەلیزابێث مووریس. کچەکەی لێی دوایت!.

پزیشکەکە ویستی خۆی ڕزگار بکات لە چنگی لاوەکە. هەستایە سەرپێ... بەڵام (دەنتون) چنگی زۆرتر لە شانی گیرکرد! مرۆڤ نوێنەکە پاڵی نا بەلاوەکەوە و، بەدەنگێکی بەرزەوە پێی گوت: «بەرم دە! بەرەڵڵامکە!». لەپاش تاوێک هەر دوولایان بەرەنگاری یەکتربوون، کەوتنە زۆرانبازییەکی توندوتیژەوە، کە هیچیان لێیان نەدەزانی. ئەمەیش سەبارەت بەوە بوو کە ئەم جۆرە وەرزینە دەمێک بوو لەسەر زەویدا باوی نەمابوو.

مەگەر لەکاتی گرەو یاخود نومایشدا ببینرایە، ئەگینا بەرچاو نەدەکەوت! بەڵام (دەنتون) هەر ئەوە نەبوو کە لە دوژمنەکەی خۆی بەتەمەن بچووکتر بێ، هەروەها بەهێزتریش بوو. جا لەبەر ئەوە هەر لەمپەڕی ژوورەکەوە تا ئەوپەڕی ژوورەکە دەستیان کرد بەیەکتر گەوزاندن، تا (دەنتون) هەلێکی بۆ هەڵکەوت و دوژمنەکەی خۆی دا بەزەویدا. بەڵام پزیشکەکە لە دواوە (دەنتون)ی ڕاکێشا و کەوت بەسەریدا... بەڵام هەر تاوێکی پێ چوو، لاوەکە گورج هەڵسایە سەرپێ و خۆی بۆ گیڤ کرد، پەلاماری بدات. خوێن لە دەمارەکانیدا هاتەوە هۆش خۆی، هەستی کرد سەری تەواو دێشی. پشتیشی وا بەسەر ئەژنۆکانی (دەنتون)ەوە. لاوەکەیش پارچە هەورێکی تەرکراوی بەدەستەوەیە دەموچاوی ئەوی پێ دەسڕێ. پزیشکەکە هیچ دەنگی نەکرد. هەر ئەوەندەی کرد پەنجەی کێشا بۆ لاوەکە، کە واز لە گوشینی پارچە هەورەکە بهێنێ و لەوەندە بەولاوە دەموچاوی تەڕ نەکات... دوایی دەنگی دەرهات و گوتی: «یاریدەم بدە هەڵبسمە سەر پێ!...»...

(دەنتون)یش پێی گوت: «تۆ هێشتا بەتەواوەتی نەهاتوویتەوە سەر خۆت».

– نارەسەن منت تێک شکاندووە!...

– تەنیا هەردووکمان لێرە داین... دەرگاکەیش داخراوە... لەوە زۆرتر مەڵێ!...

دوای ئەوەی هەندێک بێ دەنگ بوون، لاوەکە دەستی کردەوە بەقسەکردن گوتی: «هێشتا ماوێتی سەرت تەڕ بکەم... ئەگینا لە سەرئێشەکەت ڕزگار نابیت!»...

پزیشکەکەیش خۆی دایە دەست دوژمنەکەی و، بەمۆنییەکەوە پێی گوت: «دەی هەر ئاوم پێدا بکە تا نوقوم دەبم!».

جارێکی تریش بێدەنگی دایگرتنەوە... دوایی مرۆڤ نوێنەکە دەستی کردەوە بەقسەکردن. گوتی: «وام دێتە پێش چاو کە گەڕاوینەتەوە سەر سەردەمی بەرد.



گەڕاوینەتەوە سەر توندوتیژی و زۆرانبازی!»... (دەنتون)یش بەو قسەیە دەماری بزووت و گوتی: «بەڵام لە سەردەمی بەرددا کەس نەیدەوێرا دەست بخاتە کاری دوو دڵی خۆشەویستەوە!».

مرۆڤ نوێنەکە دیسانەوە کەوتەوە بیرکردنەوە. پاش ئەوە پزیشکەکە دەستی کردەوە بەقسەکردن، لێی پرسی: «دەتەوێ چی بکەیت؟»... لاوەکەیش گوتی: «لە کاتی لە هۆش خۆ چوونەکەتدا چاوێکم خشاند بەناو قاقەزەکانتدا، تا ناوونیشانی کچەکەم دۆزییەوە، کە لەوە پێشی ناوونیشانیانم نەدەزانی. بەتەلەفۆنیش قسەم لەگەڵدا کرد. وا بەڕێگەوەیە دێتە ئێرە!».

– تۆ بڵێی دایەنەکەیشی لەگەڵدا بێت؟

– بەڵێ دێت.

– بەڵام بۆ چی؟... تێناگەم چی دەکەیت... نیازت چییە بیکەیت.

– هەروەها گەڕام بۆ چەکێکی کوشندەیش... ئەمە زۆر سەیرە کە لەم چەرخەدا چەکی کوشندە ئەوەندە کەم بێ. کەچی لە سەردەمی بەرددا تێکڕا کەس هیچی نەبوو چەک نەبێ! دوایی ئەم چرایەم دۆزییەوە. تەلەکانم لێ کردەوە. چاوەڕوانی ئەوە بووم خەبەرت بێتەوە. ئەو تەلانەم هەر بەدەستەوە بوو. تا ئەگەر بزووتیتەوە بەرەنگاریت بکەم! چراکەی گرت بەدەستییەوە و بردی بۆ سەر شانی پزیشکەکە. ئینجا پێی گوت: «ئەگەر بێت و هەر چیت لێ داوا دەکەم بۆم نەکەیت، هەر بەم چرایە کەللەت دەشکێنم!».

پزیشکەکەیش لە نووسراوی: (ڕابەری مرۆڤی نوێ بۆ ئەندازەکانی ڕەوشت و خوو)ەوە ڕستەیەکی وەرگرتبوو، بۆی خوێندەوە گوتی: «کاروبار بەتوندوتیژی چارە ناکرێ!».

(دەنتون)یش وەرامی دایەوە گوتی: «بەتوندوتیژی کاروبار چارە دەکرێ. بەڵام ئەو چارەکردنە پەسند نییە!».

– ئێستاکە چیت دەوێ؟

– دەبێ بەدایەنەکە بڵێیت کە نیاز دەخەیتە دڵی کچەکەوە بۆ ئەمەی شوو بەپیاوە قژ سوورەکە و چاو تەنگەکە بکات. هەر ئەمەیە کە بۆم دەکەیت!

– بەڵێ هەر ئەمەیە کە بۆتی دەکەم!

– هەر لەو کاتەیشدا من بیری کچەکە بخەرەوە!

– ئەمە پێچەوانەی سەربەرزی پیشەکەمە!

– گوێ بگرە پێت بڵێم... ئەگەر ئەم کچەم دەست نەکەوێتەوە مردنم پێ خۆشتر دەبێ لە ژین. تۆیش ئەوەندە بەهیوا مەبە کە من ڕێز لە ڕاوێژت بگرم. جا ئەگەر وەک پێم گوتوویت، وا هەڵنەسووڕێیت و، منیش بەکامی خۆم نەگەم، ناهێڵم پێنج وردیلە لەسەر زەویدا بژیت! ئەوەیشت لەبیر نەچێ کە ئەم چرایە، چەکێکی دڕکاوییە، تا ئازارێکی زۆرت نەدات ناتکوژێ!... ئەوەیش بزانە، کە هەرچەندە ئەم کارە لەم ڕۆژانەدا بەکارێکی ناپەسند دادەنرێ و باویشی نەماوە بەڵام من خۆمی لێ ناکێشمەوە! خۆ من ئەوەیش دەزانم کە ئەم ژینە زۆر بابەتی وەهای تێدا نییە کە بهێنێ پیاو خۆی لە سەری بدات بەکوشت!

– کە دایەنەکە هات دەتبینێ؟

– من ناهێڵم بمبینێ. خۆم لە پشت ئەم پەردەیەوە دەشارمەوە. لە پشت تۆیشەوە دەوەستم! سەری پزیشکەکە بەم قسانە کەوتە ئاژاوەوە. بیری لە خۆی دەکردەوە چی بکات. لەپاش تاوێک بەلاوەکەی گوت: «تۆ هەرزەکارێکی بەچنگیت، بەڵام نیوە پێشکەوتوویت. من خەریکی ئەوە بووم بەرامبەر بەنەخۆشەکەی خۆم پێویستی سەرشانی خۆم بەجێ بهێنم. بەڵام وا دەردەکەوێ تۆ لەم کەینەوبەینەیەدا دەتەوێ بەئارەزووی خۆت بچیت بەرێوە!».

– کەواتە نیازت وایە ئەوی پێم گوتوویت بێ پێچ و پەنا بەجێی بهێنیت؟...

– من بۆم دەست نادات کەللەی خۆم بەشکاندن بدەم لەپێناو کارێکی پڕوپووچی وادا کە فڕی بەسەر منەوە نییە!

– کەواتە چی دەکەیت؟

– مرۆڤ نوێن یاخود پزیشک لە هەموو شتێک زۆرتر ڕقی لە ئابڕووچوون دەبێتەوە. من پیاوێکی دڕندەنیم هەر ئەوەندەیە، من دڵتەنگی ئەوەم کە ئەم کەینەوبەینەیە گەیشتە ئەم ئەندازەیە. بەڵام دڵتەنگی و پشم و قینەکەم لەپاش ڕۆژێک دوو ڕۆژ دەڕۆن و نامێنن.

– سوپاست دەکەم. کەواتە لە یەکتری تێگەیشتین و هەردووکمان لەسەر یەک شت ڕێکەوتین. ئینجا کە وای لێ هات پێویست بەوە ناکات لەسەر زەویی ناو ژوورەکەوە بمێنیتەوە و، بەم جۆرەیش دابنیشیت!.... هەروەک لاوەکە ڕێوشوێنی بۆ کارەکە دانابوو بەو جۆرە سەری گرت. ... کچەکەیش بیرەوەرییەکەی بۆ گەڕایەوە. واتا کوڕەکەی ناسییەوە و ژیانی پڕ لە دڵداریی خۆی و ئەوی بیرکەوتەوە. دووبارە دەستی کردەوە بەدڵداری لەگەڵ کوڕەکەدا...



... ئا بەم ڕەنگە (دڵداری) سەرکەوتەوە... تەنانەت بەسەر شارستانێتی ساڵی (٢٠٠٠)هەمی پاش زایینیشدا هەر سەرکەوتەوە!...

١٩٦٧/٦/١٦

# مێژووی جیهان

نووسەری: رینیە سیدیلو

## مێژووی پێش مێژوو

مرۆڤ لە سەرەتای پەیدابوونیا، هەر ئەوەندەی ئەزانی کە هیچ نازانێ!... جا لەبەرئەوە، ئەمە شتێکی ئاسان بوو، کە باوەڕ بەو قسە پڕوپووچانە بکات کە لە بابەت بنچینەی ڕەگەزەکان و شارەکان و، دۆزینەوەی ئاگر و ئاسن و، گەلێک شتی ترەوە ئەدوێن جا ئەمانە تا ئەندازەیەک مێژووی ڕابردووی مرۆڤ ڕۆشن ئەکەنەوە، هەروەها بنچینەی سروشتیشی دەرئەخەن... ئنجا جوانی ئەم قسە پڕووپووچانە بوو، لەگەڵ ئەو ئەندێشە (خیال)یەدا کە پڕشنگی تیا ئەدان، ئەو قسانەیان خستبووە مێشکی مرۆڤەوە و تیا جێگیربووبوون!.

خۆ ئەگەر ئەو قسە پڕوپووچانەیش بخەینە لاوە و، هەرچی لەناو (نووسراوە پیرۆز)ەکاندایە لێکی بدەینەوە، کە بە دووەم سەرچاوەی مێژوو دائەنرێن، وامان بۆ دەرئەکەوێ کە لە دایک بوونی (بابە ئادەم) بەر ساڵی (٤٠٠٤)ی پێش زایین ئەکەوێ (لافاوە گەورەکەی جیهانییش) بەر ساڵی (٢٣٤٨)ی پ.ز ئەکەوێ...

لەدوای (قسە پڕوپووچەکان) و (نووسراوە پیرۆزەکان)یش سێیەم سەرچاوەی مێژوو دێتە پێشەوە، کە ئەویش (زانست)ە... زانستیش لەچاو قسە پڕوپووچەکاندا لە ڕووی ئەندێشەوە، بەهەژار دائەنرێ... جا لەبەر ئەوە، ئەو وا پێشان ئەدات- ئەویش بەدڵە لەرزێیەکەوە- کە زەوی لەپێش سەد هەزار ساڵەوە هەبووە!... هەرچی زانستە پرس زۆرتر ئەکات لەوەی کە بڵێ وایە... ئەو لە لێکۆڵینەوەی زەوی ناسەکان کە لەبابەت زەوییەوە ئەیکەن و، لەبابەت زەوی هەڵکۆڵین[١] و ئەو شوێنەوارانەوە کە ئەیدۆزنەوە، یارمەتی وەرئەگرێ... هەروەها لە لێ وردبوونەوە و تێگەیشتنی زاناکانی کۆمەڵایەتییەوە یارمەتی وەرئەگرێ کە چوونەتە ناو ئەو تیرە و هۆزانەوە کە ئێستایش نزیکەی سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتی ئەژین،تابتوانێ بگاتە ئەو وەرامانەی کە پرسیارەکانی خۆی پێ لێک بداتەوە...

بەڵام ئێمە نابێ بەم لێکۆڵینەوە سستە بەئەرک و ئازارە پێبکەنین... وا هەڵ ئەگرێ ئێمەیش خەریکی ئەوەبین کە ئەوەی زاناکان ئەیلێن بیهێنینە پێش چاوی خۆمان زاناکان

(١) زەوی هەڵکۆڵین: (التنقيبات)



ئەلێن (زەوی) و (مرۆڤ)، هەردووکیان، لە ئەنجامی گەشەکردن و کارەساتی سروشتی سەرسوڕهێنەری پەیتا پەیتاوە پەیدابوون... بام وای بهێنینە پێش چاوی خۆمان کە زەوی نزیکەی سێ هەزار ملیۆن ساڵ لەمەوپێشەوە دەستی کردووە بەپەیدابوون هەروەها نزیکەی دووهەزار ملیۆن ساڵ لەمەوپێش دروست کراوە زیندووەکان[١] پەیدابوون لەسەر زەویدا ئەم دروست کراوانە لەپێشدا لەشێوەی (بەکتریا)دا بوون، لەناخی ئاودا ژیاون، بەچاویش نەبینراون... دوای ئەوە ئەو دروست کراوانە دەرکەوتوون کە بڕبڕاگەی پشتیان هەیە[٢]. ئەمانیش پێنج سەد ملیۆن ساڵ لەمەوپێش پەیدابوون هەرچی گیانلەبەرە مەمک دارەکانیشە لەپێش سەد ملیۆن ساڵەوە دەرکەوتوون ئەو گیانلەبەرانەیش کە لە مرۆڤ ئەکەن چەند (دەملیۆن)ێک ساڵ لەمەوپێش هاتوونەتە ناوەوە دوایی گەشەکردنی پێشکەوتوویی گەیشتە ئەوەی کە (مرۆڤ)یش بێتەکایەوە؛ لەناو ئەو دارستانانەدا کەکەوتوونەتە کەمەری زەوییەوە، کە خاوەنی گەرماو تەڕین[٣]...

زۆری پێ نەچوو ئەم گیانلەبەرانەی کە بەچوار چنگۆڵە ئەڕۆیشتن بەڕێدا، ژیانی ناو درەختەکان کاری تێ کردن دوایی وایان لێ هات لەسەر دووپێ ئەڕۆیشتن دووپێیەکەی تریشیان ئەدا، لە خۆهەڵواسین بەلقی دارودرەختەوە، لەوکاتانەدا کە لەم دارەوە بۆ ئەو دار هاتووچۆی ئەکرد... ڕۆژگار تێپەڕیی و گیانلەبەرەکانیش، یشیان ڕاست بووەوە، سەریشیان ڕەپ ڕاوەستا و مێشکەکەیشیان گەورەتری لێهات...[٤]

(پەیدابوونی هۆش)[٥]:

دوای ئەوە ئەو شاکارە سەرسوڕهێنەرە هاتە پێشەوە، کە بازدی بەم گیانلەبەرە دا و گەیاندیە پلەی (مرۆڤایەتی) چونکە سەردەمی بەستەڵەک پەیدابوو کە لافاوەکەی هەموو جەنگەڵستانەکانی لەبن هەڵکەند و ڕای بەدەم ئاوەوە چەند کۆمەڵێکیشی لەم جۆرە گیانلەبەرانە بەتەنیایی و ئاوارەیی هێشتەوە لە پاڵ شاخەکاندا، پەناگاکانی ناو جەنگەڵستانەکانیان لەدەست چووبوو.

(١) زیندەوەرەکان.

(٢) بڕبڕەدارەکان.

(٣) کە گەرم و شێ دارن.

(٤) مێشک:(الدماغ).

(٥) هۆش: (العقل).

لەبەر ئەوە ناچاربوون، لەدەست گیانلەبەرە دڕندەکان خۆیان دەرباز بکەن و پەنا بەرنە ناو ئەشکەوتەکانەوە... هەروەها خۆ پاراستنەکەیشی ناچاری کرد پشت ببەستێ بەچەکێک یاخود بە ناز و جیازێک[1] کە ئارەزووکردنی نەمردن پێی بەخشیبوو[2]، ئەو ناز و جیازەیش بریتی بوو لە: (هۆش)... جا ئەو تاوە دەمەی کە مرۆڤ دەستی کرد بەپشت بەستن بە (هۆش)، بە لەدایک بوونی (مرۆڤ) دائەنرێ!...

جا (مرۆڤ) بەسایەی ئەم (هۆش)ەو بوو کە دەستی کرد بەدەسەڵاتداریی بەسەر (جیهان)دا... بەڵام (جیهان) بەڕوویەکی خۆشەوە بەرەو پیریی (مرۆڤ) نەچوو... بەپێچەوانەوە تەنگوچەڵەمە و گیروگرفتێکی زۆری هێنایە بەر، (هۆش)یش بریتی بوو لە چەکێک، کە لە (مرۆڤ) بەولاوە هیچ دروست کراوێکی تر دەستی نەکەوت...

ئنجا مرۆڤ دەستی کرد بەلێکۆڵینەوە و لێ وردبوونەوە... ئەبوو بەدوای هەموو شتێکدا بگەڕێ و بیدۆزێتەوە... بەڵام لەپێش هەمووویاندا بەدوای ناسینی دەروون و لەش و جیهانی خۆیدا گەڕا... هەروەها مرۆڤ پێویست بوو هەموو شتێکیش دابهێنێ... هەندێ شت فێربوو... دوایی زانیاریی و شارەزایی پێشکەوت و فراوان بوو... بەڵام هەرچییەکی بۆ دەرکەوت هێشتا کەم بوو، گەلێک کەمتریش بوو لە چاو ئەو زانیارییانەدا کە ئەبوو لە هەزاران ساڵەی دوا ڕۆژدا دەستی کەوێ... بەڵام ئەوەیش دیاربوو کە ئەو زانیاریی و شارەزایی هونەرەی کە مرۆڤ دەستی کردبوو بەکۆکردنەوەیان، هەرچەندە جارە نا جارێک ئەهاتنە پاشەوە و کەمیان ئەکردەوە، بەڵام لە ماوەی ژیانیا تا ئەهات زۆرتریان لێ ئەهات و پشت بەپشت پەرەیان ئەسەند... جا ئەم گەنجینەیەی کە ئیمڕۆ لە بەردەستماندایە و بەو جۆرەی لەوەپێش پێشان درا کۆبۆتەوە، هەر بریتییە لەوەی کە ئێمە پێی ئەڵێین (شارستانێتی) یاخود (ئاوەدانی)... ئەمەیش بۆ هیچ جۆرە دروست کراو یاخود گیانلەبەرێکی تر نەلواوە، کە زانست و هونەر پشت بەپشت کۆبکاتەوە و بەجێی بهێڵێ بۆ نەوەی خۆی.

ئەم نازە و جیازە هەر بە(مرۆڤ) بڕراوە. جا لەبەر ئەوە، لە دایک بوونی (مرۆڤ) بریتییە لە لەدایکبوونی (مێژوو)... یاخود (بەرەبەیانی مێژوو)!...

(١) ڕاستتر: کەرەستەیەک یان: کەلوپەلێک.

(٢) ئارەزووکردنی نەمردن: (غريزه البقاء)، ڕەمەکی مانەوە.



## زمان... ئاگر... ئاین

مرۆڤ لەوکاتانەدا کە لەناو تاریکیدا ئەژیا، لە ڕۆژانی ڕابردوویدا، چەند جەنگێکی بیروباوەڕی وەهای بردەوە کە لە هەمووشتێکی تر بالاتربوو لەوەدا کە لەگیانلەبەرە دڕندەکانی جوێ بکاتەوە. ئەنجامەکانی ئەو جەنگانەیشی هەتا ئێستا ماونەوە، لەناونەچوون وادیارە ئەو ئەنجامانەیش هەر ئەمێننەوە و زاڵیش ئەبن بەسەر چارەنووسی نەتەوەکاندا... ئەو سەرکەوتنانەیش بریتین لە: (زمان) و (ئاگر) و (ئایین)... چونکە هیچ خوێندەوارییەکی وەها نەدۆزراوەتەوە کە بووبێ لەپێش مێژوودا، بێ ئەمەی لە ناوەڕۆکەکەیدا نیشانەی ئەوەی تیا بووبێ کە ڕۆڵەکانی ئەو خوێندەوارییە ئەو سێ بابەتەیان زانیوە!...

١- ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە هەر (مرۆڤ)ە لەناو هەموو گیانلەبەراندا کە ئەتوانێ قسە بکات کە هونەری بیرکردنەوەیش بەکارئەهێنێ جا لەبەر ئەوە زۆری پێ نەچوو فێری قسەکردن بوو، بەچەند دەنگێکی دیاردیی کراو، کە خۆی وای دانابوو، بەهەربەکەیان واتایەکی تایبەتی بدات ئنجا لێرەوە (زمان) داهات، کە بریتییە لە گالیسکەیەکی (بیر)و، کەلوپەلێکی ناوازەی گفتوگۆکردن... ئیتر لە ڕۆژی لەدایکبوونی (زمان)ەوە، ژیان لەناو کۆمەڵایەتیدا، دەستی کرد بەبەرهەمدان زوو بەزوو، لە داهێنانی دەنگەکان و شێوە زمانەکان و برگە (مقطع)ەکاندا پێشکەوت و هەندێکیشی خستنە پاڵ یەک... هەروەها ئالۆشەکانیش لە دایک بوون مرۆڤ دەستی کرد بەگەڕان بەدوای ئەو هۆیانەدا کە ئەو ئالۆشانە دائەمرکێننەوە ئەمە یەکەم جاربوو کە مرۆڤ ددان بەئەڤین یان دڵداریی دابنێ هەروەها یەکەم دەمەقاڵێشی دەست پێ کرد... ئیتر لەو ڕۆژەیشەوە ژیانی (مرۆڤایەتی)ی ڕاستەقینە دەستی پێ کرد...

٢- مرۆڤ لە مێژەوە (ئاگر)ی دەناسی ڕووە چاکەکەی ئاگری ناسی ئەوەیشی لە تینی هەتاوی ڕۆژا دۆزییەوە...

ڕووە خراپەکەی ئاگریشی لە بروسکە و هەورە تریشقە و شاخە ئاگرینەکان و ئەو ئاگرانەدا ئەدیی کە بەرئەبوونەوە و نەی ئەزانی چۆن و لەچییەوە پەیدا ئەبن ئاگرەکان بەرئەبوونە جەنگەڵستانەکان و پووش و پەلاشی مێرگەکان!... بەڵام زۆریان پێ نەچوو، لە تێگەیشتندا پێشکەوتن، تا گەیشتنە ئەوەی هۆی گڕ پەیداکردنیان دۆزییەوە، دووریش نییە کە لە خۆش بەختییانەوە بووبێ، کە لەوە تێگەیشتبن کە لە لێک کەوتنی دووپارچە

بەرد لە شێوەیەکی توندوتیژدا پزیسکە ئاگری لێ پەیدائەبێ!... جا هەر ئەوەندە فێری ئەوەبوون ئاگر هەڵ بکەن، دەمودەست هەستیان بە هێز و هەڕەتی خۆیان کرد ئیتر لەو ڕۆژەوە لە پەرستنی ئاگر وازیان نەهێنا چونکە دیمەنە ئاگرەکان ترسیان ئەخستە دڵیانەوە بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو، ئاگریان خستە ژێر چنگی خۆیانەوە، کە بۆ کەڵکی خۆیان بەکاریان ئەهێنا ئەوانە کە هەتا ئەوساکە هەرچییەکیان ئەخوارد بەکاڵی ئەیانخوارد، هەر لەخۆیانەوە فێری هونەری چێشت لێنان بوون... هەروەها لەپاش ماوەیەک فێری خشت سوورکردنەوەیش بوون، لەناو ئاگردا، بەمەبەسی ئەوەی کە خانوویان لێ دروست بکەن هەروەها فێری (کان)[1] تواندنەوەیش بوون... لەپاش ئەوە بەچەند هەزار ساڵێک (زانست) لەڕێی بەکارهێنانی (کان)ەکانەوە، وای لێ کردن بتوانن (ڕێگا ئاسنینە) و (تانک) دروست بکەن کەچی لەگەڵ ئەم هەموو پێشکەوتنەیشدا، هەتا ئێستاکەیش، هەر مۆم دائەگیرسێنن لەناو پەرستگاکانیاندا، گۆڕی سەربازی نەناسراویش بەوە ڕێز لێ ئەگرن، کە شاپڵێتەیەکی سەرەتایی لەسەر هەڵ بگیرسێنن!...

٣- هەرچی (ئایین)یشە، هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە، دڵی مرۆڤانی داگیرکردووە هەتا ئێستاکەیش دەستی لێ هەڵ نەگرتووە... کاروباری ئاینیش لەسەرەتادا فرِی بەسەر جادووگەریی و چاوبەست کردنەوە زۆرتربووە لەوەی کە باوەڕ و خواپەرستیی ڕێکوپێک بووبێ؛ چونکە مرۆڤی سەرەتایی، نەی ئەتوانی خۆی لەوترسە ئازاد بکات کە هێزەکانی سروشتی ئەیانخستە دڵیەوە، یاخود گیانلەبەرە دڕندەکان ئەیانتۆقاند و مێشکیان پڕ ئەکرد لە مەترسی هەرچی ترسیشە بەئاسانی ئەگۆڕرێ و ئەبێ بەپەرستنی گیانلەبەران و، شتومەکە پەرەسێنەکان و، لەو شتانەوە دەستی پێ کرد، کە لەژوور تێ گەیشتن و پەی پێ بردنی مرۆڤەوەن هەروەها کاروباری ئایینی لەترسی مردنەوە پەیدابوون جا چونکە مرۆڤە کۆنەکان هۆی کوژانەوەی ژیانیان نەئەزانی، ئەترسان لەوەیش کە مردووەکان ئازاری زیندووەکان بدەن، بەهیوای ئەوەیش بوون کە ئەو مردووانە بتوانن یارمەتییان بدەن، لەبەر ئەم هۆیانە هەموو، بەتەنگ ئەوەوەبوون کە مردووەکانی خۆیان بەناز و ڕێزەوە بنێژن، کە لەناو گۆڕەکانیشیاندا کەلوپەل و خواردەمەنی دابنێن، کە پەل و پێشیان بەگوریس ببەستنەوە، تا ماوە نەدەن بەوەی کە ئازاری کەسێ بدەن. لەپاش دەمێک فێری ئەوەیش بوون کە هاوار بەرنە بەرگیانی باپیرانیان، داوای یارمەتییان لێ

(١) کان: کانزا (معدن)، کان بەمانای (منجم)دێت



بکەن کە بەسەر دوژمنەکانیاندا زاڵیان بکەن کوشتی[1] پێشکەش کردن و، نوشتەکردن و، بیروباوەڕی پڕوپووچیشیان داهێنا بۆ ئەمەی ڕێزگرتنی خۆیان پێشکەشی گیانە سەر لێ شێواوەکان و دەربەدەرەکان و گیانە خۆماڵییەکان بکەن لە هەر هۆزەیش یەکێک خۆی تەرخان کردبوو، بۆ تێگەیشتنی هونەری ئایین، بۆ ئەمەی مام ناوەندیی بکات[2] لە ناوەند زیندووەکان و ئەو هێزە نەناسراوانەدا کە لە پشت ژیانەوە تارماییان دیارە...

جا بەدرێژەی ڕۆژگار، پەرستکارییەکان گۆڕران و گەیشتنە پلەی (یەک خوایی) لەپاش ئەوە (خوانەناسی) هاتە کۆڕەوە و، کەوتە بەربەرەکانێ وە لەگەڵ (یەک خوایی)دا!... ئەوەندە هەیە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەست بەخۆی ئەکات، کز و بێ دەسەڵاتە بەرامبەر ئەو هێزەی کە هێشتا نەیناسیوە و نەیدیوە، لە هەموو سەردەمێکی خۆیدا، هەرگیز لە بیروباوەڕی پڕوچووچ و چاووڕاوکردن وازی نەهێناوە!...

جا بەهۆی دەرکەوتنی ئەم سێ شتەوە: (زمان) و (ئاگر) و (ئایین)، مرۆڤ دەستی کرد بەزاڵبوون بەسەر دڕندەیەتیی سەرەتای خۆیدا!...

## ئاوەدانی چەرخی ڕاوکردن

مرۆڤ لە سەرەتای ژیانیا خەمی ئەوەی ئەخوارد کە خۆی بپارێزێ لە مردن و ئازار، لەبەر ئەوەیش بەرەنگاری گیانلەبەرە دڕندەکان ئەبوو، کە ئەو ئەشکەوتەی ئەوانە تیا ئەژیان هەر بۆخۆی بمێنێتەوە جا لەبەر ئەوە پێویست بوو بەدکاریی ئەو گیانلەبەرە دڕندانە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە دووریش نییە کە باوەڕیان وابووبێ، خواردنی دڵی گیانلەبەری دڕندە، هێز و گوڕ ئەدات بەپیاو بۆ ئەمەی بەرگەبگرێ و بکەوێتە زۆرانبازییەوە لەگەڵ ئەو دڕندانەدا... خواردنی گۆشتی فیلە گێژە یاخود ئاسکیش، گورج و گۆڵیی ئەو گیانلەبەرانە ببەخشێ بەپیاو لە ڕاکردندا... خواردنەوەی خوێنی شێریش ئازایی و بەچنگیی ئەو گیانلەبەرە بەمرۆڤ ببەخشێ... بەم ڕەنگە مرۆڤەکانی پێشینیان کە لە سەرەتای ژیاندا خواردنیان هەر لەسەر گژوگیا بوو خواردنی گۆشت فێربوون و دەستیان پێ کرد... دوای ئەوەیش فێری ئەوەبوون کە چۆن لەسەر ئاگر ئەو گۆشتە ببرژێنن.

زۆریشی پێ نەچوو، وایان لێهات بەدوای گیانلەبەراندا ئەگەڕان بیاندۆزنەوە و ڕاویان بکەن، تا خۆشی لە خواردنی گۆشتەکانیان ببینن... ئا بەم ڕەنگە ڕاوی گیانلەبەران و،

(١) کوشتی: قوربانی.

(٢) هاوسەنگیەک بکات....

ڕاوی ماسی، هەردووکیان بوون بەکاروفرمانی بنچینەیی مرۆڤ...

مرۆڤەکان فێری ئەوەیش بوون کە بەکۆمەڵە بژین- وەک فیلەکان و مەیموونەکان- بۆ ئەمەی باشتر بتوانن خۆیان بپارێزن... فێری ئەوەیش بوون کە کزیی و بێ دەسەڵاتی خۆیان بەچەک چارە بکەن... هێنایان لە تەختە و بەرد کوتەک و داردەست و ڕم و چەقۆ و پاچیان دروست کرد دوای ئەوە فێری تیروکەوان دروست کردن بوون.

لە دوورەوە دوژمنەکەی خۆیان پێ ئەپێکا... کاتێکی وایش هات فێری هونەری نێچیر ڕاوکردن بوون، خۆیان لە نێچیرەکان مات ئەدا و، داویان بۆ ئەنانەوە و، تەڵەیان بۆ دائەنان...

دوای ئەوە دڵ ڕەقی و فڕوفێڵبازیی و خۆ هەڵکێشان چووە گیانیانەوە، بەهۆی ئەوەوە کە لەگەڵ ئەوەیشدا خۆیان لە خۆیاندا کز و بێ چارەبوون، بەڵام ئەیانتوانی بەسەر ئەو دڕندانەیشدا زاڵ بن کە لە خۆیان بەهێزترن!... بەهۆی خۆ هەڵکێشانەکەیانەوە، گیانی خراپەکارییش سواری دڵیان بوو... هەرچی جەنگەلە ڕاوکردنەوە پەیدابوو... چونکە مرۆڤ چەکی کوشندەی داهێنا بۆ کوشتنی گیانلەبەرانی دڕندە... بەڵام لەپاشدا ئەو چەکانەیان لە خۆیشیاندا کارکرد... کە ناکۆکی ئەکەوتە ناوەند تاک و تەرایانی مرۆڤەکان خۆیانەوە، یاخود ناوەند خێزانەکانەوە، یان ناوەند تیرە و هۆزەکانەوە مرۆڤەکان ئەو چەکانەیان لە دژی یەکتری بەکارئەهێنا.

زۆری پێ نەچوو، مرۆڤە سەرکەوتووەکە لە جیاتی ئەمەی دوژمنە شکاوەکەی خۆی بکوژێ، ئەیکرد بەبەندەی خۆی!... لە فڕوفێڵ کردنیشەوە لە گیانلەبەرانی دڕندە، مرۆڤ فێری ئەوەبوو کە فڕوفێڵ لە دراوسێکانی خۆیشی بکات!... نەتەوەیەک لەگەڵ نەتەوەیەکی دوژمنی خۆیدا ئاشت ئەبووەوە کەچی زۆری پێ نەئەچوو، دۆستایەتییەکەی خۆیان و ئەوانیان ئەشکاند، لێیان ڕائەپەڕین و چەکیان لێ ئەخستنەکار، وایان ئەزانی کە بەهۆی ئەو جەنگەوە هەموو جەنگێک لەناو ئەبەن!...

(تۆوی هونەرەکان):

لەوکاتانەدا کە لەناو ئاشتیدا ئەژیان، مرۆڤەکان دەستیان کرد بەرێک خستنی ژیانی خۆیان فێری بەزمورەزم و هەڵپەرکێ بوون دەستێکیان هێنا بەسەر خانووەکان و بەرگ و پۆشەنییەکانیاندا دەرزیی وایان داهێنا کە کونی تیابوو، ئەویشیان لەبەرد دروست کرد، بۆ ئەمەی لە پیستی گیانلەبەرە دڕندەکان جلوبەرگ بۆ خۆیان بدروون... هەروەها چرایشیان



داهێنا، ناو ئەشکەوتەکانیان پێ ڕووناک ئەکردنەوە... ملوانکە و گەردانە و خشڵیان داهێنا، لە هێلکە شەیتانۆکە و کارەبا و مەرجان و ددانی سەگ و گورگ ئەیان هۆنینەوە.

ئەمانەیان بۆ خۆڕازاندنەوە بەکار ئەهێنا دوورنییە کە بۆ کێش کردنی گیانە پاکەکان و بۆ دەرکردنی گیانە خراپەکانیش بەکاریان هێنابن... ئەی تۆ چاوت لێیان نییە کە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکانیان وێنەی گیانلەبەرانیان کێشاوە و تیر یاخود ڕمیان لێ کەوتووە؟... تۆ بڵێیی ئەوە هەر لەبەر ئەمە بووبێ کە لە کاتی ڕاوکردندا (بەخت) ڕوویان تێ بکات؟... هونەرەکان لەپێشدا بریتی بوون لە دەربڕینی نیشانەکانی چاوبەست کردن یاخود جادووگەریی... بەڵام لە دواییدا نرخێکی تریان پەیدا کرد بۆ خۆیان... ئەو وێنە ڕەنگاوڕەنگانەیش کە لەسەردەمی ڕاوکەرانەوە- پێش مێژوو- بۆمان ماونەتەوە، بەڵگەن بۆ ئەوەی کە ئەو ڕاوکەرانە لە هونەر زانیدا دەستێکی گەورەیان بووە...

## ئاوەدانی شوانەکان

کە ئاوەدانی ڕاوکەرەکان بەلای کەمەوە لەسەد هەزار ساڵ لەمەو پێشەوە دەستی پێ کردبێ، ئەبێ ئاوەدانی شوانەکان، کە لەدوای ئەوەوە دەستی پێ کردووە، زۆرتر بگەڕێتەوە بۆ دەهەزار ساڵ... هەرچی ئەو کەڵە سەهۆڵانەبوو کە لە چەرخی سەهۆڵ بەندانەوە مابوونەوە، دەستیان کرد بەتوانەوە.

باو باران و سەرما، ڕوویان کردە خۆشی ئیتر مرۆڤەکان لە ئەشکەوتەکانیان هاتنە دەرەوە بەسەر ئەو سەوزەگیایانەدا بڵاوبوونەوە کە تازە دەستیان کردبوو بەگەشەکردن... ئیتر لە ڕاوکردن دەستیان هەڵگرت و بوون بەشوان...

چونکە لەوەپێش گیانلەبەرانی سەر زەوییان لەبەر ئەوە ئەکوشت کە خۆیانیان لێ بپارێزن و گۆشتەکانیشیان بکەن بەخۆرشت بۆ خۆیان... بەڵام لەمە بەدواوە دەستیان کرد بەماڵی کردنیان و بەخێوکردنیان لە گاو مانگاوە دەستیان پێ کرد چونکە ئەمانە لە هەموو گیانلەبەرێک بێ وەی تربوون.

پاش ئەوان، دەستیان کرد بەڕام کردنی کەر و حوشتر و ئاسک و فیلە گێژە، بەمەڕوبزن و گامێش و ئەسپ و ماین و سەگ و ئێستر و بەران... دەستیان کرد بەماڵی کردنی مریشک و کەڵەشێر و پەلەوەران... فیلەکانیان ناز ئەگرت، لەبەر کەڵک و فەڕیان... هەرچەندە کەسانی وا هەن لەو باوەڕەدان، کە مرۆڤ لەبەر مەبەسی ئایینی گیانلەبەرانی ڕام کردووە، بەڵام بەڵگەی وا زۆر بەدەستەوەیە کە بیچەسپێنێتە دڵەوە، کە لەبەر کەڵکی

ئابووریی دەستی داوەتە گیانلەبەر بەخێوکردن... ئیتر لەو ساکەوە، مرۆڤ بەو چاوەوە تەماشای گیانلەبەرانی نەئەکرد کە سەرچاوەیەکن ڕاستەوخۆ خۆرشت و کەوڵ و شیر و هێلکەی ئەخەنە بەردەست بێجگە لەوە چاویشیان کرایەوە و چەند دەرگایەکی گەورەیشیان لێ کرایەوە بۆ پیشەسازیی، وەک: پیشەوکاری پێست ئامادەکردن و، خوریی سازکردن و، کەرە و پەنیر دروست کردن...

لەگەڵ داهاتنی شوانکارەییدا، مرۆڤ لە ئەشکەوتەکانیان هاتنە دەرەوە لە نزیک ئەو لەوەڕگایانەوە کە ڕانە ئاژەڵەکانیان تیا ئەلەوەڕان، دەستیان کرد بەدامەزراندنی خێوەتی سووک و ساکار هەروەها بەهۆی ئەوەوە کە بەدوای جێ لەوەڕ و سەوزەگیای تەڕ و تازەدا ئەگەڕان بوون بەکۆچەر... ئەم جۆرە ژیانە کاری کردە ئاوەدانی و پێشکەوتنی مرۆڤ... هونەرەکان دواکەوتن چونکە هەموو لایەک خوویان دایە پێویستیی ژیان فێربوون؛ چۆن هەسان بەکاربهێنن بۆ دەم تیژکردنی ئەو کەلوپەلانەی کە لەسەنگ دروستیان ئەکردن.

فێربوون کاسەو گلێنە و گۆزە و ئامانانی تر لە گڵ دروست بکەن لەمەدا کەلوپەلی وایان بەکار ئەهێنا کە ئەو ئامانانە گورج بسووڕێننەوە، تا ناویان بۆش بکەن.

## ئاوەدانی چەرخی کشتوکاڵ

پێشکەوتنی چەرخی شوانکارەیی، گەیشتە ڕادەیەکی وەها کە مرۆڤ هێواش، هێواش خوو بداتە چاندنی و کشتوکاڵ بەم ڕەنگە لەپاش سەرکەوتنیان بەسەر گیانلەبەراندا، هوروژمیان بردە سەر جیهانی گژوگیایش دەستیان کرد بە بەرەنگاریی کردنی دارودرەختی خزێو و چرۆپرۆگەشە کەر، ڕووی زەوییان پاک کردەوە.

تۆویان تیاچاند و، هەرچییان لێ پەیدابوو، چنییانەوە... جا لێرەدا دووبارە ئەم پرسە ئەکەینەوە: تۆبڵێی کشتوکاڵ بەنیازێکی ئایینییەوە دەست پێ کرابێ؟... ئاخۆ مرۆڤ لە سەرەتای ژیانیا، هەر لەبەر ئەوە زەویی هەڵ کۆڵیوە کە مردووی خۆی تیا بنێژێ؟... هەر لەبەر ئەوە دانەوێڵەی چاندووە لە نزیک ئەو گۆڕانەوە، کە خۆرشت بۆ مردووەکانی خۆی بەرهەم بهێنێ؟... یاخود هەر ڕێکەوت و بەخت یاریی بووە کە تێکەڵ بەنیازی ئایینییش بوون، بۆ ئەمەی مرۆڤ لە شاکاری ڕوواندنی گژوگیا و دار و درەختیش شارەزا بکەن؟... سا ئەم لایان ڕاست بێ، یان ئەو لایان، لە ڕاستیدا مرۆڤ زوو بەزوو لە تۆو چاندندا شارەزابوو، فێری کەش ڕاگرتن بوو، کارتێکردنی ڕۆژ و بارانی بۆ دەرکەوت، گڵی زەوییەکانیشی تاقی کردەوە، بۆ جیاکردنەوەی زەویی بەپیت، لە زەویی بێ پیت... جا



هەرچەند پارچە زەوییەکی ئەدیی، بەهۆی زۆر چاندنەوە لە کەڵک ئەکەوت، ئەوی بەجێ ئەهێشت و ئەچووە سەر پارچە زەوییەکی تر کە هێشتا نەکێڵرابێ و بەکارنەهێنرابێ... هەرچی زەوییەکە بوو فراوان بوو... هەرچی مرۆڤیش بوو، ژمارەیان کەم بوو... بەڵام زۆری پێ نەچوو کە زوو بەزوو ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە زۆرکردنی بەرهەم لە دەسەڵاتی مرۆڤدایە. بەمەرجێ چینی سەرەوەی خاکەکە بشکێنن و بگەنە ژێر ئەو خاکەوە...

بەهۆی ئەوپەی پێ بردنەوە، گەیشتنە ئەوەی کەلوپەلی جووت کردن دابهێنن... لە نووسراوی (تەورات)یشدا ئەمە نووسراوە کە یەکەم کەسێ ئەو کەلوپەلی جووت کردنەی داهێنا ناوی (طوبال قابیل)بووە... ئەمەیش لەسێ هەزار ساڵ لەمەو پێشەوە ڕووی داوە... گریکەکان پێیی ئەڵێن (تریتۆلیمس)... بەڵام میسرییەکان ئەڵێن (ئۆزیریس)[1] کەلوپەلی جووت کردنی داهێناوە، جووتیارەکان توانیان گەنم بچێنن و بیشی هاڕن، تا لە ئاردەکەی نان دروست بکەن... هەروەها شارەزای چاندنی جۆ و گەنمە شامی و کەتانیش بوون...

بایەخیشیاندا بەزۆرکردنی دارهەرمێ و دارسێو و دارفندق و دارمێو و، کە لە ئاوی ترێکەی مەییان دروست کرد... وازیان لە ڕەوەندیی هێنا و خۆیان لە نزیک سەرچاوە ئاوەکان و بیرەکانەوە دامەزراند دوای ئەوە لە بەرد و لە دار، لەسەر کەناری گۆمەکان و چەم و جۆگاکان خانوویان بۆ خۆیان دروست کرد... لەو دەمەدا ئاو بووبوو بەهاودەمی مرۆڤ، کە زوو بەزوو فێری ئەوەبوو پرد و بەستی چۆن لەسەر و لەبەر دەمدا: دروست بکات...

ئنجا پیشەساری پەیدابوو: خوریی و کەتان ڕێسران و چنران ئنجا ڕەنگیش کران... دوای ئەوە فێری دروست کردنی ئامانەکان بوون لەگڵ، کە ئەگیرایەوە و ئەکرا بەقوڕ.

زۆری پێ نەچوو کەلوپەلی ناو ماڵیش دروست کران مرۆڤ دەستی دایە پوختەکردن و قاڵ کردنی ئەو کەلوپەلانەی کە دروستی کردبوون تا وای لێهات لە کانەکان دروستی ئەکردن... داهێنانی مووشە دەمەیش کە ئاگری پێ خۆش ئەکرا، بوو بەسەرەتای زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر کانەکاندا وەک: مس و مز و زەرد و ئاسن...

(١) ئۆزیریس: لە مەزنترین خواوەندەکانی میسرییە کۆنەکان بوو، پارێزەری مردووەکان بووە، براو مێردی (ئیزیس) بوو، کوژرا و دوایی بەتەقەللای ژنەکەیەوە زیندووبووەوە.

## ئاوەدانی سەردەمی شارنوشینی

هەر ئەوەندە کۆمەڵایەتی دەستی پێ کرد و مرۆڤەکان بوون بەدەستە، دەستە، دەمودەست ناکۆکی کەوتە ناوەندیانەوە و بەربوونە سەروپۆتەڵاکی یەکتری، یەکتریان لەتوپەت کرد، وا دیارە مرۆڤ هەروا هەڵکەوتووە کە ترس لەبرای خۆی پەیدا بکات... نەتەوەی واهەبوو، هەموو تاک و تەراکانی بەجارێک ڕەویان ئەکرد و نیشتمانی خۆیان بەجێ ئەهێشت ئەمەیش هەندێ جار ڕووی ئەدا.

بەڵام ئەوانەی کە لە شوێنێکا ئەمانەوە و دائەمەزران، جێگاکەی خۆیان بەدیوارێکی زل ئەپاراست ئنجا لەمەوە شارەکان پەیدابوون... ئەم شارانە لەسەرەتادا بۆ ئەوە بەکار ئەهێنران کە مرۆڤەکان خۆیانیان تیا بپارێزن لە دوژمن، کە تیایاندا کۆببنەوە، کە کەلوپەلیشیان تیا بگۆڕنەوە... هەرچی پیاوە ئاینییەکان و خاوەن پیشەکان بوون، لەناویاندا ئەمانەوە جاربەجارێکیش بازرگانەکان هاتووچۆیان بۆ ئەکردن...

## ئیتر بازرگانی هاتە پێشەوە

لە سەرەتادا گۆڕینەوەی کەلوپەل بەتوندوتیژیی و داگیرکردنەوە ئەکرا تەنانەت لە زمانی یۆنانیدا وشەی (بازرگانی)، واتایەکی تریشی هەیە، کە ئەویش (تێک دان)ە!... وشەی کەلوپەل گۆڕینەوەیش، لە زمانی ئەڵمانیدا، واتایەکی تریشی هەیە کە ئەویش (چەواشەکردن)ە!...

هۆزەکە، لە بەرهەمەکانی خۆی هەندێ کوشتیی لەناو پەرستگاکانی خۆیدا دائەنا کە شەڕ ئەهات، لە درەنگە کاتێکدا هۆزێکی دراوسێ هوروژمی ئەهێنا و ئەو کەلوپەلانەی داگیر ئەکرد... لەجێی ئەو کەلوپەلانە، کەلوپەلی خۆی دائەنا کە لە نرخدا وەک ئەوان بن... دوای ئەوە کەلوپەل گۆڕینەوە ڕاستەو ڕاست ئەکرا ئەویش لە شێوەی شت بەشت گۆڕینەوەدا... کاروانەکان دەستیان کرد بەهاتووچۆ بەناو ڕێگا ناسراوەکاندا، لەناو جەنگەڵەکاندا... دڵنیابوون لەوەی کە تووشی گیانلەبەرانی دڕندە نایەن... خۆیان ئەکوتا بۆ ناو بازاڕەکان... جا لەمەوە ئەو ڕێگایانە پەیدابوون کە ڕوویان ئەکردە شارەکان... جا هەروەک لە زمانی میسریی کۆنەوە دەرئەکەوێ، شارەکان بوون بەمەڵبەندی ڕێگاکان.

وشەی (شار)، لەم زمانەدا، وا ئەنووسرا: هێڵێکی ڕاست و چەپیان لەناو کەمەرە (دائرە)یەکدا ئەکێشا.



واتا ڕێگاکان لەناو ئەم شارەدا لێک ئەدەن، کە بەدیوارێک چوارلای گیراوە... ئەمیش سەرەتای نووسینەوەی مێژووی مرۆڤ بوو...

## جیهانی کۆن

### بەرە بەیانی ئاوەدانییەکانی پێشینان

مرۆڤ کە لەرەبەیانی ئەو ئاوەدانییانەدا بووە کە لەناو مێژوودا ناوبراون، هێشتا دووربووە لە زۆر جۆر لە جۆرەکانی زانیاریی.

نەزانیویێتی بنووسێ، نە پەیی بەوە بردووە کە خوا (یەک)ە نەشارەزایشی هەبووە لە بابەت دراو و گالیسکە و، سواربوونی ئەسپەوە...

کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤایەتییش، هەموویان، لە ڕووی ئاوەدانییەوە، لەیەک سەردەمدا، وەک یەک نەبوون.

هەر لەوکاتەدا کە هەندێ کەس گەیشتبوونە ئەو ڕادەیەی کە زەوی بکێڵن و کشتوکاڵ بکەن، هەندێکی تریان هێشتا هەر لەژیانی کۆچەرییدا ئەژیان، جێیان بەخۆیان نەئەگرت، لەم شوێنەوە ئەیانگواستەوە بۆ ئەو شوێن... هەندێکی تریشیان ئاسنیان دۆزی بووەوە، بەڵام بەلای زانینی (زەرد)دا تێنەپەڕی بوون... تەنانەت لەم چەرخەیشدا، هێشتا هۆزی وا هەیە کە ژیانەکەی لە بارستایی سەردەمی ڕاو دایە، کە پێش مێژوو ئەکەوێ!...

ئەوەندە هەیە، ئاوەدانی گەورە گەورە لەم لاو لەولاوە پەیدابوون، کە لەپاش ئەوە بەدوو سێ هەزار ساڵ (مەسیح) لەدایک بووە... چونکە هەندێ نەتەوە پێ گەیشتبوون و گەلێک شاهەنشاهی (ئیمپەراتۆرییەت)ەکان دەستیان کردبوو بە دروستبوون ئەم پێشکەوتن و گەشەکردنی ئاوەدانییەیش کەوتبووە ناو چەند خاکێکەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی زریێی سپیی ناوەڕاستەوە دەستی پێ ئەکرد تا ئەگەییە زریێی چین.

دۆڵەکانی ئەملاوئەولای چەند ڕووبارێکی گەورە گەورەی دیاردییکراوی گرتبووەوە، وەک: نیل و، دەجلە و، فورات و، ئەندۆس و، زریێی زەرد. چونکە لافاوەکانی ئەو ڕووبارانە، پیت و بەرهەمی زۆر و خۆش گوزەرانی بۆ ئەو خاکانە کێش ئەکرد.

ئەوەندە هەیە، هێشتا ئەو ئاوەدانییانەمان بەتەواوەتی بۆ دەرنەکەوتووە لە بابەت ئەوانەوە زۆر نازانین لە بابەت هەندێکیانەوە هەر ئەوەندە ئەزانین کە بەهۆی کەلاوەکان و هەندێ ئەفسانەوە شتێکیان لێ تێبگەین... ئێمە هەر ئەوەندەمان لەدەس دێ کە ئەوەمان

بەبیردابێ، کە (ئاپین) لەو ئاوەدانییانەدا دەستێکی باڵای بووە چونکە ئەو شوێن هەوارانەی ئاوەدانییان ماونەتەوە، زۆر جاری وا هەبووە، ئاشنایەتییان بەئاییینەوەبووە...

جا هەرچەندە خواکانی ئەو ئاوەدانییانە و ئەفسانەکانیان لەیەکتر جیاوازبوون، بەڵام شێوەی ژیانی ئەو کۆمەڵایەتییانە تا ئەندازەیەک لەیەکتری ئەکرد چونکە شوانکارە ڕەوەندەکان، زۆری پێ نەئەچوو، هوروژمیان ئەبردە سەر ئەم دۆڵە پڕ پیتە ئاوەدانانە... ئەوانە لە بیابانەکانی ئەفەریکاو نیوەدوورگەی عەرەبستان و چایەرەکانی تیبەت و مەنگۆلیاوە دەر ئەپەڕین و پەلاماری بنکە ئاوەدانە بێ دەنگ و سەنگەکانیان ئەدا و داگیریان ئەکردن... ئەنجامیش بەیەکێک ئەگەیشت لەم دووانە: یان ئەبو ئەو تالآنکەرانە تێکەڵ ئەو نەتەوانە ببونایە کە شکاندبوویانن، لەگەڵیاندا بژیانایە و شان بەشانی ئەوانە پێش بکەوتنایە... یاخود ئەبوو ئەو نەتەوە شکاوانەیان لەژێر پێی خۆیاندا بپلیشاندایەوە و بەدڕندەیی خۆیان لەناویان ببردنایە!...

## ئاوەدانیی دۆڵی نیل

لەپێش لەدایک بوونی (مەسیح)دا بەپێنج هەزار ساڵ نەتەوەیەکی شوانکارەی کۆچەر ڕێی بردە بەر دۆڵی نیل ڕەنگە ئەوانە لە (حەبەشستان)ەوە هاتبنە ئەوێ بەناو دۆڵی ڕووباری نیل دا بڵاوبوونەوە.

ئەو ساکە لەوێدا ئاوەدانییەک هەبوو، گەش و پەرە سەندوو، یەکێک بوو لە ئاوەدانییە سەرەتاییەکانی ئەودەمە... بەپیتی کشتوکاڵ و شینایی ئەو دۆڵە دڵی کێش کردن، زۆری پێ نەچوو، لەوێدا مۆڵیان داو کردیان بەنیشتەجێی خۆیان ئەوانیش دەستیان دایە کشتوکاڵ و تێکەڵ بوون بەناو دانیشتوانی ئەو خاکەدا...

بەڵام ئەو نەتەوە تازە هاتووە، هەر لەسەر ڕەوشت و خووی کۆنی خۆیان مانەوە گیانلەبەرانیان ئەپەرست بیچوە شێر (سنجمت) و چەقەڵ (ئەنوبیس) و بەران (خنیمو) و مانگا (هاثور)یان بەخوا ئەزانی هەروەها ڕێزێکی زۆریشیان لە پشیلە و باز و جلە ئەگرت... نیشانەی خواکانیشیان بریتی بوو لە سەری گیانلەبەرەکان و لەشی مرۆڤ دوورنییە کە (أبوالهول) لەسەر ئەم بنچینەیە پەیکەری بۆ دروست کرابێ.

ئەوەندە هەیە ئەم لە شێوەیەکی پێچەوانەدا دروست کراوە سەری لە ژن ئەکاو لەشیشی لە شێر!...

میسرییەکان پەرستنی ئەم خوایانە لەمانەوە فێربوون بەم ڕەنگە کۆمەڵەی خواکانی



خۆیان تەواو کرد بەتایبەتی لەوکاتەدا کە دەستیان کرد بەکشتوکاڵ، هەرچی شتێک کاری کردبێتە بەرهەمی شینایی ئەیانپەرست: وەک ڕۆژ (ڕەع)، نیل (ئۆزیریس- خوای شینایی)... ئەوەندە هەبوو ئەو ڕووباری (نیل)ە کە خۆشگوزەرانی ئەبەخشی بەمیسر، ڕووبارێکی بێ دەنگ و سەنگ نەبوو بزێو بوو پێویست بوو بەربەستی لافاوەکانی بکرایە ئەویش بەوە ئەکرا کە بەستی گەورە گەورەی لەبەردەما دروست بکرێ لەگەڵ پرد و ئەستێرک جا بۆ ئەمەی ئەم پرد و ئەستێرک و بەستە گەورانە دروست بکرێن، پێویست بوو یاسایەک لەناو خاکەکەدا دابمەزرێنرێ و پەیڕەوی بکرێ یاسایەکی کۆمەڵایەتی تایبەتیش بۆ نەتەوەکە دابنرێ بەجۆرێکی وا کە لەگەڵ کاروباری ژیانیا بگونجێ... جا لەبەر ئەوە میسر (یاسای هاوبەشی)ی هەڵبژارد، بەڵام لەژێر سێبەری خونکارێکدا...

## فیرعەونەکان کوڕی ڕۆژن[1]

یاسای خونکاریی میسر لەسەر بنچینەی (مافی خوایی) دامەزرابوو ئەو دەمە بڕوایان وابوو کە فیرعەونەکان کوڕی ڕۆژن لەبەر ئەوە ئەوانیان بەخوا دائەنا.

ئەو فیرعەونانە، خاوەن دەسەڵاتی تەواوبوون، هەرچی زەوییەکیش لەناو خاکەکەیاندا بوو بەهی خۆیان دائەنا...

هەرچەندە فەرمانداری ناوچەکان، زۆرجاری وا هەبوو جێگاکانی خۆیان بۆ کوڕەکانی خۆیان بەجێ ئەهێشت، واتا کوڕەکانیان ئەبوون بەفەرماندار لەجێی خۆیان، هەرچەندە کەڵکیان لە یاسایەکی وا ئەگرت کە هەر لە یاسای فەرماندارەکانی زەوی دارەکان ئەچوو، بەڵام خونکار هەموو دەمێک چنگی بەسەر داگرتبوون چونکە فیرعەون گەورەی مرۆڤ و گەورەی هەموو شتێکیش بوو، خوای زیندووبوو. (هەر ئەویش بوو کە ئاوی ئەبەخشی بەزەوی)...

بەڵام ئەو هاوبەشی (اشتراکیە)یەی کە میسر هەڵی بژاردبوو بۆ خۆی، بریتی بوو لە (هاوبەشی فەرمانڕەوایی) چونکە ئەو دەمە هێشتا زەویداریی تایبەتی دانەهاتبوو هەموو میسرییەک بەڕەنجبەر یاخود بە (فەرمانبەرێکی شاریی) دائەنرا لە ژێر چنگی فەرمانڕەواییەکی وادا کە هەموو کاروبارێکی لەژێر چنگی مرۆڤێکدا کۆکردبووەوە... فەرمانداری ناوچەکانی و کوێخای گوندەکان ئەوە خرابووە سەر شانیان کە کارگەران کۆبکەنەوە بۆ چاک کردنەوەی ئەستێرکەکان و پردەکان و پاککردنەوەی جۆگاکان... ئەوانە

---

(١) یان: کوڕی خۆرن.

چاویان بڕیبووە جووتیارەکان و تەماشای کاریان ئەکردن، لەکاتی دروێنەیشدا باجیان لێ ئەسەندن... هەروەها هەندێ وەستایش دانرابوون لەسەر ئەو ساختمانە ئاوییانە لێیان ئەپرسرایەوە هەندێ فەرمانبەریش هەبوون بەرهەمی کشتوکاڵیان کۆئەکردەوە و ئەیانخستە کۆگاکانی فەرمانڕەواییەوە یاسای ئەو دەمە وابوو کە ئەو بەرهەمانە بدرێتە دەست ئەوانە...

جا ئەم جۆرە یاسایە کە هی هەموان بووە، بێ گومان ئەرکی زۆر گران بوو چونکە دانیشتوانی ناوچەکە، بەهەموویان، چواریەکی بەرهەمی ناوچەکەیان دابەش ئەکرد لەناو خۆیاندا، کەچی بەخت کردنی فەرمانڕەواییش سێ چواریەکەکەی تری قووت ئەدا چونکە لەو بەرهەمە، مووچەی فەرمانبەرەکان و مانگانەی ئەوانەی کە جووتیارنەبوون دەرئەچوو، لەگەڵ مانگانەی پیاوە ئایینییەکان و فیرعەون خۆیدا!... ئەوانە پیشەیان وابوو، هەر ساڵە هەندێک لەو بەرهەمانەیان لە کۆگایەکدا دائەنا و هەڵیان ئەگرت بۆ ڕۆژی گرانی و نەبوونی بەرهەم... هەر فیرعەون، بەتەنیا، پێنج یەکی بەرهەمەکەی بۆ خۆی ئەبرد.

هەر خۆیشی پیاوە ئایینییەکان و فەرمانبەرەکانی دائەمەزراند.

## بازرگانی و پیشەسازیی کاری فەرمانڕەواییە

میسر، لە مێژووی خۆیدا، بەشێکی تەرخان کردووە بۆ بازرگانی چونکە کەشتیی دروست کرد، بەردەڵان و کانەکانی بەکارهێنا ڕستن و چنین فێربوو دەستە، ئاشنایەتییەکی تەواویشی پەیدا کرد لەگەڵ خاکەکانی گوێ ئاوی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست جا ئەم هەموو جۆرە کارگوزارییانە لەلایەن (فەرمانڕەوایی هاوبەشی)یەوە پێک ئەهێنران چونکە پیشەسازیی و بازرگانی تایبەتی بوون بۆ فەرمانڕەوایی، کەسی تر توخنیان نەئەکەوت...

لەژێر یاسایەکی وایشدا، کە پیاوی ئازادی لە پیاوی دیل جوێ نەئەکردەوە، کۆکردنەوەی کارگەران، بەباجێک دائەنرا و خرابووە سەر شانی کۆمەڵایەتی... جا لەبەر ئەوە بەهۆی کۆکردنەوەی کارگەرانەوە، دروست کردنی ساختمانە گەورە و گشتییەکان، کە بەپێی پێڕەویی گەورە و فراوانی پێشکەوتن جێبەجێ ئەکران، بووبووە کارێکی ئاسان.

بۆ وێنە: جۆگایەکیان ڕائەکێشا لە ناوەند ڕووباری (نیل) و گۆمی (مۆیس)دا کانی و بەستیان لەسەر دروست ئەکرد ئەم گۆمەیشیان ئەکرد بەئەستێرکێکی گەورە بۆ ئاو کۆکردنەوە لە ناویا، لەکاتی گڤەو هاژەی ڕووبارەکەدا کەنیشانەی هەڵسانی ئاوەکەی بوون، بۆ ئەمەی ماوە بە ڕووبارەکە نەدەن زیان بەکەس بگەێنێ...



## لە ژمێرکاریی و ئەندازیاریی و ئاسمان ناسیندا یەکەم بوون!...

جا ئەم جۆرە هەرەوەزە بوو، کە بووە هۆی دروست کردنی هەرەمەکان (ئەهرام) بەڵام ئاراستەکردنی کرێکاران هەر لە دروستکردنی گۆڕستانەکاندا ڕووی نەئەدا لە هەموو شوێن کارێکی تریشدا ڕووی ئەدا: لەپێش هەموویاندا لە کۆڕی داهێنانی هونەری نووسیندا ئەو ئاراستە کردنە بەکار هێنرا چونکە ئەم هونەرە لەوەوە دەستی پێ کرد، نیشانەیان لەسەر بەردەکان هەڵ ئەکەند دوای ئەوە، ئەو نیگارانە بوون بەوێنە و شێوە، هەریەکەیان نیشانەی بابەتێکی ئەدا و، لەسەر پەڕەگەڵای (بُردی) ئەنووسران... دوای ئەوە ئەم نیشانانە گۆڕران و بەدەنگ پێشان ئەدران پاش ئەوە بەبڕگەی وشە پێشان ئەدران ئەمە بوو بەبنچینەی هونەری (خوێندنەوە) هەروەها میسرییەکان یەکەم کەس بوون کە ژمێرکارییان زانیوە[١].

هەروەها یەکەم کەسێکیش بوون کە ژمێرکاریی بابەتی ئابووریان زانیوە ئەمەیش ئەو دەمە فێری بوون کە دەستیان کردووە بەژماردنی ئەو کاتانەی کە ڕووباری (نیل) ئاوەکەی هەڵساوە و نیشتۆتەوە... پێوانەی ئەو زەوییانەیان کردووە کە ئاوی لافاوی ڕووبارەکە گرتوونیەوە، هەروەها یەکەم کەسێک بوون کە دەستووره سەرەتاییەکانی ئەندازیارییان لە کاروباری ڕۆژانەی خۆیاندا بەکارهێناوە. زانیویانە شت بپێو و بیکێشن پارچەی ئاسایی ژمارەیشیان (كسر الاعتيادي) ژمێرکاریی کردووە[٢].

هەروەها ژمێرکاریی ڕەگی ژمارە (جذر)یشیان زانیوە... سەرنجیان لە ڕۆژگیران و مانگ گیران و جووڵانەوەی ئەستێرانیش داوە و چاویان تێ بڕیوون... ساڵیشیان، بەپێی ڕۆژ، کردووە بەدوانزە مانگ هەر مانگەیشیان داناوە بەسیی ڕۆژ بێجگە لەم مانگانە پێنج ڕۆژی تریشیان خستۆتە سەر ساڵەکە... هەندێ لە خاوەن لێکۆڵینەوەکانیش لەو باوەڕەدان کە ئەندازەکانی (هەرەمی گەورە)، هەڵهێنان و دۆزینەوە ئامادە ئەکەن بۆ گەلێک گیروگرفتی ژمێرکاریی و ئەستێرە شوناسی!...

---

(١) دەبێ خوێنەری هێژا ئەوە بزانێ کە دەڵێن (میسریەکان) مەبەست لە خەڵکی میصری کۆنە کە نووسەر لە سەرەتای ئەم بەشەوە ئیشارەی پێدا، هەروا (قیبتی)یەکان و ئەو (فینیقی)یانەی تیا دەژیان، بەڵام (عەرەب) ئەوە دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام بەرەو عێراق و شام لووتیان ژەنە ئەو وڵاتە و داگیریان کرد، ئەگینا تا چوونی ئیسلام بۆ ئەوێ عەرەب لەو وڵاتەدا نەبووە. بۆیە ئەوان خاوەنی ئەو شارستانیەتە نین کە نووسەر باسی دەکات، دەبوو مامۆستا ڕستەکەی دوایی بەمجۆرە دارشتایە: میسرییە کۆنەکان یەکەم کەسبوون کە ژمێرکارییان زانیوە.

(٢) پارچەی ئاسایی: کەرتی ئاسایی.

## میسرییەکانی کۆن گەلێ پیشەسازیی و هونەریان زانیوە

هەروەها میسرییەکان، هەر لە کۆنەوە، زانیویانە شووشە دروست بکەن... هەروەها تەرازوو و ئاشی بایشیان ناسیووە[(١)]، کە بۆ گەنم هارِین و ئاو هەڵ هێنجان[(٢)] بەکاریان ئەهێنان، بۆ ئاودان... هەروەها هونەری پزیشکایەتی و نەشتەرکارییش لە میسردا داهاتوون هەتا ئێستایش هەندێ لەم هونەرانە هەروەک خۆیان ماونەتەوە و بەکارئەهێنرێن، گۆڕانێکی زۆریان بەسەردا نەهاتووە... میسرییەکان، لەبەر ئەوەی باوەڕیان بەوە هەبوو کە مرۆڤ لە دوای مردن زیندوو ئەبێتەوە، لە پەروەردەکردنی لەشی مردوودا، (مۆمیاکردن)، شارەزاییەکی زۆریان ئەنواند کە هەتا ئێستاکەیش زانستی نوێ دەسەڵاتی ئەوەی نییە کە لەم هونەرەدا بگاتە ئەوان... ڕاکردن و گرەوی گالیسکەکانیش بووبوونە یاریی باو لەناو میسرییەکاندا، سەردەمی وەرزینی بۆ کردبوونەوە... هەروەها بەکارهێنانی دۆشەک و سەرین و پشتی و تەختی نوستن و پۆپەشمین و پەردە کوللە و جاجم و مەوج و، دەستکێش و (شەترەنج)یش بووبوونە بابەتی باو لەناویاندا...

جا ئەم باو داهێنان و شت داهێنانە، پەیتا، پەیتا، ئەهاتنە ناوەوە، ماوەیەکی درێژیان پێ چوو، کە سەردەمی فەرمانڕەوایی سیی و یەک خێزانیان گرتەوە... دابەش کردنی ئەو سەردەمانەیش بەپێی تەمەنی فەرمانداریی ئەو خێزانانە، یارمەتییەکی زۆر گرنگمان ئەدات بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی میسر... (مینا) یەکەم گەورەیەک بوو کە فەرمانداریی بەسەر خاکی میسری یەکگرتوودا کرد، لە ساڵی ٣٢٠٠ی پ.ز. دا. لە هەرە جێنشینە گرنگەکانی ئەو، کە شوێنەواری زیندوویان لەپاش خۆیان بەجێ هێشتووە: (زوسر)ە کە (هەرەمی سەقارە)ی پێ پیلکە داری دروست کردووە، لە ساڵی ٢٨٠٠ی پ.ز. دا. هەروەها (توت عەنخ ئامون)ە کە گەورەیی خۆی بەوە هێشتۆتەوە، گۆڕێکی زێڕینی بۆ خۆی دروست کردووە کە کێشانەکەی لە سێ سەد کیلۆ گرام زۆرترە... هەروەها (رامسیسی دووەم)ە کە جەنگەکان و خاک داگیرکردنەکانی لەوانەن کە لەهی ئەفسانە بچن... بەواتەی ئەموئەو وایە کە گوایە گەیشتۆتە سەر ڕووباری (گانگز) کەچی هەندێ مێژوو ناسانی وایش هەن کە ئەڵێن سەرکەوتنە سەربازییەکانیان هەر ئەوەندە بووە کە چەند لەشکرێکی (هیتیت)ەکانی شکاندووە، کە لە سووریەوە هوروژمیان هێنابووە سەر خاکەکەی.

(١) ئاشی با: (طاحونە هوائیە)

(٢) هەڵ هێنجان: ڕاکێشانی ئاو (سەرخستنی) لە خوارەوە بۆ سەرەوە.



## میسر هەر لە زووەوە چاویان تێ بڕیوە

لەڕاستیدا ئاسایش و بێ وەیی بۆ میسر چاکتربوو لە داگیرکردنی خاکەکانی تر... لە ساڵی ١٦٨٠ی پ.ز. دا، نەتەوەیەک لە شوانکارەکانی ئاسیا هوروژمیان هێنایە سەر میسر.

ئەوانە پێیان ئەگوتن (هیکسۆس)[(١)]. دوو سەد ساڵ لە بناوانەکانی ڕووباری (نیل)دا فەرمانڕەواییان کرد.

هەرچەندە خونکارەکانی (تیبە)[(٢)]، نەیان هێشت زۆری پێ بچێ، خاکی میسریان لە دەست ئەوانە سەندەوە بەڵام میسرییەکان هەموودەم لە ترسی ئەوەدابوون کە دراوسێکانیان هەڵکوتنە سەریان و خاکەکەیان داگیر بکەن، ترسەکەیشیان هەم لە شوانکارە ڕەوەندەکان بوو، هەم لەو شاهەنشاهێتییانە بوو کەلەودیو سنووری خاکەکەیانەوەبوون گەلێ جاریش ناچاربوون مل کەچ بکەن بۆ: حەبەشەییەکان، بۆ ئاشووریەکان، بۆ فارسەکان، بۆ یۆنانییەکان، بۆ ڕۆماییەکان و بۆ نەتەوەکانی تر...

دوایی پەییان بەوەبرد، کە نە ئەهرامەکان بەتەنیا، نەمۆمیا گەریی بەتەنیا، ئەتوانن ئاوەدانییەکەیان بپارێزن... ئەبێ فەرمانڕەواییەکەیان لە شکرێکی بەهێزی هەبێ... ئەگینا خۆی لە دوژمنان و دراوسێکانی بۆ ناپارێزرێ!...

(١) چەند تیرە و هۆزێکی سامیەکان بوون، میسریان گرت و لە نێوان ١٦٥٠- ١٥٦٠ پ.ز حوکمیان کرد، هەردوو بنەماڵەی ١٥، ١٦ لەوان بوون، فەرمانداراەکانی (تیبە) لێیان ڕاپەڕین و ئەحمەسی یەکەم کە دامەزرێنەری بنەماڵەی (١٨)هەم بوو دەری کردن، لە ڕۆژگاری ئەواندا (بەنی ئیسرائیل)یەکان لە میسردا نیشتەجێ بوون.

(٢) تیبە (طیبە) یان (ثیبە): کۆنە شارێکی (صەعید)ی میصرە وا لە گوێ نیل لە پارێزگاری (قنا)، پایتەختی فەرمانداری تازەبوو و لە سەردەمی بنەماڵەی (١١)دا گەشەی کرد و خواوەند (ئامون) لێرە دەپەرسترا، لە بنەماڵەی (١٩)ەوە گلۆڵەی لێژبوو و ئیتر بووە جێگایەکی ئایینی و خواوەند پەرستن تا فارسەکان تالان و وێرانیان کرد، لە ٦٦٣پ.ز، دوای ئەمانیش بەتلیسیەکان کاولیان کرد، لە سەرەتاکانی مەسیحیدا خواپەرستان ڕوویان تێکرد و ئاوەدان بووە، گرنگترین پاشماوەکانی: (ئوقسور، کەرنەک)،وە لەوبەر نیلیشەوە: شاری (هبو) و (دیرالبحری) و پەیکەری (ممنون) هەن..

## ئاوەدانییەکانی دەجلە و فورات

جا ئەگەر کەنارەکانی ئاوی (نیل) چاویان بەڕاپەڕین و گەورەیی نەتەوەیەک کەوتبێ... بێ گومان کەنارەکانی دەجلە و فورات بێشکە و گۆڕستانی گەلێک ئاوەدایی بوون چونکە لەناو دەشت و دۆڵەکانی ئەو دوو ڕووبارەدا گەلێک ڕەگەز ئەژیان، گەلێک یاسای فەرماندارنی دامەزرابوون، هەندێکیان لە ناوەند دۆڵەکانی هەر دوو ڕووباری جووتە خوشکدا بەتەنشت یەکەوە ئەژیان، هەندێکیشیان یەک لەدوای یەک، بەرەو دوا ئەهاتنە پێشەوە...

خاکی دەجلە و فورات یاخود زەویی (ناوەند هەردوو ڕووبار) لە جێگا هەرە گرنگەکانی جیهان بوو، کە ڕێگاکانی جیهانی کۆنی بەناودا ئەڕۆیشت... جا لەبەر ئەوە پەیتا پەیتا، هۆزەکان، یەک بەدوای یەکدا، ئەهاتنە ناویەوە، بێ ئەمەی تیا جێگربن... هەروەک دۆڵ و دەشتی ناوەند ئەو دوو ڕووبارە، ئیستگەیەک بووبێ بۆ سرەوتێکی سەرپێیی... ئیتر هەر ئەوەندە هۆزێک ئەهاتە ناویەوە و دەستی ئەکرد بە جێ گەرم کردن بۆ خۆی، لەناکاو هۆزێکی تر هەڵی ئەکوتایە سەری و دەری ئەپەڕاند بۆ ئەمەی جێیەکەی داگیر بکات و بۆ خۆی بمێنێتەوە!...

ئەوانە، هیچ نەتەوەیەکیان، خەباتیان بۆ ئەوە نەکرد کە نیشتمانێک بۆ خۆیان ئامادە بکەن و هەزار ساڵێک تیا بمێننەوە... کەچی لە دۆڵی (نیل)دا ئەمە ڕوویدا...

ئەوەندە هەبوو، خاکی جووتە ڕووبار، لە ڕووباری نیل زۆرتر پێویستیان بەپیشەسازیی مرۆڤ و خەباتی مرۆڤ بوو چونکە بێ ئەو دووشتە هیچ شتێک گەشە ناکات چونکە خاکەکەی وابوو، لەلایەکەوە لم بەسەریەوە ئەنیشتەوە، لەلایەکی تریشەوە ئاوی لافاو ئەیگرتەوە...

جا لەبەر ئەوە زەوییەکەی ئاودانێکی هەموو دەمی ئەویست... ئەو ئاوەیش کە زیندەگانی بەو خاکە ئەبەخشێ، پێویستییەکی هەموو دەمی هەبوو بەدەستی ڕەنگین و توانا و بەهێز، تاکێشی بکات بۆ ناو زنجیرە جۆگاو چەماوێکی ورد و بەیەکەوە نووساو...



## نوخشەی ئاوەدانی ناوەند جووتە ڕووبار

جوتیارەکانی پێشینیان کە هاتبوونە بەشی خوارووی دۆڵ و دەشتی ناوەند جووتە ڕووبارەکەوە، لە نزیک ساڵی (٤٠٠٠)ی پ.ز. دا، پەیییان بەم ڕاستییە بردبوو، ئەوانە ئاوەدانییەکی پێشکەوتوویان هەبوو گالیسکەیان داهێنا مسیان بەکارهێنا ئەم مسەیش، بێ گومان، لە قەفقاسەوە گەیشتبووە ئەوان چونکە ئەوێ کانگا بوو. هەموو جۆرەکانێکی تیا دەست ئەکەوت لە کەلاوەکانی (سوسە[1])دا، کە هەڵکەندران، هەندێ ئاوێنەیان دۆزییەوە لەسەر چوارچێوە و بنکی ئێسک یاخود دار دامەزرێنرابوون چەند پارچە شووشەیەکیشیان دۆزییەوە کە ڕەنگ کرابوون.

ئەمەیش ئەوە ئەگەیێنێ کە بەرهەمێکی پیشەسازییان هەبووە هەرچەند لە شێوەدا سەرەتایی بووە بەڵام لە چاو ئەو سەردەمەدا کەتیا پەیدابووە، بەدەستکردێکی پێشکەوتووانە دائەنرێ.

جا لەم ناوچەیەدا، دامەزرێنەرەکانی ئاوەدانیی (سۆمەر)ی، لەپاش هەزار ساڵێک، بۆیان دەرکەوت کە بەسایەی ئەو جووتە ڕووبارەوە چ کەڵکێکیان دەست کەوتووە واتا دەستیاوی ئەو دوو زێیەیان چەند بەسەرەوە هەیە. ئیتر لە خاکی (سۆمەر)ییەکاندا، لە بەشی بن ئاوانەکەیدا، دامەزرێنراوە ئاوییەکان پەیدابوون و پەرەیان سەند جا بەهۆی ئەم دامەزرێنراوانەوە زەوییەکە بەتەڕیی مایەوە کێڵگەکانیش پڕبوون لە دەغڵ و دان.

سۆمەرییەکان خوای گەشە پێکردن و خوا ژنی دانەوێڵەیان ئەپەرست.. ئەوانە تۆوی جۆیان ئەچاند، دارخورمایان ئەڕواند، فێری ئەوەیش بوون کە پەیین بەزەویدا بکەن کە جووتیش بەکاربهێنن... زوو بەزوو فێری ئەوەیش بوون کە زیو بکێشن ئەم کانەسپییەیش هەر ئەبێ لە شاخەکانی ژووروو هێنرابن کە هەر دوو ڕووبارەکەیان لێوە هەڵ ئەقوڵێ(*).

سۆمەرییەکان، ئەم زیوەیان بەپارچە پارچەیی لە کڕین و فرۆشتندا بەکار ئەهێنا، لە شێوەیەکی سەرەتایی پارەی ئێستەدا.

(١) سووس یان (شووش)، پاشماوە و کەلاوەیەکی دێرینە لە خوراسان لە باشووری دێزەفول لە ئێران پایتەختی ئیسلامیەکان بووە، لە ٦٤٠پ.ز ئاشوور بانیپاڵ وێرانی کرد، لە سەردەمی داریۆشی یەکەمدا بووە پایتەختی ئەخمینیەکان، گەلێ ئاسەوار و کەلاوەی کۆشکی تێدایە.

(*) دیارە مەبەسی نووسەر (کوردستان)ە (سۆمەر)ی یەکانیش کە ئاری نەژادن، هەر ئەبێ تیرەیەک بن لە کورد- (وەرگێڕ)-

## هەڵ ئەنگوتنی ئاوەدانی سۆمەری و ڕاست بوونەوەی

ئەو سۆمەرییانە نەتەوەیەکی سەیربوون... نووسینی مێخی ئەوان دایانهێنا... گالیسکە سووکەکان کە لەسەر چەرخ بڕۆن بەڕێوە و گا یاخود کەر ڕایان بکێشێ هەر ئەوان بە بەکاریان هێنان... لە گۆڕستانە شاهانییەکانیشیاندا، لە شاری (ئوور)دا، گەلێک دەستکردی نایاب و ناوازەی جوانیان بەجێ هێشتووە لە بابەتی گەوهەر کاریی، کە بەردە بەنرخەکان و کانە کەم دەستکەوتووەکانیان تیا کۆبۆتەوە کە لە شێوەیەکی پڕ نەخش و نیگاری پڕ وردە کارییدا، بەجوانییەکی بێ ئەندازەوە دارێژراون...

نەتەوەیەک لە (سامی)یەکان کە لە (ئاکاد)ەوە هاتبوون، لە خاکی ژووروووەوە، هێرشیان هێنایە سەر ئاوەدانی سۆمەرییەکان نزیکەی چوار سەد ساڵ لە خاکەکەیاندا مانەوە چەند نەتەوەیەکیش لە شوانکارەکانی شاخەکان، جارە ناجارێک هوروژمیان ئەبردە سەر سۆمەرییەکان بۆ تاڵان کردن و ڕووت کردنەوە و ئاژاوە نانەوە ژیانیان لێ تاڵ ئەکردن بەڵام سۆمەرییەکان زۆری نەخایاند، خۆیان لە دەست ئەوانە ئازاد کردەوە ئەو دەمە ساڵی ٢٦٢٢ی پ. ز. بوو. دووبارە دەستیان کردەوە بەپێشکەوتن و ئاوەدانییەکەی خۆیان چەند یاسایەکی وایان دامەزراند، کە بوون بەنموونەی ڕێک خستنی کاروبار هەڵسوڕاندنی گشتی، یاخود فەرمانداریی... فەرمانبەرەکانی فەرمانڕەوایی باجیان لە نیشتەنییەکان کۆ ئەکردەوە، لە شێوەی ئاژەڵ و مەڕ و ماڵاتدا ئەم گیانلەبەرانە لەکاتی کوشتنی پێشکەش کردنا بەکار ئەهێنران، بۆ خواکان... یاخود بۆ کەڵکی ئابووریی نەتەوە بەکار ئەهێنران، بۆ وێنە: ئەیاندان بەجووتیارەکان جووتیان پێ بکەن، بەمزیکی دیاردیی کراو... ژمێرکارەکان دەستکەوتی فەرمانڕەواییان وا ئەژمارد و بەراوورد ئەکرد: ئەیانگوت: بایی ئەوندە سەنگ جۆ، یاخود خورما، یان ڕۆنە. ڕاسپێرراوان یان دامەزراند، نامە ببەن و بهێنن لەناو شارەکاندا.

کەشتییان بەناو جۆگاکاندا لێ خوڕی کە پڕکرابوون لە میوە و دەغڵ و دان... لەبەر ئەوە هەرزانی و خۆشگوزەرانی هەمووڵایەکی خاکی سۆمەری گرتەوە...

دووبارە (سامی)یەکان خۆیان هاویشتەوە ناو هەستیی خاکەکەوە دوایی بەسەریا زاڵ بوونەوە.

ئەو دەمە ساڵی ٢٣٥٨ی پ. ز. بوو. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا ئاوەدانی و پێشکەوتوویی سۆمەرییەکان هەر لەجێی خۆیاندا مانەوە ئەمانیش لەناو ئەمانەدا



دەرئەکەوتن: وەک: ساختمانەکان ئاودان و، شارەزایی و هونەرمەندیی لە پاراستنی جۆگە ئاوەکاندا و، هونەر نواندن لە هۆنراوە (شعر) گوتناو، هەڵ کۆڵینی ئەو پەیکەرانە کە لە پاشەڕۆژدا بوونە بنچینەی ناوبانگی فەرمانڕەوایی (بابل).

## یاساکانی حامورابی خونکار

گەشترین ڕووی ئەم ئاوەدانی و پێشکەوتوویییە ئەو یاسایانەبوون کە ناوی خونکار (حامورابی)یان بەزیندوویێتی هێشتەوە... بەشی شارستانی ئەم یاسایانە، دانی ئەنا بەبوونی سێ چیندا: چینی ئازادەکان، چینی نیوە ئازادەکان، چینی بەندە... دەسەڵاتی باوکەکانیشی دیاردیی کردبوو بەسەر منالەکانیاندا... هەموو خاوەن زەوییەکیشی بەلێپرسراو دائەنا لە پاراستنی جۆگا ئاوەکانی ناو زەوییەکەی خۆیدا... هەرچی بەشی (دادگەری)یش بوو، لە یاساکان، بنچینەی دادگاکانی تیا دانرابوو شێوەی ڕاپەڕاندنی کاروباری دادگەرییش تیا دیاردیی کرابوو چۆنێتی دامەزراندنی دادگەرەکانیشی تیا نووسرابوو دەستوورەکانی بەڵگە و نیشانەکانی کەینەوبەینەکانیشی تیا دیاردیی کرابوو.هەروەها (یاسای سزادان)یش، بۆ هەموو کەتن و تاوانێک، بۆ هەموو بەد کردارییەک سزای تایبەتی ئاشکرا کردبوو... هەرچی (یاسای بازرگانی)یش بوو هەموو نرخ و کرێکانی دیاردیی کردبوو کاروانەکانیشی خستبووە سەر شێوەیەکی ڕێکوپێک، کە هەر لە هاوبەشی (شرکە)یەکانی گواستنەوە و هەڵگرتنیان ئەکرد... هەروەها دەستیا و (قرض) و نرخی سوودی پارە (فائدە)یشی خستبووە سەر دەستوورێکی ڕێکوپێک.

جا هەروەکو میسر، لەشێوەی یاسای هاوبەشیدا چارەی ئابووریی خۆی کردبوو، (بابل)یش لە سەر شێوەی (ئازادیی ئابووریی) ئەڕۆیشت بەڕێوە.

دانی نابوو بەساماندارییی تایبەتی (الملکیة الخاصة)دا. پڕۆژەکانی تاک و تەراکانی گەلێ پاڵ پشت ئەکرد.

بنچینەی یاسای سەرمایەدارییشی دانابوو، بۆ پەیمان نامە و ڕێککەوتنی بازرگانی، بۆ کۆمپیالەکان، بۆ بوو نامەی دڵنیایی بۆ فەرمانڕەواییش هەر ئەوەندەی هێشتبووەوە، کە خەریکی یاسادانان و ڕێک خستنی ژیان و ناوبژیکەریی و دادگەریی بێ لەکاتی ناکۆکی و تێک چووندا بەم ڕەنگە یاساکانی (حامورابی) لەپێش لەدایک بوونی (مەسیح)ەوە بەدوو هەزار ساڵ، زۆر ڕێگای وایان تیا پێشان درابوو، کە ئێمە ئێستاکەیش هەر لەسەر ئەو ڕێگایانە ئەڕۆین!...

## پەیدابوونی فەرمانڕەوایی ئاشووریی

بەڵام لە نزیک ساڵی ١٩٢٥ی پ. ز. دا مەرگی ئاوەدانیی سومەریی هاتە پێشەوە شوانکارە ڕەوەندەکان جارێکی تریش لە شاخەکانەوە سەرەو خوار بوونەوە... (هیتیت)ەکان بووبوون بەپێشەنگیان... تاڵان کەران، پەیتا، پەیتا، یەک لە دوای یەک، ئەهاتنە سەر خاکی سۆمەر (حوری)یەکان، پاش ئەوان (فریجی)یەکان، ئنجا (ئارامی)یەکان، لەناو خاکی (بابل)دا نیشتمانیان بۆ خۆیان دامەزراند... لەشکرەکانیان لە ژمارە نەئەهاتن، هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان گرتەوە. دوایی نەتەوەیەک لە دانیشتوانی دۆڵەکان، توانی بەسەر ئەم پشێوییەدا زاڵ ببێ ئەو نەتەوەیەیش (ئاشووری)یەکان بوون، کە خوێنی (سامی)یەکان بەناو دەمارەکانیاندا گڤەی ئەکرد ئەوانە لە دەشتی ڕووباری (دەجلە)دا نیشتمانی خۆیان دامەزراند ئەو دەمە ساڵی (١١٠٠)ی پ. ز. بوو. ئەوانە هۆگری چەند جەنگێکی وابوون، کە ئەیانویست، جیهانی کۆن هەمووی بخەنە ژێر چنگی خۆیانەوە.

## ئاوەدانی جەنگ و دڕندەیی

ئاشوورییەکان پەییان بەوەبرد کە بەئاوەدانی دەشتەکە هەموو شتێک نابڕێتەوە... پێویستە بشپارێزرێن وایشیان هاتە پێش چاو کە (هوروژم بردن لەهەموو خۆپاراستنێک چاکترە)... لەبەر ئەوە دەستیان کێشا بەسەر هۆزە کۆچەرەکانی ناوشاخەکاندا دەستکەوت و دەرامەتەکانیشیان خستە ژێر چنگی خۆیانەوە، کە هەندێک لەوانە دار و کان و بەردە بەنرخەکان بوون... دوای ئەوە بابل و سوریە و سامیرە[١] یان خستە ژێر دەستی خۆیانەوە... بەم ڕەنگە هەر لە لێواری زریی سپیی ناوەڕاستەوە، ئەو خاکانەیان داگیرکرد، تا گەیشتنە لێواری کەندەڵان (خلیج)ی فارسی[٢]... دوایی میسریشیان گرت... گالیسکە جەنگییەکانیان و ئەسپی شۆڕەسوارەکانیان و تیر و کەوانەکانیان لە هەر شوێنێک ببینرانایە، ترس و لەرز ئەکەوتنە دڵی دانیشتووەکانیانەوە!... ئاشوورییەکان دێهاتیان ئەسووتاند، دیلەکانیان ئەکوشت، سکی ئافرەتیان هەڵ ئەدڕی، نەتەوەکانیان ئەکرد بەدیل،

(١) سامیرە: ناوچەیەکە لە فەلەستین و شارەکەیشی هەر بەم ناوەوەیە؛ دەوروبەری ٨٨٠ پ.ز بنیاتنراوە، پایتەختی مەملەکەتی ئیسرائیل بوو، هیردۆس تازەی کردەوە و ناوی نا (سەبستیە)، بەدانیشتوانی ناوچەکە دەوترێ (سامیرییەکان)

(٢) کەندەڵان: ڕاستتر (کەنداو)



نەتەوەکانیشیان هەر بەجارێک دەر ئەپەڕاند و تەفر و توونا ئەکران!... ئاوەدانی ئاشوورییەکان بەتەنگ خوێن ڕشتنەوە زۆرتر بوو، لەوەی کە شت دابهێنێ و خاک ئاوەدان بکاتەوە!... ئاینەکەیشیان لەسەر بنچینەی پەرستنی خواکانی جەنگ دامەزرابوو... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا تا ئەندازەیەکی باش لە (ئەستێرە شوناسی) و (زانست)ەکاندا پێشکەوتن... هەرچی پزیشکایەتییەکەیان بوو، لەسەر بنچینەی ڕێکخستنی خواردەمەنی دامەزرابوو...

لە چاک کردنەوەی برینیشدا شارەزاییەکی زۆریان پەیدا کردبوو... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، هەندێ کاروباری جادووگەریی و نوشتکاریی پیاوە ئاییینییەکان، ئەو پزیشکایەتییەی بۆ ژۆکردبوو... ئاشوورییەکان پارەیان بەکار ئەهێنا کە لە مز (قورقوشم) دروست کرابوون و مۆری فەرمانڕەواییان پێوەبوو پەیکەرەکانیشیان گەورە گەورەبوون و هەر بۆ یادکردنەوەی جەنگەکان و ڕاوە نێچیر ئەتاشران.

ئەوەندە هەبوو گەورەیی و دەسەڵاتداریی ئاشوورییەکان پڕبوون لە دڕندەیی و دووریی لە ئاوەدان کردنەوەوە.

تەنانەت ئەوانە هیچ نووسراوێکیان نەخستە سەر نووسراوخانەکەی (نەینەوا)، کە یەکەم نووسراوخانەبوو لە مێژوودا و (سۆمەری)یەکانیش دایان مەزراندبوو ئاشوورییەکان هەر ئەوەندەیان بەس بوو کە بەسەر ڕابردووەوە بژین هیچیان نەخستە سەری.

ئەوکاتەیش کە تیا ئەژیان هەر بەکوشتار و دڕندەیەتییەوە ڕایان ئەبوارد!...

بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو، خاکەکەیان لە دەس چوو زۆر خۆماندووکردن، جەنگاوەرەکانیانی لە پەلوپۆخستبوو هەندێ نەتەوەی دەشتەکی، وەک (میدیایی)یەکان[١] و (شەممەری)[٢]یەکان هوروژمیان بردنە سەر.

خاکی (نەینەوا)یان داگیرکرد و (بابل)یشیان ئازاد کرد... ئیتر لەو ساکەوە، چەند نەتەوەیەکی تازە بابەت، بەناو دۆڵی دەجلە و فوراتدا جمەیان ئەهات و شەپۆلیان ئەدا!...

(١) میدی، میدیا: کەوتۆتە باکوری ڕۆژئاوای ئێرانەوە، دانیشتووەکانی بەمیدیەکان ناو دەبرێن و لە هەزارەی یەکەمی پ.ز لەو دەڤەرەدان، پایتەختەکەیان (ئەکباتان- هەمەدان)بوو کە لە ٥٥٦ پ.ز کۆرش داگیری کرد و لە ٣٣٠ پ.ز ئەسکەندەر گرتی کوردەکان نەوەی میدیەکانن.

(٢) شەممەر: کۆمەڵە هۆزێکی عەرەبن، لە نێوان سوریا و عێراقدا دەژین، بەڵام هەرچۆنێ بێ جارێ هێنانە باسی ئەمانە بۆ ئەو سەردەمە هێشتا زووە، نازانم، نووسەر چۆن ئەم ناوەی خستۆتە پاڵ میدییەکانەوە؟!

## ئاوەدانی دۆڵی ڕووباری زەرد

لە سایەی ڕووباری زەردەوە[1]، دەشتە پان و فراوانەکەی ناو خاکی (چین)، بووەتە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ بەرهەمی گەنم و گەنمە شامی و پاقلەی سۆیا... ئەو قوڕ و لیتەیەی کە ئەنیشتنە بن ڕووبارەکەوە، بنی ڕووبارەکە و ئاوڕێژی ڕووبارەکەیان بەرز ئەکردەوە تا گەیشتە ڕادەیەکی وەها مەترسی بکەوێتە سەر ئەو زەوییە نزمانەی کە لەملاو لەولای ڕووبارەکەوە درێژ بوونەتەوە بەڵام مرۆڤ وا ڕاهاتووە زەویی پڕ پیت و دەوڵەمەندیان پێ باشترە، بام مەترسی یشی تیابێ، لە زەویی نزم و بێ پیت، بام بێ وەییش بێ!.

ئەفسانەکانی چینی کۆنیش وا ئەگێڕنەوە کە (ڕووباری زەرد) لە دەمارە خوێنی (بان کو)، یاخود (ئادەم)، یان مرۆڤی یەکەم هاتووەتە دەرەوە، کە سەری بووە بەشاخ و چاوەکانیشی بوون بەمانگ و ڕۆژ!... ئەمیش ئەفسانەیەکی وەهایە کە هونەرمەندیی بوێژانەی لێ ئەوەشێتەوە.

چینییەکانیش سەردەمی (بان کو) ئەگێڕنەوە بۆ ساڵی (٤٧٩-٢٧٦)ی پ.ز. کەچی کەسانی وایش هەن ئەو سەردەمە ئەگێڕنەوە بۆ ساڵی (٢١٩-٩٦٢-٩٦)ی پ.ز. بەڵام هەر چۆنێک بێ ڕاستییەکەی، چینییەکان لەو باوەڕەدان کە مرۆڤ گەلێک کۆنترە و گەلێک نەژادترە لەوەی کە لە (تەوڕات)دا ناوبراوە.

هەرچی باوباپیرانی چینییەکانیشن، مێژوو ناسەکان و زاناکانی ڕۆژئاوا پێ لەوە نانێن کە خۆیان لە بنچینەدا نیشتەجێی چین بووبن. بەلای ئەوانەوە وایە کە ئەو باوباپیرانە لە خاکانی ترەوە ڕوویان کردووە بۆ چین... (هیرۆدۆت) بەلایەوە وابوو کە ئەم چینییانە لە خاکی میسرەوە گەیشتوونەتە ئەوێ بەلای عبرانییەکانیشەوە وایە کەچینییەکان لەبەرەی (حام)ن هەندێ لە مێژوونووسەکانیش گوتوویانە لە هیندستانەوە چوونەتە ئەوێ... بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە شوێنەواری چینییەکاندا هیچی وا نەدۆزراوەتەوە کە پێشانی بدات چینییەکان لە خاکێکی ترەوە چووبنەتە ئەوێ چونکە چین لە کۆنترین سەردەمی

---

(١) ڕووباری زەرد (یانگ تسی کیانگ): لە بەناوبانگترین و مەزنترین ڕووبارەکانی ئاسیایە لە وڵاتی چیندا، درێژی ٥٩٨٠کم، لە بانەکانی (تیبت)ەوە دێت و بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوا تا دەڕژێتە دەریای چینەوە، لێرەدا دەلتایەکی گەورەی هەیە کە ساڵانە قوڕ و لیتەیەکی زۆر لەگەڵ خۆیدا دێنێ، بەشادەماری ئابووری چینی دادەنرێ، لەو شارانەی وان لە گوێ ئەم ڕووبارە: تشونگ کینگ، هو، نانکین... گەلێ دەریاچەی وا لەسەر وەک: یانگ تونگ.



خۆیدا، کە تا ئێستا لەلایەن زانستەوە دۆزراوەتەوە، کە سەردەمی شاهەنشاهیی ناوەڕاستە، تاک و تەنیا ژیاوە و دووربووە لە جیهانەوە.

دانیشتوانی خاکەکەیش ئاوڕێژی ئەو ڕووبارە زەردەیان هەر پاک کردۆتەوە و، زانیویشیانە، لەپاش ئاودانی کشتوکاڵ، پاشماوەی ئاوەکەی چۆن بەکار بهێنن.

واتا ئەوانیش شێوەی کشتوکاڵ ئاودانیان زانیوە و، تۆویشیان چاندووە ئەو دەشتە کاکی بەکاکییەیشیان کردووە بەبەهەشت؛ پرتەقاڵ و لیمۆ و تۆوی تیا ئەڕوا.

پێش ئەمەی (مەسیح) لەدایک ببێ، بەهەشت سەد ساڵ، لە باشووری چینەوە برنجیان هێناوە بۆ لای خۆیان.

کرمی ئاوریشمیان بەخێو ئەکرد و لە ئاوریشمەکەیشی سیپاڵی ناوازەیان دروست ئەکرد واتا لەپێش ئەوروپادا، بەهەزار و پێنج سەد ساڵ، پیشەسازیی ئاوریشمیان زانیوە!... ژیانێکی کشتوکاڵی دامەزراویشیان بووە خانووەکانی خۆیان لە قوڕ و پووش دروست کردووە لەپێش لەدایک بوونی (مەسیح)یشدا بەدووهەزار ساڵ، لە هورووژمە جەنگییەکانیاندا ئەسپیان بەکارهێناوە ئەوان، ئەوە، لە مەغۆڵەکانەوە فێربوون... هەر نزیک بەو سەردەمە پیشەی کاشی دروست کردنیشیان زانیوە و، تیایشیا شارەزابوون دوای ئەوە کانی زەردیشیان ناسیوە، کە لەخاکی (سیبەریا)وە بۆیان هاتووە... لە پیشەسازیی زەرددا تەواو شارەزابوون زۆری پێ نەچووە، هەزار ساڵێک پێش لە دایک بوونی مەسیح یش، ئاسنیان دۆزیوەتەوە و بەهونەرمەندییەکەوە بەکاریان هێناوە جا ڕەنگە هەر لەم سەردەمەیشدا بووبێ، کە شتێکی وایان کردووە، کە کەس لەپێش ئەوانەوە نەی کردووە، ئەویش بەکارهێنانی ئەو خەلوزەیە کە لەبن زەویدا کۆبووبووەوە.

## ئاوەدانییە گەورەکەی چین

لەڕووی چالاکی هۆشیشەوە، چینییەکان بەوەوە ئەنازن کە لە پێنج هەزار ساڵ لەمەو پێشەوە ساز و ئاوازیان داهێناوە نزیکەی بیست و پێنج سەدەیش لەپاش ئەوە نووسینیان داهێناوە. نووسینەکەیشیان لەسەرەتادا بەهۆی پەتی گرێ دراوەوە نووسراوە دوای ئەوە بووە بەهێڵ کێشان لەسەر ئێسک و هێلکە شەیتانۆکە هەڵ کۆڵراوە دوای ئەوەیش گۆڕراوە و بووە بەوێنەی نیشانە پێشان دەر کە بەهۆی ئەوەیشەوە هۆگری کاروباری زانستی و کردەوەی وێژەیی بوون.

بەلێکۆڵینەوەی مێژوویشەوە زۆر خەریک بوون، بەڵام ئەوەندەی پەیوەندیی بەسەر ژیان

و نیشتمانی خۆیانەوە بووبێ هەرچی ڕابردووی خۆیانە لە چوار هەزار بەرگ نووسراوادا نووسیوویانەتەوە لە ژیانی (فوهی)[1]یەوە دەستیان پێ کردووە لەگەڵ هی ئەو پێنج شاهەنشاهەدا کە بەناوی بابەتە سەرەکییەکانەوە فەرمانداریبیان کردووە کە بریتین لە: (زەوی) و (دار) و (کان) و (ئاگر) و (ئاو)... ئەمانیش، ڕاستیت ئەوێ، بریتین لە نیشانە ئەفسانییەکان کە ئەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی پێش مێژوو...

ئەمەیش زۆر گرانە کە هەرچی مێژوویەکیان هەیە بچێتە مێشکەوە چونکە بریتییە لە گێڕانەوەی ناوی خێزانەکان و فەرمانداراەکان، کوشتارەکان و داونانەوە و فڕوفێڵبازیی ناو کۆشکی شاکان!. ئێمە هەر بەتەنگ ئەوەندەوەین کە بزانین شاهەنشاه (کوری ئاسمان)بووە کە سەرۆکی زرنگکاریی ئەو فەرمانڕەواییە بووە کە لەسەر یاسایەکی زەمینداریی ڕۆیوە بەڕێوە خاوەن دەسەڵاتەکان لەناو ئەو کۆشکانەدا ژیاون کە دیواری بڵندیان بووە. پاشماوەی نەتەوەکەیش، بەپێی کاروپیشەی خۆیان دابەش کراون بەپێنج چینەوە فەرمانڕەواییش ڕێک خستنی کاروباری ئاوی خستبووە ئەستۆی خۆی. هەندێ گژوگیای ئەویست بڕوێنرێن، بەربەستی ڕواندنی هەندێکیشی ئەکرد... زەوییەکانیش ئەو دابەشی ئەکردن بەسەر خاوەن کشتوکاڵدا. هەر خۆیشی سەرپەرشتی کاروباری چاندن و شینایی ئەکرد. هیچ شتێکیش لەئارادا نەبوو، کە ئەو خۆش گوزەرانییەیان لێ تێک بدات، خۆماتدانی هۆزە شوانکارە ڕەوەندەکان نەبێ لەو دیو سنوورەکانیانەوە هەندێ گومان لەوەدا هەیە کە چینییەکان بووبن لەپێشدا دەستیان کردبێ بەهوروژم بردن بۆ سەر ئەوانەی کە لەپشت دەشتە پان و فراوانەکەوە ئەژیان بەڵام هۆزە دڕندەکان زۆری پێ نەچوو، لە ساڵی (٧٧١)ی پ.ز.دا تەنگەتاویان کردن و ناچاریان کردن پایتەختەکەی خۆیان بگوێزنەوە بۆ ناو دەشتاییەکە.

بەڵام شاکاری ڕاستەقینەی چین ئەوەیە کە توانایەکی وای بووە، سەری پیاوی هێناوەتە سەرسوڕمان شاکارەکەیش بریتی بووە لەمەی: کە هەر هێرش بەرێک هاتووەتە ناو خاکی چینەوە، لەناو چیندا جێگیربووە و ماوەتەوە، بەڵام لەناو بۆتەی نەتەوەی چینیشدا تواوەتەوە و، لەشێوەی نەتەوەی چینیشدا داڕژاوە.

هەروەها زاڵ بووە بەسەر ئەو نەتەوەیەدا کە زاڵ بووبوو بەسەریا!...

---

(١) فوهی: ڕابەرێکی ئەفسانەیی و ئیمپراتۆر و یاسادانەرێکی چینییەکان بووە لە دەوروبەری ٣٣٠٠ ساڵ پ.ز.



## ئاوەدانی دوورگەی کریت

ئەوەندە هەیە ئاوەدانی هەر لەمەلاو لەولای ڕووبارەکانەوە پەیدابوون زرێکانیش دڵی مرۆڤیان کێش کردووە و هانەیان داوە بۆ وریابوونەوە و پێشکەوتن... جا هەروەک ئەوانەی دەشتەکانیان ئاوەدان کردۆتەوە، بوون بەخاوەن کشتوکاڵ، دانیشتوانی سەر لێواری دەلیاکانیش بوون بەکەشتییەوان... نوخشەی ئاوەدانییەکانی گوێ زرێیش لە دوورگەی (کریت)[1] دا پەیدابووە، کە بووەتە پردێک لەناوەند ئەوروپا و ئاسیا و ئەفەریکادا!...

چونکە لە نزیک ساڵی (٥٠٠٠) پ.ز.دا، چەند هۆزێک لە ناوچەی زرێی سپیی ناوەڕاستەوە ڕەویان تێ کرد و لەناو ئەم دوورگەیەدا گیرسانەوە بەسەر کۆمەڵە دوورگەکانی زرێی (ئیجە)[2] دەستیان کێشا و خستیانە ژێر چنگی خۆیانەوە؛ زۆری پێ نەچوو، لەگەڵ خوێنی هێرش بەرانی ئەو هۆزانەوە کە لە باکورەوە هاتبوون، ئارەزووی بازرگانی بەناو دەمارەکانیاندا هاتووچۆی کرد... ئەم هۆزانە ڕەسەنییان دەرنەکەوتووە... کریتییەکان لە دارشتنی زێڕ و زیو و مسی سووردا، واتا لە دەستکردی وردەکاریی ئەو کاتانەدا شارەزاییەکی هونەرمەندانەیان پەیداکرد...

لەگەڵ میسرییەکانیشدا ئاشنایەتییان دامەزراند، فێری هونەری نووسینیش بوون... جا کە سەردەمی زەرد دەرکەوت، کاروباری ئابووریی کریتییەکان کەوتە بارێکی تازەوە چونکە ئەم کانە، لە هەموو ناوچەی زرێی ناوەڕاستدا، هەر بۆ ئەوان تەرخان کرابوو.

کریتییەکان ئەمەندە هۆگری ئەم پیشەسازییە بووبوون، دەستە، دەستە مرۆڤیان ڕەوانە ئەکرد بۆ گوێ ئاوەکانی (یۆنانستان) و (ئیسپانیا)... ئەگەڕان بەدوای کانی (مز)دا کە لەوپەڕی باکورەوە ئەگەیشتە ئەو شوێنانە، ئەچوون بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی خۆیان لەگەڵ

---

(١) کریت یان (ئیقریتش): دوورگەیەکی یۆنانیە لە دەریای سپی ناوەڕاستدا پانتاییەکەی ٨٣٣٦کم٢، زنجیرە شاخێکی بەرز دەیبڕێ؛ تەریبە لەگەڵ کەناراوی باشووری، لە مەڵبەندە شارستانیە کۆنەکانی مرۆڤە، لە هەزارەی دووەمی پ.زدا چووە ئەوپەڕی پێشکەوتنی، بەڵام لەدوای سەدەی پانزەی زاینیەوە گلۆڵەی کەوتە لێژی، لەسەدەی (١٧)دا عوسمانییەکان گرتیان لە ١٩١٣ یۆنانییەکان گرتیانەوە، ئێستا بە ئاسەواری کۆن و زەیتون و شەرابەوە بەناوبانگە.

(٢) ئیجە: دەریایەکە لە نێوان یۆنان و تورکیادا، بەشێکە لە دەریای سپی ناوەڕاست بۆتەوە، کۆن (ئەرخەبیل)یان پی دەوت، تەنگاوی دەردەنیل دەیبەستێ بەدەریای مەرمەڕەوە، قووڵترین جێگای دەگاتە ١٣١١م.

ئەوانەدا ئەگۆڕییەوە بەمز و مسی سوور و دانی فیل... بەرهەمەکانی خۆیشیان بریتی بوون لە ڕۆنەکان و مەیەکان... لەباتی بۆنی خۆش و داری تەختە، زێڕ و مرواریان لە میسرییەکان ئەسەند... دەسەڵاتی ناو زرێیان تا ئەهات پەرەی ئەسەند.

ئاوەدانی کریتییەکان، لە پێشدا، هەر لەسەر کەناری ڕۆژهەڵاتدا پەیدا بووبوو دوای ئەوە ئاوەدانییەکە کشایە ناو ناوەڕاستی دورگەکەوە، کە لەوێدا کۆشکی (کنوسوس)[1] دروست کرا... بەڕێگایەکی شاهانەیشەوە کە ئەملاو ئەولای پڕبووبوو لە خانووی باخچەدار، نووسابوو بەکەناری باشووری دوورگەکەوە... زۆریشی پێ نەچوو کە خێزانی (کنوسوس) بەسەر هەموو سەرۆکەکانی کریتدا دەسەڵاتی پەیدا کرد... ئەوانەیش بوون بەفەرمانداری خاوەن زەوی ئەوانەیش وەک هەموو دانیشتوانی دوورگەکە ملیان بۆ یەک پێشەوا کەچ ئەکرد، کەهی هەموولایەک بوو دەسەڵاتی فەرماندار و سەرکردەی لەشکر و سەرۆکایەتی ئایینی گرتبووە دەست خۆی! تەنانەت یەکێک لەو پێشەوایانە، کەناوی (مینۆس)بوو، ئەمەندە بەچنگ و بەزەبر و زەنگ بوو، بای دامەزراندنی شاهەنشاهێتی یەک کەوتە کەللەیەوە، دەستی کرد بە پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەندێ خاکی ئەملاو ئەولای دوورگەکە!...

## ئافرەت ئەچێتە سەر تەخت

ئاوەدانی دوورگەی (کریت) بەوە جیا ئەبووەوە لە هی شوێنەکانی تر کە ئافرەتیش مافی هەبوو بچێتە سەر تەختی شاهی شێوەکانی ڕەوشت و خوو هەموو خاکەکەیان گرتبووەوە... کۆشکی شاهانەی (کنوسیۆس)یش بەچەشنی کۆشکی شاهانەی (ڤەرسای) کە لەوپەڕی خۆش ڕابواردنی دابوو، بووبووە پێشانگای جلوبەرگ و باوی تازە داهاتوو... لەناو ئەو کۆشکەدا گرەوی (شەترەنج) و، سەیران و، ئاهەنگی بەزموڕەزمو هەڵپەڕکێ ئەگێڕران و ئەکران... دیواری خانووەکانی کریتییەکان بەگەچی ڕەنگاوڕەنگماڵنج ئەدران و جوان ئەکران هەروەها بەوێنەیش ئەڕازێنرانەوە...

ژیانی ناو دووڕگەکە، هەمووی، پڕبووبوو لە ئاهەنگ و زەماوەند و خۆش ڕابواردن... بەڵام ئەو هۆزە دڕندانەی کە لە دەمێکەوە دەستیان بەسەر خاکی (یۆنان)دا کێشابوو لە

(١) کنوسوس: شارێکی کۆنە لە دوورگەی (کریت)، پایتەختی بنەماڵەی (مینویە) بووە، لەسەدەی (١٦) پ.ز.دا پێشکەوتنی گەیشتە ئەوپەڕی، گەلێ جار تووشی بوومەلەرزە بووە، (ئاخیەکان) لە ١٣٨٠پ.ز.دا کاولیان کرد، لە قەشەنگترین پایتەختەکانی دنیای دێرین بووە.



دوورەوە چاویان بڕیبووە خاکی (کریت)... ئالۆشی داگیرکردنی (کریت)یان کەوتبووە لەشەوە... ئێمە ناتوانین بەتەواوەتی، ئەوە بڵێین، کە ئەوان بوون بەهۆی سووتاندنی ژمارەیەکی زۆر لە کۆشکەکانی ناو دوورگەکە... بەڵام هیچ گومانمان لەوەدا نییە، کە سەرەو ژێرکردنی کۆشکی (کنوسیۆس) و تالآن کردنیشی ئۆبالیان بەئەستۆی ئەوانە... ئیتر هەر ئەوەندەبوو، لە ساڵی (١٤٠٠)ی پ.ز.دا ئەو شاهەنشاهێتییە نەما و لەناو چوو!...

## ئاوەدانی فنیکەییەکان

لەساڵی (١١٠٠)ی پ.ز.دا ئاوەدانی فنیکەییەکان[1] پەیدا بوو ئەمیش وەک ئاوەدانی کریتییەکان هی گوێ زرێ بوو... ئەو کەنارانەی لێیانەوە هاتبوونە ئەوێ چۆڵ و هۆڵ بوون... بۆیەکا بەجێیان هێشتبوون، کە بەدوای نانی سکی خۆیاندا ئەگەڕان... ئەمانە لە نەوەی (سام) بوون، کە کوڕی (نوح) پێغەمبەربوو... ڕەوشت و خووەکانی شوانکارەییەکەی خۆیان، لەگەڵ خۆیاندا گواستبووەوە ناو زرێ کان... خاکەکەی خۆیشیان هیچ نەبوو ئەوە نەبێ، کە کردبوویان بەبنکەیەک، لەوێوە دەستیان ئەکرد بەجەربەزەییەکانی خۆیان... شارەکانی (سوور) و (سەیدا)یان کردبوو بەدوو بنکەی خۆرشت و کەلوپەل وەرگرتن و خۆ ئامادەکردن، ئنجا لەویانەوە دەستیان ئەکرد بەگەشت و کۆچەکانیان هەردوو شارەکەیش ناحەزی یەکتربوون بەربەرەکانییان لەگەڵ یەکتردا ئەکرد... هیچ شتێکیش لەئارادا نەبوو کە بیانکات بەیەک، ئەوە نەبێ کە هەردوولایان بەپەرۆشەوە بوون بازرگانی ناوچەی زرێی ناوەڕاست تەرخان بکەن بۆ خۆیان، لەگەڵ هەندێ ڕێککەوتنی ئابووریی و، یەکێتیی پەرستنی خوایەکان کە (عەشتە رووت)، خوای مانگ و دەلیا) و (میلکارت)، پاڵەوانی سەر لێ شێواوی گەڕۆک بوو... هەردوو شارەکە لەوەدا یارمەتی یەکتریان دا کە کۆمەڵە کەشتییەکی گەورە دروست بکەن بۆ بازرگانی، کە تەختەکانی لە داری (ئورز)ی لوبنانی و، پەردەکانیشی لە ئاوەڕێسی لۆکەی میسری دروست کرابوون...

(١) فنیکەییەکان یان (فینیقیەکان): دانیشتوانی فینیقیان کە بریتییە لەو وڵاتەی کەوتۆتە کەناراوی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست، لە ئاوەڕۆی ڕووباری (العاصی)یەوە لە باکور هەتا (رأس الناقورە)ی لوبنان لە باشوور، شارە گرنگەکانی: عەککا، صور، صەیدا، بەیروت، جوبەیل (بیبیلۆس)وە تەرابلوس، دوایی ئەم ناوە بڕرا بەسەر دوو دەڤەری ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی کە بریتی بوون لە: فینیقیای سەر دەریا، پایتەختەکەی شاری صور بوو، فینیقیای لوبنانی، پایتەختەکەی دیمەشق بوو.

## بلیمەتەکانی بازرگانی

فنیکەییەکان دەستیان کرد بەگەشت بەناو شەپۆلی دەریاکاندا، بازرگانی بەندەکانیان ئەکرد چینی و کاشییان لە دوورگەکانی (ڕۆدس) و (کریت)ەوە ئەهێنا (ڕۆن) و (هەنجیر) و (مەی)یشیان لە یۆنانستانەوە ئەهێنا.

یاقیق و گۆگردیشیان بەخاویی لە دوورگەی (سجلیا)وە کێش ئەکرد لە ئیسپانیاوە زیو، لە (ئەندەلوس) یاخود دوورگەکانی (کاسیتیرید)یشەوە، کە زۆر لە ئینگلتەرەوە دوورنەبوون، مزیانی ئەهێنا... تەنانەت زریێ گەورەکەی ئەتلەسییشیان بڕیبوو ئەڵێن بەچوارلای ئەفەریکایشدا سووڕابوونەوە پێش دۆزینەوەی لوتکەی هیوای بەکار[*] بەدوو هەزار ساڵ، بەوێیشدا تێپەڕیبوون! ئەوانە لە ڕووت کردنەوەی کاروان و داگیرکردنیش کۆیان نەئەکردەوە بەڵام لە داگیرکەرییەکەیاندا هەردەستیان بۆ ئەو بەندەرانە ئەبرد کە لەسەر کەناری زریێ کان بوون. بەتەنگ ئەوەوە نەبوون کە لەوەپاش بەناو ئەو خاکانەدا بچنە ژوورەوە ئەوان هەر ئەوەندەیان بەس بوو، کە ئەو شارانەی لەسەر گوێ ئاوەکان بوون بیانکەن بەئیستگەیەک بۆ خۆیان بیانکەن بەبنکەیەک هەروەها ماوەیەکی وایشیان پێ بدرێ کە بازرگانییەکەیان لە خراپەی بەربەرەکانێ بپارێزن.

لەناو ئەو هەموو خاکانەدا کە درێژبووبوونەوە بەلێوارەکانی زریێ ڕەشەوە تا ئەگاتە کەنارەکانی دەریای گەورەی ئەتلەسی (کارخانە)یان دامەزراندبوو هەروەها شاری (کارتاجە)یشیان لە ساڵی (٨١٤)ی پ.ز.دا. لەسەر کەناری باکوری ئەفەریکا دروست کرد ئەوەبوو لەدوای فنیکەییەکان ئەم شارە گەورەیی و زرنگکاریی ئەوانی بۆمایەوە هەروەها توانییان یاسایەک بۆ ژمارەکان دابنێن بەڵام نین یاخود هیچ (صفر)یان لە یاساکەیاندا ناو نەبردبوو هەروەها لە پیتەکانی ئەلف و بێی فیرعەونییەکانەوە شێوەیەکی نووسین یان داهێنابوو کە بریتی بوو لە (٢٢) ژمارە بەڵام زۆری پێ نەچوو، هێزەکانی (ئاشووری)یەکان، بە جەنگ پرزەی هێزە جەنگییەکانی ئەوانیان بڕی پشتیان شکاندن.

شاری (سەیدا)یان گرت و ئاگریان تێ بەردا و سووتاندنیان دوای ئەوان (ماکدونی)یەکانیش، لەپێش لەدایک بوونی (مەسیح)دا بەنزیکە (٦٧٧) ساڵ هێرشیان هێنایە سەر فنیکەییەکان و لەناویان بردن... لەگەڵ ئەوەیشدا بیروباوەڕەکانیان و ئاوەدانییەکەیان، هەرمانەوە، لەناو نەچوون.

---

[*] لوتکەی هیوای بەکار= (رأس رجاء الصالح) -وەرگێڕ-



## پەلاماردانی هۆزە کۆچەرەکان و پەیدابوونی نەوەی ئیسرائیل

بەڵام زۆری پێ نەچوو ئاوەدانییەکانی ناو دۆڵەکانی ڕووبارەکان و کەنار ئاوەکان، بەهۆی دوژمنایەتی ناو خۆیان، یاخود هوروژمی شوانکارە کۆچەرەکانەوە کەوتنە کزیی... هەتا ئەهات ئەوانە زۆرتر دەسەڵاتیان ئەسەند دوایی بوون بەنیشتەجێی ئەو دەشتانە و دەستیان کرد بەدامەزراندنی شاهەنشاهێتی تازە و ئاوەدانی نوێ.

ئەمانەیشیان لەسەر کەلاوەکانی ئەو ئاوەدانی و شاهەنشاهێتییانە دائەمەزراند کە خۆیان، بەهۆی دڕندەیی خۆیانەوە لەناویان بردبوون... دوایی بوون بەباوکانی جیهانێکی نوێ...

زاناکانی ڕەگەزەکانی مرۆڤ، خۆیان زۆر ماندوو کرد بۆ ئەوەی نیشتمانی ڕاستەقینەی ئەو هوروژم هێنەرانە بزانن.

وایان بۆ دەرکەت ئەوانە لە چەند نیشتمانێک و لە چەند ڕەگەزێکەوە هاتبوونە ئەو جێگایانە هی وایان تیابوو لە خاکی حەبەشەوە هاتبوونە ئەو شوێنانە هی وایشیا تیابوو لە خاکی مەغۆڵەوە هاتبوون... بەڵام تەنیا دوو ڕەگەز لەوانە کاریان لە مێژووی مرۆڤایەتی کرد: یەکێکیان (سامی) بوو، ئەوی کەیشیان (هندیی ئاوروپایی).

هەرچی (سامی)یەکان بوون لە خاکی عەرەبدا پەیدا بووبوون یاخود بەجۆرێکی دیاردیی کراو لە خاکی فەلەستیندا پەیدابووبوون ئەویش لەپێش لە دایک بوونی (مەسیح)دا بەسێ هەزار ساڵ ئەوانە بەناو هەموو لایەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاوبوونەوە لەشێوەی ڕەوەند و ئاوارەدا ئەهاتنە ئەو خاکانەوە، نەک لەشێوەی پەلاماردان و شەڕوشۆڕدا... هاتنەکانیشیان، پەیتا، پەیتا و یەک لەدوای یەک بوون... لە ژووررووی سوریەدا جێگیربوون دوای ئەوە هاتنە خوارەوە بۆ ناو دۆڵەکانی دجلە و فوڕات.

هی وایشیان تیابوو لەناو (سۆمەری)یەکان جێ گیبربوون لەوانیشەوە فێری ئاوەدانی بوون... هەندێکیشیان لەژێر سەرکردەیی پێغەمبەر (ئیبراهیم)دا لە خاکی (کلدان)ە وە خۆیان گەیاندە خاکی (میسر) لەتاو برسێتی هوروژمیان بردەسەریان ئەوەدەمە ساڵی (٢١٠٠)ی پ.ز. بوو!!

دوورنییە هەندێکیش لەوانە یارمەتیی (هیکسۆس)ەکانیان دابێ و پێکەوە خاکی میسریان تاڵان و داگیرکردبی هەروەها (سامی)یەکان کەوتنە ناو (ئاشووری)یەکان و فینکەییەکانەوە، تێکەڵیان بوون... (ئارامی)یەکانیش کە پەلاماری چەند خاکێکی پان و

فراوانیاندا لەناوچەی زرێی سپیی ناوەڕاست و ناوچەی دۆڵی فوڕاتدا، لە ساڵی (١٥٠٠)ی پ.ز.دا. دیسانەوە لە (سامی)یەکان بوون... هەروەها (جوولەکە)کانیش لەسامیەکان بوون... نووسراوی (تەورات)یش چیرۆکی زۆری تیایە لە بابەت ئەو کۆچەرانەوە کە سووڕاونەتەوە بەناو زەویدا، لەم سەرچاوەی ئاوەوە گواستوویانەتەوە بۆ ئەو سەرچاوەی ئاو... لەم لەوەڕگاوە گواستوویانەتەوە بۆ ئەو لەوەڕگا... خواکانی شوانکارەکانیشیان کردووە بەگەورەی خۆیان، کە یەکێک لەوانە (گوێرەکە)یە، چ لە زێڕ دروست کرابێ، چ لەبەرد... یەکێک لە کوڕەکانی پێغەمبەر (ئیبراهیم)یش کە ناوی (یەعقوب) بووە و پاش ناوی (ئیسرائیل)یان بۆ داناوە، دەستی کردووە بەڕەو، لە خاکی (کەنعان)ەوە گواستوێتییەوە بۆ دۆڵی (نیل) بەڵام نەتەوەکەی لەم ڕەوە کەڵکێکی ئەوتۆیان دەست نەکەوتووە ئازاریان زۆردراون وەک بەندە لەگەڵیان جووڵانەتەوە دوایی ناچاربوون لەو دۆڵە جیاببنەوە لەگەڵ (موسا) پێغەمبەری سەرکردەیاندا... ماوەیەک لەناو چۆڵ و بیاباندا گێژیان خواردووە. پاش ئەوە گەیشتوونەتەوە خاکی (کەنعان)...

بەڵام لەوساکەوە کە خوا لەسەر کێوی (سیناء) قسەی لەگەڵ (موسا) کردووە، جوولەکان وازیان لە خواکانی خۆیان هێناوە ئیتر هەر خوایەکیان پەرستووە و ناسیووە.

ئەو نەوەی ئیسرائیلانە، یەکەم نەتەوەیەک بوون، کە باوەڕیان بە یەکەم ئاینێکی ئاسمانی هێناوە ئەوەندە هەبوو ئەم (نەتەوەی هەڵ بژێراو)ە، زۆری نەخایاندووە، ناکۆکی و جوێ بوونەوە کەوتووەتە ناویانەوە لەسەدەی دەیەمی پێش زاینیدا کوشتنی ئەمو ئەو گەلێک شۆڕش لە ناویاندا ڕووی داوە پاش ئەوە (ئاشووری)یەکان نەوەی (سامرە)یان لە خاکەکەی خۆیان دەرپەڕاندووە و، لە ساڵی (٧٣١)ی پ.ز.دا نیشتمانەکەیان داگیرکردوون دوای ئاشوورییەکانیش (بابلی)یەکان هەڵیان کوتاوەتە سەریان، لە ساڵی (٥٨٧)دا پ.ز. جوولەکەکانیان گرتووە بەدیل و تەفر و توونایان کردوون کاتێکیش بۆیان لوا و گەڕانەوە (فەلەستین)، یەک لەدوای یەک هێرشیان هێنرایە سەر و خاکەکەیان داگیرکردنەوە ماکدونیاییەکان و سوریەییەکان و ڕۆمانەکان بوونەتە گەورەی خاکەکەیان... جوولەکان، لەگەڵ ئەو هەموو شۆڕشانەیشدا کە ئەیان کرد، ڕەنجیان بەبا ئەچوو...

پەرستگا پیرۆزەکەیان ڕووخێنرا و سەرلەنوێ تەفر و توونا کرانەوە... چوونەوە سەر دۆخی جاران... هەروەک هۆزەکانی پێشووی خۆیانیان لێ هاتەوە: بوونەوە بەکۆچەر، لەم شارەوە ئەیانگواستەوە بۆ ئەو شار، لە هیچ شوێنێکدا جێیان بەخۆیان نەئەگرت و دانە ئەمەزران...



## نەتەوەکانی ئەوروپا ئەچنەوە سەر ڕەگەزی هیندی

بەڵام هیندییە ئەوروپاییەکان، لە سامییەکان زۆرتر سەرکەوتن لە دەست کەوتنی نیشتمانێکی تا سەردا، لەگەڵ ئەمەیشدا نیشتمانی کۆنی ئەوانە تا ئێستا نەزانراوە بەلای هەندێکەوە وایە ئەوانە لە بانی (پامیر)دابوون بەلای هەندێکیشەوە وایە نیشتمانی کۆنیان (تورکستان) یاخود (سیبەریا)بووە... هەندێکیش گوتوویانە ئەوانە لەپێشدا لەسەر کەنارەکانی زرێی (باڵتیک)، یاخود لە دەشتەکەی ئەڵمانی پۆڵەندەیی، یان لە دۆڵی ڕووباری (دانووب)دا بوون... بەڵام لەهەموویان پەسەندتر ئەو باوەڕەیە، کە ئەوانە لەپێشدا شوانکارە بووبن و کۆچەر، لەخوارووی خاکی ڕووسیادا بووبن، لە ناوەند ڕووباری (دینیەپەر) و (ڤۆڵگا)دا.

ئەویش لە ساڵی (٣٠٠٠)پ.ز.دا دوورنییە کە لەناوەند زێی (دانوب) و شاخی (ئۆڕاڵ)دا بڵاوبووبنەوە... ئەوانە لە ئەسپ ڕام کردندا، لە بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات و ئاژەڵیشدا دەستێکیان هەبوو... پیشەسازی ناوماڵیشیان کردووە، ئەوەندەی کە فری بەو ژیانەوە بووە وەک پیشەسازیی شیر و خوریی و هەنگوین... ئەوانە جووتیشیان بەکارهێناوە لە کێڵانی زەویدا... خانووی وایشیان دروست کردووە بۆ خۆیان، کە شێوەیان درێژکۆڵەبووە لە شێوەی خێزان و هۆزیشدا کۆمەڵەیان بەستووە ئەوانە بەپێچەوانەی جوولەکەکان پێیان ناوە لە جیاوازیی ناو کۆمەڵایەتی...

لە نووسین شارەزانەبوون... ئاشنایەتییان لەگەڵ زێڕوزیودا نەبووە... تەنانەت کەکانی مسیشیان دۆزیوەتەوە چەکێکی کوشندەیان لێ دروست کردووە لەشێوەی (تەور زین)دا بووە ئەم چەکەیان لە جەنگی پەلامارداندا بەکارهێناوە بەسەرپشتی ئەسپە ڕام کراوەکانیانەوە داویانەتە غار و دەرپەڕیوون ئەو خاکە ساردانەیان بەجێ هێشتووە و ڕەویان کردووە بۆ خاکە گەرمەکان، کە ڕۆژیان لێ ئەدات...

ئەودەمە ساڵی (٢٥٠٠)ی پ.ز. بووە...

ڕەوەکەیان گەیشتووەتە خاکەکانی (باڵکان)و ئاسیای بچووک لەوێشەوە سەر بەرەوخوار بوونەتەوە بۆ ناوچەی زرێی سپیی ناوەڕاست و کەنارەکانی زرێی هیندی... بەڵگەیش لەسەر ئەوە هەیە ک ئەوانە بەناو ڕێگایەکی وادا ڕۆیشتوون کە بەناو خاکەکانی (تورکستان) و (قەفقاس)دا تێ ئەپەڕێ تا لە ساڵی (٢١٠٠)ی پ.ز. دا گەیشتوونەتە (بۆسفور)... جا بەهۆی ئەم کۆچە دووروودرێژەوە کە کردوویانە، پۆل پۆل لە یەکتر

جیابوونەتەوە هەروەها بەهۆی جێ گیر بوونیشیانەوە لەناو ئەو خاکانەدا کە گەیشتوونەتە ناوی، ڕەوشت و خوو و زمانەکانیان لە یەکتر جوێ بوونەتەوە... لەساڵی (٢٠٠٠)ی پ.ز.دا نەتەوەیەکیان لە خاکی (یۆنان)دا جێ گیربووە، پێیان گوتوون (ئاخیان) زۆریشی نەخایاندووە، ئەمانە دوورگەکانی کریت و ناو زریێی (ئیجە)یان گرتووە.

لەساڵی (١٢٠٠)ی پ.ز.یشدا (سیمەری)یەکان و (سیثی)یەکانیش دەشتەکانی ڕووسیایان کردووە بەنیشتمانی خۆیان هەندێک لەوانەیش گەیشتوونەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (هیتیت)یەکان شاری (بابل)یان لە ساڵی (١٣٠٠)ی پ.ز.دا داگیرکردووە... کەچی (ئاری)یەکان ڕوویان کردۆتە دۆڵی (ئەندوس) (تراس)یەکان و (فریج)یەکان لە ساڵی (٥٠٠)ی پ.ز.دا داگەڕاونەتە خوارەوە بۆ ئاسیای پچووک و سووریا (مید)یەکان و (فارس)ەکانیش لە ساڵی (١٢٠٠)ی پ.ز.دا پەلاماری زەوییەکانی ناوەند دەجلە و فوراتیان داوە، هەرچی پاشماوەی خاکی شاهەنشاهیی ئاشووریەکانیش بووە داگیریان کردووە... هەروەها، لە ساڵی (٦١٢)ی پ.ز.دا (سلاڤ)ەکان و (جەرمان)ەکان و (سەڵت)[1]ەکانیش، بەسایەی چەکە ئاسنینەکانیانەوە لە دەستەکانی ئەوروپادا بڵاوبوونەتەوە ئا بەم ڕەنگە هیندییە ئەوروپاییەکان ئەم هەموو ناوچانەیان خستوەتە ژێر دەستی خۆیانەوە، هەر لە کەناری زریێی ئەتڵەسییەوە تا ئەگاتە سەر کەناری ڕووباری (گانگز) ئەودەمە ساڵی (٥٠٠)ی پ.ز. بووە... ئیتر لەوانەوە، بنچینەی هەموو نەتەوە گەورەکان هاتووەتە خوارەوە...

***

ئێمە لەم بەشەدا، لە مێژووی (جیهانی کۆن) بووینەوە لە بابەت ئاوەدانییە جوێ جوێکانییەوە دووایین، وەک ئەو ئاوەدانییانەی کە لە دۆڵەکانی (نیل) و (دەجلە) و (فورات) و (ئەندۆس) و (ڕووباری زەرد)دا پەیدابوون.

هەروەها وەک ئەو ئاوەدانییانەی کە لەسەر کەنارەکانی زریێی سپی ناوەڕاستدا پەیدابوون... لەبابەت هاتنەخوارەوەی شوانکارە کۆچەرەکانیشەوە قسەمان کرد، کە لە ئاسیاوە ڕوویان کردووە بۆ ئەوروپا و بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست... لەمەو دوایش لە بەشێکی تازەی مێژووی کۆن ئەدوێین، کەپێی ئەڵێن: (سەردەمی گریک)...

(١) سەڵت: زمانی سەڵتیەکانە، کە ئەوانیش نەتەوەیەکی هیندو جەرمانین کە لە ئەوروپای ناوەڕاستدا جێگیربوون و دوایی لەگەڵ گەلانی ڕۆمانیدا تێکەڵبوون.



## سەردەمی گریک (نەژادی ڕەگەزی یۆنانی)

لەپارچە زەوییەکی بچووکدا کە کەوتوەتە دامێن شاخەکانی باڵکانەوە و خۆی ئەگەیێنێتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست، واتایەکی هەرە بڵند لەبابەت ژیانی پێشکەوتووانەوە بەمرۆڤ دراوە ئەو خاکە (یۆنانستان)ە، کە بریتییە لە خاکێکی شاخاویی هەژار، بەڵام خاوەنی زەوییەکی پڕپیتە بۆ کشتوکاڵ هەرچەندە زۆربەی کەرەستە خاوەکانی تیانییە، بەڵام زریێی سپی ناوەڕاست تۆڵەی ئەوەی بۆ کردوەتەوە، کە بەهۆی ئەوەوە ڕۆڵەکانی یۆنانستان توانیویانە وەک: بازرگان و کەشتییەوان و تالان کەری ناو زریێ[1] بێنە ناو مێژووەوە!...

خاکی یۆنان وەک بۆتەیەک وابوو، چەند ڕەگەز و تیرە و خوێنێکی تیا تووابووەوە لەمانەوە نەتەوەیەکی وا پەیدابوو کە ڕەگی یەکەم ئاوەدانی لەناو ئەوروپادا داکوتا.... لە ساڵی (٢٠٠٠)ی پ.ز. دا (ئاخایان[2]) و (پەلاسجی) هەبوون... دوای ئەوان (ئەیولیان)[3] و (یۆنان)یش هاتنە ناوەوە... ئەمانە لە هۆزەکانی هیندیی ئەوروپایی بوون... زۆری پێ نەچوو (دووریان)[4]یش هاتنە ناوەوە، کە پەلێک بوون لە هۆزەکانی باکور ئەمانە بەسەر هەموو هۆزەکان و ڕەگەزەکانی پێش خۆیاندا زاڵ بوون چنگیشیان گرت بەسەر هەموو خاکەکە و دانیشتوەکانی دا لە (ئیسپارتە)دا ئەمە ڕوویدا لەبەر ئەوە دانیشتوەکانی پێشین، ناچاربوون، ڕەویان کرد، خۆیان لێ دوور خستنەوە (ئاخایان)ەکان پەنایان بردە بەر زریێ دەستیان کرد بە داگیرکردنی کەنارەکانی زریێی سپیی ناوەڕاست و

(١) تالان کەری ناوزریێ: (قراصنة البحار).

(٢) ئەخایان: کۆنترین نەتەوەی گریکەکانە لە هەزارەی دووەمی پ.ز.ەوە، لە١٤٥٠پ.ز پاماڵی شارستانی کریتیان کرد، لە نێوان ١٤٠٠ بۆ ١٢٠٠ پ.ز شارستانییەتەکەیان برەوی سەند، بەڵام کە (دووریان)ەکان سەریان هەڵدا، بەختیان کەوتە کزی.

(٣) ئەیۆلیەکان: لە نەتەوە کۆنەکانی یۆنانن، چەند تیرەیەکی هێلینی بوون لە باشووری یۆنان، لەبەردەم لێشاوی (دووریان)ەکاندا ئەمان کشانەوە، دوایی لە کەناراوەکانی ئاسیای بچووکدا گیرسانەوە و نیشتەجێ بوون.

(٤) دووریانەکان: نەتەوەیەکی ئیندو ئۆروپی بوون کە لە هەزارەی دووەمی پ.ز دا یۆنانیان گرت، لە ١٢٠٠پ.ز دا یۆنانیان گرت، لە ١٢٠٠پ.ز ئەخایانەکانیان دەرپەڕاند و تسالیا و کریت و دوورگەکانی سیکلادیان داگیرکرد، هەتا پەلیان هاویشتە ئاسیای بچووکیشەوە، بەنەتەوەیەکی شەڕانگێز ناویان دەرکردبوو.

ئاسیای بچووک لەناو مێژووناسەکانیشدا کەسانی وا هەن کە باوەڕییان وایە (شەڕی تروادە)، ڕووی نەداوە، بەڵام بریتییە لە هەڵبەستێکی پڕ ئەندێشە، لەو زۆرانبازییەوە وەرگیراوە کە لەناوەند دانیشتوانی ئەو خاکانە و ئەو تاڵان کەر و داگیرکەرانەدا ڕووی داوە کە لە (ئاخابان)ەوە هاتوون، لەژێر سەرکردایەتی (ئاگامەمنون)دا، کە لەساڵی (١١٨٠)ی پ.ز.دا گەیشتوونەتە ئەوێ دوورنییە چیرۆکی (ئەسپی تروادە)یش هەر بریتی بووبێ لە نیشانەیەک بۆ دەست پێ کردن بە بەکارهێنانی ئەسپ لە جەنگا و دەرکەوتنی شۆڕە سواران چونکە ئەودەمە وا باوبوو کە جەنگاوەرەکان یان بەپێ بڕۆن، یاخود بە گالیسکەیەکی وەها کە ئەسپ ڕایکێشێ.

جا لەڕووی ئەم جووتە ڕەوەوە: ڕەوی(دوریان) کە هاتنە ناو خاکی یۆنانەوە و گرتیان لەگەڵ ڕەوی نیشتەنییەکانی پێشووی یۆنان کە بەناو پانایی و درێژایی زریی (ئیجە)دا بڵاوبوونەوە، چەند شارێک پەیدابوون، کە زۆریان پێ نەچوو بوونە بنکەی بازرگانی، وەک (ئیزمیر) و (ساموس) جا لاوەکان و ڕاکردووە زرنگ کارەکان، بۆ هەر کوێیەک ئەچوون، لەم پەڕ و لەو پەڕی جیهاندا، ڕەوشت و خووی نەتەوەیی و زمانەکەی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا ئەبرد زۆریشی نەخایاند، کەشتییەوانەکانی (گریک)، شاهەنشاهیی رووخاوەکەی فنیکەییەکانیان داگیرکرد لە چوونە ڕۆژ هەڵاتیاندا شاری (بیزەنتە)یان دروست کرد، کە ئەودەمە (٧٠٠)ی پ. ز بوو دوای ئەوە بەناو گەرووی (بۆ سفۆڕ)دا تێپەڕین و دەستیان کرد بەشار دامەزراندن لە ناوچەی زریی ڕەشدا لە هێرشەکانی باشووریشیاندا گەلێک بنکەی بازرگانییان لە میسردا دامەزراند، لە ساڵی (٦٥٨)ی پ.ز. هەروەها لە (لیبیا)یشدا بنکەیان دامەزراند بەڵام لە ڕۆژئاوادا لە ساڵی (٦٠٠)ی پ. ز.دا دوورگەی (سجیلیا) و خاکی ئیتالیایان داگیرکرد کە لەوێدا شاری (پار ثینوب)یان دروست کرد، کە لەوە پاش بەناوی (ناپۆلی)یەوە ناوبانگی دەرکرد هەروەها شاری (مارسیلیا)یان دامەزراند کە لەوەپێش فینکییەکان شوێنەوارێکیان تیا دامەزراند بوو. ئەمیش دوایی ناوەکەی گۆڕراو بوو بە(مارسیلیا)...

گریکییەکان، لە تەوژمی بازرگانییەکەیاندا، گەیشتنە (ئیسپانیا) ئەودەمە ساڵی (٤٠٠)ی پ.ز. بوو ئەوانە هەرچەندە پارەیان زۆر دەست ئەکەوت، بەڵام ئەو بێگانانەی کە کڕین و فرۆتنیان لەگەڵدا ئەکردن، لەوانە زۆرتریان دەست ئەکەوت، چونکە لەوانەوە شارستانێتی فێربوون!...



## پەیدابوونی شارەکانی یۆنان

بەڵام لەخاکی یۆنان خۆیدا، گوندەکان گەورەبوون و بوون بەشار، لەشاری (کورنثە)دا نیشانەی پایتەختی تەواو دەرکەوت.

ئیجینا)یش گەشەی کرد و وەک پارەگاێکی بازرگانی لێهات[1]. (کیوس) بوو بەبازاڕی بەندە فرۆشتن، (بیرا)یش بووە کۆگایەک بۆ ئەو کەلوپەلانەی کە لە دەرەوە ئەهاتنە خاکی یۆنانەوە هەرچی ناوچەکانی ناوەوەیش بوون، هەروەک خۆیان بێ دەنگ و سەنگ و بێ جووڵە مانەوە، تەنانەت شاری (ئەثینا) هەرسێیەکی پێویستیی خۆی لە گەنم بۆ بەرهەم ئەهێنرا باخە هەنجیر و زەیتونەکان و هەنگەڵانەکانیش بەشی ئەوەیان نەئەکرد کە سامانێکی ئەوتۆیان دەست بخەن هەرچی پیشەسازییش بوو، لەناو گریکەکاندا سەرەتایی بوو پیشە سازەکان دەستی خۆیان و چەند کەلوپەلێکی ئاسنینی کاریان بەکارئەهێنا، لەگەڵ نوێڵی دار و مووشەدەمەی لەپێست دروست کراودا...

ڕێگاکانیش، هەروەها، سەرەتایی بوون، هێشتا تەخت نەکرابوون کەلوپەلەکانیش لەسەر پشتی کەر و ئێستر ئەگوێزرانەوە جا لەبەر ئەوەی کە ڕام کردنی گیانلەبەران هێشتا سەرەتایی بوو جاری وا هەبوو، مرۆڤەکان گالیسکەکانی گواستنەوەیان کێش ئەکرد... یۆنانییەکان لە زستاندا خۆیان لە قەرەی کۆچکردنی ناو زریێ نەئەدا هەروەها لەشەویشدا وایان ئەکرد...

کەشتییەوانەکان کەوتبوونە ژێر چنگی باوە هێشتا فێری ئەوە نەبووبوون کە کەشتی ئاراستەیەکی تەواو و دامەزرا و بکەن جا لەبەر ئەوە بەتەنگ ئەوەوەبوون کەکەشتییەکانیان. گران بار نەکەن بەڵام داماویی ناچاری کردن فێری بەکارهێنانی چەند سەوڵێکی زۆربن، لە کەشتییەکدا ئیتر لەو ساکەوە ئاوەدانی و پێشکەوتوویی گریکییەکانیان بەسەر پشتی ئاوەوە هەڵ ئەگرت و ئەیانبرد بۆ گشت لا.

## تۆوی سەرئەنگرێ بوونی فەرمانڕەوایی گریکەکان

ئەوەندە هەبوو، ئەو گریکییانەی کە خوا ئەو هەموو ناز و جیازانەی پێ بەخشیبوون، هەندێ کەموکووڕیی و کردەوە نەنگی سامناکیشیان هەبوو چونکە ئەوانە هەر دزنەبوون، درۆزن و و چەواشەکاریش بوون!... ئەوانە هەر لەخۆیانەوە زرنگ کاربوون جاری وایش

(١) پارەگاهێکی بازرگانی: بازاڕیی پارە و دراو (سوق التجارە والصرف).

هەبوو ڕقەبەریی و بەربەرەکانێ لە ناو هەندێ لایاندا، لەناو گوندەکان و باژێڕەکاندا، کە پڕبوون لە بازرگانی و پیشە سازیی، ئەگەیشتە کوشتن و بڕین!...

بەربەرەکانێ بووبووە یاسای ژیانیان ئاژاوە و پشێوییش بووبووە شێوەی گوزەرانیان شەڕ و کوشتاریش لەناویاندا زۆرتر باوبوو لە ئاشتی و دۆستایەتی!... تەنانەت لەوکاتانەیشدا کە تەنگوچەڵەمەی دوژمنانی بێگانە هەڕەشەی لێ ئەکردن، هەرچەندیان ئەکرد ڕێککەوتن و یەکێتییان بۆ نەئەچووە سەر هۆی ئەوەیش ئەمەبوو، کە ئەوانە هەموو دەم دەستکەوتی تایبەتی خۆیان ئەدا بەسەر دەسکەوتی گشتیدا تەنانەت سەر ئەنگرێ بوونی فەرمانڕەوایی گریکەکان لەوەوە دائەنێن کە شارەکانیان یەکیان نەگرتووە بۆ بەرگریی دوژمنەکانیان هەرچی یەکو (ڕۆما) بوو، یاسای فەرمانڕەوایی لە ئەوروپادا داهێنا بەڵام (یۆنانستان) هیچی لەدەست نەهات ئەوەنەبێ کە چەند شارێک دروست بکات و بچن بەگژیەکدا!.

لە کاتێکیشا کە یۆنانییەکان گەیشتبوونە ئەوپەڕی گەورەیی خۆیان، ئەم شەڕوشۆڕ و ئاژاوە و بەربەرەکانێیەیش گەیشتبووە ئەوپەڕی خراپی خۆی دە هەر ئەوەیش بوو کە بوو بەهۆی سەرەنگرێ بوونی فەرمانڕەواییەکەیان!...

ئەوەندە هەبوو دیموکراتێتی گریگەکان هەر لەسەر شێوەی خۆی مایەوە، هۆگری فەرمانداریی زادەگانەکان بوو ئەوکاتەیش کە ژمارە سەری شاری (ئەثینا) گەیشتبووە (...ر.٤٥) کەس، پتریش لە بێگانەکان بوون، هەر ئەو (١٢٠,٠٠٠) کەسەی کە مابوونەوە بەخاوەن نیشتمان دائەنران و لەبەکارهێنانی مافی شارستانێتی کەڵکیان وەرئەگرت خۆ ئەگەر مناڵان و ئافرەتانیش لەم ژمارەیە دەربکەین، هەر (٣٠,٠٠٠) یاخود (٤٠,٠٠٠) کەسێکیان لێ ئەمایەوە کە مافیان هەبووبێ و لە کاروباری گشتیدا هاوبەشییان کردبێ بەم ڕەنگە دیموکراتێتییەکە هەر بۆ کۆمەڵەیەک لە پسپۆڕان ئەمایەوە لە هەر پانزە کەسە یەکێک بەولاوە، مافی زرنگ کاریی خۆی بەکار نەئەهێنا!

ئەم یاسای دیموکراتییەیش هەر ئەو کەسانەی ئەگرتەوە کە نیشتەجێی خاکی یۆنان بوون و لە باوک و دایکی وەهایش لە دایک بوون کە سەر بەفرمانڕەوایی گریک بوون و بەگریکی دانراون جا لەبەر ئەوەی خاکەکە پێویستی بەهێزی مرۆڤ هەبوو، بۆ بارهەڵگرتن و ڕاکێشانی گالیسکەکان و سەوڵ لێدان بۆ لێخوڕینی کەشتییەکان، گوێی نەئەدایە ئەوەی کە مقۆمقۆ و دەمە قاڵی بکات لەسەر ئەوەی کە بەندەگەریی کردەوەیەکی ڕەوایە یاخود ناڕەوا.

هەروەها بەتەنگ ئەوەیشەوە نەبوو کە چاکە و خراپەی تێ بکات و دیاردیی بکات لەبەر



ئەوە یاسای دیموکراتییەکەیان، تۆوی سەرئەنگرێ بوونی خۆی لەناو خۆیدا هەڵگرتبوو چونکە زۆری نەخایاند،هەر لەخۆیەوە گۆڕرا و بوو بەیاسای (دیماگۆگ)ی، کە لەسەر پێڕەویی ئەو، ئەبوو نەتەوە کاروباری خۆی بداتە دەست پێشەوایەکی نەتەوەیی ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی تریشەوە نەتەوە ئەمەندە بەتەنگ یاسای دیموکراتییەکەی خۆیەوە بوو ئەترسا لەوەی کە دەسەڵاتی پێشەوایی زۆر ببێ و لە وزە دەربچێ ئەیوست ئەو پێشەوایەتییە لەناو بەرێ جا بەم کردەوەیە نەتەوەی یۆنان هەڵبژاردەی پێشکەوتووانی خۆی لەناوبرد لەبەر ئەوە شاری (ئەثینا)ی وا کزکردبوو، هەرچەندی ئەکرد بەرگەی دوژمنانی نەئەگرت دوایی ناچاربوو سەری خۆی بۆ (ئیسپارتە) دابنەوێنێ، کە ئەوەیش بوو بەهۆی ئەوەی کە هەموو خاکی یۆنان بکەوێتە ژێر چنگی دڕندەکانەوە!...

## ئیسپارتە... یاخود ژیانی ناو بارەگای سەربازیی

هەرچی شاری (ئیسپارتە) بوو لە شارەکانی تری گریکەکان جیاوازبوو ئەم لەسەر ئەو ڕێگایە نەئەڕۆیشت کە شارەکانی تر گرتبوویان بۆ پێشکەوتنی خۆیان ئەم لەپاش پەلامارەکەی (دوریان)ەکان، لە یاسای شاهییەوە گۆڕرا و چووە سەر یاسای (ئەریستۆکراتی) هەر لەسەر ئەم یاسایەیش مایەوە نەگۆڕرا نەئەیزانی زۆر و ستەمو سەرکێشی چییە نەزانیشی (دیمۆکراتییەتی) چییە ئەم مەیینی زرنگ کارییەیشی، نیشانەی بێ دەسەڵاتی بوو لە گەشەکردن و فراوان بووندا سروشتی یاسا ئابوورییەکەیشی ڕووکەشیکی تر بوو بۆ ئەو بێ دەسەڵاتییەی چونکە ئەو نەخۆی خەریک کرد بەبازرگانییەوە، نەخۆیشی خەریک کرد بەڕەوکردن و بڵاوبوونەوەوە بەسەر زەویدا، ئەو هەر ئەوەندە بەتەنگەوەبوو کە ئەوەندەی بەشی خۆی پەیدا بکات، هەروەها خۆیشی بەمەشقی جەنگییەوە خەریک ئەکرد و بە(هونەر)یکیشی دائەنا جا لەبەر ئەوە هەموو ژیانی ئیسپارتە تەرخان کرابوو بۆ پێویستییەکانی سەربازیی. لە ڕۆڵەکانی فەرمانڕەوایی، بچووکەکانیان، هەر لەمناڵییەوە هەتا مردنیان وا پەروەردە ئەکران کە هەمووەدەم چەکی جەنگ هەڵ بگرن.

شارەکە هەمووەدەم لەخۆ ئامادەکردنێکی جەنگیدا بوو... ماوەیان بەهیچ شتێک نەئەدا کە گیانی جەنگاوەرییان لەبیربباتەوە... هیچ بایەخێکییان بەهۆنراوە (شعر) و پەرستکاریی (عبادت) و ڕاستی پەرستی (فلسفە) نەئەدا... تییزیان بەهونەر (فنون)ەکان ئەکرد... خۆیشیان لە زێڕوزییو لائەدا... پوول و پارەکانی خۆیان لە ئاسن دروست ئەکرد... هەر ئەوە باوبوو لەلایان، کە لەناو بارەگاکانی سەربازییدا پێکەوە بژین...

## چینەکانی کۆمەڵایەتی لە ئیسپارتەدا

کۆمەڵایەتی (ئیسپارتە) بریتی بوو لە چوار چین کە هەریەکەیان دڵڕەقانە لەوانی تر جیا ئەبووەوە:

چینی زادەگان ئەمانە ڕاستەوخۆ لە (دوریان)ەکان کەوتبوونەوە هەموو مافێکی زرنگ کارانەیان هەبوو ئەمانە هەموویان بریتی بوون لە چەند هەزار کەسێک زەوییەکانیان، وەک یەک، لەناو خۆیاندا دابەش کردبوو کە خاوەنی زەوییەکە ئەمرد، زەوییەکە بۆ کوڕی هەرە گەورەی ئەمایەوە ڕۆڵەکانی ئەم چینە، ماوە نەئەدران کە هیچ بەشێکیان لە کانە بەنرخە ناوازەکان هەبێ نەوەک تووشی گەڕ و گێچەڵی خۆش ڕابواردن و بەزموڕەزم بێن!... بەم ڕەنگە هیچیان بۆ نەئەمایەوە ئەوە نەبێ، کە ببنە جەنگاوەر...

هەرچی چینی دووەمیش بوو، ئەمانە لەدوای چینی یەکەمەوە ئەهاتن ئەمانە چینێک بوون لە پیاوە ئازادەکان، کە مافی ئەوەیان نەبوو ببن بەخاوەن زەوی، لەناو سنووری شارەکەدا ئەمانە هەر پیشە و کاریان هەبوو لەگەڵ بازرگانیدا ئەمانە لەسەر شێوەیەکی ڕێکوپێک، هەمووەدەم باجیان ئەدا...

بۆ فرمانی سەربازییش بانگ ئەکران... دوای ئەوانە چینی بەندەکانی زەوی ئەهاتنە پێشەوە. ئەمانە لەزەویدا کاریان ئەکرد.

پاش ئەوان چینی ئەو بەندانە ئەهاتنە پیشەوە کە هی تاک و تەراکانی گەل بوون.

بەم ڕەنگە کۆمەڵایەتی ئیسپارتە بریتی بوو لە سێ دەستە: هەندێکیان فەرمانداربییان ئەکرد دەستەیەکیان باجیان ئەدا دەستەیەکیشیان فرمانیان بۆ کەسانی تر ئەکرد.

بەڵام هەموویشیان، ئەبوو لەپێناو گەورەیی (ئیسپارتە)دا بچنە جەنگەوە ئەویش بەمەرجێ کە پێویست بەوە ببوایە!...

## لە دایک بوونی یاسای دیموکراتی

یاسای زرنگ کاریی ئیسپارتە سەیر ئەهاتە پێش چاو چونکە بریتیی بوو لە دوو شا کە هەریەکەیان لەپاش باوکی خۆی ئەبوو بەفەرماندار هەردووکیان کاروباری ئایینییان هەڵ ئەسووڕاند، لەگەڵ دادگەریی و، سەرکردەیی لەشکردا بەڵام لەژێر سەرپەرشتییەکی تەواوی چەند فەرماندارێکدا فرمانیان ئەبینی کە لەلایەن نەتەوەوە هەڵ بژێررابوون.

بەتەنشت ئەوانەیشەوە کۆڕێکی ڕیش سپییان هەبوو. لەگەڵ کۆمەڵێکی یاسادانەردا،



کە لە هەموو دانیشتوانی خاکەکە دروست بووبوو هەرچەند (ئیسپارتە) دوور ئەندێشیی نواندبوو، بەڵام بنچینەی دامەزرانەکەی دروست و تەواونەبوو.

تۆوی سەرئەنگرێ بوونی لەناو خۆیدا هەڵگرتبوو ئەو نەی ئەهێشت کەس زێڕ و زیوی هەبێ کەچی نیشتەجێکانی خاکی ئیسپارتە دەستیان ئەدایە فرۆفێڵبازیی، سەرمایەکانی خۆیان دەرباز ئەکرد بۆ دەرەوە زەوییشیان بەسامانی فەرمانڕەوایی دائەنا نەئەیان هێشت کەس بیاندات بەبارمتە نەئەیشیان هێشت کەس بیانفرۆشێ کەچی لەگەڵ ئەوەیشا نەیتوانی سەردارەکانی خۆی بەربەست بکات لەدانی زەوییەکەی ژێردەستیان بەبارمتە و، وازهێنانیش لەمافی زەوی داریی، لەپێناوی دانەوەی دەستیاودا هەروەها نەیشی توانی خۆی بپارێزێ لەوەی کە چەند دەوڵەمەندێک بێنە پێشەوە و دەسەڵات پەیدا بکەن لەناو خاکەکەدا.

هەرچەندە ماوەی ناوەند شاری (ئیسپارتە)و شاری (ئەثینا) لە سەد میل پتر نەبوو، بەڵام جیاوازییەکی زۆر هەبوو لەناوەندیاندا ئەمەیش نیشانەی ئەوەبوو کە هەر شارێک لە شارەکانی (گریک)ەکان شێوە و سروشتی تایبەتی خۆی هەبوو جا ئەم جیاوازییە لەناوەند باری زرنگ کاریی و، ڕەوشت و خوو و، وێنەی باڵای هەردوو لایانیشدا هەبوو هەرچی (ئیسپارتە)بوو بۆ جەنگ ئەژیا هەرچی (ئەثینا) بوو لەسەر بازرگانی ئەژیا. (ئەثینا) لە یاسای شاهییەوە گۆڕیی، بوو بەئەریستۆکراتی لەویشەوە گۆڕیی کردی بەیاسای فەرمانداریی تەنیایی کە ئەمانەی هەموو بەکارهێنا، ئنجا کەوتە ناو باوەشی یاسای دیموکراتییەوە، کە لە هەموو دەمێکدا بووە وێنەی باڵای فەرمانداریی لەناو هەموو جیهاندا.

(ئەثینا) لە بەرەبەیانی بوونیا دەرکەوت و گەشەی کرد. ئەمیش بەسایەی چست و چالاکی خاوەن پیشە و کارەکانی ناوخۆیەوە بوو خانەدانەکانیشی توانیان شایەکان لەسەرتەخت بهێننە خوارەوە و فەرمانداریی بخەنە دەست خۆیان. بەڵام تەوژمی دیموکراتی زۆر بەهێزتربوو لەوەی کە بەرامبەری بووەستن. لەناو یاساشوناسەکانیا پیاوێکی وەک (دراکۆ)[1] پەیدابوو، کە لە ساڵی (٦٢١)ی پ.ز.دا (یاسای سزادان)ی دانا هیچ کەموکووڕییەکی تیانەبوو، ئەوەنەبی کە سزاکانی زۆر دڵڕەقانە دانرابوون زۆری پێ نەچوو،

(١) دراکون: یاسادانەرێکی ئەسینایی بووە، لە کۆتایی سەدەی حەوتی پ.ز، یەکەم یاسای بۆ شارەکە داناو ئەوانەی دوای خۆی ئەو یاسایەیان بەدڵڕەقی دەدایە قەڵەم.

لە ساڵی (٥٩٤)ی پ.ز.دا، (سۆلۆن)[1]یش پەیدابوو، هەندێ لەو کەموکووڕییانەی ڕاست کردەوە بەهۆی ئەم یاسا ڕاست کردنەوەیەوە، (سۆلۆن) ئەو مافانەی هەڵگرت کە ئەدران بەهەندێک و جیای ئەکردنەوە لە کەسانی تر، هەر لەبەر ئەوەی کە لە دایک بوونیان جیاوازیی هەبوو هەروەها یاسای بارمتە دانانیشی هەڵگرت کە لە جیاتی دەستیاو بەکار ئەهێنرا، لەگەڵ گرتنی کابرای دەستیاو پێ دراودا کە تا ئەو ساکە ئەگیرا، تا دەستیاوەکەی ئەدایەوە، کاری پێ ئەکرا و ئەچەوسێنرایەوە، ئنجا بەرەڵڵا ئەکرا...

دانیشتوانی خاکەکەیشی کرد بەچوار چینەوە، نەک بەپێی لەدایک بوونیان، بەپێی سامانەکانیان...

بەم ڕەنگە (سۆلۆن)بوو بەخاوەنی ئەو شۆڕشەی کە دانی نا بەدەسەڵاتی دەوڵەمەنداندا... هەروەها ناوبژیکردنی ئاشتی خوازانەیشی داهێنا، کە لە کەینەوبەینەکانی شارستانیدا بەکاربهێنرێ...

بەڵام لە ساڵی (٥٦١)ی پ.ز.دا (بیزاستروٚس)[2] هاتە ناوەوە ئەو ئەم یاسایەی هەڵگرت فەرمانداریییەکی دیکتاتۆرییانەی کرد زەوییەکانی لە دەست زەوی دارە خانەدانەکان سەندەوە دابەشی کردن بەسەر هەمواندا زانی چۆن ئاژاوەکان بکوژێنێتەوە (ئەثینا)یشی کرد بەیەکێک لە بنکەکانی ئاوەدانی و خوێندەواریی لە یۆنانستاندا.

## خواکان هاوبەش ئەبن لە فرمانداریی ئەثینادا

لەپاش سەد ساڵێکی تر، دیکتاتۆرێکی تر هات بەشوێنیا فەرمانداریییەکەی هەر پانزە ساڵ درێژەی سەند بەڵام ناوەکەی لە مێژووی دیموکراتییەتی ئەثینادا زیندوو مایەوە چونکە لە سەردەمی فەرمانداریی ئەودا وشەی (دیموکراسی) هاتە ناوەوە هەروەها لەسەردەمی ئەویشدا دیموکراسییەکە خۆیشی گەشەی کرد و گەیشتە ئەوپەڕی سنووری خۆی. کۆمەڵانی وا هاتنە ناوەوە کە نەتەوەیان ئەنواند، ئەوان یاسایان دائەنا و ئەوانیش دەنگیان لەسەر

(١) سۆلۆن: (دەوروبەری ٦٤٠-٥٥٨ پ.ز) یاسادانەرێکی تری ئەسینایی بووە، هەروا یەکێکە لە حەوت حەکیمەکانی یۆنان، یاساکانی چاکسازی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بوون کە ڕێگە خۆشکەرێک بوون بۆ پەیدابوونی دیموکراتیەتی کلیستنس.

(٢) پیسیستراتوس (٦٠٠-٥٢٧پ.ز) بەدیکتاتۆر و زۆرداری ئەسینا دەناسرێ کە لە ٥٦٠دا حوکمی بەدەستبووە، بازرگانی پەرەپێدا و بەرەوپێشەوەی برد، خەمی ئەدەب و هونەریشی دەخوارد و هانی دەدان.



ئەدا و بڕیاریان بۆ ئەدا ئەو فەرمانبەرانەیش کە ئەو یاسایانەیان بەکار ئەهێنا و ئەخستە گەڕ، یان لەلایەن نەتەوەوە هەڵ ئەبژێران، یاخود سەرپشکیان بۆ دائەنان، خۆیان و بەختیان هەر کەسێ دەربچوایە، ئەو ئەبوو بەفەرمانبەر لەمەیشدا تا ئەندازەیەک هاوبەش کردنی خواکانی تیابوو، لە کاروبار هەڵسووڕاندنی شارەکەدا!...

## سروش دەر بەرەگەزی مرۆڤایەتی[1]

(ئەثینا) هەروا مایەوە، بوو بەمامۆستای ڕەگەزی مرۆڤایەتی بوو بە سروش (إلهام) دەر بۆ هوویان لەپێش هەموو شتێکا نموونەی بلیمەتی بیروهۆش بوو، کە تا هەزار ساڵیش پتر کاری کردە سەر ئاوەدانییەکانی جیهان... دوای ئەوە نموونەی سەربەستی و ئازادییش بوو واتا سەربەستی لە یارمەتی داندا، لەناوەند هەموو تاکەکانی نەتەوە و چینەکانیا کە هەر ئەم یارمەتیدانەبوو، بووە هۆی سروش دانیشیەوە، هاوبەشی (شرکات)یەکان و پارەخانە (بانک)ەکان دامەزران... سەربەستیی گوتن و نووسین و بیرونوواندیش بڵاوبووەوە... کە بەهۆی ئەوەوە شاهکاری ناوازە و نایاب پەیدابوون و هاتنە ناوەوە چ لەڕووی وێژەوە، چ لە ڕووی زانست و هونەرەوە!

پاش ئەوە سەربەستیی پەرستن هاتە ناوەوە، کە بوو بەهۆی زیندووکردنەوەی سامناکترین ئەفسانەکانی سەردەمی بتپەرستی!... لەگەڵ ئەوەیشدا کە (ئەثینا) خەباتی ئەکرد بۆ ئەوەی کە ببێتە نموونەی یەکسانی (مساوات)یش بەڵام ئەم یەکسانییەی بۆ نەچووە سەر ئەمە ڕاستە کە بەلای ئەوەوە جیاوازییەک نەبوو لەناوەند خانەدانە دەسەڵاتدارەکان و بۆرە پیاوەکانەوە بەڵام جیاوازیی ئەنواند لە ناوەند ئەو کەسانەدا کە لەدایک و باوکی ئەثینایی لە دایک بووبوون و، ئەو کەسانەی کە بێگانەبوون.

نەیشی توانی جڵەوی بەندەگەریی بکێشیتەوە چونکە پێویستی ئابووری پاڵی پێوە ئەنا بۆ ئەوە هەروەها نەیشی توانی کە ناکۆکی ناو چینەکان بەربەست بکات. بووە زۆرانبازیی لە ناوەند خاوەن زەوییە گەورەکان و، خاوەن کەشتییەکان و، بازرگانانی بەندەرەکان و، جووتیاران و شوانەکانی ناو شاخەکاندا!.

(١) سروش دەر: واتا: ئیلهام بەخش (الملهم).

## تاریکی لەپاش ڕووناکی

بۆی هەڵکەوت دەوڵەمەندیش ببێ لە کانگاکانی (لۆریۆم)دا زیوی دەرهێنا بۆ دەرهێنانی زیویش ئەو بەندانەی ئەچەوساندەوە و بێگاری پێ ئەکردن کەشتییەکانیشی بەسەر زریکاندا زاڵبوون باجیشی دانا بەسەر دەرامەتەکانەوە، کە لە ٢٪ی تێپەڕ نەئەکرد!...

زۆری پێ نەچوو، دوورگەکانی زریی (ئیجە)یش پەنایان بۆ هێناو چوونە ژێر باڵیەوە، بوونە سوێندخواری، دوای قسەی ئەکەوتن، سەرانەیان ئەدایە پارەی ئەویشیان بەکارئەهێنا، کێشانە و پێوانەی ناو (ئەثینا)یان بەکار ئەهێنا ئەوانیش لەسەر بیروباوەڕی ئەم ئەڕۆیشتن بەڕێوە، یاسا کۆمەڵایەتییەکانی ئەمیان پەیڕەویی ئەکرد، دوای ڕەوشت و خوو و چاولێکەریی ئەمیش ئەکەوتن.

لە ڕاستیدا (ئەثینا) بووبووە شاهەنشاهێتی یەک.

بەڵام دەوڵەمەندییەکەی هەموو کەسێکی نەتەوەکەی نەگرتبووەوە هەرچەند کەسێکیانی گرتبووەوە کەچی هەژاریی بەناو زۆربەی نەتەوەکەدا بڵاوبووبووەوە هەر بەرەنگارییەکی هەژاریی ئەکرا، لەڕێگەی تیژکردنی ڕەوکردنەوە و، دامەزراندنی ئاوەدانییەوە لەخاکی بێگانەکاندا بۆ یۆنانییەکان، لەڕێگەی خەبات کردنەوە بۆ دانانی چەند یاسایەک بۆ یارمەتی دان و پارە بەخشین و مووچەبڕینەوە لەلایەن فەرمانڕەواییەوە بۆ هەژارەکان، کەڵکێکی نەبوو...

تەنیا ئەنجامێک کە لەم هەموو یاسایانەوە پەیدابوو، هەر ئەوەبوو کە لەنگەری پارەی خاکی (ئەثینا) گرانتر لێ بکات و تێکی بدات ئەمەیش بوو بەهۆی ئەوەی کە باجەکان پتر لێ بکرێن.

بەشی زۆری ئەم باجانەیش ئەخرانە سەر کۆمەڵێکی کەم لە دەوڵەمەندان، کە هەتا ئەهات ژمارەیان کەم ئەبووەوە شارەکە ویستی چارەی ئەم تەنگوچەڵەمەیە بەوە بکات، جەنگ زۆرتر هەڵ بگیرسێنێ، تا خاکی زۆرتری دەست بکەوێ کەچی هەر ئەم چارەکردنەبوو کە بوو بەهۆی سەرئەنگرێ کردنی خۆی!...

ئەو جەنگانەی کە هەر بازرگانەکانی خۆیان کەڵکیان لێ ئەبینین!

بەم ڕەنگە بۆ (ئەثینا) وا هاتە پێشەوە کەخۆی بداتە دەست مەرگ بەڵام مردنەکەی



مردنێکی سست و پڕ ئازاربوو چونکە خۆی تووشی بەدخوویی و پشێویی و بەرتیل خواردن کرد دەستی کرد بەتەنگەتاوکردنی ڕۆڵە بلیمەتەکانی خۆی (میلتیادیس)[1] لەناو بەندیخانەدا مرد (تەمیستوکلیس[2]) یش، ئەگەر ڕای نەکردایە، هەر بەو دەردە ئەچوو (ئەریستید[3]) ئازار درا و چەوسێنرایەوە (سوکرات)یش ناچارکرا ژەهر بخواتەوە. (پیریکلیس)یش لەناوبرا!...

(دەستەی یاسا دانان)، خۆی تەکان ئەدا کە دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوایی بگرێتە دەست خۆی (دەستەی فەرمان بەجی هێنان)یش هەرچەندیان ئەکرد فرمانی خۆیان بۆ بەجێ نەئەهێنرا هەست کردن بەفرمانی سەرشان و بەتەنگەوە بوون بۆ چاکەی فەرمانڕەواییش کزبووبوو.

کاتێکیش (ئەثینا) هۆشی هاتەوە بەرخۆی و، لەسەر ئامۆژگاریی و چاوترساندنی (دیمۆستینیس)[4] هەڵپەیەکی کرد وتەکانی دایە خۆی ڕاست بێتەوە، تازە هەل لەدەست چووبوو چونکە هۆزە جەربەزە و دڕندەکان هەڵیان کوتابووە سەر شارەکە، لە دەرگایان ئەدا!...

لە ڕاستیدا بەشی هەرە گەورەی مێژووی (گریک)ەکان بریتی بووە لە پەلاماردانی هەندێ شار بۆ سەر هەندێ شاری تر.

هۆی ئەو هەموو شەڕ و شۆڕانەیش چاوپێ هەڵهێنیان بووە و هیچی تر، ئەو جەنگانەیش هەرگیز لە بڕانەوە نەهاتوون، هەر بۆ ئەمەی بەسەریەکا سەرکەون و دەسەڵاتیان بەسەر یەکتردا هەبێ ئەم سەرکەوتن زاڵ بوونەیش، وەنەبێ بۆ هیچ شارێکیان چووبێتە سەر هەر ئەوەندە، ماوەیەکی کەم ماوەتەوە و لەدەست چووە جا لەناو ئەم جەنگە هەموو دەمییانەدا

---

(١) میلتیادس: سەرکردەیەکی ئەسینایییەکان بوو لە ماراتۆندا (٤٩٠ پ.ز) بەسەر فارسەکاندا زاڵبوو ڕاوینان.

(٢) تەمیستۆکلس (دەوروبەری ٥٢٥-٤٦٠ پ.ز) لە گەورە سەرکردەکانی سوپای یۆنانی بووە، لە شەڕی سلامینا ٤٨٠پ.ز کەشتی گەلی فارسی شکاند و زاڵبووبەسەریاندا، لە دوورەوڵات مرد.

(٣) ئەریستیدس (٥٤٠-٤٦٨پ.ز) سەرکردە و سیاسەتمەدارێکی ئەسینایی بووە، لە ماراتۆندا سەرکەوت و بەشداری شەڕی سلامیناو پلانیای کردووە بە(دادپەروەر) ناوزەد کرابوو.

(٤) دیمۆستینس (٣٨٤-٣٢٢ پ.ز) سیاسەتمەدار و وتاربێژێکی یۆنانی بووە، بەوتارە بەناوبانگەکانی خەڵکی ئەسینای هاندەدا کە بەربەرەکانی فیلیپسی مەکدۆنی بکەن، پەیکەرێکی جوانی ئەم ئێستا وا لە مۆزەخانەی فاتیکاندایە.

(ئیسپارتە) لە وشکانیدا سەرکەوتووە (ئەثینا)یش بەسایەی کەشتییەکانییەوە لە ئاودا سەرکەوتووە.

دریژەدان بەگێڕانەوەی ئەم شەڕوشۆڕانەیش کەڵکێکی ئەو تۆی نییە ئەوەندە هەیە (ئیسپارتە) توانی بەسەر دوورگەکانی (پلوپونیز)دا زاڵ بێ هەرچی (ئەثینا)یش بوو، دەستی کێشا بەسەر دوورگەکانی ناوزریی (ئیجە)دا.

ئەو دەمەیش ساڵی (٤٥٩)ی پ.ز. بوو. تا ماوەیەکیش لە شەڕ وەستانەوە هەریەکەیان دانی نا بەناوچەی دەسەڵاتی ئەوی تریاندا، بەمەرجێ کەسیان نەچنە سەرکەسیان.

لەسەر یاسایەکی ناوبژی کردنیش رێککەوتن، تا هەر ناکۆکییەک لەدوارۆژدا، لەناویانادا روویدا، لەسەر بنچینەی ئەو یاسایە بیبرێننەوە کەچی هەردوولایشیان بەچاوی خۆپاراستن وخۆمات دانەوە بۆ هەلێکی تایبەتی تەماشای یەکتریان ئەکرد هەردوولا لەسەر ئەوە رێک کەوتبوون کە سەردەمی ئاشتی و ئاسایشی ناوەندیان سیی ساڵێک درێژە بسێنێ بەڵام پێش ئەوەی ئەو سیی ساڵە تێ بپەڕێ پەیماننامەکەی خۆیان هەڵوەشاندەوە بەم رەنگە لەساڵی (٤٢١)ی پ.ز.دا شەڕێکی تازە لە ناوەندیاندا پەیدابوو ئەو شەڕە بەکەڵکی کەس نەهات، بەکەڵکی بازرگانەکانی جەنگ نەبێ، کە هەموو دەمێکیش هەروایە!...

شەڕی هەمووەدەمی[١] جەنگێکی تازە پەیدابوو بەڵام کەڵکەکەی هەر بۆ ئەو بازرگانانە بوو کە پێویستی لەشکرەکانیان جیبەجێ ئەکرد دوای ئەوە ئاشتییەکیان کەوتە ناوەوە، زۆری پێ نەچوو، سەرلەنوێ هەڵوەشێنرایەوە (ئەثینا) ئەیویست دەست بکێشێ بەسەر دوورگەی (سجیلیا)دا لەوکاتەدا (ئیسپارتە)یش دەستی یارمەتی درێژکرد بۆ (سیراکیوز)، خۆی وا ئەنواند کە پێویستی سەرشانی خۆی بەجێ ئەهێنێ لە یارمەتی دانی ئەو شارە یۆنانییانەدا کە کەوتبوونە ژێر چنگی (ئەثینا)وە لەساڵی (٤٠٤)ی پ.ز.دا (ئەثینا) شکاو پەیماننامەیەکی ئاشتیی لەگەڵ ئیسپارتەدا گرێدا، کە ئەبوو بەپێی ئەو پەیماننامەیە لە هەموو ئەو خاکە بێگانانەی لەژێر دەستیایە بکشێتەوە هەروەها بەپێی چەند مەرجێکی پڕ سووکی و ریسوایی ببێتە سوێندخواری (ئیسپارتە) ئەوەندە هەبوو ئەم کەینەوبەینەیە، هیچی لە دڵی هەردوولادا نەگۆڕێ چونکە (ئیسپارتە) بەچاو چڵێسییەکەوە دەستی کرد بەپەلاماردان و داگیرکردنی خاکەکان هەرچی (ئەثینا)یش بوو،

(١) راستتر: هەمیشەیی، بەردەوام.



خۆی مات دابوو، بۆ هەلێک ئەگەڕا و تۆڵەی خۆی بکاتەوە دوایی ئەو هەلەی دەست کەوت. لەگەڵ (تیبە)[١]دا کەوتنەیەک و پێکەوە لەشکری (ئیسپارتە)یان لە ساڵی (٣٧١)ی پ.ز.دا شکاند.

بەم رەنگە هەتا ئەهات شەڕوشۆڕ و داونانەوە و گەلە کۆمەکێ هێز و توانای شارەکانی گریکی ئەتواندەوە هەر لەو کاتانەیشدا هۆزە دڕندەکان چاویان بڕیبوە ئەو زۆرانبازیانە و بۆ هەلێک ئەگەڕان کەڵکی لێ وەربگرن...

(فارس)ەکان لەو دوژمنانە، لە هەموویان نزیکتر بوون ئەمانە بووبوونە جێ نوشینی ئاسیای ئاشووریی، لەلای رۆژهەڵاتەوە.

تیرە هیندییە ئەوروپاییەکانیش، وەک ماکدۆنیاییەکان و سەڵتییەکان، نزیکی بوون لەلای باکورەوە.

## موژدە دان بە یەکێتی خوا

فارسەکان، بەلای دروست کەرانی (پارثینون)ەوە؛ کە (گریک)ەکان بوون، بەدەشتەکی و شاخی و دڕندە دائەنران ئەمانەیان بەپێشکەوتوو دانەئەنا... ئەو دڕندانەیش لە ساڵی (٥٤٥)ی پ.ز.دا لە ئێران هاتنە خوارەوە بۆ سەر شاهەنشاهییە پیرەکەی ئاشووری گرتیان و سەرلەنوێ رێکیان خستەوە[*].

(سیرس)یش کە لەناو نووسراوەکانی ناو خوێندنگاکان دا ناوی گۆڕراوە و کراوە بە(کۆرش)، خاکەکانی (بابل) و (لیدیا)ی گرت. (کەیکاوس)یش لەشکرەکانی (میسر) و (حەبەش)ی شکاند (دارا)یش دەستی کرد بەرێک خستن و دروست کردنی ئەم شاهەنشاهییە خاک فراوانە، لە ساڵی (٥٠٠)ی پ.ز.دا.

بەڵام ئەو پەلاماردەرانە، لە راستیدا کێویی و دڕندە نەبوون ئەوانەیش لە دروست کردنی کۆشکەکاندا شارەزاییان هەبوو ئەوەندە هەبوو کۆشکەکانی ئەمان زۆرتر بایەخ بەرازاندنەوەی ناویان ئەدرا، لەوەی کە بایەخ بدرێ بەرازاوەیی ساختمانەکانیان ئەوانە

(١) تیبە یان (سیبە): شارێکی یۆنانییە لە باکوری رۆژاوای ئەسیناوە، پایتەختی بیۆسبای کۆنە، دەڵێن کەدمۆسی فینیکی بنیاتی ناوە، (ئیپامینونداس)ی سەرکردەی بەسەر ئیسپارتەکاندا زاڵبووە (سەدەی چواری پ.ز)

(*) ئەمانە کوردەکانی (میدیا)بوون، کە بەیارمەتی بابلییەکان فەرمانڕەوایی ئاشووریان لەناوبرد. –وەرگێڕ–

لەپێشدا ڕۆژ و مانگ و ئاگر و بایان ئەپەرست بەڵام کە ساڵی (٥٥٠)ی پ.ز. هات و (زەردەشت) پەیدابوو، دەستی کرد بەموژدەدان بەیەکێتی خوا واتا بانگیدا بۆ یەکێتی خوا، کە دروست کەری هەموو جیهان و ئاسمانانە جا چونکە فارسەکان هێشتا وا پێ نەگەیشتبوون کە باوەڕ بەیەکێتی خوا بکەن، ئاینێکی مام ناوونجییان بۆ خۆیان بڕیاردا، کە تێکەڵ بوو لە باوەڕەکانی کۆنیان و ئامۆژگارییەکانی (زەردەشت) لەبەر ئەوە باوەڕیی خۆیان هێنایە سەر (میثرا)، کە خوای ڕووناکی و پارێزگاری خوانکارەکان بوو، لەگەڵ (ئورموزد) کە خوای توانا و بەچنگ و گیانی چاکەکردن بوو دوای ئەوە دوژمنێکیشیان بۆ ئەم خوایە داهێنا ناویان نا (گیانی بەدکاریی).[*]

فارسەکان لە دامەزراندن و ڕێک خستنی فەرمانداریی و کاروبار هەڵسووڕاندن دا تەواو شارەزابوون شاهەنشاهییەکەی خۆیان دابەش کردبوو بەچەند خاکێکەوە یاسایەکی سامانی وردیشیان دانابوو، کە لەسەر بنچینەی باجی زەوی دامەزرابوو پارەیان لە زێڕ و زیو دروست ئەکرد و بەکاریشیان ئەهێنا لەناو هەموو خاکەکانیاندا فارسەکان بەپێچەوانە (گریک)ەکان، یەکێتییان لەناودا هەبوو، لەشکری ڕێک و پێکیشیان دامەزراندبوو بەڵام بایی بوون لە خۆیان.

هێز و تواناکەیان چەواشەیان کردن و هانیان دان بۆ سەر یۆنانییەکان کە لەوکاتەدا ڕوو لە کزی بوون فارسەکان هەڵیان کوتایە سەر خاکی یۆنان بەڵام (ئەثینا)ییەکان، بەدڵ و گیان شەڕیان ئەکرد، خۆیان ئەدا بەکوشت لەپێناو سەرکەوتندا دوایی لە شەڕی (ماراتون)دا، لە ساڵی (٤٩٠)ی پ.ز.دا فارسەکانیان شکاند ئەمەیش سەبارەت بەوەبوو، کە (ئەثینا)ییەکان، هەرچەندە هێزەکانیان بریتی بوون لە چەند کۆمەڵە سەربازێکی مەشق پێکراو، کە لەشکری نەتەوەییان ئەکرد، بەڵام سەربازەکان زرێی ئاسن و ڕم و شیر و کڵاویان بەکارئەهێنا کەچی لەشکری فارسەکان بەنیوە ڕووتییەوە جەنگیان ئەکرد هیچ چەکێکیشیان پێ نەبوو، تیروکەوان و، قۆچەقانی نەبێ کە لە پووشە خورمای لوول دراو دروست ئەکران.

ئەوەندە هەبوو سەرکەوتنی یۆنانییەکان هەر بۆ دەمێک بوو چونکە زۆری پێ نەچوو (ئەگزەرکیس)ی کوڕی (داریۆس) لە ساڵی (٤٨٠)ی پ.ز.دا هاتەوە سەریان بەگەرووی

(*) ئایینی زەردەشتی، هەر خوایەکی ناسیووە، دوژمنەکەیشی وەک لە ئاینەکانی ئاسمانی پاش خۆی داناوی هاتووە، بریتی بووە لە (ئەهریمەن) یاخود (شەیتان)، یاخود (دیۆ). -وەرگێڕ-



(ثیرموپیلیە)دا تێپەڕی کرد، چونکە (ئیسپارتە)ییەکان باش قایمیان نەکردبوو... مەترسی فارسەکان لە دڵی یۆنانییەکاندا مایەوە چونکە لە ناکۆکی ناوەند شارەکانی گریگەکاندا پەنجەیان هەبوو ئاگری شەڕیان لەناویاندا خۆش ئەکرد.

لەساڵی (٤١٢)ی پ.ز.دا لەگەڵ (ئیسپارتە)ییەکاندا بوون بەسوێند خوار، تا (ئەثینا)ییەکانیان شکاند. بەڵام لە ساڵی (٤٠٤)ی پ.ز.دا لێیان هەڵگەڕانەوە، لەگەڵ (تیبە)ییەکاندا بوون بەسوێند خوار لە گریکەکان، خۆیان لەشکری مووچە خۆریان دروست کرد خۆیشیان دانا بەناوبژیکەر، کە گریکەکان لەگەڵ یەکتردا تێک ئەچوون، ئەچوونە لای ئەوا بۆ ناوبژیکردن. فارسەکان، لەمەدا، پێشانیاندا کە لەزرنگ کارییدا، شارەزاییەکی تەواویان هێنا!... کەچی ڕاستییەکەیشی ئەمەبوو، فارسەکان بۆیەکا بەهێزەوە ئەیاننوواند، کە یۆنانییەکان کزبوون لە هونەرەکانی جەنگ کردنیشدا دەستیان نەبوو، وەک هۆزەکانی (ماکدۆنیا)، کە زۆری پێ نەچوو، ڕژانە ناو جەرگی خاکی یۆنانەوە لەوەپاش لەوێیش دەربازبوون و چوونە دەرەوە بۆ ئەمەی جیهان داگیر بکەن!...

## یەکێتی لەژێر ئاڵای بێگانەیەکدا

(ماکدۆنیا) بەخۆی و شاخەکانی و پاوانەکانی و دارستانەکانییەوە ئەکەوێتە بەشی ژوورووی خاکی یۆنانەوە گریکەکان ئەم ماکدۆنیایانەیان بەبێگانە دائەنا تەنانەت ئاوەدانی و پێشکەوتنەکەیشیان دابووە بەر کلکان، ئەیانگوت فریان بەسەر دیموکراتییەوە نییە هەر لەسەر یاسای خونکاریی مابوونەوە ئەوەندە هەبوو ئەم خونکارییە کە لەباوکەوە ئەمایەوە بۆ کوڕ، وای بۆ هەڵکەوت، گەورەیی ماکدۆنیاییەکانی بەرزترکردەوە.

چونکە لە ساڵی (٣٥٩)ی پ.ز.دا شاهێکی دڵ پڕ لە ئاوات هاتە سەر تەخت، خووی دابووە مەی و ئافرەت و ئەسپ و ڕاو، ناوی (فیلیپ)[١] بوو. ئەم شاهە توانی لە کانگاکانی شاخی (بناجس) کەڵک وەرگرێ دراوی بەناوی خۆیەوە دەرکرد بەهۆی ئەو پارەیەوە توانی لەشکرێک بۆ خۆی پێکەوەبنێ دەروونی پیاوانی پێ بکڕێ بەزەبری پارەیش دراوسێ بەهێزەکانی خۆی بکات بەسوێندخواری خۆی سەربازەکانی هەموویان ڕمی درێژیان پێ بوو وایش ڕاهێنرابوون کە لەشێوەی ڕیزی یەکگرتوودا، جەنگ بکەن

(١) فلیپس: ناوی پێنج لە مەلیکەکانی مەکدۆنیا بووە، بەناوبانگتریان فلیپسی دووەمە (٣٨٢-٣٣٦پ.ز) کە باوکی ئەسکەندەری گەورەیە، لە ٣٥٦پ.ز مەلیک بووە و هەموو شارەکانی یۆنانی داگیرکرد، دوای شەڕی (خیرۆنیا) سەربەخۆیی ئەو وڵاتەی نەهێشت، ئەمە لە ٣٣٨پ.ز.دا

خۆیان لە زۆرانبازیی تاک تاک بپارێزن تیپ تیپیش بجووڵێن. بەسەرروو ئەمانەیشەوە هەموویان، دەستەیەک بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری جەنگ دانرابوو، سەرپەرشتی ئەکرد، خەمی گواستنەوە و پێک گەیشتن و هاتووچۆ و چەکی جەنگی ئەخوارد جا بەم جۆرە لەشکرە ڕێکوپێک و بەهێزەوە، (فیلیپ) ڕۆژبەڕۆژ لە جەنگەکانیدا سەر ئەکەوت تا دوایی وای لێهات، لە جەنگی (کیرونیا)[١]دا لە ساڵی (٣٣٨)ی پ.ز.دا، هێزەکانی (ئەثینا) و (تیبە)ی پێکەوە شکاند شاری (کورنثە) دەروازەکانی خۆی بۆ کردەوە بەم ڕەنگە بۆ یەکەم جار لەمێژوودا، خاکەکانی گریکەکان یەکیان گرت... بەڵام لەژێر ئاڵای بێگانەیەکدا!...

## شاکارەکانی ئەسکەندەری ماکدۆنی

ئەسکەندەریش، کە کوڕی (فیلیپ)بوو، ویستی کارەکەی باوکی خۆی بباتە سەر لە ساڵی (٣٣٦)ی پ.ز.دا هاتنە سەرتەخت ئەوەدەمە تەمەنی نۆزدە ساڵ بوو لە تەمەنێکی سی و سێ ساڵیشدا مرد بەڵام لەماوەی ژیانیا کردەوەی گەورە گەورەی نوواند.

بەڕاستی شاهکاربوون، مرۆڤ سەری لێیان سوڕئەما تەنانەت بوون بەهۆی ئەوەیش کە سامانێکی گەورە لە چیرۆک و هۆنراوە بێننە ناوەوە چونکە بەهۆی ئەو کردەوانەوە جیهان سەرەوژێر هەڵگەڕا یۆنانستان پایەی بڵند بووەوە جا لەپاش ئەمەی هەموو خاکی یۆنانی خستە ژێر چنگی خۆیەوە و ملی پێ کەچ کردن و ڕێگاکانی هاتووچۆی، بۆ خۆی، بێ وەی کرد و لە گەرووی (داردەنیل) پەڕییەوە، ئاسیای وا هاتە پێش چاو کە دەروازەکانی خۆی بۆ ئەکاتەوە لەشی شاهەنشاهی یەکەی (فارس)یش، بەهۆی نەخۆشییەوە داڕزیبوو لەبەر ئەوە سەربازە ئێرانییەکان لە بەرامبەر لەشکری ئەسکەندەردا خۆیان پێ نەگیرا لە ساڵی (٣٣٣)ی پ.ز.دا ئاسیای بچووکی داگیرکرد (داریۆس) ڕای کرد و فەرمانڕەوایی و خێزانەکەی خۆی بۆ داگیرکەر بەجێ هێشت لە ساڵی (٣٣٢)ی پ.ز.دا ئەسکەندەر ملی ڕێگای گرتەوە (سوریا)ی گرت، پاش ئەوە (میسر)یشی گرت لەکاتی هێرش بردنەکانیا (ئەسکەندەروونە) و (ئەسکەندەرییە)ی دروست کرد ڕاسپێرراوانی زانستی ڕەوانەکرد بۆ پشکنینی بەشی ژوورووی (نیل).

دوای ئەوە لە ساڵی (٣٣١)ی پ.ز.دا گەڕایەوە بۆ خاکی ناوەند جووتە ڕووبار (بابل) و (سوسە)ی گرت، لە ڕووبارەکانی (دەجلە) و (فورات) پەڕییەوە بۆ ناو خاکی (فارس).

(١) کیرونیا یان خیرۆنیا... (پەراوێزی سەرەوە).



(داریۆس)ی ڕاوەدوو ئەنا، تا لە ساڵی (٣٣٠)ی پ.ز.دا دۆزییەوە مردبوو ئنجا چوو بۆ زرێی (قەزوێن)، بەناو ئەو خاکەدا گوزەری کرد، کە ئیمڕۆ پێی ئەڵێن (تورکستان).

دوای ئەوە هەرچییەکی ئەهاتە بەر ڕای ئەماڵی، لەساڵی (٣٢٦)ی پ.ز.دا هەڵی کوتایە سەر (هیندستان) ئەوەندە هەبوو، لەشکرەکەی لەتاو ماندوێتی پەکی کەوتبوو، حەفتا ڕۆژی خشت لەژێر ڕەهێڵە و شەستە بارانی هاویندا مایەوە لەشکرەکە مانی گرت، لەمە بەولاوە پێش نەکەوت، ئەسکەندەریش ناچاربوو وازی لە زیندە خەوەکانی خۆی هێنا لە ساڵی (٣٢٣)ی پ.ز.دا گەڕایەوە شاری (بابل) لەپاش ئەوەی دوو حەفتە بەئەرک و ئازاری نەخۆشی تا و لەرزەوە تلایەوە، گیانی بەخاک سپارد...

هەرچەندە (ئەسکەندەر)، هەموو ئاواتەکانی خۆی بۆ نەهاتەدیی، کە شاهەنشاهییەکەی خۆی ئەمەندە فراوان بکات، تا سەر زەوی هەمووی ئەگرێتەوە، بەڵام چەند شاهەنشاهییەکی کۆنی لەناوبرد بلیمەتی گریکەکانیشی گەیاندە هەموولایەکی سەر زەمین کە تا ئەو دەمە نەناسرابوون.(ئەسکەندەر) یەجگار زیرەک بوو لە فەرمانداریيشدا دەسەڵاتێکی گەورەی هەبوو زۆر بەتەنگ ئەوەیشەوە بوو کە هەرچی نەتەوەیەکی کەوتبووە ژێر دەستەوە، لەناویەکدا بیانتۆێنێتەوە و بیانکات بەجیهانێکی تازە.

## ئەسکەندەرییە بووە بنکەی خوێندەواریی و ئاوەدانی

بەڵام شاهەنشاهییەکەی ئەسکەندەر، زۆر گەورەتربوو لەوەی کە جێ نشینەکانی ئەو بتوانن فەرمانداریی بکەن لەبەر ئەوە یاریدەدەرەکانی ئەسکەندەر ئەو خاکانەیان لەناوخۆدا دابەش کرد یۆنانستان بووە بەشی (ئەنتیگۆنووس)[١]. ئاسیایش بووە بەشی (ئەنتیوخوس)[٢]. میسریش بووە بەشی (پەتلیموس)[٣].

خاکی یۆنان دەستی کرد بەڕووخاندن جەنگ لەناو شارەکانیا گەرمەی سەند ناکۆکی

(١) ئەنتیگۆنووسی کوێر: بەتواناترین و گەورەترین سەرکردەکانی ئەسکەندەر بوو، سوریا و میزۆپۆتامیا و ئاسیای بچووکی گرت، لە مەکدۆنیادا ئەم دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەنتیگۆنییەکانە کە حوکمیان دەکرد، هەتا ١٦٨پ.ز کە ڕۆمانییەکان وڵاتیان داگیرکرد، لە ساڵی ٣٠١پ.ز کوژرا.

(٢) ئەنتیپاتورس: (٣٩٧– ٣١٩پ.ز) سەرکردەیەکی مەکدۆنی بوو یارمەتیدەری ئەسکەندەر بووە، کە سەرۆکەکەی لەوڵاتدا نەبوو ئەم حوکمی دەکرد، دوای مردنی ئەسکەندەر ڕاپەڕینی شارەکانی یۆنانی دامرکاندەوە و سەرکوتی کردن (٣٢٢ پ.ز).

(٣) بتلیموس: ناوێکە دابڕراوە بەسەر پاشاکانی میسردا لە (هلنستێکان) کە ناوزدە کرابوون=

لەناو دەستەکانیا توندوتیژبوو هەڵگەڕانەوەی کۆمەڵایەتی و زرنگ کارییشی تیا ڕوودا ئنجا لەساڵی (٢٧٩)ی پ.ز.دا تەنگوچەڵەمەی هۆزە دڕندەکان هاتە پێشەوە تەنانەت هۆزەکانی (لیریا) و (تراسیا) و (سەڵت)تەکانیان دایە خۆیان چوونە پێشەوە، تا گەیشتنە شاری (دەلفی).

بەڵام دووبارە گەڕانەوە بۆ لای باکورەوە دوایی لەناو پارچە زەوییەکدا دامەزران کە کەوتبووە ناوەند ڕووباری (دانوب) و (بیزەنتە)وە.

هەر (میسر)یش بوو کە چاولێکەرییەکانی گریکەکانی پاراستبوو ئەوەندە هەبوو لەشێوەیەکی تایبەتی خۆیدا دای ڕشتبوون بیروباوەڕی گریکەکان لە ئارادابوون.

هەرچەندە نەتەوەکە، لە میسرایەتی لای نەدا و، بەرەنگاریی هەموو جۆرە ڕەنگێکی ژیانی یۆنانی ئەکرد، بەڵام پەتلیمۆسییەکان، بەخۆیان و سەربازەکانیان و پیاوەکانی فەرمانڕەواییانەوە، هەموویان لە ڕەگەزی گریکەکان بوون.

زمانی یۆنانی بووبووە زمانی فەرمانڕەوایی شاری ئەسکەندەرییەیش، توانی تا ئەندازەیەکی گەورە جێگای (ئەثینا) بگرێتەوە لە خوێندەواریی و پێشکەوتندا کاروباری بازرگانی لەناو بەندەرەکەیدا کۆبووەوە لەدەرگای بەندەرەکەیشدا چراگا (منارە)یک[1] دروست کرابوو، بەرزاییەکەی (٣٦٠)پێ بوو نووسراوخانەکەیشی نزیکەی پێنج سەد هەزار نووسراوی تیابوو لەشارەکەدا ڕاپەڕینێک لە ساختمان دروست کردن و ئەندازیارییدا پەیدابوو شارەکە کرابوو بەپێنج گەڕەکەوە... هەریەکەیان ناوێکی لێ نرا کە پیتێک بوو لە پیتەکانی ئەلف و بێ... ئەم یاسایەیش، لە شێوەیەکی کز و لەرزۆکدا لەشاری (نیویرک)ی ئیمڕۆدا دەرئەکەوێ!...

لەگەڵ ئەمانەیشدا، هەمووی، میسر هەروەک خۆی مایەوە، نە گۆڕا... هەروەک لەسەردەمی (فیرعەون)ەکاندا وا بوو لەسەر یاسای خونکاریی مایەوە، بەڵام یاسای هاوبەشی (اشتراکی)یشی تیا فەرمانڕەوابوو پەتلیمۆسییەکان، ئەم بارە کۆنەیان پاراست، هەڵیان نەگرت خونکاریی دەست بەرەڵڵایان نووساند بەهاوبەشیی فەرمانڕەواییەوە هەرچی

= بە(بەتلیسیەکان- لاگیین) لە ٣٠٦- ٣٠ پ.ز. ژمارەشیان ١٦ مەلیک بوون لێرەدا ئەوەی مەبەستە (سوتمیر) ٣٦٠- ٢٨٣پ.ز کە کوڕی (لاگوس)ە لەسەر لەشکرەکانی ئەسکەندەر بووە، ئەسکەندەریەی کردە پایتەختی، کتێبخانەیەکی تیا دانا.

(١) منارە، فنار: دانانی چرا لەبەرزییەوە بۆ ڕێپیشاندانی گەمێ و کەشتی.



زەوی هەبوو، هی ئەوان بوو هەموو جۆرە بەرهەمێکیش بەرەو ڕووی ئەوان کرابوونەوە هێنایان نێرراوانی فەرمانڕەواییان دامەزراند: لەسەر کشتوکاڵ و، پیشەسازیی و، بازرگانی هەندێ یاسایشیان دانابوو بۆ پاراستنی هەندێ خۆرشت لە کۆگاکانی فەرمانڕەواییدا، تا ئامادەبن بۆ ڕۆژی ڕەش.

فەرمانڕەوایی دەستی گرتبوو بەسەر ئەم بەرهەمانەدا: (ڕۆن، خوێ، پێستە خۆشکردن، پیشەسازیی گەڵای بوردیی -ورق البردی-، ڕستن و چنین، کاروباری کانگاکان و داڕشتنی کانەکان) خۆی نەبێ، نەی ئەهێشت کەس بیانکات بەم ڕەنگە فەرمانڕەوایی خۆی پیشەسازبوو، خۆیشی بازرگان بوو ڕەوانەکردنی (ڕۆن و مەی و دانەوێڵە)یشی هەر بۆ خۆی دانابوو هەروەها هێنان و فرۆشتنی - بۆنی خۆش و بەهارات و بەردە بەنرخەکان- یشی هەر بۆ خۆی دانابوو... لەسەر دەرامەتەکانی تریش باجی دانابوو. کە ئەگەیشتە ٢٥ ٪ نرخەکانیان.

## گەشەکردن ئەبێتە هۆی لەناوچوون

بازرگانی لەهەمولایەکی ڕۆژهەڵاتی زریێی سپیی ناوەڕاستدا گەشەی کرد هەروەها زریێ دانی و هونەرەکانیشی پێشکەوتن یاساکانی دڵنیایی (تأمین) و، پارەخانە (بانک) و، دەستیاو (قرض)و، سوودی پارەخانە و، ناردنی پارەی بێگانە... ئەمانە هەموو، زانران و دانران چەکەکانی پارەخانەیش لە برەودابوون پارە هەر لەلای دەوڵەمەندەکان کۆئەبووەوە ڕاگرتنی بەندەکانیش بۆ کارکردن بووە هۆی ئەوەی کە ڕۆژانەی کارگەرە ئازادەکان کەم ببێتەوە ئەم بارە بووە هۆی ئەوە کە ژیانی هەژاران تاڵ ببێ خێزانیشی پچڕ پچڕکرد چونکە ئافرەتی ناچارکرد بێتە ناوەوە و دەست بکات بەفرمان کردن ئافرەت لەوەدا زۆر پێشکەوت تەنانەت هی وایان تیا پەیدابوو، پشتیوانی (محاماە) و ئەندازیاریی ئەکرد کە (کلیۆپاترە[1])یش هاتە سەرتەخت، پایەی ئافرەت تەواو دامەزرا ئەو دەمە ساڵی (٨٠)ی پ.ز.بوو ئەوەندە هەبوو خەریک بوونی ئافرەت بەکاروفرمانەوە، لە مناڵ بوونی خست. لەوەیشەوە تەنگوچەڵەمەیەک پەیدابوو، کە بۆ هەندێ خاک، وەک یۆنان و

(١) کلیۆپاترە: حەوت شاژنی (لاجیا)کان بەم ناوەوە لە میسردا بووە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە؛ پێنجەمیانە کە لە ئەسکەندەریە لە دایک بووە (٥١-٣٠پ.ز). لەدوای شەڕی فارسال (٤٨پ.ز) قەیسەر شەیدای ببوو لە ئەنجامدا (قەیسەرون)ی لێ بوو، مرقس ئەنتۆنیۆسیش حەزی لێکرد و سێ مناڵی لەمیش بوو، دوای شەڕی (ئەکسیۆم) خۆی کوشت.

دوورگەکانی زریی ئیجە یەجگار خراپ بوو چونکە ژمارە سەری نیشتەجێ کانی ئەو خاکانە دابوویانە کەم بوونەوە!...

بەم ڕەنگە گەشەکردنی ئاوەدانی یۆنان بووە هۆی لەناوچوونی!... جا بەتەنشت لێک جوێ بوونەوەی تاک و تەراکانی[١] خێزانەوە، کە لەبەر هەژاریی ڕووی دابوو، زۆربوونی سامانیش لەدەست دەوڵەمەندەکاندا هەبوو کە بەلێشاو لەلایان کۆبووبووەوە، ئەم سامان زۆربییەیش بووبووە هۆی ئەوەی کە ئەو دەوڵەمەندانە خووبدەنە خۆش ڕابواردن و بەزموڕەزم و داوێن پیسی و بەدخویی ئیتر وای لێهات کە کاتی ئەوە هات چرای ئاوەدانی بدرێتە دەست نەتەوانی تر!...

## جیهان دەستیاوی یونانی زۆر بەسەرەوە هەیە

بەڵام مردنی ئاوەدانی یۆنان، ناوی یۆنانی لەبیرنەبردینەوە چونکە یۆنان مامۆستایەک بوو بۆ خۆی جیهان و مرۆڤایەتی فێری واتای جوانی کرد... جوانی هونەر و خانوو دروست کردن، جوانی وێژە، جوانی بیر... وێنەی ئەو جوانیانە لەبەرهەمەکانی (هۆمیرۆس) و، ئەرەستوو و، سۆفۆکلیس و، یۆروپیدیس و، ئەریستۆفین)دا ئەبینرێن، کە هەریەکە لە بابەتێکە... بڵندکردنەوەی پایەی جوانییش بەتەنشت بڵندکردنەوەی پایەی هێز و لەشی تەواوەوە پەیدابوو ناوی (هیرکولی) بەزیندوێتی مایەوە یارییەکانی ئۆلیمپیایش پەیدابوون، کە هەر چوار ساڵە جارێک پێشان ئەدران...

بۆ چاکە و ڕاستی ئایینی جوێ جوێیان نەبوو خواکانیشیان کردەوەی نەمردن و بڵندییان نەبوو ئەوانە خواکانی خۆیان لە شێوەی مرۆڤدا دائەڕشت هیچ خۆیان بەوەیشەوە ماندوو نەئەکرد کە ئەو خوایانە لە ڕەوشت کزیی و ئاڵۆشەکانی مرۆڤایەتی دووربخەنەوە!... (ڕاستی)یش ئامانجی هەرە بەرزی ڕاستی پەرست (فەیلەسوف)ەکانیان نەبوو جا هەر لەبەر ئەوەیە کە (ئەپیکۆر) ئەبینین، ئارەزوواتی مرۆڤ بەبابەتێکی گەورە دائەنێ کەچی (دیۆجین) تیبیزی ئەکرد بەسەرچڵیی مرۆڤ.

هەرچەندە یۆنانییەکان لە زانستی ژمێر (حساب)دا پێش نەکەوتبوون، بەڵام بلیمەتییەکی زگ ماکانەیان هەبوو لە زانستی ئەندازیاریی و پێش بینی (نظریە)یە ئەندازیارییەکاندا.

جا لەم کۆڕەدا ناوی ئەم پیاوە گەورانە بەزیندوێتی مانەوە: (ئەلیس و، فیثاگۆرس و،

(١) تاک و تەراکانی خێزان: مەبەستی لە ئەندامەکانی خێزانە (افراد العائلە)



یۆکلید و، هیبارکس (کەزانستی ژمێرکاریی سێ سوچکەکانی داهێنا)، ئەپۆلۆنیس و، ئەرشەمیدس)...

هەروەها گریکەکان سەرمایەیەکی تەواویشیان بۆ بەجێ هێشتین لە زانستی گیانلەبەراندا هەتا ئێستاکەیش (هیپوکراتس) بە(باوکی پزیشکایەتی) دائەنرێ... لێکۆڵینەوەی زەوی و ئەستێرەکانیش پێشکەوت... ئەوەیان زانی کە زەوی بەلای خۆیدا ئەسووڕێتەوە... (ئەریستار خورس) ئەوەیشی دۆزییەوە کە زەوی بەلای ڕۆژیشدا ئەسووڕێتەوە کە ڕۆژیش کەوتۆتە ناوەڕاستی پەیداییشەوە (کون)، کە زەوییش بەشێکە لەو. (١٧٠٠)ساڵ بەسەر ئەمەدا تێپەڕی ئنجا ڕەگەزی مرۆڤایەتی هاتەوە سەر پەی بردن بەم ڕاستییە لەبابەت، بابەتی کەرەستەییشەوە، گریگەکان، گەلێک شتیان بەڕەگەزی مرۆڤایەتی بەخشی، کە پێشکەوتنی زانست و هونەر بەرە بەرە پێی گەیاندن تا گەیشتنە ئەندازەی خۆیان.

هەندێک لەوانە: (قەلغان) و (چەرخی ئاوکێشان) و (ئاشی با) و (کات ژمێری ئاویی) و (لەنگەری کەشتی) و (زۆر شێوەی گیرساندنەوەی کەشتییەکان لە کەنار ئاوەکاندا)... ڕەنگە داهێنانی پارەی لەکان دروست کراو و مۆرکردنی، لە بابەتە هەرە گرنگەکان بێ کە مرۆڤایەتی لە گریکەکانەوە دەستی کەوتووە... لەپاش کەوتنی (ئەثینا)یشەوە تا ئێستا، کە دوو هەزار ساڵە، زاناکانمان ناوە گریکییەکان بەکار ئەهێنن بۆ کەلوپەل و بابەتی کارە زانستییەکانیان!...

## ئاوەدانی لە نیشتمانی(بودا)دا

کە (ئەسکەندەر) لە ڕووباری (ئەندوس) پەڕییەوە گەیشتە کەنارەکانی ڕووباری (گانگز)، بۆ یەکەم جار، بەئاوەدانی هیندستان گەیشت چونکە دەمێکی دوورودرێژ بوو، ئارییەکان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر دانیشتوانی ئەو خاکەدا پەیدا کردبوو... ئەوانیش وەک ئەوان گەوهەرەکانی سروشتیان ئەپەرست لە ئاسمان و ئاگرڕێزیان ئەگیرت. ئەوانیش نووسراوانی پیرۆزی خۆیان هەبوو، بەزمانی (سەنسکرێتی) نووسرابوونەوە پێیان ئەگوتن (ڤیداسی) (بوراهما)کان کە بریتی بوون لە پیاوە ئایینییەکانیان، ئایینی بوراهماییان ڕاست کردبووەوە، بۆ کەڵکی تایبەتی خۆیان مرۆڤیان دابەش کردبوو بەچەند چینێکەوە کە شیشەکان و جەنگاوەرەکان و جووتیارە ئارییەکانیشیان جیا کردبووەوە لەو نەتەوانەی کە ئاریی نەبوون.

جا لە ساڵی (٥٦٠)ی پ.ز.دا، لە خێزانی (ساکیاس) کە لە خانەدانەکان دا ئەنرا، لە باکوری (بەناریس)دا، مناڵێک لەدایک بوو هەر ئەوەندە تەمەنی گەیشتە نۆزدە ساڵان، وازی لە ژیانی دەوڵەمەندانە و دەسەڵاتدارانە هێنا و بوو بەکەشیش زۆری پێ نەچو، لەپاش بیرکردنەوەیەکی قووڵ، ئاینێکی تازە هاتە مێشکیەوە... جا ئەم شازادە کەشیشە: (بودا) بوو... ئەو ئاینەی کە بڵاوی ئەکردەوە بەناو نەتەوەدا، مرۆڤی بۆ چاکەکردن و، خۆڕاگرتن، ژیانی وشک و برنگ ئاڕاستە ئەکرد... ئایینی بودایی زوو بەزوو بڵاوبووەوە هۆی ئەمەیش ئەوەبوو کە ئایینەکە جیاوازیی نەئەزانی لە ناوەند چینەکان و ڕەگەزەکاندا... بانگیشی ئەدا بۆ یارمەتی دانی کز و بێ دەسەڵات... جا لەپاش کشانەوەی شەپۆلی (ماکدۆنیا)ییەکان لە هیندستان، لە ساڵی (٢٦٠)ی پ.ز.دا، خونکار (ئاسوکا)خۆیشی باوەڕی هێنا بەئایینی بودایی ئیتر لەوساوە باری ئایینی هیندییەکان گۆڕا... چونکە ئەم ئایینە تازەیە هەموو خاکی هیندی گرتەوە لەگەڵ خاکی (سیلان)دا هەروەها بەرەو ڕۆژئاوایش کشا تا گەیشتە ئاوەدانی گریگەکان کە لە ڕۆژئاوای ڕووباری (ئەندوس)دا گیرسابووەوە.

بەیەک گەیشتنی ئەم دوو ئاوەدانییەیش، ئاوەدانییەکی تازەی لێ پەیدابوو، کە ئاوەدانی گریگەکان و ئامۆژگارییەکانی بودای تیا تێکەڵ بووبوو...

جا ئەم ئاوەدانییە تازەیە بوو، کە کشا بۆ (چین) بۆ ئەمەی سروش (وحی) بدات بەهونەرمەندەکانیان.

## زۆرانبازیی بوو لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا

چرای پێشکەوتن، (چین) هەڵی گرتبوو لە ڕۆژهەڵاتدا، لە ڕۆژئاوایشدا ئەو چرایە بەدەست (یۆنانستان)ەوە بوو... ئەوەندە هەبوو کارتێکردنی ئاوەدانی گریگەکان لە جیهاندا لە شێوەیەکی ڕاستەوخۆدا بوو بەڵام ئەوە بۆ ئاوەدانی چین نەلوا...

لەگەڵ ئەوەیشدا، هەردوو پێشکەوتنەکە بەتەنشت یەکەوە ئەڕۆیشتن و، زۆریش لەیەکیان ئەکرد، کە ئەوەندەی نەمابوو بەتەواوەتی وەک یەکیان لێ بێ... شارەکانی چینیش وەک شارەکانی یۆنانستان هەمیشە لە جەنگ و بەربەرەکانێ دابوون.

دوای ئەوە خاکەکە لەم ئاژاوەیە ڕزگاری بوو، بۆ ئەمەی دابەش ببێ لەناو خۆیدا و ببێتە پارچە پارچە، لە شێوەی یاسای خونکاریی یاخود سەرداریی ناکۆکدا... سەردەمی زەویداریی چین، هەر لەو سەردەمەی ئەکرد کە لەناو نووسراوی (ئیلیادە)دا ناوی هاتووە



دەربارەی یونانستان... ئەمە ئەو زۆرانبازییە بوو کە کەوتبووە ناوەند خاوەن دەسەڵاتەکانەوە کە هەموویان زەوی داری گەورە گەورەبوون... هەروەها لەو سەردەمەیشدا بوو کە ڕۆشنبیران و ڕاستی پەرستان پەیدابوون!... لەپێش پەیدابوونی (سوکرات)دا بەماوەیەکی دوورودرێژ، لە چیندا، لە ساڵی (٥٠٠)ی پ.ز.دا (کۆنگ فوتسی) پەیدابوو، کە جیهان پێی ئەڵێن (کۆنفۆچیۆس) هەموو لایەکی ئاگادار ئەکردەوە: کە پێویستە خۆیان بناسن. ئەگینا ناکەونە سەرباری چاکی و پێشیش ناکەون!...

## سەردەمی پێغەمبەران و تێگەیشتووان

سەیر ئەوەیە ئەو چەرخەی کە (کۆنفۆچیۆس) بانگی تیا ئەدا و بانگەکەی دەنگی ئەدایەوە، پێغەمبەرەکانی جوولەکەیشی دیی، بانگیان ئەدا بۆ باوەڕکردن بەخوایەکی تاک و تەنیا هەروەها ئەو سەردەمە گوێی لە (سۆلۆن) و (زەردەشت) و (بودا)یش بوو، خەباتیان ئەکرد بۆ ئەمەی مرۆڤ بخەنە سەر ڕێگای هەرە چاک بۆ ئامانجی هەرە بەکەڵک!...

ئەوەندە هەبوو ژیریی چین، هەروەکو چاو بەستێک مایەوە، بنکی دەرنەئەکەوت هەروەکو جموجۆڵێکی ئاینیش مایەوە کە لە هەندێ بزووتنەوەی جادووگەرانە و ساز و ئاوازدا خۆی ئەنواند... ئەم ژیریی و تێگەیشتوویی یەیش بەربەستی بەربەرەکانێ و شەڕوشۆڕی ناو گەورە خاوەن زەوییەکانی بۆ نەکرا... جا لە کاتی جەنگەکانیاندا هونەرەکانی جەنگ گەشەیان ئەکرد و ئەگۆڕان دڕندەیی سەرکەوتووەکانی جەنگ پتری لێ ئەهات تەنانەت وایان لێ هاتبوو دیلەکانیان فڕێ ئەدایە ناو ئاوی لە کوڵەوە... ئافرەتانیشیان پارچە پارچە ئەکرد!...

هەروەک (ئەسکەندەری ماکدۆنیایی) لە یۆناندا دەرئەکەوت لە ساڵی (٢٣٠)ی پ.ز. یشدا (چی هوانگ تی)یش لە چیندا دەرکەوت یەک لەدوای یەک دوژمنەکانی خۆی لەناو برد توانی شاهەنشاهییەکی چینی دابمەزرێنێ و بۆ کەڵک و چاکەی خۆی بیچەوسێنێتەوە!... یاسایەکی بنکەیی (مرکزیی) بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبار، بۆ دامەزراند تاک و تەرایەتی ناوچەیی نەهێشت ئەویش بەم جۆرە کە لە شێوەیەکی فراواندا نیشتەجێکانی لە نیشتمانەکەی خۆیان ئەگوێزایەوە بۆ شوێنێکی تر لەناو شاهەنشاهییەکەدا یاساکان و کێشانەکان و پێوانەکان و پارەی لە هەموولایەکدا کرد بەیەک پارەکەی لە زەرد دروست ئەکرد ڕەنگە سەریشت سوڕبمێنێ کە پێت بڵێم پانایی

ڕێگا و پانایی نێرکی چەرخی گالیسکەکانیشی دیاردیی کرد هەروەها نووسینیشی کرد بەیەک...

کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا گاڵتەی بەڕاستی پەرستەکانی ئەکرد!...

شاهەنشاهییەکەی (چی هوانگ تی) لە ڕووباری زەردەوە درێژبووەوە تا گەیشتە ڕووباری شین تەنانەت لێیشی تێپەڕی لە ساڵی (٢١٥)ی پ.ز.دا دیوارەگەورەکەی چینی دروست کرد هەر بۆ ئەمەی کە شاهەنشاهی چینی لە پەلاماردانی دوژمنەکانی خۆی بپارێزێ: کە بریتی بوون لە هۆزەکانی (هۆن)، کە هەموویان لە تورکی مەغۆلی بوون... هەروەک شاهەنشاهییەکەی (ئەسکەندەری ماکدۆنیایی) بەمردنی خۆی لێک بچڕا، هەروەها شاهەنشاهییەکەی (چی هوانگ تی)یش بەمردنی خۆی هەڵوەشایەوە.

چونکە جێ نشینەکانی کەسیان لەوانە نەبوون کە بتوانن لەسەر ڕێگا زرنگ کارییەکەی ئەو بڕۆن؛ زووبەزوو خاکی چین کەوتەوە ناو باوەشی ئاژاوە و، دەسەڵاتی کزبوو، سامی نەما، جا لەوکاتەیشدا بوو کە دوژمنەکانی لە هۆزە دڕندەکان، چاویان تێ بڕیبوو، بۆ هەلێکی وا ئەگەڕان کە بەسەریا بدەن.

## دڵڕەقی و دڕندەیی لە خوێنی ڕۆمان[1]دا

هەرچەندە (ڕۆما) لە گەیشتن بەلوتکەی گەورەیی لە (یۆنان) دواکەوتبوو، بەڵام چەرخی ڕۆمایی کەوتبووە ناو چەرخی گریگییەوە ئاوەدانی هەردوولایشیان، چەشنی دوو کەمەرەی زنجیرێک تێک ئاڵابوون... هەر لەسەردەمی یۆنانییەکان، خۆیاندا، شاری (ڕۆما)یش لە دایک بوو.

بەپێی ئەمە، ئێمە هەر ناگەڕێینەوە بۆ پاشەوە، لە کۆڕی ڕۆژگاردا، بێجگە لەوە پێویستە چاویش بگێڕین بۆ ئاسۆی فراوانتر لە کۆڕی چۆڵ و هۆڵیدا... پێویستە لەو ناوچە تەنگ و تەسکە بچینە دەرەوە کە لە مێژووی ئاوەدانییەکانی پێشوودا بۆ خۆمان دانابوو... پێویستە ڕوو بکەینە ڕۆژئاوا... چونکە سەرۆکایەتیی جیهان دەستی کردبوو بەگواستنەوە لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی زرێی سپی ناوەڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی ڕۆژئاوای... هێشتا نەگەیشتووە باکور. چەند سەد ساڵێک، پەلاماردانی هۆزە هیندییە ئەوروپاییەکان بۆ سەر ئیتالیا، لە پەلاماردانیان بۆ سەر یۆنان دواکەوت ئەو پەلاماردانە کەوتە نزیکەی ساڵی (١٢٠٠) ی

(١) یان: ڕۆمایییەکاندا



پ. ز... ئێستاکەیش (ڕۆما) بۆی نەکرا، بگاتە ئەو بارستاییە بەرزەی یۆنان لە خوێندەوارییدا...

مەبەس، ئەو بارستاییە کە دڵ و دەروون و گیان بەرز ئەبنەوە تا ئەیگەنێ!... دوورنییە شوانەکانی ڕۆما ببنە جووتیار و خاوەن کشتوکاڵ یان سەربازەکانی ڕۆما ببنە پشتیوان (محامی)... بەڵام ئەو دڵ ڕەقی و دڕندەییەی کە لە باووباپیریانەوە بۆیان ماوەتەوە، هەرچەندی پێش بکەون هەر لە کانگای دڵیاندا ئەمێنێتەوە!...

## بیست نەتەوە و دڵێک

ئەوەندە هەبوو، دڵ ڕەقییەکەیان بەربەستی گەورەییەکەیانی نەکرد جا هەروەک گریکەکانی ڕەگەزی مرۆڤایەتییان فێری جوانی کرد ڕۆماییەکانیش مرۆڤایەتییان فێری جوانی کرد ڕۆماییەکانیش مرۆڤایەتیان فێری یەکێتی کرد... (ڕۆما) کە پەیدابوو گوندێک بوو زۆری پێ نەچوو بوو بەشارێک دوای ئەوە بوو بە شارێکی گەورە لە جیهاندا.

چونکە تا ئەهات شاهەنشاهییەکەی فراوانتری لێ ئەهات لە هەموولایەکەوە خاکی ئەهاتە سەر، ڕۆمایش بووبوو بەپایتەختی بەڵام ڕۆما هەروەک خۆی مایەوە... بیست نەتەوەی تیابوو یەک دڵیان هەبوو... پەنجا خاکیشی هەبوو یەک سەریان هەبوو!

کاتێ کە ڕۆما هەنگاوی گەورە گەورەی ئەنا بەرەو گەورەیی، دەستی کرد بەداهێنانی ڕابردوویەک بۆ خۆی کە لەگەڵ ئاواتی خۆیدا ئەسازا... ئەویش وەک دەوڵەمەندەکانی جەنگ، بنچینەیەکی باووباپیرانی بۆ خۆی دۆزییەوە، خۆی پێ ئەگەیاندە خواکان و سەرۆکە گەورەکان... گەلێک ئەفسانەی دروست کرد بۆ خۆی کە لەسەرەتادا ئەچووەوە سەر ئەو فەرماندارانەی کە لە پیاوچاکان بوون، ئەچووەوە سەر دڕندەکان و گیانلەبەرەکان!... ئەمەیش واناگەیێنێ کە مێژووەکەی کۆنیان هەمووی درۆ و هەڵبەستە... چونکە ئەمەیش ئەگونجێ کە لەپاش داگیرکردنی (تەرواده)، ژمارەیەک لە ئاوارەکان گەیشتبنە ناو دانیشتوانە ڕاستەقینەکانی ئیتالیا، ئنجا لە شوێنێکا جێ گیربووبن کە پێی ئەڵێن (لاتیوم)... دوورنییە (ئەتروسکان)ەکانی باکوریش لەبەرەی ئەو ئاوارانەوە هاتبن کە لە ئاسیای بچووکەوە گەیشتوونەتە ئەوێ... بەڵام ئەوی بەتەواوەتی لێی دڵنیاین و ڕاستە، ئەوەیە کە نەتەوەیەک لە گریکەکان گەنجینەکانی ئاوەدانی و پێشکەوتوویی گریکەکانیان لەگەڵ خۆیاندا گواستەوە بۆ باشووری ئیتالیا...

## نیازی بەهێز مرۆڤ ئەگەێنێتە گەورەیی

زۆرتر بیر بەلای ئەوەدا ئەچێ، کە ئەو ڕەگەزەی ڕۆمای ئاوەدان کردوەتەوە، لەسەرەتادا بریتی بووە لە یەکێتی چوار هۆز یاخود تیرە، کە ئەمانەن: (ئەلبان، سابین، لاتین، ڕۆمان)... ئەمیش لە ساڵی (٧٥٠)ی پ.ز.دا...

ئەوانە خوێنیان تێکەڵی یەکتربوو... بەهەموویشیان چەند خوایەکیان ئەپەرست!...

ڕۆمـایش بووبووە بۆتەیەک هەمـوو ڕەگـەز و باوەڕییـەکی لەناو خـۆیدا تواندبووەوە و کردبوونی بەیەک... لەگەڵ ئەمەیشدا چەند ساڵێک هەر بەو چەشنەمایەوە، بریتی بوو لە بازێڕێکی بچووک کە بازاڕی تیا ئەگێڕرا بۆ گوندەکانی یەکێتی لاتینی. شارەکە بەتەنگ ئەوەوە بوو پردێک لەسەر ڕووباری (تیبەر) دروست بکات، چارەی زۆنگاوەکان بکات، لە ئاوڕێژی ڕووبارەکەیشدا بەندەرێک دروست بکات، کە ئەوانەی جێبەجێ کرد، ئیتر هەموو کاروبار و دواڕۆژێکی خۆی دایە دەست خونکارێکی وا کە هەموو دەسەڵاتێکی سەربازانە و دادگەریی و ئایینی لە چنگ خۆیدا کۆکردبووەوە زۆرجاری وایش هەبوو ئەو خونکارە لەناو نەتەوەدا هەڵ ئەبژێررا.

هەڵبژاردنی ئەو خونکارەیش بەندبوو بە بڕیاردانی هەموویانەوە. ڕۆما، هەر لەسەرەتای ژیانییەوە ڕووی کردە یاسا دانان.

یاساکەیشی بریتی بوو لە کۆمەڵەیەک کاروباری ئایینی کە باوەڕییە ئایینییەکانی تیا تێکەڵ بووبوو بەبیروباوەڕی پڕوپووچ یاخود ئەفسانە...

ڕۆمـا، هەر لە بەرەبەیانی مـێـژووەکـەیەوە وابوو، کـە هەرچی هەبوو لەمـلاو لەولایدا، موژدەی دواڕۆژێکی ڕۆشنی ئەدا...

(ئەتروسکان)ەکـان هەندێ شـارەزای ئەندازیـاریی ئاودان و پارە بەخـتکردن و لە بابەت دروست کـردنی ئامـان و دەفـرەوە ئەزانی... ئەو یۆنانیـانەیش کـە لەناو دوورگـەکـانی (سجیلیا) و (کەمبانیا)دا نیشتەجێ بوون، لە دروست کردنی پەرستگاهان و گفتوگۆی ڕاستی پەرستییانەدا شارەزابوون... ئەوەندە هەبوو شارەکانی هەردوو ڕەگەزەکە، ئەوەیان لە دەست نەئەهات، کە بۆ (ڕۆما) لوابوو و پێی بووبووە گەورە!...

ئەو شارانەی تر لەسەر شتێک دامابوون، ئەویش: (هێز و هەرەتی نیاز) بوو!...



## کۆمار... یاخود فەرمانداریی خانەدانەکان

لە نزیکەی سـاڵی (٥٠٠)ی پ.ز.دا، هەڵبـژاردنی خـونکار لە ڕۆمـادا بەم جـۆرە تەواو ئەبوو، کـە دەنگی هەمـوو تاک و تەراکـانی نەتەوەی لەسـەر بدرێ بەڵام ئەم یاسـایە بەدڵی سەرەک هۆزەکان نەبوو چونکە بەربەرەکانێ و قـینەبەریی لەناویاندا زۆر توندوتیـژبوو، بۆ دەسـەڵاتداریی جـا لەبەر ئەوە یاسـایەکی کـۆمـارییـان بەسـەر فـەرمـانڕەواییـە تازە پێگەیشتووەکەدا سەپاند، کە پاڵی ئەدا بەدەسەڵاتی سەرۆکی هێزەکانەوە.

جـا لەجـیـاتی ئەوەی خـونکارێک هەڵ ببـژێررێ و بەسـەر تەخـتـەوە بمێنێ تا ئەمـرێ، فەرمانڕەواییەکی ئەریستوکراتی شەنگەبەرەیان دامەزراند... کاروباری فەرمانڕەواییەکە دوو (کـونسـوڵ) سـەرپەرشـتـیـیـان ئەکـرد... هەردووکـیـان بۆ تاکـە سـاڵێک هەڵ ئەبژێرران هەردووکـیـشـیـان بەشـێـوەیەکی وا فـرمـانی خـۆیان بەجێ ئەهێنا کـە زیان بەدەسـەڵاتی سـەرۆکـەکـانی هۆزەکـان نەگـەینێ چونکە فـەرمـانداری ڕاسـتـەقـینەی ڕۆمـا (کـۆڕی ڕیش سپییان)بوو. جا ئەم کۆڕە بوو کە یاساکانی دائەنا کە بڕیاری لەسەر پارە بەخت کردن ئەدا کەرێی ئەدا بەفـەرمـانڕەوایی ڕەش بـگیـر بکات و سـەربـاز بگرێ کـە سـەرپەرشـتی زرنگ کاری دەرەوەیش بکات...

کاتێکی وایش هاتە پێشەوە، کە دەنگ دان گشتی بوو، هەمـوو چینێکی ئەگرتەوە بەڵام ئەندامـیـێـتی کـۆڕی ڕیش سـپـیـیـان هەر بۆ ئەو کـەسـانە تەرخـان کـرابوو کـە لە چینی ئەریستوکراتی و دەوڵەمەندان بوون، کە ئەیانوویست نەتەوە بچەوسێننەوە. (گاتو)یش کە وتـار بێـــژێکی دەم پاراوبوو، بریـتی بوو لە پیـــاوێکی دەوڵەمـــەند، بۆ کـــەڵکی ئەریسـتۆکـراتییەکان تێ ئەکۆشا و لەسەری ئەکردنەوە کەچی خۆیشی وا ئەنواند کە لەسەر (ڕۆما)ی ئەکردەوە (شیشیرۆن)ی کۆنەپەرستیش کە مەردی جەنگی تێکچوونی کۆمارەکە بوو، لە ڕاسـتیدا بریـتی بوو لە ئەندامێکی کۆڕی ڕیش سـپیـان، لەگەڵ نەتەوەدا کردەوەی خـراپی ئەنواند!... چەند سـەد سـاڵێکی پێ چوو، ئنجـا هێـزی هەڵ بژێرەکـان ڕێـک خـرا، لەکاتی دەنگ دانی گشتییدا، بۆ بەرەنگاری کردنی دەسەڵاتی ڕیش سپییەکان ئەمەندەیش بەسە کـە ڕاستی زرنگ کـاریی ناوەوەی کۆمـاری ڕۆمـامـان بۆ دەربخـات جـا لـەمـاوەی ئەو چەند سـەد سـاڵەدا، خـاوەن دەنگەکـان، واتا هەڵبـژێرەکـان، کـزکـرابوون، ئەچەوسـێنرانەوە ئاواتیـان بۆ ئەو ڕۆژانە ئەخـواست کە دەسـەڵات بەدەست ئەو خـونکارانەوە بوو کـە لەلایەن نەتەوەوە، هەموو چینێکیەوە هەڵ ئەبژێرران...

## وریا بوونەوەی کزکراوەکان

ئەوەندە هەبوو، ئەو خاوەن دەنگە کز و بێ دەسەڵاتان، تا ئەهات هێزیان پەیدا ئەکرد، بەهێزتر ئەبوون دەستیان کرد بەداواکردنی یەکسانی لە مافەکاندا... هەموو دەم لەسەر ئەم هاوارەی خۆیان ئەڕۆیشتن... یەکەم سەرکەوتنیان ئەوەبوو چەند کۆمەڵێکیان دامەزراند، فرمانیان ئەوەبوو کە لەسەریان بکەنەوە، لە بەرامبەر دوژمنەکانیاندا... مافی کۆبوونەوەیان دەست کەوت... هەتا توانیان تێ کۆشان، تا کارێکی وایان کرد یاسای دیل کردنی دەستیاو لە سەرەکانیان هەڵگرت ، کە ئەبوو هەرچی دەستیاو نەداتەوە بکرێ بە دیل تا دەستیاوەکەی ئەداتەوە بەخاوەن دەستیاو هەروەها کۆڕی ڕیش سپییانیشیان ناچارکرد کە یاسایەک دەر بکات بۆ ڕێکخستنی ژن هێنان، بەمەرجێ ڕێ بدرێ کە لە ناو هەموو چینەکاندا پێک بێ کەچی لەوە پێش لە ناوەند چینێک و چینێکی تردا ڕێ بەژن هێنان نەئەدرا!...

زۆریشی پێ نەچوو، ئەو پایەی فەرمانڕەواییيانەیشیان دەست کەوت کە لەوەپێش هەر بۆ خانەدانەکان دانرابوون لەگەڵ ئەمەیشدا، هێشتا هەرکزبوون... ئەوانە هەژار بوون، یان پیشەسازبوون، یان بەردەست. بەدەست بەربەرەکانێی (بەندە)کانەوە هاواریان بوو. چونکە ئەوانە بێ ڕۆژانە کاریان ئەکرد... هەرچی جووتیارەکانیشیان بوو، لە بەربەرەکانێیەکی تر ئەیانناڵاند... ئەویش ئەوەبوو کە دانەوێڵەیان لە دەرەوە ئەهێنا بۆ خاکی ڕۆما... زۆرجاری وایش هەبوو، ناچارئەبوون زەوییەکانی خۆیان بەجێ ئەهێشت و ڕەویان ئەکرد بۆ ناوشارەکان، کە لەو جێگایانەدا بەدەست بێ فرمانییەوە تەنگەتاو ئەبوون...

## نەتەوە دیکتاتۆرێک هەڵ ئەبژێرێ

هەموو (دیکتاتۆر)ێک، نەرم نەبوو، خۆی مل کەچ بکات بۆ ڕیشی سپییەکان لە کاتی تەنگانەدا زۆری پێ نەچوو، هەڵی وا بۆ بۆرە پیاوان هەڵکەوت، ئەو دیکتاتۆرەیان دامەزراند کە بەدڵیان بوو، نەک بەدڵی ڕیش سپییەکان... (ماریۆس)یش یەکەم دیکتاتۆر بوو لەم جۆرە پیاوە، کە لە ساڵی (١٠٨)ی پ.ز.دا هاتە سەرتەخت... ئەم دیکتاتۆرە، جەنگاوەرێکی سەرکەوتوو بوو کە دەرگای لەشکریشی بۆ نەتەوە کردەوە لەجیاتی ئەوەی هەر بۆ زادەگانەکانی بکاتەوە، لەناو نەتەوەدا جێی خۆی قایم کرد... نرخی گەنمی هەرزان کرد زەوییەکانی فەرمانڕەواییشی دابەش کرد بەسەر سەربازەکانیا.

بەبۆنەی هەندێ ڕووداویشەوە زەوییە گەورەکانی لە خاوەنەکانیان داگیرکرد... کاتێ کە



ڕیش سپییەکانیش بەرەنگاری بوون، ئەو نەتەوەیەی کە (ماریۆس)ی ئەپەرست لێیان ڕاست بووەوە و دەستی کرد بەکوشتاریان!...

## سیزەر پیاوی ڕۆژبوو[1]

لەدوای (ماریۆس[2])، (سولا) هاتە جێگای ئەمەیش نیشانەی گەڕانەوەی کۆنە پەرستی بوو چونکە (سولا)، دیکتاتۆرێکی ئەریستوکراتی بوو، ناز و جیازەکانی بۆڕیش سپییەکان گێڕایەوە نوێنەرەکانی نەتەوەیشی لە ناز و جیازەکانیان بێ بەش هێڵایەوە... هەر لەوکاتەیشدا کە گەیشتبووە ئەوپەڕی دەسەڵاتی خۆی لە تەخت هاتە خوارەوە و وازی لە فەرمانداریی هێنا... لەمەیش کەس سەری سوڕنەئەما چونکە ئەمە شتێکی ئاشکرابوو، کە ڕیش سپییەکان دەسەڵاتی خۆیان پەیدا کردەوە، فرمانی ئەویش بڕابووەوە...

بەڵام نوێنەرەکانی نەتەوە لەوە بەهێزتربوون کە لەم شکستە بێ دەنگ بن لەبەر ئەوە گوندەکان و لادێکان کەوتبوونە جۆش، لە فەرمانڕەوایی ڕاست ئەبوونەوە لەساڵی (٧٣)ی پ.ز.دا (سپار تاکۆس) ڕاست بووەوە و بانگی دا بۆ بەندەکان کە دەست بکەن بە شۆڕش دەوڵەمەندەکانیش دەستیان کرد بەدەربازکردنی پارەکانیان لە ئیتالیا.

بەرهەڵستێکی زۆریش خرایە پێش دەم دەربازکردنی زێڕ ئنجا کە کۆڕی ڕیش سپییان هەستیان پێ کرد، فەرمانڕەوایی، چ لەڕووی سامانەوە، چ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لە ڕووخان دایە، ئاوڕێکی بەملاو بەولادا دایەوە ئەگەڕا بۆ پیاوێکی بەتوانا و بەجەرگ کە (ڕۆما) لەم پشێوییە ڕزگار بکات... لە ساڵی (٤٩)ی پ.ز.دا، پیاوێکیان دۆزییەوە، بەڵام لە ئەریستۆکراتییەکان نەبوو ئەو پیاوە (سیزەر)بوو، کە برازای (ماریۆس)بوو.

## هونەرەکانی جەنگ و لەشکر ئارایی ڕۆماییەکان

لەوکاتەدا ڕۆما فراوان بووبوو چونکە شاهەنشاهییەکی بۆخۆی دامەزراندبوو، بەهۆی لەشکرەکەیەوە، کە زۆر بە هێز و ڕێکوڕێک و پۆشتە و چەکدار بوو... کڵاوی ئاسن و و زرێ و قەلغان و نێزە و شیریان پێوە بوو... بەکارهێنانی فیلیش لە جەنگا، ڕۆما نەبێ،

(١) سیزەر: چار، قەیسەر... ڕستەکەی هەمووی ئەوە دەگرێتەوە کە: قەیسەر پیاوی تەنگانەبوو.

(٢) ماریۆس (١٥٦–٨٦ پ.ز) کۆنسوڵ و سەرلەشکرێکی ڕۆمانییەکان بوو بەرگری لە مافی خەڵکی دەکرد بەڵام (سولا)ی سەرلەشکر لەڕوویدا وەستا کە بەنوێنەری ئەرستۆکراتییەکان دادەنراو زاڵبوو بەسەریدا.

کەس دای نەهێنابوو... مەگەر هەر (ئەسکەندەری ماکدۆنیایی) لەوەدا پێشی کەوتبێ، ئەگینا کەسی تر پێشی نەکەوتبوو... هەروەها لە خۆ قایم کردنیشدا تەواو پێشکەوتبوو... هێزەکانی ڕۆما، کە ئەکەوتنە جەنگەوە، خۆیان وا ئامادە ئەکرد: لە شوێنی چوارگۆشەی درێژکۆڵەدا هەواریان هەڵ ئەدا... بەهەرچوارلای خۆیاندا چاڵیان هەڵ ئەکەند... بۆ خۆپاراستنیش قایم کارییان ئەکرد... هەروەها لەشکری ڕۆما، لەچوارلاگرتنیشدا[1] پێشکەوتبوو... جا بەهۆی ئەم جۆرە کارانەوە، لەشکرەکە ئەی توانی پەلاماربدات، یاخود هەموو هوروژمێک بەربەست بکات... بەم ڕەنگە ڕۆما زاڵ بوو بەسەر شارەکانی دراوسێی خۆیدا هۆزەکانی ناو شاخەکانیشی خستە ژێر چنگی خۆیەوە لەشکری ناوچەکانی: (لاتیۆم) و (ئەترۆریا) و (کەمپانیا)ی ناو خاکی ئیتالیای شکاند... بەرامبەر دوو دوژمنی بەهێزیش وەستا: (سەڵت)ییەکان و (کارتاجە)ییەکان... هەندێ جار بەو سەڵتیانەیان ئەگوت (کەلت)...

هەرچی سەڵتییەکان بوو، لە باکورەوە هاتبوونە خوارەوە ئەمانە لە هۆزە کۆچەرەکانی هیندیی ئەوروپایی بوون، کە هەر لە ئاوڕێژی ڕووباری (دانوب)ەوە بەناو خاکی ئەوروپادا بڵاوبووبوونەوە تا گەیشتبوونە کەناری زریی ئەتلەسی... لەکاتی ئاشتیدا، لە هونەرەکانی ژیاندا، زۆر شارەزابوون.

لە هونەرەکانی جەنگیشدا هونەرمەندبوون هەموودەم بۆ ئەوە ئامادەبوون، کە لە پێناو سەربەخۆیی خۆیاندا، خۆیان بدەن بەکوشت ئەوانە لە چەرخەکانی پێش ئەم سەردەمەدا لە خاکەکانی (بوهیمیا) و (گال) و (فەرەنسە) و (ئیسپانیا) و دوورگەکانی باکوردا جێگیربووبوون دوای ئەوە هاتبوونە خوارەوە بۆ لای (ئیتالیا) گەیشتبوونە ناوچەی ڕووباری (پو) ئەو دەمە ساڵی (٣٨٣)ی پ.ز.بوو دوای ئەوە ڕوویان کردە ڕۆما لەپاش چەند مانگێک ناچاربوون گەڕانە پاشەوە... بەڵام وەک جێ مەترسی یەک مانەوە کە هەڕەشەی لە ڕۆما ئەکرد... دوای ئەوە بەناو ئەوروپای ناوەڕاستدا هێرشیان هێنا... چونە ناو خاکەکانی (سرب) و (مەجەر) و (تراکیا)وە...[2] تەنانەت گەیشتنە ئاسیای پچووکیش، کە لەوەش بەناوی (جالاتیان)ەوە ناویان دەرکرد... دوورنییە ئەم ناوە بنجوبناوانی ناوی (کەڵت) بێ کە ناوبانگیان پێی دەرچووە...

(١) چوارلاگرتن: واتا (ئابڵوقەدان – حصار).

(٢) ئەم ناوانە تازەن، هی ئەو سەردەمەنین کە باسی لێوە دەکرێ.



(کارتاجە)ییەکانیش کە لە (کارتاجە)ی باکوری ئەفەریکاوە هاتبوون، دەسەڵاتیان کێشابوو بەسەر ناوچەی ڕۆژئاوای زریی سپی ناوەڕاستدا... ئەوانە لە (کەڵت)ییەکان مەترسییان کەمتر لێ ئەکرا...[1]

لەبەر ئەوە لەناوەند (ڕۆما) و (کارتاجە)دا، هەر ئەبوو شەڕ بقەومێ، لەسەر گەورەیی، ئەبوو یەکێک لەو دووانە دوژمنەکەی خۆی لەناوببات و لە نەخشەی جیهاندا لای ببات چونکە ناوچەی زریی سپی ناوەڕاست بەشی دوو شاری بەهێزی نەئەکرد، کە ژیانیان بەندبوو بەچاو چلێسییەوە... سامییەکانی شاری کارتاجە، نەوەی فینیکییەکان بوون.

شارەکەی خۆیان وا ئەهاتە پێش چاو، کە جێ نشینی فینیکییەکانە نابێ کەشتییەکانی بێگانە، لە کەنار ئاوەکانی ئەفەریکادا هیچ مافێکیان هەبێ ئامانجی هەرە گەورەیان ئەوەبوو شاهەنشاهییەکی خاوەن زرێ بۆ خۆیان دروست بکەن.

سا هەر لەبەر ئەم مەبەسە بوو، کە لەپێش ڕۆمایشدا چوون بەگژ ئەثینادا... تیرەکانیان بەدرێژایی گوێ ئاوەکان بڵاوبووبوونەوە هەر لە (سەنەگال)ەوە داگیریان کردبوو تا ئەگاتە (کامیرۆن) ئەویش هەر بۆ ئەمەی ببنە گەورەی زرێ هەرچی ڕۆماییەکانیش بوو داوای سەربەستی کەشتییەوانی و سەربەستی زرێ کانیان ئەکرد... جا ناکۆکیی ناوەند ڕۆما و کارتاجە لەمەوە پەیدابوو... یەکەم جار لە دوورگەی (سجیلیا)دا لە یەکیاندا... لەپاش جەنگێکی خوێنی پڕ ئەرک و ئازار کە بیست و سێ ساڵی خشتی پێ چوو، ڕۆماییەکان توانیان کارتاجەیەکان لەم دوورگەیە دەربکەن... ئەو دەمە ساڵی (٢٤١)ی پ.ز.بوو. ناچاریشیان کردن تۆڵەیەکی گەورەیان بۆ بکەنەوە، لەپێناو زیانی ئەو جەنگەدا...

دووەم لێک کەوتنیشیان لە ئیسپانیادا بوو ئەم جارە شەڕەکە هەژدە ساڵی خایاند سەرگەردانی جەنگ ئیتالیا خۆیشی، گرتەوە چونکە سوارەکانی (هانیباڵ) لە ساڵی (٢١٦)ی پ.ز.دا ملی ڕێگایان گرت و ڕوویان کردە ڕۆما جا ئەگەر لەناو خاکی کارتاجە، خۆیدا، هەندێ گیروگرفت ڕووی نەدایە و، ڕۆماییەکانیش ئەمەندە ئازایەتییان نەنواندایە، لە خاکی ڕۆمادا کەس نەئەمایەوە هەموویان لەناو ئەچوون. بەڵام دوایی لە ساڵی (٢٠٢)ی پ.ز.دا توانیان دوژمنەکانیان لە ئیتالیایش و ئیسپانیایشدا دەربکەن و بەرەوپاش بیانگێڕنەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆیان لە ئەفەریکادا... دوای ئەوە ڕۆما کانگازیوەکانی ئیسپانیایشی داگیرکرد، کە بنچینەی سامانەکەی بوون...

(١) بەڵکو: لەسەر دەسەڵات.

## گەشەكردنی داگیركەریی ڕۆمایی

بەڵام ڕۆما بەمەندە وازی نەهێنا، لەپاش پەنجا ساڵێک، سامانەکەی کارتاجە لەلایەکەوە و، تازەکردنەوەی گەلە کە شتییەکانی خۆیشی لەلایەکی ترەوە، هانەیان دا کە بڕیار بدات دوژمنەکەی خۆی بەتەواوەتی لەناو ببات ڕاستییەکەیشی ئەوەبوو کە لە ساڵی (١٤٩)ی پ.ز.دا، توانی دوژمنەکەی خۆی تێک بشکێنێ و، کارتاجەییەکانیش وەک بەندە لە بازاڕەکاندا بفرۆشێ و، هەریەکەیان بەلایەکا تەفر و توونا بکات و، هەرچی خاکێکیشی هەبوو لە ساڵی (١٤٦)ی پ،ز،دا بیخاتە سەر خاکەکانی شاهەنشاهیی ڕۆما بەم ڕەنگە جەنگەکە، لەبەر مانەوە، دوایی هات بەڵام ڕۆماییەکان خاک داگیرکردن و تاڵان کردنیان پێ خۆش هات گەلێک گەنجینەی گەورە گەورە و بەندە و خاکیان دەست کەوت.

بۆ ئەم داگیرکارییەیش، زرنگ کارییەکی چەواشە کار و ناپاکیان بەکارهێنا، کە لەسەر بەرزییەوە زۆر دووربوو... بەم ڕەنگە ڕۆماییەکان خاکەکانی ئیتالیا و یۆنان و سوریا و ئاسیای بچووک و گەلێکی تریان داگیرکرد پەلاماری ئەو ئاوەدانییە کۆنانەیشیان دا، کە هۆزە شوانکارەکان داگیریان کردبوون لە ئێران و ناوەند جووتە ڕووباردا... داگیرکردنی خاکەکانی ڕۆژهەڵاتیان ئەوەندەی نەمابوو بگاتە (چین)... هەوەها لەلای باشووریشەوە دەستیان بەسەر (میسر) داگرت...

ئەوکاتە فەرمانڕەوایی (پەتلیمۆس)ەکان، لە گیانەڵادا بوو ئەوددەمە (٥٠)ی پ.ز.بوو... بەم ڕەنگە (ڕۆما) بوو بەگەورەی هەموو ناوچەکانی گوێ زرێی سپی ناوەڕاست.

## سیزەر دیکتاتۆرێکی نەتەوەیی بوو

هەرچەندە ڕۆما بەم ڕەنگە گەورەیی خۆی تەواو کردبوو، بەڵام هێشتا ئاسایش و ئارامی خۆی بۆ تەواو نەکرابوو... چونکە مەترسی هۆزە دڕندەکانی باکور هێشتا لە ئارادا بوو، کزنەبوو بوو هەروەها ڕیسواکردنەکەی (سەڵتییەکان)یشی لەبیر نەچووبووەوە.

بەڵام هەر ئەوانە سەرچاوەی مەترسی نەبوون. (جەرمان)ەکانیش مەترسییان لێ ئەکرا، ئەوانە نەتەوەیەکی جەنگاوەربوون لە باکورەوە هاتبوونە خوارەوە ڕۆماییەکانیان خستبووە ترسەوە هەرەشەیان لە ئاسایشی ڕۆما ئەکرد (ماریۆس)یش، لەکاتی پەڕینەوەیاندا لە ڕووباری (ڕاین) و داگیرکردنی خاکی (گال)یاندا، هەستی بەسامناکییان کرد لەبەر ئەوە، لە ساڵی (١٠٢)ی پ.ز.دا، لە جەنگی (ئیکس)دا شکاندنی بەڵام جارێکی تریش



خاکی (گال)یان تەنگەتاوکرد لەسەر ئەوە (سەڵتییەکان) پەنایان بردە بەر ڕۆما تا یارمەتییان بدات (جولیەس سیزەر) بەدەنگیانەوە هات بەخۆی و لەشکرەکەیەوە دای بەسەر خاکی (بەلچیکا)دا لە ڕووباری (ڕاین) پەڕییەوە و، لە خاکی (گال)یش دەری پەڕاندن ئەو دەمە ساڵی (٥٧)ی پ.ز.بوو بەڵام ئەم خاکە ئەمەندە دەوڵەمەندبوو، ڕۆماییەکانی خستە سەر ئەوەی کە بەداگیرکراویی بیهێڵینەوە بۆ خۆیان.

بەڵام خاکی (گال) بریتی بوو لە داوێک، کۆڕی ڕیش سپییان بۆ (جولیەس سیزەر)یان نابووەوە چونکە ئەو ڕیش سپییانە لەوە ئەترسان کە دەسەڵاتەکەی (سیزەر) لە وزە دەربچی، زۆری پێ نەچوو، لەسەر قسەی (پومپەی)[1]، نامەیەکیان بۆ نارد، کە لەشکرەکەی خۆی بڵاوە پێ بکات و بگەڕێتەوە بۆ ڕۆما، تا کردەوەکانی خۆی پێشانی هەمووان بدات وەرامی (سیزەر)یش ئەوەبوو کە لە ساڵی (٤٩)ی پ.ز.دا بەخۆی و لەشکرەکەیەوە ڕووی کردە ڕۆما.

ڕیش سپییەکان و (پومپەی) خۆیان دەربازکرد (سیزەر)یش دوایان کەوت لە (ڤەرسالوس)دا لەشکری (پومپەی)ی شکاند هەر ئەو ساڵە هاتەوە ناو شاری ڕۆما بەم ڕەنگە دوایی بەکۆماری زادەگانەکان هێنا.

## دیکتاتۆرە و پێ لە چاکەی نەتەوە ئەنێ

جا بەناوی ئەوەوە کە نەتەوە چاکەی بەسەربەوە هەیە، (سیزەر) دەستی کرد بەدابەش کردنی پارچە زەوی بەسەر تاک و تەراکانی نەتەوەدا جێ ئاوەدانیشی دروست کرد بۆ ئەو سەربازانەی کە هەژار و پەک کەوتەبوون پێ ڕەوییەکی گەورەیشی دانا، کە پڕبوو لە پڕۆژە گشتییەکان بۆ دۆزینەوەی کاروفرمان بۆ بێ کاران و، باربووکردنی ئەوانەی کە خێزانی گەورەیان بەسەردا کەوتووە ڕێگایشی کردەوە بۆ بۆرە پیاوان کە بەرزترین پایەی فەرمانڕەوایی بگرنە دەست خۆیان هەر ئاژاوەیەکیش هەبوو لە یاسای سامانداریدا لای برد جا بۆ ئەمەی کارگەرەکان لەبەربەرەکانیی بەندەکان بپارێزێ، بڕیاریدا بەسەر خاوەن کێڵگە گەورەکاندا کە بەلای کەمەوە سێیەکی کرێکارانی ناو زەوییەکانیان لە ئازادەکان بن هەروەها بۆ ئەمەی کشتوکاڵی ئیتالیا لە بەربەرەکانێی کشتوکاڵ بێگانان بپارێزێ،

(١) پۆمپیۆس (١٠٦–٤٨ پ.ز) سەر لەشکرێکی ڕۆمانی بووە، یەکێک بووە لەو سێ حاکمەی کە فەرمانڕەوایی ڕۆمایان دەکرد (لەگەڵ قەیسەر و کراس)دا. لە ٦٤ پ.ز وڵاتی سوریای گرت و بووە هەرێمێکی ڕۆمانی.

چاندنی دارمێو و دار زەیتونی لە خاکەکانی (ئیسپانیا و گال) بەربەست کرد دابەش کردنی دانەوێڵەی سەر لەنوێ ڕێک خستەوە بۆ بەربەست کردنی ژیانی بەزموڕەزم و ناز و جیازیش یاسایەکی دەرهێنا دەسەڵاتی کۆڕی ڕیش سپیانی هێنایە خوارەوە ئەوەندە دەسەڵاتی بۆ هێشتەوە کە هەروەک کۆڕێکی پرس پێ کردنی لێ بێ خوێنی تازەیشی خستە ناوەوە گەلێک لە لادێیەکان و ئازادەکانی تیا کرد بەئەندام بەم ڕەنگە یاسای فەرمانداریی (سیزەر)بوو بە(دیکتاتۆرییەکی نەتەوەیی)... ئەوەندە هەبوو (سیزەر)هەر لەوکاتە خۆیدا، بەهەموو کۆڵی دڵیەوە تێ ئەکۆشا کە ناوەندی ئەریستۆکراتی و نەتەوە ڕێک بخات هیچ لەوەیش کۆی نەکردەوە کە ژمارەی ئەو کەسانە کەم بکاتەوە کە پشتیان بەستبوو بەیارمەتیدانی فەرمانڕەواییەوە. لەپارە بەخشیندا... جا لەبەر ئەوەی کە خۆی بەسەرکردەی لەشکر و لێ پرسراوی یاساکان و سامانی فەرمانڕەوایی دائەنا، دەستی کردبوو بەجێبەجێ کردنی پێ ڕەوییەکی دوور ئەنداز بۆ ڕاستکردنەوەیەکی ڕاستەقینەی کاروباری گشت لایی تێ کۆشا بۆ ئەوەی ساڵ بەند بکرێ بەجووڵەی ڕۆژەوە ڕۆژنامە (تقویم)ێکی دەرهێنا کە ساڵی بە(٣٦٥) ڕۆژ دائەنا هەروەها ئەوەیشی دامەزراند کە هەر چوار ساڵە جارێک ساڵێکی پڕ، واتا (٣٦٦) ڕۆژی ڕووئەدات ڕۆژنامە (جریدە)یەکیشی دەرهێنا، کە زۆرتر بیر بەلای ئەوەدا ئەچێ کە یەکەم ڕۆژنامەبێ، کە لە مێژوودا ناوی هاتبێ، ناوی نا: (ئاکتا ئۆربیس)...

## بەناوی ئازادییەوە بیست و سێ خەنجەری لێدا

(سیزەر) بۆ هەر شوێنێک بچوایە سەر ئەکەوت... لە بەریتانیادا، لە میسردا، لە ئاسیادا، لە ئیسپانیادا... لەبەر ئەوە بووە گەورەیەکی تاک و تەنیا، کەس نەما لەو گەورەتر و دەسەڵاتدارتربێ لەهەر جێگایەک بوایە، ڕێزیان لێ ئەگرت و پایەیان بڵند ئەکردەوە... لە سەدەکانی پاش خۆیشیدا، ناوەکەی بووبوو بەنیشانەی ئەو دەسەڵاتدارەی کە کەس نەبوو لە بەرامبەریا بوەستێ... (سیزەر)!...

هەر کەسێ ببوایە بەفەرمانداری شاهەنشاهی ڕۆما پێیان ئەگوت (سیزەر) یاخود (قەیسەر)... جا ئەم پاش ناوە بووە ناوونیشانی خونکارەکان لە (ئەڵمانیا) و (ڕوسیا)دا هەتا شەڕی جیهانی یەکەم بەرپابوو، مایەوە...

بەڵام ڕیش سپییەکەیان، ئەوی ئەو کردبووی لەگەڵیاندا، لە بیریان نەچووبووەوە... زۆری پێ نەچوو گەلە کۆمەکییەکیان لێ کرد...



هەرکەسێکیش لە ئاژاوەی سامانیدا کەڵکی وەرئەگرت، لەگەڵ هەل پەرستەکاندا چوونە ناویانەوە... بەناوی (ئازادیی بەسەزمانەوە)، لە ساڵی (٤٤)ی پ.ز.دا خەنجەریان لێ هەڵکێشا... (برۆتس)ی[1]ش ئەو پاڵەوانە بوو کە ناوەکەی ئەمەندە گەورە و بەڕێزبوو، شێوەیەکی ڕەوای بەم کەتنەدا!...

(سیزەر)یش بووە نێچیری بیست و سێ خەنجەر کە لێی درا... (سیزەر) کوژرا... بەڵام (یاسای دیکتاتۆریی نەتەوەیی) لەپاش ماوەیەک، زۆری پێ نەچوو، سەرلەنوێ، زیندوو بووەوە...

## ڕووخانی کۆماری ڕۆما

بەڵام ئەو کۆمارەی کە خانەدانەکانی ڕۆما خۆیان بۆ ئەکوتاو، هەر بەئاواتیەوەبوون بیگەنێ، بێ کەڵک و فەڕ نەبوو چونکە تەختی گەورەیی (ڕۆما)ی بڵندکردەوە بەڵام چونکە لە یاسای خونکاریی ئەترسا، کەوتە ناو ئاژاوەوە کە تەماشات ئەکرد فەرمانداریەکە لە ڕواڵەتدا سەرکەوتوو و سەربڵند بوو کەچی لە ناوەڕۆکدا تا ئەهات ڕەوشت و خوو و ورەی نزم ئەبووەوە و تێک ئەچوو!...

هەرچی کارگەرەکان بوو ئارەزوویان لەسەر کارکردن نەما... چینی ناوەڕاستیش هەر بەگۆترەکاریی و جەربەزەیی سامانییەوە خەویان ئەدیی، کە پێیان دەوڵەمەندبن... بێ فرمانی و ئارەزووی بەزموڕەزمیش چینی باڵای دارزاندبوو... لە ڕاستیدا (ڕۆما) خەواڵوو بووبوو.

لەناو دەستیاو وەرگرتندا نوقووم بووبوو بەرەو ڕووخانیش ئەهات... هەرچی سامانی فەرمانڕەوایی هەبوو پەرش و بڵاو بووبووەوە... تەنانەت وای لێ هات، لە ساڵی (٤٢)ی پ.ز.دا بەپێویست زانرا، کە لەسەر دەرامەتیش باج دابنرێ ڕۆماییەکان باوەڕیان بەئایینەکەی خۆیان نەما ئیتر ئەوەندە گوێیان بەخواکانی خۆیان نەئەدا... لە جیاتی ئەوە بەچاوپۆشییەکی تەواوەوە هۆگری ئەو باوەڕییانە ئەبوون کە لە خاکەکانی ترەوە بۆیان ئەهاتە ڕۆماوە!...

وایش دەرئەکەوێ، کە لەو سەردەمەدا، خوێنی بێگانەکان ڕژایە ناو خوێنی ڕۆماییەکانەوە بەهۆی ئەم کارەساتەیشەوە گیانی جەنگاوەریی کە لەناو خوێنی ڕەگەزی

(١) برۆتس (مەرقۆس یۆلیۆس): ٨٥-٤٢ پ.ز، سیاسەتمەدارێکی ڕۆمانی بوو، ناپاکی بەرامبەر وەلی نیعمەتەکەی خۆی (یۆلیۆس قەیسەر) کرد بەشداربوو لە کوشتنیدا!! دوایی خۆی کوشت.

ڕۆمایییەکاندا گری ئەسەند، ساردبووبووەوە ئەوانە وایان لێ هاتبوو، ژیانی نەرمونۆڵی دەوڵەمەندانەیان پێ خۆشتربوو حەزیان لە بەزمورەزم و خۆش گوزەرانی ئەکرد حەزیان لە ژیانی وشک و ناخۆش و پڕ ئەرک و ئازاری کۆڕی جەنگ نەئەکرد.

فرمانی سەربازییش بەزۆر نەبوو ئەمەیش بوو بەهۆی ئەوەی کە لەشکری ڕۆمایی بێ هێز و کزببێ سەربازەکان بریتی بوون لە مووچە خۆرەکان بۆ کەڵکی ڕۆما نەئەبوون بەسەرباز بۆ کەڵکی خۆیان ئەبوون بەسەرباز ئەوانە هەر بۆ سەرکردەکانی خۆیان دڵسۆزیان ئەنواند بۆ فەرمانڕەوایی ڕۆما دڵسۆزییان نەئەنواند!...

## ئۆکتاڤیۆس فەرمانداریی داگیر ئەکات

بەم ڕەنگە وا دەرکەوت کە کوشتنی (سیزەر) ڕۆمای ڕزگار نەکرد بەپێچەوانەی ئەوە تارمایی شەڕێکی ناوخۆی گەورە بەسەریا ئەکشا کۆڕی ڕیش سپییان، واتا خانەدانەکان و دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکان، دەسەڵاتی تەواوی خۆیان سەندەوە. (ئەنتۆنی)، کە یەکێک بوو لە پشتیوانەکانی (سیزەر)، لەگەڵ (ئۆکتاڤیۆس)دا کە نەوەی خوشکی (سیزەر)بوو، هەڕەشەیان لەم دەسەڵاتە ئەکرد دوایی وا ڕێک کەوت، کە ئۆکتاڤیوس لە شەڕی (ئاکتیۆم)دا، کەشتییەکانی جەنگی (ئەنتۆنی)ی لە ساڵی (٣١)ی پ.ز.دا شکاند (ڕۆما)یش لەو سەردەمەدا لە دەست زۆرانبازیی هێزە جوێ جوێ کان و دەستە (حزب)کان وەڕس بووبوو لەبەر ئەوە بوو (ئۆکتاڤیوس) سەری دانەواند و بەگەورە و فەرمانداری خۆیشی دانا... ئا بەم ڕەنگە بوو، کە (کۆمارەکەی ڕۆما) لەناو چوو!...

ئەستێرە ناسەکان، ڕۆژێکیان، بۆ ئوکتاڤیوس، بەختیان گرتەوە وایان دانا کە ڕۆژێک لەڕۆژان ئەبێتە گەورەی هەموو جیهان ئەویش زۆری پێ نەچوو، لە ساڵی (٢٧)ی پ.ز.دا پاش ناوێکی بۆ خۆی دانا بەخۆی گوت: (ئۆگوستۆس)... واتا (سەرۆکی باڵا) یاخود گەورەی هەرە بڵندپایە... ئەو ساکە هەموو دەسەڵات و توانایەکی لەژێر چنگی خۆیدا کۆکردبووەوە.

پێیان ئەگوت: (باوکی فەرمانڕەوایی) بەچاودێری کاری فەرمانڕەواییان دائەنا!...

(ئوکتاڤیوس)یش هەر ئەوەی کرد کە (سیزەر) لەپێش ئەوەوە کردبووی کۆڵەکەکانی فەرمانداریی خۆی لەسەر بنچینەی چینەکانی خوارووی نەتەوەوە دامەزراند بەبۆرە پیاوانەوە بەڵام بەتەنگ ئەوەیشەوە بوو کە لە ڕێگای پرس پێ کردن و ڕاوێژ پێ کردنەوە، لە فەرماندارییدا هاوبەشیان نەکات خۆی لەنەتەوە نزیک ئەخستەوە خۆی ئەکرد



بەخۆشەویستیان هەر دەستیاوێکی فەرمانڕەوایی بەسەر تاک و تەراکانی گەلەوە بوو هەڵی گرت مانگانەکانی یاساوڵەکانی و سەربازەکانی دوو ئەوەندە لێ کرد ماوەی بەنەتەوەیش دا کە (نان و بەزمورەزم)یان دەست کەوێ ئەم بەزمورەزمانەیش لە بڵاوبوونەوەی یاری خانەی گیانلەبەران (سێرک)دا دەرئەکەوت باج خرایە سەر سەرمایەکان و ئەو سامانانەی کە لەپاش مردووان بەجێ ئەمان، کەچی کۆمەڵایەتی چین چین لێ کرد ماوەیشیدا کە هەرکەسێ بیەوێ: لە چینێکەوە بگوێزێتەوە بۆ چینێکی تر. هەر لەم دەمەیشدا پایەکانی خانەدان و دەسەڵاتدارەکانی هەڵگرت خۆیشی کرد بەپشتیوانی بەندەکان!...

بەتەنیشت ئەوانەیشەوە، (ئۆکتاڤیۆس)، پەرستکارییەکانی کۆنی هێنایەوە ناوەوە ڕێزی ئایینی یشی بۆ خواکان (ئەپوللو) و (مارس) و (ڤینۆس) گێڕایەوە.

بەڵام هیچ دەربەستی ئەوەیش نەهات کە ناوەکەی خۆیشی بخاتە ناو ناوەکانی خواکانەوە!... (ڕۆما)یش کە خانووەکانی، تا ئەوسا، لەبەرد دروست ئەکران، (ئوکتاڤیۆس) کردی بەپایتەختێکی وەها کە تەلار و کۆشکەکانی لە بەردە مەڕ مەڕ دروست ئەکران، کە ژمارە سەری دانیشتووەکانیشی گەیشتە نیو ملیۆن کەس... بوێژەکانیش دەستیان کرد بەپیاهەڵدانی (ئوگوستۆسی پیرۆز)دا... ڕۆژی گەورەیی لە (ڕۆما) هەڵ هات...

## ئەڵمانیای شۆڕشگێڕ

هەرچەندە (ئوکتاڤیۆس) بلیمەتییەکی سەربازانەی وەک (جولیەس سیزەر)ی نەبوو، بەڵام هێز و دەسەڵاتی (ڕۆما) و ناوبانگی (شاری زیندوو)ی، کە ئەوساکە وایان پێ ئەگوت، گەیاندە خاکەکانی دوور، داگیرکردنی ئیسپانیای تەواو کرد.

بەسەر هەموو نیوە دوورگەی (ئیبەریا)دا دەسەڵاتی خۆی کشاند پێشوازیی کۆمەڵە نێرراوەکانی هیندستانی کرد لەشکرێکیشی نارده سەر نیوە دوورگەی عەرەبستان.

هەر خاڵێکیشی بگرتایە، سەرلەنوێ ئاوەدانی ئەکردەوە، کاروباری گشتی ڕێک ئەخستەوە ڕێگای تیا دائەمەزراند لە ساڵی (١٢)ی پ.ز.دا لەشکرە هەڵمەت دەرەکانی لە ڕووبارەکانی (دانوب) و (ڕاین) پەڕینەوە پێنج ساڵێکی پێ نەچوو، (ئەڵمانیا)یشی خستە سەر خاکەکانی خۆی!...

هەر لە ئەڵمانیایشدا بوو، کە زرنگ کارییەکەی ئوکتاڤیۆس تێک شکاو تووشی تەنگوچەڵەمەیەکی وەهابوو کە بوو بەهۆی بڕیاردانی چارەنووسی ڕۆژئاوا چونکە ئەوەی

دانیشتوانی خاکی (گال)تیا سەرنەکەتبوون، ئەڵمانەکان تیا سەرکەوتن.

هەستانە سەرپێ و چوون بەگژ داگیرکەریی ڕۆمانەکاندا (هیرمان)ی سەرکردەکەیشیان توانی هەرچی هێزێکی ڕۆمانی هەبوو لە خاکەکەیدا، لە ساڵی (٩)ی پاش زاینیدا لەناوی ببات سنوورەکانی شاهەنشاهیی ڕۆماییەکان کشانەوە بۆ سەر ڕووباری (ڕاین) ئیتر لەوێدا (ئۆگۆستۆس) دەمودەست دەستی کرد بەدروست کردنی زنجیرەیەک لە دژ (قەڵا) و قایمکاریی.

هەرچەندە (هیرمان)، یەکەم مەردی نیشتمان پەروەری ئەڵمانیا بوو، کە خاکەکەی باووباپیری خۆی، لەدەست داگیرکەران ئازاد کرد بەڵام بێ بەشی هێشتەوە لەوەی کە لە شارستانێتی ڕۆماییەکان کەڵک وەرگرێ... (ئەمەیش بیانووی هەموو داگیرکەریکە لە هەموو جێگاو دەمێکا... هەر لەدوو هەزار ساڵ لەمەو پێشەوە تا ئیمڕۆ!...) چونکە لەوکاتەدا کە خاکی (گال) - فەرەنسە- و ناوچەی (راین) و، (هەلڤسیا- سویسرە- ڕەنگی ڕۆماییان گرتبوو، ئەڵمانیا تا چەند سەد ساڵێکیش هەر لە پاشکەوتوویی و دڕندەیی خۆیدا مایەوە... تەنانەت ئەوەندە دواکەوتوویش بوو، کە دانیشتووەکانی نەیان ئەزانی لە دروست کردنی خانوودا بەرد بەکاربهێنن لەجیاتی ئەمەی ڕووباری (راین) ببێتە شا دەمارێک و پرببێ لە جووڵەی بازرگانی و گواستنەوە و هاتووچۆ، هەر وەک خۆی مایەوە، مەنگ و ڕاوەستاو، کەسی پیا نە ئەڕۆیشت!...

## سەردەمێکی خوێناوی

لەدوای ئوکتاڤیۆسەوە یاسای فەرمانداریی تەنیای بەڕەڵڵا هاتە پێشەوە... فەرماندارانی زۆردار و، فەرمانڕەوایانی زۆر داریش یەک بەدوای یەکدا هاتن، کە هەموویان لە دڵ ڕەقی و بەدخوویییدا بەر بەرەکانێی یەکتریان ئەکرد... (کلۆدیۆس) یان (مەسلینا)ی ژنی خۆی کوشت... (کراکلا)یش براکەی خۆی لەناوبرد!... بەم ڕەنگە کوشتن و بەکوشت دان بووبوونە (سۆز)ێک لەناوەند تاک و تەرایانی خێزانی شاهەنشاهی دا، پێکیەوە ئەبەستنەوە!... بەکورتی لە سێ سەد ساڵەکەی سەرەتادا پەنجا شاهەنشاه هاتنە سەر تەخت.

سی و حەوت کەسیان بەجۆرێکی ناسۆر لەناوچوون... هی وایان تیابووە دەرمان خوارد کراوە، هی وایان تیابووە کەللەی پەڕێنراوە، هی وایشیان تیابووە خۆی کوشتووە!...

ئەمانەیش هەموو کوژراوی دەستی خزمەکانیان بوون... سا ئەو خزمانەیان ژنەکانیان بوون، یان دڵدارەکانیان بوون، یاخود سەرباز و یاساوڵەکانیان بوون، یان خۆیان بوون...



چونکە هی وایان تیابوو، خۆکوشتنی پێ خۆشتربوو لەوەی کە خۆی لەناو گێژەڵووکەی فەرمانداریدا بهێڵێتەوە!...

بەڵام پێویستە ئەوەیشمان لەبیر نەچێ کە ئەم شاهەنشاهییەی ڕۆمایە، یاخود بەواتایەکی تر، ئەم شاهەنشاهییە لەو سەردەمەدا، لە شێوە و یاساکانی دا، هەر لە فەرمانداریییەکی نەتەوەیی دیکتاتۆریی ئەکرد... واتا فەرماندار هەر خۆی دەسەڵاتی ئەنواند، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا لەلایەن چینەکانی خوارەوە و کارگەرانی نەتەوەوە پشتی ئەگیرا. ئەمانە زۆربەی نەتەوەکەبوون (نیرون)یش لە هەموو کەسێک زۆرتر لەناو ئەم نەتەوەیییە پەستەدا نوقوم بووبوو.

نەتەوە پەرستی، ڕێگای کردەوە بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوە، تەنانەت ڕێگایشی کردەوە بۆ ئەوانەی کە پیشەیان لە هەموو پیشەیەک نەنگتر بوو بەلای ئەریستۆکراتییەکانەوە تا بگەنە پایەی هەرە بڵند لەناوەند کاربەدەست (وزیر)ەکانی (هەلیوجابالوس)دا: سەماکەرێک و گالیسکەوانێک و سەرتاشێکی تیابوو!... زۆربەی شاهەنشاهەکان بەوە دڵی نەتەوەیان ڕائەگرت و ئەیانکردن بەپشتیوانی خۆیان بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا کە نان و مەی و ڕۆن و پارەیان ئەبەخشیەوە بەسەر ڕێبوار و خوازەلۆکەکاندا هیچ باکی ئەوەیان نەبوو کە ئەو کردەوەیەیان کارێکی خراپ لە گەنجینەی فەرمانڕەوایی ئەکات ئەم گەنجینەیە ئەمەندە ئەرگی هاتە سەر، بەهۆی دەست بڵاوی شاهەنشاهەکانەوە، کە بەربەرەکانێی یەکتریان ئەکرد لە زۆرکردنی مانگانەی سەربازەکاندا، هەر لە خۆیەوە پارە زۆربوو گوزەرانی بەندەکان تا ئەهات باشتری لێ ئەهات و پێشتر ئەکەوت چونکە نەمانی خاک داگیرکردن و تاڵان کردن، پەکی دیل هێنانیان خستبوو!...

## نەتەوە پەرستی یاسای ئەریستۆکراتی ڕاوە دوو ئەنا

جا هەر لەوکاتەدا کە گوزەرانی چینە هەرە نزمەکان لە پێشکەوتن دابوو، چینە باڵاکان، تا ئەهات، ناز و جیاز و سایە و پایەیان لە دەست ئەچوو... تەنانەت (نیرون) دەستی کرد بەتەفروتووناکردنی گەلێک خێزانانی ئەریستۆکراتی.

(کراکلا) گەلێکی لەو چینە باڵایە بەکوشتندا چەکەکانی دەستی کۆڕی ڕیش سپییانیان دەرکێشا ئەم کۆڕە خانەدانە، نەژادە، وای لێ هاتبوو نە هێزی مابوو نە دەسەڵات.

هەمووەدەم ئەندامەکانی بەر ئازاردان و ڕیسواکردن ئەکەوتن هەرچی ئەوکەسانەیش بوو کە

توانیبوویان خۆیان بپارێزن و جێگای خۆیان لە دەست نەدەن، ئەو باجە تایبەتییانەی خرابووە سەر سامانەکانیان، تا ئەهات لە دەسەڵاتی کەم ئەکردنەوە و سامانەکانیشی بەرباد ئەکردن کاتێ کە فەرمانداریی شاهەنشاه (کۆنستانتین)یش هاتە پێشەوە کۆڕی ڕیش سپیان (سێنات) ئەمەندە کز کرابوو، وەک کۆڕە ئاساییەکانی شارەوانییان لێ هاتبوو... تەنانەت شاهەنشاهەکان خۆیشیان لەناو ئەم گێژاوەدا بێ وەی دەرنەچوون، کە هیچ شتێک نەبوو تیا کەم نەکات. ئەوانە لەسەردەمی ڕابردوودا لە سەرەک هۆزەکان، یاخود لە دەوڵەمەندەکانی چینی ناوەڕاست هەڵ ئەبژێرران یاخود لە پیاوانی لەشکر و جەنگەکان بەڵام لە ساڵانی دوایی شاهەنشاهییەکەدا، زۆریان لە بۆرە پیاوان هەڵ ئەبژێرران، (مەکسیمینۆس) و (گالریۆس) هەردووکیان کوڕە شوان بوون شاهەنشاه (بەرتیناکس)یش لەوەپێش بەندەیەکی ئازاد کراوبوو!... هەرچی (فیلیپ)بوو کوڕی یەکێک بوو لە سەرکردەی ڕێ گرەکان لەمانە هەمووی خراپتر ئەوەبوو کە لەسەردەمەکانی دواییدا شاهەنشاهەکان لە ڕۆماییە ڕاستەقینەکان نەبوون. زۆری وایان تیابوو کە لە خاکەکانی ترەوە هەڵ بژێررابوون، یان لە شوێنانی ترەوە ڕەویان کردبوو بۆ خاکی ڕۆما.

لەسەردەمی (کلۆدیۆس)دا، ڕێگا بەوەیش درا کە ئەندامەکانی کۆڕی ڕیش سپییان، هەندێکیان لە بێگانە ئاوارەکان هەڵ ببژێررێن یەکێک لەوانە (سەتیموس)ی ئەفەریکایی بوو. دوانیش لەوانە (هادریان) و (مارکس)ی ئیسپانیایی بوون یەکێکی تریش لەوانە (فیلیپ) بوو کە بەنەژاد عەرەب بوو (کراکلا)یش، دانیشتوانی ڕۆما و دانیشتوانی خاکەکانی شاهەنشاهییەکەی تێکەڵ بە یەکتر کرد وشەی (ڕۆمانی) دانیشتوانی هەموو خاکەکانی شاهەنشاهییەکەی ئەگرتەوە... تەنانەت (ڕۆما) خۆیشی، وەک پایتەختێک نەمایەوە، ئەو بایەخەی جارانی پێ نەئەدرا... هەندێک لە شاهەنشاهەکان وێرایان بەجێی بهێڵن و شارانی تر بکەن بەپایتەخت!...

## گەورەبوونی دەزگای فەرمانڕەوایی

سەرگەردانی شاهەنشاهییەکە لەوەدا بوو کە دامابوو لەسەر ئەوەی لەسەر یەک بڕوات بەڕێوە، کە هەردەمە لەسەر شێوە و ڕەنگێک فەرمانداریی نەکرێ!... تەنانەت یاسای فەرمانداریییەکە لەسەر ئەوەدا مابوو کە لە باوکەوە بمێنێتەوە بۆ کوڕ ئەو سەردەمە، باری گوزەرانی خاکەکە وابوو، گەلێک جاری وا ڕووی ئەدا، پاشاگەردانی بوو، هیچ کەسێکی دەسەڵاتدار لە ئارادا نەبوو، فەرمانڕەواییەکە بیات بەڕێوە!...



گەلێک جاری وایش ڕووی ئەدا، کە لەو ماوەیەدا دەسەڵاتەکان دابەش ئەکران لە ناوەند چوار پێنج شاهەنشاهی خاوەن بەربەرەکانێ و ناکۆک لەگەڵ یەکدا!... تەنیا بابەتێک کە نە گۆڕرابێ لەم سەردەمانەدا ئەوەبووە کە (بیرۆکراتی) هەر لە ئارادا بووە...

شاهەنشاهەکان ئەهاتن و لائەچوون، بەڵام فەرمانبەرەکانی دەزگای فەرمانڕەوایی هەر لەجێی خۆیاندا ئەمانەوە!... تایبەتی لەبەر ئەوەی کە پرۆژە تایبەتییەکان ساکاربوون، پێیان نەئەکرا پارەی ئەو هەموو ئەرکە گرانانە پڕ بکەنەوە لەبەر ئەوە تا ئەهات باجەکان زۆرتریان لێ ئەهات، تا گەیشتنە ئەندازەیەکی وەها کە ئیتر لە وزەدا نەمان هەر لەو کاتەدا کە پرۆژە تایبەتییەکان لە مرندابوون، فەرمانبەریی فەرمانڕەوایی تەنیا ڕێگایەک بۆ مابووەوە بۆ فرمان کردن و گوزەران لەبەر ئەوە دەزگای فەرمانڕەوایی بەجۆرێکی وا گەورەبوو بوو کە هیچ بەبیردا نە ئەهات فەرمانڕەوایی باجی دائەنا و هەرکەسێکیش ئەو باجانەی نەدایە سامانی تالان ئەکرا لەبەر ئەوە زۆری پێ نەچوو فەرمانڕەوایی بوو بەخاوەنی کۆمەڵە زەویی و ساختمانێکی یەجگار گەورە و فراوان!... جا لەپاش کردنی کانگاکان و پیشەسازیی ڕستن و چنین بەهی فەرمانڕەوایی، فەرمانڕەواییەکە خۆی زۆرتر بوو بەدەزگایەکی بازرگانی و پیشەسازیی، نەک دەزگایەکی فەرمانداریی!...

بەم ڕەنگە هەموو هۆیەکان بەم ئەنجامەیان گەیاند: سامان زۆر بوو و نرخی پارەیش شکا... هیچ شتێکیش لە ڕوودانی کارەساتی خراپ خراپی کەم نەئەکردەوە، ئەوەنەبێ کە ڕۆما، گەنجینە و دەرامەتەکانی خاکەکانی ژێر دەستی خۆی خستبووە دەست خۆیەوە کانگاکانی زیوی ئیسپانیا و مزی بەریتانیا و زێڕی خاکی سگالی بەکار ئەهێنا، ئەوەندە هەبوو تەرازووی بازرگانی ڕۆما تەواو لاسەنگ بووبوو ئەو لاسەنگییەیشی هەر لەبرەودابوو، مەترسییەکی گەورەیشی لێ ئەکرا. بۆ ڕۆما زۆر خراپ بوو هەر خۆرشتێک پێویست بوایە بۆ نیشتەجێ کانی لە دەرەوە ئەهێنران هەموو کەرەستە خاوەکانیش هەر لە دەرەوە ئەهێنران کاروانەکانی عەرەبەکان ئەم خۆرشت و کەرەستانەیان بۆ ئەگواستنەوە ڕۆما بەهۆی عەرەبەکانەوە بابەتی گەوهەرکاریی و ئاوریشم و بۆنی خۆش و کەلوپەلە نایاب و ناوازەکانی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی دووری کێش ئەکرد.

ئەوەندە هەبوو ژیانی خۆش گوزەرانی و دەست بڵاویی و بەزموڕەزم، کارێکی وای کرد، هەموو دەرامەتێکی لە ناوبرد.

هەروەها ڕۆمایشی خستە دەست تەنگی و هەژاریی و کزبوونەوە...

## وانەیەک بۆ جیهان لە یاسادا!

مێژووی ڕۆما، هەر لە دامەزراندنی فەرمانڕەوایی ڕۆماوە تا ڕووخانی شاهەنشاهییەکەی هەزار ساڵێکی پێ چوو بەڵام ماوەی گەورەییەکەی، لەم هەزار ساڵە گەلێک کەمتربوو ماوەی دەسەڵاتی خوێندەواریشی هێشتا کەمتربوو خویندەواریی لاتینی، زوو دەستی پێ کرد بەڵام زوویش لە ناوچوو!... خەوشی هەرە گەورەی ڕۆما ئەوەبوو، کە خووی دابووە وەرگرتنی زانست و هونەر و وێژە لە گریکەکان...

ئەو هەر لێی وەر ئەگرتن هیچی خۆی نەئەخستە سەر، هیچی دانەئەهێنا، هیچیشی دروست نەئەکرد!... لەگەڵ ئەمەشا لە لێ وەرگرتن و فێربووندا دەستێکی باڵای هەبوو!...

لە ڕاستیدا کەلەپووری ڕۆما، کە لێی بەجێ ما زۆرتر بابەتی کەرەستەیی بوون، نەک وێژەیی... ئەوانەی کەلەپووری هونەرمەندانەبوون وەک پەیکەرەکان و کەلوپەلە ناوازەکان و وێنەکان زۆرتر زیندوو مانەوە لە کەلەپوورەکانی هۆنراوە و ڕاستی پەرستییەکانیان نیشانەی هەرە دەرکەوتووی ڕۆما: یاسا پەرستی و، لە یەک چوون و لەگەڵ یەکتردا ڕێک کەوتن بوو لە چاو ئەندازدا ئەمەیش تەنیا وانا (درس)ێک بوو کە ڕۆما فێری بەرەی مرۆڤانەی کرد کە لە دوای ئەوە وە هاتوون ئەم شێوەیەیش لە ڕێک خستنی یاساکان و جۆری فەرمانکردنی فەرمانڕەوایانەدادەر ئەکەوێ، هەروەها لە بازرگانی و پارە و باج داناندا. لە ئەندازیاریی خانوو دروست کردنیشدا ڕۆما یەجگار پێشکەوت شێوەکانی ڕێگاکردنەوە و، بەرد ڕێژکردن و جۆگا هەڵکەندنی ڕۆما بوونە چەند وانەیەک و چەند سەرچاوەیەکی کەڵک و فەڕ بۆ ئەوروپاییەکان:

هەرچەندە شاهەنشاهی ڕۆما، لەم سەردەمانەی دواییدا تووشی گەلێک دەرد و نەخۆشی هات بەڵام ڕۆما لە بابەت یاسای فەرمانڕەوایی و یاسای شاهەنشاهییەوە وانای بەهەموو نەتەوەیەکی ژێر دەستی خۆی و هەموو فەرمانڕەواییەکی پەلامار دراوی دەستی خۆیدا هەروەها لە ئاوەدانی ڕێکوپێک و ورد و ناوازەدا وێنەیەکی تەواوی پێشکەشی جیهان کرد.



## ئاشتی یەک کە لەسەر بنچینەی جەنگ دامەزرابێ!

ئاشتی یەکەی ڕۆما، ڕواڵەتی بوو... ئەو وە نەبێ هەر ئاشتییەکی چەکدار بووبێ، هەروەها لەسەر بنچینەی کۆمەڵە جەنگێکیش دامەزرابوو کە لە ژمارە نەئەهاتن... ئەم جەنگانە دوژمنانەبوون مەبەسیان خاک پێکەوە نان و داگیرکەریی بوو...

هەروەها ئەو جەنگانەیش بوون کە مەبەسیان بەرگریی دوژمن و پارێزگاریی ئەو خاکانەبوو کە بەجەنگ دەست کەوتبوون جەنگەکانی دەرەوە بۆ تاڵان کردن و دیبیل هێنان بوون.

جەنگەکانی ناوەوەیش بۆ کوژاندنەوەی ئەو شۆڕش و ئاژاوانە بوون کە لە خاکە داگیرکراوەکاندا ڕوویان ئەدا (ڕۆما) زاڵ بوو بەسەر: بەریتانیا و، سکۆتلاندە و مۆریتانیا و، تراشیا و، داشیا و خاکی عەرەبدا. سنووری شاهەنشاهییەکەیشی گەیاندە پشت ڕووبارەکانی (دانوب) و (فورات)ەوە.

(نیرڤا)ی شاهەنشاه، ڕاسپێرراوێکی لە (چین)ەوە بۆنێررا و چاوی پێکەوت (تراژان)یش ڕاسپێرراوێکی خۆی نارد بۆ هیندستان (میسر)یش سێیەکی پێویستی (ڕۆما)ی لەدانەوێڵە ئەنارد، بۆ خواردنی ڕۆماییەکان (یۆنان)یش بوو بەجێی گەشتوگوزاری ڕۆماییەکان (سوریا)یش هەر خەریکی دروست کردنی سیپاڵی ئاوریشم بوو، تا بینێرێ بۆ بازاڕەکانی ڕۆماییەکان... خاکەکان ڕەنگی (لاتین)ی یان لێ درا، لە ڕووی زمانەوە هەموویان بوێژان و وێژەوانیان بەرهەم هێنا، کە هاوبەش بوون لە پێک هێنانی سامانی وێژەیی ڕۆماییدا... هەروەک (چین) دڵنیابوو لە بێ وەیی، لە پشت دیوارە گەورەکەی خۆیەوە، شاهەنشاهیی ڕۆمایش پەرژینێکی قایم کراوی لە چاڵەکان، بەهەر چوارلای خۆیدا، دروست کرد، کە پڕبوون لە دژ (قەڵا)ی گەورە گەورە.

بەم ڕەنگە (ڕۆما)یش، لەکاتی ئاشتی دا، دڵنیابووبوو لە قایمکارییەکانی خۆی!...

بەڵام لەناو جەرگی شاهەنشاهییەکە، خۆیدا ئاشتی لە ئارادا نەبوو... جا بەجارێک جەنگی ناو چینەکان ڕوویان ئەدا... هەژارەکان وازیان لە بۆڵەبۆڵی خۆیان نەئەهێنا.

مان گرتنێکی زۆریش لە ئاسیادا ڕوویدا ئەوەندە هەبوو هەموو جووڵەیەکی سەرکێشی ڕوویەکی زرنگکارانەی خۆی هەبوو.

چاو لە دوویی و چاو چڵێسی بەسەر هەموو سنوورەکاندا بڵاوبووبووەوە چونکە

خۆشگوزەرانی ناو فەرمانڕەواییەکە هۆزە دڕندەکانی هان ئەدا بۆ هێرش هێنان و پەلاماردان هەروەها کزبوونی پەیتا پەیتای فەرمانڕەواییەکەیش زۆرتر تیژی ئەکردنە سەر هورووژم بردن (ڕۆما)یش لەتوانای دانەبوو کە هەموو هێرشێکی ئەو هۆزانە بەربەست بکات زۆری پێ نەچوو (قوت)ەکان[1]، لە ساڵی (١٧٢)ی پ.ز.دا هەڵمەتیان بردە سەر خاکی (یۆنان) دوای ئەوە ئاسیای بچووکیشیان داگیرکرد فارسەکان لەپێش ئەواندا (ئەنتاکیە)یان لە ساڵی (٢٤٨)ی پ.ز.دا داگیرکردبوو هیوایان وابوو کە شاهەنشاهییەکەی خۆیان سەرلەنوێ دابمەزرێننەوە هەروەها ساڵی هەزارەمی تەمەنی (ڕۆما)، کشانی ئەڵمانەکانیشی دیی بەسەر (تراشیا)دا، لەگەڵ داگیرکردنی باکوری ئیتالیادا.

ئەودەمە ساڵی (٢٦١)ی پ.ز.بوو. تەنانەت جاری وایش هەبوو (ڕۆما) ناچار ئەبوو خۆی لەگەڵ هۆزە دڕندەکاندا ڕێک بخات و، ببێتە سوێند خواریان، هەروەها سەرانەیشیان بداتێ ئەمەیش دەرمانێک بوو کە لە دەردەکە، خۆی، تاڵ تر و خراپتربوو!...

## ڕووخانی خانووەکانی شاهەنشاهی

بەم ڕەنگە خانەگای شاهەنشاهییەکە درزی دا و دەستی کرد بەڕووخان. دابەش بوونی شاهەنشاهییەکەیش بە دوو دەستەوە ئەم ڕووخاندنەی پتر لێ کرد. دەستەیەکیان زمانی لاتینی کرد بەزمانی خۆی لەمەوە دوو شاهەنشاهی هاتنە ناوە و: (شاهەنشاهیی ڕۆمای ڕۆژهەڵات) و ( شاهەنشاهی ڕۆمای ڕۆژئاوا).

شاهەنشاهییەکەی ڕۆژئاوایان، کەوتە بەرچنگی هۆزە دڕندەکان و پارچە پارچە بوو شاهەنشاهییەکەی ڕۆهەڵاتیشیان چەند سەد ساڵێکی ترمایەوە، سەرئەنگرێ بوونی شاهەنشاهییەکەی ڕۆژئاوا بەناسۆر بوو، لەلایەکەوە دەردی تیا بڵاو بووبووەوە لەلایەکی

(١) قوت یان (گوت): نەتەوەیەکی ئەڵمانی کۆنن لە ئەسڵدا لە سکندناویاوە دابەزیون، لەسەدەی سێهەمی پ.ز لە باکوری دەریای ڕەشدا جێگیربوون، لە ململانێیەکی بەردەوامدابوون لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا، لەسەدەی چواردا لە دەڤەری حەوزی دانووبدا نیشتەجێ بوون و چوونە سەر ئایینی (ئەریوسی)، لە ٣٧٥زدا لەبەردەم هێرشی (هون)ەکاندا کشانەوە دواوە؛ بوونە دوو بەشی سەرەکی: ئوستر و گوت: قوتە ڕۆژهەڵاتییەکان، بەشێکی بەلکانیان داگیرکرد و لەگەڵ ڕۆمادا بوونە هاوپەیمان و ئیتالیایان گرت، بەڵام دوایی (بلیزیر)ی سەر لەشکر شکاندنی و لە ٥٥٥ز دەوڵەتەکەیان نەما. ڤیزی گوت: قوتە ڕۆژئاواییەکان. لە ٤١٠ز ڕۆمایان گرت لە٤١٨ز ئیسپانیایان گرت و دەوڵەتێکیان تیا دامەزراند کە تا هاتنی ئیسلامەتی بەردەوامبوو، ٧١١ز، لێرە چوونە سەر ئایینی مەسیحی کاتۆلیکی.



تریشەوە پارەکەی زۆر بووبوو سەیر ئەوەیە دوا شاهەنشایان ناوی (ڕۆمۆلۆس)[1] بوو... ناوەکەی ئەمیش هەروەک ناوی یەکەم شاهەنشاهیان وابوو!...

سەرئەنگری بوونی (ڕۆما)یش هەر لەبەر ئەوە بوو کە ئەم نەتەوە جەنگاوەرە دەستی دایە خۆش ڕابواردن و بەزمورەزم ئەم ژیانە نەرمە وای لێ کرد، کەس نەما لەناویا، کە ببێتە سەرباز تەنانەت (تراژان) لەسەردەمی خۆیدا ناچاربوو، سزای گەورەی دانا بۆ ئەوانەی کە بەخۆیان بڵێن (نەشتەرکار)، کە هەر بۆ ئەوە وایان ئەگوت کە نەکرێن بەسەرباز و نەیش چنە جەنگەوە!...

ئیتر (ڕۆما) ناچاربوو سەربازی مووچە خۆر لە ڕۆڵەکانی هۆزەکان دابمەزرێنێ تەنانەت لەشکرەکانی وایان لێ هات، لەوان نەبێ لە کەسانی تر پێک نەئەهاتن خۆش ڕابواردن و بەزمورەزم کارێکی کرد، ئەندازەی ژمارەی سەری لەدایک بووانی کەم کردەوە ئەمەیش بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەوانەی بەکاری جەنگ ئەهاتن، لە ڕۆماییەکان، ژمارەیان کەم بووەوە شاهەنشاهییەکە، لە ژمارەی دانیشتواندا دایە کەموکووڕی ئەمەیش زیانێکی گەورەی پێ گەیاند بێجگە لەوە لادێ ییەکان گوندەکانی خۆیان بەجێ هێشت بارستایی ڕەوشت و خووی چاک نزم بووەوە بەدخوویی بڵاوبووەوە.

تەنانەت لەهەموو شاهەنشاهەکان تێگەیشتووتر و بڵندتر کە (تراژان)[2] و (هادریان)[3] بوون گەلێک جۆرە کردەوەی نا پەسەندی ڕەگەز بازییان ئەنواند کە هەر ناگێڕرێنەوە!...

خوانەناسین و بەدئایینی هەموو لایەکی فەرمانڕەواییەکەی گرتەوە بێجگە لەوە (ڕۆما)

(١) (ڕۆمۆلوس) ئۆگوستۆلوس: دوا دەسەڵاتداری ڕۆمای ڕۆژئاوا بووە (٤٧٥- ٤٧٦)، (ئۆدواکر) لە کورسی فەرمانڕەوایی هێنایە خوارەوە.

(٢) تراژان یان ترایانوس: (٥٣- ١١٧ بووە ئیمپراتۆری ڕۆمانی، (نرڤا) کە هەڵی گرتبۆوە و گەورەی کردبوو خستیە جێی خۆی، لە دەڤەری ڕاین و دانووبەوە ئیمپراتۆرەکەی فرەوانکرد، چووە ناو ئەرمینیا و نیوەدوورگەی عەرەبیشەوە، وڵات لەسەردەمەکەیدا گەیشتە ئەوپەڕی فرەوانی، بەئاوەدانی و کارزانی بەناوبانگ بووە.

(٣) هادریانس: ١١٧: ١٣٨ ئیمپڕاتۆرێکی ڕۆمانی بووە، ترایانس هەڵگیرتبۆوە و گەورەی کردبوون، کردیە، جێ نشینی خۆی، هانی پیشەسازی و ئەدەب و هونەری دەدا، وڵاتەکەی قایم کرد بەڕووی بەربەڕ و ژەرمانی و ئینگلتەرەدا، ئەوەش بەبنیاتنانی (دیواری هادریانس) کە شورەیەکبێ بۆ پاراستنی حوکمەکەی، گەلێ پاشماوەی دێرینی ڕۆمانی لە ڕۆژهەڵاتدا بەناوی ئەوەوەن.

هەموو سامانەکەی خۆی بەخت کرد کەوتە گێژاوی هەژارییەوە پیشەواکانی خۆی و چینی ناوەڕاستیشی لەناو برد، کەئەوان سەرچاوەی دەوڵەمەندییەکەی بوون گیانی بازرگانی کوشت. لە کاری سەختیش ڕقی هەڵ ئەستا هەرچەندە خۆی بۆ نەئەگیرا بەخت نەکات، بەڵام بەرهەمی نەئەهێنایە ناو، جا بەهۆی ئەم ڕووخان و سەر ئەنگری بوونەیەوە، نێرکی ئابووریی ئەوروپا، لە ناوچەی زرێی سپیی ناوەڕاستەوە گواستیەوە بۆ ناوچەی ڕووبارەکانی (ڕاین) و (دانوب)... ئیتر لەوساکەوە (ڕۆما) کە دڵی جیهان بوو، لە لێدان کەوت!...

## هاوبەشیی فەرمانڕەوایی لە چیندا... لە دوو هەزار ساڵ لەمەو پێشەوە

هەر لەودەمەدا کە ئاشتی لە ڕۆمادا هەبوو، ئاشتی لە چینیشدا هەبوو... هەرچی چین بوو هێزەکان و دەسەڵاتەکانی خۆی لەسەر بنچینەی ڕاست کردنەوەی کاروباری گشتی دامەزراندبوو.

هەروەها لەسەر بنچینەی دامودەزگایەکی زرنگکاریی فەرمانڕەوایی و کاروبار هەڵ سووڕێنەری بەهێز دامەزراندبوو ڕۆما لەمەیشدا وەک ئەوەبوو کوڕە جووتیارێکی نەناسراو کە لە هونەرەکانی جەنگدا شارەزابوو، ڕاست بووەوە و فەرمانداریی خستە ژێر چنگی خۆیەوە لە ساڵی (٢٠٢)ی پ.ز.دا خێزانی (هان)ی دامەزراند، کە تانزیکەی چوار سەد ساڵ فەرمانداریی کرد بەسەر (چین)دا.

شاهەنشاهی هەرە گەورەیان (وو- تی)بوو، کە لە ساڵی (١٤٠)ی پ.ز.دا دەسەڵاتی شاهەنشاهی بەهێزکرد جڵەوی سەرداره زەمیندارەکانیشی کێشایەوە.

سنووری فەرمانڕەواییەکەیشی کشاندە (کۆریا) لە باکوردا، و (تونکین) لە باشووردا، کشاندە تورکستانی ڕوسی لە ڕۆژئاوادا، ئەمەیش لە ساڵی (٨٧)ی پ.ز.دا ڕوویدا بەڵام جەنگەکان بوونە هۆی دەست تەنگی لەبەر ئەوە دەستی کرد بەپارەکردن لە مز و لەزیو نرخەکانیان (٣٠٠)ی و (٥٠٠)ی و (٣٠٠)ی بوو لە پوولە زەردکەکان جۆرە پوولێکی چوارگۆشەیشی داهێنا کە لە پێست دروست ئەکران، نرخەکەی (٤٠,٠٠٠) پوولی زەرد بوو ئەمەیان بووە بنچینەی ئەو بانکە نۆتانەی ئیمڕۆ ئەیانبینین هەروەها باجێکیشی لەسەر سەرمایە دانا کە بریتی بوو لە ٥ ٪.

بەڵام کەزانی پارە دەرباز ئەکرێ بۆ دەرەوە، وازی لەم باجە هێنا یاسای دانا کە خوێ و ئاسن و مەی، تەنیا لەژێر دەستی فەرمانڕەواییدا بەرهەم بهێنرێن و بفرۆشرێن، دەزگایەکی



بنکەییشی دامەزراند، هەرچی بابەتی هاتوچۆ بوو خستیە ژێر دەستیەوە.

هەروەها تێ کۆشا کە چنگ بەسەر نرخی کەلوپەل و بابەتانی تردا بگرێ و ئەو نرخانەیش دیاردیی بکات.

فەرمانڕەوایی خێزانی (هان) بریتی بوو لە ڕیزە خەباتێک بەرامبەر ئەوانەی نەتەوەیان ئەڕوتاندەوە و ئەچەوساندەوە هەروەها دژی چینی خوێندەواریش وەستابوون، کە زۆریان پێ نەچوو سەرکەوتن و (وانگ مانگ)یان بەزۆرکرد بەشاهەنشاه، لە ساڵی (٩)ی پاش زاینیدا، بۆ ئەمەی بیروباوەڕەکانی ئەوچینە بخاتە کار ئەمیش (هاوبەشی فەرمانڕەوایی)ی دامەزراند فەرمانڕەوایی کرد بەخاوەنی تاک و تەنیای زەوییەکان و بەندەکان دووبارە زەوییەکانی لە جووتیارەکان بەش کردەوە بەم ڕەنگە زەمینداریی گەورەی لەناودا نەهێشت نرخی هەموو کەلوپەلێکی دیاردیی ئەکرد، لەهەموو کەشێکی ساڵدا بانکەکانیشی ناچارکرد کە ئەو سوودەی لە پارەی دەستیاوەکان وەری ئەگرن لە ٣ ٪ ، لە مانگێکا، پتر نەبێ یاسایەکیشی دانا کە هەرکەسێ خاوەن مانگانەی دامەزراوبێ، لە نامەیەکدا پێ لە دەستکەوتەکانی خۆی بنێ ئەویش بۆ ئەمەی باجی دەسکەوتی لێ بسێنێ.

ئەو بابەتانەیش کەخرابوونە ژێر چنگی فەرمانڕەواییەوە بۆ کڕین و فرۆتن، لێیان زۆرکرا بەڵام دەست بەسەراگراتنی فەرمانڕەوایی، بەسەر ئابووری نەتەوەییدا بوو بەهۆی کە لە ساڵی (٢٢)ی پاش زایندا هەموو جووتیار و خاوەن کارەکان نابووت بن.

لەوەوە برسێتی داکەوت برسێتی یەکەیش تا ئەهات تینی ئەسەند لە ساڵی (٢٧)ی پا.ز.دا شۆڕشێک بەرپابوو خێزانی (هان)ی هێنایەوە سەر تەختی فەرمانداریی!...

## لە ۱۸۰۰ساڵ لەمەو پێشەوە چین قاقەز و باروتی داهێناوە

شاهەنشاهی نوێ (کوانگ وو)، هەرچی شاهەکەی پێش خۆی تێکی دابوو، چاکی کردەوە دوای ئەوە سنووری چینی گەیاندە دەشتەکانی (تاریم) کە لەوپەڕی بیابانی (گدبی) دایە، بەهۆی ئەوەوە ڕێگایەکی وشکانی کردەوە بۆ بازرگانی ئاوریشم لەگەڵ ئەوروپادا، بەناو ئەو دەشتانەدا تێ ئەپەڕی هەروەها ڕێگایەکی ناو دەریایشی کردەوە لە (تونکین)ەوە بۆ زرێی سوور جا لە ڕێگا وشکانییەکەوە بوو کە ئایینی (بودا)، لە ساڵی (٦٠)ی پا.ز.دا لە هیندستانەوە گەیشتە چین.

شاهەنشاه بەرەنگاریی ئایینەکەی نەکرد بەڵام پەیڕەوانی (کونفۆچیۆس) چاویان بەرایی نەئەدا ببینن ئەو ئایینە بڵاو ئەبێتەوە بەپشم و قینەوە سەیریان ئەکرد!...

چین تا ئەهات پایەی گەورەیی بلّند ئەبووەوە هەروەها سامـان و هونەرەکـانیـشی رۆژ بەرۆژ لە زۆر بوون و گەشەکردندابوون چین لە سالّی (١٨٠)ی پ.ز.دا گەیشتە ئەوەی قاقەز دروست بکات کە ئەوروپا لە پاش ئەوەدەمە بە(١٢٠٠)سالّ، لە جەنگەکانیا بەکاری هێنا!...

هەروەها چینییەکان زینیان داهێنا بۆ بەرسنگی ئەسپ.

وەنەبێ (هیندۆک)ەکـانیش لەو سـەردەمـەدا، لە چینیـیـەکـان، چست و چالاکی و بەرهەمیان کەمتربووبێ ئەوان بوون ئەونیشانەیەیان دۆزییەوە کە بۆ بەلّگەی پووچ (صفر) کەبووە هۆی ئەوەی لە جیهانی ژمێرکارییدا پێشکەوتنێکی گەورە پەیدابێ دوای ئەوەیش ژمارەیان داهێنا کە رۆژئاواییەکان لەوانەوە فێریان بوون هەروەها دەروازەیان بۆ هەموو جۆرە زانستێک کردەوە هیندستان لەگەلّ ئێراندا شاهەنشاهییەکی گەورەی بەهێزی دامەزراند بەلاّم فارسەکان لەپاش ماوەیەکی کەم لێیان جیابوونەوە ئیتر لەوساکەوە ئەو خێزانە ئارییەی کە فەرمانداریی خاکی هیندی ئەکرد کەوتنە کزیی... هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە خێزانەکانیش وەک شاهەنشاهییەکان وان، تا سەر نامێننەوە!...

جا هەروەک لە رۆما و هیندستاندا روویدا، لە خاکی (چین)یشدا خێزانی (هان)، لە سالّی (٢٢٣)ی پ.ز.دا سەرئەنگرێ بوو سێ کەسی بەش خواز خاکی چین یان لەناو خۆیاندا دابەش کرد... لەمەوە سێ فەرمانڕەوایی پێک هات هەرسێکیان دەستیان دایە ئاشتی و کزکردنی لەشکرەکان تا دوایی وای لێ هات، هۆزە درندەکان چاویان بڕییە خاکی چین... ئێرەیش، بەتەواوەتی، وەک رۆمای لێهات.

تێبینی:

مامۆستا دوای ئەم بەشە لە دەسنووسەکەدا ئەم سەرنجەی داناوە:

*(ئەبێ لەمە بەدواوە ترجمەی ژمارە (یۆلیۆ ١٩٥٦)ی مجلەی کتابی بکرێ کە هێشتا دەستم نەکەوتووە.*

*لەبەر ئەوە (١٠) لاپەڕەم بۆ بەجێ هێشت تا ئەو ژمارەیەم دەست ئەکەوێ موضوعەکە (ظهور الدین المسیحییە.)*

*جا بەپێی ئەم سەرنجەی وەرگێر، ئەم باسەی ناوی بردووە لە کتێبەکەدا نییە و هەروا بەتەواو نەکراوی دەمێنێتەوە و دێینە سەر بەشی دوای ئەوە کە (کاثۆلیکایەتیی فەرمانڕەوایی رۆمای رۆژهەلاّت)ە.*



## کاثولیکایەتی فەرمانڕەوایی رۆمای رۆژهەلاّت

ئەو هەژارییەی کە پێغەمبەرەکانی ئایینی تازە تیایا ئەژیان، ئەو خۆ بەکوشت دانەی کە پەیڕەوەکانی ئەم ئایینە ئەیان کرد[1]، بووبوون بەکەرەستەی چیرۆکی نایاب و ناوازە، کە بوون بەهۆی گەشەکردنی (ئایینی مەسیحی) ئایینەکە لە شێوەیەکی هونەرمەندانەدا دەستی کرد بەهەلّکێشانی ددانەکانی بت پەرستی (چەلیپا)یشی ئەخستە سەر شوێنە ناسراوەکانی بت پەرستیی کۆن بۆ وێنە: (جەژنی رۆژ) کە جەژنێکی کۆنی بت پەرستەکان بوو، گۆڕی و (جەژنی پیر یوحەننا)ی لە جێ دانا هەروەها (پانیـثـون)یش کە پەرستگاییێک بوو، بۆ هەموو خواکانی بت پەرستەکان تەرخان کرابوو، گۆڕی و کردی بەکلّێسایەک بۆ ئەوانەی کە لە پێنا و ئایینی مەسیحیدا خۆیان دابوو بەکوشت زۆریشی پێ نەچوو، کە وێنەو پەیکەر و کاروبارەکانی ئایینە تازەکە، دلّی ئەو بت پەرستانەی کێش کرد کە لە ئەلّمانیاوە ئەهاتنە ئەوێ بەم رەنگە تا ئەهات ئایینی مەسیحی جێگای خۆی گەرمتر ئەکرد پێی باشتر دائەمەزراند... کلێسا لە هەموو شوێنێکدا کرایەوە... هەموویان گەورە و شۆخ و شەنگ بوون، بۆ ئایینەکە بووبوونە زمانێکی هانەدەر کە بت پەرستەکان بهێننە سەر بیروباوەڕی مەسیحی...

هەرچەندە شاهەنشاهیی رۆمایی رۆژئاوا مردبوو، بەلاّم شاهەنشایی رۆمای رۆژهەلاّت هێشتا مابووەوە شاری (کونستانتین) بانگی ئەوەی ئەدا کەمافی هەیە ببێتە پایەتەختی شاهەنشاهیی رۆما کەچی لەگەلّ ئەوەیشدا زمانی لاتینی لەناودا نەما و زمانی یۆنانی هاتە جێگای هەلّسان و دانیشتنی ناو کۆشکی شاهانەیش چووە سەر شێوەی رۆژهەلاّتی.

شاهەنشاهیش وەک شاهەکانی فارسی لێهات.

(کۆنستانتین) جارێدا کە (بیزانتە) کاثولیکییە بەلاّم لە راستیدا رێبازە ئاینییەکەی ئەملاو ئەولای ئەکرد!...

## بیزانتە... دوابنکەی بازرگانی بوو

ئەوەندە هەبوو شاهەنشاهی رۆژهەلاّت، لە سالّی (٥٤٨)ی ز.دا بەپەناگاهی ئاوەدانی و پێشکەوتن دائەنرا. کە ئەودەمە، هەموولایەکی تری جیهان لە تاریکی دواکەوتوویی و پشێوبی و ئاژاوەدا نوقووم بووبوو هەندێ جاری وایش هەبوو، ئەگەیشتە ئەوپەڕی

(١) خۆ بەکوشتدان: لێرەدا(لەخۆ بوردن و قوربانیدان)ە، (التضحیات).

گەورەیی گیانی[١]. وەک لەسەردەمی شاهەنشاه (گوستنیان)دا ڕوویدا، کە کلێسای (پیر ژن سۆفیا[٢])ی دروست کرد، بەخۆی و گومەزەکانی و پایە مەڕمەڕەکانی و دیوارە نیگارکراوە ڕەنگاوڕەنگەکانییەوە، هەروەها جاری وایش هەبوو، شاهەنشاهی ڕۆژهەڵات ئەگەیشتە پلەیەکی بەرز لە گەورەیی زرنگکارییدا وەک ئەوەی کە لەسەردەمی شاهەنشاه (گوستنیان)دا ڕوویدا کە هۆزەکانی (ڤاندال)ی لە ئەفەریکا دەرپەڕاند کە (ئوستروقوت)ی لە ئیتالیادا شکاند کە (ڤیزیقوت)ی لە خاکی ئیسپانیا دەرکرد ئەمانەیش هەموویان، لە ساڵی (٦٢٧)ی ز.دا ڕوویاندا بەم ڕەنگە تا ماوەیەک یەکێتی شاهەنشاهییەکەی سەرلەنوێ گێڕایەوە... هەروەها، وەک لەسەردەمی (هیرکولی)دا ڕوویدا، کە فارسەکانی شکاند و تا ناوچەی ڕووباری (دەجلە)یش ڕاوەدووی نان.

هەروەها شاهەنشاهی ڕۆمای ڕۆژهەڵات، تا ئەندازەیەکیش گەورەیی ئابووریی دەست کەوت چونکە (بیزانتە) بووبووە دوابنکەی بازرگانی لە جیهانێکدا کە ماوەیەک بوو بازرگانی لەبیر چووبووەوە...

مەی و بەهارات و لۆکە و کووتاڵی بەرهەم ئەهێناو ئەیفرۆشت بەدەرەوە کڕیارەکانیشی بایی ئەو شتانەی کە وەریان ئەگرت لێی، هیچیان نەبوو بیدەنێ، بەندە نەبێ کە زۆربەیان (سلاڤ)ی یەکان بوون جا لەبەر ئەوەی (بیزانتە)، بازرگانییەکەی خۆی لەسەر بنچینەی قاریم دامەزراندبوو وەک گومرگ و باج و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی، شاهەنشاهییەکەی ڕۆمای ڕۆژهەڵات، تا ئەهات خۆش گوزەرانییەکەی پتری لێ ئەهات توانی زێڕێکی زۆریش کۆبکاتەوە، کە لە خاکی ڕۆژئاوادا بەزوویی لەناودا نەئەما.

## ڕاپەڕینێک کە لەسەر ڕووکەشی دامەزرابوو

ئەوەندە هەبوو بریسک و هووڕەکەی لە ڕاستییەکەی زۆرتربوو تەنانەت هونەری خانوو دروست کردنەکەیشی کە هەر لەشاری (ڤینیسیا)وە کشابوو تا گەیشتبووە شاری (کێڤ)، زۆرتر گەورەیی و خۆ نوواندنی تیا دیاربوو، نەک کەڵک و فەڕ و بابەتی ڕۆشن و دیاردیی کراو، هونەرێکی نەخش و نیگار و ڕەنگاوڕەنگی زۆرتربوو لە هونەرێکی ساختمان دروست کردن هەروەها هەموو خانووەکانی فەرمانڕەوایی ڕوو کەشێکی گەورەیان زۆرتر هەبوو لەوەی کە ببنە جێگایەکی قایم و باش دارێژراو لەبەر ئەوە پێویست بوو (بیزانتە)

(١) گیانی: ڕۆحی.

(٢) پیرژن سۆفیا: القدیسة صوفیا.



هەموو دەم لە خەباتدابێ و بچێ بگژ ئەو خراپانەدا کە خەریک بوون لە دەر و ناوەوەدا پەرەبسێنن و گەشە بکەن.

هەرچی ناوەوە بوو، چینێکی خواروو لەناو شارەکاندا پەیدا بووبوو بەوە وازی نەئەهێنا کە بەهەموو سەربەستییەکەوە نان و مەی و ڕۆنی بەسەردا دابەش ئەکرا ئەچوو دەستیشی ئەکرد بەئاژاوە نانەوە، کە ئەنجامیان بەخراپ ئەگەیشت. کوشتنی ئەوانیش کە پێیان خۆش بوو بێنە سەرتەختی شاهەنشاهی، کرابوو بەدەستوور، هەمودەم ڕووی ئەدا!... مەترسیی هۆزە دڕندەکانیش گەیشتبووە دەروازی (بیزانتە)، هەمووەدەم لە ئارادابوو!...

هەرچەندە تورکەکان زۆر لەوەوە دووربوون کە ببنە سەرچاوەیەکی مەترسی بۆ شاهەنشاهییەکەی ڕۆمای ڕۆژهەڵات.

بەڵام بووبوونە هۆی ترس و لەرز لە ئاسیای ناوەڕاستدا ئەو ترسەیش کە بەناوهێنانی ئەوان ئەهاتە ناو دڵەوە تا هیندستان و زریێی (قەزوین)ی ئەگرتەوە گەورەی تورکەکان ناوی خۆی نابوو: (گەورەی نەتەوەکان و هەموو جیهان)!... ئەو تورکانە لەکاتی ڕەوکردنەکانیاندا مەغۆلەکانیان بەرەو دوا کشاندبووەوە وایشیان لێ هاتبوو، تا ئەهات تەوژمیان تینی ئەسەند بەرامبەر هۆزەکانی (لۆمبارد)، کە لە دەشتاییەکەی ڕووباری (دانوب)دا دائەنیشت ئەمانە ناچاربوون بگەنە ئیتالیا و لە ساڵی (٥٧٢)ی ز. بەدواوە تا سەر لەوێدا بمێننەوە هەرچی مەغۆلەکانیش بوو، بووبوونە سەرچاوەیەکی ترس و لەرز بۆ (بیزانتە) فەرماندارەکانی (بیزانتە چ بەپارەبێ، یان بەسەرانە، چەکەکانی ئەوانیان بۆ یارمەتی بەکار ئەهێنا!...

## شێر پەنجە لە جەرگوهەناوی شاهەنشاهییەکەدا پەیدابوو بوو!.

بەڵام (بیزانتە) هێشتا بەتەواوەتی لە دوورخستنەوەی مەترسیی مەغۆلەکان دڵنیا نەبووبوو، لەپڕ پەلاماردەرانی تازەی بۆ پەیدابوو، کە بەجارێ تۆقاندیان... هەرە سامناکی ئەو پەلاماردەرانە عەرەبەکان و بولگارەکان بوون چەند جارێک ڕوویدا، کە ئەوەندەی نەمابوو (بیزانتە) بکەوێتە ژێر چنگی ئەو پەلاماردەرانەوە بەڵام بەزەبری پارەکانی و سەربازە مووچە خۆرەکانی و (گڕە یۆنانی)یەکەی، خۆیی لە دەستیان ڕزگار کرد...؛ ئەم گڕە یۆنانییەیش بریتی بوو لە چەکێکی نهێنی، کە بەهۆی ئەوەوە کەشتییەکانی دوژمنەکانی خۆی ئەسووتاند ئەمیش بەسایەی شوێنەکەی خۆیەوە پێک ئەهات کە کەوتبووە ناوەند دەریا و گەرووی شاخی زێڕینەوە...

نەخۆشییەکی شێرپەنجەیش پەیدابووبوو، جەرگوهەناوی بیزانتەی دائەرزاند بەڵام لە ڕۆماوە، هێزی بەرگەگرتنی بۆ مابووەوە، نزیکەی هەزار ساڵێک خۆی لەبەر ئەو نەخۆشییەدا ڕاگرت!

بەڵام... چ فەرمانڕەواییەکی ڕۆژئاوایی ئەیتوانی لەو کاتانەدا خۆی دەربخا و بڵێ من هەڵ ئەگرم جێگای ڕۆما بگرمەوە!...

شەوە زەنگەکەی دڕندەیی هێشتا هەرمابوو بەچنگ و بەزەبروزەنگ بوو: نووسراوخانەکانی سووتاند خوێندنگاکانی داخست نەتەوەکان زانستەکانی خۆیان لە بیرچووەوە.

تەنانەت خوێندنەوە و نووسینیشیان لە بیر چووەوە.

بڵاوبوونەوەی زەبروزەنگ نواندن و زۆرداربیش پەکی بازرگانی خست و وای لێ کرد کە هەر نەژی. شێوەی شت فرۆشتنیش وەک کۆنی لێ هاتەوە، بووەوە بەبابەت گۆڕینەوە چونکە یاساکانی پارە و کاروباری بازرگانی بەرەڵڵاکران و خرانە پشت گوێ وای لێ هات هەموو ناوچەیەکی گەورە بووبوو بەیەکێتییەکی ئابووریی سەربەخۆ، بۆ خۆی، لە ناوچەکانی تر جوێ بووبووەوە، پەیوەندی پێیانەوە نەمابوو.

خۆی بەشی خۆی پەیدا ئەکرد شارەکان دەستیان دایە کاول بوون و ڕووخان کێڵگەکان بەرەڵڵابوون و بەرهەمیان تیا نەما ڕێگاکانیش بەرڵڵاکران و پڕبوون لە کەندوکۆسپ و بەرهەڵست، بەکاری ڕۆیشتن نەئەهاتن... بەنەمانی باجە ڕێکوپێکەکانیش، بیری (فەرمانڕەوایی) وەک یاسایەک، لە ئارادا نەما!...

## فەڕەنسە لە کوێوە هات؟

جا لەناو ئەم دارزانە گشتییەدا، هۆزە پەلاماردەرەکان هەر بەوە وازیان نەئەهێنا پەلاماربدەن و بچنەوە لایەکی تر لەناوچەکانی ئەورووپا، دەستیان کرد بەمانەوە و جێ گەرم کردنی خۆیان سەرکردەکانی ئەو ڕاو و ڕووتکەرانەیش، کە هاوشانی خۆیان کردبوویانن بەسەرکردە، خۆیان کرد بەپێشەوای نەتەوەکان، دەستیان کرد بەتێکۆشان بۆ ئەوەی مافی پێشەوایی دابمەزرێنن بۆ بەرەکانی خۆیان... جا لەناو ئەو هۆزە جەرمانیییانەدا کە خەریکی داگیرکردنی خاکەکانی شاهەنشاهی ڕۆمابوون، هۆزێک دەرکەوت، بەسەر هەموو هۆزەکانی تردا زاڵ بوو، زۆریشی پێ نەچوو خۆی کرد بەپێشەوایان... ئەو هۆزە هۆزی (فەرەنگ)ەکانی (ساڵی)بوو.



ئەمانە لەو خاکە شۆرەکاتانەوە هاتبوون کە لەملاو لەولای ئاوڕێژی ڕووباری (ڕاین)ەوەن... (کلوڤیس[1])ی پێشەوایان بەهۆی ئەوەوە کە هاتبووە سەر ئاینی مەسیحی، توانی پیاوە ئایینییە گەورەکانی مەسیحی بکات بەپشتیوانی خۆی و، بەرامبەر بەدوژمنەکانی خۆی بوەستێ، کە بەربەرەکانێیان لەگەڵ ئەکرد.

ئەم دوژمنانەی (کلۆڤیس)ە، پیاوە ئایینییەکانی مەسیحی یان هەراسان کردبوو، بەوەی کە ئەیانگوت (مەسیح) کوڕی (خوا)نییە... بەم ڕەنگە (فەرەنگ)ەکان، بەهۆی کۆمەکێی کلێساوە، توانیان جێی سەروو بۆ خۆیان بگرن و ببنە گەورە... ڕەنگ بوو فەرمانڕەواییەکی ئەڵمانیایی لەناو خاکی (گال)دا دابمەزرایە، ئەگەر (کلۆڤیس) هۆزەکانی (ئەڵمانی)ی لە ساڵی (٤٩٥)ی.ز.دا لە (تولبیاک)دا نەشکاندایە... هەروەها دوورنەبوو خاکی (گال) بکەوتایە ژێر دەستی (بیرگەندی) یانەی لە ساڵی (٥٠٧)ی.ز.دا دەرنەکردایە... هەروەها لەوانەبوو خاکی (گال) ببێتە (کاتالۆنیا)، ئەگەر (کلۆڤیس) هۆزەکانی (ڤیزیگوت[2])ی نەشکاندایە... واتا خاکی (گال) بۆیەکا بوو بە(فەرەنسە) چونکە (فەرەنگ)ەکان بەسەر هۆزەکانی تردا سەرکەوتن!...

## وێژەی لاتینی کەوتە گیانەڵاوە

ناوی (ڕۆما) لە خاکی فەرەنگەکاندا ناوبانگێکی زۆری هەبوو، لەناو هەموو خاکی ڕۆژئاوایشدا هەروەها بوو... ئەم ناوە نیشانەی یاسا و خۆش گوزەرانی و ژیانی بەزموڕەزم بوو، لەگەڵ گەورەیی و دەوڵەمەندییدا هۆزە دڕندەکانیش ئاواتیان بۆ ئەوانە ئەخواست، بەهەموو ئاژاوە و دواکەوتوویییەکی خۆیانەوە کەتیا ئەژیان... زمانی نەتەوەکەیش هەر لەسەرچاوەی زمانی لاتینییەوە دەرهاتبوو تەنیا ئینگیلتەرە نەبێ کە لەوێدا هۆزە پەلاماردەرەکان توانیان لە شێوە جەرمانییەکان زمانێکی گشت لایی بۆ قسەکردنی خۆیان دابهێنن.

(١) کلۆڤیسی یەکەم (٤٦٥-٥١١) لە ٤٨١دا بووە یەکەم مەلیکی فەرەنسا لە فەرەنگەکان، لە ئەسڵدا ژەرمانی بوو، سەرەتا بتپەرست بوو دوایی بووە مەسیحی.

(٢) ڤیزیگوت یان گوتەکانی ڕۆژاوا کە لە نەوەیەکی ژەرمانی کۆن بوون و لە وڵاتی سکاندناویاوە دابەزی بوون، هاتنە باکوری دەریای ڕەش و دوای شەڕ و پێکادانێکی زۆر لەگەڵ نەتەوەکانی بەلکان و یۆناندا لە ٣٧٥ بوونە دووبەشی: گوتەکانی ڕۆژهەڵات و ئەمانیش لە وڵاتی فەرەنسەدا جگێربوون و پێیان دەوترا گوتەکانی ڕۆژاوا و دوایی ئیسپانیاشیان گرت و دەوڵەتەکەیان مایەوە تاهاتنی ئیسلامەکان.

لە ئیتالیایشدا (ئەستروگوت)ەکان خۆیان خەریک کرد بەوەوە کە پەیکەرێکی وەک شاهەنشاهیی ڕۆما بۆخۆیان دروست بکەن... تەنانەت یاساکانی ڕۆما بەتەنشت ئەو یاسایانەوە مانەوە کە جەرمانییەکان دایاننابوو هۆگری بووبوون ئەمە بەم ڕەنگە بوو، تا کاتێکی وەها هاتە پێشەوە ڕەگەزەکان هەموو تێکەڵی یەکتربوون و پێویستی خۆی نوواند کە چەند یاسایەکی گشت لایی ڕێکوپێک بهێنرێنە گۆڕەوە ڕەگەزەکان لەناو یەکتردا توانەوە.

زمانەکان و ڕەوشت و خووەکانیش هەروەها لەناو یەکتردا توانەوە... ئەوساکە وێژەی لاتینی کەوتبووە گیانەڵاوە.

هەروەها هونەریش گەڕابووە پاشەوە، زۆرتر لەهی سەردەمی پێش مێژووی ئەکرد، نەک لەو تەواوییەی کە خوێندەواریی یۆنان و ڕۆما پێکیان هێنابوو...

جا لەشێوەیەکی سست و بەئەرک و ئازاردا، نەتەوەکان دەستیان کرد بەپەیدابوون چونکە خونکارە دڕندەکان خاکەکانی خۆیان، چەشنی سامانی تالانیی کە لە جەنگدا دەستیان ئەکەوت، لەناوەند کوڕەکانیاندا بەشیان ئەکردن گەلێک لە خێزانە فەرمانداراکان لەناو چوون سەردارەکانیش دەستیان کرد بەکوشتاری یەکتری هەرچی ئەمیان دروستی بکردایە و دای مەزراندایە ئەوی تریان ئەی ڕووخاند و هەڵی ئەوەشاندەوە.

## شارڵمان کلیلەکانی ئۆرشەلیم وەرئەگرێ

بەڵام خونکار (شارڵ) کە لە ساڵی (٧٧١)ی زایندا چووە سەر تەخت لەوە پاش بەناوی (شارڵمان)ەوە ئەناسرا، توانی شاهەنشاهییەکی ڕاستەقینە دابمەزرێنێ بەڵام لەژێر سێبەری فەرەنگەکاندابوو چونکە لە ساڵی (٧٧٤)ی ز.دا لەشکری (لۆمباردیا)[1]ی لە ئیتالیادا شکاند ئەڵمانیای خستە سەر خاکەکەی خۆی سەکسۆنەکانیشی تۆقاند بەسەر (ئاڤار)ەکانیشدا زاڵ بوو، کە ئەمانە چوونە سەر ئایینی مەسیحی و خاکەکەی خۆیشیان کرد بەسنووری ڕۆژهەڵاتی خاکی (شارلمان)... ناوی ئەو خاکەیشیان نا (مەجەر)... (شارلمان) لە هیچ کوێیەکدا نەشکا. لە ئیسپانیادا نەبێ مردنی (ڕۆنالد)ی برای لە گەلی

(١) لۆمبەردیا: دەڤەرێکە کەوتۆتە باکوری ئیتالیا، بەدامێنی چیای (ئەلپ)ەوە لە نێوان سویسرا و دەریاچەکانی ماژیوورە و کۆمۆ و گاردا و ڕووباری پۆ، پانتاییەکەی٢٣/٨٥٠کم٢، ژمارەی دانیشتوانیشی ٨،٨٨٢،٠٠٠ کەسە، پایتەختەکەی میلانۆیە، بەروبوومەکانی: کشتوکاڵ و لەوەڕگای زۆر و پەنیرێکی بەناوبانگ، دەوڵەمەندترین دەڤەرێکی پیشەسازیە لە ئیتالیادا.



(ڕونیسفال)دا بووە کەینەوبەینەیەکی وەها کە گەلێک چامە (قصیدە)ی نایاب نایابی لەسەر گوترا...

لە ڕۆمایشدا کە (شارلمان)، لە ساڵی (٨٠٠)ی ز.دا، بەڵێنیدا (پاپا) بپارێزێ لە دوژمنەکانی، خونکار کلیلەکانی ئۆرشەلیم یاخود (بيت المقدس) و کلێسای پێشکەی پیرۆزی وەرگرت[1].

جا هەر لەبەر ئەمەی کە ڕێزی لێ بگیرێ، پاش ناوی شاهەنشاه (ئیمپەراتۆر)ی پێشکەش کرا، کەلەوەپێش ئەو پاش ناوە هەر بەفەرمانداراە گەورەکانی ڕۆما ئەبەخشرا... (بیزانتە) لەسەر ئەمە هەڵی دایێ بەڵام (شارلمان)ی خونکاری ڕۆژئاوا، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوەندەی نەمابوو کە (ئیرین[2]) شاهەنشاژنی[3] ڕۆژهەڵات مارە بکات... ئەوساکە وا دەرئەکەوت، کە خوانکاری فەرەنگەکان، توانی هەموو نەتەوە مەسیحییەکان بکات بەیەک هەروەها سەرلەنوێ گەورەیی شاهەنشاهیی ڕۆمایش زیندوو بکاتەوە...

## شارڵمانی گەورە شاریی نەبوو

لە ڕاستیدا، (شارڵمان)، گوێی لەوە نەئەکردەوە، کە سەرلەنوێ ئاوەدانی ڕۆما و پێشکەوتوویییەکەی زیندوو بکاتەوە بەڵام بۆ ئەمەی ئەوەی بۆ بچێتە سەر، پێویست بوو شاریی بوایە، کە ئەوەیش لەوەوە دوور بوو!...

ئەمە ڕاستە، کە ئەو شاهخانە[4] (بلاط)یەکی بۆ خۆی دروست کرد و دایمەزراند بەڵام ئەو شاه خانەیە لە (ئیکس لاشاپل) دابوو، نەک لە ڕۆمادا...

ئەویش ڕاستە کە ئەو باووباپیرێکی لاتینی بۆ خۆی دۆزییەوە کە گەلێک خوێندنگای کردەوە کە فەرمانیدا نووسراوەکان و یاسا کۆنەکان لەسەریان بنووسرێتەوە.

بەڵام تا فێری خوێندنەوەبوو، قیر ووتی چەق!... ئەو زمانی لاتینییەیش کە زیندووی کردەوە، وێنەیەکی کاڵ بوو لە زمانی لاتینی کۆن تەنانەت لەم ڕەنگەیشدا، گیروگرفتی

(١) کلێسای پێشکەی پیرۆز: واتا (كنيسة المهد المقدسة) کەوا لە فەلەستین. لە شاری قودس.

(٢) ئیرسن یان ئیرینا: شاژنێکی بیزەنتی بووە (٧٩٧- ٨٠٢) ژنی لاوونی چوارەم بوو، سەرۆکاری (کۆستەنتینی شەشەم)یشی دەکرد کە کوڕی خۆی بوو تا جڵەوی حوکم بگرێتە دەست، بەرگریەکی چاکی لە کەنیسە دەکرد و دەیویست دەسەڵاتی بچەسپێنێ.

(٣) شاهەنشاژن: ڕاستتر= شاژن

(٤) شاه خانە (بلاط): ڕاستتر= کۆشکی شا.

زۆرتیابوو، کە بۆ پیاوان بەدڵیان نەبوو[1]. لەبەر ئەوە هەر لەناو زاناکاندا مایەوە...

ئەو هونەرەیش کە زیندووی ئەکردەوە، چاولێکەرییەکی بەد فەساڵی تیابوو بۆ هونەری بیزانتییەکان...

هەروەها شارلمان خەریکی ئەوەیش بوو کە شاهەنشاهییە کۆنەکە، لە کۆڕی ئابووریشدا زیندوو بکاتەوە... ڕێگا کۆنەکەی چاک کردەوە. دەستی کرد بەئاسان کردن و ڕێک خستنی کێشانە و پێوانەکان هانەیشی دا بۆ گەڕانەوە بۆ سەر یاساکانی پارە هەندێ پارەی تازەی لە زیوو دروست کرد هەروەها دەستی کرد بەهانەدان بۆ بازاڕ دانان بەبۆنەی ئەو جەژنانەوە کە هەموو ساڵێک دووبارە ئەکرێنەوە وەک جەژنی (پیردەنیس) بەڵام ئەم کارانە لە ژوور هێز و توانای شارلمانەوە بوون. کە لە شێوەیەکی تەواودا پێک بێن... بەڵێ وابوو، ئەوە لە وزەی ئەو دانەبوو کە سەرلەنوێ خوێنی گەش بەتەوژم بخاتەوە ناو دەمارەکانی ڕۆژئاواوە تا زیندوێتی و چست و چالاکی تێ بخاتەوە... جا لەبەر ئەوە ئابوورییەکە، لە شێوەیەکی سەرەتاییدا مایەوە... شارلمان هەرچەندە کۆششی تیا کرد هەر لادێییانە مایەوە... شارلمان نەیتوانی ئەو یاسا بچووکە سەربەخۆیانە بکات بەیەک، کە لەسەر بنچینەی (بەشی خۆکردن) دامەزرابوون، کە لە ئەنجامی سەرگەردانی پشێویی چەرخە تاریکەکان پەیدا بووبوون...

## سەرەتای دەرکەوتنی فەرمانڕەواییەکانی ئەوروپا لە شێوەی تازەیدا

ئەو کۆشکە زرنگکارییەیش کە (شارلمان) دروستی کردبوو، کۆشکێکی لەرزۆک بوو، ئەلەرایەوە، پایەکان قایم دانەڕێژرابوون، بۆ جێ نشینەکانی بەئەرک و ئازاربوو.

تەنانەت (لویسی خواناس) کە یەکێک بوو لە جێ نشینەکانی ئەو، لەکاتی فەرمانداریییدا تووشی تەنگوچەڵەمە و گیروگرفتێکی زۆرهات، بێ ئەمەی بتوانێ ئەو یەکێتییە دەستکردە، خۆ هەڵبەستەی، کە بۆ ئەو شاهەنشاهییە پێک هێنرابوو، پتەو بکات شاهەنشاهییەکە وا پێک هاتبوو: کە بریتی بوو لە کۆمەڵەیەک نەتەوەی جوێ جوێ و دوور لەیەک، ڕەنگێکی ڕۆمایی لێ درابوو، بەڵام باش پێکەوە نەسازێنرابوون، چاک لەگەڵ یەکدا ڕێک نەخرابوون، لەسەر بنچینەیەکی تەواو پتەویش دانەمەزرێنرابوون... زۆری پێ نەچوو، کوڕەکانی شارلمان، ئەو کەلەپوورە بار گرانەی کە لەپاش مردنی باوکیان،

(١) بۆرە پیاوان: خەڵکی سادە (عامة الشعب).



لەساڵی (٨٤٣)ی.ز.دا بۆیان بەجێ مابوو، بەپێی ڕەوشت و خووی فەرەنگەکانی ئەوسا، لەناو خۆیاندا دابەشیان کرد... پەیماننامەی (ڤەردان) بۆی کردن بەسێ بەشەوە، کە لەوە پاش، زۆری پێ نەچوو خاکەکانی: (فەرەنسە) و (ئەڵمانیا) و (ئیتالیا)یان لێ پەیدابوو...

جا بەمە داڕشتنی بنچینەکانی نەتەوەکانی ئەوروپای تازە تەواوبوو، لەگەڵ زمانە بنچینەییەکانیدا...

هەرنەتەوەیەکیش لەم نەتەوانە، لە دوو نەتەوەکەی تر جیاوازبوو... هەروەها زمانەکانیشیان لەگەڵ یەکتردا جیاوازبوون... هیچ ماوەی ئەوەیش نەما، کە بکرێن بەیەک یاخود لە یەکتر نزیک بکرێنەوە...

سەرنج:

مامۆستا لێرەدا دەسنووسەکەی تەواو کردووە لە دەفتەرەکە پەڕەی سپی زۆری پێوە ماوە، لاموایە باسەکەی تەواونەبووە، بەڵام خۆیشی هیچ ئیشارەیەکی بۆ ئەمە نەداوە.

بەوەدا وای بۆ دەچم کە تەواو نەبووە چونکە لە دەسنووسەکانی تریدا کە تەواو دەبوون دەینووسی (بڕایەوە) و بەرواری ئەو ڕۆژەیشی لەژێردا دادەنا.

ئەحمەد

٢٠٠٣/٧/١٢

# ڕۆژ و فرمان

ئەم نووسراوە: کۆنترین دەستووری ڕەوشت و خووی تێدایە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا

هەسیوود

بوێژی کۆنی یۆنانستان نووسیویەتی

## ئەم پێغەمبەرەیش ئینجیل و دەستوورێکی هەیە!

لە چەرخێکی وادا ژیاوە، کە ڕەنگە پێش سەردەمی زۆر لەو پێغەمبەرانە کەوتبێ کە ناویان لە نووسراوە ئاسمانییەکاندا هاتووە و ناسیوومانن. لەگەڵ ئەوەیشدا پیاو دەتوانێ لە یەکچوونێکی زۆر بدۆزێتەوە لە ناوەند ئامۆژگارییەکانی ئەم و ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەرەکاندا. تەنانەت ئامۆژگاری وایشی هەیە، کە لە شێوەی نووسین و داڕشتنی وشەکانیدا، هەر لەو قسەی تێگەیشتووان و ئامۆژگارییانە دەکات کە لەسەر زمانی هەندێ پێغەمبەران لە (تەوڕات)دا هاتوون... ئەم پیاوە ناوی (هەسیوود)ە[1] بوێژێکی گریکی بووە. نامەکەی بریتی بووە لە: بانگکردنی مرۆڤایەتی بۆ سەر (کردەوەی جوان) و، (ڕەوشتی پاک)، بۆ (ئاشتی). هەروەها بۆ وریاکردنەوەی سەردارە زۆردارەکان و، دادگەرە بەرتیلخۆرەکان بووە لە پاشەڕۆژی خۆیان. (هەسیوود) یەکێک بووە لە پێغەمبەرانی (بیر) و (ڕەوشت). لە سەردەمێکی وایشدا پەیدا بووە و، ئەم (ئینجیل)ەی خۆی نووسیوەتەوە، کە هێشتا مرۆڤایەتی لە یەکێتی خودا و لە پەرستنی خودایەکی تاک و تەنیا و بێ هاوتادا شارەزا نەبووە!.

(١) هسیودوس Hesiodos سەرەتای چەرخی هەشتی پ. ز:
شاعیرێکی یۆنانییە، بەشیعرە فێرکاریە ئەدەبییەکانییەوە بەناوبانگە کە بە(کار و ڕۆژان)ەوە ناسراوە.
ئەم نامیلکەیەی مامۆستاش پوختەی ئەو شیعرانەیە و نوێشکێک لە بەسەرهاتی.
بەڵام بەداخەوە، وەک لە دەسنووسە ئەسڵییەکەشم ڕوانی، مامۆستا ئیشارەی نەداوە بەژێدەری ئەم باسە و یا نووسەرە عەرەبییەکەی و ساڵی چاپکردنەکەی.



## خاوەنی پایەیەکی هەرە گەورە لەناو مرۆڤایەتیدا

(هەسیوود) بوێژێکی وا بوو کە لە سەردەمی خۆیدا ناوبانگێکی وای دەرکرد لە ناوبانگی (هۆمیرۆس) گەورەتر بوو. کەچی نووسەرەکان هۆنراوەکانی هۆمیرۆسیان، دەم بەدەم و دەست بەدەست دەگێڕایەوە، بەڵام لایان لە هۆنراوەکانی هەسیوود نەدەکردەوە... هۆی ئەمەیش ئەوە بوو کە هەسیوود بوێژی کارەساتی ڕووداو و ڕاستەقینە بوو... بەڵام مرۆڤایەتی دڵی بۆ بابەتی ئەندێشەیی دەڕۆیشت، تا لە ڕووداوی ڕاستەقینەی ژیان دووری بخاتەوە!...

بەڵێ هەسیوود وا بوو کە بەیەکەم نموونە دادەنرێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ پیاوێکی خاوەن نامە، کە ئەوە بخاتە سەر ئەستۆی خۆی: دەست بکات بەلێکۆڵینەوە و، شیکردنەوە و، سەرنجدان لە ڕووکەشەکانی ژیان بۆ ئەمەی لە کانگای ئەو ژیانەوە واتای قووڵ قووڵ دەربهێنێتە دەرەوە. هەروەها لە ڕێگەی دڵ و دەروون و مێشکی خۆیەوە، پەی بەچاکترین نامە و باشترین دەستوور ببات بۆ مرۆڤایەتی لە ژیانیدا... جا ئەو هەست و نیازە نهێنییە بەرز و پیرۆزەی کە دەکەوتە دڵییەوە و، دەکەوتە دەروون و هۆشییەوە، هەسیوود، وایدەزانی پەیامێکە و لە بارەگای شاخەکانی (ئۆلیمپوس)ەوە بۆی دێ...

جا (هەسیوود)، لەم ڕووەوە، بەمامۆستایەک لە مامۆستاکانی مرۆڤ دادەنرێت... تەنانەت، بەیەکەم مامۆستای ئەم جۆرە بابەتەیش دادەنرێ، کە هەتا ئێستا مێژوو دەریخستووە!...

ئەم دەستوورەیش کە هەسیوود بڵاوی دەکردەوە و موژدەی سەرئەنجامی چاکی دەدا بەوانەی کە بەکاری دەهێنن ئەمە بوو: (هەرچی دەڵێیت بەنەتەوەکەت لە (دادپەروەری) و (ڕاستی) و (چاکی) دەرنەچێت!)...

بەپەرۆشەوە بوو، هەروەک نامەی خۆی دەگەیاند بەچینی بڵند، هەروەها بیشیگەیێنێ بەچینەکانی ناوەڕاست و هەژار لەناو نەتەوەدا... ئەو وەک هۆمیرۆسی نەکرد، کە کۆمەڵە هۆنراوەکانی خۆی هەر بەرەو ڕووی سەردار و کاربەدەستەکان کردبووەوە... هەسیوود بەپەرۆشەوە بوو ڕەنج و تێکۆشینەکەی کەڵکی بۆ هەمووان ببێت... هەسیوود هەر وەک باوکێک بوو کە بیەوێ قسە ژیرەکانی خۆی، لە شێوەیەکی خۆشەویستانە و دادپەروەرانەدا، بەسەر منداڵەکانی خۆیدا دابەش بکات. ئەگەر یەکێکی بێ دەسەڵاتی لەناویاندا بدیایە، یارمەتی دەدا. ئەگەر یەکێکی سەرکێش و زۆرداریشی لەناویاندا

بدیایە، ئامۆژگاری دەکرد و ڕێگای پیشان دەدا... جا هەسیوود بەم جۆرە بوو: یارمەتی هەژاری دەدا، ڕێگایشی بەسەردار پیشان دەدا، بۆ ئەوەیش خەباتی دەکرد: کە هەموو لایەک بە(خۆشی) و (ئاشتی) و (خۆشگوزەرانی)یەوە بژین... لەم کردەوانەیش لە کردەوەی پێغەمبەرەکانیان دەکرد... جا لەبەرئەوە سەرت سووڕ نەمێنێ لەوەی کە هەندێ کەس لەسەر گۆڕەکەیان نووسی بوو: (ئەمە گۆڕی هەسیوودە، کە خاوەنی پایەیەکی هەرە گەورە بووە لەناو مرۆڤدا). کە یەکێک لە بوێژەکانی کۆنیش بەم جۆرە لاواندنەوەی بۆ کرد بوو: (ئەی هەسیوود!... خودا چاکت بۆ بکات... تۆ ئەو کەسە بوویت کە تەرازووی (ژیری) و (تێگەیشتوویی)ت گرت بوو بەدەستەوە بۆ مرۆڤایەتی!).

براکەی زۆرداریی لێکرد... ئەویش بۆیەکا ئینجیلەکەی خۆی نووسییەوە!:

هەروەک زۆربەی پێغەمبەرەکان، ئاژەڵیان دەلەوەڕاند، هەسیوودیش لە منداڵیدا مەڕی دەلەوەڕاند. هەروەها، لەپاش مردنی باوکیشی، دەستی کرد بەچاندن و کشتوکاڵ لە گوندەکەی باوکیدا بۆ ئەمەی لەناو نەچێ. بەهۆی ئەوەوە شارەزایی و ئاشنایەتییەکی وای پەیدا کرد لە چاندنی کشتوکاڵدا، کە لەوەپاش، توانی کەسانی تر فێری زۆر شت بکات لە بابەت چاندن و کاروباری کشتوکاڵەوە، هەروەها لە بابەت ئاو و با و کەشەکان و گۆڕینی کەشەکانەوە، لە بابەت ڕۆژەکانەوە کە کامیان بۆ کاروباری کشتوکاڵ باشتر بەکار دێن!.

ئەو ماڵەی هەسیوودی تێدا گەورە بوو بوو، بچووک بوو. بریتی بوو لە خێزانێک کە لە چوار کەس پێکهاتبوو: باوک و دایکێک و دوو برا، کە هەسیوود یەکێک بوو لەو دووانە، (بەرسیس)یش یەکەکەی تریان بوو. کە باوکەکە مرد، گوندەکە بۆ هەردوو براکە مایەوە. بەڵام چاوبرسێتی سواری دڵی (بەرسیس) بوو. خۆی کوتایە کن سەردارەکان. نوقمی کردن لە دیاری و داهات و بەرتیلدا. ئەوانیش کارێکی وایان کرد کە (بەرسیس) بەشی هەرە گەورەی لە کەلەپوورەکەی باوکی بەر بکەوێ. (هەسیوود)یش بەدڵێکی پڕ لە داخەوە ئارامی گرت، تا براکەی هەرچی سامانێکی هەبوو لە بەزموڕەزم و خۆشڕابواردندا بەختی کرد. تا ناچار بوو پەنای هێنایە بەردەمی، بۆ ئەمەی بەزەییەکی پێدا بێتەوە و دەستێکی بگرێ. بەڵام هەسیوود گوێی نەدایە و دەستی یارمەتییشی بۆ درێژ نەکرد، (بەرسیس)یش، بەدخوویی وای پێ کرد، کە پەنا بەرێتە بەر دادگاکان. پشت ئەستووریش بوو بەخۆی، کە بەهۆی بەرتیل دانەوە، دەتوانێ کار لە دەروونی دادگەرەکان بکات. هەسیوودیش بەهۆی ژیری و تێگەیشتوویی خۆیەوە پەیی بەوە برد کە وا چاکترە خۆی



نەخاتە بەردەم ئەو دادگەرە بەرتیلخۆرە چاوچڵێسانە. هەڕەشەی لە براکەی خۆی کرد، تێیگەیاند، کە پەنابردنەکەی بۆ ئەو جۆرە دادگەرانە هەڵەیەکە، لەوانەیە ئەوەندەی دەستی دەکەوێ بەهۆی یارمەتییە بەپەنگەکەی ئەوانەوە، کە بەفڕوفێڵ پێک دێ، ئەوەندە زۆرتری زیان لێ بکەوێ!...

داوای لە براکەی خۆی کرد کە هەردووکیان (زێفس)ی گەورەی خوداکانی یۆنانییەکان بکەن بەناوبژیکەر لەناو خۆیاندا. جا ئەم ئامۆژگارییە بوو کە هەسیوود خستبوویە ناو ئەو چامە (قصیدە)یەوە کە بەناوی (ڕۆژ و فرمان)ەوە هەڵیبەست بوو. وا لە خوارەوە ئەو چامەیەت بەکورتکراوەیی پیشان دەدەین:

## ئەی خوداکانی هۆنراوە

ئەی خوداکانی هۆنراوە!... ئەی ئەوانەی کە بەهۆی گۆرانی گوتنەوە ناوبانگ دەبەشنەوە... لە بابەت (زێفس)ەوە قسەم بۆ بکەن... بەپیاهەدڵدانی باوکتانەوە گۆرانی بڵێن، کە بڵاوکردنەوەی ناوبانگی مرۆڤ بەدەست ئەوە. حەز بکات: بڵاوی دەکاتەوە. حەز بکات بڵاوی ناکاتەوە. چونکە بۆ (زێفس)ی گەورە ئەوە ئاسانە، کە هێز بخاتە لەشی مرۆڤی لاواز و کزەوە کە هێز لە لەشی بەهێز بکاتە دەرەوە، کە پایەی پیاوی لووتبەرز نزم بکاتەوە کە پایەی پیاوی بچووک بەرز بکاتەوە. کە پیاوی خواروخێچ ڕاست بکاتەوە کە ئەوەی پیاوی سەهندە و تووڕە و تڕۆیە لووتی بشکێنێ...

کەواتە ئەی (زێفس)! ئەی خاوەنی هەورە تریشقەی ئاسمانی!. ئەی دانیشتووی سەر تەختی پەروەردگار! گوێم بدەرێ و تەماشایەکم بکە. لە ڕووی چاکەی خۆیشتەوە یاسا دابمەزرێنە تا فەرمانڕەوایی بکات.

## ئەو ناکۆکییەی شەڕی لێ پەیدا دەبێ

## ئەو ناکۆکییەی بەربەرەکانێی لێ پەیدا دەبێ

بەڵام تۆ ئەی (بەرسیس)ی برام! گوێ بگرە بام لە بابەت کاروباری ڕاستەقینەوە گفتوگۆت لەگەڵدا بکەم: خەباتکردن هەر یەک ڕەنگ نییە. لە جیهاندا دوو جۆرە خەباتکردن هەیە. جا ئەگەر باش لێیان ورد ببیتەوە بۆت دەردەکەوێ کە یەکێکیان هەڵدەگرێ پێیدا هەڵبدەیت یەکێکیشیان هەڵدەگرێ خراپ لێی بدوێیت. بەڵام جیاوازی ئەو دوو جۆرە خەباتکردنە یەجگار گەورەیە، یەجگار ئاشکرایە. چونکە یەکێکیان پاڵ

بەپیاوەوە دەنێ بۆ جەنگێکی بەد و خراپ، بۆ کوشتارێکی زۆردارانە. لەبەرئەوە هەرچی دڵنەرمی و بەزەیی پێدا هاتنەوەیەک هەیە تێیدا نییە. جا هیچ مرۆڤێک نییە کە حەز لەو جۆرە خەباتکردنە بکات. جا کە هێز بەکاری خۆیەوە خەریک بێ، کە جێبەجێکردنی فەرمانی خوداکانیش بەکارێکی پێویست دابنرێ، ئیتر پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێک ئەوەندەی هەڵدەگرێ، ڕێز لە ناکۆکیی سەخت بگرێ و نازیشی بکێشێ. بەڵام جۆرەکەی تری خەباتکردن، بریتییە لەوەی کە کوڕی هەرە گەورەی تاریکی و کوڕی (کرونوس) – سەردەم – دایمەزراندووە کە لەسەر تەختی ئاسمانی دانیشتووە و لە هەموو لایەکی ئاسماندا دەژی... ئەو لەوەپێش لەناو زەویدا دایمەزراند بوو... لەبەرئەوە لە براکەی خۆی زۆرتر دڵی بەمرۆڤ دەسووتێ. چونکە ئەو گاڵتە بەپیاوی گێژوویژ و شل و شێواو دەکات. هەروەها کردەوە چاکەکانی کەسانی تریشی پێشان دەدات، بەو مەبەسەی کە دراوسێ زانی دراوسێکەی خۆی ڕووەو دەوڵەمەندی دەچێ، بەربەرەکانێی لەگەڵدا بکات، جا ئەم جۆرە ناکۆکییە بۆ مرۆڤ کەڵکی هەیە!... جا ئەی (بەرسیس) ئەم قسانە بخەرە کانی دڵتەوە و، لەبیرت نەچنەوە... مەهێڵە ناکۆکیی پڕ لە پشم و قین بکەویتە ناوەند خۆت و فرمانەکەتەوە یاخود ناوەند دڵت و فرمانەکەتەوە. کەچی تۆ هۆشت بەخۆت نەماوە. چاو و گوێی خۆت داوەتە ناکۆکییەکانی پێش دەم دادگاکان. چونکە هەر کەسێ خۆی بخاتە داوی دادگاکان و کەینەوبەینەی بەردەم دادگاکانەوە، پێویستە ئەوەندە پارەی هەبێ، کە بەشی ژیانی ساڵێکی تەواوی بکات. جا ئەگەر گەمت زۆر لە لا بێ، دەتوانیت بکەویتە ناو ناکۆکی و شەڕوشۆڕەوە لەسەر زەوییەکانی کەسانی تر... بەڵام تۆ هەلی وات دەست ناکەوێت. چونکە تۆ هەچ زەوییەکت هەبووە و هەچ بەرهەمێکت دەست کەوتووە، لەناوت بردووە. کەواتە بام ئێستا ئەو ناکۆکییەی کەوتۆتە ناوەند خۆم و خۆتەوە بیبڕێنینەوە ئێمە لە دابەشکردنی سامانی باوکمان، کە لەپاشی بەجێ مابوو، بووینەوە. بەڵام تۆ بەشی هەرە گەورەت بۆ خۆت داگیر کرد. ئەمەیش کاتێ بۆ تۆ پێک هات، کە یەجگار دەست بڵاویت کرد بەرامبەر سەرداره چاوچلێس و چاوبرسییەکانمان، کە لە کاتی تەماشاکردنی ئەم جۆرە شەڕوشۆڕ و ناکۆکییانەدا لایەنی هەوەس و ئارەزووی خۆیان دەگرن، نەک ڕاستی و دروستی، نەک مافپەرستی و دادپەروەری!... ئای لەوانە کە چەند ناشی و نەزانن!... ئەوانە هیچ لەوە تێناگەن کە (نیو) لە (هەموو) چەند زۆرترە!...



## ئافرەت چۆن دروست کراوە

خوداکان هۆی ژیان لە مرۆڤ دەشارنەوە. تۆیش دەتتوانی، بێ ئەمەی ئەرک و ئازارێکت بێتە بەر، بەسایەی فرمانی ڕۆژێکتەوە، بەشی ساڵێکی تەواو بەرهەم بۆ ژیانی خۆت پەیدا بکەیت. بەڵام کە پیاو زۆردار بوو، ئەو کێڵگەیەی کە گا و ئێستر، بەڕۆژان کاریان تێدا کردووە و، ماندووبوون تێیدا، دەیکات بەدەشتێکی کاکی بەکاکی کە هیچ بەرهەمێکی لێ پەیدا نەبێ. هەروەها ڕۆژیش وا لێ دەکات لە توێی هەورەکاندا ئاوا ببێ. خوداکان هۆی ژیان لە (مرۆڤ) دەشارنەوە.

ڕۆژێک لە ڕۆژان (زێفس) کە گەورەی هەموو خوداکانە، ئەو هۆیانەی لە (مرۆڤ) شاردەوە. ئەویش لەسەر ئەوە بوو کە (برمیثیوس)ی زۆرزان فرۆفێڵی لێ کرد. (زێفس) ئاگری شاردبووەوە. بەڵام (برومیثیوس) ئاگرەکەی لێ دزی، بۆ ئەمەی مرۆڤایەتی کەڵکی لێ وەربگرێ. ئەمیش ئاگرەکەی لە لوولە قامیشێکدا شاردەوە، نەوەک (زێفس) کە خودای هەورەتریشقە و کۆمەڵە هەورەکانە ئاگای لێی بێ و چاوی پێ بکەوێ. ئنجا کە (زێفس) پێی زانی بەتووڕەبوونێکەوە قیژاندی بەسەریدا، پێی گوت: (برومیثیۆسەکەی لە هەموو کەس زۆرزانتر!... وام دێیتە بەرچاو کە دڵت خۆشە بەوەی منت چەواشە کردووە و ئاگرەکەت لێ دزیوم. دەک خۆت و ئەو کەسەی کە دەبێت بەجێنوشینت لەناو مرۆڤدا، تووشی دەردێک بێن کە لێی گەورەتر نەبێ!... هەرچی (مرۆڤ)یشە، لەجیاتی ئاگرەکە دیارییەکی پڕ لە ئازاریان پێ دەبەخشم!... دیارییەکە، شتێکی وا دەبێ، کە دڵی هەموویان پڕ بکات لە خۆشی. خۆیشیان هەست بەوە ناکەن کە ئەوەی دەیگرنە باوەشیان، دەبێتە هۆی سەرگەردانییان!...).

ئا بەم ڕەنگە بوو، کە باوکی مرۆڤ و خوداکان قسەی لە دەم دەرپەڕی. ئنجا بەدەنگێکی بەرزەوە دەستی کرد بەپێکەنین. پاش ئەوە فەرمانی دا بەخودای بەناوبانگی ئاگرەکە زوو بەزوو گڵ و ئاو تێکەڵ بەیەکتر بکات. پاش ئەوە دەنگی ڕەگەزی مرۆڤ و هێزەکەی بخاتە ناو قوڕەکەوە، تا پەیکەری کچێکی جوان و شۆخوشەنگی لێ پەیدا دەبێ، کە لە شێوەی دەموچاویدا لە (ژن خودا) نەمرەکان بکات. پاش ئەوە فەرمانی دا بە(ئەثینا) کە فێری دوروومانی بکات و چنین و نەخش و نیگارکردن لەسەر جلوبەرگ، بۆ ئەمەی بتوانێ هەموو جۆرە جلوبەرگێک بۆ خۆی بچنێ و دروست بکات... فەرمانیشی دا بە(ئەفرۆدیت)ی زێڕین، کە دڵنەرمیی و ئارەزووی بەتین و تاو خەم و خەفەت بخاتە مێشکییەوە، بەجۆرێکی وا کە هەموو ئەندامەکانی لەشی لە کەڵک بخات!... فەرمانیشی

دا بە(هیرمیس)ی سەرکردە، کە پەیامبەری خوداکان بوو، مێشکێکی وا بخاتە کەللەیەوە، کە هەرچی واتایەکی شەرم و ئابڕوو هەیە تێیدا نەبێ، سروشتێکی وایش بخاتە لەشییەوە، کە پڕ بێ لە هەموو جۆرە چەواشەکردن و پێچوپەنایەک!...

## ئافرەت سەرچاوەی هەموو دەرد و خەمێکە

(زێفس) بەم ڕەنگە بوو، کە فەرمانی دا. ئەوانیش هەموو ملکەچییان بەرامبەری نوواند. تاوێکی پێ چوو، خودای بەناوبانگی لەنگ، خودای ئاگر بەو شێوەیەی کە (زێفس) ئارەزووی کردبوو، پەیکەری کچێکی ئابڕووداری دروست کرد. (ئەثینا)یش خاوەنی چاوە گەشە جوانەکان، کچەکەی ڕازاندەوە و، جلوبەرگێکی یەجگار ناوازەی لەبەر کرد... بەڵام خودا ژنی جوانی و ملکەچی، خاوەن شکۆی بەرز و پیرۆز، خشڵی زێڕینی پێ بەخشی!... کچە دەرگەوانەکانی ئاسمانیش، کە خاوەنی قژەسەری دڵکێشکەرن، شاهکلاوێکیان کردە سەری، کە لە گوڵەکانی دەمی بەهار دروستکرا بوو!... (ئەثینا)یش، بەژنوباڵاکەی، بەجلوبەرگ و بابەتی ناوازە و گەورەییەوە ڕازاندەوە... بەڵام پەیامبەری خوداکان، دەروون و هەناو و مێشکی پڕ کرد لە قسەی درۆ و فڕوفێڵ و چەواشەکردن و، سروشتی پڕ پەنگ و پەراوێز، بۆ ئەمەی ئارەزووی (زێفس) بهێنێتە جێ، کە خاوەنی هەورەتریشقەی گرمە گرمدارە!...

پەیامبەری خوداکان، دەنگی خستە لەشییەوە. پاش ئەوە ئافرەتەکەیشی ناو نا (بەنەدۆرا). هەر کەسێکیش لەسەر چیای (ئۆلیمپوس)دا دانیشتبوو، یارییەکی پێشکەش کرد... جا ئەم ئافرەتە، بووە ژان لەو مرۆڤایەتییەی کە بەرەنجی شانی خۆیان، نانی خۆیان پەیدا دەکەن! جا هەر ئەوەندە (زێفس) لەم داونانەوەیەی خۆی بووەوە، کە ئەوەندە بەوردی کردبووی، کەس بەرگەی جوانی و شەنگوشۆخی کچەکەی نەدەگرت، کچەکەی بەدیاری نارد بە(هیرمیس)ی گەورەدا، کە پەیامنێرێکی گورجوگۆڵی خوداکان بوو، بۆ (ئەبیمیثیوس)، ئەوەی بیر نەکەوتەوە کە (برومیثیوس)ی برای پێی گوتبوو: هیچ دیارییەک لە (زێفس)ی ئۆلیمپی وەرنەگرێت. هەرچییەکیشی بۆ نارد بوو بۆی بنێرێتەوە، نەوەک لە دوارۆژدا زیان بدات لە مرۆڤایەتی. بەڵام (ئەبیمیثیوس) پەیی بەوە نەبرد کە شتێکی زیانبەخشی وەرگرتووە، تا دیارییەکەی لە دەست (هیرمیس) وەرگرت و بردیە لای خۆی!...

هۆزەکانی مرۆڤایەتییش - تا ئەم کارەساتە ڕووی نەدا بوو - بۆ خۆیان ڕاهاتبوون بەتەنیایی، لە پەنایەکدا، لەسەر زەویدا دەژیان. خۆیان دوور خستبووەوە لە کردەوەی



خراپ و ئەرک و ئازار و فرمانی سەخت و نەخۆشی کاریگەر، کە لە کاتی فرمانکردندا تووشیان دەهات و، تووکی سەری سپی دەکردن. بەڵام ئافرەت سەری گۆزەکەی لادا و، ئەم هەموو دەرد و خەفەتانەیش کە لەناو گۆزەکەدا بوون بڵاوی کردنەوە.

بەم ڕەنگە، بەکردەوەکەی خۆی خەم و خەفەتی هێنا بەسەر مرۆڤدا!... تەنیا (هیوا) مایەوە لەناو گۆزەکەدا. لەژێر لێواری گۆزەکەدا بوو، لە شوێنێکی شارراوەی بێ وەیدا. هەرچەندێکی کرد باڵەکانی بدا لە یەک و بفڕێ و بێتە دەرێ بەناو دەمی گۆزەکەدا، نەیتوانی. چونکە لێواری گۆزەکە گرتبووی، لەسەر فەرمانی (زێفس)، خاوەنی زرێی ئاسنین و کۆمەڵی هەوران. بەم ڕەنگە گەلێک دەرد و نەخۆشیی تریش لە دەمی گۆزەکە هاتنە دەرەوە و بەناو (مرۆڤ)دا بڵاوبوونەوە. ئەوەیش سەرزەوییە کە دەیبینن پڕ بووە لە گوناه و تاوان. زرێکانیش هەروەها پڕبوون لەو گوناه و تاوانانە. دەرد و نەخۆشییش هەر لە خۆیانەوە، بەڕۆژ و بەشەو بڵاو دەبنەوە بەناو مرۆڤدا، بەبێ دەنگی و بەهێواشی، سەرگەردانی دەهێنن بەسەریاندا. ئەویش سەبارەت بەوەیە کە (زێفس)ی ژیر و تێگەیشتوو، ئەوی لە قسەکردن بێ بەش هێشتۆتەوە!...

## بەهۆی دادپەروەرییەوە شارەکان ئاوەدان دەبنەوە و ئاشتی سەر دەگرێ

کاتی ئەوەیش هاتووە کە بۆ خونکارە خاوەن هۆشەکان چیرۆکێک بگێڕمەوە... هەڵۆیەک لەو کاتەدا کە لەناو ئاسماندا، لە سەروو هەورەکانەوە، چنگی لە بلبلێکی گەردن نەخشاو گیر کردبوو، بلبلەکە لەتاو ئازاری گیانی خۆی کە چنگی هەڵۆکەی تێ گیر بوو بوو، و، لەشی پارچە پارچە کردبوو، داد و فەریادی دەکرد و دەپاڕایەوە: کە کەسێ فریای بکەوێ و بەزەیی پێیدا بێتەوە و، ڕزگاری بکات لە دەست ئەو پەلەوەرە دڕندەیە، بەبلبلەکەی گوت:

(کلۆڵی سەرگەردان! بۆچ شیوەن و گریان دەکەیت؟... ئەو کەسەی تۆی خستۆتە ناو چنگی خۆیەوە، لە تۆ یەجگار بەهێزترە.

کەواتە پێویستە لە سەرت بۆ هەر کوێیەک دەچم بێیت لەگەڵمدا، بێ ئەمەی لە خوێندنە خۆشەکەی خۆت بێ بەشم بکەیت. چونکە من ئارەزوو بکەم دەتخۆم. ئارەزوویش بکەم بەرەڵڵات دەکەم!... ناشی و بێ هۆش ئەو کەسەیە کە بەرەنگاری کەسێکی لە خۆی بەهێزتر دەکات. چونکە هەرگیز سەرناکەوێ. مەگەر هەر ئەوەی بۆ بمێنێتەوە کە ئازادی بکات و، شەرمەزاریش ببێ!.).

ئا بەم ڕەنگە بوو قسەی دەکرد، هەڵۆی باڵدرێژی، تیژفڕ. کەواتە ئەی (بەرسیس) گوێ

بگرە لە ڕاستی و دروستی و مافپەروەری. هەرگیز دڵیشت بەلای توندوتیژیدا نەچێ!... چونکە توندوتیژی کەڵکێکی بۆ پیاوی هەژار و نابووت نییە. هەروەها کەڵکیشی بۆ پیاوی دەوڵەمەند نییە. چونکە لە توانابییدا نابێ بەرگەی ئەرک و ئازاری توندوتیژییەکەی خۆی بەئاسانی بگرێ. بەپێچەوانەوە دەبینیت، لەژێر باری خۆیدا پشتی دەکۆمێتەوە و، لەناو زریی لە خۆباییبوونی خۆیشیدا نوقوم دەبێ!...

چاکترین ڕێگا ئەوەیە کە بۆ ئەوبەر بگوێزیتەوە: بۆ (دادپەروەری). چونکە لە ئەنجامدا هەر (دادپەروەری)یە کە سەربکەوێ بەسەر زۆرداریدا، بەسەر توندوتیژیدا. کەواتە پیاوی بێ هۆش، بۆچ پەند وەربگرێ، لەپێش ئەمەدا کە ئەرک و ئازار بچێژێ؟!.

سوێندخواردنی درۆ، زوو بەزوو لەگەڵ بڕیارە شڕوپڕەکاندا یەک دەگرێ و دەنگ دەداتەوە، کاتێ کە دیاری وەرگرەکان، دادپەروەرییەکەیان لەو ڕێیەوە بڕوات کە بێ تاوانەکان تووشی بڕیاری هیچوپووچ بکەن!... ئەوساکەیش دادپەروەری، ڕەو دەکاتە ناو شار و ناو خانووی نیشتەنییەکان، بەجلوبەرگێکی هەڵمەوە، سەرگەردانی هەڵدەگرێ لەگەڵ خۆیدا بۆ مرۆڤ، لەوانەیشەوە وەریدەگرێ، کە دەریانپەڕاندووە و کە لەگەڵیدا بەناڕاستی و ناپاکی بزووتوونەتەوە!... بەڵام ئەو کەسانەی کە بڕیاری دادپەروەرانە دەدەن، چ بەبەسەر بەچەندان سەرگەردانی هاتوون بەسەر شاراندا، بەهۆی برسێتی و بێگانەدا، چ بەسەر هاونیشتماندا، بێ ئەمەی لە ڕاستی و دروستی لابدەن، بێگومان شارەکەیان دەبووژێتەوە و، گەشە دەکات.

دانیشتووەکانیشی بەکامەرانی و خۆشییەوە دەژین. (ئاشتی) و (ئارام) و (ئاسایش)یش کە پێشەوای منداڵانن، کەلوپەلی خۆیان دەگوێزنەوە ناو خاکەکەیانەوە!... (زێفس)ی دووربینیش کە پاشەڕۆژ لێک دەداتەوە شەڕی خوێنین هەڵناگیرسێنێ بەرامبەریان. هەر گەلێکیش بڕیارەکانیان دادپەروەرانە بێت، هەرگیز برسێتی یاخود سەرگەردانی ڕوویان تێناکات. ئیتر ئەوساکە، بەدڵێکی خۆش و چاوێکی گەشەوە، هەموو دڵێکی خۆیان دەدەنە کاروباری چاندن و شینایی و کشتوکاڵەکانیان. زەویش بەرهەمێکی زۆریان پێ دەبەخشێ. لەسەر شاخەکانیشدا داربەڕووەکان بەسەروپۆپەکانیانەوە بەریان بۆ دەگرن. دارخورماکانیش، لە ناوەڕاستیاندا خورمایان بۆ دەگرن. خوری مەڕەکانیان زۆری لێ دێ. ژنەکانیشیان منداڵی وایان دەبێ کە لە باوکەکانی خۆیان بکەن. ئەوانە هەمووەدەم خۆش ڕادەبوێرن و بەباشییەوە دەژین. هیچ پێویستییەکیشیان بەزرێ نابێ، لەناو کەشتیدا پێیدا بڕۆن. چونکە زەوی بەپیت، هەر میوەیەکیان پێویست بێ، پێشکەشیان دەکات!.



## دادپەروەری تۆڵەی خۆی دەسێنێتەوە!:

بەڵام ئەو کەسانەی هەموو کاروبارێکی خۆیان بەزۆرداری و دڵڕەقی و وشکی و توندوتیژییەوە ڕادەپەڕێنن، بێگومان بەر ئەو سزا گەورەیە دەکەون کە (زێفس)ی دووربین بۆی داناون. بەچەندان شاران سەرئەنگرێ بوون، بەهۆی گوناهێک، یاخود کردەوەیەکی هەڵەشانە و توندوتیژەوە، کە یەکێک لە پیاوخراپەکانیان کردوویانە. ڕشانەوەوە کە لەناویاندا داکەوتوون. پیاوەکانی کوشتوون، ئافرەتەکانی بێ منداڵ هێشتوونەتەوە، خانووەکانی ڕووخاندوون. ئەمە هەمووی لە ڕووی خراپەی خۆیانەوە ڕوویداوە. بۆیەکا (زێفس) وای بەسەرهێناون. بەڵێ (زێفس)ی ئۆلیمپی ئەو دەرد و ئازارانەی لە ئاسمانەوە بۆ ناردوونەتە خوارەوە. هەروەها ئێوەیش، خونکارەکان!... لە ئێوە وا دەوەشێتەوە کە ئەم جۆرە سزایانە بخەنە پێش چاوی خۆتان... چونکە ئەو خودایانەی زیندوون و نامرن لە مرۆڤایەتییەوە نزیکن و دەژین. بێگومان چاویان لەوانەیە کە زۆرداری دەکەن لە کەسانی تر و، بڕیاری وایشیان بەسەردا دەدەن کە دوور بێ لە سەربەرزی و گەورەییەوە، بێ ئەمەی کەمێک لە خودا بترسن و خۆیان لە تووڕەیی خودایی بپارێزن؟...

ئەم سەرنجدانەیش لە کردەوەی مرۆڤ، گران نییە بۆ (زێفس). چونکە نزیکەی سیی هەزار خودای نەمری هەیە لەسەر زەوی بەپیتدا، کە هەموویان خەریکی پاراستنی مرۆڤایەتین. خەریکی سەرنجدانن لە بڕیارەکانیان، کردەوە زۆردارییەکانیان دەژمێرن. هەموو کون و قوژبنێکی زەویش دەپشکنن. خۆیان لە بەرگی تەماراندا دەپێچنەوە!...

بێجگە لەوە خودای دادپەروەرییش هەیە، کە بریتییە لە کچێکی شوو نەکردوو،[1] لە نەوەی (زێفس) هاتۆتە خوارەوە... کچێکی بەناوبانگە، خوداکانی سەرشاخی ئۆلیمپوس ڕێزی لێ دەگرن و نازیشی دەکێشن. ئنجا کە یەکێک خەریک دەبێ دڵی بریندار بکات. بام بلێین بەزمانی ئەوەوە درۆ هەڵبەستێ، دەستبەجێ دەچێتە لای (زێفس)ی باوکی و لەو ناودڵە پیسانەی مرۆڤ ئاگاداری دەکات، بۆ ئەمەی تووشی سزای ناشێتی و بێ هۆشیی سەردار و خونکارەکانی خۆیان بکات، کە بەهۆی خراپ بیرکردنەوەی خۆیانەوە، ڕووی دادپەروەری تێکدەدەن و، پاکی و بێ لایەنیی بڕیاریش چڵکن دەکەن!....

(١) دیارە کە وترا (کچ) یانی شووی نەکردووە، کە شووی کرد دەبێتە (ژن).

## دادپەروەری هەر بۆ مرۆڤ تەرخان کراوە

هەر کەسێ سەرگەردانی بهێنێت بەسەر کەسانی تردا، سەرگەردانی بەسەر خۆیدا دەهێنێت!... هەر کەسێ چاڵ هەڵبکەنێ بۆ کەسێکی تر خۆی تێی دەکەوێ!... چونکە چاوەکانی (زێفس)، کە هەموو شتێک دەبینن و لە هەموو شتێکیش تێدەگەن، هەروەها ئاگایان لەم هەموو شتانەیش دەبێ!. ئەمەیش بەئارەزووی (زێفس) خۆیەتی!... هەروەها پەی بەوەیش دەبات کە لەناو شارەکەدا، چ جۆرە دادگەرییەک دەکرێ!. کەواتە (بەرسیس)! پێویستە ئەم قسانە بنووسێنیت بەدڵتەوە. هەروەها هەردوو گوێکانیشت ڕابگریت بۆ دەنگی دادپەروەری. نەک بیر لەوە بکەیتەوە کە دەست بدەیتە زۆر و ستەمکردن، دەست بکەیت بەتوندوتیژی!... چونکە (زێفس) ئەم یاسایەی دامەزراندووە بۆ کەڵک و چاکەی مرۆڤایەتی... (زێفس) گوتوویەتی:

(دەربەست نیم: پەلەوەرەکان، ماسییەکان، گیانلەبەرەکان، یەکتری بخۆن. چونکە دادپەروەری ناچێتە ناو سنووری ئەوانەوە).

بەڵام (زێفس) دادپەروەریی هەر بۆ (مرۆڤ) داناوە، کە بەهۆی ئەوەوە شتێکی وای پێ بەخشیوون کە دەرکەوتووە، هەرچییەکی هەبووە و لە توانایییدا بووە پێی بەخشیوون!... ئەوەیش کە پێی بەخشیوون لە هەموو بەخششێکی تری چاکتر بووە!...

بەم ڕەنگە، هەر کەسێ ئاشنای ڕاستی و دروستی و مافپەروەری بێ، هەروەها ئامادەیش بێ کە ڕاستی و دروستی و مافپەروەری دەرببڕێ لەناو هەمووواندا، لە لایەن (زێفس)ی دووربینەوە، کامەرانی پێ دەبەخشرێ. بەڵام هەر کەسێ لە بەردەم دادگادا درۆ هەڵببەستێ و، سوێندیش بخوات بەدرۆ، ئەو کەسە دادپەروەری بریندار دەکات، دەبێتە هۆی هەڵکردنێکی وایش کە هەرگیز چارەی نەکرێت. بەهۆی ئەوەوە بەرەیەک لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێ کە پەککەوتە و بێ کەڵک و شل و شێواو بن... کەچی بەرەی ئەو کەسەی قسەی ڕاست دەکات لە بەردەم دادگاهدا و، سوێندی ڕاستیش دەخوات، پەرە دەسێنێ و گەشە دەکات!...

(بەرسیس)ی کەللەبۆش!... هەرچی دەروونی ڕاست و دروست ڕەوای دەبینێ پێتی دەڵێم: کردەوەی گەنگ و نەنگ لە دەست هەموو کەس دێت. ڕێگای تەخت و ئاسانی بۆ کراوەتەوە. لە ماڵەکەی خۆیشمانەوە دوور نییە، نزیکە. بەڵام خودا زیندووەکان خوە (ئارەق)ی ناوچەوانیان خستۆتە ناوەند ئێمە و کردەوەی چاکەوە. ئەوەیش کاتێ دەست



پیاو دەکەوێ کە ڕێگایەکی دوورودرێژ ببڕێ. ئەو ڕێگایەیش هەرچەندە لەپێشدا پڕە لە کەند و کۆسپ و دڕکوداڵ، بەڵام لە دواییدا تەخت و ئاسانی لێ دێ!...

ئەو کەسە لە هەموو کەس چاکترە، کە بەچاوی خۆی لە هەموو شتێک ورد دەبێتەوە. کە سەرنج لە پاشەڕۆژی کار و ئەنجامەکانی دەدات. کە ئامۆژگاری پیاوی ژیر و زمانپاراو گوێ لێ دەگرێ و، پەندی لێ وەردەگرێ. بەڵام ئەو کەسەی کە هەر بیر لە کەڵک و چاکەی خۆی دەکاتەوە، کە لە بەسەرهاتی کەسانی ترەوە پەند وەرناگرێ، ئەو کەسە دەبێتە نموونەی ئەو کەسانەی کە بێ کارەن و بەکەڵکی هیچ کەسێک نایەن!....

## سامانی داگیرکراو ماڵی پیاو کاوول دەکات

بەهەموو ڕەنگ (بەرسیس)ی لە نەوەی خوداکان، پێویستە دەست بکەیت بەفرمانی خۆت و، ئامۆژگارییەکەی منیشت هەموودەم بیر بکەوێتەوە. تا برسێتی کەنەفتت بکات و، خوداژنی زەوی و چاندنیش کە ناوی (دیمیتیر)ە، بەگەورەیی و ڕێزی خۆیەوە خاوەنی شاکڵاوی گەورە خۆشی بوێیت!... بەکوڵی دڵتەوە دەست بدەرە ڕێکوپێک خستنی کاروبارەکانت، تا کادانەکانت[1] لە کاتی خۆیاندا پڕ ببن لە کا و دانەوێڵە. چونکە هەر بەهۆی کارەوەیە کە مرۆڤ سامان و ئاژەڵی دەست دەکەوێ.

هەر بەهۆی کاریشەوەیە کە دەچنە ناو دڵی خودا زیندووەکانەوە و خۆشەویستی گەورە و فراوانی ئەوانیان دەست دەکەوێ!... فرمانکردن شوورەیی تێدا نییە. شوورەیی لەوەدایە کە پیاو بێ کار و فرمان بێ. ئنجا کە دەستت کرد بەفرمانکردن و، پیاوی بێ کارە و شل و شێواو چاوی بەسامانەکەت کەوت، خۆی پێ ناگیرێ، دەمودەست چاوت پێ هەڵدەهێنێ... چونکە بێ سامان، هیچ ناوونیشانێکی دەست ناکەوێت، هیچ ناوبانگێکی دەرناچێ! جا تۆ بەشەکەت هەر چەندێک بێ لە ژیاندا، لە کار و فرمانکردن بەولاوە هیچ باشترت دەست ناکەوێت کە بەکارت بێ، تا بتوانیت ئەوە لە کەللەی بۆشی خۆت دەربکەیت، کە دەستدرێژی بۆ زەوی کەسانی تر بکەیت.

جا تۆ لەجیاتی ئەمەی چاو ببڕیتە بەشی کەسێکی تر، هەر وا هەڵدەگرێ کە خۆت خەریک بکەیت بەو زەوییەوە کە هی خۆتە و فرمانی تێدا بکەیت!. شەرمنیی کڵۆڵیش برای هەژارییە. بەڵام سەربەستی و بێ باکی هاودەمی دەوڵەمەندین!... ئەوەندە هەیە

(١) کادان: کایەن = ئەو شوێنەی کای تیا هەڵدەگیرێ.

دەوڵەمەندی بەکاری هیچ نایەت، ئەگەر بەهۆی داگیرکردنەوە دەست کەوتبێ. چونکە خوداکان، ماوەی نادەن زۆر خۆشی لە سامانەکەی ببینێ، زوو بەزوو دەسەڵات لە داگیرکەری زۆردار دەسێننەوە و، ڕیسوایشی دەکەن لەناو هەمووواندا!... بێجگە لەوە هەر کەسێکیش ئازاری خوازەڵۆک یاخود میوان بدات، یان هەڵبکوتێتە سەر پێخەفی براکەی خۆی و کەتنێکی ناڕەوا بکات، وەک ئەمەی سواری ژنەکەی ببێ، لە لایەن خوداکانەوە تووشی ئەو سزایە دەکرێ!. هەر کەسێکیش قین لە منداڵانی هەتیو هەڵبگرێ، یاخود جنێو بەباوکە پیرەکەی خۆی بدات، بێگومان (زێفس) وازی لێ ناهێنێ، تا جەزرەبەیەکی پێ دەگەیێنێ، لە تۆڵەی ئەو بەدخووییەدا کە کردوویێتی دەربارەی ئەو کەسانە.

ئاخۆ، ئەمەندەم پێ گوتی، وات لێ نەهاتووە کە دڵی دەردەدارت لە ئارەزووی کردنی ئەم چەشنە کردەوە نەنگانە دوور بخەیتەوە؟.

هەروەها ئەوەندەی پێت دەکرێ، بەدڵێکی پاکەوە مەڕ سەر ببڕیت و بیبەشیتەوە لە پێناو دڵڕاگرتن و دڵخۆشکردنی ئەو خودا زیندووانەدا؟!.

## دەستووری دراوسێیەتی و دۆستایەتی

هاوڕێکەت بانگ بکە. لە دوژمنەکەیشت بگەڕێ. بەجۆرێکی تایبەتی دڵی دراوسێکەیشت ڕابگرە. چونکە ئەو نزیکە لێتەوە. ئەگەر شتێکت لێ بقەومێ، هەر دراوسێکانتن کە دەمودەست دەکەونە فریات و بەیارمەتیتەوە دێن. هەرچی خزمەکانتن، ئەوان درەنگ دەکەونە فریات، تا خۆیان نەپێچنەوە ناگەنە لات. جا هەروەک دراوسێی خراپ دەرد و ئازار دەدات بەپیاو. دراوسێی چاکیش خۆشی دەدات بەدڵی مرۆڤ. هەر کەسێ، دراوسێیەکی باشی لێ هەڵبکەوێ، سەریشی بەرز دەبێتەوە. ئەگەر دراوسێی بەدخوو لە ئارادا نەبێ، هیچ گایەک ناکوژرێ. بەپێوانەیەکی مام ناوەندی شت لە دراوسێکەت وەربگرە. پاش ئەوە کە شتەکەت پێ دایەوە، هەر بەو پێوانەیە بۆی بپێوەرەوە، یاخود بەپێوانەیەکی لەوە گەورەتر بۆی بپێوەرەوە. تا ئەگەر ڕۆژێک لەسەر شتێک دامایت کەسێکت دەست بکەوێت کە بێت بەهاوارتەوە و یارمەتیت بدات!. خۆت دوور بخەرەوە لە وەرگرتنی دەستکەوتی ناڕەوا. چونکە ئەوەماڵت کاوول دەکات!...

دۆستایەتییەکی ڕاستەقینە بکە لەگەڵ دۆستەکانتدا. هەر کەسێ سەرت لێ دەدات، سەری لێ بدەرەوە. هەر کەسێ شتت دەداتێ، تۆیش شتی پێ بدەرەوە... هەر کەسێکیش شتت ناداتێ، تۆیش شتی مەدەرێ!. ئەوەیش بزانە کە بەخشندەیی کردەوەیەکی پەسندە.



بەڵام چرووکی و دەس قووچاوی و ڕژدی، کردەوەیەکی ناپەسندە، مەرگ کێش دەکاتە سەر پیاو. ئەو کەسەیش کە بەدڵێکی خۆشەوە شت دەبەشێتەوە، ئارام بەدەروونی و خۆشی بەدڵی دەگات. بەڵام ئەوانەی دڵیان بەوە خۆش دەبێ کە دەس قووچاوی بکەن لەگەڵ کەسانی تردا، لە ئەنجامدا دڵیان ڕەق دەبێ و، وەک بەردی لێ دێ!. هەر کەسێکیش سامان کۆبکاتەوە، خۆی لە کڵۆڵی برسێتی دواڕۆژ دەپارێزێ، کە بەدوو چاوی بریسکەدارەوە چاوی تێ دەبڕێ!... چونکە ئەگەر سامانەکە کەمیش بێ، کە خرایە سەر سامانی کەم، پەرە دەسێنێ و دەبێ بەزۆر!... هەر سامانێکت لەناو ماڵەکەتدا دانا، دەربەستی مەبە، هیچی لێ نایێ. هەروایش چاکترە کە دانەوێڵەکانت لەناو خانووەکەی خۆتدا بپارێزیت. چونکە هەر شتێ دوور بوو لە ماڵ لە دانگی لەناوچوودا دادەنرێ!... هەردەمێکیش بەڵێنت بەهاوڕێکەت دا شتێکی پێ ببەخشیت، بەڵێنەکەت بەجێ بهێنە. مەیشهێڵە ئافرەتێکی کراس شۆڕی پان و فراوان، مێچکە مێچکەت بۆ بکات و، چەواشەت بکات. چونکە ئەو ئافرەتە دڵی بەتۆدا ناچێ، دڵی بەسامانەکەتدا دەچێ. هەر کەسێکیش پشت بەڕەگەزی ئافرەت ببەستێ، هەر لەو کەسە دەکات کە پشت بەدەستەی دووڕووان ببەستێ!....

## کچ مارە بکە، دەتوانیت بەئاسانی شتی فێر بکەیت

کە گەیشتیتە تەمەنی خۆت، تەمەنی سیساڵی، کچێک مارە بکە و بیهێنەرە ماڵەوە... نە لەوە زۆر زووتر مارەی بکە، نە لەوە زۆر درەنگتر... چونکە ئەم تەمەنەیە کە یاسا بڕیاری لەسەر داوە بۆ ژنهێنان. کە ژنیشت هێنا، کچ مارە بکە؛ تا بتوانیت فێری ماڵڕاگرتنی بکەیت. بەتایبەتی ئەگەر لە نیشتەنییەکانی نزیک خۆت بێ. بەڵام پێویستە زۆر لەملا و لەولای خۆت ورد ببیتەوە. دەبێ لەوەیش دڵنیا بیت، کە ئەگەر ئەو کچەت خواست، نەبیتە پەنگ، دراوسێکانت پێت پێبکەنن. چونکە لە هەموو شتێک چاکتر کە دەست پیاو دەکەوێ ئەوەیە کە ژنێکی باشی دەست بکەوێ. هەروەها لە هەموو شتێک خراپتریش ئەوەیە کە ژنێکی خراپی دەست بکەوێ، واتا سروشتی دڕندانە نەبێ و، لەوانەیش بێ کە بەبێ ئاگر مێردەکانیان ببرژێنن. ئەوانیش بەهەموو هێزێکی خۆیانەوە دەرەقەتیان نەیەن. دواییش ئەنجامیان بەوە بگات کە لەپێش گەیشتن بەتەمەنی پیری، وەک پیریان لێ بێ!...

زۆر بەتەنگ ئەوەیشەوە بە کە خۆت لە تووڕەبوونی خودا زیندووەکان بپارێزیت.

نەکەیت دۆستێکت بخەیتە پایەی برایەکتەوە... واتا: نە زۆر نزیکی بخەرەوە لە خۆت، نە دوژمنایەتییشی لەگەڵدا بکە... بەڵام ئەگەر دوژمنایەتی لەوەوە دەستی پێ کرد و، بەدەم و بەدەست هوروژمی بردە سەرت، نامەردی نەکەیت، لەجیاتی هەر شەپازللەیەک دوو شەپازللەی لێ بدەرەوە!... بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو دۆستایەتی لێ خواستیتەوە و، خۆیشی وا نوواند کە دەیەوێ دڵت بداتەوە، تۆیش بەدەمییەوە پێبکەنە و، باوەشی پێدا بکە. چونکە کەس لەو کەسە سووکتر نییە کە هەر ڕۆژە دۆستێک دەگرێ، سبەینێ بەرەڵڵای دەکات و هۆگری دۆستێکی تر دەبێ!...

خۆیشت لەوە بپارێزە کە کەسانی تر بەدناوت بکەن بەدەست بڵاوی یاخود بەدەست قووچاوییەوە، بەهاوڕێی بەدخووانەوە، یاخود بەلووتبەرزییەوە بەسەر پیاوچاکاندا!...

نەکەیت ئەوەندە بێ شەرم بیت، هەژاری و نابووتی کەسێک بەشوورەیی پێشان بدەیت. چونکە کەس گەنجینەی لەوە بەنرختری دەست ناکەوێت، کە زمانێکی پاکی هەبێت. کەس لەوەیش دڵخۆشتر نابێ، کە زمانێکی وریای هەبێ کە بەتەنگ دڵی کەسانی ترەوە بێت و نەیشکێنێ!... خۆ ئەگەر هاتوو لە پاشملە خراپ لە کەسانی تر دووایت، زۆری پێ ناچێ خۆیشت ئەوەت دێتەوە ڕێ، کە لێدوانی خراپتر لەوە، لە بابەت خۆتەوە ببیەیتەوە!... ئەگەر بانکیش کرایتە ئاهەنگێکی تایبەتی، کە پڕ بێ لە میوان، گەش و ڕوو خۆش بە، بەمڕومۆچییەوە دامەنیشە، نەخوازەڵا ئەگەر ئاهەنگەکە پڕ لە بەزموڕەزمیش بێ!.

## خۆت مەشۆ بەو ئاوەی ژن خۆی پێ شتووە

کە گەڕایتەوە لە شیوەن و گریانێکی کلۆڵ و سەرگەردانان، لە باخەڵی ژنەکەتدا مەنوو و، لنگبازییشی لەگەڵدا مەکە. کاتێ بچۆرە باخەڵی ژنەکەتەوە کە لە ئاهەنگێک گەڕابیتەوە، کە بۆ خودا زیندووەکان کرا بێ. (واتا بەدڵی تەنگەوە مەچۆرە باخەڵی ژنەکەتەوە، بەدڵی خۆشەوە بچۆ!).

ئەگەر خانوویەکیشت دروست کرد، بێ ڕەنگکردن مەیهێڵەرەوە، تا کوندەبەبوو تێیدا نەنیشێتەوە و، تا سەر تێیدا نەخوێنێ.

پێویستە پیاو بەئاوێک خۆی نەشوات کە ئافرەتێک خۆی تێدا شتبێ. چونکە تا ماوەیەکیش ئەوە زیانی تەواوی پێ دەگەیێنێ!... پێویستە خۆت لە کۆڕی کەسانی تر دوور بخەیتەوە... چونکە قسەکردن زیانی لێ پەیدا دەبێ. دامەزراندنی گفتوگۆ سووک و ئاسانە. بەڵام تاوان هەڵگرتنی یەجگار گرانە. ڕزگاربوونیش لە دەست ئەنجامەکانی



یەجگار بەسەختی پێک دێ. قسەیش کە کەوتە زارێ، بەتەواوەتی لەناو ناچێ!. لەگەڵ ئەمەیشدا قسە لە هەندێ ڕووەوە یەجگار بەرز و پیرۆزە!.[1]

سەرنج:

(هەسیوود)یش بەپێغەمبەرێکی بیر و کردەوە و ڕەوشت دادەنرێ، بام لە پێغەمبەرانی ئایین و باوەڕە ئاسمانییەکانیش نەبوو بێ. ئەو هەرچەندە لە سەردەمی گریکەکانی پێشینیاندا ژیاوە، کەچی زۆر لە ئامۆژگارییەکانی و زۆر لەو بیروباوەڕانەی کە بڵاوی دەکردنەوە، تا ئەندازەیەکی گەورە، لە ئامۆژگاری و بیروباوەڕەکانی ئەو پێغەمبەرانە دەکەن، کە لە ئاسمانەوە قسەی خودایی دەهاتە دڵیانەوە... تەنانەت ئەمەیش زۆر سەیرە، کە شێوەی (هەسیوود) زۆر لە شێوەی نووسینەکەی (تەوڕات) دەکات!...

وا لە خوارەوە هەندێ لە واتەی پێغەمبەرە نێرراوەکانی خودا دەنووسینەوە، کە هەروەک خوێندەوار بۆی دەردەکەوێ، لە قسەکانی (هەسیوود)دا دەنگ دەدەنەوە:

* لە (تەوڕات)دا، لە بەشی (١٩)ی لاوییەکاندا خودا بە(مووسا)ی گوتووە:

( نە دزی بکەن، نە درۆزنی، نە زۆرداریی بکەن لە هاوڕێی خۆتان... بەسەری منیش سوێند بەدرۆ مەخۆن... لە بەردەم دادگاشدا گوناه مەکەن).

* (داوود) پێغەمبەریش لە (مەزموور)ی (٣٤)دا گوتوویەتی: (زمانت بپارێزە لە بەدگۆیی. مەهێڵە لێوەکانیشت قسەی فڕوفێڵیان پێدا بێت). لە (مەزموور)ی (٣٧)یشدا گوتوویەتی: (بەرەی پیاوخراپان لەناو دەچن. پیاوەڕاستەکانیش سەر زەوییان بۆ دەمێنێتەوە).

* (سلێمان) پێغەمبەریش لە بەشی (٦)ی واتەکانیدا گوتوویەتی:

(چۆن مرۆڤ ئاگر بخاتە کۆشی خۆیەوە، کراس و دەرپێکەی ناسووتێ؟!.

چۆن مرۆڤ پێ بنێ بەپشکۆی ئاگردا پێی ناسووتێ؟!.

هەر کەسێ بچێتە باخەڵی ژنی هاوڕێکەیشییەوە وای بەسەر دێ!).

* (مەسیح) پێغەمبەریش لە بەشی (١٩)ی (ئینجیلی مەتتی)دا گوتوویە:

(مەکوژە. داوێن پیسی مەکە. مەدزە. بەدرۆ قسە مەگێڕەرەوە. ڕێز لە باوک و دایکی خۆت بگرە. خزمەکەیشت وەک خۆت خۆش بوێ).

* (محەمەد) پێغەمبەریش فەرموویەتی: (خۆتان لە زۆر و ستەمکردن بپارێزن. چونکە زۆرداری تاریکییەکانی ڕۆژی ڕاستبوونەوەی لەدوایە. خۆیشتان لە دەست قووچاوی بپارێزن. چونکە هەر دەست قووچاوی بوو کە ئەوانەی پێش ئێوەی لەناو برد. هەر ئەویش بوو کە ئەوانەی خستە سەر ئەوەی خوێنی خۆیان بدەن بەڕشتن و، ئابڕووی خۆیشیان بەرەڵڵا بکەن بۆ داوێن پیسان!).

(١) لە دوای ئەم بەشە، لە دەسنووسەکەدا مامۆستا لە خوار لاپەڕەکەوە نووسیویە: (بڕایەوە ١٩٦٥/١٢/١٣). لە لاپەڕەی دوایی ئەو (سەرنج)ەی نووسیووە کە لەوە دەچێ سەرنج و نووسینی خۆی بێ نەک بەشێک بێ لە نووسینەکەی (هەسیوود).

دەگەیشتە هەموو شوێنێک دەکەوتە بەرگوێی گەورەکان و دەس و پێوەندەکانیان. ئنجا بەند و باوی هەڵبەستراو دەخرایە شوێن ئەو دوو بەسەزمانە داوێن پاکانە، کە لەو دڵدارییە هیچیان دەسگیر نەبووبوو، ڕەنج و ئازار و خەموخەفەت و ژەهری درۆ و قسەی دروستکراو نەبێ. ئەم دەنگوباسە بە «بەکر»یش گەیشتەوە!... ئەم چەپەڵی بەدخووە، کە ئەو دەنگە کەوتە بەرگوێی، ئیتر دەستی کرد بەلێپرسین و لێکۆڵینەوەی تا گەیشتە بنجوبناوانی. ئیتر هەر ئەوەندەی بەسبوو، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەلی بۆ هەڵکەوت، هەرچیی لەم و لەو بیستبوو، هەرچیی لەم کۆڕ و لەو کۆمەڵی کۆکردبووەوە، پاکی گێڕایەوە بۆ سەردار!!

سەرداریش شێتییەکەی لێ ورووژا. ئای لە دەست شێتیی سەردارانیش کە دەورووژێن! خوێن لە دەمارەکانی لەشیدا گڕی سەند. چاوەکانیشی بەجۆرێکی وا داگیرسان و پرشنگی تووڕەییبیان لێ دەهاتە دەرەوە، دەتگوت ها ئێستا، ها کاتێکی تر هەموو لایەکی خۆی دەسووتێنێ. لەو شوێنەیشدا هەر خۆی و ئەو بەدکارە پیسەی لێ بوو، هەستایە سەرپێ و دەستی کرد بەهاتوچۆکردن لە داخی ئەو قسەیەی. گەلێک بیری خراپ و نەگریسانە و سامناکیش بەمێشکە پڕ لە ئاگرەکەیدا دەهات. جاری وا هەبوو، دەیویست، هەر ئەو کاتە بڕوا و هەڵمەت بەرێتە سەر (مەم) بەتەنیایی، کەللەی بپەڕێنێ، پاشان بگەڕێتەوە جێی خۆی بەئەسپایی، نەهێڵێ کەس پێی بزانێ. جاری وایش هەبوو شێتییەکەی پاڵی پێوە دەنا کە شەڕێکی خوێنڕێژانە لەگەڵ (مەم) و (تاژدین) و کەسوکاریاندا هەڵبگیرسێنێ. بەڵام لە دواییدا، ئەوەی بیرکەوتەوە کە ئەمەی ئەو دەنگوباسەی بۆ هێناوە، پەردە دارێکی سووک و دووزمانە. ئەوە هەڵناگرێ کە ماوەی بدات بەوجۆرە بیورووژێنێ، تا لە کەینەوبەینەی ئەو دڵدارییە دەکۆڵێتەوە و لێی تێ دەگات. لەبەرئەوە، بەچاوێکی پشم و قین و تووڕەییبیەوە، لێی مۆڕ بووەوە و، بەتوندوتیژییەکەوە تێی خوڕی، گوتی: «ئەی زۆڵی نارەسەن! وا دیارە بەچاو ئەندازی خوێن ڕشتن زۆر دڵخۆش دەبیت!... بەڵام ئەوە بزانە ئەگەر بەڵگەیەکی ڕاستەقینە نەهێنیتەوە لەسەر ڕاستیی قسەکەت، خوێنی خۆت نەبێ، خوێنی کەس نارژێت!...».

(بەکر) کە ئەوەی بیست، کەمێک دەموچاوی گرژبوو. لەو هەڕەشەیە شڵەژا و سەری لێ تێکچوو. پاشان هاتەوە سەرخۆی و پێی گوت:

«بۆ دەرخستنی ڕاستیی قسەکەم، گەورەی خۆم دەتوانێ (مەم) بانگ بکاتە لای خۆی و، گرەوێکی یاریی (شەترنج)ی لەگەڵدا بکات، کە خۆی پێوە هەڵدەکێشێ بام یارییەکەیش لە ناوەند (مەم) و گەورەی خۆمدا لەسەر ئەوە بێ، کە ئەوی دۆڕاندی



هەرشتێ یاریکەرەکەی تر بیخوازێ و بەئاواتییەوە بێ، بۆی پەیدا بکات و بۆی بهێنێتە دی. ئەویش ئەوساکە ناچار دەبێ، ناو دڵی خۆی دەربخات و دڵدارییشی لەگەڵ «زین»ی کچە شادا ئاشکرا بکات. لەمەدا ئەو سەر بکەوێ یان سەرنەکەوێ، جیاوازیی نییە. کە گەورەی خۆم ئەوەی لێ پرسی: ناچار دەبێ دەری بخات».

سەردار ئەم بیرەی بەدڵدا چوو. زۆری پێنەچوو، دەس و پێوەندەکانی خۆی بانگ کرد و فەرمانی پێدان کە هۆڵە گەورەکە ڕێک بخەن، بۆ ئەمەی لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەوە دەست بکرێ بەڕابواردنێکی خۆش لەوێدا، کە هەموو لەو کاتەدا هەندێ لە دەس و پێوەندەکانیشی نارد بەدوای (مەم)دا، کە بێتە ئەوێ و خۆی ئامادە بکات، کە ئەو ئێوارەیە لەگەڵ سەرداردا، لەو کۆشکەدا ڕاببوێرێ...

سەردار دەستی کرد بەچاوەڕوان کردنی(مەم). دڵی پڕ لە داخ بوو. ئەوەندەی نەمابوو کە بسووتێ. خوێنیش سەری گەرم کردبوو. یەجگار بەپەرۆشەوە بوو کە ئەو ڕاستییە دەربخات؛ ڕاستیی ئەو دڵدارییەی کە (بەکر) بۆی گێڕابووەوە، بۆ ئەمەی پاش ئەوە، بەشێنەیی و بەئارەزووی خۆی، داخی دڵی خۆی پێ بڕێژێ.

ئێوارە هات. هەروەک سەردار خۆی ویستبووی کۆڕەکەی بۆ ئامادە کرا. مێزی شەترەنجەکە، کە بەزێر داڕێژرابوو، لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا دانرابوو. بەردە بەنرخە بێ هاوتاکانیشی کە لە ددانی فیل دروستکرابوون، لەسەر مێزەکە ڕێز کرابوون. هۆڵەکە پڕبووبوو لە هاوڕێ و کەسوکار و پیاوەکانی سەردار. تەنیا (تاژدین) و هەردوو براکەی نەهاتبوونە ئەوێ. سەردار بەئارەزوو بانگی نەکردبوون. هەر چوارلایشیان بەنۆکەر و پاسەوان و دەس و پێوەند تەنرابوو. هەموویان بەپێوە وەستابوون. بەڕێز، چاکترین بەرگیان پۆشی بوو، تەواوترین چەکیشیان لە خۆیان دابوو.

پاشان سەردار هاتە ژوورەوە... کۆڕەکە هەموو هەستانە سەرپێ. ئەویش ملی نا بۆ ئەو تەختەی لە سنگی کۆڕەکەدا بۆی دانرابوو. ئنجا دانیشت. دانیشتوان هەموو بێدەنگ بوون. ئەویش بەشێنەیی و سامێکەوە چاوی بەهەموویاندا گێڕا، تا چاوی کەوت بە (مەم). ئنجا سەرێکی بۆ (مەم) درێژ کرد و پاڵی دایەوە بەلایەکی تەختەکەدا، پێی گوت:

«وامان بیستووە خۆت وا دەنوێنیت کە لە یاریی شەترەنجدا زۆر شارەزایت دەتوانیت ئیمشەو ئەو شارەزاییەی خۆتمان پێشان بدەیت. دەست بکەیت بەزۆرانبازی و خەبات لەبەرچاوماندا؟».

«مـەم»یش لە شێوەی قسەکانی سەردار، کە ڕەقیی تێدابوو سەرسام ما... بەهێواشییەکەوە وەرامی دایەوە گوتی:

«هیچ ڕۆژێک لەبەردەم گەورەی خۆمدا، بەو شارەزاییەوە نەنازیوم، بەڵام ئەگەر گەورەی خۆم فەرمان بدات، ئامادەم لەبەردەستدا، چی بفەرموێ وا دەکەم.».

سەرداریش هەستا و چووە سەر مێزی شەترەنجەکە، پەنجەی بۆ کێشا و پێی گوت:

«هەر دەبێ هەستیت. چونکە ئیمشەو من و تۆ شەڕێکمان لە ناوەندا هەیە، پێویستە ببێتە کۆڕی جەنگەوە!...».

(مەم)یش هەستا و چووە سەر مێزەکە... لە دڵیدا ترسێکی کرد. بەرامبەر سەردار دانیشت، مێزەکە کەوتە ناوەند هەردووکیانەوە، پێش ئەمەی دەست بکەن بەیاریکردن، سەردار پێی گوت:

«مەرج لە ناوەند ئێمە و تۆدا ئەوەیە، هەرکەسێ سێ جاری دۆڕاند، دەبێ هەرچی سەرکەوتوو داوای بکات و ئاواتی بۆ بخوازێت، بۆی جێبەجێ بکات و بۆی پەیدا بکات».

لە کۆڕەکەدا لاوێک دانیشتبوو ناوی (کرکون)(*) بوو. ئەم کوڕە کوڕی سەردار بوو. بەدڵ (مەم)ی خۆش دەویست. لەوەیش ئاگاداربوو کە لە ناوەند (مەم) و (زین)ی پووریدا دڵداری هەبوو. تۆزێ لەوەیش ئاگاداربوو، کە باوکی ڕقی لە «مەم» بوو. دەترسا لەوەیش، کە لە دوایی ئەو کۆڕەدا شتێک بەسەر (مەم)دا بێت، لە کۆشکەکە خۆی دەرباز کرد و، بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە (تاژدین)، کەینەوبەینەکەی تێگەیاند؛ بۆ ئەمەی بگاتە فریای (مەم)، نەوەک شتێکی بەسەر بێ. سەبارەت بەخزمایەتی و نزیکییەکەی لە سەردار، لێی بپارێتەوە و، ماوەی ئەوەی نەدات کە ئازاری (مەم) بدات.

چەند تاوێکی پێ چوو (تاژدین) و، (چەکۆ) و (عارف)ی براکانی گەیشتنە کۆڕەکە و، سەرنجیان دەدا لە ئەنجامی ئەو کۆڕە...

«مەم» دووجار یارییەکەی لەسەر دار بردەوە. دەستیشیان کردەوە بەیاریی سێهەم. سەردار سەری سوڕمابوو لە شارەزایی و هونەرمەندی (مەم) لە یارییەکەدا. لەو کاتەدا کە (مەم) هەموو هۆشی خستبووە سەر یارییەکە، ڕۆشنایی و گەشییەکی ئاشکرا، لە دەموچاویدا دەبینرا، کە ئەنجامی هیوا و خۆشیی ناو دڵی بوو. کەچی (بەکر)، کە لە

(*) ڕاستیی ئەم ناوە: (گورگین)ە. (وەرگێڕ)



دوورەوە سەیری دەکرد، بەپەرۆشەوە بیری لەوە دەکردەوە، کە فێڵێک بدۆزێتەوە بۆ (مەم)، سەری لێ تێک بدات و نەهێڵێ ئەمجارەیش بەسەر سەرداردا سەربکەوێ. چونکە سەرکەوتنی «مەم» بەسەر سەرداردا، ئەوەی لێ پەیدا دەبوو، کە سەردار پەیمانی خۆی لەگەڵ ئەودا بەجێ بهێنێ. واتا (زین)ی لێ مارە بکات!

لەو کاتەدا (بەکر) چاوی کەوت بە (زین) و کچەکانی تری ناو کۆشکەکە، لەبەر پەنجەرەیەکدا وەستابوون، کە لە دیواری ژووورووی هۆڵەکەوە دەیڕوانی بەسەر پشتی (مەم)دا. بەپەرۆشەوە سەیری یارییەکەیان دەکرد. (بەکر)یش ڕووی کردە سەردار پێی گوت:

«دەبوو گەورەی خۆم، هەموو جارێک جێگەی خۆی بگۆڕیایەوە، لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا. دەستووری یاری وایە، کە ئەوەی گوت هەردوو یاریکەر هەڵسان و جێگەی خۆیان گۆڕییەوە، بێ ئەمەی پەی بەرن بەو فێڵەی کە (بەکر) لێی کردبوون... هەرچەند تاوێکی پێچوو، لەپڕ «مەم» چاوێکی هەڵبڕی و سەیرێکی دیواری ژووورووی هۆڵەکەی کرد، کە بەرامبەری دانیشتبوو. لەپڕ «زین»ی کەوتە بەرچاو، کە وەستابوو سەیری کرد. ئیتر لەوەوە سەری لێ تێکچوو. هەرچەندی دەکرد و تێ دەکۆشا بۆی نەدەکرا هۆشی خۆی کۆبکاتەوە و، بیخاتە سەر یارییەکە، بۆ ئەمەی بەسەر (سەردار)دا سەربکەوێ. چاوەکانی هەر بەپەنجەرەکەی بەرامبەریەوە خەریک بوو، بێ لێکدانەوە بەردی سەرباز و سوارەکانی دەبزواند. جاری وا هەبوو، بۆ سەربازێک ئەسپێکی دەدۆڕاند. جاری وایش هەبوو فیل و کاربەدەستی تێکەڵ و پێکەڵ دەکرد. ئەنجامیش بەوە گەیشت کە سەردار پێنج جار لەسەر یەک یارییەکەی لێ بردەوە!... یارییەکەیش بەوە دوایی هات!...

ئنجا سەردار هاتەوە جێی خۆی. «مەم»یش شەرم و ئابڕوو گرتی. سەردار سەیرێکی (مەم)ی کرد و پێی گوت:

«ئێی مەم!... مەرجەکەت لەبیرچوو؟».

(مەم)یش، هەستەکانی دابەش بووبوو بەسەر تووڕەیی و شەرمدا. تووڕەیی لەو فڕوفێڵەی کە لێی کرا و تێی گەیشت. شەرمیش لەوەی کە یارییەکەی دۆڕاند وەرامی سەرداری دایەوە و پێی گوت:

«نە ء... گەورەم، لەبیرم نەچووە. چی دەفەرموویت ئامادەم بەجێی بهێنم!».

(سەردار)یش پێی گوت:

«خۆت دەیزانیت، ئێمە داوای سامانت لێ ناکەین پێی دەوڵەمەند ببین... داوای سایە و پایەیشت لێ ناکەین پێی گەورە ببین... ئەوی دەمانەوێ: زانینی ڕازی دڵتە... کەواتە چی لە دڵتدا هەیە پێمان بڵێ... پێمان بڵێ دڵداریت لەگەڵ کێدا هەیە؟... بۆ کێ بەهیوایت کە ببێتە هاوسەرت؟. تا ئەگەر سەرنجمان لێدا و زانیمان بۆ تۆ دەشێ لێت مارە بکرێ، خەریک بین شادمانت بکەین بەپێگەیشتنی».

«مەم»یش هەندێک بیری لێ کردەوە. وەک بیەوێ واتای ئەو وشانە لێک بداتەوە کە دران بەگوێیدا، وابوو. (بەکر)یش ئەو بیرکردنەوەیەی (مەم)ی بەهەل زانی، هەڵی دایەوە، گوتی:

«گەورەی خۆم: وا دەردەکەوێ (مەم) شەرم دەکات لەوەی ناوی دڵخوازەکەی خۆیت لێ ئاشکرا بکات. چونکە من جارێکیان دڵخوازەکەیم چاوپێکەوتووە. بۆم دەرکەوتووە کە کەنیزەکێکی ناشیرین و بەدفەساڵە، ڕەش و کەموکوڕیدارە، ئەویش شەرم دەکات کە ناوی بهێنێ لە کۆڕی سەرداردا!...»

ئەم قسەیە (مەم)ی وروژاند، دەماری مەردایەتیی بزواند، هەستی سەربڵندی و گەورەیی تێدا بووژاندەوە. توانج و پلارەکە هۆشی لەسەر لابرد. ئەوەی لەبیرچووەوە کە لەبەردەم سەردار دایە، یان لەناو کۆمەڵێک پیاوان دایە، تووڕە بوو و ڕاپەڕی لە (بەکر)، پێی گوت:

«بەخودای گەورە سوێند دەخۆم، درۆت کرد، زۆڵی ڕیسوا. ئەو کەنیزەکەی تۆ ناوونیشانت هەڵدا، هاوتای کەس نییە، هاوتای سەرنوشوست و نەنگێکی وەک خۆت نەبێ. بەڵام ئەو کچەی دڵی منی پێداچووە، پایەبڵندە، لە جوانیدا مانگ نایگاتێ، لە شۆخوشەنگیدا ڕۆژ هاوتای ناوەستێتەوە، لە هەموو کەس ڕەسەنترە، کەس لەم خاکەدا، لە نەژادیدا پەنجە لە پەنجەی نادات. تەواوترین ئافرەتیشە کە دەستی هونەرمەندی گەورە، خودا، دروستی کردبێ... ئەو کچە... ئەو کچەیش شاه کچی (جزیر)ە!...».

هێشتا بەتەواوەتی ئەم قسەیەی لە دەم نەهاتبووە دەرەوە، (سەردار)، قسەکەی پێ بڕی و، بەتووڕەییەکەوە لێی ڕاپەڕی و، پێی گوت:

«کەواتە لەبەرئەوەیە، کە شەرم لە خۆت ناکەیت و، دەستدرێژی دەکەیت بۆ ئەو جێگایە و، دڵداریی تێدا دەکەیت و، لەبەر بێ شەرمیی خۆیشت ئەم کۆشکەم لێ پیس دەکەیت...!».

پاش ئەوە ڕووی کردە پاسەوانەکانی بەر دەرگاکان و تێی خوڕین، گوتی:



«لە پاش ئەم کەتنە، چاوەڕوانیی چی دەکەن، وەستاون؟! بۆ ئەو کەللەیە ناپەڕێنن کە زمانی وا درێژی پێوەیە؟! کاتی ئەوە هاتووە کە کەسانی تریش پەندی لێ وەربگرن!».

پێش ئەمەی پاسەوانەکان پەلاماری «مەم» بدەن، لە ناوەڕاستی کۆڕەکەوە سێ کەس ڕاپەڕی!... هەرسێکیان پاڵەوان بوون. هەرسێکیان برابوون، هەریەکەیشیان خاوەنی ناوچەوانی بڵند و دەست و بازووی شێرانە بوو!... هەریەکەیشیان خەنجەرێکی لە دەستدا بوو، ئاگری لێ دەوەشایەوە. ناوبجییەکەیان کە (تاژدین) بوو، هاتە پێشەوە و، وەک هەور گرماندی بەسەر ئەو باڵبازانەدا کە خەریکبوون پەلاماری «مەم» بدەن، تێی خوڕین، گوتی:

«ناکەس بەچەینە! بچنەوە جێی خۆتان! ئێوە نە شێتن، نە سەرخۆشن، شارەزای دەست و بازووی ئێمە نەبن! وا دیارە ئەوەتان لەبیرچۆتەوە، کە چیتان بەسەر دەهێنین!... دوور نییە بگەنە (مەم). بەڵام کاتێک دەیگەنێ کە خوێنی ئێوە شەپۆل بدات بەملاو بەولایدا و، بەسەدان لە خۆتان بکەن بەپردە بەسەر لاشەیاندا بڕۆن تا دەیگەنێ!».

پاشان سەری وەرگێڕا بۆ لای سەردارەوە و، بەتیلاییەکی چاوەوە سەیرێکی کرد و پێی گوت:

«بەڵام گەورەی خۆمان سەردار، ئارەزووی خۆیەتی، هەرچیی دەوێ دەتوانێ بەدەستی خۆی بیکات... چونکە ئێمە دەست بەستراوی پیاوەتی و بەخشندەیی ئەوین. جوان نییە بۆ ئێمە پێی لێ نەنێین!».

پاشان بێدەنگ بوو... ئەوانی تریش هەموو بێدەنگ بوون... پاسەوانەکانیش لە جێی خۆیاندا ڕەق ڕاوەستابوون، تەماشای دەمی سەرداریان دەکرد... لە پاش تاوێک، سەردار خۆی هەستا و بەدەستی خۆی کەلەبچەی کردە دەستی (مەم)ەوە و فەرمانی دا بیبەن بۆ بەندیخانە!... (تاژدین) و براکانیشی ئەوەیان ئەوەندە پێ ناخۆش بوو، وەک تیرێک لە جەرگیان درابێ وابوو. بەڵام بەناچاری بێدەنگییان بەباشتر زانی. چونکە ئەوە کارێکی پەسند و ژیرانە نەبوو کە لەوە بەولاوە زۆرەملێ لەگەڵ سەرداردا بکەن، بەتایبەتی لەپاش ئەوەی کە لە بڕیارەکەی خۆی هاتە خوارەوە، لە کوشتنییەوە گەیاندیە بەندی کردنی. وایان بەباش زانی کە تکای بەخشینی مەم، بخەنە پاشتر، بۆ کاتێک کە سەردار کەمێک سارد بووبێتەوە و، پشم و قینیشی کەمتر لە دڵدا مابێ.

پاشان کۆڕەکە بڵاوەیان لێ کرد. بەماتی و بێدەنگییەوە هەرکەسە گەڕایەوە بۆ جێگای خۆی. «مەم»یش لە ڕێگادا بوو، دەبرا بۆ بەندیخانە، کە بخرێتە زیندانەوە!

## پاکیی گیان

ئەو بەندیخانەیەی کە «مەم»ی بۆ برا، بەندیخانەیەکی ئاسایی نەبوو. لە ڕاستیدا زیندانێک بوو، وەک ئەشکەوت، چووبووە ناخی زەوییەوە. لە سەرەوە تەنگ بوو. بەڵام لە خوارەوە فراوان بوو. لە هیچ لایەکیەوە ڕووناکیی جیهان، یاخود ڕووناکیی ڕۆژی تێنەدەکەوت، تەنیا لە کونێکەوە نەبێ، کە لە تەوقەسەری زیندانەکەوە بوو، ئەویش بۆ هەموو شتێک بەکار دەهێنرا: هەم دەرگا بوو، هەم پەنجەرە بوو، هەم جێگای ڕووناکی بوو!... (مەم)یش خرایە بن ئەو زیندانەوە، کە چۆڵ و هۆڵ و، تاریک و نووتەک بوو، کەسیشی تێدا نەبوو. تاریکیی دایگرت و بەرچاوی گرت. هیچ شتێکی نەدەدی، بەچاو، ئەو تارمایی و ڕەشاییانە نەبێ کە ئەملاو ئەولایان لێ گرتبوون. لەناو ئەو تاریکایییە بێدەنگ و سەنگەدا، کەمێک ماتی گرتی و لە جێی خۆی هەندێک سست بوو. پاشان، هێواش هێواش هەنگاوی نا، خۆی دەپاراست، کە لە شتی خراپ نەکەوێ، هەر دەستی لە بایەکە دەکەوت، تا گەیشتە لای دیواری زیندانەکە و دەستی لێی کەوت. لەوێدا وەستا و پاڵی پێوە دایەوە. ئنجا لە دەروونی هەناسە ساردییەوە، بەشەپۆل بیرەوەرییەکانی هاتنە دەرەوە، لە داخاندا دەیناڵاند... تافی لاوێنییە تەڕ و تازەکەی خۆی بیرکەوتەوە، لەگەڵ هێز و توانایی و بەچنگی و سەربڵندییەکەی دا... ئەو کاتەی کە خۆی و (تاژدین) لە کامەرانترین کەس دەژمێران. ئەم ئازارانەیان هەر بەبیریشدا نەدەهات. پاشان کاتی پەیدابوونی ئەم هەناسە ساردییەی بیرکەوتەوە لە دڵیدا، ئەو ڕۆژەی بیرکەوتەوە کە پڕبوو لە خۆشی و شادمانی، ڕۆژی نەورۆز، کە خۆی و (تاژدین) پێکەوە ئەو ڕۆژەیان زۆر بەخۆشییەوە ڕابوارد. ئەوەبوو لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا تووشی ئەو سەرخۆشییە هاتن کە لەوەپێش لێی دواین... هەروەها ئەو ئازار و ئاواتانەی بیرکەوتەوە کە لەناو دەروونیدا پەیدابوون و، گەورەبوون و، پێگەیشتن، بەتایبەتی لە کاتی بەزم و شایی (تاژدین) و شەوانی زاوایەتیی دا، کە خەریکبوون گەشەیان دەکرد و بەریان دەدا.

ئەوەبوو دڵی خۆی بەوە خۆش دەکرد، کە ئەویش وەک (تاژدین) بەکامی دڵی خۆی دەگات و، بووکی بۆ دێتە ماڵەوە و، شایی و ئاهەنگی بۆ دەکرێ... پاشان ئەوەیشی بیرکەوتەوە، کە چۆن دڵی شکێنرا و سەرنەکەوت لە ئاواتەکەیدا... کە چۆن کەسێک نەبوو بەزەییی پێدا بێتەوە و، دەستێک بداتە باڵی. پاشان ئەو شەوانەی هێنایەوە پێش چاوی خۆی کە تا بەیانی، لە گوێ ئاوی (دەجلە)دا هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا و، فرمێسکی خوێنینی دەڕشت. کەسێک لەوێ نەبوو، بیبینێ، یاخود خەمی بخوات. ئەو



فرمێسکانەیش کە چاوەکانی بریندار دەکرد و، ئەو بنار شاخ و گردانەی پێ ئاو دەدا، چاوی کەسێکی تری نەدی کە بەفرمێسک هەڵڕشتنێک دڵخۆشیی بداتەوە!...

پاشان ئەو چەند کاتە خۆشانەی بیرکەوتەوە، کە لە هەموو جیهاندا هەر ئەو چەند کاتەی بەخۆشییەوە ڕابوارد بوو، کە هەر کزەبای فێنک و گوڵەکان ئاگایان لەو و لە «زین» بووبوو... پاشان ئەوەی هاتەوە پێش چاو کە چۆن تاریکیی دڵی داگیرکردەوە و، هەموو جۆرە ئازارێکی تووش بووە، کە چارەنووس بۆی دانابوو!... زۆرداریی ئەم و ئەوی بیرکەوتەوە، کە بێ ئەمەی سووچ و گوناهێکی هەبێ، لێیان دەکرد؛ وەک بەند و باو و قسە هەڵبەستراوەکانیان، کە بۆیان دروست دەکرد، وەک تیزکردنیان بەئازار و فرمێسکەکانی، کە پێیان ڕادەبوارد. وەک ئەو داوەی بۆیان دەنایەوە، لە ڕێگای کامەرانییدا، بۆ ئەمەی بەفڕوفێڵ و ناپاکی لەناوی ببەن... دوایی ئەوەی هاتەوە بیر، کە سەردار بەم جۆرە قینی لێ هەڵگرتبوو، لەم شێوەیەیشدا داخی دڵی خۆی پێ ڕەشتبوو... سەردار بەوەندەیش وازی لێ نەهێنا کە لە هەناسە ساردی و ڕەنجەڕۆییی خۆیدا بمێنێتەوە، ئەو ئازادییەیشی لێ سەندەوە، کە جار بەجارێک دەیتوانی سەری خۆی هەڵبگرێ و، بەناو دەرودەشتدا بگەڕێ، بۆ ئەمەی بەچاو ئەندازەکانی سروشت کەمێک خەموخەفەت لە دڵی خۆی دەربکات. چونکە هەر ئەوەی بۆ مابووەوە، کە لەگەڵ هەمواندا تێر سەیری بکات و، تەواو خۆشییشی لێ وەربگرێ. سەردار هیچی بۆ نەهێشتەوە، ئەم تاریکییە نەبێ، تا کەس نەبینێ، تا هیچ شتێک لەوانە نەبینێ. هەر ئەوەیشی بۆ هێشتەوە، کە لەم زیندانە چۆڵ و هۆڵەدا، بەتەنیایی بمێنێتەوە، تا هیچ ئارام و سرەوەتێک بەدڵی نەگات!...

ئیتر هەر ئەوەندە ئەو کارەساتانەی هێنایەوە یادی خۆی، دڵی بەخۆی سووتا، بەزەییی بەخۆیدا هاتەوە، دایە پڕمەی گریان و، بەفرمێسکەکانی خۆی زەویی زیندانەکەی تەڕ کرد. فرمێسکەکانی سوێر و خوێناوی بوون. گریانەکەی ناسۆر و پڕ ئازاربوو. دەگریا بۆ ئەو تەمەنەی خۆی کە لە دەستی چووبوو. بۆ ئەو هیوایەی ک بڕرا و نەما، بۆ ئەو دڵە خوێناوییەی کە پێیان پێدا نا.

پاشان ئاوڕێکی بەملاو بەولای خۆیدا دایەوە، ئەم پەڕ و ئەوپەڕی زیندانەکە و دیوارە ڕەشەکانی بۆ دەبینرا. چاوی کەوت بەزەوییەکەی ناو زیندانەکە. هەمووی وشک و برنگ و خۆڵ بوو. هیچ شتێکیشی تێدا نەبوو کە پاڵی پێدا بداتەوە، سەکۆیەکی بچووکی لە قوڕ دروستکراو نەبێ، کە لە سووچێکی زیندانەکەدا دروست کرابوو. ئەویش پارچە بەڕەیەکی شڕوپڕ و ڕزیوی درابوو بەسەردا.

چاوە پڕ فرمێسکەکانی گێڕا بەناو هەموولایەکی زیندانەکەدا. وەک بگەڕێ بۆ شتێک کە خۆشەویستی و بەزەیی پێدا هاتنەوەی تێدا ببینێ وابوو. ئەویش هەر بۆ ئەمەی کە بیکات بەهاودڵی خۆی و، هۆگری ببێ و، خەموخەفەتی خۆی بۆ هەڵبڕێژێ. بەڵام زیندانە ڕەشەکە، پارچەیەکی کەڕولاڵ بوو، نەگوێی دەگرت لە دەنگ، نە لە شین و گریانیش تێدەگەیشت... ئیتر هەموو هیوایەکی لە خۆشیی جیهان بڕی. هیچ دەرەتانێکی بۆ نەمایەوە ڕووی تێ بکات خودا نەبێ... ئەو خودایەی کە هەر خۆیەتی، بەتەنیا، پەنای خەفەتباران و، هەناسە ساردان و، زۆرلێکراوان بێ.

(مەم)یش سەری بڵند کردەوە و، چاوی هەڵبڕی بۆ ئاسمان. هەرچی ئازار و فرمێسکێکی هەبوو، لە دڵ و چاویدا، ئاڕاستەی ئەوێی کردن، و گوتی:

«خودای گەورە و بڵند! چاوت لێم نییە؟

«چاوت لێم نییە - کە بەندەیەکی بێچارەی وەک من - چۆن لەناو ئەم هەموو ئێش و ئازارانەدا دەتلێتەوە، کە لە وزەیدا نییە لەوە زۆرتر بەرگەی بگرێت؟!. خودای گەورە، بەندەکانی تۆ کە لەسەر زەوی دان، بەزەییان بەسەرگەردانی و هەناسە ساردیی مندا نەهاتەوە، هەروەک خۆت دەبینیی برینەکانیشمیان لەناو خۆڵ و تۆزدا پلیشاندەوە... تەنانەت لەو پێخۆرەیش بەشبڕاویان کردم، کە لە ڕێگای لەناوچوونمدا ئاهێکی سکم پێی بشکێ. خودای گەورە! تۆ بەزەییت پێمدابێتەوە. بەسەری تۆ سوێند دەخۆم، کە لەمڕۆ بەدواوە لە تۆ نەبێ، لە کەسی تر ناپاڕێمەوە، لە کەسی تر ناپاڕێمەوە. فرمێسکی خۆیشم هەر لەبەردەمی تۆدا هەڵدەڕێژم بۆ تۆیش نەبێ، بۆ کەسی تر خۆم ناشکێنم».

هەتا چاوەکانی لێک نایەوە و لە قسەکانی بووەوە، گیانێکی تازە کرایەوە بەبەریدا کە لە پشت پەراسووەکانیەوە دەکشایەوە، هەر لەو گڕە ئاگرەی دەکرد کە ڕۆشناییەکەی لەناو تاریکییەوە سەر دەربخات و، پرشنگ بدات بەهەموو لایەکی خۆیدا. ئەو گیانە خشا بەسەر دڵیدا، ئارام و سرەوتێکی تەواوی پێبەخشی. ئەو چۆڵ و هۆڵی و تەنیاییەیش کە تێیدا بوو، گۆڕاو بوو بەگیانێکی پڕ لە شادیی سەیر و سەرسوڕهێنەر.

کە هەستی بەم شتانە، هەمووی کرد، لە دەروونی خۆی و، لە دەرەوەی خۆیدا دووبارە سەری هەڵبڕییەوە و، هەستایە سەرپێ و، پاڵی دایە دیواری زیندانەکەوە، دەستی کردەوە بەپاڕانەوە لە خودا و گوتی:

«خودای گەورە! لە پاش ئەمەی هەموو بابەت و ئاواتێکی جیهانیم لە دەست چوو ڕووم کردە دەرگانەی چاکە و ڕووخۆشی و گەورەییی تۆ. بەسەری تۆ سوێند دەخۆم، لەمڕۆ



بەدواوە لە دەرگانەکەی تۆ نادەم، ئەگەر هەرچی جیهان هەیە بمدەنێ بەخۆی و ئەوەی لەناوی دایە. بام هەرچی زۆردارە، زۆرم لێ بکات، هەرچی بەندوباوکەرە، داوم بۆ بنێتەوە، بام چەندیان لە دەست دێ و ئارەزوو دەکەن ئاگر لە دڵم بەربدەن، بام بمخەنە تاریکیی زیندانەوە. بمخەنە ناو کولانەی دڕندانەوە. بەو گەورییەت سوێند دەخۆم، کە هەموو دەم سەرمی بۆ دەنوشتێنمەوە، ئەو شتانە هیچیان کارم لێ ناکەن و، هیچ هیوایەکیش لە دڵم دەرناکەن... تا بەڕێبەریی تۆوە گیانم بەڕێوە بچێ، ئارام بە دەروونم یەجگار خۆشە. تا ڕووناکیی تۆیش لەناو دڵمدا بێ، ئەم تاریکییە چاوم دەحەسێنێتەوە. تا ڕووی بەزەیی پێداهاتنەوە و گەورەییی تۆیشم لەسەر بێ، ئازاردان سرەوت بەدڵم دەدات.

ئەی وەڕسبوون؟... بۆچ هەرچی جیهان هەیە کۆببێتەوە دەتوانێ گیانم وەڕس بکات لە خۆی!؟...

سوێند دەخۆم بەو بەژن و باڵایەی کە بەڕێکوپێکییەکەی گیانی تاڵان کردووم... سوێند دەخۆم بەو ڕۆشناییەی کە ئاگری تێبەرداوم... سوێند دەخۆم بەو شۆخوشەنگییەی کە لە ژەهر و دەرد بەولاوە هیچی ترم لێی دەست نەکەوتووە... بەوانە هەموویان سوێند دەخۆم، کە ئەم ئازارەی دەمدەن، هەرچەندێ وا بێ کە ئارام و بەرگەگرتنم پێ نەهێڵێ، بەڵام ناتوانێ ئەو هیوایەم لە دڵ دەربکات کە بگەم بە «زین»، تەنانەت بشمکوژن!... چەند خۆشە بەئاواتی خۆم شادببم، لەژێر سێبەری تا سەری تۆدا و، لەبن شاهپەڕی ڕووخۆشیی تۆدا...!

بۆچی شاد نابم؟... بەسەری تۆ سوێند دەخۆم، ئەی خودا! کە گیانی (من) و (زین)، هەروەک خۆت دەیزانیت، دووگیانی پاک و بێ تاوانن. لەم جیهانەدا هیچیان دەست نەکەوتووە، ئاگرەکەی و سەرگەردانییەکەی نەبێ. کەواتە بۆچ شادمان نابن، کە بێنە ناو دەرگای خونکاری هەرە گەورەی جیهانەوە، خونکاری ڕووخۆش و شارەزا، خونکاری خاوەن بەزەییی پێدا هاتنەوەی بەرفراوان، خاوەنی داد و فەریاد بۆ هەمووان؟...

ئای چەند ئارەزووی ئەو ڕۆژە دەکەم، گەورەم! کە هەردووکمان ڕوو دەکەینە دەرگانەکەی تۆ. تۆیش بەدەستی گەورەییت ئەو فرمێسکانە لە چاومان دەسڕێتەوە، کە زۆرداران پێیان هەڵڕشتووین، لە باوەشی بەزەیی پێداهاتنەوەیشتدا، بەدڵنیایی و ئاسوودەیی و پەسندکراوییەوە دەحەسێینەوە».

لەگەڵ ئەوەیشدا کە (مەم) پەیوەندیی بەکەسەوە نەمابوو لە دەرەوە و، وەڕسبوون و هەناسە ساردییش دڵی داگیر کردبوو... لەگەڵ ئەوەیشدا کە هیوای بەکەس نەمابوو

دەستێک بداتە باڵی، لەناو ئەو زیندانە چۆڵ و هۆڵە تاریکەدا... بەڵام لە پاش ئەو قسانە کە کردی بەرامبەر بەپەروەردگار، بەرەبەرە ئارامێکی خودایی هاتە دڵیەوە، تەنیاییەکەی لەبیر بردەوە، خەموخەفەتەکەی لێ کەمکردەوە. چونکە هاودەم و هاوڕێکەی بوو بەخودای پاکی بێ هاوتا. ئەوەندەی لە جیهان هیوای دەبڕی و، ئەوەندەی پشتی لە بابەتی جیهانی دەکرد، ئەوەندەیش پەیوەندیی بەخودای گەورەوە، بەهێزتر و گەورەتری لێ دەهات، هیوا و ئاواتیشی تەنیا بەو دەسپارد. لەبەرئەوە زیندانەکەی کرد بەپەرستگایەک، شەو و ڕۆژ ناوی خودای تێدا دەبرد، هەموو دەم هاواری بۆ دەبرد، لەوێدا پەرستنەکەی هەر بۆ ئەوبوو. پاسەوانەکەیشی هەرچەند دەهاتە ژوورەوە، نان و ئاوی بۆ دەهێنا، مەمی دەدی بەپێوە نوێژ دەکات، یاخود بەنووشتانەوەوە لە خودا دەپاڕێتەوە. لەلایەکەوە لەشی دەستی کرد بەلەڕی و لاوازی. لەلایەکی ترەوە گیانی دەستی کرد بەتین سەندن و بەهێز بوون. جا هەر چەند لەشی دەیدایە بارێکی و بنێسی و بچووک بوونەوە، گیانیشی دەستی دەدایە زیندووبوونەوە و، بووژانەوە و، هێز و هەڕەت، «مەم» زۆرتر جیهان و بابەتی جیهانیی لەبیر دەچووەوە و، زۆرتریش هۆگری خودا و دەستووری خودایی دەبوو. تا وای لێهات، پەیکەری لەشەکەی بوو بەیارییەک بەدەست گیانیەوە، کە بەئارەزووی خۆی دەیسووڕاندەوە. هێز و دەسەڵاتی کەرەستەی لەش کزبوو، ئیتر هەناسەدانی گەرم و گڵپەدار فڕی نەما بەسەر لەشیەوە، ئاگری دووریش وەک جاران جەرگی نەدەتواندەوە. گیانیشی، بەگەرموگوڕییەکەوە، بەپەرۆشی ئەوەوە بوو، کە شتێکی تازەی دەست بکەوێ. ئەویش بریتی بوو لە بەرەڵڵابوون و ئازادی. بەڵام نەک بەرەڵڵابوون و ئازادی لە زیندانەوە بۆ جیهانی، بەڵکو بەرەڵڵابوون و ئازادی لە چەپەری لەشەوە بۆ ئەو دەشتە پان و فراوانەی کە بۆی ئامادە کرابوو...

## ڕەنجەڕۆیی

«زین» تا ئەوەندەی «مەم» بەم ئەنجامە گەیشت، دەستی نەشتبوو لە بەختیاری. هەرچەندە ئازاری دڵی زۆربوو، بەڵام هیوایەکی گەورەی هەبوو کە ئەویش وەک «ستی»ی خوشکی بەئاواتی خۆی بگات و بچێتە باخەڵی مەمەوە. بەڵام کە زانی سەردار ئەو جەزرەبە گەورەیەی، لەجیاتیی کوشتن، پێگەیاندووە، هەرچی هیوایەک لە دڵیدا مابوو بۆ پێک گەیشتن بە (مەم)، لە دڵیدا نەما. ئیتر بەندی دڵی پچڕا و، جەرگی پڕبوو لە خوێن و، هەناسەی گریان بیناقاقای گرت بیخنکێنێ. ئەو جیهانە گەورەیەیش لەبەرچاویدا



بچووک بووەوە و، تەنگ و تاریک بوو. هەروەک ئەو کۆشکە، بەهەموو خۆشییەکەوە کە تێیدا بوو، ڕووخابێ بەسەریدا و کەوتبێتە ژێر گڵ و دار و پەردووەکەیەوە و، خەریک بێ بخنکێ وابوو. ئیتر وای لێهات، تەنانەت هەستی بەو بایەش نەدەکرد، کە هەناسەی پێ دەدا. دڵ و دەروونی پڕبووبوون لە خەموخەفەت و، ئازار، کە هەرە کەمەکەیان لەوانەبوو دەروونی بتوێنێتەوە. جاری وا هەبوو، خەمی ئەوەی دەخوارد کە (مەم) چارەنووسی وای لێهات. دەگریا بۆ تەنیایی و چۆڵەوانییەکەی لەناو ئەو زیندانە قووڵە تاریک و نووتەکەدا... جاری وایش هەبوو، خەمی ئەوەی دەخوارد کە (مەم) لەناو ئەو ئازار و دەردی سەرییەی خۆیدا وا بزانێ کە (زین) لەناو ئەو کۆشکەدا، بەکامەرانییەوە ڕادەبوێرێ، ژیانی پڕە لە خۆشی و ئازادی، باکی هیچ شتێکی نییە. بێجگە لەوە بۆ خۆیشی خەفەتی دەخوارد، کەوا بەوجۆرە هەموو ئاواتێکی لە دەست چووە، هیچ هیوایەکیشی نەماوە بەدواڕۆژی خۆی کە بتوانێ بەکامی خۆی بگات.

بەڵام لە پاش ئەوانە، دووبارە دەکەوتەوە شیوەن و گریان بۆ دڵدارییەکەی و ئارەزووی پێک شادبوونەکەی لەگەڵ (مەم)دا، بەجارێک ئاگر لە دڵی بەردەبوو. زۆر جاری وایش هەبوو، لەگەڵ ئەو ئازارانەدا کە هەیبوو، سەری سوڕدەما و سەرسام دەبوو، لە چارەڕەشیی خۆی، کە بەختە ناهەموارەکەی وای بۆ هێنا. دەیپرسی لە خودا و دەیگوت:

«خودای گەورە! دەبێ لە دوای ئەم هەموو سەرگەردانییەوە، ئەم هەموو هەناسە ساردییەوە، کە بەسەرتدا هێناوم لە ژیانمدا، چ ژیری و کار دروستییەک هەبێ؟... جارێکم نەدی ئەم چەرخە بەدڵی من سووڕابێتەوە و بۆ کامەرانیی من وەرگەڕابێ!... نەمدی ڕۆژێک، ئەم جیهانە، بۆ من ڕۆشن بووبێتەوە!... لە پێش هەموو شتێکدا ئەو بەسەزمانەت سەرخۆش کرد و فڕێت دایە ئاگری دڵداریمەوە. پاشان هەر ئەو ئاگرەیشت بەردایە دڵی خۆمەوە. دڵیشمت بەئازاری گڕوگڵپەی ئەو ئاگری دڵدارییەوە هێشتەوە. بۆ تاوێک چرای ناوەند من و ئەوت داگیرساند، بەڵام تا من ئەوم دی و، ئەو منی چاوپێکەوت، تا ئەو دڵی پێوە نووساندم و، من هۆگری ئەوبووم، چراکەت لێ کوژاندینەوە، تاریکیت خستە ناوەندمانەوە. هەردووکیشمانت لەناو ئاگری دەروونماندا هێشتەوە. بسووتێین، هەریەکەیشمانت بەجیا، بەتەنیایی هێشتەوە، بەئارەزووی بەیەکگەیشتن و ڕەنجەڕۆییەوە بتلێینەوە. لەبەرچاوی ئێمەدا، ئاهەنگ و زەماوەندی بووک و زاوایی ئەم و ئەوت پێکهێنا، کەچی دڵ و دەروونی ئێمەیشت پڕ کرد لە ئازار و هاوار و شیوەن و گریان!...

خودای گەورە! گوناهم چییە کە وات بەسەر هێناوم؟ ئەی ئەو بەسەزمانە گوناهی چییە،

کە ڕەوانەی ئەو زیندانەت کردووە، لەناو تاریکیی ئەو ئەشکەوتە چۆڵ و هۆڵەدا بەدوای ئاواتی خۆیدا بگەڕێ؟!. بەڵام... من گلەیی بۆ چ بکەم؟... قسەی وا بۆ چ بکەم؟... هەر خۆم زوو زانیم کە بەشی من لە جیهاندا ئەمەیە. لە پێش ئیمڕۆیشەوە بەم بەشە وازم هێناوە. کەواتە ئیمڕۆکەیش دەبێ هەر پێی بێدەنگ بم، پێی سوپاسگوزاربم.

خودای گەورە! ببەخشە لە گوناهم!... هەرچی تۆ پێت بەخشیوم و بڕیارت داوە بەسەرمدا، پێم خۆشە و لام پەسندە!...»

ئنجا لەپڕ وێنەی (مەم) دەهاتە پێش چاوی، کە لەودیو بەندیخانەکەیەوە، بەچاوێکی کز و ڕوویەکی خەفەتبارەوە سەیری دەکرد. خۆیشی لەناو کۆشکەکەیدا بەڕەڵڵابوو، هاتوچۆی دەکرد. ئەو وێنەیە دڵی زۆر دەبزواند. هەر لە جێگای خۆیەوە قسەی بۆ دەکرد، دەیگوت:

«(مەم)! تۆ وا دەزانیت کە ئەم کۆشکەی منی تێدام، لە بەندیخانەکەی تۆ بۆ من تەنگتر نییە؟... یان ڕووناکیی ئەم جیهانەی منی تێدام، لە تاریکیی ناو زیندانەکەی تۆ تاریکتر نییە؟ یان ئەو ناز و جیازەی منی تێدام، دڵم خۆش دەکا و تۆم لەبیر دەباتەوە؟... نەء... نەبەخودا، «مەم» وا نییە. بەخودا سوێندت بۆ دەخۆم، کە تۆ (کابە)ی دڵی شێت و شەیدامی، پەرستگای گیانی سەر لێشێواومی. فراوانیی ئەم جیهانە، دڵم زۆرتر تەنگ دەکات. گەشی و بریسک و هووڕی ئەم کۆشکەیش، هیچم بیر ناخاتەوە، بەخت ڕەشیی خۆم نەبێ. خۆش ڕابواردنەکەم بریتییە لەو هەناسە گەرمانەی خەریکن سنگم لەتوپەت دەکەن... خۆراکیشم ئەو ژەهرەیە کە خەریکە جەرگ و هەناوم دابڕزێنێ. مەیەکەیشم ئەو فرمێسکانەیە کە خەریکن جەرگم بتوێننەوە. خەوەکەیشم ئەی «مەم»! بەخودا سوێندت بۆ دەخۆم، ئەو بێ هۆشییەیە کە نەشتەر دەدات لە دڵم. فرمێسک ناهێڵێ چاوم لێک بنێم. شۆڕشیش ناهێڵێ هەستم بسرەوێ تا بحەسێمەوە...

جا ئەگەر من وابم، ئەی (مەم)!، کە لەم کۆشکە گەورەیەدا دەژیم، ئەی دەبێ تۆ چۆن بژیت لەناو ئەو زیندانە تاریک و نووتەک و چۆڵ و هۆڵەدا؟!...

پێم بڵێ، لەو تاریکییەدا، کێ بووە بەهاودەمت؟... کێ بووە بەهاوڕازت کە سکاڵای دڵی خۆتی بۆ بکەیت؟ تۆیەک، کە لە ئاسمانەکەتدا، ئەستێرەیەک نابینیت، سەیرت بکات و دڵخۆشیت بداتەوە، ئەو شەوگارە بەچی ڕادەبوێریت؟ ئەی بەڕۆژ چۆن ڕادەبوێریت، کە کەسێک نایەت بەلاتەوە، گفتوگۆیەکی لەگەڵدا بکەیت، کزەبایەکت بەلادا شنە ناکات بتبووژێنێتەوە: نەچلێک دەبینیت و نەبلبلێکیش، تا دڵی خۆتیان پێ خۆش بکەیت؟

ئاخ! خۆزگە گیانم لە سنگمەوە دەردەچوو و دەفڕییە ناو ئەو زیندانەوە، بۆ ئەمەی ئەو



کلۆڵە ببینێ و بگەڕێتەوە لام، چۆنێتیی ڕابواردن و ژیان و تەندروستیی ئەوم بۆ بگێڕێتەوە. زۆر دەترسم لەوەی کە ترسولەرز کاری تێکردبێ و، ئازار دەروونی داگیرکردبێ و، هەر لەو زیندانەدا لەناو بچێ!...

خۆزگە بەخۆزگاییی خودا، تووڕەییی سەردار منیشی بگرتایەوە. کۆت و زنجیری بکردایە دەستی منیشەوە و، فڕێی بدامایە ناو ئەو زیندانە تاریکەوە، تا لەگەڵ ئەودا بژیامایە. بەخودا سوێند دەخۆم، کە ئەوەی منی لە بەندیخانەی ئەم جیهانە ڕزگار دەکرد و، دەیخستمە ناو بەهەشتی ئەو جیهانەوە؛ کە ئەوە منی لە کۆت و زنجیری ئەم ناز و جیازە ڕزگار دەکرد، کە بەجارێک تێکی شکاندووم و، دەیگەیاندمە ئەو شوێنەی کە بتوانم دەست بکەمە ملی کامەرانیی خۆمەوە، کە بتوانم ئەو دڵە تیمار بکەم، کە کەس بەزەییی پێدا نەهاتۆتەوە...

ئاخ لە دەست ئەم ڕەنجەڕۆیییە، کە چەند تاریکە لەبەرچاومدا، ترسی گەورەم لەوەیە «کە ئەم ڕۆژگارە نەهێڵێ جارێکی تر چاوم بەخاوەنی دڵەکەم بکەوێتەوە. زۆر دەیشترسم لەوەی کە بڕیاری دابێ، بەشبڕاوم بکات، تەنانەت، لە چاوپێکەوتن و زانینی باری ژیانیشی»!...

بەم ڕەنگە، (زین)، هەرچی هێز و هەڕەتێکیشی پێ مابوو لە لەشیدا، پێی نەما. دڵی نەدەچووە سەر خواردن و خواردنەوەیش. هەناسە ساردی و لەڕولاوازییش ئەوەندە کز و بێ هێزی کردبوو، تووشی گەلێک دەرد و نەخۆشی بووبوو. (سەردار)ی برایشی، ئەوەی دەزانی کە (زین) لە چ ئازارێک دایە و تا چ ڕادەیەکیش (مەم)ی خۆش دەوێ. بەڵام، خۆی تێنەدەگەیاند، بەزەیییەکی پێدا نەدەهاتەوە. هۆی ئەمەیش ئەوەبوو، کە دەماری مەردایەتیی ئەمەندە بزوتبوو، ئابڕوو و سەربڵندییەکەی ئەمەندە دەروونی وروووژاند بوو، هۆش و هەستی پێ نەهێشتبوو، کە بەزەیییەکی بێتەوە بەو دوو دڵدارە کلۆڵانەدا. ئەو بێ هۆشییەیشی بەسایەی دەرگەوانە بەدخووەکەیەوە بۆ پەیدابووبوو، کە ئەو دوو بەسەزمانانەی بەخۆڕایی بەدناو کردبوو لەلای. وایشی خستبووە مێشکی سەردارەوە، کە (مەم)، لە پاش ئەمەی هیوای بڕا لە مارەکردنی (زین)، هیچ لەوە کۆی نەکردەوە، کە ناوبانگی کۆشکەکەی خراپ بکات، بەهۆی مێبازی و دەستبازی کردنەوە لەگەڵ خوشکەکەیدا. بەم ڕەنگە (سەردار) بەجارێک، ڕووی لەو خوشکە بچکۆڵەیەی خۆی وەرگێڕابوو. کە نەفتی کردبوو، نەقسەیەکی لەگەڵدا دەکرد، نەچاوێکی بەزەیی پێدا هاتنەوەی پێدا دەخشاند. تەنانەت یەک جاریش، بەلای دەستەکەی ژووری ئەوا تێنەپەڕی، تا بزانێ چۆنە و چی بەسەر هاتووە!...

## شۆڕش

ساڵێکی تەواوی بەسەردا تێپەڕی، کەچی «مەم» هێشتا هەر لەناو زیندانەکەیدا مابووەوە. «زین»یش کە هاو ئازار و هاواری بوو، هەر بەئازاری دەرد و نەخۆشییەکانی لەش و دەروونییەوە دەتلایەوە. دۆستەکانیشیان، خەموخەفەت لە دەموچاویان نەدەبووەوە، لەبەرئەوان. بەتایبەتی (ستی) و (تاژدین). (تاژدین)یان لەبەرئەوەی کە هەموو دەم (مەم)ی لە مێشکدا بوو، لە بیری دەرنەدەچوو، کەوا لەو تەنیایی و چۆڵ و هۆڵییەدا بوو، ئازاری دەردی سەریی ڕۆژگاری دەچێشت، بێجگە لە ئازاری بەشبڕاوی لە دڵدارییەکەی و هەناسە ساردییەکەی. (ستی)یش لەبەرئەوەی کە هەموو دەم خەمی خوشکەکەی خۆی دەخوارد، کەوا بەوجۆرە لەشی تێکچوو بوو و، لەڕولاوازی و ئازاری دڵ نەخۆشی خستبوو. تەنانەت ئەویش وای لێهاتبوو لە تاو ئازار و نەخۆشیی خوشکەکەی و چارەڕەشییەکەی، ئەو هەموو ناز و جیاز و کامەرانییەی لەبەردەستی دابوو، بەدڵیەوە نەدەنووسان، خۆشییان بەدڵی نەدەگەیاند، بەڵکو ڕووی لێ وەرگێڕان. ئەو هەموو ڕەنج و کۆششەی ئەو دۆستانە دایان و کردیان لای (سەردار) بۆ ئەمە (مەم) ببەخشێ و لە زیندان بەرەڵڵای بکات، بەفیرۆ چوو!... کەس نەبوو، بتوانێ کار لە دڵی سەردار بکات و، خۆشەویستی و بەزەیی پێداهاتنەوەی تێدا ببزوێنێ بەرامبەر (مەم)، تا ڕزگاری ببێ.

لە شەوێکی بێدەنگ و سەنگدا، کە هەموو دۆستەکاتی «مەم»، لە خانووی (تاژدین)دا کۆبووبوونەوە، لەو خانووەدا کە پیاو چاوێکی پێدا دەخشاند، تێدەگەیشت، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆشکێکی ناوازە و شۆخوشەنگ بووە... دەستیان کرد بەگفتوگۆکردن و ڕاوێژکردن و بیروباوەڕ پێشاندان، بۆ ئەمەی چارەیەکی تەواو بۆ ئەم گیروگرفتە بدۆزنەوە... چونکە خەموخەفەتەکەیان لە ئەندازە تێپەڕی بوو، ئارامیشیان هەر بەجارێک نەمابوو.

بیری هەندێکیان وابوو کە بۆ بەیانی، هەموویان پێکەوە، بۆ دوامین جار بچنەوە لای (سەردار). پاڕانەوەی لا بکەن بۆ «مەم». بەزەیی و خۆشەویستیی ناو دڵی ببزوێنن بەرامبەری. تکایەکی زۆریشی لێ بکەن بۆ بەرەڵڵاکردنی ئەویش ئەگەر بەقسەی کردن و ئاواتەکەی هێنانە جێ، ئەوا باشە. بەڵام ئەگەر بەگوێی نەکردن و بێ دڵیی کردن، ئەوا پێویستە جارێکی تریش کۆببنەوە، بۆ ئەمەی ڕێگایەکی توندتری بۆ بگرن...

بەڵام (عارف) ئەم بیرەی پەسند نەکرد. گوتی:

«بەڕاستی ئەمە کزی و بێدەسەڵاتییە، کە ئێمە لەپاش ئەم هەموو تکا و پاڕانەوەیەی



کردمان لای، لەپاش ئەم هەموو بچووکییەی کە نواندمان بۆی، تازە جارێکی تر بچینەوە لای، هەر ئەو ڕێگایە بگرینەوە کە لەوەپێش گرتبوومان. دەرهێنانی (مەم) لە زیندان، لە ڕێگای تکا و پاڕانەوە و گفتوگۆ لە دیواندا پێک نایەت. ئیمڕۆکە، هەریەک شت هەیە، (مەم) لە زیندان دەربهێنێ. ئەویش ئەم دەست و بازووانەیە کە ئێمە هەمانە. کەواتە ئیمڕۆ پێویستە لەسەرمان، ماوە بەم دەست و بازووانە بدەین: ئەوان قسە بکەن و تکا بکەن. بەڵام نەک لە کۆڕ و دیواندا، بەڵکو لە دەشت و دەر و شوێنی پەلاماردانداا!...

ئەگەر بمانەوێ (مەم) لە زیندان دەربهێنین، پێویستە هەر لە بەیانەکی زووەوە زرێکانمان لەبەر بکەین، شیرەکانمان لە خۆمان بدەین. پاشان هەریەکەمان سواری ئەسپی خۆی ببێ و، هەموو پێکەوە شیر و ڕم ڕابوەشێنین، لە ڕووی سەرداردا تەنیا بەوە نەبێ دڵی سەردار نەرم بکەین، بەهیچ شتێکی تر دڵی نەرم نابێ و (مەم)یشمان بۆ بەرەڵڵا ناکات. ئنجا ئەگەر سەردار بەوە دڵی نەرم بوو و مەبەسی ئێمەی پێکهێنا ئەوا باشە. ئەگینا دەکەوینە جەنگێکی خوێنینەوە لەگەڵ خۆی و کەسوکار و دەس و پێوەندانی، بەسەگە خوێڕییە پیسەکەیشییەوە کە ناوی (بەکر)ە... ئنجا بام ئاشی مەرگ بسووڕێتەوە و سەران بهاڕێ، بام «بۆتان»یش ببێتە کوڕی هەڵپەڕکێی مەرگ، بام دانیشتووەکانیشی، خۆشی لە ئاوازی شیر و قەڵغان وەربگرن. سایان ئەوەتا بەناو تۆزی جەنگدا تێدەپەڕین و دەگەینە (مەم) و، بەدەست و بازووی خۆمان ڕزگاری دەکەین، یاخود ئێمەیش وەک ئەومان بەسەردێ و، لەگەڵ ئەودا باوەش دەکەین بەمەرگدا!...».

هەر ئەوەندە (عارف) ئەم بیرەی نواند و قسە ئاگرینەکانی خۆی تەواوکرد ئەوانەیش کە دانیشتبوون، دەماریان بزووت و خوێنیان جۆشا، ئیتر هەموویان بەجارێک بڕیاریان دا، کە بەیانەکی زوو، هەموویان بەبەرگ و کەلوپەلی شەڕەوە کۆببنەوە و، هوروژم ببەنە سەر کۆشکی سەردار!...

کە بەیانی هات، دانیشتوانی (جزیر) سەرسام مان لە کاری ئەو سێ برایە. چونکە هەرگیز شتی وایان بەبیردا نەهاتبوو. هەرسێ براکە و ئەوانەی دوایان کەوتبوون لە دۆست و هاوڕێ و کەسوکار، لەپاش ئەمەی خۆیان ئامادە کردبوو بۆ جەنگ بەهەموو تروتفاقێکەوە، دەستیان کرد بەگەڕان بەسەر خێزان و کەسوکاری خۆیاندا، داوایان لێ کردن ڕێگای جەنگیان بدەن و بیانسپێرن بەخودا. پاشان هەموویان بەسواری و بەپێ، بەکۆمەڵێکی زۆر گەورەوە، ڕوویان کردە کۆشکی سەردار، چوارلایان لێ گرت. ئنجا کە گەیشتنە نزیک کۆشکەکەوە، (تاژدین) پیاوێکی پیری لەناو خۆیاندا هەڵبژارد و ناردیە

کن سەردار، بۆ ئەمەی کەینەوبەینەکەی تێبگەیێنێ و ئەم قسانەی ڕاستەوڕاست پێ بڵێ:

«ئەی سەردار! ئەو چوار برایە کە [ مەم، و چەکۆ و، عارف و، تاژدین]ن خۆت دەیزانی تائێستا هیچ کەسێکیان لە جێبەجێکردنی فەرموودەی تۆ و، بەکەڵک هاتن بۆ تۆ، کەمتەرخەمییان نەکردووە. هیچیشیان لە خۆشەویستیی تۆدا تا ئێستا، دڵسۆزیی خۆیان بەرنەداوە. کەواتە چۆنت ڕەوا بینیوە، ساڵێکی تەواو بەسەریان تێ بپەڕێ و، خۆشەویستترین برایان کە (مەم)ە، تا ئێستا لەناو ئەو زیندانە تاریکەدا، کە وەک گۆڕ وەهایە، بمێنێتەوە. نەکەسێکی بەلاوە بێ خەمی بخوات، نەهاوڕێیەکیشی لەلا بێ دڵخۆشیی بداتەوە؟!... دڵی دوژمنەکانیانت پێ خۆش کردن، خەمیشت خستە دڵی هەموو دۆست و هاوڕێیەکیانەوە. خۆت لێ گۆڕین و، ڕوویشت لێ وەرگێڕان، نەگوێت لە تکایەکیان گرت، نە لە پاڕانەوەیەکیان!... ئاخر گوناهی (مەم) چییە؟! هەموو گوناهەکەی هەر ئەوە نییە کە دڵدارە و، کەچی ئێوە ئەم هەموو ئازارەی دەدەن؟... بەڵام ئەو چی بکات؟... دڵداری دەسەڵاتێکی وای هەیە، کە لە دەسەڵاتەکەی تۆ بەهێزترە. ئەگەر ڕاستە تۆ خاوەن هێز و دەسەڵاتی، بۆچ بەگژ ئەو دەسەڵاتەدا ناچیت کە بەرەنگاریی تۆی کرد و، ئەوی کرد بەدیل؟... ئەمە باشتر نییە لەوەی کە تۆڵەی خۆت لەم کوڕە بێ تاوانە بێچارەیە بکەیتەوە، کە لەم کارەدا هیچ دەسەڵاتێکی نییە؟!

«ئەی سەردار! هیچ کەسێک نییە، ئەوە نەزانێت کە هۆی هێز و دەسەڵات و کامەرانیی تۆ ئەو چوار برایەن. ئەوانیش ئیمڕۆ هاتوونەتە بەر دەرگانەکەی تۆ، بەناوی چاکەدانەوە و، دادپەروەرییەوە، بۆ دوامین جار، داوات لێ دەکەن کە برای چوارەمیان، «مەم»، لە بەندیخانە بەربدەیت. ئەگینا لەو سێ برایە هیچ کامێکیان لەمڕۆ بەدواوە بەتەنگ گیانی خۆیەوە نابێ!...».

کابرا پیرەکەیش لە (سەردار) ڕێگای خواست کە بڕواتە لای و چاوی پێ بکەوێ... (بەکر)یش چاوی پێکەوت و لەکەینەوبەینەکە هەمووی تێگەیشت... هەروەک (تاژدین) پێی گوتبوو، هەموو قسەکانی بۆ سەردار کرد... پاشان وەستا، وەرامی لێ وەربگرێتەوە. (سەردار)یش دەستی کرد بەبیرکردنەوە. لە دەموچاویدا خۆپاراستن و بیرکردنەوەی شێنەیی دیاربوو. پاشان تەماشایەکی پیاوە پیرەکەی کرد، شتێکی دڵی خۆیەوە و شاردیەوە. ئنجا پێی گوت:

«ئەی ڕیش سپی! بچۆرەوە بۆ لای ئەوانەی تۆیان ناردۆتە ئێرە. پێیشیان بڵێ: ئەم شتە پڕوپووچانە لەکوێوە هاتۆتە مێشکیانەوە، تا شۆڕشێکی وا بکەن، کە هەڵنەگرێ بیکەن؟...



بام هەرچی دەڵێن ڕووبدات. ئایا ئەمە پەسندە کە ئێمە بڕۆین و دۆستەکانی خۆمان بەجێ بهێڵین، واز لە خۆشەویستی و پەسندکاریی ئەوان بهێنین، بەتایبەتی ئەوان، کە یارمەتییان داوین و، بەکارمان هاتوون، کە هەرگیز لەبیرمان ناچێتەوە؟... هەرچی (مەم)ە، بۆیەکا وامان لێ کرد، کە لە ئەندازەی خۆیدا بوەستێ و، پەند وەربگرێ. وا من ئیمڕۆ (مەم) و (زین) لەبەر دڵی (تاژدین) و هەردوو براکەی دەبەخشم؛ تەنانەت هەردووکیشیان پێشکەش بەو دەکەم، بۆ ئەمەی دڵنیا بێ لە دڵسۆزی و خۆشەویستیمان لەگەڵ نرخ پێدانمان بەکردەوە و کارەکانی».

مامەی ڕیش سپی، دەموچاوی گەشایەوە و شادمانیی تێکەوت. بەسوپاسێکەوە کڕنووشی نەوازشی بۆ کێشا و گەڕایەوە لای هاوڕێکانی خۆی، کە چاوەڕوانییان دەکرد. ئیتر هەر ئەوەندە قسەکانی سەرداری بۆ گێڕانەوە، لەشیان خاوبووەوە و دڵیان خۆش بوو. هەریەکەیان گەڕایەوە ماڵی خۆی، چاوەڕوانیی ئەو ئاهەنگەیان دەکرد، کە بەبۆنەی بەردانی «مەم»ەوە بگێڕدرێ لەگەڵ مارەکردنی دڵخوازەکەی (زین)دا.

## چەواشەکردن

هەر ئەوەندە کابرای ڕیش سپی لە کۆشکەکە چووە دەرەوە، سەردار دەستی کرد بەلێکدانەوەیەکی قووڵ لە کەینەوبەینەکەی (مەم). لە چرچولۆچی دەموچاویەوە و لە بریسکەی چاوەکانیەوە دیاربوو کە زۆر بەتەنگ ئەو کەینەوبەینەیەوە بوو! هەر بیری لەوە دەکردەوە کە فێڵێک بدۆزێتەوە و چەواشەی ئەوانە بکات کە بەگژیدا هاتبوون. ئەو قسانەیش کە بەکابرا ڕیش سپییەکەی گوتبوو، هیچی لە کانی دڵیەوە نەهاتبووە دەرەوە. تەنیا، وەک قسەیەکی سەرزاری بۆ کردبوو... مەبەسیشی ئەوە بوو، کە شۆڕشەکەیان بکوژێتەوە و، خۆیشیان پەشیمان ببنەوە بۆ شەڕ و ئاژاوە هەڵگیرساندن. چونکە لەوە ئاگادار بوو کە شۆڕشێک (تاژدین) و براکانی هەڵی بگیرسێنن، ئەنجامی بۆ خۆی باش نابێ؛ بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە ئەوان دۆست و ئاشنایان زۆرە لە (جزیر)دا. لەبەرئەوەیش ئەو بەڵێنەی پێدان، کە خەریکیان بکات بەخۆیانەوە و، پەشیمانیش ببنەوە لەوەی کە بڕیاریان لەسەر دابوو. تا ئەویش دەرفەتێکی دەست بکەوێ و، فێڵێکی وایان بۆ بدۆزێتەوە کە پێشیان بکەوێ و، بەئارەزووی خۆی چارەی کەینەوبەینەکە بکات و، ڕێگای شۆڕشکردن و، هێز بەکارهێنانیشیان لێ بگرێت.

لەو کاتەدا (بەکر)ی دەرگەوان خۆی گەیاندە لای. تێگەیشت کە سەردار خەمبارە. جا

لەبەرئەوەی گوێی لە قسەکانی کابرای ڕاسپاردە و سەردار بووبوو، بەتەواوەتی لەوە ئاگادار بوو، کە سەردار ئەو بەڵێنانەی دابووی بەکابرای ڕیش سپی، لە دڵیەوە نەبووبوو. بیر لەوەیش دەکاتەوە کە بەهەر کلۆجێک بێ، چارەیەک بدۆزێتەوە بۆ ڕزگارکردنی خۆی لەو تەنگوچەڵەمەیە کە تێیی کەوتووە، بۆ بڕاندنەوەی ئەو کاروبارە، بەیەجگاری ...

بەدەم خۆخەریک کردنیەوە بەڕێکوپێک خستنی دیوانەکەوە، هەڵی دایە گوتی:

«خودا دەیزانێ، لە دەمێکەوە بوو دەترسام کە ئەوانە هەلێکیان دەست بکەوێ و، بەدرۆ بیانوویەک بگرن بۆ ئەمەی شەڕ و ئاژاوە بنێنەوە بۆ ئەم کۆشکە. بەخودا سوێند دەخۆم، هەروەک لەوەپێش زانیومە، مەبەسیشیان هیچ نییە ئەوە نەبێ، کە هاوڕێ هەرە گەورەکەیان، (تاژدین) بەو ئاواتە بگەیێنن کە لە کەللەیاندا پنگی خواردۆتەوە!.».

پاشان ڕووی کردە سەردار و گوتی:

«بەڵام ئەوە هەڵناگرێ کە گەورەی خۆم ئەوەندە بایەخیان بداتێ. یان ئەوەندە خەفەتیان لە دەست بخوات و بەتەنگیانەوە بێ!... ئەگەر حەز بکات، ڕێگایەکی زۆر ئاسان هەیە دەتوانێ بەکاری بهێنێ و لە (تاژدین) و هەردوو براکەیشی ڕزگاری ببێ... هەرچی (مەم)ە، ڕێگای کوشتنی لێی ئاسانتر نییە. ئەوەیش هەر ئەوەندەی دەوێ کە گەورەی خۆم خۆی بۆ (زین) وا بنوێنێ کە پەشیمان بۆتەوە لە کردەوەی خۆی... کە نیازی وایە چاو لە (مەم) بپۆشێ و (زین)یشی لێ مارە بکات. پاشان (زین) بنێرێتە زیندانەکەی ئەوی تێدایە بۆ ئەمەی بەدەستی خۆی بەڕەڵلای بکات. وام زانیوە گەورەم، کە (مەم) یەجگار گرفتاری جوانیی (زین)ە. ئەگەر بێتو لەناکاو بیبینێ، چونکە دەمێکی دوورودرێژە نەیدیوە و، هەر ئاواتەخوازی چاوپێکەوتنی بووە، چونکە دەمێکە لێی ڕەنجەڕۆ بووە و، هەناسە ساردی کاری لە دەروونی کردووە... زۆرتر وام دێتە پێش چاو، کە لە خۆشیاندا گەشکەدار ببێ و، بکەوێ و گیان بدات بەدەستەوە!...

دەمێنێتەوە (تاژدین) و براکانی، ئەگەر گەورەی خۆم ئارەزووی لێ بێ، دەتوانم، بەبۆنەیەکەوە، زۆر بەئاسانی، چەند جامێک مەیی ژەهراوییان پێشکەش بکەم و دەرمان خواردیان بکەم!...».

هەرچەندە سەردار، خۆی وا پێشان دەدا کە گوێی لە قسەکانی (بەکر) نییە و، خۆی بەشتێکی ترەوە خەریک کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا بەدڵ گوێی دابووە قسەکانی و بەگرنگییەکەوە بیری لێ دەکردنەوە. چونکە هەموو مەبەسێکی ئەوەبوو، کە زوو بەزوو



چارەیەک، یاخود ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ بەربەستکردنی شۆڕش (تاژدین) و هاوڕێکانی، بێ ئەمەی بێتەسەر قسەی ئەوان و، بەمەبەسی خۆیان بگەیێنێ.

(سەردار) هەر لە بیرکردنەوەدا مایەوە، بێ ئەمەی لە قسەکانی (بەکر) بپێچێتەوە. یاخود هیچ وەرامێکی بداتەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا بیرەکەی (بەکر)ی تا ئەندازەیەک، بەلاوە باش بوو، خەریکبوو لە مێشکی خۆیدا هەڵگێڕ و وەرگێڕی دەکرد و، ئەنجامەکانی لێک دەدایەوە، بۆ ئەمەی سەرنج بدات، ئەگەر ئەوەی بەباش زانی و ڕێگای لەوە چاکتریشی نەدۆزیەوە، دەمودەست، دەس بکات بەجێبەجێکردنی.

لەگەڵ ئەوەیشدا نەیتوانی خۆی بگرێ، بێزاریی خۆی پێشان دا بەرامبەر (بەکر) و بەد سروشتییەکەی، کە خۆی پێناگیرێ و، پەنجە دەخاتە هەموو کاروبارێکەوە بێ ئەمەی کەم یان زۆر پەیوەندیی پێوە هەبێ. هەرچەند دەموچاوی (بەکر)ی چاوپێ دەکەوت، کە دەیدی بەفڕوفێڵ خۆی کز و بەسەزمان پێشان دەدات، وا دەهاتە پێش چاوی، کە هەر ئەوە، سەرچاوەی ئەم هەموو ئاژاوە و خەموخەفەت و ئازارە، کە ڕوو دەدەن و، بەشێکی گەورەیشیان لە بیروهۆشی داگیرکردووە. ئەمە بێ ئەوەی تەماشای ئەوە بکرێ، کە ئایا (بەکر)، بەدڵسۆزی و پاکییەوە، ئەو ئاژاوە و شەڕوشۆڕانە هەڵدەگیرسێن، یاخود بەناپاکییەوە هەڵیاندەگیرسێنێ، لەوەیش هیچ مەبەسێکی نییە ئەوە نەبێ کە حەز بەشەڕنانەوە و، سووتاندنی بێگوناه و بێ تاوان دەکات لە ئاگرەکەیدا. هەر ئەمەندەیش بەسبوو بۆ سەردار، کە قینی لە (بەکر) بێتەوە و، لەسەر و چاوی بێز بکاتەوە، کە قسەکانی پیاویان بۆ خراپە کێش دەکرد. دووریش نەبوو، کە ئەم شتانە هەموویان سەردار وا لێ بکەن، بیکاتە جەربەزەیی و (بەکر) دەربکا و دووری بخاتەوە. هەرچەندە (سەردار) خۆی پێویستیی هەبوو بەدەرگەوانێکی وا بەدخوو و زۆرزان. بەڵام ئەو کارە بۆ ئەم دەمە دەستی نەدەدا... چونکە لەوانەبوو کە (تاژدین)، دڵکرمێ بکات لە سەردار... هەروەها ئەوەیشی دەگەیاند، کە تا ئێستا هەرچی ڕووی داوە، بەهۆی بەدگۆیی و بەندوباو و فڕوفێڵی (بەکر)ەوە ڕووی داوە، کە توانیوێتی سەردار لە خشتە ببات و چەواشەیشی بکات.

ئیتر هیچ شتێکی نەگوت لە بابەت قسەکانی (بەکر)ەوە، کە هەر خۆی خەریک دەکرد بەم شت و بەوشتەوە، بۆ ئەمەی قسەیەکی لەدەم دەربهێنێ لە بابەت ئەو پێشنیازانەوە کە پێشکەشی ئەوی دەکرد. هەر ئەوەندەی پێ گوت کە بڕواتە دەرەوە و، دەرگاکە دابخات، نەیش هێڵێ کەس لەو ڕۆژەدا بێتە لای.

سەردار لەو ڕۆژەدا، هەر بەتەنیا مایەوە. هەرچەندە دەیانبینی هەر لە بیرکردنەوەدا بوو... لە شەویشدا، خەوی لێ زڕا، هەر لە بیرکردنەوە و، لێکدانەوە و چەندوچوون کردندا مایەوە...

بێجگە لەو پێشنیازەی کە (بەکر) پێشانی دا، گەلێک بیروبارەڕی تریشی لە مێشکی خۆیدا هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد. بەڵام ئەوەی پەسند نەکرد، کە (مەم) ببەخشێ و (زین)ی خوشکیشی لێ مارە بکات. چونکە ئەمە لە دڵی ئەوەوە دوور بوو بیکات، بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە هەندێ کارەسات ڕوویان دا، بوونە بەرهەڵست لە ڕێگای پێکهێنانی ئەو بیرەدا. یەکێک لەو هۆیانە ئەوەبوو کە بەسەردار گوترا (تاژدین) خەریکە دەسەڵاتی تایبەتیی خۆی بەکاردەهێنێ لە مارەکردنی (زین)دا لە (مەم). ئەوەیش بەدزییەوە دەکات، ناهێڵێ (سەردار) پێی بزانێ. ئەم هۆیەیش بوو، کە سەرداری تووڕەکرد و، وای لێ کرد سوێند بخوات: کە نەهێڵێ ئەو ژن و مێردییە سەربگرێ. هۆی دووەمیش ئەوەبوو، کە لەم دواییەدا بەناو هەمووواندا بڵاوبووەوە و، (بەکر)یش بۆ سەرداری گێڕابووەوە، کە (مەم) یەجگار دڵی چووە بە(زین)ی خوشکیدا و، گەلێک بەندوباوی تری، نەنگ و ناشیرینیشی هاتە بەرگوێ، کە یەجگار دڵی شکاند و، دەماری توندکرد.

هۆی دوامینیش کە وای لێ کردبوو، زۆرتر لە جاران دڵی ڕەق ببێ و، لەسەر قسەی خۆی بڕوات، ئەوەبوو کە (تاژدین) و کەسوکارەکەی لە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانەدا هاتنە لای و، داوای بەخشینی (مەم)یان لێ کرد، بەهێز و هەڕەشەوە! هەرچی بیر و پێشنیازەکەی (بەکر)یش بوو، (سەردار) هەرچەند سەری دەهێنا و سەری دەبرد، زۆر بەگرانی دەهاتە پێش چاو، بەباشی سەربگرێ. هیچ ڕێگایەکی تێگەیشتووانەیشی نەدەهات بەبیردا کە بیهێنێتەجێ. چونکە ئەوەندە شتێکی ئاسان نەبوو کە (تاژدین) و هەردوو براکەی بە ژەهر بکوژرێن. بەلای (سەردار)ەوە (بەکر) لەوەدا بەهەڵەدا چووبوو. کێ دەڵێ ئەو کارە بەبێدەنگ و سەنگیی و بێ وەیی سەردەگرێ؟!. چونکە ئەوانە کەسوکاریان هەیە، دۆست و یاریان هەیە، بێگومان لە ڕازی کوشتنیان دەپرسن و دەکۆڵنەوە. وازیش ناهێنن تا ڕاستیی کەینەوبەینەکە تێدەگەن، کە دوورنییە، لە دواییدا زۆرچاک بۆیان دەربکەوێ. بێجگە لەوە، ئەوە فێڵێکی زۆر نەنگ و ناشیرین و دڵڕەقانەیە. نابێ بوەشێتەوە لە کەس، لە پیاوێکی تەڵەکەبازی سەرشۆڕی پیسی وەک (بەکر) نەبێ. ئەوەیش دەبێتە بەڵگەیەک بەسەر (سەردار)ەوە، کە پیاوێکی ترسنۆک و نامەردە، ناوێرێ ڕوو بەڕوو بێتە جەنگەوە، ئەمەیشی بۆیەکا کردووە، چونکە هێز و



دەسەڵاتی نەماوە، ئەوە نەبێ کە ئەم چەواشەکردن و فڕوفێڵبازییە بنوێنێ، کە بریتییە لە چەکی پیاوی ترسنۆک و بێدەسەڵات. (سەردار زین الدین)یش زۆر دوورە لەم کردەوانەوە، هەرگیز خۆی وا سووک ناکات کە پەنابەرێتە بەر ئەم جۆرە کردەوە نەنگانە. لەگەڵ ئەمەیشدا یەکەم هەنگاوی بیر و پێشنیازەکەی (بەکر) بۆ ڕزگاربوون لە دەست (مەم)، بەلای سەردارەوە زۆر پەسندبوو، بەمەرجێک ئەوە ڕاست دەربچێ، کە ئەگەر (مەم) چاوی بەخوشکەکەی بکەوێ لەو شێوەیەدا، گەشکەدار ببێ و گیانی دەربچێ!... بێگومان ئەگەر ئەوە سەربگرێ، دەبێتە شتێکی باش و دروست... چونکە ئەوە هەنگاوی یەکەم و دوامینی کەینەوبەینەکەیە و، دواییش بەگیروگرفتەکە دەهێنێ! بەهەموو ڕەنگ، سەردار، ئەو شەوە، چاوی لێک نەنا، هەتا بڕیارێکی بەدڵی دا کە چارەیەک بۆ ئەم گیروگرفتە بدۆزێتەوە...

## پەشیمانی

بەیانیی ڕۆژی دووەم هەندێک لە ڕاوێژەکەی (بەکر)ی پەسند کرد. وای هاتەپێش چاو، کە لە سەرەتای کاردا، لەو ڕاوێژەی باشتر دەست ناکەوێت بەجێی بهێنێ. جا ئەگەر بەئەنجامی خۆی نەگەیشت و ئەو کەڵکەی لێی چاوەڕوان دەکرێ، بەدەست نەکەوت، ڕێگایەکی تر دەگیرێ بۆ ئەو مەبەسە. ئیتر هەر ئەوەندە بوو، دەستی کرد بەبەجێهێنانی، بیر و پێشنیازی ئەو چەپەڵی بەدخووە.

لە دیوان چووە دەرەوە و سەرکەوت بۆ سەرەوە بۆ ژووری (زین)ی خوشکی ئەمیش ئەو ژوورە بوو کە دەمێکی دووروودرێژ بوو نەچووبووە ناوی. نەبەلایدا تێپەڕی بوو، نەخەمی ئەو کەسەیشی خواردبوو کە تێیدا دەژیا!...

گەیشتە بەر دەرگاکەی کە داخرابوو... هەندێک لەبەر دەرگاکەدا وەستا... وەک بیەوێ بەئارامێکەوە بچێتە ژوورەوە، وابوو. پاشان بەئەسپایی، پاڵی بەدەرگاکەوە نا و چووە ژوورەوە... کە چووە ژوورەوە، خۆی لە ژوورێکی بێدەنگ و سەنگدا دی. هەرچی پەنجەرە و کون و قوژبنێکی هەبوو، داخرابوو. زۆر تاریک و نووتەک بوو. دەستی کرد بەچاوگێڕان بەناو ژوورەکەدا. بەڵام زوو بەزوو چاوی کەوت بە بەژن و باڵای کچێک دەیناڵاند و تینی دەدایە خۆی، هەستێتە سەرپێ و ڕاست ببێتەوە بوەستێ...

سەرداریش لێی نزیک بووەوە. چاوێکی گێڕا بەشێوە و ڕوخسارە ژاکاوەکەیدا کە ئەمەندە کز و بێهێز و لەڕ و لاواز بووبوو، پیاو دڵی پێی دەسووتا و، بەزەیی پێدا

دەهاتەوە. بەزۆر خۆی ڕاگرتبوو، ڕابوەستێ لەبەردەمیدا. کزی و لاوازییەکەی وای لێ کردبوو بنوشتێتەوە! تەماشاکردنەکەیشی ئەوەی دەگەیاند، کە بەدڵشکاوی و سەرسوڕمانێکەوە لە خۆی دەپرسی:

«زینی خوشکم وای بەسەرهاتووە؟ کە جاران چاکترین تەندروستیی و لەشی هەبوو، شەنگوشۆخترین کچ بوو لە جوانیدا!؟...

ئەو هەموو جوانی و شەنگوشۆخی و لەش خۆشییەی لە دەست چووە و، منیش هەستم پێ نەکردووە؟».

پاش ئەوە، چووە لایەوە و، بەبێدەنگییەکەوە دانیشت، چاوێکی گێڕا بەناو ژوورەکەدا. هەرچییەکی تێدابوو، هەموولایەکی ژوورەکەیش، پڕ بووبوو لە دڵتەنگی و خەفەتباری. هەرچییەک لەوێدا دانرابوو، لە قاڵیچەو دۆشەک و تەخت و پەردە و کەلوپەلی ناو ژوور، هەمووی خەموخەفەت و دڵشکاویی پێوە دیاربوو، بۆ ئەو کچە کلۆڵە هەناسە سارده!...

(سەردار)، کە ئەو ژوورەی بەو جۆرە دی، کسپەیەک لە جگەریەوە هات و بەشێکی گەورەی ئەو خەموخەفەتە پەڕییە دڵیەوە. دووبارە ڕووی کردەوە «زین»ی خوشکی، کە لەوکاتەدا بەگێژ و وێژییەکەوە سەری دانەواندبوو، چاوی بڕیبووە زەوی. بەئەسپایی دەستی برد بۆ ژێر چەناگەی (زین) و، دەموچاوی بەرزکردەوە، تا ئەندازەی تەماشاکردنی خۆی. ئنجا دەستی کرد بەلێوردبوونەوەی ڕەنگ زەردی و پەشۆکاویی دەموچاوی. ئنجا چاوی کەوت بەچاوەکانی، کە ژاکابوون و کزبووبوون، فرمێسکی گەرم و سوێریش سووتاندبوونی، بەلەرزینێکەوە پڕشنگیان دەدا، وەک بەزمان لێی بپاڕێنەوە و پێی بڵێن:

«برا، من خوشکێک بووم بەدڵ خۆشت دەویستم... چۆن دڵت بڕواییی دا بەم دەردەم ببەیت؟!... چۆن توانیت جامی خۆشی و کامەرانیم لە دەست بسێنیت و بیدەیت بەزەویدا، وردوخاشی بکەیت؟!...

برا! چۆن دڵت هات، خوشکێکی وەک من کە هەموو دەم بەدڵخۆشیی تۆوە کامەران دەبووم، وام بەسەر بهێنیت کە هەرچی مایەی کچێنی و جوانی و شەنگوشۆخیم هەیە، لە ئاگری سەرگەردانی و ڕەنجەڕۆیی و هەناسە ساردی دا، گڕ بگرێ و بسووتێ و لەناوبچێ؟!... چۆن دڵت بڕوایی دا، من بخەیتە ئەم بارەوە و، لەم کۆشکەیشدا بەجێم بهێڵێت، بەتەنیا بناڵێنم، نەکەسێک هەبێ بەزەیی پێمدا بێتەوە، نەکەسێکیش هەبێ بەهاوارمەوە بێت؟!.

برا من چم کردبوو... تا وام بەسەر بهێنیت...؟



ئەو خودایە کە گەورەی هەمووانە، لە دڵدارییەکەم، هیچم دەست نەکەوتوو، ژەهری تاڵ نەبێ. خودا ئاگادارە، هەرگیز لە ژیانمدا، ناپاکیم لەگەڵ تۆ نەکردووە، نەبەدزییەوە، نەبەئاشکرا!... بەسەری خودا سوێندت بۆ دەخۆم، هەرچی تۆ بەبیرتدا دێ لە نەنگی و سەرشۆڕی بەسەرمدا نەهاتووە و داوێنمی پیس نەکردووە!...».

ئیتر هەر ئەوەندە چاوەکانی (سەردار) بەچاوەکانی (زین) کەوتن و ئەو هەست و بیروباوەڕانەی تێدا خوێندنەوە، تەزوویەکی بەزەیی پێداهاتنەوە و، دڵ پێ سووتان هەموو لایەکی لەشی گرتەوە کاری لە کانی دڵی کرد و، هەرچی تووڕەیی و دڵڕەقییەکی تێدابوو لێی کردە دەرەوە، دڵی بۆی سووتا و دەستی کرد بەبەزەیی پێداهاتنەوەی. هەرچییەکی دەربارەی (زین) کردبوو، لێی پەشیمان بووەوە. دڵی بۆی پڕبوو لە داخ. هەرچەندی دەکرد خۆی بۆ نەدەگیرا، بۆی نەگری، لەپڕ پێی گوت:

«بەخودای گەورە سوێندت بۆ دەخۆم، ئەی خوشک! لەگەڵتدا خراپ بووم و زۆرداریم لێ کردیت... ڕاستە بەخودا زۆر و ستەمێکی وام لێ کردوویت کە هیچ پاشگەزبوونەوە و پەشیمان بوونەوەیەک دادی ئەوە نادات، کە خودا لە گوناهم خۆش ببێ!... (زین)! من وام بۆچ بەسەرهات، کە دڵ و جەرگم پێوە نەمێنێ و ئەم دەردی سەرییە بەسەر تۆدا بهێنم؟!... ئەم هەموو باریکی و بنێسیی و کزی و لاوازییەی لە دەموچاو و لەشت دایە بەهۆی زۆرداریی منەوە تووشت بووە؟... زۆرداریی برای خۆت، برا هەناسە ساردە سەرگەردانەکەت؟... ئەی (زین)!... بەخودا سوێندت بۆ دەخۆم، ئاگری پەشیمانی خەریکە دڵم دەخوات... ئازاری خەموخەفەتیش لەتاو کەساسی و شپرزەیی تۆ، خەریکە جەرگم دەبڕێ!... وەرە لامەوە... وەرە لامەوە، ئەی خوشکی نازدار... قسەم بۆ بکە... ئایا ناتوانم، ئیمڕۆ، گوناهی خۆم بسڕمەوە؟!... ئاخۆ پێم ناکرێ. خەریک ببم، ئەو کامەرانی و جوانی و کچێنییەی هەتبوو، جارێکی تر بۆتی بگەڕێنمەوە؟!.

ئاخۆ هێشتا بەبەریەوە نەماوە، کە ئەوانە جێبەجێ بکەم؟!».

هێشتا ئەم قسانە بەتەواوەتی لە دەمی (سەردار) نەهاتبوونە دەرەوە و، بەرگوێی (زین)ی بەسەزمان نەکەوتبوون، کە هەموو تەمەنی خۆی بەهەناسە ساردی و سەرگەردانییەوە ڕابواردبوو، بێ ئەمەی لە کاکییەوە بەزەیی پێداهاتنەوەیەک، یاخود خەمخۆرییەکی هەست پێ کردبێ... کە (زین) بەزەیییەکی زۆری بەخۆیدا هاتەوە و، ئاخوداخێکی زۆر گەورە لە دڵ و دەروونیدا ورووژا و، هەرچی ئازار و هاوارێک لە دڵیدا بوو دەرپەڕی. ئەویش ئەوەندە کز و بێهێز بووبوو، بەرگەی ئەو هەموو خەموخەفەتە بەهێز و

تونودتیژەی نەگرت، لەپڕ دایە قوڵپەی خوێن و لە سنگیەوە وەک شەپۆل تەوژمی دا و ڕژایە ناو دەمیەوە و، لەوێشەوە هەڵقوڵییە سەر زەوی. ئیتر (زین) لە هۆش خۆی چوو و، کەوت و، ئاگای لە هیچ نەما.

کە سەردار ئەوەی دی، بەجارێ شێت بوو. ئاگری پەشیمانی و بەزەیی پێداهاتنەوەیش، کە تازە بەکەڵکی هیچ نەدەهاتن، دەستیان کرد بەبرژاندنی دڵ و جەرگ و هەناوی و هەست بزواندنی. پەشۆکاو هیچ ئاگای لە خۆی نەما. لای خوشکەکەیەوە دانیشت، کە لەناو خوێنەکەی خۆیدا کەوتبوو، لە خۆی دەدا و، وەک ژنیش شین و گریانی دەکرد.

لەو کاتەدا (ستی)ی خوشکیشی گەیشتە کۆشک، هاتبوو بۆ لای (زین)ی خوشکی، دڵی بداتەوە و، لە تەندروستیی بپرسێتەوە، هەر ئەوەندە دەرگای ژوورەکەی کردەوە و چاوی بەو چاوئەندازە سامناکە کەوت، هەموو لەشی گرژبوو و، هۆشی بەخۆی نەما!...

کە (زین)ی دی، بێهۆش کەوتبوو، لەناو شەپۆلێک خوێندا دەگەوزا!... سەرداری برایشی دی، لەلایەوە دانیشتبوو، شین و گریانی بۆ دەکرد!... کە ئەوەی دی، (ستی) چوو بەگژیدا وایزانی کە ئەو تووڕەییەی دوایی سەردار بوو، (زین)ی خوشکی بەکوشت دا، پێی گوت:

«چیت لێقەوماوبوو، هەی زۆردار! بەوە دڵت دانەمرکا، کە ئەم هەموو ئازار و ڕەنج و کوێرەوەرییەت تووشی ئەم کلۆڵی بەسەزمانە کرد، وازت لێ نەهێنا، کە لە ڕێی خۆیەوە بمرێ، کە خۆی لە سەرەمەرگدا بوو، هاتیت کوشتیشت و خوێنیشت ڕژاند؟!...».

(سەردار)یش ئاوڕی لێ دایەوە و، بەدڵ ئازارییەکی واوە وەرامی دایەوە کە ئەوەندەی نەمابوو بیخنکێنێ؛ پێی گوت:

«خوشکێ! بەسیەتی... لەوە زۆرتر ئاگرم تێبەر مەدە!... من نەم کوشتووە... بەڵام لە هۆش خۆی چووە.».

پاشان خوشک و برا هەردووکیان لەملاو لەولای خوشکەکەیانەوە دانیشتن، لە دڵ داخورپاندا برستیان بڕابوو، خەریکبوون بیبوژێننەوە و هۆشی بهێننەوە سەرخۆی. بەڵام هیچ کەڵکێکی نەگرت. چەند ساتێک بەو جۆرە مانەوە... هەچ خزم و کەسوکارێک لەو کۆشکە دابوون، بەسەریاندا دابارین. هیچ ڕێگایەک نەما، نەیگرن، بۆ ئەمەی زیندووی بکەنەوە و بیهێننەوە خۆش خۆی، بەڵام کەڵکی نەبوو!...



## ڕاسپاردن

ڕۆژەکە تەواو بوو، ئێوارە داهات. بەڵام (زین) هەروەک خۆی مایەوە لە ژوورەکەیدا کەوتبوو. نەئاگای لە خۆی بوو، نەهەستی پێ مابوو. سەری لەسەر ڕانی (سەردار)ی برای بوو، کە هەرگیز گریانی نەدەوەستایەوە. کەسوکار و خزمایەتیشیان لەملاو لەولای کۆبووبوونەوە، بەسەرسامی و خەفەتبارییەوە دانیشتبوون. نەیاندەزانی چیی لێهاتووە: ئاخۆ لە هۆش خۆچوونێکی دوورودرێژە، یاخود گیانەڵاییە و، مەرگ لێی نزیک بۆتەوە؟!... کە دەستیان لە دەمارەکانی دەدا و سەرنجیان لە لێدانی دڵی دەدا، تا ماوەیەکی دوورودرێژیش هەروەک پارچە تەختەیەک بووبێ و، هیچ جوڵە و بزووتنەوەیەکی تێدا نەبووبێ وابوو، کەچی دووبارە دڵی دەستی دەکردەوە بەلێدان. بەکزی و سستییەکەوە لەناو سنگیدا بەرزونزم دەبووەوە. ئەوساکە هەرچی لەوێدا بوون دەموچاویان دەگەشایەوە و، لەو ماتییە دەردەچوون. ئنجا چاوەڕوانیی خودایان دەکرد، بەزەییەکی پێدا بێتەوە و، چارەیەکی بکات، چاک ببێتەوە و، گیانی بکاتەوە بەبەردا و هۆشیشی بێتەوە سەرخۆی. لەو کاتەدا کە ئەوان لەو بارەدا بوون، یەکێک لە پیاوەکانی (سەردار)، سەری کرد بەژووردا و بەهەڵەداوان ڕووی کردە (سەردار) و پێی گوت:

«گەورەم! یەکێک لە یاساوڵەکانی بەندیخانە هاتووە پێتان بڵێ کە (مەم) لە گیانەڵاو دایە، خەریکە دەمرێ... فەرمانتان بەچییە؟».

ئیتر هەر ئەوەندە ناوی «مەم» هاتە سەر زمان و دەنگەکەی بڵاوبووەوە بەناو بای ئەو ژوورەدا، کە هەناسە بێدەنگەکانی (زین)ی پێدا دەڕۆیشت، وەک گیان چووە ناو سنگی (زین)ەوە و، لەو خەوە درێژە هۆشیاری کردەوە، تەزوویەک بەناو هەموو لەشیدا هات و، چاوەکانیشی کردەوە، سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد... تەماشای کرد ئەوا تەشتێ خوێن لەبەردەمیدا ڕژاوەتە سەر زەوی. ژوورەکەیشی پڕبووە لە کەسوکار و دۆست و هاوڕێ و ئافرەتانی ناو کۆشک. هەموویان بەڕوویەکی پڕ لە خەموخەفەت و چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە چاویان تێ بڕیوە. تەماشای کرد (سەردار)ی برایشی لە ژوور سەریەوە دانیشتووە، وەک منداڵ دەگری!؟... ئەویش ڕاست بووەوە و، دانیشت و، پاڵی دایەوە و، ڕووی کردە کاکی. لەو کاتەدا دەموچاوی گۆڕابوو. لە دەموچاویدا هەست و تاسە و تەزووی ناکاو و سەیری دەردەکەوت. پێی گوت:

«سەردار! تۆ لە ڕۆژی ئاهەنگ و بەزمی بووکێنیی مندا دەگریت؟!...

ڕەوایە لەو کاتەدا کە تۆ بوویتە هۆی کامەرانیی من، من ببمە هۆی شین و گریانی تۆ؟!... گەورەی خۆم! هەر لەمڕۆوە، گیانم شادبووە بەو کامەرانییەی کە بەدرێژاییی تەمەنم چاوەڕوانیم کردووە و، لە کانگای دڵمەوە بەئاواتیەوە بووم. کاتێکیش گیانم توانیی بفڕێتە لای ئەو کامەرانییە کە تۆ ڕێگەت دا و، دڵخۆشییشت بۆ نواند و، دەستی خۆشەویستیت بۆ درێژکرد... لەم ڕۆژەدا لە گەشتە درێژەکەم بوومەوە، کە بەناو ئەم دەشتە کاکی بەکاکییەی لەناوچوونەدا کردوومە. لە بڕینی ئەو ڕێگایەدا زۆربەی پەلوپۆکان و ئەندامەکانم پەکیان کەوتووە و، وشک بوون. لە کاتی ڕۆیشتندا، شەپۆڵ و گێژەڵووکەی وا توندوتیژم تووش بوو، ئەوەندەی نەمابوو، لەناوم ببەن!... ئێستایش کە گەیشتوومەتە کەنار، پێویستە هەندێ بوەستم، تا پشوویەک بدەم. پێویستە هەندێکیش لێرەدا بوەستم تا دەست دەکەمەوە بەڕۆیشتن بەرەو ڕێگای زیندوویێتی، کە چاوەڕوانیم دەکات؛ بۆ ئەمەی ماڵئاواییتان لێ بکەم و چاوپۆشینتان لێ بخوازم و ڕاسپاردەکەی خۆیشمتان پێ بڵێم!».

پاشان پاڵی دایەوە و سەری دانا لەسەر سەرینێک کە لە پشتیەوە بوو. ئەوانەیش کە لەوێدا بوون، دەموچاویان هەموو گۆڕا و، شێوەی خەفەت و دڵشکاویی تێکەوت، ماتی و بێدەنگی شوێنەکەی داگیرکرد، «زین»یش هەروەک لە خەوێکدا بێ، دەستی کرد بەگفتوگۆکردن لەگەڵ کاکیدا... پێی گوت:

«ئەی برای دڵ و گیانم!... خەفەت مەدە بەخۆت!... بۆمن مەگری! سەد خوشکی وەک (زین) لەبەرت مرێ! خەفەت مەخۆ! چونکە لەو کاتەوە کە (مەم)م هەڵبژاردووە، ببێتە هاوڕێی گیانیم، ئەم ئاواز و دەردانەم بەدڵێکی خۆشەوە وەرگرتووە!... ئەوەیشم پێ خۆش بووە، کە لە پێناوی ئەودا و لەبەر دڵی ئەو، هەموو خەفەت و سزایەکی ڕۆژگار هەڵبگرم!... بام خەموخەفەت و هەناسە ساردی بۆ من بێ و، دەسەڵات و کامەرانییش بۆ تۆ بێ.

«سەرداری خۆم! لە بەشی ئیمڕۆمدا، دەستکاری مەکە!. چونکە ئەوە هەر بەشی خۆمە و، منیش بەو بەشە دڵخۆشم!. گەورەی خۆم! تۆ بگەڕێرەوە بۆ تەختی دەسەڵاتداریی خۆت و لەسەری دابنیشە. شا کڵاوەکەیشت کە بەدوڕ داڕێژراوە بەلاری دایبنێ لەسەر ناوچەوانت. لەملاو لەولای خۆتەوە، کۆڕی بەزموڕەزم دامەزرێنە. بام لەناو ڕازاوەییی ئەو کۆڕانەدا، خۆشی و شادمانیی ڕۆژگار پێک بێ. ئاغا و نۆکەر بەمەیی دەست بڵاویت سەرخۆش بکە. بام لاوێنیی بەزموڕەزمیش لەناو پیرەکانی هاوکۆڕتدا زیندووببێتەوە. هەرچی خواردن و خواردنەوەیەک ناوازە و خۆشە، لەسەر خوانەکەت بیانڕازێنەرەوە. هەرچی بابەتێکی خۆش ڕابواردنیش هەیە لەملاو لەولایدا ئامادەی بکە.



«هەر جۆرە گوڵاو و شتێکی بۆنخۆشیش هەیە لەو ناوەدا بڵاوی بکەرەوە... هەر دۆست و هاوڕێ و قسەخۆشێکیش هەیە کۆیان بکەرەوە. بام هەموو جۆرە بەزموڕەزمێک لەناویاندا بکرێ. بام گوڵ و نەمامانیش بەسەرسەریانەوە لاربنەوە.»

«گەورەم! لەم ڕۆژەدا، گیانی هەردووکمان بەیەکگەیشتووە و یەکتریی تەواوکردووە... پەیوەندیی گیانلەبەرانە و، بابەتی نەمان، لەناوماندا نەماوە... هەر پەردە و دیوارێکیش لە ناوەند هەردووکماندا دانرابوو، هەڵگیراوە...

«بەڵێ، ئەمە ڕاستە، کە پاش تاوێک، ئەو لەشەم دەچێتە گڵەوە، بەڵام هیچ هێزێک نییە بتوانێ گیانم لە کامەرانی و پێک گەیشتنی خۆی بەربەست بکات...»

«سەرداری خۆم! لەبیرت نەچێ کە ئاهەنگەکەمان بەتەواوەتی بۆ بکەیت چونکە هەرچەندە هەردووکمان دەبین بەگیان، بەڵام هێشتا هەر خۆشیمان دەوێ... حەزیش لە بابەتی خۆش ڕابواردن و بەزموڕەزم دەکەین ئایا لەبیرتە کە ئەو ئاهەنگە خۆشەت گێڕا بۆ خوشکەکەم و هاوسەرەکەی، شارەکە چۆن بووبوو بەچراخان و، پڕبووبوو لە خۆشی و شادمانی؟ منیش ئەی برا، هیوا لە تۆ وا دەکەم، کە لە ڕۆژی بووکێنیی منیشدا ئاهەنگی وا خۆش و پڕ لە شادیم بۆ بگێڕی!.»

«فەرمان بدە دانیشتوانی (جزیر)، هەموویان سواری ئەسپی بەزم و شادی بن. بەپیاوەکانت و سەربازەکانیشت بڵێ: دەست بکەن بەشایی و ئاهەنگگێڕان. بام تەزووی خۆشی و دڵشادی بەهەموو دڵێکدا بێتەوە. بام جارێکی تریش کۆڕەکان و بازاڕ و کۆڵانەکان بڕازێنرێنەوە.

«کاکی خۆم!... بەدەمیەوە نەماوە. بام هەر لە ئێستاوە دەست بکەیت بەچاکەکردن لەگەڵمدا و، فەرمان بدەیت بەپەیداکردنی جیازی و ئامادەکردنی کەلوپەل. پێویستە هەر لە ئێستاوە جێبەجێ بکرێ، تا پێم بگات.

«لەبیرتە، گەورەم، کە ئەو تەختەی (ستی)ی لەسەر دانرابوو، چەند جوان و ڕازاوە و پرشنگداربوو؟... من پێویستیم بەتەختە گۆڕ (تابووت)ێک هەیە کە وەک ئەو تەختەی جوان و شەنگوشۆخ و بریسکەدار بێ...دەمەوێ لە چاکترین جۆری داری ئەبەنووس دروست بکرێ. ئەبەنووسەکەیشی پڕ لە نەخش و نیگار بێ... بام سەرپۆشەکەیشی وەک خۆی جوان و شەنگوشۆخ بێ... بەنەخش و نیگاری زێڕ و زیو ڕازابێتەوە... بام هەرچی ڕووکەشێکی ئاهەنگ و زەماوەندەکەیش هەیە، کە بۆی دەکرێ، شەنگوشۆخ و ڕازاوج بن. تکات لێ دەکەم، براگیان، هەروەک پێت دەڵێم ئەمانەم بۆ جێبەجێ بکەیت. نەهێڵی لە ڕۆژی

شادمانیمدا بەسووکی بنوێنم، نەهێڵی کە هاتنە سەر گۆڕەکەم، کەس بەداخەوە بڵێ: ئاهەنگی بووکێنیی (ستی) چەند خۆش و پڕ لە شادمانی بوو، بەختی (زین)یش چۆن هەر ڕەش بوو، لە سەرەتای ژینییەوە.»

«ئنجا گەورەم، ڕێ بدە بە (ستی)ی خوشکم، ئەو بمشوا و ئەو بمڕازێنێتەوە. ڕێی بدە لەگەڵ تەرمەکەیشمدا بێ تا لە گۆڕدا دەمنێژن. بەڵام (مەم)، بام برا دڵسۆزە چاکەدەرەوەکەی خۆی، کە (تاژدین)ە، چۆن ئارەزوو دەکات بیشوا و لەگەڵ تەرمەکەیدا بڕوات تا دەیخاتە گۆڕەوە».

پاش ئەوە، هەندێک بێدەنگ بوو. وەک بیەوێ پشوو بدات وابوو، ئنجا دەستی کردەوە بەقسەکردن، گوتی:

«ئنجا کە ئەوە تەواوبوو، چاکەکەت تەواوکە، گەورەم. تا ساڵێک تێدەپەڕێ، سکی برسی تێر بکە و، لەشی ڕووت پۆشتە بکەرەوە. هەژار و داماو و بێ دەرەتانەکان لای خۆت کۆبکەرەوە، تا دەوڵەمەندیان بکەیت و چاکەیان لەگەڵدا بکەیت. بگەڕێ بەشوێن هەناسە ساردەکان و سەرگەردانەکاندا بۆ ئەمەی دڵخۆشییان بدەیتەوە و، شادیان بکەیت.

«کاکە گیان! فرمێسکی هەناسە ساردان، بەچاکە لەگەڵ کردنیان وشک بکەرەوە. دڵی دڵشکاوانیش، ببوژێنەرەوە. دیل و بەندییەکان، لە بەندیخانە، بەرەڵڵا بکە. زۆرلێکراو و بێچارەکان لە دەست زۆرداری ڕزگار بکە. بەبەخشین و دەست بڵاویی خۆت، ڕۆشنایی بخەرە ناو دەروونی تاریکەوە، بەچاکە و پیاوەتیی خۆت دڵی دڵشکاوان بخەرە خۆشییەوە. بەگەشی و ڕووخۆشیی خۆت خەم لە دڵی خەمباران بهاوێژە دەرەوە. خۆت نزیک بخەرەوە لەسەرگەردان و لێقەوماوان، بۆ ئەمەی دڵیان بدەیتەوە.

ئەوانیش بهێنەرە ناو کۆڕی خۆتەوە و لە بەزم و ئاهەنگی خۆتدا بەشداریان بکە، تا خەم و تەم لە دڵیان بڕەوێنیتەوە. لە شەواندا بگەڕێ بەدوای بێ خەواندا، ئەوانەی لە تاریکاییدا دەگرین، کە ڕۆژیش بووەوە بگەڕێ بەدوای ئەوانەدا کە گێژ و وێژ دەسووڕێنەوە، بەچۆڵەوانیدا، ئەوانەی لەگەڵ خەم و ئازاریاندا، داویانەتە کێو و کەژ و جیا؛ ئنجا چارەی دەردیان بکە و، دەرمانی برینی دڵیان بکە، تا دەیشتوانی و دەستت دەڕوات، بەتەنگیانەوە بەو، خەمخۆرییان لەگەڵ بکە:

«ئەوەیشت لەبیر نەچێ، گەورەم، کە ئەمانە هەموو لەبەر دڵی من دەکەی. لە سەر پارەی جیازییەکەیشم دەیکەیت. نەکەیت قسەکانم وەربگێڕێتە سەر ڕاستیی و ئەندێشە. ئەمانە هەموو ئاوات و نیاز و ئارەزووی منن، تکایە یەک بەیەک هەموویان بەجێ بهێنیت...



«هەروەها، تکایشت لێ دەکەم، کە ئەمانەت هەموو جێبەجێکرد، دوا دێری ڕاسپاردە نامە (وصیە)کەیشم جێبەجێ بکەیت... ئەویش ئەوەتا کە لەناو گۆڕدا، هیچ پەردە و دیوارێک نەخەیتە ناوەند من و مەمەوە...

«بهێڵە، کاکی خۆم، لەوێدا، لەیەک گۆڕدا، باوەش بکەینە یەک. تاپێکەوە کامەران و دڵخۆش ببین. بام لاشەکانمان پێکەوە بنووسێن، کە بەش بڕاوی و ڕەنجەڕۆیی سووتاندنی و، دووری و، ئارەزووی پێکگەیشتن تواندنیەوە.

«گەورەی خۆم! درێژەم زۆر دا بەقسە... بەڵام بیانووەکەم ئەوەیە کە ئەو ڕێگایەی لەبەردەمم دایە و درێژە و، گۆڕەکەیشم - لە تۆ بەدووربێ - یەجگار قووڵە، ڕۆژی جیابوونەوەیش نزیکە!».

ئیتر لێرەدا، خەفەت و ترسولەرزی مردنی (زین)، هەموو گوێگرانی ناو ئەو ژوورەی خستبووە سەرسامی و گێژ و وێژی و دڵتەنگییەوە. لە هەموو لایەکەوە دەنگی شین و گریان بەرزبووەوە. هیچ چاوێک نەما لەوێدا کە بەلێشاو فرمێسک هەڵنەڕێژێ. ئنجا سەردار لێی نزیکبووەوە و نووساندی بەخۆیەوە، سەری ماچکرد و پێی گوت:

«بەخودای گەورە سوێندت بۆ دەخۆم، ئەی خوشکی نازدار، من کە ئەو برایەتم و زۆرداریم لەگەڵدا کردیت و، هیچ بەزەییەکم پێتدا نەهاتەوە، هەرچییەکم لە دەست بێت دەیکەم، هەر بۆ ئەمەی گوناهی خۆم بسڕمەوە... تەنانەت گیانی خۆیشم بەخت دەکەم، لە پێناو کۆکردنەوەی ئێوە و کامەرانیتاندا. بەسەری خودایش سوێند دەخۆم کە ئیتر ماوە نادەم، هیچ شتێک ئێوە لە یەک بکات، نە لە ژیانتاندا، نە لەپاش ژیانتان».

پاش ئەوە، (مەم)ی بیرکەوتەوە، کە لە زینداندا لە چ سەرگەردانییەک دایە. فرمێسکەکانی خۆی وشک کردەوە و، ڕووی کردە ئەوانەی لەوێدا بوون، گوتی:

«پێویستە هەر ئێستا، بەگورجی خۆتان بگەیێننە (مەم) لە زینداندا. بەڵام (زین)یش لەگەڵ خۆتاندا ببەنە ئەوێ. چونکە من لەو بڕوایە دام کە هێشتا ماوە و نەمردووە، ڕەنگە هەر لە هۆش خۆچوونێک، یاخود لە ئێش و ئازارێکدا بێ و پێی گەیشتبێ. بێگومان، کە ڕووخۆشیتان لەگەڵ نواند و بەشێنەیی مۆژدەتان دایە و، بەشیرینی لەو زیندانە دەرتان هێنایە دەرەوە، دەبووژێتەوە و، هۆشی دێتەوە بەرخۆی و، ئێش و ئازارەکەیشی لێ لادەچێ».

## پێک گەیشتنی دوایی

ئەو شەوە «زین» خراپتری لێهات لە جاران، ئەو لەسەرخۆ چوونە درێژەی تووشی هات و، ئەو هەمـوو خوێنەی لە سنگی هاتە دەرەوە، کـارێکی گەورەیان لە لەشی کرد، کـە هەر بەجارێک بڕستی بڕا. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا کە بیستی سەردار فەرمانی دا (مەم) بەڕەڵڵا بکرێ و، هەمـوو ئەوانەی لەوێ بوون بچنە لای تا دەری بهـێنن لەو زیندانەی تێـیـدایە، هەسـتـایە سـەرپێ و جلوبەرگی خـۆی ڕێکوپێک کـرد و، خـۆی ڕازاندەوە. پاشـان سـواری ئەسپێک بوو لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا، بەو شەوە چووە دەرەوە بۆ سەر زیندانەکەی (مەم)... (سـتی)ی خـوشکیـشی و هەندێ لە کـەسـوکـارانیش، لەگـەڵ چەند کـەنیـزەک و دەسوپێـوەندێکدا لەگـەڵیدا بوون. هەمـوویان چرایان گـرت بەدەستـەوە، ڕێگایان بۆ ڕۆشن بکاتەوە... کە گەیشتنە دەرگای بەندیخانە داخراوەکە، پاسەوانەکە دەرگاکەی بۆ کردنەوە... یەک لە دوای یەک، بەمـاتی و سـەرسامـیـیـەکـەوە، چوونە ژوورەوە، هەتا گـەیشـتـنە ئەو پلیکانانەی کە دەڕۆنە خوارەوە بۆ جێگاکەی «مەم»، پێیدا هاتنە خوارەوە. مۆمەکانیش هەربەدەسـتـیـانەوە بوو، تاریکـیـیـەکـەی لێ دەکـشـاندنەوە. بێـدەنگی و ترس و لەرز هەموویانی داگیر کردبوو. دەنگی هیچ نەدەهات، هی ئەو پێیانە نەبێ کە بەپلیکانەکاندا دەهاتنە خـوارەوە. پاشـان گـەیشـتـنە جێگاکەی (مـەم). هەروەکـو ئەشکەوتێکیـان دەهاتە پێش چاو، کە کشومـات بێ و چۆڵەوانییـەکی وایش بێ، کـە هیچ دەنگێکی لێـوە نەیێ. چاویان گێڕا بەناو زەویی جێگاکەدا. کە سەرنجیان دا ئەوا (مەم) لەسەر پارچە بەڕەیەی شڕوپڕی ڕزیو پاڵ کـەوتـووە، وا دەردەکـەوت کـە ئەوەی بۆ نوێژ لەسـەرکـردن دانابـوو. هیچ هەست و بزووت و گـیـانێکیـان تێـدا نەدی. وای دابووە باریکی و بنێـسـی، تەنانەت ئێـسکەکـانیـشی لەڕولاواز بووبوون، سـەر و شـێـوە و دەمـوچاویشی هەمـوو چرچولۆچی تێکەوتبـوو. وا گـۆڕابـوو، هەر لەو «مـەم»ەیشی نەدەکـرد کـە لەوە پێش دیبـوویان و دەیانناسی، هەموو لەشی بووبووە چەند ئێسکێکی لەڕولاوازی دەرپەڕیو، کە پێـسـتێکی چرچولۆچی بەسەردا کشابوو!.

ئەوانیش ڕوویان کردە یاساوڵە تایبەتییەکەی «مەم» و کەینەوبەینەی مەمیان لێپرسی. ئەویش وەرامی وا دانەوە، کـە لەو ساوە ناشتـای بەرەبەیانی بۆ هێناوە بەو ڕەنگەی دیوە، نەیشی زانیـوە کە بۆچ وای لێهـاتووە. ئەوەندە هەیە کە هەندێ لە بەندییـەکانی دراوسێی بۆیان گـێـڕاوەتەوە، کـە لە پێش بەرەبەیاندا شـتی سـەیر سـەیری لێ ڕوو دەدا، لە پێش ڕۆژبوونەوەیشدا ڕووناکییەکی گەورەیان دی لە زیندانەکەیدا، پڕشنگی دەدا!!.



هەرچەندیان کـرد، نە فـڕوفـێـڵ کـردن، نە دەرخـوارددانی دەرمـانی وریاکـردنەوەی نەدا و دەرمانی تر، بەکاری نەهات، هۆشیاری بکاتەوە. هێشتا بۆیان دەرنەکەوت، کە ئاخۆ ئەو کەوتنەی، کەوتنی لە هۆش خۆچوون بێ، یان کەوتنی مەرگ. لەو کاتەدا (زین) گەیشتە نزیکەوە و هاتە پێشەوە بۆ لای. بەڵام لەوە پێش لە دوورەوە وەستابوو، نەوەک لەپڕ چاوی پێ بکەوێ و گەشکەدار ببێ و بمرێ. ئەمـجـارە هاتە بەردەمی بۆ ئەمـەی قـسـەی لەگـەڵ بکات... بەڵام کە بەو جۆرە چاوی پێکەوت، خۆی پێ نەگیرا ڕاوەستێ لە جێی خۆی، خۆی دا بەسـەریدا و بەترس و لەرزێکی گـەورەوە ناوی هێنا و، فـرمـێـسـک وەک باران لە چاوەکانیەوە دەڕژایە خوارەوە.

لەو کاتەدا... (مەم) هۆشی هاتەوە سەر خۆی... چاوەکانی کردەوە... لە شێوەیەکی سارد و سـسـتـدا، دەیگێـڕان بەناو ئەوانەدا کـە لەمـلاو لەولایدا کـۆبووبوونەوە... ئەوەیان دەردەخست، کە تازە کار لە کار ترازابوو، مەبەستیش لە دەست چووبوو!...

ئنجا خۆی کێشایەوە تینی دایە خۆی دابنیشێ... پاشان ڕووی کردە پەرستگا (قِبْلَة) و، بێ ئەمـەی قـسـە لەگـەڵ کـەسێکدا بکات، لەپەو ڕوو نوشتـایەوە سـەر زەوی!. ئەوانەی لەوێشـدا بوون، بەخـەفـەت و سزایەکـەوە، بەکـشی و مـاتیـیـەکـەوە، چاویان تێ بڕیبـوو، سەیریان دەکرد!...

پاش تـاوێک سـەری بەرزکـردەوە... ئنجـا ڕووی وەرگـێـڕا بۆ (زین)و بەگـێـژ و وێژی و بێـدەنگییـەکـەوە تێی وردبووەوە... لەپڕ هیـوایەک کـەوتە دڵی ئەوانەوە کە لەوێدا بوون... چونکە «مەم» دەسـتی کـرد بەقـسـەکـردن!... بەدەنگێکی نزمی ئەسـپـاییی پچڕپچڕەوە بە (زین)ی گوت، چاوەکانیشی بە پەشۆکاوییەکەوە سەیری دەموچاوی (زین)یان دەکرد:

«تۆ چاکترین ڕابەری من بوویت...»

(زین)یش گوتی: «تۆیش چاکترین هاودەمی من بوویت...».

(مەم) گوتی: «تۆ چاکترین ڕێ پێشاندەری دڵمیت...».

(زین)یش گوتی: «تۆیش چاکترین چرای گیانمیت...».

(مەم) گوتی: تۆ ڕووناکیی دڵمیت...».

(زین)یش گوتی: تۆ بیبیلەی چاوەکانمیت...».

(مەم) پێی گوت: «تۆ خونکاری گیانمیت...».

(زین)یش پێی گوت: «تۆ پەرستگای دەروونمیت...».

لێرەدا ئەوانەی گوێیان لە گفتوگۆی هەردوکیان بوو، بۆیان دەرکەوت کە «مەم» هۆشی بەخۆی نەماوە، ئاگای لەخۆی نییە... لەبەرئەوە (ستی) لێی نزیک بووەوە و قسەکانی پێ بری، پێی گوت:

«ئەی (مەم)! ئێمە بۆیەکا هاتووینەتە ئێرە کە لەم زیندانە رزگارت بکەین، بۆ ئەوە نەهاتووین کە لە گێژ و وێژی و شێتیی تۆ سەرنج بدەین! ئەو (سەردار)ەی، لە تۆ تووڕە بووبوو، ئیمڕۆ دڵی بۆت نەرم بووە و، بەزەیی پێتدا هاتۆتەوە. ئەویش ئێمەی بۆیەکا ناردۆتە ئێرە کە لە زیندانت دەربهێنین و، بەکامی خۆت بگەیێنین. ئەو (زین)ەی کە بۆی شێت بوویت، بەپێی خۆی هاتۆتە لات، وا لەبەردەمت دایە، وەک ئاواتت بۆ خواستووە... ئەو کەسەی ئاواتت بۆ دەخواست و، هەر بەپەژارەی پێک گەیشتنیەوە بوویت، تا لاوێنیی خۆتت لەناوبرد، وا هاتۆتە لات. ئیمڕۆ هەموو کەسێک لە خۆشی و شادمانی دایە، بەبۆنەی رزگاربوونی تۆوە لە زیندان، لە دەرەوە چاوەڕوانن بێیتە دەرەوە، تا بەپیرتەوە بێن و پیرۆزباییت لێ بکەن... کەواتە هەستە... هەستە ئەی (مەم)! ئیتر لەم پەژارەیەدا مەمێنەرەوە، بام شێت نەبیت!؛ خۆت بەخۆڕایی مەخەرە گێژاوی ئەم ئارەزووی پێک گەیشتنەوە، بام لەناویدا نوقم نەبیت!... مەهێڵە ئەو چەند رۆژەی ماوتە لە جیهاندا، بەم شێتییەوە بەسەری ببەیت!. گیانی خۆت بەفیرۆ بەخت مەکە. وا کامەرانیی لێت نزیک بۆتەوە!. خەریک بە هۆشی خۆت بهێنەرەوە سەر خۆت، کە دەمێکە بەگژیدا دەچیت!... ئەم شێتییەش لە کەللەی خۆت دەربکە، کە دەمێکە هۆگری بوویت!...

«هەستە بام پێکەوە بچینە لای سەردار... چاوت پێ دەکەوێ: ئیمڕۆ چاکە و پیاوەتیت لەگەڵدا دەکات. لەبەر دڵی تۆ، هەموو بابەتێکی دڵخۆش بوون و بەزمورەزمی ئامادە کردووە. هەرچی دۆست و خۆشەویستان هەیە بۆتی کۆکردۆتەوە لەناو کۆشکەکەیدا، هەموو بابەتێکی خۆش رابواردن و کامەرانیی رازاندۆتەوە. چاوەڕوانی هاتنتە بچیتە لای، تا (زین)ت پێشکەش بکات و لێتی پیرۆز بکات. بۆ بووک و زاوایەتییشتان ئاهەنگ و زەماوەند بگێڕێ».

(مەم)یش کەمێک چاوەکانی خۆی کردەوە... وەک هەندێک هاتبێتەوە سەرخۆی وابوو. بەملاو بەولای خۆیدا ئاوڕی دەدایەوە. ئنجا بە (ستی)ی گوت:

«نەء... من نامەوێ بچمە لای هیچ سەردارێک... لەبەر دەرگای هیچ کاربەدەست و دادگەرێکیشدا ناوەستم. هەرگیز نایشبمە نۆکەری هیچ بەندە و دیلێک!... ئەو سەردارە کێیە، کە ژیانی خۆی بەدەست خۆی نییە و، ناتوانێ مەرگ لە خۆی دووربخاتەوە، یان



تەختی خونکارییەکەی تاسەر بپارێزێ؟!... من چاو و راو و درۆزنی کارم تێ ناکات!... بریسک و هووڕی ئەندێشەی دەمدەمییش گەشکەدارم ناکات!...[1]

«ئێمە تازە گەیشتووینەتە بەر دەرگای گەورەی هەموو بەندە و ئاغاکانی، لە کۆشکی خونکاری هەموو سەرداران و کاربەدەستانیشدا پێشوازی کراوین. خودا ئەو خونکارەیە کە لە کۆڕی دادپەروەریدا، دەوڵەمەند و هەژار و، شا و گاوان، لە یەکتری جوێ ناکاتەوە. خودا گەورەی دڵی شکا و و، دەروونی بریندارە. بەدەستی گەورەیی خۆی (من) و (زین)ی لە یەکتر مارە کردووە. ئاهەنگی شادمانیی ئێمەیشی لە کۆشکی پیرۆزی خۆیدا دامەزراندووە. خودا نەکات ئیتر ئێمە بێینەوە خوارێ بۆ ناو زنجی لەناوچوون. یان جارێکی تر رووبکەینەوە دیل و بەندەکان. خودا نەکات، ئاهەنگی بووک و زاواییمان بگێڕین لە هیچ جێگایەکدا، تەنیا لەو کۆشکە پیرۆزەی خودایەدا نەبێ نایگێڕین...

«خودا نەکات بەو رۆژەی کەس (من) و (زین) بەیەک بگەیێنێ، لەسەر دەستی سەرداری دڵ و دروستکەری گیانماندا نەبێ، ئەو پێک گەیشتنە پەسند ناکەین... ئەوەتا بەهەشتەکەی خۆی بۆ ئێمە رازاندۆتەوە. کوڕ و کەنیزەکی لەوێدا بۆ کۆکردووینەتەوە. لە هەموو سووچێکیدا بابەتی رابواردن و کامەرانیشی بۆ ئامادەکردووین. هەر تاوێک لەمەوپێش ناردیان بەشوێنماندا... بەخودا سوێند دەخۆم، کە ئەوان ئێستا چاوەڕوانیمان دەکەن. خۆیشیان ئامادە کردووە کە پێشوازیمان بکەن... پەیمانی هەرە گەورەی هەردووکمان لەوێدا جێبەجێ دەبێ... هەر لەوێیش دایە، کە یەزدانی گەورە. بەدەستی دادپەروەرانەی خۆی، جامی کامەرانیمان پێ دەبەخشێ و، لەژێر سێبەری بەزەیی پێداهاتنەوەیشیدا، دڵدارییەکەمان لێ پیرۆز دەکات و، هەردووکیشمان بەبینینی رووی خۆی شادمان و کامەران دەکات.

«خودای گەورە، لەوێدا، هەرچیمان چێشتووە لە دەرد و خەفەت و ئازاری جیهان، لەبیرمانی دەباتەوە. فرمێسکی شین و گریان لە رووومان دەسڕێتەوە. دڵی شکاومان چاک دەکاتەوە. سەرگەردانی و هەناسە ساردیمان لەسەر هەڵدەگرێ. هەروەها دەیشمانخاتە باوەشی خۆشەویستی و بەزەیی پێداهاتنەوەی خۆیەوە.

«ئای خۆزگەم بەو رۆژە!... خۆزگەم بەو رۆژە، گەورەی سەرداران!».

لێرەدا «مەم» بێدەنگ بوو و چاوی لێکنا... هەروەک باڵدارێکی شپرزەی بچووک، کە

(١) دەمدەمی: کاتیی (مؤقت).

هەر لەناو کولانەکەیدا پەڕ و باڵی خۆی بدات بەیەکدا و، بەپەشۆکاوی، خۆی بدات لەملا و لەولای کولانەکەی خۆی، ئنجا کە یەکێک دەستێک درێژ بکات و دەرگای کولانەکەی بۆ بکاتەوە، دەم و دەست بفڕێ و خۆی لەو کولانەیە دەرباز بکات، هەر بەو چەشنە، گیانی (مەم)یش، لەو کولانە گەورەیەی لەشی، کە چەندان ساڵ بوو، لەناویدا هاواری دەکرد و دەینالآند، زووبەزوو دەرباز بوو و، فڕی بۆ بەهەشتی خۆی... هەروەک هیچ ڕووی نەدابێ وابوو!... ئیتر ئەو زیندانە، بوو بەجێی شین و شەپۆڕ و گریان. دەنگی گریان و شینی هەمووان دەگەیشتە ئاسمان. هەر ئەودەمە کەینەوبەینەی مەرگی (مەم) بەناو هەموو شاری (جزیر)دا بڵاوبووەوە، ئەمەیش لەوەوە بوو، کە هەندێ لە یاساوڵەکان گورج خۆیان گەیاندە (سەردار) و لەو کارەساتە ناخۆشە ئاگاداریان کرد. وایان گێڕایەوە، کە هیچ خانوویەک نەمایەوە لە (جزیر)دا شین و شەپۆڕی تێنەکەوێ. دانیشتوانی شارەکە تا بەیانی بەوداخەوە تلانەوە. (تاژدین)یش لەناو ئەو کارەساتە ناخۆشە، وەک شێتی لێهات. بەهەڵەداوان چووە دەرەوە و، لەو شەوە تاریکەدا خۆی گەیاندە بەندیخانەکە،، تا لاشەی دۆستە خۆشەویستەکەی خۆی ببینێ، کە لەو زیندانەدا گیانی بەخاک دەسپارد. لەو کاتەدا کە دەڕۆیشت بەڕێگادا، (بەکر)ی چاوپێکەوت، کە لەناو کۆمەڵێک مرۆڤدا بوو، لە نزیک کۆشکەکەی (سەردار)ەوە... وەک تیر هەڵی کوتایە سەری. هەردوو دەستی نایە بیناقاقای بیخنکێنێ. دەیقیژاند بەسەریدا. داخی دڵی خۆی پێ دەڕشت. دەمارەکانی هەڵسابوون، لەقیندا، چاوەکانی ئاگریان لێ دەبووەوە. بەسەریدا نەڕاندی و گوتی: «ئەی گورگی لە پێستی مەڕدا!. ئەی جنۆکەی لە بەرگی مرۆڤدا!... ئەی ئەو مارەی، لەوەتی هەیت، زمانت بەئاگری ئاژاوە نانەوە و،ماڵوێران کردنەوە نەبێ، نەکراوەتەوە!... بوویتە دەروازەی پۆڵاییی داخراو و، کەوتیتە ناوەند ئەو دوو دڵدارە بەسەزمانە بێگوناهانەوە داغێکی گەورەت نا بەسەر برینی خوێناویی هەردووکیانەوە، دڵی هەردووکیانت بەشبراوکرد لە کامەرانیی جیهانیی خۆیان، منیشت بێبەش هێشتەوە لە بیبلەی چاوم، کە دڵ و چاوم پێوە ڕاهاتبوون!...

«ئەی سەگی دڕ! تازە تۆ بۆچ بمێنیتەوە لەسەر زەویدا کە کارێکی وات کرد، دۆستە براکەمت خستە ناویەوە؟».

پاشان بەهەردوو دەستی گرتی و بەرزی کردەوە بۆ ژوور تەوقەسەری خۆی، ئنجا توند دای بەزەویدا، تا مێشکی پژا. ئیتر هەر ئەوەندە بوو، (بەکر) مرد و ڕاست نەبووەوە!...

(تاژدین)، «بەکر»ی لەوێدا فڕێ دا و، دەستی کردەوە بەڕۆیشتن تا گەیشتە بەر دەرکی



بەندیخانەکە. لە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانەدا، خۆی فڕێ دایە ناو ئەو کۆمەڵە کەسانەوە کە لەوێدا کۆبووبوونەوە... بێ ئەمەی تەماشای کەسێک بکات، دڕی بەهەموویان دا، تا گەیشتە سەر لاشەی (مەم)ی دۆستە برای کە وەک خۆی لەوێدا کەوتبوو. پێخەفەکەی لەسەر ڕووی لابرد و خۆی دا بەسەریدا، وەک منداڵێکی بچووک کە خۆی دەهاوێژێتە باوەشی دایکیەوە، بەڵام ئەو دایکەی کە نەهەستی تێدا مابوو، نەگیان. تا توانی گریا بەسەریدا!... تا توانی شینی بۆ کرد!... پاشان گەڕایەوە، بەڵام دەمارەکانی خراپتر توند بووبوون. چاوەکانی وا سوور بووبوون پیاویان دەترساند... هەر شتێکی دەهاتە بەردەم بەچاوێکی شۆڕشگێڕانەوە سەیری دەکرد!... هەر کەسێکی دەدی، وای دەزانی ئەوە کە «مەم»ی لەناوبردووە!... ئنجا ڕووی کردە ئەو یاساوڵانەی لەوێدا وەستابوون خۆیشی لەبەر دەرکی زیندانەکە وەستابوو، ئاگر لە چاوی دەباری، نەڕاندی بەسەریاندا و پێی گوتن:

«نارەسەنینە، ئێوە کوشتتان!... ئەی ئێوە نەتانکوشتووە؟ وا نییە؟!. بەڵام... بەڵام تۆڵەی دەکەمەوە... تۆڵەی لە ئێوە دەکەمەوە... هەی نارەسەنینە!.».

پاشان دەستی کرد بەهەژاندنی دەرگای زیندانەکە و قیژاندی گوتی: «هەر ئیمڕۆ ئەم بەندیخانەیە تێکومەکان دەدەم!... دەیڕووخێنم!. دەیکەم بەگۆڕ بۆ (سەردار)ەی کە دروستی کردووە!... لە کوێیت تۆ (سەردار)؟. نەء. تۆ سەردار نیت. تۆ ئەو ترسنۆکەیت کە منت چەواشە کرد و، دۆستە براکەمت بەکوشت دا. تۆ ئەگەر ئازایت وەرە بەردەمم، تا تۆڵەی (مەم)ت لێ بکەمەوە. نەء. تۆ مەیە. «من دێمە کۆشکەکەت، تا لەوێدا لەتوپەتت بکەم!...».

زۆری پێنەچوو، ئەم قسە ئاگرینانەی، کە لەتاو گڕی دەروونی خۆی دەیکرد و هەر لە ورێنەی دەکرد، کە بەدەم گرانەتاوە دەکرێت، وای لە (تاژدین) کرد، خەریک بوو شێت ببێ. لەوانەبوو، هەر کەسێکی بەرچاو بکەوتایە، وا بهاتایە پێش چاوی کە ئەو (مەم)ی دۆستی کوشتووە، پەلاماری بدایە و، لە تۆڵەی (مەم)دا بیکوشتایەوە. بەڵام باش بوو، سەردار بەوەی زانی، فەرمانی دا گرتیان و بەستیانەوە و لە جێگایەکدا بەندیان کرد، تا ڕۆژی دوایی. بەم ڕەنگە ئەو شەوە بەترسولەرز و ئازار و ناخۆشییەکی زۆرەوە ڕابورد، بەسەر دانیشتوانی شاری (جزیر)دا... (تاژدین)یش مایەوە لە بەندیخانەکەدا نەنوست تا بەیانی، لە تەنیشت هاوڕێ جوانەمەرگەکەیەوە، دەگریا و شینی دەکرد، ئەوەندەی نەمابوو دڵی بتوێتەوە. لە ئێش و ئازاری خەفەتی مردنیدا دەتلایەوە.

مایەوە (زین). ئەویش (ستی)ی خوشکی بردیەوە لەگەڵ خۆی بۆماڵەوە، بڕستی بڕابوو. هێزی پێ نەمابوو. ئەویش تا بەیانی نەنوست. لەگەڵ کۆمەڵێکی گەورە لە کەسوکار و خزمانیدا مایەوە، کە دڵخۆشییان دەدایەوە و بەزەییان بەدڵیدا دەهاتەوە.

## دوایی زین

ڕۆژی دوایی هەڵهات بەسەر (جزیر و بۆتان)دا، کە تەم و خەم دایگرتبوو، کشی و ماتییەکیش هەموو سووچ و کەنارێک و کۆڵان و بازاڕێکی گرتبووەوە. هەروەک تیشکی ڕۆژەکە کشابێتە دواوە و نەیتوانیبێ گەشی و شەنگوشۆخی بدات بەدوورگەکە وابوو. تەنانەت ئەو کۆشکە بریسکەدارەیش، کە کاتی دەرکەوتنی ڕۆژ پرشنگی دەدا بەهەموو لایەکدا، ئەو ڕۆژە وای نەدەنواند: کشومات و بێ ڕەنگ و بێدەنگ بوو. سروەی لێوە نەدەهات...

(سەردار)یش لە پەنایەکیەوە خۆی مات کردبوو، فرمێسکی خوێنینی هەڵدەڕشت لە داخدا. بۆیە دەگریا، تا ئاگری خەموخەفەت و پەشیمانیی بکوژێتەوە، بەڵام کەڵکیکی نەدەگرت.

پاش هەندێک، ڕێگاکەی ناوەند گۆڕستان و خانوو (مەم) پڕبوو لە دانیشتوانی شاری (جزیر). زۆربەی پیاو و ژن و منداڵیان لەوێدا کۆبوونەوە بۆ ئەمەی جوانەمەرگە کلۆڵەکەی خۆیان بسپێرن بەخودا و، تەرمەکەیشی ببەن بۆ گۆڕستان. کۆمەڵێکی یەجگار گەورە و درێژ، لەوێدا پێکهاتبوو. ئەوەندەی ئەو کۆمەڵە گەورە دەبوو. کە لە بازاڕەکانی شاری (جزیر)دا کۆبووبوونەوە، لە ڕۆژی ئاهەنگی زاوایەتیی (تاژدین)دا. ئەوەندە هەیە، کۆمەڵەکەی ئیمڕۆ، گرژ و دڵگوشراو بوون. نە زەردەخەنەیەکت دەدی بەدەمی یەکێکیانەوە، نە تروسکەیەکی خۆشی لە چاویاندا، هەر شین و گریانت پێوە دەدین کە نەدەبڕانەوە. هەر هاوار و شیوەنت گوێ لێ دەبوو، کە لە هەموو سووچێکی بازاڕەکان و پەنجەرەی ماڵەکانەوە دەنگیان دەهات.

کۆمەڵەکە گەیشتە گۆڕستانەکە، کە لەسەر گردێکی گەورە بوو لەو گردانەی لەملاو لەولای شارەکەدان. گردەکە ئەوەندە کۆمەڵە مرۆڤی بەسەردا دباری بوو، لە دوورەوە ڕەش دەچووەوە. لەوێدا زۆرتر هەستیان بەواتای مردن و لەناوچوون دەکرد. ڕاستییەکیان دەهاتە پێش چاو... ئەو ڕاستییە سامناکەی، کە لە دوای چاو و ڕاو و چەواشەکردنی ڕۆژگار و ئەندێشە پڕوپووچەکانیەوە دەردەکەوێ جا ئەو هەست پێکردنەیان تێکەڵ بەو دڵتەنگییە



بووبوو، کە لە ڕووی مردن و سەرگەردانی و ڕەنجەڕۆیی «مەم»ەوە تووشیان هاتبوو. ئیتر لەسەر ئەو گردەدا بوو بەشیوەن و گریانێکی وا گەورە و سامناک، کە هەموو ژن و پیاوێکی گرتەوە، بەپیاوە گەورەکان و کاربەدەستەکانیشەوە. لەناو ئەو هەموو کۆمەڵە گەورانەدا، (زین) دەرکەوت، بە بەژن و باڵا کەڵەگەتەکەیەوە و، ڕووە جوانەکەیەوە کە ئەمە یەکەم جاری بوو، پێشانی هەمووانی دابوو. بەهەڵەداوان و تەوژمێکی شۆڕشگێڕانەی شێتانەوە خۆی گەیاندە ئەو گۆڕەی بۆ «مەم»یان هەڵکەند بوو و، تێیاندا ناشتبوو. خەریکبوون گڵی بەسەردا بدەن. بەڵام هەندێ لە کەسوکارەکانی، هێواشیان کردەوە و نەیانهێشت بەپەلە بڕوات، نەوەک ئەویش خۆی فڕێ بداتە ناو گۆڕەکەوە، یاخود شتێک بەسەر خۆی بهێنێ. کاتێ گەیشتە کن گۆڕەکە گڵی تەواو بەسەردا درابوو و، تەختیش کرابوو. ئیتر لەوێدا بڕستی بڕا و پەکی کەوت، خۆی دا بەسەر گۆڕەکەدا و، فرمێسکی خوێنینی هەڵڕشتە سەر گڵەکەی و، دەستی کرد بەقسەکردن لەگەڵ ئەو کەسەدا کە لەوێدا ناشتبوویان، گوتی:

«ئەی جوانەمەرگ... ئەی خاوەنی لەش و گیانم... ئەی کۆچکردوو! تۆ وا باخەکەی خۆت بەجێهێشت و ڕۆیشتیت... باخەکەت پێگەیشتبوو، بەریشی دابوو... بەڵام وا مایەوە، بەبێ باخەوان، بەبێ خاوەن... پێم بڵێ لە پاش خۆت کێ هەیە بتوانێ تێیدا بگەڕێ و بەری لێ بکاتەوە؟. ئەی کە تۆ بەجێت هێشت و وازت لێ هێنا، بەری چۆن دەبێ و، شەنگوشۆخیی چۆن بۆ دەمێنێتەوە؟!. ئەمە ڕاستە، کە چاو ئەندازەکەی ڕازاوەیە و سێبەرەکەی جوان و فراوانە و، بەرەکەی پێگەیشتوو و خۆشە... بەڵام بەخودا سوێندت بۆ دەخۆم، کە لەپاش تۆ کەس دەستی ناگاتێ!. کەس ناهێڵم پێیدا بڕوات، بای مەرگ نەبێت، کەس ناهێڵم بەری لێ بکاتەوە، دەستی مردنو لەناوبردن نەبێ. من بنکی ئەم دارخورمایە دەهەژێنم، تا هەرچی بەرێکی هەیە بکەوێتە سەر زەوی. بەری ئەم دارودرەخت و مێوانە، هەموو پرش و بڵاو دەکەمەوە، دەیدەم بەدەم باوە. ڕەگی ئەم هەموو دارودرەختە گەش و سەوزانە هەڵدەکێشم. هەرچی گەڵای بۆنخۆشی ئەم گوڵانەیش هەیە، هەڵی دەپروێنم.

«ئەو دوو چاوەی کە جوانی و جادوویان دڵکێشیان کردبوویت، هەر ئیمڕۆ جوانی و جادووەکەیان تێدا دەکوژێنمەوە.

ئەم بەژن و باڵایەی کە جوانی و ڕێکوپێکییەکەیان چاوبەستیان کردبوویت هەر ئیمڕۆ ئەو جوانی و ڕێک و پێکییەیان پێوە ناهێڵم. ئەو مەیەیش کەپێیانەوە بوو،، پیاوی سەرمەست دەکرد، دەیڕێژمە سەر زەوی.

ئەم ڕوومەتانە و، ئەو لێوانە، ئەم ئەگریجە و زولف و قژانە، کە تۆیان دڵکێش کردبوو، هەرچی جوانی و دڵکێش کردنێکیان تێدایە، پێیانەوە ناهێڵم! هەر ئیمڕۆ گڵ و خۆڵیان بەسەردا بڵاو دەکەمەوە و، پەڵەپەڵەیان دەکەم!... ئەوانە هەموویان بۆ چاوەکانی تۆ تەرخان کرابوون، بۆ تەماشاکردنی تۆ دانرابوون. بەڵام ئیمڕۆ، کە تۆ چاوت لێکناوە، بەگەورەیی خودا سوێند دەخۆم، ناهێڵم کەسی تر سەیری بکات و دڵی خۆی پێ خۆش بکات.

بەڵام... بەڵام نە ء!...

ئەمە دەستدرێژییەکە بۆ من، نابێ بیکەم، لە سامانێکدا، لە کاروبارێکدا، کە هی خۆم نەبێ!... من لەوە دەترسم کە هاتمە لات و، بەوجۆرە چاوت پێم کەوت گلەییم لێ بکەیت. لەوە دەترسم گلەییم لێ بکەیت، لە دەستکاریی شتێکدا کە هی خۆتە و پێتدا ڕاپەڕمووم و، خستووتە ژێر دەستمەوە. دەترسم لەوەی پێت خۆش نەبێ: تۆزێک لەو جوانییەی من کەم ببێتەوە کە هی خۆتە هەروەها بشتەوێ ئەوەی داوتەتە دەستم، بەرێکوپێکی و تەواوی لێمی وەربگریتەوە. کەواتە بۆمن وا چاکترە، کە ئەم قاڵییە وەک خۆی بپێچمەوە. هەروەک لێیشم وەرگرتوویت، بەتەواوەتی بیدەمەوە دەستت. لەشیشم بەهەموو ڕازاوەیی و شەنگوشۆخییەکیەوە بەرەو ڕووی خۆتی بکەمەوە!...».

پاش ئەوە خۆی دا بەسەر گۆڕەکەدا، باوەشی پێدا دەکرد و، دەموچاوی لە گڵەکەی دەسوو. ئەوانەی لە نزیکیەوە بوون، پەلاماریان دایە ڕاستی بکەنەوە و، دڵی بدەنەوە، بەڵام تا دەستیان دایە، لەشی ساردوسڕ بووبووەوە هیچ تورووسکەیەکی ژینی تێدا نەمابوو!...

ئیتر لەوێدا دەنگی شیوەن و گریان سەرلەنوێ بەرزبووەوە. خەفەت و سزا دڵی هەموانی داگیرکرد. (سەردار)یش خۆی دا بەسەر لاشەکەیدا، نە هۆشی بەخۆی مابوو، نە ئاگای. لە (چارەنووس) دەپاڕایەوە، کە پاشگەز ببێتەوە... بەڵام (چارەنووس)، نە بەزەییی پێداهاتەوە، نە وەرامی دایەوە، نە پاشگەز بووەوە!.

پاش ئەوە وەک خۆی ڕایسپاردبوو، بابەت و تروتفاقی مردن و ناشتنەکەی بۆ ئامادەکرا و، لەو شێوەیەیشدا کە خۆی ویستبووی نێژرا. دووبارە هاتنەوە سەر گۆڕی (مەم) و گۆڕەکەیان هەڵدایەوە. (سەردار)یش هاتە پێشەوە، بەدوو چاوی پڕ فرمێسکەوە، خوشکەکەی خستبووە سەر هەردوو دەستی خۆی و چووە ناو گۆڕەکەوە، لاشەکەی (زین)ی خستە پاڵ لاشەکەی (مەم). ئنجا دەنگی بەرزکردەوە و گوتی: «ئەی (مەم)! بگرە لێم،



ئەوە خۆشەویستەکەتە، کە تا زیندووبوویت نەم هێشت پێی بگەیت. تکایە بمبەخشە لەو دڵڕەقییەی لەم جیهانەدا لەگەڵم کردیت، لەو گوناهە گەورەیەی لەگەڵ دڵتدا کردم. بەخودای گەورە سوێندت بۆ دەخۆم، کە ڕۆژگار، لەوەندەی خۆت دەتەوێ، زۆرتر جەزرەبەی پێگەیاندووم. ڕۆژگار گەورەترین داغی ناوە بەجەرگم دا، داغی پەشیمانی، کە هەتا دەمرم برینەکەی چاک نابێتەوە!».

بەم ڕەنگە ڕۆژگار وای بڕیار دا، کە ئەو دوو خۆشەویستە بەیەکتر نەگەن، لە تاریکیی ئەو گۆڕەدا نەبێ، دوایی ئەو دوو ئەستێرەیە لە یەک شوێندا ئاوابوون.

بەڵام سەیر ئەوەبوو کە (بەکر)یش هەر لە نزیک ئەوانەوە نێژرا، تەنانەت ڕاستەوخۆ لە دامێنیانەوە نێژرا. وەک گێڕایانەوە، هۆی ئەوەیش ئەوە بوو، کە دەیانویست لەوە جیهانیشدا هەر لەگەڵیاندا بێ!... چونکە (زین) کە بیستبووی (تاژدین)، «بەکر»ی کوشتووە، دڵتەنگ بووبوو، و خەفەتێکی زۆریشی بۆ خواردبوو. گوتبووی: «ڕەوا نەبوو کە جەزرەبەی وای پێ بگەیێنرێت، چونکە ڕۆژگار پاڵی بەوەوە نابوو کە وا بکات. ئەویش بۆ ئەمەی دڵدارییەکەی ناوەند خۆی و «مەم»، بگاتە ئەو پاکژییە گیانییە. هەروەها بۆ ئەمەیش کە دەروونی هەردووکمان بڵند ببێتەوە بەسەر ڕووکەشایەتیی بابەتی جیهانی و بریسک و هووڕەکەیدا.».

پاشان (زین) وای ڕاسپارد بوو، کە (بەکر)یش، لە نزیک خۆیانەوە، بنێژرێ. گوتبووی: «لەوە جیهاندا، دەبێتە دەرگەوانێکی دڵسۆز بۆمان!.»».

تا ئیمڕۆیش ئەو دوو گۆڕ لەناو (جزیر و بۆتان)دا ماون و ناسراون. هەر کەسێ بیەوێ، دەتوانێ سەیریان بکات.

سەیر ئەوەیە کە گۆڕی «مەم» و «زین» هەتا ئێستایش لەژێر سێبەری دار و گوڵ دایە. کەچی گۆڕی (بەکر)، هەر دڕکی لەسەر دەڕوێ، کە تێکڕا، هەموو دەم، بەچڕی و پڕییەوە، بەسەریەوەیە!.

## دوایی چیرۆک و پەند لێ وەرگرتنی

ئەی خودا!...

توو سەری گڕی ئاگری دڵی دڵداران کە پێوەی دەناڵێنن... توو سەری ئەو ڕاستگۆیییەی کە هەر لە دڵداران دەوەشێتەوە...

توو سەری شیرینیی جوانی و ئەو خۆشییەی کە دەیبەخشێ بەتەماشاکەر...

توو سەری گەورەییی شەنگوشۆخی و سەر لێ سوڕمانەکەی...

توو سەری دەردی دووری و ئازارەکەی... توو سەری هەنگوینی پێک گەیشتن و چێژکە خۆشەکەی خواردنەکەی...

توو سەری خۆشیی خۆشەویستیی دڵداران و، دوژمنایەتیی ڕاز دزان و تەڵەکەبازان...

توو سەری ناز و نووزی خۆشەویستان و، جادووی جوانییەکەیان...

توو سەری ئاوی ئەو کانییانەی بلبلان و پەلەوەران ئاوی لێ دەخۆنەوە...

تووسەری ئەو شەونمەی بەسەر گوڵ و گوڵزاردا دەپرژێ...

توو سەری ئەو کەلەپوورەی (مەم) بەجێی هێشتووە لە ئاهوناڵەی دڵداری... توو سەری ئەو فرمێسک و خەموخەفەتەی (زین) هەڵی ڕشتووە، لەتاو سەرگەردانی و هەناسە ساردی...

توو سەری ئەو شتانە، هەموویان، گەورەم، ئەگەر ئەم پەردەی تاریکییەی سایە و سێبەرە دەمدەمییە، لەسەر چاوەکانم لانەبەیت؛ تا لەسەر ڕووی ئەم جیهانەدا، هیچ نەبینم، هێز و دەسەڵاتی تۆ نەبێ... تا لە شووشەی ئاوێنەکەیدا هیچ نەبینم، پرشنگی جوانیی تۆ نەبێ... تا هەر بەو مەیە سەرخۆش ببم کە تێیدایە نەک بەڕەنگاوڕەنگیی ئەو جامەوە کە مەیەکەی تێدا دەبریسکێتەوە...

ئەی خودا!

باوەڕم هێناوە بەهێز و دەسەڵاتت. ئەویش چۆتە دڵمەوە، کە ڕۆشنایی و جوانیت هەیە... بۆیشم دەرکەوتووە کە ئەم جیهانە هەمووی، لەشێکە و تۆیش گیانی ئەویت... هەرچی هەیشە لە جیهاندا، ڕاستییەکە و تۆیش ڕازی ئەو ڕاستییەیت...

تۆ جوانیی ڕازاوەیی خۆشەویستان و دڵدارانیت. دڵی ئەوانە بۆ جوانییەکەی تۆ کێش بووە، چاو و دڵی ئەوانە بۆ تۆ شەیدا بووە... تۆی، شیرینی و خۆشیت بۆ هەنگوین دروست کردووە...



تۆی، چزان و برژانەوەت بۆ فرمێسک پەیدا کردووە...

تۆی، بەهۆی ڕیزە ڕازەکانی ڕۆشنایی و جوانیی خۆتەوە، دڵی دڵدارانت بەستووە بەیەکەوە...

هەر تۆیشی، کە بەهۆی کاریگەریی گەورەیی و شۆخو شەنگیتەوە، گڕت لە دڵان بەرداوە...

ئەو ڕێکوپێکیی بەژن و باڵایە، کە بەدرەختی (سەرو)ەوەیە بەدەستی تۆ پێکهێنراوە...

ئەو گوڵەباخە سوورە ناسکانەیش کە پەڕەکانیان بەو ڕەنگینییەوە لەناو ئەو چقڵە خوێنڕێژانەدا ڕازاونەتەوە، بەدەس و پەنجەی هونەرمەندانەی تۆ، دروست کراون...

بلبل و باڵدارەکانیش کە دڵیان، بەو بچووکییەوە گرفتاری جوانی و ڕازاوەییی ئەو گوڵانە بووە، تۆ بەو دەردەت بردوون...

ڕەنگاوڕەنگیی گوڵ و سەوزیی درەختانیش، هەر بەسایەی هونەرمەندیی تۆوە، ئەو جوانییە دڵکێشکەرەیان تێدا پەیدابووە... دەنگی بلبلان و پەلەوەرانیش، لە سایەی تۆوە واتای بەزموڕەزم و ساز و ئاوازیان تێکەوتووە...

کلی ئەو برژانگانەی بەچاوی مەستەوەن، ڕەشێنەی ئەو چاوانەی لەناو سپێنە دڵکێشکەرەکان دان، ئەگەر ڕازێکی پرشنگی جوانیی تۆیان تێنەکەوتایە، وا جوانیان نەدەنواند...

سووریی لێوە ناسکەکان، سپێتیی ئەو ددانانەی لە کاتی زەردەخەنەکردندا پرشنگ دەدەن، ئەو قژ و پرچ و ئەگریجانەی لە شێوەیەکی چین چیندا، بەسەر دەموچاو و شانەکاندا دێنە خوارەوە و، شۆڕدەبنەوە، ئەگەر تیشکێکی ڕازی جوانیی تۆیان بەرنەکەوتایە، هەرگیز وا کاریان لە دڵ نەدەکرد و، مرۆڤیان وا چاوبەست نەدەکرد.

ئەی گەورەم، تۆ وێنەی بێ هاوتای گەورەیی و دەسەڵات و ڕووکەشی جوانی و ڕێکوپێکیی خۆت، لەسەر ڕووی ئەم جیهانەدا، لە گەلێک شێوە و وێنە و بابەتدا نواندووە...

کەسانی وا هەن ئەم ڕووکەشە دەمدەمییە سەرخۆشیان دەکات. سەر و شێوە و بابەتی داڕێژراو، گەشکەدار و بێ هۆشیان دەکات. ناتوانن سەرنج بدەن لە ڕازی سامناک و گەورەییی تا سەری تۆ[1].

(١) گەورەیی تا سەری تۆ: گەورەییی هەمیشەیی (أبدی، سرمدی) تۆ.

ئەوانە هەر بەو ڕووکەشەوە گەشکەدار دەبن کە بەئاوێنەکەوەیە. ئاگایان لە ڕاستیی ئەو ڕۆژە نییە کە پڕشنگ لە ئاوێنەکە دەدات و ئەو ڕووکەشە دەردەخات. ئەوانە هەر هۆگری جوانیی ئەو تووتییەن کە هەر قسەکانی خۆی دووبارە دەکاتەوە. بەڵام لەو سەرچاوە بڵندە ناکۆڵنەوە کە ئەو باڵدارەی دروست کردووە بەو قسانەوە کە لە دەمی دێتە دەرەوە.

کەسانی وایش هەن، چاویان کردۆتەوە و، وریابوونەتەوە. لەجیاتیی خەوی درۆ، ڕاستیی بایەخداریان دەوێ کە لەبەردەستیان دایە. بایەخ نادەن بەدەنگدانەوە. بایەخ دەدەن بەو دەنگەی گوێیان لێی دەبێ؛ بۆ ئەمەی خۆشیی لێ وەربگرن. پشت دەکەنە ئاوێنەکە، بۆ ئەمەی ڕاستیی ڕۆژیان بۆ دەربکەوێ. کە لە بەرامبەریاندا پڕشنگ دەدات. پاش ئەوە کڕنووشی نەوازش دەکێشن بۆ خودای جوانی لە هەموو جیهاندا، بۆ دروستکاری مەستی لە مەیدا، بۆ داهێنەری بۆنخۆشی لە ئاوی گوڵاودا!

ئەی مەی گێڕ!

من دەمەوێ بگەمە بەر تەختی ئەو جوانییە... من جامێکم دەوێ لەو مەیە پیرۆزە وەرە لەم خەموخەفەتە ڕزگارم بکە و بمبەرە ئەوێ!.

وەرە ماڵوێران پێم بڵێ... پێم بڵێ. چونکە گێژ و وێژیی ئەم سەرخۆشییە هێشتا بەری چاومی بەرنەداوە... ئەوەندەی نەماوە لە ناوم ببات...

پێم بڵێ لەم جیهانەداچی دەبینیت...؟ پێم بڵێ، ئاخۆ، ئەوە ئەندێشەیەکە و گوزەر دەکات، یاخود خەوێکە و ئێمە بەناویدا دەڕۆین؟... پاشان تێم بگەیێنە تا کەی چاوەکانم بە مەیەکەی تۆوە ڕێشکە و پێشکە دەکات و، هیچ نابینێ بەتەواوی، چۆنیش لەم گێژ و وێژەییە کە لە مەیەکەی تۆوە تووشم هاتووە، ڕزگارم دەبێ و، هۆشم دێتەوە سەر خۆم؟

بەگەورەییی خودا سوێند دەخۆم، کە وەڕسبووم لە خۆم، کە سووتاوم. ئای چەند داماوی ئەوەم، کە لە دەست ئەم خەوە گرانە ڕزگارم بێ و، پشوویەک بدەم، بۆ ئەمەی بەچاوی خۆم ئەو ڕاستییە ببینم کە لە دەمێکەوەیە چاوەڕوانیی دەکەم و، ئاواتی پێگەیشتنی دەخوازم.

من هەست دەکەم کە لە پشت ئەم هەموو ئەندێشە و بیرە پڕوپووچانەوە کە کەوتوومەتە ناویانەوە، ڕازێکی زۆر هەیە. بەڵام هەر چەند دەکەم، بەتەواوەتی تێیان ناگەم. جارە ناجارێک تیشکێکی بریسکەدار دێتە بەرچاوم. لە دوای ئەم تەمومژەوە گزنگ دەدات. بەڵام هەر چەند دەکەم نایگەمێ، چونکە تەمومژەکەی بۆ دڕ نادرێ. جار بەجارێکیش لە ناوەند ئەم هەموو دەنگەدەنگ و قیژەقیژی ناو جیهانەدا، دەنگێکی ئاسمانیم بەرگوێ



دەکەوێ، هەتا بڵێیت شەنگ و بڵندە. بەڵام لەناو ئەم هەموو قاووقیژەدا، بەتەواوەتی گوێم لێی نابێ.

ئەی خودای گەورە! ئەم ئەندێشانەی پەردەیان داوە بەسەر چاومدا لایاندە لەسەر چاوم، تا بتوانم بتبینم. ئەی خودا! ئەو مەستییەی کە تووشی کەللەم هاتووە، بەهۆی بابەتانی ئەم جیهانەوە، لە کەللەمی دەربکە، تا لەو گەورەییەی تۆ، تێبگەم، کە دەینوێنیت و هەست و ژیانی تێکەڵ دەکەیت. ئەی خودا! وێنەی جوانیم لەبەرچاو لابدە، تا جوانی، خۆی ببینم، تا ئەو جوانییە ببینم کە هەر بەزیندووێتییەوە دەمێنێتەوە... جوانیی خۆت کە پڕشنگی بەجیهان و بەبابەتانی ناو جیهان پەیدا کردووە.

خودایە! ئەو دڵەم، کە خەریکە بێدەنگ ببێ و لە لێدان بکەوێ، بێبەشی مە فەرموو، لە بەشێکی گەورەی دڵداری و، هۆگری ئەم جوانییە زیندووەت، ئەم ڕازە گەورەیەت کە هەتا سەر دەمێنێتەوە.

## لەگەڵ پێنووسدا

ئەی ئەو سوارەی کە گێژ و وێژ دەسووڕێیتەوە بەناو دەشتی ئەم پەڕاوەدا، هەر خەریکی ئەوەیت کە پڕشنگەکەی لاببەیت و، هەر بەتەنگ ئەوەیشەوەیت کە سپێتییەکەی ڕەش بکەیتەوە! بەسیەتی تۆمارکردنی هەڵە. بەسیەتی ڕەشکردنەوەی لاپەڕە. کاتی ئەوە هاتووە کە لە جیرەجیر بکەویت. کاتی ئەوەیش هاتووە کە بوەستیت و دابەزیتە خوارەوە ئەی بۆرە سواری پیر! ئەم لاپەڕە سپیانەت، بەڕەشاییەکەت زۆر ناشیرین کردووە؛ ڕووەکانت بەدێری خواروخێچ و نووسینی شڵەژاو و، وێنەی (ب) و (د) یەجگار پەڵەپەڵە کردووە...نووسینیش هەر چەند جوان و بەوردی بنووسرێ، یان لە گەشی و داڕشتنیدا جوان دەربچێ، بەڵام کە زۆر بەیەکەوە نووسا و، ڕەشاییەکەی ڕووی لاپەڕەکەی پڕکردەوە، ناشیرین دەردەچێ. تەماشای نووسینە کەمەکانت نەکردووە، چەند شەنگوشۆخ دەردەکەون و، بەملاو بەولای خۆیاندا پڕشنگ دەدەن؟. بەڵام چەند ناشیرین دەردەچن، کە ئەم پەڕ و ئەوپەڕی لاپەڕەکە، داپۆشن و، وەک ڕەشوەی چوارپێ درێژ ببنەوە!... وشەکان و واتاکانیشیان، هەرچەندە بارستاییان بەرزببێتەوە و بگاتە ڕێزەی دوڕ و گەوهەر، بەڵام کە یەجگار زۆربوون، وەک قسەی پڕوپووچیان لێ دێ، کە هیچ نرخێکیان بۆ نامێنێتەوە. دوڕ بۆیەکا نرخی بڵند دەبێتەوە کە کەم دەبێتەوە لەناوان دا. مروارییش بۆیەکا گەش و بریسکەدار دەنوێنێ لەبەرچاوداکە کەم دەست دەکەوێ، بەڵام تۆ چەند هەڵەت کردووە و

بڵاوت کردۆتەوە لەناو ئەوانەدا!... چەند لە ئەندازەی خۆیشت تێپەڕاندووە لە کەمتەرخەمی و سەرکێشیدا!. کەواتە پێم بڵێ کێ هەیە ئیمڕۆ، ئەو نووسینانەت پەسند بکات و پێیاندا هەڵ بدات؟. کێیش هەیە، ئەو هەڵانەت ببینێ وچاویان لێ بپۆشێ؟!.

ئەی دارە ناسکە بۆشەکە! کە من ئەم سەرەم دادایت و کردمیت بەپێنووس، بەکاری چیم هاتیت، لە هەڵەکردن بەولاوە کە بەسەر زمانتدا هاتووە؟ چیت بۆ خستوومەتە سەر ئەم لاپەڕانە، لە کردەوەی ئارەزووی سەرکێشیی نەبێ و، لە نەخش و نیگاری بیرەوەریی بەزموورەزم و گوناهباری نەبێ؟!.

بەسیەتی... بەسیەتی ئەمەندە نووسین، لە بابەت خرۆشی دڵتەوە و، خۆ خەریککردن بەڕووکەشی یاری و بەزموورەزمتەوە. کاتی ئەوەت هاتووە کە پاشگەز ببیتەوە و، پەشیمان ببیتەوە و، واز لەم شتانەیش، هەموو، بهێنیت. کاتی ئەوەیشت هاتووە، کە ڕێگای ڕاستی بدۆزیتەوە و، بەگریان و پاڕانەوەیشەوە لەسەری بڕۆیت. ئەگینا نۆرەی تۆیش دێت، بەشی خۆت تووشی دەردی سەری بیت. دووریش نییە کە بەم زووانە لەناکاو تووش ببیت. ئەوساکەیش ڕاپەڕین و وریابوونەوە، بەکارت نایەن...

***

بەڵام هەر ئەوەندەم خۆشبوو، تا لە قسەکانم بوومەوە. پێنووسەکەم لێم ڕاپەڕی و سواری پەنجەکانم بوو. زمانێکی لێ دەرکێشام کە ئەوەندەی شیرێک دەبوو و، دەستی کرد بەوەشاندنی. پێی گوتم:

«ئەگەر خۆت ئەو کەسە بەدخووە نەبوویتایە، کە پێشانت دا، پاکانەت بۆ خۆت نەدەکرد، لە گوناهێک، کە لە دەست خۆت وەشاوەتەوە، بۆ ئەمەی بێگوناهێکی وەک منی بێچارەی پێوە بەدناو بکەیت. تۆ نابێ ئەوە نەزانیت کە ئەوەی من نووسیومە، هەر ئەوەیە کە خۆت پێت گوتووم بینووسم. هەر وێنەیەکیشم کێشابێ، هەر هی ئەوەیە کە خۆت خستووتە بەرچاوم. قسەکە قسەی خۆتە، قسەی ڕاست بێ یان درۆ. کردەوەکەیش هەر کردەوەی خۆتە، دروست بێ، یان هەڵە.

ئەی دەسەڵاتداری ئەوەی منی پێ بەدناو دەکەیت!. خۆت لەمنی باشتر دەزانیت کە من لە نەبووندا بووم. لە پێچوپەناکانی ناو زەویدا بووم. پاشان لەلایەن خوداوە ڕوێنرام و کرام بەنەی لەناو چیمەن و باخاندا. کزەبا دەهات و لە بەژن و باڵای دەدام و، بەچەپ و ڕاستدا دەیشەکاندمەوە. نەجیرەم هەبوو، قسەی پێ بنووسمەوە، نەفێکەیشم هەبوو ئاوازی لێ



دەربهێنم. پاشان تۆ هاتیت و دەستت لێدام. منت دوورخستەوە لە کەسوکار و نیشتمان. هەڵتکەندم و لە ناوەند دۆست و یاراندا دەرت هێنامە دەرەوە. هەندێکت لێ بڕیمەوە و کردت بەپێنووس، بۆ تۆمارکردنی وتەکانت. هەندێکیشت لێ بڕیمەوە و کردت بەشمشاڵ بۆ دەربڕینی دڵخۆشی و ئازارەکانت. لە چیمەن و لالەزار و نیشتمانەوە منت گواستەوە بۆ ناو چیمەنی ئارەزووی پێک گەیشتنی دڵداران و دووریی یاران. لە چەند لایەکیشەوە لەشمت کون کرد، بەشیشی داغکراوی دڵداری و ئازار، پاشان دەستت کرد بەفوو پێداکردنم، گیانێکت خستە لەشمەوە، دڵ و جەرگمی گڕ تێبەردا. لە دڵی سووتاومدا ئاهوناڵەی پڕ ئازاری لێ پەیدابوو. بیرەوەریی ئاگرینی ژیاندەوە. هەر شین و گریانێکم کردبێ لەتاو سووتاندن و ئازاردانی تۆ بووە، هەر ئاهوناڵەیەکیشم کردبێ نواندنی هەناسەدان و فوو پێداکردنی تۆ بووە...

من بریتیم لە پارچە نەییێکی لاڵی بێ زمان. نە هۆشم هەیە، نە گیان. نە قسە دەتوانم بکەم، نە وێژە دەتوانم دەربخەم. بەڵام تۆ بوویت منت کرد بەپەنجەیەکی شەشەمی خۆت و، کۆڕەکانی خۆش ڕابواردن و، ساز و ئاوازی خۆت پێ ڕازاندمەوە. هەر تۆیش بوویت، لاپەڕەکانی بەزموورەزم و سەرکێشیی خۆتت پێ ڕەش کردمەوە. ئەگینا کێ بیسوێتی، نەی بەبێ فوو پێداکەر ئاواز بدات، یان پێنووس بەبێ نووسەر نەخش و نیگار بکات؟!...».

***

ئەی خودا!

خۆت دەیزانیت کە (خانی)ی کز و بێچارەیش وەک ئەو پێنووسە دەست بەستراوە، خاوەن بیانووە، وایە، کەوا لەناو دەست دایە. دڵی لەناو دەستی تۆ دایە و، ئەندامەکانیشی لەژێر دەسەڵاتی تۆدان. تۆیت سەرداری گەورە و بەهێز. ئەویشە فەرمانبەری کز و بێ هێز. تۆیت دەوڵەمەندی خاوەن سامان. ئەویشە بەندەی بێ ئاو و نان. هەرچەندە، گەورەم، لە کاروباری خۆیدا، هەندێ دەسەڵاتت پێ بەخشیوە، بەڵام ئەو، ئەوەیشی هەر بەرەو ڕووی خۆت کردۆتەوە. هەر سەربەستی و دەسەڵاتێکیشت پێ بەخشیوە، وازی لێ هێناوە و، داویەتەوە دەسەت دەسەڵات و فەرمانی خۆت. ئەو هەرچییەکت پێ بەخشیوە، لە (زانست) و (نووسین) بێ، یان لە (بیر) و (کردەوە)، خستوێتییە ژێر فەرمانی خۆتەوە و، تەرخانی کردووە بۆ دەسەڵات و ئارەزووی خۆت. سوێند بێ، بەسەری تۆ، ئەی گەورەم! ئەو هەست بەچاکە و خراپەی خۆی ناکات.

دەسەڵاتی ئەوەیشی نییە کە چاکەیەک دەست خۆی بخات. یان لە خراپەیەک خۆی بپارێزێت. هەرچی لاپەڕەیەکیشی لەو لاپەڕە زۆرانەی کە نووسیوینەتەوە، پەڵەپەڵەی کردبێ بەمەرەکەبی نەنگ کاری و گوناە، لە تۆ بەولاوە ئامانج و مەبەسێکی تری نەبووە. بەبێ تۆیش هیچ هێز و دەسەڵاتێکی نەبووە تا بیاننووسێ.

خودای گەورە و بەڕێز!

هەرچیم نووسیوەتەوە لە لاپەڕەکانی ژیانمدا، لە یەکەم دێریەوە تا دوا دێری، هەمووی ئەنجامی ئەو چارەنووسەیە، کە لە سەرەتای ژیانمەوە خۆت بۆت داناوم. ئەو دێڕانەی زۆرن، تۆمارێکی سی ساڵەی تەمەنی ڕابردوومیان پڕکردۆتەوە(*).

چونکە ئەو ڕۆژەی کە گیانم لە بێ هۆشیی خۆی جیابووەوە، ساڵی (١٠٦١)ی کۆچی بوو، ئێستاکەیش تەمەنم گەیشتووە بەچل و چوار ساڵ. باری سەرشانیشم، وا دێتە پێش چاو، کە هەر پڕە لە بەدخوویی و گوناهباری، گەردێک لە کردەوەی باشم پێشکەش نەکردووە.

خودایە! هەروەک لە بڕانەوەی ئەم (نووسراو)ەدا، سەرت خستم کە ڕووبکەمە گەورەییت و، ناوی چاکەکانت بهێنم، توو سەری خۆت ئەگەر لە بڕانەوەی ژیانیشمدا سەرم نەخەیت، کە ڕێگای تۆ بگرم و، باوەڕ بەگەورەیی و دڵ چاکی و زرنگیی تۆ بکەم.

بەرچڤەی ئەم نووسراوە بڕایەوە

لە ٦/٤/١٩٦٥دا

---

(*) هەروەک لەوەپاش لە نووسراوەکەی خۆیدا پێشانی داوە (خانی) ئەو کاتە تەمەنی ئەمەندە بووە کە دەستی کردووە بەدانانی ئەم چیرۆکە. واتا تەمەنی لەگەڵ ئەو چواردە ساڵی هەرزەکارییەیدا، کە لە تۆماری کردەوەکانی خۆی دەری کردوون، دەکاتە چل و چوار ساڵ. (وەرگێڕ)

# بەزمی خوایی

نووسەری: دانتی

وەرگێڕانی لەساڵی: ١٩٦٧

## چیرۆکی ژیانی دانتی گەشتکەری ئاسمان

١٢٦٥ - ١٣٢١

نزیکەی شەش سەد ساڵ لەمەو پێش، لە شاری (فلۆرەنسە)دا کە هونەر و وێژە ڕازاندبوویەوە، منداڵێکی ئیتالیایی لە دایک بووە، ناویان نا (دورانتی ئەلیجیری) لەژێر ئاسمانە پاک و بێ گەردەکەی (فلۆرەنسە)یشدا، ئەو منداڵە گەورە بوو و گەشەی کرد لە جوانی و، سەر ڕاستی و، کەڵەگەتی و هێز و توانای لەشدا زۆر ناوازەبوو... هەر لە گوڵە جوانەکانی شارەجوانەکەی (فلۆرەنسە)ی ئەکرد، کە دڵ کێش ئەکەن و، بۆنی خۆشیان لێوە پەیدا ئەبێ.

لە تافی منداڵییدا، هاوڕێکانی بەناوی خۆشەویستی و نازگرتنەوە ناویان نا: (دانتی)!... مێژوویش ئەو ناوە بچووکە ساکارەی وەرگرت و لە بیرەوەریی خۆیدا پاراستی چونکە ئەو منداڵە جوانە، چارەنووسی وابوو کە لە دەرگایەکی تەنگی مێژووەوە بێتە ژوورەوە... ئیتر خاکی ئیتالیا، لەو ناوە بەولاوە ناوی تری نەئەزانی کاتێ کە کوڕەکە گەورەبوو، بووە بوێژی هەرە گەورەی ئیتالیا، لە هەموو دەمێکا، هەر ئەم ناوە بوو کە بڵاوبووەوە بەناو هەموو نیوە دوورگەکەدا، هەر ئەم ناوەیش بوو کە کەوتبووە سەر هەموو زارێک!...

بیاتریس

لە کەشی بەهاردا، شاری گوڵان، فلۆرەنسە، ئەبوە هەوارگەی بەزموڕەزم و ئاهەنگ و زەماوەند ئەودەمە بەفلۆرەنسەیان وا ئەگوت هەرچی منداڵەکان بوون گۆیکە ناسکەکانی گوڵەکانیان بەدەس و پەنجە تەڕوتازە جوانەکانیان ئەکردەوە هەرچی پیرەکانیش بوون، ئەو کەشەیان بەفرمێسکی پڕ لە ئاخ و داخەوە ئەشتەوە، خەفەتی ئەو ڕۆژە خۆشانەیان ئەخوارد کە لە تافی کوڕێنییاندا ڕایان بواردووە و لە دەستیان چووە، مێشکیان پڕبووبوو لە



بیرەوەریی و خەو و ئاواتی ئەو دەمە... هەرچی لاوەکانیش بوون کەشی بەهاریان وەک یارێکی خۆیان دائەنا چونکە هەرزەکاریی و بەهار هەردووکیان بە دانگێکدان. بەهار بریتییە لە تافی کوڕێنیی سروشت تافی هەرزەکارییش بریتییە لە بەهاری ژین!...

کاتێ کە مانگی بەختە باران (مایس) ئەهاتە پێشەوە و، بایە ساردەکانی ژوور نیشتمان لە سەر و پۆپی شاخەکانەوە لە هەڵکردن ئەوەستانەوە، کاتێ کە گەڵا سەوزەکانی سەرچڵ و پۆپی درەختەکان ئەگەشانەوە و مروارییی شەونم ئەیڕازاندنەوە... کاتێ کە گوڵەکانیش، بێ ترس و لەرز، پەڕەکانی خۆیان ئەکردەوە و، بۆنی خۆشیان بەهەموو لایەکدا بڵاوئەکردەوە، کچان مەست و سەرخۆش ئەبون، ئەوانیش وەک لقی درەختەکان کەمەریان ئەنوشتایەوە.

مرۆڤیش لە خۆجوان کردن و خۆڕازاندنەوەدا هاوبەشیی سروشتی ئەکرد... لە ڕۆژی یەکەمی مانگی بەختەباراندا ئاهەنگیان ئەکرد، ئەو ڕۆژەیان بە(جەژنی منداڵی) دائەنا لە (شاری گوڵان)دا مەبەسیان، لەمەوە، سروشت خۆی بوو کە لەو ڕۆژەدا سەرلەنوێ، هەموو ساڵێک لە دایک ئەبێتە!...

کاتێ کە (دانتی) گەیشتە تەمەنی نۆ ساڵی، باوکی لەگەڵ خۆیدا بردیە ئەو ئاهەنگە ئەویش لەناو ئەو منداڵانەدا کە هاوبەش بوون لە خۆشی و لە کامەرانی ئەو ئاهەنگەدا، کچێکی منداڵی دیی کە ساڵێک لەخۆی بچووکتر بوو قژ زەردێک بوو وەک ڕەنگی مەڕ مەڕ، جوانێک بوو وەک مانگی چواردە شەو، ناسکێک بوو وەک گوڵی یاسەمین کچەکە کە ناوی (بیاتریس) بوو (دانتی) کە ئەو کچەی دیی، گەشکەداربوو گرفتاری ئەڤینی بوو خۆشەویستی لە دڵیا سەر ڕێژ بووبوو!...

دانتی دەستی کرد بەسەرنج دان لە کچە جوانەکە کە تەماشای کرد ڕائەکات، یاریی ئەکات، دێتە پێشەوە، ئەڕواتە پاشەوە، لە ناو گوڵەکاندا کەوتۆتە بەزمەوە... کەچی خۆی لە قۆزاخەی گوڵەکان شەنگتر و ناسکترە!... لەگەڵ ئەوەیشدا دانتی لێی نزیک نەبووەوە... گفتوگۆیشی لەگەڵدا نەکرد...

دانتی یەجگار شەرمن بوو... شەرمی ئەکرد لە خۆی کەوا بکات!

تا دەمێکی دوورودرێژیش بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێ نەپەڕی، دانتی بۆی نەلوا گوێ لە دەنگی (بیاتریس) بگرێ... بەڵام هەر چەندە گوێی دانتی لە بەندوکۆتەی جادووی ئەو دەنگە ڕزگاری بوو بوو، دڵەکەی لە تیری ئەڤینی کچەکە ڕزگاری نەبووبوو هەر لەو ڕۆژەوە

که دانتی کچەکەی دیبوو، جوانییەکانی ئەوی لە بیر نەچووبووەوە: ڕەنگی کراسەکەی و، ڕەنگی پشتێنەکەی و، گوارەی گوێیەکانی و، بازنی مەچەکەکانی (بیاترس)ی هەر لەپێش چاودا بوو... ئەو بیرەوەرییانە لە مێشکیا جێ گیربووبوون لە ناو پەڕەی دڵیشیان نەخشابوون!...

جا بەهۆی ئەو بیرەوەرییەوە کە بنجی دابەستبوو لە دڵ و مێشکی دانتی دا، مێژوو وێنەی (بیاتریس)ی کچۆڵەی بۆ هێشتووینەتەوە، کە خەریکی بەزمورەزمو یارییە و، کراسێکی نایابیشی لەبەردایە کە لە ئاوریشمی سووری ڕەنگ تاریک دروست کراوە کەمەرەکەیشی چرچ و لۆچەکانی ئەو کراسەی بەکەلەکەیەوە بەند کردووە گەردانەیەکی ناوازەیش بەگەردنیەوەیە، بۆیەکا دەرکەوتووە، کە کچەکە سەری خۆی بەپشتا شکاندۆتەوە و، قژە زێڕینە درێژەکانی سەریشی پەخشان بوون بۆ خوارەوە...

دانتی و بیاتریس، هەردووکیان لە شاری فلۆرەنسەدا ئەژیان بەڵام لە چەندجارێک بەولاوە، کە ئەویش بەرێکەوت بووە، یەکتریان نەدیووە کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا (دانتی) ئەمەندە (بیاتریس)ی بەدڵدا چووبوو، هۆشی بەخۆی نەمابوو تەنانەت، کات لە دوای کات، بەناو کۆڵانەکانی فلۆرەنسەدا ئەسووڕایەوە، بەڵکو ئەمە خوایە کە (بیاتریس) چوو بۆ کلێسا، لەڕێگادا چاوێکی پیا بخشێنێ، یان لەو کاتەدا کە ئەچێ بۆلای کەس و کارەکانی خۆی سەیرێکی بکات، یاخود کەسەری لە پەنجەرەکەی ژووری خۆی دەرهێنا و ئینجانە گوڵەکانی ئاودا سەرنجێکی لێ بدات!...

## لەتاو دڵداریی نەخۆش ئەکەوێ

لەگەڵ ئەمەیشدا، تا نۆ ساڵی خشت تێ پەڕ نەبوو، نەیتوانی (دانتی) گوێی لە دەنگی خۆشەویستەکەی بێ ئەو ڕۆژەی (بیاتریس) ی دی لە ناو دوو خانمدا بوو، ئەڕۆیشت بەرێگادا کە کچەکە چاوی بەدانتی کەوت، بەچەند وشەیەکی شیرین چاکوچلۆنی لەگەڵ کرد و دەستی کردەوە بەگەڕانی خۆی (دانتی)یش ئەوەندەی نەمابوو لە خۆشیانا گەشکەدار ببێ؛ دڵی بەوە زۆر کرایەوە!...

بەڵام چەند ڕۆژێکی پێ چوو (دانتی)، نەخۆشییەکی گەورەی گرت ئەمەیش سەبارەت بەوەبوو، کە بەهۆی گرفتاریی بەئەڤینەکەوە، دایە بارێکی و بنێی کە لە دوای ئەوەیش تووشی ئەو خۆشییە بوو، یەجگار پێی هاتە جووڵە.

دەنگی خۆشەویستەکەی، ئەمەندە کاریگەربوو، کاری لە لەشیشی کرد!...



تا ئەهات تایەکەی گڕی ئەسەند لەوکاتەدا کە لە ناو گێژاوی تایەکەیدا گێژی ئەخوارد، بیرێکی سەیر هاتە مێشکە پەشۆکاوەکەیەوە، کە بریتی بوو لەمە: (بیاتریسی خوێن پاک و نەژاد بەم زووانە ئەمرێ!)... دانتی بەم واژەیەوە وڕێنەی ئەکرد لەناو پێخەفەکەیدا، ئەم قسانەی بەدەنگێکی بەرزەوە، دووبارە ئەکردەوە، ئەلەرزی، کەوتبووە گریان ئەوەندەی نەمابوو شین و گریان بیخنکێنن!...

## بینینی خەو![1]

تایەکەی هێزی لێ سەندبوو، تا ئەهات ڕۆژ بەڕۆژ تینی ئەسەند ڕۆژێکیان خەوێکی سەیری دی بەڕاستی پیاو سەری لێی سوڕئەما چەند خانمێکی دیی لە خەودا لەناو چەقی ڕێگادا دانیشتبوون شینوزارییان ئەکرد و ئەیان لاواندەوە... ڕۆژیش گیرا بوو ئەستێرەکانیش نە ئەدرەوشانەوە، کوژابوونەوە... پەلەوەرەکانیش لە ئاسمانەوە بەمردوویی کەوتبوونە خوارەوە، جووڵەیان لێوە نە ئەهات... دوای ئەوە زەوی لەرییەوە گێژەڵووکەیەکی توندوتیژیش هەڵی کرد!...

دانتی وای هاتە پێش چاو کە پیاوێک لە ژوور سەریەوە وەستاوە و پێی ئەڵێ:

– ئەی نەت بیستوە کە مەرگەساتێکی گرنگ قەوماوە؟ یارە خۆشەویستەکەت کە نموونەی جوانی بوو، مەرگ بوو بەمیوانی!.

کە (دانتی) ئەو قسانە هاتنەبەر گوێی دەستی کرد بەگریان و لاواندنەوە پاشان چاوی هەڵبڕی بۆ ئاسمان پۆلێکی گەورەی لە فریشتەکانی خوا چاوپێکەوت هەڵ ئەکشان بۆ بەرەو ژوور هەورێکی بچکۆڵەی سپییشیان بەدەست هەڵگرتبوو!... دانتی، هەر لەو خەوەدا پەیی پێ برد کە ئەو پارچە هەورە بریتییە لە گیانی نازەنینەکەی خۆی، بیاتریس.

گوێی لە فریشتەکان بوو ئەچوون بەئاسماندا و ئەمەیان ئەگوت: (گەورەیی هەر بۆ خوایە... گەورەیی هەر بۆ خوایە)... پیاوەکەی تەنشت پێخەفەکەیشی پێی گوت: (وەرە سەیری یارەکەت بکە!)...

ئەوساکە (دانتی) چاوی بەلەشی یارەکەیشی کەوت ئافرەتەکانی ماڵی کچەکە، سەرپۆشێکی تەنکیان بەسەردادابوو، دایانپۆشیبوو چاوپۆشێکی تریشیان کردبووە سەری!!.

---

(١) وەیان: خەوبینین. (خەو: خەون)

ئەوانەی چاودێریی دانتییان ئەکرد، لە نەخۆشییەکەیدا، بۆیان دەرکەوت کە لەکاتی خەودا ئەگری. پەیتا پەیتا فرمێسک بەچاوەکانیا ئەهاتنە خوارەوە، نە ئەوەستانەوە سەریان لەمە سوڕما لە خۆیان ئەپرسی: ئاخۆ هۆی ئەم گریانە چی بێ؟!

کاتێ کە دانتی هوشیار بووەوە لە خەو، پێی گوتن گیانی یارەکەی خۆی دیوە بەرەو ژوور ئەبووەوە بۆ ئاسمان لەشێوەی پارچە هەورێکی بچووکی سپیدا بوو گیانەکەی لە لەشی جوێ بووبووەوە لەسەر زەویدا، بەڵام زیندوونەبوو!... ئەوانیش بەسەریدا ئەهاتن و دڵیان ئەدایەوە و، دڵنیایان ئەکرد و پێیان ئەگوت:

– ئەمانە خەوی ئاشێ و پاشێن[(١)]، بایەخیان پێ نادرێ چونکە ڕاست نین درۆن (بیاتریس) زیندووە و لە خۆشیشدایە... (دانتی)یش بڕوای پێ کردن دەروونی دامرکایەوە.

ماندووی حەسایەوە دوایی چاکیش بووەوە و هێز و هەرەتی خۆیشی سەندەوە... بەڵام ئەو خەوە هەر لە مێشکیدا مایەوە دەرنەئەچوو لەپاش چاک بوونەوەی لە نەخۆشییەکەی، کاتی خۆی بەوە بەسەر ئەبرد گۆرانی ئەڤین و پارچە هۆنراوەی دڵداریی و ستایشی یارەکەی دائەناو ئەنووسیەوە...

کاتێ دانتی لەناو ئەو خەوە ناوازە پڕ هونەرانەدابوو، دەنگە ناخۆشەکەی کەوتە بەرگوێ کە بریتی بوو لەوەی: (بیاتریس)ی جوانە ژن مەرگ لە کۆڵی نەبووەوە، مرد. کەچی هێشتا هەرچەند مانگێک بەسەر شووکردنەکەیدا تێپەڕیبوو، کە کوڕە دەوڵەمەندێک مارەی کردبوو!...

دانتی تەم و خەم دای گرت وای لێ هات جیهان لەبەر چاویا تەنگ بووبوو... ئەو فلۆرەنسەیە کە شارێکی ئاوەدان بوو، وا ئەهاتەپێش چاوی دانتی کە بیابانێکی چۆڵ و هۆڵ و کەسیشی تیانییە... جاری واهەبوو دوورودێژ دەستە ئەژنۆ دائەنیشت و چرکەی لێوە نەئەهات، وەک خۆڵی مردووت بەسەرا کردبێ وابوو خۆی لە هیچ تێ نەئەگەیاند خەمی هیچ شتێکی نەئەخوارد.

هەموو کەسێک و هەموو شتێکیشی خستبووە پشت گوێ نەگوێی ئەدایە خزم و کەس و کار، نە بەتەنگ نیشتمانی خۆشەویستەوە بوو، نەباکی لە کارەساتی جیهانیش هەبوو، نە لەهی چارەنووس!... لە دوای (بیاتریس) کە ئەم جیهانەی بەجێ هێشتبوو، هەموو

(١) خەوی ئاشێ و پاشێ: (أضغات أحلام).



شوێنێک چۆڵ و هۆڵ بووبوو، هەموو شوێنێک کەم بایەخ بووبوو، هیچ شتێک بەکەڵک نەئەهات!.

لە کاتێکدا کە (دانتی) لە ناو گێژاوی خەموخەفەتدا تلی ئەدایەوە، شەوێک لە شەوان خەوێکی سەیری تری بینی: یارە خۆشەویستەکەی خۆی لەناو بەهەشتا چاوپێکەوت.

فریشتەکان لێی جوانتر و شەنگوشۆخ تری ئەنواند لە جیهاندا!...

کاتێ کە دانتی لەو خەوە خۆشە بووەوە و هوشیاربووەوە خەمەکەی ڕەوی بووەوە چونکە بەچاوی خۆی ( بیاتریس)ی دیبوو، وا چووبووە مێشکییەوە، کە هەرچەندە ئەو لەناو ئەم جیهانی خاکەدا ناژی، بەڵام لە شوێنێکی وادایە کە چاوی لێیەتی و چاودێریشی ئەکات، دەستیشی ئەگرێ و بەناو کۆڵانەکانی ژیاندا کێشیشی ئەکات!.

(دانتی)یش ئەم خەوە خۆشەی لە نووسراوێکی ناوازە و نایابدا، داڕشت، کە لە جوانترین هۆنراوەکان دائەنرێ لە جیهاندا نووسراوەکە ناوی (بەزمی خوایی) بوو، کە لەپاش ئەو خەوە بەچەند ساڵێکی دوورودرێژ داینا کاتێکیش دەستی بەم نووسراوە کرد کە تەواو پێ گەیشتبوو، هونەرەکەیشی وای لێ هاتبوو کە لەگەڵ جوانی یارە خۆشەویستەکەیدا و دڵدارییە پاک و خاوێنە گەورەکەیدا ڕێک کەوێ و لێیان بوەشێتەوە...

## دانتی لە ئاوارەییدا

ئەوەندە هەبوو، پێش ئەمەی دانتی ئەم داستانە زیندووە بهۆێنێتەوە، تووشی دەردێکی گەورەبوو چونکە لەو سەردەمە کۆنەدا، خاکی ئیتالیا نەبووبووە یەک پارچە کە یەک خونکاری بەسەرەوەبێ هەر شارە بۆ خۆی بوو فەرمانڕەواییەکی سەربەخۆی هەبوو (فلۆرەنسە)یش شارێک بوو، فەرمانڕەواییەکی تیا دامەزرابوو لە شێوەی (کۆمار)ێکدا سەرەک کۆماری بەسەرەوە بوو، کاروباری هەڵ ئەسووڕاند، کە نەتەوە هەڵی ئەبژارد هەردوو مانگە جارێکیش ئەیگۆڕی... ئەوەیش ئاشکرابوو کە بەربەرەکانیی زرنگ کاریی و دۆستایەتی، ئەوشارە جوانەی تەنگەتاو کردبوو... بەربەرەکانیی لەسەر دەسەڵات هەموودەم لە ئارادابوو، ناو بەناویش تازە ئەبووەوە... ئەمەیش سەبارەت بەوە بوو کە هەڵبژاردەی سەرەک کۆمار زوو زوو هەڵی ئەدایەوە... لە فلۆرەنسەدا دوو دەستەی گەرە هەبوون، ئەوان ئەهاتنە سەر تەختی فەرمانداریی... هەردووکیان لەگەڵ یەکتردا پاک نەبوون فڕوفێڵ و چاووڕاویان لە یەکتر ئەکرد... داویان بۆ یەکتر ئەنایەوە... جا هەرچەند دەستەیەک لەو دوو دەستەیە سەر بکەوتایە و بهاتایەتە سەرتەختی سەر کۆمار، دەستی ئەکرد بەتۆڵە سەندن

له دوژمنه‌كانی خۆی و له شاره‌كه ده‌ری ئه‌په‌ڕاندن! جا ئه‌و ده‌ربه‌ده‌ركردنه بۆ فلۆره‌نسه‌ییه‌ك یه‌جگار سته‌م بوو چونكه فلۆره‌نسه‌ییه‌كان نیشتمانه‌كه‌ی خۆیان زۆر خۆش ئه‌ویست نه‌یان ئه‌توانی لێی دوور بكه‌ونه‌وه بێجگه له‌وه له‌گه‌ڵ هه‌موو ده‌ركردنێكیشدا داماڵین هه‌بوو له مافه‌كانی زرنگ كاریی و شارستانی، هه‌روه‌ها تالآن كردنیش!...

(دانتی)یش له‌ناو ئه‌و ناوچه‌یه‌دا گه‌وره‌بوو، كه پڕی بوو له پشم و قین و به‌ربه‌ره‌كانی و دوژمنایه‌تی ئه‌ویش ئه‌م باره‌ی زۆر پێ ناخۆش بوو دڵی بریندار كرد له‌به‌ر ئه‌وه له دڵی خۆیدا بڕیاریدا كه هه‌تا مابێ له جیهاندا خه‌بات بكات بۆ كۆكی و یه‌ك بوونی قسه‌ی هه‌موان به‌ڵام پشم و قین ئه‌مه‌نده له دڵاندا جێ گیربووبوون، هه‌ر بانگێك بدرایه بۆ ئاشتی و ته‌بایی به‌گوێدا نه‌ئه‌چوو ده‌رده‌كه كاریی بوو، چاری نه‌ئه‌كرا برینه‌كه سارێژ نه‌ئه‌بوو!...

كاتێ كه (دانتی) گه‌یشته ته‌مه‌نی سی و پێنج ساڵی، واڕێ كه‌وت كه یه‌كێك له زرنگ كاره‌كانی فلۆره‌نسه كه ناوی (دۆنان) بوو (دیوك شارل دی ڤالوا)ی برای (فیلیپی چواره‌م)ی خونكاری فه‌ره‌نسه‌ی بانگ كرد بۆ سه‌ردان له شاری فلۆره‌نسه... بانگ كه‌ره زرنگ كاره‌كه مه‌به‌سی له‌م بانگێشتنه ئه‌مه‌بوو، كه به‌هۆی هێز و ده‌سه‌ڵاتی ئه‌و شاهزاده فه‌ره‌نسه‌وه ته‌ختی فه‌رمانداریی فلۆره‌نسه‌ی ده‌ست بكه‌وێ!

(شارل) هاته بانگێشتنه‌كه. (دونانی) و پاڵ پشته‌كانیشی له‌گه‌ڵ ئه‌ودا ده‌ستیان دایه ده‌ستی یه‌كتری و توانیان هێز و ده‌سه‌ڵاتی شاره‌كه بخه‌نه ژێر چنگی خۆیانه‌وه له دوژمنه شكاوه‌كانی خۆیان زۆریان ده‌رپه‌ڕاند (دانتی ئه‌لیجیری)ی به‌سه‌زمانیش یه‌كێك بوو له‌و ده‌ربه‌ده‌رانه!... ئه‌مه كارێكی گه‌وره‌ی له دڵی (دانتی) كرد چونكه شاری فلۆره‌نسه كه تیا له دایك بووبوو، جێگایه‌كی به‌رز و پیرۆزی هه‌بوو له دڵیدا ئه‌ی فلۆره‌نسه جێگای به‌زموره‌زمی تافی منالیی نه‌بوو؟ ئه‌ی هه‌وارگه‌ی یاریی كردنه‌كانی نه‌بوو؟

ئه‌ی مه‌ڵبه‌ندی (بیاتریس)ی یاری خۆشه‌ویستی نه‌بوو؟.

به‌ڵام (دانتی) چیی له ده‌ست دێ بیكات هه‌ر بگه‌ڕێته‌وه ئه‌وێ ئه‌یگرن و به‌زیندوێتی ئه‌یسووتێنن! ئه‌وانه بڕیاریان وا داوه به‌سه‌ریان تازه هیچ كار ناكات!...

(دانتی) شاره خۆشه‌ویسته‌كه‌ی خۆی به‌جێ هێشت. له ژنه‌كه‌ی و هه‌رسێ مناڵه‌كه‌ی دووركه‌وته‌وه... دڵی ته‌نگ بووبوو خه‌موخه‌فه‌ت دڵی داگیركردبوو له داخاندا جه‌رگی ئه‌سووتا... ئه‌وه‌نده هه‌بوو ژنه‌كه‌ی خزمێكی نزیكی (دونانی) بوو كچی مامی بوو له‌پاش



مردنی بیاتریس به‌سێ ساڵ، دانتی ئه‌م كچه‌ی ماره‌كردبوو... جا له‌به‌ر ئه‌و جۆره خزمایه‌تییه، دانتی چووبووه دڵیه‌وه كه (دونانی) خراپه له‌گه‌ڵ ژنه‌كه‌یدا ناكات!... هه‌روه‌ها به‌هیوای ئه‌وه‌یش بوو كه ئه‌و ته‌نگوچه‌ڵه‌مه‌یه نه‌مێنێ و ڕێ یشی بده‌ن بگه‌ڕێته‌وه نیشتمانه‌كه‌ی خۆی!...

به‌ڵام هیواكه‌ی (دانتی) به‌هیچ ده‌رچوو گه‌لێك ساڵ له ئاواره‌ییدا مایه‌وه دوور له نیشتمانه‌كه‌ی، له‌م په‌ڕی ئیتالیاوه بۆ ئه‌و په‌ڕی ئیتالیا ئه‌گه‌ڕا و ئه‌سووڕایه‌وه له هیچ شوێنێكدا ئارامی نه‌ئه‌گرت تووشی هه‌موو جۆره ده‌ست كورتی و هه‌ژارییه‌ك هات ئه‌و هه‌ژارییه‌یش بۆ ئه‌و زۆر گران بوو چونكه پیاوێكی ده‌روون ئازاد و سه‌ربه‌رزبوو، هه‌ر یارمه‌تییه‌كی بدرایه له‌لایه‌ن كه‌سانی تره‌وه، پێی دڵ شكاو ئه‌بوو، پێی شه‌رمه‌زار ئه‌بوو، ئازار به‌گیانی ئه‌گه‌یشت.

هه‌ندێ جار ئه‌بوو به‌مامۆستا له زانستگه‌كاندا وانه‌ی ئه‌گوته‌وه. كه ئه‌گه‌ڕا به‌ناوشاره‌كانی ئیتالیادا ئه‌مه‌ی ئه‌كرد هه‌ندێ جاریش كاروباری فه‌رمانڕه‌واییه‌كه‌ی خۆی هه‌ڵ ئه‌سووڕاند جارجارێكیش ئه‌بووه میوانی سه‌رداره گه‌وره‌كان و ئه‌و ده‌وڵه‌مه‌ندانه‌ی كه چاودێریی هونه‌ر و وێژه‌یان ئه‌كرد میوانداریی ئه‌مانه به‌رامبه‌ر (دانتی) زۆر ناوازه‌بوو یه‌جگار ڕێزیان لێ ئه‌گرت نازیان یه‌جگار ئه‌كێشا به‌ڵام گیانه ئازاده‌كه‌ی دانتی له ده‌ست ئه‌م ڕێزگرتن و میوانداریيانه ئه‌یناڵاند چونكه دانتی وای ئه‌هاته پێش چاو كه ئه‌وانه بۆیه‌كا نه‌وازشی پێشكه‌ش ئه‌كه‌ن، كه له دانگی پیاوه داماوه لێ قه‌وماوه‌كانی خۆیانی دائه‌نێن به‌ڵام ئه‌ویش خۆی به‌خانه‌دانێكی به‌ڕێز دائه‌نا كه هه‌مووده‌م هه‌ر گه‌وره‌ی خۆی بووه و ژێر ده‌ستیی كه‌سیشی نه‌كردووه!

ماوه‌یه‌ك له ده‌ربه‌ده‌ری خۆی له شاری (ڤیرۆنا)دا ڕابوارد له كۆشكی شاهانه‌ی فه‌رمانداره لاوه‌كه‌یدا دابه‌زیبوو، كه هه‌روه‌ك دۆستێكی خۆشه‌ویست و دڵسۆز له‌گه‌ڵیا ئه‌جووڵایه‌وه به‌ڵام لووت به‌رزییه‌كه (دانتی) بزووته‌وه و ده‌ستی كرد به‌ئه‌رك و ئازار په‌یداكردن بۆ خاوه‌نه‌كه‌ی خۆی هه‌روه‌ك، هه‌مووده‌م، ئه‌سپێكی سه‌ركێش بووبێ، وابوو!... گوێی لێ بگره، كه له كۆشكی شاهانه‌ی (ڤیرۆنا)دا بووه، له تاو برینداربوونی لووت به‌رزییه‌كه‌ی چۆن ناڵاندوویه‌تی: (ئای نانی ئاواره چه‌ند تاڵه!. هه‌روه‌ك ژه‌هر وایه!... ڕێگای ئاواره‌یش چه‌ند چۆڵوهۆڵ! چه‌ند كه‌ند و كۆسپی تیایه بۆ ئاواره‌كان!...)...

كاتێ كه پانزه ساڵی دوورودرێژ به‌سه‌ر ده‌ربه‌ده‌ركردنه‌كه‌یدا تێپه‌ڕی و، گوێی هه‌موو

ئیتالیایەکانی پڕکرد لە شین و گریانی خۆی بۆ گەڕانەوە بۆ فلۆرەنسە ڕێیاندا بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆی بەڵام ئەوکاتە گەیشتبوو پایەی هەرە گەورە لەناو بوێژەکانی ئیتالیادا!

بەڵام ئاخۆ گەڕایەوە فلۆرەنسە؟

ئەوانە دوو مەرجیان بۆ دانا: جەریمە بدات، لەبەردەم هەموانیشدا پێی لێ بنێ کە گوناهبارە و هەڵ ئەگرێ سزا بدرێ و ئەیش پارێتەوە بۆ بەخشین!...

بوێژەکە، سەربەزیوو، بەو جۆرە نەیویست بگەڕێتەوە... بەهەموو تیزپێ کردن و فیزێکەوە بەرپەرچی مەرجەکانی دانەوە... دووبارە دەستی کردەوە بەسووڕانەوە بەناو خاکی ئیتالیادا... دانتی ئەمەندە بەم کارە ناپەسەندە دڵی شکا خەموخەفەت بەئاشکرا لە دەموچاویا دیاربوو هەرکەسێ لە ساڵەکانی دواییدا بیدیایە، هەرگیز ئەوەی بەبیردا نەئەهات کە ئەو دەموچاوە گرژ و مۆنە ڕەنگ هەڵ نزڕکاوە، زەردەخەنەیەکی لەدەست بێت یاخود ئەو دەمولێوە قووچاوە بەپێکەنینێک بکرێتەوە یان ئەو دووچاوە خەمبارانە، تروسکەیەکی هیوایان لێ بێتەدەرەوە...

## دوایی ژیان و سەرەتای زیندوێتی

پەنای دوایی شاری (رافنا)بوو، کە بووە هاودەمی یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی کە ئەویش بوێژێک بوو ناوی (جویدو) بوو.

دانتی دڵی بەم بوێژە ئەکرایەوە هەتا مردیش هەر لە میوانداریی ئەودا مایەوە، بەهاودەمیی ئەوەوە ژیا کە لە ساڵی ١٣٢١دا مرد، تەمەنی پەنجاوشەش ساڵ بوو نۆزدە ساڵیش بوو لە دەربەدەریی دابوو...

ئنجا کە کار لە کارترازا و دەمی بەسەرچوو، تازە (فلۆرەنسە) لە کاری خۆی پەشیمان بووەوە کە ئەوەندە لەگەڵ ئەو ڕۆڵە نازدارەی خۆیدا زۆر و ستەمی نواندووە ئیتر ئەوەندەی پێ نەچوو لە فەرمانڕەوایی (رافنا)ی خواست کە تەرمەکەی (دانتی)ی بداتەوە، تا لە خاکی فلۆرەنسەدا، لە نیشتمانەکەی خۆیدا بحەسێتەوە، کە ئەمەندە ساڵان بوو هەر بەئاواتەوە بوو ببینێتەوە...

بەڵام خواستەکەی (فلۆرەنسە) گوێی نەدرایە چونکە (رافنا) بەو لاشە نازدارەوە شانازیی ئەکرد نەیویست، لە میوانداریی تەرمەکەی خۆی بێ بەش بهێڵێتەوە.

چونکە لەکاتی زیندوێتی و ئاوارەییدا، بەسەر بەرزییەکەوە میوانداریی کردبوو!... لەبەر ئەوە خواستەکەی فلۆرەنسەی بەرپەرچ دایەوە!...



هەتا ئێستایش، (دانتی)، بوێژی دەربەدەری ئاوارە، لە نیشتیمانەکەی خۆی دوورە لە (شاری گوڵان)، لە فلۆرەنسە بێ بەش ماوەتەوە وادیارە هەروەک تاڵیی ئاوارەیی لە زیندوێتیدا چێشتبوو، لە مردوێتی یشدا هەر چێشتی!...

کەواتە (دانتی) مرد و ئەو ئاوازە چاوبەست کەرە بڕایەوە...

بەڵام نەء! نەبڕاوەتەوە!... تازە دەستی پێ کردووە! چونکە (دانتی) گەنجینەیەکی وێژەیی بۆ مرۆڤایەتی بەجێ هێشتووە کە ئەویش نووسراوی (بەزمی خوایی)یە... ئەم نووسراوەیش بریتییە لە گەشتێکی لە ئەندازە بەدەر، کە بەناو جیهانی لەوە پاشدا کردویتی لە (دۆزەخ)ەوە دەستی پێ کردووە تا گەیشتووەتە (هەواری پاکژیی) تا لە بەهەشتدا گەشتەکەی براوەتەوە... (دانتی) بەم شاکارەی هەڵ ئەگرێ پێی بگوترێ (ڕابەری ئاسمان)!...

هەر کەسێکیش ئاسمانی کردبێ بەپەناگای خۆی و ڕووی تێ کردبێ، بەمردوو دانانرێ، نەخوازەڵا کە کەرەستەی هونەری بڵندیشی کردبێ بەگەوهەری دەروون و سروشتی خۆی...

کەواتە، وەرە بام لەگەڵ (دانتی)دا گەشتێکی (ناوچەی دۆزەخ) بکەین!...

## بەزمی خوایی

### ١- گەشتی دۆزەخ

کێمان هەیە کە لە خاکی خەو شارەزانەبێ؟ کێمان هەیە کە لەسەر باڵی خەواڵوبی چاو بەست کراو نەفڕیبێتە لای؟... تا ئەوەی چاوپێ بکەوێ، کە بەچاو نەی دیوە و، ئەوەی لێ ببیسێ کە بەگوێ نەی بیستووە و، ئەوەیش بەدڵیا بێت هەرگیز بەدڵیا نەهاتووە!...

هەر خەوەکە ببێتە پەناگای هەموومان لە گیروگرفتی ئێستامان، لە نەنگی و ناپەسەندیی و ناشیرینی ڕووداوی ئیمڕۆمان و، لە ژیانی ڕۆژانەی کشومات و بێ دەنگ و سەنگمان!...

خەو بریتییە لەو کەناری دەریایەی کە بۆی ئەپەڕینەوە، تا لەسەر تەختی لەکانی ئاواتە خۆشەکانمان دروست بکەین و، داخی دڵی خۆمانی بۆ هەڵبڕێژین.

جا لەناو ئەم نیشتمانە شارراوەیەدا کە بەچاوی وریایی نابینرێ، (دانتی) گەشتە ئاوازەکەی خۆی کردووە بۆ دۆزەخ!

دانتی لە سەرەتای گەشتەکەدا پێمان ئەڵێ کە لە ناکاو خۆی لە ناو جەنگەڵستانێکی

چرۆپڕدا دیوە، کە بینی پڕبووە لە سێبەر. چۆڵ و هۆڵێکی وایش بووە کە هەستی کردووە بەلەشی، گرژ ئەبێ و ترس و لەرز دای ئەگرێ خۆیشی بەخۆی نەزانیوە کە چۆن گەیشتۆتە ئەو دارستانە بەڵام ئەوەی لەبیرە کە ڕێگای ون کردووە و، هەرچەندیشی کردووە لە دەست ئەو ون بوونە ڕزگاری نەبووە... نەتروسکەیەک ڕووناکی دیوە، لە پەلوپۆی دارەکانەوە، کە ڕێگاکەی بۆ ڕۆشن بکاتەوە، نە کەسێکیشی چاوپێکەوتووە کە لێی بپرسێ ڕێگاکە لە کوێ وەیە ؟!... لەبەر ئەوە ترسی لێ نیشتووە و دڵی داخورپاوە و، بەزەییشی بەخۆیدا هاتۆتەوە، لەوە ترساوە کە لەو جێگا سامناکەدا کارەساتێکی ناخۆشی بەسەربێ... دوای ئەوە (دانتی) دەست و پێ ئەبات بۆ ئەملا و ئەولای خۆی ڕێگا بدۆزێتەوە، هەر وەک لە شەوە زەنگ دابێ هەڵە ئەکات و هەڵ ئەنگوێ.

لقوپۆپی دارەکان لەشی ئەڕووشێنن، ڕەگە دەرکەوتووەکانی دارەکان هەڵی ئەنگوێنن، دوایی لەپەو ڕوو ئەکەوێتە سەر زەوی... بەڵام خۆی ئەگرێ و خۆی کۆ ئەکاتەوە و ڕاست ئەبێتەوە و، جارێکی تریش دەست ئەکاتەوە بەپەل کوتان بۆ دۆزینەوەی ڕێگا بەتێکۆشانێکی هەناسە ساردانەوە خۆی ئەکوتێ و ئەڕوا تا خۆی لەبەردەم لاپاڵی شاخێکی گەورەدا ئەبینێ لەوکاتەدا ڕۆژ گزنگ ئەدا و پرشنگ ئەدات لە پێچوپەناکانی شاخەکە و، تارایەکی زێڕین و ئەرخەوانییان بەسەردا ئەدات پۆپەی شاخەکەیش ڕۆشناییەکی بەهێزی لەسەرەوە دەردێ، ڕێشکەوپێشکە بەچاوی ئەخات... (دانتی) تێ ئەگات کە ئەو شەوگارە دووردودرێژەی لەناو پێچووپەنای ئەو جەنگەڵە تاریک و نووتەکەدا بەسەر بردووە... کە ئەوەیشی بیرئەکەوێتەوە لەناو ئەو دارستانەدا چ ئەرک و ئازارێکی تووش بووە و چ چۆڵەوانی و کێشەیەکی هاتۆتە بەر، موچووڕک بەلەشیا دێ... بەڵام کە ئەبینێ ڕۆژهەڵ هاتووە و دوای ئەوشەوە سامناکە، کەوتۆتە بەرەبەیانەوە، هیوایەک ئەکەوێتە دڵیەوە و، هەست بەدڵنیایی و بێ وەییەک ئەکات.

(دانتی) تاوێک ئەوەستێ و پشوویەک ئەدا و تۆزیک ئەحەسێتەوە دوای ئەوە دەست ئەکات بەسەرکەوتن بەسەر ئەو چیا بڵندەدا، ڕوو ئەکاتە لوتکەکەی کە سپی ئەکاتەوە...

بەڵام بەسەزمانە، زۆری پێ ناچێ گیروگرفتێکی وای دێتە بەر کە بەبیریشیا نەهاتبوو لە چەقی ڕێگاکەیدا کەمتیارێکی دڕندە وەستابوو، ڕێی لێ بردبووە بەست!...

سەیر ئەوەبوو (دانتی)، لەسەرەتادا، لە کەمتیارەکە نە ئەترسا سەرنجی لە جووڵانەوە گورج و گۆڵەکانی ئەدا، لە پەلوپۆ توند و تۆڵەکانی ورد ئەبووەوە، سەیری پێستە نەخشینەکەی ئەکرد!... بەڵام ئەو سەرسوڕمانە هونەرمەندانەی (دانتی)یە زۆری نەکێشا،



کە تەماشای کرد کەمتیارەکە لە جێی خۆی نابزوێ و، نیازی وایە ڕێگاکەی لێ ببڕێ و، نەهێڵێ بەئامانجی خۆی بگات و بگاتە سەر لوتکەی شاخەکە، دڵی تەنگ بوو و، خۆیشی لە تەنگوچەڵەمەدا دیی!...

(دانتی) لەوانەبوو بگەڕێتەوە بۆ جێی خۆی بەڵام کە سەیرێکی ئەو ئاسمانە شینە بێ گەردەی کرد و، ئەو هەڵ هاتنی ڕۆژەی چاوپێکەوت و، ئەو کزەبا ناسکە بۆن خۆشەی هەڵمژی، هەستێکی سەیری کرد بەخۆی: بڕیاریدا بەسەر شاخەکەدا سەرکەوێ و بڕوات تا ئەگاتە ئامانجی خۆی!...

بەڵام هەر ئەوەندەی خۆش بوو تا چەند هەنگاوێکی تری نا، لە پڕ بەرهەڵستێکی تازەی هاتە بەر شێرێکی دڕندەی هاتە سەر ڕێ لە تاو برسێتی هار بووبوو بەسەرێکی بڵند و دووچاوی داگیرساو و کلکێکی کەلافە کراوەوە بەرەو پیریی هات!...

لە دوای شێرەکەیشەوە گورگێکی برسی ئەڕۆیشت، دانەکانی ڕیچ کردبووەوە لەتاو برسێتی پێستەکەی بەئێسکەکانیەوە نووسابوو لەوەیشدا هیچ گومان نەمابوو کە لەسەر نێچیرێک خۆی ئەدا بەکوشت و ئەو نێچیرە هەرچۆنێک بوایە و هەرچەندێک بوایە پەلاماری ئەدا و ئەیخوارد!...

(دانتی)ی بەسەزمان، لەترساندا بەر چاوی تاریک بووبوو جیهانی بەڕەش ئەهاتە پێش چاو ئەو ڕۆژەیش کە بوبووە هۆی دڵخۆش کردن و هیوا و ئاوات بۆ ئەو، ڕەنگە چاو بەست کەرەکەی پێوە نەمابوو هەروەک ئەوەیش وەک (دانتی) ڕەنگی تێکچووبێ و، ترس و لەرزی لێ نیشتبێ وابوو.

## هاوارکردن!

کەمتیار و شێر و گورگەکە، کردیانە گەلەکۆمەکێ، لە بوێژە گەشت کەرەکە... (دانتی) پاشەوپاش گەڕایەوە، هەتا گەیشتە کن ئەو جەنگەڵەوە، کە لەوەپێش ئەو هەموو ئەرک و ئازارەی لە تاریکی و نووتەکییەکەیدا دیبوو!... جارێکی تریش کەوتەوە ناو ئەو تاریکاییەوە... (دانتی) ئەمەی زۆر پێ گران بوو.

هەستی ئەکرد بەشکاویی و داماویی و سەرسوڕمان و بێ دەسەڵاتی بەڵام پێش ئەمەی زارەترەک بێ و لێی بقەومێ، خوای گەورە دەستی یارمەتیی بۆ درێژکرد کە تەماشای ئەملا و ئەولای خۆی کرد، لەناو تاریکییەکەدا تارماییەکی بەرچاو کەوت نەی ئەناسییەوە

تارماییەکە لێی ئەهاتە پێشەوە (دانتی)یش بەپاڕانەوەیەکەوە دەنگی بەرزکردەوە و پێی گوت:

– مرۆڤ بیت یان گیانێک لە جنۆکان، لە ڕاهی خوادا بەزەییت پیاما بێتەوە و بگەرە فریام.

دەنگێکی زڕی سەرسوڕهێنەریش وەرامی دایەوە، وەک تازە لە گۆڕ هاتبێتە دەرەوە وابوو:

– من (ڤیرجیل)م[1] (دانتی) لە خۆشیاندا گەشکەداربوو چونکە ئەم پیاوە ئەو (ڤیرجیل)ە بوو کە چەند سەد ساڵێک لەوەپێش یەکە بوێژی لاتینییەکانی کۆن بوو (دانتی) لەدوای (بیاتریس) کەسی تری لەو خۆشتر نەئەویست هەرچەندە یەکتریان بەچاو نەدیبوو، بەڵام دانتی لە هۆش و دڵتەڕیی و هونەری ئەو شارەزابوو بەهۆی ئەوانەیشەوە بوو بوو بەئاشنای گیانی (ڤیرجیل) و خۆشی ئەویست... چونکە (ڤیرجیل) بووبووە مامۆستای هەرە گەورەی (دانتی) . (دانتی)یش بوبووە دەروێش و شاگردی ئەو هەتا بڵێی خۆشی ئەویست هەتا بڵێی حەزی بەچاکەدانەوەی ئەکرد، بێجگە لەوە یەجگار دڵسۆزیشی بوو... دانتی بەدەنگێکی بەرزەوە بەڤیرجیلی گوت:

– مامۆستای گەورەم، ڕێگام پیشان دە دەستم بگرە و لەم چۆڵەوانی و پێچوپەنایانە ڕزگارم بکە و بمبەرە دەرەوە هەروەها لەدەست ئەم گیانلەبەرە دڕندانەیش ڕزگارم کە کە ئەیانەوێ ئازارم بدەن و ڕێگام لێ بگرن تا نەگەمە سەر لوتکەی شاخەکە!...

(ڤیرجیل)یش پێی گوت:

– من حەز دەکەم یارمەتیت بدەم بەڵام دەسەڵاتێکم نییە بەسەر ئەم دڕندانەدا، بەتایبەتی گورگە برسییەکەیان من هەر ئەوەندەم پێ ئەکرێ کە لە ڕێگایەکی ترەوە بت بەم بۆ ئەو جێگەیەی بۆی ئەچیت شارەزای ئەو ڕێگەیەم، دوام کەوە دەتبەم بۆ ئەو جێگایەی ئەتەوێ بۆی بچیت ئەبێ بەناو دۆڵی تاریکاییدا بڕۆین، کە هەرچی خراپەی کردووە لەسەر زەویدا پەنای بردۆتە بەر ئەوێ ئەوانە تووشی سزای دۆزەخ بوون، تا سەر تیا ئەمێننەوە!... کاتێ لەو دۆڵە بەد و پیسە ڕزگارت بوو، ئەگەیتە سەر لوتکەی (هەوارگەی پاک بوونەوە) کە لەوێدا، ئەوانەی لەدەست ئاگری دۆزەخ ڕزگاریان بووە، تا ماوەیەک

(١)ڤرجیل (٧١– ١٩پ.ز): مەزنترین شاعیرانی ڕۆمایە، لە شاکارەکانی (جیۆرجیاتەکان) داستانی (ئینیازە)، شێوازێکی شاعیرانەی ناسکی پێوەبووە.



ئەمێننەوە، لە گوناهە بچکۆڵەکانی خۆیان خۆیان پاک ئەکەنەوە هەر کاتێ بەهۆی پەشیمانییەوە لە بەدکاریی و بەدخوویی خۆیان پاک بوونەوە کە لە جیهاندا کردوویانە، هەڵ ئەگرت بۆ بەهەشت بگوێزرێنەوە.

منیش لێت ناشارمەوە، کە من مافی ئەوەم نیە بپەڕێمەوە بۆ دۆڵی پاکان و جێگای پیاوچاکان چونکە لەکاتی مردنما بتم ئەپەرست و باوەڕم بەگەلێک خوا هەبوو بەڵام کە گەیشتینە ئەوێ ئەتدەمە دەست یەکێک لەو گیانە پاکە کردەوە پەسەندانەی کە خوا ئەناسن ئەتدەمە دەست (بیاتریس)ی یاری خۆشەویستت، کە خوای گەورە خۆشی ئەوێ و بەخشندەیی لەگەڵا کردووە...

(دانتی) بەترس و لەرزێکەوە گوێی لە قسەکانی مامۆستاکەی خۆی ئەگرت پاشان پێی گوت:

– ئەی بوێژی نەمر ئەی گەوهەری هەموودەمێک پێشم کەوە، بام بڕۆین بۆ هەر کوێیەک بچیت لە دواتەوەم، دوای ئەوە دەستیان کرد بەڕۆین...

## دەرگای دۆزەخ

سێبەری ئێواران دەستی پێکردبوو زەوییەکەی گرتبووەوە (دانتی)یش لەدوای (ڤیرجیل)ەوە ئەڕۆیشت ئەچوون بۆ دۆڵی سزادان کە لەوێدا گوێت هەر لەدەنگی شیوەن و گریان و ئاه و ناڵە و کرچەکرچی ددان ئەبێ...

کە دەستی کرد بەگەشتەکە، خاوەنی نیازێکی ڕاستەقینە بوو چست و چالاکیش بوو... بەدوای هەنگاوەکانی (ڤیرجیلی)ی مامۆستای دا ئەڕۆیشت نەماندوو ئەبوو نەهەڵ ئەنگوت... کەچی زۆری پێ نەچوو، ورەی بەردا وایشی بەدڵدا ئەهات کە ناتوانێ گەشتەکەی خۆی تەواو بکات لەبەر ئەوە دەستی کرد بەسەر زەنشت کردنی خۆی، کە خۆی خستبووە ئەو داوەوە کە ئەنجامی لە مەترسی دایە و، پڕیشیەتی لە ئەرک و ئازار و تەنگوچەڵەمە!... دوایی دوو دڵیی گەیشتە ڕادەیەکی وەها کە ئیتر بەجارێک ورەی بەردا قیژاندی و بەڤیرجیلی گوت:

– مامۆستا! من ترسم لەوەیە کە ئەم گەشتەی من دەستم پێ کردووە، گەوجانە و ناشیانەبێ!... تۆ پیاوێکی تێگەیشتوو و زیرەکیت، قسەکەم تەواونییە ؟... پێم بڵێ چی بکەم!...

– وادیارە ترس دڵی داگییر کردوویت... وایشت لێ هاتووە کە ئیتر نەتوانیت بڕۆیت... بەڵام ئەگەر گوێ لە قسەکانم بگریت بەچەشنی تەمومژ کە لەبەر تیشکی ڕۆژدا خۆی ناگرێ و ئەڕەوێتەوە، خەمو خەفەت و ترسەکەی تۆیش نامێنن، ئەڕەوێنەوە!... کابرای بوێژ! من لە خۆمەوە نەهاتووم دەستی تۆ بگرم و یارمەتیت بدەم من لەو شوێنەدا بووم کە لە ژیانی دوامین دا بۆم دانرابوو لە پڕ گوێم لە دەنگێکی ناسکی زرنگەدار بوو بانگی ئەکردم کە تەماشام کرد، ئافرەتێکی جوانی شەنگوشۆخم هاتە بەرچاو چاوەکانی وەک ئەستێرە ئەدرەوشانەوە لێم پاڕایەوە کە بکەومە فریای دۆستەکەی، کە لە شوێنێکی چۆڵ و هۆڵی پڕ لە مەترسی و تەنگوچەڵەمەدا ڕێی لێ ون بووە فرمێسکەکانی کە هەر لە مرواریيان ئەکرد بەسەر گۆناکانیا گلۆرە ئەبوونەوە منیش بەرامبەر ئەو جوانییە بەشین و زارە خۆم پێ نەگیرا، لەبەر دڵی ئەو بەهەڵەداوان خۆم گەیاندە تۆ، تا ئەوی پێویست بێ بۆتی بکەم... ئەوەیش بزانە کە ئێمە بەڕێگایەکدا ئەڕۆین، دڕندەی تیانییە لەبەر ئەوە ترست نەبێ!... (بیاتریس)ی شەنگوشۆخ، لەخەمی تۆدایە، بەتەنگتەوەیە، بیری بەدوارۆژی تۆوە خەریکە... ئیتر ئەمە بەسە بۆ تۆ کە بەدڵێکی فراوانەوە، ئەم ڕێگا سەختە بدەیتە بەر خۆت و بەهیواوئاواتی خۆشیشەوە دڵی خۆت بدەیتەوە!.

هەر ئەوەندە (دانتی) ناوی (بیاتریس)ی گوێ لێ بوو، هەرچی ترسێکی هەبوو لە دڵیانەما، هەر چەندوچوونێک لە مێشکیا هەبوو، لاچوو بەدەنگێکی بەرزەوە بەڤیرجیلی گوت:

– فەرموو بام بڕۆین بەڕێی خۆمانەوە مامۆستا ئیتر تۆ بەترس و لەرز و پاش کەوتوویيەوە من نابینی... ئیتر دەستیان کردەوە بەڕۆین... ڕێگاکەیان بەناو دارودرەختا ئەڕۆیشت... ڕۆیشتن تا گەیشتنە بەر دەرگایەکی گەورە شتێکی لەسەر نووسرابوو... دانتی یش مایەوە تا ئەو نووسینەی خوێندەوە لێی نووسرابوو:

– ئەی ئەو کەسانەی کە لەم دەرگایەوە دێنە ژوورەوە هەر هیوایەکتان هەیە لێرەدا بەجێی بهێڵن!...

کە دانتی ئەو نووسینەی خوێندەوە لە ترساندا هەموو لەشی گرژ بوو تەماشایەکی رابەرە زیندووەکەی خۆی کرد و لێی پرسی ئەو جێگایە کوێیە؟ (ڤیرجیل)یش پێی گوت:

– هاوڕێی خۆم ئەمە دەرگای دۆزەخە...

– مامۆستای خۆم! ئەمەی نووسیویانە لەسەر ئەم دەرگایە یەجگار دڵ ڕەقانەیە، یەجگار تاڵ و ناخۆشە!...



– تۆ لە هیچ مەترسە، باکت نەبێ دەستی خۆتم بدەرێ و دوام کەوە...

(دانتی)یش دەستی خستە ناو دەستی (ڤیرجیل)ەوە و لە دەرگای دۆزەخەوە چوونە ژوورەوە!...

## بەندەی تەمەڵی

هەر ئەوە لە دەروازەکە چوونە ئەو دیوەوە، (دانتی) وای هاتە پێش چاو کە بایەکە پڕە لە دەنگی هاوار و شین و گریان و ئاهو ناڵە... بوێژەکە دڵی بەوە خرۆشا، بەزەیی پیایاندا هاتەوە ئەویش دەستی کرد بەگریان ئەو تارماییانەیش کە ئاهوناڵەیان لێوە ئەهات، لەملاولەولایەوە شین و گریانیان ئەکرد، هەندێ جار پەنجەی خۆیان ئەگەست، هەندێ جاریش لە یەک ئەکەوتن و شەڕیان ئەبوو... کاتێ کە دانتی هاتەوە سەرخۆی لە ڤیرجیلی پرسی:

– مامۆستا ئەوانە کێن؟

– هاوڕێی خۆم ئەوانە ئەوکەسانەن کە لە جیهاندا تەمەڵییان پەرستووە لەبەر تەمەڵی خۆیان، نەکاری چاکیان پێ کراوە، نەکاری خراپ لەبەر ئەوە کات ئەوانەی پارچە، پارچە کردووە ئەوانەکاتیان بەسەر نەبردووە!... هەتا لە ژیاندابوون، هەر بەخۆیانەوە خەریک بوون نە بەکاری خوا هاتوون، نە بەکاری شەیتان!...

کە دانتی ئەو قسانەی لە مامۆستاکەی خۆی بیست، ئیتر بەزەیی بەوانەدا نەهاتەوە. کە تەماشای کرد، باری ئێستای ئەوانە و باری پێشوویان وەک یەکە: بێ ئەمەی ئامانجێکیان هەبێ ئەسووڕێنەوە، ئەجووڵێن... ئەچن بەگژیەکدا بەخۆڕایی... ژیانی خۆیان لە بابەتی پڕوپووچ دا بەخت ئەکەن... (دانتی) کە سەرنجیدا یەکێکیان لەناودا بوو، ناسییەوە ئەو پیاوە ڕۆژێک لە ڕۆژان کەشیشێکی ساویلکە بوو. دوایی بەرە بەرە بەرزبووەوە تا گەیشتە پایەی (پاپایی) بەناوی (سیلستان) بەپاپای ڕۆماوە ناوبانگی دەرکرد...

بەڵام کابرا ئازا و کارامە نەبوو لەبەر ئەوە، فرمانە گەورەکەی سەرشانی خۆی جێبەجێ نە کرد، هیچ کارێکی گەورەی نەخستە سەر ئەستۆی خۆی لەبەر ئەوە وازی لەو پایە گەورەیە هێنا تا تووشی ڕەنج و تێکۆشان نەبێ و ئەرک و ئازاری بۆ پەیدا نەبێ هەتا مردیش هەر ژیانی تەمەڵی و بێ کاریی ویست و ژیا!...

## ڕووباری ئەکیرون

بوێژ و ڕابەرەکەی دەستیان کردەوە بەڕۆیشتن تا گەیشتنە ڕووباری (ئەکیرون) لە کەنارەکەدا کەشتییەک ڕاوەستابوو، کەشتییەوانێکی پیری سەرڕوویش سپی سەرپەرشتی ئەکرد، ناوی (شارۆن)بوو هەموودەم ئەم سەر و ئەو سەری ئەکرد کاتێ کە لە کەنار ئاوەکە نزیک بووەوە، ئەو تارماییانەی لەسەری وەستابوون لێی دوورکەوتنەوە ئەویش قسەی ڕەقی پێ ئەگوتن و پێیان پێ ئەکەنی:

– من بۆ شوێنێکتان ئەبەم کە هەرگیز لێی ناگەڕێنەوە. ڕووناکی ڕۆژیشی تیا نابینن! شوێنەکەیش بریتییە لە دۆڵی تاریکی، کە ئاگری تیا ئەسووتێ و سەرماوسۆڵەی توندوتیژیشی تیایە... گیانەکانیش پۆل پۆل ئەچوونە ناو کەشتییەکەوە پێیشیان خۆش نەبوو بەڵام کەسیان نەی ئەتوانی نەچێ!... کاتێ کە (شارۆن) چاوی بە(دانتی) کەوت تووڕەیی گرتی... بەدەنگێکی وەک هەورە تریشقەوە بەسەریا قییڕاند و گوتی: دوورکەوە لەم کەشتییە بڕۆرە دەرەوە!...

بەڵام (ڤیرجیل) فریای کەوت (شارۆن)ی تێگەیاند کە (دانتی)، پیاوێکی جیاوازە، پێی گوتراوە بپەڕێتەوە... (شارۆن) هەرچەندە ئەمەی پێ ناخۆش بوو، بەڵام بەناچاریی جێگای ڤیرجیل و دانتی کردەوە (ڤیرجیل) هۆی تووڕەبوونی (شارۆن)ی بۆ (دانتی) ڕوون کردەوە، کە هیچ کەسێکی زیندوو نابێ بەم کەشتییەدا بپەڕێتەوە!

کاتێ کە ڤیرجیل لەو بیانوو هێنانەوەیە بووەوە، ئاسمان دەستی کرد بە هەورە تریشقە و بروسکەدان زەویش بەتوندیی لەرییەوە (دانتی) زارەترەک بوو لەپەوڕوو کەوت بەسەر زەویدا لەناو کەشتییەکەدا لە هۆش خۆی چوو... تا هەورە تریشقەیەکی دەنگ گەورە پەیدانەبوو، نەهاتەوە سەرخۆی کە تەماشای کرد لەناو کەشتییەکەی (شارۆن)دا نەماوە، پەڕیوەتەوە ئەوبەر ئاوەکە، لەسەر لێواری چاڵێکی یەجگار قووڵ دانراوە کە دەنگی سەیر سەیری لێوە دێ!...

## چیمەنی سەوز

ئەو کەندەڵانە قووڵە دۆزەخ بوو... دابەش بووبوو بەچەند نهۆمێکەوە بەچەند پلەیەکەوە، یەک لەدواییەکەوە ئەهاتن لە هەر نهۆمەدا کۆمەڵە مرۆڤێکی تیابوو، کە هەموویان یەک جۆر گوناهیان هەبوو... هەرچی چینی یەکەمیان بوو، کە لە هەموویان بەزەوی نزیک تربوو،



ئەوانەی تیابوو کە لەسەردەمی بت پەرستیدا ژیابوون لەپێش پەیدابوونی (مەسیح)دا یەکێک لەوانە (ڤیرجیل)ی بوێژ بوو... ئەوانە سزایەکی تایبەتییان نەئەدرا... چونکە گلەیی لە گوناهەکان و هاوبەش بۆ خوا پەیداکردنیان ناکرێ کەسێکیش پێغەمبەرێکی خوا موژدە و ترساندنی پێ نەگەیاندبێ، هەڵناگرێ سزا بدرێ...

بەم ڕەنگە لەو نهۆمەدا نەسەرماوسۆڵەی توندوتیژ هەیە، نە ئاگری نێڵەنێڵ، نە فرمانبەرانی دۆزەخ... لێرەدا بوێژەکە چاوی بەپیاوە بەناوبانگەکانی جیهانی کۆن و پاڵەوانە ناودارەکانی کەوت هەروەک لە هەوارگەی بەندیخانەدا دانرابن وابوو هەر ئەوەندەیان لێ ئەکرا، کە ماوەیان نەدرێ بەناز و جیازەوە بژین...

لەدوای ئەمەی هەردوو گەشت کەرەکە، بەناو ئەم نهۆمەدا سووڕانەوە، ڤیرجیل بەدانتی گوت:

– ئەتوانین بچینە چینێکی تریش...

ڤیرجیل کە ئەوەی بەدانتی گوت، دەموچاوی داگیرسابوو...

– مامۆستا، کە تۆ بەم هاتنە خوارەوەیە ڕەنگت واتێک بچێ، ئەی من چیم بەسەر دێ؟

– من لە ترسا ڕەنگم نەگۆڕراوە بەڵام بەزەییم بەوانەدادێ کە لەوێدا ئەیانبینم ئازاریان ئەدرێ!...

هەردووکیان چوونە خوارەوە بۆ نهۆمی دووەم... ئەم جارە وەک جاری پێشوو دەنگی شین و گریان نەئەهاتە بەرگوێی بەڵام بایەکە دەنگی ئاخ و ئۆفی ئەدا بەگوێیدا کە دڵی ئەتواندەوە ئەو نهۆمە زۆر تاریک و نووتەک بوو لە دوورەوە ڕووناکییەکی بەهێزیان کەوتە بەرچاو کە لە ئاگرێکی نێڵەنێڵەوە دەرئەهات.

لەوێدا ڤیرجیل گوتی: (ئەو ناوچە ڕووناکەی کە لە دوورەوە ئەیبینیت، ئەوانەی تیا ئەژین کە لە جیهاندا ناوبانگێکی فراوان و ناوونیشانێکی گەورەیان هەبووە...)...

دوای ئەوە چوار تارمایی بەپیریانەوە هاتن بەلووت بەرزیی و فیزێکەوە ئەڕۆیشتن بەڕێگادا یەکەمیان گەورەی هەموو بوێژەکانی یۆنانستان بوو، کە ناوی (هۆمیرۆس)بوو خاوەنی چیرۆکەکانی (ئیلیاد) و (ئۆدیسە)... لەدوای ئەویشەوە (هۆراس) و (ئۆڤید) و (لۆقا) ئەڕۆیشتن بەڕێگادا، کە لەدوای (ڤیرجیل) بەگەورەترین بوێژانی (لاتین)ەکان ئەژمێرران...

هەرچوار بوێژەکە خۆشی و چلۆنییان لەگەڵ ڤیرجیل دا کرد.

ئەویش دانتی پێ ناسین[١] کە زانییان ئەویش بوێژێکە وەک ئەوان، بەڕوو خۆشییەکەوە لەگەڵیا دووان... (دانتی)یش ئەوەی بەناوچەوان بەرزییەکی گەورە دانا بۆ خۆی، زۆر پێی شادمان بوو، زۆر سەری پێی گەورەبوو[٢] هەر پێنج هونەرمەندە گەورەکە ڕۆیشتن بەڕێگادا دانتییش شەشەمیان بوو لە بابەت زانستی تێگەیشتوویی (حکمت) و هونەرەوە گفتوگۆیان ئەکرد... ڕۆیشتن تا گەیشتنە دژ (قلعە)ێکی گەورە کە حەوت دیواری گەورە و چاڵاوێکی گەورە چوارلایان گرتبوو بەسەر چاڵاوەکە پەڕینەوە، کەچی پێیان تەڕ نەبوو! پاشان لە هەر حەوت دیوارە زەلامەکانیشەوە تێپەڕین... دانتی چیمەنێکی پان و فراوانی سەوزی چاوپێکەوت... لە هەموو ناوچەی فلۆرەنسەدا چیمەنێکی وا گەش و جوانی نەدیبوو... لەناو ئەو چیمەنەدا زۆر کەس لە پیاوە گەورەکانی جیهان ئەژیان هەموویان شاه کڵاویان بەسەرەوە بوو لە هەست و بزووتنیشیاندا مەندیی و زرنگی دیاربوو، کە گەورەیی جێگای پیشان ئەدان... هەندێک لەو گەورە پیاوانە ئەمانەبوون:

هیکتور، سەرکردە مێژوویییەکانی لەشکر، ئەفلاتوون، سوکرات، ئەرەستوو، گەورە پیاوانی ڕاستی پەرستی و ڕۆشنبیریی...

هەر چوار تارماییەکەیش چوونە ناو ئەو پۆلە گەورانەوە ڤیرجیل و دانتییش بەجێیان هێشتن تا لەناو دۆزەخدا گەشتەکەی خۆیان تەواو بکەن...

## دووڕەگ

چینی دوایی لە چینەکەی پێشوو تەنگتربوو بەڵام ئازار و هاواری زۆرتر تیابوو لە دەروازەی چینەکەدا دڕندەیەک وەستابوو، ناوی (مینۆس)[٣] بوو نیوەی لەشی گیانلەبەر بوو، نیوەکەی تریشی مرۆڤ کلکێکی پێوەبوو، هەر لە قەمچیی ئەکرد، هەر کەسێ ئەکەوتە ژێر دەستی بەوکلکە دای ئەپاچی، لەشی سوور ئەکردەوە هەر گیانێک بخرایە بەردەمی، (مینۆس) بەشێوە تایبەتییەکەی خۆی سزاکەی ئاشکرا ئەکرد ئەگەر گیانەکە لەوانە بوایە کە ئەبێ لە نهۆمی دووەمدا بمێنێتەوە دووجار کلکی خۆی لێ ئەوەشاند ئەگەر

(١): یان: پێ ناساندن.

(٢)زۆر سەری پێی بەرز (بڵند) بوو.

(٣) مینۆس: مەلیکی ئەفسانەیی (کریت)ە درگەوانی دۆزەخەی مێردی (باسیڤایی)یەو باوکی (ئەریانا) و (ڤیدر)ە، (مینۆتۆر)ی دێوی، لە توونێکی بابای پێچاوپێچدا کە سەری تیادەرنەدەکرا بەندکرد.



لە نهۆمی سێیەمدا بمایەتەوە، سێ جار کلکی لێ ئەدا بەم ڕەنگە کلکی خۆی بەکارئەهێنا، تا ئەگەیشتە نهۆمی هەرە بنەوە لە دۆزەخدا، بۆ ئەویش نۆ جار کلکی لێ ئەدا!...

## کلیۆ پاترە لە دۆزەخدا

کە (مینۆس) دانتی دیی، ترسی پیشاندا و لە ئەنجامی هاتنە ژوورەوەیش مەترسیی خستە بەر... بەڵام (ڤیرجیل) بۆی کەوتە ناوەوە، دوایی (مینۆس) ڕێی دان بێنە ژوورەوە... لەپڕ گێژەڵووکەیەکی توند هەڵی کرد و چینی دووەمی گرتەوە.

گیانەکانی گلۆر کردەوە و دانی بەسەریەکدا و بەسەر داروبەردا ئەوانیش کردیانە هاوار و ناڵە ناڵ!.

دانتی لەم نهۆمەدا (کیلۆپاترە)ی شاهژنی (میسر) و (هێلانە)ی شاهژنی (ئیسپارتە) و (دیدون) شاهژنی (قارتاجە)ی دیی... هێلانە ئەو شاهژنەبوو کە بەهۆی فڕاندنی ئەوەوە شەڕێکی خوێنین لەناوەند (یۆنان) و (ترِوادە)دا هەڵگیرسا... ڤیرجیل ئەوانەی بانگ کردە لای خۆی... دانتی، کە هەموودەم چیرۆکەکانی ئەوانە و مێژووی ژیانیانی خوێندبووەوە، لەگەڵیاندا کەوتە گفتوگۆیەکی تەڕ و تازە... لەپڕ گێژەڵووکەیەکی بەهێز هەڵی کرد و ئەوانەی لەوێ لابرد... دوای ئەوە بوێژەکە چووە نهۆمی سێ هەمەوە، لە دۆڵی ئازار و هاوار لێرەدا ئەوانەی تیابوو کە زۆر خۆربوون!... سزای ئەوانەیش لە چەشنی کردەوەکەی خۆیان بوو ئەوانە لەناو قوڕە ڕەشێکی ساردوسڕدابوون باران و بەفر و تەزرەیان، بێ وچان، بەسەردا ئەباری (سیربیر) کە سەگێکی سێ سەرەبوو، لەشی ئەگەستن، سەگەکە دووچاوی پێوەبوو هەر لەگڕی ئاگریان ئەکرد... ئەمەندە ئەوەڕی، لە گیانی خۆیان بێزاری کردبوون دەنگەکەی زل و ناخۆش بوو گوێی کەڕ ئەکردن...

هەر ئەوەندە سەگەکە چاوی بەجووتە بوێژ کەوت هەرسێ دەمی لێ داپچڕین خۆی کوتا پەلاماریان بدات و پارچە پارچەیان بکات بەڵام ڤیرجیل زوو لێی ڕاپەڕی مشتێ خۆڵی هەڵگرت و کردیە دەمەکانییەوە... ئیتر سەگەکە بێ دەنگ بوو دەمی داخست... ڕێگای دان بڕۆن... تا گەیشتنە نهۆمی چوارەم لە دەرکی ئەم چینەدا خوای سامانیان چاوپێکەوت کە ناوی (بلۆتۆس) بوو کابرا دەستی کرد بەجوێندان بەهەردووکیان هەڕەشەی لێ ئەکردن بەڵام ڤیرجیل تێی خوڕیی گوتی: (خۆت لاڵ کە!)... ئیتر (بلۆتۆس) لەپەو ڕووکەوت بەسەر زەویدا و ڕێی پێدان بڕۆن.

دانتی چاوی بەدیمەنێکی سەیر کەوت لەوێدا ئەوانەی دیی کە پارەیان پەرستبوو هەروەها

ئەوانەیشی دیی کە بێ پەروا بەختیان کردبوو، دەست بڵاوییان تیا کردبوو.

دانتی وای بۆ دەرکەوت کە ئەوانەی پارە بەفیڕۆ بەخت ئەکەن و، ڕژد و دەست قووچاون، هەموویان وەک یەک برای شەیتانن!...

ئەوانەیش هەموو کرابوون بە دوو بەشەوە: پارە بەفیڕۆدەرەکان لەلایەکەوەبوون دەست قووچاوەکانیش لەلایەکی ترەوەبوون هەردوولایان کەڵەبەردیان ئەگرتە یەکتری توانج و پلاریان لە یەکتر ئەگرت تیزیان بەیەکتر ئەکرد.

هەرلایە، لایەکەی تری بەدناو و ڕیسوا ئەکرد لەسەر کردەوە و بیر و باوەڕی!

دوای ئەوە بوێژەکان چوون بۆ نهۆمی پێنجەم زۆنگ ئاوێکی بۆگەنی تیابوو ئەڕژایە ناو گۆمێکی بۆ گەنترەوە لەناو ئەم زۆنگ و ئاوەدا، گیانێکی بێ شومار کەوتنە بەرچاو دانتی بەپشم و قینێکەوە لەناو خۆیاندا لە یەکتریان ئەدا ئازاریان ئەدا بەیەکتری ئەوانە کە لە جیهاندا بووبوون کەوتبوونە ژێر چنگی تووڕەیی و پشم و قینی خۆیانەوە!...

هەردوو بوێژەکە، بەگوێ ئاوی ئەو زۆنگەدا ڕۆیشتن تا گەیشتنە بەر دژ (قەڵا)ێک کە ئەیڕوانی بەسەر ئەو گۆمەدا کە ئاوی زۆنگەکەی ئەڕژایە ناوەوە! لەو پەڕەی گۆمەکەیش دژێکی تر هەبوو!... لەهەردوو دژەکەدا دانیشتوان هەبوون، بەڕووناکی نیشانەیان بەیەکتر ئەدا... ڤیرجیل کەشتییەوانێکی بانگ کرد، کە لەناو گۆمەکەدا کەشتییەکەی لێ ئەخوڕی پێی گوت هەردووکیان سوارکات لەگەڵ خۆی ئەویش بەقسەی کرد ئەوکاتە بۆ دانتی دەرکەوت کە گۆمەکە پڕە لە گیانی ئەو کەسانەی کە لە جیهاندا خەریکی لووت بەرزیی و فیز و تووڕە و تڕۆیی و بەدخوویی بوون!...

## دەرگا داخراوەکان

کەشتییەکە بردنیە بەردەم شاری (دیتە) کە ئەبوو هەردوو بوێژەکە بەناویا بڕۆیشتنایە تا بگەنە نهۆمی بنەوەی دۆزەخ چراکانی دژی ئەم شارە و کەلاتە بڵندەکەی لەناو تاریکییەکانی دۆزەخدا پڕشنگیان ئەدا هەتا لێی ئەهات هەروەک شارەکە هەمووی تاکە گڕێکی ئاگربێ وابوو!...

کەشتییەوانەکە کە ناوی (فلیجیاس)بوو، سوارەکانی سەر کەشتییەکەی خۆی ئەبرد بۆ ئەو چاڵە ئاوەی کە چوارلای شارەکەی گرتبووەوە بوێژەکان خۆیان لەبن دیوارێکی زۆر بەرزدا دیی، کە یەجگار توند و بەهێزبوو، ئەتگوت لە پۆڵا دروست کراوە کەسیش نەی



ئەتوانی خۆی بهاوێژێتە ناو شاری (دیتە)وە، کە پایتەختی نهۆمی شەشەمی دۆزەخ بوو تا بەشێوەیەکی تایبەتی ڕێ نەدرایە بچی، یاخود خاوەن دەسەڵات نەبوایە!...

دانتی وای هاتە پێش چاو کە ئەو دیوارە گەورەیە نەدرزی تیایە، نە دەروازە بەڵام (فیجیاس)ی کەشتی وان بردنی بۆ جێگای دەروازە گەورەکەی لەبەر دەمیا دای بەزاندن و لێیان جیابووەوە و گەڕایەوە...

بویژەکان لەبەردەم دەرگا داخراوەکەدا وەستان، نەیان ئەزانی چۆن بچنە ژوورەوە تەماشایەکی دیوارە بەرزەکانیان کردوو، کەڵاتە داگیرساوەکانیشیان دیی، کە لەبەر تینی ئاگرەکەی سوور هەڵگەڕابوو... لەسەر پۆپەی ئەو کەلاتانەیش چەند گیانێکیان چاوپێکەوت، تووڕەیی تەواو دای گرتبوون، بەدەنگێکی وەک هەورە تریشقەوە بەسەر دانتیدا گرماندیان، گوتیان:

– ئەم مرۆڤە زیندووە کێیە کەوێراویەتی بێتە ناو خاکی مردووانەوە؟

(ڤیرجیل)یش ترسا لە شاگردەکەی شتێکی بەسەربێ، بەگیانەکانی گوت کە ڕێی بدەن بەتەنیا بیانبینێ ئەوانیش ڕێیاندا... پێیان گوت: کەواتە هەر خۆت وەرە تۆیش یەکێکی وەک ئێمە بەڵام ئەم کابرا بێ باکە، بام بگەڕێتەوە بۆ جێی خۆی!

دانتی لەتاوا زارەترەک بوو ئەی ئەبوو چی بکردایە؟ چۆن بەتەنیا بگەڕێتەوە و ڕابەرە دڵسۆزەکەی خۆی لەگەڵ نەبێ؟... لە مامۆستاکەی چووە پێشەوە و پێی گوت:

– مامۆستای خۆم! لێم دوور مەکەوە ئەگەر هەر پێویستیشت بێ بگەڕێینەوە، بام هەروەک پێکەوە هاتووین، پێکیشەوە بگەڕێینەوە!

(ڤیرجیل)یش دەستی کرد بەدڵنیاکردنی، گوتی:

– مەترسە هیچت لێ نایێ لێرەدا بمێنەرەوە، چاوەڕوانم بە دڵنیابە لەوەی کە ئەگەڕێمەوە لات من لەم شوێنە سامناکەدا تۆ بەتەنیا ناهێڵمەوە...

پاش ئەوە ڤیرجیل ڕووی کردە شارە شەیتانەکان و گیانە پیسەکان زوو بەزوو بەرەو پیریی چوون دەرگاکانیشیان بۆ کردەوە... دانتی گوێی لە گفتوگۆیان نەبوو.

بەڵام لەپاش تاوێک شەیتانەکان دەرگاکانیان لە بوێژە گەورەکە داخست ئەویش سەری دانەواند و گەڕایەوە بۆلای ڤیرجیل بیری ئەکردەوە لە خۆی دانتی بەوە زۆر تێک چوو!... بەڵام ڤیرجیل بەوە دڵنیای کرد کە زوو بەزوو دەسەڵاتێکی گەورەی ڕۆژی دوامین ئەکەوێتە فریایان شەیتانەکانیش ناچار ئەکات دەرگایان لێ بکەنەوە و بچنە ناو شارەکەوە!

## ئافرەت و مار

لەوکاتەدا دانتی گوێی لە چەند دەنگێک بوو لە لوتکەکانی کەلاتەکانەوە ئەهاتن، دەنگە دەنگێکی گەورەی هاتە بەرگوێ ئەویش بەترسێکەوە چاوی بەرز کردەوە... چەند دەرگەوانێکی دۆزەخی دیی لەگەڵ سێ کەسی تردا کەلەوە پێش نەیدیبوون ڕووی سێ ژنی دیی ئەوانە خوای تووڕەیی بوون هەریەکەیان مارێکی درێژ لە کەمەری ئاڵابوو، کە سێ سەری هەبوو تووکی سەریشیان بریتی بوو لە کۆمەڵەیەک ماری بچووک بچووک، کە هەرگیز لە فیکو هووڕی خۆیان نەئەکەوتن لە چاویانەوە پزیشک دەرئەپەڕی لە دەمو زمانیشیانەوە گڕ ئەهاتە دەرەوە!

ژنەکان هەر هاواریان ئەکرد، هەر فەریادیان ئەکرد... تەنانەت دانتی، ترساو لەرزکەوتە دڵیەوە خۆی بەڤیرجیلەوە نووساند ئەتگوت مناڵە و لەکاتی تەنگوچەڵەمەدا خۆی بەدایکیەوە ئەنووسێنێ! کاتێ کە دانتییان بەو چەشنە دیی، بەقیژەیەکەوە گوتیان:

– خێراکە (مەدیز) ئەم پیاوە بکە بە بەرد!...

(مەدیز)یش خوایەک بوو لە خواکانی داستانەکان.

ئەو دەسەڵاتە گەورەیەیشی هەبوو کە هەر کەسێ تەماشای بکردایە لە شێوەی خۆیدا ئەبو بەبەرد!... کاتێ کە ڤیرجیل گوێی لەو قیژەیە بوو، زانی هاوڕێکەی کەوتۆتە چ تەنگوچەڵەمەیەکەوە، پێی گوت پشت بکاتە دیوارە گەورەکەی شارەکە، چاوەکانیشی بنووقێنێ دوای ئەوە هەردوو چاویشی بەدەستەکانی خۆی داپۆشی، تازۆرتر لەو تەنگانەیە دووری بخاتەوە! لەوکاتەدا کە ئەوان لەو ترس و لەرزەدابوون دەنگەدەنگێکی گەورەیان هاتە بەرگوێ، کە لە کەناری گۆمەکەوە ئەهات.

ئاوی گۆمەکە ئەشڵەقاو شەپۆلەکانی ئەکشان بەسەریەکدا هەروەک گێژەڵووکەیەکی توندوتیژیان لێ کەوتبێ وابوو... (ڤیرجیل)یش دەستی لەسەر چاوی (دانتی) لادا و پێی گوت سەیری گۆمەکە بکات... کە دانتی سەیری گۆمەکەی کرد یەکێک لە خاوەن دەسەڵاتەکانی جیهانی دوامینی چاوپێکەوت، هەروەک بەسەر زەویدا بڕوات، بەو جۆرەیش بەسەر ئاوەکەدا ئەڕۆیشت کە لە کەناری ئاوەکە نزیک بووەوە گەورەیی سامناکی دەرکەوت دانتی خۆی نوشتاندەوە بۆ سەر زەوی تا ناوچەوانی لە زەوییەکە کەوت!

دانتی بەهاتنی ئەم دەسەڵاتدارە گەورەیە، زۆر دڵخۆش بوو و ترس لە دڵیا نەماو ئارامیش بەگیانی گەیشت ئەمەندە خۆشی خۆشیی پێکەوت بەڕزگاریی لە دەست ئەو



تەنگوچەڵەمەیە، هەروەک منالێک بووبێ دڵی شاد کرابێ وابوو.

گیانە پیسەکان لە پۆپەی کەلاتەکانەوە چاویان بەو خونکارە گەورەیە کەوت ترس و لەرز دایگرتن و دەستیان کرد بەهەڵاتن... گەورەکە چووە پێشەوە بۆ کن دەرگای شارەکە بەداردەستە بچووکەکەی خۆی کە بەدەستیەوەبوو لە دەرگاکەیدا دەرگاکە دەمودەست کرایەوە دوای ئەوە گەڕایەوە بۆجێی خۆی بەسەر ڕووی گۆمەکەدا بەڵام لەگەڵ بوێژەکاندا هیچ قسەیەکی نەکرد!... کاتێ کە لەچاو ون بوو، بوێژەکان لە دەروازەکەوە چوونە ناوەوە ئەم شارە پایتەختی نهۆمی شەشەم بوو لە نهۆمەکانی دۆزەخ.

کە لەوێدا گوناهبارە زۆردارەکان ئازار ئەدرێن!...

## دۆزەخی شەشەم بۆ بەدخووەکانە

بوێژەکان ئاوڕێکیان لەم لاو لەولای خۆیان دایەوە کە تەماشایان کرد شارەکە، کە لەناو ئەو دیوارە بەرزانە دایە چۆڵ و هۆڵە نەشەقامی تیایە، نە خانوو بیابانێکی ڕووت و قووتی لەناو دایە، کە پڕە لە گۆڕ. لە هەر گۆڕێکیشەوە گڕێک هەڵ ئەستێ کە هەرگیز ناکوژێتەوە!... جا لەناو ئەم گڕ و ئاگرەدا، سزای ئەوانە ئەدرێ کە لە جیهاندا خرۆش و ئالۆشی لەشیان لە خواستەکانی گیانیان پێشتر خشتوە ئیمرۆکەیش هەڵ ئەگرن ئەو لە شانەیان بچزێنرێ بەئاگردا لە تۆڵەی ئەوەدا کە خۆیان دابوە دەستیان، خۆیان کردبوو بەدیلیان هەروەها هەڵ ئەگرن ڕیسوا کرێن لە تۆڵەی ئەوەدا کە ئەو لەشانەیان وا نازدار ڕاگرتووە لە تۆڵەی ئەوەدا کە هۆشی وریای خۆیان و دڵی پاکی خۆیان، کە هەردووکیان گەورەترین بەخشندەیی خوایین، لە پێناو خۆش ڕابواردنی ئەو لەشەدا لەناو بردووە!...

دوای ئەوە بوێژەکان لە شارەکە چونە دەرەوە، تا بچنە خوارەوە بۆ نهۆمی حەوتەم لە نهۆمەکانی دۆرەخ... دوایی گەیشتنە بۆشاییی یەک، گیانلەبەرێکی سەیری تیابوو، یەجگار ناشیرین بوو نیوەی لەشی پیاو و نیوەیشی گابو و کابراکە ناوی (مینۆتۆر)[1] بوو کرابوو بەیاساوڵی دەرگای نهۆمی حەوتەمی دۆزەخ!

(١)مینۆتۆر: لە میثۆلۆژیای یۆنانیدا بەدێوێکی ترسناکی چارەگران ناودەبرێ، لە (باسیڤاییە)ی ژنی (مینۆس)ی مەلیکی کریت بووە، دەڵێن ئەو ژنە لەگەڵ گایەکی سپیدا خۆی ڕێکخستووە و ئەنجام ئەمەی لێ بووە!!... لەبەر ئابڕو چوون؛ مینۆس لە تونێکی بابای پێچاوپێچدا شاردویەوەو ڕۆژانە گۆشتی ئەو کوژراوانەی دەدایە کە لە ئەتیناوە دەهات... دواجار (ئیزیۆس) دەیکوژێ ئەوەش بەهۆی دەزووی (ئەریانا)وە کە ئەمەش بۆخۆی باس و خواسێکی یۆنانی دییە.

ڤیرجیل فیلێکی سەیری لە یاساوڵەکە کرد، تا دووری بخاتەوە لە جێگەی پاسەوانییەکەی نەشیری لە دڕندەکە هەڵکێشا، نەخەنجەر بەڵام زمانی لێ خستە کار کە لەو دوو چەکە هەردووکیان تیژتربوو دەستی کرد بەتوانج و پلار تێگرتنی دەستی کرد بەتیز پێکردنی... دایە بەر کلکان.

(مینۆتۆر) بەوقسانە زۆر تەنگەتاو بوو لەتاوا خۆی لێ دوورخستەوە بەم ڕەنگە جێگای بۆ چۆڵ کردن ئەوانیش بەهەلیان زانی بەوێدا چوونە ژوورەوە.

## ڕووباری خوێن

بەڵام ئیتر لەوە بەدواوە ڕۆیشتن ئاسان نەبوو چونکە ڕێگاکە لێژاییەکی زۆری تیابوو ئەبوو خۆیان بە بەردە دەرکەوتووەکانەوە بگیرساندایەوە، تا بتوانن بەناو پێچوپەناکانیا بڕۆن.

ئەم جۆرە هاتنە خوارەوەیش لە چاو ئەرک و ئازارەکەیا بۆ ئەوان ئاسان ئەبوو بەڵام لە هەموولایەکەوە بەردیان بە سەردا گلۆر ئەبووەوە لەبەر ئەوە تووشی دەردی سەرییەکی زۆر بوون دانتی لەترساندا دڵی داخورپابوو، ورەی بەردابوو زۆرجاری وا هەبوو، دەستەکانی بڕستیان ئەبڕا خەریک بوون بەرەڵڵابن بەڵام ڤیرجیل، بەقسە ڕاست و ڕەوانەکانی خۆی، ترسەکەی لە دڵی لائەبرد، دڵی ئەهێنایەوە جێگای خۆی دەماری مەردایەتی ئەبزواندەوە.

گیانی ئازایەتی ئەکردەوە بەبەردا! دوایی گەیشتنە بنی کەندەڵانە قووڵەکەوە کە تەماشایان کرد لە خوار پێیانەوە، ڕووبارێکی سوور ئەڕژێتە خوارەوە ڕووباری خوێن بوو ئەوانە لەناویا بەئازارەوە ئەتلانەوە، کە لە جیهاندا کەتنی کوشتنیان کردبوو دەربارەی کەسانێک کە بێ تاوان بوون و خوا کوشتنیانی پێ ناخۆش بوو!

لە کەنار ئەم ڕووبارەیشەوە چەند یاساوڵێکی ڕم هاوێژ وەستابوون، هەر کەسێ بیویستایە لە ڕووبارەکە بێتە دەرەوە و دەربازبێ، ئەیاننایەوە بەنیشان و ئەیان پێکا! بەڕاستی یاساوڵەکان پیاویان سەرسام ئەکرد.

سەروشێوەیان یەجگار سەیربوو نیوەی سەروویان لە پیاوی ئەکرد نیوەی خوارووشیان لە ئەسپی دڕندەی ئەکرد! وریایی و شارەزاییان یەجگار بەهێزبوون کەس نەبوو سەری لە ڕووبارەکە بێتە دەرەوە و شانەکانی دەرکەون، کە تیرێک بەر ملی نەکەوتبێ!

کە ئەوانە بوێژەکانیان چاوپێکەوت، یەکێکیان لە هەردووکیان هاتە پێشەوە و نەڕاندی بەسەریاندا گوتی:



– بوەستن! ئێوە کێن؟ کوێندەرین؟ هەنگاوێکی تر بێنە پێشەوە ئەتان ئەنگێوم!

ڤیرجیلیش بەزمانێکی شیرینەوە تێی گەیاند کەڕازی هاتنیان بۆ ئەم جێگەیە ئەوەیە کە یەکێک لەگیانە پاکەکانی دانیشتووی بەهەشتی پاکان و بێ تاوانان، بانگی کردوونەتە ئەوێ ئەوەیشی لێ خواست کە ڕابەرێکیان لەگەڵدا بنێررێ تا گەشتەکەیان تەواو ئەبێ خواستەکەیان جێبەجێ کرا یەکێک لە یاساوڵەکانیان لەگەڵ ناردن، بەدرێژایی کەنار خۆیناوەکە گەشتەکەی لەگەڵ کردن لەو دەمەدا (دانتی) گەلێک کەسی دیی کە لە جیهاندا بەتاوانبار و خوێن ڕێژ ناویان دەرکردبوو... ڕووبارەکەیش لە هەموو لایەکیدا وەک یەک قووڵ نەبوو.

شوێنی وایشی تیابوو، خوێنەکە ئەگەیشتە ناوچاوانی ئازار دراوەکان... شوێنی وایشی تیابوو، شێلوو بوو، خوێنەکە هەر هەتا کەلەکەیان ئەهات... لە بڕانەوەی ڕووبارەکەیشدا شوێنی واهەبوو هەر پێی تیا نوقوم ئەبوو!...

کە گەیشتنە ئەوێ لەسەر ئامۆژگاریی یاساوڵەکەی هاوڕێیان هەردوو بوێژەکە پەڕینەوە بەڵام یاساوڵەکە، لەوێدا بەجێی هێشتن و گەڕایەوە بۆ جێی خۆی.

## جەنگەڵی زیندووان

ئەو پەڕی ڕووبارەکەیش و ئەم پەڕی، لە سامناکی و مەترسیدا کەمترنەبوون دارستانێک لەبەردەمیاندا بوو، کە ئەوەتی ژیابوو، دانتی وێنەی دارستانی وای نەدیبوو! دارستانەکە پێچووپەنای زۆر تیابوو چڕوپڕبوو مرۆڤ هیچ ڕێگایەکی تیا نەئەدیی گەڵای دارەکانیشی پێکەوە نووسابوون ڕەش هەڵگەڕابوون.

ڕەنگیان لە ڕەنگی مردووی ئەکرد چونکە هیچ سەوزاییەکیان پێوە دیارنەبوو، کە لە درەختی زیندوو بکەن... لقەکانیان لوول دراو و گرێ یاویی بوو نە گوڵیان پێوەبوو نە بەر. دڕکێکی تیژی ژەهراوییان پێوەبوو!

لەناو جەنگەڵەکەدا دەنگە خۆشەکەی مەلەکان نەئەهاتنە بەرگوێ لەجیاتی ئەوە ئاهونالەی ئازار دراوان ئەهات کە جەرگی پیاوی ئەسووتاند دەنگی کوندە پەپوویش ئەهات کە دڵی پیاوی تەنگ ئەکرد... بێجگە لەوە دەنگی ئەوانەیش ئەهات کە لە گیانەڵاودابوون ئەمانە ئەو کەسانەبوون کە لە جیهاندا خۆیان کوشتبوو لە دەست ژیان هەڵاتبوون لە شێوەی ئێستایشیاندا زۆر بەد فەساڵ و ناشیرین بوون.

گون و گورچیلەو باڵیان وەک هی پەلەوەربوون لەش و مەمکیان لە هی ژنیان ئەکرد لە دەموچاوو ڕیش و سمێڵیشدا وەک پیاو وابوون!...

ئەم جۆرە جانەوەرانە بەپەلوپۆی درەختەکانەوە هەڵواسرابوون دانتی ترسی لێ نیشت خەریک بوو نەیێتە ژوورەوە بەڵام ڤیرجیل هانەیدا هاتە ناوەوە کاتێ کە کەوتە ناو ئەو دارستانە چڕوپڕەوە و تاریکی لێ داهات، وای هاتە پێش چاو، کە بایەکە دەنگی شین و گریان ئەدا بەگوێیدا ڤیرجیلیش پێی گووت:

– لقێک لە یەکێک لەو دارانە بشکێنەرەوە، ڕازی ئەوە تێ ئەگەیت کە سەرت لێی سوڕما و (دانتی)یش وەک مامۆستاکەی پێ گوت وای کرد و لە نزیک خۆیەوە دەستی برد بۆ لقەدارێک و شکاندیەوە کە تەماشای کرد شتێکی سەیر ڕوویدا لە لقی دارەکەوە دەنگێک هات وەک ئازاری پێ گەیشتبێ وابوو پێی گوت: (بۆچ پارچە پارچەم ئەکەیت؟ بەزەییت بەکەسدا نایێتەوە؟)... چەند دڵۆپێک خوێنی ڕەشیش ڕژا بەسەر دەستیا... ڤیرجیلیش پێی گوت:

– هەرچییەک ئەبینیت لێرەدا، لە دارودرەخت و لقەکانیان، لەکاتی خۆیدا کە لە جیهاندابوون، هەموو مرۆڤ بوون!

(دانتی)یش لقەکەی فڕێ دایە سەر زەوی ترسولەرز نیشتە دڵیەوە هەردوو گوێی لە شین و گریانی ئەوانە نەبێ کە ئازاری دابوون.

دوای ئەوە بوێژەکان بە گورجی دوورکەوتنەوە کاتێ کە (دانتی) هاتەوە سەر خۆی، (ڤیرجیل) پێی گوت:

– ئەمە داستانی ئەو کەسانەیە کە لە جیهاندا خۆیان کوشتووە کە لە ژیان هەڕایان کردووە... سزاکەیان ئەوەیە کە کراون بەدرەخت هەتا سەر لەو ژیانەدا ئەمێننەوە!...

### دۆزەخی هەشتەم بۆ زۆردارانە

بوێژەکان لە جەنگەڵی زیندووان کە دارستانی خۆکوژان بوو دەربازبوون... دەمێک بوو ئەڕۆیشتن بەناویا لەوەدەمەدا بێ دەنگی دای گرتبوون خەفەتیان ئەخوارد بۆ ئەو مامۆستا و بوێژانە کە خۆیان کوشتبوو ئەوانە هەموو پیاوی بەناوبانگ بووبوون گەلێک لەوانە، خۆشەویستی (دانتی)بوون هەندێکیان بەهۆی خوێندنەوەی نووسراوەکانیانەوە ئەیناسین، هەندێکیشیان لە تافی هەرزەکارییدا هاودەمی کردبوون... کاتێ کە بوێژەکان لەو جەنگەڵستانە دەرچوون، خۆیان لە لێواری شیوێکی زۆر سامناک و پڕتەنگوچەڵەمەدا



دیی، کە هەرگیز لەوەپێش شتی وا سامناکیان نەدیبوو!... ئەوێ هەر لە تافاوێکی وای ئەکرد کە ئاوەکەی ئەمەندە بەتوندوتیژییەوە بێتە خوارەوە، نەڕێگای مەلەوانی بدات تیا بکرێ، نەڕێگای کەشتییەوانی!...

لەبنی شیوەکەیشدا شوێنێک هەبوو، پێیان ئەگوت(مالبولج) کە لە نهۆمی هەشتەمی دۆزەخدا بوو ئەوە جێگای ئەو کەسانەبوو کە زۆرداریبیان کردبوو لە جیهاندا... ڤیرجیل بە دانتی گوت: (پشتێنەکەتم بدەرێ!)...

دانتیش پشتێنەکەی دایە ڤیرجیل پشتێنەکەی فڕێ دایە ناو شیوەکەوە!... لەپاش چەند تاوێک یەکێک بەسەر ڕووی تافاوەکەوە دەرکەوت لە خوارەوە مەلەی ئەکرد بۆ سەرەوە جانەوەرێکی دڕندەی ناشیرین و بەد فەساڵ بوو مرۆڤ هەر چەندێک ئازابوایە، کە ئەیبینی زارەترەک ئەبوو!... جانەوەرەکە ناوی (جیریون)بوو بریتی بوو لە دڕندەیەکی ئەفسانەیی لەشی لە لەشی نەهەنگی ئەکرد بازوەکانی و سنگی و دەموچاو و ڕیشەکەیشی لەهی مرۆڤی ئەکرد باڵەکانیشی هەر لە باڵی شەمشەمەکوێرەیەکی گەورەی ئەکرد... بەڵام ڕەنگیان وەک ڕەنگی ئاگر وابوو!.

ڤیرجیلیش لە دڕندەکەی خواست کە لێی نزیک بیێتەوە (جیریون)یش لێی نزیک بووەوە، تا سەری خستە سەر لێواری شیوەکە. بەڵام کلکی لەناو ئاوەکەدا مایەوە دوای ئەوە ڤیرجیل بەدانتی گوت کەمێک لێی دوور بکەوێتەوە، تا قسەیەک هەیە پێی بڵێ کاتێ ڤیرجیل ڕازی هاتنەکەیانی بەجانەوەرەکە گوت، (جیریون) هەردوو بوێژەکەی هەڵگرت و بردنی بۆ بنی شیوە نەگریسەکە!...

دانتی کە مامۆستا و ڕێ بەرەکەی خۆی دیی بەچوار مەشقی لەسەر پشتی (جیریون)ی زەلامی سامناک دانیشتووە ترس و لەرزی پێکەوت، نەی وێرا بەچەشنی ئەو دابنیشێ ڤیرجیل پێی گوت: (مەترسە، ئازابە، ئەمە کارێکی ناچارییە، ئەبێ بیکەین دانیشە لە پێشمەوە، نەوەک کلکە دڕکاوییەکەی (جیریون) ئازارت بدات.

(باکت نەبێ لە هیچ تۆ هەتا گەشتەکەمان تەواو ئەبێ کەس ئازارت نادات!) دانتی ناچاربوو، بەدوو دڵییەکەوە بەقسەی کرد بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەبوو، ترس چووبووە دڵیەوە ئەمەیش نەشەرمی ئەوێ، نە سەرسوڕمان چونکە لە سواربوونی ئەو دڕندەیە هیچ کەسێک دڵنیا نابێ، بەتایبەتی لە نیشتنەوەدا بۆ ئەو جۆرە جێگا قووڵەو لەناو ئەو تافاوەدا کە گێژەکانی یەجگار توندوتیژبوون!

دانتی لەوە شەرمی ئەکرد کە بەڤیرجیل بڵێ باوەشی پیا بکات و لە کەوتنەخوارەوە بیپارێزێ، بەڵام ڤیرجیل لە خۆیەوە ئەوەی بۆ کرد. بەتوندیی باوەشی پیاکرد و ترس و لەرزیشی تا ئەندازەیەک لە دڵ دەرکرد!...

(جیریون) هێواش بزووت و بەشێنەیی نیشتە خوارەوە پاش ئەوە کردنی بەئاوەکەدا گوێیان پڕبوو لە دەنگی شین و زاریی، لە دەنگی ئاهونالە، بەتایبەتی لەو جێگەیەدا کە گەیشتنە (مالبولج)، هەوارگەی چەواشەکردن و جنێوبازیی و سەرسەرێتی!... لە ڕاستیدا ئەم جێگایە بریتی بوو لە چەند کۆلانێکی ژێر زەمین، یاخود چاڵ، یان کونی ژێرزەوی، یاخود چاڵ... بوێژەکان لە پشت کەشتییە سامناکەکەیان هاتنە خوارەوە و بەناو کۆلانێکدا ڕۆیشتن کە بەلای چەند چاڵێک لەو چاڵانەدا تێ ئەپەڕی.

لە هەر چاڵێک لەو چاڵانەدا هەزاران پیاوی بەدخووی تیابوو کە لە جیهاندا هەر خەریکی: زۆرداریی و چەواشەکردن و داونانەوە بۆ کەسانی تر و ناپاکی و دەست درێژیی بووبوون!...

## ئەنجامی دزان و پارە خۆران

دانتی وای بەباش زانی کە خۆی بچێتە ناو هەندێک لەو چاڵانەوە بەڵام ئەوەندە ئازار و هاواری بەرگوێ کەوت و ئەوەندە سەرگەردانی تیا دی، خۆی پێ نەگیرا، دەستی کرد بەگریان مامۆستا و ڕابەرەکەیشی هیچی بۆ نەمایەوە ئەوەنەبێ، کە بەچەشنی منالێکی ساوا بەسەر باوەشی خۆیەوە هەڵی بگرێ و بیبات بۆ سەر پردێک کە بەسەر ئەو جێگا ناخۆش و ناشیرینەوە بوو!...

ئەم پردە ئەیڕوانی بەسەر ئەو چاڵەدا کە بۆ ئەو کەسانە دانرابوو کە سامانی فەرمانڕەوایی خۆیان دزیبوو لە جیهاندا کە دەسەڵاتی خۆیان بۆ ئەوە بەکارهێنابوو کە نەتەوە ڕووت بکەنەوە و گەنجینەی گشتی تالان بکەن یاخود لەو سامانانە دزیی بکەن کە دۆستان و خزمەکانیان باوەڕیان پێ کردبوون و لەلایان دایاننابوون!... ئەم چاڵە پڕبوو لە قوڕ و لیتەی بۆگەن.

کە جۆشی سەندبوو ئەکولا لەسەر لێوارەکەیشی دۆزەخ گەرەکان وەک پاسەوان بەدیاریانەوە وەستابوون هەرکەسێ لەوانە خەریکی خۆ دەربازکردن بوایە لەو ئازاردانە، بەنووکی نێزە ئەیانگەڕاندەوە جێی خۆی!...



کە دانتی سەرنجی لەم دیمەنانە ئەدا، دڵی تەنگ ئەبوو، دائەلەرزیی، بەزەیی بەو کڵۆڵانەدا ئەهاتەوە... بەڵام دەنگی مامۆستاکەی وریای کردەوە... کە تەماشای کرد ئەوا دەسەڵاتدارێک لە دەسەڵاتدارەکانی دۆزەخ دزێکی هەڵگرتووە، کە تازە گەیاندراوەتە ئەوێ بەدەستەکانی، پێیەکانی دزەکەی گرتووە، سەری دزەکەیش بەرەو خوار بۆتەوە خەریکە فڕێی ئەداتە ناو چاڵێکەوە کە قوڕەکەی لە کولاندایە دوای ئەوە ئەیەوێ بچێ بۆ هێنانی دزێکی تریش کە بەو جۆرە فڕێی بداتە ناو ئاگری دۆزەخە... پەککو کە دزانی فەرمانڕەوایان و ناپاکان لەگەڵ دۆستاندا زۆرن!

دوای ئەوە بوێژەکان چوون بەلای چاڵێکی ترەوە کە لەوێدا دوو ڕووەکان و کلکە لەقێ کەرەکان دانرابوون ئەوانە جلوبەرگەکانیان لە کووتاڵی ڕەنگ ئەرخەوانی دروست کرابوون کە بەسورمەی زێڕین چنرابن لەناو ئەو جلوبەرگە جوانانەدا هەروەک خونکارەکان ئەجووڵانەوە کەچی بەری ئەو جلوبەرگانە لە مز (قورقوشم) دروست کرابوون، کە یەجگار قورس بوون.

ئەوانە بەزۆر ئەو بەرگانەیان پێ ئەپۆشرا کە یەجگار گران بوون، یەجگار ئازاری لەشیشی ئەدان مەبەس لەو جۆرە سزایەیش کە پێیان ئەدرا ئەوەبوو، کە ڕوو کەشە جوانەکەیان و ناوەڕۆکە سووک و ڕیسواکەیان بیربخرێتەوە!

لە چاڵێکی تریشدا، ئەوانە کۆکرابوونەوە کە سامانی هەتیوو بێ باوکانیان خواردبوو لەگەڵ هی بێوەژناندا... بەرگ و پۆشەنی ئەوانەیش لە ئاسنی سوورەوەکراو دروست کرابوو خواردنیشیان تاڵ و ژەهراویی بوو ئەمەیش سزای ئەو گوناهبارانە بوو!...

## سزای یەهودا و شەیتان

دوایی بوێژەکان ئەو چاڵ و جۆگا گەورانەیان بەجێ هێشت کە پڕبوون لە تەنگوچەڵەمە و ترس و لەرز خۆیشیان ئامادەکرد کە بچنە خوارەوە بۆ نهۆمی نۆهەمینی دۆزەخ کە لە بنی بنەوەبوو... لەو کاتەدا کە هەردووکیان بۆ دەروازەی جێگاکە ئەگەڕان، دانتی گوێی لە دەنگێک بوو کە لە دەنگی هەورە تریشقە گەورەتربوو. ئاووڕی دایەوە بەلای خۆیدا بۆ ئەمەی سەرچاوەی ئەو دەنگە بدۆزێتەوە... هیچی بەرچاو نەکەوت، چەند دژێکی بەزرنەبێ کە لە دوورەوە دیاربوون پرسی لە ڤیرجیل، گوتی:

– مامۆستا ئەو شارە کوێیە کە ئەو دژانەی تێدایە؟

– هاوڕێی خۆم ئەوانە کەلاّت نین، ئەوە تەموموژێکی ئەستووە کەوات دێننە پێش چاو ئەگەر لە نزیکەوە سەیریان بکەین بۆت دەرئەکەوێ کە دێون، ڤیرجیل دەستی دانتی گرت، تا دڵی بەهێزبکات دوایی لە دێوەکانی دۆزەخەکە نزیک بوونەوە ڤیرجیل بەیەکێکیانی گوت بیانباتە نهۆمی هەرە خوارووی دۆزەخ.

ئەویش نوشتایەوە بۆ سەر زەوی و هەردوو بوێژەکەی خستە سەر لەپی دەستەکانی خۆی دوایی هەردووکیانی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان کە لەپاش تاوێک لەسەر کەناری گۆمێکی بەستەڵەک دایان بنێ ئەو جێگایە بنی بنەوەی دۆزەخ بوو، کە جێگای پیسترین بەدکار و بەدخووان بوو... (یەهودای ئەسخەر یۆنی) سەردەستەی هەموویان بوو ئەم کابرایە یەکێک بوو لە هاودەمەکانی (مەسیح) پێغەمبەر لەگەڵ (مەسیح)دا ناپاکی کرد بۆ سی پارچە پارەی زیو مەسیحی فرۆشت بەدوژمنەکانی!...

سەرکردەی ئەم چینە کەسانە (ئیبلیس)بوو کە گەورەی هەموو شەیتانەکان بوو ئالاّی ئەم (ئیبلیس)ە بەسەر گۆمە بەستەڵەکەکەوە ئەشەکایەوە... ئەو لە هەموو دێوو درنجەکان کەڵەگەت تربوو تەنانەت لە شاخە بەرزەکانیش درێژتربوو!... جۆرەکانی سزادانەکەی ئێرەیش، ئەمەندە زۆر و ئەمەندە ناسۆرن، زمان لە توانایدانییە کە پیشانیان بدات تەنانەت دانتی خۆیشی نەیتوانی بەدرێژایی لێیان بدوێت... چونکە هەر ئەوەندە ئەو ئازار و هاوارانە بهێنێتەوە بیرخۆی، لە ترساندا زارە ترەک ئەبێ، خوێن لە دەمارەکانیا وشک ئەبێ!

ئەی ئەگەر وانەبوایە، چۆن دانتی، هەر بەتەماشاکردنەکەیان لەهۆش خۆی ئەچوو!...

## دەرچوونە دەرەوە

کاتێ ڤیرجیل بەو جۆرە دانتی چاوپێکەوت، کردیە کۆڵی خۆی و بەو کۆڵەیشەوە بەسەر لەشی (ئیبلیس)دا سەرکەوت کاتێ دانتی هاتەوە هۆش خۆی، خۆی لە شوێنێکی تردا دیی کە زەویی سێبەر و تاریکی نەبوو ڕۆشناییەکی تەواوی دیی کە لە ئەستێرەکانەوە ئەهات، نەک لە ڕۆژەوە ئەستێرەکانیش لەناو جەرگی شینی ئاسماندابوون!

بەم ڕەنگە (دانتی) هەستی پێ کرد کە گەشتی دۆزەخ تەواوبوو هەروەها بەم زووانەیش دەست ئەکات بەدەروون خاوێن کردنەوە، شوێنی پاککردنەوە... ئەم شوێنەیش وا هەڵکەوتبوو، کەوتبووە ناوەند جێگای بەدکارەکان و، جێگای چاک و پاکەکانەوە...



## حەوت پلەی گوناه

هەوارگەی گوناه شتنەوەیش حەوت نهۆمە بەپاڵ شاخێکی بەرزەوەیە، پلە، پلە بەرز ئەبێتەوە هەر کەسێکیشی تیایە خۆی ئەکوتێ بۆ ئەوەی بگاتە پۆپەکەی چونکە لەوە دڵنیایە کە هەرچەند هەنگاوێک بەرز ببیتەوە لەدەست مل گرتنێک ڕزگاری ئەبێ هەرکاتێ خۆی لەهەموو کردەوە و ڕەووشتێکی نەنگ و ناپەسەند پاک کردەوە کە لە ژیانی جیهاندا لە دەستی وەشاونەتەوە، ئەگاتە سەر پۆپەی شاخەکە، کە تاکە هەنگاوێکی ئەمێنێ بۆ بەهەشت!

کاتێ کە (دانتی) و (ڤیرجیل) لەپاڵ شاخەکەدا وەستان ڕۆژ خەریک بوو تازە گزنگ بدات ئاسمانیش شینێکی پاکی بێ گەردبوو لە خواریشیانەوە دەریایەکی گەورەی پان و فراوان هەبوو، کەتیشکی ڕۆژەکەی بەرئەکەوت وەک تارایەکی ڕەنگ ئەرخەوانیی بەسەردا درابێ وابوو دەریا کە شەپۆلەکانی لە سەرخۆبوون جا ئەم دیمەنانە کاریان لە دڵی هەردوو بوێژەکە کرد، شادمانیان کردن تاماوەیەکی درێژیش هەر بەبینینی ئەو تەماشاگاهانەوە ڕایان ئەبوارد کاتێ دانتی لە سەرنجدانی ئەو جوانییانە تێربوو، هاتەوە هۆش خۆی کە تەماشای کرد هەر خۆی و ڤیرجیل لەوێدا نین... هەرچەند هەنگاوێک لەولایانەوە پیاوێکی پیر وەستاوە دەموچاوی وەک ڕۆژ پڕشنگ ئەدات قژە سپییەکانیشی ئەمەندە درێژبووبوون شۆڕبووبوونەوە بەسەر شانەکانیا ڕیشە درێژە سپییەکەیشی سنگی داپۆشیبوو...

ئەم پیاوە پیرە گەورەیە نووسەری بەناوبانگی لاتینییەکان بوو، پێیان ئەگوت (کاتو)[1] ئێستاکە دەرگای هەواری گوناه شتنەوە) بەدەست ئەوەوەیە... ئەو هەر ئەوەندە بوێژەکانی دیی، بەقایم تێی خوڕین و لێی پرسین:

– ئێوە کێن؟ لە دۆزەخ چۆن هاتوونەتە دەرەوە؟...

ڤیرجیلیش بەدانتی گوت کە لەبەردەم پیاوە پیرەکەدا ئەژنۆ دادات دوایی ڕووی کردە پیاوە پیرەکە و پێی گوت:

– گیانی خانمێکی داوێن پاکی بێ گوناه لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە منی نارد بۆ ئەم

(١) کاتونی گەورە (٢٣٤– ١٤٩ پ.ز) کاربەدەستێکی گەورەی ڕۆمانی بووە، کۆنسوڵی ساڵی ١٩٥بوو وتاربێژێکی بەناوبانگبووە، داوای داگیرکردنی (قیرتاجە)ی دەکرد، لە گەورە نووسەرانە بەلاتینی و دانراوی هەیە.

جێگایە منیش تکا لەتۆ ئەکەم کە ڕێم بدەیت بەناو هەر حەوت نهۆمەکەی (هەوارگەی گوناه شتنەوە)دا بڕۆم، کە تۆ شاخەبەرزەکەیان ئەپارێزیت بۆ ئەمەی ئەم پیاوە لەگەڵ خۆمدا ببەم بۆ ئەو جێگایەی کە ئەو گیانەی لێیە. چونکە ئەو خانمە وەهای ڕاسپاردووم.

– من ئەوەم بەسە کە تۆ بەناوی گیانێکی خاوێنەوە ئەو تکایەت ئەکەیت، ڕێت ئەدەم بڕۆ... بەڵام ئامۆژگاریت ئەکەم کە بەقامیشێک کەمەری هاوڕێکەت ببەستیت، بەیەکێک لەو قامیشانەیش کەمەری ببەستە کە لە گوێ گۆمەکە ڕوواون دەموچاویشی بەئاوی گۆمەکە بشۆ.

بۆ ئەمەی هەرچی فرمێسک و دووکەڵێکی پێوە نیشتبێتەوە لە دەمی گەشتەکەیا کە بەناو دۆزەخدا کردوێتی لێی بسڕێتەوە ئنجا کە ڕۆژ هەڵهات و گەیشتە ناو جەرگی ئاسمان، تۆ بەئاشکرا ڕێگای خۆت ئەدۆزیتەوە کە بتگەیێنێتە ئامانجی خۆت![1]

(کاتو) لەبەر چاو ون بوو، ڤیرجیلیش خۆی خەریک کرد بەجێبەجێکردنی فەرموودەی ئەم پیاوە پیرەگەورەیەوە کاتێ کە لە فرمانەکانی خۆی بووەوە، ڕۆشناییەکی سەیری بەدەموچاوی دانتی هاوڕێیەوە دیی سەری سوڕما.

لە ڕاستیدا ئەو ڕۆشناییەی لەوەوە بۆ پەیدابوو، کە کەمەری خۆی بەو قامیشە بەستبوو قامیشەکەیش بریتی بوو لە (گژوگیای گیان سووکی) کە، هەر مرۆڤێکیش ئەو گیان سووکییەی پێوەبێ، پرشنگێکی بێ هاوتا لە ناوچەوانیا پەیدا ئەبێ...

## گیانی مردووە تازەکان

هەر لەم کاتەدا، لەو جێگەیەوە کە ئاسمان نخوون بووبووەوە بەسەر شەپۆلەکانی گۆمەکەدا، پڕشنگێکی ڕووناکی دەرکەوت بەرە بەرە لە هەردوو بوێژەکە نزیک ئەبووەوە هەتا نزیکیش ئەبووەوە گەورەتر ئەبوو کاتێکیان زانی فریشتەیەکی دووباڵ لە نزیکیانەوە نیشتەوە ڤیرجیل بەنەوازشێکەوە ئەژنۆی بۆ دادا و هەردوو لەپی دەستیشی خستە سەرسنگی...

ئەم فریشتەیە کەشتییەوانی ئاسمان بوو لەسەر کەشتییەک وەستابوو، بێ سەوڵ لێی ئەخوڕی لە جیاتی پەردە باڵەکانی خۆی بۆ کەشتییەکە ئەکردەوە کەشتییەکە سەدگیانی پاکی زۆرتر تیابوو ئەمانە گیانی ئەو کەسانەبوون کە ئەو ڕۆژە مردبوون فریشتەکە ئەوانەی

[1] (ڕاستتر) کە بتگەیەنێتە ئامانجی....



لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، تا بەناو شاخی (هەوارگە گەی گوناهشتنەوە)دا بیانگوێزێتەوە بۆ بەهەشت هەر ئەوەندە ئەوانە لەسەر کەنارە ئاواکە دابەزین، یەکێکیان هەڵی کوتایە سەر دانتی و دەستی کردە ملی و دەستی کرد بەماچکردنی ئەم پیاوە هاوڕێی دانتی بووبوو لە شاری فلۆرەنسەدا ساز و ئاواز لێدەربوو گەلێک جاریش ئاوازی بۆ چامە (قصیدە) دلّدارییەکانی دانتی دائەنا کە بە(بیاتریس)ی یاریدا هەڵیدابوو دوای ئەوەیش ئەو ئاوازانەی لێ ئەدا، یان بەگۆرانییەوە ئەیخوێندنەوە، دانتیش پێی گوت هەندێک لەو هۆنراوە دلّدارییانەی بەگۆرانییەوە بۆ بلّێ کابرا دەستی کرد بەگۆرانی گواتن.

دەنگەکەی بەرز و بەهێزبوو ئاوازە زێڕینەکانی بەناو شاخ و ئاو و ئاسماندا دەنگیان دایەوە، هیچ بەرهەڵستێکیان نەهاتە بەر... بەڵام لەپڕ (کاتو) پەیدابوو سەرزەنشتی خاوەن بەزمەکانی کرد پێی گوتن دەست بکەن بەکۆچی سەرکەوتنەکەیان بۆ سەر لوتکەی شاخەکە.

ئەوانیش دەمودەست قسەکەیان بەجێ هێنا لەدوای ئەوانیشەوە بوێژەکان ڤیرجیل و دانتی دەستیان کرد بەکۆچ... دانتی کە سەرنجیدا، شتێکی سەیری هاتە بەرچاو کاتێ کە سەر ئەکەوت بەسەر شاخەکەدا، بەهی خۆی و مامۆستاکەیەوە هەر سێبەرێکی ئەدیی بەڵام ڤیرجیل تێی گەیاند کە هەرچی گیانە بەپێچەوانەی لەشەکانی سەر زەوی سێبەری نیە لەبەر ئەوە دانتی سێبەری هەیە، بەڵام ڤیرجیل سێبەری نیە!...

## پاشەڕۆژی تەمەڵی

دوایی بوێژەکان گەیشتنە سەرەتای ڕاستەقینەی پاڵی شاخەکە کە تەماشایان کرد شاخەکە چووە بەئاسماندا هەتا بلّێی بەرزە تەنانەت ئەوی سەیری بکات وا ئەزانێ کەبێ باڵ کەس ناگاتە ئەوێ!... بەڵام ڕێگایەکی تەنگ و تەسکی پیا ئەڕۆیشت هەر ئەو ڕێگایەیش هەبوو بۆ ئەو کەسانەی کە ئەیانویست بەشاخەکەدا هەڵ بگەڕێن!... گیانەکان دەستیان کرد بەڕۆیشتن بەو ڕێگایەدا... بوێژەکانیش بەدوایانەوە بوون ئەڕۆیشتن... ڤیرجیل دەستی کرد بەدڵنیاکردنی دانتی پێی گوت:

– ڕێ مەدە بەخۆت کزببی! چونکە لە هەموو بەشەکانی کۆچی سەرکەوتنی شاخی (هەوارگەی گوناه شتنەوە)دا هەر بەشی یەکەمیتی کە زۆر سەخت بێ چونکە هەتا سەرکەویت ئەرک و ئازارت کەمتر ئەبێ کەواتە خۆت کۆکەرەوە و دڵیشت قایم بێ، هەر ئەوەندە ئەزانیت ئەکەویتە سرەوتەوە!.

لە پێچێکی ڕێگاکەدا کەڵەبەردێکی گەورەیان دیی، فریشتەیەکی بەسەرەوەبوو لەژێر

سێبەری بەردەکەیشدا کۆمەڵێک لە گیانەکان دانیشتبوون دانتی لەناو ئەوانە ساز و ئاواز لێدەرێکی ناسییەوە، لە دانیشتووانی شاری فلۆرەنسەبوو.

لە تەمەڵیدا بەناوبانگ بوو دانتی یش لێی پرسی بۆچ سەرناکەوێ بەسەر شاخەکەدا؟... (بیلاکوا)یش گوتی:

– ئەم فریشتەیە ناهێڵێ سەر بکەوم کە وەستاوە دایناوە[١] ئەوەندەی لە جیهاندا بەتەمەڵی و خاوو خلیچکییەوە ڕام بواردووە، ئەوەندەیش لێرەدا بمێنمەوە!

دانتی کابراکەی بەجێ هێشت و خۆی گەیاندە مامۆستای خۆی زۆری پێ نەچوو، شەو داهات لە تاریکیشدا هەڵگەڕان بەسەرشاخدا نەئەهێڵرا بکرێ[٢] لەبەر ئەوە هەردوو بوێژەکە لایان دایە دۆڵێکی پڕچیمەن و گوڵ کە هەموو گیانەکان پەنایان دابووە ئەوێ گیانەکان ئەو گۆرانییانەیان ئەگوت کە ستایشی خوای تیابوو لەکەڵ هی تری ئاییندا... دانتی نوست لەخەودا دیی کە خانمێکی نەژاد و خانەدان، کە ناوی (لوسی)بوو هاتە ناو دۆڵەکەوە و بەڤیرجیلی گوت (من ئەم پیاوە نووستووە ئەبەم بۆ جێگایەک کەسەرکەوتنی تیا ئاسان بێ!)... دوای ئەوە دانتی خستە سەر باڵەکانی و وەک منالێکی شیرە خۆرە هەڵیگرت و بردی بۆ دەرگای (هەوارگەی گوناه شتنەوە) کاتێ کە دانتی لە خەو ڕاپەڕی، خۆی و مامۆستاکەی لەبەر ئەو دەرگایەدا دیی، کە سەری سوڕمابوو لەوەی لە ڕێگاکانی ئەو شاخەوە چۆن بیگاتێ؟.

## دەرگای هەواری گوناه شتنەوە

سێ پلیکانە بوێژەکانی لە دەرگاکە جوێ ئەکردەوە لەسەر پلیکانەی سەروویاندا فریشتەیەک دانیشتبوو، بەچاوە تیژەکانیەوە لە هەردوو بوێژەکە ورد ئەبووەوە پاشان لێی پرسین بۆچ ڕابەرێکی ئاسمانیتان لەگەڵدانیە؟... ڤیرجیلیش پێی گوت:

(ژن– پیر (قدیسە لوسی) بەئێمەی گوت کە بێینە بەر ئەم دەرگایە، ئەی ئەمەندە بەس نییە گەورەم؟!)... فریشتەکەیش بەڕوویەوە پێکەنی و بەشیرینی و ڕووخۆشییەکەوە پێی گوت:

(ژن پیری پاک ئاگای لێتان بێ، لەسەرکەوتنتاندا!) پلیکانەکەی یەکەم لەبەردە مەڕ مەڕی سپی دروست کرابوو.

---

(١) بڕیاری داوە.

(٢) ئەم دەستەواژەیە مانا نابەخشێ.



لووسی بوو ئەبریسکایەوە دانتی دەموچاوی خۆی لەناودا ئەبینی هەر ئەتگوت ئاوێنەیەکە و لە بلوور دروست کراوە!... پلیکانەی دووەمیش لە بەردێکی ڕەنگ بنەوشەیی سەخت دروست کرابوو بەدرێژایی و پانی تلیشی قووڵی تیا هەڵکەندرابوو. پلیکانەی سێهەمیش لەبەردی سوور تاشرابوو کە تیشکی ڕۆژی بەرئەکەوت، ئەچریسکایەوە و پڕشنگی ئەدا کاری لە چاو ئەکرد!... فریشتەکەیش لەسەر بەردێکی بەرز دانیشتبوو کە لەسەر ئەو پلیکانە بریسکەدارە دانرابوو بەرگێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی لەبەردابوو، هەر ئەتگوت لە خۆڵەمێش دروست کراوە، داردەستێکیشی بەدەستەوەبوو!.

ڤیرجیل بەزەردەخەنەیەکەوە دانتی وریاکردەوە بۆ نەوازش پێشکەش کردن دانتی یش لەپەو ڕوو لەبەر پێی فریشتەکەدا نوشتایەوە سێ جاریش دەستی لەسنگیدا و لێی پاڕایەوە دەرگاکەی بۆ بکاتەوە، تا بچێت بۆ (هەواری گوناه شتنەوە) فریشتەکەیش نوشتایەوە بەسەر بوێژەکەدا و بەنووکی شیرەکەی پیتی (گ)ی لەسەر ناوچەوانی (دانتی) حەوت جار نووسی مەبەس لە پیتی (گ) وشەی (گوناهباریی)بوو!... ئنجا بە دانتی گوت:

(ئەوەت لەبیر نەچێ، کە لەم دەرگایەوە چویتە ژوورێ جێگای ئەم پیتانە لە ناوچەوانی خۆت بسڕەرەوە!.)...

پاش ئەوە فریشتەکە دەرگاکەی بەدوو کلیل کردەوە: کلیلێکیان زێڕ بوو، کلیلێکیشیان زیوو ئنجا پێی گوت: (بچۆرە ژوورەوە بەڵام نەکەیت تەماشای دوای خۆتەوە بکەیت، ئەگینا دەرئەکرێیت!) دەرگاکە بەسەر هەردوو گرێژەنەکەی خۆیدا سووڕی خواردەوە جیڕەیەکی وای لێهات ئەتگوت گرمەی هەورە. بوێژەکان پێیان نایە ئەو دیوو دەرگاکەوە... دوای ئەوە دەرگاکە داخرایەوە بەڵام دەنگێک هاتە بەر گوێیان، کە بەدەم کزەبای ئەو شوێنەوە ئەهات.

ئەیگوت:

– بەگەورەی خۆمانت دائەنێین بەگەورەی خۆمانت دائەنێین ئەی خوا سوپاست ئەکەین!

## لەخۆبایی بوون لە هەموو خراپەیەک ڕیسواترە

بەڵام دەنگەکە نەما شوێنەکە ماتی دایگرت... ڤیرجیل هاوڕێکەی خۆی برد بەڕاڕەوێکی تەنکدا پیا سەرکەوتن تا گەیشتنە بانێکی فراوان ئەم پانتاییە بریتی بوو لە یەکەم نهۆمی حەوت نهۆمەکەی (هەواری گوناه شتنەوە) دەشتاییە تەختەکەیشی دیوارێکی

بەرزی بەردە مەڕ مەڕی سپی چوارلای گرتبوو لەسەر بەردە مەڕ مەڕەکان گەلێک پەیکەری ناوازە و نایاب هەڵکەندرابوون! دانتی سەرنجێکی لەو پەیکەرانەدا پڕبوون لە زیندوێتی گوێی گرت لە پەیکەرەکان تا بزانێ لەناو خۆیاندا گفتوگۆ ئەکەن یان نا بەڵام گوێی لە هیچ نەبوو، لەدەنگی ڤیرجیلی مامۆستای نەبێ وریای کردەوە لەوە کە چەند تارمایی یەک بەهێواشی بەرەو ڕوویان دێن.

کە دانتی سەرنجی لێدان، کۆمەڵێک مرۆڤ بوون، بەردی گەورەیان بەسەر پشتەوە بوو لەبەر گرانی کەڵەبەردەکان پشتیان کۆمابووەوە ڕوو و دەموچاویان نزیک بەزەویی بووبووەوە ئەمانە کە لە جیهاندابوون، لووت بەرزیی و لە خۆبایی بوونیان نوواندبوو سزاکەیشیان لە (هەواری گوناهـ شتنەوە)دا ئەوەبوو کە فێری مل کەچی و گیان سووکی بکرێن!...

هەر لەوکاتەدا فریشتەیەک دەرکەوت، بەرگێکی سپی لەبەردابوو، هەر ئەتگوت ڕەنگی بەفرە دەموچاویشی وەک ئەستێرەی بەرەبەیان ئەدرەوشایەو بەبوێژەکانی گوت: (دوام کەون پەیژەکە لەم شوێنەوە نزیکە ئیتر لەمە بەولاوە سەرکەوتن ئاسانە ئەرک و ئازاری تیانیە!)... دوای ئەوە بردنی بۆ سەر پەیژەیەکی وا کە پلەکانی تەخت نەبوون ئنجا لێیان جیا بووەوە کاتێ کە بوێژەکان بەرەو نهۆمی دووەم سەر ئەکەوتن، دەنگێکی شیرین کەوتە بەرگوێیان، کە لەناو دەنگی مرۆڤی سەر زەویدا دەنگی وا ناسک و شیرین نەبیستراوبوو ئەو دەنگە خۆشە ئەم گۆرانییەی ئەگوت:

– خۆشی لەوانەی کە گیان سووکن و خۆیان لە کەسانی تر بەگەورەتر دانانێن ئەوانە جێگایان ئاسمانە!

دانتی بەڤیرجیلی مامۆستای گوت: (تۆ ئەزانی ئەوانە بارێکی گەورەیان لەسەر شانم لادا؟ من لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەم پلەی پەیژانە سەختن بۆ سەرکەوتن، هەست وا بەخۆم ئەکەم کە سەرکەوتن ماندووم ناکات!).

ڤیرجیلیش پێی گوت:

(یاساوڵی دەرگای (هەواری گوناهـ شتنەوە)، پیتی (گ)ی حەوت جار لەسەر ناو چەوانت نووسییە و کاتێ کە لە نهۆمی یەکەم تێپەڕت کرد، یەکێک لەو پیتانەی لێ کوژایەوە بۆیەکا ئەرک و ئازاری سەوکەوتنەکەت لێ سووک بووە کەواتەموژدەت لێ بێ: هەرچەند پیتێک لەناوچەوانت سڕایەوە ئەرک و ماندوێتییەکەت بۆ ئەبێ بەلەش سووکی



و کار ئاسانی، دانتی یش دەستی خستە سەر ناوچەوانی خۆی و بەپەنجەکانیشی ئەیپشکنی لە شەش پیتی (گ) بەولاوە هیچی تری لەسەر نەدۆزیەوە دانتی پەیی پێ برد، کە گوناهی یەکەم لە حەوت گوناهە گەورەکە، کە بریتی بوو لە لووت بەرزیی، لە دەروونی کرایە دەرەوە و دڵیشی بەوە سارێژ بوو ئەمەیش کاتێک جێبەجێ بوو کە هێشتا سەرکەوتبووە سەرەوە بۆ نهۆمی دووەم:

## ئەنجامی چاوی چاوهەڵ هێنەران

ئەم چینی دووەمە جێگای ئەو گوناهبارانە بوو کە گوناهی چاو هەڵ هێنانیان لێ ئەشۆرێتەوە... بوێژەکان ماوەیەکی درێژ ڕۆیشتن، کەسیان پێ نەگەیشت بەڵام گەلێک دەنگ ئەهاتە بەر گوێ یان، گۆرانییان بۆ خۆشەویستی و بەزەیی پیا هاتنەوە و دۆستایەتی ئەگوت کاتی کەدانتی سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی لەو دەنگانە کە خاوەنەکانیانی بەچاو نەئەدیی، ڤیرجیل پێکەنی وپێی گوت:

– باش ورد بەرەوە:

دانتیش ورد بووەوە کە تەماشای کرد ئەوا چەند کەڵەبەردێکی دوور لە یەکتری، چەند کەسێکیان بەسەرەوەیە، هەموویان بەرگی زبر و شڕوپڕیان لەبەردایە بەڕوویەکی کز و خەمبارەوە سەیری هەردوو بوێژەکەیان ئەکرد کە دانتی بەووردیی تەماشای کردن، هەموویان چاویان قوچابوو پێڵووی چاویان بەدەزووی ئاسن دووروورابوو ئەمەیش سزایەک بوو بۆ ئەوان کە بەچاوە پیسەکانیان چاویان بەکەسانی تر هەڵ ئەهێنا!...

کە بوو بە ئێوارە تاریکی داهات بوێژەکان دروست کراوێکی ئاسمانییان دیی لە تیشکی زۆر ڕۆشن تربوو تاریکی ئەو ناوەی بۆ ڕووناک کردنەوە ڤیرجیل بەدەنگێکی بەرزەوە گوتی: (ئەمە فریشتەیەکە لە فریشتەکانی خوا بۆ ئێمە هاتوونە خوارەوە، تا ڕێگامان پیشان بدات)...

لێرەدا فریشتەکە دەمی کردەوە، گوتی: (ئەو ڕێگایەی ئێستا پیا ئەڕۆن لە هەموو ڕێگاکانی پێشووتان ئاسانتر ئەبێ)... دانتی هەستی پێ کرد باڵی فریشتەکە بەسەر ناوچەوانییەوە فڕکە ئەکات. کە دەستی بۆ ناوچەوانی خۆی برد پێنج پیتی گوناهباریی پێوە مابوو! (کزەبا ئاوازێکی سەرمەست کەرانەیدا بەگوێیدا، کە ئەم گۆرانییەی ئەگوت:

– موژدەبێ لەوانەی کە بەزەییتان بەکەسانی تردا هاتۆتەوە چونکە خوا بەزەیی پیایاندا دێتەوە!

بەم ڕەنگە بوێژەکان گەیشتنە نهۆمی سێهەمی هەوارەکە شوێنەکەی تاریک و نووتەک بوو تەمومژی زۆربوو هەرچی پیا بڕوا ناودەمی تاڵ ئەبێ، چاویشی ئەکزێتەوە لەبەر ئەوە دانتی هیچی چاوپێنەکەوت ڤیرجیلی مامۆستای بەهەڵەداوان خۆی گەیاندێ پێی گوت:
(تۆ هەروەک کوڕی خۆم وایت دەست بخەرە سەرشانم، تا بتگەێنمە سەر ڕێگاکە...)...

دانتی بەسوپاسێکەوە فەرموودەکەی ڤیرجیلی بەجێ هێنا.

ڤیرجیلیش دەستی کرد بەگفتوگۆکردن لەگەڵیاندا لەو گوناهبارانە ئەدوا کە لەم چینەدابوون ئەمانە ئەوکەسانەبوون کە لە جیهاندا زوو تووڕەئەبوون!...

## لە شیوی ناڵە ناڵدا

بوێژەکان، بەناو ئەم شوێنەدا ڕۆیشتن کە هەناسەی پیاوی تیا سوار ئەبوو ئەوانەی کە گوناهی خۆیان ئەشتەوە، ئەپاڕانەوە لە خوا کە بیان بەخشێ دەنگی ئەوانە گوێی هەردوو بوێژەکەی پڕئەکرد لە پڕ لە ئاسۆدا چاویان بەڕووناکی یەک کەوت.

لە هەموو ڕووناکییەکانی پێشوو پڕشنگدار تربوو ئەمیش فریشتەیەکی تربوو بۆ ئەوە هاتبوو ئامۆژگارییان بکات و یارمەتیشیان بدات سەرکەون بۆ نهۆمی چوارەم! لەوکاتەدا کە فریشتەکە هەردووکیانی ئەبرد بۆ ئەو نهۆمە، گوێیان لە دەنگێکی ناسک بوو گۆرانییەکی ئاسمانی ئەگوت.

– خۆشی لەوانەی کە بەسەزمان بوون زەوی بۆ ئەوانە ئەمێنێتەوە!

لەم کاتەدا فریشتەکە پەڕی باڵی خۆی هێنا بەسەر ناوچەوانی دانتیدا دانتی هەستی بەوە کرد دەستی برد بۆ ناوچەوانی خۆی. کە تەماشای کرد هەر چوار پیتی (گ)ی پێوە ماوە!...

## سزای خوێڕییەکان

تاریکی داهات جووتە بوێژ ماندوێتی کاری تێکردبوون لەبەر ئەوە دانیشتن، خۆیان حەساندەوە، تا بەری بەیان ئەم نهۆمی چوارەمە بۆ ئەوە دانرابوو کە خوێڕییەکان گوناهی خۆیانی تیا بشۆنەوە گوناه شتنەوەکەیش هەر بەوە جێبەجێ ئەبوو، کە ڕابهێنرێن بەفرمانی هەموو دەمییەوە، تا واز لە خوێڕێتی و تەمەڵی خۆیان بهێنن لەبەر ئەوە کە دانتی لە خەو هەڵسا، لەپێش هەموو شتێکا ئەوەی دیی کە ئەو گیانە زۆرانە خۆیان ئەکوتا و هەڕایان ئەکرد، بەجۆرێکی وا کە ئەتگوت پێیان لە زەوی ناکەوێ!



ڤیرجیل ویستی هەندێکیان بوەستێنێ تا لە بابەت ڕێگاوە پرسیان لێ بکات بەڵام هەموویان بەدەم هەڕا کردنەوەی وەرامیان ئەدایەوە، ئەیانگوت: (دوامان کەوە ئەگەیتە سەر پۆپەی چیایەکە!).

بەڵام دەنگی ئەو هەموو پێیانەی کە ڕایان ئەکرد وەک ساز و ئاوازێکی خەو لێخەری لێ هاتبوو، زۆری پێ نەچوو، دانتی وە نەوزی دانووست... تا نەگەیشتە نیوەڕۆ خەبەری نەبووەوە ئەویش بەهۆی دەنگی ڤیرجیلەوە بوو کە پێی گوت:

– هەستە کوڕم هەستە! پێش ئەم جارە سێ جاری تریش خەریکی خەبەر کردنەوەت بووم، بەڵام لە خەو ڕاست نەبوویتەوە، هەستە بام خەریکی دۆزینەوەی ئەو پلیکانانە بین کە ئەمان گەێنن بەنهۆمی پێنجەم.

دانتی هەستایە سەرپێ بەسەرێکی نوێییەوە دوای مامۆستاکەی کەوت لەپڕ دەنگێکی ناسکی شیرینی زرنگەدار کەوتە بەرگوێی لە خەو و ئەندێشەی کرد دەنگەکە بەخۆی و بەهاوڕێکەی گوت:

– لێرەوە بڕۆن!

کە تەماشایان کرد ئەوا پلیکانەکان لەبەر دەمیاندایە دەستیان کرد بەسەرکەوتن دوای ئەوە پەڕی باڵی فریشتەکە کەوت لە ڕووی دانتی، پیتی چوارەمی (گ)ی لێ کردەوە فریشتەکە دەستی کرد بەم گۆرانییە:

– خۆشی لەوانەی کە دڵتەنگن چونکە دڵیان ئەدرێتەوە!

گوناهی پێنجەم ڕژدییە!

بەم ڕەنگە بوێژەکان گەیشتنە پێنجەم نهۆمی هەوارەکە لێرەدا ئەوانە دانرابوون کە لە جیهاندا سامانیان یەجگار خۆش ویستبوو گوناهبارەکان لە پەوڕوو کەوتبوون بەسەر زەویدا هاوار و فەریادیان ئەکرد ئەیانقیژاند و ئەگریان و بەدەنگێکی بەرزیشەوە ئەیانگوت: (دەروونمان تێک شکاوە لە جیاتی زێڕ گڵ ئەلێسینەوە!)...

لەوکاتەدا کە دانتی بەڕێگادا ئەڕۆیشت، گفتوگۆی لەگەڵ هەندێکیاندا کرد لەپڕ گەشکەدار بوو، زمانی پەکی کەوت بەتۆقاوییەکەوە ڕووی کردە مامۆستاکەی... هۆی ئەمەیش ئەوەبوو کە شاخی هەوارگەکە، هەمووی، لەبنەوە دەستی کردبوو بەلەرینەوە هەروەک لەرزی سەرمابر دەڵەیەکی لێ هاتبێ وابوو لە هەموو نهۆمەکانی هەوارگەکەوە یەک دەنگی زرنگەدار بەرزبووەوە، وەک گرمەی هەور وابوو.

دەنگەکە ئەیگوت:

– گەورەیی بۆ ئەو خوایەیە کە لەسەروو هەموانەوەیە! کاتێ دەنگەکە نەما، هەموو شتێک چووەوە سەر دۆخی جاران بوێژەکان وەک پێشوو دەستیان کردەوە بەسەرکەوتن بەڵام ترس و لەرز دڵیانی داگیرکردبوو بەتایبەتی دانتی بەپەرۆشەوەبوو ڕازی لەرینەوەی ئەو کێوە دامەزراوە بزانێ.

هەروەها ڕازی ئەو دەنگە زرنگە دارەیش بزانێ کە لە هەموو ئەو گیانانەوە ئەهات کە لەوێدا ئارامیان گرتبوو زۆری پێ نەچوو ئاواتەکەی دانتی هاتەدیی گیانێک لە هەردوو بوێژەکە نزیک بووەوە بەم ڕەنگە چاکوچلۆنی لەگەڵدا کردن:

(خوای خۆتان خۆش هاتنتان لێ ئەکات!)

ڤیرجیلیش وەرامێکی شیرینی دایەوە، کە پڕی بوو لە خۆشەویستی و کردەوە چاکی، پاش ئەوە ڕازی لەرینەوەی چیاکەی لێ پرسی گیانەکەیش گوتی:

(هەرچی هەواری گوناە شتنەوەیە، شوێنێکە نەگێژەڵووکەی تیا پەیدا ئەبێ، نەبارەش نەبوومەلەرزەی تیا پەیدا ئەبێ، نەشاخە ئاگرینە نەبارانی لێ ئەبارێ، نە بەفر و تەرزە بایش هەر چەندێ توندبێ، ناتوانێ ئەم چیایە لە جێی خۆی ببزوێنێ یاخود بیلەرێنێتەوە هیچ بوومەلەرزەیەکیش لە توانایدا نییە جووڵەی پێ بکات بەڵام ئەگەر هاتوو گیانێک لەو گیانانەی تیا ئەژین، ماوەی گوناە شتنەوەکەی خۆی تەواو کرد بەتەواوەتی لەگوناە پاک بووەوە و، پێی گوترا کەرێی دراوە بچێتە ناو بەهەشتەوە گیانەکە، ئەوەندە دڵی خۆش ئەبێ بەدڵخۆشی خوایی، چیا دامەزراوە کە ئەهێنێتە لەرزین و گیانەکانی تریش هەموویان بەدەنگێکی بەرزەوە گەورەیی خوا پیشان ئەدەن. براکان ئەوەیش بزانن کە ئەم گیانەی خوا لەم کاتەدا چاکەی لەگەڵ کرد، ئەوەتا لەبەردەمتاندایە بەگفتوگۆ لەگەڵ کردنتان شادمان ئەبێ بەڵام گوناە شتنەوەکەیشی پێنج سەد ساڵی پێ چووە!)...

دانتی لێی پرسی:

– تۆ کێیت؟

– من بوێژێکی لاتینیم لەسەردەمی خونکار (تیتوس)دا ژیاوم لەپاش مردنی بوێژی هەرە گەورە، ڤیرجیل، بەسەد ساڵ هاتبوومە جیهانەوە.

من لە کۆمەڵە هۆنراوەی ئەم بوێژەوە هۆنراوە دانان فێربووم سەروو هەموو بوێژەکانی سەردەمی خۆم کەوتم شاهەنشاه بانگی کردم بۆ (ڕۆما) لە ئاهەنگێکی گەورەدا



شاهکلاوێکی گوڵی کردە سەرم ئەوەیش ئامانجێک بوو، هەموو کەس خۆی بۆ ئەکوتا بەڵام هەموو کەس نەی ئەگەیشتێ تا لە جیهانیشدا بووم هەر داخم ئەوەبوو کە لەسەردەمی ڤیرجیلی مامۆستای گەورەمدا نەهاتمە جیهانەوە منیش ئەمەندە بەپەرۆشم بۆ بینینی ئەو، ئەگەر ساڵێکی تریشم لەم هەوارەگەیەدا بهێڵنەوە بەمەرجێ چاوم بەڤیرجیل بکەوێ، بەلامەوە ناخۆش نییە!)

بەڵام کە دانتی کەسایەتی هاوڕێکەی لێ ئاشکرا کرد (ئێستاتش) کەوت بەسەر پێی مامۆستاکەیدا ماچی کرد لە خۆشیاندا دەنگی بەرز کردەوە و گوتی:

– ئیمڕۆ خوا بەخشندەیی خۆی تەواو کرد!

دوای ئەوە هەرسێ بوێژ ڕوویان کردە نهۆمی شەشەمی هەوارەکە ئەم نهۆمەیش هەر نهۆمێکی تری بەسەرەوەیە.

ئیتر باخەکانی بەهەشت دەست پێ ئەکەن!

### لەدوای زۆر خواردن ژەم بوردەیی

لەسەرەتای پلیکانەکاندا فریشتەیەک وەستابوو، پیتێکی تری لەناوچەوانی دانتی سڕییەوە تەنیا دوو پیتی پێوە مابوو دەنگی گۆرانی بێژەکان بەم جۆرە گەیشتە بەر گوێی بوێژەکان:

– خۆشی لەوانەی کە چاکە خوازن و بەپەرۆشەوەن چاکە بکەن چونکە تێر ئەکرێن!

ئەم نهۆمی شەشەمە شوێنی ئەو کەسانەبوو کە گوناهی زۆرخۆرییان لێ ئەشتنەوە!...

هاوڕێکانمان لە چەقی ڕێگاکەدا درەختێکی شۆخوشەنگ و جوانیان چاوپێکەوت لقەکانی ژوورووی بەرێکی زۆری پێوەبوو هەموو گەیشتبوون هەموو بۆن خۆش بوون، دڵی پیاویان کێش ئەکرد بەڵام لقەکانی خوارووی درەختەکە هیچ بەرێکیان پێوە نەبوو!... جۆگە ئاوێکی ڕوونیش هەبوو لە کەڵەبەردێکی بڵندەوە ئەڕژایە خوارەوە، سەر پۆپەی درەختەکە لقەکانی ژوورووی درەختەکەی ئاوئەدا و ئەیگەشاندەوە کەچی لقەکانی خوارووی درەختەکە ئاویان نەئەگەیشتێ لەتاو بێ ئاویی ووشک بووبوون!

هەرسێ بوێژەکە وەستان، لە سەرەوکاری ئەم درەختە سەیرە ڕامابوو، بیریان لێ ئەکردەوە کە تەماشایان کرد: گیانەکانی مرۆڤە ئازار دراوەکان بەهەرچوار لای درەختەکەدا ئەسووڕێنەرە بەربەست کراون، نەیان ئەتوانی دەست بۆ بەرە پێگەیشتووەکانی ڕابکێشن

یاخود بەئاوە پاکە ڕوونەکەی جۆگاکە لێوی خۆیان تەڕ بکەن! برسێتی و تینوێتی تەواو کاری لێ کردبوون ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو چاویان گێژبوو بوو ئەمەندەیش لەڕ و لاوازبووبوون، پێستیان بەئێسکەکانیانەوە نووسابوون ئێسکەکانیان دەرپەڕیبوون.

پەراسووەکانیان بەدەرەوەبوون... بەڵام ئەوەندەی بەگوناهی پێشوویان ئازاریان پێ نەئەگەیشت! چونکە داوای خواردن و خواردنەوەیان نەئەکرد بەتەنگ ئەوەوەبوون کە زۆرتر ئازاریان بدرێ تا ئەو ئازارەی بۆیان دیاردیی کراوە تەواوی بکەن و لە دەست گوناه ڕزگاریان ببێ و بگەن بەهاوڕێی باڵایان... ئەوانە هەر پاڕانەوەیەکیان هەبوو، کە ئەمەبوو: (خوایە لێمان تەرکە، تا زۆرتر سوپاسی تۆ دووبارە بکەینەوە ئێمە برسیی هیچ نین، چاکەی تۆ نەبێ!...)...

## دادی خوایی بێ باکە

سێ بوێژەکە دەستیان کردەوە بەڕۆیشتن لەپڕ درەختێکیان چاوپێکەوت، ئەویش وەک درەختەکەی پێشوو بەرداربوو، بەرەکانیشی پێ گەیشتبوون لەژێر درەختەکەیشدا هەزاران گیان بەپێوە وەستابوون، دەستیان بۆ بەری درەختەکە ئەبرد، هەر چەندێکیان ئەکرد دەستیان نەئەگەیشتێ!

هەرسێ بوێژەکە ویستیان بوەستن دڵە ناسکەکانیان بەو دیمەنە ناسۆرە ئازاریان پێ ئەگەیشت بەڵام دەنگێک هات نەیانزانی لەکوێوە هات لێیان تووڕەبوو پێی گوتن مەوەستن بڕۆن بەڕێی خۆتانەوە دوای ئەوە فریشتەیەکیان چاوپێکەوت ناوچەوانی ئەدرەوشایەوە هەر ئەتگوت ئاگرێکی بڵێسەدارە پەنجەی بۆ درێژکردن کە لابکەنەوە بۆ گۆشەیەک لەو کاتەدا (دانتی) هەستی کرد، کزەبایەکی فێنکی بۆن خۆش بەسەریا هەڵ ئەکات هەر لەو کزەبای بەهارەی ئەکرد کە لە گوڵزارەکانی فلۆرەنسەدا هەستی پێ کردبوو پاش ئەوە بەهێواشی شا پەڕێک بەسەر ناوچەوانیا هێنرا پیتی شەشەمیش لە ناوچەوانیا نەما.

تەنیا یەک پیت بەسەر ناوچەوانیەوە مایەوە!

کە گەیشتنە بەر دەرگای چینی حەوتەم، گۆرانی فریشتەیەکیان هاتە بەرگوێ، ئەیگوت:

– خۆشی لەوانەی کە ئاشتی ئەهێننە ناوەوە چونکە ئەوانە بەرۆڵەی خوا دائەنرێن!...

هەرچەندە دانتی لەم گەشتەیدا ئەرک و ئازاری زۆر هاتبووە بەر، بەڵام ئەم ڕێگایەی دوایی زۆرتر سەخت بوو، زۆرتر ناخۆش بوو لەلایەکی ڕێگاکەوە شیوێکی قووڵ هەبوو



زەندەقی پیاوی ئەبرد لەلایەکی تریشیەوە ئاگرێکی گەورە هەبوو، نێڵەنێڵ ئەسووتا ئاگرەکە ئەمەندە بەتین بوو، هەر لە ئاگری ئاسنگەرێکی ئەکرد کە هەردەمێ شیشە ئاسنێکت خستە ناو ئاگردانەکەیەوە، ئەمەندە سوور ببێتەوە سپی هەڵگیرسێ و خەریک بێت بتوێتەوە!

## لە ناوەند ئاگر و شیودا

هەر گیانێکیش پاک کرابێتەوە، پێویستە لەسەر ئەم ڕێگا باریکە بڕوات بەڕێوە، کە کەوتۆتە ناوەند ئەم دوو مەترسییەوە:

ئاگری بڵێسەدار و شیوی هەزار بەهەزار، تا بگاتە بەر دەروازەکانی بەهەشت... جا هەروەک کانی زێڕ، بەئاگر پاک ئەبێتەوە لە گڵێش و پرشنگ ئەدات، پێویستە گیانەکانیش بەناو ئەم ئاگرە نێڵەدا بڕۆن تا پاک ببنەوە لە ژەنگ و ژاری دەروونی و بەتەواوەتی پاک ببنەوە لە کەتن و گوناه تا خاوێنتریان لێ بێ و باشتریش هەڵ بگرن بخرێنە بەهەشتەوە.

کە دانتی ئاووڕی دایەوە، چاوی بەشیوە قووڵەکە کەوت لەجێی خۆی زارەترەک بوو سەری دەستی کرد بەگێژبوون... شیوەکە یەجگار قووڵ، هەر لەبن نەئەهات!. ڕووی وەرگێڕا بۆ لایەکەی تر وای هاتە پێش چاو کەکەوتوەتە ناو ئاگرەوە! ڤیرجیلیش ناو بەناو ئەیدوواند لەسەرێکەوە دڵی بەهێز ئەکرد.

لەسەرێکیشەوە ئامۆژگاریی ئەکرد: ئاگای لە خۆی بێ... لەوکاتەدا ڕۆژ خەریکی ئاوابوون بوو فریشتەیەک لە فریشتەکانی خوا، خۆی بۆ بوێژەکان دەرخست دەستی کرد بەم گۆرانییە:

– خۆشی لەوانەی کە دڵیان پاکە و لە خوا ئەترسن چونکە ئەوانە سەیری خوا ئەکەن!

پاش ئەوە بەلایەکی باڵەکەی پیتی دوامینی لە ناوچەوانی دانتی سڕییەوە، ئنجا بەبوێژەکانی گوت:

(تا بەناو ئاگرە خاوێنکەرەکەدا نەڕۆن، یەک هەنگاو بۆ پێشەوە مەنێن... کە چوونە ناو ئاگرەکەیشەوە، گوێ بگرن، گۆرانیتان لە کوێوە بۆ ئەگوترێ...)...

دانتی تاوێک وەستاو حەپەسا هەناسەی سواربووبوو.

پاش ئەوە هەردوو چنگی لەسەر سنگی نووسان بەیەکەوە و خۆی لە ئاگرەکە

دوورخستەوە کە تەماشای کرد لەو دیویەوە شیوە قوولّەکەیە، کە ئەگەر پیاو تێی کەوێ هەپروون بە هەپروون ئەبێ!... دانتی دالەرزی... کە ڤیرجیل ئەوی بەو چەشنە دیی، ڕووی تێ کرد، پێی گوت:

(کوڕی خۆم! ڕەنگە ئاگرەکە بەتین بێ و گەرمایییت بداتێ و، ئازاریشت بدات بەڵام ترسی هیچت نەبێ موویەک لەسەرت هەڵ نا پڕووکێنێ!...

خۆ ئەگەر بەمنیش بڕوا ناکەیت، ئەوا چمکێکی کراسەکەت لە ئاگرەکە نزیک بخەرەوە کە تەماشا ئەکەیت نایسووتێنێ!...

کەواتەی ترس و لەرز لە دڵی خۆت دەرکەو بچۆرە ناو ئاگرە خاوێن کەرەکەیشەوە بێباکبە دڵنیایش بە لەوەی کە هیچت لێ نایێ!)...

بەڵام دانتی هەر لە ترس و لەرزی خۆیدا مایەوە... ئیتر مامۆستاکەی بەم جۆرە دڵی قایم کرد، پێی گوت: (کوڕی خۆم! ئەوەیشت لەبیر نەچێ کە هەر ئەم ئاگرەت ماوە پیابڕۆیت ئیتر بەبینینی (بیاتریس)ی خۆشەویستت چاوت ڕوون ئەبێتەوە!...)

## ئەچێتە ناو ئاگرەوە تا بگاتە خۆشەویستەکەی

نە کەسایەتی بەسامی مامۆستاکەی کاری لە دانتی کرد، نە گفت و بەڵێنی ناوازە و هیـواو ئاواتی گەورە چەواشەیان کرد دانتی هەر ئەوەندەی بەس بوو کە ناوی (بیاتریس)برا لەبەردەمیا، دەمودەست کەوتە جووڵەجووڵ، دەماری ئازایەتی تیابزووتەوە!

هەرسێ بوێژەکە خۆیان کرد بەناو گڕی ئاگرەکەدا لەوکاتەدا کە دەستیان کردبوو بەڕۆین، ڤیرجیل هەر لە (بیاتریس) ئەدوا مەبەسی ئەوەبوو دانتی بەیادی ئەوەوە خەریک بکات و، ئازایەتی بکاتەوە بە بەردا... لەلایەکی تریشەوە دەنگی گۆرانییەک ئەهات کە ئەمەی ئەگوت:

– خۆشەویستەکانی باوکم، فەرموون، وەرن، بێنە پێشەوە!

بەپێشڕەویی ئەو دەنگەوە هەرسێ بوێژەکە کەوتنە ڕێ پەردەی گڕە ئاگرەکەیان بڕی هەندێ پێ پێلکەیان بەرچاو کەوت کە ئەیگەیاندنە پۆپەی شاخەکە بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندە پلیکانەکان، تا پیا سەرکەون بەڵام تاریکی داهات و هێشتا ئەوان سەرکەوتنەکەیان تەواو نەبووبوو بەهۆی ئەو هەموو ئەرک و ئازارەیشەوە کە هاتنە پێشیان تەواو ماندوو بووبوون هەرکەسەیان لەسەر پلیکانەیەک لەو پلیکانانە خۆی دا بەزەویدا وەنەوزیدا و خەوبردیەوە



لەژێر ئەو ئاسمانە شینە بێ گەردەدا کە بەئەستێرەکان ڕازابووەوە نوستن تا بەیان...

کاتێ کە دانتی خەبری بووەوە و چاوی کردەوە، ڤیرجیل ڕووی تێ کرد و گوتی:

– تۆ ئیمڕۆ چاوت بە (بیاتریس)ی یارت ئەکەوێ!

دوای ئەوە بوێژەکان بەسەر پلیکانەکانی تریشدا سەرکەوتن، تا گەیشتنە پۆپەی هەرە ژوورووی چیاکە ئنجا ڤیرجیل بەشاگردەکەی خۆی گوت:

(ڕابەریەکەی من تەواوبوو هەرچەندە چەند تاوێکی تر لەگەڵتا ئەمێنمەوە، بەڵام تۆ هەر لە ئێستاوە ئازادیت، ئەتوانیت چیت ئەوێ بیکەیت تا (بیاتریس) ئەگاتە لات و ئەتبینێ، ئەتوانیت بەئارەزووی خۆت، بگەڕێیت یاخود خۆت بحەسێنیتەوە!)...

## ژنێکی جوان لە بەهەشتا

دانتی چووە ناو دارستانی (عەدەن)ەوە کە تەماشای کرد لە دارستانەکانی سەر زەوی ناکات. نەتاریک و نووتەکە نەچۆڵ و هۆڵیشە، هەر لە باخێکی خۆش ئەکات کە تیشکی ڕۆژ لەناو لقی دارەکانیا سەما بکات!... لەوکاتەدا ڕۆژ لە هەڵهاتندا بوو خەریک بوو لە ئاسۆوە بەرز ئەبووەوە کزەبا فێنکەکەی بەری بەیان بەسەر دەموچاوی (دانتی)دا شنەی ئەکرد بۆن خۆشیی بایەکە خۆی و بۆنەکانی بەهەشت، ئاوێتەی یەکتربووبوون بەدەم ئەو بایەوە هەروەها دەنگ خۆشەکەی پەلەوەرەکان و ورشەورشی گەڵای دارەکانیش بەدەم ئەو کزەبایەوە ئەکەوتنە بەر گوێی... بەناو ئەو دارستانە پیرۆزەدا جۆگەلە ئاوێکی پاک و ڕوون ئەهاتە خوارەوە (دانتی) لە گوێی ئاوەکە دانیشت چاوێکی خشاند بەسەر ڕووی ئاوە پاکەکەیدا، تا لەوبەر کەناری ئاوەکەوە گوڵزارێکی، دیی، کە هەتا چاو بڕ بکات گەورە و فراوان بوو کە تەماشای کرد لەناو ئەو گوڵانەدا ئافرەتێکی جوان ئەڕوا بەڕێدا، کە لە گوڵەکان جوانتر و بۆن خۆشتر بوو دەمێک گوڵی ئەچنی و دەمێکیش بەدەم ڕۆیشتنەوە خۆشترین گۆرانی بە ناسکترین دەنگەوە ئەگوت... ئافرەتەکە، جوانی (عەدەن) بوو، ناویشی (ماتیلدا)بوو!...

لەبەر دڵی دانتی و پاڕانەوەکەی، ماتیلدا لە جۆگەکە نزیک بووەوە لەبەر شەرم و ئابڕووی خۆی، چاوەکانی هەڵ نەئەبڕی کەچی گۆرانییەکانی تا ئەهاتن بەرزتر ئەبوونەوە باشتر پیاو تێیان ئەگەیشت... پاشان کچەکە بەچاوەبزەدارەکانییەوە بەتیلاییەکەوە سەیرێکی دانتی کرد خرۆشێکی خۆشی خستە دڵییەوە!... بەڵام کچە جوانەکە، دەمودەست

بەشیرینییەکەوە دانتی هێنایەوە هۆش خۆی خۆش ڕابواردنی دڵداریی بێ گەردی ئاشکرای ناو بەهەشتی لێ ئاشکرا کرد!... پاش ئەوە لێی پرسی چی ئەوێ بۆی بکات دانتی یش لە بابەت (بیاتریس)ی یاریەوە پرسی لێ کرد.

کچە شەنگەکەیش پێی گوت:

– گوێ گرە برام، تەماشەکە!

کە تەماشای کرد دارستانەکە پڕبوو لە ڕۆشنایییەکی پرشنگدار لە توێی چینەکانی ئاسمانیشدا گۆرانییەکی فریشتەیی ئاواز خۆش دەنگ ئەداتەوە:

– خوایە دڵت پێمان بسووتێ!

دانتی سەیرێکی ئاسمانی کرد کە تەماشای کرد ئەوا حەوت مۆمدانی زێڕین بەئاسمانێکی پاکی بێ گەردەوەن تیشکی مۆمەکانیان لە تیشکی مانگ شەنگترە بەملاوبەولای مۆمدانەکانیشەوە پۆلێک لەوانەی کە گەورەیی خوا پیشان ئەدەن و مژدە بەکردەوە چاکەکان ئەدەن کە خوا پاداشیان ئەداتەوە، ئەڕۆن، هەموویان جلی سپییان لەبەردایە لەناو ئەم کاروانە پیرۆزەیشدا گالیسکەیەک لە گالیسکەکانی سەرکەوتن کە ئەسپی نایاب ڕای ئەکێشن، ئەڕوات بەڕێدا ئەم کاروانە گەورەیە بەسەر ڕێگایەکی هەورە زێڕینە وا بەشێنەیی ئەهات بەڕێدا دوای ئەوە پیر (قدیس)ێکی ئافرەت لەناو گالیسکەکەدا وەستا شاە کلاوێکی گوڵە زەنبەقی وای بەسەرەوە بوو کە هەرگیز سیس نەبێ، سەر پۆشێکی سپیشی بەسەر خۆیدا دابوو، ئەتگوت ڕەنگی بەفرە.

لقێکی دار زەیتونیشی خستبووە سەرشانی لبادەیەکی ئەتلەسی سەوزیشی دابوو بەسەرشانیا بەڵام ڕەنگی کراسەکەی ژێرەوەی لە ڕەنگی ئەرخەوانی ئەکرد!...

ئەو ئافرەتە... (بیاتریس)بوو!

جا هەروەک منداڵ، بەترس و لەرزێکەوە، یاخود بەڕوویەکی خۆشەوە خۆی ئەکوتێ بۆ باوەشی دایکی، دانتییش بەهەناسەیەکی سواربووەوە ڕووی کردە مامۆستاکەی خۆی کە تەماشای کرد ڤیرجیل لەلایەوە نەماوە!... دانتی لەتاو ون بوونی ڤیرجیل چاوی پڕ بوو لە گریان... لە مەیشا دانتی مافی هەبوو... چونکە ڤیرجیل بۆ ئەو هەم لە جێی مامۆستا، هەم لەجێی باوکێک بوو... بیاتریس پێی گوت:

– دانتی! بۆ جوێ بوونەوەی ڤیرجیل مەگری چونکە تۆ بەم زووانە کارەساتی وات لێ ڕوو ئەدات و فرمێسکی بۆ ئەرێژیت کە لەوە زۆر ناخۆشتر بێ!...



## ئاگری پەشیمانی

دوای ئەوە (بیاتریس) ئەوەی بیری (دانتی) ئەخستەوە کە لەو ساکەوەی مردووە، ئەو هەموو دەمێ لە ڕێی ڕاستەوە نەڕۆیشتوو... لەبەر ئەوە لاپەڕەی ژیانی بێ گەرد نییە!... بوێژەکەیش، لەتاو پەشیمانی و ئازاری دڵی خۆی کە ئەو گوناهانەی کردووە، دەستی کرد بەگریان چونکە ئەیزانی گوناهەکانی خۆی چەندگرانن، لەبەر ئەوە ڕێی نادرێ بەتەنشت یارە خۆشەویستەکەی خۆیەوە، لە هەوارگەی پاکاندا، بەخۆشی ڕابوێرێ!...

دانتی ئەمەندە خەموخەفەتی چووە دڵەوە، لەهۆش خۆی چوو لەبەر پێی (بیاتریس)دا کەوت بەدەمەوە!

کاتێ کە دانتی هاتەوە هۆش خۆی، ئەو خانمەی دیی کە لەکاتی هاتنیا بۆ ناو ئەو دارستانە گوڵی ئەچنی، خانمەکە ڕای ئەکێشا بەناو ئاوی جۆگایەکدا فریشتەکانیش ئەم گۆرانییەیان ئەگوت:

– ئەوەندەم بشۆ تا سپی ئەبمەوە وەک ڕەنگی بەفر!...

کاتێ دانتی گەیشتە ئەو پەڕی جۆگاکە، ئاوەکە هەموو کردەوەکانی پێشووی لە ڕەووشتی سڕیبووەوە! (بیاتریس) ڕوو پۆشەکەی لە ڕووی خۆی لادا.

چاوە گەشەکانی دەرکەوتن پڕیان بوو لە گەنجی و خۆشەویستی و بەزەیی پیاهاتنەوە[١] (دانتی) یارەکەی خوی[٢] بەو جۆرە هاتە پێش چاو... ئنجا (بیاتریس) بەدەمیەوە پێ کەنی... دانتیش دڵی گەشایەوە جۆش و خرۆشی دڵداریی کەوتە دڵیەوە!

بەم ڕەنگە دانتی، کە بەئاگر و بەئاو پاک بووەوە، بوو بەیەکێک لەوانەی کە ئەتوانن بێنە خاکی ئاسمانەوە... ئەو ئاسمانەی کە جێگەی پاکان و چاکانە[٣] بەڵێ جێگەی ئەوانەیە کە لەملاو لەولای تەختی خوادا وەستاون!...

(١) لێرەدا ڕستەکە ئاوابووە: (عیونها الملیئە بالشباب والحب والعطف)ەکە (سۆزو میهرەبانی) دەگرێتەوە نەک (بەزەیی پیاهاتنەوە)... لێرەدا بەلانی کەمەوە.

(٢) یارەکەی: خۆشەویستەکەی، دڵدارەکەی.

(٣) ڕاستتر:... کە جێگەی پاکی و چاکییە، یا چاکەیە.

## ٣

# گەشتی بەهەشت

### نە چاو دیبوی، نەگوێیش بیستبووی

هەروەکو چاومان پێکەوت: ئەوەبوو (دانتی) بەئاگر و ئاو خۆی پاککردەوە لە کردەوە خراپەکانی پێشووی خۆی لەپاش ئەو خۆ پاککردنەوەیەیش، بووە یەکێک لەوانەی کە مافیان هەیە بچنە هەوارگەی ئاسمانەوە، کە لەوێدا پیاو چاک و پاکەکان لە ملاو لەولای تەختی پەروەردگارەوە کۆبوونەتەوە... یەکێک لەوانەیش (بیاتریس)بوو.

ئەوەبوو دیمان (بیاتریس) ڕوو پۆشی لە ڕووی خۆی هەڵماڵی و (دانتی)یش چاوە گەشە پاکەکانی بەرچاو کەوت، کە خۆشەویستی و بەزەیی پیاهاتنەوەیان تیا ئەچریسکایەوە... ئەوەبوو (بیاتریس) بەدەم (دانتی)یەوە پێکەنی و دڵی ئەمیش بەو زەردە خەنەیەوە گەشایەوە و کەوتە خۆشی و شادمانییەوە...

ئێمە لەوێدا دانتیمان وا دیتە پێش چاو کە لە سەرەتای یەکەم گۆرانی گوتنەکەیدا کە لەناو بەهەشتدا ئەیخوێند لە (ئەپۆللۆ)(١)ی خوای هونەری بەرز ئەپاڕێتەوە کە هێز و توانای ئەوەی پێ ببەخشێ کە هەستی دڵی خۆی بتوانێ دەربڕێ و ئەو وێنە شەنگوشۆخانەی ناو بەهەشتەیش بەجوانی پیشان بدات، کە نەچاو بینیبووی و، نە گوێیش بیستبووی و، نە بەدڵی هیچ کەسێکیشدا هاتبوو!

خۆ ئەگەر لە پیشاندانی (دۆزەخ) و هەوارگەی گوناه شتنەوە)دا، تۆزێک دەسەڵاتی هۆنراوە دانان و داهێنانی هونەری پێویست بووبێ، لە پیشاندانی (بەهەشت)دا دەسەڵات و هێز و توانایەکی ئەوەندە گەورەی پێویست بوو لە هونەرمەندییدا، کە ئەو سەری دیارنەبێ!...

ئێستا کە (دانتی) لەسەر ئەوە داماوە کە (ئەپۆللو) ڕۆشناییەکی تازە بخاتە دڵیەوە و، هەندێکیش لە گیانی خۆی بکات بە بەریا، تا بتوانێ بەهۆی هۆنراوە تڕپە دارەکانییەوە ئەو هەست و تاسە و تەزووانەی کە لە کانگای دەروون و دڵیا کۆبوونەوە دەریانبڕێ، کە

---

(١) ئەپۆللۆن: خواوەندی ڕووناکی و هونەر و جوانی لە لای گریکەکان، پەرستگەیەکی تایبەتی هەبووە لە (دلفی) کە شارێکی کۆنە بەدامێنی شاخی (پرناس)ەوە لە یۆنان، لە ١٨٩٢دا پەیکەری ئەپۆللۆنیان تیا دۆزیەوە، پەرستگەکەی وەک مەڵبەندێکی (مەزندە)کردن وابووە.



بەهیچ زمانێک بەتەواوەتی دەرنابڕێن، هەروەها بەگرانیش چرپەی دەروون ئەگۆڕرێت و ئەکرێت بەچرپەی زمان!...

### چوونە ئاسمان

لەوکاتەدا کە دانتی سەری هەڵبڕی تا بنوارێتە (بیاتریس)ی خۆشەویستی، تەماشای کرد (بیاتریس) سەیری گۆپکەی ڕۆژ(١) ئەکات، کە ئەوەدەمە گەیشتبووە ناو جەرگەی ئاسمانەوە ڕۆژەکە ئەوەندە جوان و شەنگ بوو، لە ئەندازەی تێپەڕکردبوو هەر ئەتگوت سەرلەنوێ خوا بەجۆرێکی تر دروستی کردۆتەوە!

دانتی ڕووی وەرگێڕایەوە بۆ لای یارەکەی هەر تەماشای ڕووی ئەکرد هەست و تاسە و تەزووی سەیر سەیر بەلەشیا ئەهات... چونکە لە لەشێکی بەرجەستەی هەست پێ کراوەوە گۆڕرابوو بە بابەتێکی گیانی... نەی ئەزانی ئاخۆ هێشتا هەر لەشەکەی جارانی پێوەیە کە لە گۆشت و خوێن دروست کراوە یاخود گۆڕراوە و بووە بەگیانێکی ڕووت کە لەشی پێوەنەماوە... یاخود بووە بەدەروونێکی وا کە هەست بەهیچ ناکات و پەلوپۆی هەست پێ کردنی نەماوە!...

کە دانتی کەوتبووە ئەم جۆرە بارەوە، دەستی کرد بەفڕین لەگەڵ یارەکەیدا و بەناو ئاسمانێکی ئاگریندا دەستی کرد بەگەشت کردن لەوکاتەدا ئاوازی چەرخەکان ئاسمان ئەیدا بەگوێیدا... بەڵام سەری سوڕمابوو لە خۆی هێشتا بەخۆی نەزانیبوو کە لە جیهانی زەوی جیابوونەتەوە و بەناو چەرخەکانی ئاسماندا بەرز ئەبنەوە!. کاتێ کە (بیاتریس) ئەوەی تێگەیاند سەری زۆرتر سوڕمابوو هەرچەندی ئەکرد ئەوەنە ئەچوو بەمێشکیا کە بتوانێ سەرکەوێ بەئاسماندا و لە هێزی ڕاکێشانی زەوی خۆی دووربخاتەوە!

(بیاتریس)یش هەستی بەداماویی دانتی کرد. هەستی بەسەر لێ شێواویی کرد، کە هێشتا هەروەک گیاندارێکی سەر زەوی بیری لەشت ئەکردەوە بەزەیی پیاهاتەوە پوختەی یاسای ڕاکێشانی جیهانی بۆ ڕوون کردەوە... تێی گەیاند کە هەموو ئەستێرەیەک هێزی ڕاکێشانی خۆی هەیە بەڵام هێزێکی ڕاکێشانی تریش هەیە کە هەموو جیهان و ئەستێرەکان و ئاسمانەکان ئەگێڕێتەوە لە هێزی ڕاکێشانی ئەستێرەکانیش بەتاکە تاکە بەهێزترە... ئەو هێزەیش بریتییە لە کێش کردنی هەموو بابەتێکی جیهانی و ئاسمانی لەلایەن خواوە!... یاخود لە ئاڕاستە بوونی هەموو شتێک بەرەو خوا!...

---

(١) ڕاستتر: گۆی ڕۆژ یا هەتاو، خۆر.

## گەیشتنە مانگ

بوێژەکە و یارەکەی گەیشتنە مانگ وەک تیر بەناو جەرگی مانگدا تێپەڕیان کرد... بوێژەکە ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو کە لەناو ئەو مانگە ڕووناکە جوانەدا، گەلێک شوێنی تاریک تاریک هەبێ دڵی بوێژانەی بەوە زۆر شکا کە لەو ئەستێرە ڕووناکەدا کە دڵداران و بوێژان بەجوانییەکەی گرفتارن ئەو کەموکوورییە هەبێ... کە (بیاتریس) هەستی بەو دڵ شکاوییەی (دانتی) کرد پێی گوت:

دانتی!، تۆ لەوە سەرت سوڕنەمێنێ چونکە ئەو بابەتانەی خوا دروستی کردوون، هەموویان پایە بەرزن، بەڵام لەو پایە بەرزییەدا لەیەک تر جیاوازن ئەوەیش بزانە کە لە دروست کراوەکانی خوادا هەر جوانییەک هەبێ، بریتییە لە دەربڕینێک دەربارەی ڕۆشنایی هەرە تەواوی خوایی جا هەروەک لە دڵخۆش بوونی مرۆڤدا، خۆشی پێکەوتن لە هەموو ئەندامەکانی لەشیدا دیارە، بەڵام لە هەریەکەیاندا بەئەندازەی خۆی، کە جیاوازە لەهی ئەوی تر، کە ئەندازەی هەرە گەورەی شادمانییەکە لە چریسکەی چاوەکانیایە... هەروەها ئەستێرەکانی ئاسمانیش هەریەکەیان بەپێی خۆی پڕشنگی هەرە جوان ئەدات، بەڵام هەریەکەیان پلەی تایبەتی خۆی هەیە لە ئەندازەی پڕشنگداندا... لە لەشی مرۆڤیشدا هەندێ ئەندام وەک بیلبیلەی چاو ئەو شادمانییە باش دەرئەبڕێ کەچی هەندێ لە ئەندامەکانی تر وەک لنگەکان و دەستەکان، ئەو شادمانییە هەر تا ئەندازەیەک دەرئەبڕن...

## خۆنوواندن پشت ئەشکێنێ

دانتی و بیاتریس لە ڕووناکی تیژتر سەرئەکەون بەئاسماندا لەڕێگادا بیاتریس بەدانتی ئەڵێ: خوا مرۆڤ و فریشتەی بەوە جیاکردۆتەوە لە دروست کراوەکانی تری خۆی، کە سەربەستی پێ بەخشیون لە ئارەزوو و خواستدا هەرچی دروست کراوەکانی تریشن چ لە زەوی، چ لە ئاسماندا، خوا ئەو سەربەستییەی پێ نەبەخشیون جا لەبەر ئەوە ئەو گفت و بەڵێنانەی مرۆڤ ئەیاندات لە نرخدا گەورەن خۆ ئەگەر هاتوو مرۆڤەکە ئەو گفت و بەڵێنانەی خۆی بەجێ هێنا، ئەوە نیشانەی بەرزیی دەروونیەتی، کە لەلای خوا بەپایەی هەرە گەورە ئەگاتە بەڵام ئەگەر هاتوو گفت و بەڵێنەکان لە پیرۆزیی خوایی دەرچوون، بەجێ هێنانیان، نرخیان گەلێک کەمترە لەوەی کە لە ئەنجامدا یاسای خواییان پێ ئەشکێ و خوایان پێ تووڕە ئەبێ!...



کاتێ کە بیاتریس لە قسەکانی خۆی بووەوە هەردووکیان گەیشتبوونە جێ گەڕانی (عطارد) ئەستێرەکە لە نزیکەوە زۆرتر پڕشنگی ئەدا ئەم ئەستێرەیش سروشتی وایە، کەم ڕێ ئەکەوی خۆی بۆ دانیشتوانی سەر زەوی دەربخات چونکە تیشکی ڕۆژ ئەیشارێتەوە لەچاو، لە ئەستێرەی (عطارد)یشدا گیانی ئەوانە ئەبینرێن کە لەکاتی خۆیدا، کە لەسەر زەویدا بوون، خاوەن ئاواتی گەورەبوون، حەزیشیان لە خۆنوواندن و ناوبانگ دەرکردن کردووە بەڵام مەبەسی خراپیان نەبووە لەبەر ئەوە شوێنێکی لاپاڵیان لە بەهەشتا بۆ تەرخان کراوە ئەمانە بلندیی دەروونیان بەوەدا پیشان ئەدەن، کە بەبەشی خوایی دڵخۆشن خۆشەویستی خوایشیان ئەمەندە لە دڵایە کە هەرچی ئەو پێی خۆش بێ، وا ئەکەن...

یەکێک لەوانە ئەچێ بەلای دانتییەوە خۆشی و چلۆنی لەگەڵدا ئەکات دانتی ئەیناسێتەوە کە تەماشا ئەکات شاهەنشاهـ (جوستینیان)ە، کە بەوە بەناوبانگ بوو لە جیهاندا، پشتیوانی نەتەوەی ئەکرد، کە یاسای ڕۆمانی گۆڕیی و خستیە سەر بنچینەیەکی ئایینی مەسیحی.

(جوستنییان) لە بابەت شاهەنشاهێتی ڕۆمانی مەسیحییەوە قسەی بۆ کرد، کە چۆن لە ڕێگای جەنگ و داگیرکردن لای داوە و ڕێگای ئاشتی و دادپەروەریی و دڵ پێ سووتانی گرتۆتە بەر بۆیەکا سەرکردەیەتی جەنگی لە ئەستۆی خۆی کردۆتەوە و، خستویەتییە سەر ئەستۆی سەرکردە بیلمەتەکەی خۆی کە ناوی (بلیزاریۆس)ە خۆیشی هەر بۆ ئەوە تەرخان کردووە کە ببێتە پشتیوانی دادپەروەریی و چاودێری کاروباری ئایینی.

## لە ئەستێرەی (عطارد)ەوە بۆ ئەستێرەی (ڤینۆس)

کە جوستینیان لە قسەکانی ئەبێتەوە و هەست بە ڕزگاربوونی خۆی ئەکات لە دەست ئازاری دۆزەخ، گەلێک شادمان ئەبێ ئەوەندەی تر ڕۆشن ئەبێتەوە تا دوایی وا ڕۆشن ئەبێتەوە کە لەناو ڕۆشنایی ئەستێرەی (عطارد)دا ون ئەبێ ونانوێنێ. گیانەکانی ناو ئەستێرەکەیش بەئاوازێکی شیرین و ناسکەوە دەست ئەکەن بەسوپاس کردنی پەروەردگار ئنجا (بیاتریس) و (دانتی) بەچەند ئاسۆیەکی تردا تێ ئەپەڕن دوایی ئەگەنە ئەستێرەی (ڤینۆس) کە پێشینیان بەژن خوای جوانییان داناوە!

بەڵام دانتی چی لەوێدا دیی؟

کە سەرنجیدا: ئەوا فریشتەکان و گیانە پاک و بێ گوناهەکان لەوێدا دەستیان گرتووە هەڵ ئەپەڕن بەڵام هەڵپەرکێیەکی وایش کە هەرگیز نەبینرابێ و بەمێشکیشدا نەهاتبێ...

هەڵپەرکێیەکی وابوو، هەر ئەتگوت؛ ئاوازە و ئەلەرێتەوە هەر ئەتگوت ڕووناکی یە بەرزونزم ئەبێتەوە هەر ئەتگوت مەستییە و لە یەکێکی مەی خۆری بێ گوناهەوە لەنجەولار ئەکات!...

هەرچی بەرچاو ئەکەوت جوانییەکی ڕێکوپێک بوو، نە لە وەستانیا کەموکوڕیی هەبوو، نە لە بزووتنەوەیشیا نارێکی هەبوو گۆرانی سەماکەرەکانیش هەر ئەمەی دووبارە ئەکردەوە:

– لە ئاسمانەکاندا گەورەیی هەر بۆ خوایە!

پاش ئەوە دانتی و یارەکەی گەیشتنە ئەستێرەی ڕۆژ لەوکاتەدا ڕۆژ هەروەک لە باری بەهاریی دابێ وابوو. کە دانتی سەرنجیدا، لەناو ئەو ڕۆشناییە گەورەیەدا کە لەناو ڕۆژەکەدا بوو، ڕۆشناییەکی بریسکەدارتر و جوانتر دەرئەکەوت لەوە سەری زۆر سوڕما ئەو ڕۆشنایییەیش بریتی بوو لەو گیانە پاکانەی کە پێیان ئەگوترا (خۆشی لە خۆتان، چونکە خەریکی بەزموڕەزم نین!)... ئەو ڕۆشنایییەیشیان کە ئەمەندە بەهێز بوو، لەوەوەبوو کە لە خواوە خۆشییان خرابووە دڵەوە، بەهۆی ئەوەوە کە گەورەیی خوایان چاو پێکەوتبوو!...

ئەم دڵ گەشانەوە پیرۆزە کاری لە گیانی بوێژەکەیش کرد، هەرچی بیرێکی هەبوو کەوتە سەر خوا تەنانەت وای لێهات ئەوەیشی لەبیر چووەوە کە (بیاتریس) لە تەنشتیەوەیە... (بیاتریس)بزەیەکی بۆ کرد بزەکە ئەمەندە گەش و شەنگ بوو، بوێژەکەی هێنایەوە هۆش خۆی. دانتی ئاوڕێکی دایەوە... کە تەماشای کرد ئەوا دوانزەگیان، چوارلای ئەو و یارەکەیان تەنیوە سێ کەمەرە (دائرە)ی ڕۆشنایییان لێ پەیدابووە[1] لەوکاتەدا کە گیانەکان شاھ کڵاوی خواییان ئەنایە سەر هەردووکیان، ئاوازی ساز و ئاواز دەنگی ئەدایەوە ساز و ئاوازەکە ئەمەندە شیرین بوو، دانیشتوانی سەر زەوی هەرگیز بەرگوێیان نەکەوتبوو!...

سەرکردەی دوانزە گیانەکە لە دانتی هاتە پێشەوە خۆی پێ ناسی کە تەماشای کرد پیر (تۆماس ئەکونیاس) دەرچوو، کە گەورەی کلێسای ڕۆما و ڕاستی پەرستەکەی بوو ئەم پیرەیش بوو کە فەرمانەکانی کلێساکەی خستبووە سەر بنچینەیەکی ژیرانەی وەها کە خوانەناسەکان هەرگیز بەسەر ئایینەکەدا زاڵ نەبن...

(١)وەیان: سێ بازنەی ڕووناکیان لێ......



## لە ئەستێرەی (مەریخ)دا

بوێژەکە و یارەکەی هەر بەئاسمانەوە ئەمێننەوە ئەڕۆن تا ئەگەنە ئەستێرەی (مەریخ)، کە پێشینیان بەخوای جەنگیان دائەنا... کە تەماشایان کرد ئەو گیانانەی تیا ئەژین کە لە جیهاندا لە پێناوی خوادا خۆیان بەخت کردووە ئەوانە (سەربازی خوا)بوون بۆ پاراستنی ئایینی خوایی و جێگا نازدارەکانی ئایینی خۆیان دابوو بەکوشت جا لەبەر ئەوەی دەروون و سروشتی خۆیان، بەلای خەباتدا ئەچوون، ئەم ئەستێرەیان بۆ تەرخان کرابوو، کە گیانە پاکەکانیان تیا ئارام بگرێ... ئەم گیانانە هەمودەم بەسوپاس کردنی خواوە کاتیان بەسەر ئەبرد هەمودەم خۆشییەکی خوایی لە دڵیاندابوو... (دانتی) و (بیاتریس)یش تا کاتێک وەستان هەر گوێیان لەو درووودانەبوو کە ئەوانە بەو شێوە جوان و شیرینەوە بۆ خۆیان ئەکرد... دانتی پڕبەدڵ ئەیویست گفتوگۆ لەگەڵ یەکێک لەو گیانانە بکات تا تێ بگات چۆن ئەژی لە پڕ گۆرانی گوتنەکە وەستا... یەکێک لەو (جەنگاوەرە کۆنانە)، بەچەشنی ئەستێرەیەکی پرشنگدار کە بەناو جەرگی تاریکاییدا بکشێ خۆی کشاند بۆلای دانتی!... گیانەکە خۆشی و چلۆنیی لەگەڵ دانتیدا کرد پیرۆزبایی ئەوەیشی لێ کرد کە بەپاک دانراوە و خوایش دووجار ئەوەی پێ بەخشیوە کە گەشت بەناو ئاسماندا بکات جارێکیان لە زیندوێتییدا.

جارێکیشیان لەپاش مردنی، کاتێ کەگیانی لەدەست پێوەند و کۆتەی لەشی ڕزگاری ئەبێ... دانتی لەم چاکی و چلۆنی و پیرۆزباییە سەیرە سەری سوڕ ئەمێنێ ئاووڕێکیش لە (بیاتریس) ئەداتەوە کە تەماشا ئەکات زەردەخەنەیەکی پرشنگداری بۆ ئەکات گیانەکە ڕووئەکاتە دانتی و پێی ئەڵێ:

– کوڕی خۆم لەمە سەرت سوڕ نەمێنێ من باپیرە گەورەتم باوکی (ئەلیجیری)م، کە خێزانەکەی تۆ تا ئێستایش لە ناو شاری (فلۆرەنسە)دا ئەو ناوەی پێوەیە... من لەناو ئەم شارە کۆنەدا لەدایک بووم، کە ئەو دەمە نموونەیەک بوو، بۆ شارانی سەر زەوی، لە ساکاریی ژیان و لە جوانی سروشتدا... منیش ئەوە ئەزانم، کوڕی خۆم، کە شارەکەمان تا چ ئەندازەیەک سپڵەیی و خراپەی لە گەڵاکردیت کەچی تۆیش بەهەموو دڵێکتەوە خۆشت ئەویست و دڵسۆزیی و پاکیت بۆ ئەنواند!... بەڵام تۆ باکی ئەوەت نەبێ چونکە هەر ڕاستی و چاکە خوازیی بەئەنجامی باش ئەگات تۆیش پشم و قین بۆ کەس هەڵمەگرە لەوانەی کە خراپەیان لەگەڵدا کردویت چونکە خوا بەڕازی دڵی هەموو کەسێک ئەزانێ هەر خۆیشیەتی

کە پاداشی هەموو کەسێک ئەداتەوە، بەپێی ئەوەی هەڵ ئەگرێ... پیاوی چاکە خوازیش کردەوە چاکەکانی خۆی و سرەوتی گیانی خۆی بەسیەتی...

(دانتی)یش ئەو ئامۆژگارییانەی باپیری خۆی گرتەگوێ تاوێک بیری بەملا و بەولادا چوو بیری لەکارەساتی ژیانی ئەکردەوە بەڵام دەنگەکەی باپیرە گەورەکەی وریای کردەوە چونکە ئەو بەخوای سپارد و لێی جیابووەوە چووەوە کن ئەو گیانانەی کە لەناو ئەستێرەکەدا ئەژیان لەگەڵ ئەواندا دەستی کردەوە بەسوپاس کردنەوەی خوا، کە بەهۆی هاتنی دانتی و خۆشەویستەکەیەوە بۆ ئەستێرەکەیان بریبویان...

## (خواستی خوایی) ئەندازەی چاکەوخراپەیە

کە دانتی ئاووڕی لە بیاتریس دایەوە، لە دەموچاویا گەشییەکی وای دیی کە لەوەپێش جوانی وای پێوە نەدیبوو لەوەوە تێگەیشت کە گەیشتونەتە چەرخێکی تازەوە لەناو جەرگی ئاسماندا... دانتی بیرەکەی بەڕاست دەرچوو چونکە هەردووکیان لە چەرخی ئەستێرەی (مارس) جیابووبوونەوە و لەو ڕەنگە سوورە پرشنگ دارە دەرچووبوون گەیشتبوونە چەرخی ئەستێرەی (جوپیتەر)ەوە، کە ڕەنگەکەی سپییەکی یەجگار گەش بوو.

جوپیتەر ئەستێرەی دادپەروەرییە گیانی ئەو کەسانەی تیا ئەژی کە لە جیهاندا ناوبژیی شەرکەرانیان باش کردووە و بڕیاری دادپەروەرانەیشیان داوە لە ناوەند کەساندا...

دانتی، لێرەدا، ئەو (پاپا)یەی بیرکەوتەوە کە (سەرپەڕەی خوالێخۆشبوون)ی[1] ئەفرۆشت بەگاورە ساویلکەکان و، بەخشندەیی خوایی و پەسەندکردنی خوایی کردبوو بەکەلوپەلێکی بازرگانی، بەپارە ئەکڕان و ئەفرۆشران!... لەو کاتەدا لە بابەت دادی خوایی و دادی زەوییەوە گەلێک بیرەوەریی بەمێشکی دانتی دا ئەهات لەوانەوە تێ ئەگات کە ئەندازەی چاکەو خراپە، یاخود کۆڵەکەی دادپەروەریی، بریتییە لە (خواستی خوا) چاکە بۆیەکا بەچاکە دانراوە، چونکە خوا ویستوێتی وابێ خراپەیش بۆیەکا بەخراپە دانراوە، چونکە نەی ویستووە وابێ، واتا نەیویستووە ببێتە یاسایەک بۆ مرۆڤان... ئەگەر ئەم (خواستی خوایی)یە نەبوایە ئێمە ڕێگای ژیانی پەسەندمان نەئەدۆزیەوە، ون ئەبوین، ڕێگامان لێ تێک ئەچوو، سەرگەردان ئەبووین... (خواستی خوایی)یشمان، لە هیچ شوێنێکا بۆ دەرناکەوێ، کە لەسەر زمانی پێغەمبەرە پاکەکانییەوە پێمان گوتراوە...

(١) واتا: (صكوك الغفران).



## پەیژەی یەعقوب

دانتی و بیاتریس دەستیان کردەوە بەسەرکەوتن بەناو ئاسماندا تا گەیشتنە چەرخی ئەستێرەی (زوحەل) کە پێشینان بەخوای ڕۆژگاریان داناوە ئەم ئەستێرەیە یەکێکە لەو ئەستێرانەی کە زۆر بڵندن و زۆریش دوورن کەوتووتە ناو هەوارگەی شێرەوە[1] کاتێ گەیشتنە ئەو ئاسۆ بڵندە بیاتریس وازی لە زەردەخەنەکردن هێنا هەرچەند بەرەو ژوورتر ئەبووەوە، زۆرتر جوان ئەبوو، زۆرتر ئەدرەوشایەوە.

ئنجا لە شوێنێکی وا بڵندا، ئەگەر بیاتریس زەردەخەنەی بکردایە جوانی و شەنگوشۆخییەکەی ئەمەندە بەهێز ئەبوون، لە توانای یەکێکی وەک دانتی دا نەبوو بەرگەی تین و تەووژمیان بگرێ.

چونکە دانتی هێشتا لە ڕۆڵەکانی سەر زەوی ئەژمێررا، واتا بابەتی مردن بوو، هێشتا گیانی لەدەست هەستەکانی لەشی ڕزگاری نەبووبوو!...

دانتی لەناو ئەستێرەی (زوحەل)دا (پەیژە زێڕینەی یەعقوب)ی دیی، کە لەکاتی خۆیدا (یەعقوب) پیا سەرکەوتبوو!... دانتی لە پڕ چاوی بەکۆمەڵێک فریشتە کەوت کە لەشێوەیەکی زۆر ناوازە دابوون.

بەپلەکانی پەیژەکەدا ئەهاتنە خوارەوەوە، ڕوویان کردبووە ئەو لەپاش تاوێک کۆمەڵە فریشتەکە لە سەرپلەیەکی پەیژەکە وەستان کە نزیک بوو لەدانتییەوە پرشنگێکی وایش ئەدەن، کە دانتی، چاوی پێی ڕێشکەوپێشکە ئەکات... لەوکاتەدا کۆمەڵە فریشتەکە چەند گۆرانی و سوپاسگوزارییەکی وا جوان و شیرین ئەڵێن کە دانتی بەئاوازەکانیان گەشکەدار ئەبێ و خەریک ئەبێ لەهۆش خۆی بچێ!...

پاش ئەوە سەرۆکی کۆمەڵەکە لەدانتی نزیک ئەبێتەوە و خۆشی و چلۆنی لەگەڵدا ئەکات، ئنجا پێی ئەڵێ:

(خوا لەوە ئاگادارە کە توانای تۆ چەند کزە تۆیش بەم هەستە لەناوچووانەوە کە هەتە لە تواناتا نییە کە گوێ لەو ساز و ئاوازە پیرۆزانە بگریت کە لەناو چەرخی ئەستێرەکانی بالاوە دێنە دەرەوە لەبەر ئەوە خوای گەورە بەمنی فەرموو کە هەندێک لەو ساز و ئاوازانەت بدەم بەگوێدا، کە لە پێی ئەندازەی توانای خۆت بێ ئەویش لە ئەستێرەی

(١) هەوارگەی شێر: (برج الأسد).

(زوحەل) دابێ کە ئەمەیش (خۆش هاتن) کردنێکی خواییە بۆتۆ... لەوکاتەدا پڕشنگێکی گەورە لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە، چوارلای دانتی تەنی لە پڕشنگەکەوە گەلێک دەنگی بڵند بڵند ئەهات، دانتی هیچیان لێ تێ نەئەگەیشت پاش ئەوە کۆمەڵە فریشتە پایە بڵندەکە کە لە ئاسمانەوە هاتبووە خوارەوە بۆلای دانتی، ون بوو، لەبەر چاودا نەما... هەروەها پەیژەی یەعقوبیش کە ئاسمان و ڕێسمانی پێکەوە ئەبەست لەبەرچاو ون بوو!...

## پەترۆس خواناسیی دانتی تاقی ئەکاتەوە

پارچەیەک لە ئاسمان ئەکەوێتە بەرچاوی دانتی، کە پێغەمبەرەکان و شاگردەکانیان لەسەری دانیشتبوون شێوی پیرۆزیان ئەخوارد... (بیاتریس)یش ئەچێ بەلایانەوە و بەگەرمی لێیان ئەپاڕێتەوە کە لە نان و خوانەکەیانەوە پارووپەک ببەخشن بەدانتی، تا چێشکەی ئەو چیشتانە بکات کە بۆ پیاوە چاکەکان ئامادەکراون، تا بزانێ چەندە خۆشن!... ئنجا (پەترۆس) کە لە سنگی خوانەکەدا دانیشتبوو، هەستایە سەرپێ و دەستی کرد بە بەجێ هێنانی ئەو خواستە (بیاتریس)یش کە ئەوەی لێ دیی پێی گوت:

– تۆ ئەو کەڵە بەردەیت کە خوا کلێساکەی خۆی لەسەر دروست کردووە تۆ کەللەی ئەو خواناسین و باوەڕەیت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، خاوەنەکەی بەسەر ڕووی ئاوی زرێدا ڕۆیشت و بایش کەوتە ژێر چنگیەوە بەفەرموودەی ئەو ئەجوولاّیەوە هەوارگەی ئاسمانیش بەپیاو چاکانی ژێر دەستی تۆ پڕ ئەبێتەوە... وامنیش ئەم بوێژە خواناسەت پێشکەش ئەکەم، کە لەسەر ئایینەکەی خۆتە، تکایە لە بابەت بنجوبناوانی ئایینەکە و ئامۆژگاریی و بەندەکانییەوە پرسی لێ بکەو تاقیی بکەرەوە...

پێغەمبەر (پەترۆس)یش، دانتی بوێژی لەو بابەتەوە تاقی کردەوە کە تەماشای کرد باوەڕییەکەی دروست و تەواوە لەبەر ئەوە پیرۆزبایی بەو جۆرە لێکرد کە سێ کەمەرەی بەسەر سەریەوە بە پەنجە کێشا... دانتی سەیرێکی چاوە جوانەکانی بیاتریسی کرد کە تەماشای کرد شتێکی ناوازەیان تیا دیارە، کە لەوەپێش شتی وای تیا نەدیوون، شتی وایشی بەبیریدا نەهاتووە! دانتی ڕووی کردە ئەو شوێنەی کە بیاتریس تێی ئەڕوانی بۆ ئەمەی بزانێ چی چاوی وا مەست کردووە؟... چی چاو بەستی کردووە؟... کە تەماشای کرد بیاتریس چاوی لە جێگەیەک بڕیوە لە ئاسماندا شوێنەکە پڕبوو لە ڕووناکی بەڵام ڕووناکییەکی کە هێشتا لەوە جوانتری نەدیبوو!...

ئەو شوێنە پڕشنگدارەیش کەوتبووە ناو نۆ کەمەرەوە کە هەریەکە کەوتبووە ناو ئەوی



ترەوە نۆ کەمەرەکە یەجگار تیبیژڕەووبوون لە سووڕانەوەدا کەمەرەکان، هەر نۆیان پڕشنگدار بوون بەڵام تا نزیک ئەبوونەوە لە شوێنە پڕشنگ دارەکەی هەرە ناوەوە، زۆرتر ئەسووڕانەوە، زۆرتریش پڕشنگیان ئەدا و ڕووناکییان ئەبەخشی بیاتریس گوتی:

– ئەم شوێنە پڕشنگ دارە (یەکەم بزوێنەر)ی هەموو جیهان و ئاسمانانە ئەم شوێنەیە کە (ئەرەستۆ) گۆرانی بۆ گوتووە لە ستایشیا هەر ئەم شوێنەیشە کە هەر نۆ ئاسمانەکە بەهەموو لایەکیا ئەسووڕێنەوە و لە سووڕانەوەیش نابنەوە ئەوی پاڵیشیان پێوە ئەنێ بۆ ئەو سووڕانەوەیە، خۆشەویستییەکەیانە بەرامبەر ئەو شوێنە پڕشنگدارەی هەرە ناوەوە، کە بریتییە لە (بزوێنەری یەکەم) هەروەها ئارەزووی ئەوەیشە کە خۆیان وەک ئەو لێ بکەن، کە چاو لەکردەوە بڵند و تەواوەکانی بکەن کەمەرەکانیش ناتوانن چاو لەو کردەوە بڵند و تەواوەی ئەو (بزوێنەری یەکەم)ە بکەن، تا بزووتنەوەکانی خۆیان لە شێوەیەکی دروست و تەواودا جێبەجێ نەکەن.

بزووتنەوەی هەرە تەواویش ئەو بزووتنەوەیەیە کە لە شێوەی کەمەرەدابێ جا لەبەر ئەوە چەرخی ئەستێرەکان، هەموویان، لە شێوەیەکی کەمەرەیی تەواودا ئەسووڕێنەوە نەسەرەتایان هەیە، نەبڕانەوە نە پێکەوە بەستنیان هەیە، نە لەیەک جوێ کردنەوە ئەم نۆکەمەرەیەیش بریتین لەو نۆ هۆشەی کە دەسەڵاتدارن بەسەر هەرنۆ ئاسمانەکەدا و کاروباریان هەڵ ئەسووڕێنن... (بزوێنەری یەکەم)یش یاخود دروست کەری هەموو جیهان و ئاسمانان، لە ناوەڕاستی هەموویاندایە، بنکەی هەموویانە، کارگێڕی گشتیانە، هەر لەسەرەتای ژیانەوە، هەتا ئێستا هەموو لایەکی گرتۆتەوە هەمووشتێک، هەموو ئاسمانەکان و هەموو جیهان جا ئەگەر لە توانای مێشکتانییە کە ئەم بیرانە وەربگرێ، پەنابەرە بەر خواناسی و باوەڕی خۆت، تا لە گومراهی دوورت بخاتەوە کرنووشی نەوازیش بکێشە بۆ گەورەیی خوای دەسەڵاتدار...

دانتی کە ئەوەی لە بیاتریس بیست، دەمودەست نوشتایەوە بەسەر زەویدا، کرنووشی نەوازشی بۆ یەزدانی پاک کێشا. سوپاس گوزاریی بۆ خوا، کە لەلایەن ئەو نۆ هۆشەوە ئەکرا، کە ئەسووڕانەوە بەچوارلای نێرکی پیرو زیاندا،[١] دەنگەکەی، گوێی دانتی پڕکردبوو هەموو بەیەک دەنگ ئەیان قیژاند، ئەیانگوت:

– خوای پیرۆز! خوای پاکی بێ هاوتا!

(١) نێرکی پیرۆز: (القطب المقدس).

## پێش ئەمەی خوا جیهان دروست بکات

بیاتریس هەستی پێ کرد کە دانتی شتێکی لە دڵایە و ئەیشارێتەوە بەڵام پەیی بەو ڕازە برد دانتی ئەوە ئەزانێ کە خوایە جیهان و ئاسمانەکانی دروست کردووە بەڵام ئەوە لە خۆی ئەپرسی:

ئەی لەپێش دروست کردنی جیهاندا، چی کردووە؟

(بیاتریس)یش وەرامی ئەو پرسەی دانتی دایەوە کە هێشتا لە دەمی نەهاتبووە دەرەوە؛ گوتی:

– دانتی! تۆ لەوە دڵنیابە کە دەم یاخود کات، لە ڕووداودا نەبوون و نییە چونکە هەر بریتییە لە شوێن پێی جووڵانەوەی ئەستێرەکان و ئەندازەی تیژڕەویی و گورجی کەواتە لەپێش ئەمەی خوا ئاسمانەکان و جیهان دروست بکات، (دەم) لە ئارادا نەبووە. بابەتێکی تا سەریی هەبووە، کە نەڕابردووی هەبووە، نە پاشەڕۆژ، چونکە هەموتاوێکی هی ئێستا بووە، هەموو لایەکیشی لەبەرچاودا بووە کەواتە لە بابەتی تا سەرییدا، نەدەم هەیە نەجێگا تەنیا ئەو خوایە هەیە، کە سنووری بۆنییە و بڕانەوەیشی نییە کەواتە واز لەم مێشک پەرێشانییە بهێنە و پڕ بەدڵ خوات بوێ!...

(دانتی)یش کە ئەوەی بیست، جارێکی تریشی بۆ خوای پاکی بێ هاوتا ڕێزگرتنی پێشکەش کردەوە گوێی لە ستایشی چەرخی ئەستێرە هەرە گەورەکەیش بوو کە ئەیگوت:

– خوای گەورە و پاک و پیرۆز! خوای گەورە و پاک و بێ هاوتا! ئەو خوایەیە کە هەر زیندووە و هەر نامرێ!

## گوڵی خۆشەویستیی خوایی

دانتی و بیاتریس تا ماوەیەکی تریش ڕۆیشتن بەڕێگادا ئەمە کۆچی دواییان بوو نۆ هۆشە ڕۆشنەکە، یەک بەیەک، ڕۆشناییە ڕۆژ دەرکەوت لە چاو ون ئەبن... کە دانتی ئەوەی دیی ڕووی کردە بیاتریس و هۆی ئەوەی لێ پرسی، بۆی لێک بداتەوە ئەویش گوتی:

– ئێمە ئاسمان و هەوارگەی ئەستێرەکانمان بڕی، کە نۆ هۆشەکە بەسەریاندا دەسەڵاتداربوون گەیشتینە (جیهانی باڵا)، کە ئەویش ئاسمانێکە بێ پایان، نەجێگای تیایە، نەدەمان (زەمان) ئەمە ئەو ئاسمانەیە کە هەر هەبووە و هەر ئەمێنێ یاسای ئەم ئاسمانەیش بریتییە لە خۆشەویستی و ئاواتە خوازیی، نەک ئارەزوو و بزووتنەوە... تۆ لەم



ئاسمانەدا فریشتەکان بەچاوی خۆت ئەبینی پیاو چاک و پیرە بێ گوناهەکانیش لەو شێوەیەدا ئەبینی کە لە ڕۆژی زیندووکردنەوەی مردوواندا ئەبینرێن!...

لێرەدا ڕووناکییە گەورەکە دانتی گرتەوە چووە ناو چاوەکانییەوە، بۆ ئەمەی بتوانی ڕۆشنایی ئەو (ئاسمانی باڵا)یە ببینێ، بێ ئەمەی چاوەکانی ئازار بدات کە بابەتی ژیانی سەرزەوین.

ئەو ساکە شتی وای هاتە بەرچاو کە هەرگیز نەی دیبوو، هەرگیز بەبیریشیا نەهاتبوو... هەر بەجارێک گەشکەداربوو هەر چەندیشی ئەکرد پێی نەئەگێڕرایەوە هەر مەپرسە بەجارێ سەری سوڕمابوو!... هەرچی لەبیردا مابوو هەر ئەوەندە بوو کە پیاوچاکەکان و بێ گوناهەکانی لەناو ئەو بەهەشتی هەتاسەرەدا دیبوو، لەشێوەی پەڕەی گوڵێکدا بووبوون کە پێی ئەڵێن (گوڵی خۆشەویستی خوایی)، کە یەجگار گەورە بووبوو.ئەوانە ڕیز بەڕیز وەستابوون لەناو ئاشتی و ئاسایشدا ئەژیان، ئەو خۆشەویستەی خوایەی[1] دەستیان کەوتبووە، ئەو نازو جبازەی خوا پێی بەخشیبوون، لە ون بوون و لە دەست چوونیان نەئەترسان و خەمیان پێوە نەئەخوارد... کە دانتی ئاوڕی دایەوە بەلای خۆیدا، چەند پرسێک لە بیاتریس بکات لە بابەت ئەوەوە کە بەدڵیا هاتبوو، بیاتریسی نەدیی!... لەو کاتەدا پیری پیاوچاک (بەرناز) هات بەلایەوە، پەنجەی کێشا بۆ هەندێ تیپی بێ گوناهان و پیاوچاکان کە لەملا و لەولای تەختی پەروەردگارەوە کۆبووبوونەوە هەروەک هەریەکەیان پەڕەیەک بووبێ لە (گوڵی خۆشەویستیی خوایی) وابوو لەناو ئەوانەدا (بیاتریس)ی چاوپێکەوت کەوتبووە ناو ئەو کۆمەڵە چاک و پاکە بەڕێزانەوە، جێگایەکی بڵندی بۆ تەرخان کرابوو. ڕۆشنایی نازوجیازی هەرە گەورەی خوایی بەسەرا پەخشان کرابوو...

کە دانتی ئەوەی چاوپێکەوت، خۆشی خۆشیی پێ کەوت... ڕووی تێ کرد و لە کانی دڵیشیەوە سوپاسی کرد، بەبۆنەی ئەوەوە کە چاکەیەکی زۆری لەگەڵ کردبوو، خۆشەویستییەکی بێ ئەندازەیشی لەگەڵا نوواندبوو.

لە خوای پاکی بێ هاوتایش پاڕایەوە کە ژیان و مردنێکی وای پێ ببەخشێ کە هەڵ بگرێ (بیاتریس) ئەو خۆشەویستییە پاکەی بۆ بنوێنێ و، ئەو جوانییە تەڕ و تازەیەی خۆی پێ ببەخشێ و، ئەو ناوبانگە پاک و بێ گەردەی خۆیشی ئاوێتەی ناوی ئەو بکات... (بیاتریس)یش کە ئەوەی لە (دانتی) دیی، بەدەمیەوە پێکەنی ئنجا چاوی بڕییە گەورەیی

(١) یان: ئەو خۆشەویستیی خواییەی (یەزدانیەی) دەستیان...

کرد گار... چونکە هەر لەناو گەورەیی خوادا ڕوو ئەدات کە دڵە خواناسەکان یەک بگرن و بن بەیەک واتا یەکێتی خۆشەویستی تەواو و هەبوونی تەواو پێک بهێنن...

بەم ڕەنگە گەشتەکەی دانتی بەناو ئاسمانە بێ پایانەکاندا دوایی هات... خەوی ئەو بوێژە هەڵکەوتووەیش، یاخود ئەو مەلەوانییەی ناو ئاسمانی تەواوبوو کە هەتا جیهان هەبووە و جیهان مابێ[1] وەک ملوانکەیەکی مرواریی گەردنی وێژەی بەرز و پیرۆز ئەرازێنێتەوە.

تەواو بوو

٧- ٥- ١٩٦٧

(١) ڕاستتر: کە لەوەتەی جیهان هەیە و تا جیهان مابێ...

# چیرۆکی هەڵبژاردە لە وێژەی هیندی

کۆکەرەوەی: محەمەد عیتانی

## پێشەکی

وێژەی هیندی لە شوێنێکی یەجگار فراواندا پەیدابووە، گەلانی وایش هاوکارییان کردووە لە دامەزراندنیا، کە ژمارە سەریان بەملیۆنان ئەژمێرریٚ چوار هەزار ساڵیشی خایاندووە تا گەیشتۆتە ئەم ڕادەیە، لەگەڵ ئەوەیشا ئێمە ئەتوانین بەئاسانی بیکەین بەسێ بەشەوە: (وێژەی سانسکرێتی کۆن)، (وێژەی ناوەڕاستی هیندستان)، (وێژەی دراڤیدی)، (وێژەی بەنگالی).

* سەردەمی سانسکرێتی، سەردەمی ئەو چیرۆکە داستانیانەیە کە لە شەڕوشۆڕەکانی خوایەکان ئەدوێن، ئەوان بەناوی (ڤیدا)وە ناوبانگیان دەرکردوە کەسیش نازانی کێ نوسیونییەتەوە.

لە دوای ئەم چیرۆکە داستانییانە، چامە (قصیدە) کانی (بوراهماناس) و (ئۆبانیشاد) هاتنە ناوەوە ئەمانەیش داستانەکانی (ڤیدا)[1]ی کۆن دووبارە ئەکەنەوە، لەگەڵ بابەتێکی تازەدا کە خستوویانەتە سەری، ئەویش بیروباوەڕی خۆبەخت کردنە... بیروباوەڕی، (ئۆبانیشاد)یش بریتییە لەوە کە لەنگەرێک بگیرێ لە ناوەند (گیانی تاک و تەرایی) و (خوا)دا... لە ناوەند (دەروون) و (خودا)... ئەم ڕاستی پەرستی (فەلسەفە)یەیش وەک ڕاستی پەرستیی (بودا) وەهایە، بریتییە لە (بیری ڕزگاریی)، کە ئەویش ڕاستییەکە لە ڕاستییەکانی ترەوە دەرئەکەوێ و پرشنگ ئەدا، کاتێ کە دەروونی مرۆڤایەتی تاک و تەرایی، ئەوەندە بڵند ئەبێتەوە، کە لەگەڵ (گشت)دا یەکسان ئەوەستێتەوە، لەگەڵ (گشت)یشدا یەک ئەگرێ (کالیداسا) لە گەورەترین نوسەرانی سانسکرێتی ئەژمێررێ، کە بۆیژێکی چیرۆکی لاساییش بووە. چیرۆکی هیندیش، لە سەرەتای سەردەمی گۆرانییە سەرەتاییەکانی (ڤیدی)یەوە پەیدابووە، کە بریتییە لە چیرۆکی داستان و بابەتی پڕوپوچ (خرافات)، کە پڕن لە واتا و نیشانە.

(١) ڤیدا: ئەو کتێبە هیندیە پیرۆزانەیە کە بەزمانی سانسکریتی نووسراونەتەوە، لەوانە کتێبی (ئوپانیشاد) کە بریتییە لە سرود و نوێژ و پاڕانەوە ئاینییەکان، هەندێکی دەدرێتە پاڵ (برهما).



زۆر لە نەتەوەکانی جیهان ئەو چیرۆکانەیان گوێزاوەتەوە بۆ زمانەکانی خۆیان، کە بەئاشکرا لە وێژەکانی (ابن المقفع)[1] و (غریم) و (ئیزۆپ)[2] و (لاڤۆنتین)دا[3] دەرئەکەون... ئەوە (وێژەی هیندستانی ناوەڕاست)ە کە نوسراوی (سێ سەبەتەکە)ی بۆ هێناوینەتە بەرهەم ئەوەتا ئێمەیش چیرۆکی (پیاوە خاوەن گالۆکە ئەستوورەکە) مان لێ هەڵ بژرادووە، کە گیانی ئاشتی خوازی هیندییەکانی تیا تێکەڵ بووە بەبیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی تازە.

* (وێژەی دراڤیدی)یش بەچیرۆکە لاساییەکانی (مۆدالیاری گەورە)دا جوێ ئەکرێتەوە لەم سەردەمەیشدا ناوی (ناماکال)ی تیا پەیدابوو، کە وێژەوانێکی گەورە و بوێژێکی بەرزە، بۆ کردەوەکانی (غاندی) گۆرانی زۆر گوت، چونکە شاگردیشی بوو، هاوگیانیشی بوو.

وێژەی ئیسلامیش، بەهۆی کۆمەڵە هۆنراوەکانی:

(ملک محەمەد جیاسی) و (محەمەد ئیقبال)ەوە، سامانێکی تری خستە سەر گەنجینەی بیروباوەڕی هیندی. (محەمەد ئیقبال) باوکی گیانی (پاکستان) بوو و سەرکردەی ڕاپەڕینە ئیسلامەتییەکەیشی بوو.

* (وێژەی بەنگالی)ی نوێیش، لەسەر شانی (تاگور) و (شاترجی) و (ڕای)[4] دامەزراوە ئەوانە هەموویان زانیاری ئایینی (بودایی)یان تازە کردۆتەوە هەرچی بیروباوەڕێکی بایەخداری ڕۆژهەڵات هەیە لە کردەوەکانیاندا کۆبووتەوە.

(١) إبن المفتع (عبدالله): زانا و نووسەرێکی فارسە، لە ٧٥٩دا بەفەرمانی مەنسوری عەبباسی، والی بەسرە بەدڕندانە کوژرا، (کلیلە و دمنە)ی لە پەهلەویەوە گۆڕیوەتە عەرەبی، هەروا (الأدب الصغیر، الأدب الکبیر) هەر هی ئەوە.

(٢) ئیزۆپس (سەدەی ٧-٦پ.ز) حەکیمێکی یۆنانییە، خاوەنی پەند و ئامۆژگاریە، ئیزۆپس کە سایەتیەکی ئەفسانەییە.

(٣) لاوەنتین (١٦٢١-١٦٩٥) شاعیرێکی فەڕەنسی بووە، کتێبی (پەندەکان) هی ئەوە، کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئیزۆپس و ڤیدا و کلیلە و دمنەدا دیناوە، شێوازی ئەم شاعیرە ڕەوانی و ساکاریی و گەرمو گوڕییە.

(٤) سانیساجین ڕای (١٩٢١- ١٩٩٢): دەرهێنەرێکی سینەمایی هیندییە، لە ١٩٥٦دا بەرامبەر فلیمێکی بەناوی (سرودی ڕێگا)وە پاداشتی (کان)ی بۆ خۆی پچڕی، هەروا بۆ سەرجەم بەرهەمەکانیشی پاداشتی (ئۆسکاری فەخری) پێ درا.

ئەمەیش چاو پیا خشاندنێک بوو، بەگۆڕانی بیر و جوانی و گیاندا لە هیندستاندا، کە هەر لە کۆنەوە دەست پێ کراوە تا ئیمڕۆ. ئێمەیش لەو وێژە جۆرجۆرانەی زمانی هیندییە، هەندێک چیرۆکمان هەڵبژارد، کە ئەم ڕووانە پێشان ئەدەن هەروەها هەندێ ناویشمان هەڵبژارد، کە گیانی هیندستان دەرئەخەن لەگەڵ نامە مرۆڤایەتییەکەی و هونەرە ناوازەکانی و ڕابوردووە پڕشنگدارە شۆخ و شەنگەیدا.

هیوایشمان وایە، کە خوێندەوار، ئەوەی لە بیرمان چووە پێشانی بدەین لە پێشەکییەکەدا، وەک: (جادووی نیرڤانا) و (پیرۆزیی یوجایا) و (خوایەتییە جۆر جۆرەکان) و (گەورەیی بودا)، لەم نوسراوەدا چاوی پێ بکەوێ، کە لە ڕاستیدا زۆر بەکەم دائەنرێن لە چاو (گیانی هیندستان)دا، کە جەنگەڵێکی وایە شتی سەیر سەیری تیا ئەبینرێ و، بێشکەیەکی وەهایشە کە ئاشتی تیا هەست ئەکرێ.

(محمد عیتانی)



## کوشتنی[١] جیموتاڤا

لە نوسراوی باشیل بیتالەوە

نوسراوی (باشیل بیتال)، بریتییە لە کۆمەڵە چیرۆکێکی کۆنی هیندی زۆربەی کارەساتەکانی لە چیرۆکە داستانییەکانی (ڕامایانا) و (ڤیدا)وە وەرگیراون کەس نازانی کێ نوسیوونی لەگەڵ ئەوەیشا، لە کەلەپورەکانی، هەرە بەنرخی هیندی دائەنرێن، کە هەرگیز لە بیرناچنەوە، بۆ زۆربەی زمانە ئەوروپاییەکانیش گوێزراونەتەوە.

***

یەکێک لە خونکارەکانی هیندستان کوڕێکی هەبووە ناوی (جیموتاڤا)بووە کە تەمەنی گەیشتە دوانزە ساڵان، دەستی کرد بەخواپەرستن و خوێندنی نوسراوی ئایینی، زۆری پێ نەچوو لە زانست و کردەوەی ناوازەدا، پێش هەموو کەسانی خاکەکەی خۆی کەوت، نوێژکردن و پاڕانەوەکانیشی لەلایەن (سیڤا)وە کە خوای ئەوان بوو، پەسەندکران لەبەرئەوە ڕۆژێکیان پێی گوت: هەرچی ئاواتت بۆ خواستووە پێت ئەگات[٢] شاە کوڕی لاویش[٣] وەرامی دایەوە، پێی گوت:

ئەگەر بەڕاستی خۆشت ئەوێم، دانیشتوانی نیشتمانەکەم لە دەست هەژاریی و دەسکورتی ڕزگار بکە هەموویشیان لە ساماندا وەک یەک لێ بکە چاکە و دەوڵەمەندیی و ئارامیش بەهەموویان ببەخشە.

(سیڤا)ی خوایش،[١] هەرچییەکی لێ داواکرد پێی بەخشی، دانیشتوانی نیشتمانەکەیشی دەوڵەمەندکردن. تا وایان لێ هات وازیان هێنا لە کار و فرمان کردن، لووتی خۆیان بەرزکردەوە. سەریان بۆ کەس دانەئەنەواند.

ئینجا کە کار گەیشتە ئەم ئەنجامە پڕ گیروگرفتە، خێزانی خونکاریی هەموویان کۆبوونەوە و دەستیان کرد بە وتووێژ و ڕاوێژکردن.

زرنگەکانیان گوتیان: خونکاری ئێمە و کوڕەکەی فەرمانی خوایەکان بەجێ ئەهێنن بەڵام هاونیشتمانەکانمان بەگوێمان ناکەن. لە هەموو شتێک ئاسانتر ئەوەیە، ئەم خونکارە

(١) کوشتی: قوربانی، بەخشین و پێشکەش کردنی گرانترین و بەهاترین سامان بەخواوەند.

(٢) بەڵکو: بۆت دێتە دی.

(٣) شاە کوڕی لاو: شازادەی لاو.

(٤) یان: سیڤای خواوەندیش...

ئاینداره‌ی خۆمان و کوڕه ڕاست و دروسته‌که‌ی، له‌سه‌ر ته‌خت بهێنینه خواره‌وه، خۆمان کاروباری گشتی هه‌ڵبسوڕێنین. پاش ئه‌وه ده‌ستیان کرد به‌گه‌له کۆمه‌کێ کردن و سه‌ربازێکی زۆریان کۆکرده‌وه، ئاڵای سه‌رکێشییان هه‌ڵ کرد و چوون چوارلای کۆشکی خونکاریان گرت. که (جیمو تاڤا) که‌ینه و به‌ینه‌که تێ گه‌یشت، پێش ئه‌مه‌ی بچێته کۆڕی شه‌ڕه‌وه به‌رامبه‌ر دوژمن، چووه کن باوکی ڕاوێژی پێ کرد.

خونکاره تێ گه‌یشتووه‌که‌یش پێی گوت: ئه‌ی کوڕی خۆم!

فه‌رمانڕه‌وایی له‌ش، زوو له ناو ئه‌چێ له ڕاستیدا، ژیان بریتییه له له‌خۆبایی بوون، سامانیش هه‌روه‌ک خه‌وی خۆش وایه زوو ئه‌بڕێته‌وه له‌وکاته‌یشه‌وه که مرۆڤ له دایک ئه‌بێ، گوێی له ناڵه ناڵی خاوه‌ن شیوه‌نه، که له شێوه‌ی ئاوازی بلبلاندا ده‌ری ئه‌بڕێ که له دایک ئه‌بێ، له‌گه‌ڵ مردنیشا به‌ڵێنێکی هه‌یه.

ژیانی خۆیشی له‌ناو له‌شێکی له‌ناوچوو ناونیشانێکی پڕ و پووچدا به‌سه‌ر ئه‌بات که‌واته وا هه‌ڵ ئه‌گرێ که واز له ته‌ختی خونکاریی بهێنین و خۆمان خه‌ریک بکه‌ین به‌کرده‌وه و کاری چاکه‌وه.

ئنجا خونکار براکانی و کوڕه‌کانیانی بانگ کرده لای خۆی، تێی گه‌یاندن که ئاره‌زووی هه‌یه واز له خونکاری بهێنێ قسه‌که‌ی خۆیشی برده سه‌ر پاش ئه‌وه خۆی و کوڕه‌که‌ی باریان کرد و چون بۆ که‌ژ و کێوێکی دوور و چۆڵ و هۆڵ کۆڵیته‌یه‌کی هه‌ژارانه‌یشیان بۆخۆیان دروست کرد و په‌نایان برده به‌ر.

***

خونکاری خواناس، وازی له هه‌موو شتێک هێناو خۆی ته‌رخان کرد بۆ خواپه‌رستن، شاه کوڕیش، کاته‌کانی خۆی له‌گه‌ڵ سوروشتی شه‌نگ و شۆخ و، ته‌نیایی باو داهێنه‌ر و، یه‌کێتی جوامێرانه‌دا به‌سه‌ر ئه‌برد. ڕۆژێک له ڕۆژان چووه ته‌وقه سه‌ری شاخه‌که، که په‌رستگای (دورجا) له‌وێ بوو.

چووه ناویه‌وه که سه‌یری کرد ئه‌وا کچه شایه‌کی تیایه له جوانی و شه‌نگوشۆخیدا که‌س هاوتای نییه که‌نیزه جوانه‌کانیشی لێی کۆبوونه‌ته‌وه کچه شاهه‌که به‌ئه‌ژنۆدا هاتبوو، له‌به‌رده‌م (خوای شاخه‌کان)دا ئه‌پاڕایه‌وه، به‌ده‌م گۆرانی ئاینییه‌وه، له سه‌ر ئاوازی که‌مانه‌یه‌کی ئاسمانی ده‌نگدار، که حه‌وت ژێی پێوه بوو، ملکه‌چانه به‌رامبه‌ری دانیشتبوو، ده‌نگه‌که‌ی به‌ناسکی و پاکی و خۆشه‌ویستییه‌وه له سنگیه‌وه ده‌رئه‌هات و له ناو په‌رستگاکه‌دا ده‌نگی ئه‌دایه‌وه، گیان و ساز و ئاوازی ئه‌خسته ناو دار و به‌رده‌وه،



کزه‌بایه‌کیش له‌ناو دار و دره‌خته‌کاندا هه‌ڵی کردبوو، به‌بۆن و به‌رامه‌یه‌کی خۆشه‌وه، له کونێکی بن میچی په‌رستگاکه‌وه ئه‌هاته ژووره‌وه، که ئاسمانه پاکه بێ گه‌رده شینه‌که‌ی لێوه دیاربوو، ئه‌هات و ئه‌یدا له گڕی مۆمه داگیرساوه‌کانی چوارلای (خوای شاخه‌کان) و شه‌پۆلی پێ ئه‌دان به‌م لاو به‌ولادا.

چاوی شاه کوڕ و شاه کچ به‌یه‌کتری که‌وت له پڕ خۆشه‌ویستییه‌ک که‌وته ناو دڵی هه‌ردووکیانه‌وه، شاه کچ له پاڕانه‌وه‌ی خۆی بووه‌وه و گه‌ڕایه‌وه شاه کوڕیش هه‌روه‌ها گه‌ڕایه‌وه ئه‌ویان له شه‌رماندا ڕوومه‌ته‌کانی سوور هه‌ڵگه‌ڕابوون ئه‌میش ئاگری دڵداریی، گڕی له دڵی به‌ردابوو، نه‌ی ئه‌هێشت خه‌وی لێ بکه‌وێ.

به‌یانی ڕۆژی دوایی، سه‌رله‌نوێ، له په‌رستگاهه‌که‌دا یه‌کیان گرته‌وه (جیموتاڤا) ده‌ستی کرد به‌گفتوگۆکردن له‌گه‌ڵ که‌نیزه‌کێکی شاه کچدا.

پرسی ئه‌و کچه شه‌نگوشۆخه نه‌ژاده کێیه؟ ئه‌ویش گوتی:

ئه‌وه کچی خونکاری ئێمه‌یه.

که‌نیزه‌که‌یش، له سه‌رچڵی خۆیه‌وه لێی پرسی: ئه‌ی تۆ کێی کوڕه جوانه‌که؟ له کوێیشه‌وه هاتوویت؟

– ناوم (جیموتاڤا)یه. له‌گه‌ڵ باوکما هاتووینه‌ته ئه‌م شاخه نزیکانه، وازیشمان له خونکارێتی هێناوه...

که نیزه‌که‌یش ئه‌و گفتوگۆیانه‌ی بۆ شاه کچی گه‌وره‌ی خۆی گێڕایه‌وه.

که شاه کچ ئه‌وه‌ی بیست، دڵ ته‌نگ بوو و به‌خه‌مێکه‌وه گه‌ڕایه‌وه ناو کۆشکه‌که‌ی خۆیان.

که که‌نیزه‌که‌یش، هه‌ستی به‌دڵته‌نگیی خانمه‌که‌ی خۆی کرد، که‌ینه و به‌ینه‌که‌ی بۆ شاه ژنی دایکی گێڕایه‌وه ئه‌میش ڕووی کرده خونکار و پێی گوت: گه‌وره‌ی خۆم، کچه شای کچان، پێ گه‌یشتووه و هه‌ڕه‌تی شوویه‌تی که‌واته بۆچ ده‌زگیرانێکی بۆ نه‌دۆزینه‌وه ماره‌ی بکات؟. پاش ئه‌وه ناوی (جیموتاڤا)ی لاهێنا خونکاریش زۆری پێ خۆش بوو، که ئه‌و شاه کوڕه ئاواره‌یه بکات به‌زاوای خۆی.

ژن و مێردییه‌که‌ی هه‌ردووکیانی ئاشکرا کرد و، ئاهه‌نگێکی پڕخۆشی و کامه‌رانییان بۆ گێڕان.

چه‌ند ڕۆژێکی پێ چوو، به‌یانییه‌ک زوو، (جیمۆتاڤا) و برایه‌کی شاه کچی ژنی، چوونه

گەشتی شاخان، کە گەیشتنە تەوقە سەری شاخێک لە شاخە بەرزەکانی ئەوێ، کۆمەڵەیەک ئێسک و پروسکی ئادەمیزادیان چاو پێکەوت (جیمۆتاڤا)یش لێی پرسی: ئەمە چییە؟!

– خوای خراپە کە ناوی (جارودا)یە، هەموو ڕۆژێک دێتە سەر ئەم لوتکە بەرزە بۆ ئەمەی هیندییەکی هەژاری نەنگەویست بکات بەنێچیری خۆی... لەبەرئەوە ئێسک و پروسکی نێچیرەکانی بەهەزاران لێرەدا ئەبینی...

شاە کوڕیش گوتی: ئەمە کارەساتێکی سەرسوڕهێنەرە، زۆر و ستەمێکی سامناک و گەورەیشی تیایە کەواتە تۆ بڕۆرەوە بۆ کۆشک... منیش هەندێک لێرەدا ئەمێنمەوە بۆ نوێژکردن و پاڕانەوە...

ئیتر هەردووکیان لە یەکتری جوێ بوونەوە... شاە کوڕ دەستی کردەوە بەڕۆیشتن بەڵام لەناکاو هاوار و ناڵەیەکی ئاگرینی هاتە بەرگوێ، گریان و شیوەنێکی وایشی بیست کە پڕی بوو لە سەرگەردانی و هەناسە ساردی، کە نزیک بووەوە لە جێگای دەنگەکە، پیرێژنێکی دی ئازا و ترسێکی کاریگەری پێوە دیاربوو.

– دایە بۆچی ئەگریت؟

– بۆ چارەنووسی کوڕە کەڵۆڵەکەم (سانتاتاشا) ئەگریم چونکە ئیمڕۆ (جارودا)ی سامناک دێتە سەری و ئەیخوات.

– دایەگیان مەگری چونکە من خۆم ئەخەمە پێناو کوڕەکەت، لەو کاتەدا (سانتاتاشا)یش گەیشتە ئەوێ.

بەشاە کوڕی گوت:

گەورەی خۆم، هیچ ڕۆژێک نییە، گەلێکی کلۆڵی وەک من لە دایک نەبێ بەڵام پیاوی چاکە و پیاوەتی وەک تۆ کەم هەڵ ئەکەون ژیانی تۆیش بەنرخە، لە پێناو ژینی پیاوێکی نەنگەویستی وەک مندا بەفیرۆی مەدە.

کوڕەکەیش پێی گوت: ئەوی پیاوی چاکە و مەردایەتی بلندبێ، پێویستە لەکاتی پێویستیدا گیانی خۆیان ببەخشن کەواتە تۆ بڕۆرەوە ماڵی خۆت، بۆ لای خێزان و کەس و کار و ژیانی خۆت وازم لێ بهێنە، من لێرە ئەمێنمەوە کە (سانتاتاشا) گوێی لەم قسە خواییانە بوو، گەڕایەوە پەرستگای (خوای شاخەکان)، زۆری پێ نەچوو (جارودا)بە تەمورە زەنان هاتە خوارەوە و لەوێدا نیشتەوە...



(جارودا)یش کە کە خراپەیەکی بەر جەستە بوو، دوو قاچی پێوە بوو وەک دارخورما وابوون ئەمەندە درێژبوون دەنگەکەیشی لەوە کەمتر نەبوو. سکێکیشی پێوە بوو، زل، ئەوەندەی شاخێک ئەبوو. چاوەکانیشی وەک دەرگای دۆزەخ وابوون کە ئەکرانەوە ئاگریان لێ دەرئەپەڕی.

ئەو باڵدارە سامناکە خۆی دا بەسەر شاە کوڕ دا (جیمۆتاڤا) لە پێشدا ترسی لێ نیشت و ڕای کرد، خۆی لە دەستی ڕزگار بکات بەڵام (جارودا) ڕای کرد بەدوویا و گرتی و هەڵیگرت و، لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ ئاسمان.

لە شاە کوڕی بەسەزمان و کلۆڵ گەردانەیەک کەوتە خوارەوە، ناوی خۆی لەسەر نووسرابوو، جوتیارێک هەڵیگرت و بردی بۆ خونکار. هێشتا خوێنی شاهی کوڕی خۆبەخت کەری پێوە مابوو، لێی ئەتکا.

شاە کچیش هەر ئەوەندە چاوی بەو گەردانەیە کەوت، کەوت بەدەمەوە و لە هۆش خۆی چوو بەڵام کە هاتەوە هۆش خۆی لەگەڵ باوک و دایکیا بەهەڵەداوان دەستیان کرد بەگەڕان بەدوای کوڕە شاهدا. (سانتاتاشا)یش، لە پێش خونکاردا گەڕابوو بەدووی کوڕە شاهدا ڕووی کردبووە سەر لوتکەی شاخەکە، کە پڕی بوو لە ئێسک و پروسکی هەزاران کەس لەوێدا باڵدارەکە، نێچیرە خواییەکەی خۆی دانابوو.

(سانتاتاشا)، سەرکەوتە سەر لوتکە شاخێکی نزیک و هاواری کرد:

(هەی هەش بەسەرت «جارودا»! هەی هەش بەسەرت! تۆ وات لێ هات کوڕە شاهێک لە کوڕە شاهانی «چاتریا» هەڵ دڕیت؟!...)

(جارودا)یش کە گوێی لەو قسانە بوو، ترسی لێ نیشت و ڕووی کردە نێچیرە خوێناوییەکەی خۆی و پێی گوت:

(بۆچ خۆت بەخت کرد، ئەی کوڕە شا؟!)

کوڕە شایش گوتی: (جارودا! دارودرەخت سێبەر ئەکەن بۆ کەسانی تر، تا لە بەریا بحەسێتەوە لەوەدا جیاوازییەک نانوێنن لە ناوەند سەگێک و مێروولەیەکدا، یان لە ناوەند شاە و گەدایەکدا کەچی خوشیان هەڵ خستووە لەبەر قرچەقرچی هەتاودا. جارودا! لە ڕاستیدا دارودرەخت گوڵ ئەگرن و بەر ئەگرن تا بیبەشنەوە بەکەسانی تر ئەوانەی کە خاوەن کردەوە و ڕەوشتی بلندیش، زۆرتر لەو دارودرەختانە ئەکەن ئەم لەشەی منیش بەکاری چی دێ، ئەگەر بۆ ئەم و ئەو بەکەڵک نەبێ؟ کە تۆ داری بۆن خۆش ئەسووتێنی، خۆشەویستی و بۆن خۆشی بڵاو ئەکاتەوە کە داری سەندەڵیش لە یەکتر ئەخەیت، بۆنێکی خۆشی

پیرۆزی لێ پەیدا ئەبێ. کە زێڕیش ئەخەیتە ناو ئاگرەوە، قاڵ ئەبێ و پوختە ئەبێ و پرشنگ ئەدا و جوانی ئەبەخشێ بەڵام هەرچی سەگ و قەلە باچکەن، هەر ئەوەندە خۆیان ماندوو ئەکەن کە خۆیان بپارێزن و بهێڵنەوە، ئەو کەسانەیش کە خۆیان بەخت ئەکەن لە پێناوی کەسانی تردا، لە ڕاستیدا، لە ڕێگای دادپەروەرییەوە ئەڕۆن بەڕێدا، هەر ئەوانیشن کە بەسەر چارەنووسدا سەر ئەکەون.).

(جارودا)یش گوتی:

(کەم کەس هەن لەم چاوە جوامێرانەوە سەیری کاروباری جیهان بکەن، کەم کەسی وایش هەیە کە دڵی وا بڵندبیێتەوە و بەچەشنی کوڕە شاهێکی وەک تۆ خۆی لە پێناوی چاکەدا بەخت بکات.

نیازەکەی تۆ نیازێکی جوان و پەسەندە بەڕاستی گڕی بەرداوەتە دەروونم و خەریکە دڵم ئەبزوێنێ لەبەرئەوە منیش ئەمەوێ دەستێکی یارمەتیت بۆ درێژ بکەم، وەچ دڵخوازێکت هەیە بۆتی جێبەجێ بکەم، ئاواتێکی خۆتم پێ بڵێ، تا بۆتی بهێنمە دیی.

لە پێش مردنتا، چیت ئەوێ، پێم بڵێ، تا بۆتی جێبەجێ بکەم.

شاه کوڕیش، لە خۆشیاندا گەشکەداربوو، پێی گوت: (ئەی خوای سامناک! ئەگەر ئەتەوێ بەڕاستی دڵم بهێنیتەوەجێ ئەوا من ئەوەم لێت ئەوێ، کە ئیتر واز بهێنیت لە کوشتنی نەوەی ئادەم هەروەها هەچ کەسێکیشت کوشتووە، لەو کلۆڵ و بەسەزمانانەی کە ئێسک و پروسکیان ئەم ناوەی پڕکردۆتەوە، گیانیان بەبەردا بکەیتەوە).

***

(جارودا) ی سامناک بەڵێنی خۆی هێنایە جێ، چوو بەناخی دۆزەخا شەپۆلی زیندووکردنەوەی لێ هێنایە دەرەوە بەڵام تا ئەوەی جێبەجێ کرد، زۆرانبازییەکی سامناکی کرد، لەگەڵ دێوەکانی گیان کێشاندا ئنجا کە شەپۆلی زیندووکردنەوە و مانەوەی ژیانی هێنایە دەرێ لە دۆزەخ، بڵاوی کردەوە بەسەر ئێسک و پروسکەکاندا، مردووەکان هەموو، گیانیان بەبەردا کرایەوە و زیندووبوونەوە لەناو لوتکەی شاخەکاندا کەڕەنای بڵاوکردنەوە دەنگی دایەوە، هەروەها قاو و قیژە و دەنگە دەنگی ئەو مردووانەیش کە گیانیان هاتەوە بەبەردا دەنگی دایەوە، دارودرەختە ڕووتەکانیش گەڵاو بەرگی سەوز و سووریان کرایەوە بەبەردا و گەشانەوە.

***



جا لە ناو ئەو شادمانییە خۆشەدا کە هەموو لایەکی گرتەوە، (جیمۆتاڤا) و کچە شاهەجوانەکەی ژنی دەستیان کردە ملی یەکتری و یەکتریان گرتە باوەشی خۆیان بەڵام برینەکەی کوڕەشاه قووڵ بوو، یەجگار کاریگەربوو لەو کاتەدا کە تەماشای کاروانی مرۆڤایەتی ئەکرد بەسەر شاخەکاندا دائەگەڕانە خوارەوە بۆ ناو دەشت، گیانی پاکی بەخوا سپارد...

## سەرکەوتن

نووسەری: ڕابەندرانات تاگور (١٨٦١- ١٩٤١)ز. ڕابەندرانات تاگور، بەناوبانگترین بۆیژانی هیندستانە.

لە شاری (بەنگال)دا لە دایک بووە لە کەنارەناکانی کەندەڵانی (بەنگال)یشدا گەورە بووە، خوێندنە بەرزەکانی خۆی لە ئینگیلتەرەدا تەواو کردووە کە گەڕاویشەتەوە هیندستان لە نووسینی زۆربەی گۆڤارە وێژەییەکاندا هاوبەشیی کردەوە.

لە پاش ئەمەی نوسراوەکانی گۆڕراوەتە سەر زمانە ئەوروپاییەکان ناوبانگی بەهەموولایەکی جیهاندا بڵاوبۆتەوە، بوێژ و نووسەرەکانی ئەوروپایش پایەیەکی گەورەیان پێ بەخشیوە ئەو ڕاستییانەیش کە دەری بڕیون لە بابەت دەروێشایەتی هیندییەکان و جوانی هیندستان و پێش بینییە کووڕە[*]کانی خۆیەوە دەربارەی جیهان و ناوەڕۆکی جیهان، لەلایەن ئەو وێژەوانە ئەوروپاییانەوە پەسەندکراوە و ئافەرین کراوە بۆیە کا پاداشی (نۆبڵ)ی جیهانیشی پێ بەخشراوە.

لە ڕاستیدا (تاگور) گیانی هیندییەکان ئەنوێنێ، بەهی کۆن و تازەیانەوە لەناو هۆنراوەکانیا، هونەری دڵداریی هیندیی کۆنی زیندوو کردۆتەوە، کە پڕیەتی لە دەروێشایەتییەکی قووڵی خەواڵووانە[1] بەناوی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی نزیکدا گەشت وگوزاری کردووە. بەتەنیشت غاندیشەوە، خۆی هاویشتۆتە ناو خەباتی کاروباری گشتی هیندستانەوە، تەنانەت لەسەر ئەرکی خۆیشی زانستگاهێکی (جامعە) دامەزراندووە.

(*) کووڕ= (قووڵ)- وەرگێڕ-
سەرنج -کە مامۆستا وشەی (کووڕ- محدب) بۆ (قووڵ) بەکاردێنێ ماناکە ئاوەژوو دەبێتەوە و پێچەوانەی دەگەیەنێ چونکە (کووڕ) بەرامبەر (قۆقز) دێ، کە لێرەدا هەر (قووڵ)ەکە شیاوتر بوو دایبنایە.

(١) دەروێشایەتی: بەرامبەر (تەسەوف) بەکاری هێناوە.

بەناوبانگترین نووسراوانی چیرۆکیشی ئەمانەن:
(سەرداری جادووگەر)، (باخی دڵداریی)، (شیو)، (چاوان)، (ئاوات و خونکار)، (کوشتەی گۆرانی) کە گۆڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی.
(تاگور)، لە کلێسا کۆنەکانی هیندستانی کۆن و، تەنیاییە دەروێشانە خواییەکەیەوە نیاز و بیروباوەڕی وەرئەگرت.
(هەروەها لەگەڵ سروشتە جوانەکەی هیندستانیش و خوایەتیی دەسەڵاتداری هەرە گەورەدا یەکی ئەگرت، بۆ ئەمەی بگاتە ئەنجامی ڕێبازێکی هۆنراوەی مرۆڤایەتی و بیروباوەڕێکی وەها کە کردەوە و گیانە نرخدارەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای تیا کۆببێتەوە و بەیەکەوە بسازێن و ببن بەیەک).

***

... بوێژەکە، گۆرانییەکەی خۆی تەواو کرد و بێ دەنگ بوو. بەخونکاری گەورەیدا هەڵدا، بەتایبەتی دەنگەکەی خۆی بەرز ئەکردەوە بۆ ئەوەی ئەو خانمە جوانەی کە لە پشت سەراپەردەوە خۆی شاردبووەوە گوێی لێی بێ، دەنگە گەرموگوڕەکەی خۆی کردبوو بەڕاسپاردەیەک بۆ ئەو ئەستێرەیەی کە دەستی نەئەگەیشتێ، بۆ ئەو ئەستێرەیەی کە پرشنگی ئەدا و دەروونی ڕۆشن ئەکردەوە بۆ ئەوەی کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ ئەو بەسەر ئەبا و کەچی ناتوانێ ببیبینێ و بیناسێ بۆ کچە شاه (ئاجینا). زۆر جاری وایش هەبوو، بەدزییەوە، بەتیلایی چاو سەیرێکی ئەو دیوو پەردەکەی ئەکرد، چونکە تارماییەکی ئەدی بەدڵ گوێیشی ئەگرت لە زرنگانەوەی خرخاڵێک کە لە دوورەوە ئەهاتە بەرگوێی، بەئەندێشە وای ئەهێنایە پێش چاوی خۆی کە لەگەڵ هەموو هەنگاوێکا کە بەئەسپایی ئەینا گۆرانییەکی ئەگوت ئەوانە پێیە گوڵ ڕەنگە ناسکەکان بوون کە بەسپایی و بێ دەنگییەکەوە هەنگاویان ئەنا، وەک خۆشەویستی خوایی ببارێت بەسەر گوناهباری پەشیماندا وابوو.
بەم ڕەنگە کابرای بوێژ ئازار و ئاواتەکان و گۆرانییەکانی خۆی لەسەر دەنگی ئەو هەنگاوە ئەسپاییە ناسکانەدا ئەهۆنییەوە کە زرنگەی خرخاڵە جادووگەرەکانی پێوە ئەهات هیچ گومانێکیشی نەئەبردە ئەو کەسەی کە تارماییەکەی ئەکەوت لە پەردەکە، لەو دیووەوە.
هەروەها گومانیشی نەئەبردە ئەو خرخاڵانەی کە دەنگەکانیان لەگەڵ ئاوازی دڵیا ساز ئەبوو، چ لە بێ دەنگییدا، چ لە کاتی گۆرانی گوتندا.



(مانجاری)یش کە کەنیزەکێکی کچە پاشا بوو، جاربەجارێ: سەری لە بوێژەکە ئەدا لە ماڵەکەی خۆیدا کە ئەچووە سەر ڕووبارەکە، لای ئەدایە لای و چەند وشەیەکی کەمی لەگەڵدا گفتوگۆ ئەکرد، وەک کزەبا فێنکەکانی هاوین دڵی پندر ئەکردەوە. کەنیزەکەکە زۆرزان بوو هەستی بەوە کردبوو کە بوێژەکە تا چەند ئەندازەیەک کچە پاشای خۆش ئەوێ، جارێکیان ویستی لە شێوەیەکی شیریندا گاڵتەوگەپی لەگەڵدا بکات کە بیزانیایە ڕێگا چۆڵە و کەسی پیا ناڕوات، تاریک و نووتەکە و کەس نابینرێ، جەربەزەییەکی ئەکرد و خۆی ئەهاویشتە ژوورە بچکۆڵەکەی بوێژەکەوە و لەسەر بەڕەکەی دائەنیشت ئەوەندە خۆی ئەڕازاندەوە، لەش و لاری لە شێوەیەکی جوان و ڕەنگیندا دەرئەکەوت، دڵی پیاوی کێش ئەکرد.
سەرپۆشەکەی یەجگار ناوازە و گەش و ڕەنگین بوو، ئەو گوڵە سوورەیش کە لەسەر قژە هەنگوینییەکەی سەری چەسپی کردبوو، بەنازونووزێکەوە زەردەخەنەی ئەکرد.
کەسانی تریش دەستیان دابووە زەردەخەنەکردن و چرپەچرپکردن، زەردەخەنە و چرپەچرپەکەیشیان تا ئەهات زۆر ئەبوو چونکە (شیکار)ی بوێژ، بەتەنگ دەرنەکەوتنی ئەم ڕاستییەوە نەبوو هەموو جارێ ئەیگوت ئەم چاوپێکەوتنانە خوتووکەی دڵی ئەدەن و پرشی ئەکەن لە خۆشی و کامەرانییەکی پاک و بێ گوناه، ناوی کەنیزەکەکەیش یەجگار جوان بوو؛ واتاکەی بۆنی گوڵانی ئەگرتەوە، بوێژەکەیش بەشی دڵی خۆی و هونەرمەندییەکەی خۆی بۆ خستە سەر، پێی ئەگوت بۆنی بەهار. ئەم و ئەو دەستیان کرد بەپێکەنین، بەسەر ڕاوەشاندنێکەوە ئەیانگوت: ئای لە دەست هۆنراوە و بوێژان!...
لە گۆرانییەکانی بەهاریشدا، کە بوێژەکان لەبەردەم خونکاردا ئەی خوێندنەوە و بەم بۆنە خۆشەیا هەڵ ئەدا، بەئاوازەوە ئەی خوێندنەوە جاری وایش هەبوو جار و دووجار دووبارەی ئەکردنەوە.
کە ئەگەیشتە ئەوێ، خونکار چاوی تێ ئەبڕی و زەردەخەنەی ئەکرد. بوێژەکەیش بەزەردەخەنەیەک وەرامی ئەدایەوە ئیتر خونکاریش لێی ئەپرسی: (ئایا هەنگ ئەبێ وا بکات، لە کۆشکی شاهانیی بەهاردا ویزەویز بکات؟) بوێژە خوا پێداوەکەیش وەرامی ئەدایەوە ئەیگوت: (نەء گەورەم ئەو هەنگوین دروست ئەکات لەو کاسە گوڵانەی کە پڕن لە بۆنی خۆش).
ئیتر هۆڵەکە پڕ ئەبوو لە پێکەنینێکی پەیتا پەیتا، وایان ئەگێڕایەوە کە (ئاجیتا)ی کچە شاش لەو پێکەنینانەدا هاوبەشیی ئەکردن...

بەڵێ (ئاجیتا)ی پەرستراو و کەنیزەکە جوانەکەی (مانجاری). لە ڕاستیدا (مانجاری) یەجگار کامەران بوو بەمە. بەم ڕەنگە لە ڕێگای ژیاندا، ڕاستی و درۆزنی پێکەوە ئەڕۆن خوایش چی لە دەست بێ ئەیکات مرۆڤیش چی بەلاوە جوان و ڕازاوە بێ ئەیخاتە سەری ئەو چامانەی کە بوێژەکەمان بەگۆرانییەوە ئەیخوێندنەوە، بریتی بوون لە جوانییەکی پاک و بێ گەرد و دڵسۆزانە.

دەنگی کەمانەکەی، لە ناو ئەم ڕاستییانەدا، دەنگی ئەدایەوە:

لە خوا و سروشت و دڵیەوە، نیازی پێ ئەبەخشرا کە ئەو گۆرانییانە بلێ هەروەها لەو خەم و خەفەتەوە نیازی دڵی خۆی وەرئەگرت کە لەسەرەتای دروستکردنی جیهانەوە پەیدابووە، لەو دڵخۆشییەشەوە نیازی وەرئەگرت کە بڕانەوەی نییە، ئەم ڕاستییە بوو کە لەسەر باڵەکانی خۆی گۆرانییەکانی بوێژەکەی ئەگێڕایەوە دڵی هەمووان هەروەک خوازەڵۆکی هەناسە سارد، خۆشیی لێ وەرئەگرت، خونکاری گەورەیش دڵی پێ خۆش ئەکرد، گۆرانییەکانی بوێژەکە، بەجۆرێکی وا بڵاوبوونەوە، بەناو هەمووواندا، کە هەموو کەس لەسەر زبانی بوون ئەیخوێندنەوە، کە مانگی چواردەشەو هەڵ ئەهات، کە بۆ نەخۆشەکەی گوڵان بڵاوئەبووەوە، کەکزەبای بەیان لە هاویندا هەڵی ئەکرد، بۆنی خۆشی هۆنراوە پڕ لە ڕاستییەکانی ئەم بوێژە، لە پەنجەرەکانەوە، لە کۆشکەکانەوە، لە کەشتییە بچکۆڵەکانەوە، لەو تارماییانەوە کە لەبن حەیزەرانەکاندا باوەشیان ئەکرد بەیەکا، لە هەموو شوێنێکەوە، لە هەموو بەزمگاهێکەوە، بڵاوئەبووەوە و ئەگەیشتە ناو دەشت و دەر و شاخ و کێو و دارستانەکان...

***

بەم ڕەنگە، ڕۆژگار بەخۆشی بەسەر ئەبرا: بوێژەکە گۆرانی ئەگوت، خونکار گوێی لێ ئەگرت، کەسانی تریش چەپڵەڕێزانیان ئەکرد، یان زەردەخەنەیان ئەکرد، کەنیزەکە جوانەکەیش (مانجاری) کە ئەچووە سەر ڕووبارەکە، لە ڕێگا لای ئەدا و ئەچووە لای بوێژەکە، لە ژوورەکەی خۆیدا لە پشت پەردە ئاوریشمەکانیشەوە تارماییەک دەرئەکەوت و ئەبزووت.

دەنگی خرنگەی خرخاڵە زێڕینەکانیش لە دوورەوە ئەگەیشتنە بەرگوێی بوێژەکە، ئەمانە بەم جۆرەبوون، تا بوێژێکی تریش لە خاکی ژوورەوە، شارەکەی خۆی بەجێ هێشت و ڕووی کردە خونکار (ناداریان) کە لە خاکی (ئەمارابر) دابوو بوێژی نوێ هاتە ناو کۆشکی خونکارەوە و لەبەردەم تەختی خونکاریدا کڕنووشی نەوازشی کێشا و دەستی کرد



بەخوێندنەوەی چامەکەی خۆی. لە چەند دێڕێکی هۆنراوەکەیدا، هوروژمی بردبووە سەر بوێژەکانی کۆشکی شاهی، گوتبووی ئەگەر ئازان بام هۆنراوەیەکی وەها بڵێین یان هۆنراوەیەکی وا دابنێین کە دە یەکی ئەو هۆنراوەیەی ئەو چاک بێ، کەس بۆی نەهاتە پێشەوە، خونکاریش بەرەوپیری هات و خۆشی و چلۆنیی لەگەڵدا کرد پێی گوت: (ئەی بوێژی گەورە، تۆ لە ژێر سێبەری مندا ئەحەسێیتەوە) بوێژەکەیش بەخۆ هەڵکێشانێکەوە وەرامی دایەوە گوتی: (گەورەم! من بۆ جەنگ هاتووم!).

بەڵام (شیکار)ی بوێژ، شیکاری دڵدار، بوێژی خونکاری، ئەم جەنگە سەری لێ شێواند نەی ئەزانی سبەینێ بەچ ئەنجامێک ئەگات، نەی ئەزانی کێ سەرئەکەوێ، خۆی یان بەرامبەرەکەی. ئەیئەزانی بۆ کام لایان بڕیاری سەرکەوتن ئەدرێ، ئەو شەوە تا بەیانی بەپەژارەوە مایەوە، خەوی لێ نەکەوت ئەوی زۆر ئەهاتە پێش چاوی و خەوی لێ ئەڕزاند، وێنەی ئەو بوێژە بەچنگە بوو، کە ناوی (بەنداریک)بوو، بەباڵا کەڵەگەتەکەیەوە و کەللە خۆهەڵکێشەکەیەوە و چاوە لە خۆباییی بووەکەیەوە کە کاری لە دڵان ئەکرد.

لە بەیانی ڕۆژی دووەمدا تەماشا گاهەکەیش پڕبووبوو لە کەس بوێژی دڵدار، ڕۆژباشییەکی لە بەرامبەرەکەی خۆی کرد، بەزەردەخەنەیەک و نوشتاندنەوەیەکەوە بەڵام (بنداریک)، بەئاستەم سەرێکی بۆ بزواند و ڕووی کردە ئەوانەی کە دڵیان پیاچووبوو، زەردەخەنەیەکی پڕ واتایشی بۆ کردن.

لەو کاتەدا (شیکار) چاوی بڕییە ئەو هەیوانەی کە لەپشت پەردەکانەوە بوو لە دڵدا ڕۆژباشیی لە خانمی خۆی و کچە شای خۆی کرد و گوتی: ( ئەگەر لەم جەنگەدا سەرکەوم، بێ گومان کچە شاهەکەم حەزم لێ ئەکات).

دەستیان کرد بەتەپڵ لێدان... دانیشتوان دەنگیان هەڵبڕی، (هەربژی)یان بۆ خونکار کرد... خونکاریش باڵا پۆشێکی سپیی ناوازەی لەبەرکردبوو، بەئەسپایی هەنگاوی ئەنا، ئەتگوت هەوری پاییزە و نزیک ئەبێتەوە، کە گەیشتە سەرتەختەکەی دانیشت، (بەندارێک)یش لە جێی خۆی ڕاست بووەوە، سەری خۆی بەرزکردەوە و سنگی خۆی دەرپەڕاند و ئامادەبوو بۆ هۆنراوە خوێندنەوە، کە دەستی کرد بەخوێندنەوە، دەنگی وەک هەورە تریشقە وابوو، ئەیگرماند و دەنگی ئەدایەوە لە ناو هۆڵەکەدا.

هەروەک دەنگی شەپۆلی ئاوێکی ورووژاوی پڕ لە هاژە بێ و بدات بەسەر کەنارەکانی دەریادا، ئەو دەنگەی ئەویش ئاوا ئەیدا بەگوێی ئەو هەموو کەسانەدا کە بەبێ دەنگییەوە چڕوپڕ دانیشتبوون گوێیان لێ ئەگرت.

گوێ گرەکان هەناسەیان لەبەر خۆیان بڕیبوو، تۆ وات ئەهاتنە پێش چاو کە هەرگیز هەناسە نادەن چونکە بوێژە بێگانەکە، زۆرزان و شارەزا بوو، یاریی بەواتاکان ئەکرد، چاو بەست کەربوو، بەجادووە کاریگەرەکەی خۆیەوە کاری لە دڵی هەموان ئەکرد، کە لە خوێندنەوەی هۆنراوەکانی خۆی بووەوە، (بەندارێک) لە جێی خۆی دانیشتەوە تا چەند تاوێکیش دەنگەکەی هەر لە گوێی دانیشتواندا مابوو، ئەزرنگایەوە هەروەک لەوێدا مابێتەوە لە پایە گەورەکانی ناو هۆڵەکە تێپەڕی نەکردبێ و کزەبا فێنکەکان نەیان گەیاندبێتە شاخ و کێوە بڵندەکان و دەریا دوورەکان وابوو ئەم دەنگە لە دڵی گوێگرە دڵکێش کراوەکاندا هەر مایەوە، زانایان و تێگەیشتوان و بوێژان هەموویان بەیەک دەنگ گوتیان: (ئافەرین. ئافەرین!).

خونکاریش چاوی وەرگێڕا بۆ بوێژەکەی خۆی، (شیکار). ئەمیش هەردوو چاوە پڕ خەم و خەفەتەکەی خۆی بەرزکردەوە بۆ گەورە بەنرخەکەی خۆی و لە جێی خۆی ڕاست بووەوە بەڵام ڕاست بوونەوەکەی لە ڕاست بوونەوەی مامزێکی کرد کە تیرێکی لێ درابێ.

شەرم پەڕیبووە ناو دەمو چاویەوە، لەشە لەڕولاوازە کزەکەیشی، کرژبوو بوو تەنانەت وای لێ هاتبوو، هەر کەسێ ئەیدی وای ئەهاتە پێش چاو، کە زوو بەزوو دەست ئەکات بەئاوازی خۆش خۆش... ئنجا کە دەستی کرد بەخوێندنەوەی هۆنراوەکانی، لە پێشدا دەنگەکەی زۆر نزم و نەرم بوو، وەک بەچرپە قسە بکات وابوو... تەنانەت دێڕەکانی سەرەتای هۆنراوەکەی نەئەبیستران یاخود لەوانەبوو کە باش نەبیستریێن... پاش ئەوە دەستی کرد بە سەر بەرزکردنەوە، دەنگە ڕۆشن و تەواوەکەیشی دەستی کرد بە بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان، هەر لە گڕی ئاگرێکی ئەکرد کە لەبەردەم کزەبادا بشەکێتەوە.

ئنجا دەستی کرد بەگێڕانەوەی مێژووی خێزانی خونکار، هەر لە بنج و بناوانیانەوە، هەر لە سەرەتای دووریانەوە تا ئەو ڕۆژە...

***

ئنجا لە خوێندنەوەی هۆنراوەکانیا گەیشتە سەر لێدوانی ژیانی خونکارە خۆشەویستەکەی خۆی هەر لە سەرەتای ژینییەرە، کە منالێی ساوا بووە، هێنای تا گەیاندییە ئەو ڕۆژەی کە بوو بەپاڵەوان و مێژوو بەچاو و بەدڵ کردەوەکانی پەسەند ئەکرد... بوێژەکە چاوەکانی بڕییە چاوەکانی، خونکار بەگەرموگوڕییەکی جوامێرانەی واوە هۆنراوەکانی خۆی ئەخوێندەوە، کە دەموچاوی لە شێوەیەکی جادوویی بڵندا دەرئەخست و



کاریشی لە دڵی هەموان ئەکرد... دانیشتوان خونکاریش و بوێژەکەیشیان بەدڵ چوو پێش ئەمەی بگەڕێتەوە جێی خۆی، ئەم وشانەی لە دەم هاتە دەرەوە؛ گوتی:

(گەورەی خۆم من ڕەنگە لە جەنگی وتووێژەی دڵکێش کەردا سەرنەکەوم بەڵام لە خۆشەویستیمدا بەرامبەر بەئێوە، نەشکاوم و، نەئەشکێم!...).

نەتەوە چاویان پڕبوو لە فرمێسک. دار و بەردیش هاواریان ئەکرد بۆ سەرکەوتنی، پەردەکان لەرینەوە، بەچەشنی ڕووی ئاوی گۆمێکی پاک کە بەکزەبایەکی فێنک شەپۆل بدات. لەوکاتەدا (بەنداریک) بەتیزێکەوە هەڵسایە سەرپێ و، بەفیزێکەوە ڕووی کردە کۆمەڵی دانیشتوان و گوتی: (چ شتێک هەیە کە لە وشە بڵندتربێ؟). هۆڵەکە بێ دەنگ و سەنگی داگیری کردبوو، هەست کزبووبوو، هەموو خاوبووبوونەوە.

(بەنداریک)یش، بەشارەزاییەکی هونەرمەندانەوە، دەستی کرد بەبەڵگە پێشاندان بۆ ڕاستی قسەکەی خۆی چەسپاندیە دڵی هەموانەوە کە وشە، بریتییە لە سەرەتا، بریتییە لە خوا لە نوسراوە ئاسمانییەکانیشەوە هەندێ قسەی دەرهێنا، کە پاڵپشتی بەڵگەکانی خۆی پێ بکات. قسە پڕ قاو و قیژەکانی خۆیشی هەر بەو جۆرە بڕاندەوە کە لە سەرەتادا دەستی پێ کردبوو دیسانەوە گوتی: (چ شتێک هەیە لە وشە بڵندتر بێ؟!).

پاشان بەلەخۆبایی بوون و فیزێکەوە، تەماشایەکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد، بەخۆپەسەندکردنێکەوە دانیشتەوە سەر جێی خۆی لەوێدا خۆی وا پێشان دا، هەروەک شێرێک بێ و نێچیرێکی دەست و برد گڕی، گۆشت ناسکی خوێن شیرینی دەست کەوتبێ و خواردبێتی وابوو، دانیشتوان هەموویان دەستیان کرد بەچەپڵەڕێزان ئافەرینیشیان کرد بەڵام خونکار بێ دەنگ و سەنگ مایەوە ورتەی نەهات. (شیکار)یش وای هەست بەخۆی کرد، کە لە چاو ئەو بوێژە دلێرەدا هیچ ناهێنێ.

ئەو ڕۆژە، هەموو کەس، بڵاوەی لێ کرد.

***

ڕۆژی دوایی لە کۆشکی شا دا کۆبوونەوە، گوێ گرانیش لە هەموولایەکەوە هاتنە سەیر، (شیکار) دەستی کرد بەگۆرانی گوتن، لە پەنجەرە زێڕینەکانی کۆشکەکەوە تیشکی ڕۆژ ئەهاتە ژوورەوە، بەیانییەکی شەنگ بوو، بەرامبەر ئەو پەنجەرانەیش پەردەکان ئەلەرینەوە.

پاشان دەنگێک کەوتە بەرگوێی بوێژەکە، دڵ و گیانی بەجارێک گەشکەدار کرد (ئاخ)ی یەکێکی گوێ لێ بوو نەی ئەزانی لە کوێوە دێ. ئایا لە کچە شاهەوە بوو، یاخود لە خەو و

ئەندێشـەی خۆی و ئاواتەکـانی دڵیـەوە هاتبـووە دەرێ، کـە لە گـوێیـدا زرنگاوەتەوە بەڵام بڕوای وابوو، کـە هەر لە خانمەکەی خۆی و کـچـە شاهەکـەی خۆیەوە بووە، ئەو (ئاخـە) دەرپەڕیووە.

(شـیکار) دەسـتی کـردەوە بەگـۆرانی گـوتن، ئەمـجـارە لەوە ئەدوا کـە لە ڕۆژێکی زۆر دووردا، لەوەپێش، ساز و ئاوازی خـۆشـەویسـتی، یەکـەم ئاوازی دابوو بەگـوێیـدا، لە ناو جەنگەڵستانە نووستوەکەدا کچە شوانەکان کە مەڕیان لەو ناوەدا ئەلەوەڕاند، نەیان ئەزانی کـێیـە ئەو نایە لێ ئەدا[١] لە چ لایەکـیـشـەوە ئەو ئاوازە سـەرمـەست کـەرانە لێ ئەدرێن، جـاری وا هەبوو وایان بەبیـردا ئەهات، کـە لە کـزەباوە دەربچن جـاری وایش هەبوو وایان ئەهاتە پێش چاو کە لە هەورەکانی سەرپۆپەی شاخەکانەوە بێنە دەرێ.

ئەم ئاوازانە، کـە لە گـەشـتـان و ڕووە و پەرسـتگاکـانی ڕووناکی ئەچن، لە زەویی ڕۆژهەڵاتەوە نامـەی دڵخـۆشی ئەهێنن بەڵام کـە ڕۆژ ئاوابوو و ئەسـتـێـرەکـانیش دامـێنی شەویان کشاند بەسەر زەویدا، ئاوازی خەم و سزادەر ئەکەوێ، کچە شوانەکان بەلایانەوە وابوو، کە ئەستێرەکان بریتین لە چەند گۆپکەیەکی زیو، لەو کەلوپەلی ساز و ئاوازەدان کە خەوەکانی شەو پڕئەکات لە ئاوازی دڵداریی، ئەوان لەو بیرە دابوون، لە ناو ساز و ئاواز لە هەمووڵایەکەوە پەیدابوو:

لە کـێڵگە و جـێگا لەوەڕەکـان و، ڕێگای چۆل و هۆڵ و، کـەڵەبەردە بێ دەنگەکـانە و لە ئاسمانە شینە کاڵەکەوە و، گژوگیا سەوزە چڕوپڕەکەوە بەڵام کچە شوانەکان لە واتای ئەوە تێ نەئەگـەیشتن لە توانایشـیـاندا نەبوو کـە ڕازی ئەو ئارەزووە بەهێـز و هەڕەتەی دڵە ساکارەیان دەربڕن.

لەبەرئەوە چاویان پڕبوو لە فرمێسک ژیانیشیان لێ تاڵ بوو، ئارەزووی پێک گەیشتن و خەمی دووریی هاتبووە ناوەوە.

لەو کـاتەدا (شیکار)، گـوێ گرەکان و بوێژە دوژمنەکەی و خونکاری لە بیـرچووەوە کە لەوێ دان لە ناو بیـرەکـانی خـۆیدا بەتەنیـایی مـایەوە بیـرەکـانی ئەچوون بەگـژیەکـا و قیـژوهووڕیان ئەکرد لە ناو مێشکیا، هەروەک گەڵای دار نە چرپە چرپیان ئەکرد لە نزیک گوێیەوە هەروەک کزەبای هاوین لێیان بدا و سرووەیان بێت وابوو.

بوێژەکـە دەستی کـرد بەگـۆرانی گـوتن، گـۆرانی نـای. لە هۆش و گـیـانیـا، لە کـانگای

(١) ئەو شمشاڵە لێ ئەدات...



دەروونیا، کە پڕی بوو لە گۆرانی و ساز و ئاواز، خەوێکی پڕپێچوپەنای نادیاری دڵدارانە هەبـوو، بەرامـبـەر وێنەیەک کـە لە مـێـشکدا دروست کـرابوو، لە کـەرەسـتـەی خـرنگەی خـرخـاڵێش دروست کـرابـوو، لەرەی ئەو هەنگاوە سـاز و ئاوازییـانەی کـە لە دوورەوە ئەگەیشتنە گوێی.

بوێژەکە گۆرانییەکەی خۆی تەواو کرد و دانیشت.

گوێگرەکان هەمـوو لەشیـان گرژ بوو، دڵیـان پڕبوو لە خەفەت، ئەوەیان لەبیرچووەوە کە چەپڵەڕێزان بۆ بوێژەکە بکەن.

ئنجا کـە ئەو کـاریگەرییە قـووڵەی لە ناوەڕۆکی هێـزی گشـتـییـەوە پەیدا ئەبێ و ئەدا بەسـەر چارەنووسـدا، وردە وردە کـزبوو، (بەنداریک) هەسـتـایە سـەرپێ و دەسـتی کـرد بەپرسین لە خۆی: ئایا بوێژەکە لەو گۆرانییە شارراوەیە، لەو گۆرانییە پڕ گریێیە مەبەستی چی بوو؟... یەک بەیەک واتاکانی لێک دایەوە و ڕۆشن کردەوە، تا هیچ بایەخ و نرخێکی بۆ نەمایەوە لە ئاهەنگی بووک و زاوای بەهاردا، بایەکی توندوتیژی ساردی وا هەڵی کرد، کە لە هی چلەی زستانی ئەکرد هۆنراوەیش کە کەوتەبەر بەردی قسەی هۆش و بیروباوەڕ، ئەشکێ و لە ناو ئەچێ، بەم ڕەنگە (بەنداریک) بۆ هەموو وشەیەک واتایەکی تازەی خۆی بۆ دائەنا، تا وای لە گوێگرەکان کرد سەریان سوڕ بمێنێ و واقیان وڕ بمێنێ لە شارەزایی و زمـان پاراویی و زیرەکی. (شـیـکار)یش هیچ وەرامی نەدایەوە بەڵکو هەر نەی ویست وەرامی بداتەوە، هەر گیـژوویژی خەوە خۆشەکەی خۆی بوو و لەوی ئەکۆڵییەوە کەسیش لەوەی نەکۆڵییەوە کە (بەنداریک) تا چ ئەندازەیەک ئەو واتایانەی هێنایەوە بۆ وشەکان ڕاستی پێشان داوە.

خـونکار سـەرسام مـا لەوە چونکە ئەو جیـهـانەی کە پڕبوو لە ئەندێشـەی ساز و ئاواز، گۆڕرا و بوو بەڕێگایەکی ڕەقوتەق لەبەرچاوی بەڵام ڕێگاکە تەخت بوو، ئاشکرا و دیاربوو، زۆر خەریک بوو لەگەڵ بوێژەکەی خۆیدا، کە ڕاست بێتەوە و قسەیەک بکات.

بەڵام بوێژەکـە وەرامی بۆ نەئەدرایەوە، خونکار بەتووڕەییـەکەوە هەستـا و ملوانکەکـەی (شـیـکار)ی لە ملی داکـەند کـە لە مـرواری هۆنرابووەوە و، کـردیە ملی (بەنداریک)، هەرچی لەوێدا بوو، لە خۆشی و گەرموگوڕییەکەوە دەستی کرد بەچەپڵـەڕێزان، لە هەیوانە بڵندەکەیشەوە، لە پشت پەردە سەراوە، بزووتنەوەیەکی سووک کەوتە بەرگوێ.

(شیکار)یش بەڕەنجەڕۆیی گەڕایەوە ماڵەوە.

***

لە شەوێکی تاریک و نووتەکی بێ مانگەشەودا، (شیکار) لە ژوورە چۆڵ و هۆڵەکەی خۆیدا دانیشت، دەستی برد بۆ کۆمەڵە هۆنراوەکانی خۆی و لێرە و لەوێ تاک و تەرا دێڕە هۆنراوەی لێ ئەخوێندەوە بەڵام هەمووی هیچ و پووچ ئەهاتە پێش چاو، نە جوانی تیا ئەبینین، نە واتا، پەڕەکانی یەک یەک دڕیی و فڕێی دانە ناو ئاگرەوە پاشان گوتی:

(ئەی ئاگر! ئەی خوا جوانەکەی کە ئەتپەرستم، تۆ بووی کە بەدرێژایی ئەم هەموو ساڵانە، لە دڵما گڕت ئەگرت.

ئەگەر ژیانی من زێڕ بووایە، کە لە تۆ ئەهاتە دەرەوە پاکتر و جوانتر ئەبوو بەڵام هەر ئەم چنگە پووش و پەلاشەی لێ دەرچوو، کە خستمە ناو تۆوە هەر ئەم خۆڵەمێشەی لێ مایەوە!).

ئیتر (شیکار) پەنجەرەکانی ژوورەکەی خۆی، هەموو کردەوە، ئەو گوڵە سپییە پاکە بێ گەردانەی کە حەزی لێ ئەکردن و وەک (مانجاری)یش پێی گوتبوو، شا کچەکەی حەزی لێ ئەکرد، بەسەر پێخەفەکەیدا بڵاوی کردنەوە هەرچی چرایەکیشی هەبوو، دەری هێنان و هەڵی گیرساندن پاشان دۆشاوی هەنگوینی لەگەڵ ژەهرێکی کوشندەدا تێکەڵ کرد و خواردیەوە ئنجا لەسەر پێخەفەکەی خۆی ڕاکشا.

بەڵام خرنگەی خرخاڵ، لە ڕاڕەوەکەوە دەنگی ئەهات، بۆنێکی خۆشی کاریگەریش ئەهاتە ناو ژوورەکەوە.

بوێژەکەیش بەدوو چاوی قووچاوەوە گوتی:

(خانمەکەم، دوایی بەزەییت بەنۆکەرە ڕەنجەڕۆکەی خۆتا هاتەوە و هاتیتە لای سەری بدەیت؟!).

دەنگی دڵنەرمانیش وەرامی دایەوە گوتی:

(بوێژەکەی خۆم منم هاتووم).

(شیکار)یش چاوەکانی کردەوە و چاوی پێکەوت.

بەڵام چاوەکانی کزبووبوون، باش نەیان ئەبینی بەڵام وێنەکەی هەرمایەوە لە ناوچاویا ئەویش ئەو ئەندێشەیە بوو کە زۆری پێ چوو، کەچی نە ئەیدی، نە ئەیناسییەوە.

وا دوایی هەڵ هات، بۆ ئەمەی چاوێکی شەو باشکردن و بەخوا سپاردنی پیابخشێنێ.

ئافرەتەکە گوتی: (من کچە شا ئاجیتام).



لە پاش ئەرک و تین بەخۆدانێکی زۆر، بوێژەکە ڕاست بووەوە و لەسەر تەختەکەی دانیشت، کچە شاهەکەیش بەگوێیدا چرپاند، پێی گوت: خونکار لە بڕیارەکەیدا دادپەروەریی نەکرد، تۆ بوویت سەرکەوتیت منیش بۆیەکا هاتمە لات (تا شا کڵاوی[1] سەرکەوتنت بنێمە سەر).

ئەو ملوانکە گوڵەی گەردنی خۆی پێ ڕازاندبووەوە، لە ملی خۆی داکەند و نایە سەر قژە جوانەکەی بوێژەکە.

ئیتر هەر ئەوەندە بوو، بوێژەکە کەوت بەسەر جێگاکەیا و گیانی دەرچوو.

(١) شاه کڵاو: تاج

# مینو یاخود خۆشەویستی

نووسەری: ڕابەندارانات تاگور

(مینو) کچێک بوو، لە (ئەمریستار)دا[1] گەورە بووبوو، کە کەوتبووە هیندستانی ژوورووی ڕۆژئاواوە کە منالْ بوو، حەزی لەوە ئەکرد لە مالْ دەرباز بێ و ڕابکاتە ناو چیمەن و لالەزارەکان و کێلْگەکانەوە، بۆ ئەمەی توو بکاتەوە، یاخود گولْی (لوتس)ی دەشتی[2] بچێتەوە دۆستێکی هەبوو یەجگار خۆشی ئەویست، پیاوێکی باخەوانی پیربوو، ڕۆژگاری بەوە بەسەر ئەبرد، کە گژوگیای زیان بەخش لە شینایی گەنمە شامی بکاتەوە.

کە (مینو) پێ گەیشت و کاتی شووکردنی هات، خێزانەکەی دەزگیرانێکیان بۆ دۆزییەوە، لە دانیشتوانی شاری (جونبور). کە بوو بەمێردی، لە پاش سالْێک منالْێکی مردووی لێ بوو. پزیشکەکان گوتیان، ژیانی (مینو) لە تەنگ و چەلْەمەدایە لەبەرئەوە پێویستە زوو بگاتە (کالکوتا)، بۆ ئەمەی چارەی خۆی بکات.

بەلاَم (مینو)، چاوە جوانەکانی نەنووقاند بەهەموو هێز و هەرەتیەکیەوە، خۆی نووساندەوە بەژیانەوە، هەر لە هەنارێک ئەچوو کە هێشتا پێ نەگەیشتبێ و نەیەوێ لە لقی درەختە سەوزەکەی خۆی جوێ ببێتەوە.

لە ڕاستیدا، (مینو) لە جوانی جوانان ئەژمێررا، تا بلْێی جوان و شەنگ و شۆخ بوو، هەرەتی هەرزەکاریی پێوە دیاربوو، لە گەرمای بەهاری ئەکرد، لە هەناسەکانی شەو ئەچوو کە پڕن لە دلْداریی وەک ئەو ئەستێرە گەشانەیش وابوو، کە تا سەر بەپرشنگداریی ئەمێننەوە. (مینو) بریتی بوو لە ژیان: هەر شتێ زیندوو و، تەڕ و تازە و سەوز بووبێ، (مینو)ی کێش ئەکردە لای خۆی، ئەو پارچە زەوییە بچکۆلْەیەی کە لەبەردەمی خانووەکەیان دابوو، هەروەک منالْێک خۆشی ئەویست،، دوایی کردی بەباخچەیەکی پڕ لە گولْی گەش و ڕەنگاوڕەنگ، ئەو کە پڕی گولاَنەیشی خۆش ئەویست کە خانووە

(١) ئەمریستار: شارێکی هیندییە لە پەنجاب نزیک بەسنووری پاکستان، ٥٨٩ هەزار کەسێکی تیا دادەنیشێ، مەلْبەندی دیانەتی سیخە و پەرستگای زێرینیان لەم شارەدایە جێگای ئاژاوە و گیروگرفتە لە نێوان ئەوان و موسولْمانەکاندا، زۆرجار دەبێتە مایەی کوشت و کوشتارێکی زۆر؛ وەک ئەوەی لە ١٩٨٤ ڕوویدا و دواجار لە ٢٠٠١دا.

(٢) یان: کێوی (برّي).



بچکۆلْەکەیانی ڕازاندبووەوە، ئەم گولاَنە کە ئەگەشانەوە، جوانی و جادوویان[1] ئەبەخشی بەتەماشاکەر، ڕۆژەکانی (مینو)یشیان پڕ ئەکرد لە بۆنی خۆش بەلاَم (مینو)یان ناچار کرد، ئەو شوێنە خۆشە ناوازەیە بەجێ بهێلْێ و کۆچ بکات بۆ زەوییەکی نوێ.

(مینو) دەرگاکانی باخچە و خانووەکەی خۆی ئەکردەوە بۆ سەگەکانی مالْە دراوسێکانی خۆی هەر ئەوەندە سەگێک بهاتایە ناو خانووەکەیانەوە، خواردنی ئەدایە و خەمخۆریی ئەکرد، سەگێکی لووت پانیان لە ناودابوو، ناوی (بهونت) بوو (مینو) بەتایبەتی ئەو سەگەی زۆر خۆش ئەویست و زۆر بەکەلْکی ئەهات، ملوانکەیەکی مرواریی بۆ هۆنیبووەوە و کردیە ملی، خاوەنی سەگەکەیش هاتەلای (مینو) و پێی گوت:

ئەی خوشکی بەشوو. ئەگەر حەز ئەکەیت (بهونت) بەرە لەگەلْ خۆت بۆ (کالکۆتا).

بەلاَم مێردەکەی (مینو) بەرپەرچی دایەوە، بەدەنگێکی بەرزەوە گوتی: (ئۆف لە دەست سەگ، نەکەیت بیهێنیت لەگەلْ خۆت، پاشان تەنگەتاومان ئەکات) کە گەیشتنە (کالکۆتا)، (مینو)ی نەخۆش لە خانوویەکی گەورەدا دامەزرێنرا، چینی دووەمی خانووەکەی کەوتە ژێر دەستەوە، ئەبوو بەدرێژایی ڕۆژ لەسەر جێگاکەی خۆی ڕابکشێ، بەگران ڕۆژی لەبەر ئەڕۆیشت، کاتەکان سست و سامناک ئەڕۆیشتن لەبەرچاوی؛ لەبەرئەوە، دلْی تەنگ ئەبوو، لە گیانی خۆی وەڕس ئەبوو کارە کەرەکەیشی لە تەنشتیەوە بوو، بەچەنەبازیی هەراسانی کردبوو. (مینو)یش تاوێک گوێی لێ ئەگرت، تاوێکیش لەسەر جێگاکەی خۆی ئەم دیو و ئەو دیووی ئەکرد تا بنوێ.

زۆر شەوی بەخەو لێنەکەوتنێکی ناخۆشەوە بەسەر ئەبرد لە بەرەبەیانی شەوگارێکی درێژدا، کە تاریکی خەریک بوو هەلْ ئەهات و ڕۆژیش خەریک بوو گزنگ بدا، (مینو) هێشوویەک گولْی سپیی چاو پێکەوت. کە ڕۆژ بووەوە، درەختێکی گەورەی دی هەموو سەر و پۆتەلاَکی بەگولْ ڕازابووەوە، بۆنی خۆشی گولْەکان ئەهاتە ناو ژوورەکەی (مینو)وە، ئەتگووت بەچرپە پێی ئەلْێ:

بۆشاییەکی تەنگ هەبوو، خانووی (مینو)ی لە خانووی دراوسێکانی جوێ ئەکردەوە لەبەرئەوە دارگولْە گەورەکە، کە کچێکی سوروشتی جەربەزەبوو، سنووری ناوەند هەردوو خانووی تێکدا و لقەکانی خۆی درێژکرد بۆ بەر پەنجەرەکەی (مینو) هەروەک پیاوێک بێ و، بۆ تیشکە گەرمەکەی ڕۆژ دامابێ وابوو.

(١)یان: جوانی و سیحریان دەبەخشی...

بەیانییەکیان (مینو) لە خۆی پرسی: (من وام دێتە پێش چاو کە ئەم درەختە، ڕۆژ بەڕۆژ، گوڵە جوانەکانی لێ کەم ئەبنەوە، هەموو ڕۆژێکیش لە گەشی و شەنگوشۆخییەکەی کەم ئەبێتەوە، ئەمە بۆچ وایە؟).

پاشان بەکارەکەرەکەی خۆی گوت:

(بڕۆ زەوییەکەی سەر ڕەگەکانی بکێڵە و هەڵی بدەرەوە هەموو ڕۆژێکیش ئاو بکەرە بنی).

بەیانییەکی یەکشەموان (مینو) کە شیشێکی (بورەهما)یی چاو پێکەوت، سەبەتەیەکی بەدەستێکییەوە گرتبوو، بەدەستەکەی تریشی دارگوڵەکەی بەقایم ئەهەژاند، (مینو) کە ئەوەی دی، ڕازی کەم بوونەوەی گوڵەکانی درەختەکەی تێ گەیشت دەست بەجێ بانگی کردە کارەکەرەکەی و پێی گوت:

(هەر ئێستە بچۆرە خوارەوە و ئەو کەشیشە بورەهماییەم بۆ بهێنە ئێرە).

کە کەشیشەکە هاتە ژوورەوە، (مینو) لە ناو جێگاکەیا بوو، بەرێزێکەوە ڕۆژباشی لێ کرد و لێی پرسی: (بابە ئەم گوڵانە بۆکێ کۆ ئەکەیتەوە؟

گوتی: بۆ خوای کۆئەکەمەوە نەک بۆ کەسی تر).

مینویش گوتی: (بەڵام خوای گەورە، خۆی ئەم گوڵانەی بۆ من ناردووە).

– بۆ تۆی ناردووە؟

– بەڵێ بۆ منی ناردووە، خوایش هەرچی بەخشی بەیەکێک لێی ناسێنێتەوە.

کەشیشە بورەهماییەکە بەتووڕەییەکەوە ژوورەکەی بەجێ هێشت. کە بەیانی ڕۆژی دوایی دەستی پێ کرد، کەشیشە لەبن دار گوڵەکەدا بوو، بەهەموو دڵ ڕەقییەکییەوە ڕای ئەوەشاند.

(مینو)یش بانگی کردە کارەکەرەکەی خۆی و پێی گوت:

(من چاوم بەرایی نادات ئەم کەشیشە ببینم وا لەو دارگوڵە جوانە بکات توخوا ئەگەر پێخەفەکەم نەگوێزیتەوە ژوورەکەی تر، کە پەنجەرەکەی بەلایەکی تردا ئەڕوانێ!).

ئەو پەنجەرەیەی تریش ئەیڕوانی بەسەر کۆشکی گەورەی خێزانی (شود هوری)دا، ئەو دەوڵەمەندانەیش تازە لە لادێوە گەڕابوونەوە ئەوێ.

(مینو) مێردەکەی خۆی بانگ کردە لای خۆی و پێی گوت:

– ئۆخەی! ئەوە منالێکە، تەماشای کە چەند جوانە!



توخوا ئەگەر نەچیت ئەو منالەم بۆ بهێنی، حەز ئەکەم بیگرمە باوەشم!.

مێردەکەیشی پێی گوت: هەرگیز ئەوانە ڕێ نادەن کوڕەکەیان بێتە ناو خانوێکی شڕەوپڕی وەک هی ئێمەوە.

(مینو)یش گوتی: بۆچی ڕێ نادەن؟!... ئەوە قسەیەکی پڕوپوچە!... بەلای منەوە هەرهیچ نەبێ ئەوەندەی پەیوەندیی بەمنالەوە هەیە، لە ناوەند دەوڵەمەند و هەژاردا جیاوازی نییە، ئەژنۆکانی هەموو دایکێک لە جیهاندا جێگایەکی دانیشتنی خۆشەویستانەن بۆ هەموو منالێک. مێردەکەی (مینو)یش بێ دڵیی ژنەکەی خۆی نەکرد چووە خوارەوە و، ڕووی کردە لای خانووی دراوسێ دەوڵەمەندەکە بەڵام پاش تاوێک گەڕایەوە و گوتی: (نەم توانی خاوەن ماڵەکە ببینم، دەرگەوانەکەی نەیهێشت بچمە ژوورەوە).

لە پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دووەمدا، (مینو) کارەکەرەکەی خۆی بانگ کرد و پێی گوت: سەیری منالەکە بکە ئەوەتا لە باخچەکەدا بەتەنیا یاری ئەکات، زووکە بچۆرە خوارەوە و ئەم شیرینییەی بدەرێ، وامنیش لە پەنجەرەکەوە سەیری ئەکەم بزانم شیرینییەکە چۆن ئەخوات. کە ئێوارە داهات و مێردەکەی گەڕایەوە، گوتی:

(دراوسێ دەوڵەمەندەکانمان ڕقیان هەڵساوە لە ئێمە!)

– بۆچی؟

– هەڕەشەیان لێ کردم، ئەگەر جارێکی تر کارەکەرەکەمان بچێتە ناو باخچەکەیانەوە، پەنا بۆ باڵبازخانە ئەبەن.

(مینو)یش لە تاوا دەستی کرد بەگریان و گوتی: (بەڵێ، بەڵێ، تێ گەیشتم پارچە شیرینییەکەیان لە دەست منالەکە دەرهێنایە دەرەوە، خۆم چاوم پێی کەوت، ئەگریا، لێرەم مەهێڵە و دوورم بخەرەوە لێرە... یەجگار دوورم بخەرەوە...)

## کابرای خاوەن گاڵۆکە گەورەکە

لە نووسراوی (تری بیتاکا: سێ سەبەتەکە)وە وەرگیراوە (کۆمەڵەیەک، یاخود ڕاستتر ئەوەیە کە بڵێم سێ کۆمەڵە چیرۆکی کۆمەڵایەتییە چەند ساڵێک لەمەوپێش لە هیندستاندا، لە یەک بەرگدا، بەزمانی باڵی؛ کە لقێکە لە لقەکانی زمانی سانسکریتی، بڵاوکراوەتەوە، نووسەرەکانیشی کە زۆربەیان کەس نازانێ کێن، ویستوویانە بەندەکانی وێژەیی زمانی هیندیی کۆن، بەگیانێکی کۆمەڵایەتی و وێژەیی تازەوە ڕۆشن بکەنەوە.

***

خونکار (ئەندزارایا) لە کۆشکە گەورەکەی خۆیدا دائەنیشت کە لە شاری (مەهداپورا)دا بوو، خونکارێکی دادپەروەر و دڵ فراوان بوو، چاکە و فەڕی بۆ هەموو دانیشتوانی خاکەکەی خۆی ئەویست، بڕوایشی وابوو کە نەتەوەکەی، هەموو، لە ژێر سێبەری فەرمانڕەواییەکی چاکی دادپەروەردا ئەژین، بەکامەرانییەوە هەموویشیان سوپاس گوزاری خواکانن، کە لە سایەی خونکارێکی وادا ئەحەسێنەوە، دڵ و دەروونی پڕە لە هەست و هیوا و ئاواتی هەرە گەورە و چاک بۆ هەمووان.

بەڵام ڕووداو، جیاواز بوو لەوەی کە (ئەندزارایا) بەمێشکیا چووبوو.

چونکە ئەم خونکارە چاکەخوازە، کاربەدەستانی وای هەبوو، کە کەمترین ڕەوشت و خوویان، چاوبرسێتی و دڵ پیسی بوو، ئەوانە هەموو دزبوون، ڕێ گربوون، تالآن کەر بوون.

کۆیان لە هیچ خراپەیەک نەئەکردەوە، سەرکردەیی دەستەی ئەو پیاوە خراپانەیان ئەکرد، کە بەربوونە گیان و سامانی گەل و ئەیان چەوساندنەوە، بۆ ئەمەی بەپارووی دەمیان و فرمێسکی ناوچاویان دەوڵەمەند بن فەرمانداریبیەکەیش، یاسایەکی چین چینی پڕ زۆر و ستەم بوو کەلوپەلێکیش بوو کە ئەندازە و بابەتی کار و فرمان و کەینە و بەینەی خۆی هەبوو...

لە ژێر دەستی ئەم کەلوپەلی فەرمانداریبیەدا، لە هەموو جۆرە ڕەگەز و تیرەیەک فەرمانبەر و کرێکاران هەبوون کاربەدەستە پوول پەرستەکان، ئەوانەیان ڕاگرتبوو بۆ دەست وەشاندن و پارە پەیداکردن لە سەروپۆپەی کەلوپەلی فەرمانداریبیەکەیشەوە، گەورە پیاوانی کۆشکەکە و خانمە خانەدانە جوانەکانی دانیشتبوون هەرچی سامانێکی ئەو سەردەمەیش بوو ڕووی ئەکردە ئەوانە، ئەمەیش سەرسوڕمانی پێ ناوێ چونکە ئەوانە، بەپێی یاسای ئەودەمە، هاوبەشی ڕاستەقینەی دز و تالآن کەرەکانی فەرمانڕەوایی بوون، کار و فرمانی گەورە پیاوانی کۆشکیش هەر ئەوەبوو کە لەگەڵ خانمەکاندا پێکەوە (خونکار) بخەنە سەر ئەو بیروباوەڕە کە نەتەوەکەی خۆی لەوپەڕی خۆش گوزەرانی و کامەرانی دایە.

لە ڕاستیدا، ئەوانە ئەو کاروفرمانەی خۆیان بەتەواوەتی بەجێ ئەهێنا، هەموو دەمێکیش هەر خەریکی ئەوەبوون کە نەهێڵن هیچ دەنگێکی ناساز دەربچێ و بگاتە بەرگوێی خونکاری چاکەخوازی دڵنیا لە خۆشی و کامەرانیی نەتەوەکەی خۆی.

***

لە بەیانییەکی بەهاردا، کە ڕۆژ پرشنگی ئەدا و ئاسمان پاک و بێگەرد بوو، باخەوانێک



لە دێیەک لە دێهاتەکانی (مەهداپورا)، کوڵێتەکەی خۆی بەجێ هێشت و ڕووی کردە پایتەخت، بۆ ئەمەی هەندێک لە سەوزەواتی ناوباخەکەی خۆی بفرۆشێ لە نۆبەرەی باخەکەی خۆی، حەوت ئاروو (خەیار)ی کردبووەوە و، خستبوویە ناو سەبەتەیەکەوە، لەسەر سەری خۆی دانابوو.

بەسەزمانە، زۆر دڵی خۆش بوو بەوەی کە ئەتوانێ ئەو نۆبەرەی ئارووە بەنرخێکی گران بفرۆشێ، سەرنجی لە شەنگوشۆخیی ئەو ڕۆژە ئەدا کە هەڵهاتبوو، لە خۆشیی ئەو بایەدا کە شنەی ئەکرد، لە تیشکی هەتاوی ئەو ڕۆژەدا کە هەر تاوێک لەوەپێش تارایەکی زێڕینی بەسەر ئەو دەر و دەشتەدا دابوو.

کە گەیشتە دەرگای شارەکە، فەرمانبەری چوونە ناوشار وەستاندی و پێی گوت:

(خۆت ئەیزانی هەر بەرهەمێک بێتە پایتەختەوە، ئەبێ خاوەنەکەی باجێکی دیاریکراو بدات بەفەرمانڕەوایی کەواتە یەکێک لەو حەوت ئارووانەتم بدەرێ).

باخەوانەکەیش پێی گوت: (ها ئەوە ئاروویەک بۆتۆ، من شارەزاییم هەیە لە فرمان و ڕەوشت و خووی گشتیدا).

لە نزیک ئەو شوێنەیشەوە بنکەیەکی سەرباز هەبوو، دیدەوانێک لە ڕێگاکەی بەردەمی بنکەکەدا ئەهات و ئەچوو، شیرێکی باریکی بەدەستەوە بوو، جلوبەرگەکەیشی بریسک و هووڕی ئەهات، ئەفسەرێکی پایەبڵندیش لەوێ دابوو، بەترسێکەوە سەیری ڕێگاکەی ئەکرد.

هەر ئەوەندە چاوی کەوت بەباخەوانەکە، وەستاندی و پێی گوت: (نازانیت باجێکت لەسەرە بیدەیت بەبنکەی پاراستنی سەربازیی، ئاروویەکم لەوانە بدەرێ!)

باخەوانەکەیش هیچ ئاگای لەم جۆرە (فرمانەی خۆی) نەبوو.

کەوتە بیرکردنەوە بەڵام کە تەماشای کرد، دیدەوانەکە شیر لە کالان دەرئەهێنێ و، نزیکی گەردنی ئەخاتەوە، ناچاری (باج)ەکەی خۆی دا و یەکێک لە ئارووەکانی خستە مستی ئەفسەرەکەوە.

ئەبوو باخەوانەکە بەناو شەقامێکی درێژدا بڕوات تا ئەگاتە بازاڕ. بەم جۆرە پێنج جار لەسەریەک وەستێنرا. هەر جارەیش ئاروویەکی لێ ئەسێنرا، جاری هەرە دواییش سەربازێک وەستاندی، شیرێکی گەورە و سامناکی لێ هەڵکێشابوو، لە شێوەیکی فەرمانڕەوایی و هەڕەشە لێ کردندا پێی گوت: (ئاروویەکم بدەرێ بۆ سوپا).

– بەڵام هەر ئێستە ئارووییەکیان لێ سەندم بۆ بنکەی پاراستنی سەربازیی، لە نزیک دەرگای شارەوە...

– ئێستاکە ئێمە داوای هیچت لێ ناکەین بۆ پاراستنی سەربازیی، یان بۆ پاراستنی چین... بۆ خاوەن پایە، کاربەدەست (وزیر)ی جەنگ خوێت لێ داوا ئەکەیت... تۆ بەتەنگ ئەوەوە نیت کە کاربەدەست، کاروباری لەسەرکردنەوەی نیشتمان ڕێکوپێک بخات نەیش هێڵێ کە دوژمنانی داگیرکەر خۆت و باخەکەت داگیر بکەن؟

– بەڵێ. بەڵێ وایە ئەگەر باج نەخاتە سەر هاونیشتمانەکان ئەم کاربەدەستە بەسەزمانە بەچی بژی؟!

باخەوانەکەیش وای بەباش زانی کە بەبیانووی سەربازەکە خۆی دڵنیا بکات. ئارووی سێهەمیشی دایە دەست فەرمانڕەوایی کە لە تاو پاراستنی سەر و سامانی هاونیشتمانەکان خەوی لێ ناکەوێ!...

باخەوانەکە هەر ئەوەندەی خۆش بوو تا چەند هەنگاوێکی تر ڕۆیشت، لە پڕ باڵبازێکی تەڕپۆش یەخەی گرت.

باڵبازەکە دەستی درێژکرد و باخەوانەکەی هاوڕێمانی وەستاند پێی گوت: (یەکێک لەو نۆ بەرەیەم بدەرێ بۆ کاربەدەستی ناوخۆ (وزیری داخلیە). بێ گومان تۆ پیاوێکی زیرەکی ئەیشتوانی کردەوە و کاری ئەم کاربەدەستە بهێنیتە پێش چاوی خۆت، کە چەند بۆتۆ بەکەڵکە، ئەم کاربەدەستەیە کە ئاسایش و ئارامی ناو خاکەکەمان ئەپارێزێ هەر ئەویشە کە فەرمانڕەوایی پارێزگاریی ئەکات، ئەگەر ئەو نەبوایە دز باخەکەتی تاڵان ئەکرد، تاکە ئارووییەکیش بەرامبەر ئەم هەموو کردەوە گەورانەی کە کاربەدەستی دڵ فراوانمان پێشکەشی نەتەوەی ئەکات، شتێکی کەم نرخە!...

باخەوانەکەیش لەبەردەم ئارەزووی نەتەوە و پێویستی بەئاسایشدا ناچاربوو نوشتایەوە، ئارووییەکیشی دا بەباڵبازەکە.

پێویست بوو لەسەری کە ئارووی پێنجەمیش بدات بەو فەرمانبەرانەی کە جلوبەرگی فەرمانڕەوایی جوان لەبەر ئەکەن، لە پاشا تێگەیشت کە ئەو ئارووەیشی داوە بەکاربەدەستی داد (وزیری عدل) چونکە کاربەدەستی دادە، کە باخەوانەکە لە فڕوفێڵ و تەڵەکەبازیی بەدخوان بپارێزێ.

پاش تاوێک، ئارووی شەشەمیشی دا بەو پیاوانەی کە بەناوی سەرەکی کاربەدەستانەوە قسەیان ئەکرد.



ئەم باجەیش لەبەرئەوە ئەسێنرا، کە سەرەکی کاربەدەستانە، ناوەندی کاربەدەستییەکان لە کاروباردا ڕێک ئەخات.

هەرچەند هەنگاوێک مایەوە، کە باخەوانەکە بگاتە بازاڕ بەڵام پیاوێکی بەسام، کە جلوبەرگێکی پڕ نەخش و نیگاری لەبەردابوو، کە بەزێڕ و زیو چنرابوون، لە دوورەوە چاوی بە باخەوانەکە کەوت و دەستی بۆ ڕاوەشاند کە بێتە نزیکیەوە کە باخەوانەکەیش هاتە نزیکیەوە، خاوەنی چمک زێڕین و زیوین پێی گوت:

– بێ گومان تۆیش یەکێکی لە ژێردەستە دڵسۆزەکانی خونکاری خۆشەویستمان منیش لە پیاوانی کۆشکم.

ئەمەیش بۆ تۆ ئەبێتە سەر بڵندییەک، کە ئەو ئارووەی سەبەتەکەی تۆ ئەڕازێنێتەوە، لەمەودوا خوانەکەی خاوەن شکۆ ئەڕازێنێتەوە.

– بەڵام گەورەم، ئەم بەرە، پاشماوەی حەوت بەرە کە هێنابووم بۆ بازاڕ بیانفرۆشم، لەمە بەولاوە هیچی تریشم بۆ نەماوەتەوە، منیش ئەمەوێ بیفرۆشم و بگەڕێمەوە کۆڵیتەکەی خۆم بەهەندێ پارەوە.

– ئەڵێی چی؟!، بەرێک ڕەوا نابینی بەخونکار کە لە برکێکی ناو زەویی خاکەکەیەوە کراوەتەوە؟! تۆ ئەزانیت چەند سپڵەیت، ئەی باخەوانی زۆردار؟

کەواتە تۆیش ئەتەوێ بچیتە ناو بەندیخانەی شۆڕشگێرە سەرکێشەکانەوە؟!.

باخەوانەکەیش، دوا ئارووی دا بەدەستەوە، لە پێناو خونکار و ئازادیی و سەربەستیدا!

***

باخەوانەکەیش بەسەبەتەی بۆشەوە[1] و دڵی پڕ لە داخەوە ڕووی کردەوە کۆڵیتەکەی خۆی لە گەڕانەوەیدا، لای دایە دەزگای دەرگەوانی شار کە فەرمانبەرەکەی دی ناچاربوو هەرچی بەسەرهاتبوو، دوورودرێژ بۆی گێڕایەوە، فەرمانبەرە بچکۆڵەکەیش پێی گوت: تۆ پیاوێکی ناشی و نەشارەزایت، بەڵێ وایە تۆ پێویست بوو لەسەرت کە یەکێک لەو ئاروانەم بدەیتێ چونکە لە هەموو جیهاندا، کە مرۆڤ گەیشتە بەر دەرگانەی شار ئەبێ باجی هاتنە ناوەوە بدات، ئەمەیش باجێکی دروستە، هەر لە کۆنەوە هەیە بەڵام ئەوانەی تر مافیان نەبوو بیاندەیتێ، تۆ سامانی خۆت داوە بەدز و درۆزن.

تۆ هەر ئەمەندەت کردووە.

---

(١) بەسەبەتەی بەتاڵ و دڵی پڕ لە....

باخەوانەکەیش بەهەموو ساکارییەکی خۆیەوە لێی پرسی:

ئەوە بەڕاست ئەڵێیت؟! کەواتە من ئەتوانم سکاڵای خۆم بگەیەنمە ئەو کاربەدەستانەی کە بەناوی ئەوانەوە تاڵان کراوم هەروەها ئەیشتوانم نرخی ئارووە تاڵان کراوەکانی خۆمیان لێ بستێنمەوە؟

فەرمانبەرە بچکۆڵەکەیش بەدوو دڵییەکەوە وەرامی دایەوە، گوتی: (چی تیا هەیە، ئەگەر ئەوە بکەیت!)

– بەیانەکی زوو ئەچم سکاڵای خۆم پێشکەش ئەکەم.

***

لە بەیانی ڕۆژی دووەمدا، باخەوانەکە دەستی کرد بەخەبات کردن و سکاڵا پێشکەش کردن. جا لەبەر ئەمەی سەربازەکان دوو ئارووپان لێ سەندبوو واتا: دووجار زۆریان لێ کردبوو، لە پێش هەموو لایەکا، چوو بۆ لای کار بەدەستی جەنگ و بەرگریی هورروژمەکەی لەوێوە دەست پێ کرد.

باخەوانەکە، لە دەموچاوی سەربازەکەی پشت دەرگای کاربەدەستدا، یارمەتییەکی نەدیی کە فەرمانەکەی بۆ ئاسان بکات هەر ئەوەندەی پێ گوت: من بەزەییم پیاتا دێتەوە، ئامۆژگارییەکی دڵسۆزانەیشت ئەکەم کە لێرەدا بمێنیتەوە، تا کاربەدەست خۆی لێرەوە تێ ئەپەڕێ بەڵام خۆت بگرە، تا پایەبڵند خۆی ئەتبینێ و قسەت لەگەڵ ئەکات بەڵام ئەگەر بێتو لە شیرازەی ڕەوشت شیرینی دەربچیت و لەبەردەم کاربەدەستا دەنگی خۆت بەرز بکەیتەوە، لەوانەیە فەرمان بدات بتگرن و لەسەر بێ شەرمی لێت بدەن و ئازاریشت بدەن.

باخەوانەکەیش گوتی: سوپاست ئەکەم، براکەم، بۆ ئەم شیرەتە بەنرخەت.

ئیتر لەبەردەم بنکەی پاسەوانەکاندا دانیشت چاوی بەکاربەدەست کەوت، هەر ئەهات و ئەچوو، بێ ئەمەی ئاوڕێک لەوانە بداتەوە کە لەبەر دەرگای ژوورەکەیا کۆبوونەتەوە.

باخەوانە بەسەزمانەکە، بەم ڕەنگە سێ ڕۆژ لەوێدا مایەوە، لە ئێوارەی ڕۆژی سێیەمدا، کاربەدەست چاوی بەباخەوانی بەختیار کەوت بەتووڕەییەکەوە تێی خوڕی؛ گوتی: (وام دێتە پێش کە لە دەمێکەوە تۆ لێرەدا ئەبینم... تۆ چ فرمانێکت هەیە لێرەدا وەستاوی، کە دەزگاکانی کاربەدەستی (وزارت) پڕن لە ڕاز و نهێنی و پەیمان نامە؟!...)

باخەوانەکەیش، کاربەدەستی تێ گەیاند، کە هۆی خۆ بەندکردنی لە نزیک دەرگاکەیەوە،



بۆ ئەو سێ ڕۆژە ئەو کارەساتە ناخۆشە بووە کە بەسەریا هاتووە...

ئنجا کە چیرۆکی سزاناکی خۆی بۆ گێڕایەوە، کاربەدەستەکە پێی گوت: ئەم کارەساتە پڕوپووچە فرِی نییە بەسەر ئەو تێکۆشانە گەورەیەوە کە ئێمە لە کۆڕی جەنگدا ئەیکەین، هەرچی کاتێکمان هەیە بۆ ئەوەمان داناوە.

ئیتر دەستمان ناپەرژێتێ کە خۆمان خەریک بکەین بەم جۆرە کارە پڕوپووچانەوە، ئەم دزییانە لە ڕێگای گشتیدا ڕوویان داوە، کاروباری وا بەرەوڕووی کاربەدەستی کاروباری ناوخۆ ئەبێتەوە کەواتە بچۆرە لای کاربەدەستی کاروباری ناوخۆ، ئەو ببینە.

***

ڕۆژی دوایی، باخەوانەکە ڕووی کردە کاربەدەستی ناوخۆ، لێرەشا هەروەک ئەوێی بەسەرهات، لە ئێوارەی ڕۆژی سێیەمدا، کە کاربەدەستی ناوخۆ لە کەینەوبەینەکەی تێگەیشت، پێی گوت:

– ئەم جۆرە کاروبارانە پەیوەندییان بەئێمەوە نییە تا بتوانین تەماشایان بکەین، تۆ سکاڵای زۆردارییەک ئەکەیت کە لێت کراوە و زیانت پێ گەیاندراوە لەلایەن هەندێ کەسەوە، کەواتە سکاڵاکەت پێشکەش بەکاربەدەستی داد بکە.

باخەوانەکەیش، خۆی گەیاندە کاربەدەستی داد بەڵام ئەمجارە ڕێگای پێشووی نەگرت لە بینینی کاربەدەستدا مەبەسیشی ئەوەبوو کاتی زۆری خۆی بەفیڕۆنەدات لە باتی ئەمەی بەبێ دەنگییەکەوە چاوەڕوانیی کاربەدەست بکات لە پشت دەرگاکەیەوە، باخەوانەکە، دوای کاربەدەست ئەکەوت لە هاتووچۆکانیا، بۆ هەر شوێنێک ئەچوو ئەچوو بەدوایا، هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژە، کاربەدەست هەستی بەبوونی ئەو کرد بەڵام لەمیش هیچی دەست نەکەوت.

چونکە کاربەدەستی داد، وای وەرام دایەوە: کە ئەو زۆروستەمەی ئەڵێی لێم کراوە، لە ڕاستیدا لەلایەن گەلێک فەرمانبەرانەوە لێت کراوە، کە هەریەکەیان سەر بەکاربەدەستییەکن کەواتە پێویستە سکاڵاکەت پێشکەش بەو پیاوە بکەیت کە ناوەند هەموو کاربەدەستییەکان ڕێکوپێک ئەخات و سەرپەرشتی کاروکردەوەی هەموو لایەکیش ئەکات، برۆ سکاڵاکەت پێشکەش بەسەرۆکی کۆڕی کاربەدەستان بکە.

باخەوانەکەیش تا کاتێک هەر بەدووی سەرەک کاربەدەستانەوە بوو دوایی سەرەک پرسیاری کەینەوبەینەکەی لێ کرد باخەوانەکەیش چیرۆکی خۆی بەتەواوەتی بۆ گێڕایەوە

سەرۆکیش کە بەچاوێکی فڕوفێڵبازانەوەی زیرەکانەوە سەیری هاوڕێ و بەردەستەکانی خۆی ئەکرد، بەباخەوانەکەی گوت:

(گیروگرفتەکەی تۆ یەجگار گرنگە، سەرەکی کاربەدەستانیش ناتوانێ بەتەنیا بیبڕێتەوە چونکە کەینەوبەینەیەکی وەهایە، مەگەر هەر خونکار خۆی بتوانێ بیبڕێنێتەوە کەواتە بچۆرە لای خونکار (خۆی، کەینەوبەینەکەتی تێ بگەیێنە بەڵکو ئەو چارەیەکت بکات، دیارە خۆ ئەیشزانیت کۆشکی خونکار لە کوێیە!...).

***

باخەوانەکەیش هەر لە منداڵییەوە، شارەزای ئەو کۆشکە بوو ئەیزانی چ باخاتێکی گەورە و شەنگ و شۆخ، چوارلای گرتووە.

لەبەرئەوە هیچ نەوەستا، چووە ئەوێ بەڵام پاسەوانەکان بەرۆکیان بەرنەدا و نەیان هێشت بچێتە ژوورەوە.

لێیان پرسی، ڕێگە نامەیەکمان پێشان بدە، یان قاقەزێکی بانگ کردن، تا بهێڵێن بچیتە ژوورەوە ئەویش کە تێی گەیاندن هیچ شتێکی لەوانە پێ نییە ڕێگەیان نەدا بچێتە ژوورەوە پێیان گوت لە پشت دیوارەکانی کۆشکی شاهانییەوە بمێنەرەوە، تا لە خونکار خۆیەوە بانگ ئەکرێیتە ژوورەوە.

تا دووکات لە ڕێگادا مایەوە وا ڕێکەوت، لەوکاتەدا خونکار هاتە دەرەوە، کۆمەڵێکی گەورە لە پیاوان لەم لاو لەولایەوە بوون خونکاریش لە ناو گالیسکەیەکی زێڕیندا بوو، کە کاربەدەستان و گەورە پیاوان ئەم لاو ئەولایان گرتبوو سوارەکانیش پێش گالیسکەکە کەوتبوون ڕێگایان ئەدڕیی لە ناو کۆمەڵە کەسانی ئەو ناوەدا، تا گالیسکەکەی بەناودا بڕوا.

سەربازەکانی تریش ڕاست و چەپ و پشتی گالیسکەکەیان گرتبوو، ژێر دەستە بەپەرۆشەکانیان لە گالیسکەکە دوور ئەخستەوە ئیتر ئەوە لەوە دەرچووبوو کە هەرچی باخەوانانی سەر زەویی هەن، بتوانن دڕ بەو پشتینە پیرۆزەی سەرباز و مرۆڤانە بدەن و خۆیان بگەیێننە خونکار.

باخەوانەکەیش، ڕێگایەکی نەدۆزییەوە بۆ نواندنی کەللەڕەقی زۆرەملێیشی بەباش نەزانی لەبەرئەوە بڕیاری دا کە بگەڕێتەوە ماڵێ، بۆ ئەمەی خەریکی باخەکەی بێ و سەوزەوات و تەڕە و بەرەکانی پێ بگەیێنێ، کە دەمێک بوو بەڕەڵڵای کردبوون، لە ڕێگای خۆیدا لای دایە لای دەزگای چوونە ناوشار.



هەرچییەکی بەسەراهاتبوو، بۆ فەرمانبەرەکەی هاوڕێی گێڕایەوە.

ئەویش، باش گوێی دایە قسەکانی و بەخۆشەویستی و بەزەیی پیا هاتنێکەوە پێی گوت:

(تۆ چاکت کرد، وازت لە پێشکەش کردنی سکاڵاکەت هێنابۆ خونکار خۆی، چونکە خونکار ناتوانێ گوێ لە سکاڵای هەموو کەسێک بگرێ بەلای منیشەوە وایە، کە کەینەوبەینەکەی تۆ، کەتنێکی گەورەی پێ ئەوێ، تا سەرنجی خونکار کێش بکاتە سەر کەینەوبەینە داد خوازەکەی تۆ ڕاستیشت ئەوێ ئەوە ڕێگایەتی!)

***

کەتنێکی یەجگار گەورە؟!... ئەم وشانە لە گوێچکەکانی باخەوانە بەسەزمانەکەدا ئەزرنگانەوە، کەتنێکی گەورە؟!...

بەسەزمانە شەو و ڕۆژ بیری لێ ئەکردەوە، وای لێ هاتبوو نەی ئەتوانی بچێ بەلای فرمانە ڕۆژانەکەی خۆیەوە.

کەتنێکی گەورە؟!... بەڵێ وایە فەرمانبەرە پچووکەکە ڕاست ئەکات، کەواتە بۆچ خەریک نەبێت کەتنێکی وا گەورە بخاتە ڕوو، تا خونکار وا لێ بکات تەماشای کەینەوبەینەکەی خۆی بکات؟!... کەتنێک؟!... وا ئەو کەتنەی دۆزیەوە!!. هەر ئەوەندەی بەسە، کە ئەو ڕێگایە بگرێ، کاربەدەستەکان و فەرمانبەرەکانی ژێردەستیان لەسەری ئەڕۆن، کە هەر ئەو هۆ و فڕوفێڵانە بەکاربهێنێ کە ئەوان بەکاری ئەهێنن، ئەوەندە هەیە، پێویستە کەمێ زۆرتر زۆرداریی بکات، کەمێ زۆرتریش پەرەیان پێ بدات، هەر ئەمەندەی بەسە، بۆ ئەمەی ئەو کەتنە گەورەیەی ئەیەوێ بقەومێ، بۆ سەرنج ڕاکێشانی خونکار بقەومێ، هەرئەوەندەی بەسە، کە تۆزێک لە کاربەدەستان زۆرتر، نەتەوە تەنگەتاو بکات و بیان چەوسێنێتەوە باخەوانەکە، گوێی زۆر لە هاوسێ و هاوڕێکانی خۆی گرتبوو، هاوار و فەریادیان ئەکرد لە دەست زۆرداریی هەندێ لە پیاوانی بیر و تێگەیشتنیش هەموو دەم بەئاشکرا ئەیانگوت ئەم سەردەمە خراپە، ئەو کۆمەڵایەتیە تەواو تێک چووە، وایش چاکە کەوا بکرێ و وابکرێ!...

ئەوانە لە بابەت شارستانێتی و مێژووەوە، ڕاستی پەرستییان ئەنواند نرخ و ئەندازە و وێنەیان دیاردیی ئەکرد. بەڵام ترسنۆک بوون، نە چاکەیەکیان کرد، نە خراپەیەکیشیان بەرەنگاری کرد باخەوانەکە چەندی بیست لە ڕێبواران: سکاڵای دەردی خۆیان ئەکرد و،

هاوار و فەریادیان ئەکرد!... هەندێکیش هەبوون، شۆڕشیان بەباش ئەزانی، لەبەرئەوە ئامۆژگارییان وا ئەکرد کە بکرێ!...

سەرکێشییان بەباشتر ئەزانی لەوەی کە لە ژیانێکی وادا بمێننەوە، چەند کەسانێکی بەدخوو، بەروبوومی نیشتمانەکە و خۆشیەکەی بۆ خۆیان ببەن!... ئەوان کە هەر خۆ بەخۆی خۆیان ئەمانەوە، یان لەگەڵ هاوڕێکانیاندا کۆئەبوونەوە، بەدەم ئەیانقیژاند، ئەیانگوت: یان ژیان و فرمان، یاخود مردن لە کۆڕی خەبات و شۆڕشدا!

بەڵام ئەوانە هەر قسەکەرێکی دەم پاراو بوون، هەر وتاریان ئەدا و هەر چاوەڕوانیی یەکێکیان ئەکرد کە پاڵیان پێوە بنێ بۆ کارگوزاریی.

باخەوانەکە لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا، کە ئەویش یەکێک بێ لەوانەی کە نەتەوە ئەچەوسێننەوە، لەو کارەیشدا بگاتە ئەوپەڕی ئەندازەی!... گالۆکێکی ئەستووری هەبوو، هەڵیگرت و بردیە لای زێڕەنگەرێک، بۆ ئەمەی سەرەکەی بۆ بگرێتە زیو و نیگاری مۆری خونکاریشی لەسەر بکێشێ، هاوڕێکەمان ئەم گالۆکە بەنرخەی بۆ خۆی کرد بەچەک و ڕووی کردە گەورەترین شەقامی پایتەخت، کە لە هەموو شوێنێکی کەسانی زۆرتر تیابوو، لە هەمولایەک هاتوچۆ و بزووتنەوەی زۆرتر تیابوو هەر لەوێدا ئاشکرای کرد، کە هاتووە بەناوی فەرمانڕەواییەوە، باج دابنێتە سەر هەموو کەلوپەل و بابەتێکی پچووک و پڕوپووچ (چونکە کەلوپەلە گرنگەکان لەوەپێش باجیان لەسەر دانرابوو). هەر کەسێ ئارووێک، مریشکێک، دەسکە پووشێک، ئامانێک (حاجەت)، چی و چی، یاخود یارییەکی بەدەستەوەبێ، پێویستە باجێکی دیاردیی کراو بدات.

نەتەوە کەمێک بۆڵەبۆڵیان کرد، پاشان سەریان دانەواند و باجی خۆیان دا...

ئەوەندەی پێ نەچوو، کەینەوبەینەی کابرای خاوەن گالۆکی ئەستوور ناوبانگی دەرکرد. زوو بەزوو، کۆمەڵانی نەتەوەی هەژار لێی وەڕس بوون و قینیان لێ هەڵگرت بەڵام کاربەدەستەکان، ئەم کابرا چەوسێنەرەوە تازەیەیان بەلاوە پەسەندبوو.

سەریان سوڕمابوو لە کاروکردەوە تازە باوەکانی، کە بەڕاستی چووبوون بەدڵیاندا لەبەرئەوە بانگیان کردە لای خۆیان کە لەگەڵیان دابێ و پێکەوە نەتەوە بچەوسێننەوە وایان دانا: کە ئەوان پشتیوانی بکەن لە هەموو هێز و دەسەڵاتێک، کە بیەوێ تەگەرە لە کارەکەی بدات کە ئەویش لە دەستکەوتەکەی خۆی، بەشێکی دیاردی کراویان بداتێ.

باخەوانە پیرەکە، لەسەر ئەمە، لەگەڵیاندا ڕێک کەوت هەرچەندە هاوبەشی بۆ پەیدابوو



لەو کاربەدەستانە، بەڵام زۆری پێ نەچوو، دەوڵەمەندبوو کۆشکێکی زۆر گەورە و نایابی کڕی، پڕی کرد لە کەلوپەلێکی زۆر ناوازە و باش.

دەستیشی کرد بەژیانێکی دەوڵەمەندانەی دەسەڵاتدارانە، وەک گەورە پیاوانی ئەو سەردەمە بەڵام هێشتا نەگەیشتبوو بەکامی خۆی، کەتنەکەیشی هێشتا شارەکەی نەلەراندبووەوە، کابرای خاوەن گالۆکی ئەستوور، باجەکانی زۆرتر لێ کرد. تا وای لێکردن بوون بە دە ئەوەندەی پێشوویان.

نەتەوەیش کەمێک بۆڵەبۆڵیان کرد، بەڵام لە پاشا سەریان دانەواند و باجی خۆیان دا... ئیتر پێویست بوو، کە کابرای خاوەن گالۆکی ئەستوور، باوێکی تازەتر دابهێنێ.

باجێکی تازەی خستە سەر ئەو کەسانەی کە ئەچنە سەرکانییە گەورەکەی ناو کۆڕی هەرە گەورەی شار. باجێکیشی خستە سەر ئەو کەسانەی کە ئاگر ئەکەنەوە لە ناو کۆڕەکانیاندا، یان لە ماڵەکانیاندا بەڵام ئەوانەی کە ئاگر بەرئەدەنە خۆیان و خۆیان ئەکوژن بەسووتان، کەس و کاریان باجەکانیان ئەدات.

خاوەن گالۆکە گەورەکە، باجێکیشی خستە سەر ئەو بووکە بارانە و تارماییانەی کە خاوەن کشتوکاڵەکان لە ناو ڕەز و باخ و بێستانەکاندا دایان ئەنان بۆ ترساندنی چۆلەکە.

باجێکیشی خستە سەر ئەوانەی کە برنووتی ئەکەن بەلووتی خۆیاندا ئەگەر لە ڕێگادا بیژمینایە باجەکە ئەبوو بەدوو ئەوەندە.

هەروەها باجیشی خستە سەر ئەوانەی گەشتوگوزاریان ئەکرد، یان ڕاویان ئەکرد، یان دڵداریان ئەکرد و شەو بەکۆڵاناندا ئەگەڕان.

نەتەوە دەستیان کردەوە بەبۆڵەبۆڵ کردن بەڵام لە پاشا سەریان بۆ دانەواند و باجی خۆیان دا. پاش ئەوە، کابرای خاوەن گالۆکە زلە، باجێکی تازەی داهێنا. ئاشکرای کرد لە هەمووان کە هەرچی بەناو ڕێگادا بڕوا و چاو بەرز بکاتەوە، یاخود باڵی خۆی گرێ بدات باجی لێ ئەسێنرێ.

ئەم باجە بەلای هاونیشتمانییەکانەوە، یەجگار ناشییانە و زۆردارانە بوو... بەلایانەوە وابوو، ئەگەر هەر بەوە وازی بهێنایە کە چاویان دابخەن باشتر بوو!!...

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشا کە بۆڵەبۆڵیان کرد، دوایی سەریان هەردانەواند و باجی خۆیان دا. بەڵام کەتنەکە، هێشتا هەر نەتەقی کەواتە ئیتر لەوە بەولاوە چی تر بکات کە کەتنەکە دەرکەوێ بۆ خونکار و ئاشکرا ببێ؟!...

دانیشتوانی شاری (مەهداپورا)یش وەک زۆربەی هاونیشتمانییەکانی هیندۆس، بڕوایان بەگواستنەوەی گیان هەبوو لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر[١] بڕوایان وابوو کە مرۆڤ لە شێوەیەکی جۆرجۆر و وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگا، لە سەردەمانی جوێ جوێدا، ئەژی لەبەرئەوە زۆر بەتەنگ لاشەی مردووەوە بوون، لەگەڵ شێوەی ناشتنیاندا.

خاوەنی گالۆکەزلەکەیش لەوە دڵنیابوو کە ئەگەر باجێک بخاتە سەر ئەو کۆمەڵە مرۆڤانەی مردوو ئەبەن بۆ گۆڕستان، بینێژن، بیروباوەڕی گشتی بەجارێک ئەهێنێتە لەرزە لەبەرئەوە جاڕی دا کە هەموو مردوویەک ئەبێ کەس و کارەکەی پەنجا پارچە زێڕ بدات بەخاوەنی گالۆکەزلە، تا ئەویش ڕێ بدات لاشەی مردووەکە و ئەو کۆمەڵەی لە پشتییەوە ئەڕوات بۆ سەر گۆڕستان، لە شەقامەکانەوە تێ بپەڕن تا ئەگەنە جێی سووتانی مردووەکە[٢] ئەمجارە، دانیشتوانی شارەکە، بەجارێک وەڕس بوون پشییان خواردەوە و قینیان هەڵسا. بۆڵەبۆڵێکی زۆریشیان کرد ئەوەندەی نەمابوو بیکەن بەئاژاوە و شۆڕش بکەن ئەوەندەیشی نەمابوو، کەتنەکە بتەقێتەوە و ئاشکرابێ و دەنگ بداتەوە، تا ئەگاتەوە خونکار بەڵام هاونیشتمانییەکان دوایی ناچاربوون ملیان کەچ کرد بۆ فەرمانی یاسا... ئەمجارەیش سەریان دانەواندەوە و باجی خۆیان دا... ئیتر لێرەدا خاوەنی گالۆکەزلە هەستی کرد بەسەرەتای ئەنجامی کۆششەکەی خۆی.

***

ڕۆژێک لە ڕۆژان خونکار لەگەڵ کاربەدەستان و گەورە پیاوانی خاکەکەدا کۆبووەوە ئافرەتێکیش کە کاربەدەستەکان پارەیەکی زۆریان بێ بەخشیبوو و چەواشەیان کردبوو، بۆ ئەمەی ئەم قسانە بکات لای خونکار (ئەندزارایا)، پێی گوت:

(خاوەن شکۆتان، چەند دڵشادن، کە بیر لە کامەرانی نەتەوەکەی خۆتان ئەکەنەوە، نەتەوە هێمنەکەتان.

منیش لە خۆم ئەپرسی ئەڵێم: ئاخۆ ئێوە چی بەدڵتان دا بێت، کە بزانن ناوی گەورە و پیرۆزتان لە هەزاران ماڵاندا پیرۆزبایی لە پیاو و ژن و مناڵ ئەکات، ئەوانەی کە بۆ ئێوە لە خوانەکان ئەپاڕێنەوە کە تا سەر بژین و بەخۆشییەوە تەمەنی خۆتان بەسەر ببەن؟!...).

خونکاریش گوتی:

(١) بەمانای: (تناسخ الأرواح). یان دونادون.

(٢) چونکە هیندیە سیخەکان لاشەی مردووەکانیان دەسووتێنن.



(بەڵێ ئەمە ڕاستە کە من بەوە کامەران ئەبم، نەتەوە بەخۆشی بژی بەڵام داخەکەم ناتوانم کامەرانییەکەی بەچاوی خۆم ببینم تا زۆرتر دڵنیابم.)

خونکاریش تاوێک بەبیرکردنەوەوە مایەوە، ئنجا گوتی:

لەبەرئەوە من وا ئارەزوو ئەکەم کە بەشەو بچنە دەرەوە، بۆ ئەمەی لە کاروباری نەتەوە ئاگاداربیم ئەمەوێ هەر ئیمشەویش بچمە دەرەوە کەسیش لەگەڵ خۆم نابەم نە یاساوڵ نە کاربەدەست بەشەویش نەبێ ناچمە دەرەوە نەوەک لە ڕۆژدا، نەتەوە لە ناو نومایشە پڕ کامەرانییەکانی خۆیان و جەژنە پڕ بەزم و ڕەزمەکانی خۆیاندا بم ناسنەوە و خۆیان بەمنەوە خەریک بکەن.

شەوەکە بۆ ئەم باسە باشترە، چونکە ئەتوانم بەتەواوی لە ڕاستی ژیان و کاروباریان تێ بگەم، ئارام و ئاسایشیان بەچاوی خۆم ببینم، بێ ئەمەی بهێڵم بمناسنەوە و بەڕێز لێ گرتنەوە خۆیان خەریک بکەن و خەمی دڵخۆش کردنی من بخۆن.

ئەوە دیارە کە کاربەدەستەکان دڵیان بەم گەشتە سامناکەی خونکارە خۆش نەبوو بەڵام کەدیبیان خونکار لە قسەی خۆی نایەتە خوارەوە و بەدڵ بڕیاریشی داوە کە قسەکەی خۆی بباتە سەر، ناچاربوون وازیان لێ هێنا و فەرموودەکەی ئەویان جێبەجێ کرد.

ئەو شەوە ڕووی ئاسمان پاک و بێ گەرد بوو ئەستێرەکانیش لە ناو جەرگی شینی ئاسماندا ئەچریسکانەوە لە تیشکە زێڕینەکانی خۆیان، کە مرۆڤیان ئەخستە خەو، پڕشنگێکی سووک و ناسکیان پەخشان ئەکرد، ئارامیان بەگیانی بێ دەنگ و دیواری ڕەش ئەدا.

شاری (مەهداپورا)یش، لە بێ دەنگییەکی گەرمونەرما وەنەوزی ئەدا، (ئەندزارایا)ی خونکاریش دەستی کرد بەگەڕان، لە دوورەوە هەندێ لە باڵبازەکان لە پشتیەوە ئەڕۆیشتن.

لە سەرەتای گەڕانەکەدا، خونکار، نە چاوی کەوت بەڕووکەشی کامەرانی، نە نیشانەی سەرگەردانیشی دی بەڵام کەگەیشتە گەڕەکێک لە گەڕەکە هەژارەکانی ناو شار، چەند هاوار و قیژەیەکی تیژی بەرگوێ کەوت، لە کوڵێتێکی دوورەوە ئەهات، بێ دەنگیی شەوەکەیان تێک ئەدا.

خونکار خۆی گەیاندە کوڵێتەکە چاوێکی بەناویا خشاند، چاو ئەندازێکی شڕوپڕ و ناڕێکی هاتە پێش چاو، کەلوپەلەکان چڵکن و پیس بوون، سەرگەردانی و پەرێشانی بەدیوارەکان و پەردەکانەوە دیاربوون، لە ناوەڕاستی کوڵێتەکەیشدا ئافرەتێکی بەسەزمان

دانیشتبوو، هەندێ لە ژن و پیاوی دراوسێکانی لێی کۆبووبوونەوە، ئافرەتەکە شیوەنی بۆ مردوویەک ئەکرد کە لاشەکەی لە ناو پێخەفە چڵکنەکەیدا کەوتبوو.

خونکاریش گوێی لە شیوەنی ئافرەتەکە گرت، ئەگریا و ئەیگوت:

(ئەم کوڕەم زۆر خۆش ئەویست چونکە لە دوای مردنی باوکی، هەر ئەوم بۆمایەوە کە ببێتە پشتیوانم، ئاخۆ خواکان ویستبێتیان بەم مردنەی ئەو سزام بدەن، لە تۆڵەی ئەو گوناهانەدا کە لەوە پێش کردوومن؟!.)

لە پاش تاوێک بیرکردنەوە و مات بوون، بێوەژنە هەتیو بارەکە، دووبارە دەستی کردەوە بەلاواندنەوە ئەیگوت:

(ئاخ خۆزگە، کوڕە خۆشەویستەکەم، ئەمتوانی بەپێی دەستووری خۆمان تا جێی مردوو سوتاندنەکە ڕەوانەت بکەم ئاخ خۆزگە، تۆیش بەچەشنی دەوڵەمەند و پیاوە گەورەکان، کۆمەڵێکی گەورە لە دوای لاشەکەتەوە ئەڕۆیشت تا ئەگەیشتیتە جێی سووتاندنی مردووەکان.

من کراسەکانی خۆمت بۆ ئەدڕم، بۆتی ئەکەم بەبەرگی مردن، دار و تەختەکانی ئەم کۆڵیتەیشت بۆ ئەڕووخێنم تا گڕە پیرۆزەکەت بۆ بکەمەوە، ئەو دوو پارچە زێڕەیش کە ماومن، ئەیاندەم بەو زەلامانەی کە تەرمەکەت هەڵ ئەگرن بۆ کۆڕی مردوو سووتاندن بەڵام منی هەش بەسەر، پەنجا پارچە زێڕم لە کوێ هەیە، بیدەم بەکابرای خاوەن گالۆکەزلەکە تا ڕێ بدات تەرمەکەت و ئەو کەسانەی لەگەڵ تەرمەکەتا دێن بەناوشەقامەکاندا تێبپەڕن، تا ئەگەنە جێی مردوو سووتاندنەکە کێ هەیە دەستیاو بدات بەمن؟ کێ هەیە بەبێوەژنێکی نابووتی وەک من پارە بەدەستیاو بدات؟ کەواتە کوڕی خۆم، ناچارم تەرمەکەت لە ناو ئەم کۆڵیتەدا بهێڵمەوە، تا خواکان چارەیەکت ئەکەن!...)

کە بێوەژنەکە، شیوەنەکەی گەیشتە ئەم ئەندازەیە، گریا و فرمێسکێکی تاڵ و سوێری هەڵ ڕشت ماوەیەکی درێژیش خەو بردیەوە پاشان لە خەو ڕاست بووەوە و دەستی بەشیوەن کردەوە، گوتی:

(باج دابنرێ لەسەر لاشەی مردووان؟!... کێ هەیە بتوانێ، زۆرداریی لەمە ناشیرینتر بهێنێتە پێش چاوی خۆی؟!. کەس هەیە لە کاربەدەستانی ئێمە زۆردارتربن؟ ئەم خونکارە گێژ و وێژەیش کە وەک لە بەندیخانەدا بێ وایە، ئاخۆ مێژووی شاری (مەهداپورا)، لە سەردەمی ئەوی خراپتر و پڕ زۆر و ستەمتر دیوە؟!.)



کە خونکار (ئەندزارایا) ئەمەی لە بێوەژنەکە بیست، لە سەرسامی و سەرسوڕماندا هاتە لەرزین چاویشی بڕییە ناو کۆڵیتەکە، بەهیوای ئەوەبوو کە دەر و دراوسێکانی بێوەژنەکە، بەرپەرچی بدەنەوە و سەرزەنشتیشی بکەن بەشیرینی، لەسەر ئەو قسەیەی کە لە دەمی دەرپەڕی. بەڵام خونکار، هیچ کردەوەیەکی وای لێ نەدین و نەبیست بەپێچەوانەی ئەوە، ئەوانیش پشتیوانی قسەکانی بێوەژنەکەیان ئەکرد، لە شێوەیەکی خەمباریی و سەرکزییدا سەریان بۆ ئەجوولاند!... بێوەژنەکە، دیسانەوە دەستی کردەوە بەقسەکردن، گوتی: (لەو مامۆستایەم پرسی، کە شارەزای مێژووی نیشتمانەکەمانە و لە بەسەرهاتی ئاگادارە، ئەو پیاوە باشە بەتەواوەتی خستیە دڵمەوە کە ئەوەتی ئەم خاکە هەیە سەردەمی وا خراپی نەدیووە، کە ئەمەندە پڕبێ لە ئاژاوە و زۆرداریی و، لە ئازاردان و چەوساندنەوە!... بۆ وێنە: لە هەموو مێژوودا ئەمە ڕووی نەداوە کە بێوەژنێکی هەژار لە ناشتنی کوڕێکی مردووی خۆی، بەربەست بکرێ!... ئەی مافم نییە کە ئەو فەرماندارانە بەخۆیان و کابرای خاوەن گالۆکەزلەکەوە ڕیسوا بکەم؟ تەنانەت بەکاربەدەستەکان تا ئەگاتە خونکاریش جنێو بدەم؟!...

***

ئیتر (ئەندزارایا)، لەوە بەولاوە، لە توانایدا نەما گوێ لەو قسانە بگرێ گەڕانەکەی ئەو شەوەیشی تەواو نەکرد. تێ نەئەگەیشت لە سکاڵاکانی ئەو بێوەژنە سەرگەردانە! باجی سەر لاشەی مردوو چییە؟!... کابرای خاوەن گالۆکی ئەستوور کێیە؟!... ئەی لە نیشتمانەکەدا چی ڕوو ئەدا، وا ئەم بێوەژنە وا ئەڵێ؟!. دەمودەست ڕووی کردە یاساوڵەکان و یارمەتی دەرەکانی خۆی و جووڵەیەکی بۆ کردن، هەموویان گەیشتنە لای، بەدوو کەسیشیانی گوت کە بەیانەکی زوو بگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆڵیتە و بێوەژنەکە بهێنن بۆ کۆشکەکەی.

بەسەرسوڕمانێکیشەوە گەڕایەوە کۆشکەکەی خۆی و تەم و خەمێکی زۆریش دڵ و دەروونی داگیرکردبوو.

***

کە ڕۆژی دوایی بێوەژنە بەسەزمانەکە هەردوو باڵبازەکەی دی، هاتنە ناو کۆڵیتەکەیەوە و پێیان گوت لەگەڵیاندا بچێ بۆ کۆشکی خونکار دەستی کرد بەگریان و گوتی:

(ئەمەندە بەس نییە، هەناسە ساردیی و سەرگەردانی، کەمنی تیام؟!... وادیارە کابرای خاوەن گالۆکەزلەکە، ئەیەوێ کەتنێکی تازە بکات، وامنی تووشی ئەم گەڕوگێچەڵە

کردووە دیارە ئەو بڕوای وایە، کە ئەم هەموو کلۆڵی و شپرزەیی و سەرگەردانییە کە من بۆ من!...) لە ڕێگادا هەر ئەگریا و فرمێسکی هەڵ ئەڕشت، ئەو ناوەی پڕکردبوو لە شیوەن و گریان و هاوار و داد کەگەیشتە کۆشکی خونکار، لە ژووری چاو پێکەوتندا، جێگای بۆ کرایەوە بەڵام ئەو ترس و لەرزی پێ کەوتبوو، هەر ئەگریا.

کە خونکار هاتە ژوورەوە، بێوەژنە بەسەزمانەکە خۆیدا بەسەر پێ یا. بەڵام (ئەندزارایا)، ڕاستی کردەوە و بەشێوەیەکی نەرمو شیرین قسەی لەگەڵدا کرد ئارامی خستە دڵیەوە و ترسی لە دڵ کردە دەرەوە پێی گوت:

(لە هیچ ترست نەبێ فرمێسکەکانی خۆت وشک بکەرەوە چونکە خونکار باوکی ژێر دەستەکانییەتی فرمانی هەرە گرنگیشی ئەوەیە، کە زوو بەزوو ئازار لە دڵی نەتەوەکەی خۆی دەر بکات و ڕێگای باشیان پیشان بدات من بەسەرگەردانیی تۆم زانیوە هەر چەندێکیشم لە دەست بێت، لە ئازار و خەم و خەفەتت کەم ئەکەمەوە.

پێویستە تەرمی کوڕەکەت لە شێوەیەکی گەورە و بەڕێزدا ببەیتە جێی مردوو سووتاندنەکە، ها ئەوەیش وەربگرە لێم تا کارت بۆ ئاسان ببێ و کفتوکۆی دڵت دامرکێتەوە)[1]. ئەوەی پێ گوت و هەندێ پارەی دایە.

ئەو کردەوە ناکاوە، چەند گەورە بوو!... چەند مرۆڤایەتی تیا بوو!

ئافرەتەکە فرمێسکەکانی نیشتنەوە وێرای چاوێک هەڵبڕێ و سەیرێکی خونکار بکات تەماشای کرد، دەموچاوێکی جوانی پێوەیە دڵ فراوانی و جوامێریی و نەژادیی تیا دیارە.

خونکاریش دەستی کردەوە بەقسەکردن پێی گوت: (وام بۆ دەرئەکەوێ کە ترسەکەت نەماوە، حەز ئەکەم پشتم پێ ببەستیت و باوەڕیشم پێ بکەیت هەرچییەکیشت لێ ئەپرسم ڕاست و ڕەوان پێم بڵێ، هیچ لە دڵتا مەهێڵەرەوە خونکاریش مافی هەیە شتێک لە کەینەوبەینە و کاروباری نەتەوە و ژێردەستی خۆی بزانێ، ئاگام لێ بوو دوێنێ شەو سکاڵات ئەکرد لە دەست هەندێ زۆرداریی و هەندێ پیاوی زۆردار و سەرکێش لە بابەت باجی سەر مردووان و ئەو کابرای خاوەن گالۆکەزلەوە، چی ئەزانیت پێم بڵێ.

گفتوگۆکەی خونکار و کردەوە شیرینەکانی لەگەڵیا هانەی دا هەرچییەکی لە دڵ دابوو، هەرچییەکیشی ئەزانی لە بابەت باجی سەر مردووانەوە پێی بڵێ، خونکاریش باش دڵی دابوویێ، بەسەرسوڕمانێکەوە گوێی لێ ئەگرت.

---

(١) وەیان: کەف و کوڵی دڵت دامرکێتەوە.



(ئەندزارایا)یش لە دوای قسەکان لێی پرسی: ئایا هیچی تر نازانیت کە نەتەوە دادی لە دەست بکات؟ ئەویش هەرچی لە دڵابوو پێی گوت: لە کاربەدەستەکان دووا، کەینەوبەینەی باجەکان و پیش خواردنەوەی نەتەوە و زۆردارییە تازە بابەتەکانیشی هەموو بۆ گێڕایەوە بەڵام لە هەمووی زۆرتر کەتنەکانی کابرای خاوەن گالۆکەزلەی خستە مێشکیەوە.

خونکاریش گفتوگۆکەی بەوە بڕاندەوە، پێی گوت: (سوپاست ئەکەم بەڵێنیشت ئەدەمێ کە بەزوویەکی زوو ناهێڵم هیچ کەتنێک لەم کەتنانە جارێکی تر ڕوو بداتەوە!).

***

ئیتر هەر ئەوەبوو (ئەندزارایا) دەستی کرد بەکارگوزاریی، دووشت پاڵیان پێوە ئەنا کە دەست بوەشێنێ یەکێکیان ئەو کارەساتەی کە دوێنێ شەو بەچاوی خۆی دیی و بەگوێی خۆی بیستی کەسەری پێی سوڕمابوو. یەکێکیشیان ئەو قسانەی ئەم بەیانییە گوێی لێ بوو، کە هۆی ئەو کارەساتە و ئەو قسانەی دوێنێ شەوی ڕۆشن کردەوە لەبەرئەوە چەند بڕیارێکی گورج و گۆڵانەی دەرهێنا.

بەناو هەمولایەکی کۆشک و دەزگاکانی فەرمانڕەوایدا، بۆ گەورە و بچووک بڵاوی کردەوە، کە لەمەودوا، کاروباری نیشتمانەکە، خۆی هەڵی ئەسووڕێنێ.

بەم زووانەیش فەرمانی چاککردنەوەی کاروبار دەرئەکات ئەوانیش کە تا ئێستا کەم تەرخەمییان نوواندوە لە ڕاپەندنی کاروباری گشتیدا، یان چاکەی گشتییان خستۆتە ژێر پێی خۆیانەوە، دەمودەست دەرئەکرێن، ئەم فرمانە هەمولایەک ئەگرێتەوە، چ پیاوەکانی ناو کۆشک و سەرا، چ فەرمانبەرانی دەزگاکانی فەرمانڕەوایی، چ فەرمانبەرانی ئاسایش و ئارامی گشتی، خونکار ئەوەیشی بۆ ئاشکرا کردن کە هەر کەسێ لەم فەرمانانە سەرکێشی بکات، یان دەست بکات بە بەرەنگاری کردنی فەرمانڕەوایی، یاخود لە ڕێگای ڕاست لابدات، هەر سزایەک توندوتیژە ئەوەی ئەدرێتی تەنانەت بەندیخانەی تا سەر و کوشتنیشی تیایە.

چەوسێنەرەوەکانی نەتەوە، نەیان زانی ئەم دەستە کێ لێی وەشاندوون بەڵام پەییان بەوەبرد، کە ئەم دەست وەشاندنە هەر بۆ ئەوانە بۆ کەسی ترنییە.

هەر کەسە لە جێی خۆی دامرکایەوە و بەترس و لەرزەوە دانیشت، سەربەستی و ئازادیی خۆیان بەنرخدار ئەزانی.

ژیانی خۆیشیان بەنرخدارتر ئەزانی لەبەرئەوە فسیان دایەوە و سەریان شۆڕکرد بۆ خونکار، هەر چییەکی پێ بگوتنایە بەقسەیان ئەکرد!...

خونکار فەرمانی دا بەهەموو کاربەدەستەکانی خۆی کە کەسیان لە ماڵی خۆیان نەچنەدەرەوە، خۆیان بەبەندیی بزانن بەڵام کاربەدەستەکانی لە مەبەسی خونکار تێ نەگەیشتن لەگەڵ ئەمەشا دڵە کوتێیان پێ کەوت چونکە دز و درۆزن زوو ترس ئەچێتە دڵیانەوە. خونکار، پیاوێکی سەربەخۆی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە باڵبازەکان ناردە سەر کابرای خاوەن گاڵۆکەزلە، فەرمانی دا ڕاپێچی بکەن بۆلای.

باخەوانە پیرەکە، خۆشی کەوتە دڵیەوە دوایی هەر سەرکەوت و توانی سەرنجی خونکار ڕابکێشێ بۆ سەرخۆی، کە لە گێژاوی سووکی و ڕیسواییدا گێڵی ئەخوارد. باخەوانەکە داوای لە خونکار کرد کە بەتەنیا ببینێ هەرچەند گفتوگۆی لەگەڵ ئەکرد، لە خۆشیانا خۆی پێ نەئەگیرا پێ ئەکەنی، باخەوان هەموو ڕابردوویەکی ژیانی خۆی بۆ خونکار گێڕایەوە ئەوە دیارە کە کەینەوبەینەی حەوت ئارووەکەیشی لەبیرنەچووە بۆ خونکاری بگێڕێتەوە هەروەها ئەو سکاڵایانەیشی لەبیر نەچووەوە کە پێشکەش بەکاربەدەستەکانی ئەکردن و ئەنجامیشیان بەهیچ دەرئەچوو!... دوایی گوتی:

(دوایی، لە گیانی خۆم وەڕس بووم و بڕیارم دا کە کەتنێکی وا گەورە بکەم خونکاری گەورەم پێی وریا ببێتەوە و لە زۆروستەم و بەدکاریی ئەم سەردەمە تێ بگات!...)

باخەوانەکەیش ئامۆژگاریی خونکاری کرد کە دەمودەست دەست بکات بەلێکۆڵینەوەی کاروباری نیشتمانەکە و ئەو سەرگەردانییەی تیایەتی هەرخۆیشی گوێ لە خاوەن سکاڵا و داد و فەریادەکان بگرێ و لێیان بپرسێتەوە هەر خۆیشی جەزرەبە بگەیێنێ بەتاوانبار و بەدکارەکان.

هەر خۆیشی دادپەروەریی بڵاوبکاتەوە بەناو هەمواندا. (ئەندزارایا)یش لەسەر ئەم ئامۆژگارییانە ڕۆیشت بەرێوە.

***

ئەوانەی لە پێش هەموو کەسێکا سکاڵایان پێشکەش کرد دراوسێکانی بێوەژنەکەبوون کە بەهۆی قسەکانی ئەوەوە کە بۆی گێڕابوونەوە، باوەڕیان هێنا بەدادخوازیی خونکار و ڕەوشت پاکیی، پاش ئەوان دۆستەکانی ئەو دراوسێیانە هاتنە پێشەوە، لەگەڵ دراوسێکانی ئەو دۆستانە ئەوانە هەموویان سکاڵایان بردە بەردەم خونکار، لە ناو هەموو خاکەکەدا ئەوە بڵاوبووەوە کە نەتەوە لە توانایدا هەیە سکاڵای خۆی پێشکەش بەخونکار



بکا و مافی خوراوی خۆیشی وەربگرێتەوە، لە هەموولایەکی نیشتمانەکەیشەوە کۆمەڵ کۆمەڵ، سکاڵاکەران هاتنە بەر دەرگای سەرای خونکار، ژمارە سەریان گەیشتە هەزاران.

ئنجا کە لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە تەواوبوو، خونکاریش بۆی دەرکەوت کە کاربەدەستەکانی و فەرمانبەرانی ناو کۆشکەکەی خۆی هەموو تاوانبارن، پەیتا پەیتا بڕیاری سزادان و جەریمەکردن و، جەزرەبە پێگەیاندنی بۆ دەرکردن.

هەرچی کاربەدەستێکی هەبوو لەگەڵ پیاوە گەورەکانی ناو کۆشکەکەیا، هەمووی خستنە بەندیخانەوە و زەوی و سامانەکانیانی داگیرکرد بۆ فەرمانڕەوایی، هەرچی باجێکیش ناڕەوا و نا دروست بوو لەسەر نەتەوەی لابرد.

ئەنجا خونکار کەوتە بیری ئەوەوە کە کێ بخاتە جێگەی سەرۆکی کاربەدەستان!...

لە خۆی پرسی: کابرای خاوەن گالۆکەزلەکە چۆنە بوو ئەو پایەیە؟!... گوایە بۆچ ئەو نەکات بەسەرەکی کاربەدەستان؟!... ئەمانەی کردی و پێشانی دا و ڕێگای بۆ دانا، هەموو بەڵگە نین لەسەر ئەوەی کە کابرا زیرەکە و خاوەن بیروباوەڕ و بڕیارە و تێگەیشتوو و کارگوزارە؟... ئەگەر وای نەکردایە کەتنەکانی کاربەدەستەکان و پیاوە گەورەکانی ناو سەرا دەرئەکەوتن؟... ئەی ئەو نەبوو کە یارمەتیی خونکاری دا لە داد بەشینەوە و ماف پاراستنی زۆر لێکراواندا؟... ئەی هەر ئەویش نەبوو کە لە دواییدا باوەڕی هێنا بەدادپەروەریی خونکار و سەرکەوتنی داد پەروەرییدا؟!.

کابرای خاوەن گاڵۆکەزلە، ئەو ئەرکە گرانەی خستە سەر ئەستۆی خۆی، بەقسەی خونکاری کرد و بوو بەسەرۆکی کاربەدەستان کە گەورەترین پایەی فەرمانڕەوایی بوو لەوکاتەدا، لە دوای خونکاریی وای بەباشتر زانی، کە هەروەک سەردەمی پێشووی خۆی، دەست بداتەوە کار و فرمانی ڕاست و دروست و بەکەڵک هەر سامانێکی ناڕەوا و نا دروستی نەئەکرا بیداتەوە بەخاوەنە ڕاستەقینەکانی خۆیان،... تەرخانی کرد بۆ دروست کردنی پەرستگا یان بۆ (فیشنۆ)ی خوایان، بۆ دامەزراندنی خوێندنگا یان بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی بەناو نەتەوەدا، بۆ بەرهەم هێنانی کانیاو و گەرماوی گشتی و چێشتخانە بۆ گەل.

ئیتر ئەوەندەی پێ نەچوو، نەتەوەی (مەهداپورا) بووژایەوە و کەوتە خۆشی و کامەرانییەوە، بەسایەی خونکارە دادپەروەرەکەیەوە، (ئەندزارایا) و سەرۆکی کاربەدەستانەکەیەوە، باخەوانی کۆنی دڵسۆز و سەر ڕاست و، خاوەنی گاڵۆکەزلەکە.

## ئاوێنە

له کەلەپووری زمانی هیندیی کۆنەوە وەرگیراوە

(ئەمە چیرۆکێکی کورتە، لە کەلەپووری زمانی هیندیی کۆن هەتا بڵێیی شیرین و دڵکێشکەرە. بەبۆنەی لێدانی دوو دڵ و، فڕینی دووگیانی هاوتای یەکترەوە، بەچەند وشەیەکی کورت، قووڵترین هەست و شیرین ترین تاسە و تەزووی دەروون دەرئەبڕێ).

***

کابرای پیرە سەرنجی لەو ڕەشەبا و گێژەڵووکەیە ئەدا، کە لە دەرەوە لەسەر گردەکان بەتوندیی هەڵی کردبوو و وژەی ئەهات و ئەیدا لە لقی دارە حەیزەرانەکان، ئەیدان بەیەکا، دارگوڵە لۆتسە سیس بووەکانی ئەملا و لای پەرستگا کۆنەکەیشی ئەلەراندەوە پاشان گوتی:

(ڕۆڵەکانم... لە ناوچەی (نیپال)[1] لە یەکێک لە دێهاتە دوورە بێ دەنگ و سەنگەکانیدا ژن و مێردێکی لاو، لە سەردەمێکی (زۆر لەمەو پێشدا ئەژیان، کەس ئێستا ناویان نازانێ... ئەو ژن و مێردە کچێکی بچکۆلەیان هەبوو مێردەکە لە چینی (ساموورای) بوو، کە بریتی بوون لە شۆڕە سوارە خانەدانەکانی ئەوسا کە بەشی ژووروروی هیندستان دەمێکی دوورودرێژ لە ژێر دەستیان دابوو بەڵام ئەم پیاوە هەژار بوو لە کێڵگەیەکی بچووکدا کە خۆی بەرهەمی ئەهێنا، ژینێکی مەمرە و مەژیی ئەژیا، ژنە جوانەکەیشی وەک خۆی وابوو، ساویلکە و بەسەزمان بوو، لەناو هەموو کەلوپەلی ماڵەکەیاندا، لە ناو هەموو خانوەکەیاندا، پارچەیەکی جوان و ناوازەت چاوپێ نەئەکەوت کە بۆ مەبەسی ڕازاندنەوە بشێ.

ئافرەتەکە زۆر شەرمن بوو تەنانەت کە ئەکەوتە ناو کۆمەڵێک نەناسیاوانەوە حەزی نەئەکرد کەس بیناسێ...

---

(١) نیپال: وڵاتێکە لە نێوەڕاستی باشووری ئاسیا لە نێوان چین و هیند دایە، پایتەختەکەی (کاتماندۆ)یە، بەرزترین لوتکەی جیهان لێرەدایە بەناوی (ئیڤەرست)، ئاو و هەوایەکی سارد و بەستەڵەکاوی هەیە، بارانی زۆرە، ٦٠٪ی پانتاییەکەی دارستانی چڕوپڕی جوانە کە بریتییە لە درەختی بۆنخۆش و حەیزەران، سامانێکی ئاژەڵی و بەروبوومێکی کشتوکاڵی باشی هەیە، لە ڕێی هیندستانەوە بازرگانییەکانی دەڕوا.



ڕۆژێکیان مێردەکە ناچاربوو بچێتە (یاددو) چونکە جاڕیان دا کە خونکارێکی تازە هاتۆتە سەر تەخت، گەورەی (نیپال)یش ئەبوایە بچوایەتە پایتەخت بۆ ئەوەی هاوبەشی بکات لە ئاهەنگی لەسەر تەخت دانیشتنا بۆ ئەوەی پیرۆزبایی لە خونکاری تازە بکات، ئەو لاوەیش کە کەس ناوی نەئەزانی ئەبوو لەگەڵ ئەودا بچوایەتە پایتەخت...

مێردەکە لە پایتەختدا زۆر نەمایەوە ئەوەی پێ خۆش بوو کە ئاهەنگ و زەماوەندەکان و خۆش ڕابواردنی ناو کۆشکەکە بەجێ بهێڵێ و بگەڕێتەوە ناو گوندە پڕ ئاسایشەکەی خۆی، کە کەوتبووە ناو چاڵ و چۆڵی شاخەکانەوە، بۆ ژنە جوانەکەی و کچەکەیشی هەندێ دیاری لە شارەکەوە بردەوە ماڵێ.

کچە بچکۆڵەکە، بووکە دارینەیەکی پچووک و چەند پارچە شیرینییەکی بەرکەوت ژنەکەیشی ئاوێنەیەکی بەرکەوت، لە زەردە دروست کرابوو، ڕووەکەیشی بەئاوی زیو ڕووکەش کرابوو.

ڕۆڵەکانم، ژنەکە، دیارییەکەی خۆی زۆر لەلا ناوازە و دڵکێشکەر بوو چونکە ئەمە یەکەم ئاوێنە بوو کە گوندی (نیپال) لە مێژووی ژیانی خۆیدا هاتبووە ناویەوە!.

بەڵام ژنەکەی نەی ئەزانی ئاوێنەکە بەکاربهێنێ، بەهەموو ساویلکەیی و بەسەزمانییەکی خۆیەوە ئەی پرسی ئەو ڕووە گەشە، ڕووخۆشە، کێیە لەناو ئاوێنەکەدا ئەیبینێ!.

چونکە ڕۆڵەکانم لە پێش ئەو ڕۆژەدا هێشتا دەموچاوی خۆی نەدیبوو تا بیناسێتەوە، هەتا ئەو ڕۆژەیش دەموچاوی خۆی لە ناو ڕووی شتێکی لووس و بریسکەداردا نەدیبوو، تا تێی بگات.

بەڵام مێردەکە، لە کاتی گەشتوگوزارە زۆرەکانی خۆیدا، زۆرجار چاوی بەئاوێنە کەوتبوو... لەگەڵ ئەوەشا ئەو سەردەمە ئاوێنە زۆرکەم بەکار ئەهێنرا... بەژنەکەی خۆی گوت: چی؟!... تو ئەوەندە ساویلکە و بەسەزمانیت، نازانی خاوەنی ئەم ڕووە جوانە کێیە؟!.

ئەوە ڕووی خۆتە، هەر ئەبوو خۆت ئەوەت بزانیایە کە ڕووی خۆتە!...

ژنەکە لە تاو ناشێتی خۆی شەرم دایگرت. ئیتر لەوە بەولاوە نەی وێرا پرسی لێ بکات، پاش ئەوە ئاوێنەکەی بەنەرمی و شیرینییەکەوە هەڵگرت کەچی هەر لەو باوەڕەیشدا مایەوە کە ئاوێنەکە جادوویەکی سەیری تیایە هەر ئەوەندە تێگەیشت لەو قسانە کە وێنەکەی خۆی لە ناو ئەو ڕووە زیوینە لووسەدا دەرئەکەوێ!...

(ڕۆڵەکانم، چەند ساڵێکی دوورودرێژی بەسەردا چوو، کەچی ژنە، ئاوێنەکەی هەر لە شێوەیەکی نەرم و نیاندا ئەپاراست و ئەشاردەوە، بۆچی؟!. کەس ڕاستی ئەوەی نەئەزانی، دوورنییە هەر لەبەرئەوە بووبێ کە شتی هەرە ساکار و پڕوپووچ، بەسایەی خۆشەویستی و دڵدارییەوە گەورەیی و پیرۆزی و نرخداریی پەیدا ئەکات لەلای دڵدار، بەتایبەتی ئەگەر دیاریی دەستی خۆشەویستیش بووبێ ماوەیەکی زۆری پێ ئەچێ کەچی ڕۆژێکیش دێ دڵدارەکە لە دیاریی خۆشەویستەکەی خۆیدا هەموو واتایەکی خۆشەویستی و دڵسۆزیی و هۆگری ئەبینێ، لەگەڵ ئەوەیشدا دوو دڵ ئەمێنێتەوە لە دەرخستنی دیارییەکەیدا بۆ کەسانی تر چونکە ئەوانە وەک دڵداری دڵ پڕ لە خۆشەویستی و ئاواتە خوازی چاوپێکەوتن سەیری ئەو دیارییە ناکەن.

***

ژنەکە، نەخۆشی و ڕەنگ زەردی...، ئێش و ئازار سەری تێ کرد، هێشتا لە تەمەنی گوڵ دابوو کە گیانی بەخاک سپارد.

بەڵام لە کاتی دوا نەخۆشیدا هەستی بەوە کرد کە ئەمرێ، ئاوێنە خۆشەویستەکەی دەرهێنا و پێشکەشی کچەکەی خۆی کرد و پێی گوت:

(پێویستە بەیانیان و ئێواران تەماشای ئەم ئاوێنەیە بکەیت چونکە دەموچاوی منی تیا ئەبینی، لەبەرئەوە خەفەتم بۆ نەخۆیت)

ئەوەی بەکچەکەی گوت و گیانی دا بەدەستەوە.

***

کچەکەیش لە قسەی دایکی دەرنەچوو، هەموو بەیانیان و ئێوارانێک سەیری ئاوێنەکەی ئەکرد ئەویش وەک دایکەکەی خۆی، ساویلکە و بەسەزمان بوو، کردەوە و ڕەوشت پاک بوو، تەنانەت لە گیان و دەموچاویشدا هەر لەوی ئەکرد!...

لەبەرئەوە کە سەیری ئاوێنەکەی ئەکرد، پەیی بەوە نەئەبرد کە دەموچاوی خۆی و دەموچاوی دایکی خۆی ئەبینێ!... هەموو جارێک گفتوگۆی لەگەڵ وێنەکەدا ئەکرد، بەنەرمونیانی و خۆشەویستییەوە، بەبەزەیی پیاهاتن و ئارەزووی چاوپێکەوتنەوە لە کانگای دڵە پاکەکەیشییەوە کە دڵی کچێکی بچکۆلەی داوێن پاک بوو، بەلایەوە وابوو کە بەڕاستی گفتوگۆ لەگەڵ دایکە خۆشەویستەکەیدا ئەکات.

لەبەرئەوە هیچ شتێکی ئەوەندەی ئەو ئاوێنەیە خۆش نەئەویست... ئاوێنەکەی خۆی!...



زۆری پێ نەچوو، باوکەکە چاوی بەکچە بچکۆلەکەی خۆی کەوت، هەموو ڕۆژێک سەیری ئاوێنەکە ئەکات، هەندێ جاریش گفتوگۆی لەگەڵدا ئەکات! جا کەلێی پرسی بۆچ وا ئەکات کچە بەسەزمانە وەرامی دایەوە پێی گوت:

من دەموچاوی دایکمی تیا ئەبینم، دەموچاویشی گرژ و ڕەنگ زەرد نییە وەک لە نەخۆشییەکەی دواییدا دیبووم. تەنانەت وەک کچێکی جوانی هەرزەکار ئەنوێنێ، هیچ شتێک بۆمن لەوە خۆشترنییە کە بەوجوانی و شەنگ و شۆخییەوە ئەیبینم و هەموو ڕۆژێکیش گفتوگۆی لەگەڵ ئەکەم!...

کە کچەکە وای گوت شۆڕە سواری (نیپال) گریەربووە دڵی باوکێتی، بەزەییەکی زۆری بەکچەکەیدا هاتەوە و خۆشەویستییەکی زۆر پەڕییە دڵیەوە بەرامبەری.

دڵی نەهات ڕاستی ئاوێنەکەی پێ بلێ، چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک و ڕووی تێ کرد گوتی:

ڕاست ئەکەی وایە کچی خۆم، هەر وەک من دایکت لە ڕووە جوانەکەی تۆدا ئەبینم، تۆیش ڕووی دایکت لەو ئاوێنەیەدا ئەبینی!...).

## دەنکە برنج

لە کەلەپووری وێژەی کۆنەوە وەرگیراوە

لە شوێنێک لە شوێنە نەناسراوەکانی دووری خاکی هیندستاندا سەردارێکی لاو ئەژیا ، ناوی (روتیزن)بوو لەگەڵ هەموو کەسێکا هاوخەم و هاوئازار بوو. برینی هەژارانی سارێژ ئەکرد.

فرمێسکی بێ چارانی وشک ئەکردەوە، کامەرانی خۆی هەر لەوەدا ئەدیی کە پیاوەتی بکات و پارە ببەشێتەوە، دڵی هەناسە ساردان بداتەوە و، چاکە لەگەڵ هەمواندا بکات.

چاکەکانی ئەم سەردارە، هەر لەگەڵ دانیشتوانی نیشتمانەکەی خۆیدا نەبوو، ئەو ئەیویست خۆشەویستی و بەزەیی پیا هاتنەوەکەی هەموو دڵێکی بریندار بگرێتەوە لە جیهاندا تەنانەت بەزەیی بەهەموو گیانلەبەرێکیشدا ئەهاتەوە، هەموو گیانلەبەرێکی سەر زەویی، یاخود ناو ئاو، یان ئاسمانی، بەشێکی خۆیان لە دڵە گەورەکەی ئەودا هەبوو. هەرگیز ماوەی بەخۆی نەئەدا کە تۆزێکیش ئازار بەگیانلەبەرێک بگەیێنێ تەنانەت گۆشتی گیانلەبەرانیشی نەئەخوارد، خواردنەکەی هەر لەسەر دانەوێڵە و بەری دارودرەخت و سەوزە و تەڕە بوو.

(روتیزن) گەیشتە تەمەنی ژن هێنان بەڵام هیچ کچە شایەک لە کچە شاکانی خزمی خۆی، هیچ جوانەکچێکیش لە شۆخوشەنگەکانی نەتەوە، ئارەزووی ژن هێنانیان لە دڵیا نەبزواندبوو.

لە کانگای گیانیا ، گوڵێکی چاوبەستکەر هەبوو، پەڕەکانی هێشتا نەکرابوونەوە، پەلکە سەوزەکانیشی بەسەر خونچەکەیا نووسابوو، نە چاوێکی پەریی ڕوو کردبوویەوە، نە لە ژێر هەناسەی دڵداریشدا ئەلەرییەوە... بێ گومان (روتیزن) هەستی بەجوانی ئەکرد بەڵام هەر بەوەندە وازی نەئەهێنا کە خۆشەویستێکی جوانی دەست بکەوێ، یان ڕوویەکی خۆشی بەرچاو بکەوێ، ئەیویست خۆشەویستێکی وایشی دەست بکەوێ، کە بێجگە لە جوانییەکەی، بەداوێن پاکییەکەی و ڕەوشتە شیرینەکەی دڵە ڕاستەکەی و تیلاییە ڕۆشنە چاکە خوازەکانی چاوی و گیان سووکییە ناسکەکەی، چاو بەستی بکا و سەرمەستی بکا و دڵی کێش بکات.

سەردار (روتیزن) دڵی بۆ ژنێک ئەچوو کە دڵی وەک دڵی خۆی بێ، دڵی بخرۆشێ بۆ هەموو مرۆڤێک، خۆشەویستی دڵی پڕشنگ بدات بۆ هەموو کلۆڵ و سەرگەردانێک،



بڕوای هەبوو بەو خوایانەی کە جیهانیان ئەپاراست، لەبەرئەوە، وای ئەهاتە پێش چاو کە ئەو خوایانەن دڵیان وەرگێڕاوە لە خۆشەویستی و دڵداری، بەو مەبەستەی کە لە دوارۆژدا کچێکی جوانی بەدڵی خۆی پێ ببەخشێ و بەمارەکردنییەوە کامەرانییەکی تەواوی دەست کەوێ

***

لەو سەردەمەدا، لە خاکێکی تری دراوسێدا، کە ئەویش هەر پارچەیەک بوو لە هیندستان، کچە شاهێکی جوان ئەژیا ، ناوی (کیوفا ) بوو، کچەکە ئەوەندە ڕەوشت جوان و کردەوە شیرین بوو، ئەوەندە دەموچاو و بەژن و باڵای شۆخ و شەنگ و پڕشنگداربوو، هەر بۆ ئەوە دروست کرابوو کە دڵداری بکات ئەمیش وەک ئەو، بڕوای وابوو، کە ژن و مێردیی کارێکی گرنگ و بایەخدارە، پڕیشە لە تەنگ و چەڵەمە، لەبەرئەوە ژن و مێرد هەرگیز کامەران نابن بەیەکەوە هەتا هەردووکیان هۆگری جوامێریی و چاکە و گەورەیی نەبن ئەمیش وا بڕوای بەخواکان هەبوو، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، مێردێکی بەدڵی خۆی بۆ ئەڕەخسێنی...

بەڵام خونکاری باوکی کچە شا ، هەرچەندەی ئەکرد دڵی بڕوایی نەئەدا، کچەکەی بدا بەکەس... لە هەموو لایەکی جیهانەوە سەرداران داوای دەستی کچەکەیان لە باوکی کردبوو...[١] ڕەوشتی خونکارەکانیش وابوو، کە کچە شاهەکانیان بە سەردارێک ئەدا کە جێ نشینی شا بێ کەواتە ئەبوو کچە شا جوانەکە، کە شووی بکردایە، ماڵی باوکی خۆی بەجێ بهێشتایە و بچوایەتە خاکی ئەو خونکارەوە کە مارەی کردووە.

خونکاریش ئەوە لە توانایدا نەبوو کە کچەکەی لێ جیابێتەوە، لەبەرئەوە بەهەر کلۆجێک بوایە تەگەرەی ئەدا لە خوازبێنییەکانی کچەکەی، جاری وا هەبوو بەرپەرچی ئەدانەوە، جاری وایش هەبوو پەڵپی لێ ئەگرتن کە شتی نەبوو و نە بیستراوی بۆ بکەن کە لە توانای کەسدا نەبوو بیکات!...

هیچ کەسێکیش نەی توانی مەبەستی خونکار پێک بهێنێ، بێجگە لەوە کچە شا خۆیشی، هەرگیز ئەوەی پێشان نەئەدا کە دڵی چووبێت بەیەکێک لەو سەردارانە...

***

سەردار (روتیزن) ویستی گەشتێک بکات بەناو جیهاندا، هەندێ لە گەورە پیاوانی

(١) ڕاستتر: داوای کچەکەیان کردبوو... خوازبێنی کچەکەیان... داخوازی کچەکەیان...

خۆیشی لەگەڵ خۆیدا برد، لەو گەشتە مەبەسی ئەوەبوو کە شارەزای ڕەوشت و خووی نەتەوەکان ببێ، لە چۆنێتی ژیان و بیرکردنەوەیان تێ بگات، خوێندەواریی و تێ گەیشتنی خۆیشی پەرە پێ بدات...

دوورنییە کە خواکانی پارێزگاری بووبن، ئەو گەشت و گوزارەیان خستبێتە دڵیەوە، بۆ ئەوەی بیگەێننە ئەو ئامانجە دوورەی کە خۆیان ئەیانەوێ پێی بگات.

(روتیزن) گەیشتە ئەو خاکەی کە خونکاری باوکی (کیوفا) فەرمانداریی بەسەردا ئەکرد...

لە ڕۆژێکی گەرما، کە هەتاو پیاوی ئەسووتاند، (روتیزن) بەتەنیا لە گوێ کانیاوێکی سازگاری ئاو سارد و ڕوون گیرسایەوە، کە لە نزیک باخەکانی خونکارەوە بوو.

ئەیویست تینوێتی خۆی بشکێنێ بەڵام نە پیاڵەی پێ بوو نە کۆچەڵە، ویستی بەگەڵایەکی گوڵە (لوتس) ئاوەکەی بخواتەوە... شازادە پەیتا پەیتا، ئاوی ئەهێنا بۆ دەمی و ئەیخواردەوە بەڵام کەمی ئەچووە دەمیەوە، ماندوو بووبوو بەدەست ئەو گەڵا سەوزە بچکۆلەیەوە، ئاوەکەی بەباشی و بەتەواوەتی بۆ نەئەخورایەوە، کاتێ کە ئەو لەو ئەرک و ئازارە دابوو، کەنیزەکێکی هەرزەکار بەرەوڕووی هات، مەسینەیەکی گەورەی بەسەر شانەوە بوو. (روتیزن)یش ئاوی ناو گەڵا (لوتس)ەکەی ڕشت و پێی گوت:

– کچە شیرینە جوانەکە، ڕێم ئەدەیت هەندێ ئاو بەو مەسینەیە بخۆمەوە؟

کچەکەیش مەسینەکەی خۆی پڕکرد لە ئاو و دایە دەست شازادە، ئەمیش تینوێتیی خۆی پێ شکاند و دڵی دامرکایەوە. هەرچییەکیشی هاتە سەر دەم لە وشەی ناسک و شیرین، سوپاسی کرد پاشان لێی پرسی:

– ئەتوانم لێت بپرسم ئەم ئاوە بۆ کوێ ئەبەیت؟

– ئەم ئاوەم بۆ شتنی قژی سەری خانمەکەم ئەوێ، کە کچی خونکارە، کچە شایش هاوتای کەمە لە جوانی و چاکیدا. نەتەوە هەمووی خۆشیان ئەوێ، هەر کەسێکیش ئەوەندە بەختیار بێ کە ناسیاویی لەگەڵدا پەیدا بکات، وای لێ دێ ئەیپەرستێ!...

(روتیزن) سوپاسی کەنیزەکە هەرزەکارەکەی کرد... ئەویش بەهەنگاونانێکی لەش سووکانە و ئەسپاییەوە لێی دوورکەوتەوە و ڕۆیشتەوە... یەک تنۆک ئاو لە مەسینەکەی نەڕژا...

***



کە کەنیزەکە کە دەستی کرد بەشوشتنی سەری خانمەکەی خۆی و داهێنانی قژەکانی، پێی گوت:

– چووم ئاو بهێنم لە کانی... بۆ ئەم ئاوە چووم... تەماشام کرد کوڕە شاهێکی بێگانە لە گوێ کانییەکە وەستابوو...

– کوڕە شا بوو؟... چۆنت زانی کە کوڕە شا بوو؟...

– بەسەر و شێوەیدا دیاربوو کە کوڕێکی پایەبڵند بوو بێجگە لەوەیش، جلوبەرگێکی شاهانەی ناوازەی لەبەر دابوو.

قژەکانیشی هەندێ تاڵە زێری تێوە ئاڵاوە، لە گەردنیشیا ملوانکەیەکی مرواریی بێ هاوتا هەبوو، لە دەستەکانیشیا چەند بازنێکی زیوی وردەکاریی کراو هەبوو... ئەمانەیش هەموو نیشانەن بۆ ئەوەی کە لە شازادانە!...

– هیچ لەگەڵتا دووا؟.؟

– داوای قومێک ئاوی لێ کردم کە بەم مەسینەیە بیخواتەوە ئەوەتی هەم تەماشاکردنی وا شیرینم بەچاوی کەسەوە نەدیوە...

کە کەنیزەکەکە قسەی ئەکرد ئاوەکە بەسەر قژی سەری کچە شا دا بەسەر شانەکانیا ئەهاتە خوارەوە...

(کیوفا) هەستی پێ کرد کە لە ناو قژەکانیا شتێکی پچووک هەیە... کە دەستی بۆ درێژکرد و هێنایە دەرەوە ئەموستیلەیەک دەرچوو... ئەویش ئەموستیلەکەی لە ناو مشتی خۆیا شاردەوە و بەکەنیزەکەکەی گوت:

بگەڕێرەوە سەرکانییەکە و دووبارە مەسینەکە پڕ بکەرەوە لە ئاو، سەیرکە بزانە کوڕە شاهە بێگانەکە هەر لە سەرگوێ ئاوەکەیە یان نا؟... ئەگەر لەوێیشە خەریکی چییە؟... ئیتر زوو بەزوو بگەڕێرەوە ئێرە تا لە ئەنجام ئاگاداربم!...

کەنیزەکە هەرزەکارەکەیش گەڕایەوە سەرکانییەکە، بۆ لای (روتیزن) بەڵام شا کچی جوان، کەوتە بیرکردنەوەوە، لە دڵی خۆیدا ئەیگوت:

(بێ گومان ئەم ئەموستیلە بەنرخە هی کوڕە شایە. کە کەنیزەکەکەیشم هاتەوە لام، گوێ لە قسەکانی ئەگرم.

لە قسەکانی ئەویشەوە تێ ئەگەم کە ئاخۆ سەردارەکە بەزۆرزانییەکەوە ئەموستیلەکەی

خۆی فڕێ دابێتە ناو مەسینەی کەنیزەکەکەوە، بۆ ئەمەی سەرنجی من ڕابکێشێتە لای خۆی، یان نا... جا ئەگەر وای کردبوو، ئەوا شووی پێ ناکەم خۆ ئەگەر بەپێچەوانەی ئەوەیشەوە بوو، واتا ئاگای لە خۆی نەبووبوو کە ئەموستیلەکەی کەوتبووە ناو مەسینەکەوە لە کاتی ئاو خواردنەوەدا، ئەوا پێویستە لەسەرم کە ئەم کارەساتە بەنیشانەیەکی خوایی دابینم، موژدەی شووکردن و کامەرانیم ئەداتێ.

***

کەنیزەکەکە ئەوەندەی پێ نەچوو هاتەوە بەکچە شای گوت:

(کە چوومەوە سەر کانییەکە، تەماشام کرد سەردارەکە فرمێسک بەچاویا دێتە خوارەوە، لە ناو گڤوگیاکەیشدا ئەگەڕێ بۆ ئەموستیلەکەی کە چاوی پێم کەوت، پێی گوتم: ئەو ئەموستیلەیە لە هەموو شتێک بەنرخترە لام. چونکە هی دایکمە، کە مرد بەدیاری دایە دەستم...

پاشان لێم پاڕایەوە کە لەگەڵیا بچمەوە سەر سەرچاوەی ئاوەکە و یارمەتیشی بدەم بۆ دۆزینەوەی ئەو ئەموستیلە بەنرخە...

کە شا کچ (کیوفا) ئەو قسانەی لە کەنیزەکەکە بیست دڵی دالەرزیی و خەمێکی گەورە کەوتە دڵیەوە پاشان کەوتە بیرکردنەوەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەگەر ئەم سەردارە دەزگیرانێکی ئازا بوایە، چاوەڕوانیی ئەنجامی فڕوفێڵەکەی خۆی ئەکرد، نە ئەگریا بەمە نە دڵیشی پێی تەنگ ئەبوو.

بەڵام بەپێچەوانەوە، دڵتەنگییەکەی ئەوە ئەبەخشێ کە ئەموستیلەکەی خۆی بەمەبەست نەخستۆتە ناو مەسینەکەوە... منیش وام دێتە پێش چاو، کە هەرچی ڕوویداوە تا ئێستا دەستی خواکانی تیایە!... بەفرمانی سەر شانیشمی ئەزانم کە لەم کارە جوانەدا یارمەتیی خواکان بدەم... ئێستاکەیش دڵم هەست بەخۆشییەکی وا ئەکات کە هەرگیز نەمدیوە بەخۆمەوە... تۆ بڵێی ئەستێرەی دڵداری لە ئاسۆی مندا هەڵهاتبێ؟!...

(کیوفا)، لە ئاواتە بێ دەنگەکەی خۆی، کە پڕبوو لە ژیانێکی پڕ هیوای خۆشی و ڕەنگین، بووەوە بەکەنیزەکەکەی خۆی گوت:

هەر ئێستا بچۆرەوە لای سەردار، ئەم وشانەی لە زمانی منەوە پێ بڵێ: (گەورەی خۆم، لەمە بەولاوە مەگەڕێ بۆ ئەموستیلەکەت هەر کاتێ خونکاری ئەم جێگایە، هاتە سەر ئەوەی بتکات بەزاوای خۆی و کچە شا (کیوفا)ت پێشکەش بکات، ئەو ئەموستیلەیەت



دەست ئەکەوێتەوە، کەواتە هەر لە ئێستاوە خوازبێنیی کچە شا بکە، ئەم چاوپێکەوتنەی منیش لای کەس مەڵێ و ئاشکرای مەکە، تا ئەمێنێ!...)

کەنیزەکەکەیش ئەم کارەی بەتەواویی بردە سەر، خانمەکەی چۆنی پێ گوتبوو، ئەویش بە (روتیزن)ی وا گوت.

(روتیزن)یش، هەروەها، بەلایەوە وابوو کە خواکانی پارێزگاری ئەم کارەساتەیان بۆ کەڵکی ئەو پێک هێناوە، لێ ون بوونی ئەموستیلەکەیش هیچ نییە ئەوە نەبێ کە نیشانەیەکی خواییە، دەروازەی دڵدارییی بۆ ئەخاتە سەرپشت... تا ماوەیەکی درێژیش بەچوارلای کۆشکی شا دا سووڕایەوە، بەهیوای ئەوەبوو کە کچە شای دڵخوازی خۆی بێتە دەرەوە و بیبینێ...

هەر جارە، بەجۆرێک ئەهاتە بەرچاوی... شێوە جوانە خۆشەویستەکەی ئەهێنایە پێش چاوی خۆی... بەژن و باڵا بەرزە ڕێکوپێکەکەی... ئاگری تێ بەربووبوو بۆ بینینی... وای حەز ئەکرد کە لە ناو کەنیزەکەکانیا بیبینێ، بێ گومان لە ناو هەموویاندا ئەیدۆزێتەوە... دوورنییە کە یەکەم ڕێبوار بەو ڕێگایەدا، کچە شاهە جوانەکەی خۆی پێشان بدا...

زۆری پێ نەچوو، کچە شا هاتە دەرەوە... لە ناو کەژاوەیەکی نەرمونۆڵی ئاوریشمی گوڵ ڕەنگدا بوو، دوو بەندەی بەهێز هەڵیان گرتبوو... دەس و پێوەند و کەنیزەکەکانیشی لە دوایەوە ئەڕۆیشتن... (روتیزن)، لە ناویاندا، کەنیزەکە هەرزە کارەکەی ئاشنای دۆزییەوە... لە هەموو لایەکی شینایییەکانەوە، کۆمەڵ، کۆمەڵ، جوتیارەکان ئەهاتنە لای کچە شاهەوە، ڕێزگرتنی خۆیان پێشکەش ئەکرد...

سەردارە بێگانەکە، سەیرێکی (کیوفا)ی کرد... هەرکە چاوی پێکەوت، نیشتە دڵیەوە، کە خواکان ڕۆژی خۆی، خۆی و ئەوی بۆ ژن و مێردیی داناوج... هەموو ژیانی خۆیشی لەپێناو ئەم کچە جوانە ڕەوشت بڵند، پایە گەورەیەدا بەخت ئەکات...

کەژاوەی کچە شا لە پێچوپەنای ڕێگاکەدا شاررایەوە و لە چاو ون بوو تەپوتۆزی پێی جوتیارەکانیش ئەوەندەی تر بەرچاوی (روتیزن) یان گرت ئەویش بەگەشکەدارییەکەوە، لە دوورەوە، هەر سەیری ئەو کۆمەڵە گەورەیەی ئەکرد.

بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی، سەردار و هاوڕێکانی چوونە کن خونکار، لە کۆشکەکەیا، بۆ ئەمەی بیبینن.

خونکاری چاو پێکەوت، (روتیزن)یش ئەوەندە سەر و شێوەی جوان بوو، ئەوەندە

نەژادانە هەڵ کەوتبوو، هەرکە هاتە ناو کۆشکەکەوە ناسرایەوە و لەلایەن هەموو سەرداران و کاربەدەستانەوە پەسەندکرا. تەنانەت خونکار خۆیشی خۆی پێ نەگیرا، دڵخۆشیی خۆی بۆ نەنوێنێ، لە خۆی نزیک خستەوە و بەڕوویەکی خۆشەوە بەرەو پیری هات و چاکوچلۆنیی لەگەڵدا کرد.

چ خونکار، چ پیاوە گەورەکانی ناوکۆشک، هەموویان، بەجوانیی سەردار و شێوەی مەردانەی، بەڕەوشتی شیرین و ڕووە خۆشەکەی، بەزیرەکی و زرنگیی، چاوبەست و سەرمەست و گەشکەداربوون، بەڵام خونکار خەمێکی شارراوە دڵی داگیرکرد چونکە ئەوەی بەبیردا ئەهات کە کچە خۆشەویستەکەی خۆی (کیوفا)، تا سەر لێی جیا ئەبێتەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی:

(ئەوەتی هەم لاوێکی وام نەدیوە کە هاوتای ئەم لاوە بێ، لەوەیش دڵنیام کە کچەکەم ئەم لاوەی بەدڵدا ئەچێ.

لەبەرئەوە ڕێگای نادەمێ ئەم کوڕە ببینێ... بەڵکو چیم لە دەست بێ ئەیکەم بۆ ئەوەی تەگەرە بدەم لە شووی کچەکەم بەم کوڕە تا نەکەومە ئازاری جوێ بوونەوەیەوە...

جا ئەگەر چارەنووس، کە ئەویش بەهێزترە لە مرۆڤ، ویستبێتی کچەکەی من بکات بەهاوسەری ئەم شازادە بێگانەیە، ناهێڵم ئەوەیش پێک بێت تا هەرچیم لە دەست دێ ئەیکەم بۆ ئەمەی تەگەرەی لێ بدەم و دوای بخەم...).

ئنجا خونکار فەرمانی دا زەمیلەیەکی گەورەیان هێنا و پڕیان کرد لە برنج بە(روتیزن)ی گوت:

ئەم زەمیلەیەت ئەدەمە دەست هەروەک چاوت پێ ئەکەوێ دەنکە برنجەکان هەموویان بەجۆرێکی تایبەتی نیشان کراون، ئەم برنجە بەسەر زەویی باخات و کێڵگە و جەنگەڵەکانی دراوسێدا بڵاو ئەکرێتەوە... ئەگەر توانیت سبەینێ برنجەکەم هەمووی بۆ بهێنیتەوە، بەڵێنت ئەدەمێ کە سەرنج لە خواستەکەت ئەدەم.

هەروەک خونکار گوتی برنجەکە بەناو ئەو زەویانەدا بڵاوکرایەوە.

***

(روتیزن)، زەمیلە بۆشەکەی هەڵگرت و گەڕایەوە سەر گوێ کانییەکە... لەوێوە چووە سەر کەڵەبەردێکی بەرز و دانیشت، جارێک سەیری ئاسمانی ئەکرد و جارێکیش سەیری زەوی، بەدەنگێکی خۆشی وەک ساز و ئاوازە گۆرانی ئەگوت:



ئێوە، هەمووتان، چۆلەکەکانی جەنگەڵ و کێڵگەکان، پەرندەکانی ناو ئاسمان، مێروولە یەجگار زۆرەکان، بەسەری (بورەهما) و (بودا) سوێندتان ئەدەم ئێوە کە وەک لە شکرێک وان، کە هەموو جیهانی داگیرکردبێ، تکایشتان لێ ئەکەم، ئەگەر ئەو برنجەی ئێستا بڵاوکراوەتەوە بیخۆن...

مەیش هێڵن تەگەرەی تازە بدرێت لە کامەرانیم... بەڵام ئەگەر پێتان ئەکرێ یارمەتیم بدەن، فەرموون یارمەتیم بدەن!...

پاشان سەری نوشتاندەوە و دەستەکانی گرت بەیەکەوە و ئەم ورتە ورتەیشی لە دەم هاتە دەرەوە:

(ئێوەیش، ئەی ئەو خوایانەی کە پارێزگاریی ئەم نیشتمانە ئەکەن، ئەی خواکانی نیشتمانەکەم... ئەگەر باوەڕتان بەوە هەیە کە ژن و مێردیی کچە شا (کیوفا) و من بۆ نەتەوە باشە، ئەوا لەم کارە گرانەما یارمەتیم بدەن، کارێکی وایش بکەن کە چۆلەکەکان و پەرندەکان و مێروولەکان گوێ لە هاوارم بگرن و فریایشم بکەون...).

ئیتر هەر ئەوەندە (روتیزن) لە پاڕانەوە و گفتگۆکەی بووەوە، جریوە جریوی پڕ بەزم و خۆشی پەیدابوو، بەکلور باڵی پەرندە ئەیدا بەیەکدا لە ناو لقی دارودرەختە نزیکەکاندا... لە ڕاستیدا، خواکان بەهاواریەوە هاتن... جیهانی گیانلەبەرانیش بەدەنگیەوە هات... چۆلەکەکان، جۆر جۆر و پۆل پۆل فریای کەوتن، بەدەندوکە زەردە بچکۆلەکانیان دەنکە برنجیان هەڵ ئەگرت و ئەیان خستە ناو زەمیلە گەورەکەوە... لە هەر شوێنێکی شا دەنکە برنجەکان پرژابوون کۆیان ئەکردەوە و ئەیان هێنا و فڕێیان ئەدایە ناو ئەو زەمیلەگەورەیەوە...

سەردار (روتیزن)یش یەک بەیەک، بەدەمێکی بە پێکەنینەوە سوپاسی ئەکردن و، بەخۆشەویستی و شیرینییەکەوە دەستی ئەهێنا بەباڵ و پشتیاندا...

***

خونکاریش، لە ئەندازە بەدەر سەری سوڕما، کەدیی شاهزادەکە زەمیلەکەی هێناوەتەوە بەهەموو برنجەکەی ناویەوە، بێ ئەمەی دەنکە برنجێکی لێ کەم بکات ئینجا لە دڵی خۆیدا گوتی:

(تەگەرەیەکی تریشم دۆزیوەتەوە، ئەیخەمە ڕێگایی!)(١)

(١) یان: دەیخەمە سەر ڕێگای.

بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی، (روتیزن)ی بانگ کردە سەر کەناری ڕووبارێکی، گەورە کە یەجگار قـوولّ بوو، شەپۆلەکانیشی یەجگار توند و بەهێزبوون، هەندێ لە دەس و پێوەندەکانیش زەمیلە برنجەکەیان دووبارە هەڵگرتەوە و هێنایانە سەر کەناری ئەو ڕووبارەی کە بەتەنیشت دیوارەکانی شارەکەوە ئەڕوات.

خونکار فەرمانی دا بەمفردی[1] یەکە، برنجەکەی ڕشتە ناو ڕووبارەکەوە ئنجا ڕوویشی کردە (روتیزن) و پێی گوت:

(ئەی سەرداری جادووگەر... تا ئەگەینە ئێوارێ ئەم دەنکە برنجانەم لە تۆ ئەوێ... من لە کۆشکەکەمدا چاوەڕوانییت ئەکەم...)

ئەوەی گوت و قاقا دەستی کرد بەپێکەنین ئنجا لەگەڵ هاودەم و هاوڕێکانیا ڕووی کردەوە ماڵی خۆی، سەرداری خەمباریشی لە گوێ ڕووبارەکە بەجێ هێشت.

سەرداریش ئەمجارە، لە ماسییەکان داوای یارمەتی کرد لە (تاروجا)ی خوای ڕووباریش پاڕایەوە، کە فەرمان بدات بەماسییەکان لەو کارە گرانەیدا یارمەتی بدەن.

جا چونکە (روتیزن) دۆستی هەموو جڕ و جانەوەر و گیانلەبەرێک بوو، ماسییەکانیش بەهاواریا گەیشتن و فریای کەوتن، دەنکە برنجەکانیان بۆ کۆکردەوە!...

زەمیلەکە سەر لەنوێ پڕبووەوە لە دەنکە برنجەکان.

(روتیزن)یش هێنایەوە بۆ خونکار بەڵام خونکار دەنکە برنجەکانی هەموو ژماردەوە... تەماشای کرد دەنکێکی کەمە... هیچ گوێی نەدایە ئەرک و ئازار و خەم و خەفەتی (روتیزن)، پێی گوت:

(دەنکێک برنج ماوە، نەت هێناوەتەوە... بچۆ ئەویشم بۆ بهێنەرەوە!...)

سەردار بەناچاریی گەڕایەوە سەر کەناری ڕووبارەکە و هاواری بردەوە بەر ماسییەکان، لە پاش ئەرک و ئازارێکی زۆر، توانی کۆیان بکاتەوە، پێی گوتن:

(دۆستە خۆشەویستەکانم... دەنکە برنجێک دیارنییە، نەتان هێناوەتەوە... تکاتان لێ ئەکەم بگەڕێن بۆی لە ناو لمەکاندا... لە بنی ئاوەکەدا... لە ناو بەردەکاندا... لە ناو گژوگیاکانی ناو ڕووبارەکەدا... دوورنییە، یەکێک لە ماسییەکان، جاری پێشوو، گوێی لە تکا و پاڕانەوەکەی من نەبووێ... چونکە من بڕوا ناکەم ماسییەکی ناپاکی وا هەبێ، کە

(١) ئەم وشەیەمان بۆ ساغ نەکرایەوە... وانووسرابوو.



ئەو دەنکە برنجەی دزیبێ و تا ئێستا لای خۆی دانابێ و پێ لەوە نەنێ... ئەوە بزانن کە کامەرانی من بەندە بەو دەنکە برنجە بچکۆلەیەوە... دەی خێراکەن بۆم بدۆزنەوە و ڕەنجەڕۆ و سەرگەردانم مەکەن!...)

***

ماسییەکان دەستیان کرد بەتەماشاکردنی یەکتری، دەموچاویشیان پڕ لە خەمو خەفەت و سەرسوڕمان بوو، ماسییەکیان تیابوو، خۆی لە دوای هەموویانەوە مات کردبوو، خۆی شاردبووەوە، دەنکە برنجێکی لە ناو دەمیا دانابوو، کە ئەوەی گوێ لێ بوو، دڕی دا بەهاوڕێکانی و ڕێگای بۆ خۆی کردەوە، بەناویاندا ڕۆیشت تا خۆی گەیاندە گوێ ڕووبارەکە، لەوێ دەنکە برنجەکەی دانا ماسییەکە شەرم دایگرتبوو، لە داخانا لوتی خۆی شۆڕکردبوو، باڵەکانی شکاندبووەوە هەر وەک بڵێی: (ئەی سەرداری لاو ببەخشە، کە ئەرک و ئازارم خستە بەرت... من گوناهبارم... ئەم دەنکە برنجەیش، دوا دەنکە کە بۆتی ئەهێنینەوە... بۆیەکا گلم دایەوە لای خۆم، وام زانی هەستم پێ ناکرێ!...) وابوو...

سەرداریش بەشانازییەکەوە گەڕایەوە لای خونکار، دەنکە برنجە پیرۆزەکەی دایەوە دەستی، بۆ دواکەوتنەکەیشی بیانووی بۆ هێنایەوە. سەردار، ئەمەندە شپرزە و ئارەزوومەند و پەرێشان بووبوو، خونکار دڵی پێی سووتا و لە زیرەکی و چالاکیشی سەری سوڕما.

ئیتر کچە شای لە سەراپەردەی ئافرەتانەوە بانگ کردە ئەوێ. کە (روتیزن) چاوی پێکەوت، بەناوی ڕێزگرتنەوە، سەری بۆ چەماندەوە، پاشان سەری پەنجەکانی کچە شای ماچ کرد، کە تەماشای کرد ئەوا ئەموستیلەکەی خۆی لە پەنجەیەکیایە...

خونکاریش بە(روتیزن)ی گوت:

بێگومان خواکان کامەرانی تۆیان ئەوێ. لەبەرئەوە، دەستی کچەکەمت پێ ئەبەخشم، تۆ ئەیشتوانی بچیتەوە خاکی باوکت... چی بکەم فەرمانی چارەنووس بەرپەرچ نادرێتەوە...

چەند ڕۆژێکی پێ چوو، گالیسکەیەکی ناوازەی ڕازاوە، کە چەند ئەسپێکی نایابی ڕەسەن ڕایان ئەکێشا، لە کۆشکی شاهی هاتە دەرەوە و، بەلای کۆشکەکەدا سووڕێکی خوارد و ڕووی کردە سنوور...

کە گەیشتنە سەر کانیاوەکە، گالیسکەکە و هەردوو بووک و زاوا، تاوێک لەوێ وەستان، لە پەنجەرەی گالیسکەکەوە، (روتیزن) سەیرێکی ئەو دەرودەشتە جوانەی کرد... بۆ دوامین جار، ماڵ ئاوایی لە ماسییەکانی و پەڕندەکانی و گیانەکانی و کزەباکان کرد و بەخوای سپاردن.

## دەمەقالێ

لە نووسراوی سێ سەبەتەکەوە وەرگیراوە

لە کۆنا (بوراهما)ییەکان بلّندترین چینەکانی گەلی هیندی بوون، لە هەموو چینێکیش بەدەسەلاتتربوون، تەنیا ئەوان بوون کە دەسەلاتی ئاینییان بەکارئەهێنا، چینە کۆمەلایەتییەکانی تریش ڕێزێکی زۆریان لە (بوراهما)ییەکان ئەگرت.

بۆ سەربەرزیی و دلّ خۆش کردنی ئەوان هەموو جۆرە نان خواردن و ئاهەنگێکیان پێک ئەهێنا، بۆ وێنە ناوی ئەو ئاهەنگە گشتییانە ئەهێنین کە بۆ ڕێزگرتنی ئەوان ئەگێڕران و بەزمانە هیندییەکەی خۆمان (سەمەرە هەدانا)یان پێ ئەگوت.

ڕۆژێک لە ڕۆژان، شاری (دەهرمابورا)، هەموو (بوراهما)ییەکانی ناوچەکەی بانگ کردە ئاهەنگێک لە ئاهەنگەکانی (سەمەرە هەدانا).

***

بەیانییەکەی خۆش بوو، ئاسمان بێ گەرد بوو، ڕۆژ هەلّهاتبوو.

لاوێکی (بوراهما)ییش، بەپەلە ئەڕۆیشت بەڕێدا شانازیی بەجلوبەرگە تازەکانییەوە ئەکرد، کە ئەیویست لە ئاهەنگەکەدا بینوێنێ، هەروەها سەربەرزیی ئەنواند بەو پەتەوە کە نیشانەی چینە پایەبەرزەکەی خۆی بوو.

لە ڕێگادا گەیشت بەلاوێکی (بوراهما)یی، وەک خۆی، ئەویش هەر بۆ ئەو ئاهەنگە ئەچوو.

– ڕۆژباش هاوڕێ خۆشەویستەکەم، بێ گومان تۆیش ئەچیت بۆ ئاهەنگی (سەمەر هەدانا)؟

– بەلّی وایە، هاوڕێ خۆشەویستەکەم حەز ئەکەیت لە گەلّتابم؟

– بێ گومان، حەز ئەکەم لەگەلّتابم...

هەردوو (بوراهما)ییەکان، هەرزەکارانە و گورج و گۆلانە ئەڕۆیشتن بەڕێدا، بەهەلّەداوان ئەڕۆیشتن، بازیان ئەدا.

زۆری پێ نەچوو (بوراهما)ییەکی تریان پێ گەیشت، کە لە پێشیانەوە بوو، ئەو لە هەردووکیان پیرتربوو بەهێواشی ئەڕۆیشت بانگیان کرد: ڕۆژباش هاوڕێ خۆشەویستەکەمان تۆیش ئەچیتە ئاهەنگی (سەمەر هەدانا)؟



– بەلّێ هاوڕێ خۆشەویستەکانم...

– ئارەزوو ئەکەیت لەگەلّماندا بیت؟

– بەلّێ منیش ئارەزوو ئەکەم بەلّام ئەترسم ڕۆیشتنەکەی من ئێوە لە ئاهەنگەکە دوا بخات.

ئیتر بوراهماییەکان هەرسێکیان بەشادمانییەوە ئەڕۆیشتن بەڕێدا، ئەم پێگەیشتنەیان زۆر دلّخۆشی کردن هەروەها بەوەیش دلّخۆش بوون، کە تا ئەگەڕێنەوە بەزمورزم و ئاهەنگیان چاوپێ ئەکەوت.

بەلای دار هەنجیرێکی ناو کێلّگەیەکی تەنشت ڕێگاکەدا ڕۆیشتن، کە تەماشایان کرد ئەوا بوراهماییەکی پیری پەک کەوتە، بەجلێکی شڕوپڕەوە لە بن سێبەرە گەورەکەیدا دانیشتووە.

هەر سێ بوراهماییەکان، لە دلّا سەریان زۆر سوڕما کە ئەم بوراهماییە جلوبەرگی جوان و ناوازەی لە بەرنەکردووە بۆ ئەو ئاهەنگە بەلّام هەرسێکیان لە دلّی خۆیاندا گوتیان، هەندێ بوراهمایی وا هەیە کە دەسکورتە، ئەم پیرە هەژارەیش، سا یان لەبەر دەسکورتییەتی وا بەڕووتی هاتووە بۆ ئەم ئاهەنگە، یاخود هەر خۆی تەرخان کردووە کە بەجلی شڕوپڕەوە بژیی لەگەلّ ئەوەیشا لێی نزیک بوونەوە و، خۆیان لەوە گێل کرد کە جلی شڕوپڕی لەبەردایە و هەناسە ساردانە ئەنوێنێ، هەموویان بەیەک دەنگ پێیان گوت:

– ڕۆژتان باش، هاوڕێ خۆشەویستەکەمان تۆیش نیازت وایە بچیتە ئاهەنگی (سەمەر هەدانا)؟

– منیش وا لە ڕێی خۆمەوەم، بۆ ئەوەێ ئەچم بەلّام شارەکەم دوورە و ڕێگام درێژە لەبەرئەوە هەستم بەهەندێ ماندوێتی کرد بۆیەکا لەبن سێبەری ئەم دارەدا وچانم دا. تاوێکی تر هەلّ ئەستم و ئەچمەوە بەڕێدا...

– ئەی ئارەزوو ناکەیت لەگەلّماندابیت؟

– بێ گومان ئارەزوو ئەکەم.

ئیتر هەرچوار بوراهماییەکان بەتەنیشت یەکەوە کەوتنە ڕێگا.

لەو کاتەدا، ڕۆژ بەرەبەرە بەرز ئەبووەوە بۆ ناو جەرگی ئەسمان لەم بەیانییە جوانەدا، هەندێک لە هەتاوە گەرمە بووژێنەرەوەکەی خۆی پەخشان ئەکرد بەسەر هەمواندا.

***

هەر چوار بوراهماییەکان گەیشتن بەسەربازێک، سەربازەکەیش سەری خۆی بۆ چەماندنەوە و هەردوو دەستی خۆی خستە بان چاوانی و پێی گوت:

(گەورە پایە بڵندەکانم، دڵسۆزیی و نەوازشی خۆمتان پێشکەش ئەکەم!).

هەرچوار بوراهماییەکەیش بەیەک دەنگ وەرامیان دایەوە گوتیان: (خوالێت پیرۆز بکات) ئنجا دەستیان کردەوە بەڕۆیشتن.

پاش ئەوە چاویان کەوت بەبیرێک کە لە نزیک کۆلێتێکەوە بوو، بڕیاریان دا لە تەنیشت ئەو بیرەوە پشوویەک بدەن و تینوێتی خۆیان بشکێنن، لە ژێر سێبەری ئەو دارە سەوزە گەورەیەشدا کە بیرەکەی داپۆشیوە بحەسێنەوە.

بوراهماییە هەرە لاوەکەیان، ویستی گەرماییەک بخاتە ناوگفتوگۆکەیانەوە، کە ئەوەندە خاو بووبووەوە گەیشتبووە ڕادەی باوێشک دانەوە، بەهاوڕێکانی گوت:

– ئەم سەربازەی پێمان گەیشت... بێ گومان پیاوێکی زۆر پاک و خواناس بوو... بەهەموو ڕەنگ، مرۆڤێکی کردەوە شیرین بوو... چاوتان لێ بوو، بەڕووە خۆشەکەیەوە چۆن ڕۆژباشیی لێ کردم؟!.

بوراهماییە لاوەکەی تریش پێی گوت:

– تۆ بەهەڵەدا چوویت. ئەو ڕۆژباشیی لەتۆ نەکرد.

ڕۆژباشیی لە من کرد!...

بوراهماییە بەساڵاچووەکەیش گوتی:

ئێوە هەردووکتان بەهەڵدا چوون ئەو ڕۆژباشیی لە من کرد.

بەڵگەکەیشم ئەوەیە، کە لە کاتی تێپەڕبوونیا، بەجۆرێکی تایبەتی سەیری منی کرد...

لێرەدا بوراهماییە پیرەکە، کە جلە شڕوپڕەکانی لەبەردا بوو گوتی:

– نە ء! نە ء!... ئێوە هەمووتان بەهەڵەدا چوون بیانوویشتان هەیە کە بەهەڵەداچوون چونکە جیهان بینین کاری خۆی ئەکات.

بەهەموو ڕەنگ ڕۆژباشییەکە هەر بۆ من بوو، ئەی کەواتە بۆچی من پێم گوت: (خوالێت پیرۆز بکات)، دیارە ئەگەر ڕۆژ باشییەکەی بەرەو ڕووی من نەکردایە، من وام پێ نە ئەگوت:

لێیان بوو بە دەمەقاڵێ، دەمەقاڵێیەکەیشیان تا ئەهات توندتر ئەبوو، هەردوو بوراهماییە لاوەکان دەنگیان هەڵ ئەبڕیی و ئەیانقیژاند:

– ڕۆژ باشییەکەی بۆ من بوو!



– نە ء! بۆ تۆ نەبوو! بۆ من بوو!...

هەردوو لاوەکە، ڕقیان هەڵسا و لە یەکتر تووڕە بوون:

دەموچاویان سوور هەڵگەڕا، ئاگر لە چاویان ئەباری، هەردووکیان دەستیان بەرز کردەوە، لە دەموچاوی یەکتر بدەن هەموویان خەریکی ئەوە بوون، کە بەلێدانی یەکتر کەینەوبەینەکەیان ببڕێننەوە بوراهماییە پیرەکەیش خۆی فڕێ دابووە ناو ئەو دەمەقاڵێیە توندوتیژەوە. بەڵام لێی پەشیمان بووەوە و وازی هێنا و بێ دەنگ بووەوە، داخی لەوە ئەخوارد کە دەمەقاڵێیەکەیان گەیشتبووە ئەو ڕادەیە کە پڕبوو لە سووکی و ڕیسوایی، لەبەرئەوە دەمودەست پێشنیازێکی پێشکەش کردن، گوتی:

– براکان! بۆچی وا لە یەک تووڕە ئەبن؟ بۆچ وا ئەقیژێنن بەسەریەکا؟ لە هەموو شتێک ئاسانتر ئەوەیە کە بزانین سەربازەکە، ڕۆژباشی لە کاممان کرد ئەوەیش هیچی پێ ناوێ ئەوە نەبێ کە لە سەربازەکە خۆی بپرسین، بزانین ڕۆژباشی لە کاممان کردووە بڕوایش ناکەم، زۆر لێمان دوور کەوتبێتەوە من دڵنیام لەوە، کە ئەگەر ڕامان کرد بەدوایدا، بەزوویی ئەیگەینێ ئەو ساکەیش ڕاستی ڕۆژباشییەکەی پێ دەرئەخەین.

بوراهماییەکانی تریش پێیان گوت:

– ئەم ڕاوێژە دروستە، بام کاری پێ بکەین!

ئیتر هەرچواریان بن سێبەری درەختەکەیان بەجێ هێشت و بەهەڵەداوان بەرەو دوا گەڕانەوە، بەڕاکردن و بەخێرا ڕۆیشتن، ڕۆژە ڕێیەکیان بڕی، پیاوە پیرەکە لە تاو ماندوێتی، هەناسکەبڕکێی پێ گەیشتبوو ئەویش و ئەوانی تریش لە ناو ماندوێتی، خۆ (عرق) لە لەشیان ئەتکا.

سەربازەکە گوێی لە دەنگە دەنگێک بوو لە پشتیەوە کە بەو شێوەیە چاوی پێکەوتن[١] واقی وڕما لەوە پێش هورووژمی شۆڕە سوارانی چاو پێکەوتبوو، چاویشی پێی ڕاهاتبوو. بەڵام، هەرگیز ئەوەی چاو پێنکەوتبوو، کە کۆمەڵێک بوراهمایی هورووژم ببەنە سەری، لەوەیش زۆرتر واقی وڕما کە هورووژمەکە بۆ سەر خۆی بوو ئەو هورووژمە شێتانەیەیش!...

ئنجا کە بوراهماییەکان هەناسەیان گیرسایەوە[٢] و توانییان بێ هەنسکەبڕکێ، گفتوگۆ بکەن، هۆی گەڕانەوەکەی خۆیان بۆ سەربازەکە گێڕایەوە هەر چواریشیان پێکەوە قسەیان

(١) ڕاستتر: چاوی پێیان کەوت.

(٢) یان: هەنسکە بڕکێکەیان گیرسایەوە، نیشتەوە...

ئەکرد قسەیشیان بەیەکتری ئەبڕی!... سەربازەکە ئەرک و ئازارێکی زۆری تووش هات، تا توانی لە ڕاستی کەینەوبەینەکەیان تێ بگات، ئنجا کە مەبەسەکەیانی بۆ ڕوون بووەوە، ئەمەندە لە گیانی خۆی وەڕس بوو، کە هەرگیز لەوەپێش بەخۆیەوە نەدیبوو لە دڵی خۆیدا ئەیگوت: ئەو پیاوە سەر ڕاستە خواناسانە، کەسەری سوڕمابوو لە دەست بەرداربییان لە جیهان، ئەو مەردە ئایینیانە کە باوەڕی بەچاکە خوازیی و خۆ لەبیر چوونەوە و ژیان لە بیرچوونەوەیان هەبوو لە پێناو خواکانیاندا... ئاوا بەم ڕەنگە دەرکەوت، کە ئەوانە هەموو خۆپەرست و خۆپەسەندن، ئەوەندەیش خراپن کە لەسەر کەینەوبەینەیەکی یەجگار پڕوپوچ شەڕ لەگەڵ یەکتردا ئەکەن. هەر ڕێزێکی هەبوو بەرامبەریان، لە پڕ لە دڵیا نەما، بەلایەوە شتێکی خۆش بوو ئەو سەیرە بکات: ئەو دەموچاوە سووڕانە بینێ کە لەبەر ماندووبوون و خوێن گەرمی، خوێنیان تیا زاوە و تنۆک تنۆک خۆ (عرق)یشیان لێ ئەتکێ... دەستی کرد بەبیرکردنەوە، بۆ وەرامێک ئەگەڕا، کە تیز پێکردنیان ئاسان بکات دوایی بیرێکی بەمێشک داهات بەزەردەخەنەیەکەوە پێی گوتی:

– ئەتانەوێ بزانن من ڕۆژباشم لە کێ کرد؟. باشە من پێتان ئەڵێم من ڕۆژباشیم لە یەکێکتان کرد، کە لە هەمووتان شێتترە!...

ئەمجارەیش بەخۆ نوشتاندنەوەیەکی بەتیزەوە ڕۆژباشیی لێ کردنەوە و ملی نایەوە بەرێگای خۆیەوە.

***

ئەم وەرامە، هەرچوار بوراهماییەکانی هێنایە سەرسوڕمان، زۆری پێ نەچوو، یەک بەیەک، هەرچواریان، ئەیگوت:

– لە هەمووتان شێتتر... کەس نییە من نەبم.

ئەمجارە بەتوندوتیژییەکەوە دەستیان کردەوە بەمقۆ مقۆ

– ئەو شێتە منم.

– نە ء! تۆنیت! منم!...

– نە ء! منم!

لەگەڵ ئەوەیشا، خێرا ڕۆیشتنەکەیان و دواکەوتنی سەربازەکە بەو جۆرە ئەرک و ئازارەوە کاری تێ کردبوون و بڕستی بڕیبوون لەبەرئەوە دەمەقاڵێی ئەمجارەیان، دەست و بازووی لە پشتەوە نەبوو، سرەوتی دڵیشی پێوە نەبوو، بوراهماییە هەرە گەورەکەیان ئەم بێ دەنگییە دەمدەمییەی بەهەل زانی، پێشنیازێکی خستە بەردەمیان و گوتی:



– هەر کامێکمان بگری، بڕوای وایە، کە لە سیانەکەی ترمان شێت ترە... چارەکردنی ئەم گیروگرفتەیش ڕۆشن و ئاسانە.

چونکە، بێ گومان من لە هەمووتان شێت ترم... کەینەوبەینەکەیش لەمەدا ئەوە هەڵ ناگرێ، کە دەمەقاڵێی لەسەر بکرێ، یاخود لێک بدرێتەوە و بخرێتەوە سەر بنجوبناوانی خۆی ئەوەیشی پێ ناوێ بەڵگەی لەسەر بهێنرێتەوە لەگەڵ ئەمەیشا کە من باوەڕم بەخۆم و بەڕاستی کەینەوبەینەکەم هەیە، من ئەوەم پێ ناخۆش نییە کە پەناببەینە بەر ناوبژیکەرێک، بێتە ناومانەوە و ڕێکمان بخات، کەواتە بام کەینەوبەینەکەمان بخەینە پێش دەمی کەسێکی تر، ئەمەیش پێشنیازەکەی منە:

پاش دووکات ئەگەینە شارێکی بچکۆلە، کە لە سەرە ڕێگامان دایە بۆ شاری (دەهرمابورا)، ئەم شارەیش کۆڕێکی شارەوانی هەیە، ناوبانگی بەوە دەرکردووە، کە ئەتوانێ بۆ گیروگرفتی هاونیشتمانەکان و کەینەوبەینەکانیان چارە بدۆزێتەوە بام بچینە لای ئەم کۆڕە و چاومان بەسەرۆکەکەی بکەوێ و قسەی لەگەڵ بکەین، بەڵکو بەخۆی و یاریدەدەرەکانییەوە ئەم ئاژاوە و شەڕوشۆڕەمان لە نێواندا ببڕێنیتەوە ئەوساکە هەر کەسەمان کەینەوبەینەی خۆی بۆ ئەوان ئەگێڕێتەوە.

بیروباوەڕی خۆیشی پێشان ئەدا چونکە شێتی بابەتێکی وانییە کە تێگەیشتوانی وەک ئێوە بتوانی تێی بگات.

ئەوانەی کە ئەڵێن شێتین پێویستە بەڵگە بهێننەوە لەسەر ڕاستی قسەکەیان منیش جیهانم زۆر دیوە براکان. کە ئەوانەی بەسەرما هاتوون بیرم ئەکەونەوە، بەزەییم پیاتاندا دێتەوە، لەگەڵ ئەمەشا ئەگەر کەینەوبەینە بخەنە پێش دەم ناوبژیکەرانەوە، ئێوە هیچ زیانێکتان پێ ناگات.

هەر سێ بوراهماییەکانی تریش بەجارێک هەڵیان دایە، گوتیان: (ئەم بیرە بیرێکی ڕاستە، ڕاست لە جگەری ڕاستی داوە!).[(١)]

هەرچواریان باوەڕیان وابوو، ئەگەر ناوبژیکەرێکی بێ لایەنی دەروون پاکیان دەست بکەوێ، وەک ئەندامانی کۆڕی شارەوانی و یاریدەدەرەکانی سەرۆک، کە کەس لەوانە دەروون پاکتر نییە، بێ گومان گرەوەکە ئەو ئەیباتەوە!

(١) ئەم دەستەواژەیە، گۆڕینێکی دەق و بەرامبەری عەرەبییەکەیەتی کە دەڵێ (وأصاب كبد الحقيقه) کە دەکرا بیگۆڕیبایە بە(... و ڕاستی پێکاوە).

هەرچوار ڕێبواری بوراهمایی، گەیشتنە شارە بچکۆلەکە. لە بەختی ئەوان وابوو، کە کۆڕی شارەوانی کۆبووەوە. بەڵام ئەندامەکانی هیچ فرمانێکی وایان لەبەردەستا نەبوو، کە پێوەی خەریک بن هەروەها لەوەیشا بەختیاربوون کە سەرۆکی کۆڕی شارەوانی، پیاوێکی دڵخۆشی ڕووخۆشی سەر بەبەزم و پێکەنین بوو هەر هەڵێکی بۆ هەڵ بکەوتایە بۆ دڵخۆش کردنی خۆی یاخود بۆ دڵخۆش کردنی فەرمانبەران و ژێردەستەکانی خۆی، بەفیڕۆی نەئەدا، بەخۆشی ڕای ئەبوارد لەگەڵیاندا.

ئنجا کە لە کەینەوبەینەی بوراهماییەکان تێ گەیشت، جاڕی دا بەناو شاردا کە کۆڕی شارەوانی کەینەوبەینەیەکی زۆر خۆش و سەیری لەبەردەمدایە، بێ گومان بەکاری دانیشتوانی شار دێ.

کە ئەو جاڕە درا، گاڵتە و پێکەنین هەموو ماڵێک و هەموو کۆڵانێکی ناو شاری گرتەوە و دەنگی ئەدایەوە کەچی هێشتا کەسیش گوێی لە قسەی بوراهماییەکان نەبووبوو.

کۆڕی شارەوانی کۆبووەوە لە دەشتاییە فراوانەکەیدا دانیشتوانی شار ئەوەندە کۆبوونەوە و پاڵیان دا بەیەکەوە، دەرزیت هەڵ بدایە نەئەکەوتە سەر زەوی.

بوراهماییەکانیان هێنایە ناوەوە، سەرۆکی شارەوانی دانیشتبوو، لەگەڵ هەرچوار یاریدەدەرەکانیا کە لەملاو لەولایەوە بوون ئەندامانی کۆڕی شارەوانیش لە پشتیەوە دانیشتبوون سەرۆک هەستا و وتارێکی کورتی دا، بەبۆنەی ئەو کۆبوونەوەیەوە گوتی:

(شانازییەکی زۆر گەورەیە بۆ ئێمە، کە کۆمەڵێکی پایەبڵندی پیرۆزی وەک ئێوە، هاتبنە لامان و ئێمەتان گەورە کردبێ بەوەی کە ناوبژیتان بکەین لە کەینەوبەینەکەتاندا بەڵام لە ڕێگەماندا تەگەرەیەک هەیە، ئەگەر لێم داوا بکرایە کە لە ناو هەموو هاونیشتمانەکانمدا، یان لە ناو هەموو ژێر دەستەکانمدا، شێت ترین کەس هەڵبژێرم، یاخود لە ناو یاریدەدەرەکانمدا کێ زۆر ناشی و گێژوویژ و گوێ درێژە، ئەوە هەڵبژێرم هیچ ئەرک و ئازارێکی ئەوتۆم نەئەهاتە بەر... تەنانەت ئەتوانم، هەر لە ئێستاوە ناویان بهێنم!...

یەکێکیان...... بەڵام ئەم کارە فڕی بەسەر ئێوەوە چییە ؟!...

ئێوە ئاوارەیەکن هاتوونەتە شارەکەمانەوە، نەشارەزان لە هەموو شتێک... ئێمەش هەموومان ئێوە ناناسین کەواتە پێویستە هەریەکەتان گرنگترین کارەساتی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە کە پاڵەوانەکەی خۆی بووبێ، بڕوایشی وابێ کە ئەوە بەڵگەیە بۆ شێتێتییە گەورەکەی!... ئێوەیش مافتان هەیە بەسەر ئێمەوە، کە گوێتان لێ بگرین و بەدڵ هۆشمان لە قسەکانتان بێ چونکە کەینەوبەینەکەتان گرنگە و لەوانەیشە کە ئەنجامی کاریگەری لێ



پەیدابێ پاش ئەوە ئێمەیش بڕیاری ئەوە ئەدەین کە کامتان مافتان هەیە ڕۆژباشی سەربازەکەی پێ ببڕێ، کەواتە کامتان دەست ئەکات بەقسەکردن؟...

بوراهماییە هەرە بچوکەکەیان بەتەمەن، دەنگی هەڵبڕی و گوتی:

– من.

– کەواتە تۆ قسە بکە.

ئیتر بام هەموولایەک بێ دەنگ بێ، کەس قسە نەکات!

پێویستە هەندێ ڕاستی و ڕەوشت و خووی کۆنی هیندییەکان ناو بەرین، تا بتوانین لە چیرۆکی بوراهماییەکەی یەکەم تێ بگەین، هەندێ لەو ڕەوشت و خووانە تا ئەم دواییەیش مابوون و پێڕەوییان ئەکرا لە هەندێ ناوچەدا، کە هۆگری ئەو ڕەوشت و خووانەبوون، شوونەکردنی کچانیان بەشوورەیی دائەنا بۆ ماڵی باوک و کەسوکارەکانیان.

ئەوەیش لەوانەبوو، کە لەوە پاش گیانی ناپاک بچێتە لەشیانەوە، یان بکەونە ژیانێکی ترەوە کە لە ژیانی ئێستایان خراپتربێ ئەمەیش بەشێکە لە ئایینی ئێمە، لە بابەت، گیان هاتنە ناو لەشەوە و، کەسایەتی گۆڕینەوە[١] لەبەرئەوە ئەبوو کەسوکاری کچەکان، زوو بەزوو، کچەکانیان بدەن بەشوو، بەڵام لە تەنگ ترین سنووری چینی کۆمەڵایەتی خۆیاندا و گەورەترین سنووری خێزانی خۆیاندا.

ئەمەیش، بەزۆریی وابوو، کە ماوەی هەڵبژاردنی کەم ئەکردەوە، بەگرانیش پێک ئەهات، یان هەر پێک نەئەهات.

بێجگە لەم گیروگرفتەیش ئەوە هەبوو کە خێزانەکەی بەدووی شتی تریشدا ئەگەڕان وەک سامان و تەمەن و جوانی.

هەر ئەوەندەی کچەکە لە دایک بوایە، باوکەکەی بۆ یەکێک ئەگەڕا کە بیکات بەمێردی، لە سنووری چینی کۆمەڵایەتی خۆیدا.

کە تەمەنی کچەکەیش ئەگەیشتە پێنج یاخود شەشساڵی، کاروباری شووکردنەکەی ئاشکرا ئەکرا، زۆرجاری وا هەبوو، بێگانەکان لەوە زۆر سەریان سوڕئەما کە ئەیان دیی دەستەی بووک و زاوا کۆئەبوونەوە و ئەڕۆیشتن بەڕێگادا، کەچی کچێکی بچکۆلەیش ئەڕۆیشت بەلایاندا و بەسەیرکردنی ئاهەنگی شووکردنەکەی خۆیەوە کاتێکی خۆشی بەسەر ئەبرد، وەک لە یارییەکی خۆشدا یاری بکات وابوو!...

(١) گیان هاتنە ناو لەش و کەسایەتی گۆڕینەوە: (التناسخ و تقمص الشخصية).

لەدوای برِانەوەی ئاهەنگی مارەکردنی کچەکە، کچەکە هەر لە ماڵی باوکی خۆیدا ئەمایەوە، کە مەمکەکانی پێ ئەگەیشت و خۆیشی ئەگەیشتە هەرِەتی کچێنی، مێردەکەی لەوە ئاگادار ئەکرا... ئەمیش خزمی هەرە نزیکی خۆی ئەناردە ماڵی باوکی کچەکە، کچەکەیان ئەگواستەوە بۆ ماڵی مێردەکەی خۆی.

***

بوراهماییە لاوەکە، لەبەردەم کۆرِی شارەوانی، ئەو شارە بچکۆلەیەدا وەستا و گوتی:

– هەشت ساڵ لەمەوپێش کچێکم مارەکرد، کە ماڵی باوکی رِۆژە رِێیەک لە شاری ئێمەوە دوورە، خێزانی کچەکە زۆر دەوڵەمەندبوون، سایە و پایەیان گەورەبوو.

زۆر بەجوانی ژنەکەمیان پەروەردە ئەکرد بەڵام بەژیانێکی خۆش و رِەوان و ئاسانەوە رِایان ئەهێنا، کەلەوە پاش لەگەڵ پیشە ئاینییەکەی مندا رِێک نەکەوت.

ژنەکەم، کە لەگەڵ ماڵی باوکیا بوو، لە کۆشکێکا ئەژیا کە لە زستاندا هەموو کون و قوژبنێکی گەرم رِائەگیرا، لە هاوینیشدا کزەبای فێنک و خۆش شنەی ئەکرد بەناویا، کەیش بچوایە دەرەوە بۆ گەرِان لە ناو باخەکەیاندا بەپێی رِووتی، بەپێ بچکۆلەکانی خۆی ئەگەرِا بەسەر لمە زیوینیە وردەکانیا.

کاتێ کە ئاگاداریان کردم کچەکە گەورەبووە و پێ گەیشتووە و ئەیشتوانم بیگوێزمەوە بۆ ماڵی خۆم، بۆم رِێک نەوکەت کەسێک لە کەس و کاری خۆم بنێرم بیگوێزێتەوە و لەگەڵ خۆیدا بیهێنێ چونکە باوکم لە دەمێکەوە مردبوو، دایکیشم لە ناو جێگادا کەوتبوو، بەئێش و ئازاری نەخۆشییەوە ئەیناڵاند، کە وای لێ هات، ناچاربووم خۆم بچم بەدووی ژنەکەما بیگوێزمەوە بۆ ماڵەوە.

بەڵام دایکم ئامۆژگارییەکی زۆری کردم، کە نەکەم ئازاری دڵی ژنەکەم یاخود کەسوکاری ژنەکەم بدەم.

مامم و ژنەکەی مێواندارییەکی زۆر باشیان کردم بۆ سەربەرزیی من، نانێکی گەورە و نایابیان کرد بۆ مێوان، لە پاش چەند رِۆژێک لە ماڵی خەزورانم جوێ بوومەوە و رِووم کردەوە شارەکەی خۆم.

کەشەکەی هاوین بوو، یەجگار گەرم بوو رِۆژیش بەهەتاوە گەرمەکەی کە وەک گرِی ئاگر وابوو، سروشتی ئەسووتاند، گەڵای درەختەکانی وشک کردبوو، سوور هەڵگەرِابوون، ئەو گیایانەیش کە بەسەر بەردە رِەشە رِووتەکانەوە رِووابوون، هەموو سووتابوون، دەشتاییەکەیش هەروەک ئاگردان، گرِی سەندبوو پیاوی ئەبرژاند.



ژنەکەیشم، هەر توانی دوو رِۆژە رِێ لەگەڵما ببرِێ ئیتر وای لێ هات، ئەو گرِەبایەی بۆ هەناسە نە ئەدرا پاشان دەستی کرد بەئاه و ناڵە لە دەست ئەو لمە گەرمە، کە پێیە رِووتە بچکۆلەکانی ئەبرژاند و ئازاری ئەدا. وەک دەنکە مرواری، فرمێسک بەسەر کوڵمەکانیا ئەهاتە خوارەوە.

ئیتر لە پاش چوار کاتە رِێ، بەئاشکرا گوتی، ناتوانم لەوە بەولاوە هەنگاوێک بنێم، خۆی دا بەسەر زەویدا و نەیویست رِاست ببێتەوە بەگریانیشەوە پێی گوتم: مردنی پێ باشترە لەوەی کە بەناو ئەو دەشتە گەرمە کاکی بەکاکییەدا برِوا.

منیش بەخەم و پەژارەوە لە تەنشت ژنەکەمەوە، بەشڵەژاوی دانیشتم، هەرچەند لێی پارِامەوە کەتۆزێک ئارام بگرێ و هۆشی بێنێتەوە سەرخۆی، کاری نەکرد هەر لەسەر گریانی خۆی رِۆیشت و ئەیگوتەوە: مردنی پێ باشترە لەوەی کە بەناو ئەو دەشتە چۆڵ و هۆڵە گەرمەدا برِوا. لەو کاتەدا بازرگانێکی خاوەن کاروان رِۆیشت بەوێدا، پیاوێکی لەسەرخۆ بوو بەجلوبەرگەکانی و دەس و پەنجەکانیا دیاربوو کە زۆر دەوڵەمەند بوو، گەلەگایەکی پەنجا سەریی لێ ئەخورِێی، هەموویان بەبابەت و کەلوپەلی بەنرخ بارکرابوون.

هەر ئەوەندە ئێمەی چاو پێکەوت وەستا منیش ئەوەم لێ داواکرد کە چارەیەکمان بۆ بدۆزێتەوە، لەوداماوی و سەرگەردانییە رِزگارمان ببێ ئەویش هەندێک بیری کردەوە ئنجا گوتی:

هاورِێکەم، تۆ کەوتوویتە بارێکی واوە کە خەریکیت وەرِس ببیت لە ژیانی خۆت چونکە ژنەکەت لەوانەیە لەناو بچێ و مەرگ بیگرێتە باوەش بێ گومان کەس و کارەکەی بەدناوت ئەکەن بەکوشتنی، کەواتە هەروا باشە بیدەیتە دەست من منیش سواری چاکترین گای ئەکەم لەم گایانەی لەبەرچاوتان، ژیانیشی ئەکەم بە بەهەشت!...[١]

ئەوەی گوت و سەیرێکی ژنەکەیشمی کرد، کە ئەویش بێ باکانە سەیری منی ئەکرد پاشان رِووی تێ کردمەوە و دەستی کردەوە بەقسە شیرینە بڵندەکانی خۆی، گوتی:

بێ گومان تۆ ژنەکەت لە دەست ئەچێ هەر چۆنێکی لێک بدەیتەوە، ئەو زیانەت لێ ئەکەوێ، بۆ تۆ هەروا چاکترە کە کامەرانی بەم کچە بەسەزمانە ببەخشیت، منیش خەریک بووم ئەچوومە سەر قسەکەی ئەو کە ئەویش هەستی بەوەکرد، گوتی:

(تۆیش پێویستە هەر ئێستا بیر و برِیاری خۆت بنوێنی چونکە ناتوانم بوەستم، ئەبێ

(١) رِاستتر: ژیانیشی وەک بەهەشت لێ ئەکەم.

هەر ئێستا بڕۆم.). ئەوەی گوت و ئاوڕی دایەوە لە ژنەکەم، سەرنجی ئەدا لە لەش و لار و بەژن و بالآ و دەموچاوی، سەرنجی ئەدا لە جلەکانی ئنجا وەک پیاوێکی ئاگاداری شارەزا پێی گوتم:

(من لە نرخی خشڵ ئەزانم، خشڵەکانی ژنەکەت هەر بیست پارچە زێڕ ئەهێنێ، ها بگرە ئەوە پەنجا پارچە زێر).

پێش ئەمەی ورتەیەکم لەدەم بێتە دەرێ، دەسی کرد بەبەر باخەڵەکەیا توورەکەیەکی لێ دەرهێنا، ئنجا پەنجا پارچە زێڕی بۆ دەرهێنام و دایە دەستم منیش لە توانامدا نەبوو لێی وەرنەگرم ئیتر ژنەکەمی هەڵگرت و خستیە سەر بەهێزترین گا، لە گاکانی خۆی و بردی لەگەڵ خۆی بەرێگادا...

منیش بەدڵێکی خۆشەوە گەڕامەوە ماڵەوە بەڵام لە گەرمەکان هەموو پێمیان برژاندبوو، دایکیشم بەگلاراوییە کەوە لێی پرسیم:

– ژنەکەت کوا؟

منیش چیرۆکەکەی خۆم بۆ گێڕایەوە، کە گەیشتمە سەر ئەوەی ناوی پەنجا پارچە زێڕەکەی بۆ ببەم، بەدەنگێکی بەرزەوە پێم گوت: دایەگیان سەیری ئەم سامانە بکە کە دەستم کەوتووە!... پەنجا پارچە زێرە!. ئەویش سامانێکە بۆ خۆی!!.

جا چونکە دایکم پارە پەرست و دەست قوچاوبوو، من لام وابوو هەر کەوای پێ بلێیم لە خۆشیانا گەشکەدار ئەبێ کەچی وا دەرنەچوو!... هەرکە ئەوەی لێ بیستم، خوێن لە دەمارەکانی لەشیا گڕی سەند و هاتە سەریەوە بەهەموو هێز و هەڕەتێکی خۆیەوە لێم تووڕە بوو و قیژاندی بەسەرما، گوتی:

هەی کلۆڵی هەناسە سارد!... تۆ هەر گەوج دەرنەچوویت... سەر شۆڕیش دەرچوویت!... تۆ ژنەکەی خۆتت فرۆشتووە!...

(ژنی بوراهماییەکی پایە بڵند و نەژاد!. ژنەکەی خۆت فرۆشتووە بەبازرگانێک!... ئەگەر شێت نەبوویتایە و هۆشت بەخۆت بوایە، کردەوەی وات لێ نە ئەوەشایەوە!).

منیش، دەمم نەبەسترا وەرامی بدەمەوە، پێم گوت:

– ئەی ئەگەر وام نەکردایە، چیم لە دەست ئەهات بیکەم؟!

ئەویش بەتووڕەییەکەوە بەسەریا قیژاندم گوتی:

(نازانم لەسەریشم پێویست نییە کە بزانم تۆ ئەتوانی گایەک لە گایەکانی ئەو بازرگانە بەکرێ بگریت و ئەو کچە بەسەزمانە کلۆڵەی لەسەر سوار بکەیت یان چاوەڕوانی



ڕێبوارانی ترت بکردایە، کە لەو بازرگانە سەربەرزتر و کردەوە جوان تر بوونایە یاخود بوەستایتایە لەوێ تا شەو دائەهات ئەوسا دەشتەکە فێنک ئەبوو و ئەتتوانی بەئاسانی بێیتەوە ماڵێ، ئەتوانی ئەوە نەکەیت کە کردووتە و هەموو شتێکی تر بکەیت و خۆت ڕزگار بکەیت... بەڵام تۆ شێتیت.

بیانووەکەت هەر شێتییە و هیچی تر ئەگینا بۆ چ وات ئەکرد؟!.

کە ماڵی خەزورانم ئەوەیان بیستەوە، سکاڵایان بردە بەر سەرۆکانی چینەکەمان ئەوانیش بڕیاریان دا بەسەرما، کە دوو سەد پارچە زێڕ جەریمە بدەم، بەش بڕاویشیان کردم لە ژن هێنان، هەڕەشەیشیان لێ کردم ئەگەر جارێکی تر ژن بهێنمەوە، لە چینەکەی خۆیان ئەمکەنە دەرەوە، بەم جۆرە تاماوم لە ژیاندا، چێشکەی ژن هێنان ناکەمەوە.

توخوا بەلای ئێوەوە من شێت نیم؟!....

یاریدەدەری یەکەمیش، خۆی پێ نەگیرا، گوتی:

– نازانم، کێ ئەبێ لەم کلۆڵە شێت تر بێ؟!... من پێشنیازم وایە کە هەر لە ئێستاوە سەرکەوتنی لە گرەوەکەدا ئاشکرا بکەین.

سەرۆکی کۆڕی شارەوانیش گوتی:

– جارێ بام بزانین.

ئەمجارە، نۆرە قسەی بوراهماییە لاوەکەی تر بوو!.

بوراهماییە لاوەکەی تریش دەستی کرد بەقسەکردن، گوتی:

(منیش، هەڵ ئەگرم، پاش ناوی (شێت) وەرگرم ئەویش بەهۆی ژنەکەمەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان بانگ کرامە ئاهەنگێک لە ئاهەنگەکانی (سەمەر هەدانا)، هەر وەکو ئیمرۆ منیش خووم بەوەوە گرتبوو کە بەجلوبەرگێکی ڕێکوپێکەوە بچمە ئەو ئاهەنگانەوە، سەرتاشێکم بانگ کردە ماڵەوە سەرم بەگوێزان بتاشێ، کە لە سەرتاشینەکەم بووەوە، بەژنەکەمم گوت، فلسێکی بداتێ ئەویش بەهەڵە دووفلسی دایە منیش بەسەرتاشەکەم گوت، فلسەکەی ترم بداتەوە بەڵام بیانووی وا هێنایەوە کە پارە لە گیرفانیا نییە.

گوتیشی: من فلسێکی تۆم لەسەر ماوە، لەبەرئەوە هەموو قژی ژنەکەت ئەبڕم و سەریشی بەگوێزان ئەتاشم.

منیش پێم گوت باشە، بیکە[١] بەڵام ژنەکەم هەرای کرد و دەربازبوو منیش بەپڕتاو ڕام

(١) یان: باشە وابکە.

کرد بەدوویا، دوایی گرتم و هێنامەوە لای سەرتاشەکە هەردوو دەستم گرت و لە جووڵەم خست بۆ ئەمەی سەرتاشەکە بتوانێ سەرەکەی بەتەواوەتی بتاشێ.

بەم ڕەنگە، ئەو هەموو قژە جوانەی بەتاکە فلسێک لەسەری کردەوە!... ژنەکەم لەم کردەوەیەم یەجگار وەڕس بوو یەجگار دڵی شکا چارۆکەیەکی دا بەسەرخۆیا و چووە ژوورەکەی خۆیەوە بڕیاریشی دا تا ئەمرێ لەو ژووره نەیەتە دەرەوە.

بەڵام سەرتاشەکە، لە بازاڕێکدا بەدایکی گەیشتبوو، ئەو کەینەوبەینەیەی بۆ گێڕابووەوە.

دایکی ژنەکەیشم(۲) ئافرەتێکی دڕ و هاروهاج بوو، لە پڕ هوروژمی هێنایە سەرمان و قیژاندی بەسەرمانا، گوتی: (هیچ هەبوو لە ئارادا، کە تۆ ژنەکەی خۆت بەم جۆرە ڕیسوا بکەیت؟!...)

منیش گوتم: (نەء. چونکە ژنەکەم هەتا بڵێیی لە ڕەوشت و کردەوەدا پاک و خاوێن و تەواوە بەڵام من ئەمەم بۆیەکا کرد، کە پارەکەم بەفیڕۆ نەڕوات) ئەویش پێی گوتم: (تۆ شێتی، پێویستە پێوەند بخەنە پێت!...).

ماڵی خەزوورانەکەیشم، کچەکەی خۆیان بردەوە بۆ ماڵی خۆیان.

– کەواتە بڕواتان وانییە، ڕۆژباشی سەربازەکە هەر بۆ من بووبێ؟

ئەوانەی لەوێ بوون، هەموو لە پێکەنیندا پچڕان.

یاریدەدەرەکەی دووەمیش گوتی:

– من نازانم، کێ ئەبێ لەم پیاوە شێت تر بێ؟!...

پێشنیازم وایە کە ئەم بەسەرکەوتوو دابنێین.

سەرۆکی شارەوانیش گوتی:

بام چاوەڕوان بین، چی تر ئەگوترێ.

***

ئنجا بوراهماییە بەساڵاچووەکە دەستی کرد بەقسەکردن، گوتی:

ناوم «ئاناندنیا»یە ناوبانگیشم لە ناو هەمووواندا وایە، کە پێم ئەڵێن: «ئاناندنیای کاهو» بەڵام بۆچ ناوی کاهویان بەناوەکەمەوە نووساندووە؟ هەر ئێستا ئەمەتان بۆ ڕوون ئەکەمەوە.

(۲) خەسووەکەشم.



لە پێش دە ساڵدا ژنم هێنا، لەگەڵ ژنەکەیشما ڕێک بووم لەگەڵ ئەوەیشا بەچەشنی هەموو ژن و مێردێک، جاربەجار دەمەقاڵێمان ئەبوو، جاربەجار ئەشچووین بەگژیەکدا، ئەمەیش لە هەموو ماڵێکدا پەیدا ئەبێ و ڕووئەدا. ڕۆژێکیان لە پاش دەمەقاڵێیەکی دووروودرێژ، چوین بەگژیەکدا ئەوەیش لەسەر ئەوە بوو کە: (ئایا پیاو زۆرتر چەنە بازیی ئەتوانێ بکات، یان ژن؟...).

چەند کاتێکی دووروودرێژ، لەسەریەک قسەم بۆ کرد و بەڵگەم بۆ هێنایەوە کە پیاو بێ دەنگن و کەم دوون و حەز لە قسەی کورت ئەکەن، هیچ کەڵکی نەبوو نەهاتیشە سەر قسەکەم.

منیش پێشنیارێکم پێشان دا، کە ئەم گێرەو کێشەیەمان بەهۆی تاقیکردنەوەیەکی خۆمانەوە ببڕێتەوە پێم گوت: (بام هەردووکمان ڕاکشێین و بێ دەنگ بین، بزانین کاممان خۆی پێ ناگیرێ و لە پێشدا دەست ئەکات بەقسەکردن).

ئەویش گوتی: باشە بەڵام ئەوی گرەوەکە ئەباتەوە چی وەرئەگرێ؟

منیش پێم گوت: پاداشەکە، بام گەڵا کاهویەک بێ. ئەوە نیشانەیەکە بۆ پاداش.

ئەویش گوتی: (باشە واڕێک کەوتین لەسەر گەڵا کاهویەک!) هەر وەک بڕیارمان دابوو، ڕاکشاین و بێ دەنگ بووین لە بەیانی ڕۆژی دواییدا، هەڵ نەستاین لە خەو، چونکە هەردووکمان لەوە ئەترسین کە قسە بکەین و گرەوەکە بدۆڕێنین، دراوسێی وایشمان هەبوو خۆشیان ئەویستین بێ گومان کە ئەو ڕۆژە سەرنجیان دابوو ئێمە دیارنین، کەوتبوونە پەژارەوە، لە پێشدا بەهێواشی لە دەرگایان دا پاشان بەقایم لێیان دا نە من ویستم وەرامیان بدەمەوە نە ژنەکەم دراوسێکان هەموو قیژاندیان گوتیان: مردوون! پێویستە لە خۆمانەوە بچینە ژوورەوە، بۆ ئەمەی هۆی مردنیان بزانین.

ئنجا دراوسێکانمان دارتاشێکی شارەزایان هێنا و دەرگاکەیان پێ شکاند و دەنگی مردنەکە بەناو شاردا بڵاوبووەوە.

دانیشتوانی شاریش هەمووهاتن و لە لای خانووەکەمانەوە کۆبوونەوە، کۆبوونەوەکەیشیان ئەمەندە چڕوپڕبوو، باڵباز ناچاربوون هاتنە ناویانەوە، بۆ ئەمەی یاسا بپارێزن لە بەر دەرگاکەدا.

ئنجا دراوسێکانمان هاتنە ژوورەکەمانەوە، کە زانییان هێشتا زیندووین، بەخەبەرین و ورتە لە دەممانەوە نایەت، سەریان زۆر سوڕما، ئێمەیش هەر بەبێ دەنگی ماینەوە،

هەندێکیان چوون دایکمان بانگ کەتە لامان ئەویش بەهەڵەداوان هات و چووە ناو دراوسێکانەوە هەموویشیان بڕیاریان دا کە ئێمە بەجادوو دەستمان لێ وەشێنراوە، هەرگیز چاک نابینەوە تا جادووگەرێکی شارەزا چارمان نەکات، یەکێک لە دراوسێکانمان جادووگەرێکی لەو جادووگەرانە ئەناسی.

کە هێنایانە سەرمان زۆر بەووردی پشکنیمی و لێکۆڵینەوەیەکی زۆریشی لێ کردم. دەستی دا لە دەمارەکانم و تەماشای زمانمی کرد، باڵەکان و ڕانەکانیشمی گوشیم، چی لە من کرد لە ژنەکەیشمی کرد پاشان هەڵسایە سەرپێ و گوتی تا سەد لیرەی زێڕم نەدەنێ چاکتان ناکەمەوە، لەو کاتەدا کە دایکم ڕاوێژی بەدراوسێکانمان ئەکرد لە بابەت پەیداکردنی ئەو پارەیەوە، یەکێک لە دۆستەکانمان گەیشتە ئەوێ.

دۆستەکەمان خۆی پزیشکێکی بەناوبانگ بوو گوتی من خەریک ئەبم لەگەڵیاندا، تا چاکیان ئەکەمەوە بەڵام ئەگەر لە چاککردنەوەیاندا سەرنەکەوتم ئەوساکە ئارەزووی خۆتانە ئەتوانن پەنا ببەنە بەر جادووگەریی.

ئنجا ئاگردانێکی هێنا و پڕی کرد لە پشکۆ، ئاگری بڵێسەدار شیشە زێڕێکی خستە ناویەوە تا سووربووەوە ئەو ساکە شیشەکەی بەگازێک هەڵگرت و هێنایە نزیک لەشمەوە، دای لە چەناگە و پێیەکانم و ڕانەکانم، دای لە سکم و سنگم و شانەکانم، تەنانەت لە تەوقەسەریشمی خشاند... منیش بەئارامێکی مەردانەوە بەرگەی ئەو ئازارانەم ئەگرت بەلایشمەوە وابوو کە ئەو ئەرک و ئازارە لە پێناو کەینەوبەینەیەکی بەرز و پیرۆزدا ئەچێژم ئەگەر بێتو تیا سەرکەوم و وەک هەموو پیاوان تیا سەرکەوتبن وەهایە، هەزار مردنم پێ باشتربوو لەوەی کە ئەو گرەوە بدۆڕێنم کە پزیشکەکەیش گوتی: (لە دۆزینەوەی نەخۆشییەکەیاندا هەڵەم کرد و، بەمن چاک ناکرێنەوە) زۆرم پێ خۆش بوو.

بەڵام ئەمجارە ویستی ڕاستی قسەکەی خۆی تاقی بکاتەوە لەبەرئەوە دەستێکی کێشا بۆ ژنەکەم. شیشە زێڕەکەی لێ نزیک خستەوە، شیشەکە وا سووربووبووەوە پڕشنگی ئەدا بەڵام ژنەکەم لەوە تۆقی، دەست بەجێ قیژاندی و گوتی: بەسیەتی! گرەوەکەم دۆڕاند، مێردەکەم گەلا کاهووەکەی بردەوە!... هەرچی لەوێ دابوو لە کەینەوبەینەکە تێگەیشت، دایکم و دۆستەکانیشم چوو بەدڵیاندا کە من شێت بووم ئەگینا ئەگەر شێت نەبم، چۆن دانیشتوانی ئەو شارە هەموویان ئەورووژێنم و ئەو هەموو ئەرک و ئازارە بەخۆم ئەدەم، هەر بۆ ئەمەی گەڵا کاهویەک ببەمەوە؟!...

ئیتر، گەورەکانم، لەو ڕۆژەوە منیان ناونا:



(ئاناندنیای کاهو): بڕوایشم وایە کە هەرمنم هەڵ ئەگرم، ڕۆژباشی سەربازەکەم لێ کرابێ!...

کوڕی شارەوانی و نەتەوە ئەمەندە پێکەنین بڕستیان برا... یاریدەدەری سێهەم گوتی: من پێشنیازم وایە، کە ئەمەیان بەسەرکەوتوو دابنێین، چونکە لەمە شێت تریان نییە!...

یاریدەدەری چوارەمیش گوتی: بام چاوەڕوانیی بکەین.

سەرۆکیش: بام چاوەڕوان بین.

***

ئەمجارە بوراهمایيە پیرەکە، خاوەن جلی شڕوپڕ، هەستایە سەرپێ. گوتی:

داوای بەخشینتان لێ ئەکەم، کە بەم جلە شڕوپڕانەوە لەبەر دەمتانا ئەوەستم و قسە ئەکەم بەڵام من هەموودەم، وا هەناسە سارد و هەژار نەبووم، هەر دە ساڵێک ئەبێ وام لێ هاتووە، بەڵێ هەر دە ساڵێک ئەبێ!...

دە ساڵ لەمەوپێش بازرگانێک بانگی کردمە ماڵی خۆیان بۆ هەندێ نوێژکردن و پاڕانەوە لە خوا، کە لێ بوومەوە، دوو پارچە چۆغەی نایابی پێ بەخشیم پێیشی گوتم دەستێک جلی نایابیان لێ دروست بکەم.

هەرچی ناسیاوێکم هەبوو، پیرۆزباییيان لێ کردم.

هەندێکیشیان پێیان گوتم: وادیارە، لە ژیانی پێشووتا کردەوەیەکی باشت کردووە، بۆیەکا وا خواکان پاداشیان داویتەوە.

خۆیشتان ئەزانن، کە ڕەوشتی بوراهماییەکان وایە، لەشیان لە هەرکەسێ کەوت کە لە چینی خۆیان بەرەو خوارتربێ یاخود لە هەندێ گیانلەبەرانی دیاردیی کراو کەوت، ئەوە بەچارەنووسێکی خراپ دائەنێن. بوراهماییەکان باوەڕیان وایە، کە دەستیان لە هەندێ گیانلەبەر کەوت، گڵاوئەبن ئەگەر ئەمەیان لێ قەوما، بەلایانەوە وایە، تووشی گۆڕانێک دێن و ئەکەونە شێوەی کەسێک یاخود گیانلەبەرێکی واوە، کە لە شێوەی ئێستایان کەمتربێ. بوراهمایيە پیرەکە، دەستی کردەوە بەقسەکردن و گوتی: لەبەرئەوە، بەپێویستم زانی کە هەردوو پارچە چۆغەکە پاک بکەمەوە لەو گڵاوییەی کە لێی کەوتووە، بەهۆی دەست لێ کەوتنی پیشەساز و بازرگان و کەسانی ترەوە.

ئنجا هاتم هەردوو پارچە چۆغەکەم بەدەستی خۆم شت و دام بەسەر چەند لقەدارێکی نزیکدا، بۆ ئەوەی وشک بێتەوە.

ئەوەیشم زۆر پێ خۆش بوو، کە لەو ئەرکە بوومەوە دانیشتم و دەستم کرد بەبیرکردنەوە و خواناسین لە باخچە بچکۆلەکەما، لە پڕ سەگێکی نارەسەنم دی بەژێر پارچە چۆغەکاندا ڕۆیشت...

منیش لە خۆم پرسی: تۆ بڵێیی لە پارچە چۆغەکان کەوتبێ؟...

تۆ بڵێیی گلاوی کردبن؟!...

ئەو منالانەی کە لە باخچەکەدا یارییان ئەکرد، لێم پرسین، گوتیان: سەگەکەمان دیوە لەوێوە تێپەڕیوە بەڵام لەوە بەولاوە سەرنجی ترمان لێ نەداوە.!...

منیش بڕیارم دا کە خۆم چوار چنگۆڵە لێ بکەم و ئەوەندەی سەگەکە خۆم بەرز بکەمەوە ئنجا کەوام لە خۆم کرد، ڕۆیشتم بەژێر پارچە چۆغەکاندا بەمناڵەکانیشم گوت کە سەرنج بدەن لە من، بزانن کە ڕۆیشتم بەژێر پارچە چۆغەکاندا لێیان ئەکەوم یان نا، مناڵەکان سەرنجیان دا و پێیان گوتم لە چۆغەکان نەکەوتیت بەم ڕەنگە خۆم ڕزگار کرد!...

بەڵام لەناکاو بیرێک هات بەمێشکما چونکە ئەو سەگە نارەسەنە کلکی هەبوو!... کلکەکەیشی زۆر بڵندبوو تۆبڵێیی کلکەکەی لە چۆغەکان نەکەوتبێ؟!...

بەم ڕەنگە ناچاربووم، دووبارە تاقیکردنەوەکەم دەست پێ بکەمەوە، هێنام داسێکم لە پشتی خۆم قایم کرد، کە بڵندیی ئەوەندەی بڵندیی کلکی سەگەکە ئەبوو.

ئەمجارەیش بەچوار چنگۆڵە بەڵام بەداسەکەوە، بەهێواشی بەژێر پارچە چۆغەکاندا ڕۆیشتم بەڵام چاوم لێ بوو داسەکە لە چۆغەکان کەوت!

منیش جنێوم بەسەگەکە دا! ئەوەندە داخ چووە دڵمەوە، تووڕە بووم و پارچە چۆغەکانم هێنایە خوارەوە و ونجڕ ونجڕم کردن و بڵاوم کردنەوە بەئاسماندا.

ئیتر لەو ڕۆژەوە، هەر کەسێک بەو کەینەوبەینەیەمی زانی، بەشێتی دا ئەنام ئیتر لەوە بەولاوە کەس چۆغەی پێ نەئەبەخشیم ئەگەر داوای چۆغەم لە کەسێک بکردایە، دەمودەست پێیی ئەگوتم: چۆغەمەت بۆیەکا بدەینێ، کە داس بکەیت بەکلک بۆ خۆت و بەئارەزووی خۆت ونجڕ ونجڕی بکەیت؟ تۆ شێتی! چۆغەت بۆ چییە؟

گەورەکان، بۆ خوا بڵێین، توخوا من نەبم کەسی تر هەیە ڕۆژباشی ئەو سەربازەی پێ بشێ؟!...

هەرچی لەوێدا بوو، ئەمەندە پێکەنین پچڕان.



پاشان گوێیان لە یاریدەدەری چوارەم بوو، لە بوراهمایییە پیرەکەی ئەپرسی، خاوەنی جلەشروپڕەکان، بەدەنگێکی ئاشکرای بەرزەوە پێیی ئەگوت:

– هەروەک دە ساڵ لەمەوپێش توانیوتە بیکەیت ئێستایش ئەتوانیت بەچوار چنگوڵە بڕۆیت بەڕێوە؟

بوراهمابیە بەڕووخۆشییەکەوە پێیی گوت:

ئەوەی گوت و هەرچی ئەزانی بەباشی بیکات، لەبەرچاوی تەماشاکەرەکان کردی لە ڕاڕەوی کۆڕی شارەوانی دا، بەچوار چنگوڵە لەسەر دەست و پێیەکانی خۆی ئەڕۆیشت بەڕێدا پاشان هەروەک سەگ ئەیکا بەگورجی ئەسووڕایەوە بەوناوەدا وەک ئەو سەگەی کە تووشی ئەو زیانە گەورەیەی کردبوو!...

لێرەدا، یاریدەدەرەکەی چوارەم دەنگی هەڵبڕی گوتی:

هەرگیز شێتی لەمە گەورەتر نەبووە!... من پێشنیازم وایە، کە ئەم پیاوە پیرە بەسەرکەوتوو دابنرێ.

لێرە سەرۆکی شارەوانی، ڕووی کردە یاریدەدەرەکانی خۆی و پێیی گوتن:

(جا ئێستاکە، یاریدەدەرە زیرەکەکانم، سەرلەنوێ ڕاوێژتان پێ ئەکەمەوە).

بەچرپە، سەرۆکی شارەوانی و ئەندامە یاریدەدەرەکانی، دوورودرێژ ڕاوێژیان کرد بەیەک.

هەر کەسەیان هەڵبژاردەی خۆی پێ باش بوو و نەئەهاتە سەر قسەی ئەوی تر.

پاشان سەرۆک ڕاست بووەوە و گوتی:

(ئێمە هەموومان بڕیارمان وادا کە هەر یەکێک لە ئێوە لە ماوەی چیرۆکی خۆیدا، لەوانی تر باشتربووە لەبەرئەوە، یەک بەیەک، هەمووتان لە گرەوەکەتاندا سەرکەوتوو دائەنرێن، هەر یەکەیشتان بەجیا، ڕۆژباشی سەربازەکەی بەرکەوتووە.

کەواتە هەستن و بڕۆنەوە بەرێی خۆتاندا ئەسپەردەی خوابن.

بوراهمایییەکان بەم بڕیارە زۆر دڵخۆش بوون کە هاتنەدەرەوە، یەک بەیەک بەدەنگی بەرزەوە ئەیقیژاند ئەیگوت: (گرەوم بردەوە، گرەوم بردەوە)!...

تەواو بوو

١٩٦٥/٤/١٨

# وێژەیی

# دۆن کیشۆت

سەرکردە و گەورەی هەموو نووسەرەکانی ئیسپانیا

نووسەری: سێرڤانتس

ئەم نووسراوە

چیرۆکی (دۆن کیشۆت) یەکێکە لە چیرۆکە هەرە خۆشەکان و هەرە پێکەنینهێنەرەکان و هەرە بەکەڵکەکانی جیهان. لە سەدەی شانزەهەمەوە تا ئێستا ناوبانگی ئەم چیرۆکە هەموو جیهانی گرتۆتەوە. خاوەنەکەی (سێرڤانتس) لە سەدەی شانزەهەمدا پێی گەییە جێگایەکی وەها بڵند لە چیرۆکنووسیندا کە هەتا ئێستایش بەسەرکردە و گەورەی هەموو نووسەرەکانی کۆن و نوێی (ئیسپانیا) دادەنرێ. لەناو وێژەوانانی جیهانیشدا لە ڕیزی (شکسپیر) و (چارلس دیکنز)دا دادەنرێ.

چیرۆکەکە لە شێوەیەکی پێکەنینهێنەردا سروشتی تەواوی مرۆڤ بەچاکی و خراپییەوە دەردەخات. لە سەرێکەوە: (گەوجی) و (ناشیتی) و (دلڕەقی) و (لەخۆبایی بوون) و (جەربەزەیی) و (سەرەڕۆیی)ی مرۆڤ دەردەخات، لە سەرێکی تریشەوە: (ڕاستیپەرستی) و (دادپەروەریی) و (ژیری) و (دڵپاکی) و (ساکاری) و (چاکەخوازی) و (مرۆڤایەتی)ی مرۆڤ پێشان دەدات.

سەیر ئەوەیە چیرۆکەکە ئاوێنەیەکە: ژیانی تاڵ و ناخۆش و پڕ کاری گەنگ و بەپەنگ و، کاری ڕەند و پەسندی خاوەنەکەی خۆیشی دەنوێنێ، کە هیچ کڵۆڵی و ڕەنجەڕۆیی و سەرگەردانییەک نەما بەسەری نەیێ. هەتا نەیشگەیشتە تەمەنی پیری سەرکەوتوویی بەخۆیەوە نەدی[1]...

چیرۆکەکە ئەمەندە گرنگ و پەسندە، تێکڕا بەهەموو زمانێکی زیندوو پەرچڤە (تەرجومە) کراوە. منیش هەر بەو شێوەیەوە کە لە جێی خۆیدا کورت کراوەتەوە، بەپێویستم زانی بیگۆڕمە سەر زمانی کوردی.

(١) ڕاستتر: سەرکەوتنی بەخۆیەوە...



هیوادارم بەخودا کە (خوێندەوارانی کورد) لە کارەساتە سەرسوڕهێنەرەکانی دڵخۆشی و، لە تەنگوچەڵەمە و گیروگرفتەکانیشی پەند وەربگرن.

شاکر فەتاح
(خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد)
سلێمانی - ١٩٦٧/٢/١٢

## دەربارەی نووسەر و چیرۆکەکەی

بۆ ئەمەی لە چیرۆکی (دۆن کیشۆت) تێبگەین، پێویستە لەپێشدا چیرۆکی دانەرەکەی بخوێنینەوە...

دانەرەکەی ناوی (میگیل دی سێرڤانتس)ە. ئەم پیاوە سەرکردەی هەموو نووسەرەکانی (ئیسپانیا) بووە، لە چەرخی شانزەهەمدا تەنانەت لەوانەن بڵێین مامۆستای نووسەرانی ئیسپانیایە لە هەموو چەرخێکدا ئەمیش پایەی لای ئیسپانیاییەکان ئەمەندە گەورەیە وەک پایەی (شکسپیر) وایە لەناو ئینگلیزەکاندا ئەمیش لە سەردەمی ژیانی شکسپیردا ژیاوە واتا لە ساڵانی نێوان (١٥٤٧) و (١٦١٦)دا هەر دە ڕۆژیش پێش مردنی شکسپیر مردووە!... ئەوەدەمە تازە لەم نووسراوە زیندووەی بوو بووەوە، کە هێشتا ساڵێکی بەسەردا تێنەپەڕی بوو! ئیتر لەو ڕۆژەوە (سێرڤانتس) دەستیاوی هەیە بەسەر هەموو جیهاندا بەهۆی دوو چیرۆک لە چیرۆکەکانییەوە کە لە ڕاستیدا هەردووکیان لە چیرۆکە هەرە خۆشەکانی کۆن و نوێی جیهان دەژمێررێن.

چیرۆکێکیان لە بابەت ژیانی (دۆن کیشۆت)ەوەیە، کە پڕە لە کارەساتی سەیر سەیر! چیرۆکێکیشیان بریتییە لە ژیانی دانەرەکەی، خۆی، کە (سێرڤانتس)ە، کە لەوانەین بڵێین لەو چیرۆکە سەیرترە!...

## ئەو گوڵەی لەناو چڵپاودا دەژیا

وا دەردەکەوێ: زۆربەی ئەو کەسانەی مێژووی ژیانی (سێرڤانتس)یان نووسیوەتەوە، خۆیان لادەوە لەوەی کە ڕووی نەنگ و ناپەسندی ئەو ژیانە دەربخەن. ئەم کارەیش بۆتە جێی داخ بۆ هەموو کەسێکی (ڕاستی پەرست) و (ڕاستگۆ) بەهەموو تاڵی و ناخۆشییەکییەوە لام وایە لەمەدا هیچی تێدا نییە، کە لە لایەکەوە کارێکی وێژەیی نووسراو دانەرێک پەسند بکەین و، لە لایەکی تریشەوە لە بابەت ژیانی ئەو دانەرەیشەوە هەرچی ڕاستە ئەوە بگێڕینەوە، ئەمە هیچ لە جوانی گوڵێک کەم ناکاتەوە ئەگەر بڵێین

لەناو قوڕ و لیتەدا ڕوواوە... خۆرشتی جوانییش هەر لە تێکەڵ بوونێکی ئاورنگ و گڵەوە دروست دەبێ!...

هونەری (سێرڤانتس)یش بەرهەمی ئێش و ئازاری دڵی بووە ئەگەر ژیانەکەیشی وا تاڵ نەبووایە، چیرۆکی (دۆن کیشۆت)ەکەی وا ناسک و ناوازە نەدەبوو!...

## ڕۆڵەی چاو و ڕاوکەرێک

(میگیل دی سێرڤانتس) لە شارێکی زانکۆدا لە دایک بووە، کە بەناوی (ئەلکالا دی هەناریس)ەوە ناوبانگی دەرکرد بوو ئەودەمە ساڵی (١٥٤٧) بوو کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا بەشێکی زۆر کەمی لەو خوێندەوارییە وەرگرت چونکە باوکی بریتی بوو لە پزیشکێکی چاو و ڕاوکەری گەڕۆک کە لەم شارەوە دەیگوێزایەوە بۆ ئەو شار. نانی خۆی لەوە پەیدا دەکرد کە خوێنی لەشی ئەو نەخۆشە بەسەزمانانەی دەگرت کە چارەنووس کێشی دەکردن بۆ بەر دەرگانەکەی ئەو!... (میگیل)ی کوڕیشی لەگەڵ خۆیدا دەگێڕا لەبەر ئەوە هیچ شتێکی وا فێر نەبوو لە نووسراو خوێندەوەوە لەگەڵ ئەوەیشدا لە بابەت ژیانەوە زۆر شت فێر بوو... هەر لە هەرزەکارییەوە دەستی کرد بەزۆرانبازی... پاش ئەوە زۆری پێ نەچوو کەوتە گێژاوی جەربەزەییەکی مێبازی نەنگ و ناپەسندەوە لەگەڵ کەنیزەکێکی ڕێز لێ گیراودا کە لە کۆشکی شاهانەی ئیسپانیادا دامەزرا بوو... هەروەک (سێرڤانتس) بیەوێ و بەزوویی کەرەستەی نووسراوەکانی پاشەڕۆژی خۆی ئامادە بکات و کۆی بکاتەوە وا بوو!.

## لە ئیتالیادا دەچێتە جەنگەوە... لە مەڕاکیشدا دەگیرێت بەدیل

لە تەمەنی (٢٣) ساڵیدا لە (ڕۆما)دا دەبینین کە بەهۆی جەربەزەییە شێتانەکانی هەرزەکاریی خۆیەوە دوور خرابووەوە لە نیشتمانەکەی خۆی بۆ ئەوێ... لەپاش فرمانکردنێکی نزیک بەساڵێک لەوێ لە ژیانی پڕ ئارام وەڕس بووەوە. لەتاو ئەوە خۆی کرد بەسەرباز و چووە ناو لەشکرەوە لە جەنگی (لیبانتۆ)یشدا شەڕی کرد... بەهۆی شیرێکی دەم تیژەوە کە لێی وەشێنرا ئەوەندەیشی نەما بوو دەسی چەپی بپەڕێ. ئەو زەبری شیرەکاری وای لە دەستی کرد بوو تا ما پێی نەکرا باش بەکاری بهێنێتەوە کاتێ کە گەڕایشەوە نیشتمانەکەی خۆی لەدوای ئەو جەنگە کەوتە دەست پیاو ڕووتکەرەوەکانی خاکی (مەغریب)[1]. گرتیان و کردیان بەدیل، پاشان فرۆشتیان بەیەکێک لە

(١) راستتر: کەوتە دەست چەتەکانی خاکی مەغریب.



بازرگانەکانی بەندەگەری پاش ئەوە تا پێنج ساڵیش ئنجا توانی سەرانەیان بداتێ و سەربەستیی خۆی پێ بکڕێتەوە!.

## چل چیرۆکی لاساییکردنەوە دادەنێ

کە (سێرڤانتس) ژیانی سەربازی و ژیانی دیلێتیی دی و تاقیکردنەوە، دەستی کرد بەتاقیکردنەوەی بەختی خۆی لە ژیانی (بوێژیی)دا... ئەمجارەیش لەوەدا سەرکەوت کە چەند کۆمەڵە هۆنراوەیەکی یەجگار ناشیرین و ناڕێکوپێکی بەزمانی ئیسپانیایی هۆنییەوە!. بەڵام بەهۆی ئەو گلاراوییەوە کە هەموو دەم هەیبوو، بەهۆی بێ ئارامی خۆیەوە کە لەسەر هیچ شتێک گیری نەدەخوارد تا سەر، وازی لە هۆنراوە دانان هێنا و بازدی دایە سەر دانانی چیرۆک بۆ لاساییکردنەوە! ژمارەیەکی لەو چیرۆکانە دانا کە نزیکەی سیی چلێکی گرتەوە! (سێرڤانتس) ئەمەندە گورج و چالاک بوو، هەر دەتگوت شاخە ئاگرینەیەکە و هەڵچووە، بەڵام لەباتی ئەمەی ئاگر لە دەروونی بێتە دەرەوە، خۆڵەمێشی فڕێ دەدا... لە ڕاستیدا چیرۆکە لاساییەکانیشی لە هۆنراوەکانی هیچوپووچتر بوون!... دوایی خۆی خەریک کرد بەوەوە کە چیرۆکێکی لادێییانە بەپەخشان دابنێ ئەمیشی لە هەموو نووسراوەکانی تری هیچوپووچتر دەرچوو!... ئیتر لەمانەوە بەتەواوەتی دەرکەوت کە (سێرڤانتس) ئەوەی لێ ناوەشێتەوە کە ببێتە نووسەرێک!....

## ژن دەهێنێ... دزی دەکات... دەخرێتە بەندیخانەوە

کاتێ کە (سێرڤانتس) هەستی کرد بەبێ دەسەڵاتی خۆی کە گەورەیی دەست خۆی بخات، وازی هێنا بەوە کە خەریک بێ کامەرانی دەست خۆی بخات... هێنای کچێکی مارە کرد، کە هەژدە ساڵ لە خۆی بچووکتر بوو!... کچەکە هەرچەندە هەرزەکار بوو، بەڵام پێی نەکرا ئەوەی بەمێشکی (سێرڤانتس)دا دەهات بۆی جێبەجێ بکات... واتا نەیتوانی ئەندێشەی لە ڕێ لاداوی مێردەکەی خۆی تێر بکات... لەبەر ئەوە هێشتا ساڵێک بەسەر ژن و مێردی هەردووکیاندا تێنەپەڕی بوو، سێرڤانتس لە ژنێکی تر منداڵێکی بوو!... ماوەیەک خەریکی ئەوە بوو کە بەهۆی دەستکەوتی پێنووسەکەیەوە هەر دوو خێزانەکەی خۆی (خێزانە ڕەوا)کەی و (خێزانە ناڕەوا)کەی بەخێو بکات و بژیێنێ... بەڵام زۆری پێ نەچوو، لە ساڵی (١٥٨٨)دا ئەم کۆڕەیشی بەجێهێشت، بۆ ئەمەی ببێتە فرمانبەرێک لە کۆمەڵە کەشتییەکی ئیسپانیادا، کە ناویان نابوو (ئەرمادا) ئەودەمە تەمەنی گەیشتبووە

(٤١) سالّی... بەلّام ئەمجارەیش بەدبەختی سەری تێکردەوە چونکە ئینگلیزەکان ئەو کۆمەلّە کەشتییەیان لە جەنگێکدا نوقمی ئاو کرد... بەم ڕەنگە (سێرڤانتس)یش فرمانەکەی لە دەست چوو!... پاش ئەوە (سێرڤانتس) فرمانێکی تری دۆزییەوە بوو بە(باج کۆکەرەوە) لە شاری (غەرناتە)دا بەلّام ڕۆژێکیان سەرۆکەکانی هەستیان کرد بەکەم بوونەوەی کۆمەلّەی باجەکە... سا لەبەر ئەوە بوو بێ کە بەدزیان دانا بێ، یاخود بەکەمتەرخەم، تاوانباریان کرد گیرا و بڕیار درا بەبەندکردنی لە بەندیخانەدا!... کاتێکیش کە لە بەندیخانە هاتە دەرەوە، تێکۆشایەوە کە بەهۆی نووسینەوە نانێک بۆ خۆی پەیدا بکات... بەلّام نووسینەکەی بریتی بوو لە ستایشکردن و پیاهەلّدانی هەموو جۆرە نووسراوێک لە هەموو جۆرە بابەتێک: هەر لە کۆمەلّە هۆنراوەکانی خۆ نواندن و خۆ هەلّکێشانەوە تا دەگاتە سەر گوروشتەکانی پالّەوانەکان و ئەو نووسراوانەی کە لە بابەت چۆنێتی مندالّ بوونەوە دەدوێن، یاخود ئافرەتە سک پڕبووەکان چاک دەکرێنەوە لە نەخۆشی!... ئەم پێشەکییانەیش کە (سێرڤانتس) دەینووسین بەهۆنراوە بوون لەسەر ئەوەیش پارەی وەردەگرت لە خاوەن نووسراوەکان!...

(سێرڤانتس) ئەوکاتە تەمەنی گەیشتبووە (٥٨) سالّی، بوو بووە پیرێکی پەککەوتە پشتی کۆما بووەوە دەستی دەدایە هەر شتێک سەری نەدەگرت بۆی بەتایبەتی لە وێژەدا!... ڕیشێکی زیوینی پێوە بوو لەگەلّ سمێلّێکی چڕوپڕدا دەمیشی بچووک بوو بووەوە هەر شەش دانی تێدا مابوو ئەوانیش نە ڕێکوپێک وەستابوون بەیەکەوە، نە لەگەلّ یەکتریشدا دەگونجان. بەکورتی وێنەی (سێرڤانتس) نیشانە بوو بۆ کەسێک کە کەس نەیەوێ خۆی لێ دوور بخاتەوە ئەنجامیشی بەوە

بگات کە تا سەر لەبیر هەموو کەس بچێتەوە!...

## ئەم چیرۆکەی چۆن نووسی؟

کەچی لەپڕ بێ ئەمەی سەرەتایەکی لێ دەربکەوێ بازی دا و گەیشتە پۆپەی گەورەیی... هەروەک ڕۆژ لە ئاوابووندا بێ و گڕەکەی بلّێسە بسێنێ وا بوو!... هەر ئەو پیاوەی کە لە تەمەنی لاوێتییدا خراپترین هۆنراوەی هەلّدەبەست، لە چاخی پیرییدا نیاز کەوتە دلّییەوە و، یەکێک لە گەورەترین چیرۆکەکانی جیهانی کۆنی نووسییەوە. لە ڕاستیدا (سێرڤانتس) هەر لەمێژەوە دەستی دابووە دانانی چیرۆکی (دۆن کیشۆت) تەنانەت هەندێ بەشی چیرۆکەکەی لە بەندیخانەدا نووسیبووەوە!... بیری دانانی چیرۆکەکە و،



کێشانی هێلّەکانی چیرۆکەکەی هەر لەو کاتەوە ئامادە کردبوو کە لەژێر باری هەژاریدا دەینالّاند و، لە گێژاوی ڕەنجەڕۆیی تالّ و ژەهراویدا گێژی دەخوارد... کە چیرۆکەکە هاتە ناوەوە هەر لەو باخچەیەی دەکرد کە لەناو قوڕ و لیتەدا ڕووا بێ یاخود لەو قسە ژیرانەی دەکرد کە لە سەرچاوەی ئازارەوە هەلّقولّا بێ، یاخود لە خەوی کەسێکی دەکرد کە دلّ و دەروونێکی ناسک و پڕ ئازاری هەبێ، لە لەشێکی زۆر کز و لاواز و دەم بەهاواردا!... هەرچەندە هەندێ کەس دەلّێن: چیرۆکەکە باش مالّشت نەدراوە و، خەمی ڕێکوپێکی و شێوەی نووسینی نەخوراوە... بەلّام هەندێ کەسی وایش هەن کە دەلّێن: ئەگەر ئەم کەموکوڕییە لە چیرۆکەکەدا نەبووایە، نە ئەمەندە بەزیندوویێتی دەمایەوە نە ئەمەندەیش کاری لە دلّان دەکرد هەر لە سەرەتایەوە تا ئیمڕۆ... جا هەروەک هەندێ کاری هونەر لە هونەری تەواوەوە نزیکترە تا (مرۆڤایەتی)، چیرۆکی (دۆن کیشۆت)یش لە (مرۆڤایەتی)یەوە نزیکترە تا (هونەری تەواو)!...

## مەبەس لە چیرۆکەکە چییە؟

چیرۆکی (دۆن کیشۆت) بریتییە لە چیرۆکی شێتێکی ئەرباب، کە توانج و پلار تێگرێکی ئەرباب دەیگێڕێتەوە!... چیرۆکەکە پڕە لە گالّتەوگەپی وا کە ناشێتی و گەوجیی مرۆڤ پێشان دەدات!... نووسراوەکە جنێو و هورووژم بردن و پلار تێگرتنی تێدایە... بەلّام تالّی و ناخۆشی تێدا نییە... کە (دۆن کیشۆت)ی پالّەوانی چیرۆکەکە دەبینین: گەوجێتیی ئێمە لە خۆیدا دەردەخات، کە دلّڕەقی خۆمانمان دێتە بەرچاو لە کردەوە و کاری پیاوەکەی (دۆن کیشۆت)، (سانکۆبانزا)دا دەردەکەوێ خۆمان پێ ناگیرێ لەپڕ دەست دەکەین بەپێکەنین!... جاری وا هەیە هەست بەخۆمان دەکەین پالّەوانی یەکەمی چیرۆکەکەمان زۆرتر خۆش دەوێ لە پالّەوانی دووەم سەبارەت بەوەی کە ئازایەتییەکەی ژوور زیرەکییەکەی دەکەوێ جاری وایش هەیە خۆمان وا دێتە پێشچاو کە هۆگری پالّەوانی دووەمیان زۆرترین لە پالّەوانی یەکەم چونکە زیرەکییەکەی ژوور ئازایەتییەکەی دەکەوێ!... جا لە هەموو بەشێکی نووسراوەکەدا هەرچەند پالّەوانێکیان دەبینین بەشیر شەڕ دەکات و، ئەوی تریشیان دەبینین بەزمان زۆرانبازی دەکات هیچ کامێکمان خۆمان پێ ناگیرێ کە لە دلّماندا بەخۆمان بلّێین: (بەڕاستی ئەمە وێنەیەکی تەواوی خۆمانە)!... چونکە هەروەک (سێرڤانتس) بەڕاستی بۆی چووە هەر کامێکمان بگریت، جاری وا هەیە پشت بەهێزی بازووەکانی خۆی دەبەستێ جاری وایش هەیە پشت بەهێزی زمانی خۆی دەبەستێ!... هەر

کامێکمان بگریت تێکڕا وەک لە دڵ و دەروونداا نیوەی لە (دۆن کیشۆت) دروست کرا بێ و نیوەیشی لە (سانکۆبانزا) وایە چونکە ئێمە جاری وا هەیە ناشێتییەکەمان زاڵ دەبێ بەسەر ژیرییەکەماندا زۆرانبازی لەگەڵ (ئاشی با)دا دەکەین واتا بەچەشنی (دۆن کیشۆت) دەجوولێینەوە جاری وایش هەیە ژیرییەکەمان زاڵ دەبێ بەسەر ناشێتییەکەماندا: (لەبەرئەوە لە ڕۆژی ڕووناکدا خۆمان لە جەنگ دەپارێزین، بۆ ئەمەی لە شەودا لەسەر زەوی بنووین، نەک لەناو گڵدا!...).

لەگەڵ ئەمەیشدا ئێمە لە هەردوو بارەکەدا هەموومان هەموو دەم بەچاوی داپۆشراوەوە هەر بۆ یەک ئامانج خۆمان دەکوتین: ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ کەوتە تەنگانە یاخود سەرگەردانییەوە ژیانی وا بۆ لێ بکەین کە بتوانێ گوزەرانی تێدا بکات و زۆرتر بەرگەی تێدا بگرێ.

## بەئابڕووفرۆشی کچەکەیەوە دەژی

(سێرڤانتس) بەشی یەکەمی نووسراوی (دۆن کیشۆت)ی لە ساڵی (١٦٠٥)دا پێشکەش بەجیهان کرد... چیرۆکەکە هەرچەندە پڕ لە پێکەنین بوو بەڵام ژیانە تاڵەکەی خۆی هەروەک خۆی مایەوە هیچ نەگۆڕرا!... تەنانەت لەم ساڵانەی دواییشدا کە ئەستێرەی فریشتەی بەئاسمانی وێژەوە هەڵهاتبوو، هەژاری و دەستکورتی بەجۆرێکی وا ڕاوەدووی دەنا، دوایی ناچار بوو لەناو ڕیسوا و خوێڕییەکانی گەلەکەی خۆیدا بژی، بەخۆی و کچەکەی و خوشکەکەیەوە لە گۆشەیەکی خانوویەکدا دەژیان کە ناوبانگێکی خراپی هەبوو!... تەنانەت ئەمەیش گوترا کە کچەکەی خۆی هانە دەدایە سەر (کۆنترین پیشە لە جیهاندا) - پیشەی داوێن پیسی - کە خۆیشی بەدەستکەوتی ئەو پیشە نەنگەوە دەژیا!؟.

(سێرڤانتس) لە ١٦٠٥/٦/٢٧دا تووشی گەورەترین سەرگەردانی ژیانی خۆی هات کەوتە ناوچاڵی هەرە قووڵی بەدبەختی خۆیەوە لەو خانووە ناوبانگ خراپەدا کە تێیدا دەژیا، لاشەی لاوێکی خوێڕییان دۆزییەوە کە لە چینی گەورەی ئەو شارە بوو! بەخۆی و خێزانەکەیەوە هەموویان تاوانبارکران بەتاوانی کوشتنی ئەو لاوەوە گیران و خرانە بەندیخانەوە بەڵام پاشە جار توانییان پاکانە بۆ خۆیان بکەن و خۆیان لەو سەرگەردانییە ڕزگار بکەن...

لەپاش دەرچوونی بەشی یەکەمی چیرۆکی (دۆن کیشۆت) بە دە ساڵ واتا لە ساڵی



١٦١٥دا، (سێرڤانتس) بەشی دووەمی چیرۆکەکەی خۆی پێشکەش بەجیهان کرد ئەم بەشەی لە بەشەکەی پێشووی یەجگار بەهێزتر و خۆشتر بوو... خۆیشت ئەمەت بۆ دەردەکەوێ، پاش ئەوە بەساڵێک ژیانی (سێرڤانتس) دوایی هات ئەویش وەک پاڵەوانی چیرۆکەکەی بەڕێوە دەڕۆیشت لە ژیاندا: بەخۆی و (ڕاستی پەرستییە تایبەتییەکەی) و، (شێتییە ناوازەکەی) و، (کەسایەتییە خۆشەویستییەکەی)ەوە... خۆشبەختانە، هەر دووکیان بە(گەوجییەوە) ژیان بەڵام بە(ژیرییەوە) مردن!...

کەچی ئیمڕۆ (سێرڤانتس) لە وێژەی نیشتمانەکەی خۆیدا تەنانەت لە وێژەی جیهانی کۆنیشدا بەجۆرێکی گشتی جێگایەکی وای گرتووە مەگەر جێگای (چارلس دیکنز) لە وێژەی ئینگلیزیدا بگاتە ئەو بێجگە لەوە هەندێ لەو کەسانەی کە (چارلس دیکنز) دروستی کردوون لە چیرۆکەکانیدا زۆر لەو کەسانە دەکەن کە (سێرڤانتس) دروستی کردوون، کە لە کەسایەتی (دۆن کیشۆت) ورد دەبیتەوە هەر ئەو ئەربابییە گەوجانەیەی پێکەنین هێنەرە دەبینیت کە لە کەسایەتی (میستەر بیکویک) پاڵەوانی چیرۆکە بەناوبانگەکەی (دیکنز)دا دەیبینیت کە هەر بەم ناوەوە ناونراوە هەروەها (سانکۆبانزا)یش تا ئەندازەیەکی گەورە لە (سام ویللەر) دەکات کە لە چیرۆکەکەی (دیکنز)دا ناوی دێ....

## لۆریل و هاردی

بام ئێستاکەیش، ئەی خوێندەواری خۆشەویست، کەسایەتی دۆن کیشۆتی دروستکراوت پێشکەش بکەم هەروەک کەسایەتی دروستکەرەکەیم پێشکەش کردیت: (دۆن کیشۆت) پیاوێکی ڕاست و ڕەوانە هیچ لە کەس ناشارێتەوە گەش و ڕووخۆش و زمان شیرینە، پیاوانە دەجوولێتەوە، ڕێز لە هەموو کەس دەگرێ... بەدڵ حەز لە ڕاستی و دادپەروەری دەکات و، لەپێناوی ئەو دووانەدا خۆی بەخت دەکات! ئەگەر بگونجێ بەمە بڵێین: نەخۆشی، (دۆن کیشۆت) تووشی نەخۆشی ئاواتێکی شێتانە بووە! دەیەوێ هەڵەکانی مرۆڤایەتی ڕاست بکاتەوە کاروبارە نالەبارەکانیان وەربگێڕێتەوە سەر باری چاکی... جا هەرچی تەنگوچەڵەمەیەکی تووش هاتووە هەمووی لە ڕووی ئەم ئاوات و نیازەیەوە بووە!...

(دۆن کیشۆت) لە مێشکی ئەو نەتەوە پێشکەوتووانەدا کە حەز لە خوێندنەوە دەکەن، جێگایەکی وا گەورەی داگیر کردووە، کە لە جێگای کەسایەتییە هەرە گەورە و زیندووەکانی مێژوو کەمتر نییە!... چ بۆرەپیاوان، چ چینی بڵند، هەر دوو لا وەک یەک

(دۆن کیشۆت)یان دێتەوە یاد: بەلەشە لەڕولاوازەکەی و، قژە سەرەکەیەوە کە لە ڕەنگی ماش و برنجدایە بەهەر دوو کاکیلە درێژولکەکەی و ڕیشە چرۆپرەکەیەوە... بەهەر دوو چاوە تیژ و گێژوویژەکەیەوە... ئەوانە چۆن پاڵەوانێکی وەک (نیلسون) و (ناپلیۆن) دەناسن، ئاوەهایش (دۆن کیشۆت) دەناسن!... خۆ هاوڕێکەی و پیاوەکەیشی کە ناوی (سانکۆبانزا)یە، لە دۆن کیشۆتی گەورەی لە ناوبانگ و زیندوویێتیدا کەمتر نییە ئەوەی دێتە بەرچاوی ئەو نەتەوانە لە بابەت (سانکۆبانزا)وە: باڵا کورتەکەی و ورگە زلەکەیەتی، دڵسۆزی و ساکارییەکەیەتی، لەگەڵ ئەو ڕێگە ناوازەیەدا کە دەیگرێ لە شێوەیەکی پێکەنین هێنەردا بۆ یەکخستنی بیروباوەڕە بڵندەکانی گەورەکەی خۆی و، ئەو فڕوفێڵە سووک و نەنگانە کە هەندێک جار، ڕزگاربوون لە تەنگانە پێویستی بەوانە دەبێ گوایە لەسەر ئەو پەندە بەناوبانگە دەڕوات بەڕێوە، کە دەڵێ: (بۆ گەیشتن بەئامانج هەرچی بکرێ دروستە!...).

جا ئەم دوو هاوڕێ ئەربابە کە هەموو دەم هۆگری یەکترین زۆر لە (لوریل) و (هاردی) دەکەن، کە لەم چەرخەدا لاساییکەرەوەن لە سینەمادا و، هەموو کەس دەهێننە پێکەنین، چ لە جەربەزەییەکانیاندا، چ لەو تەنگوچەڵەمانەدا کە تێی دەکەون، چ لە فڕوفێڵەکانیاندا، چ لە قسەی نەستەق و بزووتنەوە بەزمهێنەرەکانیاندا، هەر لەمان دەکەن... تەنانەت لەوەیشدا کە یەکێکیان گەوج و گێژوویژ و لاواز و درێژە و، یەکێکیشیان ساکار و گۆشتن و جوامێرە، هەر لەیەک دەکەن!... کێ چوزانێ؟!... دوورنییە کە ئەم دووانەی ئەم چەرخە، (لۆریل) و (هاردی) لە کەسایەتی ئەو دوو پاڵەوانانەی مێژووییە ورد بووبنەوە، هەرچییەکیش لەوانە فێر بووبن لە شێوەیەکی نوێدا دووبارەی بکەنەوە!...



# چیرۆکەکە

## (دۆن کیشۆت)

## جەربەزەییەکانی دۆن کیشۆت

لە دێیەک لە دێیەکانی خاکی (لامانشا)دا، لە سەردەمێکی وادا کە دوور نییە لە ئێمەوە، پیاوێک ژیاوە لە پیاوە کۆنەپەرستەکان هیچ دەمێک ماڵی ئەم پیاوە لەوانە نەبووە کە ڕمێک و، قەڵغانێکی کۆن و، بارگیرێکی کەرتەلەڕ و، سەگێکی ڕاوی تێدا نەبوو بێ!... لە هەموو هەفتەیەکدا زۆر شەو شێوەکەی گۆشت گای جنراو بوو، لە ڕۆژەکانی هەینیشدا چێشتەکەی نیسکێنە بوو بەڵام لە ڕۆژەکانی شەمموواندا هیچی بۆ نەدەمایەوە بیخوات: خەفەت و ئاخ و داخ نەبێ!... چێشتەنگاوە گەورەکەی هەفتەییشی بریتی بوو لە گۆشتی کۆترێکی قەڵەو و چەور، هەڵیدەگرت بۆ ڕۆژی یەکشەممە!... بەمجۆرە خۆرشتی کابرا لە چوار بەش سێ بەشی پارەی بەرباخەڵی لەناو دەبرد!... چواریەکەکەی تری دەرامەتەکەیشی لە بەرگ و پۆشەنی خۆیدا بەخت دەکرد هەرچی کورتەک (چاکەت)ەکەی بوو لە کورکی درێژ دروستکرا بوو، لەگەڵ ڕانک (پانتۆڵ)ەکەیدا کە لە قەدیفە دروستکرا بوو، هەڵیدەگرتن بۆ ڕۆژانی پشوو لەبەری دەکردن، کورتەکی کار و فرمانەکەیشی لە چاکترین بەرگی خۆماڵی دروستکرا بوو... خێزانی کابرایش بریتی بوو لە کچێکی خوشکەزای کە لە تەمەنی بیستساڵیدا بوو، ئافرەتێکیشی هەبوو کاروباری ماڵەکەی بۆ هەڵدەسووڕاند، تەمەنی چل ساڵ بوو، پیاوێکیشی هەبوو بەکاری دەهات لە کار و فرمانی ناوماڵ و ناوکێڵگەدا، هەردەمێکیش بیویستایە بچێتە دەشت بارگیرەکەی بۆ زین دەکرد هەر کاتێکیش پێویست بووایە درەختەکانی ناو خانوو، یاخود کێڵگەکەی هەڵبپاچرێن ئەو مفردی (خزمەتکار)یە بۆی دەکرد... گەورەی ماڵیش کە خۆی بوو تەمەنی گەیشتبووە نزیکەی پەنجا ساڵ، لەشێکی بەهێز و هەڕەتی هەبوو لە بەژن و باڵا و دەموچاودا کز و لاواز بوو هۆگری ڕاوکردن بوو حەزی لەوەیش دەکرد کە بەیانییان زوو لە خەو هەڵبستێ... ئەگەر هاوڕێکەمان فرمانێک نەبووایە بیکات - کە بەشی زۆری ساڵەکە وا بوو - کاتی خۆی بەخوێندنەوەی ئەو نووسراوانەوە ڕادەبووارد کە جەربەزەیی سوارچاکە گەڕۆکەکانیان دەگێڕایەوە!... خوێندنەوەکانی پڕ بەدڵ دەکرد بەتەواوەتی هۆگریان بوو بوو تا دوایی وای لێهات: هەموو جۆرە گەمە و یاری و وەرزشێکی خۆی لەبەر ئەوانە بەجێهێشت، تەنانەت

کێڵگەکەیشی بەرەڵڵا کرد بۆ ئەو خوێندنەوانە، گوێی نەدەدایە کاروبار!... پاش ئەوە دەستی کرد بەفرۆشتنی هەندێ پارچەی زەوییەکانی جاروبار ئەو جۆرە نووسراوانەی بەنرخی ئەوانە دەکڕی!... دوایی وای لێهات هەر نووسراوێک لە بازاڕدا دەفرۆشرا، لای کابرای هاوڕێمان کۆدەبووەوە!... گەلێک جار بەهۆی ئەو نووسراوانە و ناوەڕۆکی ئەو نووسراوانەوە تووشی چەقە چەق دەبوو لەگەڵ ئەم و ئەودا، هەندێ جار لەگەڵ کەشیشی گوندەکەدا کە پیاوێکی خوێندەوار بوو – هەندێ جاریش لەگەڵ سەرتاشی گوندەکەدا کە ناوی (نیکۆلا) بوو و سوارچاکێکی کۆنی بێ هاوتا بوو تووشی دەمەقاڵێ دەبوو! هاوڕێکەمان ئەمەندە هۆگری نووسراو خوێندنەوە بوو بوو، هەر لە بانگی شێوانەوە هەتا بەرەبەیان، هەر لە بەرەبەیانیشەوە هەتا ئێوارە وازی لێ نەدەهێنا!... جا بەم جۆرە کەم نووستنە و، زۆر خوێندنەوەیەوە کە درێژەیان کێشا مێشکی تووایەوە و لە کەڵک کەوت دوایی وای لێهات نە هۆشی ما، نە تێگەیشتنی!... ئیتر ئەوەندەی پێ نەچوو ئەندێشەی تێکەڵوپێکەڵ، لە ئەنجامی ئەو هەموو نووسراوانەدا کە خوێندبوونیەوە، لەناو کەللەیدا پەنگیان دەخواردەوە ئیتر هیچ شتێ نەدەهاتە مێشکییەوە، جەربەزەیی و، زۆرانبازی و، شەڕوشۆڕ و، ئەنگاوتن نەبێ لەگەڵ ئێش و ئازاری دڵداری و سکاڵا و داد و فریاددا!...

## ڕووکردنە بابەتی نەزانراو

جا چونکە هۆش و گۆشی نەما بوو، بیرێک هاتە مێشکییەوە، لە سەیرترین بیر دەژمێررا کە هاتبێتە مێشکی پیاوێکی شێتەوە!... بڕیاری دا کە بەسواری بارگیرە بێ هاوتاکەی ڕێگا بداتە بەر خۆی و، سەری خۆی هەڵبگرێ و بڕوا، تا ئەو جەربەزەیییانە بنوێنێ کە لەناو ئەو نووسراوانەدا خوێندبوونیەوە تا لەپێناوی پشتگرتن و لەسەرکردنەوەی زۆرلێکراواندا خۆی بەخت بکا و، خۆی بخاتە ناو هەموو تەنگوچەڵەمەیەکەوە، تا تۆڵەیان بۆ بکاتەوە... بەڵێ نیازی ئەوە بوو کە دەستی داماوان بگرێ و، فریای داد و فەریادکەران بکەوێ و، تۆڵەی زۆرلێکراوانیش لە زۆرداران بکاتەوە...

مەبەسیشی لەم جەربەزەیییانە ئەوە بوو کە ئەویش وەک ئەو خاوەن جەربەزەیییانەی پێش خۆی ناوبانگێک دەربکا و، ناوێکی گەورەی تا سەریش بۆ خۆی بپچڕێ!...

لەبەرئەوە یەکەم کاری ئەوە بوو لە پێناو هێنانەدی ئەم ئاواتە جوانەیدا ژەنگ لە بەرگە پۆڵاییییە کۆنەکەی باپیری باوکی بکاتەوە و، کڵاو زرێیەکی قورسیش بکاتە سەر خۆی و، بچێتە ناو چشتیرەکەیەوە، سەرێک لە بارگیرە پیرە کز و لاوازەکەی خۆی بدات، کە



پێستەکەی بەئێسکەکانیەوە نووسا بوو، کەچی بەلای خۆیشییەوە لە بارگیرەکەی خۆی چاکتر نەبوو لە هەموو سەر زەویدا!... جا لەپاش ئەمەی کە چوار ڕۆژی خشتی بەخت کرد بەبیرکردنەوەوە لە ناوێک، کە لە بارگیرەکەی بووەشێتەوە کە لەوە دوا هاوبەشی دەکات لە گەورەیی و ناوبانگدا، لە ئەنجامدا ناوێکی بەدڵی خۆی بۆ هەڵبژارد، ناوی نا (ڕۆزینانت)!... کەچی کە لەم گیروگرفتە بووەوە، گیروگرفتێکی قورستری هاتە بەر، دەیویست ناوێکیش بۆ خۆی هەڵبژێرێ کە لەو سەربەرزیی و گەورەیییە بووەشێتەوە، کە لەوە پاش ڕۆژگار پێی دەبەخشێ!... ئەم جارەیش تا هەشت ڕۆژ بەمەوە خۆی ماندوو کرد و، ناوەکانی بەهەموو بارێکدا هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد تا دوایی ناوێکی دۆزییەوە بۆ خۆی، کە لە گوێیدا بەجوانی دەزرنگایەوە ناوی خۆیشی نا: (دۆن کیشۆت دی لامانشا)!!!.

## ئافرەت... شۆڕەسواری ئاواتە

بەم ڕەنگە هیچ نەمایەوە لە بەردەمیدا ئەوە نەبێ، کە ئافرەتێکیش بدۆزێتەوە بۆ خۆی، پاش ناوە گەورەکەی خۆی پێ ببەخشێ و، لەسەر تەختی شاهەنشاهیی دڵی خۆیشی دابنێ!... ئنجا لەگەڵ خۆیدا قسەی وا دەکرد: (کاتێ ڕۆژگار تووشی قووچە پیاوێکم بکات، زۆرانبازی لەگەڵ بکەم، بۆ ئەمەی سەربەرزیی خۆمی لێ بپارێزم، پاشەجار بەسەریشیدا سەر بکەوم و بیدەم بەزەویدا بۆ من وا جوانتر نییە کە ژنێکم هەبێ، تا دوژمنە شکاوەکەمی بۆ بنێرم و ئەویش بەئارەزووی خۆی چارەنووسی بۆ دیاردی بکات؟!).

لە نزیک خانووەکەیەوە ئافرەتێکی لادێیی جوان و شۆخ و شەنگ هەبوو، ناوی (ئەل دۆنزا لۆرنزۆ) بوو، لە دەمێکەوە بەتیری ئەڤینی گرفتار بوو بوو، بەڵام ئافرەتەکە هەستی بەوە نەکرد بوو!... کابرایش ئەم ئافرەتەی هەڵبژارد، بۆ ئەمەی بیکات بەشۆڕەسواری ئاواتەکانی خۆی؟... لەپاش بیرکردنەوەیەکی قووڵ ئەم ناوە جوانەی بۆ دۆزییەوە کە بەلای خۆیەوە زۆر شیرین بوو، ناوی ئەمیشی نا: (دولسینیا دل تۆبۆزۆ)! ئنجا کە بەمجۆرە کەلوپەلی خۆی ئامادە کرد و، هەستی بەخۆی کرد کە گوناهبار دەبێ بەرامبەر جیهانی پڕ لە زۆرداری، ئەگەر بێتو خۆی تەرخان نەکات بۆ ڕزگارکردنی، بەزوویەکی زوو یاخود تێنەکۆشێ بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی لە بەرەبەیانی ڕۆژێک لە ڕۆژانی مانگی میوەخۆش (تەمووز)دا، لە نوێنەکەی هاتە دەرەوە و دەستی کرد بەپۆشینی زرێکەی و کڵاو زرێکەی، ڕم و قەڵغانەکەیشی بەستە پشتی ئنجا سواری ئەسپەکەی، (ڕۆزینانت) بوو و

له دەرکی پشتەوە چووە دەرەوە بۆ ناو کێڵگە پان و فراوانەکان بەڵام نەیهێشت کەس بەڕاز و نیازی دڵی بزانێ، لە ماڵێدا!....

## جەربەزەیی یەکەم

پاش ئەمەی ڕۆژگارەکەی هەموو بەوەوە ڕابوارد کە بەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە بوو؛ نە کەسێکی پێگەیشت لە ڕێگادا و، نە تووشی جەربەزەییەک بوو کە چەکە جەنگییەکەی خۆی تێدا بەکاربهێنێ، لە دوورەوە دوایی نزیکەی بانگی شێوان مەیخانەیەک لە مەیخانەکانی سەرە ڕێگای هاتە بەرچاو، مێشکە پڕوپووچەکەی وای لێ زل کرد، وەیزانی کۆشکێکە لە کۆشکە شەنگ و ڕازاوەکان!... وایش ڕێک کەوت یەکێک لە بەرازەوانەکان فووی کرد بەکەڕەناکەیدا تا ڕانە بەرازەکەی خۆی کۆبکاتەوە، کەچی لە (دۆن کیشۆت) وا بوو میوان بەڕێکەری کۆشکەکە بۆیەکا فووی کرد بوو بەکەڕەناکەیدا کە هاتنی ئەو ئاشکرا بکات!...

دۆن کیشۆتیش بەوە کەش و فشی بزووت، بەهەر دوو پێی ئاوزەنگی دا لە پەراسووی ئەسپەکەی و، دەستی کرد بەغارکردن تا گەیشتە بەردەم مەیخانەکە لەوێدا چاوی بەدوو کچی سۆزانی کەوت لە بەردەرگای مەیخانەکەدا وەستابوون بەتەنشت دوو دڵدارەکەی خۆیانەوە، کە ئەوانیش دوو ڕێبواربوون دەچوون بۆ (ئەشبیلیە) هاوڕێی خۆیشمان دۆن کیشۆت وایزانی ئەو دوو ئافرەتە لە کەنیزەکەکانی کۆشکەکەن لەبەر ئەوە بەناوی ڕێزگرتن و گەورەکردنەوە خۆی بۆ نوشتاندنەوە! پاش ئەوە چووە ناو مەیخانەکەوە و، چاکوچۆنی لەگەڵ خاوەن مەیخانەکە کرد وەیزانی خاوەن کۆشکەکەیە!... لەودەمەدا کاتی نانخواردنی شێوان هاتبوو، لەبەر ئەوە هەموو ڕێبوار و نیشتەنییەکانی مەیخانەکە پێکەوە دانیشتنە سەر خوان بۆ شێوخواردن، کە دۆن کیشۆتیان دی: هەڵسان و دانیشتن و قسەکردنی پڕن لە بابەتی سەیر و نەبینراو و نەبیستراو، لە شێوەی ڕێزگرتن و گەورەکردندا گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات، وەک شێتێکی پەتەڕییان هاتە بەرچاو، لەبەر ئەوە لە شێوەیەکی شارراوەدا دەستیان کرد بەپێکەنین و تیز پێکردنی، کە ئەوە بووە هۆی هەرە گەورە بۆ بزووتنی ئارەزووی خواردنیان و خۆشکردنی دڵ و دەروونیان!.



## نێرراوی دادپەروەریی لەسەر زەویدا

کە بوو بە بەیانی، سوارە دڵخۆشەکەمان دەستی کردەوە بەکۆچکردن، لە ڕێگادا تووشی جووتیارێک بوو کە دلڕەقانە لە کوڕێکی دەدا... دۆن کیشۆتیش فەرمانی دا بەسەریدا کە واز لە لێدانی ئەو کوڕە بهێنێ، لێیشی پرسی تاوانی کوڕەکە چییە کەوا لێی دەدا دەمودەست جووتیارەکە ترسی لێ نیشت، لەو سوارچاکە زرێپۆشە ترسا وەرامی دۆن کیشۆتی وا دایەوە: کە ئەو کوڕە کەمتەرخەمی نواندووە لە فرمانی خۆیدا، لە کێڵگەکەدا بۆیەکا سزای درا، بەڵام کوڕەکە قسەکەی پێ پچڕی، بەهەڕەتێکەوە گوتی: جووتیارەکە ڕۆژانەکانی نەداوەتێ کەچی هەرچەند داوای مزی خۆی لێ دەکات، دەست دەکات بەلێدانی!. دۆن کیشۆتیش فەرمووی بەجووتیارەکە کە بەگورجی ڕۆژانەکان بدات بەکوڕەکە. جووتیارەکەیش بەڵێنی دایە کە ڕۆژانەکانی دەداتێ، هەر ئەوەندە دوا دەکەوێ تا دەگاتەوە ماڵێ، بەڵام کوڕەکە دڵ کرمێ بوو لەوەی جووتیارەکە بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ بکات، دۆن کیشۆتی تێگەیاند شۆڕەسواریش کە ئەمەی لە کوڕەکە بیست بەهەڕەشەیەکەوە ڕووی کردە جووتیارەکە و پێی گوت: (منم سوارچاکی ئازا و نەبەرد: دۆن کیشۆت دی لامانشا!... تۆڵەی زۆرلێکراوان لە زۆرداران دەکەمەوە، ڕاستکردنەوەی هەموو هەڵەیەک بەمن سپێرراوە لابردنی هەموو زیانێک لە زیان لێدراو لەسەر ئەستۆی منە، هەموو پشم و قینێکیش لە دڵاندا من پاکی دەکەمەوە!... کەواتە ئەی جووتیار لە بیرت نەچێتەوە کە چ بەڵێنێکت بەمن داوە، کە چ سوێندێکیشت لەسەر جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنە بۆ من خواردووە، کەواتە گفتی خۆت ببەیتە سەر بۆ خۆت چاکترە ئەگینا سزای خۆت دەبینی!...).

کاتێ دۆن کیشۆت دڵنیا بوو لەوەی پیاوەکە ناوێرێ فەرموودەکەی ئەو بشکێنێ، سواری ئەسپەکەی بووەوە و دەستی کردەوە بەڕۆین... بەڵام هێشتا تەواو دوور نەکەوتبووەوە، جووتیارەکە دەستی کردەوە بەلێدانی کوڕەکە!.

## جوانترین کچانی سەر زەمین

بەڵام دۆن کیشۆت هەر سێ هەزار گەزێکی لە ڕێگەکە بڕی بوو، لەپڕ گەیشت بەکۆمەڵێک لە بازرگانانی شاری (تۆلیدۆ)، کە بەرەو ڕووی ئەو دەهاتنە پێشەوە، ئیتر هەر ئەوەندە لێیان نزیک بووەوە، چووە دڵیەوە کە ماوەیەکی فراوانی لە بەردەمدایە بۆ ئەمەی جەربەزەییەکی تازە بنوێنێ لەگەڵیاندا بەخۆی و ئەسپەکەیەوە چەقی ڕێگاکەی لێ

گرتن شیرەکەیشی لە ڕوویاندا هەڵکێشا ئنجا تێی خوڕین: (لە جێی خۆتاندا بووەستن! کەس لە ئێوە بیر لەوە نەکاتەوە کە دەتوانێ لە جێی خۆی ببزوێ، تا ددان بەوەدا نەنێ کە لە هەموو ڕووی سەر زەمیندا هیچ ئافرەتێک لە شاژنی (لامانشا) جوانتر و شەنگوشۆختر نییە کە (دولسینیا دل تۆبۆزۆ) گەوهەرێکی تاکانەیە لە هەموو جیهاندا!...).

کە دۆن کیشۆت ئەمەی پێ گوتن، هەموویان لەوە دڵنیابوون کە تووشی کابرایەکی وا بوون نە هۆشی ماوە نە گۆش!... بەڵام یەکێکیان تێدا بوو حەزی لە گاڵتەوگەپ دەکرد لێی چووە پێشەوە و پێی گوت: (شۆڕەسواری گەورەی خۆم! هەرچی ئێمەین ئەو ئافرەتە پایە بڵندە ناناسین کە ئێستا ناوت هێنا... کەواتە ڕێمان بدە بام چاومان پێی بکەوێ، ئنجا ئەو بڕیارەی خۆت دەتەوێ پێمان بدەیت، پێمان بدە!...). بەڵام دۆن کیشۆت پێی گوتەوە: (جا ئەگەر من ئەو جوانییەی ئەوتان پێشان بدەم، ئیتر ئەو ددان پێدانانەی ئێوە بەم ڕاستییە پەسندکراوەدا چ نرخێکی دەبێ و، چ سەرێکیشی لێ سوڕ دەمێنێ؟ یاخود چ چاکەیەکی ئێوەی تێدا دەست دەکەوێت؟... بابەتی بایەخدار و گرنگ لەمەدا ئەوەیە کە ئێوە ناچار بکەم ئەم ڕاستییە پەسند بکەن و، دانی پێدا بنێن و، لە بەردەم کەسانی تریشدا ئاشکرای بکەن بێ ئەمەی ئەو ئافرەتە خاوەن جوانییە پڕشنگدارەتان بەرچاو بکەوێت!).

بەڵام بازرگانە بەپەنگەکە دەستی کردەوە بەزۆرەملێ کردن لە دۆن کیشۆت، پێی گوت: (گەورەی شۆڕەسوار!... تکات لێ دەکەم هەر هیچ نەبێ وێنەی ئەو ئافرەتە جوانەمان پێشان بدە... ئێمەیش ئامادەین هەر کاتێ وێنەکەیت پێشان داین، چ جۆرە دان پێدا نانێکت گەرەکە بۆتی جێبەجێ بکەین... تەنانەت ئەگەر لە وێنەکەیشدا چاوخێل و سەروچاو ناشیرینیش بێ یاخود لە چاوەکانیدا گۆگرد و قەترانیش دەرهاتبێ ئەو دان پێدانانەت هەر بۆ دەکەین!...).

سوارچاکەکەیشمان بەرقێکەوە قیژاندی بەسەریدا، گوتی: (هەی بێ ئابڕووی خوێڕیی!... بەچاوەکانی ئەو ئافرەتە جوانە دەڵێیت گۆگرد و قەترانی لێ دێتە دەرەوە؟! پێویستە بزانیت کە چاوەکانی ئەو خانمە هەر ئاوی بۆن خۆشی لێ دەپڕژێ! دەبێ تۆیش و هاوڕێکانیشت هەمووتان سزای ئەم بێ ئابڕووییە ناشیرینە بچێژن!). پاش ئەوە دۆن کیشۆت لە کابرای ناحەزی چووە پێشەوە و شیرەکەی لە ڕوویدا هەڵکێشا بەڵام وا ڕێک کەوت پێش ئەمەی بگاتە سەر کابراکە ئەسپەکە هەڵئەنگوت و بەقایم دای بەزەویدا... کە ئەوەی لێهات، پیاوی بازرگانەکەی دوژمنی هاتە پێشەوە و شیرەکەی لە دەست دۆن کیشۆت ڕاپسکاند و کێشای بەپەراسوویدا تا شکا... پاش ئەوە بازرگانەکان لەوێدا دۆن



کیشۆتیان بەجێهێشت و دەستیان کردەوە بەڕۆیشتن ئەویش بەجۆرێکی وا ئازاری پێگەیشتبوو توانای ئەوەی نەما بوو ڕاست ببێتەوە و هەڵبسێتە سەرپێ!... ئیتر هەر لەو شوێنەدا مایەوە هەتا لادێییەکی بەلادا تێپەڕی، لە ئاشی دانەوێڵەوە دەگەڕایەوە بۆ دێیەکەی خۆی پڕ خورجێک ئاردی هەڵگرتبوو بەسەر پشتی کەرەکەیەوە کابرا دۆن کیشۆتی لە زەوی بەرزکردەوە و هەڵیگرت و خستیە بان پشتی کەرەکەی، ئەسپەکەیشی کە ناوی (ڕۆزینانت) بوو ڕایکێشا بەدوای خۆیدا ئنجا بەرەو گوندەکەی خۆی ملی پێوەنا!... کە گەیشتەوە ماڵی خۆی دانیشتوانی خانووەکەی بەپیرییەوە هاتن و دەستیان کردە ملی و چاکوچۆنییان لەگەڵدا کرد و، پرسیاریان کرد لەو بەسەرهاتەی بەسەریدا هاتبوو... هەروەها هەر دوو دۆستەکەیشی کەشیش و سەرتاشەکە کە لەوێ بوون و هاتبوون بۆ سەرلێدانی خێزانەکەی بەرەو پیری هاتن کارەساتەکەیان پێ ناخۆش هات، بەزەیی هاتنەوەی خۆیان بۆ دەرخست دۆن کیشۆتیش وای بۆ گێڕانەوە کە هیچی لێ نەقەوماوە، ئەوە نەبێ کە هەر لەسەر پشتی ئەسپەکەی کەوتۆتە خوارەوە، کە ئەمەیش کارێکی بەخت و چارەنووسە... پاش ئەوە داوای لێ کردن پێکەوە هەڵیبگرن بۆ سەر پێخەفەکەی بشنێرن بەدوای (ئۆرگاندا)ی جادووگەردا، تا ئەو ئافرەتە چارەیەکی برینەکانی بکات و چاکی بکاتەوە!.

## خۆشاردنەوە بەهۆی چاوبەستکردنی چاوبەستکارێکەوە

دۆن کیشۆت پانزە ڕۆژ ما لە جێگەدا بەنەخۆشییەوە بەڵام لەم ماوەیەدا هیچ نیشانەیەکی لێ دەرنەکەوت کە دەیەوێ لەپاش چاکبوونەوە گەشتەکەی خۆی تەواو بکات!... هاوڕێکانیشی کە دەیاندی لە ئەنجامی خوێندنەوەی نووسراوانی جەربەزەییەوە چی بەسەر هاتووە، هەروەها کە بەسایەی زیرەکی خۆیانەوە ڕاستی ئەو کارەساتە تێگەیشتن کە لێی قەوماوە ئەوەیان بەهەل زانی کە کەوتبوو لەناو جێگاکەیدا بەدزییەوە هەردووکیان خۆیان هاویشتە ناو نووسراوخانەکەیەوە، کە هەرچی نووسراوێکی نەنگەویست بوو و تێیدا دانرا بوو هەموویان لە نووسراوخانەکە گواستەوە پاشان یەک بەیەکیان سووتاندن دوای ئەوە لەسەر ئەوەیش ڕێککەوتن: کە هەر کاتێ دۆن کیشۆت وریابووەوە و پێی زانی کە نووسراوەکانی نەماون، هەردووکیان هەریەک سەرگوروشتەی بۆ بگێڕنەوە پێی بڵێن: جادووی جادووگەرەکە بووەتە هۆی نەمان و لەناوچوونی ئەو نووسراوانە!...

کاتێکیش دۆن کیشۆت چاکبووەوە و، خێزانەکەی پێیان زانی کە جارێکی تریش دەست دەکاتەوە بەگەشت، بەهەموو توانایییەکی خۆیانەوە تێکۆشان و لێی پاڕانەوە کە واز لەو گەشتەی بهێنێ بەڵام هەموو ڕەنجێکیان بەبا چوو!... دۆن کیشۆتیش لەم ماوەیەدا توانی بووی لادێییەکی ساکاری تێنەگەیشتووی دراوسێی خۆی چەواشە بکات و، بینووسێنێ بەخۆیەوە و بیکات بەپیاوی خۆی لەم گەشتەدا. ناوی (سانکۆبانزا) بوو، کە دەبوو ژنەکەی و منداڵەکانی خۆی بەجێ بهێڵێ لەبەر ئەو!... دۆن کیشۆت کابرای بەسەزمانی وا چەواشە کرد بوو کە هەر کاتێ دوورگەیەکی کەوتە ژێر چنگەوە بەزەبری شیر و ڕمەکەی، دەمودەست دەیکات بەسەرداری ئەو دوورگەیە!.

## دەچێ بەگژ ئاشی بادا

بەم ڕەنگە شەوێک لە شەوان، (دۆن کیشۆت) بەدزییەوە خۆی لەماڵ کێشایەوە (سانکۆبانزا)یش لە ژنەکەی و منداڵەکانی خۆی دوور خستەوە یەکەمیان سواری ئەسپە لاوازەکەی (ڕۆزینانت) بوو بوو، دووەمیشیان سواری گوێدرێژە گێژەکەی بوو بوو کە (دابل)ی پێ دەگوت. هەردووکیان بەو تاریکەشەوە ڕێگەیان گرتە بەر و ڕوویان کردە ئامانجی خۆیان. لە ڕێگادا (سانکۆبانزا) لە گەورەی خۆی پاڕایەوە، گوتی: (گەورەی خۆم! لەبیرت نەچێت کە بەڵێنت داومێ بمکەیت بەسەرداری ئەو دوورگەیەی کە دەیگریت!). (دۆن کیشۆت)یش دڵی (سانکۆبانزا)ی خۆش کرد بەوەی کە بەڵێنی دایە ئەگەر خاکێکی گەورەیشی کەوتە ژێر چنگەوە بیکات بەخونکاری ئەوێ!... کە سانکۆبانزا ئەوەی لێ بیست دەمودەست بەدڵخۆشییەکەوە پێی گوت: (کە ئەمە پێکهات، ژنە خۆشەویستەکەم «ماری جوتیریز» دەبێتە شاژن... منداڵەکانیشم دەبنە شا کوڕ و شا کچ!).

کاتێ کە هەردووکیان خەریکی ئەم چەنەبازییە بوون لەناو دەشتەکەی بەردەمیاندا هەندێ ئاشی بایان بەدی کرد دۆن کیشۆت بەسەرخۆشییەکەوە گوتی: (وا دەردەکەوێ، لەوەیش زۆرتر کە ئاواتمان بۆ دەخواست بەختیارمان دەست دەکەوێ... تەماشاکە سانکۆی دۆستم: ئەوانە لە سیی لنگەهوور کەمتر نین، هەموویان لە بەردەستمدان!... کەواتە بام زوو هەڵکوتمە سەریان بیانکوژم، بۆ ئەمەی هەرچییەکیان سەندووە لە کەسانی تر و هەرچییەکیان لەپاش بەجێ دەمێنێ داگیری بکەین!... چونکە ئەوانە داگیرکردنیان دروستە ڕشتنی خوێنە پیسەکەیشیان دەبێتە هۆی خۆ نزیک خستنەوەیەک لە ئاسمان کە زۆری پێ خۆش دێ!...).



(سانکۆبانزا)یش بەسەرسوڕمانێکەوە لێی پرسی: (کامەتا ئەو لنگەهوورانەی کە لێیان دەدوێیت؟) گەورەکەیشی پێی گوت: (مەبەسم ئەو لنگەهوورانەیە کە لەپێش چاوتدان، باڵیان درێژ کردووە هەندێ لنگەهووری وا هەن باڵیان لە چەند هەزار گەزێک درێژترە!).

– نەء. وا نییە گەورەم! تۆ باش تەماشا بکە، ئەوانە لنگەهوور نین. ئەوانە ئاشی بان!... ئەو باڵانەیش کە تۆ ناویان دەبەیت بریتین لە پەروانەکانی ئاشەکە هەر کاتێ بایەکە بزواندنییەوە ئەوانیش ئاشەکە دەخەنە گەڕ!.

– هاوڕێی خۆم تۆ تازە دەستت داوەتە جەربەزەیی بێگومان بە لەوەی کە ئەوانە لنگەهوورن و زیندوویشن!... جا ئەگەر تۆ لێیان دەترسیت خۆت لادە لێیان و دەست بکە بەپاڕانەوەی خۆت لە خودا چونکە من نیازم وایە بکەومە زۆرانبازییەکی سامناکەوە لەگەڵ هەموویاندا کەچی من و ئەوان جووتیش ناوەستینەوە: نە لە هێزدا، نە لە گەورەییدا!...).

دۆن کیشۆت هەر ئەوەندە لە قسەکانی خۆی بووەوە، دەمودەست جووتە ئاوزەنگی لە پەراسووەکانی ئەسپەکەی سرەواند و، بێ ئەمەی لە هیچ شتێک کۆ بکات بەتاو هوروژمی بردە سەر (لنگەهوورەکانی خۆی) و، شیری لێ هەڵکێشان نە گوێی دایە وریاکردنەوەی پیاوەکەی و، نە لە هاواری مەترسییەکەیشی سڵەمییەوە ڕووبەڕووی (دوژمنەکان)ی قیژاندی و پێی گوتن: (ترسنۆکە بەپەنگەکان لە جێی خۆتان بن مەڕۆن، بەسووکی و ڕیسواییییەوە هەڕا مەکەن لە دەست سوارێک کە وێرابێتی بەتەنیا بێتە جەنگی هەمووتانەوە!) هەر لەو کاتەدا کزە بایەک هەڵی کرد باوەشێنی ئاشەکان دەستیان کرد بەجووڵانەوە، شۆڕەسواریش کە ئەوەی دی دەستی کردەوە بەقسەکانی خۆی:

(ئەی دروستکراوانی پایە نەنگ... ئێوە هەرچەندە باڵەکانی خۆتان دەخەنە گەڕ، بەڵام کاتێک دەزانن سزای ئەم لەخۆباییبوونەی خۆتان دەچێژن!). دوای ئەوە هاواری بردە بەر شاه بانوو و سەرداری دڵی خۆی کە (دولسینیا) بوو داوای لێ کرد کە لەم جەربەزەییییە سامناکەیدا پشتی بگرێ و بیپارێزێ. ئنجا سنگی خۆی بەقەڵغانەکەی خۆی پۆشی و ڕمەکەی بەرزکردەوە و، بەتاو هوروژمی بردە سەر ئاشی یەکەمیان. ڕمەکەی لە جەرگیدا چەقاند!... پەروانەی ئاشەکەیش نەیکردە نامەردی لە کاتی سووڕانەوەیدا ڕمەکەی لە دەست ڕاپسکاند و، بەهەموو هێز و هەڕەتیەکیەوە ڕمەکەی لەناو باڵەکانیدا شکاند پاش ئەوە ئەسپ و سوارەکەیشی فڕێ دایە دوور خۆی لەپڕ سوارەکەیش لە ئەسپەکە کەوتە خوارەوە و، تا ماوەیەکی درێژیش گلۆر بووەوە بەناو کێڵگەکەدا!... کە (سانکۆبانزا)یش

ئەوەی دی بەهەموو هێز و هەرەتێکی کەرەکەیەوە دایەغار، تا بگات بەفریای گەورەکەیدا کە گەیشتە سەری، دۆن کیشۆت کەوتبوو، لە پەلوپۆ کەوتبوو، بڕستی نەما بوو تۆزێک ببزوێتەوە ئەمەیش لە گوڕ و تەوژمی ئەو لێدانەوە پەیدا بوو بوو، کە خۆی و ئەسپەکەی لە پەروانەی ئاشەکەوە بەریان کەوتبوو!...

(سانکۆبانزا)یش تێی خوڕی: (پێم نەگوتی وا مەکە گەورەم؟!... پێم نەگوتی: ئەوانە ئاشی بان؟... کەسیش ناتوانێ لەوە بەولاوە هیچی تر بلێ، مەگەر ئاشی با لەناو کەللەیدا بگەڕێ!...).

سوارچاکی هەڵاتوویش وەرامی دایەوە گوتی: (سانکۆی هاوڕێم! ورتەت نەیێ!... من لەو باوەڕەدام کە جادووگەری بەدکردار (فریستون)ە ئەو لنگەهوورانەی گۆڕیوە و کردوونی بەئاشی با!... مەبەسی ئەو بێ بەختەیش ئەوە بووە کە من لە سەربەرزی سەرکەوتن بێ بەش بهێڵێتەوە... بەڵام لەوەیش دڵنیا بە فڕوفێڵ و چاو و ڕاو هەرچۆنێک بن دوایی بێ بەر دەمێننەوە... هەروەها نایشتوانن بەرامبەر شیرەکەی من بووەستن!...).

سانکۆیش بەقسەی گەورەکەی خۆی بڕوای کرد و، لە ڕاست بوونەوە و سواربوونی ئەسپەکەیدا یارمەتی دا، کە ئەو کلۆلەیش بەچەشنی سوارەکەی لەشی لە چەند لایەکەوە بریندار بوو بوو، لە ئەنجامی ئەو کەوتنە توندوتیژەوە کە لەمەوپێش لێی دووواین!...

## ڕزگارکردنی کچە شایەک لە دیلی

لەپاش ئەمەی هەر دوو سوار لەبن درەختێکی سێبەر داردا ئەو شەوەیان ڕابوارد و، شۆڕەسوارەکەیش هێز و گوڕی سەندەوە، دەستیان کردەوە بەڕۆیشتن... زۆری پێ نەچوو لە ڕێگا گەیشتن بەدوو کەشیش، کە سواری دوو ئێستر بوو بوون و، پێش کاروانی گالیسکەیەک کەتبوون کە لەملا و لەولایەوە چوار پێنج شۆڕەسوار بەسواریی پاسەوانییان دەکرد لەناو گالیسکەکەدا ئافرەتێکی جوان دانیشتبوو، دەچوو بۆ (ئشبیلیە) بۆ لای مێردەکەی خۆی... (دۆن کیشۆت)یش کە ئەوەی دی غاری بەئەسپەکەی دا و، خۆی گەیاندە کاروانەکە و، دەستی کرد بەجنێودان و قسەی ناشیرین بەکەشیشەکان داوای لێ کردن کە (کچە شایە جوانەکە)ی ناو گالیسکەکە بەرەڵڵا بکەن!... هەردوو کەشیشە بەسەزمانەکانیش لە ترسدا تۆقین و دەستیان کرد بەهەڕاکردن، تا لە دەست ئەو ڕزگاریان بێ!... بەڵام دۆن کیشۆت دوایان کەوت و، ڕاوەدووی نان هەر لەو کاتەدا پیاوەکانی لەمەڕ گالیسکەکە پەلاماری (سانکۆ)یان دا و کوتایان بەزەوی دا و، ئەمەندەیان لێ دا



شلکوتی مەرگیان کرد. وازیشیان لێ نەهێنا تا هەناسەی لێ بڕا و، بڕستی بڕا و، جووڵەی نەما!... بەڵام دۆن کیشۆت لەپاش ئەمەی بەسەرکەوتنێکەوە گەڕایەوە لەدوای دەربازکردن و ڕاوەدوونانی کەشیشەکان کە هەڕایان کرد لە دەستی، خۆی گەیاندە ئەو ئافرەتەی کە لەناو گالیسکەکەدا بوو، لەپاش ئەمەی کڕنووشێکی ڕێزگرتنی بۆ کێشا، پێی گوت: (خانمە بەڕێزە جوانەکەم! تۆ ئێستا ئازادیت، بۆ هەر کوێیەک دەچیت بچۆ.. تازە من لووتی ئەو دوو لووت بەرزە گوناهبارانەم بۆ شکاندیت، کە تۆیان بەدیل گرتبوو و کێشیان دەکردیت بۆ جێگایەک کە مەگەر هەر خودا بزانێ کوێیە!... ئەگەر حەزیش دەکەیت ناوی ئەم ڕزگارکەرەی خۆت بزانیت، من ناوم: (دۆن کیشۆت دی لامانشا)یە پیشەیشم ئەوەیە کە سوارچاکێکی گەشتکەرم و دەگەڕێم بەدوای جەربەزەییدا. هەروەها دیلێکم بەدەست جادووی یارەکەمەوە، (دولسینیا دل تۆبۆزۆ) کە جوانی و شەنگوشۆخییەکەی بێ هاوتایە منیش بەرامبەر ئەم کارەی کردوومە بۆ تۆ هیچ پاداشێکم لێت ناوێ، ئەوە نەبێ کە بگەڕێیتەوە ئەو شارەی کە ئەو خانمەی تێدا دادەنیشێ، بۆ ئەمەی خۆتی پێشکەش بکەیت و، ئەم کارەساتەیشی بۆ بگێڕیتەوە کە چۆن تۆم لە دیلی ڕزگار کردووە! بەڵام هێشتا شۆڕەسوارەکەمان لە قسەکانی خۆی نەبووبووەوە، پیاوێکی خانمەکە لێی ڕاست بووەوە و، بەرپەچی ئەوەی دایەوە کە ئافرەتەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەو جێگایەی لێوەی هاتبوو. دەستیشی کرد بەهەڕەشەکردن لەم کابرا سەرچڵە، کە بێ باکانە دەیەوێ زۆرەملێ لە خانمەکەی بکات و گەشتەکەیشی لێ تێک بدات... ئیتر هەردوو پیاوەکە بەدەم تێک بەربوون پاشان دەمەقاڵێ گۆڕرا و بوو بەزۆرانبازییەکی توندوتیژ. خانمەکەیش لەناو گالیسکەکەوە سەیری شەڕوشۆڕی هەردووکیانی دەکرد بەڵام بەدڵ دەترسا لەوەی کە شتێک بقەومێ! ئنجا لەپاش ئەمەی هەردوو لا زۆرانبازییان کرد و هوروژمیان بردە سەر یەکتری سوارچاکەکە دوژمنەکەی خۆی شکاند و زۆریشی نەما بوو بیکوژێ بەڵام ئافرەتەکە کەوتە ناویانەوە و ناوبژی کردن و لێی پاڕایەوە کە پیاوەکەی ببەخشێ... دوایی (دۆن کیشۆت)یش پاڕانەوەی ژنەکە کاری تێکرد و دڵی نەرم بوو و کابرای بەخشی بەو، بەڵام بەمەرجێ کابرا دەمودەست بڕوات بۆ لای خانمە جوانەکەی و فریشتە پاسەوانەکەی، (دولسینیا دل تۆبۆزۆ) خۆی بخاتە ژێر چنگی ئەوەوە خانمیش خۆی و خودای خۆی، چی پێ دەکات بام پێی بکات!.

## ڕاستی پەرستی چاوپۆشین

لە بەشی دووەمی ڕێگاکەدا شۆڕەسوارەکە و پیاوەکەی گەیشتن بەچەند ڕێبوارێک... (دۆن کیشۆت)یش لەسەر ڕەوشت و خووی خۆی ڕۆیشت، لە یەکەم هەلدا کردیە دەمەقاڵێ لەگەڵیاندا پاشان بووە شەڕیان بەڵام ئەمجارە سەرنەکەوت، ژێرکەوت لەشی بەجۆرێکی وا بریندار کرا، ئەوەندەی نەما بوو بمرێ.. کاتێکیش ئەوە هات بەبیریدا کە دەمرێ، بەسانکۆبانزای پیاوی گوت: تۆڵەی بۆ بکاتەوە لەوانەی برینداریان کردووە و بۆ کوشتنی خەریکبوون... ئەمیش بەساکارییەکەی خۆیەوە وەرامی دایەوە گوتی: (گەورەم! من هەر وەک خۆت دەمبینی پیاوێکی بێ وەیم و نامەوێ کەس ئازار بدەم، ژن و منداڵیشم هەیە بەخێوکردن و چاودێری کردنیان لەسەر ئەستۆی منە... خۆیشم دڵ و دەروونم وایە حەز لە بەخشین دەکەم بەرامبەر هەموو مرۆڤێک: چ گەورە بن، چ بچووک، چ سەردار بن، چ خوازەڵۆک. سا هەر هەڵە و تاوانێکیان دەربارەی خۆم کرد بێ، یان بیکەن بێ جیاوازی حەز دەکەم چاویان لێ بپۆشم!) سانکۆبانزایش دۆن کیشۆتی سەرداری خۆی، سواری کەرەکەی خۆی کرد دۆن کیشۆت لەتاو ئازار دەیناڵاند پێکەوە ڕۆشتن تا گەیشتنە مەیخانەیەکی هەرە نزیک کەچی لەوێدا هەر ژوورێکیان دەست کەوت، کە دەبوو یەکێکی تریش لەگەڵیاندا بووایە... کە کارەکەری مەیخانەکە هاتە ژوورەوە، لایان دۆن کیشۆت هەروەک هەموو جارێ دەیکرد لە مەیخانەکاندا وایزانی ئافرەتەکە کچە شاهێکە و خاوەنی ئەو کۆشکەیە لەبەر ئەوە ئافرەتەکەی گرتە باوەشی خۆی و دەستی کرد بەقسەی مێبازانەی هەرە ناسک و خۆش و پێدا هەڵدان، بەکردەوە جوانەکانی فریشتەی پاسەواندا (دولسینیا دل تۆبۆزۆ)!.

پیاوەکەی تر کە لە ژوورەکەدا بوو، لەگەڵ هەردووکیاندا ئەمەی پەسند نەکرد... خۆی پێ نەگیرا، چوو بەگژیدا... ئیتر دەمودەست هەرسێکیان دەستیان کرد بەشەڕکردن... دوایی شۆڕەسوار و پیاوەکەی ئەمەندە بریندار بوون کەوتنە باری سەرەمەرگەوە... بەڵام دۆن کیشۆت دەرمانێکی بۆ خۆی و پیاوەکەی دروست کرد، لەسەر واتەی نووسراوێکی کۆن کە خوێندبوویەوە... کە دەرمانەکەیان بەکار هێنا، بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی تەواو چاک بووبوونەوە و، هێز و گوڕیان بۆ گەڕابووەوە، لەبەر ئەوە ئامادە بووبوون بۆ کۆچکردن....



## شەڕێک لە ئاسۆدا

کاتێک کەوتنە ڕێگا لە دوورەوە چاویان لە هەورە چڵکنەیەک بوو کە لە تۆز دروست بوو بوو، ئاسۆی شاردبووەوە. دۆن کیشۆتیش گوتی: (بێگومان ئەم هەورە لە شەڕی دوو لەشکر پەیدا بووە کە لەو ناوەدا بەربوونەتە یەکتری!. بەڵام کە زۆرتر چوون بەرێدا و نزیکتر بوونەوە، سانکۆبانزا بۆی دەرکەوت کە ئەو پەڵەهەورەی تۆزە لەوەوە پەیدا بووە کە گاگەلێکی زۆر گەورە لەو ناوەدا بەسەر زەویدا دەڕۆن، بەڵام شۆڕەسواری شێتووێت نەیویست گوێ بداتە قسەی پیاوەکەی خۆی شیرەکەی هەڵکێشا و هوروژمی بردە ناو گاگەلەکە، دەستی کرد بەسەربڕین و کوشتارکردن لەناویاندا!...) لە خۆیشی وابوو کە خەریکە لەشکری (دوژمن) لەناو ببات!... کاتێک دۆن کیشۆت خەریکی ئەو کوشتارە بوو، لە لایەن شوانی گاگەلەکەوە بەردەباران کرا، دوایی کەوت بەسەر زەویدا، ئەوەندەی نەما بوو بەو بەردانە گیانی لێ جیا ببێتەوە!... کە بەوەی زانی پیاوەکەی بەهەڵەداوان خۆی گەیاندێ و یارمەتی دا تا ڕاست بووەوە سەرپێ. ئنجا پێی گوت: (ئەی من پێم نەگوتیت گەورەم، کە ئەوە گاگەلە؟!... بۆچ بڕوات پێ نەکردم؟!...).

## قسەی ژیرانە لە دەمی بەندییەکانەوە ببیەن

کاتێ سوارەکە و پیاوەکەی دەستیان کردەوە بەگەشتەکەی خۆیان گەیشتن بەکۆمەڵێکی گەورە لەو بەندییانەی کە بڕیاری (فرمانی سەخت)یان بەسەردا درا بوو... یا ساوڵەکانیان ئەملا و ئەولایان گرتبوون.. بەڵام کە (دۆن کیشۆت) بەوەی زانی ئەوانە ڕەوانە کراون بۆ سەر بەندەر بێ ئەوەی لە خۆیان بپرسن هەستی بەخۆی کرد کە ڕزگارکردنی ئەوانە لە دیلێتی لەگەڵ (بیروباوەڕەکان)ی خۆیدا دەگونجێ کە بریتین لە بەرەنگاریکردنی توندوتیژی و، زۆرلێکردن و، چوون بەهاواری بێچاران و داماوانەوە!... ئنجا کە کاروانی بەندییەکان بەلایدا تێپەڕین و دەنگی زڕەی زنجیر و پاڵەهەنگەکانیان کەوتە بەرگوێی شۆڕەسوار پرسێکی لە یەکەم بەندییان کرد لە بابەت بڕیاردان بەسەریدا لە لایەن دادگاوە کە بەمجۆرەی بەسەر بێ... بەندییەکە وەرامی دایەوە گوتی: (ئەوانە بۆیەکا بڕیاریان بەسەرمدا دا چونکە من دڵداریم دەکرد!). دۆن کیشۆتیش ئەمەندە سەری سوڕما لە واتەی بەندییەکە دەمی داچەقا، پاشان بەگەرمییەکەوە لێی پرسی گوتی: (ئەی ئەوە چۆن ڕوویدا؟)... بەندییەکەیش گوتی: (سەبەتەیەکی پڕ لە جلوبەرگم حەز لێ کرد، ئەمەندە خۆشم دەویست باوەشم پێدا کرد و، ویستم بیفڕێنم!).

ئنجا له دیلی دووەمی پرسی: (بۆچی گیراوی؟). ئەویش گوتی: (لەسەر ئەوە خرامە بەندیخانەوە، کە داما بووم لەسەر دە پارچەی پارەی زێڕ!... ئەگەر ئەو پارەیەم هەبووایە دەمتوانی پێنووسەکەی (پرسیارکار = محقق)ی پێ تەڕ بکەم و، مێشکی پارێزەریشی پێ بخەمە گەڕ. منیش لەوساکەوە تا ئێستا بەئازادی و سەربەستییەوە دەگەڕام بۆ خۆم!.). سێیەمیشیان گوتی: (منیش سەبارەت بەتاوانێکی گەورەی ناشیرینەوە خرامە بەندیخانەوە، کە هەرگیز چاوی لێ ناپۆشرێ؛ چووم بەدەمی خۆم پێم نا لەو دزییەی کرد بووم... ئەگەر زمانی خۆم بگرتایە لە سزا ڕزگارم دەبوو!...).

(دۆن کیشۆت)یش لەسەرخۆ گوێی لە هەموو بەندییەکان گرت.. کە لە پرسیارەکانی خۆی بووەوە، گەیشتە ئەم ئەنجامە: کە ئەو بەندییانە هەرچەندە لە ڕێ لایان داوە و، یاسایان شکاندووە، بەڵام هەرچییەک بێ لە ڕەگەزی مرۆڤن و کەوتوونەتە سەرگەردانییەکەوە، ئەگەر بەدبەخت نەبوونایە بەرگرتن و خستنە بەندیخانە نەدەکەوتن!... لەبەر ئەوە دەستی کرد بەدڵدانەوەیان، دڵنیایشی کردن: کە نامەی ئەو، کە شۆڕەسوارێکی سەربەرزە ناچاری دەکات هەرچییەکی لە دەست دێ بیکات، تا یارمەتییان بدات و، ڕزگاریان بکات لە بەندییەتی!...

پاش ئەوە هاوڕێکەمان قسە گەوجەکانی خۆی بردەسەر و، دەستی کرد بەکردەوە و کاری شێتانەکانی هوروژمێکی لەناکاوی بردە سەر یاساوڵەکان ئەمانیش داچڵەکین و تۆقین و دەستیان کرد بەهەڕاکردن، بەندییەکانی خۆیان بەجێهێشت کە زوو بەزوو پێوەندی خۆیان پچڕی و خۆیان ئازاد کرد!... کە (دۆن کیشۆت)یش ئەوەی چاو پێ کەوت، لە خۆشیاندا گەشکەدار بوو هۆشی بەخۆی نەما فەرمانی پێ دان کە دەمودەست بچن بۆ لای فریشتە یاساوڵەکەی واتا (دولسینیا)ی شۆخوشەنگ، بۆ ئەمەی پێوەندەکانی خۆیانی پێشکەش بکەن، تا ببێتە یادگار و نیشانەی دلێری ڕزگارکەرەکەیان!... کەچی وەرامی بەندییەکان پێچەوانەی هیوا و ئاواتی دۆن کیشۆت دەرچوو کە لێرەدا وەک شۆڕەسوارێکی سەربڵندی نوواند، چونکە بەندییەکان خۆی و پیاوەکەیان دایە بەر بەرد!... واتا ئەو دەستەیان گەست کە ڕزگاری کردن لە بەندییەتی!... پاش ئەوە هەریەکەیان ڕۆیشتەوە بۆ جێگای خۆی و بڵاوەیان لێ کرد. (دۆن کیشۆت)یشیان بەجێهێشت بەکەوتوویی لەسەر زەوییەکە لەتاو ئێش و ئازاری برینەکانی لەشی هاواری دەکرد و دەینالاند لەتاو ئێش و ئازاری دڵیشی کە ئەو نامەردانە چاکەکەیان بەوجۆرە بەخراپە دایەوە، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا!.



## دۆن کیشۆت دەکەوێتە داوی ئافرەتێکەوە

کە کار وای لێهات جووتە سوار ناچاربوون خۆیان بشارنەوە لە دادگا، چونکە بەرەڵڵاکردنی ئەو بەندییانە تاوانێک بوو کردیان لەبەر ئەوە خۆشاردنەوەیان پێ چاکتر بوو لەناو شاخەکاندا، بۆ ئەمەی تا ماوەیەک لە دەست ڕاوەدوونانی باڵبازەکانی (ئیسپانیا) ڕزگاریان ببێ... ئنجا دۆن کیشۆت پیاوە دڵسۆزەکەی خۆی نارده کن (دولسینیا)ی دولبەری، بۆ ئەمەی ئارام بەدڵی بدات کە هیچی بەسەر نەهاتووە سانکۆبانزایش لە گوندەکەدا چاوی بەهەردوو هاوڕێی سەردارەکەی خۆی کەوت: سەرتاشەکە و، کەشیشەکە، کە هەردووکیان خەریکی فێڵێک بوون بیکەن، (دۆن کیشۆت)ی پێ بگێڕنەوە ناومالّی خۆی، هێنایان ئافرەتێکی جوانیان ئامادە کرد کە بەسوارچاکی سەربڵند بڵێ: (یەکێک دەستی بۆ هێناوە!). ئافرەتەکەیش هەرچییەکیان پێ گوتبوو جێبەجێی کرد، لە بەردەم (دۆن کیشۆت)دا هەناسە ساردی و ڕیسوایی خۆی پێشان دا، تا دوایی (دۆن کیشۆت)ی خستە سەر ئەوەی سوێندی گران بخوات: تۆڵەی بۆ بکاتەوە لەو کەسەی چەواشەی کردووە و دەستی لێ وەشاندووە کە هیچ جەربەزەییەکی تریش نەنوێنێ تا لەم فرمانە دەبێتەوە!... پاش ئەوە شەوێک لە شەوان ئافرەتەکە دۆن کیشۆت تووشی گەشتێک دەکات بەناوی ئەوەوە کە دوژمنەکەی خۆی پێشان بدات، کاتێ کە دۆن کیشۆت خەوی لێ دەکەوێ ئافرەتەکە ئەوە بەهەل دەزانێ شۆڕەسوار دەخاتە ناو قەفەزێکەوە کە بەتایبەتی بۆ ئەم کارە ئامادە کرا بوو!... ئنجا کە دۆن کیشۆت لە خەو ڕادەپەڕێ وای تێدەگەیێنن کە جادووگەر و گیانەکان تووشی ئەم دیلێتییەیان کردووە و، ئۆباڵی ئەم گوناهە بەئەستۆی ئەوانە!... پاش ئەوە بەقەفەزەکەوە کە لەناویدا گیری خوارد بوو هەڵیدەگرن و دەیبەنەوە ماڵی خۆی!.

کاتێ کە سانکۆبانزای پیاویشی دەگاتە گوندەکە لەپشت خۆیەوە ژنەکەی بەهەڵەداوان دەچێ بەپیرییەوە بەترس و تینێکەوە لێی دەپرسێ دەڵێ: کەرەکەت هیچی لێ نەهاتووە؟

– لە خۆم چاکتر ماوەتەوە!...

– سوپاس بۆ خودا!...

***

لێرەدا بەشی یەکەمی نووسراوەکەی (دۆن کیشۆت) تەواو بوو، کە دێینە سەر بەشی دووەمی نووسراوەکە، کە لە ڕاستیدا خۆشترە لە بەشی یەکەمی: دەبینین قسەی پڕوپووچ تێکەڵ بەقسەی ژیرانە دەبێ... گەوجێتییش تێکەڵ بەزرنگی دەبێ... کاتێک دەزانیت دۆن

کیشۆت شێتانە قسە دەکات... کەچی لەپاش ماوەیەک وەک ڕاستی پەرستێک دەدوێ!... ئەوەندە هەیە پاڵەوانی بەشی دووەم (دۆن کیشۆت) نییە، (سانکۆبانزا)یە... لە ڕاستیدا هۆشمەندی نواندنی ئەم خوێڕییە لە شێتی گەورەکەی خۆی، هیچوپووچتر دەرچووە!... چونکە هەرچەندە لە خۆیدا خۆپەرستە، هەرچەندە دەزانێ بەڕاستیی کە گەورەکەی شێتە کەچی باوەڕیشی پێ دەکات و، خۆشیشی دەوێ!.

(سانکۆبانزا) لێرەیشدا هەر خەریکی خواردن و خواردنەوەیە و بایەخیان پێ دەدات، خەمی هیچی نییە ئەوە نەبێ ورگی خۆی پڕ بکات لە خواردن!... بەڵام لێرەدا ئەو گەوج و شێتە پەتەڕییە نەماوە، کە لە بەشی یەکەمی نووسراوەکەدا هەبوو!... لێرەدا گەوجێکی دڵ پڕ لە هیوا و ئاواتە، بۆ گەلێک ئامانج تێدەکۆشێ!...

لێرەدا دەیبینی بەپەرۆشەوە خەریکی پارە کۆکردنەوەیە، بۆ ئەمەی شوویەکی ناوازە بۆ کچەکەی خۆی ڕێک بخات!... (چونکە ئەمە جێگای مەترسییە کە کچێکی ڕووخۆش و جوان بەتەنیا بمێنێتەوە. لە ڕاستیشدا ئەمە باشترە بۆ کچ کە شوویەکی نابەدڵ بکات، نەک لەگەڵ ئەم و ئەودا داوێن پیسی بکات!.). بەم ڕەنگە شۆڕەسوار و پیاوەکەی دەست دەکەنەوە بەگەڕانە پڕ ماندوویێتییەکەی خۆیان، کە بەلای (سانکۆبانزا)وە هەر ئامانجێکی هەبوو: ئەویش داگیرکردنی ئەو دوڕگەیە بوو کە (دۆن کیشۆت) بەڵێنی دابوویە بیکات بەسەرداری کە لەوێدا ئاواتەکانی دێنە دی و، شووکردنێکی بەختیارانەیش بۆ کچەکەی پێک دێ!.

## ئەو ئاواتەی هاتە دی

جەربەزەییەکەی دواییشیان دەیانگەیێنێتە کۆشکی (دیووک)ێکی شێتە پەتەڕی، کە جەربەزەییەکانی هەردوو سوارە گەوجەکەی بەرگوێ کەوتبووەوە، (دیووک)ەکە کە میوانداری کردن لە ماڵی خۆیدا هەر بەو مەبەسەی کە نەهێڵن بەتەنیا بمێنێتەوە و وەڕس نەبێ لە خۆی، هەروەها ژنی (دیووک)یش لەو گلاراوی و پەژارەیەی هەیەتی ڕزگاری بکەن!.

جا هەر بەناوی ئەوەوە کە تەواو تیزیان پێ بکەن و پێیان ڕاببوێرن، دیووک و ژنەکەی هەردووکیان وەک دوو کەس لە پاڵەوانانی جەنگ و سەرکردانی لەشکری خاک گیر پێشوازییان کردن، هەموو جۆرە بابەتێکی ڕێز لێگرتن و گەورەییشیان بۆ ئامادەکردن!... کەچی بەدزیشەوە تووشی گەلێک تەنگوچەڵەمەیان دەکردن لەگەڵ گەوجێتی سەیر سەیر و



ناوازەدا (کە هەر لە گەوجێتییەکانی «لۆریل» و «هاردی»یان دەکرد، کە لە فیلمە ئەمەریکاییەکانی ئەم چەرخەدا دەمانهێننە پێکەنین!)... هەرچەندە (دیووک) خۆی، ڕەنگە لە هەموو کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکە گێژوویژتر و گەوجتر بێ، بەڵام لە ڕاستیدا خۆشییەکی زۆر وەردەگرێ لەوەی کە تیز بەگەوجێتییەکانی گەوجەکانی تر بکات! بەم ڕەنگە (دیووک)مان چاو پێ دەکەوێ: جارێک دۆن کیشۆت تووشی (جەنگ) دەکات لەگەڵ هەندێ پشیلەی (چاو بەستکراو)دا!... جارێکی تریش دۆن کیشۆت دەخاتە ناو جەربەزەییەکی مێبازی پێکەنین هێنەرەوە، لەگەڵ کەنیزەکێکی زۆر جوانی ژنەکەی خۆیدا، کە تووشی گەلێک تەنگوچەڵەمە و تەنگانە و (شەپازللە) خواردنی دەکات!... جا لەو کاتەدا کە (دیووک) بەم ڕەنگە بەدۆن کیشۆت ڕادەبوێرێ، بەسانکۆبانزای پیاویشی بەشێوەیەکی تر ڕادەبوێرێ، دەچێ وای دەخاتە دڵیەوە کە ئاواتە کۆنەکەی بۆ دەهێنێتە دی: دەیکات بەسەرداری دوورگەیەک لە خاکەکانی خۆیدا، کە ناوی (بارانار یا)یە کەچی لە ڕاستیدا ئەو شوێنە دوڕگە نەبوو، گوندێکی بچووک بوو کەوتبووە سنووری خاکەکەی ژێردەستیەوە! بەم ڕەنگە (سەردار)ی تازە دەچێت بۆ پایتەختی خاکەکەی خۆی، لە هەموو لایەکەوە وەک پیاوێکی گەورە ڕێزی لێ دەگیرێ تا دەگاتە ئەوێ گوێدرێژە کز و لاوازەکەیشی کە ناوی (دابل) بوو لە دوایەوە دەڕۆیشت.

(دۆن کیشۆت)یش ناکاتە نامەردی، لەپێش ڕۆیشتنەکەیدا هەندێ لە ئامۆژگارییەکانی خۆی پێ دەبەخشێ کە چۆن سەردارییەکەی خۆی بنوێنێ و چۆنیش کاروباری ژێردەستەکانی خۆی بەڕێوە ببات!... هەروەها لە شێوەیەکی دڵشکاو و خەمباریشدا دەیسپێرێ بەخودا و لەیەک جیا دەبنەوە. کاتێکیش کە (سەرداری نوێ) دەگاتە پایتەختی خاکەکەی خۆی بەپیرەوەچوونێکی ناوازەی بۆ دەکەن کە مەگەر هەر بەخۆی بشێ!.

پاش ئەوە بانگی دەکەن بۆ ئەوەی کە سەردارییەکەی بەوە دەست پێ بکات کە هەندێ ناکۆکی ڕەگ داکوتاوی ژێردەستەکانی خۆی ببڕێنێتەوە و چارەیان بکات. (سانکۆبانزا)یش گەلێک بڕیاریان لەسەر دەدات کە هەموویان پڕ دەبن لە قسەی نەستەق و، قسەی ژیرانە و، کاری دروست و پەسەند. بڕیارەکان بەدڵی هەموو گوێگرەکان دەبن!... کە ئێوارە دادێ (سەرداری نوێ) بەکەش و فشێکەوە لە هۆڵی چێشت خواردنە گەورەکەدا دادەنیشێ. خوانەکە هەرچی خواردن و خواردنەوەیەکی خۆش هەیە پێی دەڕازێنرێتەوە... کەچی هەر خۆی لەسەر خوانەکە دادەنیشێ، وەک هەر بۆ خۆی دانرا بێ وای لێ دەکات کەسیش لەوێ نابێ لەگەڵی بدوێ و دڵی خۆش بکات، پزیشکە تایبەتییەکەی خۆی نەبێ

ئەمیش بەسەریەوە ڕاوەستاوە هەرچەند (سانکۆبانزا) دەست دەبات بۆ یەکێک لەو خۆرشتانە لێی بچێژێ، بەداردەستە بچووکەکەی خۆی لە دەفر (قاپ)ەکە دەدات ئیتر دەمودەست پیاوێکی بەردەست دێت و بەهێواشی ئەو دەفرە لە بەردەم گەورەی خۆی هەڵدەگرێ!...

(سەردار)یش لە سەرەتادا شەرم دەکات خۆی لەم کردەوانە بگەیێنێ بەڵام کە دڵی تەواو توند دەبێ ئازایەتی خۆی دەخاتە کار و لە پزیشکەکە دەپرسێ مەبەسی ژیرانەی ئەم جۆرە کردەوانەی پێ بڵێ!... پزیشکەکەیش وەرامی وا دەداتەوە کە تەندروستی و بێ وەیی گەورەی خۆی لە سەرشانی ئەوە. ئەمەیش بۆیەکا دەکات کە خواردنێکی وا نەخوات زیان بەلەشی بگەیێنێت، چونکە کامەرانی فەرمانڕەوایی بەتەندروستی سەردارەکەیەوەیە!... دوورگەکەیش پڕە لە ڕازدزان (جاسووس) کە دوورنییە ژەهر فڕێ بدەنە خواردن و خواردنەوەی سەردارەوە!....

## دۆزەخی سەرداران و بەهەشتی ژێردەستان

(سانکۆبانزا)یش لە سەرەتادا بەرامبەر ئەم بارە خۆی ڕادەگرێ تا چەند ڕۆژێک لەبەر باری خودادا دەوەستێ هەتا دە ڕۆژێکیش سەرداریی دوورگەکە دەکات بەڵام بە(دڵێکی پڕ لە پشم و قین و زگێکی برسییەوە!.). بەڵام دوایی لە وزەیدا نامێنێ لەوە بەولاوە لەم کارە بێ دەنگ ببێ، لە پزیشکەکەی خۆی ڕاست دەبێتەوە و دەچێ بەگژیدا دەست دەکات بەهەڕەشە لێکردنی پێی دەڵێ: (بڕۆ لە بەرچاوم!... ئەگینا سوێند دەخۆم کەللەی تۆ و هەموو پزیشکەکانی دوورگەکە بپەڕێنم. کەستان نەهێڵمەوە بەزیندوویی... بهێڵە بام بخۆم... ئەگینا بام فەرمانڕەوایی و فەرمانداری خۆیان ببەنەوە بۆ خۆیان!.) هەر لەو کاتەدا نامەهەڵگرێک دێتە ژوورەوە، نامەیەکی (دیووک)ی دەداتێ ئاگاداری دەکات لەوەی کە لەشکرێکی بێ شوماری دوژمن بەڕێوەیە هێرش بباتە سەر دوورگەکە... پاشان ئامۆژگاری دەکات کە خۆی ئامادە بکات بۆ بەرەنگاری کردنی ئەو دوژمنە داگیرکەرانە! (سانکۆبانزا)یش دەمودەست دەچێتە دەرەوە سەرپەرشتی شێوەی بەرگری دوورگەکە بکات... بەڵام هەرچەند هەنگاوێک دەنێتە پێشەوە گیروگرفتێکی فەرمانداری دێتە بەردەم، کە ناچار دەبێ دەمودەست فەرمانی لەسەر بدات و، چارەی بکات بەهۆی ئەوەیشەوە فرمانەکەی خۆی لەبیر دەچێتەوە... جا ئەم گیروگرفتانەی لە هەموو لایەکەوە بۆ کۆدەبێتەوە. زگیشی بەهۆی برسێتییەکەیەوە دەکەوێتە گیانەڵاوەوە!... دوایی پەی بەوە



دەبات کە (فەرمانداری لە هەموو بازرگانییەکانی سەر زەوی هەناسە ساردی زۆرتر تێدایە!.). دوایی نامەیەک دەنووسێ بۆ (دۆن کیشۆت) بەمجۆرە دوایی پێ دەهێنێ: (خۆزگە ئاسمان لە دەست ئەم فرمانە خراپە ڕزگاری دەکردم و، بەبێ وەی دەیشیگەیاندمەوە نیشتمانەکەی خۆم!...).

بەیانییەکیان سەردار لە دەنگە دەنگ و قاووقیژی ئەم و ئەو خەبەری دەبێتەوە کە بەترسێکەوە هاواریان دەکرد دەیانگوت: (دوژمن گەیشتە بەردەرگا!...)... ژێردەستەکانیشی هانەیان دەدا بۆ ئەمەی سەرکردەییان بکات، تا بتوانن نیشتمانەکەی خۆیان بپارێزن... سەرداریش وەرامی وا دەدانەوە کە پێویستی بەخواردەمەنی هەیە بیخوات لە هونەری جەنگ سەری دەرناچێت!... بەڵام دانیشتوانی دوورگەکە سەرەشکێنەی دەکەن، توانجی تێدەگرن، بەزۆر زرێی لەبەردەکەن، ڕمی قورس بەبەر سنگ و پشتییەوە قایم دەکەن، دوایی وای لێ دێ هەرچەند دەکات ناتوانێ ببزوێتەوە... دوای ئەوە داوایشی لێ دەکەن کە پێش لەشکر بکەوێ!.

– چۆن من بچمە پێش لەشکرەوە؟... خۆ ناتوانم ئەژنۆم بنووشتێنمەوە.

– دەک داوەشێیت!... لە ڕاستیدا تۆ لەبەر ترسە، نەک لەبەر چەکی کوشندە، کە ئەژنۆت پێ نانوشتێنرێتەوە!...

زۆری پێ ناچێ، دەنگە دەنگی دوژمنی هورووژم هێنەر بەرز دەبێتەوە، سەرداریش دەیەوێ بەو هەموو بارە گرانەوە کە پێوەیەتی ببزوێتەوە. بەڵام هەرچەند دەکات ناتوانێ بجووڵێتەوە دوایی وەک کیسەڵ دەکەوێ بەڕوودا، بەسەر زەویدا!... جا لەو کاتەدا کە ژێردەستەکانی لەناو ئەو تاریکییەدا بەهەڵەداوان خۆیان دەکوتن بۆ کۆگای چەکی کوشندە و، بەسەر لەشیدا دەڕۆن، تا زرێ و ڕم بۆ خۆیان بهێنن، (سانکۆبانزا)ی سەردار، بەدرۆ خۆی دەکات بەمردوو، جووڵەی بۆ ناکات تا ئەوان دێنەوە لە شەڕ و، لە بەرەبەیاندا دەست دەکەن بەقاووقیژی شادمانی کە سەرکەوتوون بەسەر دوژمندا کابرای هاوڕێمان لە زەوی ڕاست دەکەنەوە و مۆژدەی سەرکەوتنی خۆیانی دەدەنێ!.

بەڵام (سانکۆبانزا) وەرامیان ناداتەوە، ئەوەندە نەبێ کە داوای جلە کۆنەکانی خۆی دەکات، کە لەپێش فەرمانداریدا لەبەری دەکرد... کاتێ کە بەرگە کۆنەکانی خۆی دەپۆشێتەوە خۆی دەگەیێنێتە تەویلەی گوێدرێژەکەی خۆی کە (دابل)ی ناو نابوو بەدڵێکی شکاو و چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە گوێدرێژە دڵسۆزەکەی خۆی ماچ دەکات و پێی دەڵێ:

(وەرە لام ئەی دۆست و هاوڕێی دڵسـۆزم!... ئەو ڕۆژانەمـان چەند خـۆش بوو کـە مـانگ بەمانگ و ساڵ بەساڵ پێکەوە دەگەڕاین و گەشتوگوزارمان دەکرد، کە هیچ خەمێکم نەبوو ئەوە نەبێ کۆپانەکەت چاک بکەم و خۆرشتیش بۆ ورگە بچکۆلەکەی تۆ پەیدا بکەم. بەڵام ئێستا کە گەیشتوومەتە سەرەپۆپەی گەورەیی دە هەزار دەرد و سەرئێشە گیانم ڕاوەدوو دەنێ!.).

پاشان دوو سێ جار دەست دەکێشێ بەملی کەرەکەیدا و سواری دەبێ... ئنجا ماڵئاوایی لە ژێردەستەکانی خۆی دەکات و، دەست دەکات بەغارکردن و دەڕواتەوە!.

## دەکەوێتە داوەوە!

بەڵام ئەو (دۆن کیشۆت)ەی بەجێمان هێشتبوو لە کۆشکی (دیووک)دا، خەریکی بەزموڕەزمی خۆی بێ ئەمەندە لە لایەن دانیشتوانی کۆشکەکەوە بەپیاو و ژن و کارەکەر و مەفردییەوە تیزی پێ کرا و پێی ڕابوێررا، بەتەواوەتی دڵی شکا. ئیتر وای لێهات کە واز لە خۆش ڕابواردنی ناو کۆشکەکان بهێنێ و بەهەمـوو ئارەزوویەکی دڵی خۆیەوە بگەڕێتەوە سەر ژیانی گەشتوگوزارەکەی خۆی و، سەرلەنوێ لەگەڵ (سانکۆبانزا)ی سەرداری دەستبەردار لە فەرمانداریدا دەست بکاتەوە بەگەڕان و چۆڵەوانییەکەی خۆی!.

جا لەپاش چەند جەربەزەییەک و، چەند گەوجێتییەک کە نواندی، دۆستەکانی شۆڕەسواری شێتوویت، داوێکی بۆ دەنێنەوە، تێی دەکەوێ. مەبەسیشیان لەمە ئەوە دەبێ کە ناچاری بکەن بەیەکجاری واز لە ژیانی سوارچاکی و جەربەزەیی بهێنێ. دێن: پیاوێک دەهێنن خۆی دەخاتە بەرگ و پۆشەنی و شێوەی شۆڕەسوارێکەوە ئنجا شەڕ بەدۆن کیشۆت دەفرۆشێ. دوایی لێیان دەبێتە شەڕ و دۆن کیشۆت دەشکێنێ جا لەبەر ئەوەی سزای سوارچاکی شکاو ئەوەیە، هەرچی شۆڕەسوارە زاڵ بووە کە پێی دەڵێ بەقسەی بکات، ئیتر دەتوانێ کارێکی وا بکات کە دۆن کیشۆت ناچار بکات واز لە شۆڕەسواری بهێنێ تا دەمێنێ و، بگەڕێتەوە ناو ماڵی خۆی!.



## هۆشی دێتەوە بەرخۆی... بەڵام لەپاش چی؟

بەم ڕەنگە لەسەر ئەو ڕەنگ ڕێژبییەی کە دانرا بوو، هەمـوو کەینەوبەینەکە برایە سەر (دۆن کیشۆت) گەڕایەوە گوندەکەی خۆی بەڵام بەسەرشۆڕی و دڵ شکاوییەوە کارەساتەکە ئەمەندە کاری لێ کرد بوو هەرچی هۆشێکی تریشی مابوو ئازاری پێ گەیشت، کە لەوەوە تایەکی توندی لێهات هەرچی پزیشک و دۆستەکانی هەبوون تێکۆشان ڕزگاری بکەن لە دەست ئەو نەخۆشییە، کەڵکی نەبوو!... کاتێکیش نزیک بەمردن بووەوە، ڕۆژێکیان لە خەو ڕاپەڕی و هەستی بەخۆی کرد: هۆش و تێگەیشتنی بەتەواوەتی بۆ گەڕابووەوە... ئیتر هەر ئەوە بوو دەمودەست ڕووی کردە کچەکەی و خوشکەزاکەی، پێی گوتن: (بەڕاستی خودای گەورە بەزەیی بەمندا هاتۆتەوە. بۆیەکا پەردەی نەزانی لەسەر مێشکم لاداوە، کە بەهۆی خوێندنەوەی ئەو نووسراوە هیچوپووچانەوە تووشی هاتبووم، کە لە بابەت جەربەزەییەوە سەرگوروشتەیان دەگێڕایەوە.

جا ئەگەر داخ بۆ شتێک بخۆم هەر بۆ ئەوەیە کە ئەم ژیربییەم درەنگ دەست کەوت ماوەی ئەوەم بۆ نەماوەتەوە کە خۆمی تێدا ئامادە بکەم بۆ مردن!...).

دوای ئەوە (دۆن کیشۆت) ڕووی کردە پیاوەکەی و دۆستەکانی کە لەملا و لەولای پێخەفەکەیەوە وەستابوون دەگریان، پێی گوتن: (لە ڕاستیدا من نموونەیەک بووم بۆ گەوجێتی لە ژیانمدا... بەڵام خەریک دەبم لەگەڵ خۆمدا کە لە مردنەکەمدا ژیر بم!...). دوای ئەوە (دۆن کیشۆت) گیانی دا بەدەستەوە....

# گرۆزیی

نووسەری: ئەلبەرتۆ مۆراڤیا

وەرگێڕانی لە ساڵی: ١٩٦٦

(مارسیللۆ) هەر لە منالّییەوە حەزی لە کۆکردنەوەی بابەتی ناوازە ئەکرد ڕەنگە ئەمەیش سەبارەت بەوەبێ، کە باوک و دایکی هەرگیز بیریان لەوە نەئەکردەوە کە ئارەزووی شت پەیداکردنەکەی ئەو دامرکێتەوە ئەم کەموکووڕییەی ئەوانیش لە دەست قووچاوییەوە نەبوو لە کەم تەرخەمییەوە بوو... دوورنییە، ئەم خووەی (مارسیللۆ) سەبارەت بەئارەزووانی تری بووبێ، کە لە ئارەزووی شت پەیداکردن قووڵ بووبێ بێ ئەمەی هەست بەخۆی بکات، ئەوە ئارەزووانە لەژێر پەردەی چاوبرسێتیدا کاریان لە دەروونی کردبێ.

جا لەبەر ئەوە (مارسیللۆ) هەمووددەم بەپەرۆشی ئەوەوەبوو کە کەلوپەلو شتومەکی جۆرجۆر و ڕەنگاوڕەنگی دەست بکەوێ، وەک: پێ نووسێکی مزی سەر بەلاستیک، نووسراوێکی پڕ لە وێنە، تیروکەوانێک، بابەتەکە هەرچەندێک ساکار بووایە، تا ئەندازەیەکی گەورە، مێشکی خەریک ئەکرد، دڵی ئەورووژاند تاوای لێ ئەهات جێی بەخۆی نەئەگرت تا دەستی ئەکەوت کە دەستیشی ئەکەوت، دڵی ئەوەندە بەوە خۆش ئەبوو، پێی گەشکەدارئەبوو.

بەڵام هەرچەندی ئەکرد لە شت پەیداکردن تێری نەئەخوارد هەرشتێکی ئەدیی ئەیویست بیکات بەهی خۆی!...

(مارسیللۆ) ئەم شتانەی ئەخستە ناو سنووقەوە و کلیل و کلۆمی ئەکرد، لەناو ژووری نوستن و خوێندنەوەی خۆیدا، لە ماڵەوە.

هەروەک بابەتێکی بەرز و پیرۆز، یاخود لەپاش بەجێ ماوێکی بەڕێز سەیری ئەکردن، لە ڕاستیدا ئەوشتانەی تەنیا بە کەلوپەل و کەرەستەیەک دانەئەنا هەر پارچەیەک لەو شتانەی بەتاقیکردنەوەیەک دائەنا کە بەسەریا هاتوو، یاخود زوو بەزوو بەسەریا دێ... بەلای ئەوەوە، شتەکان، وەک کەلەپوورێک وابوون پڕبوون لە هەست و تاسە، پڕبوون لە ڕازونهێنی!... لە ئەندازەی تێگەیشتنی خۆیشیدا، پەیی بەوە ئەبرد، کە خاوەنداریی، کەڵکێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە زۆر ناوازە و جیاوازە.



هەر لەوکاتەدا کەشتەکەی دەست ئەکەوت و پێیەوە شادمان ئەبوو، پێیەوە گەشکەدار ئەبوو، کە هەرگیز ئەو خۆشییەی لەبیر نەئەچووەوە، ئازارێکی وایش بەدڵی ئەگەیشت، کە هەر لەو ئازارەی ئەکرد کە پیاوێک گوناهێک بکات و هەموو جارێکیش ئەو گوناهەی لە دەست بوەشێتەوە، بێ ئەمەی لە ناوەند ئەو گوناهانەدا کاتێکی دەست بکەوێ و تیا پەشیمان ببێتەوە!

لە هەموو شتێک زۆرتر بەچەک دەست کەوتن دڵی خۆش ئەبوا. ڕەنگە ئەمەیش لەبەر ئەوە بووبێ کە نەیان ئەهێشت چەک بازیی بکات لەگەڵ ئەوەیشا، ئەو ئەو چەکانەی نە ئەویست کە بچووک و ساکاربوون و منالّان یارییان پێ ئەکردن ئەو ئەو چەکانەی ئەویست کە کوشندەبوون و مەترسییان لێ ئەکرا!... بەبۆنەی هەندێ کارەساتەوە، هەلی بۆ هەڵ ئەکەوت، دەستی ئەبرد بۆ تفەنگەکەی باوکی، دەستی ئەدا لە دەمانچەکەی باوکی کە لە چاوەیەکی مێزەکەیدا دایناوو هەر جارێکیش دەستی لەو چەکانە بکەوتایە، تەزوویەک بەلەشیا ئەهات، خوتووکەیەک بەدڵیا ئەهات هەر وەک بەئامانجی تایبەتی خۆی گەیشتبێ وابوو!... زۆری پێ نەچوو پەیی بەوەبرد کە چەک بەدڵا چوونەکەی، هەر لەبەر ئەو هۆیە ساکارە نییە کەبەلایەوە شتێکی سەیربێ لە ڕاستیدا هۆیەکەی قووڵترە لەوە، بەڵام تەواو لێی ئاشکرانەبووە.

چونکە لەو کاتانەدا، کە لەگەڵ منالّەکانی تردا یاریی جەنگ و سەربازی ئەکرد، هەرتەنیا خۆشیی لە یاریەکە نەئەبینی، لەناو هەناوی خۆیشیدا هەستی بەدڵ ڕەقییەکی بێ ئامان ئەکرد، کە بەدوای شتێکدا ئەگەڕا پێی دامرکێتەوە... جا ئەگەر ئەم جۆرە یارییەی نەکردایە، بۆ یارییەکی تر ئەگەڕا، کەداخی دڵی خۆی پێ دامرکێنێتەوە، ئارەزووی کوشتن و کاوول کردن و تێکدانی خۆی پێ دامرکێنێتەوە!...

(مارسیللۆ) لەو تەمەنەی دا، زۆر دڵ ڕەق بوو شەرمی نەئەکرد لە خۆی هەموو کردەوە و کارێکی دڵ ڕەقانەی ئەنواند و لێیشی پەشیمان نەئەبووەوە بەڵام کە ئەمەی ئەکرد، لە کانگای دڵیەوە ئەیکرد خۆشییەکی زۆریشی لێ وەرئەگرت، کە بەلای خۆیەوە، شتێکی کەم نەبوو، لە هونەر و ناوازەییش بەدەر نەبوو بۆ وێنە:

لە ڕۆژانی هەرە گەرمدا ئەچووە ناو باخچەکەوە ئەگەڕا بەناودارودرەختە چڕ و پڕەکانیا، کە لەبەر گوێ پێ نەدانیان، چووبوون بەناویەکدا کوتەکێکی باریکی نەرمی لەگەڵ خۆی ئەهێنا.

کە لە لاقی تەپڵەکێکی کۆنەوە دەری هێنابوو، لەوەدا خۆشییەکی پێ ئەگەیشت، کە پڕبوو لە پەلاماردان و دوژمنایەتی... کامەرانییەکی دڵ ڕەقانە بوو، لەسەر بنچینەی سەرگەردانی کەسانی تر دائەمەزرا!. کە کۆمەڵەیەک گوڵی چاوپێ ئەکەوت لەناو ئینجانەیەکی گەورەدا، دارێکی پیا ئەماڵی، ملی هەموو گوڵەکانی ئەپەڕاند بەلای خۆیەوە، وەک شیری وەشاندبێ وابوو!... لەوکاتەدا هەستی بە هێز و گوڕی خۆی ئەکرد، هەستی بەدڵخۆشیی خۆی ئەکرد، چونکە هەندێ لە هێز و هەڕەتەکەی خۆی کارئەکرد کە دەمێک بوو لەناو لەشیا پەنگی خواردبووەوە!... (مارسیللۆ) هەستی بەجۆرە هێز و دادپەروەرییەک ئەکرد کە هێشتا سنووریان بەتەواوەتی بۆ ئەو دەرنەکەوتبوو هەروەک گوڵەکان تاوانباربووبن و ئەویش سزای دابن وابوو چونکە بەلای خۆیەوە وابوو، کە مافی هەیە و دەسەڵاتیشی دراوەتێ کە ئەم جۆرە سزایانەیان بدات!...

کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا ئاگاداربوو لەوەی کە ئەو جۆرە ڕابواردنانەی ڕای ئەبوارد، پڕبوون لە بەدکاریی، کە کەس پەسندی نەئەکردن.

چونکە جاروبارێک، بەترسێکەوە ئاوڕی ئەدایەوە لە خانوو و باخچەکە، نەوەک دایکی یاخود چێشتکەرەکەیان چاویان لێی بووبێ!. ئەو هەرچەندە هۆی ئەو هەستەی خۆی نەئەزانی چیە، بەڵام ئەوەی ئەزانی کە لەترسی سەر زەنشت کردن نەبوو کە لە چاوتێ بڕینی ئەو کەسانە ئەترسا ئەو هەر ئەوەی پێ ناخۆش بوو کە یەکێک ئەو کردەوانەی لێ ببینێ، کە خۆیشی ئەیزانی لە کردەوەی ئاسایی ناچن؛ کە ئەوانیش جۆرە کەتنێکن ئەیانکات، بێ ئەمەی هۆی ئەو ئارەزووی کەتنکردنە بزانێ!...

***

(مارسیللۆ) هەستی بەخۆی نەکرد کە دڵ ڕەقییەکەی لەسەر گژوگیا لاچووە و گەیشتۆتە سەر گیانلەبەران هۆی ئەمەیش ئەوەبوو، کە ئەمەیش یەکێک بوو لە گەشەکردنە ئاساییەکان ئاگای لە خۆی نەبوو، کە چ کاتێ بەوەی زانی، ئەتوانێ بەچەشنی ئەو خۆشییەی کە لە ئازاردانی گژوگیادا دەستی ئەکەوت، لە ئازاردانی گیانلەبەرانیشدا ئەو خۆشییە وەربگرێ دوورنییە، کە هەر بەرێکەوت تیژبووبێتە سەر ئەو کردەوەیە...

دوورنییە کە دار وەشاندنەکە لە مارمێلکەیەکی دابێ، نەک لە گوڵەکان هەروەها بۆی هەیە کە لە دووبارەکردنەوەی ئەو گوڵ پەڕاندنانە وەڕس بووبێ و، ویستبێتی دڵ ڕەقییەکەی خۆی بەسەر بابەتێکی تردا بنوێنی، کە هێشتا تێ نەگەیشتبوو ئەو دڵ



ڕەقییەی لە چییەوە پێ گەیشتووە و لە کوێوە بۆ هاتووە!... ئیتر (مارسیللۆ) وای لێ هات، هەر بەکوشتنی مارمێلکەکان خۆشی پێ ئەگەیشت ڕۆژێکیان حەوتیانی بەداردەستەکەی خۆی کوشت!...

ئەوەندە هەیە، لەو ڕۆژەدا وەستا و هەستی ئەکرد بەنەنگکاریی و پەشیمان بوونەوەیەک...تەنانەت هەستی بەترسێکی نهێنییش ئەکرد هەوەک لە خۆیدا کردەوەیەکی جیاوازی دۆزیبێتەوە، کە لە کردەوەی کەس نەکات وابوو... کردەوەکەی لەوانەبوو شەرمی لێ بکات و لە کەسانی تریشی بشارێتەوە، نەک لەبەردەمیاندا ڕیسوابێ نەک هاوڕێکانی خۆی لەسەر ئەوە کەنەفتی بکەن... (مارسیللۆ) بە تەواوەتی بۆی دەرکەوت، کە جیاوازە لە هاوڕێکانی خۆی... تەنانەت لەم جیاوازییەیش، بەولاترەوەیە... ئەو لە هیچ ڕوویەکەوە لەوانی نەئەکرد... هەر چەندیشی ئەکرد نەی ئەزانی هۆی ئەوە چیە؟!

جا بۆ ئەمەی لەو بیرەی خۆی دڵنیابێ کە ڕاستە، ڕۆژێکیان خەریک بوو (ڕۆبەرتۆ)ی دراوسێ و هاوڕێی چەواشە بکات و بیکات بەهاوبەشی خۆی لە کوشتنی مارمێلکەکاندا... بەڵام مناڵەکە بەگوێی نەکرد بەرپەرچیدایەوە گوتی دایکم وای فێرکردووم کە ئازاری گیانلەبەران نەدەم و بەزەییم پیایاندا بێتەوە (مارسیللۆ)یش بەمە زۆر دڵتەنگ بوو چونکە لەوەرامی هاوڕێکەیەوە بۆی دەرکەوت کە گڕۆزییەک لە سروشتی خۆیدا هەیە... هەرچەندی کرد (ڕۆبەرتۆ)ی بۆ چەواشەنەکرا بەپاداشتی گەورە گەورە بەڵام (ڕۆبەرتۆ) ئەمەی لێ پرسی: (تۆ بۆچ بەکوشتنی مارمێلکە و ڕاوکردنی دڵ خۆش ئەبیت؟!...)

– چونکە ئەوانە زیان ئەدەن هەموو هێشووەترێکانیان خواردووە؟!.

– کوا لێرەدا ترێ هەیە؟...

– بێجگە لەوە ئەوانە پیس و بەدخوون! ڕۆژێکیان یەکێکیان منی بینی لە جیاتی ئەمەی هەڕا بکات، لێم ڕاوەستا. سەیری ئەکردم و دەمی لێ دائەچەقاندم!... ئەگەر بهاتایە دەمودەست بەرەنگاریم نەکردایە و بەربەستم نەکردایە بازی ئەدایە سەرم!...

کاتێ کەزانی (ڕۆبەرتۆ)ی بۆ لە خشتە نابرێ، دەماری هەڵسا و خوێنی گەرم بوو خۆی پێ نەگیرا، بەجۆرێکی وا گوێی منالەکەی ڕاکێشا، دەستی کرد بەگریان و هاوارکردن!... منالەکەیشی بەرەڵڵا نەکرد تا گوتی: (من کەروێشکم!)...

بەڵام (ڕۆبەرتۆ) هەر ئەوەندە لە دەستی ڕزگاری بوو، بەسەر پەرژینی باخچەکەدا بازدی داو ئەیقیژاند بەسەریا ئەیگوت: (من کەروێشک نیم... تۆم لە خشتەبرد!...).

جا ئەم گفتوگۆیە مارسیللۆی خستە پەژارەیەکی زۆرەوە کە دڵی زۆر پێی تەنگ بوو چونکە (ڕۆبەرتۆ) هەر بەوەندە وازی نەهێنا کە یارمەتی نەدا، ئەو لەو هەست پێ کردنەیش بەش براوی کرد کە کردەوەکەی بەپەسند دابنرێ، یاخود هەر هیچ نەبێ چاوی لێ بپۆشرێ!... بەم ڕەنگە جارێکی تریش وای لێ کردەوە کە هەست بەگرۆزیی و دڵ ڕەقی و درۆزنی خۆی بکاتەوە!... ئنجا بەداخێکی دەروونییەوە، بیری لەم هەمووو کەینەوبەینانە ئەکردەوە!... جارێکی تریش کوشتنی مارمێلکەکانی بیرکەوتەوە بەوەی زانی کە ئەو نەی ئەویست دەمودەست بیانکوژێ بەڵام کە ڕاوی ئەنان، هەستی بەدەروون بزووتن و دڵ خرۆشانێک ئەکرد ئەم دڵ خرۆشانەیشی لەپاش دەربازبوونی (ڕۆبەرتۆ)وە تووش ئەهات کەچی لەوەدا خۆشیی پێ ئەگەیشت هەرچەندە بێزیشی لەوکردەوەیەی خۆی ئەکردەوە!... ئەو دڵ خرۆشانەیشی ئەوەندە بەهێزبوو، لەوەپاش، هەر چەندی ئەکرد خۆی پێ نەئەگیرا، واز لە مار مێلکەکان بهێنێ و نەیانکوژێ...

ئەم بیرکردنەوەیە، مارسیللۆی تەواو تەنگەتاوکرد.

چونکە پەیی بەوەبرد کە دەردەکەی خۆی هەر تەنیا گرۆزیی نییە، کە لەکەس ناکات، هەروەها بێ دەسەڵاتیشە کە هەرچەند ئەکات خۆی لەو گرۆزییە بۆ ڕزگارناکرێ!.

کاتێ کە هاتەوە ناو ژوورەکەی خۆی، هەروەک ڕاهاتبوو لە کاتی نوێژکردندا، ئەژنۆی دادا و ڕووی کردە خوا، بەدەنگێکی بەرزەوە بڕیاریدا، کە بەلای خۆیەوە وابوو بەدڵیەتی (بەخوا سوێند ئەخۆم کە لەمەودوا زیان بەهیچ گژوگیا و گوڵ و مارمێلکەیەک نەگەیێنم!...)... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، لە دڵی خۆیدا هەر هەستی بەوە ئەکرد، کە پێویستە یەکێک گوێی لێ بگرێ دان بەگوناهی خۆیدا ئەنێ و چاویشی لێ بپۆشێ!... وایشی هات بەبیردا کە پەنا بەرێتەبەر دایکی کەچی دایکیشی ئەوەندە بەوەوە نەنووسابوو.

چونکە هەر بەتەنگ ڕابواردنی خۆیەوەبوو، دەستی نەئەپەرژایە سەر ئەو... هەرچەندێکی ئەکرد پێی نەئەکرا بەتەنیا بیبینێ مەگەر لەدەمی خەوتنناندا بوایە کە ئەهاتە ژوورەکەیەوە و لەپێش نوستنیا شەو باشیی لێ بکات مارسیللۆیش زۆر بەپەرۆشەوەبوو کە ئەو ڕۆژە زووتێ بپەڕێ و بگاتە دەمی خەوتنان، تا ئەو بارەگرانە لەسەر دڵی خۆی لاببات!... بەڵام ئەو ئێوارەیە کە دایکی گەیشتە ژوورەکەی، پەلەپەلێکی پێ گەیشتبوو، هەر ئەوەندە ئەوی ماچ کرد نەوەستا دەمودەست لە ژوورەکەی چووە دەرەوە!... مارسیللۆیش تەکانی دایە خۆی



و بانگی کرد دایکیشی گەڕایەوە ژوورەوە، پێی گوت: (درەنگە چیت پێیە بیڵێ من پەلەمە ئەڕۆم باوکت لە سەرم وەستاوە چاوەڕوانیم ئەکات!...)...

لەوکاتەدا دایکەکەی بەهەردوو دەستەکانی یاریی بەکلیل وکلۆمی گەردانەکەی ئەکرد کوڕەکەیش بەدڵ ئەیویست لە بابەت کوشتنی مار مێلکەکانەوە هەموو شتێکی بۆ بگێڕێتەوە.

هەروەها ئەوەیشی لێ بپرسێ کە ئاخۆ ئەوەی بەگوناه بۆ دائەنرێ یان نا بەڵام دایکەکەی ئەمەندەی پەلەپەل کرد، وازی لەو بیرەی خۆی هێنا ڕەنگە لەوکاتەدا وایشی بەبیردا هاتبێ کە مارمێلکەکان ئەوەندە گیانلەبەرێکی ناوازەنین، کە ئەوە بهێنن، کەسێکی پەلەپەل کەری وەک دایکی بایەخیان پێ بدات لەبەر ئەوە دەستی کرد بەدرۆکردن خۆیشی نەی ئەزانی بۆچ ئەو درۆیەی کرد.

بەدرۆ گوتی پشیلەیەکم کوشتوە!... دایکەکەیشی هێشتا هەر خەریکی کلیل و کلۆمی خۆی بوو، تەواو بۆی دا نەخرابوو گوتی: (ڕاست ئەکەیت، کوشتووتە!.)... پاش ئەوە پشتی تێ کرد و پێی گوت گەردانەکەی بۆ کلیل و کلۆم بدات کە کوڕەکە دەستی کرد بەداخستنی کلۆمی گەردانەکەی دایکی، چاوی بەپشتە باریکەکەی کەوت، هەتا کەمەری ڕووت بوو. وەک بەفرسپی بوو تیشکی ئەو چرایەی کە لەناو دەرگای ژوورەکەوە ئەهات لە لەشی دایکی ئەکەوت و ئەبریسکانەوە کوڕەکە لە دڵی خۆیدا گوتی، کە گەردانەکەم بۆ داخست، دایکم گوێم لێ ئەگرێ و کەینەوبەینەکەی خۆمی بۆ ئەگێڕمەوە بەڵام هەر ئەوەندە گەردانەکەی بۆ بەست، دایکی وەرگەڕایەوە و خۆی نوشتاندەوە، ماچێکی بچووکی مارسیللۆی کرد و ئامۆژگاریی کرد کە بنوێ دەمودەست بەجێی هێشت و ماوەیشی نەدا هیچ قسەیەک بکات!...

***

ڕۆژی دوایی گەرم بوو مارسیللۆ هەر ئەوەندە لە نانی چێشتەنگاو بووەوە، لەگەڵ دایک و باوکیا، کە بەبێ دەنگییەوە ڕاییبوارد دەمودەست چووە باخچەکەوە دارلاستیکەکەی ئەگرتە درەختەکانی ماڵی (ڕۆبەرتۆ) کە دراوسێ بوون لەو دیبویانەوە درزێکی لەناو پەرژینەکەی ماڵی خۆیاندا دۆزی بووەوە، لەوێوە بەردی ئەگەرتە دار و درەختەکان ئەو لە دڵی خۆیدا وای هەست ئەکرد کە لە باری جەنگدایە لەگەڵ (ڕۆبەرتۆ)دا ئەم یارییەیشی کە ئەیکرد، بریتی بوو لە دەربڕینێکی هەستی دوژمنایەتی خۆی بەرامبەر بەو ماڵە!...

جارێک دووجار، وا هاتەپێش چاوی، کە گوێی لە سرپەیەک بوو لەناو گەڵای لاولاوەکاندا، کە پەرژینەکەیان داپۆشی بوو، دارلاستیکەکەی خۆی تێ گرت، بەردێکی هاویشت بۆ جێی دەنگەکە، هەرچی دڵ ڕەقییەکی هەبوو لەوەدا بەختی کرد!...

بەوەیەش وازی نەهێنا بەردێکی تری خستە ناو دارلاستیکەکەیەوە زوو بەزوو ئەویشی تێ گرت... پاش ئەوە، بەردی سێیەمیشی تێ گرت... هەر ترسێکی لە دڵابوو، دەری پەڕاند.

ئەو باکی ئەوەی نەبوو، کە (ڕۆبەرتۆ)یش لەناو ئەو گەڵایانە دابێ یان نا تازە هەستی بزووتبوو، پڕ دڵیشی بووبوو لە خۆشی کە ئەوەی ئەکرد!... زۆری پێ نەچوو، وازی لەو یارییە هێنا هەناسەی سواربووبوو لە کونی پەرژینە ئاسنەکەوە سەیرێکی ئەودیوی کرد کە تەماشای کرد ئەوا پشیلەیەکی گەورەی ڕەنگ خۆڵەمێشیی کوشتووە، کەوتووە بەسەر تەنیشتیا!...

کە ئەوگیانلەبەرەی چاوپێکەوت، گیانی لەبەر بڕاوە، هەناسەی لەبەر بڕا... ترسێکی تەواوی لێ نیشت... لە کونی پەرژینەکەوە دارێکی درێژکرد بۆ لەشی پشیلەکە دای لە کەلەکەی بەڵام پشیلەکە جووڵەیەکی نەکرد... مارسیللۆ وای هاتەپێش چاو، کە هەرچی لەوناوەدایە و لەملا و لەولای دایە، دەمودەست بوون بە نیشانەی مەرگ!...

هەستی وا بەخۆی کرد کەبووەتە نێچیری هەموو جۆرە ترس و لەرزێک پڕبەدڵ ئەیویست خۆی بخاتە ناو چاڵێکەوە، ناو پەنایەکەوە، ناو شوێنێکی تاریک و نووتەکەوە، کە خۆی تیا بشارێتەوە و لە دەست خۆیشی دەربازبێ!... ئەو بۆیەکا ئەترسا چونکە پشیلەیەکی کوشتبوو، بەر لە هەموو شتێکیش هەر لە شەوی پێشووەوە دەنگی کوشتنی ئەو پشیلەیەی دابوو بەگوێی دایکیا لەبەر ئەوە کردەوەکەی خۆی، سەیروسامناک ئەهاتە پێش چاو، کە ئەو دڵ ڕەقی و کوشتنەی لەدەست وەشاوەتەوە!... ئەوەی کە ترسیشی زۆرتر ئەخستە دڵیەوە ئەوەبوو، کە لەوکاتەدا پشیلەکەی کوشتبوو، پڕبەدڵ ویستبووی (ڕۆبەرتۆ) بکوژێ... کەواتە لەوناوەدا هەنگاونانێکی تیا هەبوو کە بەهیچ کلۆجێک بەر پەرچ نادرێتەوە (مارسیللۆ) لە مل پەڕاندنی گوڵەوە، گەیشتبووە کوشتنی مارمێلکە لەمیشەوە گەیشتبووە کوشتنی پشیلە... لە میشەوە بیری لە کوشتنی (ڕۆبەرتۆ) کردبووەوە!... ئەو هەر چەند ئەم ئارەزووە تازەیەی خۆی بەجێ هێنابوو بەڵام لەوانەبوو کە ئەم ئاواتەیشی بهێنێتە دیی دوورنییە ناچاربێ ئەمەیش بکات!... کەواتە، خۆی، مرۆڤێکی جیاوازە لە هەموو کەسێک منالێکی گرۆزە وادیارە هەر لەسەرەتاوە ئەم کەتنە خوێن ڕێژانەی لە



چارەنووسراوە، مارسیللۆ خۆی وا ئەهاتە پێش چاو، کە لە وزەی کەس دانییە لەم ڕێگای خوێن ڕشتنە بەربەستی بکات!.

لە ناکاو، هەروەک چاو بەست کرابێ، خۆی واهاتە پێش چاو کە لە جێگای پشیلەکە، (ڕۆبەرتۆ) ئەبینێ کوژراوە لەبەر ئەوە خۆی لەو جێگایە دەربازکرد و ڕووی کردەوە ماڵێ لە ترسانا ئەلەرزی دەستی کرد بەترسان لەوەی کە بەم کەتنەی بزانن و سزای بدەن کەچی لەگەڵ ئەم هەموو ترس و لەرزەیشدا، ئاواتی ئەوەی ئەخواست کە بەکەینەوبەینەکەی بزانن و سزایشی بدەن!... هەتا وای لێ نەهاتووە کەکەتن و بەدخوویی تر بکات، بەربەست بکرێ و بگەڕێتە وە لەو کردەوە نەنگانەی خۆی!... بەم ڕەنگە مارسیلۆ بێجگە لەوەی کە هەستی بەگوناهباریی خۆی ئەکرد، هەستێکی تریشی تووش هات: کە لە توانایدا هەیە کەتنی زۆرتریشی لە دەست بێتەوە!... کەتنی سامناکتریش!... لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو کە نەی ئەزانی سەر بۆ کوێ بنێ تا سزای خۆی وەربگرێ بێجگە لەوە نەی ئەزانی سزاکەیش چی ئەبێ!. کاتێ کە بە(ڕۆبەرتۆ)ی گوت بابچین مارمێلکە بکوژین، بەهیوای ئەوەبوو کە (ڕۆبەرتۆ) پێی بڵێ گوناهەکە، گوناهێکی بچووکە، هەموو کەسێک ئەو گوناهە ئەکات... ئێستایش هەر ئەو هەستەی بەدڵدا هاتەوە... وای هاتە پێش چاو کە لەبەردەمی باوک و دایکی خۆیدا پێ لەو گوناهەی بنێ چاکترە... بەڵام بەهیوای ئەوەیش بوو کە گوێی لە هەردووکیان بێ، ئەو کردەوەیەی بەکردەوەیەکی نەنگ بزانن و، بەکەتنێکی دڕندانەیشی دابنێن، کە پێویستە لەسەر ئەوە سزایەکی باش بدرێ!...

پەیی بەوەیش برد، کە ئەو لە هەردوو باردا لە کاتی پێ لێنانی خۆیدا بەرامبەر (ڕۆبەرتۆ) و بەرامبەر دایک و باوکی پڕبەدڵ ئەوەی ویستووە و ئەوەی ئەوێ، کە لە دەست تەنیایی ئەو گرۆزییە سامناکە ڕزگاری ببێ!...

ڕەنگە ئەو شەوەی کەنانی شێوانی لەگەڵ دایک و باوکیا ئەخوارد، ئامادە بووبێ هەموو ڕازێکی دڵی خۆی بۆ ئەوان بڵێ کەچی هیچی بۆ دەرنەخستن چونکە لە مێشکی خۆیدا وای دانابوو، کە دایک و باوکی بەهەموو کەینەوبەینەیەکیان زانیوە چونکە هەر ئەوەندە چوەلای مێزەکەوە دانیشت، هەستی پێ کرد، باوک و دایکی گرژ و مۆن بوون، توند و تووڕەبوون بەڵام هەست پێ کردنەکەی خۆی پڕبوو لە ترس و لەرزێکی وەها کە سرەوتێکی پچڕپچڕی تێکەڵ بووبوو!... باوکی مارسیللۆ چەند ساڵێک لە دایکی گەورەتربوو.

مارسیللۆیش وای ئەهاتە پێش چاو کە خۆی و دایکی هەردووکیان دوومناڵن و لەو باوکە بوون!... کە هەردووکیان خوشک و برای یەکترن!. باوکەکەی لەڕ و لاوازبوو.

دەموچاوێکی کزی پێوەبوو، پڕبوو لە چرچ و لۆچ زۆرکەم هەڵ ئەکەوت کە ئەو چرچوولۆچانە بەپێکەنینێک بکرێنەوە، بەڵام دڵخۆشییان تیا دەرنەئەکەوت... دوو ڕووکەشی پێوە دیاربوو:

یەکێکیان ئەوەبوو کە بەچاوێکی گێژوویژەوە ئەیڕوانی کە هیچ مەبەستێکی تیا دیار نەبوو گلێنەکانیشی وەک داروبەرد مەیبوون، ڕەق ئەیان نواڕیی... یەکێکیشیان ئەوەبوو کە لەژێر پێستی ڕوومەتیا دەمارێک هەبوو، هەمودەم ئەبزووتەوە!... جووڵانەوەکانیشی وردبوون هەموویان لە ئەندازەدا بوون ئەتگوت لەسەر پێڕەوییەکی دیاییی کراو ئەڕوات بەڕێوە!... بەڵام مارسیللۆ ئاگاداربوو لەوەی کە هەرکاتێ باوکی تووڕەبوو، ئەو وردیی و ڕێکوپێکییەی نامێنێ، بەپێچەوانەی ئەوانەی لێ دێ!... واتا توندوتیژیەکی ڕێکوپێکیان لێ پەیدا ئەبێ، کە بەهۆی چەند بزووتنەوەیەکی هەرە بچووکەوە، زۆرترین ئازار و زیان ئەبەخشێ!...

کوڕەکەیش سەرەتای ئەو تووڕەبوونەی لە باوکیا هەست پێ کرد چونکە هەر چەند باوکی جامی مەیەکەی خۆی ببردایە بۆ لێوی، کە دای ئەنایەوە سەرمێزەکە دەنگێکی لێوە ئەهات.

مارسیللۆیش واهات بەمێشکیا، لەبەر خەموپەژارەکەی خۆی، کە ئەوەندە بیری لە گوناهەکەی خۆی ئەکردەوە کە باوکی ڕقی لێی هەڵساوە... ئەو لەگەڵ ئەوەیشا کە زۆرکەم ڕووی ئەدا، باوکی جەزرەبەی پێ بگەیێنێ، بەڵام مەترسییەکی زۆری ئەکرد لەوەی کە باوکی لە کاتی تووڕەبوونی خۆیدا لێی بدات!... لەناکاو مارسیللۆ پشیلەیەکی دیی.

لە پەنجەرەی ژوورەکەوە بازی دایە خوارەوە و، بەناو ژووری نان خواردندا تێپەڕیی، تا خۆی گەیاندە ژووری چێشت لێنان، هیوایەکی خۆش هات بەدڵیا، کە ئەم پشیلەیە، ئەو پیشیلەیە بێت کە کوشتبووی و زیندوو بوبێتەوە لەبەر ئەوە خۆی پێ نەگیرا گوتی: (ئەوە پشیلەکەیە!.). پاشان هەستایە سەرپێ بەڵام باوکی لێی تووڕەبوو گوتی: (دانیشەرەوە جێگاکەی خۆت!)...

مارسیللۆیش بێ باکانە بەدڵ گەرمییەکەوە گوتی: (وادیارە پشیلەکە نەمردووە!...).

بەڵام باوکی چاوێکی وای تێبڕی کە لە جێگای خۆیدا وشک بوو... ئنجا باوکی ڕووی کردە دایکی و پێی گوت: (کەواتە چیت لە دڵایە بیلێ!...) ژنەکەیشی بەلالووتێکەوە، چاوی خۆی داخست و، لێوی خۆی هەڵ قرچاند، بەشێوەیەکی دڵ شکاوانە و بێزارییەوە پێی گوت: (هیچم پێ نییە بیلێم!...)...



مارسیللۆیش سەیری کرد دایکی دەسەسڕەکەی خۆی لە دەستیا ئەگوشێ بەپەنجە باریکەلەکانی، دەسەسڕە بچووکەکەی خۆی ئەگلۆفتەوە، کە مێردەکەی خواستەکەی خۆی دووبارەکردەوە، شانەکانی خۆی بۆ ڕاتەکاند!... کوڕەکە کە باوکی دیی جامی مەیەکەی خۆی بەرز ئەکاتەوە بیخواتەوە و پاشان بەقایم ئەیدا بەسەر تەپڵەکی مێزەکەدا. زانی کە تووڕەبوونەکەی باوکی لەگەڵ ئەونییە کاسە بلوری مەیەکەی باوکی شکاو ورد و خاش بوو پارچە شووشەکان چوون بەدەستیاو برینداریان کرد ژنەکەی داچڵەکا و هەڵسایە سەرپێ دەمودەست خۆی گەیاندە دەرگاکە کەچی پیاوەکە دەستەکەی خۆی برد بۆ دەمی و بەخۆشییەکەوە خوێنی برینەکەی لێ ئەمژیی!... زۆری پێ نەچوو، قیژاندی بەسەر ژنەکەیدا، پێی گوت بمێنەرەوە. بەڵام ژنەکەی گوێی نەدایە، چووە دەرەوە و دەرگاکەی بەقایم داخستەوە.

ئەویش بەهەڵەداوان چوو بەدوایدا مارسیللۆیش، بەدەمارێکی بزێوراوەوە دوای باوکی کەوت و لە پشت ئەوەوە بەپەیژەکەدا سەرکەوت کە تەماشای کرد خۆی فڕێ دایە ژوورەکەی دایکیەوە، وای بەبیردا هات کە باوکی زوو بەزوو دایکی ئەکوژێت بەهێواشی چووە پشت دەرگاکەوە و، لە درزێکەوە سەیری ناو ژوورەکەی ئەکرد.

جا چونکە ژوورەکە تاریک بوو، لە پێشدا هیچی بەرچاو نەکەوت. هەروەک باوک و دایکی لەناو تاریکی و نووتەکیی ژوورەکەدا لەبەرچاو ون بووبن وا بوو... پاشان سەیری کرد باوکی کۆماوەتەوە زۆری نەچوو قژی دایکیشی دیی بەسەر سەرینەکەوە. دەستیشی دیی لە ژوور سەریەوە، ئەیەویست چنگی لە پەرژینە ئاسنەکەی تەختەکەی خۆی گیر بکات دایکی کەوتبووە خرۆشێکی یەجگار بەپەرۆشەوە!... کەچی باوکی خەریک بوو لەشی دایکی ئەهاڕی لەژێر خۆیدا!... مارسیللۆیش لە دڵی خۆیدا ئەیگوت: (خەریکە دایکم ئەکوژێ!.)... لەوکاتەدا مارسیللۆ ڕقێکی هەستا کە هەرگیز نەیدیبوو بەخۆیەوە... خوێنی تەواو گەرم بووبوو، دەماری بزووتبوو ئەیویست خۆی فڕێ بداتە ئەو جەنگەوە کاتێ کە خۆی کوتا بچێتە ناو ژوورەکەوە، دەمودەست وشک بوو لەجێی خۆیدا.

چونکە واقی وڕما لە دایکی کە لە خۆشترین شێوەدا قسەی بۆ باوکی ئەکرد، نازی ئەکێشا و نازونووزی بۆ ئەکرد هەر بەو دەستەیش کە لەوەپێش بۆ پەرژینی تەختی نوستنەکە ئەگەڕا چنگی لێ گیر بکات، دەستی ئەکردە ملی باوکی، پێیشی ئەگوت: (تکایە بەڕەڵلام کە!...)...

مارسیللۆ کە ئەوەی بیست و چاوپێکەوت، بەئەسپایی خۆی کێشایە دواوە و چووە

خوارەوە بۆ ناو ژووری چێشت لێنان لەو ژوورەدا ئافرەتە چێشتکەرەکە و کارەکەری ماڵەکە شێویان ئەخوارد... پشیلەیەکی دیی ئەوەندەی نەمابوو کە لە خۆشیاندا گەشکەداربێ... چونکە وای زانی کە ئەو پشیلەیەیە کە کوشتبووی و زیندوو بۆتەوە... بەڵام زۆری پێ نەچوو، بۆی دەرکەوت، کە ئەو پشیلەیە پشیلەیەکی ترە!...

گوێی لێ بوو چێشتکەر و کارەکەرەکە لە گرۆزیی و زۆرداریی باوکی ئەدوان... وایشیان بڕیار ئەدا کە ڕۆژێک دێ باوکی دایکی ئەکوژێ!... کاتێ کە مارسیللۆ چاوی کەوت بەچێشتکەرەکە؛ بەکارەکەرەکەی ئەگوت بێ دەنگ بێ، سەبارەت بەوەی کە هەستی بەهاتنی مارسیللۆ کردبوو بۆ ئەوێ مارسیللۆیش دەستی کرد بەقسەکردن، گوتی: (لە ڕاستیدا باوکم جیاوازە لە کەسانی تر... ئێوە ئەزانن چی کرد؟

پشیلەیەکی کوشت... بەدارلاستیکەکەی منیش کوشتی... بەچاوی خۆم دیم پشیلەیەکی ڕەنگ خۆڵەمێشیی ڕاوە دوو ئەنا، کە بەسەر پەرژینی باخچەکەدا ئەڕۆیشت پاشان بەردێکی تێ گرت، کەوت لە چاوی پشیلەکە... پشیلەکەیش کەوتە ناو باخچەکەی ماڵی (ڕۆبەرتۆ)وە... منیش بەهەڵەداوان خۆم گەیاندە پشیلەکە... کەچی کە سەرنجمدا مردبوو!...)...

کە مارسیللۆ ئەم قسانەی ئەکرد، خوێنی هاتبووە جۆش خۆی پێ نەئەگیرا چی بەدەمدا ئەهات ئەیگوت... بەڵام هەر لە شێوەی چیرۆک گێڕەوەیەکی بێ گوناهدا قسەکانی ئەکرد... کارەکەرەکەیش لە داخانا دەستی دا بە ئەژنۆی خۆیدا و گوتی: چۆن؟!. پشیلەیەکی کوشت؟!. چۆن ئەمە ڕەوایە، کە پیاوێک لە تەمەنی ئەو دابێ و، گەورەیەکی خاوەن ڕەوشت و خووی باش بێ و، کەچی بچی دەست بداتە دارلاستیکی کوڕەکەی خۆی و بەردی پێ بگرێتە پشیلەیەکی بەسەزمان و، پشیلەکەیش بکوژێ؟!...)...

ئافرەتە چێشتکەرەکەیش گوتی: (ئەوکەسەی زۆروستەم دەربارەی گیانلەبەر بکات، بێ گومان زۆروستەم لە مرۆڤیش ئەکات هەرکەسێکیش دڵی بڕوایی بدات پشیلەیەک بکوژێ، ئەوەندەی پێ ناچێ پیاوێکیش ئەکوژێ!...)...

مارسیللۆیش کوتوپڕ سەیرێکی چێشتکەرەکەی کرد و گوتی: (بۆچ وایە؟!...)... چێشتکەرەکەیش دەستی هێنا بەسەری مارسیللۆدا و گوتی: (وائەڵێن!...)...

***

زۆری پێ نەچوو، کە مارسیللۆ گەیشتە هاوینەهەوار، ئەو ترسەی چووبووە دڵیەوە لە قسەی چێشتکەرەکەوە، بەرە بەرە کزبوو ئەو هەرچەندە، جاروبارێک بیری لەو هێزە



نهێنییە ئەکردەوە کە پاڵی پێوە ئەنا بۆ زۆروستەم کردن، بەڵام ترسەکەی تا ئەهات کەم ئەبووەوە تەنانەت وایشی لێ هات کە ئیتر ئەو کارەساتە بەهێزێکی وا دانەنێ کە پاڵی پێوەبنێ بۆ چارەنووسێکی بڕیار لەسەر دراو، لە ڕاستیدا هەر بەچاوترساندنێکی دائەنا کە وریای ئەکردەوە: ئاگای لە خۆی بێ، هەڵەی تر نەکات... لەبەر ئەوە ڕۆژەکانی هاوینی بەخۆشییەوە ڕائەبوارد هەستێکی وایش کەوتە ناو دڵیەوە، کە ئەو بیرەی پێ ئەبەخشێ، کە سەرکەوتووە بەسەر ئەو هێزە نهێنییە، بەدکردارە، فیروفێڵبازەدا کە لە دەرەوە هوروژمی هێناوەتە سەری و لە شێوەیەکی نەناسراویشدا ماڵ کاوول کردن و سەرگەردانی لێ ئەوەشێتەوە... یاخود بام بڵێین، هەر هیچ نەبێ، بەو جۆرە زاڵ بوو بەسەر ئەو هێزەدا، کە خۆی وا ئەنواند لەبیری چۆتەوە!... ئەوەندە هەیە، چونکە مارسیللۆ، هێشتا بەتەواوەتی بڕوای بەوە نەکردبوو کە گوناهبارە، هەستی بەوە نەکردبووکە زاڵ بووە بەسەر خۆیدا...

لە ڕاستیدا ئەو هاوینە، خۆشترین هاوین بوو، بۆ ئەو، کە ڕایبواردبوو... پاش ئەوە مانگێک و، دوومانگ و، سێ مانگیش بەسەر ئەو کارەساتەدا تێپەڕیی، مارسیللۆ هیچ کەتنێکی نەکرد... لەبەر ئەوە مارسیللۆ، وا بەبیریا هات کە هەتا ئەمێنێ جارێکی تر کەتنی لە دەست ناوەشێتەوە نەخوازەڵا کە بەهەموو دڵێکیشیەوە خۆی لەوە ئەپاراست کە ئەو دێوەی لێی ئەترسا وریای بکاتەوە!...

کە لە هاوینەهەواریش گەڕایەوە، زۆری پێ خۆش بوو کە چووە خوێندنگاوە بۆ خوێندن... هەموو هیوایەکیشی ئەوەبوو کە ژیانێکی ئاسایی و سروشتی تیا بەسەر ببات، کە دووربێ لە گرۆزیی و جیاوازییەوە!... لە ژیانی ناو خوێندنگایشدا هەر لە شتێک تەنگەتاو ئەبوو. ئەویش ئەوە بوو کە هاوڕێکانی هەموو دەم ناوی کچیان لێ ئەنا. کار و پیشەی کچەنەیان ئەنایە پاڵی، لە ڕاستیشدا ئەویش وابوو.

جوانییەکەی لە دایکییەوە وەرگرتبوو بێجگە لەوە گەلێک کردەوە و ڕەوشتی ژنانەیشی هەبوو، کاتێ شەرم بیگرتایە دەموچاوی سوور هەڵ ئەگەڕا هەرچەند یەکێک نازی بگرتایە، ئەویش ڕووخۆشی و ناسک و نازداریی بۆ ئەنواند ئارەزوویەکی بەتینیشی هەبوو بۆ دڵخۆشکردنی کەسانی تر لە ناوشاگردەکانیشدا ناوی وا دەرکردبوو، کە هەر کچێکە و لەبەرگی کوڕێک دایە لەبەر ئەوە ناویان نابوو (مار سیللینا)!...

ڕۆژێک لە ڕۆژان، کە لە خوێندنگا هاتە دەرەوە بچێتە ماڵەوە، پێنج شاگرد لە هاوڕێکانی خۆی دوای کەوتن کاتێ کە گەیشتە کۆڵانێکی وا کە هاتووچۆکەری کەم

پیابێت، هەر پێنجیان گرتیان و، ویستیان بەزۆر کراسێکی کچانەی بکەنە بەر!... ئەویش تەکانی ئەدایە خۆی، خۆی لە دەستیان ڕاپسکێنێ ئەو کارەساتەی زۆر پێ ناخۆش بوو دەماری بزووت پڕبەدڵ ئارەزووی ئەکرد ئازاری کەسانی تر بدات و کوشتن و بڕین بکات ئەم خرۆشەی دڵیشی هەر لەو خرۆشەی دڵی ئەکرد کە چەند مانگێک لەوە پێش بەدڵیا ئەهات و و هانی ئەدایە سەر ئەوەی کە گوڵەکان بپەڕێنێ و مارمێلکەکانیش بکوژێ لە ناکاو گوێی لە دەنگێکی نەرم و لەسەرخۆ بوو، پڕبوو لەسەرچڵی و سەرزەنشت کردن لە منداڵەکانی ئەپرسی:

(پێم ناڵێن ئێوە خەریکی چین؟...)... کە منداڵەکان ئەوەیان بیست، هەر پێنجیان بەڕەڵڵایان کرد و ڕایان کرد. مارسیللۆ، هەستی بەخۆی کرد، بەتەنیاماوەتەوە بەڵام کراسی کچێکیشی بەکەمەرەوە بەستراوە کراسەکەی خۆیشی هێنراوەتە دەرەوە!... کە سەری بەرزکردەوە، پیاوێکی چاوپێ کەوت لە جلوبەرگێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی دابوو، کە هەندێک تاریک بوو. ملیوانێکی بەرزیشی بەگەردنەوەبوو کابراکە دەموچاوێکی ڕەنگ زەردی لەڕ و لاوازی پێوەبوو چاوەکانی بەقووڵدا چووبوون لووتە زلەکەیشی چرچولۆچ کەوتبووە ئەم لاو ئەولایەوە، کە خەفەتبارییی دەرئەخست کابرا سەیری مارسیللۆی کرد دانەوییەوە نووسراوەکانی لەگەڵدا کۆکردەوە ئەوەیشی تێگەیاند کە ئامادەیە بەئۆتۆمۆبێلەکەی خۆی بیگەێنێتە جێگەی خۆی!. ئۆتۆمۆبیلەکەیش، گەورەبوو، ڕەنگی ڕەش بوو، لە شێوەدا کۆن بوو کوڕەکە دوودڵ بوو لە پەسندکردنی ئەو یارمەتییە کابرا دووبارە پێی گوتەوە:

(دەی سواربە... گەڕانێکی خۆشت پێ ئەکەم، ئنجا ئەتبەمەماڵەوە!...) مارسیللۆیش بەدڵ ئەیویست بەرپەرچی بداتەوە بەڵام ماوەی ئەوەی نەبوو چونکە پیاوەکە نووسراوەکانی ئەوی هەڵگرت و بردی بۆ ناو ئۆتۆمۆبێلەکەی خۆی، دای بنێ هەرچەندە ئەویش دوای کەوت، بەڵام هەرچەندی ئەکرد لەم پیاوەتییەی ئەو تێ نەئەگەیشت!...

کابرا چووەلای چەرخی ئۆتۆمۆبیلەکەوە، بیبات بەڕێوە مەکینەکەی خستە کار ئۆتۆمۆمبێلەکەش بەهەموو شەنگوشۆخییەکەوە دەستی کرد بەڕۆیشتن!...

... مارسیللۆیش کە واقی وڕمابوو لەم کارە، لە کابرای پرسی ئەو ئۆتۆمۆبێلە هی خۆیەتی؟... کابرایش بێ ئەمەی ڕووی تێ بکات پێی گوت: (نەء هی من نییە... من ئەیگێڕم!...). پاش ئەوە گوتی: ئێمە وا ئەچین بۆ (مونتی ماریۆ) کە بەسەر گردەکەوەیە.



پاش ئەوە لێی پرسی ناوت چیە؟. ئەمیش پێی گوت ناوم مارسیللۆیە، کابرایش گوتی: (بانگم بکە لینۆ!.)... ئنجا ئەوەی لێ پرسی کە ئاخۆ لە باوک و دایکییەوە دیاریی زۆری بۆ دێ؟ کوڕەکەیش پێی گوت لە جەژنی لە دایک بوونی خۆیدا دیارییان لێ وەرئەگرێ کابرا لێی پرسی: (تۆ چ جۆرە دیارییەکت پێ خۆشە بتدرێتێ؟)...

مارسیللۆیش واچوو بە مێشکیا کە ئەم پیاوە نیازی هەیە دیارییەکی بداتێ زۆری پێ نەچوو پێی گوت: (حەز لە دەمانچە ئەکەم!...).

مارسیللۆ نەیزانی بۆچ وای گوت، بۆچ وای تێگەیاند کە ئەیەوێ دەمانچەیەکی ڕاستەقینەی دەست بکەوێ و خۆی پێ بپارێزێ!...

بەڵام ئۆتۆمۆبیل لێ خوڕەکە، دەرگای سنوقێکی کردەوە، لەبەردەم خۆیەوە، دەمانچەیەکی لێ هێنایە دەرەوە و پیشانی مارسیللۆیدا گوتی ئەمە هی خاوەن ئۆتۆمۆبیلەکەیە، بەڵام من بەڵێنت ئەدەمێ کە دەمانچەیەکی وەهات بدەمێ، لە ماڵەوەم داناوە!... مارسیللۆ هەستی کرد بەترس و لەرزێک، بەتەنگەتاوبوونێک، وای بەبیردا ئەهات کە لەژێرەوە کارێکی خراپی بەدەستەوەیە، بەڵام بەم زووانە بۆی دەرئەکەوێ ئەوەی ئەهات بەمێشکا کە (لینو) شتێکی لێی ئەوێ، لە تۆڵەی دەمانچەکەدا بەڵام هەرچەندی ئەکرد پەیی پێ نەئەبرد لە کابرای پرسی: ئەچین بۆکوێ؟

(لینۆ)یش گوتی: ئەچین بۆ ماڵەوە تا دەمانچەکەت بدەمێ! پاش ئەوە کابرا دەمانچەکەی خستە گیرفانی خۆیەوە...

***

ئەوەندەی پێ نەچوو، ئۆتۆمۆبێلەکە لە ڕێگایەکی لادێیانەدا وەستا، کە دارودرەخت ئەملاوئەولایان گرتبوو، کە هەندێ کێڵگەیش کەوتبوونە پشتیەوە (لینۆ) دابەزی دەرگایەکی سەوزی ئاسنی کردەوە پاشان گەڕایەوە ئۆتۆمۆبێلەکەی لەناو ئەو دەرگایەوە بردە ژوورەوە ئەو خانووە دوونهۆم بوو بەربانکێکی فراوانی هەبوو لەوکاتەدا ڕۆژ لەئاوابوون دابوو تیشکی هەتاوەکە ئەیدا لە شووشەکانی پەنجەرەی ئەو بەربانکە، ئەشکایە دواوە.

لینۆیش گوتی: (ئەمە خانووەکەیە، کەسی تیانییە، هی خانمێکی ئەمەریکاییە بەڵام ئێستاکە خۆی لە فلۆرەنسەیە!...)...

خانووەکە گەورە و شەنگوشۆخ بوو... لینۆ چووە خوارەوە.

بەمارسیللۆیشی گوت کە لەگەڵیا بچێتە خوارەوە کوڕەکە نەی ئەزانی ئەم پیاوە چی لێ

ئەوێ بەڵام توانی هەست بەوە بکات کە خەریکە بکەوێتە تەنگو چەڵەمەیەکەوە، ترسی لێ نیشت لە لینوێ پرسی: «دەمانچەکەم ئەدەیتێ؟»... کابرایش بە پەرۆشێکەوە پێی گوت: (بەڵێ ئەتدەمێ!)...

دڵی مارسیللۆ زۆرتر کەوتە خەمو پەژارەوە، هەستی بەخۆی کرد کەوتۆتە تەنگوچەڵەمەیەکی پڕ فڕوفێڵەوە، هەر لەدوای کابرایشەوە ئەڕۆیشت، بەناو ئەو خانووە چۆڵوهۆڵەدا.

خۆی پێ نەگیرا لێی پرسی: (ئێمە بۆ کوێ ئەچین؟)... لینۆیش ئاوڕی لێ نەدایەوە، پێی گوت: (ئەچین بۆ ژوورەکەی خۆم!)... مارسیللۆ بڕیاریدا هەندێ بەرەنگاریی کابرا بکات تا ئەوە لە کابرا بگەیێنی کە دوو دڵە لە کردەوەکانی لەبەر ئەوە وەستا و بەپیاوەکەی گوت: (تۆ جارێ دەمانچەکەم بدەرێ ئەگینا ئەچمە دەرەوە!)...

لینۆیش ئاوڕی لێ دایەوە و پێی گوت: (دەمانچەکە لە ژوورەکەمدایە!...)...

– دەمانچەکە لە گیرفانتایە تۆ دەمانچەی ترت نییە!...

لینۆ بەمە تەنگەتابوو... مارسیللۆیش چاوەکانی پیاوەکەی وا هاتە پێش چاو، کە پڕن لە خەفەت و پاڕانەوە، پێچەوانەی ڕووکەشی دەموچاوین کە دڵ ڕەقی تیا دەرئەکەوێ.

دوای (لینۆ) پێی گوت: (باشە... من ئەم دەمانچەیەت ئەدەمێ... بەڵام تۆیش وەرە لەگەڵما!...)... پاشان هەردووکیان بەناو ڕاڕەوێکدا تێپەڕین ئنجا بەناو دەرگایەکی شیندا دەربازبوون ئیتر لەوێوە (لینۆ) بەتەنشت (مارسیللۆ)وە ئەڕۆیشت قۆڵیشی کردبوو بەکەڵەکەیدا.

مناڵەکە سەری لێ شێوابوو، نەی ئەزانی چی بکات زۆری پێ نەچوو پیاوەکە مارسیللۆی بردە ناو ژوورێکی سپییەوە ژوورەکە تەنگبوو لەوپەڕیەوە پەنجەرەیەک هەبوو.

هەرچییەکیشی تیابوو بریتی بوو لە تەختێکی نوستن و دۆلابێک و مێزێک و دووتەختی دانیشتن... مارسیللۆ چاوی کەوت بەچەلیپایەک بەژوور سەری تەختی نوستنەکەوە هەڵواسرابوو.

پاش تاوێک (لینۆ) پێی گوت: ( لەسەر ئەو تەختی نوستنە دابنیشە چاکترە ئەحەسێیتەوە!...) مارسیللۆیش هەرچەندە ویستی بەرپەرچی بداتەوە، بەڵام دانیشتن!. هەردووکیان چاویانبڕییە یەکتر مارسیللۆ، ئارامی لەبەر بڕابوو داوای دەمانچەکەی لێ کرد پیاوەکەیش پێی گوت: (تۆ کاتێ ئەو دەمانچەیە وەرئەگریت، کە دەری بخەیت هەڵ



ئەگریت بتدرێتێ!...)... کەواتە مارسیللۆ بەهەڵەدا نەچووبوو کە مەترسیی لەم پیاوە ئەکرد دیارە (لینۆ) دەمانچەکەی ناداتێ تا شتێکی لێ نەسێنێ!. کابرا دەستی بۆ کوڕەکە ئەهێنا کوڕەکەیش بەترس و خۆ پاراستنێکەوە لە کابرای پرسی: (تۆ چیت ئەوێ لەمن بیکەم؟)... کابرا دەستی خۆی کێشایەوە... پێی گوت:

(لام وایە تۆ هەندێ شتت پێ ناخۆشە بیکەیت!...)

مارسیللۆیش، دامابوو، نەی ئەزانی چی بکات دەموچاوە ڕەنگ زەردەکەی کابرای ئەدیی، خەریک بوو سوور هەڵ بگەڕێ. دیسانەوە لێی پرسییەوە: (تۆ بۆچ لەوێ نیازی خۆت بۆ من دەرنەخست؟!)... بێ دەنگی تا هەندێک ئەو ناوەی داگیرکرد... دوایی پیاوەکە هەڵسایە سەرپێ و چەند هەنگاوێک بەناو ژوورەکەدا گەڕا... دوایی پێی گوت: (تۆ ئەزانیت من کێم؟... من کەشیشێکم کە لە زانستگای خواناسیدا مامۆستابووم، بەشاگردەکانم ئەخوێند، بەڵام لەپاشدا دەرکرام... تۆیش لەبەر بەسەزمانی خۆت (ناتوانیت لە نیازی من تێبگەیت کە لە تۆڵەی ئەو دەمانچەیەدا کە حەز ئەکەیت بتدەمێ، چیم لێت ئەوێ!...)... پاشان ڕووی کردە چەلیپاکە و، وەک یەکێک کە گفتۆگۆی لەگەڵدا بکات پێی گوت: (من نوێژم بۆ تۆ زۆرکرد... بەڵام تۆ وازت لە من هێنا... تۆ بۆچ وا ئەکەیت؟!.)... پاشان ڕووی کردە مارسیللۆ و پێی گوت: (دەی وەرە بام بڕۆین بتبەمەوە ماڵی خۆتان!.).

ماوەیەکی زۆر بێ دەنگ مانەوە ئۆتۆمۆبێلەکەیش هەر ئەڕۆیشت پاش ئەوە مارسیللۆ لە پیاوەکەی پرسی، چی لێ ئەویست؟... ئەویش پێی گوت: (ئەگەر سبەینێ چاوەڕوانیت بکەم دێیت لەگەڵما؟...)... مارسیللۆیش خستیەوە بیری کە ڕۆژی دوایی بەر یەکشەممە ئەکەوێ.

(لینۆ) تاوێک بێ دەنگ بوو... پاشان بەدەنگێکی خەفەتبارەوە پێی گوت: (جارێکی تر گفتوگۆم لەگەڵدا مەکە... ئەگەر لە ڕۆژی دووشەممەیشدا چاوەڕوانیم کردیت و بانگم کردیت بۆ ماڵەوە گوێم مەدەرێ!...)... کەچی کە بەڕێی کرد، لێی پرسی: لە ڕۆژی دووشەممەدا چاوەڕوانی بکات؟...

مارسللۆیش ئەوەی بەهەلزانی کە پێی بڵێ: (نەء هەروەک خۆت ئامۆژگاریت کردم گوێت نادەمێ) (مارسیللۆ) کەزانی (لینۆ) ئەو وەرامەی پێ ناخۆش بوو، لە کانگای دڵیەوە ئەوەی پێ خۆش بوو، ئەوەندەی نەمابوو لە خۆشیاندا گەشکەدار ببێ!...

***

لە ڕۆژی دووشەممەدا، پاش نیوەڕۆ مارسیللۆ لە خوێندنگا هاتە دەرەوە، بڕواتەوە ماڵێ بەڵام لینۆ چاوەڕوانی ئەکرد!...

بەڵام کوڕەکە لە دڵی خۆیدا بڕیاری دابوو، کە خۆی بگرێ، خۆی نەدا بەدەستەوە، بەو هیوایەی کە دەمانچەکەی دەست بکەوێ لەبەر ئەوە تاماوەیەک چاوڕاوی لەگەڵ لینۆدا ئەکرد، خۆی نەئەدا بەدەستەوە کە لەگەڵیا بڕواتەوە ماڵێ تا ناچاری کرد بەڵێنێکی ڕاستەقینەی بداتێ کە دەمانچەکەی پێشکەش بکات.

کاتێکیان زانی ئۆتۆمۆبێلە ڕەشەکە هەردووکیانی گەیاندەوە خانووە شەنگو شۆخەکە کاتێ کە گەیشتنە ژووری لینۆ، کابرا دەرگاکەی کلیل و کلۆم کرد، کلیلەکەیشی خستە ناو گیرفانییەوە پاڵی بەکوڕەکەیشەوەنا بچێتە سەر تەختی نوستنەکەی دابنیشێ دڵخۆشی و سەرکەوتن و ئاڵۆش بزووتنی پێوە دیاربوو مارسیللۆیش بەترس و لەرز و واق وەڕمانێکەوە سەیری ئەکرد کابرا هەر ئەهات و ئەچوو بەناو ژوورەکەدا پاشان چەلیپاکەی لە دیوارەکە کردەوە و خستیە ناو چاوێکی مێزەکەوە هەروەک بیەوێ لە سامی ئەو ڕزگاری ببێ وابوو پاشان دەمانچەکەی گرت بەدەستەوە بەمارسیللۆی گوت: (هەرگیز ئەم دەمانچەیەت نادەمێ... بێ دیاریی و داهات، پێویستە هەرچیت پێ ئەڵێم بیکەیت... سا پێت خۆش بێ و یا پێت ناخۆش، ئەبێ وا بکەیت!... ئنجا پاڵی پێوەنا کوڕەکە سەری کەوت لە دیوارەکە کە پیاوەکە ئەوەی دیی، نیشانەی دڵ ڕەقی بەدەموچاویەوە نەما لە باتی ئەوە کەوتە ڕووخۆشی.

لەکن لاقەکانی مارسیللۆوە بەئەژنۆداهات بەدەستێکی باوەشی کرد بەلنگەکانیا بەنازگرتنێکەوە بانگی مارسیللۆی ئەکرد و ئەیلاواندەوە پاش ئەوە دەمانچەکەی فڕێ دایە سەر پێخەفەکە ئنجا بەهەردوو باڵی باوەشی کرد بەلنگەکانی مارسیللۆدا!... ئەوساکە (مارسیللۆ) تێگەیشت کە ئەو پیاوە چی لێی ئەوێ... ئەویش دەست بەجێ پەلاماری دەمانچەکەی دا و هەڵیگرت خۆی لە دەستی ڕاپسکاند و چەند هەنگاوێکیش خۆی لێ دوور خستەوە ئنجا نیشانی لێ نایەوە کابرایش بەپەرۆشێکەوە پێی گوت: (پەنچەی پیانێ، مارسیللۆ، بیتەقێنە!...

بمکوژە هەر بەچەشنی سەگێکیش بمکوژە!...). کوڕەکە کاتێک هوشیاربووەوە، کە چەند فیشەکێک تەقی و دەنگیان دایەوە لە ناو ژوورەکەدا... (لینۆ) خەریک بوو چنگ لە تەختی نوستنەکەی گیر بکات... بەڵام ئەوەی بۆ نەچووەسەر کەوت بەسەر زەویدا



مارسیللۆیش ئەوەندە نەمایەوە، کە چاوەڕوانی ئەوە بکات لینو چی لێ هاتووە، دەمانچەکەی فڕێ دایە سەر تەختی نوستنەکە و لە پەنجەرەی ژوورەکەوە بازدی دا و خۆی دەرباز کرد!...

***

حەڤدە ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا تێپەڕیی ڕۆژێکیان مارسللۆ لە نوسراوخانەیەکی گشتیدا دانیشتبوو، ڕۆژنامەکانی ساڵی ١٩٢٠ی ئەمدیو و ئەو دیو ئەکرد دوایی بەکامی خۆی گەیشت، ئەو بابەتەی بۆی ئەگەڕا دۆزییەوە... دەنگو باسێکی بچووک لە بابەت ئۆتۆمۆبێل لێ خوڕێکەوە، کە گوللەیەک، دراوە لە سنگی دەزگا خاوەن دەسەڵاتەکان بەلایانەوە وایە، ئەو گوللەیە لە دەستی دەرچووە و داوێتی لە سنگی ئەوەیش لەوکاتەدا ڕووی داوە کە دەمانچەکەی پاک کردۆتەوە.

کاتێ ئەو پیاوە گەیشتبووە نەخۆشخانە، گیانی دەرچووبوو!...

کەواتە هێشتا کەس بەوەی نەزانیوە کە (لینۆ) چۆن کوژراوە؟ مارسیللۆ هەناسەیەکی شادمانیی هەڵکێشا!. لەو چەند ساڵەدا، بووبووە لاوێکی تێگەیشتووی لەسەرخۆ ئەو ڕۆژە ئەو لەبەر ئەوە نەهاتبووە ئەوێ کە دڵنیابێ لەوەی کوشتنی (لینۆ) لێ پرسینەوەی بەسەرەوە نەماوە لێی بکرێ ئەو هەر بۆ ئەوە هاتبووە ئەوێ کە بزانێ مردنی (لینۆ) چ جۆرە هەست و تاسەیەک بەدڵیا دێنێت!... لەبەر ئەوە سەری زۆر سوڕما لەوەی کە دەنگوباسی مردنەکەی لینۆ هیچ شۆڕشێکی لە دڵ و هۆشیا بەرپا نەکرد!... ئەو هەر لەوەی ئەکرد کە لە دەمێکی دوورودرێژ لەوە پێشەوە پارچە پەڕۆیەکی لەسەر برینێکی قووڵ دانابێ، کاتێ کە بڕیاریشی دابێ پەڕۆکەی لێ بکاتەوە، سەری لەوە سوڕبمێنێ کە پێستەکەی گۆشتە و زوونی هێنابێتەوە و، برینە قووڵەکەیشی هیچ شوێنێکی بەدەرەوە نەمابێتەوە!.

کەواتە تەواو چاک بۆتەوە! ئەوەندە هەیە، پەیی بەوەیش برد کە ئەم چاک بوونەوەیەی هەر بەهۆی تێپەڕینی ئەو چەند ساڵە دوورودرێژەوە نەبووە بەهۆی ڕەنج و تێکۆشانی خۆیشییەوە بووە... بەهۆی دەست کردی ئەو بڕیارە پۆڵاییەوە بوو کە بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە دوورودرێژانە خستبوویە کار و، یارمەتیشی دابوو لە خۆ ڕزگارکردندا لە هەموو جۆرە گرۆزییەک کە لە کەسانی تر بەدەر بێ!...

کاتێ کە لە نووسراوخانەکەیش گەڕایەوە، سەرنجی دایە خۆی بزانێ چۆن ئەجووڵێتەوە؟ چۆن ڕەفتار ئەکات؟ کەسانی تریش بەچ دڵێکەوە سەیری ئەکەن؟. تا ئەهات ئەوەی بۆ دەرئەکەوت کە جیاوازی نییە لە کەسانی تر، کە گرۆزییەکەی نەماوە!...

گوێی لە ڕۆژنامە فرۆشەکان بوو بەدەنگێکی بەرزەوە ئەیانگوت: (سەرکەوتن... ئیسپانیا) مارسیللۆ دانەیەکی لێ کڕی کە تەماشای کرد بەنووسینێکی درشت بابەتێک لەچاپ دراوە، دەربارەی سەرکەوتنی (فرانکۆ)یە لە جەنگی ئیسپانیادا... کە تەماشای کرد خۆشییەک بەدڵیادێ... ئەو لەوەپێش لەم جەنگەی کۆڵیبووەوە. پەیتا پەیتایش دەنگوباسی لێوە وەرگرتبوو لە ئەنجامدا ئەمەی بۆ دەرکەوتبوو کە شەڕەکە هەر شەڕی چەک نییە، بەگژا چوونی بیروباوەڕانیشە!... هەستی بەخۆی کرد، کە بەهەست و تاسەیەکی سەیرەوە هاوبەشی ئەو جەنگە ئەکات، کە دووریشە لە هەموو جۆرە مەبەستێکی زرنگکاریی، یاخود وێژەییەوە. هەستەکەیشی هەر لەو هەستی وەرزش کارانەیە ئەکات کە پیاو لەکاتی بینینی گرەوێکی تۆپی پێدا بەدڵیادێ!...

ئەو هەر لەسەرەتاوە حەزی ئەکرد، کە (فرانکۆ) سەرکەوێ!.

ئەوەیش لەبەر ئەوە نەبوو کە (فرانکۆ)ی خۆش بووێ، یاخود باوەڕی بەچاکیی هەبێ لەبەر ئەوە بوو کە بەچاوی ئەو کەسە سەیری فرانکۆی ئەکرد، کە ئەیەوێ کەلوپەل بۆ خانووەکەی خۆی بکڕێ ئەو کەلوپەلەیش هەڵ ئەبژێرێ، بیکڕێ، کە لەگەڵ کەلوپەلەکانی خۆیدا ڕێک بکەوێ!... لەو کاتەیشدا بیروباوەڕی (فاشیستی) زاڵ بووبوو بەسەر هەموو خاکەکانی (ئیتالیا) و (ئەڵمانیا)دا... جا لەوەوە، مارسیللۆیش، بەبیریا ئەهات، کە (ئیسپانیا)یش هەڵ ئەگرێ ببێ بە فاشیستی... هەرچەندی ئەکرد هۆی ئەم بیرەی خۆیشی نەئەزانی دوور نەبوو ئەو بیرە بەمێشکی هەموو ناشی و نەخوێندەوارێکیشدا هاتبێ... بەمێشکی هەموو بۆرە پیاوێکیشدا هاتبێ!... کەواتە خۆیشی یەکێکە وەک کەسانی تر لەو کەسانە جوێ نەبۆتەوە!.

ئیتر هیچ پەژارەیەکیشی نەمابوو، پێوەی خەریک بمێنێ، ئەوە نەبێ کە جار بەجارێک تووشی دڵتەنگی و خەموخەفەت ئەهات، کە هیچ هۆیەکیان دیار نەبوو!... بەڵێنی دابوو. کە لەو ڕۆژەدا، بچێتە یەکێک لە کاربەدەستییەکان.

ڕووی بۆ ئەوێ کرد لە کاتێکا کە لە ژووری چاوەڕوانی کردندا دانیشتبوو، بەتەنشت ژووری کاربەدەستەکەوە، سەرنجی لە خۆیدا، لە بیرەکانی خۆیدا، دیسانەوە هەر ئەوەی بۆ دەرکەوتەوە کە لە کەسانی تر جیاوازنییە... لە پڕ دەنگێک هات، لە کەللەیدا بانگی ئەکرد: (مارسیللۆ کلیریچی).

جێ دانیشتنەکەی خۆی بەجێ هێشت و چوو بەلای دەرگایەکی بەرامبەرەوە پێش ئەمەی



بچێتە ژوورەوە، لە درزی دەرگاکەوە سەیرێکی ناو ژوورەکەی کرد کە تەماشای کرد ژنێک نوشتابووەوە بەسەر ئەو پیاوەدا کە لە تەنشت مێزە گەورەکەوە دانیشتبوو... چاوی لێ بوو ژنەکە پیاوەکەی ماچ ئەکرد ئەویش ژنەکەی ئەگرتە باوەش... مارسیللۆیش ئەمەی بەشتێکی زۆر نەنگ و ناشیرین دانا کە لە شوێنی کاروباری گشتیدا ڕووبدات دەرگاکەی داخست و گەڕایەوە جێی خۆی، دانیشت ئەوانەی لەوێدا بوون یەک لە دوای یەک ڕۆیشتن... کەس لەوێدا نەمایەوە پیاوێکی پیر نەبێ لەپاش تاوێک لە ژوورەکەی ناوەوە پیاوێک هاتە دەرەوە لە تەمەنی مام ناوەندییدا بوو.

لەڕولاوازبوو هەر دووچاویشی بەقوولڵدا چووبوو پیاوە پیرەکەیش لێی نزیک بووەوە و قۆڵی کرد بەکەمەریا!...

هەردووکیان ڕۆیشتن بەڕێوە ئەتگوت ژن و مێردن. مارسیللۆ ئەمەیشی یەجگار پێ ناخۆش بوو بێزی لێ ئەکردەوە لەوەیش سەری زۆر سوڕما کە هەستی ئەکرد قینی لەو پیاوە پیرە ئەبێتەوە پاشان لەوەیش تۆقی، کە هەستی کرد بەخۆی سروشتە گڕۆزەکەی زیندوو ئەبێتەوە چونکە وای لێ هات، ئەگەر ئەو پیاوە لەبەر دەمیا بمێنێتەوە، بیکوژێ!.

دوورنییە ئەمەیش لەوەوە بووبێ، کە مارسیللۆ، کە دەموچاوی پیاوەکەدا، نیشانەی گڕۆزییەکی هەرە ناخۆش و هەرە ناشیرینی ئەدیی!...

***

زۆری پێ نەچوو، مارسیللۆ بانگ کرایە ژووری ڕازنووسی کاربەدەستەکە کاتێ کە چووە ژوورەوە، سەرۆکە ڕاستەوڕاستەکەی خۆی دیی، گوتی: (ئا ئەمەیە پزیشک مارسیللۆ ئەمەوێ ئەو کارەی پێ بسپێررێ)...

پاشان دەستی کرد بەپیاهەڵدانی، کە لە توانایدا هەیە هەموو کاروبارێکی نهێنی جێبەجێ بکات مارسیللۆ دەمودەست تێ گەیشت کە ئەو فەرمانڕەواییە فاشیستییە، ئەیویست لە دەست مامۆستایەکی زانستگاه ڕزگاری ببێ، کە ناوی (کادری)بوو چونکە لە ئیتالیاوە ڕەوی کردبوو بۆ (پاریس) لەوێیشەوە هوروژمی ئەبردە سەر فاشیستییەکان!...

(کادری)یش ماوەیەک مامۆستای مارسیللۆ بووبوو. ئەوەیش بۆ ئەوە دڵخۆشی بوو، چونکە کارەکەی ئاسان ئەکرد!...

ڕازنووسەکەیش پێی گوت: (چی ئەکەیت بەبیانوو کە بۆ پاریس ئەچیت تاوەکو کادری مەترسیت لێ نەکات؟)...

مارسیللۆیش خەریکبوو داوای ئەوەی لێ بکات کە پشوویەک بدات، تا بیری لێ بکاتەوە. بەلاّم گوێی لە خۆی بوو ئەیگوت: (پاش هەفتەیەک ژن ئەهێنم ئەتوانم ئەوەیش بکەم بەبیانوو کە بۆیەکا لە پاریسدام بەشێک لە مانگە هەنگوینە ڕاببوێرم!)

کە مارسیللۆ لێیان جیابووەوە، دەمودەست سواری ئۆتۆمۆبێلێکی بەکرێ بوو و ڕووی کردە مالّی دەزگیرانەکەی خۆی.

ئەوەی پێ خۆش بوو کە ئۆتۆمۆبێلەکە پڕبوو لە کەسانی تر چونکە هەرچەند خۆی ئەدیی لە ناو کەسانی تردا، پشتی بەخۆی زۆرتر ئەبەست، هەستیشی وا ئەکرد کە ئەویش یەکێکە وەک هەمووان، هەرچی ئەوان ئەیکەن، خۆیشی هەرئەوە ئەکات!... زۆر لەوەیش سەری سوڕما، کە هەستی بەخۆی ئەکرد دلّی تەنگ بووە لەوەی کە کاروبارە نهێنییەکەی و ژن هێنانەکەی و مانگە هەنگوینەکەی خۆی ئاوێتەی یەکتر کردووە!... بەلاّم زۆری پێ نەچوو گەیشتە ناو خانووی دەزگیرانەکەی خۆی کاتێ کە دەزگیرانەکەیشی هات بەپیریەوە، لێی وردبووەوە ئەوەیشی زۆر پێ خۆش بوو، کە ئەویش هەر لە کچەکانی تری ئەکرد، جیانەبوو لەوان!... کەچی هەر ئەوەندە کچەکە چووەلایەوە و دانیشت، مارسیللۆ دەمودەست هەستی کرد بەپەشۆکاوییەکی ناکاو، تووشی دێ، کە پێچەوانەی ئەو پشت بەخۆ بەستنەبوو کە لەوەپێش هەستی پێ ئەکرد... کچەکە لە ناکاو ئاوڕی لێ دایەوە پاشان باوەشی پیاکرد پێیشی گوت ماچی بکات ئەویش دلّی نەشکاند هەرچی پێ گوت کردی لە ڕاستیدا (جیلیا) کچێکی بەئالّۆش بوو زۆرجاری وا هەبوو لەم دەست لە مل کردنانەوە، ئالّۆشی ئەبزووت، ئەوەندەی نەئەما کە دەزگیرانییەکەیان بگۆڕێ و ببێتە پەیوەندییەکی ژن و مێردیی تەواو!... لەم جارەیشدا بەجۆریکی وا هەوەسی بزووت، کە بەهەموو هێز و هەڕەتێکی خۆیەوە مارسیللۆی ماچ ئەکرد دەستی مارسیللۆیشی ئەگرت و ئەیخستە سەر مەمکی چەپی خۆی زمانی خۆیشی ئەخستە ناو دەمی مارسیللۆوە مارسیللۆیش هەرچەندی ئەکرد نەی ئەتوانی بەئارەزووی ئەو ببزوێتەوە زۆری پێ نەچوو کچەکە دەستی مارسیللۆ لەسەر مەمکی خۆی لابرد پێیی گوت: (جاروبار وام بەبیردا دێ کە تۆ خۆشت ناوێم!...). ئەویش گوتی: (وانییە! تۆ خۆشت ئەوە ئەزانیت کە من چەند گوروفتاری تۆم!)

(جیلیا)یش ناوی ئەو کەسانەی بۆ دەرخست کە بۆ ئاهەنگی شەوی پەردەیان بانگ کرابوون مارسیللۆیش دەستی کرد بەلێکۆلّینەوەیەکی زۆر لە بابەت هەموو کەسێکیانەوە: کەسایەتیی، کاروفرمانی، شێوەی ژیانی ئنجا کە تەماشای (جیلیا)ی کرد سەری



سوڕمابوو لەو پرسە سەیرانە، لێی پرسی: (تۆیش منت وەک کەسانی تر نایەتە بەرچاو؟...)... مارسیللۆی ئەیویست زۆرتر دلّنیابێ لەوەی کە ئەویش هەروەک کەسانی ترە، لێیان جیاوازنییە... ئەویش بەسەرسوڕمانێکەوە لە پرسەکەی، وەرامی دایەوە گوتی: (بەلای خۆمەوە، تۆ لەم جیهانەدا، لە هەمووکەس چاکتریت... ئەگەر لەمەیش لابدەین، تۆ لە زۆربەی ئەو کەسانە ئەکەیت کە خۆم ئەیانناسم: ڕەوشت و خووت باشە، مەند و لەسەرخۆیت، هونەرمەندیت... ئیتر ئەبێ کێ لە تۆ باشتر بێ بۆ من؟.

زۆربەی کەسان ئەیانەوێ لە هەمووان جیاوازبن، لەکەس نەکەن. کەچی تۆ، بەپێچەوانەی ئەو جۆرە کەسانەوە، مرۆڤ وای بەبیردا دێ، ئەتەوێ لەکەسانی تر بکەیت، لە کەسانی تر خۆت جیا نەکەیتەوە!...)...

پاشان بیری مارسیللۆ بەوەوە خەریک ما کە (جیلیا) هوشیاری کردەوە و پێیی گوت پێویستە بچێتە کلّێسا هەر کارەساتێکی بەسەردا هاتووە بۆی بگێڕێتەوە.

ئنجا مارەکردنەکە دەست پێ بکات... لەمەیشدا مارسیللۆ مافی هەبوو کەوا دابمێنێ... چونکە لە ژیانی خۆیدا لە هیچ کردەوەیەکی ئایینیدا پەیوەندیی نەبووبوو... بەلاّم زۆری پێ نەچوو، ئەوەی هات بەبیردا کە پێ لێ نانەکەی لەبەردەم کەشیشدا، کارێکە هەموو کەس ئەیکات لەبەر ئەوە کردنی چاکترە لە نەکردنی تا لە کەسانی تر جیانەبێتەوە!...

***

بەلّێ مارسیللۆ ئەوەی پێ خراپ نەبوو کە لەبەردەم کەسیشدا پێ لە گوناهەکانی بنێ و هەموو کارەساتەکانی خۆی بۆ بگێڕێتەوە تا خۆی لە کەسانی تر جوێ نەکاتەوە و، وەک ئەوانیش ڕەفتار بکات ئەوەندە هەبوو دوو تەگەرەی لەبەردەمدا بوو: یەکێکیان مەرگەساتەکەی تافی کوڕێنی، ئەوی تریشیان ئەو کەینەوبەینەیەی کە پێوە بوو لە پاریسدا جێبەجێی بکات! مارسیللۆ وای هات بەبیردا کە لەناو هەردوو کەینەوبەینەکەدا پەیوەندی یەک هەیە بەلاّم هەرچەندی ئەکرد لە ڕازی ئەوە تێ نەئەگەیشت!... ئەوەندە هەبوو، ئەوەی ئەزانی کە باوەڕی بەئایینی مەسیحی نەبوو، کە مرۆڤ لە خوێن ڕشتن بەربەست ئەکات.

باوەڕی بەئایینێکی زرنگکاریی هەبوو کە ڕێی بەو خوێن ڕشتنە ئەدا... ئەو ئایینەیش بیروباوەڕی فاشیستی بوو!... دوایی بیرکردنەوەکەی بەم ئەنجامە گەیشت، کە پێ لێ نانی بەگوناهەکانی خۆی، لەوانەیە کە بیخاتە ڕێزەی ئەو کۆمەلّی مرۆڤایەتییەوە، کە لەسەردەمی منالّیەوە خۆی لێ دوور خستبووەوە لەبەر ئەوە ناچاربوو بچێتە کلّێساوە لەبەردەمی کەشیشدا پێ لە تاوانەکانی خۆی بنێ!...

لەوکاتەدا کە چوو، کڵێساکە کەسی تیانەبوو چووە بەردەمی پەیکەرەکە و کڕنووشی نەوازشی بۆ کێشا لەوکاتەدا دەستێک پەردە ئەستوورەکەی لادا مارسیللۆیش چووە سەر تەختی پێ لێنان و دانیشت ویستی دەموچاوی کەشیش ببینێ بەڵام کەشیش پەردەکەی کێشایەوە، بۆ ئەمەی خۆی پێشان نەدات.

کە کەشیشەکە پێی زانی مارسیللۆ لە هەموو سی ساڵەکەی تەمەنیدا جارێک نەهاتۆتە بەردەم تەختی پێ لێنان بەمارسیللۆی گوت: (تۆ ئەو هەموو سی ساڵەت لە گوناهبارییدا ڕابواردووە!...)... مارسیللۆیش گوتی: (لە ڕاستیدا من هیچ گوناهێک نەماوە نەیکەم تەنانەت کەتنی کوشتنیشم کردووە!...) پاش ئەوە دەستی کرد بەگێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی و (لینۆ) بەتەواوەتەی هەمووی تێگەیاند هیچ دەسکارییەکی تیا نەکرد مارسیللۆ سەری سوڕما لەوەی کە کەشیشەکە بەتەنگ بابەتی هەتیو بازییەکەوە زۆرتربوو، تا بابەتی کوشتنەکە!... کاتێ کە کەشیشەکە لەوە دڵنیا بوو کە (لینۆ) هەر ئەوەندەی لە (مارسیللۆ) کردووە کە باوەشی بەلنگەکانیا کردووە، لێی پرسی:

(تۆ لەگەڵ پیاواندا لنگ بازیی ئەکەیت؟...)

– نە ءِ!... هەرگیز نەمکردووە!... لە ڕاستیدا من ژیانێکی ئاسایی ڕائەبوێرم... مەبەسم ئەوەیە کە یەکەم ژنێک لنگ بازیم لەگەڵدا کردووە، لە ماڵێکی سۆزانی دابووە... پاش ئەوەیش ژیانی ڕەگەز بازیم هەر ئاسایی بووە هەرچەند لنگ بازیم کردبێ، لەگەڵ ئەو خانمانەدا کردوومە کە لە خانەدانەکان بوون!...

– بەڵام ئەمەیش گوناه و بەدکاریە کە تۆ کردووتە چونکە نابێ لنگ بازیی بکەیت لەگەڵ کەسدا، بەتەنیا لەگەڵ ژنێکی مارەکراودا نەبێ، کە مەبەسیشت لەوە هەر سک وزاکردن بێ!.

– منیش وا خەریکی ئەوەم!.

کەشیشەکەیش لە گوناهەکانی خۆش بوو بەڵام ئامۆژگاریی کرد تا دوایی ژیانی خۆی هەر نوێژ بکات مارسیللۆیش کە هاتە سەرئەوەی بگەڕێتەوە، چاوێکی دوایی خشاند بەسەر کڵێساکەدا وای هاتە پێش چاو کە ماڵئاوایی لە جیهانێکی کۆن ئەکات، کە بەلای ئەوەوە هەر لەسەراوێکی خەوی کۆنی ئەکرد!...

پاش ئەمەی لە کڵێساکە جیابووەوە، سواری ئۆتۆمۆبیل بوو چوو بۆ ئەو گەڕەکەی کە دایکی تیابوو بەڵام لە ڕێگاهەستی پێ کرد یەکێک دوای کەوتووە زۆری پێ نەچوو،



ناسیی کابرا لە پیاوانی باڵبازە نهێنییەکان بوو. نامەیەکی لە سەرۆکەکەی خۆیەوە بۆ هێنابوو. ئەوەی تیا نووسیبوو کە چووبوو بۆ (پاریس) لە ڕێگادا لە شارێک لابدات ناونیشانی پیاوێک هەڵ بدات، کە (سەنیۆر جابریو)ی پێ ئەڵێن مارسیللۆیش بەپیاوەکەی گوت لەگەڵیا بچێت تا ئەگاتە باخچەکەی ماڵی دایکی لە ڕێگادا تێگەیشت، کابراکە ناوی (ئۆرلاندۆ)بوو هەر لە ساڵی ١٩٢٥ وە لە نامەکاریی نهێنیدا فرمانی بینیوە.

مارسیللۆ چووە ناو باخچەی خانوەکەوە کە تەماشای کرد بەپاکی نەماوەتەوە بەڕەڵڵا کراوە... ئەوەی بیرکەوتەوە کە لە منداڵیدا چۆنی ڕابواردوە لەوێدا... لەوکاتەدا کە ئەڕۆیشت چاوی بەمارمێلکەیەک کەوت، بەزەیی پیا ئەهاتەوە ویستی بە ئەسپایی بڕوات بەڕێوە، نەوەک بیترسێنێ! (ڕۆبەرتۆ)ی بیرکەوتەوە، کە چۆن پەنای بردە لای ئەو تا هەندێ لە هەستی گوناهباریی کەم بکاتەوە لە کوشتنی مارمێلکاندا کەچی ڕۆبەرتۆی منداڵیش نەیویست لەو هەستی گوناهبارییەی ئەو کەم بکاتەوە!...

مارسیللۆ، لەو سەردەمەدا، کەسێکی نەدۆزییەوە کە باری گوناهباری لێ سووک بکات و هەست بەو گوناهە ئەوەندە نەکات لەبەردەم کوشتنی مارمێلکەکاندا، بەتەنیاهێڵرایەوە!... جا لەم تەنیاییەدابوو، کە لە ڕاستیی گوناهەکەی خۆی تێگەیشت!...

بەڵام ئێستاکە، بەتەنیا نامێنێتەوە، ئەگەر کەینەوبەینەکەی (پاریس)ی بەکەتنێک دوایی بێت چونکە ئەو لەم جارەدا، لە پێناو ئامانجێکدا کەتن ئەکات هەستیش بەخۆی ئەکات کە فەرمانڕەوایی لە پشتیەوەیە، یارمەتی ئەدات لەلایەن کۆمەڵانی زرنگاریی و کۆمەڵایەتی و سەربازیشەوە کە فەرمانڕەوایی دایمەزراندوون، فرمانەکەی پەسند ئەکرێ بێجگە لەوانە، ئەو کۆمەڵە گەورە گەورانەی نەتەوەیەیش کە باوەڕ بەو بیروباوەڕی فاشیستییە ئەکەن، ئامادەن بۆ پشت گرتنی، بۆ ئافەرین کردنی!...

کە لە دەرگای ژوورەکەی دایکیدا، چەند سەگێک بۆی دەرپەڕینە دەرێ بۆنێکی زۆر ناخۆش لە ژوورەکە ئەهات... دایکی چاوپێکەوت لە جێگادا کەوتبوو ڕووکەشی پیریەتیی پێوە دیاربوو ئەوەندەیش لەڕ و لاواز بووبوو، هەر ئێسک و پروسکەکەی مابووەوە!... جێگای لێ دان بەلەشەوە دیاربوو مارسیللۆ تێ گەیشت کە ئەو لەش شین بوونەوانە بەدەستی (ئەلبێری)یەوە پیدابوون، کە ئۆتۆمۆبیل لێ خوڕی دایکێتی و دڵداریشیەتی!...

دەمودەست دایکی مارسیللۆی سوارکرد لەگەڵ خۆیدا و چوون بۆ سەردان لە باوکی کە لە

نەخۆشخانەی نەخۆشیی مێشک دابوو دایکی هەستی بەوە کرد کە مارسیللۆ قێز و بێز لەو ژیانەی ئەکاتەوە پاشان دەستیدا لە شانی ئۆتۆمۆبێل لێ خوڕەکەی، نازی ئەکێشا و ئەی لاواندەوە پاشان ڕووی کردە مارسیللۆ و پێی گوت:

(من ئەوە ئەزانم کە تۆ لەوە تووڕە ئەبیت کە من نازی (ئەلبێری) ئەکێشم و ئەی لاوێنمەوە بەڵام تۆ هێشتا وات لێ نەهاتووە کە لەوە تێ بگەیت، ژن چەند هەست بەئازاری دەروونی ئەکات کە بزانێت وەک جاران خۆشی لە هەڕەتی هەرزەکاریی خۆی نابینێ!...).

***

مارسیللۆ لەپاش ئەمەی لە کەینەوبەینەی مارەکردن و ئاهەنگی شەوی پەردە بووەوە، کە پڕبوون لە ئەرک و دەنگەدەنگ، خۆی و ژنەکەی چونە ناو شەمەندەفەرەوە لەوێدا هەستی بەسرەوتێکی گیانی بێ ئەندازە ئەکرد پێش ئەمەی شەمەندەفەرەکە بکەوێتە گەڕ، چاوی بڕیبووە کچەکە. کە لەگەڵ دایکیا قسەی ئەکرد.

لەوکاتەدا هەستی وا ئەکرد کە گواستنەوەی کچەکە و جیابوونەوەی لە دایکی پەردەیەک بەسەر ژیانی کچێنیدا دائەداتەوە بۆ ئەمەی ژینێکی نوێ بژی، کە هەرچەندە لێی ئەسڵەمییەوە، بەڵام زۆریشی پێ خۆش بوو کە بەو ئاواتە بگات!... مارسیللۆ ئەو کاروبارانەی هێنایەوە پێش چاوی خۆی کە لەو چەند ڕۆژی پێشوودا ڕاپەڕاندبوون وایش هاتە پێش چاوی کە ئەم گۆڕینەی هاتوە بەسەر ژیانیدا ئەیکات بەپیاوێکی وا کە جیاوازیی نەمێنێ لەگەڵ کەسانی تردا!. لەوکاتەدا گڕ لە ئارەزووی بەربوو، پڕ بەدڵ ئەیویست خۆی بکات بەپیاو و، خۆیشی بکات بەمێرد، ئەیویست هەر لەوشەوەدا، هەر لەناو ئەو شەمەندەفەرەیشدا (جیلیا) بکات بە ژنی تەواو!... پێخەفەکەیان هەرچەندە تەنگ بوو، بەڵام مارسیللۆ باکی لەوە نەبوو!...

خۆ ئەگەر (جیلیا)یش وەک هەموو کچێکی تر، تەگەرەی لەو کارەدا و خۆی نەدا بەدەستەوە، ئەتوانێ ئەو کارە دوابخات تا ئەگەنە ئەو شارەی کە پێیان گوتبوو لێی لابدات بەڵام (جیلیا) لەو زۆرتر بەتەنگ ئەو ڕابواردنەوەبوو.

زۆرتر بەپەرۆشەوە بوو، کە بەوکامە بگات هەرئەوەندە شەمەندەفەرەکە دەستی کرد بە ڕۆیشتن و لەرییەوە لە ڕێگادا، بەفێڵ خۆی خزاندە سەر کۆشی مێردەکەی و دەستی کرد بەباوەش پیاکردن و ماچ کردنی!... زۆری پێ نەچوو لەو جۆش و خرۆشەوە وەرگەڕا و



دەستی کرد بەگریان مێردەکەی لەپێشدا زارەترەک بوو بەڵام لەپاشدا بۆی دەرکەوت کە گریانەکەی (جیلیا) بریتی بوو لەدەست پێشکەرییەک بەو مەبەسەی کە ڕاستەوڕاست پێی بڵێ کچێنیی نەماوە!...

مارسیللۆیش واقی وڕما و چاوێکی تێ بڕی لەپڕ ئەوەی بۆ دەرکەوت کە ئەو کەسایەتییە ئاساییەی ئەیدیی لەودا، لە ناودا نەما!. ئەو نەی ئەزانی کە لەپشت دان پیانانەکەیەوە چی ڕووی داوە بەڵام هەر ئەوەندەی پەیی پێ برد، کە بەپێی قسەکانی جیلیا خۆی، ئەو ئافرەتەنییە کە هێنابوویەپێش چاوی خۆی.

مارسیللۆ دڵی پڕبوو لە خەم و ئەم نەی ئەویست لەوە بەولاوە گوێی لە پێ لێنانەکانی بێ لەگەڵ ئەمەشا حەزی نەکرد، دڵ ڕەنجاوی بکات، بەپێچەوانەوە دڵی دایەوە، گوتی: (پێی ناوێ لەسەری بڕۆین... خۆ من بۆ ئەوە مارەم نەکردویت، کە کچێنیت پێوە دیاربێ... بۆ ئەوەم هێناویت کە خۆشم ئەوێیت!.)... بەڵام جیلیا وازی نەهێنا تا هەموو بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە... گوتی: کە باوکی مرد، خۆی و دایکی لە بارێکی دەست کورتییدا هێشتەوە... پشتیوان (محامی)یێک هەردووکیانی بردە لای خۆی دەستیان بەسەردا بگرێ.

جیلیا پێی ئەگوت مامە... جیلیا لەوکاتەدا تەمەنی گەیشتبووە پانزە ساڵی ڕۆژێکیان دایکی لە ماڵەوە نەبوو پشتیوانەکە بەهەلی زانی و سواری بوو، کچێنیی لێ سەند!... پاش ئەوە هەڕەشەیشی لێ کرد کە ئەگەر بێتو دایکی لەو کەینەوبەینەیە ئاگادار بکات دەست بەرداریان ئەبێ و فڕێیان ئەداتە ناو باری هەژاریی و سەرگەردانییەوە پاش ئەوە زۆری پێ نەچوو، هانەی دایکیدا کە لەوە بەولاوە نەینێرێتە خوێندنگا لە جیاتی ئەوە بنێرێتە جێ فرمانەکەی خۆی تا بیکات بەڕازنووسێکی خۆی و، لای خۆی دای بمەزرێنێ بەم جۆرە ڕێگای بۆخۆی کردەوە، کە جیلیا بکات بەدۆستێکی خۆی، تا شەش ساڵی خشت دەست بازیی و لنگبازیی لەگەڵدا بکات کە لەو کاتەیشدا جیلیا پێی نەئەکرا بەگوێی نەکات، ئەترسا لە دایکی و، ئەترسا لە هەژاریش!...

کاتێ کە بڕیاریشیدا شوو بە مارسیللۆ بکات، هەڕەشەی لێ کرد کەینەوبەینەکەی لە مارسیللۆ ئاشکرا بکات جیلیایش هەڕەشەی لێ کرد کە ئەگەر ئەو کارە بکات، ئەیکوژێ!.

مارسیللۆیش بەزەیی پیاهاتەوە ویستی بەرامبەر ئەو تەنگوچەڵەمەیەی ئەو هەستی

خۆی دەرببڕێ دەستی بۆ برد باوەشی پیا بکات بەڵام لەوکاتەدا شەمەندەفەرەکە توند جووڵایەوە، بوو بەهۆی ئەوەی کە دەستی لە ڕووی بکەوێ.

ئەویش لەناودا بازی دایە ئەو دیو ژوورەکەوە لاوەکە سەرسام ما لەو کارە زوو چوو بەدوایدا جیلیا ئەوەندەی نەمابوو خۆی لە شەمەندەفەرەکە فڕێ بداتە خوارەوە چونکە وای زانیبوو کە مارسیللۆ شەپازللەی لێ داوە و ڕیسوای کردووە هەستی وا کردبوو کە ژن و مێردییەکەیان هەڵوەشایەوە!...

مارسیللۆیش هەر لەگەڵیا خەریک بوو دڵی دایەوە، تا توانی گەشی و خۆشییەکەی بگەڕێنێتەوە جێی خۆی ئەوە شەوە مارسیللۆ، لەشی ڕووت کردەوە و گرتییە باوەشی چووە باخەڵیەوە و ئارەزووی خۆی پێ دامرکاندەوە مەبەسیشی لەوە، هەر ئەوە نەبوو کە ئالۆش و خرۆشی خۆی پێ بشکێنێ، ئەو ئەوەیشی ئەویست کە هەست بەخۆی بکات کە ئەویش پیاوێکە لە پیاوان، بۆیە ئەو لنگبازییەیشی کردووە لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا، تا منالێکی لێی ببێ و مرۆڤێک بهێنێتە ناو جیهانەوە!...

***

مارسیللۆ و ژنەکەی لە شاری (س)دا دابەزین لەوێ چوونە میوانخانەیەکەوە ژنەکەی لەوێ بەجێ هێشت پاشان ئۆتۆمۆبێلێکی گرت و ڕووی کردە ئەو جێگەیەی کە (ئۆرلاندۆ) ناوونیشانی پێ دابوو هەر ئەوەندە سەری کرد بەخانووەکەدا واقی وڕما چونکە پڕبوو لە ئافرەتی سۆزانی!... شوێنەکە جێی بەزمورەزم بوو!... ڕزگاریشی نەبوو لەدەست ئەو ئافرەتانە، تا (سەنیۆر جابریو)ی چاوپێکەوت کابرا لە چاوەڕوانی ئەودابوو بە مارسیللۆی گوت ڕێ و شوێنی داونانەوە کە گۆڕراوە ئەو هەر ئەوەندەی لەسەرە کە (کادری) پێشانی (ئۆرلاندۆ) بدات ئیتر هەموو کەینەوبەینەیەک بۆ ئەو بەجێ ئەهێڵێ مارسیللۆیش لەمە واتێ گەیشت کە فەرمانڕەوایی ئیتالیا ویستوێتی زووتر (کادری) بکوژرێ لەوەیشەوە بۆی دەرکەوت، کە لە ڕاستیدا چوونی خۆی بۆ پاریس پێویست نەبوو چونکە (ئۆرلاندۆ) شارەزاییەکی وای هەیە کە بتوانێ، بێ یارمەتی کەس، (کادری) بدۆزێتەوە مارسیللۆیش لەمەوە تەواو تێگەیشت، کە فەرمانڕەوایی ئیتالیا بۆیەکا ئەوی خستۆتە ناو داونانەوەی کوشتنەکەوە بەخۆڕایی تا بیکات بەهاوبەش لە کەتنەکەدا و کەس پەی بەفەرمانڕەوایی، خۆی نەبات!... ئەوەیشی بۆ دەرکەوت، کە بەشێنەیی خراوەتەوە ناو داوێکەوە کەچی، کە ئەم ڕازەی بۆ دەرکەوت و دڵی پێی کرایەوە، سەری لە خۆی سوڕما کەزانی ئەم بەشە



فرمانەی بەرپەرچ نەدایەوە، بەڵام بەو ناوەوە کە فرمانێکە لەسەر شانی و ناچارە بیکات، بەداخێکەوە بڕیاریدا بەجێی بهێنێ!.

کاتێ خەریک بوو خانووەکە بەجێ بهێڵێ، لەپڕ چاوی کەوت بە(ئۆرلاندۆ) خەریک بوو لەگەڵ ژنێکدا ئەیگرتە باوەش ، کە هێشتا لە ناو سۆزانییەکاندا چاوی پێ نەکەوتبوو... ژنەکە سەوزەیەک بوو گەنم ڕەنگ، دووچاوی گەشی پێوەبوو، دەمی فراوان بوو، لێوەکانی خۆی بەسووراوێکی ڕەنگ تاریک ڕەنگ کردبوو.

(ئورلاندۆ)یش هەروا بەساکاریی پێی گوت: (ئەگەر حەز لەم کچە ئەکەیت، بۆت بەجێ ئەهێڵم!...)... مارسیللۆیش قینی لەوە هەڵسا هەستێکی بەزەیی پیاهاتنەوە هات بەدڵیا بەرامبەر کچەکە ئارەزوویشی ئەکرد ڕزگاری بکات لە دەست (ئۆرلاندۆ) کە داوای شتێکی لێ ئەکرد ئەو وای ئەزانی کچەکە تەنگەتاوبووە و ناچاربووە بەدەستیەوە، بۆیەکا ماچوموچی لەگەڵدا ئەکات!...

کە مارسیللۆ و ژنەکەی و ئۆرلاندۆ گەیشتنە پاریس، یەکەم کاری ئەوەبوو ژمارەی تەلەفۆنی (کادری) بدۆزێتەوە... خەریک بوو سەر و شێوەی (کادری) بهێنێتەوە بەرچاوی خۆی... کادری پیاوێکی پشت کۆماوە و کورتە باڵابوو قژێکی زۆری بەسەری خۆیەوە دانابوو چاویلکەکانیشی ئەستووربوون.

یەکێکیش بوو لە دوژمنەکانی (دەستەی فاشیستی)، کە مارسیللۆ، خۆی یەکێک بوو لە پشتگیرانی... کادری ئەوەندە بەگەرمەوە، بەرەنگاریی ئەو دەستەیەی ئەکرد، توانی ژمارەیەک لە دوژمنەکانی خۆی لە ئایینی فاشیستی وەربگێڕێ!.

کاتێ کە تەلەفۆنی بۆ (کادری) کرد، ئەو نەیناسییەوە بەڵام بانگی کردە ماڵی خۆیان بۆ چای خواردنەوە هەروەها ئەوەیشی پێ گوت کە ژنەکەیشی لەگەڵ خۆیدا بهێنێ، کە بۆ ڕابواردنی مانگە هەنگوینە هێناویێتی لەگەڵ خۆیدا بۆ (پاریس) زۆری پێ نەچوو مارسیللۆ چاوی کەوت بە(ئۆرلاندۆ) و هەموو شتێکی تێگەیاند بەڵێنیشی پێدا، کە (کادری) بانگ بکاتە سەر نان خواردنی شێوان، تا بتوانێ لە دوورەوە بیبینێ و بیناسێ!...

مارسیللۆ نەی ئەزانی بۆچ ئەوەی بەبیردادێ، کە ڕەوشتی ئەو هەر لە ڕەوشتی (یەهودا) ئەکات، کە ناپاکی لەگەڵ مەسیحدا ئەکرد!... ئەی خۆیشی ناپاکی لەگەڵ مامۆستاکەی دا ناکات؟...

ئەو و (یەهودا) هەر ئەمەندە جیاوازییان هەیە، کە (یەهودا) خۆی کرد بەپەتا، لەبەر

ئەوەی کە ئەوانەی هانەیان دابوو بۆ ئەو ناپاکییە، نەیان وێرا یارمەتی بدەن!... بەڵام ئەو نەخۆی ئەکوژێ و، نەخۆشی بەرەنجەرۆ دائەنێ، چونکە کەسانی واهەن، یارمەتی بدەن!...

لەوکاتەدا کۆمەڵانی گەورە گەورەی نەتەوەی هاتەوە پێش چاو کە لە کۆڕەکانی (ڕۆما)دا چەپڵەڕێزانیان ئەکرد بۆ ئەو کاربەدەستەی کە لە ژێر دەستیا فرمانی ئەکرد پاش ئەوە ئەو خەوەی لە مێشکدا نەما هیچیشی لێ بەجێ نەما ئەوە نەبێ کە خۆهەڵکێشان و شانازییەکی زۆر کەمی لەدڵدا مابوو، کە بۆ ژۆ بووبوو بەتیز پێکردنەوە!... بەهەموو ڕەنگ پیاوەکە فرمانی خۆی ئەبینێ!...

***

مارسیللۆ کە گەیشتە خانووی (کادری) لەگەڵ ژنەکەیدا، ئافرەتێک بەپیریانەوە هات، کە بەلایەوە وابوو، زۆر لەو ئافرەتەی ئەکرد کە لە شاری (س)دا دیبووی لە بەزمگاهەکەدا لەگەڵ (ئۆرلاندۆد)دا... بەڕاستی لەمە سەری زۆر سوڕما بەڵام زۆری پێ نەچوو بۆی دەرکەوت کە جیاوازییەکی زۆر لە ناوەند هەردوو ئافرەتەکەدا هەیە لە ئەندازەی ڕووخۆشی و دەنگدا پاش تاوێک مامۆستا (کادری)یش هات بەپیریانەوە، خۆشی و چلۆنییەکی گەرموگوڕی لەگەڵدا کردن و بەشیرینییەکەوە گفتوگۆیشی لەگەڵدا ئەکردن لە جیلیای ئەپرسی پاریسی بەلاوە چۆنە کاتێ کە جیلیای هەرزەکار ئارەزووی خۆی نوواند کە ئەیەوێ بەزمگاهێکی شەوی پاریس ببینێ، ئافرەتەکەی ژنی (کادری)یش پێشنیازی واکرد کە لە چێشتخانەیەک نانی شێوان بخۆن پاش ئەوەیش بچنە بەزمگاهێک کە بەلای خۆیەوە وابوو، کوڕ و کچەکە پێیان خۆش بێ... لە ڕاستیدا مارسیللۆ سەری زۆر سوڕما لەوەی کە ئەو ئافرەتە ژنی (کادری) دەرچوو... مامۆستا (کادری)یش لە مارسیللۆی پرسی کە ئاخۆ ئێستایش هەر لە خەباتی زرنگکاریی دایە، یان نا؟... مارسیللۆیش وای وەرام دایەوە کە ئێستا پەیوەندیی بەزرنگکارییەوە نەماوە کە وای گوت مامۆستا (کادری) دڵی زۆرخۆش بوو لە خۆشیاندا دەستی مارسیللۆی گوشی هەروەک خۆی کەشیشێک بوو بێ و تەماشای پەشیمان بوونەوەیەک بکات وابوو!... پاشان کادری دەستی خستە سنگی خۆی و لەسەر دڵی دانا، چاوەکانی پڕبوون لە ئاو و دەمودەست ژوورەکەشی بەجێ هێشت مارسیللۆیش لەمە سەری سوڕما بوو، سەیری ئەکرد ژنەکەی مامۆستا (کادری)یش مایەوە لەگەڵ تازە بووک و تازە زاوادا مارسیللۆ کە سەرنجی دا، ئافرەتەکە سڕوساردیی ئەنواند لەگەڵیا بەڵام لە ڕازی ئەوە تێنەئەگەیشت زۆری پێ نەچوو جیلیا پێشنیازی واکرد کە بچێتەوە میوانخانەکەی خۆیان، تا لەوێ سرەوتێک بدات تا دەمی شێو خواردن بەڵام (لینا)ی ژنی



مامۆستا (کادری) بانگی کرد بۆ ژووری نوستنەکەی خۆی ئەوی لەوێ دانا و گەڕایەوە بەتەنیا بۆ هۆڵەکە ئەوکاتە مارسیللۆیش تەنیا بوو ئافرەتەکە جگەرەیەکی دەرهێناو دایگیرساند ئنجا بەمارسیللۆی گوت: (ژنەکەت تۆزێک ئەنوێ پاش ئەوە لەگەڵیا ئەچم، گەڕانێکی پێ ئەکەم بەناو شارەکەدا)... ئەویش لێی پرسی، گوتی: (کەواتە پێویستیتان بەمن نییە؟)... پاش ئەوە ڕووی کردە ئافرەتەکە و پێی گوت: (بم بەخشە کە ئەمەت پێ ئەڵێم من وا هەست ئەکەم کە تۆ لەگەڵما لالووتیت... کەچی لەمەو پێش هیچ یەکترمان نەدیوە!...)... ئافرەتەکەیش قسەکەی پێ بڕیی گوتی : (نەء وانییە من تۆ باش ئەناسم بەڵام تۆ من ناناسیت) ئافرەتەکە کە دوژمنایەتی لە چاوەکانیا ئەبریسکایەوە، کەپێی گوت: (من ئەوە باش ئەزانم کە تۆ دزە پیاوی فەرمانڕەواییەکەی خۆتیت!...)... مارسیللۆ ڕووی لێ وەرگێڕا چونکە ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو کە ئەو ئافرەتە بەوجۆرە ڕیسوای کرد!.زۆری پێ نەچوو مارسیللۆ لێی پرسی: ئاخۆ مێردەکەیشی بەوە ئەزانێ؟ ئافرەتەکەیش بەشێوەیەکی ڕیسواکەرانەوە وەرامی دایەوە گوتی: (ئەی چۆن نازانێ... ئەو ئەمەی بەمن گوت!)... مارسیللۆیش خۆی پێ نەگیرا لێی پرسی: (کەواتە بۆچ بانگتان کردینە سەر چای خواردنەوە؟)... ئافرەتەکەیش ڕاستە و ڕاست وەرامی دایەوە: (من ئەوەم پێ خۆش نەبوو بەڵام مێردەکەم وەک پیرێکی گیان پاک و بەرز و پیرۆز وایە، ئێستایش هەر لەو باوەڕەدایە، کە نوواندنی خۆشەویستی چاکترین زرنگکارییە بۆ بەرەنگاریی کردنی دوژمنایەتی!).

– من زۆرم پێ ناخۆشە کە تۆ دوژمنایەتیم لەگەڵدا ئەکەیت چونکە تۆم جوان و شەنگوشۆخ دێتە بەرچاو، کە دڵ کێش ئەکەییت!... مارسیللۆ، پاش ماوەیەک لە خۆی پرسی، کە لەو کاتەدا بۆچ وای لێ هات؟... هەروەک لە ناوچەوانی ئافرەتەکەوە، ڕووناکییەک هاتبێتە دەرەوە و گەشکەداری کردبێ، لە کانگای دڵیا هەستێکی بەهێزوهەڕەتی توندوتییژ پەیدابوو بوو، کە تێکەڵبوو لە خۆشەویستییەکی کوێرانە ودڵ وروژانێکی سەخت... کاتێکی زانی بەخۆی، هەردوو دەستەکانی درێژکردووە و باوەشی کردووە بە خانمی ژنی مامۆستا (کادری)دا، وایشی گوشیووە بەخۆیەوە مەمکە خڕوپڕەکانی لەسنگی ئەکەون و لەبەر خۆیەوە پێی ئەڵێ: (من لە کانگای دڵمەوە خۆشم ئەوێیت!)... ئافرەتەکەیش بەواق وڕمانێکەوە سەیرێکی کرد و تێی خوڕیی: (بەڕاستی شتێکی زۆر ناوازە ئەکەیت، کە ناپاکی لەگەڵ ژنەکەتا بکەیت، لە مانگە هەنگوینەتاندا!...)... پاشان خۆی لە دەست مارسیللۆ ڕاپسکاند و شەپازللەیەکی لێدا!... بەڵام پاش تاوێک

پەشیمانیی لێ دەرکەوت چوو بەلای پەنجەرەکەوە ئنجا ڕووی بۆ وەرگێڕا و پێی گوت: (بم بەخشە، لە دەستم دەرچوو!...)... مارسیللۆیش گوتی: (هەر ئەوەندەم بۆ ماوەتەوە کە دەربازبم، ژنەکەم بانگ ناکەیت بێت بڕۆین؟ بیانوویشم بۆ ناهێنیتەوە لای مێردەکەت کە بم بەخشێ؟...)...

ڕێیشی بۆ کردەوە کە بڕوات بۆ دەرگای ژوورەکە کەچی ئافرەتەکە وەستاو نەڕۆیشت، هەر سەیری ئەکرد پاشان دەستی هێنا بەڕوومەتی مارسیللۆدا و پێی گوت:

(مەڕۆرەوە منیش حەزت لێ ئەکەم... تکایە بم بەخشە!) مارسیللۆ هەستی پێ کرد کە ژنەکە هەر لەبەر ئەوە داوای بەخشینی کرد، کە لە ئەنجامی شەپازللەکەی خۆی، خۆی ڕزگار بکات کەچی هەر لەو کاتەیشدا ئاگری دلّداریی گڕی بەردابووە دلّی، پڕ بەدلّ حەزی لێ ئەکرد!... خۆشەویستییەکەیشی لە ئەندازەدا نەبوو، بۆ جیلیا ئەوەندە بەپەرۆش نەبوو!... خۆشەویستییەکی قوولّ بوو، پڕبوو لە خوێن گەرمی، پڕبوو لە جۆش و خرۆش پڕبوو لە نازگرتن و هیواداریی... خۆشەویستییەکی وایش بوو کە هەرگیز لەوەپێش، بەخۆیەوە نەی دیبوو!...

هەروەک ژیانی لەوەپێش چۆلّ و هۆلّ بووبێ و کەسی تیا نەبووبێ وابوو، بەلّام کە جوانی (لینا)ی دیی ژیانی بۆ پڕبوو لە شادیی و کامەرانی!... تەنانەت وایشی لێ هاتبوو کە هەروەک لەوەپێش هەر ناسیبێتی و خۆشیشی ویستبێ وابوو... تەنانەت پێش ئەمەیش کەبیبینێ و هاوتاکەی ئەوی لە شاری (س)دا چاو پێکەوتبێ!... ئەمجارەیش بالّەکانی کردەوە تا باوەشی پیا بکاتەوە بەلّام ئافرەتەکە خۆی لێ لادا، پێی گوت: (ئیستە وا باشە بچیتە دەرەوە، تا ماوەیەک ڕابوێریت ئێوارە یەکتری ئەگرینەوە!)...

***

مارسیللۆ پێویستی بەماوەیەک بوو، بەتەنیا بمێنێتەوە، تا بیر لەو کارەساتانە بکاتەوە کە ڕوویاندا لە کردەوەی (لنیا)دا سەری سوڕنەما چونکە واقی وڕما، دلّی شکا... چونکە هەمووی چەند ڕۆژێک بوو ژنی هێنابوو!... لەوەوە دەستی کرد بەپرسکردن لە خۆی: ئەبێ خۆشەویستی چی بێ؟... ئەو هەست و تاسەیە چی بوو، کە ئەوەندەی نەمابوو بەهۆی ئەوەوە تووشی گەڕ و گێچەلّێکی وابێ کە ژن و ژیانی لە دەست بچێ و ناپاکی لەگەلّ ئەو بیرباوەڕە زرنگکارییەشدا بکات کە ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردووە؟... مارسیللۆ خۆی واهاتە پێش چاو کە ئەو بەدخوویی و داوێن پیسییەی کە لە هەموو ژیانیا بەدوایەوە



بوون، لە کۆلّی نەئەبوونەوە، کە مارەکردنی (جیلیا)یش لەدەست ئەو دەردانە ڕزگاری نەکرد، بەهیچ کلۆجێک ڕزگاری نابێ لەدەستیان بەهۆی ئەو ڕووناکییەوە نەبێت کە لە ناو چەوانی (لینا)وە پرشنگ ئەدات!... سەری لەوەیش زۆر سوڕما کە هەستی بەلێک چوونێک کرد لە ناوەند ناوی (لینۆ) و ناوی (لینا)دا!... ئەو پیاوەی کە دلّی پڕکرد لە پشم و قین و بێزهاتنەوە لەبەدخویی و داوێن پیسی ئەو ژنەیش کە لە باریا هەیە لەو هەردوو دەردەی ڕزگار بکات!...

مارسیللۆ هەستی بەخۆی نەکرد، کە چەندی پێ چووبوو تا لە گەڕان بووبووەوە و گەیشتبووە میوانخانەکە کاتێ کە داوای کلیلی ژوورەکەی خۆی کرد، شاگردی میوانخانەکە پێی گوت ژنەکەی و خانمێکی تر پێکەوە لە ژوورەکەدان مارسیللۆ دەمودەست پەیی بەوە برد کە خانمەکە (لینا)یە! ئەویش هەستی کرد بەجۆش و خرۆش و شادمانی یەک دەمودەست چوو بۆ ژوورەکەی خۆی کە دیی ژوورەکەی داخراوە، لە کونی دەرگاکەوە سەیرێکی ناو ژوورەکەی کرد تەماشای کرد ژنەکەی ڕووت بۆتەوە تەنیا پەشتەمالّێک بەسەر ناوکیەوەیە (لینا)یش لە خوار پێیەوە دانیشتووە بەهەردوو دەست، دەست ئەهێنێ بەڕانەکانی ژنەکەیدا لنگەکانی ئەگرێتە باوەش.

سەریشی نوشتاندۆتەوە بەسەر ئەژنۆکانیدا (جیلیا)یشی چاو پێکەوت، سەری هەلّ ئەبڕیی، بزانێ (لینا) چیی لێ ئەکات نەبەربەستی ئەکرد لەو کارە، نەهانەیشی ئەدا بۆ ئەوکارە ئەو هەر بەپەرۆشەوە بوو بزانێ چیی لێ ئەکات گوێی لە (لنیا)بوو پێی گوت: (ناشی مەبە... ئەگەر تۆ شووت نەکردایە، بەربەستی ئەمەت نە ئەکرد... کەواتە کە شووت کردووە بۆچ بەربەستی ئەمە ئەکەیت؟. پاشان لە کێی بەربەست ئەکەیت؟)... (جیلیا)یش بەگەرموگوڕیکەوە پێی گوت: (بەلّام من ئەوم خۆش ئەوێ!...) دەستەکانی (لنیا)یش بەچەشنی مار، وردە وردە ئەکشان بەناولنگەکانی (جیلیا)دا کاتێ کە (جیلیا) پێی گوت وازی لێ بهێنێ، (لنیا) دەستی گرت و ماچی کرد، پاشان بەجۆش و خرۆشێکەوە لە پێ دەستی (جیلیا)ی ئەهێنا بەسەری خۆیدا و خوتووکەی بەخۆی ئەدا... زۆری پێ نەچوو (جیلیا) هەستایە سەرپێ و ئارەزووی خۆی واپێشاندا کە جلو بەرگەکانی خۆی لەبەر بکات... بەلّام (لنیا) بازی دایە خوارەوە و پێی گوت (مەجولّێ!...)... (جیلیا) گوێی نەدایە قسەی ئەو چوو بۆ ئەو پەڕی ژوورەکە ئنجا پێی گوت: نامەوێ بەم جۆرە تەماشام بکەیت چونکە تۆ وام لێ ئەکەیت کە هەست بەشەرمەزاریی بکەم!)... خانمەکەیش بەپەرۆشێکەوە پێی گوت: (بۆچ شەرم لە من ئەکەیت؟... خۆ منیش یەکێکم وەک تۆ!...)

(جیلیا)یش پێی گوت: (بەڵام تۆ وەک پیاوێک تەماشام ئەکەیت و تێم ورد ئەبیتەوە!)

مارسیللۆ کە ئەوەی دیی، هاتە خوارەوە بۆ هۆڵی میوانخانەکە هەر هەست و تاسە و بیروباوەڕێکی هەبوو هەڵگەڕایەوە ئیتر لەوە بەولاوە دڵی بە(لنیا)دا نەئەچوو هەروەها نەیشی ئەویست وازبهێنێ لەو کارەی بەدەستییەوە بۆ بەرامبەر مێردەکەی!

ئیتر لەو ساکەوە پەیی بەوە برد، کە ئەو هەست و تاسەیەی (لینۆ) ئەینوواند بەرامبەری، خۆشەویستی نەبوو ئەویش جۆرێک بوو لە هەست و تاسەیەی کە (لنیا) بەرامبەر ژنەکەی خۆیی ئەنوواند!...

کاتێ کە چاویشی لە (لنیا)بوو، لە ئەنجامدا، لە میوانخانەکە چووە دەرەوە، دەست بەجێ ڕووی کردە ژوورەکەی خۆی کە تەماشای کرد: (جیلیا) خەریکە لە ئارایشی قژی ببێتەوە کاتێ چاوی بەمارسیللۆ کەوت بەپەرۆشێکەوە کەینەوبەینەکەی خۆی و (لنیا)ی بۆ گێڕایەوە گوتی: (هەرگیز تۆ ئەوەت بەبیردا دێ کە چیم بەسەرداهاتووە؟... لە ڕاستیدا ئەوخانمەی ژنی مامۆستا (کادری)... وای بهێنەرە پێش چاوی خۆت... کە ئافرەتێکی گڕۆزە، ئافرەتێکی ئاسایی نییە!...)...

کە مارسیللۆیش لێی پرسی مەبەسی لەوقسەیە چییە؟ جیلیا گوتی: (لنیا یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە حەز لە ژنانی وەک خۆیان ئەکەن هەر لەو ڕۆژەوەی کە منی چاوپێکەوتووە، گرفتاری دڵداریی من بووە!)... جیلیایش ڕاستوڕەوان، بەسەرسوڕمانێکەوە هەرچییەکی لێ کردبوو بۆ مارسیللۆی گێڕابووەوە...

مارسیللۆیش لەم جیاوازییەی ناوەند خۆی و جیلیادا واقی وڕما بەدرێژایی تەمەنی خۆی پەشۆکابوو بەدەست کارەساتێکەوە کە هێشتا لەگەڵ (لینۆ)دا نەیکردبوو بەڵام جیلیا ڕاست و ڕەوان، بەئاشکرا کەتنەکەی خۆی و (لنیا)ی ئەگێڕایەوە ئەیگوت: (من خەوم لێ کەوتبوو لە پێخەفەکەی (لنیا)دا کاتێ خەبەرم بووەوە، سەیر ئەکەم خانمی مامۆستای کادری سوارم بووە کەتنم پێ ئەکات... لنیا بەچەشنی پیاو ئابڕووی ئەبردم!.) بەڵێ جیلیا کە ئەوەی بۆ مارسیللۆ ئەگێڕایەوە، هیچ پێی شەرمەزار نە ئەبوو هیچ نەیویست درۆیشی تیا بکات، لە سەرەتادا نەبێ، کە گوتی بەئارەزووی لنیا نەجوولاٌمەوە ئەوەیش کەوای پێشاندا لەوەپێش پان پانۆکێی لەگەڵ ژناندا نەکردبوو!... چونکە زۆری پێ نەچوو، درۆکەی خۆی لەبیر چووەوە ئەمجارە چیرۆکی ئەوەی بۆ گێڕایەوە کە کچێک حەزی لێ ئەکات، لەپێش ئەوەدا کە پشتیوانەکە پەردەی کچێنییەکەی بدرێنێ!...

پاش ئەوە جیلیا قسەکەی خۆی وەرگێڕایە سەر ئەوەی کە خانمی کادری بانگی کردووە بۆ



ڕابواردنی چەند ڕۆژێک لەگەڵ خۆی و مێردەکەیدا لە ناوچەی (ساڤۆی)دا. (کادری)یش نیازی وایە، لەپێش ژنەکەیدا بچێتە ئەوێ مارسیللۆیش ئەمەی بەهەلێک زانی، بۆ (ئۆرلاندۆ) کە بەئاسانی کارەکەی خۆی تیا بباتەسەر لەبەر ئەوە دەمودەست ئەوەی تێ گەیاند!...

***

ئەو چێشتخانەیەیش کە مارسیللۆ و جیلیا بۆی چوون، کە لەوێدا کادری و ژنەکەی ببینن، شوێنێکی بەناوبانگ بوو، ناوی بەوە دەرکردبوو کە هەموو جۆرە مەیێکی نایابی تیابوو کاتێ کە کوڕەلاوەکەیش شەوباشیی لە مامۆستاکەی خۆی کرد، نوشتایەوە و ماچێکی ناوچەوانی کرد ئەم ماچە، ماچەکەی (یەهودا و مەسح)ی بیرخستەوە، بەتایبەتی کاتێ کە چاوی بە (ئۆرلاندۆ) کەوت لە ئاوێنەیەکدا، کە لە بەرامبەریابوو، لە دوورەوە دانیشتبوو، سەیری ئەکردن!.

مارسیللۆ کە دەستی برد بۆ خۆرشت و خواردنەوە، بیری بڵاو بوو، پەشۆکاوبوو، دڵی تەنگ بوو... لە گفتوگۆی کادری و تەماشاکردنە سارد و سیرەکانی وە بۆی دەرکەوت کە لینا هەموو کەینەوبەینەیەکی ئەوی تێ گەیاندوە مامۆستایش کە لە ئەندازە بەدەر ڕێزی لێ ئەگرت و بەدەمیەوە پێ ئەکەنی، هەر لە پشیلەیەکی ئەکرد کە یاریی لەگەڵ مشکێکا بکات! بەڵام تەماشاکردنەکەی لنیا و پێ بازییەکانی لەژێر مێزەکەدا خستیە سەر ئەوەی کە بیر لە خۆشەویستییەکەی ئەو بکاتەوە!...

لە دڵی خۆیدا خۆزگەی ئەخواست کە ئەو دڵدارییەی خۆی و لنیا ڕاست بوایە!... ئەو لەوکاتەدا دوو ئەنجامی ئەهێنایە پێش خۆی، کە ئەو یەکێکیان لێ هەڵبژێرێ: یان ئەوەتا ئۆرلاندۆ بەجێ بهێڵێ فرمانەکەی خۆی بباتە سەر، بەڵام چاوەڕوانی ئەوە نەکات کە لێی ببێتەوە، دەمودەست لەگەڵ بووکەکەیدا بگەڕێتەوە ئیتالیا... یاخو ئەوەتا کادری لە دەست ئەو کوشتنەی ڕزگار بکات و لە جیلیایش جوێ ببێتەوە تا لە نزیک لنیاوە بمێنێتەوە!...

جلیا ئەمەندەی خواردەوە، دەستی کرد بەمەست بوون کاتێ ئەوەیشی گوت خۆی و مێردەکەی نیازیان هەیە ڕۆژی دوای، هەمووی، لە (ڤەرسای)دا ڕاببوێرن، (لنیا)یش گوتی منیش حەز ئەکەم لەگەڵتاندابم چونکە مامۆستای مێردم بڕیاری داوە، ڕۆژی دوایی بچێ بۆ (ساڤۆی) جیلیایش کە ئەوەی بیست پێی گوت: (ئەوەندە بەس نییە کە بێ دەنگ بووم لەوەی لە ساڤۆیدا پێکەوە ڕاببوێرین... من حەز ئەکەم لە ڤەرسایدا هەر لەگەڵ مێردەکەمابم!.)

لنیا ئەم وەرامەی پێ ناخۆش بوو دەموچاوی تێک چوو ئنجا گوتی: (وا دەرئەکەوێ حەز ناکەیت!) مێردەکەیشی ڕووی تێ کرد و گوتی: (ئەو هەمووی چەند کاتێکە چاوی بەتۆ کەوتووە کەواتە چی هەیە لە ناودا کە حەزت لێ نەکات؟!...) مارسیللۆیش کەوتە ناوەوە و گوتی: (لەڕاستیدا جیلیایش، هەروەک من، هەردووکتانی زۆر خۆش ئەوێ!)

پاش ئەوە هەمـوویان چوون بۆ بەزمگاهێکی شـەو هەر ئەوەندە لەوێ جـێگیـربوون، مارسیللۆ هەستی بەئۆرلاندۆ کرد دوایان کەوتووە لنیا هەڵسایە سەرپێ و داوای لە جیلیا کرد کە لەگەڵیا سەما بکات ئەم بەزمەیش لەو بەزمگاهەدا بەشتێکی سەیر و ڕوونەدا و دانەئەنرا!... دەستیان کرد بەسەماکردن لاوەکە سەرنجیدا، لنیا جیلیای بەخۆیەوە ئەنووساند بەڵام ئەو گوشین بەخۆیەوە، بەکەسەوە نەبینرابوو.

کەچی بووکەکەی بەپێچەوانەوە ڕووگرژیی لەدەموچاویا دیاربوو چاو ئەندازەکە بەلای مارسیللۆوە زۆر ناخۆش بوو، خەفەتی لەدەست ئەخوارد پڕبەدڵ ئەمەی پێ ناخۆش بوو کە ئەو گرۆزییەی لە لنیاوە ئەبینی کەچی ئەگەر ئەو خۆشەویستییە گرۆزانەیە، بەرامبەر خۆی بکرایە، ڕزگاریشی ئەکرد و کامەرانیشی ئەکرد!... کاتێ مارسیللۆ لەو بیرکردنەوەیە دابوو کادری لێی نزیک بووەوە و گوتی: (کاکەی کلیریچی وا مەزانە تێت نەگەیشتووم!.)... لاوەکەیش شڵەژا بەڵام مامۆستا کادری دووبارە دەستی بەقسەکردن کردەوە گوتی: (تۆ ئەزانیت من کێم... منیش ئەزانم تۆ کێیت!...)... پاشان چاوی تێ بڕیی و لێی وردبووەوە... لاوەکەیش لە ترساندا وشک بوو... بەڵام لە دەموچاوی کادریدا هیچ پشم و قینێکی نەدیی بەپێچەوانەوە، چاوەکانی پڕبوون لە خۆشەویستی، پڕبوون لە فرمێسکیش!... دووبارە پیاوەکە پێی گوتەوە:

(تۆ خەریکی ئەوەیت لە کردەوەی خۆت پەشیـمان بیتەوە ڕێم بدە یارمەتیت بدەم... هەنگاوبنێ بۆ پێشەوە دوور نییە تۆیش هەلێکت بۆ هەل بکەوێ و سەرلەنوێ ژیانێکی تازە دەست پێ بکەیتەوە!.).

هەردوو ژن، ئەوساکە، لەسەماکردنی خۆیان بووبوونەوە ئەوانیش هاتنەوە لای ئەمان زۆری پێ نەچوو لنیا بەساردێکەوە لە مارسیللۆی پرسی بۆچ پێی نەگوت سەمای لەگەڵدا بکات.

مارسیللۆیش دەمودەست هەڵسایە سەرپێ و کێشی کرد بۆ ناو کۆڕی سەماکەرەکان لە کاتی سەماکردنەکەیاندا خەریکی فریودانی مارسیللۆ بوو کە ژنەکەی بخاتە سەر ئەوەی



لەسەر ئەویش بکات، لەگەڵیان بێ، پێکەوە لە ڤەرسایدا ڕاببوێرن... مارسیللۆیش بەپەرۆشێکەوە پێی گوت: (کاشکی بەڕاستی دڵداریمان بکردایە!...)... لنیایش گوتی: (منیش هەر ئاوات بۆ ئەوە ئەخوازم!)... بەڵام ئەو مەبەسی جیلیابوو چونکە پاش تاوێک خۆی پێ نەگیرا، لەوە دوا کە جیلیای هەرزەکار حەزی لێ ناکات لەبەر ئەوە خەفەت لەوە ئەخوات بەڵام مارسیللۆ دەستی کرد بەدڵدانەوەی.

خەریک بوو بەرە بەرە کێشی بکات پەنایێکەوە، ماچی بکات. بەڵام خانمەکە بەناخۆشییەکەوە خۆی لەدەست ڕاپسکاند مارسیللۆیش چووە دەرەوە (ئۆرلاندۆ) چاوەڕوانی ئەکرد، کە پێی بلێ لە ڕێگای (ساڤۆی)دا پەلاماری کادری ئەدات و ئەیکوژێ!... مارسیللۆیش بەدڵێکی تەنگەوە گەڕایەوە کن هاوڕێکانی!...

***

ڕۆژی دوایی، لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا، مارسیللۆ لە خەو ڕاپەڕیی ئەو لەو باوەڕەدابوو، کە کادری لەوکاتەدا بەئۆتۆمۆبێل ئەچوو بۆ (ساڤۆی)

کە (ئۆرلاندۆ) و هاوڕێکانیشی دوای کەوتبوون بیکوژن ئەوەیش وای ئەگەیاند کە فرمانی ئەو لە پاریس دا تەواوبووە و نەماوە! تەنانەت وایشی هەست ئەکرد کە مردنی کادری دوایی بەبەشێکی ژیانی خۆی ئەهێنێ، کە لەو ماوەیەدا ڕەنج و تەقەلایدا لەو گرۆزیی و دڵتەنگییە ڕزگاری ببێ کە لە مردنی (لینۆ) وە تووشی هاتبوون، هەرچەندە سەرکەوتنەکەیشی لەم کەینەوبەینەیەدا بەهۆی کردنی ئەو کەتنەوە بووە، بەڵام لە دڵی خۆیدا بڕیاری ئەوەی دابوو کە پاکانەکردن بۆ ئەوکەتنە هەمووەدەم ئامادەیە و لەسەری دانەماوە زۆریشی پێ ناچێ ئەبێتە هاونیشتمانێکی باش و بەکەڵک، ئەبێتە باوکێکی چاک و بەکار ژیانیشی ڕۆژبەڕۆژ بەرەو تەواویی ئەڕوات کە هەتا ئێستا هەر لە کەموکوڕیی دابوو!.

بەم ڕەنگە کوشتنی (لینۆ) ژیانی مارسیللۆی تاریک کردبوو. چارەنووسی مارسیللۆیش وابوو کە هەروا بمێنێتەوە تا بەهۆی کوشتنی (کادری)ەوە لە گوناهی کەتنەکەی پێشوو ڕزگاری ببێ!... ئەی بۆچ کادری بەکوشت دا؟.

هەر لەبەرکەڵکی نیشتمانەکەی و فەرمانڕەواییەکەی و یاسای کۆمەڵایەتی نەتەوەکەی خۆی نەبوو؟!... ئەمانە هەموو ئامانجن، لە پێناویاندا هەموو نرخ و ئەندازەیەک ئەگۆڕرێن زۆرداریی ئەبێ بەدادپەروەریی و، ناپاکییش بەمەردایەتی دائەنرێ!...

لەوکاتەدا (جیلیا)یش لە خەو هەستا بێ دەنگ و سەنگیی مارسیللۆی پێ ستەم بوو

دەستی کرد بەباوەش پیاکردنی مارسیللۆ و ماچکردنی ئەو هەر ئەوەندە پێی گوت بڕیاری داوە بچێتەوە ئیتالیا ، جیلیا دەستی کرد بەپێشاندانی هیوا و ئاواتی خۆی لە ژیانی بەردەمیاندا دەستی کرد بەکێشانی وێنەیەک بۆ ئەو خانووەوە ئەو ژیانەی کە بەمێشکیادێ... مارسیللۆیش پڕبەدڵ گوتی: (بێ گومان پێکەوە زۆر بەخۆشییەوە ئەژین!...)

جیلیایش گوتی: (ئەی نابێ منالان بێ؟ ؟... من حەز ئەکەم منالی زۆرم بێ هیچ نەبێ لە چوارسالەکەی یەکەماندا هەر سالە منالێکمان بێ... من بەو ئاواتەم کە بەزووترین کات خێزانێک پێکەوە بنێین)... مارسیللۆ هەستی بەخۆی کرد بەفرمێسک لە چاوەکانییەوە ئەڕژێتە خوارەوە لەوە سەری سوڕما ئەو ئەوەی ئەزانی کە قسەکانی جیلیا بۆ لە بابەت کامەرانییەوە هێنابوویە گریان، کەچی هەرچەندی ئەکرد نەی ئەتوانی بڕیاری ئەوە بدات کە هۆی ئەو گریانەی ئەو قسانە بوو!...

مارسیللۆ واهات بەمێشکیا کە هۆی گریانەکەی ئەو نرخە گرانە بوو لە پێناو کامەرانی دوارۆژیا دابووی!... جیلیایش کە لە هەرەتی ئاوات و ئەندێشەکانی خۆیدا بوو، خوێنی گەرم داهاتبوو، هەوەس و ئارەزووی بزووتبوو، داوای لە مارسیللۆ ئەکرد لنگبازی لەگەڵدا بکات!... لەوکاتەدا کە مارسیللۆ خۆی لێ هێنابووە پێشەوە و لنگبازیی لەگەڵدا ئەکرد لەپڕ لە دەرگایان دا و لە ژێر دەرگاکەوە نامەیەکیان فڕێ دایە ژوورەوە جیلیا لەوکاتەدا ئەوپەڕی خۆشی پێ گەیشتبوو لەبەر ئەوە ئەو تەنگەتاوکردنەی پێ ناخۆش بوو خۆی نووساند بەمارسیللۆوە و، چنگی لە قژلی گیرگرد ئنجا بەدلێکی پڕ بەخۆشەوە پێی گوت: (خۆزگە ئەتکوشتم!) مارسیللۆی هەرزەکاریش ئەم قسەیەی پێ ناخۆش بوو چونکە قیژەکەی (لینۆ)ی بیرکەوتەوە کە پێی گوت: (بمکوژە بەچەشنی سەگ!)...

نامەکە لە خانمی کادرییەوە هاتبوو تیانووسیبوو کە وازی هێناوە لەوەی کە لەگەڵیاندا بێت بۆ (ڤەرسای) چونکە لەگەڵ مێردەکەی خۆیدا، ئەو بەیانییە، کاتی حەوت، چووە بۆ گەشت، جیلیایش ئەوەی زۆرپێ خۆش بوو.

گوتی: لە (لینا) دڵنیا نەبووم چونکە ئەو ژنە ئەیویست منیش حەزی لێ بکەم، دڵداریی لەگەڵدا بکەم مارسیلوویش گوتی: (باشە... لە ئیستە بەدواوە ئیتر چاوت پێی ناکەوێ!.)...

***



مارسیللۆ لە ژووری فرمانکردنی خۆیدا دانیشتبوو، لە خانووی کاربەدەستیدا... دەستی کرد بەخوێندنەوەی ئەو پارچە ڕۆژنامانەی کە کوشتنی (کادری) و ژنەکەیان نوسیبوو، لەلایەن ئەو دزە پیاوانەوە کە بەتایبەتی لە ئیتالیاوە نێررابوون کە خاوەن دەسەلاتانی فەرەنسەیش هەرچەندیان کردبوو بۆیان نەگیرابوون... یەکێک لە تیز پێکردنەکانی چارەنووسیش ئەوە بوو[١] کە فەرمانڕەوایی ئیتالیا پاشە جار وازی هێنابوو لە کوشتنی کادری چونکە کوشتنەکەی ئەوی بەکارێک دانابوو کە تەگەرەبدات لەو گفتوگۆیانەی کە فەرمانڕەوایی ئیتالیا خەریک بوو لەگەڵ فەرمانڕەوایی فەڕەنسەدا بیکات.

بەلام ئامۆژگارییە تازەکانی فەرمانڕەوایی ئیتالیا کاتێ گەیشتبووە پیاوەکانی لە فەرەنسەدا، کە کەتنی کوشتنی کادری بڕابووەوە!...

چەندسالێک تێپەڕیی ئێوارەیەکیان مارسیللۆ لە پێخەفەکەی هاتە دەرەوە و چووە بەر پەنجەرەکە سەیری مالە دراوسێکانی خۆی ئەکرد!... لەوکاتەدا لە پێشکەوتووترین گەڕەکی ڕۆمادا ئەژیا... مارسیللۆ لەمە زۆر سەری سوڕما، کە نیشانەیەکی نەدیی بەو گەڕەکەوە، کە هەست بەوە بکەن کە ئەمە چوارسالە جەنگێکی جیهانی لەبرەودایە و مرۆڤایەتی لەناو ئەبات کە ئەو کاربەدەستییە فاشیستی یەیش کە لە بیست سال لەمەو پێشەوە، ئیتالیای خستبووە ژێر چنگی خۆیەوە و فەرمانداریی بەسەردا ئەکرد، هەر لەو ڕۆژەدا سەر ئەنگرێ بووە!...

مارسیللۆ هەستی کرد بەدڵتەنگی و ترس و لەرزێک چونکە لەپاش سەرئەنگرێ بوونی ئەو کاربەدەستییە لەجێگایەکی پڕ تەنگوچەڵەمەدا مابووەوە پەشیمانی هاتە دڵیەوە چونکە بەبۆنەی کارەساتی تازەوە، ئەوەی بۆ دەرکەوت کە هەرچی گوناهێکی کردووە لە ژیانیا، بەشی زۆریان، بەخۆڕایی کردونی، هۆیەک نەبووە بیان کات... تەنانەت لەوەیش زۆر ترسا کە هەرچی گوناهێکی کردبوو، وەک بۆی دەرکەوت، لەپێناو ئامانجێکی پاک و بڵندا نەیکردبوون لە پێناو مەبەستێکی تایبەتی خۆیدا کردبوونی...

هەر گوناهێکیشی کردبوو، مەبەسی ئەوەبوو بوو کە ژیانێکی ئاسایی دەست بکەوێ، بەجۆرێکی وا کە خۆی لە کەسانی تر جوێ نەکاتەوە!...

مارسیللۆ چووە ژوورەکەی تر کە تەماشای کرد جیلیا، کچەکەیانی ئامادەکردووە بۆ نوستن... کچەکەیان ناوی (لیۆسیلا)بوو تەمەنی شەش سالان بوو، جوانییەکی نوازەیشی

(١) تیز پێکردنی چارنووس: لە دەستەواژەی (من سخریات القدر)ی عەرەبییەوەیە.

هەبوو... گوێی لێ بوو بەوجۆرە ئەپاڕایەوە لە خوا کە دایکی پێی ئەگوت: (ئەی مەریەم، ئەی دایکی پیرۆزی گەورەی هەمووان... بۆمان بپاڕێرەوە، خوا لە گوناهمان خۆش بێ... چ بۆ ئێستامان چ بۆ کاتی سەرەمەرگمان!...)... کاتێ کچە بچکۆلەکە لە جێگاکەیدا ڕاکشا، دەستی کرد بەپرس کردن لە باوکی، لە بابەت ئەو گەشتەوە کە ئەیەوێ لەگەڵ خۆی و دایکیا بیکات چونکە خێزانەکە بڕیاری دابوو کە بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی بڕوات بۆلای نەنکی کچەکە کە لە لادێ دایە، بۆ ئەمەی هاوینەکە، دوور لە (ڕۆما) و دووریش لە بۆمباباران ڕاببوێرێ!.

کەکچەکە نوست، باوک و دایکەکەی لە ژوورەکە هاتنە دەرەوە و چوون بۆ ژووری نان خواردن مارسیللۆ کە سەرنجیدا، چاوەکانی جیلیا، لەتاو گریان ئازاریان پێ گەیشتبوو ڕادیۆکەی کردەوە کە گوێی گرت، ڕادیۆکە بەکوڵی دڵەوە، دڵخۆشی کۆمەڵانی نەتەوەی پێشان ئەدا بەسەر ئەنگرێ بوونی (مۆسۆلینی) و، هەستی خۆشەویستیان بەرامبەر خونکاری ئیتالیا جیلیاش لە داخاندا گوتی:

(سەیری ئەمانە چەند پڕوپووچن!... تا دوێنێ بوو چەپڵەیان بۆ مۆسۆلێنی لێ ئەدا... چەند ڕۆژێکیش لەمەو پێش چەپڵەیان بۆ (پاپا) لێ ئەدا، وایان ئەزانی لەدەست بۆمباباران ڕزگاریان ئەکات... وا ئیمڕۆیش ئەیان بینیت پشتی خونکار ئەگرن!...).

چوونە دەرەوە و بەسواری ئۆتۆمۆبێلەکەیان گەڕان بەشاردا. هەرچەندە شارەکە تاریک و نووتەک بوو، بەڵام پڕبوو لە مرۆڤ... کۆمەڵانی نەتەوەیش ئەهاتنە سەر ڕێگای ئۆتۆمۆبیلەکەیان و لەبەردەمیاندا ئەمەیان ئەگوت: (هەربژی سەربەستی!...).

***

شارەکە شێوابوو یاسای تیانەمابوو هەرکەسە بەئارەزووی خۆی ئەجوولایەوە نەتەوە خرۆشابوو، دەستیان کردبوو بەقاووقیژ و گۆرانی گوتن و (بژی بژی)!... پەیکەرێکی (مۆسۆلینی) یان ڕاکێشایە خوارەوە ورد و خاشیان کرد کەچی (مۆسۆلێنی)یش هەر ئەو پیاوەبوو کە هەرچەند دەربکەوتایە، کەس ورتەی لەدەمەوە نەئەهات، نازیان ئەکێشا و ڕێزیان لێ ئەگرت!... زۆری پێ نەچوو مارسیللۆ و جیلیا ئۆتۆمۆبیلەکەیان لە کۆڵانێک دانا و بەپێ دەستیان کرد بەڕۆیشتن...

لە گەڕانیش نەبوونەوە، تا گەیشتنە سەیرانگاسێکی چۆڵ و هۆڵ چوونە ناویەوە کە گەیشتنە بن دارێکی گەورە و زەلام، جیلیا ئارەزووی هەڵساو بەمێردەکەی گوت کە لەسەر چیمەنە تەڕ و تازەکە لنگبازیی لەگەڵدا بکات... کە مارسیللۆیش سەرسوڕمانی خۆی



پێشاندا، جیلیا بەپەرۆشێکەوە پێی گوت: (من وام لێ هاتووە، نەک هەر لێرەدا، لە سەرە ڕێگایشدا بێ، لنگبازی بکەین ئەمەوێ دڵم ئارام بگرێ ئەمەوێ لە بیرکردنەوە لە شەڕ و ترس و لەرز خۆم دووربخەمەوە!...)... لەوکاتەدا کە مارسیللۆ و جیلیا لە باخەڵی یەکتردا ڕاکشابوون، یاوساڵێک بەلایاندا تێپەڕیی چراکەی دەستی داگیرساند و خستیە سەر ئەوان مارسیللۆیش قیژاندی گوتی: (چیت ئەوێ لێمان؟...)... پیاوەکەیش لەسەرخۆ بەبێ دەنگییەکەوە پێی گوتن: (مارسیللۆ هیچم ناوێ!) یاوساڵەکە لێیان دوورکەوتەوە بەڵام مارسیللۆ هەستایە سەرپێ و ڕای کرد بەدوایا... بەسەریا قیژاند گوتی: (ئەمەتۆیت... ئەی نەم کوشتیت؟!.)

ئەو پیاوە (لینۆ)، خۆی بوو!...

مارسیللۆ پاشان زانی کە کارگێڕەکانی نەخۆشخانەکە، کە (لینۆ)ی بۆ برابوو، لە دوای گوللە لێدانەکەی، لە جیاتی پیاوێکی مردوو کە بەتەنشت ئەوەوە نوێنرابوو، بەهەڵە ناوی ئەویان هێنابوو!... لاوەکەیش پێی گوت: (هەموو ژیانت لێ تێک دام... من کە تۆم دیی پاک و خاوێن و بێ گوناه بووم... بەڵام لەوەپاش وانەمامەوە!...)... (لینۆ)یش بەسەرسوڕمانێکەوە چاوی تێ بڕیی ئنجا پێی گوت: (بەڵام مارسیللۆ ئێمە هەموومان لەسەرەتادا بێ گوناه بووین... هەموویشمان خۆمان گوناهبار ئەکەین... دەستووری ژیان وایە... پێڕەوییە ئاساییەکەیشی هەروەهایە!...).

ئەو وشانە، لە گوێچکەکانی مارسیللۆدا، دەستیان کرد بەزرنگانەوە. مارسیللۆ وای بۆ دەرکەوت، کە هەرچییەک تێ گەیشتووە لە ژیانی خۆیدا، لەو وشانەدا کۆبۆتەوە!... ئەو هەرچی گوناهێکی کرد، هەر لەبەر ئەوە کردی کە گوناهێکی ڕوو نەداوی خۆی بشواتەوە لەگەڵ ئەوەیشا قسەکانی (لینۆ) وای لێ کرد کە بۆ یەکەم جار لەوە تێ بگات کە ئەو پیاوەیشی تووش نەبووایە و دەمانچەیشی پێوە نەنایە و دڵنیایش نەبوایە لە کوشتنی... تەنانەت ئەگەر ئەو کارەساتانە هیچ کامێکیشیان ڕووی نەدایە، ئەو ناچاربوو هەرچییەکی کردووە لە ژیانی خۆیدا، بیکات ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە ئەویش وەک هەموو مرۆڤێک، ناچاربوو گوناه باربێ، پاشان بەکوڵی دڵیشیەوە تێ بکۆشێ بۆ گوناه شتنەوە، بۆ دەست کەوتنەوەی پاکی و خاوێنی و بێ گوناهی!...

تەواوبوو

١٩٦٦/٢/١٥

# ئەلیادە و ئۆدێسە

ئەمانە دوو چیرۆکی بەناوبانگی یۆنانین. (٣٠٠٠) ساڵیان بەسەرداتێپەڕیوە. کەچی هێشتا لەناو وێژەی جیهاندا نرخ و گرنگی خۆیان ون نەکردووە.

دانانی: هۆمیوۆس

ئەم نووسراوە

لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین دا، (بیزستراتوس)، فەرمانداری (ئەثینا) فەرمانی دا، لیژنەیەکیان لە چەند بوێژ و وێژەوانێک پێکهێنا بۆ نووسینەوەی بەیتی (ئەلیادە) و (ئۆدێسسە) کە لە زمانی چیرۆک بێژەکانەوە وەری بگرن. بەم کردەوەیە هەردوو بەیتەکە چوونە ناو مێژووەوە. (ئەلیادە) و (ئۆدێسسە) لەسەر زمانی (هۆمیرۆس) دەگێڕانەوە. (هۆمیرۆس) چیرۆکبێژێکی خۆشەشخوانی دەنگ خۆش بووە. لەگەڵ کەوانچە (کەمانجە)کەیدا، شار بەشار و گوند بەگوندی (یۆنانستان) دەگەڕا و، بەگۆرانییەوە ئەم دوو بەیتەی دەگێڕایەوە و، کەوانچەیشی لەگەڵدا لێ دەدا. هەر دوو بەیتەکە بەهۆنراوە دانراون. بەئاسانی و ڕەوانییەکەیان و، بەساکاری و جوانییەکەیان، کە هەر وەک جوانی منداڵ وانە، دڵمان کێش دەکەن و چاوبەستمان دەکەن.

دوو چیرۆکی نەتەوەیین، لە چیرۆکە هەرە بەناوبانگەکانی (یۆنانسان) و (جیهان) دەژمێرێن. بۆ وێژە و هونەر و چیرۆکە لاساییەکانی جیهانیش بەسەرچاوەیەک دادەنرێن. (هۆمیرۆس) پیاوێکی کوێر بووە. هەندێک بەبوێژ و بەدانەری هەر دوو بەیتەکەی دادەنێن. هەندێکیش لەسەر بوون و نەبوونی ئەو و، کاتی دانان و، شوێنی دانانی چیرۆکەکان مقۆمقۆیانە. بەڵام ئەم مقۆمقۆیە لە نرخی بەیتەکان کەم ناکاتەوە، کە ئەمە (٣٠٠٠) ساڵە بەسەریاندا تێپەڕیوە، کەچی هێشتا تەڕ و تازەیی خۆیان و بایەخ و گرنگی خۆیان لەناو وێژەناساندا ون نەکردووە. شەڕی (تروادە) کە چیرۆکەکان لەسەر ئەو و پاشماوەی ئەو هەڵبەستراون، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ناوەند سەدەی یانزەهەم و دەهەمی پێش زایین. واتا ئەو دەمەی (شارستانێتیی مرۆڤ) لە هەرەتی هەرزەکاری دا بووە.

شەڕوشۆڕ و ناکۆکی و دووبەرەکی ناوەند پاڵەوانەکان و خوداکانی (تروادە) و



(یۆنانستان) و ژێردەستەکانیان. هەروەها پڕە لە کارەساتی سەهندە و سەرسوڕهێنەر و سامناک، لەگەڵ ژیانێکی ڕەنگاوڕەنگ و بیروباوەڕی سەیر سەیردا، کە هۆشمان گەلێکیان پەسند ناکات. چیرۆکەکە ئەمەندە ناوبانگی دەرکردووە، کەم زمانی زیندوو نەماوەتەوە پێی پەرچڤەی (تەرجومە) نەکرابێ. منیش بەپێویستم زانی: (خوێندەوارانی کورد) لەم داستانە خۆش و بەکەڵکە بێبەش نەهێڵمەوە. هەر بەو شێوەیەی کە لە جێی خۆیدا کورت کرابووەوە، کردم بە(کوردی)، تا ئاکاداری شێوەی ژیان و، گوزەران و، بیروباوەڕ و، جۆری فەرمانداریی ئەو سەردەمەی (یۆنانستان) و خاکی (تروادە) بن، کە تا ماوەیەکی دە ساڵی شەڕ و کوشتار لە ناوەند هەردوو لایاندا درێژەی سەندبوو، بەهۆی کردەوەیەکی نەنگ و ناپەسندی شازادەیەکی چەوت و جلفڕ و چەپخوونەوە کە ناوی (پاریس) بوو، کە لە خاکی (ترواده)وە، سەرچڵانە و یاخییانە، گەشتێکی ناهەمواری کردبوو، بۆ ناو زرێی (یۆنانستان) و، تووشی گێژاوی دەریا بووبوو. کاتێکی زانیبوو بەخۆی، شەپۆلی ئاوەکان فڕێیان دابووە سەر کەناری خاکی (یۆنان). (مینیلاوس)یش کە شای (ئیسپارتە) بوو، بێجگە لە پاراستنی لەش و گیانی (پاریس) میواندارییەکی شایانە و ناوازەیشی کردبوو. کەچی شازادەی خوێڕی، لە جیاتی چاکەدانەوە و سوپاس و ڕێز گرتن و، نوواندنی نەژادی و خانەدانی، بەرامبەری، چووبوو (هێلین)ی ژنی ئەو شایەی فریودابوو و، لە ناوەند دڵدارییەکی ناپاکدا فڕاندبووی بۆ خاکی (ترواده). جا ئەم کارەساتە نەنگە، ئەمەندە پەنگی لێ وەشایەوە، هەموو خاکی (یۆنانستان)ی ناکۆکی یەک خستنەوە و، کردنی بەگژ فەرمانڕەوایی (ترواده)دا، کە لە ئاسیای پچووکدابوو. لەپاش ڕیزە جەنگێکی پڕ خوێن و کەتن و ڕیسوایی، کە بەشەڕی (ئەسپە دارینە) بەناوبانگەکەی (ترواده) دوایی هات و، نزیکەی دە ساڵێک درێژەی سەند، یۆنانییە مەردەکان سەرکەوتن و (هێلین)یان لە (ترواده‌ییەکان) سەندەوە، بۆ (مینیلاوس)ی مێردی و، بردیانەوە بۆ (یۆنانستان). بەڵێ وایە!... لە ئەنجامدا هەر (ڕاستی) و (دروستی) و (دادپەروەری) و (پاکی) سەردەکەون و، (چەوتی) و (نالەباری) و (زۆرداری) و (ناپاکی) ژێر دەکەون.

ئەمەیش چیرۆکێکە شایستەی ئەوەیە، پێشکەشی (خوێندەوارانی کورد)ی بکەم، تاکەڵک و خۆشیی لێ وەربگرن.

شاکر فەتاح

(سلێمانی): ١٩٦٧/٤/٧

«خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد»

## ئەلیادە

داستانەکە لێرەوە دەست پێ دەکات: جەنگی (تروادە) نۆ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، کەچی یۆنانییەکان، کە هوروژمیان بردۆتە سەر شاری (ترواده)، هێشتا پێیان نەکراوە، لە دیوارە گەورەکەی شارە قایم کراوەکەوە بێنەژوورەوە بۆ ناوەوە... شاری (تروادە)یش بەرامبەر ئەم چوارلاگرتنەی، بەدرێژاییی ئەو نۆ ساڵە ڕاوەستاوە، بەرگە دەگرێ و بەرامبەریی دەکات. ئەرک و ئازاری زۆرە، بەڵام نە کۆڵ دەدات، نەخۆیشی دەدات بەدەستەوە!. بەڵام سەربازەکانی (ئاگامەمنوون) کە لە تاو گیانی خۆیان وەڕس بوون، هەر بیر لە گەڕانەوە دەکەنەوە بۆ نیشتمانەکە و ماڵ و منداڵەکانی خۆیان، گلاراوی یان پێ کەوتووە، بەهیچ کلۆجێک ئارام ناگرن... ئەمانە لەبەر چوار لا گرتنی (تروادە) ناچار بوون لە دوو لاوە شەڕ بکەن. ناچار بوون لەشکرەکەیان بکەن بەدوو بەشەوە. بەشێکیان لەبەردەم دیوارە گەورە و سەختەکانی شارەکەدا مۆڵیان داوە. هەر چاوەڕوانی ئەوەن کەلێنێکیان دەست بکەوێ و لێی بچنە ژوورەوە بۆ ناو شارەکە!. بەشەکەی تریشیان هەر خەریکی هەڵمەت بردنن بۆ سەر شارە نزیکەکان، بۆ ئەمەی پێویستیی هەمە ڕەنگەی لەشکرەکە لە کەلوپەلی جەنگ و خواردەمەنی و بابەتانی تر، دەست خۆیان بخەنگ جا لەمەوە بوو کە ئەو جەنگە سامناکە پەیدابوو، لە ناوەند (یۆنانییەکان) (ترواده‌ییەکان)دا، کە سەر گەردانییەکی زۆری لێوە پەیدابوو!...

## ئەو کچەی هەڵگیرا

یەکێک لەو شارانەی هوروژمی برایەسەر و تاڵان کرا، شاری (کرایس) بوو. شارەکە پەرستگایەکی پیرۆزی تێدابوو، لە پەرستگاکانی «ئەپۆللۆ»ی خودا. کەشیشێک کاروباری پەرستگاکەی هەڵدەسووڕاند کە ناوی (کرایس) بوو.

سەربازەکان ئەو پەرستگایەشیان تاڵان کرد و تێکدا... زۆربەی کەلوپەلەکانی و گەنجینەکانیان تاڵان کرد. کەتنی دواییشیان ئەمە بوو کە کچی کەشیشەکەیان فڕاند. کچەکە هێشتا شووی نەکردبوو. جوان و شۆخوشەنگ بوو. ناوی (کریسیس) بوو.

بردیانە بەردەم (ئاگامەمنوون) کە سەرکردەی لەشکرەکەیان بوو و، پێشکەشیان کرد. گوایە ئەویش بەشە تاڵانی ئەو بوو!...

کەشیشە سەر گەردانە کڵۆڵەکە، بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە بارەگای لەشکری



(گریک)ەکان. هەرچییەکی هەبوو لە زێڕ و خشڵی بەنرخ کردیە گیرفانەکانی خۆیەوە و بردی لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەوێ. تا بەهۆی ئەوانەوە کچەکەی لە دوژمنەکانی بسێنێتەوە!...

هەرچەندە زۆربەی کاربەدەستەکانی لەشکرە کە لەسەر ئەو بیرەوەبوون کە ئەو زێڕ و کەلوپەلە بەنرخانە لە کەشیشەکە وەربگیرێ و کچەکەی بدرێتەوە، بەڵام گەورەی لەشکرەکە، کە (ئاگامەمنونن) بوو، بەرپەرچی دانەوە. بێجگە لەوە بەتووڕەیی یەکیشەوە لە کەشیشەکە هاتە زمان و بەسەریدا قیژاند، پێی گوت: (بڕۆ لەبەر چاوم، کابرای پیرە... ئەگینا دەردی سەریت تووش دێ... هەر کاتێ لە داگیرکردنی (تروادە) بوومەوە، کچەکەت لەگەڵ خۆمدا دەبەمەوە. نیشتمانەکەی خۆم!...). کەشیشە بەسەزمانەکەیش هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ، کە بەدڵێکی شکاو و گیانێکی بەئازارەوە بگەڕێتەوە دواوە و لە (ئەپۆللۆ)ی خودایش بپاڕێتەوە کە تۆڵەی لەو (گریگ)ە دڵڕەقە زۆردارانە بۆ بکاتەوە!. (ئەپۆللۆ)یش بەدەم هاواریەوە هات.

لە هەوارەکەی خۆی هاتە خوارەوە کە لەسەر شاخی (ئۆلیمپ) بوو. دەستی کرد بەهاویشتنی تیرەزێڕینە ژەهراوییەکانی خۆی.

ئەسپ و سەگ و پیاوەکانی گریکی دەپێکا. ئیتر دەمودەست ڕشانەوەیەک لەناو لەشکری گریکەکاندا داکەوت و بڵاو بووەوە و، پەرەی سەند. دەردەکە زۆر سامناک بوو. گەلێکی لێ کوشتن. لەشکری یۆنانییەکانیش، پەیتا پەیتا، هەرچی دەمرد، دەیانسووتاند. چەڕە دووکەڵێکی یەجگار گەورە و تاریک لە لەشی ئەو مردووانەوە هەڵدەستا، کە کەناری دەریاکەی داگیر کردبوو.

## ڕاوێژکردن بەئەستێرە شوناسان

«هیرا»یش کە خودای ژنهێنان و ژنی (جوپیتێر) بوو، لە دوورەوە سەیری ئەم سەرگەردانییانەی دەکرد. بەزەیی پێیاندا دەهاتەوە. کەچی هەر خۆیشی بوو کە لایەنی گریکەکانی گرتبوو و، ڕقی لە ترواده‌ییەکان هەڵگرتبوو، لەسەر ئەوەی کە (پاریس) شا کڵاوی جوانی بەخشیبوو بە(ئەفرۆدیت) و نەیدابوو بەو!... لەبەر ئەوە بە(ئەشیل)ی گوت: هەموو سەرۆک سەرکردەکان لە شوێنێکدا کۆبکاتەوە و، دەست بکەن بەوتوێژ و لێکۆڵینەوە لە بابەت ئەم کەینەوبەینەیەوە. بەڵکو ئەمە خودایە ڕێگایەک بدۆزنەوە و خۆیشیان لە دەست ئەم دەردە ڕزگار بکەن...

(ئەشیل)یش ئەم بیرەی پێ باش بوو. پەسندی کرد.

جێبەجێیشی کرد. کاتێ کۆبوونەوە کە پێکهات، لە پیری دوارۆژان، (کالْشاس)ی خواست، کە ئەویش لەم بابەتەوە بیروباوەڕی خۆی پیشان بدات... ئەمیش بێ ئەوەی گوێ بداتە توورەبوونی (ئاگامەمنوون)، هەستایە سەر پێ و بەهەمموو ئەندامانی کۆگرەکەی ڕاگەیاند کە پێویستە کچە دیلەکە بدرێتەوە دەست کەشیشەکەی باوکی، بێ ئەمەی لە تۆڵەی ئەوەدا، هیچ شتێک لە باوکی بستێنرێ... تەنانەت ئامۆژگاریی ئەوەیشی کردن کە سەد سەر کوشتیشی[1] لەگەڵدا بنێرن، بۆ ئەمەی پێشکەش بە(ئەپۆللۆ)ی خودا بکرێن، تا دڵی چاک بکەنەوە و، ئەویش لە گوناهیان خۆش ببێ!. (ئاگامەمنون) کە ئەم قسەیەی بیست، توورە بوو، ورووژا... (ئەنیل)یش هەستایە سەر پێ و پێی گوت، بەسوێندەوە، کە هەموو سەرۆکەکان لە ڕۆژی داگیرکردنی (تروادە)دا بەچەندان نرخی ئەمە پاداشی دەدەنەوە، بەمەرجێ کچە دیلەکە بداتەوە دەست کەسوکاری خۆی!... دەمودەست ناکۆکییەکی توندوتیژ لەناوەند هەردوو پیاوەکەدا پەیدابوو.

ئەگەر (هیرا)ی ژن خودا نیازی نەختستایە دڵیەوە کە ئارام بگرێ و لە ڕیسوا کردنەکەی (ئاگامەمنوون)یش چاوبپۆشێ، (ئەشیل) شیرەکەی خۆی هەڵدەکێشاو دەیوەشاند لە دوژمنەکەی خۆی، بیکوژێ. بەڵام (ئەشیل) بەگوێی (هیرا)ی کرد و لە قسەی دەرنەچوو. بەڵام لە دڵی خۆیشیدا سوێندی خوارد، بەسەری داردەستە زێڕینەکەی، کە هەر کاتێ هەلێکی بۆ هەڵکەوت، تۆڵە لە (ئاکامەمنونن) بکاتەوە!...

## تۆڵەی ئاگامەمنوون!

بەڵام (ئاگامەمنوون)، لە تۆڵەسەنەوەدا، دەست پێشکەریی کرد. ئیتر ئەوەندە بەناچاری دیلەکە، (کریسیس)ی بەرەڵلاکرد، بچێتەوە ماڵی باوکی خۆی، دەمودەست لە (ئەشیل)ی خواست کە واز لە کچە دیلەکەی خۆی، (بریسیس) بهێنێ و پێشکەش بەوی بکات.

(ئەشیل)یش ئەم کچە دیلەی لە تالانی شارێکدا دەست کەوتبوو لەو شارە دراوسێیانە، کە لەشکری یۆنان هوروژمی بردبووە سەری!. سەرکردەکە، (ئاگامەمنوون)، بەو قسەیەیش وازی نەهێنا، دەمودەست دوو سەربازی نارد بۆ ناو خێوەتەکەی (ئەشیل)، تا ئەگەر پێویست بوو، بەزۆر، ئەو کچە دیلە جوانەی بۆ بهێنن!...

(ئەشیل)یش بەرەنگاری کردنی بەبێ کەڵک هاتە پێش چاو.

(١) کوشتی: قوربانی



فەرمانی دا (بریسیس)یان دایەدەست هەر دوو سەربازەکە. بەتوورەیی یەکەوە خۆی گەیاندە ژووری نوستنەکەی خۆی و پڕ بەدڵ و دەم بێزاریی خۆی بەرامبەر ئەو سەرکردە زۆردارە دەربڕی!... پشم و قین ئەوەندە دڵی داگیر کردبوو، بەرچاوی تاریک بووبوو. جارێکیان سوێندی خوارد کە ئیتر واز لە جەنگ کردن بهێنێ!... دوای ئەوە هاواری بردە بەر دایکی، کە ناوی (تیتس) بوو، کە لە گەورەی خوداکان (جۆپیتێر) بپاڕێتەوە و هەرچییەکیشی پێ دەکرێ بیکات بۆ ئەو، ئەمەی دانیشتوانی شاری (ترواده)ی دوژمن سەربخات لە جەنگدا بەسەر (گریگ)ەکانی دوژمنیاندا!...

ئەم (جۆپیتێر)ەیش، لە کاتی خۆیدا جوانی (تیتس)ی دایکی (ئەشیل)ی بەدڵدا چووبوو. حەزی لێ دەکرد!.

## ناکۆکی ژن و مێردیی لای خوداکان

بەڵام لەو کاتەدا (جۆپیتێر) لە شاخی (ئۆلیمپ)دا نەمابوو. چووبووە (ئیتۆپیا)، لەگەڵ ژێردەستە خوداناسەکانی خۆیدا ئاهەنگی جەژنی دەکرد!... کاتێ لە گەشتەکەی گەڕایەوە، دوانزە ڕۆژی پێچووبوو. (تیتس)ی دایکی (ئەشیل)یش کە فریشتەیەکی پازیوین بوو، بەپیریەوە چوو تاپاڕانەوەکانی کوڕەکەی خۆی پێ بگەیێنێ... کاتێ هەڵگەڕا بەسەر چیای خوداکاندا و گەیشتەوە بارەگای (خودای خودایان)، لەبەردەم (جۆپیتێر)دا بەئەژنۆدا هات و، بەدەستی چەپی دەستی لە ئەژنۆی دا و، بەدەستی ڕاستیشی دەستی لە ڕیشی دا. لەو سەردەمەدا شێوەی پاڕانەوە وا بوو. (تیتس)ی فریشتە تکای لە (جۆپیتێر) کرد، تۆڵەی (ئەشیل)ی کوڕی لە گریکییەکان بکاتەوە و بیانشکێنێ لە بەرامبەر تروادەییەکاندا... ژنەکە جەرگی سووتابوو بۆ کوڕەکەی خۆی، کە سەرکردەی لەشکری یۆنانییەکان ئەمەندە شکاندبووی و ڕیسوای کردبوو!. (جۆپیتێر)یش بەڵێنی دایە، کە تەماشای خواستەکەی بکات و، سەرێکیشی بۆ نوشتاندەوە کە تێی بگەیەنێ بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ دەکات.

(کاتێ کە قژەکانی سەری بزووتنەوە، شاخەکەی (ئۆلیمپ) هەمووی لەرییەوە!...).

لێرەدا ئێمە لە ئاسماندایین. لە کۆڕی خوداکاندا دانیشتووین... (جۆپیتێر) و (هیرا)ی ژنی و (ئەپۆللۆ) و (ئەفرۆدیت) و مێردەکەی (ئەفرۆدیت)، (ڤۆلکان) دەبینین کۆبوونەتەوە... ئەم (ڤۆلکان)ە کوڕی (جۆپیتێر) و (هیرا)یە، کراوە بەخودای ئاگر و کانەکان... لێرەدا (هیرا) سەرزەنشتی (جۆپیتێر)ی مێردی دەکات کە پشتی دانیشتوانی شاری (ترواده) دەگرێ... لە گفتوگۆکەیەوە دەردەکەوێ کە ڕقی لەو تروادەیی یانە بۆیە

هەڵگرتووە کە (پاریس)ی شازادەیان لایەنی (ئەفرۆدیت)ی گرتبوو لە قینی ئەو، کە بەربەرەکانێی لەگەڵ دەکرد!...

بەم ڕەنگە ژن و مێردەکە، کە هەردووکیشیان خودا بوون، دەکەونە دەمەقاڵێیەکی توند و تیژەوە، بەهیچ شتێک ناکوژێتەوە، بەناوبژیکردنی (فۆڵکان)ی کوڕیان نەبێ. (ڤۆڵکان) دێنێ جامێک مەی بەدەستەوە دەگرێ و بەلنگە شەلەکەی خۆیەوە دەگەڕێ بەناو خوداکان دا کە لەوێدا کۆبووبوونەوە. بەوتارێکی دووروودرێژەوە لە دایک و باوکی خۆی دەپاڕێتەوە. بەڵام بەشێوەیەکی وەها کە خوداکان هەموویان دێنێتە پێکەنین. دەڵێ: (ئەم جۆرە دەمەقاڵێ یانە کە دڵی پیاو تەنگ دەکەن و، مرۆڤ پێوەی ڕاهاتوون، لە ئێمەمانان کە خوداین، ناوەشێتەوە بیکەین... ئێوە ئەم جۆرە دەمەقاڵێ یانە بەجێ بهێڵن بۆ ئەو مرۆڤە گەوجانەی کە هەموو ڕۆژێکی خۆیان بەخەبات کردنێکی بێ بەرەوە بەسەردەبەن، کە هیچ واتایەکی تێدا نییە. بام ئێمە هەموو ڕۆژێکی خۆمان بەخۆشییەکی هەموو دەمی و ئاسایشێکی تاسەرەوە ڕاببوێرین... تۆیش دایکی خۆم، بەگۆیی مێردەکەی خۆت بکە، کە گەورەی هەموومانە. ماوە مەدە بەوەیش کە یەکێتییە پیرۆزەکەی ئاسمان هەڵبوەشێتەوە... ملکەچ بەبۆ باوکم. ئارام بگرە!...).

دوای ئەوە (ڤۆڵکان) دەست دەکات بەمەی گێڕان بەسەر دانیشتواندا کە لەوێدا کۆبووبوونەوە. ئەوانیش بەناوی یەکێتییە پیرۆزەکەیانەوە. مەیەکە نۆش دەکەن. بەجۆرێکی وایش پێ دەکەنن کەدیوارکانی ئاسمانەکان(١) دێننە لەرزین!...

## چاووڕاوێکی گەورە

ژنەکە، ناچار دەبێ، دوای قسەی مێردەکەی خۆی دەکەوێ.

دەستی (جۆپیتێر) بەرەڵڵا دەکات، تا چی دەکات، بیکات!... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا (جۆپیتێر) کارێکی وا ناکات کە بەئاشکرا لایەنی ترواده‌ییەکان بگرێ، نەوەک لەگەڵ خێزانەکەیدا تێک بچێ و ئارامی لێ ببڕێ. دەچێ چارەیەکی فێڵبازانە بۆ ئەم کەینەوبەینەیە دەدۆزێتەوە. ئەو کاتەی کە خوداکان هەموویان و مرۆڤ بەگشتی نوقمی خەو دەبن، خەوێکی چەواشەکار پیشانی چاوەکانی (ئاگامەمنوون) دەداو، هانەیشی دەدات

(١) لێرەدا و لە گەلێک جێگای تری داستانەکەدا، گەلێک بیروباوەڕی دوور لە ڕاستییەوە دەبینین، کە هۆشمان پەسندیان ناکات. بەڵام ئەوساکە باوبووە-(وەرگێڕ).



کە: (ڕاست بەرەوە لەخەو ئاگامەمنوون! هوروژمێکی توندوتیژ ببەرەسەر ترواده. ڕۆژی داگیرکردنی ترواده هاتووە. خوداکان هەموو لەگەڵ تۆدان، شەڕت بۆ دەکەن، دەچن بەگژ ترواده‌دا!.).

سەرکردەی لە شکرەکەیش، (ئاگامەمنوون) دەمودەست ڕاست دەبێتەوە و، خۆی پۆشتە دەکاتەوە و، شیرەکەی لە کەمەری دەبەستێ و داردەستەکەیشی دەگرێت بەدەستەوە، کە نیشانەی سەرکەوتنێتی بەسەر هەموو گەورەکانی (یۆنان)دا. یاساوڵەکانی خۆیشی بانگ دەکات کە فوو بەکەڕەنادا بکەن، تا لەشکر لە خەو ڕاست ببێتەوە و خۆی ئامادەبکات بۆ شەڕ!... کاتێ کە سەربازەکانیش خۆیان ئامادە دەکەن بۆ جەنگ و سواری ئەسپەکان و گالیسکە جەنگییەکانیان دەبن و بەکۆمەڵ هەڵمەتێکی گەورە دەبەنە سەر دیوارەکانی ترواده، ئاگامەمنوون لە (جۆپیتێر) دەپاڕێتەوە کە یارمەتی بدات لە جەنگدا و سەری بخات. کەچی (خودای خودایان) گوێ لە پاڕانەوەکەی ناگرێ!

## هێلین ڕووی خۆی هەڵدەداتەوە

کاتێ کە دانیشتوانی شاری ترواده، لەشکرەکانی دوژمنەکانی خۆیان دی، کۆدەبنەوە و هێرش دەهێنن بۆ سەر شارەکەیان، ئەمانیش بۆیان دەرپەڕین، بەرەنگارییان بکەن. هاوار و قریشکەیەکیشیان دەکرد، کە هەر لە هاوار و قریشکەی پۆلی پەلەوەریان دەکرد، واتا هی باڵندە بریندارەکان!... هەرچی گریکەکانیش بوون، کەوتنە جەنگەوە بەڵام ورتەیان لە دەمەوە نەدەهات!...

(هیکتۆر) و (پاریس) کە هەر دووکیان کوڕی خونکاری (ترواده) بوون لە ڕیزەکانی پێشەوەدا، لەپێشەوە بوون... هەرچی (پاریس) بوو بەخۆی و ئەسپەکەیەوە دەرپەڕییە دەرەوە بۆ ئەو دیو دیوارەکانی شارەکە. لە دوژمنەکانی خۆی تێخوڕی کە ئامادەیە بۆ بەرەنگاری کردنی پاڵەوانی هەرە گەورە و بەچنگیان!. کە ئەوەی گوت، (مینیلاوس)ی دوژمنی کە خونکاری (ئیسپارتە) بوو و مێردی (هێلین) بوو، لە گالیسکە جەنگیی یەکەی خۆی، بازدی دایە خوارەوە و، هاتە بەرامبەری بۆ زۆرانبازی!... کەچی شازادەی لاو، (پاریس) کە ڕووی شێر و دڵی ئاسکی هەبوو، هەر ئەوەندە چاوی بە(مینیلاوس) کەوت، داچڵەکی و گەڕایە پاشەوە. هەروەک لە گەڕاندا بووبێ بەتەنیا مارێکی ژەهراویی لێ ڕاست بووبێتەوە وابوو!... (هیکتۆر)ی برایشی کە ئەو ترسنۆکییەی لێ دی، بەتوندوتیژییەکەوە سەرزەنشتی کرد... (پاریس)یش شەرمی کرد لەخۆی. لەسەر ئەوە

ڕێککەوت کە لە گەڵ دوژمنەکەیدا زۆرانبازی بکات، بەمەرجێ هەر کامێکیان سەر کەوتن، (هێلین) بۆ ئەوەیان بێ و، شەڕیش لەناوەند هەردوو خاکدا ببڕێتەوە! (هیکتۆر)ی ئازا چووە ناو لەشکرەکەی گریکەکانەوە، ئەم وتوێژەی تێ گەیاندن. (مینیلاوس)یش ئەو قسەیەی پەسند کرد و پێی خۆش بوو. لەو کاتەدا کە بابەتی زۆرانبازییەکەیان ئامادە دەکرد، موژدە هێنەری خوداکان خۆی گەیاندە (هێلین) کە لە ناو کۆشکەکەی خۆیاندابوو. پێی گوت: هەردوو دوژمنەکە خەریکن خۆیان ئامادە دەکەن بۆ زۆرانبازی، تا هەرکامێکیان سەرکەوت، تۆ بەشی ئەوبیت!. (هێلین)یش باڵا پۆشێکی سپیی دا بەسەر و شانی خۆیدا و، خۆی گەیاندە دیوارە بەرزەکانی شار، لای خونکاری ترواده و ڕیش سپییەکان و خاوەن ڕاوێژەکانی!...

ئەمە یەکەم جارە کە (هێلین) خۆی بۆ خوێندەوارانی (ئەلیادە) دەربخات... ئاخۆ (هۆمیرۆس) ئەندازەی جوانی ئەو ژنەمان چۆن پیشان دەدات؟... تۆ بڵێیت ئەو جوانییە بەش، بەش، بەووردی دەربخات؟... نەء. هۆمیرۆس وا ناکات. چونکە ئەو شێوەیە هی نووسەرانی چیرۆکە، کە لە دوای هۆمیرۆسەوە پەیدابوون!...

بەڵام هۆمیرۆس، لە شێوەیەکی وادا جوانی ئافرەتەکەمان بۆ دەردەخات، کە ڕیش سپییەکانی شارەکە لێی دوواون. ئەویش لەو کاتەدا کە هێلین بەلایاندا تێپەڕیوە و چووە بۆ شوێن زۆرانبازییەکە... ڕیش سپییەکان لەبەر خۆیانەوە دەستیان کردووە بەبۆڵەبۆڵ و بێزاری لەو ئافرەتە، کە بووە بەهۆی هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە خوێنینە لەناو دوو نەتەوەدا، کە هەردووکیان بەئاگرەکەیەوە سووتاون. جا لەبەر ئەو سەرگەردانییە کە بەسەریاندا هاتووە، بەقینەوە هەموو ناو و ناتۆرەیەکیان لێ ناوە. هەموو نزایەکیان لێ کردووە کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، ناچار دەبن، پێ لە جوانی (هێلین) بنێن، کە ئەمەندە شەنگ و شۆخە هەڵدەگرێ بکرێ بەشاژنی هەموو ئاسمان!... (هۆمیرۆس) لەم بابەتەوە دەڵێ: (شاژنی خاکی ئیسپارتە بەلەنجەو لارەوە لە دیوارە گەورەکانی شاری ترواده نزیک دەبووەوە... ڕیش سپییەکان خۆیان پێ نەگیرا، لە بەرامبەر شەنگوشۆخییەکەیدا، هەستیان بەجوانییەکەی و دەسەڵاتی جوانییەکەی (هێلین) کرد... ناچار بوون، بەدەنگێکی بەرزەوە، هەستی خۆیان دەربڕی: (پیاو نابێ سەری سوڕ بمێنێ لەم جوانییە ئاسمانییە، کە بەدرێژایی ئەم نۆ ساڵە، نەیهێشتووە ئاگری جەنگ بکوژێتەوە لەسەر زەویدا!.

پەککو لەم شەنگوشۆخییە کە مرۆڤ کەمەند کێش دەکات!...

بەه لەم سەروچاوە بەسامە، کە پیاو ناچار دەکات ڕێزی لێ بگرێ!...



سەیر کە دەڵێی ژن خودا یەو بەناز و نووزەوە دەڕوات بەڕێوە!...

کەچی لەشێوەی شاژنێکیش دا خۆی دەردەخات!... لەگەڵ ئەمەیشدا ئەی ئاسمان، ئەم ڕووەمان لێ بشارەوە، بام تیر لە جەرگمان نەدات و گرفتاری ئەڤینی نەبین... بام نەتەوەی ترواده‌یش لەدەست لەناوچوون ڕزگاری ببێ!.)... ئا بەم ڕەنگە (هێلین) هاتە پێشەوە، کە زەردەخەنە زیندووەکەی پشتاوپشت سەرەتا تکێمان لێ دەکات. ڕوو و بەژن و باڵاکەیشی: (هەزار کەشتی پڕ لەچەکی بەرەڵلا کرد بێنەپێشەوە لە ترواده و باڵاخانەکانی کەلاتەکانیشی سووتاند کە پەنجەیان لە هەروەکانی ئاسمان دەدا!...)...(هێلین هاتە پێشەوە، بەتیلایی چاوەکانیەوە کە تیریان لە جەرگ دەدا و، بەڕەوتە سامناکەکەیەوە کە شەنگوشۆخی و بەچنگی ئەوی دەردەخست جادووی جوانترین فریشتەی سەرزەویی پیشان دەدا، کە هەزاران کەسی چاوبەست کردووە و، هەزاران خاوەن هۆشیشی سەرمەست کردووە!...).

## پاریس و خونکاری ئیسپارتە زۆران دەگرن

زۆرانبازییەکە دەست پێ دەکات. (هیکتۆر) و (ئۆدیسپۆس)، جێگای وەستانی هەردوو دوژمنەکە دیاردی دەکەن. سەرپشک دەنێن بۆ ئەو کەسەی لەپێشەوە ڕمی خۆی دەهاوێژێ بۆ دوژمنەکەی. (پاریس) دەردەچێ!... بەم ڕەنگە لاوەکە ڕمەکەی خۆی دەهاوێژێ بۆ (مینیلاوس). بەر زرێ کەی دەکەوێ. بەڵام زرێکەی نابڕێ بچێتە لەشیەوە!... پاش ئەو (مینیلاوس)یش ڕمەکەی خۆی دەگرێتە (پاریس). هەر چەندە بەر زرێ کەی دەکەوێ، بەڵام بریندراری ناکات!...

لە کاتی زۆرانبازی یشدا، (مینیلاوس)، دەتوانێ کڵاوەکەی (پاریس)ی لاوی لەخۆبایی بوو توند بگرێ. ئنجا بەهۆی ئەو کڵاوەوە ڕایدەکێشێ بەسەر زەوییەکەدا و، ڕووی دەکاتە بارەگای لەشکرەکانی گریکەکان!. لەپڕ (ئەفرۆدیت) لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە. سەری کڵاوە ئاسنینەکە لەناو دەستی (خونکاری ئیسپارتە)دا دەشکێنێ. پاش ئەوە لەناو تەپوتۆزێکی وەک هەوردا (پاریس) هەڵدەگرێ و دەیباتەوە ناو ژوورەکەی خۆی لەناو کەلاتەکەی ترواده‌دا!... دوای ئەوە بەهەڵەداوان خۆی دەگەیێنێتە (هێلین) و کەینەوبەینەکەی (پاریس)ی بۆ دەگێڕێتەوە!...

کە (ئاگامەمنوون) دەبینێ پاڵەوانی ترواده‌ییەکان لە کۆڕی جەنگدا نەماوە و خۆی شاردۆتەوە، شکانی دۆژمنەکانی ئاشکرا دەکات!... ئنجا بەپێی مەرجەکانی زۆرانبازییەکە

(هێلین)یان لێ داوا دەکات، بیدەنەوە بەخونکاری ئیسپارتە. هەروەها ئەوەیشیان لێ داوا دەکات، کە هەرچی زیانێکیان پێگەیشتووە بەخۆی و، بەلەشکرەکەی و، بەنەتەوەکەی، لەو نۆ ساڵەدا کە چوار لای ترواده‌یان گرتبوو و، لەگەڵیدا لەجەنگدابوون، لەگەڵ مزی ئەرک و ماندوێتییاندا، بەتەواوەتی تۆڵەیان بۆ بکەنەوە!...

بەڵام هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێک ناکەون، کە کێ سەرکەوتووە و کێ شکاوە!. تەنانەت خوداکان خۆیشیان لەسەر ئەمە دەبنە دووبەرەکی. (جۆپیتێر) لایەنی نەتەوەی ترودا دەگرێ. (هیرا)ی ژنیشی و (ئەتینا)ی کچیشی لایەنی گریکەکانی دوژمنی دەگرن!... پاشان کچەکە خۆی دەگۆڕێ و دەخاتە شێوەی ئافرەتێکی ترواده‌ییەوە. یەکێک لەسەر کردەکانی لەشکری ئەم شارە چەواشە دەکات کە تیرێک بگرێتە خونکاری (ئیسپارتە).

مەبەسیشی لەم فێڵە ئەوە دەبێ کە شەڕوەستاندنەکە تێک بدات و، شەڕ دەست پێ بکرێتەوە. کچەکە لەو باوەڕەدا دەبێ کە شەڕ هەڵگیرسانەوە کە بۆ گریکەکان بەکەڵک دێ... بەڵام بەتەنگ ئەوەیشەوە دەبێ کەتیرەی سەر کردەکە خونکاری (ئیسپارتە) نەکوژێ!.

فێڵەکە سەردەگرێ و بەئامانجی خۆی دەکات... ئیتر هەر ئەوەندە (ئاگامەمنوون) خوێنی براکەی، (مینیلاوس)، دەبینێ گڤە دەکات و دەڕژێتە خوارەوە، لە دوژمنەکانی دەورووژێ.

شەڕ وەستاندنەکە هەڵدەوەشێتەوە و هانەی سەربازەکانیشی دەدات کە شەڕ دەست پێ بکەنەوە!...

## ئەفرۆدیتیش شەڕ دەکات

شەڕەکە تا دوو ڕۆژی تەواو گەرم دەبێ. ئەستێرەی یەکێک لە پاڵەوانەکانی گریک کە ناوی (دیۆمید) دەبێ دەدرەوشێتەوە. ئەم پاڵەوانە شەڕێکی یەجگار توندوتیژ دەکات. تەنانەت ئەفرۆدیت، خۆیشی ئازار دەدات... ئەمەیش سەبارەت بەوە بوو کە خوداکان خۆیشیان کەوتنە ئەو جەنگە سامناکەوە. ئەوانیش وەک مرۆڤ شەڕیان دەکرد. ئەوانیش وەک کەسانی تر بریندار دەکران. ئەوەندە هەبوو ئەوان نەدەکوژران!...[1]

(١) ئەو سەردەمە، یۆنانی یەکان خودایان زۆربووە. کەچی خوداکانیان گەلێک ڕەووشت و کرداریان لەهی مرۆڤی کردووە؛ وەک دڵداری و جەنگ کردن و خێزانداری فڕوفێڵبازی و لایەنگیری، کە ئەمانە هیچیان نابێ لە خودا بوەشێنەوە. یۆنانییەکان هەروەها مانەوە تا ئایینی (زەردەشتی) و ئایینە ئاسمانییەکانی تر کاریان تێ کردن. (وەرگێڕ)



(ئەفرۆدیت)یش لەتاو ئازارەکەی لەشی، دەفڕێت و دەچێتەوە بۆ ئاسمان. تا (دێون)ی دایکی چاکی بکاتەوە...

لەو کاتەدا، لە تیپەکانی لەشکری تروادەدا، سەرگەردانییەک ڕوو دەدات. هەر ئەوەندە تروادەییەکان چاویان بە(هیکتۆر) دەکەوێ لە لای دیوارە بەرزەکانی تروادەوە وەستاوە، ژنی سەربازەکان و دایکەکانیان بەهەڵە داوان خۆیانی دەگەیێننێ، کەینەوبەینەی جەنگەکەی لێ دەپرسن... ئەویش هیچ وەرامێکیان ناداتەوە. هەر ئەوەندیان لێ دەخوازێ کە لە خوداکان بپاڕێنەوە ترواده لە دەست دوژمنی سامناک (دیۆمید) ڕزگار بکات!...

## فرمێسکی ژنەکەی و گریانی منداڵەکەی

دوای ئەوە (هیکتۆر) دەچێتەوە ماڵێ، (ئەندرۆماک)ی ژنی ببینێ. کەچی پێی دەڵێن چووتە دەرەوە، بەخۆی و منداڵە شیرەخۆرەکەیەوە، لە لای دیوارە بەرزەکانی شارەکەوە بتبینێ!.

ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ جێی خۆی تا بیدۆزێتەوە. دوایی دەیدۆزێتەوە!. ژنەکەیشی لێی دەپاڕێتەوە کە بەزەیی پێدا بیتەوە، دەڵێ: (لەبەر کوڕەکەی هەر دووکمان. لەبەر هەرزەکاریم. لەبەر گۆڕی باوکم و هەر حەوت براکەم کە (ئەشیل)ی پاڵەوان کوشتنی لە تاکە ڕۆژێکدا. هەروەها لەبەر دڵی ئەوانە و بەناوی ئەوانە هەموویانەوە لێت دەپاڕێمەوە کە بەزەییەکت پێمدا بێتەوە و، ئیتر لەمە بەولاوە خۆت نەخەیتە ناو ئەم جەنگە سامناکەوە، کە هیچ کەڵکێکی لێ پەیدا نابێ!...).

(هیکتۆر)یش بەدڵێکی بەداخەوە وەرامی دەداتەوە دەڵێ:

(من ئەوە دەزانم کە نەتەوەکەمان و خاکەکەمان، بێ وەی نامێننەوە و لەناو دەچن... بەڵام من ئەوەندەی بەزەییم بەتۆدا دێتەوە، ئەوەندە بەزەییم بەواندا نایێتەوە، کە وام دێتە بەرچاو ڕۆژێک لە ڕۆژان بەدیلی بکەویتە دەست ئەم گریکانە و ئازارت بدەن و سووکت بکەن!. بێجگەلەوە لەناو خۆیشیاندا گەمە بکەن و بڵێن: ئەم ئافرەتە دیلە سەردەمێک ژنی هیکتۆر بوو کە شازادەی ترواده بوو!...).

دوای ئەوە باوکە کە دەستی خۆی درێژ کرد بۆ منداڵەکەی...

بەڵام منداڵەکە ترسا لە کڵاوە مسەکەی، کە دەبریسکایەوە و، لەو پەڕەی کە پێیدا شۆڕ بووبووەوە. منداڵەکە داچڵەکی!...

(هیکتۆر)یش پێکەنی و، کڵاوەکەی فڕێ دایە سەر زەوی و، کوڕەکەی گرتە باوەشی و ماچی کرد. لە خودای خۆیشی پاڕایەوە کە (کوڕەکەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێتە پیاوێکی گەورە لەناو ترواددا و چاوەکانی دایکی پێی ڕوون ببێتەوە!...).

(ئەندرۆک) کە ئەمەی بیست دەستی کرد بەگریان. بەڵام زۆریش خەریک بوو لەگەڵ خۆیدا، کە بەو فرمێسکانەوە زەردەخەنەیەک بکات!... مێردەکەیشی دڵی دایەوە، پێی گوت:

(هەموو کەسێک چارەنووسی چی بێ ئەوەی بەسەر دێ).

ئامۆژگاریشی کرد، دڵی خۆی بداتە کاروباری ماڵەکەی و منداڵەکەی. واز لە پیاوانیش بهێنێ، تا هەر بیر لە جەنگەکە بکەنەوە!. دوای ئەوە کڵاوەکەی خۆی هەڵگرت و لەسەری کردەوە.

ژنەکەیشی و منداڵەکەیشی گەڕانەوە بۆ ماڵێ[1]. ژنەکەی هەر چەند هەنگاوێکی دەنا، ئاوڕێکی لێ دەدایەوە، تا بۆ دوامین جار سەیری بکات و بەخودای بسپێرێ!.

## کوشتنی پاڵەوانی درۆ

دوای ئەوە (هیکتۆر) چووە دەرەوە بۆ ئەمەی لەگەڵ پاڵەوانی گریکەکاندا، (ئاجاکس) بکەوێتە زۆرانبازییەوە...

تا تاریک دادێ، هەردووکیان سەردەکەون و ژێر دەکەون...

بەڵام بەئەنجامێکی تا سەر ناگەن... لەو کاتەدا کە گریکەکان لە سوپەر[2] هەڵکەندن و خۆقایم کردن بووبوونەوە بۆ پاراستنی کەشتییەکانیان کە لە کەناری زرێکەدا دامەزرابوون. هیکتۆر گوێی نەدایە ئەوە. زووبەزوو هورۆژمی بردنە سەر. هێزێکی گەورەی لە گەڵدابوو. تا ماوەیەکی تەواویش شەڕ لەناوەند هەر دوولادا تێن دەسێنێ. ئەوەندەیشی نامێنێ کە (هیکتۆر) و نەتەوەکەی لەو جەنگەدا سەر بکەون. چونکە دوژمنەکانی خۆیان لەبەردەم خۆیاندا ڕادا و، ڕاوە دوویان نان بۆ سەر کەناری ئاوەکە.

خۆیشیان ئامادە کرد کە ئاگر بەربدەنە کەشتییەکانیان!...

(ئەشیل)یش هێشتا هەر لەژێر خێوەتەکەی خۆیدا بوو.

(1) ڕاستتر: ژنەکەیشی بەمنداڵەکەیەوە گەڕانەوە بۆ ماڵێ.

(2) یان ڕاستتر: سپێر...



دەستی خۆی لەشەڕ کێشابووەوە. هەتا دەهات قینی پتر هەڵدەستا لە (ئاگامەمنوون). کەشتییەکانی نەتەوەکەی خەریک بوون ئاگریان تێ بەربێ و بسووتێن. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا جووڵەیەکی بۆ نەکرد، بگاتە فریای گریکەکان!... بەڵام (باترۆکلاس)ی هاوڕێی دێتە خێوەتەکەیەوە بۆ لای. پێشنیازێکی پێشکەش دەکات، کە شیرە تیژەکەی و قەڵغانەکەی خۆی بۆ ماوەیەک بداتێ، تا چاوی دوژمنەکانی خۆی پێ بشکێنێ و تێیان بگەیێنێ کە پاڵەوانی هونەرمەند (ئەشیل) نایەوێ بگات بەفریای نەتەوەکەی خۆیدا، هەر هیچ نەبێ بام بهێڵێ کەسێکی تر یاریدەیان بدات!...

پاڵەوان (ئەشیل)یش، دوایی دڵی نەرم دەبێ و، دەچێتە سەر قسەی هاوڕێکەی... چەک و قەڵغان و بەرگەکەی خۆی دەداتێ... بۆیشی دەپاڕێتەوە کە سەربکەوێ... ئەم کابرایەیش هەڵدەکوتێتە ناو کۆڕی جەنگە و... هەر ئەوەندە دوژمنەکان چاویان پێی دەکەوێ، وا دەزانن (ئەشیل)ە، کە دوژمنی هەرەسامناکیان بوو... ترس دەچێتە دڵیانەوە و بەناڕێکوپێکییەکەوە دەکشێنە دواوە، لەبەردەم گریکەکاندا!. جا هەر چەند ئەوانە هەڕا دەکەن، (باترۆکلاس) پشوویان ناداتێ زۆرتر ڕاویان دەنێ! دوایی یەکێک لەوانەی هوروژمی دەبەنە سەر دەستێکی بەهێزی لێ دەوەشێنێ، کە شیری لێ دەدات زرێکەی بەری دەپەڕێ!... (هیکتۆر)یش ئەمە بەهەل دەزانێ، شیرێکی لێ دەدات، دەیکوژێ!...

## شێر لە لانە دێتە دەر

کاتێ ئەم دەنگە بەر گوێی (ئەشیل) دەکەوێت، تەواو دڵتەنگ دەبێ. دەکەوێتە پەژارەوە بۆ هاوڕێ جوانە مەرگەکەی.

خۆی دەدات بەزەویدا و خۆڵ دەکات بەسەری خۆیدا و، تووکی سەری دەدات بەزەویدا و خۆڵ بەسەری خۆیداو، تووکی سەری خۆی دەڕووتێنێتەوە و[1]، داد و فەریاد دەکات بۆ تۆڵەسەندنەوە!... هاوار و قیژەکەی گەیشتە بەرگوێی (تیتس)ی دایکی، کە ئەویش فریشتەیەک بوو لەبن زرێدا. بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە (ئەشیل) و، دەستی کرد بەدڵدانەوەی... بەڵام ئەوە لە (ئەشیل)ەوە دوور بوو کە بەقسەکانی دایکی دڵی بکرێتەوە. چونکە ئەو کەلوپەلە جەنگییەکەی لە دەستچوو بوو، کە خوداکان بێ کەموکوڕی بەدیاری بۆیان ناردبوو! تازە ئەو کەلوپەلەیشی دەست نەدەکەوتەوە!... چونکە (هیکتۆر) لە لەشی

(1) یان: دەرنێتەوە.

(باترۆكلاس)ی كردبووەوە و بردبووی بۆ خۆی!... ئەمەیش ئەوە دەگەیێنێ كە دەبێ تا سەر خۆی لە كوشتار دووربخاتەوە!. كە دایكی (ئەشیل) كوڕەكەی خۆی بەو چەشنە چاوپێكەوت لە تەنگانە دایە، خۆی بەهەڵەداوان گەیاندە كوڕەكەی تری كە ناوی (ڤۆڵكان) بوو. ڤۆڵكانیش خودای ئاگر و كان بوو. دایكەكەی لێی پاڕایەوە جلوبەرگێكی وەها بۆ كوڕەكەی دروست بكات كە شیروتیر كاری لێ نەكەن. هەروەها چەكێكی تەواویشی بۆ دروست بكات كە بۆ ئەو بشێ. (ڤۆڵكان)یش دڵی دایكی خۆی نەشكاند.

خواستەكەی بۆ جێبەجێ كرد. لەسەر بەڵێنێ كە دابووی بەدایكی بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی بەرگەكان و چەكاكانی دایەدەستی. كە دایكی تەماشای ئەو بەرگ و چەكانەی كرد، سەری سوڕما لە هونەرمەندی و كار گوزاری و دڵسۆزیی (ڤۆڵكان) كە ئەوەندە قاڵ و پوختەی دروست كردبوون، كە تا ئەوساكە هیچ جەنگاوەرێك ئەو بەرگ و چەكانەی بەخۆیەوە نەدیبوو!... فریشتە (تیتیس) بەهەڵەداوان ئەو كەلوپەلە بەنرخانەی هەڵگرت و بردی بۆ (ئەشیل)ی كوڕی. هەندێك لە ڕیش سپییەكانی یۆنانیش كەوتبوونە ناوەند (ئەشیل) و (ئاگامەمنوون)ەوە، كە ئەو ناكۆكییەی لەناویاندا هەبوو، هەڵیبگرن. (ئەشیل)یش جلوبەرگە تازەكانی خۆی لەبەر دەكات و چەك و زرێكەی لە خۆی دەدات و، فەرمان دەدات گالیسكە جەنگییەكەی خۆی بۆ ئامادە بكەن، لەگەڵ گورج و گۆڵترین ئەسپدا كە ڕایبكێشن... بەڵام لەپێش ئەمەدا (ئەشیل) گالیسكەكەی خۆی لێ بخوڕێ بچێتە كۆڕی جەنگەوە لەگەڵ دوژمندا، ئەسپێك لە ئەسپەكانی گالیسكەكە، كە (هیڕا) خوێندنەوەی دوارۆژی فێر كردبوو، ڕووی وەرگێڕا بۆ لای ئەو و، بەدووچاوی ئاگرینەوە تێی مۆڕ بووەوە و، پێی گوت: (ئەشیل!... لە نووسراوی چارەنووسدا ئەوەت بۆ نوورسراوە، كە تۆڵەی هاوڕێكەت (باترۆكلاس) لە دوژمنەكانی دەكەیتەوە... بەڵام دوور نییە خۆیشت تێیدابچیت!.).ئەشیلی پاڵەوانیش بەقیژەیەكەوە وەرامی دەداتەوە، دەڵێ: (من ئەمە دەزانم كە وەهام لێ دێت. بەڵام باكم لەوە نییە. چیم بۆ بڕیار دراوە بام بەسەرم بێت!...).
دوای ئەوە قیژەیەكی بۆ دەكات... دەنگ دەداتەوە... هەروەك كەڕەنای جەنگ بێ، بەو ڕەنگە كار لە دڵی هەمووان دەكات. جڵەوی ئەسپەكانی گالیسكەكە بەرەڵڵا دەكات. ئەمانیش بەپڕتاو تەنگی هەرد دەكێشنەوە، تا دەگەنە دیوارە زەلامەكانی (ترواده)!...



## بەیەكگەیشتنی هەر دوو دوژمن

ئیتر هەر ئەوەندە ترواده‌ییەكان چاویان بە(ئەشیل)ی پاڵەوان كەوت، بەخۆی و گالیسكەكەیەوە وەك تێزكەی تفەنگ بەرە و پیریان دەهات[١] و ڕمەكەی بەدەستەوە بوو و، زرێكەی بەسنگیەوە دەبریسكایەوە و، كڵاوە مسەكەی بەسەر ناوچەوانیەوە پڕشنگی دەدا، وەك خودای جەنگیان دەهاتەپێش چاو، لە ترساندا خوێن لە لەشیاندا وشك بوو. پشێوی كەوتە ناو ڕیزی لەشكرەكەیانەوە. هەر پاڵەوانەكانی ئەوان بوون و یەك لەدوای یەك دەكوژران سەر ئەنگرێ دەبوون!...

ئەشیلی پاڵەوان توانی لەشكری ترواده‌ییەكان بكات بەدوو كەرتەوە. نیوەیان وەك كەروێشكی داچڵەكی و هەڕایان كرد و چوونە ناو شارەكەوە بۆ ئەو دیوی دیوارەكانی... نیوەكەی تریشیان هەڵهاتن بۆ سەر ڕووبارەكە. هەرچی ئەمانەی دوایی بوو، ئەشیل ڕاوەدووی نان، لە كۆڵیان نەبووەوە تا ئەمەندەی لێ كوشتن، ئاوی ڕووبارەكە بەخوێنی ئەو سەربازە كوژراوانە سوور هەڵگەڕا... ئەو سەربازانەی مابوویشنەوە، بەسایەی گێژەڵووكەیەكی توندوتیژەوە دەربازبوون كە شەپۆلەكانی ئاوی ڕووبارەكەی هێنابووە بەرزكردنەوە و نزم كردنەوە. لەناكاو هەڵیكرد و ماوەی نەدا بەئەشیل دوایان بكەوێ!... دوای ئەوەی ئەشیل دوانزە سەرباز لە لەشكری دوژمن دەگرێ بەدیل، بۆ ئەمەی لە كاتی ئاهەنگی ناشتنی لاشەی (باترۆكلاس)ی هاوڕێی دا لەسەر كوشتی خانەكەی ناو پەرستگاكە سەر ببڕێن، ئنجا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەشتاییەی كە سەرەتای جەنگەكە لەوێدا ڕووی دابوو. جا لەو كۆڕی جەنگەدا كەس نەمابووەوە، لاشەی لەت و پەت نەكرابێ، ئەوانە بەسەر زەوییەكەدا پەرش و بڵاو بووبوونەوە... جا لەو كاتەدا كە ئەشیل ئەو شوێنەی دەبشكنی، ڕووبەڕوو كەوتە بەردەم هیكتۆری دوژمنی!...

هیكتۆریش هەر خۆی بوو، مابووەوە لە دیوی دەرەوەی دیوارە گەورەكەی شاری تروادەوە. ئیتر هەرچی سەربازێكی هەبوو بوو، یان ڕایان كردبووەوە ناو شارەكەوە، یاخود كەوتبوونە ناو ڕووبارەكەوە و خنكابوون!. بەڵام پاڵەوانە ئازاكەی ترواده‌یش هەروەك ئەوانی تر وەك كەروێشكی داچڵەكیوی لێ هات... ئەو هەر ئەوەندە دوژمنە ئازاكەی خۆی دی، كە پاڵەوانی (ئیسپارتە) بوو، دڵی داخورپا، كە هیچ دەمێك، لە هیچ شتێك

(١) ئەم لێچوواندنە بۆ ئەم داستانە ناشێ و خاڵێكی لاوازی داڕشتنەوەكەیەتی، چونكە سەردەم دوورە لە سەردەمی تفەنگ و چەكی باروتاوی، دەكرا بوترایە: وەك تیری لەكەوان دەرچوو بەرەو پیریان...

دانەخورپابوو!. ئەویش هەڵهات و دەستی کرد بەخۆدەرباز کردن... هەروەک ئاسکێک بووبێ لە پڵنگێکی دڕندە ڕایکردبێ وا بوو. سێ جاری خشت بەهەر چوار لای دیوارە زلەکەی شاردا سووڕایەوە، تا کونێک بدۆزێتەوە بۆ خۆی لێوەی بچێتە ژوورێ بۆ ناو شاری ترواده!... لەو کاتەدا ژن خودا (ئەتینا) داوێکی، بۆ نایەوە.

مەبەسیشی لەو داوە ئەوە بوو کە یارمەتی یۆنانییەکانی دۆستی بدات. هێنای خۆی گۆڕی و خۆی خستە شێوەی برایەکی ئەوەوە پاشان دەستی کرد بەئامۆژگاری کردنی هیکتۆر کە بچێتە جەنگی دوژمنەکەیەوە و زۆرانبازیی لەگەڵدا بکات. ئەوەیشی بۆ دووبارە کردەوە کە هەر ئەو سەردەکەوێ بەسەر ئەشیلی دوژمنیدا!...

هیکتۆریش بەم نیاز بەخشینە چەواشە بوو. هانەدانەکەی (ئەتینا) کاری لێ کردبوو. وەستا بۆ ئەمەی بەرەنگاریی ئەشیل بکات!...

هەر دوو پاڵەوان، لەبەرچاوی سەربازەکانی خۆیاندا زۆرانبازی یان کرد... سەربازەکان لە چاڵەکانیانەوە سەریان دەرهێناو سەیریان دەکردن... خوداکانیش لە بارەگاهەکانی ئاسمانی خۆیانەوە تەماشایان دەکردن، تا ئەو جەنگی دواییە بەئەنجام بگەیێنن! دوایی (ئەشیل) بەسەر (هیکتۆر)دا زاڵبوو. شیرێکی لێ داو کوشتی!...

## تۆڵە سەندنەوەی ئەشیل

کاتێ کە مەرگ چاوەکانی (هیکتۆر)ی نووقاند، (ئەشیل) لە تۆڵەی (باترۆکلاس)ی هاوڕێی دا لاشەکەی ئەوی ڕیسوا کرد!. هێنای هەردوو پێی هیکتۆری بەپاشی گالیسکەیەکەوە بەزنجیر بەستەوە. تا نۆ ڕۆژی خشتیش ئەو لاشەیەی بەسەر زەویدا دەخشاند و دەسووڕایەوە بەهەر چوار لای دیوارەکانی شارەکەدا... لە ڕۆژی نۆهەمدا باوکە کلۆڵەکەی هیکتۆر چووە ناو خێوەتەکەی (ئەشیل)ەوە کۆمەڵێکی گەورە دیاریی بەنرخی بۆ بردبوو. هەر ئەوەندە ڕێی درا بچێتە ناو خێوەتەکەوە و خوێنڕێژی کوڕەکەی خۆی ببینێ، بەچۆکدا هات و لەبەردەمیدا کڕنووشی کێشا. هەردوو دەستی ئەشیلی گرت و ماچی کرد. ئەمانە ئەو دەستانە بوون کە (هیکتۆر)ی کوڕی و گەلێک کەسی تری لە ڕۆڵەکانی خۆی پێ کوژرابوون. لەو کاتەدا کە فرمێسکی سووکی و ڕیسوایی بەسەر کولمەکانیدا گلۆر دەبووەوە، لە (ئشەیل) پاڕایەوە، کە لاشەی (هیکتۆر)ی کوڕی پێ ببەخشێ و لەوە بەولاوە تۆڵەی خۆی لێ نەکاتەوە و، بەو جۆرەیش بەدناو و ڕیسوای نەکات!...

(ئەشیل) بەو قسانە دڵی نەرم بوو. ئامۆژگارییەکەی دایکی بیرکەوتەوە، کە تکای



خوداکانی پێ ڕاگەیاندبوو. کە لە دوژمنی کوژراوی خۆی چاو بپۆشێ... بەم ڕەنگە ئەشیلی لاو، دیارییەکانی لەو باوکە کلۆڵ و بیچارەیە وەرگرت، کە لە تۆڵەی دەستکەوتنی لاشەی کوڕەکەیدا بۆی هێنابوو. ڕێیشیدا لاشەکە بەرێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە ئاهەنگی بۆ تێدادەکرێ. واتا ئەو ئاهەنگەی لەگەڵ پایەی خاوەنەکەی و پایەی باوکی خاوەنەکەیدا، (خونکاری ترواده) ڕێک بکەوێ!...

## بەپیرەوە چوون بەڕێ کردن!.

کە لاشەکە برایەوە ناو شار، بەپیرەوە چوونێکی گەورەی بۆ کرا، پڕ بوو لە نیشانەی دڵخۆشی و دڵتەنگی. دڵخۆشی بۆ ئەوەی کە لاشەکەیان لە دوژمنەکانیان سەندەوە. دڵتەنگیش بۆ ئەوەی کە خاوەنەکەیان لە دەستچوو، کە پاڵەوانێک بوو بۆ خۆی و، هەموو لایەکیش خۆشیان دەویست»...

هەر لەو دەمەدا کە گریکەکان گەلێک ئاهەنگیان دەگێڕا بەبۆنەی سەرکەوتنی پاڵەوانەکەی خۆیانەوە، کە پڕبون لە دەنگە دەنگ و قاووقیژ کە پڕ بوون لە نان و خوان و یاریکردن و پاداش دانەوە... شاری ترواده بەرگی ڕەشی دەپۆشی بۆ پاڵەوانە گەورەکەی خۆی کە گیانی بەخاک سپاردبوو فرمێسکی خوێنینیشی دەڕشت لە شیوەنەکەیدا...

هەندێک لەو دڵانەی کە شکابوون لەبەر لەناوچوونی (هیکتۆر) و شیوەن و گریانیان لەسەر لاشەکەی دەکرد: دڵی دایکی بوو. دڵی (ئەندرۆماک)ی ژنی بوو... دڵی (هێلین) بوو کە گریە و زارییەکی گەرموگوڕی بۆ دەکرد بەشیوەنەوە!...

دوای ئەوە لاشەکەی (هیکتۆر) یان سووتاند... خۆڵەمێشەکەیشیان کۆکردەوە و، خستیانە ناو ئامانێکی[1] زێڕینەوە و، لەناو گۆڕەکەیدا ناشتیان!.

## دوایی ئەشیل

بەمردنی (هیکتۆر) و سووتاندنی لاشەکەی، (ئەلیادە)ی (هۆمیرۆس) تەواو دەبێ. ئیتر لەوە بەولاوە لە دوا ڕۆژی پاڵەوانەکانی تری جەنگەکەمان ئاگادار ناکات!... کەچی کە سەیری هۆنراوەی هەندێک لە بوێژەکانی گریکەکان دەکەین، کە هی سەردەمەکانی پاش (هۆمیرۆس)ن، لە بابەت (ئەشیل) و (پاریس) و گەلێک پاڵەوانانی (ئەلیادە)وە هەندێک کارەساتمان بۆ دەردەکەوێ.

---

(١) ئامان: قاپ.

هەرچی (ئەشیل)ە، داستانی جوێ جوێی لەسەر گوتراوە. سەر گوزەشتەیەکی کۆن دەڵێ: بەدەستی (ئەپۆللۆ)ی خودا کوژراوە، کە خۆی خستۆتە بەرگ و شێوەی (پاریس)ەوە و، لە کاتی جەنگی ناوەند هەردوو لادا، لەتەنشت دیوارە بەرزەکانی شاری ترواداوە بەرەنگاری (ئەشیل) بووەو، لەپاش شەڕوشۆڕێکی توندوتیژ لەگەڵیدا کوشتوویەتی... کوشتنەکەیشی بەم ڕەنگە بووە.

کە شیرێکی داوە لە پاژنەی (ئەشیل)، کە بەر ئاوی ڕووباری (ستیکس)ی پیرۆز نەکەوتبوو، کە فریشتە (تیتیس)ی دایکی ویستبووی بەسایەی شتنی (ئەشیل)ەوە، بەو ئاوە، لە مردن ڕزگاری بکات!. کەچی لە داستانێکی تردا، کوشتنی (ئەشیل) بەجۆرێکی تر دەگێڕێتەوە دەڵێ: (ئەشیل) گرفتاری ئەڤینی کچی خونکاری ترواده بووبوو، کە ناوی (بولیمسینا)بوو. (ئەشیل)یش بەبێ چەک لەگەڵ کچەکەدا ڕۆیشتبوو بۆ پەرستگای (ئەپۆللۆ) کە لەوێدا مارەی بکات... (پاریس)ی برای کچەکەیش خۆی لەوێدا مات دابوو، چاوەڕوانی هاتنی دەکرد... هەر کە ئەشیل گەیشتبووە ئەوێ، تیرێکی تێ گرتبوو، دابووی لە پاژنەی ئەو پێیەی کەبەر ئاوی ڕووباری (ستیکس) نەکەوتبوو... دەست بەجێ کوشتبووی!...

لە هاوڕێکانی کوژراوەکەیش: (ئۆدیسیوس) و (ئەجاکس)، بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندبووە ئەوێ، تا ڕێ نەدەن بەتروادەییەکان لاشەکەیان بەرچنگ بکەوێ... (ئۆدیسیۆس) لاشەکەی هەڵدەگرێ و دەیباتەوە بۆ ناو نەتەوەکەی خۆی.

(ئەجاکس)یش دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی زرێکەی (ئەشیل) ڕزگار بکات لەدەست تروادەییەکان، کە بەناوبانگ بوو و، لە پۆڵایش دروست کرابوو. لەسەر ئەو زرێیە (ئەجاکس) دەکەوێتە زۆرانبازییەوە، کە ئەنجامی بەوە گەیشت، شکاو ژێر کەوت.

مافیش درا بەتروادەییەکان کە ئەو زرێیە بهێڵنەوە لای خۆیان.

لێرەدا (ئەجاکس) دایە شێتی. لەتاو هەناسە ساردی و پشم و قینی خۆی، خۆی کوشت!... ئەنجامە ناسۆرەکەی (ئەجاکس)، وێژەوانی نەمری گریکەکان، (سۆفۆکل)ی خستە سەر ئەوەی:

مەرگەساتێکی لاسایی کردنەوەی ناوازەی لەسەر هەڵببەستێ. ئەم چیرۆکە، ئەمەندە گرنگ دەرچوو، لە گەنجینەکانی وێژەی لاسایی کردنەوەی کۆن دادەنرێ. هەروەها بەیەکێک لە بنچینە بەهێزەکانی (چیرۆکی لاسایی) دادەنرێ، کە لە هەموو دەمێکدا پەسند بکرێ!...



## دواییی پاریس

بەڵام (پاریس)، ئەو لاوە شێت و وێتەی ئەو هەموو سەرگەردانییەی هێنا بەسەر شاری (ترواده) دا، بەهۆی ئەوەوە کە (هێلین)ی ژنی خونکاری (ئیسپارتە)ی فڕاند و، لەسەر ئەوەیش ئەو جەنگە خوێنینە هەڵگیرسا لەناوەند گریکەکان) و (تروادەییەکان)دا... بەجۆرێکی تر دواییی ژینی هات!...

(پاریس) برایەکی هەبوو، پەیی بەشتی دیارنەبوو[1] دەبرد. دوارۆژی لێک دەدایەوە. بەسەرهاتی داهاتووی دەزانی. ناوی (هیلیناس) بوو. گریکەکان گرتیان بەدیل و ناچاریشیان کرد دوارۆژی خۆیان بۆ بخوێنێتەوە. ئەویش تێی گەیاندن، کە لە هەموو چەکێک کوشتندەتر و سامناکتر، کە سەرکەوتنیان دەست بخات بەسەر (ترواده)دا، ئەو تیروکەوانەیە کە (هەرکولی) بەکاری هێناوە. (هەرکولی)یش لە کاتی سەرەمەرگیدا تیروکەوانەکەی خۆی بۆ دۆستێکی خۆی بەجێ هێشتبوو، کە ناوی (فیلۆکتیتس) بوو... (ئۆدیسیۆس)یش گەڕابوو بەشوێن ئەم پیاوەدا، تا دۆزیبوویەوە... کابرا کە مار گەستبووی. ئەویش لە جادووگەرەکان پزیشکێکی بۆ هێنابوو چاکی کردبووەوە...

دوایی ئەو پیاوەی لەگەڵ خۆیدا بردبوو، بۆ لای نەتەوەکەی خۆی، کە لەگەڵ ئەواندا دەستی کردبوو بەچوار لا گرتنی شاری (ترواده). ئەوە بوو دوایی شارەکە گیرا!...

جا لەو کاتەدا کە شارەکە چوارلای دەگیرا، (پاریس) تیرێکی کوشندەی بەردەکەوێ کە لە تیروکەوانەکەی (هەرکولی)یەوە دێتە دەرەوە. جا لەو کاتەدا کە (پاریس) لە گیانەڵادابوو، ئەوەی بیر کەوتەوە کە یارەکەی کۆنی (ئونیون)، لە برین چاککردنەوەدا دەستێکی هەبوو. لێی پاڕایەوە: چاکی بکاتەوە.

بەڵام فریشتەکە، ناپاکییە کۆنەکەی (پاریس)ی بیر کەوتەوە، لەگەڵ کەنەفت کردنەکەیدا، کە ئەو هەموو ساڵانە خۆی لێ دوورخستبووەوە. لەبەر ئەوە نەیویست چاکی بکاتەوە، دەستی بەڕوویەوە نا!. کەچی کە (پاریس) مردو دەستیان کرد بەسووتاندنی لاشەکەی، پەشیمان بووەوە. (ئونیون)م (ئونیون)، خۆی فڕێ دایە ناو ئەو ئاگرەوە، کە لاشەی (پاریس)یان تێدا دەسووتاند... ئەویش لەوێدا خۆی سووتاندو بوو بەخۆڵەمێش.

خۆڵەمێشی لاشەی هەردووکیان تێکەڵ بەیەک بوو!...

(١) دیار نەبوو: نادیار (غیبی).

## ئەسپەدارینە یەک و ئەنجامی ترودا

چوارلاگرتنی شاری تروادە لەلایەن گریکەکانەوە دریژەی زۆر کێشا، کەچی هیچ بەرێکی نەداو بەئەنجامێکی تاسەریش نەگەیشت. دوایی ژن خودا[1]، (ئەتینا)، نیازێکی خستە دڵی یەکێک لە سەرکردەکانی (ئاگامەمنوون)ەوە، کە چەند کردەوە و کارێک بنوێنرێ... بیرەکەی (ئەتینا) زۆر بلیمەتانە بوو.

کە یۆنانییەکان تێی گەیشتن، دمودەست دەستیان کرد بەجێبەجێکردنی... هاتن هەرچی خێوەتێکیان بودبوو لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئەوێ سووتاندیان. هەرچی کەلوپەلێکیشیان هەبوو هەڵیان گرت و بردیانەوە بۆ ناو کەشتییەکانی خۆیان... دوایی لەو کەنار ئاوە باریان کردو بەناو ئاوەکەدا دەستیان کرد بەڕۆشتن...

خۆیشیان وا پیشان دا کە دەڕۆنەوە بۆ خاکی خۆیان و، جارێکی تریش نایێنەوە... بەڵام لەسەر کەناری دەریاکە، کە چۆڵیان کرد، ئەسپەدارینەیەکی یەجگار زەلامیان بەجێهیشت... ئەسپەدارینەکە بوو بەهۆی سەرسوڕمانی دانیشتوانی شاری ترواده. دەستیان کرد بەیارمەتیدانی یەکتری و بەهەموویان ئەسپەکەیان ڕاکێشاو بردیانە ناو شارەکەیانەوە... مەبەسیان لەمە ئەوەبوو: وەک سامانێکی تالانی ئەسپەدارینەکە پێشکەشی خوداکانی خۆیان بکەن!...

هەر لەو کاتەدا کە ترواده‌ییەکان خەریکی ئاهەنگ و زەمانەوەندی خۆیان بوون و، بەزموڕەزمیان دەکرد و، بەو بۆنەیەوە ئاهەنگیان دەگێڕا، کە دوژمنەکانیان کۆچیان کردووە و، چوارلای شارەکەیشیان بەرەڵڵاکردوون...، هەر لەو کاتەدا کە ئەوانە کەیلی مەی بووبوون و، لە بەزموڕەزمدا نوقوم بووبوون، دەرگایەکی نهێنی لە سکی ئەسپە دارینەکەدا کرایەوە و، هەرچی سەرکردەیەکی گریکەکانی تێدا شارابووەوە هاتنە دەرەوە!... ئەو سەرکردانە، دەمودەست، خۆیان گەیاندە دەروازەکانی شاری ترواده و خستیانە سەرپشت... سەربازە یۆنانییەکانیش کە بەسەر کەشتییەکانی خۆیانەوە گەڕابوونەوە کەنار ئاوەکە، بەدزییەوە خۆیان گەیاندبووە دەروازەکانی شارەکە، لەو دیو دیوارە زلەکەی شارەکەوە... کە دەرووازەکانیان دی: کراونەتەوە، خۆیان فڕێ دایە ناوشارەکەوە... دەتگوت شەپۆلی ناو زرێن و دەکەونە ناو گێژاوەوە.

(١) ژن خودا: خواوەندێک کە ژنە.



تەلارە بەرزەکانی شارەکە، کە بەسەر دیوارە بەرزەکەوە بوون...

هەروەها دەستیان کرد بەکوشتاری دانیشتوانی شارەکە...

ئەمەندەیان بەشیرلێ کوشتن ناچاربوون خۆیان بدەن بەدەستەوە!...

بەم ڕەنگە (شاری ترواده) سەرئەنگرێ بوو. بەهۆی فێڵێکی وایشەوە کەوتە دەست دوژمن، کە بەگەورەترین و کۆنترین فڕوفێڵ دادەنرێ لە مێژووی جەنگەکاندا!...

# ئۆدێسە

دانانی: هۆمیرۆس

ئەم نووسراوە

خۆشەویستیی ڕاستەقینە کە لەناو ژن و مێردێکدا پێک بێت، ئەمەندە کامەرانی و سەربەرزی و چاکە و فەڕی لێ دەوەشێتەوە، لە جیهاندا هیچ زەبر و زەنگێک و هیچ فڕوفێلێک و هیچ مەترسی و تەنگوچەڵەمەیەک کاری تێ ناکات. گیانەکەی دەژی و نامرێ و، چراکەیشی ناکوژێتەوە و، هەتا هەتایش پرشنگ دەدات. چیرۆکی (ئۆدێسە)یش کە بەرهەمێکی ناوازەی بەناوبانگی (یۆنانستان)ی کۆنە و، لە (٣٠٠٠) ساڵێک لەمەوپێشەوە بەهۆنراوە، لەلایەن (هۆمیرۆس)ەوە گوتراوە بەگۆرانی، لەم جۆرە (دڵداری) و (خۆشەویستی)یە دەدوێت. دڵدارەکان: (ئۆدیسیۆس)ی پاڵەوان و (بنیلۆبی)ی شۆڕەژن، ئەو پەڕی خۆبەخت کردن و مەردایەتی و ئازایەتی و داوێن پاکی و کارەساتێکی ناهەموار و، سەختیی ژیان و، سەرگەردانی و، ئەرک و ئازارێک دەگرن، لەپێناو پاراستنی خۆشەویستی و ژن و مێردی یەکەیاندا. سپڵەیی و ناپاکی و داوێن پیسی ناکەن. دە ساڵی خشت بەسەر جیابوونەوە و لێک بڕانیاندا تێدەپەڕێ، کەچی کە دەگەنەوە بەیەک، بەهەناسەیەک ئەو هەموو ئەرک و ئازارەیان لەبیر دەچێتەوە و پێک شاد دەبنەوە.

ئەم چیرۆکە، هەرچەندە بیروباوەڕی وەهای تێدا هەیە، هۆش پەسندیان ناکات، هەرچەندە ئێستایش مقۆمقۆ لەسەر بوون و نەبوونی دانەرەکەی (هۆمیرۆس) دەکرێ، هەرچەندە هێشتا بەتەواوەتی دەرنەکەوتووەکەی دانراوە... بەڵام لەبەرئەمەی لە شێوەیەکی سووک و ئاسان و، ناسک و ڕەواندا هەرچی کردەوە و ڕەووشتە خۆشەویستەکان و، بیروباوەڕ و، هەست و تاسە شیرینەکانی مرۆڤایەتی هەیە، لەناو ئەو هەموو کارەساتە سامناک و، ڕەنگاوڕەنگ و، سەرسوڕهێنەرانەدا بەجوانی و تەڕوتازەیی دەردەبڕێ، ئەمە (٣٠٠٠) ساڵە بەسەریدا تێپەڕی کردووە، کەچی تا ئێستا لە کۆڕی وێژەی جیهانیدا، وەک چیرۆکێکی ناوازە و نایاب خۆی پاراستووە و، نرخی خۆی ون نەکردووە. تێکڕا هیچ زمانێکی زیندوویش نەماوە، ئەم چیرۆکەی پێ پەرچڤە (تەرجومە) نەکرابێ. لەبەرئەوە منیش بەپێویستم زانی، لەم شێوە کورت کراوەیەدا، کە لە جێی خۆیدا پسپۆڕێکی شارەزا



کردێتی، ئەم چیرۆکە ناوازەیە بکەم بەکوردی و پێشکەشی خوێندەوارانی کوردی بکەم.

ئەم چیرۆکە، هەتا جیهان مابێ، سەرچاوەی کەڵک و خۆشی و فەڕ دەبێ، بۆ وێژە دۆستان و دڵداران و خۆشەویستان.

جا هیوادارم بەخودا کە ئەو خۆشی و کەڵک و فەڕە، بەخوێندەوارانی کوردیش بگات.

شاکر فەتاح

سلێمانی: ٥-٤-١٩٦٧

(خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد)

## ئۆدێسە

### ١

پاش ئەمەی جەنگی (تروادە) تەواو بوو، یۆنانییەکان کە لەو جەنگەدا سەرکەوتبوون، سەربازەکانیان هەموو گەڕانەوە خاکی خۆیان لای خێزانی خۆیان، یەکێکیان نەبێ، کە ئەویش (ئۆدیسیۆس)ی پاڵەوان بوو. ئەم پاڵەوانە هەندیک کردەوەی وەهای نواندبوو، (پۆزیدۆن)ی خودای دەریای لە خۆی تووڕە کردبوو.

ئەمیش لە داخاندا سوێندی لێ خواردبوو، کە هەتا (ئۆدیسیۆس) مابێ، نەهێڵێ جارێکی تر سەر بکاتەوە بەماڵە خۆشەویستەکەی خۆیدا، کە لە (ئیناکا)دا بوو. هەروەها بێ بەشیشی بهێڵێتەوە لە باوەشی ژنە دڵسۆزەکەی، کە ناوی (بنیلۆبی) بوو! خودای تۆڵەسێنەوە، سوێندەکەی خۆی بردەسەر. ژنە کلۆڵەکەی (ئۆدیسیۆس) و کوڕەکەی کە ناوی (تیلماخوس) بوو، تا دە ساڵی خشت چاوەڕوانی گەورە خۆشەویستەکەی خۆیان بوون، بێتەوە بۆ لایان چاویان پێی ڕوون ببێتەوە، بەڵام ڕەنجیان بەپاچوو!...

کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، هەر بەهیوابوون، ڕۆژێک لە ڕۆژان دێتەوە!... هەرچی دانیشتوانی شارەکە بوون، لەوە دڵنیابووبوون کە (ئۆدیسیۆس) نەماوە و مردووە. لە هەموو دورگەیەکی یۆنانی دراوسێوە سەرداران و پیاوە خانەدانەکان ڕوویان دەکردە ماڵی (ئۆدیسیۆس)، داوای مارەکردنی ژنە جوانەکەی ئەویان دەکرد، بەڵام (بنیلۆبی) دەستی دەنا بەڕووی هەموویانەوە و، شووی پێ نەدەکردن. هەر لەسەر دڵسۆزیی خۆی مایەوە بۆ مێردەکەی، هیوای هاتنەوەی ئەوی لە دڵی خۆیدا نەبڕی!... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەوانەی دڵیان بە(بنیلۆبی)دا چووبوو، وازیان لێ نەهێنا، هەر لەسەر تکاو پاڕانەوە و

چەواشەکردنی خۆیان دەڕۆیشتن. بەڵکو دڵی نەرم ببێ و شوویان پێ بکات. تەنانەت دەوانە لە ئەندازەیش دەرچوون، ماڵی ئافرەتەکەیان بەماڵی خۆیان دادەنا. لەوێدا دەمانەوە بەتەنشت (بنیلۆبی)یەوە، بەزم و ڕەزمیان دەکرد و، نان و خوانیان دەڕازاندەوە و، ئاهەنگی خۆش خۆشیان دەگێڕا، بەهیوای ئەوەی ئافرەتە کە لە قسەی خۆی پاشگەز ببێتەوە و، دڵی نەرم ببێ و یەکێک لەوانە بکات بەمێردی خۆی!... کەچی هەر لەو دەمەدا، تا دەهات ڕقیان لە (تیلماخوس)ی کوڕی ژنەکە و دەس و پێوەندە دڵسۆزەکانی (ئۆدیسیۆس) هەڵدەستا تا گەیشتنە ڕادەیەکی وەها، ڕۆژێکیان نیازیان بوو هەموویان لەناوببەن، تا لەدەست تەنگەتاوکردنی ئەوانە ڕزگاریان ببێ!... بەدرێژاییی ئەو هەموو ساڵانەیش. پاڵەوانی دیارنەبوو، ئۆدیسیۆس لە بەندیخانەی دوڕگەکەی فریشتە (کالیبسۆ)دا توند کرابوو، لەسەر ئەوەی کە ئەم، ئەوی بەدڵدا چووبوو، داوای دڵداری و هاوسەریی لێ کردبوو؛ کە ئەگەر بێتو (ئۆدیسیۆس) بەدڵی ئەو بکات، ژیانی تاسەری پێ دەبەخسێ و هەرگیز نامرێ. بەڵام پاڵەوانی مەردو ئازا بەقسەکانی (کالیبسۆ) چەواشە نەبووبوو. نە گوێی دابووە وتووێژەکانی. نە دڵداری یشی لەگەڵدا کردبوو. لە جیاتیی ئەوە ئەو ڕۆژگارە درێژانەی بەوەوە ڕادەبوارد، کە لە گوێ دەریاکە دادەنیشت و بەچاوێکی گێژ و وێژەوە سەیری شەپۆلە ئاوەکانی دەکرد. لەتاو ئازاری گیانی خۆیشی فرمێسکی هەڵدەڕشت بۆ خانووەکەی لە (ئیناکا) داو بۆ (بنیلۆبی)ی ژنە خۆشەویستەکەی کە لەناو ئەو خانووەدا دەژیا!...

(پۆزیدۆن)ی خودای دەلیا هەر لەسەر دوژمنایەتی خۆی مایەوە لەگەڵ (ئۆدیسیۆس)دا. بەڵام خودا کاتی تر، بەتایبەتی ژن خودای بیر و لێکدانەوە، (ئەتینا)، کە خاوەنی دوو چاوی کاڵ بوو بەزەییان بەم پاڵەوانە ئاوارەیەدا دەهاتەوە. ئەوەیان بەهەل زانی کە خودای دەریا لەوێ نەمابوو، چووبوو بۆ (ئیتۆپیا)، فەرمانیان دا فریشتە کە (ئۆدیسۆس) بەرەڵلابکات و کەڵە کێکیشی پێ ببەخشێ کە هەڵیبگرێ و بیباتەوە بۆ (ئیناکا)... بەڵام (ئۆدیسیۆس) لەپێشدا ترسا لەوەی لە ئاوەکەدا نوقوم ببێ و بخنکێ. پاش ئەوە زۆری پێ نەچوو ئەم هەلەی بەباشزانی خۆی تێدا ڕزگار بکات، پەردەیەکی بۆ کەڵەکە کە ئامادە کرد و، هەندێک خواردەمەنیشی لەگەڵ خۆیدا برد و، کەوتەڕێ بەناو دەلیاکەدا...

چوار ڕۆژ بەناو دەلیاکەدا ڕۆیشت، بەخۆشییەوە ڕایبوارد... بەڵام لە ڕۆژی پێنجەمدا (پۆزیدۆن) لە (ئیتیۆپیا) گەڕایەوە. چاوی کەوت بە(ئۆدیسیۆس) کە بەسەر کەڵەکەکەیەوە بوو، بەناو زرێ کەدا دەڕۆیشت. ڕقی زۆر هەڵسا. داردەستەکەی ڕاوەشاند.



هەورەکان یەکیان گرت و، شەپۆلەکان بزووتنەوە و، دەشتیان کرد بەشڵپەشڵپ. دوای ئەوە بایەکان و گێژەڵووکەکانیشی بەرەڵلاکرد. دەستیان کرد بەووژەووژ و گیزەگیز، بەهەموو هێز و هەڕەتێکی خۆیانەوە هەڵیانکرد. (ئۆدیسیۆس) کە چاوی بەوانەکەوت، بڕستی بڕاو دڵی داخورپاو کەوتە ترس و لەرزەوە. لەتاو ئازاری گیانی خۆی، دەپاڕایەوە و هاواری دەکرد، دەیگوت: (ئای چەندە من بەدبەختم!... خۆزگە بەنێزەی یەکێک لەسەربازەکانی ترواده بکوژرامایە و ئەمەم بەچاوی خۆم نەدیایە کەوا بەم ڕەنگە تووشی بەندەیی و تەنیایی و مردنی سامناک و ناسۆر ببم لەم ئاوارەیی یەدا!...).

ئا لەو کاتەدا کە (ئۆدیسیۆس) لەگەڵ خۆیدا دەدوا، شەپۆلە ئاوێکی یەجگار گەورە دای بەسەریدا، پەردەی کەڵەکەکەی پارچە پارچە کرد و، فڕێی دایە ناو گێژاوە کەوە کە پڕی بوو لە شەپۆل... بەڵام لەگەڵ ئەمانەیشدا هەمووی، (ئۆدیسیۆس) ئەوەی لەبیر نەچووەوە کە بەهەموو هێزێکی خۆیەوە دەست بگرێت بەو دارەوە کە لە کەڵەکە کە مابووەوە. هەر مایەوە، بەو ڕەنگە، بەرەنگاریی شەپۆلە ئاوەکانی دەکرد و خۆی لە کەڵە بەردەکان[1] لادەدا و، نوقوم دەبوو بەناو ئاوە کەداو، سەردەکەوتەوە سەرئاوەکە، تا فریشتەی زرێ کە دڵی پێی سووتاو لەنزیکی گیانەڵاوییدا فڕێ دایە گوێ دەلیاکەوە... کە (ئۆدیسیۆس) کەوتە کەنار ئاوەکە، سەرزەوی، لە لووت و دەمیەوە بەشێکی زۆر لە ئاوی زرێکە هاتەدەرەوە... پاش ئەوە لەشی لە جووڵە کەوت. تاماوەیەکی درێژیش وەک لاشەیەکی مردوو لەوێدا مایەوە... دوایی هاتەوە هۆش خۆی. بەرەبەرە هێزی هاتەوەبەر. ئنجا ڕاست بووەوە و، بەپاڵ شاخەکەدا هەڵگەڕا تا گەیشتە بن سێبەرێکی تەواو. لەوێدا ڕاکشاو هەندێک گەڵای داریشی دا بەسەر خۆیدا، خۆی داپۆشی...

سەرداری ئەو دوڕگەیەیش کچێکی هەبوو ناوی (توزیکا) بوو. خەوێکی بەژن خودا (ئەتینا) وە بینی کە نیازی خستبووە دڵیەوە کە ئەو بەیانییە لە خەو هەڵبسێ و کراس و دەرپێی باوکی و براکانی خۆی لەگەڵ خۆیدا ببات بۆ سەر کەناری دەلیاکە تا لەوێ بیانشوات. کچەشایش فەرمانی دا بەکەنیزەکەکانی خۆی کە ئەو کراس و دەرپێ یانە بخەنە ناو گالیسکەیەکەوە و بەئیسترێک ڕاییکێشن. دایکیشی پڕ سەبەتەیەک خواردەمەنیی ڕەنگاوڕەنگ و شووشەیەک مەی و شووشەیەکی پچکۆلە ڕۆنی زەیتوونی دایە.

(١) کەڵەبەرد: گابەرد تاوێر

ڕۆنەکە بۆ ئەوەبوو: لەپاش خۆشتن، خۆی و کەنیزەکەکانی لەشی خۆیانی پێ بهەنوون. کاتێک لە جل شتن بوونەوە و کولێشیان کرد، نانیان خوارد.

پاش ئەوە کراسەکانیان داکەند و دەستیان کرد بەتۆپ تۆپێنە. لەو کاتەدا کە یاری یەکەیان دوایی دەهات، (ئەتینا)ی ژن خودا، دەستی کچەشای بزواند و لەتۆپ تێگرتنەکەدا هەڵەی کرد.

لە جیاتی ئەمەی تۆپەکە بگرێتە یەکێک لە کە نیزەکەکان، فڕێی دایە زرێکەوە!...کچەکانیش کە ئەوەیان دی، هەموو بەیەک دەنگ قریشکەیان بۆ کرد. (ئۆدیسیۆس) یان لەخەو خەبەرکردەوە. ئەویش ڕاست بووەوە لەجێیی خۆی و بەلاسکە درەختێکی پڕ گەڵا ناو گەڵی خۆی شاردەوە و ڕووی کردە کچەکان... کچەکانیش کە بەو لەشە ڕووت و قووتەوە، چاویان پێ کەوت و لەشیان دی، کەفی ئاوە سوێرەکەی زرێکەی پێوە نووسابوو، بەقاووقیژێکەوە هەڕایان کرد و لێیی دوورکەوتنەوە. بەڵام کچەشا (توزیکا) لە جێیی خۆی مایەوە. نەترساو بەرامبەری وەستا.

هەڕای نەکرد!...

لاوەکەیش ماوەیەک داما، نەیدەزانی چی بکا. یان دەبوو دەستی لە ئەژنۆکانی کچە کە بدایە و، خواستەکەی خۆی پێ بگوتایە، وەک باو لەو سەردەمەدا. یاخود دەبوو لە جێیی خۆی بوەستایە و، لە دوورەوە تکای لێ بکردایە کە لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ ناو شار و، جێگایەکی بۆ تەرخان بکات و، داڵڵای بدات، هەر بەو بۆنەیەوە کە ئاوارەیە و لێیی قەوماوە و ڕێیی لێ ونبووە!...

(ئۆدیسیۆس) ڕێگای دووەمیانی پێ باشتربوو، نەوەک بەدەست لێدان لەئەژنۆکانی توورەی بکات!... لەبەرئەوە لەجێیی خۆی وەستاو بەزمانێکی شیرین و ڕەنگینەوە تکاکەی خۆی لێ کرد.

ئیتر هەر ئەوەندە (توزیکا) سکاڵاکەی لێ بیست، دڵی پێیی سووتاو لە کراس و دەرپێکانی براکانی هەندێکی پێ بەخشی و، لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ ناوشار، بۆ کۆشکی باوکی، کە گەورەی دوڕگە کە بوو لەوێ. باوکی (توزیکا)یش پێشوازییەکی جوانی کردو، میواندارییەکی ناوازەی کردو، پێیی گوت: سەر گوروشتەکەی خۆی بۆ بگێڕێتەوە... پاڵەوانەکەیش زمانی بەرەڵڵا بوو. هەر لە شکانی (تروادە)وە هەرچی یەکی بەسەرهاتبوو بۆی گێڕایەوە...



## ٢

گوتی: (من (ئۆدیسیۆس) کوڕی (لاییرتس)م، کە ناوبانگم گەیشتۆتە ئاسمان... ئەمەیش سەر گوروشتەی ئەو سەر گەردانی یانەیە کە بەسەرمدا هاتوون، لەسەر دەستی (زێوس) و خوداکانی دا، هەر لەو ساکەوە کە لە (ترواده) گەڕاومەتەوە بۆ شارەکەی خۆم...

(با هەڵیکرد و پاڵی نا بەکەشتییەکەمەوە، بردمی بۆ ناو خاکی هۆزەکانی (سیکۆنس). منیش شارەکەیانم تاڵان کرد و گەلێک کەسم لێ کوشتن. پاشان ژنەکانیان و سامانەکانیانم دابەش کرد بەسەر پیاوەکانمدا. ئەگەر دەمودەست لەوێ بارمان بکردایە، هیچ شتێک ڕووی نەدەدا. بەڵام هەندێک لە پیاوەکانم چەند چوار پێیەکیان لەسەر کەناری ئاوەکە سەربڕیبوو، چاوەڕوانی ئەوە بوون ببێتە ئێوارە و نان و خوانێکی لێ پێک بهێنن. دانیشتووانی دوورگەکەیش لەو کاتەدا کۆبووبوونەوە و، چەند جارێک هورووژمیان بۆ هێنایین، زیانێکی زۆریان لێ داین... دوای ئەوە شەپۆلەکانی زرێکە، کە هەڵسابوو، تا نۆ ڕۆژ ڕەتیان پێ بردین. لەڕۆژی دەهەمدا لە کەناری دوورگەی (لۆتس) خۆران گیرساینەوە. منیش سێ کەسم لە پیاوەکانم هەڵبژارد و ناردمە کن نەتەوەی ناو دوورگەکە. نەتەوەکەیش بەڕوو خۆشییەکەوە، پێشوازییان کردبوون و، تێروپڕ لەو (لۆتس)ەیان دەرخوارد دابوون، کە خۆیان لێیان دەخوارد.

ئەم (لۆتس)ەیش بریتییە لە میوەیەکی شیرین، کە هەر وەک هەنگوین وایە. هەر کەسێ بیخوات دڵی دەچێ بەو خاکەدا کە تێیدا ڕوواوە و، نایەوێ هەرگیز لێیی جیاببێتەوە... بەم ڕەنگە ناچار بووم هەر سێ پیاوەکەی خۆم باڵ بەست کرد و بەزۆر فڕێم دانە ناو کەشتییەکەوە... پاش ئەوە دەمودەست لەو دوورگەیە بارمان کرد، نەوەک کەسانی تریش لەو میوەیە بخۆن و سەر کێشی بکەن و نەیێنەوە بۆ خاکەکەی خۆیان!...

پاشان گەیشتینە خاکی نەتەوەیەک، پێیان دەڵێن: (سیکلۆپس).

ئەوانەیش هەموو سەرکێش و دڕندە بوون. هەر یەکە یەک چاوی هەبوو، کە لە ناوەڕاستی ناوچەوانیدابوو. منیش دوانزەکەسم لە پیاوەکانم هەڵبژارد و لە کەناری ئاوەکە دابەزین. لەپاش ڕۆیشتنێکی کەم، گەیشتینە بەردەمی ئەشکەوتێکی گەورە، کە پڕ بوو لە ئاماری ماست و پەنیری نایاب. ئێمەیش چووینە ناو ئەشکەوتەکەوە و، دەستمان کرد بەخواردن. چاوەڕوانی گەورەی دوورگەکە بووین، بێتەوە. کە گەیشتینە ئێوارێ، گەورەی دوورگە کە هاتەوە.

پیاوێکی یەجگار زەلام و بەسام بوو. پیاو لێی دەتۆقی، ئاژاڵە گۆشتنەکانی خۆی خستە ناو ئەشکەوتەکەوە و، کەڵەبەردێکی یەجگار گەورەیشی خستە بەر دەرگاکە و دایخست. بەردەکە ئەمەندە زل بوو بەچەند پیاوێک لەجێیی خۆی نەدەبزوێنرا. پاشان بەتیلاییەکی چاو تێمان مۆڕ بووەوە و لێی پرسین: چیمان دەوێ...

منیش پێم گوت: (ئێمە یۆنانین) لە شاری (تروادە)وە هاتووین.

تکای میواندارێت لێ دەکەین. تۆیش لەڕێی (زێفس)ی گەورەی خوداکاندا کە پشتیوانی ئاوارانە بمانکە بەمیوانی خۆت...). کابرای لنگەهووریش[1] کە ئەوەی بیست، بەدەنگێکی سامناکەوە وەرامی داینەوە، گوتی: «ئێوە بەهەڵەدا چوون کە ئێمەتان وا داناوە بایەخ بە«زێفس» و خوداکانی دەدەین. ئێمە ڕۆڵەی «پۆزیدۆن»ین، کە لە بنەچە و پایەدا، لەوان گەورەترن!... پاش ئەوە، بێ ئەمەی ورتەیەکی لە دەمەوە بێت دەستی خستە بان پشتی دوو کەس لە پیاوەکانم و بەهەموو هێزی خۆیەوە دانی بەسەر کەڵەبەردەکانی ناو ئەشکەوتەکەدا، کاژەڵەی سەریان هاتە دەرەوە. دوای ئەوە «پارچەپارچەی کردن و ئامادەی کردن بۆ نانی شێوانی خۆی!...

کاتێکیش هەر دوو زەلامەکەی قووت دا بەگۆشت و ئێسک و مێشکەوە، لە ناوەڕاستی بەرخەکانیدا، لەسەر زەوییەکە ڕاکشاو خرپ خەوی لێ کەوت!...

«بیرم لەوە کردەوە کە شیرە تیژەکەمی لێ هەڵبکێشم و هەڵبکوتمە سەری... بەڵام کە لێکم دایەوە، هەموومانی تێدا دەچووین. بەهەموومان پێکەوە نەماندەتوانی ئەو کەڵەبەردە لابەرین کە دەمی ئەشکەوتەکەی پێ گیرابوو!. بەم ڕەنگە ماینەوە لەوێدا، هەر خەریکی شیوەن و گریان بووین تا ڕۆژ بووەوە...

کاتێ کە ڕۆژ هەڵهات، لنگەهوورەکە خەبەری بووەوە. ئاگری هەڵکردو مەڕەکانی خۆی دۆشی. پاش ئەوە ڕووی وەرگێڕا بۆ پیاوەکانم: دوو کەسی تری لێ هەڵگرتن و کردنی بەژەمێک خواردن بۆ ناشتای بەیانیی!... کاتێ کە لە خواردنی زەلامەکانم بووەوە پاڵی نابە بەردەکەوە، گلۆری کردەوە و مەڕەکانی دایە پێش خۆی. پاشان دەرکی ئەشکەوتەکەی بەبەردەکە گرتەوە...

ئنجا ملی نا بەڕێوە. منیشی بەجێهێشت بیر لەوە بکەمەوە: چۆن خۆمان دەرباز بکەین!... دوایی بیرم چوو بۆ ڕێیەکی دەربازبوون: لەناو ئەشکەوتەکەدا کوتەکێکی زەلام

(١) لنگەهوڕ: چەتەوڵ، زەبەللاح (عملاق).



کە لە داری زەیتوونی سەوز دروست کرابوو دانرابوو. کوتەکەکە یەجگار زل بوو. ئەوندەی کۆڵەکەی کەشتی یەکی وابوو، کە بیست سەوڵ لێ بدرێ، ئنجا بڕوات بەناو ئاودا. منیش بەشێکم لەو کوتەکە زلە کردەوە کە درێژاییی شەش پێ بوو. بەپیاوەکانی خۆم گوت: سەرەکەی تیژ بکەن و، لەسەر ئاگرەکە وشکی بکەنەوە. پاشان ختسمە ژێر کۆمەڵەیەک پەیینەوە کە لە سووچێکی ئەشکەوتەکەدا دانرابوو شاردمەوە... کە بوو بەئێوارێ و هاوڕێکەمان بەخۆی و مەڕەکانییەوە هاتەوە، کەڵە بەردەکەی بەردەم کونی ئەشکەوتەکەی لاداو، دوو کەسی تریشمانی کرد بەشێو بۆ خۆی!... لەو کاتەدا جامێک مەیی بەهێزم لە هینەکەی خۆمان دایە... بەجارێک هەمووی نۆش کرد. کە لچی خۆی لستەوە، بەدڵخۆشی یەکەوە گوتی: (ئەمە هەر لەمەیی خودایی دەکات! ئێستاکە ناوی خۆتم پێ نالێیی، تا وەک ئاوارەکان بەخشندەیت لە گەڵدا بکەم؟)... منیش جامێکی تری مەیم دایەوە، پێم گوت: ناوی من (کەس نییە)یە. لەبیریشت نەچێ کە بەخشینەکەم لەگەڵدا بکەیت!...کە ئەوەم پێ گوت بەزمانێکی وەهاوە وەرامی دامەوە: دڵم داخورپا. گوتی: «(کەس نییە)ت ناوە. منیش لە دوای ئەوەی هەموو پیاوەکانتم خوارد، تۆیش دەخۆم. بەخشندەیییەکەی منیش بۆ ئاوارەکان ئەمەتا!...».

دوای ئەوە بەلادا پاڵ کەوت و کەوتە خەوێکی گرانەوە. وا دیاربوو مەیەکە تەواو کاری لێ کردبوو. بەڵام لەپێش ئەمەدا بنوێ، ڕشایەوە هەندێک پارچە گۆشتی زەلامەکانی منی لە دەم هاتە دەرەوە!...

منیش دەمودەست خۆم بۆ ئامادە کرد و، دەستم کرد بەجێبەجێکردنی ئەو کارەی بۆم دانابوو دەربارەی بکەم.

کوتەکەکەم فڕێ دایە ناو ئاگرەکەوە، کە هێشتا گڕی مابوو.

سەرەکەی وەک پشکۆی ئاگری لێ هات و، سوور بووەوە. پاش ئەوە بەهەموو هێزێکی خۆمەوە کوتەکە ئاگراوی یەکەم کرد بەچاویدا کوێرم کرد!... سەرەپزووتکەکەم بەناو گلێنەی چاویدا دەگێڕا، چاوو، پێڵوو، برژانگەکانی هەموو سووتاند.

لەو کاتەدا کە سەرەبزووتکە ئاگراوی یەکەم بەناو چاویدا دەگێڕا، دەنگێکی لێوە دەهات، هەر لەو دەنگەی دەکرد کە ئاسنێکی سوورەوەکراو دەخەیتە ناو ئاوێکی ساردەوە!.

«لنگەهوورەکە قریشکەیەکی کرد، زۆر سامناک بوو.

دیواری ئەشکەوتەکەی هێنایە لەرزین. ئێمەیش لە سووچێکی ئەشکەوتەکەدا خۆمان شاردەوە. خۆمان لێ دوورخستەوە. ئەویش کوتەکەکەی لە چاوی خۆی دەرهێناو، بۆ دوور فڕێی دا.

هاواری دەکرد و دەیقیژاند. بانگی نەتەوەکەی خۆی دەکرد کە لە ئەشکەوتەکانی تەنشت ئەو ئەشکەوتەدا دەژیان... ئەوانیش هاتن بەهاواریەوە لەبەردەم کونی ئەشکەوتەکەدا کۆبوونەوە. بەدەنگێکی هەرە بەرزی خۆیەوە وەرامی دانەوە، گوتی: (کەس نییە) هەڵیکوتاوەتە سەرم!... (کەس نییە) ئازارم دەدات!...».

ئەوانیش پێ بانگوت: «(کەس نییە) ئازارت بدات و، (کەس نییە) هەڵبکوتێتە سەرت، کەواتە (پۆزیدۆن)ی خودا، تووشی نەخۆشی کردوویت. لەبەرئەوە ئێمە ناتوانین یارمەتیت بدەین!».

ئیتر ئەوەیان گوت و ڕۆیشتن. بەجێیان هێشت!...

«لنگەهوورەکەیش کە ئەوەی لێ بیستن، بەپەلەکوتێ خۆی گەیاندە دەرکی ئەشکەوتەکە و، کەڵەبەردەکەی دەم کونەکەی گلۆر کردەوە و، لەناو دەرگاکەدا دانیشت. پەلەکانی خۆیشی کردەوە بەناو دەرگاکەدا، تا ماوەنەدات بەکەسمان لە دەستی دەرباز ببین! بەڵام ئێمە، بێ دەنگ، بەهێواشی، خۆمان گەیاندە ناو مەڕەکانەوە و هەریەکەمان خۆی بەسکی مەڕێک لەو مەڕانەوە هەڵواسی و، چنگی لە تیسکی مەڕەکە گیر کرد. بەم ڕەنگە بەلایدا تێپەڕین و بێ وەی لە دەستی لنگەهوورەکە ڕزگار بووین. لنگەهوورەکە هەموو جارێک دەستی دەدا لە پشتی مەڕەکان. بەڵام ئێمە بەبن سکیانەوە خۆمان هەڵواسیبوو!... کاتێ لە ئەشکەوتەکە دەرباز بووین، مەڕەکانمان خستە پێش خۆمانەوە و چووینەوە ناو کەشتی یەکەمان و، بەبێ وەی ڕەومان کرد.

کاتێ کە لە ناوچەی مەترسیی دوورکەوتینەوە، بانگم کردە لنگەهوورەکە، دەستم کرد بەتوانج پلارتێگرتنی. ئەویش ئەمەندە ڕقی هەڵسا، کەڵەبەردێکی لە گردەکە هەڵکەند و، تووڕی هەڵدا بۆ ناو ئاوەکە، بۆ ئەو جێگایەی کە دەنگی منی لێوە دەهات. زۆری نەمابوو کەشتییەکەمان ببێ بەژێر ئاوەکەوە... بەڵام من هەر قسەم پێ دەگوت و، خەوش ونەنگبیی ئەوم دەردەخست. ئەویش هیچی بۆ نەمایەوە، داخی دڵی خۆی پێ بڕێژی، ئەوە نەبێ کە پەنا بەرێنە بەر (پۆزیدۆن)ی خودا، تۆڵەی بۆ بکاتەوە – خودایش گوێی لێ بوو، بەڵێنی دایێ کە نزاکەی گیرا دەبێ!...



«پاش ئەوە گەیشتنیە دوڕگەی (ئەیولاس). ئەم خودایە زاڵە بەسەر هەموو بایەکدا... هەمانەیەکی دامێ، هەرچی بایەک بۆ ڕۆیشتنی کەشتییەکەمان خراپ بووبێ، خستیە ناویەوە و دەرکی گرێ دا. دەمی هەمانەکەی بەدەزوویەکی سیمین بەست، کە بەرگەی هیچ دەست لێ دانێکی نەدەگرت. پاش ئەوە بایەڕۆژئاواییەکانی خۆی نارد، بۆ ئەمەی بەرە و نیشتمانەکەم کەشتییەکەم ببەن. تا نۆ ڕۆژی خشت بەخۆشییەوە ڕامانبووارد. لە ڕۆژی دەهەمدا زەویی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان بەرچاو کەوت تەنانەت نەتەوەکەی خۆمان دەدی: ئاگریان بۆ هەڵدەگیرساندین کە ڕابەر بێ بۆمان بۆ دەرگای بەندەرەکە. لە دڵخۆشیی خۆم و ماندوێتییەوە، خەو دایگرتم... کاتێ کە نوستبووم، زرێوانەکانم لەسەر توورەکەکەی (ئەیولاس) لێیان بووبووە مقۆ مقۆ. ئەوانە وایان زانیبوو: ئەوەی لەناو توورەکە کە دایە، دیارییەکی بەنرخە و، پڕە لە زێڕ و زیو! دوایی لەسەر چڵێی خۆیانەوە دەمی توورەکەکەیان کردبووەوە... ئەو بایانەیش کە لەناو توورەکەکەدا بەندکرابوون، بەهەموو هێزو هەڕەتی خۆیانەوە دەرپەڕیبوون.

کاتێکمان زانی، ماوەیەکی گەلێ دوور کەشتییەکەمانیان گێڕاوەتە پاشەوە بۆ ناوەڕاستی دەریاکە!...

«پاش چەند ڕۆژێک گەیشتینە دوورگەی ژن خودا یەک کە ناوی (سیرک) بوو. نیوەی پیاوەکانم ناردە ناو دوورگەکەوە تاقیی بکەنەوە.

ئەوانیش ڕۆیشتبوون تا گەیشتبوونە کۆشکی (سیرک)... ژن خودایش بەڕوویەکی خۆشەوە پێشوازیی کردبوون و، مێوانداریشی کردبوون. جۆرە مەیێکیشی دەرخوارد دابوون کە بیهۆش داڕوویەکی تایبەتی تێکەڵ کردبوو. ئەم مەیە بۆ ئەوە دروست کرابوو، کە نیشتمان و خێزانی خۆیان لەبیرباتەوە!...

دوایی چاوبەستیشی لەگەڵ بەکارهێنابوون، داردەستەکەی خۆی پێداکێشابوون. بووبوون بەبەراز. بەڵام هۆشی مرۆفانەیان پێوە مابووەوە!... منیش کە تەماشام کرد زۆریان پێ چوو، نەگەڕانەوە، شیرەکەی خۆم هەڵگرت و ڕووم کردە کۆشکەکە بەڵام لە ڕێگادا (هورمسی خاوەن پێڵاو زێڕ)م بەرچاو کەوت.

لەوە ئاگاداری کردم کە پیاوەکانم چییان بەسەرهاتووە. گیایەکی تایبەتیشی دامێ کە لەچاو بەست کردنی (سیرک)م بپارێزێ.

دوای ئەوە ئامۆژگاری یشی کردم: هەرکاتێ داردەستەکەی خۆی لە ڕوومدا بەرز کردەوە، منیش شیرەکەمی لێ هەڵبکێشم.

ئەوساکە ئەویش لێم دەپاڕێتەوە و داوای چاوپۆشینم لێ دەکات و دەشبێ بەدۆستم؟... ئەمانەیش هەموو ڕوویان دا... ئیتر (سیرک) چاوبەستەکەی خۆی هەڵوەشاندەوە. پیاوەکانی منیش وەک خۆیان لێ هاتەوە!... ئێمەیش هەموومان تا ساڵێکی خشت، لەگەڵ ژن خودا دا لەناو ئەو دوڕگەیەدا ژیاین!...

«کە ساڵەکە تەراو بوو، تکام لە (سیرک) کرد ڕێمان بدات بڕۆینەوە. گوتی باشە. بەڵام بەومەرجەی: لەپێش ڕۆیشتنماندا بچین بۆ خاکی (هیدس)، تا لە پیرە کوێرەکەی ئەوێ، (تیریسیاس) بپرسن، پاشەڕۆژمان چیەو بەچ ڕێگایەکدا بڕۆین... منیش بەڵێنم دایە کە بەگوێ بکەم و، دەستمان کرد بەڕۆیشتن. کاتێ گەیشتینە ئەو جێگایە، خۆمان لەو پەڕی جیهاندا دی. لەوێدا تەم و مژ هەموو لایەکی داگیر کردبوو... منیش چاڵێکم هەڵکەند و، خوێنی مەڕە کوشتی یەکانم تێ ڕشت. ئیتر هەر ئەوەندە گیانی مردووەکان بۆنی ئەو خوێنەیان کرد، هەموویان لەنزیکی کۆبوونەوە، لەناو ئەو گیانانەدا بووک هەبوو. لاوی هەرزەکاری بێ ژن هەبوو. پیری بەساڵداچوو هەبوو. هەروەها کچانی جوانیش هەبوون...

بەڵام من شیرەکەی خۆم هەڵکێشاو چوومە نزیک چاڵەکەوە. بەگیانەکانم گوت: کەسیان لە چاڵەکە نزیک نەکەونەوە، تا من لەگەڵ پیاوە پیرەکەدا (تیریسیاس) گفتوگۆ دەکەم!... کە سەرنجم دا لەناو گیانەکاندا گیانی دایکمی تێدابوو. کاتێ کە چووم بۆ جەنگی (تروادە) ئەو مابوو. کە ئەوم دی بەو ڕەنگە، دەستم کرد بەگریان... لەگەڵ ئەوەیشدا، زۆرم لێ کرد لە خوێنەکە نزیک نەبێتەوە، تا من پیرەکە دەبینم!.

«دوایی (تیریسیاس) هات. داردەستێکی زێڕینی بەدەستەوە بوو. دەستی کرد بەخواردنەوەی خوێنە ڕەنگ تاریکەکە، کە لە ناو چاڵەکە دابوو... ئنجا دەستی کرد بەلێکدانەوەی دوارۆژی من. گوتی:

«تەنگانەت زۆر دێتە ڕێ. بەڵام تۆ و پیاوەکانت لە توانایی تاندا هەیە بێ وەی بگەنەوە ماڵی خۆتان، ئەگەر بەتەنگ ئەوەوە بن. کە گەیشتنە دوڕگەی (تریناسیا) زیان بەئاژاڵەکانی نەگەیێنن. چونکە ئەو ئاژاڵانە لەبەرەی (هەلیوس)ی زێڕینن.

بەڵام ئەگەر بێتو ئازارێکی ئەو ئاژاڵانە بدەن، خۆیشتان و کەشتی یەکەیشتان تووشی سەرگەردانی دەبن. تەنانەت ئەگەر خۆیشت بەزیندوێتی دەرباز ببیت و بگەیتەوە جێگەی خۆت، لە دەست دەردی سەری ڕزگارت نابێت. لە شێوەیەکی وادا چاوت بەخێزانەکەت دەکەوێتەوە کە هەموو لە خەفەت و سزادا بتلێنەوە.



تەنانەت ئەگەر بگەیتە ئەوپەڕی تەمەنی خۆیشت، هەر لەناو زرێدا تووشی مەرگ دەبیت!...».

لەپاش ئەمەی پیرەکە لە لێکدانەوەکەی خۆی بووەوە، هەموو جۆرە ئازارێکم هاتە پێش چاو، کە لە ناو دۆزەخدا بەر پیاو خراپان دەکەون. ئەو دیمەنانە ئەمەندە ناخۆش و پڕ ئازار بوون، هیچم بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ کە لەو شوێنە دەربازبیم و بچمەوە ناو کەشتی یەکەم. دوای ئەوە دەستمان کردەوە بەکۆچ کردن و، بایەکی لەسەرخۆیش کەشتییەکەمانی بەناو ئاوەکەدا دەبرد.

(سیرک)یش لەوە پێش ئامۆژگاریی کردبووین کە خۆمان لە بووکەکانی ناو زرێ بپارێزین و گوێ نەدەینە بانگ کردنە خۆشەکەیان کە چەواشەمان دەکەن و بۆ دەردی سەری کێشمان دەکەن. هەروەها ئێمەی ترساندبوو لەوەی توخنی کێڵگەی گولزاری ئەو بووکانە بکەوین... کاتێ لە دوورگەکەی ئەوانە نزیک بووینەوە، مێوم تواندەوە و گوێچکەی پیاوەکانی خۆم پێ گرت، تا گوێ یان لەو بانگ کردنە چاووڕاوکەرە نەبێ. پاشان پێم گوتن: بە(کۆڵەگەی کەشتی یەکەوە بم بەستنەوە تا لەو دوڕگە سامناکە تێدەپەڕین. ئەگەر زۆریشم لێ کردن گرێی گوریسی بەستنەوەکەم نەکەنەوە!...) ئەمەیش بەڕاستی ڕووی دا. چونکە هەر ئەوەندە نزیک ئەو دوڕگەیە بووینەوە، بووکەکان بەدەنگێکی شیرینەوە بانگیان کردم، لێم دەپاڕانەوە بۆ ئەوەی ماوەیەک لە لایان بمێنمەوە. منیش یەجگار دڵم پێ یان سووتا. دەمویست خواستەکەم بەجێ بهێنم. پیاوەکانم تێگەیاند، بەدەست، گوریسەکەم لێ بکەنەوە... بەڵام ئەوان بەگوێ یان نەکردم.

لە جیاتی ئەوەی بەرەڵڵام بکەن، گوریسی تریشیان هێناو پێ یان بەستمەوە. بەو جۆرە هێشتیانمەوە تا لە ناوچەی مەترسی تێپەڕمان کرد!...

«دوایی گەیشتینە دوورگەی (تریناسیا) کە لە وێدا ئاژاڵەکانی (هەلیوس) دەلەوەڕان... منیش چاوی پیاوەکانی خۆم ترساند، کە بەپێی ئامۆژگاری یەکەی پیاوە پیرەکە بجووڵێنەوە... ئەوانیش بەڵێنیان دا: توخنی ئەو ئاژاڵانە نەکەون... کەچی جارێکیان لە کاتی جیابوونەوەمدا لەوان، بەدکارێکیان هانەی دابوون و، برسێتیش کاری لێ کردبوون، هەندێک گایان سەربڕیبوو و خواردبوویان!... کە (هەلیوس)ی گەورەیش ئەوەی لێ دیبوون، ڕقی لێیان هەڵسابوو. سکاڵای خۆی بردبووە بەر (زێفس)، کە گەورەی خوداکان بوو. لێیشی پاڕابووەوە کە سزای ئەو کەسانە بدات کە زۆرداریبیان کردووە و زیانیان بەمەڕ و

مالآتەکەی گەیاندووە. (زێفس)یش بەڵێنی دابوویێ کە خواستەکەی جێبەجێ بکات... بەم ڕەنگە، هەر ئەوەندە دەستمان کردەوە بەڕۆیشتن بەناو زریێکەدا، گێژەڵووکەیەکی توند و تیژ هەڵی کرد و کەشتییەکەمانی شکاند و خۆیشمان و ئەویشی خستە ژێر ئاوەوە، تەنیا من نەبێ!... دوای ئەوە بەدەم شەپۆلەکانی زریێکەوە ئاو بردمی تا لە کەناری دوورگەی (کالیبسو) فڕێی دام... ئیتر لەوێدا بووم بەبەندەی خاوەنی دوورگەکە هەشت ساڵی خشتی تێدا مامەوە... دیارە خۆیشتان لەوە ئاگادارن کە لەو ماوەیەدا چیم بەسەرهاتووە. کەواتە پێویست بەدووبارە کردنەوەی ناکات!.».

٣

کاتی کە (ئۆدیسیۆس)ی پاڵەوان لەسەر گوروشتەکەی خۆی بووەوە، گوێ گرەکان کە بریتی بوون لە گەورەی دوورگەکە و خانەدانە پایە بڵندەکانی ئەوێ، هەموویان بێ دەنگی دایگرتن و، بەزەیی یان پێیداهاتەوە... پاش ئەوە، فەرمانداری دوورگەکە فەرمانی دا کەشتییەکی خۆش دەویان بۆ ئامادە کرد کە دەمودەست هەڵیبگرێ و بیباتەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆی لە (ئیناکا)دا... (ئۆدیسیۆس)یش هەر ئەوەندە گەیشتە کەناری دەریای نیشتمانەکەی خۆی و، ڕاکشا، تۆزێک ماندووی بحەسێتەوە، ژن خودا (ئەتینا) خۆی بۆ دەخست. (ئەتینا)ی چاوکاڵ، هەموو کەینەوبەینەیەکی بۆ گێڕایەوە لەبابەت ژنەکەیەوە، (بنیلۆبی)، کە چۆن خانەدانەکانی (ئیناکا) ڕەنجیان داوە بۆ ئەمەی دڵی کێش بکەن و دڵداریی لەگەڵدا بکەن! پاشان ئامۆژگاریی کرد کە لە جلوبەرگی گەدایەکدا خۆی بگۆڕێ، کە تەواو پیربووبێ، بۆ ئەمەی هەموو شتێک بەچاوی خۆی ببینێ!...

(ئۆدیسیۆس)یش وەک (ئەتینا)پێی گوتبوو خۆی گۆڕی.

ئنجا لە ڕێگایەکی چۆڵوهۆڵ و بەردەڵانەوە، ڕێگای گرتەبەر و، چوو بۆ کۆڵیتی بەرازەوانێک کە خۆشی دەویست. بەرازەوانەکە ناوی (یومایوس)بوو. کە گەیشتە لای، خۆی لێ ئاشکرا کرد.

ئەویش مێواندارییەکی ناوازەی کرد. بەڕێکەوت لەو دەمەدا کوڕی (ئۆدیسیۆس)یش کە ناوی (تیلماخوس) بوو هاتە ناو کۆڵیتەکەوە. کاتێ کە (ئۆدیسیۆس)ی باوکی خۆی ناسییەوە، لەگەڵ باوکیدا دەستیان کردە ملی یەک و بەگەرم و گوڕییەکی باوک و کوڕانەوە چاکوچۆنییان لەگەڵ یەکتردا کرد... لە خۆشیاندا، فرمێسکی کامەرانی ڕژایە ناو چاوەکانیانەوە... لەپاش ئەوە هەردووکیان ڕێوشوێنێکیان دانا کە گەلەکۆمەکێی ئەو



خانەدانە بەچنگە زۆردارانە هەڵبوەشێننەوە، کە چاویان بڕیبووە ژنە دڵسۆزەکەی!... ئەو خانەدانە بەدخووانە، لەو شەوەدا خەریکی ڕازاندنەوەی جێ ئاهەنگێکی نان و چێشت خواردنی خۆیان بوون لەماڵی (ئۆدیسیۆس)دا، کە پڕ بوو لە دەنگەدەنگ و قاووقیژ... پاڵەوانە جل گۆڕاوەکەیش کە خۆی خستبووە شێوەی خوازەڵۆکێکی پیرەوە خۆی گەیاندە ئەوێ. لەبەردەم دەروازەی خانووەکەدا دانیشت، داوای نانی کرد... پاش ئەوە هەلێکی دەستکەوت، خۆی فڕێ دایە ناو ماڵەکەی خۆیەوە. بەلای سەگە پیرەکەی خۆیدا تێپەڕی، کە ناوی (ئەرجوس) بوو. سەگەکە لەتاو ژانی لەشی خۆی ڕاکشابوو. نەخۆش کەوتبوو.

جڕ و جانەوەر لەناو لەشیدا دەبزووتنەوە. سەگەکە گەورەی خۆی ناسییەوە. بەڵام توانایی ئەوەی نەبوو هیچ بکات. هەر ئەوەندەی پێ کرا کلکی بۆ بلەقێنێ، بەناوی (خۆش هاتی) یەوە!.

هەرچی پیاوە خانەدانەکانیش بوون، کە مەستی ئاهەنگەکە بووبوون، هەستیان بە(ئۆدیسیۆس) نەکرد. هەر وایانزانی خوازەڵۆکێکی پیرە و بۆ ئەوە هاتووە گۆشتیان لێ بخوازێ.

ئەوانە هەموویان بەخشیشیان پێ دا، یەکێکیان نەبێ، کە لە هەموویان دەوڵەمەندتر و پایە گەورەتر بوو. ناوی (ئەنتینۆس) بوو. ئەم پیاوە پێیدا هەڵشاخا. بێجگەلەوە تەختی دانیشتنێکیشی پێدا ماڵی. پاڵەوان (ئۆدیسیۆس)یش بەملکەچییەکەوە لەو ڕیسواکردنەی بێدەنگ بوو، بەڵام لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا کە تۆڵە لەو ناکەس بەچەیە بکاتەوە!. هەر لەو کاتەدا (ئەتینا) نیازێکی خستە دڵی (بنیلۆبی)یەوە کە سنوورێک دابنێ بۆ چاوەڕوانییە بێ بەرەکەی خۆی بۆ مێردە ون بووەکەی. کەوانە گەورەکەی مێردەکەی خۆی بهێنێتەدەرەوە بۆ ناو هۆڵە گەورەکەی ماڵی خۆیان، لەگەڵ ڕستەیەک تیردا. بۆ ئەوانەیش کە هاتوون بیخوازن ئەوە ئاشکرا بکات، کە هەر کامێکیان بتوانێ کەوانەکە بهێنێتەوە یەک و تیری پێ بهاوێژێ، شووی پێ دەکات و دەمودەست لەگەڵیدا دەچێتەوە بۆ ماڵی خۆیان!... کاتێ کە (بنیلۆبی) ئەوەی لە هەمووان ئاشکرا کرد، هەموویان ئەوەیان پێ خۆش بوو. (دەم خۆشیی)یان لێ کرد. بەڵام کە دەستیان دایە کەوانەکە، کەسیان نەیتوانی بینوشتێنێتەوە!... هەر ڕەنجێکیان لەو پێناوەدا دا بەبا چوو!. لەو کاتەدا خوازەڵۆکەکە (ئۆدیسیۆس)، لە ناوەڕاستی هەموویاندا خۆی دەرخست. کەوانەکەی گرت بەدەستەوە. هەرچی لەوێدا بوو دەستیان کرد بەتیز پێ کردن و پێکەنین!...

بەڵام کە چاویای پێکەوت کەوانەکە ڕادەکێشێ و بەئاسانی تیرەکەی پێ دەهاوێژێ، دەنگەدەنگ و قاووقیژەکەیان گۆڕا و بوو بە بێ دەنگییەکی سەرسوڕهێنەر!... دوای ئەوە (ئۆدیسیۆس) پەڵاسەکانی لەبەر خۆی داکەند و، ڕاستیی خۆی لێ ئاشکرا کردن!... هێز و هەڕەت و بەچنگی خۆی بۆ دەرخستن. (تیلماخوس)ی کۆڕیشی بەخۆی و دەستێک جلوبەرگی ڕەنگ مسی بریسکەدارەوە، شەنگ و شۆخانە چووە پاڵ باوکی.

(ئۆدیسیۆس)ی پاڵەوان کەوانەکەی خۆی ڕاکێشا و یەکەم تیری خۆی گرتە گەردنی دوژمنەکەی، کە ناوی (ئەنتینۆس)بوو.

پێکای بەخۆی و جامە مەیەکەوە کە خەریک بوو دەیخواردەوە... (ئەنتینۆس) کەوتە سەرزەوی و گەوزا لەناو خوێنی خۆیدا... لەو کاتەدا کە کەوتبووە گیانەڵاوەوە، دواجووڵەی دەکرد، پێیەکانی کەوتن لەمێزەکە و سەرەونخوونی کردەوە. (ئەنتینۆس) لەوەدا هەر لەیەکێکی سەر بڕاوی دەکرد... دەنگەدەنگ پەیدا بوو. دانیشتوان شڵەژان و کەوتنە جووڵەجووڵ. ئەوانی تریش هەستانە سەرپێ و تۆقین. هەر سەیری ئەم لاو ئەولای خۆیان دەکرد. دەگەڕان بۆ ئەو ڕم و زرێیانەی بەدیوارەکانەوە هەڵواسرابوون. بەڵام (تیلماخوس)ی فێڵ زان هەر لە زووەوە ئەوانەی شاردبووەوە!... ئیتر ئەوساکە پیاوە بەدخووەکان شیرەکانیان هەڵکێشا و مێزەکانیان هەڵگرت و کردیانن بەقەڵغان و هورووژمیان بردە سەر (ئۆدیسیۆس)، تا پڕ بەدڵ کوشتاری لەگەڵدا بکەن... بەڵام (ئودیسیۆس) یەک بەیەک بەتیرەکانی خۆی دەی ئەنگاوتن... کوڕەکەشی (تیلماخوسی) ڕمێکی درێژی گرتبوو بەدەستەوە یاریدەی باوکی خۆی دەدا. دەس و پێوەندە دڵسۆزەکانیشی پشتیان دەگرت، هەرچییەکیان لە دەست هات، لە فێڵ و لە دەست وەشاندن، یارمەتی یان دا. هەر کەسێ مابووەوە لە بەدخووەکان، بەر چەکی ئەوان دەکەوتن و، دەکوژران و لەناودەبران... تا گەیشتە ڕادەیەکی وەها خوێنەکانی ئەو خوێڕییانە وەک جۆگەلە بەسەر زەویدا دەهاتە خوارەوە. تەنانەت ئامانە ناوازەکانی خۆرشتە نایابەکانیش کە بۆ ئەو نان و خوانە ئامادە کرابوون، خوێنەکان بەسەریاندا ڕژان و پیسیان کردن!...

کاتێکیشی قەڵاچۆ لە هەموویان خراو لە دوژمنەکانی (ئۆدیسیۆس)یش کەس نەمایەوە نەکوژرێ، پاڵەوانی مەرد و دلێر چوو بۆ لای ژنە داوێن پاکە، دڵسۆزە، بەئارامەکەی خۆی، (بنیلۆبی) و بەگەرموگوڕییەکەوە دەستی کردە گەردنی و، خۆشەویستی و ئاواتی دە ساڵانی خۆی پێ دامرکاندەوە!...

# پیاوی چارەنووس

چیرۆکێکی هەست بزوێنە. ڕاستی پەرست و وێژەوانی هونەرمەند، بەرناردشۆ، سەربەستانە و ئازایانە، بیروباوەڕی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر ئینگلیزەکان و فەرەنسییەکان و، شەڕوشۆڕ و، داگیرکردنەکانیان.

بەرناردشۆ نووسیویەتی

ئەم نووسراوە

نووسراوی (پیاوی چارەنووس)، چیرۆکێکی لاساییکردنەوەی مێژوویی بەناوبانگە. یەکێکە لە شاکارەکانی نووسەری گەورە و بەناوبانگی ئینگلیز. (بەرناردشۆ)،[1] لە شێوەیەکی پڕ بەزموڕەزم و گەمە و پێکەنیندا، کەسایەتیی (ناپلیۆن بۆناپارت)ی سەرلەشکری فەرەنسەیی و سروشتی داگیرکەران لە سەربازانی جیهانت پێشکەش دەکات. پڕە لە توانج و پلار و سەرزەنشتکردن بۆ (داگیرکەران) و، پڕیشە لە پەند و ئامۆژگاری و چاوکردنەوە بۆ (گەلان)، کە خۆیان لە فڕوفێڵی سەرکردانی لەشکری داگیرکەرانی جیهان بپارێزن، وەک فەرمانڕەوایی ئینگلیز و فەرەنسەی سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەم و بیستەم، کە ئەو جۆرە داگیرکردنانە تێیاندا ڕوویداوە. (بەرناردشۆ)، خۆی لە بنەچەدا سۆسیالیستێکی (ئێرلاندە)یی بوو کە خاکەکەی لەژێر دەستی ئینگلیزەکاندا بوو. بەڵام لەوێوە ڕەوی کردبوو بۆ (لەندەن) و، لەوێدا دەژیا. ئەو دژی ئەو جۆرە یاسایانە بوو کە لە سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەم و بیستەمدا، نەتەوەکانی جیهانیان دەبرد بەڕێوە. هەروەها دژی ئەو سەرکردە و فەرماندارانە بوو کە بەشێوەیەکی ناڕەوا هاتبوونە سەر تەختی فەرمانداری و، لەبەر ناشێتی و بەدخوویی خۆیان زۆر و ستەمیان لە گەلەکانی خۆیان دەکرد. ئەویش وەک (ئەفلاتوون) دەیویست فەرمانداراکان و کاربەدەستەکان، لە پیاوانی خوێندەوار و شیرین کردار و تێگەیشتوو بن، نەک لە نەخوێندەوار و

(١) شۆ (جۆرج برنار) ١٨٥٦–١٩٥٠: ڕۆمان و شانۆیی نووسێکی ئێرلەندی بوو، لە (دبلن) لە دایک بووە، ڕێبازی توانج و گاڵتەبازی لە نووسیندا گرتووە کەچی ڕەشبینیش بوو، لە ١٩٢٥دا پاداشتی نۆبلی لە ئەدەبدا بەدەستهێنا... لە بەرهەمەکانی: پیاوی چارەنووس، قوتابی شەیتان، چەک و پیاو، جگە لە نووسین و کتێبی سیاسی و کۆمەڵایەتی.



تێنەگەیشتوو. ئەو جۆرە یاسایەکی وای دەویست لە جیهاندا بەرپا بێ، کە لەسەر بنچینەیەکی (سۆسیالیستی) و (دیموکراتی) دامەزرێ، لە سنووری (دادپەروەری) و (خوداناسی)ش نەچێتە دەر، لەبەر ئەوە هەر وەک یەک، هوروژمی دەبردە سەر ئەو فەرمانڕەواییانەی زۆر و ستەمیان دەکرد و، گەلەکانی خۆیان دەچەوساندەوە، چ فەرمانڕەواییە سەرمایەدارییەکان بوو بن، چ فەرمانڕەواییە کۆمونیستەکان. (بەرناردشۆ)، هەمووده‌م پشتیوانی مافەکانی مرۆڤایەتی بوو وەک (سەربەستی) و (ئازادی) و (کامەرانی)، چ لەناو خاکەکەی خۆیدا بوو بێ، چ لەناو خاکەکانی تری جیهاندا. (بەرناردشۆ) نووسەرێکی زانا و ڕاستی پەرست و هونەرمەند بوو. نووسەرێکی شۆڕشگێڕ بوو. بەڵام دژی خوێن ڕشتن و شەڕوشۆڕ بوو. پشتیوانی ئاشتی و دۆستایەتی ناو گەلان بوو. ئەویش وەک (ئەفلاتوون) و (تۆماس مۆڕ) و (بوودا) خەوی بەجیهانێکەوە دەبینی کە دوور بێ لە (ئازار) و (هاوار) و، ئازادیش بێ لە (هەژاری) و (نەخۆشی) و (نەخوێندەواری). بەواتایەکی تر دەیویست جیهانێکی (ئاوەدان) و (کامەران) پێک بێ لەگەڵ (ئازادی)دا بۆ هەموو دانیشتوانی جیهان. ئەم نووسراوە لە چاکترین بەرهەمی (بەرناردشۆ)یە، کە پێشکەشی خوێندەوارانی کوردی بکەم. هیوادارم بەخودا کەڵک و خۆشی لێ وەربگرن.

شاکر فەتاح
سلێمانی – ١٩٦٦/٢/٩
(خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد)

## ١

ئێمە لە ڕۆژی دوانزەهەمی مانگی بەختەباران (مایس)ی ساڵی ١٧٩٦ داین... لە گوندی (تافاتسانۆ)، کە کەوتۆتە سەر ئەو ڕێگایەی لە ناوەند (لوودی) و (میلان) دایە، لە بەشی ژوورووی خاکی ئیتالیادا... ڕۆژیش لە نیوەڕۆ لایداوە، هەڵهاتووە بەسەر دەشتی (لۆمباردی)دا، کە خەریکە لە گەرماندا گڕ دەگرێ. بەرێزێکیشەوە سەیری شاخەکانی (ئەلپ) دەکات بەتیلاییەکی چاویشەوە دەنوارێتە دێهاتەکانی مێروولەکان. بێزارییش پێشان نادات لە خەواڵوویی سوێندخوارەکان، کە لە گوندەکانی ئەو ناوەدان. لەوەیش وەڕس نابێ کە کلێساکان بەساردێکەوە بەرەو پیری دەچن!. بەڵام ڕۆژ بەچاوێکی یەجگار سووکەوە سەیری لەشکرگاکانی دەکرد، کە تیپ و تیرەی دوو جانەوەری بەدخوویان تێدا کۆبووبووەوە... ئەوانەیش لەشکرەکانی (فەرەنسە) و (نەمسە) بوون! چونکە لەپێش ئەوەدا بەدوو ڕۆژ، نەمسەییەکان تێکۆشابوون، بەری فەرەنسەییەکان بگرن و نەهێڵن بپەڕینەوە بەسەر ئەو پردە تەنک و تەسکەدا کە لەسەر ڕووبارەکەی نزیک بە(لوودی) دامەزرا بوو. بەڵام فەرەنسییەکان کە لەژێر سەرکردەیی ئەفسەرێکی لاودا بوون کە ناوی (ناپلیۆن بۆناپارت) بوو، تەمەنی بیست و حەوتساڵان بوو، گوێیان نەدایە گوللەباران، بەسەر پردەکەدا پەڕینەوە و چوونە ئەوبەرەوە ئەم ئەفسەرە لەوانە نەبوو ڕێز لە دەستووری شەڕکردن بگرێ. فەرمانی دا تۆپی گەورەیان گرتە نەمسەییەکان. خۆیشی بەدەستی خۆی لە تۆپ تێگرتنەکەدا یارمەتی جەنگاوەرەکانی خۆی دەدا...

لە ڕاستیدا، (ناپلیۆن)، خۆی ئەفسەرێکی تۆپچی بوو. لەو پیشەیەدا تەواو شارەزا بوو بوو، هونەری تێدا دەنوواند. لە سەردەمی پێشوودا لە فەرەنسەدا، مەشقی لەسەر تۆپچێتی کردبوو. لە هونەرەکانی سەربازییشدا تەواو پێگەیشتبوو... واتا: لە هونەری خۆ دوور خستنەوە لە فرمانی سەرشاندا و، لە هونەری چەواشەکردنی (پارە گۆڕەرەوە) لە پارە بەختکردندا، بۆ هاتوچۆ و گوێزانەوە و، لە هونەری هەڵسەنگاندنی جەنگیشدا بەزۆری و کەمی دەنگە زلەکانی تۆپەکان و دوکەڵە گەورەکانیانەوە تەواو شارەزا بووبوو!...

ئەم ئەفسەرە لاوە لە ئەندازەبەدەر خۆی لە کار و فرماندا دەچەوساندەوە، لە کەینەوبەینەی گشتییشدا تەواو لە سروشتی مرۆڤایەتی تێگەیشتبوو... بێجگە لەمانە، خاوەنی ئەندێشەیەکی فراوانیش بوو. بەڵام ئەندێشەکانی خۆی لەسەر بنچینەی هیچوپووچ دانەدەمەزراند. هەروەها لاوێکی شت داهێنەریش بوو. بەڵام نە باوەڕی هەبوو، نە



دڵسۆزی، نە نیشتمانپەروەری هەبوو، نە هیچ بیروباوەڕێکی گشتی!... ئەوەیش لەبەر ئەوە نەبوو، کە (ناپلیۆن) نەیتوانی بێ لەو بیروباوەڕانە تێ بگات. نەء بەپێچەوانەوە، ئەو هەر لە منداڵییەوە لەو بیروباوەڕانە هەموویان تێگەیشتبوو. بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە لاساییکەرەوەیەکی هونەرمەند بوو، دەیتوانی ئەو بیروباوەڕانە زۆر بەچاکی بخاتە کار بۆ کەڵکی خۆی. (ناپلیۆن) لەوەدا هەروەک لاساییکەرەوەیەکی شارەزا و کاروبار هەڵسووڕێنەرێکی وریا وا بوو، دەیتوانی یاری بەهەموو باوەڕێک بکات بۆ کەڵکی خۆی!...

هەژاری و بێ بەختی و سەرنەکەوتنی پەیتا پەیتایی، کە بوو بەنووسراودانەرێک سەرزەنشتکردن و شەپازللە لێدان و ڕیسواکردنیشی کە بوو بەفەرمانبەرێکی بچووک، سەرشکێنەکردن و سزا پێدانیشی کە بوو بەئەفسەرێک... ئەمانە هەموو ناپلیۆنیان فێری ئەوە کردبوو کە ببێ بەناپاکێکی وا کە کەس پەنجە لە پەنجەی نەدا!... ئەمانە هەموو ناپلیۆنیان لە لەخۆبایی بووندا قاڵ کردبوو!... هەروەها ناچاریشیان کردبوو کە پەی بەوە ببات کە جیهان هیچ نابەخشێت بەو و هاوتای ئەو، هەتا بەزۆر لێی نەستێنن. کەواتە جیهان لەم ڕووەوە بێ ترسنۆکی و بێ لەخۆبایی بوون نییە!... لەبەر ئەوە ناپلیۆن کە تۆپچییەک بوو زرنگکاری منداڵانەیشی دابووە بەر تۆپ، هیچ بەزەییەکی پێدا نەدەهاتەوە، خۆی وا لێ کردبوو کە کەڵکێکی لێوە پەیدا ببێ...

لە ڕاستیدا، زۆر گرانە بۆ ئینگلتەرە، لەوساوە تا ئێستا کە ژیاوە، جاروبار بیری لەوە نەکردبێتەوە، کە چەند تووشی زیان هاتووە، بەهۆی ئەوەوە کە بێ بەش ماوەتەوە لەوەی کە ئەم پیاوە نەیشکاندووە!.

## ٢

ئەوەندە هەیە لەو ڕۆژانەی مانگی بەختەبارانی ساڵی ١٧٩٦دا، ئەم ئەفسەرە لاوە، تازە پایەی بەرز کرابووەوە بۆ (سەرلەشکری). ئەم پایەیەشی بەسایەی ژنەکەی خۆیەوە دەست کەوتبوو، کە توانیبووی کاربەدەستەکانی فەرمانڕەوایی فەرەنسە چەواشە بکات. بێجگە لەوە لەو سەردەمەیشدا ئەفسەران کەم دەست دەکەوتن. چونکە لەپاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی فەرەنسە هەموویان ڕەویان کردبوو بۆ دەرەوەی فەرەنسە!...[١]

(١) سەرەتای رستەکە دەبوو ئاوابێ... بێجگە لەوە لەو سەردەمەیدا ئەفسەر لەناو لەشکردا کەمبوو... چونکە...

بەڵام هۆی هەرە گەورەی پایە بەرزبوونەوەکەی ئەوە بوو کە تازە باوەڕی هێنا بوو بەنرخی تۆپ گرتن لە کەسانی تر!... لەشکرەکەیشی کە ئەوەندە پەشۆکاو و سەرلێشێواو بوو، دەبوو هەندێک لە نووسەرەکانی ئەم سەردەمەی بهێنایە سەرسوڕمان، کە تەماشای (ناپلیۆن) وا دەکەن، کە ئەگەر پیاوێکی گەورە نەبووایە، ئەو شاهەنشاهێتییە گەورەیەی فەرەنسەی بۆ دانەدەمەزرا!... بەڵام (ناپلیۆن) ئەوساکە هێشتا نەبوو بوو بەشاهەنشا. ئەوساکە، ئەو هەر ئەوەندەی دەویست کە هێز و دەسەڵاتی خۆی بنوێنێ بەسەر سەربازەکانیدا. لە بەرچاوی ئەوان خۆی وا پێشان دەدا کە پیاوێکی بەزەبروزەنگە. بەڵام ئەو هێشتا نەگەیشتبووە ئەو پایەیەی کە بتوانێ لە شێوەیەکی سەربازانەدا فەرمانداریییان بەسەردا بکات. واتا بەهۆی دارکاریکردنەوە بەقەمچییەکی پۆلیسییەوە!... لە سەردەمی خونکاریدا، لە فەرەنسەدا سەربازەکان هەتا چوار ساڵ مووچەکانیان دواخرا. بەڵام کە شۆڕشی فەرەنسە بەرپا بوو ئەو ڕەوشتەی پێ گۆڕین بەڕەوشتێکی تر! لەوە پاش مووچەیان هەر نەدەدرایە!... مەگەر بەڵێنیان بدانایە، یاخود نیشتمان دۆستییان پێشان بدانایە!... جا لەبەر ئەوە (ناپلیۆن) کە خۆی گەیاندە شاخەکانی (ئەڵپ)، سەربازەکانی هەموو بێ پارەوپوول بوون، جلوبەرگیشیان شڕوپڕ بوو. لەبەر ئەوە خۆیان پێ نەدەگیرا کە زۆر ملکەچی بنوێنن بۆ یاسا و ڕێکوپێکی. نەخوازەڵا کە ئەو ڕێکوپێکییەیش لە لایەن کەسێکی واوە فەرمان دەدرا کە سەرلەشکرێکی تازەقەڵا بوو!... لەگەڵ ئەمەیشدا ناپلیۆن ئەم بارەی لە هەزار تۆپ پێ باشتر بوو!... لەبەر ئەوە بەسەربازەکانی خۆی وا دەگوت: (ئێوە ئازایەتی و نیشتمانپەروەرییەکی زۆرتان هەیە. بەڵام نە پارەوپوولتان هەیە، نە جلوبەرگ. خواردنیشتان یەجگار ناتەواوە. بەڵام لە (ئیتالیا)دا ئەم هەموو شتانەتان دەست دەکەوێت. بێجگە لەوە گەورەییشتان بەڕێوەیە!... ئەم هەموو شتانەیش لە توانایی هەموو لەشکرێکی دڵسۆزدا هەیە دەستی بکەوێ، بەتایبەتی ئەگەر سەرلەشکرێکی وایشیان هەبێ کە تاڵانکردن بەمافێکی سروشتی دابنێ بۆ سەربازەکانی... کەواتە ڕۆڵەکانم، دەی هەڵمەت ببەن بۆ پێشەوە!...).

ئەنجامی ئەمەیش بەوە گەیشت کە ناپلیۆنی زۆر دڵخۆش کرد، چونکە لەشکرەکەی ناپلیۆن بەناو ئیتالیادا تێپەڕی کرد. سەربازەکان بەڕۆژ شەڕیان دەکرد. بەشەویش دەڕۆیشتن بەڕێگادا. ڕێگای ئەمەندە دوور و درێژیشیان دەبڕی، کە پیاوی دەهێنایە سەرسوڕمان بۆ ئەمەی لە شوێنانی وادا دەربکەون کە کەس بەبیریدا نەهاتبێ تێیدا دەربکەون!... ئەمەیش لەبەر ئەوە نەبوو کە هەموو سەربازێک بیەوێ ببێ بەسەرکردەی



لەشکرێک. بەڵام لەبەر ئەوە بوو کە هەر هیچ نەبێ لە دووەم ڕۆژدا بتوانێ نیوە دەستەیەک کەوچکی زیو تاڵان بکات!... سەیر ئەوەتا، لەشکری فەرەنسییەکان لەگەڵ ئیتالیاییەکاندا لە شەڕدا نەبوون، ئەوان لەکن خۆیان بۆ ئەوە چووبوون کە ئیتالیاییەکان لە دەست نەمسەییەکان ڕزگار بکەن. کە یاساکانی کۆماری فەرەنسەیشیان پێ ببەخشن. لەبەر ئەوە تاڵانگەرییەکان هیچ نەبوون ئەوە نەبێ کەلوپەلی دۆستەکانی خۆیان پێشکەش بکەن بەخۆیان، دۆستەکانیشیان وای هەڵدەگرت: کە ئەو گیان سووکییەی ئەوان بەسوپاسەوە پەسند بکەن!... بەم ڕەنگە (ناپلیۆن) ئەمەی بۆ لووا کە تێکڕا لە هەموو شوێنێکدا لە جەنگدا سەر بکەوێ بێ ئەمەی شاکارێکی لە دەست بووەشێتەوە. ئەمەیشی بۆیەکا بۆ دەچووە سەر کە گوێی نەدەدایە ڕەوشت و کرداری سەربازی!... فەرمانەکانی (پاریس) کاریان لێ نەدەکرد!... خۆی چی ئارەزوو بکردایە و، چۆنی ئارەزوو بکردایە دەیکرد!... کەچی (بۆلبۆ)ی سەرکردە نەمسەییەکەی دوژمنی ئەوەی بۆ نەدەلووا. ئەو بەسترا بووەوە بەزرنگکاریی کاربەدەستانی نەمسەوە، بەهونەرە سەربازییە کۆنە بڕیار لەسەردراوەکانەوە کە ناچار بوو پەیڕەوییان بکات هەروەها بەسترابوویشەوە بەڕەوشت و خووە ئەریستۆکراتییەکانی کۆمەڵایەتیی (ڤیێنا)وە!. جا ئەم سەرکەوتنانە لە دوارۆژدا، بوونە هۆی ئەوەی کە (ناپلیۆن) ببێ بەشاهەنشا لە فەرەنسەدا. هەروەها شۆخوشەنگی ئەم پایەیەیش لەباریدا هەبوو کە فرمانی چیرۆکنووس زۆر گران بکات کە بەم جۆرە ناپلیۆنی دەبینێ لە (تافاتسانۆ)دا سەرکردەیی لەشکرەکەی خۆی وەها دەکرد، گەلێک لەپێش ئەمدی کە ببێتە شاهەنشا لە فەرەنسەدا.

## ٣

چاکترین جێی سرەوتیش لە (تافاتسانۆ)دا کەوتبووە ناو میوانخانەیەکی بچووکەوە، کە یەکەم خانوو بوو لە ڕێگای ناو (میلان) و (لوودی)دا، کە تووشی هاتوچۆکەر دەهات. ئەم میوانخانەیە کەوتبووە ناو ڕیزە مێوێکەوە کە دەیگەیاند بەهۆڵێکی گەورە کە ئەمیش بەرهەیوانێکی فراوانی لە بەردەمدا بوو... منداڵەکانی ناو گوندەکەیش کە لە کاتی شەشەمینی ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا لە کارەساتی جەنگ و هوروژمی فەرەنسییەکان بۆ ناو دێیەکەیان دەروونی وروژاندبوون لە سەرێکەوە ترسیان لێ نیشتبوو، لە سەرێکی تریشەوە سەرچڵی سەری لێ سەندبوون دەیانویست لە کونی پەنجەرەکانی هۆڵە گەورەکەوە چاوێکیان بە(ناپلیۆن) بکەوێ. کەچی لەو یاساوڵەیش دەترسان کە لە بەردەرگای

هۆڵەکەدا وەستا بوو. سەیر ئەوە بوو یاساوڵەکە سمێڵی ڕاستەقینەی نەبوو. کەچی چووبوو بەڕۆنە ڕەشەکەی پێڵاوەکانی چاوەشەکەی سەرۆکی خۆی دوو سمێڵی بۆ خۆی دروست کردبوو!... بەڵام گەرمای ئەو ڕۆژە لە لایەکەوە گرانی جلوبەرگی سەربازانەیش لە لایەکی ترەوە هەردووکیان بووبوون بەهۆی ئەوەی کە ڕۆنی ئەو سمێڵانە بتوێتەوە و لە شێوەی چەند هێڵێکی باریکدا بڕژێتە خوارەوە بەسەر چەناگە و گەردنیدا. بەم جۆرە سەروسەکوتی سەربازە یاساوڵەکە، لەپێش چاوی مێژوودا، لەپاش سەد ساڵ زۆر ناشیرین دەردەکەوت. بەڵام لەو ئێوارەیەدا لەپێش چاوی منداڵە ئیتالیاییەکاندا سامناک دەردەکەوت!... ئەوانە وایان دەزانی کە یاساوڵەکە دێوێکە و زۆری پێ ناچێ تیری سەر لوولەی تفەنگەکەی دەکات بەورگی منداڵێکیاندا و بەرزی دەکاتەوە بۆ لای دەمی خۆی، وەک پیاوخۆر بیخوات!....

خاوەنی میوانخانەکەیش کە ناوی (گیسیپی گراندی) بوو، پیاوێکی چل ساڵانەی ڕوو خۆش بوو، دەیزانی چۆن دڵی میوانەکانی خۆی ڕابگرێ. ئەو ئێوارەیەیش ئەوەندەی نەما بوو لە خۆشیاندا گەشکەدار ببێ، کە سەرکردە (ناپلیۆن)ی دی دابەزیوە لە میوانخانەکەیدا. چونکە هەر هیچ نەبێ، بەهۆی ئەوەوە لە دەست بزێوی و بەدخوویی سەربازەکان ڕزگاری دەبێ!... ناپلیۆنیش بەدەم ئەو خواردنە خۆشانەوە کە (گیسیپی) دەیخستە بەردەمی و دەمودەست دەیخواردن، بەوردی سەرنجی لە نەخشەیەک دەدا کە لە بەردەمیدا بوو زۆری پێ نەچوو داوای ڕەنگی سووری کرد لە خاوەن میوانخانەکە. کە خاوەن میوانخانەکەیش پێی گوت ڕەنگی سووری لە لا دەست ناکەوێت فەرمانی بەسەردا دا کە شتێک سەرببڕێ و خوێنەکەی بۆ بهێنێ!... تەنانەت ئەوەیشی پێ گوت: (ژنەکەت بکوژە و خوێنەکەیم بۆ بهێنە!)...

(گیسیپی): قسەی تۆ لەسەر سەرم. گەورەی خاوەن پایە. بەڵام داخەکەم من ئەوەندە بەهێز نیم کە بتوانم ژنەکەم بکوژم. ئەو لەوانەیە من بکوژێ!...

(ناپلیۆن): لای من وەک یەکە، تۆ ئەو بکوژیت. یان ئەو تۆ بکوژێت جیاوازی نییە!...

پاشان کە (ناپلیۆن) لە خواردن دەبێتەوە، هەڵدەستێتە سەرپێ و ڕوو دەکاتە ئاگردانەکە. لەو کاتەدا (گیسیپی)یش دەڵێ: (دەڵێن تۆ بایەخ بەهەموو شتێک دەدەیت تەنیا بەژیانی مرۆڤ نەبێ!)...

(ناپیلۆن): ژیانی مرۆڤ تەنیا شتێکە کە خۆی خەمی خۆی دەخوات!



(گیسیپی): خاوەن پایە، چەند ئێمە ناشێین کە خۆمان بەراوورد دەکەین لەگەڵ تۆدا؟!.
لە ڕاستیدا من چاوەڕوانی ئەوەم کە ببیتە شاهەنشاهی ئەوروپا و دڵم شاد بکەم!...

(ناپلیۆن): شاهەنشاهی ئەوروپا؟... بۆ چ هەر شاهەنشاهی ئەوروپا؟...

(گیسیپی): ڕاست دەکەیت... دەبوو بمگوتایە شاهەنشاهی جیهان... ئەی بۆ چ وا نەڵێم؟... هەموو پیاوێک وەک یەکن... هەموو خاکێکیش وەک خاکێکی تر وایە... هەموو شەڕێکیش وەک شەڕێکی تر وایە... هەر یەک خاک بشکێنی، دەتوانی هەموو خاکەکانی تریش بشکێنی!...

(ناپلیۆن): فەرمانداریش بکەیت بەسەر هەمواندا و، جەنگیش بکەیت لە پێناو هەمواندا، لەژێر پەردەی سەرداریدا بەسەر هەموو کەسێکدا، دەبێ ببیتە دەس و پێوەندی هەموو کەسێک!... من نامەوێ تۆ لە بابەت منەوە قسە بکەیت!...

خاوەنی میوانخانەکەیش لەو قسانە لادەدات و، دەست دەکات بەگفتوگۆ لەگەڵیدا لە بابەت ئەو تەنیا ئافرەتەوە کە لە میوانخانەکەیدا دابەزیوە. پێی دەڵێ: (ئافرەتەکە خانمێکی شەنگوشۆخە و لە تەمەنی سی ساڵیدایە. ئەگەر دەتەوێ کارێکی وا بکەم بێتە سەر مێزەکەت. بەڵام (ناپلیۆن)، دڵتەنگ و خەریک ما و دەردەکەوێ. چونکە چاوەڕوانی ڕاسپێرراوێک بوو، هەندێ نامەی گرنگ گرنگی لەگەڵ خۆیدا بۆ بهێنێ. بەڵام زۆری پێ ناچێ گوێی لە دەنگی خانمەکە دەبێ، کە بانگی (گیسیپی) دەکات، ناپلیۆنیش لێی دەپرسێ: ئەو ئافرەتە کێیە؟...

(گیسیپی): پێش ئەمەی ئێوە بگەنە ئێرە، ئەو ئافرەتە گەیشتە ناو ئەم میوانخانەیە. کە هات لە گالیسکەیەکی میوانخانەی (بازە زێڕینە)دا بوو، کە لە (بۆر جیتۆ)دایە... ئافرەتەکە، هەر تەنیا خۆی بوو. هیچیشی پێ نەبوو دوو جانتای جلوبەرگ نەبێ. گالیسکەوانەکە پێی گوتم: (ئافرەتەکە ئەسپێکی لە میوانخانەکەی (بازە زێڕینە)دا بەجێ هێشتووە. ئەسپەکەیشی ئەسپی شەڕە زینی سەربازانەی بەسەرەوەیە! (ناپلیۆن)یش لەم قسەیە سەری سوڕ دەمێنێ. بەڵام کە لە خاوەن میوانخانەکەی بیست ژنەکە فەرەنسەییە، گورج ئەوەی هات بەبیردا کە دەبێ ئەو ئەسپەی لەو میوانخانەیەدا بەجێ هێشتووە، هی مێردەکەی بوو بێ. دەبێ مێردەکەیشی لە شەڕدا کوژرا بێ. لەو کاتەدا، ئەو ڕاسپێرراوەی ناپلیۆن چاوەڕوانی دەکرد دەگاتە جێ... کە تەماشای کرد ڕاسپێرراوەکە ئەفسەرێکی بچووکە. لاوێکی باڵا کەڵەگەتە. بەخۆی زۆر دەنازێ. بێ باکە. ڕێز لە کەس ناگرێ. نە

دوور ئەندێشەیە نە لە شتیش تێدەگات. هەر لەخۆوە، بێ پەروا، دێتە ناو هۆڵەکەوە. کە چاوی بەناپلیۆن دەکەوێ، دەسڵەمێتەوە پاشان نەوازشی پێشکەش دەکات. بەڵام بزووتنەوەکانی هیچ لە بزووتنەوەی پیاوی ڕێزگر ناکەن. ناپلیۆنیش لێی پرسی: (هۆی دواکەتنەکەی چییە کە سەد وردیلە (دقیقە) لەو بەڵێنەی کە بۆی دانابوو، پاشکەوتووە، کە بگاتە ئەو دێیە؟) لە پاش ئەوە لە بابەت ئەسپەکەیشییەوە پرسی لێ دەکات. (ئەفسەرەکە) دەستکێشەکانی خۆی دادەکەنێ و لەگەڵ کڵاوەکەی سەریدا فڕێیان دەداتە سەرمێزەکە. بەدەموچاوێکی وشک هەڵاتووەوە دەڵێ: (ئاخ!) (بەڕاست ئەسپەکەم چیی لێهاتووە؟. منیش دەمەوێ بزانم لە کوێیە!. (ناپلیۆن): بەتووڕەییەکەوە تیزی پێ دەکات، دەڵێ: (بەڕاستتە ئەمە دەڵێیت. ئەی نامەکان کوان؟).

(ئەفسەرەکە): سەرلەشکر منیش هەر ئەوەندەی تۆی لێ دەزانم. وام دێتە پێش چاو کە هەر ئێستە دەدرێم بەدادگایەکی سەربازی، تا چەندوچوونم لەگەڵدا بکات!... من باکی ئەوەم نییە!... بەڵام... سەرلەشکری بەڕێز، پڕ بەدڵ پێت دەڵێم، ئەگەر بێتو ئەو لاوە دیمەن بەسەزمانە بێ گوناهەم دەست بکەوێ، بەهەموو توانامەوە خەریک دەبم جوانییەکەی بشێوێنم!... لاوێکی لەشولار ڕێک بوو. بەڵام درۆزن دەرچوو!...

(ناپیلۆن): لاوی دیمەن خاوێن کێیە باش ڕاوەستە و چیت لایە بیلێ!... لە گفتوگۆی ئەفسەرەکەوە وا دەرکەوت کە لە ڕێگادا گەیشتبوو بەلاوێکی جوانی دیمەن ساکار. وایشی تێگەیاند بوو کە چاوەکانی لاوەکە هەر لە چاوەکانی خوشکە تاکانەکەی خۆی دەکەن. کاتێ کە ئەفسەرەکەیش لەو خۆشەویستەی خۆی دووا بوو کە لێی جیا بووبووەوە، لاوەکە دەستی کردبوو بەگریان... پاشان گوتی: (لاوەکەیش چەک و ئەسپ و نامەکانی خۆی دایە دەستم... نامەکان زۆر بایەخدار بوون. بەجێیشی هێشتم ئەوانە هەموویان لەگەڵ خۆمدا ببەم. هەر بۆ (ئەمەی تێم بگەیێنێ کە باوەڕی پێم هەیە و بەسەرڕاستیشم دادەنێ... منیش هەڵم دەگرت کە ئەو وا پشتم پێ ببەستێ... چونکە ئەو ئەسپ و چەک و نامانەم بەتەواوەتی دایەوە دەستی... بەڵام تۆ هەرگیز بەبیرتدا دێ کە ئەو ناپاکیی لەگەڵ مندا کرد بێ!؟ چونکە کاتێ کە من چەک و ئەسپ و نامەکانی خۆم دایە دەستی، بۆ ئەمەی تێی بگەیێنم کە باوەڕی پێ دەکەم... کابرا دز و چاو و ڕاوکەر و ناپاک دەرچوو... خودانەناسە، ئێستایش و ئەوسایش نەمدیییەوە!...).

ناپلیۆنیش بەتووڕەییەکەوە خاوەن میوانخانەکە بانک دەکات، دەقیژێنێ بەسەریدا و



دەیەوێ خۆیشی بگرێ و، قسەی خراپ لە دەمی نەیەتە دەرەوە، پێی دەڵێ: (ئەمە ببە لەگەڵ خۆتدا. ئەم ئەفسەرە... نانی دەرخوارد بدە. ئەگەر بەپێویستیشت زانی پێخەفی بدەرێ. کاتێ کە هۆشیشی هاتەوە سەرخۆی، لێی بپرسە بزانە چی بەسەردا هاتووە. پاشان لەگەڵ خۆتدا بیهێنەرەوە ئێرە!). پاشان ڕوو دەکاتە ئەفسەرەکە و پێی دەڵێ: (تۆ لە دانگی ئەوانەدایت کە گیراون و لێ پرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ...). ئەفسەرەکەیش دەستی دەخاتە سەرشیرەکەی و دەست دەکاتەوە بەلێدووان لە بابەت دوژمنەکەیەوە: (کابرا پێی گوتم: هەرگیز پیاوێکی وەک منی دەست ناکەوێتەوە... دەسەسڕەکەی خۆیشی خستە سەر پشتی ملم، چونکە مێشوولەیەکی پێدا نووسا بوو!...).

پاش ئەوە ئەفسەرەکە دەسەسڕێکی بۆن خۆش دەهێنێتە دەرەوە (گیسیپی)یش بەناپلیۆن دەڵێ: (خاوەن پایە! سەیر کە دەسەسڕەکەی ژنانەیە!). ناپلیۆنیش دەسەسڕەکەی لێ دەستێنێ و لێی ورد دەبێتەوە و بۆنیشی دەکات. پاشان دەیخاتە ناوگیرفانی بەرسنگی چاکەتەکەیەوە!. (ئەفسەرەکە): کاتێ کە ئەو سەگە نێرەمووکە بێ ئابڕووە دەستی دا لە پشتی ملم هەر وامزانی دەستی ئافرەتێکە!...

لەو کاتەدا دەنگی ئافرەتەکە دێ کە لە میوانخانەکەدا دابەزیوە. بانگی خاوەن میوانخانەکە دەکات. ئەفسەرەکەیش باش گوێی لێ دەگرێ پاشان بەهەڵەداوان دەچێتە دەرەوە، دەست دەداتە شیرەکەی و لە کالان دەیهێنێتە دەرەوە. (گیسیپی)یش توند دەستی دەگرێ و پێی دەڵێ: (ئەفسەرەکەم! تۆ ئەو دەنگە بەهی کێ دەزانیت... گوێت لێ نییە ژنێکە بانگ دەکات. ئەوە دەنگی ژنە... دەنگی ژن!.).

(ئەفسەرەکە): وازم لێ بێنە... ئەوە دەنگی خۆیەتی!.

٤

ئافرەتێکی باڵابەرزیش دێتە ناو هۆڵەکەوە. جوانی و گەشییەکی لە ئەندازە بەدەری پێوە دەبێ. دەموچاوێکی ناسکی پێوە دەبێ. وردیلانەیەکی وایش دەبێ، کە زیرەکی و بیرکردنەوە و پرسکردنی تێدا دەردەکەوێ. قەڵەمی دەموچاوەکەی ڕێک دەبێ، لووتەکەیشی هەر بەکونەکانیدا دیار دەبێ کە ئافرەتەکە یەجگار دڵناسکە... لەشیشی زۆر توندوتۆڵ و داڕێژراو دەبێ. وا دەردەکەوێ کە پڕە لە هێز و توانایی و، لە لەشی ناپلیۆنیش و خاوەن میوانخانەکەیش بەهەڕەتترە. نزیکی لەشی ئەفسەرەکە دەبێتەوە!... کراسەکەیشی گەردنی بەرەڵڵا کردووە، کە بەپارچە سیپالێکی زەرد داپۆشراوە. هەر ئەوەندە ئافرەتەکە

ئەفسەرەکە دەبینێ، ڕەنگی تێکدەچێ. وا دەردەکەوێ کە هەست بەتەنگوچەڵەمەیەکی لە ناکاو دەکات... بەڵام لە پاشدا تووڕەیی دەیگرێ. ئەفسەرەکەیش بەسەرکەوتووییەکەوە پێی دەڵێ: (دوایی هەر دۆزیمیتەوە... لاوەکەم... کراسەکەت داکەنە!). ئافرەتەکەیش هاوار دەباتە بەر (ناپلیۆن). ناپلیۆنیش بەئەفسەرەکە دەڵێ: (بۆچ لەگەڵ ئەم خانمەدا بەم جۆرە دەجووڵێیتەوە؟!...)

(ئەفسەرەکە): خانمی چی... ئەوە پیاوە. ئەو پیاوەیشە کە پشتم پێ بەست و خۆم وا بۆ دەرخست کە باوەڕی پێ دەکەم!. ئافرەتەکەیش دەچێتە پشت ناپلیۆنەوە، قۆڵەکانی دەگرێ و دەینووسێنێ بەسنگی خۆیەوە. ناپلیۆنیش ڕوو دەکاتە ئەفسەرەکە و پێی دەڵێ: (بەسیەتی گەورەم ئیتر ئەوەندە قسەی هیچوپووچ مەکە. من ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە ئافرەتەکە پیاو نییە!... (خانمەکەیش قۆڵەکانی ناپلیۆن بەرەڵڵا دەکات و لە شەرماندا دەموچاوی سوور هەڵدەگەڕێ) ئەوا پێت دەڵێم تۆ گیراویت هەر ئێستە شیرەکەت دابنێ!).

(ئەفسەرەکە): بڕوام پێ بکە ئەوە ڕازدز (جاسووس)ێکی نەمسەییە. ئیمڕۆ دوای نیوەڕۆ بەمنی گوت: (یەکێکم لە پیاوەکانی سەرلەشکر (ماسینا)... وا ئێستایش تۆ چەواشە دەکات و پێت دەڵێ: (ئافرەتم!...).

(ئافرەتەکە): بێگومان ئەو براکەمی چاوپێکەوتووە. ڕاستە ئەو لە پیاوەکانی سەرلەشکر (ماسینا)یە... سەر و شێوەیشی زۆر لە من دەکات!...

ئەفسەرەکەیش ناچار دەبێت، فەرمانی ناپلیۆن ناشکێنێ شیرەکەی دادەنێ. ناپلیۆنیش لەو کاتەدا بە ژنەکە دەڵێ: (لەگەڵ ڕێزگرتنیشمدا بۆ براکەت، من هەرچەند دەکەم لەمە تێناگەم کە ئەفسەرێکی سەر بەسەرلەشکر پێویستی بەنامەکانی من بێ!...).

ئەفسەرەکەیش کە دەچێتە دەرەوە بەناپلیۆن دەڵێ: (سەرلەشکر: وا پێم گوتیت و تێم گەیاندیت، وریای خۆت بە!...). پاشان ڕوو دەکاتە ئافرەتەکەیش پێی دەڵێ: (ببەخشە خانمەکەم! من وامزانی تۆیت ئەو کەسەی بۆی دەگەڕام... مەگەر تۆ و ئەو هەر ئەوەندە لە یەکتر جیاواز بن کە ئەو لە ڕەگەزێکی ترە!...). پاشان دەنووشتێتەوە دەستی ئافرەتەکە ماچ بکات. بەڵام لێی دەسڵەمێتەوە. سەری لەو کارە سووڕ دەمێنێ. هەتا دەتوانێ لێی ورد دەبێتەوە پاشان پێی دەڵێ: (دەستی تۆ و براکەت هەر یەکە. ئەموستیلەکەیشت هەر ئەو ئەموستیلەیەیە کە لە پەنجەی ئەودا دیم) ئافرەتەکەیش بەڕوو خۆشییەکەوە پێی دەڵێ: (ئێمە هەردووکمان پێکەوە لە دایکبووین!...). ئەفسەرەکە بەم بیانووە بێ دەنگ دەبێ.



دەستی ئافرەتەکە ماچ دەکات. ئنجا دەچێتە دەرەوە و دەرگاکە پێوە دەداتەوە. ئیتر ئەوساکە (ناپلیۆن) لە شڵەژاوییەکەی خۆی ڕزگاری دەبێ. ئنجا ڕوو دەکاتە خانمەکە و دەستی بۆ درێژ دەکات، دەڵێ: (خێراکە نامەکانم بدەرێ!.). ئافرەتەکەیش هەر لەخۆیەوە هەر دوو دەستی دەنووسێنێ بەسنگییەوە کە بیپارێزێ!.

(ناپلیۆن): تۆ ئەو بێ هۆش و گۆشەت چەواشە کردبوو. خۆیشت خستبووە بەرگی پیاوێکەوە. نامەکانی خۆم بدەرێ!... ئەوەتان لەبن کراسەکەتدا، لەژێر لەپی دەستتدان!...

(خانمەکە): (زوو دەستەکانی لەسەر سنگی خۆی لادەبات). قسەکانت زۆر ئازارم دەدەن. (دەسەسڕێک لە گیرفانی کراسەکەی دەردەهێنێت و چاوەکانی خۆی پێ دەسڕێت. خۆی وا پیشان دەدات کە فرمێسکەکانی خۆی پێ وشک دەکاتەوە).

(ناپلیۆن): خانمەکەم وا دیارە تۆ نامناسیت. ئەگینا خۆت بەم گریانە خۆکردەوە ماندوو نەدەکرد.

(خانمەکە): (لە ناوەند فرمێسک ڕشتندا، زەردەخەنەیەک بەخۆی دەدات): نەء. دەتناسم. تۆ سەرلەشکر (بۆناپارتۆ)ی بەناوبانگیت. (ژنەکە بەتایبەتی ناوەکەی ناپلیۆن بەئیتالیایی دەخوێنێتەوە.). ناپلیۆن لەوە تووڕە دەبێ. خۆی بەزمانی فەرەنسیەی ناوەکەی خۆی دەخوێنێتەوە. پاش ئەوە کە چاوی بەدەسەسڕەکەی دەکەوێ لە دەست ئافرەتەکەی دەسێنێ).

(ناپلیۆن): (دەسەسڕەکەی تر لە گیرفانی چاکەتەکەی دەردەهێنێ) تۆ یەکێک لە دەسەسڕەکانی خۆت دابوو بەئەفسەرەکە... ئەم دوو دەسەسڕە یەک جۆرن. بۆنە خۆشەکەیشیان هەر لە یەک دەکات. (هەردووکیان) (فڕێ دەداتە سەر مێزەکە). چاوەڕوانم نامەکانم بدەیتە دەست. ئەگەر ناچارم بکەیت بەزۆر لێتی دەستێنم!...

ئافرەتەکەیش دەست دەکات بەزەردەخەنە و پێکەنین و بەنازونووزی ئافرەتانە. ئنجا کە تەماشا دەکات ناتوانێ کاری لێ بکات، لە ناپلیۆن هەڵدەگەڕێتەوە، پێی دەڵێ: (ئیتر لەمە بەولاوە نامەوێ ئەمەندە بەتوندوتیژییەوە سەیرم بکەیت، چاو تێ بڕینەکەت ترس دەخاتە دڵمەوە. دڵم بەرگەی ئەم سامناکییە ناگرێ.) ئنجا پێی دەڵێ: (بۆچ تۆ وا دەزانیت: هەموو کەسێک وەک خۆت ئازایە؟. من وەک تۆ ئازا نیم... من لە توندوتیژیدا دادەچڵەکێم. تەنگانە دڵم تەنگ دەکات!...).

(ناپلیۆن): (بەدڵخۆشییەکەوە) کەواتە بۆ چ خۆت خستۆتە تەنگوچەڵەمەوە.

(خانمەکە): ناچار بووم وا بکەم... بەڵام ئێستاکە هەموو شتێک تێکچوو. هۆی ئەوەیش ئەوەیە کە تۆ پیاوێکی بێ باکیت بێ دڵیت بێ هەست و تاسەیت!...

ئنجا ئافرەتەکە دێ بەئەژنۆدا و لێی دەپاڕێتەوە کە بیبەخشێ بەڵام ناپلیۆن هەر لەسەر قسەی خۆی دەمێنێتەوە و، داوای نامەکانی خۆی لێ دەکاتەوە، بیداتێ. چاوتێبڕین و پەشۆکاوی ئافرەتەکە هیچ کاری لێ ناکات. بەرگە دەگرێ. دڵی پێی ناسووتێ. دوایی ئافرەتەکە پێی دەڵێ: (نامەکان لە ژوورەکەیدایە). بەڵام ئەو فێڵەیشی بۆ ناچێتە سەر. کار لە ناپلیۆن ناکات. دوایی بەناپلیۆن دەڵێ: (باشە نامەکانت دەدەمێ. بەڵام نامەیەکی تایبەتیی بچکۆلەی خۆمی تێدایە ئەوەت نادەمێ. لای خۆم گلی دەدەمەوە!).

(ناپلیۆن): (بەساردوسڕی و توندوتیژییەکەوە): بۆ چ خواستی وا پەسندە؟!.

(خانمەکە): بۆ چ هەموو خواستەکانی تۆ پەسندن؟!. تۆ هەزاران گیان دەنێیتە پێناو سەرکەوتنەکان و چاوچلێسییەکان و چارەنووسەکانی خۆتەوە!... کەچی من کە ئافرەتێکی بێ دەسەڵاتم کە ئەم شتە بێ نرخە هیچوپووچە لە تۆ داوا دەکەم تۆ بەشتێکی ناپەسندی دادەنێیت!. بەڕاستی تۆ پیاوێکی بێ باکیت، هیچ ترست لە خودا نییە!....

## ٥

ناپلیۆن هەست وا بەخۆی دەکات، کە ژنەکە بەسەریدا زاڵ بووە. دەچێتە سەر تەختەکە لەتەنشت ژنەکەوە دادەنیشێ... ئافرەتەکەیش بەترسێکەوە تەماشای ناپلیۆن دەکات. بەڵام تروسکەیەکی هیوا لەناو چاوەکانیدا پڕشنگ دەدات. ئیتر دەست دەکات بەپێدا هەڵدان بۆ ئازایەتی ناپلیۆندا، کە دوو ڕۆژ لەوە پێش نواند بووی لە کاتی کوشتارەکەدا کە ویستبووی لە (لوودی)دا بەسەر ڕووبارەکەدا بپەڕێتەوە. ناپلیۆنیش پێی دەڵێ:

(هەر وا بزانە کە بەهیچ هۆیەک نەتدەتوانی ئەو نامانەت دەست بکەوێ، بەو جۆرە نەبێ کە بەسەر ئەو پردەدا بپەڕیتایەوە، کە شەڕمان دەکرد بۆ ئەمەی بکەوێتە ژێر چنگمانەوە... وایشی بهێنەرە پێش چاوی خۆت، کە لەم ڕێگایە بەو لاوە، هیچ ڕێگایەکی ترت نەبووایە بۆ ئەمەی ئەو نامەیەت دەست بکەوێ، بەمەرجێ بتتوانیایە خۆت لە گوللەبارانی تۆپەکان ڕزگار بکەیت. ئایا ئەو کاتە هەستت بەترس و لەرز دەکرد؟). (خانمەکە): بەڵێ لە ئەندازە بەدەر دەترسام لەگەڵ ئەوەیشدا گوێم نەدەدایە ترس و لەرز. لە پێناو ئامانجی خۆمدا هەر دەڕۆیشتم تا ئەو نامەیەم دەست دەکەوت. چونکە بڕیارم دابوو، ئەو نامەیەم هەر دەست بکەوتایە!...



(ناپلیۆن): هەر لەبەر نامەکەی من ترست دەنایە بەر خۆت... (لەپڕ هەڵدەسێتە سەرپێ و خۆی ئامادە دەکات بۆ وتاردان؟).

هیچ هەستێک نییە کە وەک یەک بێت بەدڵی هەموو مرۆڤێکدا. ترس نەبێ!... ترس تەنیا هەستێکە کە لە دەروونی بچووکترین تەپڵ لێدەری لەشکرەکەی مندا و، لە دەروونی خۆمدا، وەک یەک دەیدۆزیتەوە!.

هەر ترسیشە کە مرۆڤ دەخاتە سەر کوشتار. بەڵام بێ باکییەکە دەیانخاتە سەر هەڕاکردن! ترس ئەو گۆپکەیەیە کە دەستت پێدانا جەنگاوەر لە بەندیخانە دێتە دەرەوە. هەرچییەکو ترسیشە لە دڵی مندا زۆرتر هەیە تا لە دڵی تۆدا، یاخود لە دڵی هەموو ژنێکی تردا!... ترس هیچ ڕۆژێک بەربەستی کەسی کردووە، کە ئەوەی دەیەوێ دەستی بکەوێ. نەء. لەمەدا چ ژن بێ، چ پیاو، جیاوازیی نییە!...

وەرە لەگەڵمدا بیست هەزار پیاوی ترسنۆکت پێشان بدەم، کە هەموو ڕۆژێک دەچنە جەنگەوە و خۆیان دەدەن بەکوشت، لە پێناو مزێگی وادا کە لە نرخی جامێک (براندی) پتر نییە!... نەء. من گوێ نادەمە ترس، یاخود ئازایەتیی تۆ!. ئەگەر تۆ ناچار ببوویتایە بگەیشتیتایە لام لە (لوودی)دا، ترسەکەت لەوانە نەبوو کە پەکی هاتنت بخات. هەر لەوەندە بگەیشتیتایە سەر پردەکە، ناچاری وای لێ دەکردیت کە ترسەکەت نەمێنێ!... مەبەسم لە ناچاری ئەوەیە کە بەپێویستت بزانیایە بگەیشتیتایە لام، تا بەئامانجی خۆت بگەیت... تۆ بلێ بەبێ وەی بەکامی خۆت بگەیشتیتایە، ترسەکەی لە دڵیشتدا بوو بەترس نەمایەتەوە و ببووایە بەهێز و هەڕەت و سنگ بۆ پێشەوەنان. ببووایەتە زۆرزانی و بڕیاری پۆلایی... ئەگەر یەکێک لێی بپرسیتایە ئاخۆ تۆ ترسنۆکیت یان نا، چۆنت وەرام دەدایەوە).

(خانمەکە): بەڕاستی تۆ مەردیت... مەردێکی دلێری ڕاستەقینەیشیت!. (ناپلیۆن): ئەمە قسەی پڕوپووچە! لە ڕاستیدا کەس نییە پاڵەوانی ڕاستەقینە بێت!...

(خانمەکە): تەنانەت لە ناوەند ئازایەتیی تۆ و ئازایەتیی منیشدا جیاوازی هەیە... تۆ ویستت بۆ کەڵکی خۆت جەنگی (لوودی) ببەیتەوە!. ئەوەندەی نامێنێ ناپلیۆن بەتەڵەوە ببێ. گورج چارەی خۆی دەکات و دەقیژێنێ دەڵێ:

(من خۆم هەر بەفرمانبەری فەرەنسە دەزانم... من بەندەی کۆمارم... من هەر ئەو پیاوە نیم کە بەملکەچییەکەوە دوای هەنگاوی پاڵەوانان دەکەوم... پاڵەوانەکانی پێشینان... من لە هەر جەنگێدا سەربکەوم بۆ کەڵکی خۆم نییە، بۆ کەڵکی نیشتمانەکەمە. بۆ کەڵکی

مرۆڤایەتییە!...). (خانمەکە): (بەدڵناخۆشییەکەوە): کەواتە تۆیش هەر پاڵەوانێکی ژنانەیت وەک من!... تۆ بڕوا دەکەیت من خۆم بخستایە ناو ئاگری جەنگەوە، بۆ ئەو نامانە، ئەگەر مەبەسم کەڵکی خۆم بووایە؟... نەء!... ئازایەتییەکەی منیش بریتییە لە بەندەیەتییەک!... چونکە من ناتوانم خۆم فڕێ بدەمە ناو تەنگوچەڵەمەوە، مەگەر خۆشەویستییەک، یاخود بەزەیی پێدا هاتنەوەیەک، یان ئارەزووکردنی پاراستنی یەکێکی تر بمخاتە سەر ئەوە!... (ناپلیۆن ڕووی لێ وەردەگێڕێ)... کەواتە هەروەک خۆت چاوت پێ دەکەوێ من ئازایەکی ڕاستەقینە نیم. کەواتە بەچ مافێکەوە بەچاوی سووک سەیرم دەکەیت، ئەگەر تۆ هەرچی جەنگێکت هەبێ هەر لە پێناوی کەسانی تردا، یاخود لە پێناوی نیشتمانەکەتدا خۆتی تێدا بەخت بکەیت... وا دیارە فەرەنسییەکان هەموودەم هەر وەهان!...

ناپلیۆنیش هەر بەوەندەی کە ئافرەتەکە ناوەکەی لەو بەشێوەی زمانی ئیتالیایی دەخوێنێتەوە، دڵتەنگییەکەی خۆی لەبیر دەچێتەوە. دەڵێ: (من فەرەنسەیی نیم!...). کە ئافرەتەکەیش لێی دێتە پێشەوە و بەرپەرچی دەداتەوە، پێی دەڵێ: (من وەک فەرەنسەییەک لە دایک بووم. بەڵام لە فەرەنسە خۆیدا لە دایک نەبووم!...) پاشان دەڵێ: (ئەوەندە هەیە، خانمە بچکۆلەکەم. ئێمە نابێ بۆ کەڵکی کەسانی تر فرمان بکەین. پێویستە سەرکردەییان بکەین و فەرمانداریشیان بەسەردا بکەین، هەر لەبەر کەڵکی خۆیان. چونکە خۆ بەبیردا نەهاتن بنچینەی هەموو جوامێرییەکی ڕاستەقینەیە!...).

(خانمەکە): (بەخەفەت خواردنێکەوە): ئاخ لە دەست تۆ سەرلەشکر! بۆ من زۆر ئاسانە کە بتبینم، هەرگیز تۆ بۆ ئەو جوامێرییە خەباتت نەکردووە!... تۆ سەرنجی ئەوەت نەداوە کە هەموو کەس، هەموودەم، ئەو شتە بەنرخدار دادەنێن کە دەستیان نەکەوتووە!. هەژارەکان وا دەزانن کە لە گەنج و سامان بەولاوە هیچ شتێکی تر کامەرانیان ناکات!... هەروەها هەموو کەسێکیش ڕاستگۆیی و داوێن پاکی و خۆ لەبیرچوونەوە بەکردەوەی زۆر گەورە دادەنێن. چونکە ئەو کردەوانەیان نییە!... من لە بەدبەختی خۆم، بەچاکی لە دایک بووم. چونکە من ڕاستگۆم. لە ڕاستیدا خۆپەرست نیم. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم کردەوانە بریتین لە ترس، بریتین لە کەموکوڕی لە کەسایەتیدا. (ناپلیۆن بەوریاییەکەوە ڕووی تێدەکات. ئەویش بەسەرگەرمییەکەوە لەسەر قسەکانی خۆی دەڕوات). ڕازی هێز و هەڕەتی تۆ چییە؟... هەر ئەوەیە کە تۆ باوەڕت بەخۆت هەیە و، پشت بەخۆت دەبەستیت!... تۆ دەتوانیت بۆ کەڵکی خۆت بچیتە جەنگەوە، بۆ کەڵکی خۆت جەنگ ببەیتەوە، نەک بۆ



کەڵکی کەسێکی تر!... تۆ لە دواڕۆژی خۆت ناترسیت، خەمی چارەنووسی خۆت ناخۆیت. کەواتە تۆ ئەوەمان فێر دەکەیت کە دەتوانین پێی بگەین، بەمەرجێ بڕیارێکی بەهێز و بێ باکییەکی تەواومان هەبێ. (کوتوپڕ لە بەردەمیدا کڕنووش دەکێشێ)، جا لەبەر ئەمەیە کە ئێمە دەتپەرستین!... بێ بەشم مەکە لەوەی کە فرمانی ملکەچی خۆمت بۆ بەجێ بهێنم. چونکە دوایی تۆ هەر دەبیتە شاهەنشاهی فەرەنسە!.

ناپلیۆنیش دەشڵەژێ. ئافرەتەکە وریا دەکاتەوە لەوەی کە لە قسەکانیدا ناپاکییەکی تێدایە بۆ نیشتمانەکەی.

ئافرەتەکەیش دەڵێ: (بەڵێ، شاهەنشاهی فەرەنسە، پاشان شاهەنشاهی ئەورووپا... ڕەنگە بشبیتە شاهەنشاهی هەموو جیهان!) ئافرەتەکە دەستی ناپلیۆن ماچ دەکات. چاویشی پڕ دەبێ لە فرمێسک. ناپلیۆن ڕاستی دەکاتەوە سەرپێ. دەسێکیش دەدات لە ڕوومەتی ئافرەتەکە و پێی دەڵێ: (دەتوانین ببین بەدۆست...). ئافرەتەکەیش بەدڵخۆشییەکەوە دەستی بۆ درێژ دەکات. ئنجا بەپەرۆشییەکەوە پێی دەڵێ: (تۆ پێم دەڵێیت ببم بەدۆستت!... ئاخ!... گوناهی خۆمە، باوەڕی خۆمم بەرامبەرت پێشان دا!).

ئەم وشانەی دواییەی ناپلیۆن وریا دەکاتەوە. دادەچڵەکێ. تووڕەیی دەیگرێ. پاشان بەکوڵی دڵەوە دەڵێ: (تۆ بۆیەکا باوەڕی خۆتت بەرامبەرم پێشان دا، تا منیش باوەڕیی خۆم بەرامبەرت پێشان بدەم. مەبەسیشت لەمە ئەوەیە کە بەرەڵڵات بکەم و نامەکانم دەرباز بکەیت! داخەکەم منیش وەک ئەفسەرەکە خۆم بەچەواشەکردن دا... درەنگە نامەکانم بدەرێ، گورج کە!...). ئافرەتەکە هەرچەند دەکات فڕوفێڵەکانی کار لە ناپلیۆن ناکەن. ناپلیۆنیش خۆی گورج دەکاتەوە پەلاماری بدات کەچی ئافرەتەکە هەردوو دەستی دەخاتە سەرسنگی خۆی و، وەک سەربازێکی گیانبەخش لە بەردەمیدا دەوەستێ. بەڵام ناپلیۆنیش کە هونەرمەندێک بوو لە هونەری لاساییکردنەوەدا، فێڵی خۆی دەزانێ، هورووژم ناباتە سەری. هەر بەوەندە واز دەهێنێ کە لە بەردەمیدا ڕادەوەستێ و، هەردوو دەستیشی دەخاتە پشت خۆیەوە... بەم ڕەنگە کاری ئافرەتەکە تێک دەدا کە دەیویست لاسایی گیانبەخشێک بکاتەوە!... دوایی بەئافرەتەکە دەڵێ: (تۆ بڵێ: من وازم لە خۆم هێنا، ملکەچی بکەم بۆ یاسای ڕێزگرتن بەرامبەر ڕەگەزەکەی تۆ و، جوانییەکەت و، مەردایەتییەکەت و کردەوەکانی تریشت... تۆ بڵێ هەر ئەو هەست و تاسانەم بوو کە نەیانهێشت دەست و بازووم بەکار بهێنم و ئەو نامانە لە دەست تۆ دەربهێنم... من ئەو نامانەم دەوێ. هەر دەبێ بشکەونە دەستمەوە... تۆ بڵێ من بەوەندە وازم هێنا و، بێ ئەمەی نامەکانم دەست بکەوێ

دەستم کرد بەگەڕانەوە، لە کاتێکدا کە ئامانجەکەی خۆم لەژێر چنگمدایە و دەیشتوانم بەکامی خۆم بگەم... من ئەگەر وام کرد، تووبی خودا، تۆ لە دڵی خۆتدا بەسووکم تەماشا ناکەیت؟!... ئاخۆ هیچ ئافرەتێک هەیە لە جیهاندا کە ناشێتی وای پێ خۆش بێ بیکات؟... (بۆناپارت) لە ڕاستیدا لە تواناییدا هەیە، کە زاڵ ببێ بەسەر ئەم بارەدا. هەر کاتێ بەپێویستیشی زانی دەتوانێ ئەوەندەی هەموو ئافرەتێک کاروباری خۆی ببات بەڕێوە!).

٦

دوایی ئافرەتەکە بەستەی نامەکانی دەداتە دەست. ئەمیش دەست دەکات بەکردنەوەیان کە تەماشا دەکات، مۆرەکەی پێوەی بووە، لەوەپێش شکێنراوە. ئنجا دەست دەکات بەپشکنینی ناوەڕۆکەکەیان. ئافرەتەکەیش بەپەژارەیەکی زۆرەوە پێی دەڵێ: (من لەبەر تۆ خەفەت دەخۆم). ناپلیۆنیش سەر هەڵدەبڕێ و سەیرێکی ئافرەتەکە دەکات. لەو کاتەیشدا دەست دەبات بۆ گرنگترین نامەی بەستەی نامەکان. لە ئافرەتەکە دەپرسێت: هۆی پەژارەکەی چییە؟ ئەویش پێی دەڵێ: (هەرچەند دەکەم خۆم پێ ناگیرێ تۆم وا بێتە پێش چاو، کە سەربەرزی و کامەرانیت لە دەست چوو بێت!).

(ناپلیۆن): ئەگەر من گوێم بدایەتە کامەرانی، تۆ وا دەزانی من وام لێ دەهات؟...

(خانمەکە): بەڵام هاونیشتمانەکانی فەرەنسە بەپیاوێکی گێژوویژ و تێنەگەیشتووت دادەنێن!...

(ناپلیۆن): (بەپەلەیەکەوە): دەڵێی چی؟ (واز لە هەڵپچڕینی نامەکان دەهێنێ). مەبەست چییە لەو قسەیە؟ ئەمیش دەکەیت بەفێڵێکی تازە؟... بۆ چ تۆ وا دەزانیت کە من نازانم چی لەم نامانەدا هەیە؟... لەپێش هەموو شتێکدا ئەوەی تێدایە کە سەرکردە نەمسەییەکە (بۆلبۆ) شکاوە... منیش تۆم هەر وا دێتە پێش چاو کە بریتییت لە ئافرەتێکی ڕازدز و سەرەتاتکێکەر،[1] ئەو سەرکردەیەیش بۆیەکا ڕەوانەی کردوویتە ئێرە، کە هەرچی چەندێکت لە دەست بێت ماوە نەدەیت ئەو دەنگانە بگەنە من. ئەو وا دەزانێ کە بەمە خۆی لە دەست من ڕزگار دەکات؟! نامەکانی تریش بریتین لەو نامانەی کە بەتایبەتی بۆ خۆم نێرراون لە شاری (پاریس)ەوە تۆیش هیچیان لێ تێناگەیت!...

(خانمەکە): بام نامەکان بەش بکەین لەناو خۆماندا... هەرچی نامەیەک هەیە و بۆت

(١) سەرەتاتکێ: تەماشاکردن بەدزییەوە، دزە ڕوانین (إختلاس النظر).



نێرراوە لە بابەت پیاوە ڕازدزەکانتەوە، کە لە بابەت لەشکری نەمسەوە دەدوێ بۆ تۆ. نامەکانی (پاریس)یش بۆ من بهێڵەرەوە... لەوەیش دڵنیا بە کە من سەرم بەرزە، نامەوێ نامەی تایبەتیی خۆت وەربگرم... بەڵام لەو بەستەیەدا نامەیەکی دزراوی تێدایە... نامەی ئافرەتێکی تێدایە، نووسیویەتی بۆ پیاوێک کە مێردی خۆی نییە... ئەو نامەیە پڕە لە ئابڕووچوون و ڕیسوایی... نامەیەکی دڵدارییە، بەکەڵکی تۆ نایەت... سوێندیشت بۆ دەخۆم ئەگەر ئەو نامەیەم بدەیتێ، هیچ زیانێکت پێ ناگات... چونکە هەر بۆ ئەوە نێرراوەتە لای تۆ کە ئازاری ئەو ئافرەتە بدرێت کە نووسیویەتی!...

(ناپلیۆن): کەواتە نامەکە بۆ مێردی ئافرەتەکە بۆ چ نەنێرراوە؟

(خانمەکە): (دەشڵەژێ): ئاخ!... نازانم نازانم بۆچی وایە!؟...

(ناپلیۆن): وا دیارە ئەمەیش چیرۆکێکی شارەزایانەیە، دەتەوێ بیکەیت بەهۆیەک و نامەکەت دەست بکەوێت... منیش وەک هەموو (کۆرسیکا)ییەک حەز لە چیرۆک دەکەم.

چیرۆکی چاک و خراپیش لە یەک جوێ دەکەمەوە... ئەگەر جارێکیکەیش یەکێک لێی پرسیتەوە کە هۆی ئەوە چییە ئەو نامەیەی ژنێک بەدناو دەکات نانێررێت بۆ مێردەکەی، ڕاست و ڕەوان پێی بڵێ: لەبەر ئەوەیە کە مێردەکەی خۆی ماندوو ناکات بەخوێندنەوەی ئەو نامەیەوە!.

تۆیش ئەی ئافرەتی بێ هۆش، وا دەزانیت، پیاو حەز دەکات قسەی ئەم و ئەو کاری لێ بکات و، بچێت کەتنێک بکات و خۆی بخاتە زۆرانبازییەوە لەگەڵ کەسانی تردا و، ژیانی خێزانی خۆی تاڵ بکات و، ژیانی کار و فرمانی خۆی تێک بدات. ئەمانە هەمووی بکات هەر لەبەر ئەوەی کە کەتنێک کراوە، کە لە تواناییدا هەیە گوێی نەداتێ و خۆیشی تووشی ئەو تەنگوچەڵەمە و دەردیسەرییانە نەکات!؟...

(خانمەکە): ئەی ئەگەر نامەکە پەیوەندیی بەژنەکەی خۆتەوە بوو دەڵێی چی؟!...

(ناپلیۆن): بەڕاستی تۆ ئافرەتێکی بێ شەرم و بێ ئابڕوویت، (خۆی دەگرێت، هیچی لێ ناکات)، من ئەمجارە دەتبەخشم هیچت لێ ناکەم، بەڵام نەکەیت جارێکی تر لەناو چیرۆکەکانتدا ناوی کەسانی ڕاستەقینە ببەیت!...

خانمەکەیش وای پێ دەڵێ کە خاوەنی نامەکە لە خوێندنگادا هاوڕێی بووە. ئەویش وای بۆ نووسیوە کە تکای لێ دەکات نەهێڵێ ئەو نامەیە بکەوێتە دەست تۆ. ناپلیۆنیش لێی دەپرسێ: (کەواتە ئەم نامەیە بۆ چ بۆ من نێرراوە؟.)

(خانمەکە): چونکە پەیوەندیی بە(بارا)ی کارگێڕەوە هەیە. (بارا)یش ئەو کاتە یەکێک بوو لەو کارگێڕانەی کە فەرمانداریییان دەکرد بەسەر فەرەنسەدا. مێژوویش وای تۆمار کردووە کە (جۆزفین) ژنی ناپلیۆن چوو بەلایەوە و تکای لێ کردووە بۆ ناپلیۆنی مێردی، تا ئەو پایەیەی دەست کەوتووە!... کەواتە سەرسوڕمانی پێ ناوێ کە ناپلیۆن بەخانمەکە بڵێ: (ئاگات لە خۆت بێ، لەوە زۆرتر نەڕێسیت، مەبەست چییە لەمە؟... ئەو ژنە کێیە؟)

(خانمەکە): ئەو ژنە ئافرەتێکی هیچوپووچی بێ مێشکە. تا بڵێی دەست بڵاوە. مێردێکیشی هەیە بەکار و توانایە. دڵی پڕە لە ئاواتی گەورە گەورە کە تێدەکۆشێ پێیان بگات. ژنەکەی خۆیشی باش دەناسێ. پەیی بەوەیش بردووە کە ژنەکەی درۆی لەگەڵ کردووە کە لە بابەت تەمەن و دەرامەت و پایەی کۆمەڵایەتی خۆیەوە دوواوە... ئەوەیش باش دەزانێ کە ئەو ژنەی لەوانە نییە کە بنووسێت بەهیچ بیروباوەڕ و بەهیچ کەسێکەوە... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا هەرچەند دەکات خۆی پێ ناگیرێ، دڵداریی لەگەڵدا نەکات. خۆیشی پێ ناگیرێ کە ئەو ژنەی خۆی بەکارنەهێنێ بۆ ئەمەی خۆی لە لای (بارا) شیرین بکات، خۆی لە لا پێش بخات!...

(ناپلیۆن): (بەتووڕەییەکی پەنگ خواردووەوە): وا تۆیش تۆڵەی خۆت لێ کردمەوە!... بەڕاستی تۆ ئافرەتێکی نەنگەویستیت. ئافرەتێکی دڵ پڕ لە پشم و قینیت. لە شەیتانیش ناشیرینتریت!... بڕۆ لاچۆ لە بەرچاوم!... (ئافرەتەکەیش لێی ورد دەبێتەوە و دەداتە قاقای پێکەنین)... بەچی پێدەکەنیت؟

(خانمەکە): زۆر کەسم دیوە لە ڕەگەزی تۆ ئەی سەرلەشکر، کە کردەوەکانیان لە کردەوەکانی منداڵانیان کردووە بەڵام هەرگیز پیاوی گەورەم نەدیوە کە لەو جۆرە کردەوانەیان لێوەشابێتەوە.

تۆ پیاوێکی کڵۆڵیت. کە وای لێهات نامەکانی خۆت بام هەر بۆ خۆت بێ بیانخوێنەرەوە و، لە چیرۆکی ئابڕووچوونی خۆیشت تێبگە!... ئیتر وام لێهاتووە کە منیش هاوڕێکەم لە هیچ تەنگوچەڵەمەیەکدا نابینم. لە ڕاستیدا وا دەردەکەوێ کە ئەو شارەزای مێردەکەی خۆی نەبووە!... ئینجا کە خانمەکە ناپلیۆن دەبینێ دوودڵە لە ناوەند خوێندنەوەی نامەکەدا و نەخوێندنەوەیدا، پێی دەڵێ:

(مەترسە بیخوێنەرەوە!... زۆر بابەتی وای تێدا دەبینیت کە دڵت خۆش بکەن... چەکبازییەکی تێدایە لەگەڵ (بار)دا... شەڕوشۆڕێکی خێزانییشی تێدایە... هەروەها ژن و



مێردییەکی ڕووخاو و ئابڕووچوونێکی دەنگ بڵاویشی تێدایە، لەگەڵ ژیانێکی کاروباری ڕاوەستاودا!...) ئافرەتەکە سەیرێکی ناپلیۆن دەکات، سەری لێ تێکچووە، نازانێ چی بکات. زۆری پێ ناچێ ناپلیۆن دێتە سەر ئەوە کە بەستەی نامە تایبەتییەکانی خۆی پێشکەش دەکات. بەڵام ئافرەتەکە لێی وەرناگرێت. ناپلیۆنیش نامەکان دەدات بەزەویدا. پێی دەڵێ: (تا دە وردیلە (دقیقە)یش لەمەوپێش هەر ئاواتت ئەمە بوو کە ئەم نامانەت دەست بکەوێ، کەچی ئێستاکە دەیاندەمە دەستت، لێم وەرناگریت!...).

خانمەکەیش دەڵێ: (بەڵام تۆ لەپێش ئەو دە وردیلەیەدا منت سووک و ڕیسوا نەکرد بوو!.). کە ناپلیۆنیش بیانووی بۆ دەهێنێتەوە و، داوای بەخشینی لێ دەکات، ئافرەتەکە لێی دەپرسێت: (بۆچ ناتەوێ بیانخوێنیتەوە؟).

(ناپلیۆن): تۆ پێت نەگوتم کە بۆ من نەنێرراون؟. من وا ڕانەهاتووم کە نامەی کەسانی تر بخوێنمەوە!...

(خانمەکە): کە وای لێهات، پێم ناخۆش نییە کە تۆ ئەو نامانە لە لای خۆت گل بدەیتەوە. من هەر ئەوەندەم دەوێ کە نەهێڵم بیانخوێنیتەوە.

## ٧

ئافرەتەکە خەریک دەبێ هۆڵەکە بەجێ بهێڵێ. ناپلیۆن ڕێگای نادات بڕوات. بانگی خاوەن میوانخانەکە دەکات، پێی دەڵێ ئەفسەرەکەی بۆ بنێرێ. پاشان بەستەی نامەکان هەڵدەگرێ و بەباشی دەیانخاتە گیرفانی بەرسنگی چاکەتەکەیەوە. کە ئەفسەرەکەیش دێتە لای، دەمودەست پێی دەڵێ: (هەر چەندم کرد زانیارییەکی وام لە ئافرەتەکەوە دەست نەکەوت. بێگومان ئەو کەسەی تۆی لە خشتە بردووە، براکەی بووە. ئافرەتەکە خۆیشی پێی لەوە ناوە... کەواتە پێویستە لە سەرت بگەڕێیت بەشوێنیدا بیدۆزیتەوە... ئەوەیش بزانە کە سەربەرزیی خۆت و، ئەنجامی هەڵمەتەکەمان و، دوارۆژی فەرەنسە و ئەورووپا، تەنانەت دوارۆژی مرۆڤایەتییش بەندن بەو زانیارییانەوە کە لەناو ئەو نامانەدان!... ئەو نامانە ئەمەندە بەنرخ و گرنگن، ئەگەر بێتو سەرنەکەویت لە دەستکەوتنەوەیاندا، لەبەردەم تیپەکەتدا تووشی ڕیسوایی دێیت. جێبەجێ نەکردنی ئەو شتانەی کە لەناو ئەو نامانەدا داواکراون یەخەی من دەگرێتەوە. منیش ناچارم کە هەموو جیهان تێبگەیێنم ئەو نامانەم وەرنەگرتووە. جا تۆ هەرچییەکت بەسەر دێ ئۆباڵی بەئەستۆی خۆتە. پاشان نەڵێیت تێی نەگەیاندم!...).

کاتێ کە ئەفسەرەکە دەڕواتە دەرەوە، خانمەکە لە ناپلیۆن دەپرسێ: (بۆچ وات کرد؟). ناپلیۆنیش لەوە دڵنیای دەکات کە ئەفسەرەکە ناتوانێ براکەی بدۆزێتەوە... ئنجا ئافرەتەکەیش دەڵێ: (دیارە براکەم نادۆزێتەوە. چونکە من برام نییە. بەڵام تۆ نامەکانت لە بەرسنگتدا شاردۆتەوە!.).

(ناپلیۆن): دوایی بۆت دەردەکەوێ کە دەرخستنی ئەم کارە بەگران پێک دێ... چونکە نامەکان لەناوچوون!...

(خانمەکە): بەڵام کەسی تێدا ناچێ ئەم لاوە کلۆڵە نەبێ!... تۆ یەجگار دڵڕەقیت. بەلای تۆوە پیاو و ژن هەر بۆ ئەوە دروست کراون کە بۆ مەبەسی خۆت بیانچەوسێنیتەوە... ئیتر بەتەنگ ئەوەوە نیت کە ئەوانە لەو چەوسانەوەیەدا لەناو دەچن!...

(ناپلیۆن): من و تۆ کاممان ئەم لاوەمان بەم دەردە برد؟... کێ بوو چەواشەی کرد و نامەکانی لە دەست سەند؟...

(خانمەکە): (دەروونی ڕادەچەنێ): من هەرگیز بیرم لەمە نەکردبووەوە... بەڕاستی ئەمە گوناهی من بوو...

(لە ناپلیۆن دەپاڕێتەوە): تکات لێ دەکەم لەم ئابڕووچوونە ڕزگاری بکە.

(ناپلیۆن): تۆ زیرەک و زۆرزانیت. تۆ ڕزگاری بکە... بەڕاستی من حەز لەم سەربازە لەخۆبایی بووە ناکەم!...

(ناپلیۆن دەچێتە دەرەوە بۆ ناو باخچەکە. لەو کاتەدا ئەفسەرەکە دێتە ناو هۆڵەکەوە. ئافرەتەکەیش لێی دەپاڕێتەوە کە ئازاری براکەی نەدات). پێی دەڵێ: (ئەگەر من جێگاکەیم بۆ دۆزیتەوە و، بەڵێنیشم دایتێ کە وەک بەندەیەک بیدەمە دەستت، بۆ ئەمەی تۆیش بیبەیتە بەردەم سەرلەشکر (بۆناپارت)، ئایا وەک سەربازێکی سەربەرز سوێندم بۆ دەخۆیت، وەک مرۆڤێکی خاوەن ڕەوشتی پاک بەڵێنم دەدەیتێ کە ئازاری براکەم نەدەیت؟... هەروەها ئەسپەکەیش و چەکەکەیشت دەدەمەوە!...).

ئەفسەرەکەیش ئەم کەینەوبەینەیەی زۆر پێ خۆش دەبێ. خەریک دەبێت ئافرەتەکە ماچ بکات. بەڵام ئافرەتەکە خۆی لە دەستی ڕادەپسکێنێ پێیشی دەڵێ: ئەوەت لەبیر چۆتەوە کە دوارۆژت لە تاریکیدایە (کە دوارۆژی ئەوروپا و ئەنجامی مرۆڤایەتییش لە تەنگوچەڵەمەدان؟)

(ئەفسەرەکە): واز بهێنە لە ئەنجامی مرۆڤایەتی... تەنیا یەک ماچم بدەرێ!...



(خانمەکە): تا وەک ئەفسەرێک سەربەرزی خۆت لە دەست بەدناوی و ئابڕووچوون ڕزگار نەکەیت، حیێشکەی ئەو ماچە ناکەیت!) پاش ئەوە ئافرەتەکە بەڵێنی دەداتێ کە زۆری پێ ناچێ براکەی لەدوای چارەکە ساتێک دەگاتە ئەم هۆڵە و خۆی دەدا بەدەستەوە پاشان پێی دەڵێ: (ئێستاکەیش وا باش نییە بۆ تۆ کە هەر لە ئێستاکەوە خۆت ڕێک بخەیت لەگەڵ سەرکردەی لەشکرەکەتدا؟. بیشیخەیتە سەر ئەوەی کە گفتت بداتێ و، بەگرتنی براکەم تۆ لە ئابڕووچوون و بەدناوی ڕزگار بکات؟ لام وایە ئەو لە تۆڵەی ئەوەدا پێی ناخۆش نییە کە هەر شتێکت پێویست بێ بۆتی بکات... بەڵام نەکەیت بهێڵیت کە بزانێت تۆ زیرەکیت!.).

(ئەفسەرەکە): ئا... تێگەیشتم... ئەو هەر کەسێکی زیرەک ببینێ پەست دەبێ!...

(لەو کاتەدا کە ئافرەتەکە دەچێتە دەرەوە ماچێکی بەبادا بۆ دەنێرێ. زۆری پێ ناچێ (گیسیپی) دێتە ناو هۆڵەکەوە. پاش ئەو ناپلیۆنیش (دێتە ژوورەوە، خەریکی داخستنی بەرۆکی چاکەتەکەی دەبێ. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە. خەم و پەژارەیش دڵی داگیر کردووە. ئەفسەرەکە دەست دەکات بەقسەکردن). پێی دەڵێ: (ئەگەر هات و ئەو لاوەم دەست کەوت چیم دەدەیتێ؟).

(ناپلیۆن): (بەتیزێکەوە): دڵی خۆت خۆش مەکە، دۆستی خۆم ئەو لاوەت بۆ نادۆزرێتەوە.

(ئەفسەرەکە): چاوت پێ دەکەوێ... بەڵام ئەگەر هێنامە بەردەمت کەینەوبەینەکە دەبڕێنیتەوە و واز لە سزادانیشم دەهێنیت؟

(ناپلیۆن): (لە دەموچاویدا گەمەیەکی سارد دەردەکەوێت). چی لێ بکەین (گیسیپی)؟... هەرچییەک دەڵێ هەڵەیە!...

(گیسیپی): بام بیکەین بەسەرلەشکر، گەورەم، ئەوساکە هەرچییەک بڵێت بەڕاست دادەنرێت!...

ناپلیۆن بەو قسە خۆشە زۆر پێدەکەنێ. پاشان بەخاوەن میوانخانەکە دەڵێ: (بۆ نایەیت لەگەڵمدا بتکەم بەپیاوێکی گەورە؟!).

(گیسیپی): نەء، نەء، نەء، نەء، نەء، نەء!...

(ناپلیۆن): (بەبیرکردنەوەیەکەوە تێی مۆڕدەبێتەوە): تۆ ئەم بارەت پێ خۆشە کە تێیدایت؟... ئایا شەیتانێک لە سنگتدا نییە کە هەموودەم داوای خۆرشتی فەرمانداری و

سەرکەوتنت لێ بکات و، لە هیچ شتێکیش تێر نەخوات؟... ئاخۆ هەر ئەو شەیتانەیش وات لێ ناکات کە نرخی ئەو شتانە لە ڕەنجی شان و ئاوڕەک (ئارەق)ی ناوچەوانت بدەیت؟!... جا هەر ئەو شەیتانەیە کە دەبێتە بەندەیشت و سەرداریێکی زۆرداریشت... دەبێتە هۆی بلیمەتیت و لەناوچوونیشت بەدەستێکیەوە شا کلاوت بۆ هەڵدەگرێ. بەدەستەکەی تریشیەوە قەمچی بەندەییت بۆ هەڵدەگرێ!... ئاواتت پێ دەبەخشێ کە هەموو خاکەکانی جیهانت بخاتە ژێر چنگەوە. بەڵام بەمەرجێ کە خۆت بکەیتە بەندەی ئەو هەرچیت پێ دەڵێ بیکەیت!... (ئنجا ڕوو دەکاتە ئەفسەرەکە): هیوادارم کە دڵتم پڕ هیوا و ئاوات نەکرد بێ!...

(ئەفسەرەکە): نەء. هەرگیز دڵمت نەبزووواندووە... چونکە من لەوانە نیم ئەوەندە بەرز بفڕم... من ئەوەندەی دەستم کەوتووە بەسمە... چونکە ئەوانەی لە دانگی مندان، هەموو لەناو سوپاهدا خۆشەویستن. لە ڕاستیدا ئەفسەری بچووک ناچارە کە ببێتە گەورەیەکی کردەوە بڵندی خۆی... ئەوەیش سەبارەت بەوەیە کە زۆر دێتە ناو کەسانی ترەوە... ئاخۆ دەزانیت کێ جەنگی (لوودی)ی بردەوە؟... ئەسپەکەی من بردیەوە!... دیارە لەبیرتە کە تۆ و نەمسەییەکان لەمبەر و لەوبەری ڕووبارەکەوە تۆپبارانی یەکترتان دەکرد. ئاخۆ چاوت لێ بوو کە من لە کوێ وەستا بووم؟

(گیسیپی): دەڵێن سەرلەشکر لە ئەسپەکەی خۆی بازدی دابووە خوارەوە و، بەدەستی خۆیشی تۆپەکانی تەقاند بوو...

(ئەفسەرەکە): ئەمە هەڵەیە. نابێ ئەفسەر خۆی دابنەوێنێ تا دەگاتە بارستایی پیاوەکانی خۆی.

(ناپلیۆن): بەمۆرییەکەوە چاوی تێ دەبڕێ، کە پڕ بێ لە مەترسی). ئەگەر دەستەی سوارەکانی ئێمە نەبوونایە، دەبوو لەوساوە تا ئێستا هەر تۆپت بگرتایە نەمسەییەکان... شەڕەکە دوایی نەدەهات... چونکە ئێمە بووین خۆمان فڕێدایە ناو جۆگایەکی لاڕێوە و، هەڵمەتیشمان بردە سەر پاشەڵی هێزەکانی دوژمن... خۆیشت ئەوە دەزانیت کە تا ئێمەت نەدی پەڕینەوە ئەوپەڕی ڕووبارەکە نەتوێرا فەرمان بدەیت پردەکە بگیرێ... کەواتە هونەر هی ئەو کەسەیە کە ئەو جۆگایەی دۆزییەوە. یەکەم کەسێکیش کە بەناو ئەو جۆگایەدا تێپەڕی من بووم. ئەوەی جۆگاکەیشی دۆزییەوە ئەسپەکەی من بوو!...

(ناپلیۆن): ئای کە پیاوێکی ناشی و نەزانیت! چونکە نامەکانت بەونکردن داوە، هەر دەبێ فەرمان بدەم بتکوژن!...





لەم کاتەدا ئەفسەرێکی لاوی فەرەنسەیی دێتە ژوورەوە، شیرێکی بەلای خۆیدا هەڵواسیووە، لە کالاندایە بەدەنگێکی وایشەوە قسە دەکات کە لە دەنگی ئافرەتەکە جیا ناکرێتەوە. دەڵێ:

(ئەی ئەفسەر!... من خۆم دایە دەست تۆ!). ناپلیۆنیش بەواق وڕماوییەکەوە سەرنج لە ئەفسەرەکە دەدات. پاشان مەچەکی ئەفسەرەکە دەگرێ و دەیکێشێ بۆ لای خۆی. ئنجا باش تێی ورد دەبێتەوە. دوای ئەوە بەبێزارییەکەوە لە خۆی دوور دەخاتەوە. چونکە هەستی پێ دەکات کە هەر ئافرەتەکەی پێشووە خۆی کردووە بەپیاو: (نامەکانم کوان؟).

(خانمەکە): جێگای ئەو نامانەت هەر بەبیریشدا نایەت. بەلای تۆوە وایە کە لە دوورترین جێگای جیهاندایە. کەستان خوشکەکەی منتان نەدیوە لێرەدا!؟... خوشکەکەم جادووگەرێکە بۆ خۆی. وا دیارە توانیویەتی سەرلەشکر چاوبەست بکات. سەرلەشکر، گەورەم، چاکەتەکەت بکەرەوە، نامەکانی خۆت لە بەرۆکی چاکەتەکەتدا دەدۆزیتەوە. (دەست دەخاتە سەرسنگی سەرلەشکر) ئا. خۆ نامەکان ئەمەتان!. (بەتیزێکەوە سەیرێکی ناپلیۆن دەکات). دەهێڵێت دەریان بهێنم؟!. (پاشان دوگمەکانی چاکەتەکەی سەرلەشکر دەکاتەوە و، نامەکانیشی لێ دەردەهێنێ. ئنجا دەیانباتە پێشەوە لە (گیسیپی). ئەمیش لە ترسی چاوبەست خۆی لێ دوور دەخاتەوە پاشان خانمەکە نامەکان لە ئەفسەرەکە نزیک دەخاتەوە ئەفسەرەکەیش دەست دەداتە شیرەکەی خۆی و پێی دەڵێ: (دوورکەوەوە لێم! ئەوە نامەکانتە سەرلەشکری گەورەم!

(گیسیپی): سەرلەشکری گەورە! دەست مەدە لەو نامانە... بیانسووتێنە. ئەم جادووگەرە ئافرەتەیشی لەگەڵدا بسووتێنە!...

(خانمەکە): (ڕوو دەکاتە ناپلیۆن): بیانسووتێنم؟!...

(ناپلیۆن): بەڵێ بیانسووتێنە. (گیسیپی) چرا دابگیرسێنە! بەڵام (گیسیپی) دەترسێ بەتەنیا بچێتە دەرەوە، بەناو ئەو تاریکییەدا بڕوات. چونکە لەو کاتەدا شەو دابێت. ئەفسەرەکە لەگەڵیدا دەچێتە دەرەوە. خانمەکەیش نامەکان فڕێ دەداتە سەر مێزەکە. لە کاتی دانیشتندا دەڵێ: (سەرلەشکر! من تۆم شکاند و ڕاوەدووم نایت!... بەڵام پێش ئەمەی نامەکان بسووتێنم، ناتەوێ بیانخوێنیتەوە؟ بێگومان تۆ ئەوەندە بەپەرۆشەوەیت بیانخوێنیتەوە، ئەوەندەی نەماوە لە داخاندا بتەقێیت!. چونکە من خوێندوومنەتەوە.

لەبەر ئەوە دەزانم چیان تێدا نووسراوە... بەڵام تۆ نازانیت چیان تێدایە!.)

(ناپلیۆن): ببەخشە نایانخوێنمەوە... چونکە دە وردیلەیەک لەمەوپێش، لە باخچەکەدا، خوێندمنەوە!...

(خانمەکە): (گورج هەڵدەستێتە سەرپێ): داخەکەم هێشتا تەواو بەسەرتدا زاڵ نەبووم!... بەڵام ئەمجارە بەڕاستی کردەوە و ڕەوشتت پەسند دەکەم... زۆر بەدڵمدا چوو بێت... (دەستی ناپلیۆن ماچ دەکات)... من دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم. بەڵام دەترسم لە قسەکەم خراپ تێبگەیت... من ئەو پیاوە دەپەرستم کە ناترسێ لەوەی بەپەستی و نوشوستی و خۆپەرستییەوە بژی... مەبەستیشم لەم قسەیە، ئەوەیە کە لە شێوەیەکی ناسراودا، واتای ڕیسوایی و خۆپەرستی لێک بدرێتەوە... لێرەدا مەبەسم ئەوەیە کە جۆرە ساکارییەکی بەهێز و هەڕەت لە ڕەوشت و کردەوەکانتدا دیارە... چونکە تۆ نەتویست نامەکان بخوێنیتەوە. بەڵام سەرچڵی کارێکی وای پێ کردیت کە ناچار بوویت خۆت بهاوێژیتە ناو باخچەکەوە و، بەدزییەوە بیانخوێنیتەوە، بێ ئەمەی بهێڵیت کەسێک ئاگای لێت بێ. کەچی کە هاتیتەوە ناو هۆڵەکە، خۆت وا پێشان دا کە ئەتخوێندوونەوە... ئەمەیش نەنگترین کردەوەیە کە لە پیاوێکەوە چاوم پێی کەوتبێ. بەڵام ئەم کردەوەیە، تۆی بەئاواتی خۆت گەیاند. لەبەر ئەوە نە ترسایت، نە شەرمت لە خۆت کرد، کە ئەو کردەوەیەت لە دەست بووەشێتەوە!...

(ناپلیۆن): ئەم جۆرە قسە پیسانەت لە کوێ دۆزییەوە لە بەردەممدا بیلێیت؟... ئایا باپیرت بازرگان نەبووە!...

(خانمەکە): نەء. ئینگلیز بووە!

(ناپلیۆن): منیش ئەمەندەم بەسە، بۆ ئەمەی لێت بگەم!. چونکە ئینگلیزەکان نەتەوەیەکی خاوەن کۆگای بازرگانین!. گوێ بگرە ڕاستی ئینگلیزەکانت بۆ دەربخەم!...

... لە هەموو جیهاندا سێ جۆرە نەتەوە هەیە: نەتەوەی پەست، نەتەوەی مام ناوەندی، نەتەوەی بڵند... هەرچی نەتەوە پەستەکان و نەتەوە بڵندەکانن لە شتێکدا لە یەک دەکەن: ئەو شتەیش ئەوەیە کە هیچیان نە دەروون و نە کردەوە و ڕەوشتی پاکیان نییە... چونکە نەتەوە پەستەکان لە خوار بارستایی کردەوە و ڕەوشتی پاکەوەن... نەتەوە بڵندەکانیش لە ژوور بارستایی کردەوە و ڕەوشتی پاکەوەن... منیش لەو دوو جۆرە نەتەوانە ناترسم. چونکە نەتەوە نزمەکان هەست بەوە ناکەن کە دەروونیان نییە. لەبەر ئەوە ئەمەندە پایەی



من بەرز دەکەنەوە، دەمگەیێننە پلەی خودایی. هەرچی نەتەوە بەرزەکانیشە دەروونی خۆیان لەناو بردووە بێ ئەمەی بۆ ئامانجێک تێکۆشا بن. بەدووی دەرووندا دەگەڕێن بیدۆزنەوە... چونکە نەیانماوە. لەبەر ئەوە ئەوانیش سەرم بۆ دادەنەوێنن... هەروەک لەمەودوایش چاوت پێی دەکەوێ من بەچەشنی هەوجارێ کە بەسەر زەوی کێڵگەدا دەڕوات، ئاوا بەسەر سەری هەموو بۆرەپیاوان و هەموو چینی خونکارەکانی ئەورووپادا دەڕۆم!... ئەوەندە هەیە مەترسی لە نەتەوە مام ناوەندییەکان دەکرێ. چونکە ئەوانە لە سەرێکەوە کارشوناسن و ئاگاداری جیهانن. لە سەرێکی تریشەوە ئامانجیان هەیە و تێدەکۆشن پێی بگەن. بەڵام ئەوانیش بەشی خۆیان کزییان تێدایە!... ئەو کزییەیش، بریتییە لەوەی کە زۆر خۆیان دەبەستنەوە بەدەروونەوە، بەکردەوە و ڕەوشتی بڵندەوە!...

(خانمەکە): کەواتە تۆ بەسەر ئینگلیزەکانیشدا زاڵ دەبیت. چونکە خاوەن کۆگا بازرگانییەکان، هەموویان، لە چینی ناوەڕاست دەژمێررێن.

(ناپلیۆن): نەء. وا نییە. ئینگلیزەکان بابەتێکی ترن. چونکە کەسی وایان تێدا نییە ئەمەندە نزم ببێتەوە کە بایەخ بدات بەدەروونی پاک و کردەوەی خاوێن. هی وایشیان تێدا نییە ئەمەندە بەرز ببێتەوە کە خۆی لە دەست کۆتە و پێوەندی دەروون و کردەوەی چاک ڕزگار بکات!... بەڵام ئەوەندە هەیە کە هەر ئینگلیزێک لە دایک دەبێ، هێزێکی بێ ئەندازەی وا لەناو جەرگیدایە، کە خۆی وا دێتە پێش چاو: کەس گەورەی جیهان نییە خۆی نەبێ!... ئینگلیزەکە ئەگەر شتێکی ویست، ڕاست و ڕەوان بەخۆی نالێت: دەمەوێ. بەڵام دەچێ چاوەڕوانی دەکات، تا لە شێوەیەکی وادا کە کەس هەستی پێ نەکات باوەڕییەک دێتە دڵییەوە، کە کردەوەی شیرین و فرمانی ئایینی وای پێ دەوێ کە ئەو کەسانەی ئەو شتەیان لە لایە بشکێن و بکەونە ژێر چنگییەوە. ئنجا کە ئینگلیزەکە گەیشتە ئەو بیروباوەڕە، ئیتر کەس بەرگەی ناگرێ! ئینگلیزەکە هەر لە خانەدانە زەبر بەدەستەکان دەکات، چیی بوێ دەیکات، چی ئارەزوو بکات داگیری دەکات... ئەویش وەک هەموو بازرگانێک بۆ ئامانجی خۆی ڕەنج دەدات هەر لەسەر ڕێگەی خۆی دەڕوات، چی پێویست بێ ئەوە دەکات. ئەو فرمانکردنە لەسەرخۆیەیش کە هەیەتی و هەر لەسەری دەڕوات تا دەگاتە ئامانجی خۆی، لەوەوە پەیدا دەبێ کە باوەڕێکی ئایینی بەهێزی هەیە. هەروەها هەستیش بەلێپرسینەوەیەکی وێژەیی دەکات!... ئینگلیز، هەرگیز لەسەر ئەوە پەکی ناکەوێ، کە بیانوویەکی کردەوەیی بۆ کار و فرمانەکانی خۆی بدۆزێتەوە. ئینگلیز کە خۆی وا پێشان دەدات پشتیوانی هەرە گەورەی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکانە،

بەهۆی ئەوەوە، نیوەی جیهان دەخاتە ژێر چنگی خۆیەوە و داگیری دەکات. لەگەڵ ئەمەیشدا ئەو ئەمە بە(ئاواکردنەوە) دادەنێ... واتا بۆیەکا ئەو خاکانە دەخاتە سەر خاکەکانی خۆی تا وەک ئەوان ئاوایان بکاتەوە!... ئینگلیز ئەگەر ویستی بازاڕێک بۆ کوتاڵ و کەلوپەلەکانی خۆی بکاتەوە، کە هەموویان لە شاری (مانچستەر)دا بەچرووکی و چاووڕاوەوە دروست کراون، یەکێک لە کەشیشەکان دەنێرێت بۆ ئەو خاکەی دەیەوێ بازاڕی تێدا بڵاو بکاتەوە. زۆری پێ ناچێ دانیشتوانی ئەو خاکە کەشیشەکە دەکوژن.

ئینگلیزەکانیش ئەوە بەهەل دەزانن: دەمودەست، دەست دەدەنە چەکەکانیان و بۆ پاراستنی ئایینی مەسیحی خۆیان فڕێ دەدەنە جەنگەوە. بەناوی مەسیحێتییەوە شەڕ دەکەن. بەناوی مەسیحێتییەوە خاکەکە داگیر دەکەن. بازاڕەکەیش کە دەیخەنە ژێر چنگیانەوە بەپاداشێکی خودایی دادەنێن، کە لە خوداوە بۆیان هاتووەتە خوارەوە!!. ئینگلیزەکان بۆ ئەمەی لێوارەکانی دوورگەکەی خۆیان بپارێزن، کەشیشێک دادەنێن لە سەربانی کەشتییەکەیان. ئالایەکیش هەڵدەکەن بەسەر جێگایەکی هەرە بەرزی کەشتییەکەوە، کە نیشانەیەکی خاچ (صلیب)ی پێوە دیارە. پاش ئەوە کەشتییەکە دەچێ بۆ ئەمبەر و ئەوبەری جیهان. هەر کەسێکیش بەربەرەکانێی لەگەڵدا بکات، لەسەر دەسەڵاتداری سەر زری، لەناوی دەبات و، تەفروتووناى دەکات و، ماڵی وێران دەکات! ڕووخاندن و سووتاندن و نوقومکردن بەلای ئینگلیزەوە، وەک ئاو خواردنە ئاسانە!... ئینگلیز بەوەوە خۆی هەڵدەکێشێ کە هەر بەندەیەک پێی خستە سەر زەوی بەریتانیا ئازاد دەبێت. کەچی خۆیشی منداڵە هەژارەکان، لە تەمەنی شەش ساڵییاندا، لە باوک و دایکیان دەکڕێ بۆ ئەمەی بەزەبری تێلا، ڕۆژی شانزە کات کاریان پێ بکات لە کارخانەکانیدا!...

ئینگلیز لە مێژووی خۆیدا دوو شۆڕشی کردووە. کەچی بەناوی یاسا و ڕێکوپێکییەوە، بەرامبەر، شۆڕشە تاکانەکەی ئێمە شەڕ هەڵدەگیرسێنێ!. هیچ شتێک نییە، چ ناشیرین بێ، چ چاک، ئینگلیز نەیکات!... لەگەڵ ئەمەیشدا هەرگیز ئینگلیزێکم بۆ نادۆزرێتەوە کە خۆی وا پێشان بدات، هەڵەی دەربکەوێ، کە گوناهی ئاشکرا ببێت!... ئەو هەر شتێک دەکات لەسەر بنچینەی (بیروباوەڕ) دایدەمەزرێنێت!. کە دێت بەگژتدا، لەسەر بنچینەی (بیروباوەڕی نیشتمانی) دێت بەگژتدا. لەسەر بنچینەی (بیروباوەڕی بازرگانی)یش دزیت لێ دەکات. لەسەر بنچینەی (بیروباوەڕی خاک ئاوەدانکردنەوە)یش خاکت داگیر دەکات و دەتکات بەبەندە. بەناوی (مەردایەتی)یشەوە لە سایە و پەنای ئافرەتی داوێن پیسدا



دەژی و بەری ڕەنجی شانی ئەو کلۆڵانە دەخوات. بەناوی (دڵسۆزی) و (پشتگرتن)یشەوە لایەنی خونکارەکەی خۆی دەگرێ. کەچی بەناوی بیروباوەڕی (کۆماری)یشەوە سەری خونکارەکەی خۆی دەبڕێ!...

نابینی ئینگلیز، لە هەموودەمێکدا، (فرمان بینین)ە. ئینگلیز ئەوەی هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، کە ئەو نەتەوەیەی فرمانی خۆی دەخاتە پشتگوێ و، کەمتەرخەمی لەگەڵدا دەنوێنێ، کە بەر ئاوەژووی کەڵک و چاکەی خۆی دەبزوێتەوە، ئەو نەتەوەیە، ڕێ لە خۆی تێک دەدا و لەناو دەچێ!...

(خانمەکە): بەڵام لەوە دڵنیام، کە هیچ فرێکم بەسەر ئینگلیزەوە نییە. چونکە ئینگلیزەکان نەتەوەیەکی ناشی و بێ هۆشن. نەتەوەیەکی گێژوویژن.

(ناپلیۆن): ڕاست دەکەیت، وان!... تەنانەت جاری وایش هەیە، ئەمەندە گێژوویژییان لێ ڕوو دەدات، هەست بەشکاوی خۆیان ناکەن!...

ناپلیۆن دەچێتە سەر بەربانکەکە، سەیرێکی ئاسمان دەکات. ئافرەتەکەیش دوای دەکەوێ. پاشان دەست دەخاتە سەرشانی ناپلیۆن. لەو کاتەدا جوانیی شەو دڵی کێش دەکات. تاریکییەکەیشی پاڵی پێوە دەنێ: بێ باکانە بجووڵێتەوە. بەشیرینییەکەوە لە ناپلیۆن دەپرسێ: (ئەوە سەیری چی دەکەیت؟.). ناپلیۆنیش پەنجە درێژ دەکات بۆ ئەستێرەیەکی ناو ئاسمان. دەڵێ: (ئەوە ئەستێرەی منە!.). ئافرەتەکە پاڵ دەدات بەشانی ناپلیۆنەوە. هەردووکیان پێکەوە سەیری ئەو ئەستێرەیە دەکەن. پاش تاوێک بەناپلیۆن دەڵێ: (تۆ ئەوە دەزانیت کە ئینگلیزەکان دەڵێن: ئەستێرەی پیاو بەهیچ تەواو نابێ، بەوە نەبێ کە بەلنگی ئافرەتێکەوە ببەسترێتەوە؟).

(ناپلیۆن): پاڵ بەئافرەتەکەوە دەنێ و لە خۆی دوور دەخاتەوە، بەشەرم و بەرپەرچدانەوەیەکەوە دەڵێ: ئای چەند دووڕوون! ئەوە ئەگەر فەرەنسییەکان ئەوەیان بگوتایە، ئینگلیزەکان خۆیان دەتۆقاند و، دەستیشیان دەکرد بەخوداناسی نواندن!. لەو کاتەدا (گیسیپی) هاتە ژوورەوە. مۆمدانێکی بەدەستەوە هەڵگرتبوو لە ترساندا هاتبووە لەرزین. گوتی: (ئافرەتە جادووگەرەکە لە چاو ونبوو. کەس نازانێ چیی لێهاتووە. کەسیش نەیدی بڕواتە دەرەوە!.

ناپلیۆنیش هەموو نامەکانی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و ئافرەتەکەیش (یاخود ئەفسەرە لاوەکە، وەک گیسیپی دەیناسی) گوتی: (تۆ هێشتا نامەکەت لە بەرۆکتدا

هەڵگرتووە!)... ناپلیۆنیش پێکەنی و نامەکەی لە بەرۆکی چاکەتەکەی خۆی دەرهێنا. ئەویشی خستیە ناو نامەکانی ترەوە. ئافرەتەکەیش لە نامەکە ورد بووەوە و، پێی گوت: (لە ژنی سزارەوە هاتووە). ناپلیۆنیش گوتی: (ژنی چار لە ژوور هەموو گومانێکەوەیە... بیسووتێنە).

کە نامەکە گڕی تێبەر بوو، ناپلیۆن دانیشت و ئانیشکی دادایە سەرمێزەکە. ڕوومەتەکانی خۆی خستە ناو هەردوو لەپی دەستی خۆیەوە و، چاویشی بڕییە نامەکە، تا سووتا... ئنجا کە گڕی ئاگرەکە، دوا پارچەی نامەکەی سووتاند، (ناپلیۆن) و (ئافرەتەکە)، هەردووکیان سەیری یەکتریان کرد و، چاویان بڕییە چاوی یەکتری... لەو کاتەدا پەردە دادەدرێتەوە بۆ ئەمەی هەردووکیان لە چاوتێبڕینی ئەم و ئەو بشارڕێنەوە!...

# مەم و زین

نووسینی سەرکردەی وێژەوانان و بوێژانی کوردان، خوالێخۆشبوو: ئەحمەدی خانی

محەمەد سەعید ڕەمەزانی بۆتی:

بەدەستکارییەوە، پەرچڤەی کردووە، بەعەرەبی، بەپەخشان

١٩٨٧

## دیاری

بۆ هەموو دڵێک کە چارەنووسی وەهابێ خۆشەویستی
بەژەهرەوە بخواتەوە، نەک بەهەنگوینەوە...
کە بەئاگری خۆشەویستیی بسووتێ، نەک بەری لێ بکاتەوە...
ئەم چیرۆکە پێشکەش دەکەم؛ بەڵکو بەخوێندنەوەی
خەمی دڵی بڕەوێتەوە و، ئارامێک بەگیانیشی بگات.

محەمەد سەعید ڕەمەزان

بەناوی خودای گەورە و میهرەبانەوە
سوپاس بۆ خودا، داوای لێخۆشبوون، بۆ پێغەمبەری
هەڵبژاردەی و، کەسوکار و هەموو هاوڕێکانی

***

## لەبەردەم ئەم چیرۆکەدا

دوور نییە، ئەم لاپەڕەیەی پێشکەشی نووسراوخانەی عەرەبی دەکەم، لە وێژەی کوردی، یەکەم لاپەڕە بێت کە بەرچاوی خوێندەواران کەوتبێ لە مێژووی وێژەی ئەم نەتەوەیەدا... بەڵکو دوور نییە هەندێکیان لەوە سەریان سوڕبمێنێ، کە نەتەوەی کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی تر، بەشێکی تەواویان هەبێ لە مێژووی وێژە و شارستانێتیدا!... ئەوانەیش مافیان هەیە کە سەریان لەمە سوڕبمێنێ... مافیان هەیە کە لەم جۆرە لاپەڕانەدا شارەزایی نەنوێنن. ئەویش لەبەر ئەوە نییە کە مێژووی نەتەوەی کورد، پڕی نییە لە وێژەی بڵندی



شۆخوشەنگ یاخود شارستانێتییەکی جوان و شیرین، یان زمانێکی زیندوو. چونکە هەر کەسێ بەدوای ڕاستیدا بگەڕێ و، گوێ لە قسەی ڕاست و سەربەستی مێژوو بگرێ، ئەوە بەدرۆ ناخاتەوە... بەڵام لەبەر ئەوەیە کە ئەم لاپەڕانە کەوتوونەتە ناو تاریکاییەوە، مێژووویش کاتێک دەستی کەوتوون کە تەپوتۆز داگیری کردوون... ئەو تەپوتۆزەیش، ئەوەندە ئەستوور و زۆرە، هەتا ئەم ڕۆژەیش، لە توانای ئەم نەتەوەیەدا نەبووە پاکی بکاتەوە ... ئەو تەپوتۆزەیش هی ئازاردان و زۆردارییە کە لە زۆر دەمێکەوە، ئەم نەتەوەی کوردە پێوەی دەناڵێنێ سەبارەت بەوەی کە بەدوای ماف و سەربەستیی خۆیدا دەگەڕێ و، ئەویش وەک هەموو نەتەوەکانی تری سەر زەوی دەیەوێ لەژێر سێبەریاندا بحەسێتەوە.

لەبەرئەوە تۆ بەگران گوێت لە دەنگی مێژوو دەبێت، کە لەبابەت مێژووی ئەم نەتەوەیەوە و ژیانیەوە بدوێ. چونکە دەنگی گرمەگرمی هەور و وژەوژی گێژەڵووکە و ڕەشەبا تێکەڵ بەدەنگەکەی دەبێ...

بەڵام ئەوەی کە هەموو جیهانی هێناوەتە سەرسوڕمان ئەوەیە. کە هیچ گێژەڵووکە و گرمەگرمی هەورێک کە لە هەر چوار لای ئەم نەتەوەیەدا خراوەتە کار، تا ئێستا نەیتوانیوە دەنگی ئەم نەتەوەیە بشارێتەوە، یاخود بەجارێک بیبڕێ. بەڵکو بۆ هەموو لایەکی دەرخستووە کە کوردەواری، خاوەنی بەرگەگرتنێکی وەهایە، کە سەر بۆ کەس شۆڕ ناکات. ئارامێکی وایشی هەیە کە هەرگیز کز نابێت سەر بڵندییەکی وایشی تێدایە، کە هەتا هەیە لێی پاشگەز نابێتەوە. تەنیا ئەم بەڵگەیە بۆ ئەو بەسە، کە لەوەتی دروست کراوە، تا ئێستا هەر ماوە و زیندووە... هەرگیز نایشمرێت!(*) لەگەڵ دراوسێ عەرەبەکانیشیدا، بەیارمەتی و کامەرانییەوە دەژی، کە هەردوولایان لە ژێر سێبەری دادپەروەری و برایەتی و یاریدەدەریدا، دەتوانن لەگەڵ یەکدا گوزەران بکەن و، لە سەر یەک بیروباوەڕ بڕۆن و بۆ یەک ئامانجیش تێبکۆشن.

ئەمەیش نموونەیەکە لە مێژووی وێژەی کوردی، لەناو کۆمەڵێک لاپەڕەدا هەڵمبژاردووە، کە لە نووسراوخانە زیندووەکەیدا کەڵەکە کراوە. ئەم نووسراوخانەیە هەرچەندە خەمی

(*): ئەم نەتەوەیە ژمارە سەری دەگاتە سیانزە ملیۆن کەس. لە خاکێکی فراوانی گرنگدا دەژی. هەر چەندە دابەش کراوە لەناو سێ فەرمانڕەواییدا: عیراق و ئێران و تورکیا، بەڵام ئەم سێ پارچە خاکە، هەرسێکیان پێکەوە نووساون، هیچ سنوورێکی سروشتی لە ناویاندا نییە، کە لەیەکتر جوێیان بکاتەوە. ئەم خاکە (کوردستان)ی پێ دەڵێن. چ لە ڕووسیادا، چ لە سووریایشدا، کۆمەڵ کۆمەڵ کورد هەیە. (وەرگێڕ)

نەخوراوە و لێی نەپرسراوەتەوە، هەرچەندە تۆزیشی زۆر بەسەرەوە نیشتۆتەوە، بەڵام هێشتا هەر زیندووە. ئەگەر بهاتایە خاوەنەکانی بحەسانایەوە و، دەستیان بپەرژایە خۆیانی پێوە خەریک بکەن، تا ئێستا گەنجینەیەکی بەنرخی لێ دەهاتە دەرەوە، بۆ وێژەی عەرەبی، بەڵکو بۆ وێژەی جیهانی، کە هەرگیز لە بڕانەوە نەدەهات. منیش ئەم نموونەیەم لێ هەڵبژارد، کە پێشکەشی ئەو کەسانەی بکەن کە تا ئێستا ماوەیان نەدراوەتێ شارەزای مێژووی ئەم گەلە ببن، یاخود بتوانن شتێک لە وێژە و ڕەوشت و، خوو، شارستانێتی بزانن.

ئەم دیارییەشم بریتییە لە چیرۆکێک. چیرۆکێکی وایشە کە بەگەورەترین مەرگەساتی پڕ هەست دادەنرێ لە مێژووی وێژەی کوردیدا لە یەکەم بەشی چیرۆکەکەیشەوە تا دوامین بەشی، هەمووی ڕووی داوە. هیچ فرێکیشی بەسەر ئەندێشەوە نییە، ئەوەندە نەبێ، کە ئەوەی مێژوو پشتگوێی خستووە.

یاخود لە بیری چووە، لە کاتی گوێزانەوەیدا، لە بەر ئەوەی کە نەیتوانیوە، بەتەنیا، دەستی بەسەردا بگرێ و پێشانی بدات، ئەم بەهۆی ئەندێشەوە پڕ کردۆتەوە.

ئەم چیرۆکە لەناو جەرگی نەتەوەی کورددا، لە جوانترین بەشی خاکی کوردستاندا ڕووی داوە. وێنەی ژیانی کوردەواریت پێشان دەدات. ئەو کردەوە و ڕەوشتانەیش کە خودا پێی بەخشیون، ئەندازەیانت بۆ دەردەخات، وەک سەربڵندی و، جوامێری و، چاکە دانەوە و، سەرگەرمی و، هێز و توانایی لەگەڵ هەندێ سروشتی تریشدا، وەک: ڕەوشت شیرینییەکی بێ ئەندازە و، هەستێکی سەیری گەرموگوڕی بلێسەدار.

ئەم چیرۆکە لەلایەن بوێژ و وێژەوانی گەورەی کوردەوە، «شێخ ئەحمەدی خانی»(*)، تۆمارکراوە، لەشێوەی کۆمەڵە هۆنراوەیەکی چیرۆکیی ناوازەدا، کە بەقسە ناسک و شیرینەکانی، کە خودا بەخشیویەتی پێی، پیاو چاوبەست دەکات. خواڵێخۆشبوو لە ساڵی **١٦٥٣** ز.دا مردووە.

(*) ئەم بوێژە بەگەورەترین بوێژ و وێژەوانانی کورد دادەنرێ. نووسراو و کۆمەڵە هۆنراوەی زۆری هەیە. زۆربەیان بەزمانی کوردی نووسراونەتەوە هەندێکیشیان بەزمانانی فارسی و تورکی نووسراونەتەوە. یەکێک لە نووسراوەکانی فەرهەنگێکی (کوردی- عەرەبی)یە. بەڵام گەورەترین نووسراوی، ئەو کۆمەڵە هۆنراوەیەیە، کە ئەم چیرۆکەی دروست کردووە، کە بەگەورەترین دیاریی زیندوو دادەنرێ لە وێژەی کوردیدا. (ش. ف)



ئەم دیارییە، کە لە ڕاستیدا ناوازەترین بابەتە کە وێژەی کوردی پاراستوێتی تا ئیمڕۆ، هەرچەندە تا ئێستا نەکراوە بەعەرەبی، بەڵام هەر من نیم کە لە کوردییەوە گۆڕیبێتمە سەر زمانی تر.

ئەم چیرۆکە لە پێش ئیمڕۆدا کراوە بەفەرەنسی. هەروەک ئەم گەلێک نووسراوی تریش لە وێژەی کوردی کراوە بەفەرەنسی(**).

وێژەوانی فەرەنسیی (ڕوجەلیسکۆ) لە ساڵی **١٩٤٢**دا کردوێتی بەفەرەنسی. ئیتر لەو ساوە لەناو وێژەی فەرەنسییدا جێگایەکی بڵندی گرتووە. ئەم وێژەوانە لەسەر دەستی خواڵێخۆشبوو (جەلادەت بەدرخان)دا فێری زمانی کوردی بوو.

ئەمیش کوڕی دوامین شازادەی (جەزیرەی إبن عمر)ە، کە خواڵێخۆشبوو، (بەدرخان پاشا) بوو.

ئەمەندە و، بەهەموو کوڵی دڵمەوە تێکۆشام وێنەیەکی ڕاستەقینەی شێوەی نووسینی ئەم بوێژە کوردەی، خاوەنی ئەم دیارییە زیندووە دەربخەم بۆ خوێندەواران. بەتایبەتی خەمی ئەوەم خواردووە کە ئەندێشەکانی و گفتوگۆ پڕ وێنەکانی پێشان بدەم، بۆ ئەمەی خوێندەوار تێبگات کە وێژەی کوردی، تا چ ئەندازەیەک گەش و شەنگ و پڕشنگدارە!

ئەگەر هەندێکم خستبێتە سەری، یاخود دەستکاریم تێدا کردبێ، هەر لەبەر ئەوە بووە، کە ناوەرۆکی هۆنراوەکان، لە شێوەیەکی پەخشانی وەهادا ڕوون بکەمەوە، کە پارچەکانی چیرۆکەکە یەک بەیەکەوە ببەسترێتەوە و، گیانی چیرۆکەکەیشی بەتەواوەتی تێدا دەرکەوتبێت، کە ئەوانە لە هۆنراوەدا بەوردی دەرناکەون.

بێجگە لەوە، ئەم چیرۆکە، لەسەر زمانی نەخوێندەوارانی کورد، بەجۆرێکی تر بڵاو

(**) هەروەها کۆمەڵە هۆنراوەی بوێژی گەورەی بەناوبانگ (مەلای جزیری)ش لە کوردییەوە کراوە بەفەڕەنسزی. ئەم بوێژە لە نیوەی دوایی سەدەی شەشەمدا ژیاوە. ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیە لە ساڵی (١٩٠٤)ز.دا لە بەرلین چاپ کراوە. دانەیەک لەوە لە نووسراوخانەی (أب أنسطانس) دایە لە شاری بەغدادا. هۆنراوەکانی تا ئەندازەیەکی زۆر ناسک و شیرینن گرێکی دەروونیی سۆزی دڵدارییان تێدایە، کڵپەی سەندووە. هەندێک دەڵێن: هۆی ئەم هەستە گرنگ و ناوازەیەی لە هۆنراوەکانیدا، ئەوەیە کە جارێکیان دڵی دەچێ بەکچە شاهێکی کورددا، تا دەمێنێ بەئاه و ناڵەی ئەو سۆزی دڵدارییەوە دەتلێتەوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەتا کە ئەم بوێژە، گیانی هەر ئاوێتەی هەستی بڵندی خوداناسی بووە چامە (قصیدە)کانیشی، بەڵگەن بۆ ئەم قسەیە، کە لە شێوەیەکی گرنگ و کاریگەردا، بڵندترین پایەی بێ هاوتای دڵداری دەردەخەن. (وەرگێڕ)

بۆتەوە، کە لەوە ناکات ئەم بوێژە گەورەیە بۆمانی دەگێڕێتەوە. بەو جۆرەی ئەو نەخوێندەوارانە دەیگێڕنەوە، چیرۆکەکە هەر بریتییە لە سەرگوروشتەیەکی ئەندێشەیی کە زۆر لە ڕووداوی ژیانەوە دوورە.

وێژەوانێکی عێراقی، لە شێوەیەکی سەرپێیدا، لەبابەت ئەم سەرگوروشتەیەوە لە گۆڤاری (الرسالة)دا، ژمارە (٤٨٤)ی ساڵی، **١٩٤٢** شتێکی نووسیبوو.

مامۆستای بوێژیش (بدوي الجبل) لە چەند لاپەڕەیەکدا، چیرۆکێکی لاسایی لێ دەرهێنابوو، بەڵام بەهۆنراوە. بەڵام ڕووداوە نووسراوەکە، کە بەناوی (مەم و زین)ەوە ناوبانگی دەرکردووە، بریتییە لەوەی کە ئەم بوێژە بۆمانی دەگێڕێتەوە لە شێوەی مێژوویەکدا، هەروەها لە شێوەی هۆنراوە و وێژەیەکیشدا، کە وەک دیارییەکی ناوازەی ڕازاندۆتەوە و پێشکەشمانی دەکات.

محەمەد سەعید ڕەمەزانی بۆتی



## لە پەرستگای سرووشدا(*)

*مەیگێڕ، وەرە، ئەم جامە پڕکە لە مەی... پڕی کە لەو مەیە گوڵڕەنگەی کە لە بەرهەمی گیان دەرهێنراوە، کە لە ڕازی دڵ دروست کراوە. وەرە بیکە بەدەممەوە، بام لە لێوی جامە دوڕ و گەوهەرەکانتەوە، پەیتا پەیتا مەی بخۆمەوە. مەیێکم بدەرێ کە وەک یاقووتی پوختە و پاڵاوتە سوورهەڵگەڕابێ، دەست بکاتە گەردنی گیانم و، باوەش بکات بەپەڕەی دڵمدا. مەیێکی وەهام دەرخوارد بدە، کە دڵم ببووژێنێتەوە و، بیخاتە خرۆشەوە و، هۆشی گێژ و وێژیشم سەرخۆش بکات.*

*تۆیش ئەی گۆرانیبێژ، وەرە تەنشتمەوە دابنیشە و بەگۆرانییە خۆشەکانت سەرخۆشییەکەی گیانم تەواو بکە. ئاوازی نای و کەمانم بدە بەگوێدا و، بەدەنگی دەف و گۆرانییەکانت شادمانم بکە.*

*چاوەکانم بەبینینی گوڵە شۆخوشەنگەکان و لقی درەختە شۆڕبووەکان بگەشێننەوە. ڕێم بدەن بام ئەمانە هەموویان کار لە دڵ و دەروونم بکەن، بام سەرخۆشم بکەن و، ئاگام لە خۆم نەمێنێ کەچی هەیە لەم لاو لەو لامدا و چی دەکرێ؛*

*بەڵکو ئەمە خودایە باری ئەم لەش و کەرەستەیەم لێ سووک ببێ و، هەر دڵم و گیانم بمێننەوە، هەر هەست و هۆشم بمێننەوە. بەڵکو ئەمە خودایە وام لێ بێ کە تیشکێکی ڕۆشناییی خودایییم لێ بکەوێ، دەروونم ڕۆشن بکاتەوە و، کامەرانیی تێ فڕێ بدات. بەڵکو دڵم ڕۆشن ببێتەوە و، ڕازی ژیانیش لە بەرچاوەکانمدا ئاشکرا ببێ، بۆ ئەمەی لەگەڵ هەموو بەیانییەکدا، دەرکەوم و گفتوگۆی کزەبا و لق و پۆپی درەختان بۆ هەموو کەسێک بگێڕمەوە؛ بۆ ئەمەی دڵداریی ناوەند پەڕندە و گوڵزاریان بۆ ڕۆشن بکەمەوە؛ بۆ ئەمەی لەگەڵ هەموو ئێوارانێکدا دەرکەوم، وێنە جوانەکانی تیشکی ڕۆژ بۆ هەمووان بگێڕمەوە، کە پەخشان دەبێ بەسەر چیمەن و لالەزار و چەم و کانیاودا، لەگەڵ بلبلەکانیشدا ئاوازی دڵداری و جوانی بدەم بەگوێی هەمووواندا. بۆ ئەمەی بەمەیی مەرەکەبی پێنووسەکەم، جوانیی ئەم جیهانەیان بۆ دەربخەم و، سەرخۆشیان بکەم، بەدەنگی ساز و ئاوازەکەیشی ڕازی دڵم و زمانمیان بۆ دەربخەم و دڵخۆشیان بکەم:*

*ئەی مەیگێڕ.. مەیم بدەرێ. گەلێک جامی پڕ لەم مەیەم بدەرێ، بۆ ئەمەی خەم لە دڵم*

(*): پەرستگا: محراب، معبد. سرووش: وحی، إلهام (وەرگێڕ)

*دەربکەم و بەگەرمییەکەی سەرخۆش ببم و هۆشم بەسروەی خۆشییەکەی مەست ببێ. مەی بێنە، بام مێشکم ببزوێ و، ڕازی دڵ دەربخەم. بام گیانم بڵند ببێتەوە و، واتەی پڕ لە گەوهەری واتا پەخشان بکەم. بام دەرد و ئازاری دەروون دەربخەم و، ناڵەی دڵ و خۆشەویستییەکەیشی پێشان بدەم.*

*من ئەو قسانە وەک ئاوازێک دەردەهێنم کە بێ تەلی کەمان دڵان خۆش بکەن. وەک بۆنێکی خۆش بڵاویان دەکەمەوە، کە بێ ئەمەی گوڵێک لە ئارادا هەبێ، دەروون شادمان بکەن، ئیمرۆ من مێژوویەک زیندوو دەکەمەوە، کە پڕی بێ لە دەرد و ئازار و خەم و خەفەت، کە لە پێش سەردەمێکی دوور و درێژەوە چاوی لێک نابوو و نوستبوو. ئەو هەناسە گەرمانەی کە لە سنگانەوە دەهاتنە دەرەوە و، ئەو گڕە ئاگرانەی کە لە ناو دڵاندا بڵێسەیان دەسەند، سەرلەنوێ دەیانهێنمەوە کایەوە و، هەڵیاندەگیرسێنمەوە، کە لەوەپێش دڵانیان سووتاندبوو و کردبوویانن بەچنگێک خۆڵەمێش!. بەهۆی ئەو گیانەوە کە نووسینەکەم دەیبەخشێ، سەرلەنوێ (مەم) و (زین) زیندوو دەکەمەوە کە هەردووکیان لە پێناوی خۆشەویستیی و دڵداریدا لەناوچوون. بۆ ئەمەی چارێکی دڵەکانیان بکەم بەهۆی پڕشنگی هۆنراوەکانم و هەستەکانمەوە. چونکە کەس بەزەیی بەو دوانەدا نەهاتەوە بیانگەیێنێ بەیەک و، بەژن و مێردییەوە کامەرانیان بکات. ڕازی دڵی ئەو کوڕە بەسەزمانە بۆ هەمووان دەردەخەم، کە ئاگری خۆشەویستیی سووتاندبووی و، تەڵە و داو و دوژمنایەتیی ئەم و ئەویش شکاندبووی. هەروەها ڕازی دڵی ئەو کچە پاکە بێ گەردەیش دەردەخەم، کە وەک گزنگی ڕۆژی ناو هەور پاک بوو، ئەو کچە بەسەزمانەی کە هەناسەساردی و ڕەنجەڕۆیی دڵی تواندبووەوە و، دەستی زۆرداریش وەهای گوشیبوو، دەتگوت گوڵێکی ناسکە و، لە چنگێکی ڕەقی زبردا بەدڵڕەقییەوە گلۆفتراوەتەوە. ئەو هەردوو دڵدارە، بەرگێکی ڕەنگینی پڕ لە نەخشیان لە قسەکانم بۆ دروست دەکەم و، دەیکەم بەبەریاندا. پاشان بڵندیشیان دەکەمەوە، تا دەیانگەیێنمە پۆپەی مێژوو؛ بۆ ئەمەی زیندوویان بکاتەوە و بیانژیێنێ تاسەر لەگەڵ هەناسە گەرمەکانیاندا. ئنجا هەموو سەیرکەر و تەماشاکەرێک بەبەردەمیاندا بڕوا، بۆ ئەوەی هەندێکیان بەدڵسووتان و بەش بڕاوییان گریانیان بێت، هەندێکیش بەجوانی و شیرینیی «زین» گەشکەدار بن. کاشکی ئەوانەی بەزەییان بەو دوانەدا دەهاتەوە، بەزەییان بەمیشدا بهاتایەوە. کاشکی منیش تۆزێکم لەو بەزەیی پێداهاتنە و پاڕانەوەیان بەربکەوتایە. خۆزگە هەندێ کەسیش دەیانگوت: خودا لێی خۆش بێ، ژیانی ئەو دووانەی بەجلوبەرگێکی جوان ڕازاندۆتەوە،*



*چیرۆکی ئەو دوانەیشی لە باخی زیندەگانیدا ناشتووە کە هەرگیز لە بیر ناچێتەوە. خۆزگە نرخ زانانی وێژەیی، شیرین دەبوون لە نرخ داناندا، بۆ ئەم نووسراوەی منە. هەرچەندە نووسراوەکەم نەگەیشتۆتە پلەی تەواوی، بەڵام ڕۆڵەیەکی بەنرخمە.*

*پارچەیەکە لە جەرگم. نازداری دڵمە. لەبەرچاومدا جوانە. ئەویش وەک باخێک وایە، کە هەرچەندە بەری کاڵوکرچی تێدایە، هێشتا پێنەگەیشتووە، بەڵام باخێکی دڵمە، گوڵەکانی بیرو هۆشمە. ئەوەندەی لە دەستم هاتووە، ڕەنجم تێدا داوە، ئەوەندەیش بەمن دەبڕێ کە بەربگرێ.*

## پێشەکی

## یاخود دوورگەی پڕ شینایی

ئەمە لە ساڵی ١٣٩٣ی زایینیدا ڕووی داوە. لە دوورگەی (بۆتان)دا کە ئیمرۆ بە(دوورگەی إبن عمر) بەناوبانگە. ئەمە ئەو دوورگەیەیە کە کەوتۆتە کەناری ڕووباری (دەجلە)وە. لە شێوەیەکی زۆر پان و فراوانیشدا کەوتووەتە ناوەند بان و گردی پڕ لە شینایی یەوە لە ژووررووی خاکی عیراقدا[١].

ناوی ئەم دوورگەیە، لەسەروو ناوی ئەو خاکانەی کوردستانەوە ناو دەبرێ کە زوربەیان جوانییەکی سروشتی ناوازەیان تێدایە، بەشۆخ و شەنگییەکی وەهاوە کە دڵ گەشکەدار بکات. چونکە پەل و پۆ دەهاوێژێتە ناو باخاتێکی سروشتیی ڕازاوەوە، لە زۆر لایشیەوە پڕشنگی ئاوی دەجلەی لێ دەدات، کە گەلێک جێگای لێ گرتۆتەوە[٢].

ئەوەی جوانییەکەیشی زۆرتر شەنگ و شۆخ دەکات، شاخە بڵندەکانیەتی کە چوون بەگژ ئاسماندا، کە بەبڵندی و شیناییە جوانە کەیانەوە، لەناو شاخانی جیهاندا شانازی دەکەن. ڕازی زیندوێتی خۆیشیان لەگەڵ وێنەی گەورەیی یاندا بۆ هەموو کەس بڵاودەکەنەوە.

کارەساتی ئەم چیرۆکە لە کۆشکی سەرداری ئەم دورگەیەدا ڕووی داوە کە ناوی (سەردار زین الدین) بووە. ئەو کاتەیش خاکی کوردستان تا ناوەڕاستی سەردەمی (عوسمانی)یەکان، دابەش بوو بوو بەسەر چەند سەردارنشینییەکدا.

(١) ئیمرۆ لەژێر چنگی فەرمانڕەوایی تورکیادایە. (وەرگێڕ)

(٢) لەبەرئەوە پێی دەڵێن دورگە یاخود (جزیرە). (وەرگێڕ)

هەر سەردار نشینەیان، سەردارێک کاروباری هەڵدەسووڕاند، کە هێز و دەسەڵات و کارگوزاریی لێ دەوەشایەوە.

(سەردار زین الدین) هەروەکوو پیاوێکی بەکار بوو، خاوەنی سامانێکی یەجگار زۆریش بوو. هەروەها ڕووکەشێکی گەورەی هێز و دەسەڵاتیشی پێوە دیار بوو. سەیر ئەوە بوو کە لەگەڵ ئەوانەیشدا، توانیبووی تا ئەندازەیەکی گەورە و سەیر دڵی نەتەوەکەی خۆی بەخۆیەوە بنووسێنێ و، خۆشەویستیی هەمووچینەکانی نەتەوەیش کێش بکات بۆ خۆی: کە ئەوە بوو بوو بەهۆی ناو دەرکردنی، نەک تەنیا لە خاکی دورگەی (بۆتان)دا، بەڵکو لە هەموو لایەکی کوردستان و سەردارنشینەکانیدا، کە زۆر بەڕێز و گەورەییەوە ناویان دەبرد. کۆشکە کەیشی کە لە دوورەوە وەک قوللەیەکی زۆر گەورە دەردەکەوت، لە کۆشکی سەردارەکانی تری نەدەکرد، کە لە دانگی خۆیدا بوون. لە ڕاستیدا وێنەیەکی بێ وێنە بوو، لە وردەکاری و هونەرمەندیدا، لە داڕشتن و دامەزراندن و ڕازاندنەوەیدا، بەلێشاو پارە بەخت کرابوو!...

ناو کۆشکەکە پڕ بوو لە ژوور و هۆڵی ناوازە و ڕازاوە ئەوانیش هەرچی دڵ بیگرێ لە دوڕ و گەوهەری ناوازە و ڕەنگاوڕەنگ، لە کەلوپەلی بێ وێنە و سەیر و نایاب، بەجوانی لە ناویاندا دانرابوون و، بەوانەیش ڕازابوونەوە!... هۆڵ و ڕاڕە و و هەیوان و بەربانکەکانیشی، ئەمەندە کارەکەر و کەنیزەک و مفردی یان تێدا وەستابوو، ژاوەیان لێ دەهات، هەموو لایەکی کۆشکەکەیان خستبووە گەشی و خۆشی و جوانی و ڕازاوەییەوە.

بەڵام وێنەی هەرە جوانی ناو ئەو کۆشکە، لەناو کەنیزەکەکاندا نەبوو. بەڵکو لەناو دوو خوشکدا بوو، کە هەر وەک مانگ دەدرەوشانەوە، وەک دوڕ پڕشنگیان دەدا. خودا لەناو ئەو کۆشکەدا، بەڵکو لەناو هەموو دوورگەکەدا، کردبوونی بەنموونەی هەرەگەورەی جوانی. ئەو دوانە وێنەیەکی تەواوی چاو بەستی خودایی بوون، کە وێنەیان نەبوو. هەروەک دەستی پەروەردگار، بۆیەکا لەو شێوە ناوازە و ناسکەدا دروستی کردبن و، لەناو ئەو کۆشکە نایاب و ناوازەیەدا دایناbن، کە هەموو هونەرمەندێکی شارەزا و باوداهێنەر و پیشە سازێک باوەڕ بکات کە جوانی لەوە بڵندتر نەبووە و نابێ!... ئەمە ڕاستە کە ڕیزکردنی بەرد و چنین کردنی، هونەری نەخش ونیگار و پیشەسازیی پڕشنگ پێ هەڵهێنان، جوانییەکن، کە چاو سەیریان دەکات ڕێشکە و پێشکەی پێ دەکەوێ و، پیاو بەتەماشاکردنیان گەشکەدار دەبێ، بەڵام ئەم جوانییە لەگەڵ ئەو جوانییەدا زۆر جیاوازە، کە کار لەدڵ دەکات و هۆش سەرخۆش دەکات.



ئەو دوو خوشکەیش، هەردووکیان خوشکی سەردار (زین الدین) بوون.

گەورەکەیان ناو (ستی) بوو. تەمەنی لە بیست بەهار تێپەڕی نەدەکرد.

ڕەنگەکەی لە ناوەند سپیی تەواو و بۆری دڵگیردابوو. هەر ئەندامێکیت تەماشا بکردایە، جوانیی تێدا چەسپیبوو. کە هەموو ئەندامەکانیشیت بەسەر یەکەوە تەماشا بکردایە، لەگەڵ شێوەکەیدا، هەمیسان جوانی بەسەردا داڕێژرابوو.

لەبەرئەوەی جوانییەکەی جوانی نەبوو، لە چاوبەست، کاریگەرتر و، لە شەیدایی ئاشکراتر بوو!...

خوشکە بچکۆلەکەیشیان کە ناوی (زین) بوو، هەر خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەک بوو کە هەر دەستی خودا، لە تواناییدا هەیە یەکێکی وەها دروست بکات، کە لە (ستی)ی خوشکی جوانتر و نازەنینتر و شیرینتر بێ!...

(زین) کچێکی قەد و باڵا جوان و تەنکە و خڕ و پڕبوو، لە ڕووە سپییە ناسکەکەیدا سوورییەکی وەک گڕ ئاگر ڕوومەتەکانی کردبوو بەگوڵ. دوو چاوی نەخشینی گەشیشی پێوە بوو، خودا هەموو دەسەڵاتێکی نەرمی و شیرینی لەگەڵ تیرئەندازیدا پێ بەخشیبوون کە پیاو ناتوانێ بەزمان دەری ببڕێ.

قژی (زین) زەرد نەبوو. بەڵام قژە ڕەشەکەی کە وەک شەوە زەنگ وابوو ئەم لاو ئەو لای ڕووی گرتبوو، ئەوەندەی تر جوانییەکەی ڕووی ڕازاندبووەوە، پیاوی گەشکەدار دەکرد. ئەو ڕووەی کە قەڵەمەکەی ڕێک بوو، لەگەڵ ئەو لچ و لێوەدا کە لە گوڵناری دەکرد، ئنجا ئەو گوڵی ڕوومەتانەی کە وەک گڕی ئاگر لەناو ئەو پێستە سپییە ناسکەیدا سوور هەڵگەڕابوون، بیر و هۆشیان لە پیاو دەسەند، تیریان لە جەرگ و دڵ دەدا و، مرۆڤیان دەخستە ئاسمانێکی سەرخۆشی و کامەرانییەوە. بێجگە لەو جوانییە ناوازەیە، کە هەیبوو، گیان سووکییەکیشی تێداهەبوو، سەری پیاوی لێ سوڕ دەما. خوێن گەرمییەکیشی تێدا هەبوو. دڵی پیاوی دەبرد. «زین» لە ڕاستیدا کۆمەڵەیەک بوو لە نموونەی هەرە بڵندی جوانی و شیرینی و گیان سووکی.

لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەو دووکچە، وەک دوو دوڕ وابوون، کە لە ناو توێژاڵی کۆشکەکەدا شاررابوونەوە، زۆربەی کەسان بەدیمەنیان شاد نەدەبوون، بەڵام ناوەکانیان بەناو هەموو لایەکی دوورگەکەدا بڵاوبووبووەوە، تەنانەت زۆربەی خاکەکانی کوردستانیشی گرتبووەوە. تەنیا بەهۆی ناوبانگەکەیانەوە، بووبوون بەوێنەی بێ هاوتای جوانی، کە ئەندازەی

جوانییان بەجوانیی ئەوان دەگرت. لەڕاستیدا شتێکی سەیر بوو کە ئەو دوو پەری ڕووە لە کۆشکی سەرداری «بۆتان»دا وەک دوو گوڵی جوان بپشکوێن و کەچی زۆربەی کەسان لە بینینیان بەش بڕاوبن. بەڵام نەتەوەی کورد، بەجۆرێکی گشتیی و، سەرکردە و پێشەواکانیشیان بەجۆرێکی تایبەتی، لەناو سروشتیاندا دەمارێکی مەردایەتیی وا هەیە، کە هەرگیز لێیان جیا نابێتەوە؛ ئەو دەمارەیان ناهێڵێ پیاو و ژنیان تێکەڵ بەیەکتری ببن، مەگەر بەبۆنەی کاروبارێکی پەسند و ناچارییەوە بێ. بێجگەلەوە سەرداری برایشیان لە ئەندازە بەدەر ئەو دەماری مەردایەتییەی تێدابوو، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە هەر دوو خوشکەکەی خاوەنی ئەو جوانییە بێ هاوتایە بوون، کە ناو بانگیان هەموو لایەکی دوورگەکە و خاکەکانی کوردستانی گرتبووەوە. لەبەرئەوە، دڵدارانی ئەو کۆشکە، لە دەنگ و باس گوێ لێ گرتن بەولاوە، زۆر بەگران شتێکی تریان دەست دەکەوت.

## جەژنی بەهار

ئێوارە داهات، هەموو لایەک ڕۆژی (٢٠)ی نەورۆز (مارت)یان بەخودا دەسپارد، بۆ ئەمەی لە ڕۆژی دواییدا بەهاری ساڵی تازە پێشوازی بکەن. لە کردەوە و هەڵسان و دانیشتنیاندا، لە ڕێگەوبان و ناو بازاڕیاندا، ڕوویەکی چالاکی ئاشکرا و نەبینرا و دەبینرا. چونکە پێویست بوو هەموویان ئامادە بن بۆ ڕۆژی دوایی، تا لەگەڵ بەیانەکی، زوودا، ڕەو بکەن لە شار و، ڕوو بکەنە گوڵ و گوڵزاری دەر و دەشت و، مێرگ و مێرغوزاری بناری چیاو، چیمەنی گوێ ئاوی «دەجلە»، لە ناو ئەو سروشتە جوانە تەڕ و تازەیەدا، بەخۆشی و بەزم و ڕەزمەوە ڕۆژگار بەسەر ببەن.

ئەمەیش ڕەوشتێکی باو بوو لە هەموو لایەکی کوردستاندا[*]، کە ئەو ڕۆژە دەکرا بەئاهەنگ و سەیران، بەبۆنەی هەڵهاتنی ڕۆژی بەهاری تازەوە و، زەردەخەنە ناوازەکەیەوە. چونکە سروشت تەڕ دەستییەکی گەورە و دەستیاوێکی مەزنی بەسەریانەوە هەبوو. کەواتە پێویست بوو لەو ڕۆژەدا، کە سەر لەنوێ لە دایک دەبێتەوە، ئاهەنگێکی بۆ بگێڕن. لەبەر ئەوە لەو ڕۆژەدا، هەموویان، بەگەورە و بچووکەوە، بەژن و پیاوەوە، خۆیان لە دەست خووی ڕزیوی کۆمەڵایەتی و شارستانێتی ڕزگار دەکرد، و بەرەڵڵا دەبوون بۆ ناو دەشت و دەر، تا بەهەموو ئازادی و سەربەستی یەکی خۆیانەوە، لەناو ئەو بەهەشتی کردگارەدا

(*) ئەم ڕەوشتە کۆنە لە کن هەموو نەتەوەیەکی ئاری هەبووە. (نووسەر)
لەناو کوردەواریدا پێی دەڵێن «جەژنی نەورۆزی».



ڕایبوێرن. لەوێدا، کە هونەرمەندیی چاوبەستانەی خودا، بەتەواوەتی دەردەکەوت دەستیان دەکرد بەپەرستن و پاڕانەوەی خۆیان بۆ سروشت، لەوێدا بەخۆشی و کامەرانییەوە ڕایان دەبوارد، تا ڕۆژ لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا ئاوا دەبوو.

ئەم چالاکییە لە هەموو کەنارێکی دوورگەکەدا خۆی دەنواند، بەتایبەتی لە نزیک کۆشکی سەرداردا. لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا، پێویست بوو پیاوەکانی سەرداری کۆشک و دەس و پێوەندەکانی، لە دانانی پێڕەویی کاروانی سەردار ببنەوە.

چونکە خۆی سەرپەرشتیی ئاهەنگی بەهاری دەکرد.

دوور نەبوو، کە لە هەلێکدا، بش چێتە ڕاو لەگەڵ پیاوەکانی و هاودەمەکانیدا.

بەڵام ناو کۆشکەکە خۆی، باڵاخانەکەی لە هەموو شوێنێکی تری بێ دەنگ تربوو.

کەس نەمابوو لە ناویدا، هەر دوو شاهزاد کچەکان نەبێ کە (زین) و (ستی) بوون. جووتە خوشکە، هەر دووکیان لە کەناری هەیوانێک لە هەیوانەکانیدا، پێکەوە دانیشتبوون، ئانیشکیان دادابوو بەسەر هەندێ سەرینی ناو ئەو هەیوانەدا، چاوەڕوانی ڕۆژ بوون کە ئاوا ببێ. بەدڵ سەیری تیشکی هەتاوەکەیان دەکرد، کە هەروەک زێڕ لە شێوەیەکی ناوازە و شیریندا پەخشان بووبوو بەسەر ئەو چیمەن و لالەزارانەدا، بەسەر ڕووی شەپۆلە ئاوەکانی (دەجلە)دا، کە زۆربەی لایەکانی دوورگەکەی گرتبووەوە.

هەردووکیان گەشکەدار بووبوون و لە بابەت جەژنەکەوە گفتوگۆیان دەکرد... جەژنی سروشت، کە سەرلەنوێ چیمەنە شەنگەکەی بەناوجیهاندا ڕادەخاتەوە... لەپاش ئەوەی گفتوگۆیان لەسەر جەژنی جوانی کرد، دەستیان کرد بەگفتوگۆکردنیش لە بابەت جوانی، خۆیەوە. جوانییش بەلای پیاوەوە، جوانییش بەلای ئافرەتەوە، هەر بەوەندە قسە پێکنایێت، کە لە ڕووبار و کەناری ڕووبار، یاخود چیمەن و درەخت بدوێن. لە ڕاستیدا ئەو جوانییانە، دەبێ جوانییەکی تریشیان بێتەسەر، تا تەواویان بکات. ئەویش جوانیی گیانی زیندوو، و پڕشنگدانەکەیەتی.

ئەم گیانەش هەر لەوەدا دەردەکەوێ کە ئافرەت دڵی بچێت بەپیاودا و، پیاویش دڵی بجێت بەئافرەتدا...

(ستی) گوتی: وا دیارە من پیاوم بۆ نادۆزرێتەوە کە بەدڵمدا بچێ، تا جوانییەکەی کارێکی وا لە دڵم نەکات، کە بگاتە کاری جوانیی ئەم سروشتە خەواڵووە لە دڵمدا...

(زین)یش گوتی: نەکەیت وا بڵێ یت. چونکە ئەوە وا دەگەیێنێت کە دەبێ ئەو پیاوەی

تۆ دەتەوێ یەجگار جوان بێ، جوانێکی وایش بێ، کە هەرگیز هاوتای نەبووبێ. تۆیش کێی وات چنگ دەکەوێ کە خودا ئەو جوانییەی پێ بەخشیبێ؟!... ڕەنگە تۆ وابزانیت کە هەموو پیاوێک لە کۆشکێکی وەک ئەم کۆشکەی تۆدا دەژی. هەموویشیان وەک تۆ لە ناز و جیازدا گەورە دەبن؟...

(ستی) گوتی: بەڵام ئەو پیاوە هێناومەتە پێش چاوم، هەردەبێ ڕۆژێک لە گەڕان بەدوایدا دەستم بکەوێ.

(زین)یش بەپێکەنینێکەوە گوتی: بەڵام تۆ چۆن پێت دەکرێ بەدوای ئەو جۆرە پیاوەدا بگەڕێیت؟ مەگەر تۆیش ببیت بەپیاوێک، ئنجا دەتوانیت ئەو گەڕانە بکەیت... تا بچیتە ناویانەوە و، لەناو کۆبوونەوەکان و یانەکانیاندا تەماشایان بکەیت. ئنجا کە پیاوی دڵی خۆت دۆزییەوە، لەگەڵ خۆتدا بیهێنیت و دڵی خۆتی پێ بسپێریت؟!...

(ستی)یش پاڵی دایەوە و، لێکی دایەوە و، دەستی کرد بەبژکردنەوەی قژەکانی.

پاشان سەری ڕاوەشاند و گوتی: ڕاست دەکەیت، گیروگرفتەکە هەر ئەمەتا... پاشان بێ دەنگ بووەوە.

پاشان (زین) دەستی دایە قاقای پێکەنین... ئنجا دەمی نا بەگوێی خوشکە کەیەوە، بەچرپە پێی گوت: «بۆ گیروگرفتەکەت چارەیەکی باشم دۆزیوەتەوە گوێ بگرە پێت بڵێم»... پاشان لە دانیشتنەکەیدا خۆی ڕاست کردەوە ئنجا خۆی لە خوشکەکەی نزیک خستەوە، وەک بترسێ لەوەی کەسێک گوێ لە قسەکانی بگرێ. ئنجا پێی گوت: «خۆت دەیزانیت سبەینێ جەژنی بەهارە. دانیشتوانی ئەم دوورگەیەش، هەموو بەم بۆنەیەوە دەچنە دەرەوە بۆ ناو چیمەن و لالەزار. ئەوەیش هەلێکی هەرە جوان دەبێ بۆ ئەوەی کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە».

ئەویش گوتی: «نەکەیت شتی وا بڵێیت؟... کامەت چارەکردنی گیروگرفتەکەم؟. کەی ئافرەت توانیویەتی تێکەڵ بەپیاو ببێ. بەو جۆرەی تۆ بەبیرتدا دێت؟ ئەی ئەوە نازانیت کە بۆ ئێمە جێگای تایبەتی دادەنێن کە دوور دەبێ لە پیاوانەوە؟... یان"».

(زین) قسەکەی پێ بڕی و گوتی: «بەڵام هێشتا ئەو چارەیەم بۆ دەرنەخستوویت. من ئەوەم دەوێ بیلێم کە سبەینێ کەس لەناو ئەم شارەدا نامێنێتەوە، هەموویشیان لەم دەشتاییەدا کۆدەبنەوە.

ئێمەیش هەر ئەوەندەمان لە سەرە بیکەین، کە خۆمان لە کاروانی کۆشکەکە دوا بخەین.



خۆمان وا پێشان بدەین کە لەشمان خاو بۆتەوە و تێکچووە، ناتوانین بێینە دەرەوە. ئنجا کە کۆشکەکە کەسی تێدا نەما، ئێمەیش جلوبەرگی پیاوانە لەبەر دەکەین بەناویاندا...!. بێگومان ئەوانەیش وا دەزانن کە ئێمە لە کوڕە لاوەکانی ناو کۆشکین یاخود لە دەس و پێوەندەکانین. بێگومان ئێمەیش لە بیرەکەماندا سەردەکەوین. هەر کەسەیشمان هەلی بۆ هەڵدەکەوێ، کە بەئارەزووی خۆی بگەڕێ و، یەکێک لەناو ئەو هەموو لاوانەی دوورگەکەدا بدۆزێتەوە کە پەسندبێ لەلای و بەدڵیدا بچێ!...».

«زین»یش کە ئەم پێشنیازەی پێشانی خوشکەکەی دا، چوو بەدڵیدا، ئیتر گورج لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە هەر لە بەیانەکی زووەوە، لەسەر ئەو بیرە بڕۆن بەرێوە. پاشان دەستیان کرد بەگفتوگۆکردن لەبابەت ئەوەوە کە چۆن ئەو بیرەیان ببەنەسەر... بەڵام دوایی ناچار بوون، قسەکەیان ببڕن. چونکە کاتێکیان زانی ڕۆژئاوابوو، تاریکاییش کشا بەسەر هەموو دوورگەکەدا، تا وای لێ هات، هەموو خانووەکانیان لەبەرچاو بشارێتەوە. لەوە دەترسان کە یەکێک خۆی لێیان بگرێ و، گوێی لە قسەکانیان بێ، کەنەیان دەویست بەهیچ کلۆجێک کەس پێی بزانێ. ئیتر وازیان لەو قسەیە هێناو، بەربانگەکەیان بەجێهێشت و دەستیان کرد بەڕۆیشتن بەناو ئەو ڕاڕەوە گەورەیەدا کە دەچوو بۆ هۆڵەکە. لەوێدا چاویان کەوت بەهەندێ دەس و پێوەند، لێیان پرسی: سەردار لە دیواخان چۆتە دەرەوە یان نا ؟... ئەویش وەرامی دانەوە کە سەردار هێشتا لە دیواخانەکەدایە، لەگەڵ چەند پیاوێکدا، لەبابەت گەشتوگوزاری ڕاوی بەیانییەوە گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات، کە بڕیاری داوە لەگەڵ چەند دۆستێکی خۆیدا بیکات. پاشان بەسەر نوشتاندنێکەوە ڕێزی لێ گرتن و لێیان جیابووەوە.

کچەکان ئەوەیان پێ خۆش بوو... چونکە ئەوە هەلێک بوو، بۆیان هەڵکەوتبوو، کە بیرەکەی خۆیان جێبەجێ بکەن... ئەو بیرەی لە ئەنجامی جوانی بێ هاوتایەکەی خۆیانەوە بۆیان پەیدا بوو بوو. چونکە بەهۆی ئەو جوانییەیانەوە بوو، کە بۆ ئەو کەسانە دەگەڕان کە وەک خۆیان جوان بن، یاخود جوانییەکەیان نزیک بەجوانییەکەی خۆیان بێ. ئەگینا بەکەسی تر لاسیان نەدەخوارد. سا هەر لەبەر ئەوە بوو کە زۆر کەس داوای دەکردن شوویان پێ بکەن و، خۆیان نەدەدا بەدەستەوە، لە چاوەڕوانیی ئەوەدا بوون کە دوانی بەدڵی خۆیان هەڵبژێرن کە هاوشانی خۆیان بن لە جوانیدا!...

پاش ئەوە، شەوباشییان لەگەڵ یەکتر کرد و لە یەک جیابوونەوە. هەر کچەیان ڕووی کردە ژوورەکەی خۆی، لە چاوەڕوانی بەیانیدا.

کە بەیانی ڕۆژ گزنگی دا، لە دوورگەی بۆتاندا، نە لە دەشتاییەکانیدا، نە لە بازاڕەکانیدا، کەس نەمابووەوە... چونکە هەموو کەس، بەبۆنەی جەژنەوە چووبووە دەرەوە، ئەویش لەسەر تەختی سروشتی شەنگوشۆخ و ڕازاوەوە، کە سەرلەنوێ تازە بووبووەوە، هاتبوو خۆشیی و چلۆنیی لەگەڵ دەکردن.

جیهان چەند مانگێک بوو، لەناو گێژەڵووکەی بەفر و باراندا گیری خواردبوو، کەچی لەو ڕۆژەدا لە شێوەی گەشیی و جوانی و بۆنخۆشیدا بەناسکی و تەڕوتازەیییەوە، خۆی بۆ دەرخستن.

لەو کاتەدا، هەموو کەس لە ئاوایی چووبوونە دەرەوە. لەناو بەهەشتی سروشتی ئەو ڕۆژەدا بڵاوبووبوونەوە. کزەبای فێنک و بۆنی گوڵ و گوڵزار، لە کەناری ئاوە زیوینەکە و بناری شاخە ڕەنگینەکاندا، بناری شاخی جوودی)(*)، کە بەگوڵ و چیمەن ڕازابوونەوە، مرۆڤی سەرخۆش و گەشکەدار دەکرد... تا چاوت بڕ بکات، سەیرت دەکردن، کەچی نەدەگەیشتینە ئەو پەڕیان. کە تەماشات دەکردن، لە هەموو جۆرە شێوە و چینێکیان تێدابوو. هەر کۆمەڵە بەلایەکدا دەڕۆیشتن. دەوڵەمەند تێکەڵ بەهەژار و، پچووک تێکەڵ بەگەورە و، خوێندەوار تێکەڵ بەنەخوێندەوار بووبوو.

هی وایان تێدا بوو دڵ بریندار چاوی بیمار بوو، دەیویست لەو ڕۆژەدا سەرخۆش بێ و خۆی لەبیر بچێتەوە... هی وایشیان تێدابوو، بوێژی خاوەن هەست و هۆش بوو، خۆی لەو جوانییە خەواڵووەدا مەست دەکرد، وێنەی هەرە بڵندی بیروباوەڕ و چێژکەی لێوە دەردەهێنا. هی وایشیان تێدابوو ڕاستیی پەرست بوو، گێژو وێژ و سەراسیمە بووبوو، هیچی بۆ نەمابووەوە، ئەوە نەبێ کە کڕنووشی ملکەچی بکێشێ بۆ پەروەردگار، کە ئەو جوانی و چاو بەستییەی دروست کردووە لە سروشتدا!...

ئەوەیش شتێکی ئاشکرایە ... چونکە سروشت دایکی هەموانە، وەک یەک سەیریان دەکات، وەک یەک خۆشی دەوێن، هەر چەشنی یەکیش بەدەمیانەوە پێ دەکەنێ. لە یەک جامیشدا مەییان پێ دەخواتەوە. لەبەر ئەوە هەموویان مافیان هەیە، ئیمڕۆ بەو مەیە سەرخۆش بن و، لە باوەشیدا هەڵبپەڕن و، هەریەکەشیان لە ڕازی جوانییەکەیدا، دەرمانی دەردی دڵی خۆی بدۆزێتەوە. هەر جوانییەکیش، کە دەمدەمی و دەستکرد بێ، پێویستە لەم ڕۆژەدا خۆی دوور بخاتەوە. چونکە مەی هەر ئەو مەیەیە کە لە بۆنخۆشیی سروشتەوە

(*): جوودی، یەکێکە لە شاخەکانی دورگەی بۆتان. (وەرگێڕ)



هاتبێتە بەرهەم. جوانیش هەر ئەو جوانییەیە کە لە شۆخ و شەنگیی ئەوەوە دەرکەوتبێ. بەڵام لەو ڕۆژەدا شتێک پەیدا بوو، دڵی هەموانی کێش کرد، سەرنجی هەموانی ڕاکێشا، هۆشی هەموو لایەکیشی خستە سەرسامییەوە!

چونکە لەناو ئەو کۆمەڵانەدا، دوو لاو دەرکەوتن ئەگەر سروشت هەموو جوانی و ڕازاوەیییەکەی خۆی لە لەشی دوو لاودا دەربخستایە، هەرگیز لەو دوو لاوەی جوانتر پێشان نەدەدا!... هەر کەسێ چاوی پێ دەکەوتن، سەرسام دەما لە کردەوەی خودا، کە جوانیی وا بێ هاوتای بەو دوانە بەخشیبوو!

کەس نەبوو بەلایاندا بڕوا و بەبینینیان گەشکەدار نەبێ و، تا ماوەیەک سەرسام نەبێ و بەرامبەریان نەوەستێ!... هەر وەک هەر کەسە لە خۆی بپرسێ: ئاخۆ ئەم دوو لاوە لە کوێوە هاتبن؟ کە هەر چی تاریکایی جیهان هەیە تێیاندانییە!

تۆ بڵێی فریشتە نەبن، لە ئاسمانەوە هاتبنە خوارەوە، بۆ ئەمەی هاوبەشیی هەموان بکەن لەم جەژنەدا؟! یان هەردووکیان لەگەڵ ئەم سروشتە جوانەدا پێکەوە لە دایک بوون، سروشت جوانییەکەی خۆی لە لەشی ئەو دوانەدا نواندووە و، ناردوونی بەدیاری بۆ هەمووان، کە سوپاسی ئاهەنگەکەی هەمووان بکەن، کە بۆ ئەو دەیکەن!؟...

لە ڕاستیدا، مافیان هەبوو، کە بەو جۆرە سەریان سوڕبمێنێ. چونکە ئەو دوو لاوە، کەس نەبوون، کچە شاکان نەبێ، کە «زین» و (ستی) بوون!... هەردووکیان جلوبەرگی خۆیان گۆڕیبوو، لە شێوەی لاواندا خۆیان پۆشیبوو، هاتبوونە دەرەوە، هاوبەشیی ئەو ئاهەنگە بکەن.

بۆ ئەمەی بتوانن بەئاسانی ئەو کوڕانەی ئاواتیان بۆ دەخوازتن و، هاوتای جوانی ئەوان بوون لەناو ئەو سەیرانکەرانەدا بیاندۆزنەوە... بەڵام کچە شاکان لەو ڕۆژەدا بەمەبەسی خۆیان نەگەیشتن. هیچیان لەناو ئەو هەموو سەیرانکەرانەدا، لاوێکی وەهای نەدۆزییەوە کە دڵی بچێتە سەری و، بەتیری دڵداریی گرفتار ببێ!... چونکە ئەوان جوانییان بەتەرازووی جوانیی خۆیان دەکێشا کە شتێکی بێ هاوتای وابوو، مەگەر هەر لە دەست پەروەردگار بوەشێتەوە جوانی وەها دروست بکات!. جا وێنەی بێ هاوتای جوانی وا چۆن بۆ ئەوان لەو جێگایانەدا دەدۆزرایەوە؟!... چۆن دەبێ، وێنەی بێ هاوتا، لە چەند کەسێکدا خۆی بنوێنێ بۆچ ئەویش وەک شتی ڕەمەکی وایە؟!...

بەو ڕەنگە سەیرانکەرەکان، ئەو ڕۆژگارەیان بەبەزموڕەزمەوە ڕابوارد، لەناو گوێ

ڕووبارەکان و گوڵزارەکاندا، لەناو گرد و دەشتاییەکاندا، لەژێر سێبەری درەختەکاندا، تا ڕۆژ کەوتە ئاوا بوون و تیشکەکانی دەکشانەوە بۆ ناو تاریکی، سێبەری گردۆڵکەکان و درەختەکانیش لەناو چیمەن و لالەزارەکاندا زەرد هەڵدەگەڕان و دەکشان، ڕۆژیش لەسەر کەلی ئاوابوونیدا بەزەردییەکەوە سەیری دەکردن، خەریک بوو ماڵئاواییان لێ بکات و، لە ئەندێشە و پەژارەیان بخات و، وریایان بکاتەوە بۆ چاوپێکەوتنی ڕاستیی... ئەو ڕاستییەی کە هەموو شتێک بەرەو نەمان دەهێڵێتەوە کە بەشبڕاوی دەکات لە گەورەیی زیندەگانی تا سەر.

ئنجا کە ڕۆژ، ماڵئاوایی لێ کردن، سەیرانکەرەکانیش دەستیان کرد بەگەڕانەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان. لەو کاتەدا کە شەقام و کۆڵانەکان چڕوپڕ بووبوون لە سەیرانکەرەکان، لە پیاو و ئافرەت و منداڵ، لە دەمی گەڕانەوەیاندا بۆ ماڵەکانیان، هەردوو کچەشا لە ڕێگە لایان دا، تۆزێک خۆیان دوور خستەوە لەو کۆمەڵە گەورانە کە ژن و پیاو پێکەوە دەڕۆیشتن- شتێکی سەیر ڕووی دا!...

لەپڕ کچەشاکان، چاویان کەوت بەدوو کچی سەرسام ماو، خەریک بوون بەهەڵەداوان بەرەو ڕووی ئەوان بێن!... ئەوانیش تەنگەتاو بوون... وا چوو بەدڵیاندا، کە ئەو دوو کچە دەیانناسن و بەکەینەوبەینەکەیان زانیون... بۆیەکیش ڕوویان کردۆتە لای ئەوان، کە ڕاستییەکەیان دەربخەن. بەڵام کە کچەکان نزیکیان کەوتنەوە، جۆرە گێژییەکیان تووش بوو، تا بەتەواوەتی لێیان نزیک بوونەوە. ئیتر چاویان تێ بڕین و زۆری پێ نەچوو، قەد و باڵایان کەوتە لەرزین. پاشان هەر دووکیان یەک لەدوای یەک کەوتنە سەر زەوی. بەبێهۆشی مانەوە، ئاگایان لە جیهان نەما!...

بەڵام کچە شاکان لەوە زۆر سەرسام بوون. بەپەرۆشەوە بوون بزانن ئەو دوو کچە کێن و... لە چ چینێکن؟... بەڵام لەوە دەترسان، لە تەنشتیانەوە بوەستن و لێیان بکۆڵنەوە تا لە ڕازی هەردووکیان بگەن... لە کۆمەڵی سەیرانکەرەکان دەترسان بیانبینن و لە سەریان کۆ ببنەوە... لەبەر ئەوە خۆیان وا پێشان دا کە دەربەست ئەو شتە نا دروستە نین، کەم تەرخەمانە دەستیان کردەوە بەڕۆیشتن... بەڵام کەدییان کەس لەو ناوەدا نەما و، لەو دوو کەنیزەکە دوور کەوتوونەتەوە، بەهێواشی گەڕانە پاشەوە، تا گەیشتنەوە جێگای کەوتنی دوو کچەکە... بەزەییەکی زۆریشیان پێیاندا هاتەوە... کە گەیشتنەوە لایان، هێشتا لە بێهۆشییەکەی خۆیاندا مابوون. بەتەنشتیانەوە دانیشتن و سەیری دەموچاو و شێوە و سەر و سیمایان دەکردن، بەو مەبەسە کە بەڵکو بیانناسنەوە و، ئەوەیشیان بۆ دەربکەوێ کە



ئاخۆ ئەو دوو کەنیزەکە ئەوان دەناسن یان نا... بەڵام هیچ کامێکیان نەناسینەوە. هیچ کامێکیشیان ئەوەی بیر نەکەوتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێک لەو دوو کەنیزەکەی بەرچاوکەوتبێ!...

لە دەموچاوی هەردووکیاندا، جوانییەکی ناوازە هەبوو کە لەگەڵ شێوەی گەورەیی و سەر بڵندیدا تێکەڵ بوو بوو؛ کە ئەوەی دەگەیاند هەر دووکیان خاوەنی پایەیەکی بڵندبن!... شێوەی جلوبەرگیشیان و قەدوباڵایشیان زۆر لە یەکی دەکرد، کە ئەوەی دەگەیاند، یان هەردووکیان برابن، یاخود خزمی یەکتر بن!... بەڵام ڕازاوەییی جلوبەرگەکەیان و شێوەی زەڕکفت و چنینەکەیان بەتەواوەتی بەڵگەبوون بۆ ئەوەی کە ئەو دوانە خاوەنی ناز و جیاز و سامانێکی بێ شومارن!...

کچەشاکان هەردووکیان بەچاوێکی پڕ خەم و بەزەیی پێدا هاتنەوە، سەیریان دەکردن و لێیان ورد دەبوونەوە. هەردووکیان لاڵ و پاڵ کەوتبوون بەسەر زەویدا، هۆشیان نەمابوو بەخۆیان. گێژوویژ بووبوون، بەتەواوی!. هیچ جووڵەیەکیان لێوە نەدەهات، تەنیا جووڵەی سنگیان نەبێت کە لە کاتی هەناسەداندا بەرز و نزم دەبوونەوە. ئەو بەزەیی پێداهاتن و دڵ پێ سووتانەیان لە کاری خوداوە بوو، کە هەموو گیانێک بەهۆی دەست ڕەنگینیی ئەوەوە پێک هاتووە، بەرە بەرە گۆڕا و چووە شێوەی خۆشەویستییەکی سەیری، تێ نەگەیشتووانەوە!... کە هەردووکیان لە تەنشتیانەوە دانیشتن، لەو دەشتە گەورە و فراوانەدا، سەرنج دانەکەیان لەو دوو کەنیزەکە، ئەوەی دەگەیاند، کە بەسەرسوڕمانێکەوە ئەمە لە خۆیان دەپرسن: ئاخۆ ئەم دوو نەمامە لە چ گوڵزارێکدا ڕووابن؟... ئاخۆ لە چ باخچەیەکدا ئەو دوو خونچەیە گەشابنەوە؟... ئاخۆ کام هەور شەونمی بەسەردا داباریبێ؟... دەبێ کام چەم و کانیاویش بووبێ کە ئەم جوانییەی پێ بەخشیبێ؟...

ئیتر دانیشتنەکەیان لەوە زۆرتری نەکێشا... چونکە لە دوورەوە چەند سوارێکیان دی بەتاو دەهاتن بەرێ دا، ڕوویان کردبووە شار. پەییان بەوە برد کە دەبێ ئەوانە سەردار و هاوڕێکانی بن لە ڕاو هاتبنەوە. وایشیان بەباشزانی، کە لە پێش ئەوەی سەردار بگاتەوە کۆشکەکەی خۆی، خۆیان بکەنەوە بەکۆشکەکەدا. لەبەر ئەوە زوو ڕاست بوونەوە و، هەر دوو کەنیزەکەکەیان بەو بێ هۆشییەوە بەجێهێشت. بەڵام پێش ئەمەی بگەڕێنەوە، هەریەکەیان ئەموستیلە بەنرخە بریسکەدارە بێ وێنەکەی خۆی لە پەنجەی خۆی دا کەند و، کردیە پەنجەی یەکێک لەو دوو کەنیزەکەوە. لە بریتی ئەوە ئەموستیلەی کەنیزەکەکەی بەپەنجەی داکەند و خستیە پەنجەی خۆیەوە. ئەموستیلەی کچەشاکان بەبەردی ئەڵماس و

یاقووت، بەوردەکارییەکی جوانەوە، ناوی خۆیانی لەسەر نووسرابوو. بەڵام ئەموستیلەی کەنیزەکەکان ساکار و کەم نرخ بوون. مەبەسی کچەشاکانیش لەو ئەموستیلە گۆڕینەوەیە ئەوە بوو کە خۆشەویستیی و بەزەیی هاتنەوە و پەسندکردنی خۆیان بەرامبەر جوانی ئەو دوو کەنیزەکە دەرببڕن. هەروەها ئەوەیشیان دەویست کە بەهۆی ئەو ئەموستیلانەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو دوو کەنیزەکە بدۆزنەوە و بیانناسن و لە ڕەسەنی و نەژادییان تێبگەن.

بەم ڕەنگە لەپاش ئەمەی کچەشاکان، دوڕ و ئەڵماسە بێ هاوتایەکانی خۆیان بەو موورووە و شووشە ساکارانە گۆڕییەوە، دەمودەست گەڕانەوە ماڵەوە.

## ڕازی هەردوو کەنیزەکەکە

ئەو دوو کەنیزەکەی لە هۆش خۆیان چوون، لە ڕاستیدا ئافرەت نەبوون!.

بەڵکو دوو لاوی بەناوبانگ بوون، لەناو پیاوەکانی دیوانی سەرداردا!...

یەکێکیان کوڕی یەکەم کاربەدەستی دیوان بوو، ناوی (تاژدین) بوو... کە لەگەڵ هەردوو براکەی تریدا، لەناو پیاوانی سەرداردا، بەیارمەتیدان و ئازایەتییەکی بێ هاوتاوە ناوی دەرکردبوو. لە هەموو لایەکی دوورگەکەدا بەگەورەیی و ڕێزەوە ناویان دەبرا. سەردار لە زۆر کاتدا بەبۆنەی هەندێ کارەساتەوە یاخود بەهۆی کاروباری خۆیەوە، ئەوەندە پێیاندا ڕادەپەرموو، کاری گرنگ گرنگی پێ دەسپاردن. دوو براکەی (تاژدین)یش ناویان (چەکۆ) و (عارف) بوو. لاوەکەی تریشیان ناوی (مەم)بوو، کە یەکێک بوو لە ڕازنووسەکانی دیوانی سەردار (زین الدین). (تاژدین)یش لەناو هەموو دۆست و براکانیدا، ڕازی دڵی خۆی بۆ (مەم) دەگوت. خودایش خۆشەویستی و برایەتییەکی وای خستبووە ناوەند هەردووکیانەوە، کە کەم ڕێک دەکەوێ، لە ناوەند دوو دۆست، یاخود دوو برادا شتی وا پەیدا ببێ. دوورنییە کە هۆی ئەو خۆشەویستیی و برایەتییەی ناوەندیان ئەوە بووبێ، کە هەر دوولایان یەجگار گرفتاری جوانی و بەپەرۆشی جوانییەوە بوون. لە هەر شێوەیەکدا جوانییان بدیایە، هۆگری دەبوون. لە ئەندازە بەدەریش جوانی کاری تێ دەکردن. لەبەر ئەوە زۆر بەپەرۆشەوە بوون، ئەگەر بۆ تەنیا جارێکیش بێ لە ژیانیاندا، ئەو دوو کچەشایە ببینن، کە جوانییان لە زۆربەی خاکەکانی کوردستاندا ناوبانگی دەرکردبوو. هەر ئەم شێتی و شەیداییەیش بوو بۆ جوانی، کە وای لێ کردبوون، ئەو ڕۆژە، جلوبەرگی ئافرەت لەبەر بکەن و، خۆیشیان لە شێوەی ئافرەتدا دەربخەن. هەر یەکەیان لەباتی جلەکانی خۆی، بەرگێکی ئافرەتانەی پۆشیبوو، کە بریتیی بوو لە کراسێکی ئاوریشم، لە جۆری هەرە



ناوازەی «ئیستەبرەق»، پشتێنێکیشی لەسەر بەستبوو، کە بەزەڕ کەفتێکی نایاب چنرابوو، مەگەر هەر لە کچە نازەنینەکان بوەشێتەوە، کە بیبەستن. هەریەکەیشیان سەروپێچێکی نابووە سەر سەری، کە یەگجار جوان و نایاب بوو، لە هەموو لایەکیەوە ڕیشوە ئاوریشمەکانی پێدا هاتبوونە خوارەوە. هەروەکو کچە جوانەکانی ناو کوردەواری لە شێوەیەکی نازدارانەدا لەسەر ناوچەوانی خۆیان قایم کردبوو. هەریەکەیشیان لە قژەکانی خۆی ئەگریجەی دروست کردبوو، بەسەر هەردوو ڕوومەتەکانیدا هاتبوونە خوارەوە. هەر لە گوڵنکەیەکیان دەکرد کە لە سەرپێچەکەیان بەڕازاوەیی و جوانییەوە شۆڕ بووبێتەوە. پاشان هەردووکیان چوونە دەرودەشت، تا سەیری هەر دوو بابەتی جوانی بکەن: جوانیی سروشت لەو شێوە خەواڵووییەیدا بەچیمەنە ڕازاوەکانیەوە، جوانیی پەری ڕوویان و تیلاییە دڵکێشکەرەکانی چاویشیان. بەڵام خەمی هەرە گەورەیان بۆ ئەوە بوو کە ئەو دوو کچەشایە بدۆزنەوە کە تەنیا ناوبانگیان دانیشتوانی دوورگەکەی چاوبەست کردبوو، کە هەر لە دەمێکیشەوە بۆ هەلیک دەگەڕان کە چاویان پێیان بکەوێ. ئەو کاتەیش کە لەگەڵ سەیرانکەراندا دەگەڕانەوە، چاویان تێر بووبوو لە بینینی جوانی، سروەی خۆشیی بەگیانیان کەوتبوو، بەمەیی جوانی مەست و سەرخۆش بووبوون. بەڵام کە لەو کاتەدا چاویان کەوت بەکچەشایەکان، دەمودەست بەتیری دڵدارییان گرفتار بوون، جوانییەکەیان کاری لە دڵیان کرد و بێ هۆش کەوتن و کەوتنە سەر زەوی. لاوەکان ئەگەر هەر جوانیی لەش بووایە، وای بەسەر نەدەهێنان کە لە هۆش خۆیان بچن. بەڵام ڕاستییەکی گیانیشی هاتە پاڵ، کە لەو جوانییە گەورەتر و بڵندتر بوو، کاری کردە دڵ و هۆشیان و لە پەلوپۆی خستن... ئەو ڕاستییەیش دڵداری بوو... ئەو دڵدارییە گیانییە پاک و بێگەردەی، کە دوور دەکەوێتەوە لە بابەتی لەش، کە بەرزتر دەبێتەوە لە ڕاستیی نیرۆمێ یی.

ئەو دڵدارییە چووە کانی دڵی هەردووکیانەوە. تەوژمەکانیشی بەناو هەموو دەروازەیەکی، شەپۆلی دەدا، خرۆشی پێ دەسەند و ئاگری تێ بەردەدا. مووچڕکی خۆشەویستیشی پێدا دەڕۆیشت ڕووەو گیانەکەی تر، کە هەر لە ڕۆژی سەرەتای ژیانەوە ئاوێتەی بوو بوو، بەڵام لە دواییدا لێی جیابوو بووەوە و، لەناو ئەم جیهانە تێکەڵ و پێکەڵەدا ون بووبوو.

ئەویش هەر بەدوای جووتەکەی خۆیدا دەگەڕا؛ دەمێک تەماشای وێنەکانی سروشت و گوڵزاری دەکرد، بەڵکو لە ناو ئەوانەدا چاوی پێ بکەوێتەوە. دەمێکیش گوێی لە دەنگی بولبول و پەلەوەران دەگرت، بەڵکو دەنگەکەی لەناو ئەو دەنگانەدا بناسێتەوە. جار

بەجارێکیش سەرنجی لە شێوە و سەروسیما دەدا، بەڵکو لەناو ئەو کەسانەدا شێوەی بکاتەوە. جا لەپاش ئەو جویَ بوونەوە دوور و درێژە و، ئەو ئارەزووی بینینە بەجۆش و خرۆشە، لەو ڕۆژەدا چاوی پێی کەوت، کەواتە نابێ بەشتێکی سەیر دابنرێ، کە لەو کاتەدا، گیان ئاگای لە لەشی نەمابێ و، چاوی گێژ و وێژ بووبێ و، هۆشی بەخۆی نەمابێ و، هیچ هەستێکیش بەخۆی نەکات. کەواتە سەیریش نییە، کە دڵداری، دوایی زاڵ ببێ بەسەر ئەو دوو شۆڕە سوارەدا و، وەک پەپوولەیەکیش کە بکەوێتە بەر گڕی ئاگر، ئاوا هەڵیان بپڕووکێنێ.

لە پاش ماوەیەکی درێژ، گیانەکە ئەوشەوە، هاتەوە بەبەر لەشیدا، هۆشیش توانی بێتەوە سەرخۆی... (مەم) و (تاژدین) هاتنەوە هۆش خۆیان. کە تەماشایان کرد ئەوا لە دەشت و بیابانێکدا کەوتوون، تاریکە شەوێکە، چاو نابینێ، ئەستێرە بەئاسمانەوە نەماوە، نە کەس هەیە بەو ناوەدا بڕوات، نە باڵندەیەکیش ماوەتەوە بەئاسمانەوە فڕکەی بێت. گێژ و وێژییەکیان بەسەردا هاتووە، هیچیان لەبیر نەماوە، نازانن چییان بەسەر هاتووە، نایشزانن چی وای بەسەر هێناون، ناشزانن بۆچی لەوێدا ماونەتەوە. هەر ئەوەندەیان پێ کرا بزانن، کە هەر کەسەیان بەشی خۆی، دڵەگورپێیەکی سەیری پێگەیشتبوو، دەمارەکانی بەتەواوی کزبووبوون، لەشی تەواو خاو بووبووەوە، بڕستی بڕابوو، بیرەوەرییشی تەواو کەوتبوە شپرزەییەوە!... لەپاش تاوێک تینێکی زۆریان دایە بەر خۆیان، بەتێکۆشانێکی یەگجار ماندووانەوە خەریکی خۆیان بوون، ئنجا توانییان ڕاست ببنەوە و، بەرە بەرە بەکزۆڵەییەکی زۆرەوە بڕۆنەوە بۆ شار و بگەنەوە ماڵی خۆیان. لەوێدا هەردووکیان یەکترییان بەخودا سپارد و، لە یەکتری جیابوونەوە.

ڕۆژ و دوو ڕۆژی بەسەردا چوو، تا گەیشتە هەفتەیەکیش، کە چی (مەم) و (تاژدین) تادەهاتن دڵتەنگتر دەبوون. نەیشیاندەزانی دڵتەنگییەکەیان لە چی یەوەیە. جارە نا جارێکیش هەستێکی سەیر و نادیار دەهاتەدڵیانەوە، نەیاندەزانی لە چ هۆیەکەوە پەیدا دەبێ، نەیشیاندەتوانی لێکیان بدەنەوە و، ڕۆشنیشیان بکەنەوە. هەر دووکیان هەست کردن و پێزانینیان بەڕووکەشی شتومەک و وێنەکانی مرۆڤ گۆڕا و، وەک هی پێشوو نەما!. هەردووکیان وایان لێ هات خۆیان بەبێگانە دەزانی لەناو کەساندا، وەڕس دەبوون لەو شتانەی کە پێیانەوە ڕاهاتبوون. هەروەک گیانیان بەدوای یەکێکی خۆشەویستدا بگەڕێ و لێی ون بووبێ وابوو، یاخود بەدوای ڕاستییەکی بڵنددا بگەڕێ، کە لە پێشدا بۆی دەرکەوتبێ و دوایی لێی ون بووبێ وا بوو. بەڵام دەبێ ئەو شتەیان ئەو کەسە چی



بێ؟... دەبێ کەی هەستی پێ کردبێ، تاوابزانێ لێی ون بووە؟... ئەوە ڕازێکی نهێنی بوو کەسیان پەییان پێ نەدەبرد، هەر چەندیشیان دەکرد بۆیان نە دەدۆزرایەوە. سەیربوونی ئەو هەستەیش، پێچ و پەنای ئەو تاسە و ئارەزووانەیش وای لە هەردووکیان کردبوو، کە خۆیان بپارێزن لەوەی کەسیان لە کەسیانی ئاشکرا بکات. هەرچەندیان دەکرد، پێیان نەدەکرا دەری بخەن، یاخود ڕۆشنی بکەنەوە. چونکە قسەکان ئەوەندە گرێیاوی و پڕ پێچ و پەنا و شاراوە بوون، زۆری پێ دەویست تا خاوەنەکەی لێکی بداتەوە و بیدۆزێتەوە و دەریشی بخات...

بەڵام زۆری پێ نەچوو ئەو خەموخەفەت و ئازارەی پێیانەوە بوو کاری لە دەم و چاو و شێوەی هەڵسان و دانیشتنی هەردووکیان کرد. ئەوە بەتەواوەتی دیاربوو لە ڕەنگ زەردی و کزی و زۆر بیرکردنەوەی هەردووکیاندا... ئەمانە بوون بەهۆی ئەوەی هەردووکیان ڕازی دڵی خۆیان بۆ یەکتری ئاشکرا بکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا کەڵکێکی نەگرت کە شتێکیان لە ڕاستییەکە بۆ دەربکەوێ یاخود لە ڕازە شاراوەکەی تێبگەن. ئەوە هەر ئەوەندە بەکاریان هات، کە بەهۆی گێڕانەوەی ڕازی دڵیانەوە بۆ یەکتری و، یەکێتیی هەستەکەیانەوە کە لە هیچیانەوە ئاشکرا نەبووبوو چییە، لەگەڵ ئەو ئازارانەیاندا کە لە هی یەکتر دەچوون، بێ ئەمەی بزانن لە چییەوە پەیدا دەبن... ئەمانە هەموویان بووبوونە هۆی دڵخۆشکردنێک بۆ هەردووکیان، کە بۆیان ئاشکرا بووبوو یەک هەست و یەک دەرد و یەک ڕووداویان هەیە.

ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر هەردووکیان بوون، لە جێگایەکدا دانیشتبوون. (تاژدین) لە پەنجەی (مەم)دا، ئەموستیلەیەکی دی دەدرەوشایەوە، هەندێک لێی وردبووەوە و گوتی: «پێویست بوو لە سەرم پیرۆزبایی ئەم ئەموستیلە ناوازەیەت لێ بکەم. بەڵام پێش ئیمڕۆ لە دەستی تۆدا نەمدیوە. دەبێ کەی پەیدات کردبێ؟».

«مەم»یش سەیرێکی پەنجەکانی خۆی کرد. نەیدەزانی (تاژدین) چی پێ دەڵێ. کە تەماشای کرد ئەوا پارچە گەوهەرێکی بەنرخی لە دەستدایە، کە لەوەپێش ئەو دوو ناوەی زۆر بەرگوێ کەوتووە. دوایی بیری چوو بۆ هەردوو کچەشاکەی «جزیرە»... کە یەکێکیان ناوی (ستی)، ئەوی تریشیان ناوی (زین) بوو!...

ئیتر وەک یەکێک تای لێ هاتبێ، سەری بەرزکردەوە و سەیرێکی مەمی کرد، گوتی:

«خودا بتگرێ ئەم دوو ئەموستیلەیە هی هەر دوو کچەشای (جزیرە)ن، کە خوشکەکانی سەردار «زین‌الدین»ن! ؟...».

هەردووکیان چاویان بڕییەوە ئەموستیلەکانی خۆیان. سەرنجیان لەو نەخشونیگارە ناوازانەیان دەدا، سەیری پرشنگ و بریسکەدانەوەکانیان دەکردن. ئیتر بەتەواوەتی چەسپییە دڵیانەوە کە خاوەنەکانیان کەس نین هەردوو خوشکی سەردار نەبێ...!. ئیتر لەو بریسک و هووڕ و پڕشنگدانەوە، ڕازەکانیان، وردە، وردە، دەرکەوتن. بیرەوەریی هەردوو لایشیان گەڕایە پاشەوە بۆ ڕابردوو. ئەو ڕابردووەی کە تا ئەو کاتە لێیان ئاشکرا نەبووبوو. ئەوەیان بیرکەوتەوە، کە لە ڕۆژی ئاهەنگی بەهاردا، ویستیان ئەو دوو کچەشایەیان چاو پێ بکەوێ. بەڵام هیچ کامێکیان بۆ نەدۆزرایەوە لەناو ئەو هەموو سەیرانکەرانەدا... پاشان ئەوەیشیان بیرکەوتەوە، کە لە کاتی گەڕانەوەیاندا دوو لاویان بەرچاو کەوت، لە لاویان نەدەکرد... هەردووکیان یەجگار جوان و شیرین بوون... خۆیشیان لێ نزیک خستنەوە تا بیان ناسنەوە و بزانن کێن... ئیتر لەوێوە بیرەوەرییەکەیان وەستا!.

بەڵام هیچ گومانێکیان لەوە نەبوو، کە بەهۆی بینینی ئەو دوو لاوەوە شتێکی سەیریان بەسەر هاتبوو کە بەهۆی ئەو بەسەرهاتەوە بووبوو ئەو شەوە لەو دەشتەدا مابوونەوە. کەواتە دەبێ ئەو دوو ئەموستیلە لەو شەوەدا کرابنە پەنجەیانەوە. دوایی لەوە دڵنیابوون کە هەر ئەو دوولاوە بوون، خوشکەکانی سەردار (زین‌الدین)، کە خۆیان بەدوایاندا دەگەڕان، بێگومان ئەو دوو کچەشایەش دەبێ وەک خۆیان، بیری خۆگۆڕین چووبێ بەمێشکیاندا، بۆ ئەمەی خۆیان دەرنەخەن لە کەس... لە بابەت ئەو دوو ئەموستیلەیەیشەوە کە کرابوونە پەنجەیانەوە، هیچیان گومانیان نەما، کە کچەشاکان لەگەڵ ئەموستیلەکانی خۆیاندا گۆڕیویانەتەوە، بۆ ئەمەی هەستێکی شیرینی خۆیان بنوێنن بەرامبەریان.

ئنجا کە ئەو ڕازەیان بۆ دەرکەوت هۆی ئازار و هەستە نهێنییەکانی خۆیان تێگەیشتن، کە تا ئەو کاتە دەیاننالاند بەدەستیانەوە، ئیتر هەردووکیان هەستیان کرد بەسرەوت و ئارامێک لە دڵیاندا کە باری کڵۆڵیی گۆڕین. بەڵام زۆری پێ نەچوو، ئەو هەستە دوو کاری جوێ جوێی لە دڵی هەردووکیاندا کرد. چونکە (تاژدین)، بەهۆی ئەو ڕاز دەرکەوتنەوە، توانیی زاڵ ببێ بەسەر ئازارەکانی دڵیدا، تا ئەندازەیەکیش لەو دەردەی تووشی بووبوو ڕزگاری بوو. هەروەک زۆربەی خەم و خەفەتەکەی لەوەوە هاتبێ، کە سەرچاوەی کەینەوبەینەکەی نەزانیبێ وابوو. بەڵام (مەم) کەوتبووە بارێکی ترەوە.

دەرکەوتنی ئەو ڕازەش بۆ ئەو ستەم بوو. زۆری پێ نەچوو گڕی بەردایە دڵی و دڵەگورپێی تووش کرد. هەروەک لەوەپێش گیانی ئەو ڕێیەی لێ ون بووبێ کە بۆی دۆزراوەتەوە و، نەیشیزانیبێ کە گرفتاری کێ بووە، بەڵام ئیمڕۆ هەموو شتێکی بۆ



دەرکەوتووە. مرۆڤی ئەو گیانەیشی هەروەها بۆ دەرکەوتووە. جا چونکە دوورە لێی، ئارامی دەست ناکەوێت. هەتاکو نەیشیبینێ و پێیشی نەگات، دوورە لەوەوە کە دڵی بێ شۆڕش و پشێوی بمێنێتەوە.

(تاژدین)یش هەستی بەئازار و خەم و خەفەتی (مەم) کرد، کە لە دەموچاویدا دیاربوو. هەستایە سەر پێ و، چوو بەلایەوە و، دەستی خستە سەر شانی پێی گوت:

«مەم! گوێت لە من بێ چی دەڵێم: ئەوە زۆر هەڵەیە کە خۆمان بخەینە ژێر چنگی ئەم جۆرە گلاراوی و پەشۆکاوییەوە. چونکە لە ئەنجامدا هیچمان دەست ناکەوێت، سەرگەردانی و پەشیمانی نەبێت، سەبارەت بەوەی کە دەردەکەمان کاری تر دەبێت. بێگومان ئەوەیش بۆ من و تۆ ناگونجێ... چونکە هەردووکمان لەم شارەدا بەئازایەتی و جەربەزەییەوە ناومان دەرکردووە. هەموو دانیشتوانی (جزیرە)یش وامان دەناسن کە خاوەنی چنگ و بڕیار و پاڵەوانێتی بین. ئەگەر بێتو ئێمەیش هەر لەم دەردەدا بمێنینەوە، ئاخۆ چ کارێک لە ناوبانگ و ناوونیشانمان بکات لەناو دانیشتوانی ئەم دوورگەیەدا؟...

ئەگەر هەموو کەس بەم کەینەوبەینەیەی ئێمەی زانی، ئاخۆ چیمان بەسەردێ؟...

چۆن دەبێ، ئێمەیەکی خاوەن نیاز و بڕیار و ئازایەتی و چنگ، وامان لێ بێ، کە هەر بەچەکی دوو ئافرەت و هێزیان، بڕستمان ببڕێ و، ورە بەربدەین و، ئازایەتیمان لەبیر بچێتەوە؟!. بام هەردووکمان لەم پێخەفی خاووخلیچکییە بێینە دەرێ. بام ئەم بەرگی خەم و ئازارە پڕوپووچە لە خۆمان دابکەنین کە بەدەستی خۆمان پۆشیومانە... بام ئەوەیشمان بێتەوە بیر کە ئێمە بەچنگ و مەردین... هەرگیز نایشهێڵین کزی کار لە دەروونمان بکات».

بەڵام «مەم»، وا دەردەکەوت، کە ئاگای لە (تاژدین) نەبوو چی دەڵێ:

لە دەموچاویەوە دیار بوو کە ئازارێکی توندوتیژی هەیە. دڵی بەقایم لێی دەدا. چاوەکانیشی لێڵ بووبوون لە خەم و پەژارەدا. تەنیا ناوێک کە دووبارەی دەکردەوە، ناوی «زین»بوو. تەنیا شتێک کە دڵی دابوویە، ئەو ئەموستیلەیە بوو کە لە پەنجەیدا بوو. جاری وا هەبوو ئەو، ئەموستیلەیەی بەسەر چاوەکانیدا دەخشاند. جاری وایش هەبوو دەیبرد بۆ دەمی و ماچی دەکرد و، بەدەمی خۆیەوە دەنووساند، لێی نەئەکردەوە دوایی ڕووی کردە (تاژدین) و پێی گوت:

«برا دۆست! ئەو کەسەی ئێستا لەگەڵیدا دەدوێی، ئەو «مەم»ە نییە کە ناسیوتە!

لەڕاستیدا ئەم (مەم)ە، ئێستا بریتییە لە مرۆڤێکی تر و ڕاستییەکی تر. ئیتر لەمەودوا، بەدوای ئەوەدا مەگەڕێ کە نیاز و بڕیار و ئازایەتی و بەچنگی لە مندا بدۆزیتەوە. بەو خودایەی کە هەمووومانی دروست کردووە، ئەوانەم هەموو لە بیرچۆتەوە. ئەو کەسەی ئێستایش لەبەر دەمتدایە هەر بریتییە لە لەشێکی لە کەڵک کەوتوو، ئازار بڕستی بڕیوە، دڵێکی پڕ لە ئاگریشی هەیە، مەگەر هەر خودا بزانێ گڕەکەی چەند گەورەیە و چەند بەتینە.

ئەمەیش کە سرەوتە و، هێز و توانایییە و، ئارام و بەرگە گرتنە، ئەوانە هیچیان فریان بەسەر لەش و هۆشمەوە نەماوە. تۆیش ئەگەر هەست بەبیانووەکەی من ناکەویت، هەر هیچ نەبێ، لێم بگەڕێ، بام ڕووە و چارەنووسی خۆم بچم».

«تاژدین»یش کە ئەو قسانەی «مەم»ی بەرگوێ کەوت، بۆی دەرکەوت کە کەیەنەوبەینەکەی (مەم) لەوە ترازەوە، کە ئامۆژگاری و پەند و شێوەت کاری تێبکات. لەبەر ئەوە زۆر بەزەییی پێداهاتەوە، ناچارما و هیچی بۆ، نەمایەوە بیکات، ئەوەنەبێ کە بێدەنگ بێت.

## پیرێژنی کۆشک

جارێ بام واز لە قسەی (مەم) و (تاژدین) بهێنین و بگەڕێینەوە بۆ کۆشکی سەردار، تابزانین (ستی) و (زین) چییان بەسەر هاتووە. ئەوەبوو ئەوشەوە بەهەڵەداوان گەڕانەوە بۆ کۆشکەکە. چوویشنەناویەوە، بێ ئەمەی بهێڵن کەس بەڕازیان بزانێ. تەنانەت دەرگەوانەکانیش وایان دەزانی ئەو دوانە لە کوڕە جوانەکانی ناو کۆشکن. ئیتر هەر ئەوەندەی پێ چوو، تا لە خۆ گوڕین بوونەوە و، پشوویەکیاندا، لە ماندوێتی ئەو ڕۆژە بحەسێنەوە، دەمودەست هەر دووکیان هەستیان کرد بەگلاراوی و پشو یەک لەناو دڵیاندا. هیچ کامێکیشیان ڕازی ئەو دڵ پەشێوی یەیان نەدەزانی چییە، هەر ئەوەندەیان دەزانی کە پەیوەندییەکی هەیە بەبینینی ئەو دووکەنیزەکەوە، کە ئەو کارەساتە سەیرەیان بەسەرهات، لەبەردەمیاندا. لەڕاستیدا چاوئەندازی هەردووکیان لەوشێوە پەشێواوەدا، هەروەها ئەو جوانییەیان کە تێکەڵ بووبوو لەگەڵ شێوەی شەنگوشۆخی و مەندیدا، لە مێشکی هەردوو کچەشاه دەرنەدەچوو.

هەندێ هۆیش لەوێدا کۆبووبووەوە. یەکێکیان ئەو کارەساتە سەیرە بوو کە بەسەریانداهات. هەندێکیشی ئەوە بوو کە حەزیان دەکرد لە ڕاستییان تێبگەن و بزانن



کێن و لە کوێوە هاتوون. یەکێکیشیان ئەوە بوو کە لەوساوە هەستێکی سەیر لە دڵیاندا پەیدا بووبوو، بەرامبەر ئەو دوو کەنیزەکە نەناسراوە. لەلایەکەوە بەزەییان پێیاندا دەهاتەوە. لە لایەکیشەوە دەچوون بەدڵیاندا، کە لە دواییدا گەڕا بەخۆشەویستییەکی وەها کە ڕۆژ بەڕۆژ تینی دەسەند لە دڵیاندا، کە لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا هەر بەدوو ئافرەتی وەک خۆیان دادەنان. ئا بەم جۆرە، بیریان زاڵ دەبوو بەسەر ئەندیشەیاندا. ئەو هەستانەیش دەستیان دەکرد بەداگیرکردنی دڵیان. ئیتر لەو ڕۆژەوە، هەردوو خوشک، هەر پێکەوە دەبوون، لە ژوورێک لە ژوورەکانی کۆشکەکەدا خۆیان پەنا دەدا و، لە بابەت ئەم بابەتەوە چرپە چرپیان دەکردو، ڕازی دڵی خۆیان بۆ یەکتر ئاشکرا دەکرد. لەگەڵ ئەوەیشدا، کەس لە کۆشکەکەدا، هەستی بەو ڕەوشتە تازەیەیان نەکرد، پیرێژنێک نەبێ کە دایەنی خۆیان بوو، ناوی (هێلانە)[*] بوو. هەرچەندە پیرێژنەکە، پیر و پەککەوتەبوو، بەڵام لە پەندە و پەراوێز داناندا لە ڕۆژگار بەهێزتر بوو... دەموچاوێکی چرچ و لۆچ و ڕەنگێکی زەردباوی هەبوو. بەڵام فڕوفێڵبازێکی وابوو کە سەری پیاوی لێ سوڕ دەما. هەرچەندە پشت کۆماوە و بڕستبڕاو بوو، بەڵام زیرەکیی لاوێکی پڕ هێز و توانایی هەبوو. ئەم پیرێژنە هەر لەو شەوەوە کە لە ئاهەنگی بەهار گەڕابوونەوە، سەرنجی لە کچەکان دابوو، وەک خۆیان نەمابوونەوە، گۆڕابوون. ئەویش لەو شەوەوە هەر سەرنجی لێ دەدان، تابزانێ گۆڕانەکەیان بەچ ئەنجامێک دەگات. دوایی زۆری پێ نەچوو لە دەموچاویاندا دیاریی دا ڕۆژێکیان، سەرلەبەیانی، ڕێدانی خواست، هاتە ژوورەوە لایان. تەماشای کرد هەردووکیان گێژوویژ ماون بەدەست بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە. خەم و سەرسوڕمان، بەئاشکرا لە دەموچاویاندا دیارە. لێیان نزیک بووەوە و لە تەنشتیانەوە هەڵتووتا. ئنجا گوتی:

کچەشاکان، گیانم پێشکەشتان بێ، خودا ئاگای لێتان بێ، بیبیلەی چاوان و، ڕۆشناییی هەموو دڵان! من وام دێتە پێش چاو، لەو ڕۆژەوەی ئێوەی چوونەتە دەرەوە، بۆ ئاهەنگی بەهار و گەڕاونەتەوە ماڵەوە، بەم هەموو باری لێکدانەوە و پەژارەیی و سەرسوڕمان و گێژوویژییەوە، ئەم کۆشکە گەشییەکەی کەم بۆتەوە و، زۆر لە خۆشی و شادمانییەکەیشی نەماوە لە ئارادا!... ئایا دەتوانم لێتان بپرسم ڕازی ئەم دڵشکاوییەتان هی چییەوە، چ مەیێکیش بۆتە هۆی سەرخۆشکردنتان کە بەم جۆرەتان بەسەر بێ؟...

بەڵکو ئەگەر گیروگرفتێکتان هاتبێتە بەردەم، کە پێتان نەکرێ چارەی بکەن،

(*): لە چیرۆکەکەدا (ئەحمەدی خانی)، «حەیزەبوون» دەڵێ، نەک (هێلانە). (وەرگێڕ)

یارمەتیتان بدەم. یاخود ئەگەر شتێکتان لێ ونبوو بێ، بەهۆی جادووگەری و چاوبەستکردن و لم لێکدانەوە کەمەوە، بۆتانی بدۆزمەوە.»

(ستیی) و (زین)یش کە ئەوەیان لە پیرێژن بیست، سەیرێکی یەکتریان کرد و، وەک بیانەوێ پرس بەیەک بکەن لە ئاشکرا کردنی کەینەوبەینەکەیاندا وابوو. پاشان یەکێکیان گوتی:

«هەر وەک بۆمان دەرکەوتووە، لەو ڕۆژەوە، تووشی دڵتەنگیی و خەموخەفەتێک بووین، هۆیەکەی نازانین چییە. وا دەر دەکەوێ ئێستایش ئەم خەم و دڵتەنگییە کەمێک لە دڵماندا کار دەکات».

(هێلانە) تێگەیشت، کە جووتە خوشک دەیانەوێ ڕازی دڵی خۆیانی لێ بشارنەوە. ئەوپەی بردنەیش خستیە سەر ئەو گومانە، کە کەینەوبەینەکەیان دوور نییە لە خۆشەویستی و دڵدارییەکی واوە بێ کە لەو ڕۆژەدا لە دڵیاندا جێگیر بووە. چونکە لە ڕۆژی وادا، زۆر شتی وا ڕوودەدات کە کچان و کوڕان چاویان بەیەکتر بکەوێت و، چاو ئەندازانی جوانی و دڵکێشکردن کاریان لێ بکات و، ناسیاوی و دۆستایەتیش پەیدا ببێ لەناو هەر دوو ڕەگەزدا... لەبەر ئەوە خۆی لێیان نزێک کردەوە و پێی گوتن:

«کچە شاکانی خۆم وا دەردەکەوێ ئێوە هێشتا نەتانزانیوە کە خودا چ جوانی و چاوبەستێکی بەئێوە بەخشیوە. لە ڕاستیدا ئێوە لەسەر تەختێکی جوانی وا دانیشتوون، کە لە هەموو جیهاندا وێنەتان دەست ناکەوێت. ئەگینا دەبوو بتانزانیایە هەرچی جوانی ئەم دوورگەیە هەیە لەبەر ڕووتانداسەر دەنوشتێننەوە.

ئاخۆ کێ بێ ئەو کەسەی بەدڵی ئێوەدا چووبێ و بۆ ئێوە سەری دانەنەواندبێ، وا بۆچ ئێوە ناوونیشانیانم بۆ دەرناخەن، تاوایان لێ بکەم، وەک بەندە بێنە بەردەمتان و، بەپێوەندی دەسەڵاتی دڵدارییەوە، کڕنووشی نەوازشتان بۆ بکێشن؟...»

(ستیی)یش گوتی:

«دایە! هۆی سەرگەردانی ئێمە ئەوە نییە... لە ڕاستیدا هۆیەکە شتێکی ترە... ئێمەیش بەدەستمان بووایە حەزمان دەکرد شتەکەمان بۆ ڕوون بکردیتایەوە و، لێمان ئاشکرا بکردیتایە، تا بەسایەی زۆرزانی و چاوبەستەکەی خۆتەوە چارەی دەردت بکردینایە... بەڵام شتەکە لە پێچ و پەنادایە... لێمان ئاشکرانییە... وەک گرێ کوێرە وایە، بۆمان ناکرێتەوە... ڕازێکە و هیچ سەری لێ دەرناکەین... هیچی لێ تێناگەین... هەر ئەوەندەمان لە دەست دێ



چیمان بەسەر هاتووە، بۆتی بگێڕینەوە هەرچییەکیشمان چاو پێ کەوتووە لێتی ئاشکرا بکەین...».

پیرێژنەکەیش پاڵی دایەوە و ڕووی کردە (ستی)ی و چەناگەی خۆی خستە ناو دەستیەوە، ئنجا پێی گوت:

«کچی خۆم! تۆ چیرۆکەکەم بۆ بگێڕەرەوە... منیش چیم لە دەست بێت دەیکەم بۆ ئەمەی ڕاز و نهێنییەکەی دەربخەم و پێشانتانی بدەم...».

«ستی»یش دەستی کرد بەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکەیان، گوتی:

«لەو کاتەدا، کە ئەو ڕۆژە دەگەڕاینەوە ماڵی ... واتا: یەکەم ڕۆژی بەهار، کە بەناو چیمەن و لالەزاردا دەڕۆیشتین، دوو کیژی جوان لە ناکاو هاتنە بەردەممان، کە هەرگیز لەوەپێش، دوو جوان و نازەنینی وامان نەدیبوو. هەردووکیان بەهەڵەداوان دەهاتن، قاچەکانیان تێکەڵ و پێکەڵ دەبوون، یەجگار بەپەرۆشەوە بوون بۆ بینینمان. ئنجا کە گەیشتنە نزیکمانەوە، لەسەر خۆیان چوون و کەوتن بەلادا.

ئێمەیش نزیکیان بووینەوە، تا سەرنج لە دەموچاویان بدەین و بیانناسینەوە.

بەڵام هیچ شتێکمان بۆ دەرنەکەوت. هەردووکیان لە شێوە و دەموچاویاندا سەیر بوون. تاوێک بەرامبەریان وەستاین، سەیرمان دەکردن، هێشتا هۆشیان نەهاتبووەوە بەر خۆیان. دیمەنەکەیان کارێکی گەورەی لە دڵی هەر دووکمان کرد.

هەردووکمان هەستمان کرد بەدووگیان، وەک پەروانە دەسووڕانەوە بەچوارلای دڵماندا. پاشان چوونە ناو کانگای دڵمانەوە... دڵمان دەستیان کرد بەلێدان، بۆ زۆر بابەت، هەندێک لەوانە بەزەیی پێداهاتنەوە و خۆشەویستی بوو... «دایکە ئەو دوانە وەک دوو جامی ڕەنگینی ڕوونیان دەنواند. بەڵام ئێمەیش ئەو مەیە بووین کە لە ناویاندا بووین پرشنگمان دەدا. ئەوانە لە دوو چرای پرشنگداریان دەکرد. بەڵام ئێمەیش ئەو گڕە بووین کە لە پلێتەکانیانەوە ڕووناکیمان دەبەخشی. ئەوانە هەر دووکیان وەک دوو ئاوێنەی ڕووناک وابوون، بەڵام ئێمەیش ئەو دوو ڕۆژە بووین کە پرشنگمان لە ڕووەکانیاندا دەردەوشایەوە.

دایکە! پاش ئەوە، بەو شێوەیەوە بەجێمان هێشتن... ئیتر لەو ساکەوە تا ئێستا نەمانزانیوە چییان بەسەرداهاتووە. بەڵکو هێشتا بۆمان دەرنەکەوتووە ئاخۆ ئەوە خەو بووە دیوەمانە و، مەیی ناو سروشت خستوێتیە پێش چاومان، یاخود ڕاستییەک بووە و بەچاوی خۆمان دیومانە؟!...».

پیرێژنەکەیش تاوێک سەیری زەویی کرد و، بیری کردەوە لەوەی کە بەرگوێی کەوت و، سەری لێی سوڕما. پاشان سەری هەڵبڕی و سەیرێکی کردن و پێی گوتن:

«کچە شایە پچکۆلەکانم! وام دێتە پێش چاو کە ئەوەی دیوتانە خەوێک بووە لە خەونەکانی ناو سروشت... ئەوە شتێکی زۆر دوورە لە هۆشەوە، کە ئێوە لەناو ئەو هەموو کوڕ و لاوانەدا دوو کچی ڕاستەقینەتان دیبێ و دڵتان پێیاندا چوو بێ، کە هێشتا نەتانناسیون... یاخود ڕەنگە ئەوە ڕاست بێ کە دیوتانن، بەڵام لە ڕاستیدا ئاواتتان خواستووە کە دوو منداڵی وەک ئەو دوو کەنیزەکانە جوانتان ببێ. نەک لە جیاتی پیاو، بەناوی دڵداری و حەز لێ کردنەوە، دڵتان پێیاندا چووبێ. کێ هەیە کچەکانم باوەڕ بەوە بکات کە ئافرەت جوانییەکەی دەربکەوێ، ئەگەر بێت و پیاو نەبێتە ئاوێنەی ئەو جوانییە؟. ئەی کێیش هەیە باوەڕ بەوە بکات کە پیاو جوانییەکەی دەربکەوێ و، واتایەکی تێدابێ، ئەگەر بێت و ئافرەتێک نەیەت و، ئەو واتایەی تێدا دانەنێ؟. کێ بوو جوانی لەیلای دەرخست و چەسپاندییە دڵی هەمووانەوە؟. ئایا مەجنوونەکەی نەبوو؟. ئەی جوانییەکەی «شیرین» بەو جۆرە لە جیهاندا ناوی دەردەکرد، ئەگەر شکلاوی (خەسرەو) و دەسەڵاتەکەی هۆگری نەبوونایە؟!... ئەی کەس بیستوێتی بلبلێک بەسەر هێلانەی بلبلانی ترەوە بخوێنێ؟... یان کەس دیویەتی گوڵێک گرفتاری گوڵێکی تر بوو بێت؟!. نەء. کچەشاهە شیرینەکانم. ئەمەی ئێوە دەیڵێن لە ڕاستییەوە دوورە. هیچ نییە، خەوێک نەبێ لە خەوان... لەبەرئەوە ڕێگە مەدەن، خەو و ئەندێشە سواری دڵتان بن».

«زین»یش وەرامی دایەوە گوتی:

«بەڵام تۆ گوتت: جادوو و نوشتە و لمناسیی وا دەزانیت، کە دەتوانیت هەموو ڕاز و نهێنییەک و شتێکی شارراوەیان پێ بدۆزیتەوە. کەواتا بۆچ ئەو پەندانەت بەکار ناهێنیت تا ئەم ڕازەی پێ بدۆزیتەوە... یاخود وات لێ هاتووە ئەوەندە پیر بوویت، نوشتەکانت کار لە هیچ ناکەن!.

ئەگەر تۆ دەڵێیت قسەکانمان بریتین لە ئەندێشە و خەو، قسەکەت لە ڕاستییەوە دوورە. خودا بەو سەرەوە ئاگادارە کە ئەوەی پێمان گوتوویت ڕاستە و بەچاوی خۆمان دیومانە. هەر بەسەری ئەو خودایەیش سوێند دەخوێن، کە خۆشەویستیی ئەو دوو کەنیزەکە چۆتە کانگای دڵمانەوە. سا ئایا ئەو دوو کەنیزەکە کە ئافرەتی ڕاستەقینە بن، یاخود فریشتەبن، یان جنۆکە بن، ئێمە بەڵگەیەمان لەلایە، کە ئەوی دیومانە شتێکی ڕووداو و ڕاستەقینە بووە، نەک خەو و ئەندێشە.



بەڵگەکەیش ئەم دوو ئەموستیلەیەیە کە ئەو کاتە لە پەنجەی هەردووکیانمان هێناوەتە دەرەوە، بۆ ئەمەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بەهۆی ئەوانەوە بیاندۆزینەوە». پاشان هەر دوو ئەموستیلەکەی خستە بەردەمی پیرێژنەکە. پیرێژنەکەیش هەردوو ئەموستیلەکەی هەڵگرت و، بەباشی هەڵگێر و وەرگێڕی کردن و لێیان وردبووەوە، ئنجا گوتی:

«وا ئێستا لە قسەکەتان تێدەگەم. دەیشتوانم پێتان بڵێم: سەری پەتی ئەم ڕازەم دەستکەوتووە، تێکۆشانەکەم بەخۆڕایی ناڕوات و، هەر دەگەمە ئەنجامێک بۆ دۆزینەوەی ئەم ڕازە. بەڵام نابێ پەلەم لێ بکەن. پێویستە ئەم دوو ئەموستیلەیەیشم لە لا بمێننەوە، تا چارەسەرێک دەدۆزمەوە بۆ دەرخستنی ئەم ڕازە».

کچەکانیش لەسەر ئەوە ڕێککەوتن لە گەڵیدا، بەمەرجێ باش ئەموستیلەکان بپارێزێ و کەینەوبەینەکەیش لای کەس ئاشکرا نەکات. پاشان پیرێژنەکە لێیان جیابووەوە. ئەوانیش کۆمەڵێکی باش پارەیان پێ بەخشی و، بەڵێنیشیان دایە کە بەخشیشی تریشی بدەنێ ئەگەر فرمانەکەی سەربگرێ.

***

زۆری پێ نەچوو پیرێژن خۆی گەیاندە پیرەپیاوێک، لە سووچێک لە سووچەکانی دوورگەکەدا، کە هەموو تەمەنی خۆی لە لمناسیدا بەخت کردبوو.

دینارێکی پێشکەش کرد و لایەوە دانیشت و پێی گوت:

«ئەی مامەی ڕیش سپیی، دوو هەتیوم هەیە، کە لە سامانی جیهاندا هەر ئەوانەم بۆ ماوەتەوە، بەهیوابم لە ژیاندا بم حەسێننەوە. لە منداڵێتی خۆیانەوە، لە ڕۆژی نەورۆزدا لەگەڵ سەیرانکەراندا چوو بوونە دەرەوە بۆ ناو دەر و دەشت. کە چوو بوونە دەرەوە، لەسەرخۆ بووبوون، ژیر و بەهۆش بووبوون.

بەڵام کە ئێوارە گەڕابوونەوە ماڵەوە، سەر و شێوەیان تێکچووبوو. جلوبەرگیان شڕوپڕی لێ هاتبوو. گێژوویژ بووبوون. نە هۆشیان مابوو بەخۆیان نە هەست. وا سەرسام بووبوون دەتگوت شێت بوون. تا ئێستایش مامەی ڕیش سپی، هەر دووکیان لەو پەشێوییەدا ماونەتەوە، هەرچەند دەکەم لە ڕازی ئەو بارەیان تێناگەم. وا هەردوو ئەموستیلەکەیشیانم بۆ هێناویت، کە تا ئەو ڕۆژە نەم دیبوون لە پەنجەیاندا. وایشم دێتە پێش چاو کە ڕازی ئەو مەیەی هۆشی پێ نەهێشتوون، لەو دوو ئەموستیلەیەدایە کە پێشانتی دەدەم، بۆ ئەمەی بەهۆی ئەوانەوە، هێز و توانایی زیرەکیت بخەیتەکار و، دەردی ئەو دوو منداڵەم

بۆ بدۆزیتەوە: چییە... ئایا فێ لێ هاتن و شێت بوونە... یاخود مەی و دڵدارییە... یان چیی ترە؟!.

ئەی ڕیش سپی! ئەوە نیشانەیە کە خستوومەنە بەردەمت، تا تێی بگەیت.

بێگومان ڕازێک لەناو ئەو دوو ئەموستیلەیەدا هەیە، کە پێویستە دەریبخەیت من هەر ئەوەندەم دەوێ لە تۆ، کەخاوەنەکانیانم بۆ بدۆزیتەوە، پێیێشم بڵێیت، ئاخۆ ئەو دوو کەسە فریشتەی ئاسمانن، یاخود جنۆکەی حەوت چینەی ژێر زەوین، یان ئەوانیش مرۆڤێکن وەک ئێمە لەسەر زەویدا دەژین؟!...».

پیاوە پیرەکەیش ئەموستیلەکانی هەڵگرت و ڕوانییە پەڕاو و لمەکانی خۆی... دەستی کرد بەژمێرکاری و هێڵکێشان لەناو لمەکاندا. پاشان دەستی دایە بیرکردنەوە و لێکدانەوە... پاش تاوێک سەری هەڵبڕی و چاوێکی کزەوە سەیرێکی پیرێژنەکەی کرد. چرچ و لۆچ هەموو لایەکی چاوی گرتبوو.

گوتی: «پیرێژنە بەپەندەی فڕوفێڵبازە، پێویستە تۆ هەموو درۆ و بەند و باوە لە من بکەیت؟!. تۆ دەڵێیت منداڵەکانت هەتیون... بۆچ ڕاست ناڕۆیت و بڵێیت دوو دوڕی بێ خاوەنن، دوو ناسک ڕووی بێ هاوتان؟.

تۆ ناوی فێ لێ هاتن و، مێشک تێکچوون و، شێتی دەهێنیت. بۆچ ڕاست ناڕۆیت و بڵێییت گیان بووە و، دڵ هۆگری دڵ بووە؟.

ئەم دوو ئەموستیلەیەیش خاوەنەکانیان فریشتەی ئاسمان نین، جنۆکەی ژێر زەویش نین، بەڵام دوو کوڕی دڵ بریندارن، لەو ڕۆژەوەی کە ئەو دوو کچە جوانەیان چاو پێکەوتووە، کە تۆ پێیان دەڵێیت منداڵەکانم، شێت و شەیدای جوانییان بوون و، وێڵ و سەرگەردانی ئەوانن...».

پیرێژنەکەیش، بەسەرسوڕمانێکەوە، هەڵیدایە، گوتی:

–کەواتە ئەو دوو کەسە کچ نین کوڕن؟!

ڕیش سپیەکەیش، سەری بەرەو خوار کردەوە، گوتی: «بێگومان بەڵەوە».

پیرێژنەکەیش لێی چووە پێشەوە و پێی گوت:

«بەڵام من دەمەوێ بزانم ئەو دوانە لە چ جۆرە کەسێکن؟. ئاخۆ چۆن دەدۆزرێنەوە؟... مامەی ڕیش سپی، تووبی خودا ئەگەر ئەو دوو کەسەم بۆ دەرنەخەیت. یاخود جێگای و ڕێگایانم پێشان نەدەیت. هەر چەندێکت دەوێ، پترت پارە دەدەمێ».



کابرایش گوتی:

«ئەمەی تۆ دەیڵێیت، ڕێگایەکم نییە، تێی بگەم. بێجگە لەوەی کە پێم گوتوویت، لە قسە هەڵدان و، بەراوورد کردن بەولاوە هیچی ترم پێ ناگوترێت.

ئەوەندە هەیە، دەتوانم فێڵێکت فێر بکەم، کە بەهۆی ئەوەوە دەتوانیت بیاندۆزیتەوە و، لەگەڵیشیاندا گفتوگۆ بکەیت. فێڵەکەیشم ئەوەیە کە خۆت بخەیتە شێوەی پزیشکێکی شارەزاوە و، بەناو هەموو لایەکی دوورگەکە و ناو ماڵەکانیدا بگەڕێیت. بەشیرینی و زۆرزانیشەوە وا لە هەموو کەسێک بکەیت کە باوەڕت پێ بکات: پزیشکێکی تێگەیشتوو و، شارەزایت و، لە هەموو نەخۆشییەکی لەش و دەروون دەزانیت، هەموو جۆرە چارەیە کیشت لەلایە بۆ دەرمانکردن چاک کردنەوەی ئەو نەخۆشییانە.

بێگومان ئەو دوو کوڕە، ئیمڕۆ دڵ بەئازارن، کە بەرگوێیشیان کەوتەوە تۆ پزیشکێکی وا شارەزایت دەنێرن بەشوێنتدا و ڕازی خۆیشیانت پێ دەڵێن بۆ ئەمەی چارەیەکیان بۆ بدۆزیتەوە.».

پیرێژنەکەیش ئەم بیرەی زۆر بەلاوە پەسند بوو... دینارێکی تریشی دایە و لە پاش سوپاس کردنی گەڕایەوە ماڵێ.

## پزیشکێکی گەڕۆک

کە پیرێژنەکە لە کابرای ڕیش سپیی لمناس، جیابووەوە، نەگەڕایەوە کۆشکی سەردار. بەڵام خۆی خەریک کرد بەئامادەکردنی داوودەرمان و جلوبەرگ و کەلوپەلی پزیشکایەتییەوە، بۆ ئەمەی خۆی وەک پزیشکێک پێشان بدات... ئەوەیش زۆری پێنەچوو... پیرێژن زوو بەزوو چووە شێوەیەکی سەیرو ڕووکەشێکی تازەوە... بەسەر جلوبەرگەکانی خۆیدا، باڵاپۆشێکی گەورەی فراوانی پۆشی، کە پێشەکەی تلێشێکی وای تێدابوو، هەر شووشە و داو و دەرمانێکی بەم لاو بەو لای خۆیدا هەڵواسیبوو، لێوەی دیار بوو.

هەندێ توورەکەیشی پڕکردبوو لە وشکە گیاو پووشی جۆر جۆر. گوێ درێژ یێکیشی بەکرێ گرتبوو، لە تایەکی بارەکەیدا هەندێ نەشتەر و دەرزی و بایەتی تری دانابوو، کە هەموو پزیشکێکی شارەزا، هەڵیاندەگرێ لەگەڵ خۆیدا... پاشان ڕەپ خۆی ڕاستکردەوە و، دەستی کرد بەگەڕان بەناو هەموو گەڕەکەکاندا، خۆی دەهاویشتە ناو کۆبوونەوەکان و

ماڵەکانەوە، دەیپرسییەوە لە هەموو نەخۆش و دەردەدارێک، تابچێتە لای و بەخۆڕایی چاکی بکاتەوە و، دڵی بداتەوە. بەم ڕەنگە خۆی وا پیشان دەدا و، فڕوفێڵی وای دەکرد، تا هەموو کەسێک بەوەی باوەڕ بکات کە پزیشکێکی زۆر شارەزایە، لە هونەری پزیشکایەتیدا. هەر جۆرە نەخۆشێکیشی بێتەبەردەم دەتوانێ چاکی بکاتەوە... زۆری پێنەچوو، تێکڕا لە هەموو لایەکی دوورگەکەدا، ناوبانگی دەرکرد، کە پیرێژنێکی گەڕۆک گەیشتۆتە دوورگەکە، دەتوانێ بەشارەزاییەکی تەواوەوە، هەموو جۆرە نەخۆشییەک چاک بکاتەوە.

لەو کاتەیشدا (مەم) و (تاژدین)، دەردەکەیان لە پێشوو خراپتری لێ هاتبوو هەردووکیان تووشی پەژارە و ئازاری هەموو دەمی بووبوون. کەسوکار و زۆربەی دۆست و یارەکانیان هەستیان بەوەیان کردبوو. بەڵام کەسیان ڕازی کەینەوبەینەکانیان نەدەزانی. هەروەها ئەوەیشیان نەدەزانی کە چییان بەسەردا هاتووە. لە ڕاستیدا هۆی ئەو خەموپەژارەیە، بۆ هەردووکیان وەک یەک نەبوو. بەڵکو زۆر جوێ بوو. ئەوەندەی پەیوەندیی بە«مەم»ەوە بوو، هۆگرییەکەی زۆرتر بوو بەخۆشەویستییەکەیەوە، گڕی ئاگری دڵداری یەکەیشی هەروەها بڵێسەدار تر بوو...

لەوەتی زانیبووی ئەو کچەی هۆشی لێ سەندبوو، کچەشای (جزیرە) بوو، نە ئارامی بەخۆی دەگرت، نە خەو و خۆراکی مابوو. لەوساوە تێگەیشت کە ئەو کچە پەری ڕووە، دڵنەواییی کردووە و، بەزەییی پێداهاتۆتەوە، ئەموستیلەکەیشی بۆیەکا کردبوە پەنجەیەوە کە هەر دەمێ لێی دوور بوو، بریسک و هووڕی ئەموستیلەکەی زەردەخەنەکەی خۆی بیربخاتەوە، هەر کاتێکیش ئاگری دووریی «زین» گڕی لە دڵی بەردا، بەئەموستیلەکەی ئەو دڵنەوایی خۆی بکات... ئەو بیرکردنەوانە، ئاگری لە دڵ و دەروونی بەردابوو، هەست و هۆشی دەبزواند. شۆڕشی ئەم دەرد و ئازارەیش، زۆرتر تینی دەسەند لە دەروونیدا، کاتێ کە بیری دەکەوتەوە. کەسایەتییەکی وا پایەبڵندی نییە، کە بتوانێ «زین» لە (زین الدین)ی سەردار بخوازێ. تەنانەت ئەوەیش لە هۆش و بیری سەردارەوە دوور بوو، کە لەناو هەموو هاودەمان و کاربەدەستەکانیدا، یەکێکی وەک ئەو بکات بەزاوای خۆی. ئەو بیرەوەرییانە زۆرتر دڵی «مەم»ی تەنگ دەکرد، زۆرتر هەناسە ساردیی پێ دەبەخشی... جاری وایش هەبوو، دەیکردە هەناسە هەڵکێشانێکی وا قووڵ کە ئەوەندەی نەدەما سنگی هەڵبدڕێ... بەڵام (تاژدین) وا نەبوو. ئەویش هەرچەندە گرفتاری دڵداریی خاوەن ئەموستیلە بووبوو، کە لە پەنجەیدا بوو، هەرچەندە هەموو هەست و هۆشێکی بەرە و ڕووی



ئەو پەری ڕووە کردبووەوە کە ئەو ئەموستیلەیەی کردبووە پەنجەیەوە، بەڵام وەک «مەم»، دووچاری ئەوەندە ئازاری دەروون و ئێشی دڵ نەبووبوو. وەک دەردەکەوێ، هۆشی ئەوەیش ئەوە بوو، کە هیوای زۆر بەهێزبوو، کە دەتوانێ بەو کچە بگات.

هەروەها لەوەیش دڵنیابوو کە سەردار (زین‌الدین) بەرپەرچی ناداتەوە لە خواستنی (ستی)ی خوشکیدا و، بێگومان زاوایەتیی (تاژدین)یش پەسند دەکات. چونکە (تاژدین) کوڕی کاربەدەستی دیوان بوو، یەکێکیش بوو لەو سێ برایەی، کەسەردار، خۆی، لە زۆر کاروباری گرنگدا پشتی پێ دەبەستن. هەروەها سەردار خۆیشی ئەوەی دەزانی کە بۆ خۆی واچاکترە ڕێز لەوانە بگرێ و نزیکتریشیان بخاتەوە لە خۆی. بەڵام (تاژدین) لەلایەکی ترەوە دڵ بریندار بوو. زۆر شتی وای بەبیردا دەهات کە هەراسی پێ هەڵگرتبوو.

هەرچەندی دەکرد لە دەستیان ڕزگار نەدەبوو! هەر وەک لەوە پێش گوتمان «مەم»، لەناو هەمواندا، یەکە دۆستی دڵسۆزی بوو، ئەوەندەیشی خۆشدەویست، لە برای خۆی کەمتر دانە دەنا. بەڵکو لەلای ئەو (مەم) لەوان بڵندتر بوو.

لەوان گەورەتر بوو. ئەوەیشی دەزانی، کە (مەم) لە چ دەردی سەرییەکی دڵداریدایە... لەبەر ئەوە کە دادەنیشت، بیری لە (مەم) دەکردەوە. ئەوەی دەزانی، کە ڕاز نووسێک لە دیوانی سەرداردا، ئەو پایەیەی نییە کە بتوانێ داوای (زین) لە سەرداری برای بکات. بەڵام ئەوەیش ڕەوانییە کە ئەو بەکامی خۆی بگات و، بەکامەرانییەوە بژی، کەچی برا دۆستەکەیشی بەرەڵڵا بکات، خەم و ئازاری بەکام نەگەیشتن، دڵی برژێنێ و خوێن لە جەرگی بهێنێ. کەواتە چارە چییە و چی بکات؟!... ئەوە بکات باشترە کە دڵ و کامەرانی خۆی لە پێناوی «مەم»دا بەخت بکات، هەر بەتەنشتیەوە بمێنێتەوە و، هاوبەشیی زیان و خەم و خەفەتی بکات و دڵی بداتەوە؟... یان چارەیەکی تر بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی هەردووکیان بەکامی خۆیان بگەن؟... ئەم چارەیە چۆن بدۆزرێتەوە، کە ئەوەندە دڕک و داڵ و کەند و کۆسپ لە ڕێگەیدا هەیە؟!.

بەم ڕەنگە هەردوو برادۆست کەوتبوونە پەژارە و خەم و بیرکردنەوەی شەو و ڕۆژییەوە. کە ئەوە بوو بوو بەهۆی ئەوەی هەموو خزم و کەسوکاریان بیریان لێ بکەنەوە و، سەرسام بن لە شێوە و کردەوەیان. ئێوارەیەکیان (مەم) و (تاژدین) لە پەنایەکی هۆڵی میوانخانەی ماڵی (تاژدین)دا دانیشتبوون. هەردوو براکەی تاژدین و کۆمەڵێکیش لە خزم

و کەسوکار دۆست و برایان لەوێدا بوون. لەپڕ پیرێژنە پزیشکەکە بەبەردەمیاندا ڕۆیشت و، ڕۆژباشییەکی لێ کردن[1]. ئەوانیش کە ناوبانگیان بیستبوو، زۆربەیان لەسەر ئەوە گفتوگۆیان کردبوو، کە بانگی بکەنە ئەوێ، بۆ ئەمەی دەردی مەم و تاژدینی تێبگەیێنن، بەڵکو چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە. هەموویان ڕۆژباشییەکەیان سەندەوە و، پێیشیان گوت تاوێک لە لایان دابنیشێ. کە پشوویەکی دا و دانیشت (عارف) لێی پرسی:

«پووریێ! تۆ کوێندەریت و فرمانت چییە؟»

ئەویش وەرامی دایەوە گوتی:

«من لە دێیەکی پچکۆلەدام، کە کەوتووتە پشت ئەو شاخەوە و نزیکیەتی. فرمانیشم پزیشکایەتییە. دەگەڕێم بەهەموو لایەکی ئەم خاکەدا، بۆ چاککردنەوەی نەخۆش و دەردە داران».

ئەویش گوتی:

«ئەو نەخۆشییانەی چاکیان دەکەیتەوە پێم بڵێ: کامانەن؟».

پیرێژنیش گوتی:

«لە ڕاستیدا من ناوبانگم بەوە دەرکردووە، کە شارەزای نەخۆشیی دەروونی و گیانم. بەڵام لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆرە لە پزیشکایەتیدام، دەتوانم بێجگە لەو نەخۆشییانە نەخۆشییەکانی لە شیش چاک بکەمەوە.».

کە تاژدین ئەوەی لێ بیست، لە پەنا دوورەکەی خۆیەوە، دەمودەست لێی پرسی.

«پزیشک! تۆ لە بابەت نەخۆشییەکانی گیانییەوە چی دەزانیت؟».

پیرێژنیش ڕووی تێکرد و، بەچاوە کزەکانی تاوێک سەرنجی لێ دا، بۆ ئەمەی بزانێ ئەوی ئەو پرسە دەکات کێیە. لە دڵدا گوتی: «ڕەنگە ئەمە یەکێک لەو دوو کەسە بێ کە بەدوایاندا دەگەڕێم.». پاشان وەرامی دایەوە گوتی:

«کوڕی خۆم، من لەو نەخۆشییانە، گەلێکیان شارەزام. زۆر کەسیشم چاک کردۆتەوە. خودا نەخواستە، نەخۆشیی وات هەیە؟». پێش ئەمەی تاژدین وەرامی بداتەوە، (مەم)یش لێی پرسی:

(١) لێرەدا کاتەکە ئێوارە بووە، جا دەبوو (ئێوارە باشیەکی) بکردایە، یان بۆ ئەو ڕۆژگارە چاکتر بوو: سڵاوێکی لێکردن.



«لەو نەخۆشییانە، پووری خۆم، کامیان لە هەموویان کاریگەرترە؟ ئایا دەتوانی تێمانگەیێنی؟». پیرێژنەکەیش سەیرێکی کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی: ڕەنگە ئەمەیش یەکەکەی تریان بێ، کە بەدوایاندا دەگەڕێم. پاشان هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: «کوڕی خۆم، نەخۆشیی هەرەکاریگەریان - خودابتپارێزێ لێی- لە تەماشاکردنەوە پەیدا دەبێ... لە ڕێگای تەماشاکردنیشەوە بەپیاو دەگات... پاشان دەچێتە ناو دڵەوە و، لە کانگاکەیدا جێگیر دەبێ. لە پێشدا لە دڵ داخورپانێکەوە دەست پێ دەکات، لەگەڵ دڵەکوتێ و ڕەنگ گۆڕیندا.

پاشان کە بنجی داکوتا و گەورە بوو، وەک بروسکەی لێ دێ، کە لە هەناو کار دەکات.

بێ ئەمەی ئاگری پێوەبێ، جەرگ و دڵ گڕ تێبەردەدا. بێ ئەمەی پشکۆی هەبێ دڵ دەسووتێنێ. پاشان کە تەواو جێگیر بوو، دڵ لەتوپەت دەکات. بێ نەشتەر برینداری دەکات. بێ دان دەیپچڕێ. خوێن لە چاویەوە دەتکێ لەشیش لەناوەند بۆتەی هەناو و ئاهو هەناسەی سنگدا دەتوێتەوە.

ئیتر کە پیاو گەیشتە ئەو بارە، نەپزیشک بەکاری دێ، نەداو و دەرمانەکەی. هیچ شتێک بەکاری نایەت، ئەوە نەبێ کە گیانی بگات بەگیانی خۆشەویستەکەی و، ئەو ئاگرەیش کە لە دڵیدا گڕی سەندووە، بەئاوی پێگەیشتن بیکوژێنێتەوە. ئیتر لەوێدا پیرێژنەکە بێ دەنگ بوو، بۆ ئەمەی گوێی لە هەناسەیەکی ساردی «مەم» بێ کە لە سنگی دەهاتە دەرەوە و، پێی نەدەکرا فرمێسکی بۆ بڕێژێ. هەروەها بۆ ئەمەی چاوی لە زەرد هەڵگەڕانی ڕووی (تاژدین)یش بێ، کە کەوتبوە گێژاوی پەژارەوە. پاشان بۆ ئەمەی سەیری دانیشتووەکانی تریش بکات، کە لە دەموچاویاندا سەرکزی دەردەکەوت لەگەڵ بەزەیی پێدا هاتنێکی بەهێزدا بۆ ئەو دوو کلۆڵە، کە ئیتر هیچ گومانێکی لە دڵدانەما، کە ئەو دوو کەسە، هەر ئەو دوو لاوە بوون کە گرفتاری دڵداریی هەردوو کچەشاکان بوون، لەو ڕۆژەوەی کە بەبۆنەی ئاهەنگی نەورۆزەوە یەکتریان چاوپێکەوتبوو. لەپاش ئەوە پیرێژنەکە هەڵسایە سەر پێ و ڕووی کردە ئەو پەنایەی ئەو دوو لاوەی تێدا دانیشتبوون.

دەستی کێشا بەشانیاندا و پێی گوتن:

«دڵنیام لەوە، کوڕەکانم، کە ئێوەیش تووشی دەردی سەرییەکی واهاتوون.

بەڵام خەفەت مەخۆن، ترستان نەچێتە دڵەوە. چونکە دەرمانی دەردی ئێوە لای منە».

پاش ئەوە، ڕووی کردە دانیشتووەکانی تر و پێی گوتن:

«پێویستە من بگەمە بنج و بناوانی دەردی ئەم دوو لاوەوە. لەبەر ئەوە پێویستە بەتەنیا بیانبینم. ئایا دەتوانم تکای ڕێدانی ئەوەتان لێ بکەم؟».

لەپاش تاوێک ژوورەکە چۆڵ بوو. کەسی تێدا نەما، ئەو دوو نەخۆشە نەبێ، لەگەڵ پزیشکەکەیاندا، کە بەوردی سەرنجی لە هەردووکیان دەدا. هەر لە تەوقی سەریانەوە پێیدا دەڕوانین تا کەڵەموستی پێیان. کە تەماشای کرد ئەوا لە بەردەوام دوو لاودا وەستاوە، هەتا بڵێیت شۆخ و شەنگن، هێشتا لە بەهاری تەمەندان، لە دەموچاویاندا نیشانەی گەورەیی و بڵندی دیارە لەسەر و شێوەیشیاندا جوانی و شیرینی ئاشکرایە، لەگەڵ خەم و خەفەت و دڵشکاویدا.

ئنجا لەپاش ئەوەی دڵی دانەوە و کیشی کردنە سەر گێڕانەوەی کاروباری خۆیان و بەسەرهاتیان لە ڕۆژی نەورۆزەکەوە تا ئەوسا، کە هەرچی یەکیان لە دڵدابوو پێی دەرخستن، بەدەمیانەوە پێکەنی و پێی گوتن:

«کوڕەکانی خۆم! بام دڵتان خۆش ببێ و چاوتان بگەشێتەوە، موژدەتان لێ بێ، بەو خودایەی کە دەیپەرستن، من لەلایەن هەر دوو کچەشای بۆتانەوە نێرراومەتە لای ئێوە. مەبەسیش ئەوەیە دڵی بریندارتان چاک بکەمەوە...

ئەوانەیش ئەموستیلەکانی خۆتانن بیانبینن تا بەقسەکەم بڕوا بکەن...».

هێشتا پیرێژنەکە لە قسەکانی خۆی نەبوو بووەوە و، ئەموستیلەکانی پێشان نەدابوون، هەردوو لاوەکە، گەشکەدار بوون و، واقیان وڕما. تەنانەت «مەم» خۆی بۆ نەگیرا، وەک منداڵێکی ساوا خۆی فڕێ دایە باوەشی پیرێژنەکەوە، دەستی کرد بەماچ کردنی داوێنەکانی و، پەلاماری دەست و قاچی دا ماچیان بکات. وەک هۆشی بەخۆی نەمابێ وا بوو. کەچی (تاژدین) تاماوەیەک، بەدەم داچەقاوییەوە مایەوە، هەرسەیری پیرێژنەکەی دەکرد، نەپێی کرا دەم بکاتەوە و قسەیەک بکات، نە پێیشی کرا جووڵەیەک بکات.

بەڵام پزیشکە پیرێژنەکە کە بەو جۆرە چاوی پێ کەوتن، وا پەرێشان و سەر گەردانن، ئەوەندە دڵی پێیان سووتاو بەزەیی پێیاندا هاتەوە، دەستی هەردووکیانی گرت بەدەستەوە و پێی گوتن:

«پێویست ناکات بەوەندە خەم و خەفەتە، کوڕەکانم!... بەو خودایەی دەیپەرستم هەتا لە دەستم بێت یارمەتیتان دەدەم تا هەردووکتان بەکامی خۆتان دەگەیێنم؛ بەرەڵڵاتان ناکەم. هەتا هەر چواریشتان نەبینم، بەپێگەیشتنەوە شادمان و کامەران بن و، پێکەوە بەخۆشی



یەوە بژین، بەمەرگ شاد نابم... بۆ ئەمەی هەر لە ئێستایشەوە خەریکی ڕێکخستنی کاروبارەکەتان ببم، پێویستە هەردووکتان ناوونیشانی خۆتان و پایە و سایەتانم لەم دوورگەیەدا بۆ دەربخەن. هەروەها تکایشتان لێ دەکەم کە ئەو دوو ئەموستیلەیەی لە دەستتاندایە بمدەنەوە، تابیاندەمەوە دەست خاوەنەکانیان، نەوەک ئەم و ئەو بەر کەینە و بەینەکەتان بزانن و کارمان لێ تێکبچێ... منیش زۆرم پێناچێ، بەپێویستیشی دەزانم بگەڕێمەوە لاتان، تاوەرامی هەر دووکچە شاتان بۆ بهێنمەوە، هەموو شتێکیشتان بەتەواوەتی بۆ ڕوون بکەمەوە...»

کە (تاژدین) ئەوەی لە پیرێژنەکە بیست، دەموچاوی گەش بووەوە.

ئیتر هەستا ئەموستیلەکەی (ستی)ی دایە دەستی. بێجگەلەوە ناوونیشانی خۆیشی بۆ هەڵدا... بەڵام «مەم» تۆزێک کەوتە بیرکردنەوەوە. پاشان بەپیرێژنەکەی گوت:

«خانمەکەم! بیگومانم لەوەی کە بیانووەکەم پەسند دەکەیت. ئەگەر پێت بڵێم لە توانایییمدا نییە، ئەم ئەموستیلەیەت بدەمە دەست. دیارە بڕوایشم پێدەکەیت ئەگەر سوێندت بۆ بخۆم: ئەم ئەموستیلەیە بریتییە لەو تۆزە گیانەی کە لە سنگمدا ماوە!... کێ هەیە بتوانێ بەدەستی خۆی گیانی خۆی دەربهێنێ؟!... نەء. خانمەکەم... نەء... من پەنا دەبەمە بەر ئەو ئاگرەی لە ناو دڵمدا کڵپەی سەندووە، کە بۆم بپارێتەوە لێت. هەروەها بەناوی (زین) و جوانییەکەی (زین)ەوە دەپاڕێمەوە لێت، کەوازم لێ بهێنیت، ئەم پاشماوەی گیانەم بۆ بمێنێتەوە، ئەم ئەموستیلەیەم لەلا بهێڵێتەوە». پاش ئەوە تاوێک بێ دەنگ بوو، وەک بەرەنگاریی ئەو ئازارانە بکات کە دڵیان داگیر کردووە، وا بوو، ئنجا دەستی کردەوە بەقسەکردن، گوتی:

«ئێستایش ئەی دایکی خۆشەویستم!. ئەی ڕابەری دڵی برینداریم، ڕێم بدە بام نامەی دڵی خۆمت پێ بڵێم، تا بیگەیێنیتە خاوەنی ئەم دڵە... پێی بڵێ:

«مەم» کەسێکی بێچارە و بێدەسەڵاتە... هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو پایەیەی لەگەڵ خاوەن کار و دەسەڵاتداراندا بەرامبەر بوەستێ. بەڵام تیری دڵداری جاری وا هەیە سەر دەکات... هەرگیز وا نەبووە، کە دڵی بێدەسەڵاتێک و سەردارێک لە یەک جوێ بکاتەوە. ئێستاکەیش «مەم» دەستدرێژی ناکات بۆ پایەیەک کە ڕایەی ناکەوێ بیگاتێ. بەڵام چاوەڕوانی ئەو چاکەیەیە، کە هەر لە دەست سەرداران دێ بیکەن، لەگەڵ بۆرە پیاواندا. (مەم)یش هەر ئەوەندەی لە تۆ دەوێ کە جاروبارێک بیرت بکەوێتەوە. هەروەها جارە نا جارێکیش لێی بپرسیتەوە.».

پیرێژنەکەیش، لە شێوەی قسەکانیدا، دڵی پێی سووتا. هیچ چارەیەکیش نەمابوو ئەوە نەبێ، کە بەزەییی پێیدا بێتەوە و، ئەموستیلەکەی لە دەستدا بهێڵێتەوە ئیتر لەپاش ئەمەی هەندێکی تر دڵی دانەوە، هەستاو بەجێی هێشتن و سپاردنی بەخودا... بەڵێنیشی دانێ کە زوو بەزوو بگەڕێتەوە لایان.

## ئەمەتا خۆشەویستی

بام زوو بەزوو بگەڕێینەوە کۆشکەکە، پێش ئەمەی پیرێژنەکە بیگاتێ، بۆ ئەمەی بزانین (ستیی) و (زین) لەو ڕۆژەوە کە پیرێژنەکە لێیان جیابۆتەوە، چییان بەسەر هاتووە... پیرێژنەکە نەگەڕا بووەوە... هەر دووکچەشایش بەگەرمییەکەوە چاوەڕوانییان دەکرد. هەموو دەم بەهیوا بوون کە ئەم کاتەن، کاتێکی تر بگەڕێتەوە لایان... ئەو بۆیەکا بەجێی هێشتبوون، تا بچێ و بگەڕێ بەدوای ئەو ڕازەدا، بۆیان بدۆزێتەوە. پاشان بێتەوە لایان و ڕاستیی ئەو دوو کەنیزەکەیان پێ بلێ، کە دڵ و هۆشیانی بەجارێک بردبوو... بەڵام پیرێژن چوو نەهاتەوە؛! ئنجا کە پیرێژن ئەوەندەی پێچوو و نەگەڕایەوە، پشێویی دڵیان زۆرتری لێ هات. زۆرتر کەوتنە پەشۆکانەوە، وایان لێ هاتبوو ئارامیان بەخۆیان نەدەگرت. نە خەویان مابوو، نەخۆراک. بیریان بەهەزار لادا دەچوو. نەیاندەزانی پیرێژن ئەوەندەی بۆ پێچوو؟!...

ڕۆژێک لە ڕۆژان لە یەکێک لە ژوورەکانی خۆیاندا دانیشتبوون گفتوگۆیان دەکرد.

لەپڕ یەکێک لە دەرگای دا و ڕێگای خواست بێتە ژوورەوە. کە سەریان هەڵبڕی و سەیری دەرگاکەیان کرد، بزانن کێیە لە دەرگا دەدا، چاویان کەوت بەپیرێژن، بەدەموچاوە چرچ و لۆچەکەی و پشتە کۆماوەکەیەوە لەبەردەمیاندت وەستاوە بەپێکەنینێکی گەورەی پڕ واتاوە سەیرێکی کردن... کچەشاکان پەلاماریان داو دەستیان کردە ملی و خۆشی و چلۆنییان لەگەڵ کرد. پاشان گورج دایاننیشاند لە ناوەند خۆیاندا. ئنجا دەستیان کرد بەپرسیار کە تا ئەو ماوە درێژە چی بۆ دەرکەوتووە. تا چ ئەندازەیەکیش جادووگەرییەکەی و لمناسیەکەی کاریان کردووە، لە بابەت دەرخستنی ڕازی هەردوو کەنیزەکەکە و ڕێ و شوێنانەوە.

ئەویش لەتاو ماندوێتی، هەناسە برکێی پێگەیشتبوو، بەدەم ئەو ماندوێتییەوە پێی گوتن: «سوێند بەو خودایەی ئەم جوانییە دڵکێشکەرەی بەئێوە بەخشیوە من ئێستا لەلای ئەوانەوە هاتووم. ئێستایش دڵم بەشێوەی ئەوانە دەسووتێ... ئای داخی بەجەرگم بۆ ئەو



دوولاوە، کچەکانم هەرچەندە گوێ یان لەناوی (ستی) و (زین) دەبوو ئاگر لە خوێنیان بەردەبوو.

تەزوویەکی وایش بەلەشیاندا دەهات، کە مرۆڤ بەزەیی پێیاندا دەهاتەوە و دڵی پێیان دەسووتا... کچەکانم بەخودا سوێندتان بۆ دەخۆم، کە هەر دووکیان چاکترین لاون، کە خودا دەستی هونەرمەندانەی خۆی لە جوانی و شیرینی و تێگەیشتنیاندا خستۆتەکار... منیش لە هیچ سەرم سوڕ نەماوە لەوە نەبێ، ئەز گۆری(*)، کە ئێوە لەناو ئەو هەموو سەیرانکەرانەدا، چۆن توانیوتانە دوانی وا هەڵبژێرن و جێگەیان بدۆزنەوە... ! ئەو دوانەیش سەرداربن، یان پێشەوا، یاخود بۆرە پیاو، بەسەری خودا سوێند دەخۆم چاکترین جووتن بۆ ئێوە و، هەڵیشدەگرن کە دوو جوانی وەک ئێوەیان دەستبکەوێ!».

ئەوەیش دیارەکە (ستی) و (زین) ئەم قسەیان گوێ لێ بوو، یەجگار سەرسام بوون، یەجگار پەشۆکان، یەجگار گەشکەداربوون. وایان دەهاتە پێش چاو، کە ئەو دوو کەنیزەکە هەموو شتێک بن، بەڵام هەرگیز ئەوەیان بەبیردا نەدەهات کە ئەوانە کوڕبن و، ئەوانیش وەک خۆیان ئەوەیان بەباش زانیبێ کە جلوبەرگ و شێوەی خۆیان بگۆڕن، بۆ ئەمەی لە کەس ئاشکرا نەبن!... پاشان لە پەشۆکان و گێژ و وێژییەکەیان ڕزگاریان بوو و هاتنەوە هۆش خۆیان... بەڵام هەستیانکرد بەدڵدارییەکی بەهێز لەناو دڵیاندا، خەریکە لە کانگای دڵیاندا بنج دابکوتێ و گڕ بەربداتە دڵی هەردووکیان... ئەوە لەوە پێش بریتی بوو لە ئازار و پەشۆکانێک لە بابەت ڕازێکی نهێنیی واوەکە هیچیان لێ نەدەزانی. بەڵام ئیمڕۆ ئەوە بووە بەڕاستییەکی تر کە توندتر و کاریگەرترە... ئەمەیش «دڵداری»یە... ئەو دڵدارییەیشە کە تەزووەکەی لە تەوقە سەریانەوە دەکشێ تا دەگاتە کەڵەموستی پێیان!...

ئنجا لەپاش ئەمەی پیرێژنەکە هەموو شتێکی لەبابەت (تاژدین) و (مەم)ەوە بۆ ڕۆشن کردنەوە، ئیتر لەوە بەولاوە بیریان لەو بابەتە نەکردەوە.

ئنجا لەپاش ئەمەی ئاوڕێکیان دایەوە لەم لاو لەولای خۆیان و کەسیان نەدی لەوێ بێ، پیرێژنەکە نەبێ، کە لە هەموو کەینەوبەینەیەک و ڕاز و نهێنییەکیان شارەزا بووبوو، پێیان گوت:

«دایە! ڕەنگە خۆیشت ئەوە بزانیت کە ئەم ڕاستییانەی تۆ دەرتخستن ناخۆشییەکی لەناکاوی تری خستە ناو دڵمانەوە. دڵیشمانی خستە ناو گێژاوی هەست و تەزوو و

(*): ئەز گۆری: بەشیوەی بادینانی (بەقوربان، لە دەورت بگەڕێم) دەگرێتەوە.(وەرگێڕ)

تاسەی تازەوە کە زۆر ماندووی کردووین... ئێمەیش لە تۆ بەولاوە کەسی تر ناناسین کە چارەی دەردمان بکات و، برینی دڵمان سارێژ بکات... ئێمەیش بەهۆی تێکۆشانی تۆوە نەبێ، لەم بابەتەوە هیچ شتێکمان پێناکرێ. زمانی تۆیشمان پێوە نەبێ، هیچمان بۆ ناگوترێ ئاخۆ دەتوانیت لە پێناوی ئێمەدا، هەندێکی تر خۆت ماندوو بکەیت و، بەزمانی ئێمەیشەوە لەم ڕووەوە قسە بکەیت؟...».

پیرێژنەکەش بەگەشیی و ڕوو خۆشییەکەوە وەرامی دانەوە گوتی:

«کچەشاکانم! من ئامادەم بۆ هەموو کاروبارێکتان، بۆ هەموو فەرمانێکتان، لە پێناو کامەرانی ئێوەدا گوێ نادەمە هیچ ئەرک و ماندوێتییەک. هەتا ئێوە وا ببینم بەدڵ شێواوی و پەشۆکاوییەوە هیچ ئارامێکم نابێ».

ئەوانیش پێیان گوت:

«ئەوەی لە تۆمان دەوێ ئەوەیە، کە بەگورجی بگەڕێیتەوە لای ئەو دوو لاوە، بۆ ئەمەی لە جیاتیی ئێمە دەست بکەیت بەدڵ دانەوە و چارەکردنی دەردیان چونکە بێگومان، ئێستاکە ئەوان هەردووکیان، لە دڵتەنگی و خەفەتباریدان.

دایە! تا دەتوانیت دڵخۆشییان بدەرەوە. لە باتیی ئێمەیش فرمێسکەکانیان ووشک بکەرەوە. پێیشیان بڵێ: دڵتان تەنگ نەبێ لە باری خۆتان. چونکە هەر ئێوە نین کە بەم دەرد و ئازارەوە دەتلێنەوە. ئەو دوو کچەی کە ئەو ئێوارەیە، بەجوانی و دڵداریی خۆیان، ئێوەیان دا بەزەویدا، لەناو ئەو چەقی ڕێگایەدا ئەوانیش لەبەر دووری، وەک ئێوە، خەم و ئازار دەچێژن. تا ئێستا هەر ئەوەندە بوو بەزەییان پێتاندا دەهاتەوە و، دڵیان پێتان دەسووتا، بەڵام لە ئیستاوە ئەو هەستە بووە بەدڵداری، کە گڕی، لە دڵی هەردووکیان، بەرداوە... بەچەشنی دڵی ئێوە ئەوانیش بەهۆی ئەو دڵداری یەوە، وەک ئێوە گینگڵە دەخۆن و دتلێنەوە... ئێمەیش کەتا ئێستا ئەم دەردی دڵەمان لە کەس ئاشکرا نەکردووە، هەر لەبەر ئەوە بووە کە شەرم دەسەڵاتی بووە بەسەرماندا و، پەردەکەی خۆی داداوەتەوە بەسەر ڕووماندا... بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، کە ئەو ڕووپۆشە لەسەر دەموچاومان لابەین و ئێوە بمانبینن، بۆ ئەمەی لەوە دڵنیابین کە ئێمە ئێوەمان بەهاوسەری ژیانمان پەسند کردووە. ئەمەیش بەئارەزووی دڵی خۆمان پێکهاتووە. گۆڕینەوەی ئەموستیلەکانیشمان لەو ئێوارە ناوازەیەدا، بەڵگەیە بۆ ڕاستی قسەکانمان... هەرکامێکتان ئارەزووتان هەیە، دەتوانن لەم ڕووەوە بچنەلای (سەردار زین الدین) بۆ خوازبێنی کردنمان. بام بۆ هەریەکەتان، چەند کەسێک بچێتە لای، بۆ خوازبێنی. بام هەندێکی تریش، لە گەورەپیاوان بچنەلای، تکای



لێ بکەن کە بماندا بەئێوە... بەڵام سایە و پایە و سامان و ناوونیشان و مارەیی، ئەمانە هەموویان لای ئێمە پەشمن... پێیان بڵێ: کچەکان لە باتیی ئەوانە هەموویان، ئەو دڵدارییەیان ویستووە کە لە یەکەم ڕۆژی چاوپێکەوتنمانەوە لەکانگای دڵیاندا گیرساوەتەوە و ڕاستیشی دەرکەوتووە. لە دوای ئەوە، هەرچییەکیان پێ بڕا لەسامانی جیهان و بابەتی ژیان، کچەکان دڵیان پێی خۆش دەبێ.

دایەگیان! ئەمە نامەکەی ئێمەیە، تا دەتوانیت بەجوانی تێیان بگەیێنە، بەڵگو ئەمە خودایە، خودا ئەمەیشی لە چارە نووسیبێن کە بەیەک بگەین و، پێکەوە ژیانێکی پڕ لە کامەرانی بەسەر ببەین، هەروەک لە چارەی نووسیبووین کە جامی ئەم دڵدارییە بخۆینەوە.».

## مۆژدە

هەرگیز شت لەوە خۆشتر نییە، بۆ دڵدارێکی بریندار، کە ئاگری خۆشەویستی دڵی سووتاندبنی، کە لە پڕ مۆژدەی پێگەیشتنی یارەکەی بدرێتێ و، بەدڵخۆشیی دۆستەکەی لەو، دڵی شاد بکرێ. ئەو دەنگی خۆشەویستی و بەزەیی پێدا هاتنەوەیەی کە لە دۆست و یارەوە بۆی دێ و، دەکەوێتە بەرگوێی، بەجارێک تەم و خەم لە دڵی دەسڕێتەوە و، هەناسە ساردی و ئازاری لێ دەبات.

لەو دەنگی یارەدا ئاوازێکی وا هەیە، کە ساز لە توانایيدا نییە بیدات بەگوێدا. جوانی و شیرینییەکی وایشی تێدایە، کە چاوئەندازی چیمەن و لالەزار، لە توانایيدا نییە پێشانی بدات. جۆرە بووژاندنەوە و، خرۆشێکیش دەدات بەدڵدار، کە هیچ جۆرە مەیێک لە توانایيدا نییە بیبەخشێ پێی!... ئنجا مۆژدەیەکی وابوو، کە لە دەمی پیرێژنەکە هاتەدەرەوە و، لە گوێچکەی «مەم» و «تاژدین»دا زرنگایەوە پیرێژنەکە لەناکاو لە شێوەکەی پێشوویدا، سەری کردەوە بەژووردا و، لە شێوەیەکی زۆر شیریندا، نامەی هەر دووکچەشای بەدەم پێگەیاندن.

ئەوە هەر مۆژدە و نامە نەبوو. دەرمانێکیش بوو کە دەردی هەردووکیانی دەرمان کرد. گیانێکی نوێیش بوو کە چووەوە بەبەریاندا. دڵدارەکان، هەردووکیان چەند تاوێک لە خۆشیاندا گەشکەدار بوون. کە گوێیان لەقسەکانی پزیشکەکە دەگرت، وەک بۆنێکی خۆشی گوڵزار بەلووتیاندا بێت. وەک ساز و ئاوازێکی چاو بەستکەر بدرێ بەگوێیاندا وابوو. هۆشی پێ نەهێشتبوون.

له تۆڵەی ئەو مـوژدەیەدا، چییـان له دەست هات له دیاری و پاره، بەپیـرێژنەکـەیان بەخشی. هەردوو هاوڕێ ڕاست بوونەوە و دەمودەست چوونه لای کەسوکار و هاوڕێکانیان. دەستیـان کرد بەگێڕانەوەی چیرۆکه دڵدارییـەکەیان کە یەکەم جار بوو ڕوویدابوو له ژیانیـاندا. ئەو مـوژدەیشیـان لێ ئاشکرا کـردن. ئەوانیش زۆریان پێخۆش بوو. چونکه هەموویان، بەتایبەتی (عارف) و (چەکۆ) یەجگار سەرسام مابوون لەو کەینه و بەینەیەی بەسەر (تاژدین)ی برایان و (مەم)ی هاوڕێیدا هاتبوو. ئیتر له ڕۆژی دواییـیەوە، سەرلەبەیانی کۆمەڵێک له پیاوه گەورەکانی «جزیر»و ڕیش سپییەکانی، پێکهات، کە (عارف) و (چەکۆ)یش، له پێشیانەوە بوون. کۆمەڵەکه ڕووی کرده کۆشکی سەردار (زین الدین)، بۆ ئەمەی لەو بابەتەوە گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن و، نکایشی لێ بکەن کەئەو دوو هاوڕێیه بکات بەزاوای خۆی.

بەڵام کە لەناو خۆیاندا ڕاوێژیان کرد، وایان بەباش زانی، کە جارێ لەپێشدا تکا بکەن بۆ مارەکردنی کچشاو (ستی)، له (تاژدین). بێ ئەمەی ناوی (مەم) بهێنن. ئنجا ئەگەر تکاکەی هێنانەجێ، پاش ماوەیەک، بەبیانووی ئەوەوە، (کچەشا زین)یش بخوازن بۆ (مەم). بۆ ئەوەی کاری (مەم) باش بسازێ، ئەوان ئەم ڕێگەیەیان بەباشترزانی. چونکه بەهۆی ئەوخۆشەویستی و هۆگرییه گەرموگوڕەوە هاتوچۆی کۆشک بکات، زۆرتریش نزیک ببێتەوە لەسەردار. ئەو ساکەیش ڕێگه باشتر دەکرێتەوە بۆ جێبەجێکردنی خوازبێنیی (زین) بۆ (مەم).

کۆمەڵەکه گەیشتەناو دیوانی سەردارەوە. نەوازش و ڕێزگرتنی خۆیان پێشکەشی سەردار کرد. له پاش ئەمەی تاوێک دانیشتن، (عارف) هەستایەسەر پێ و ڕێی خواست له سەردار، کە قسه بکات. گوتی:

«گەورەم، ئەی خاوەنی کار و دەسەڵات: ئەو ڕوو خۆشی و چاکەخوازییەی تۆ هەته بۆ هەموان، له هەموو خاکی جزیر و بۆتاندا کە لەژێر چنگتدایە، پاڵمان پێوه دەنێ کە ئەم تکایه بخەینه بەردەمی سەرداریتان: بێگومان، گەورەی خۆم هەر کەسێ له ئێمه له سایەی خەمخۆریی تۆوە، سەری بڵند بووبێتەوە، ئێمه ئەوە بەگەورە دادەنێ ین. پاش ئەوە هەرچی له جیهاندایه، بیەوێ سووکی بکات سووک نابێ. هەروەها هەر کەسێ تۆ ڕووت لێ وەرگێڕابێ، ئەو کەسه بەسووک دادەنێین. بام هێزیشی دەست بکەوێ کە پشتی پێ ببەستێ، یان دەسەڵاتیشی هەبێ کە سەری خۆی پێوه بڵندبکاتەوە، ئەوانه بەکاری نایەن. (تاژدین)یش، ئەی گەورەی خۆمان، هەرچەنده لەو بەرەیەیه کە بەسەرداری و گەورەییەوە



شانازی دەکەن، بەڵام ئەو بەوە پێش ناکەوێ، تا شانازی بەوەوە نەتوانێ بکات کە سەر بەئێوەیە...

ئەویش ئێمڕۆ بەهیوای ئەوەیە، کە گەورەی خۆی، ئەم سەر بڵندییەی پێ ببەخشێ و بیکات بەکوڕی خۆی... تکایشی ئەوەیە کە کچەشا (ستی)ی پێ ببەخشیت و ببێ بەژنی... ئێمەیش بۆ یەکا هاتووینەته دەرگانەکەتان، کە ئەم تکایەی ئەوتان بخەینه بەردەم. هیوایشمان بەگەورەییی ئێوه وایه کە تکاکەمان جێبەجێ بفەرموون. چونکه له ڕاستیدا (تاژدین) له مفردی یه هەره دڵسۆزەکانتانه. پێشی ڕەوایه کە ئێوه گەورەیی لەگەڵدا بنوێنن.

بێگومان چاکترین لاویشه، کە هەڵبگرێ، ببێته زاوای ئێوه و، بەوزاوایەتیەیش سەری بڵند ببێتەوە».

پاشان (عارف) گەڕایەوە جێگەکەی خۆی. هەموویان چاویان بڕییه دەمی سەردار، تابزانن چی وەرام دەداتەوە. بەڵام سەردار بیری زۆر لێ نەکردەوە، گورج چاوی هەڵبڕی و سەیری کردن، گوتی:

«له ڕاستیدا، هیچ له ئارادا نییه کە تەگەره بدات له جێبەجێکردنی خواستەکەتان.

بەڵکو من خۆم بەکامەران دەزانم، کە ئێوه بڕیارتان لەسەرداوه و، له سەری ڕێککەوتوون و بەباشتان زانیوه، منیش پەسندی بکەم. هەر کەسێ له جیاتی (تاژدین) هاتووه، بام بێته پێشەوه ئەم کاره ببڕێنێتەوه دادگەریش داوا بکەن بام بێت، ئەم مارەکردنه ساز بکات. ئێمه له ئێستاوه بڕیارماندا کە (ستی) له (تاژدین) ماره بکرێ».

ئیتر لەوێدا «چەکۆ» له جێگای خۆی ڕاست بووەوه و پەلاماری دەستی سەرداری دا، ماچی کرد و، بەگەرموگوڕییەکەوه سوپاسیشی کرد. پاش ئەو، دانیشتووەکانی تریش دەستیان کرد بەسوپاس کردنی سەردار، کە ئەم گەورەیی و، ڕەوشت شیرینیەی نوواند لەگەڵیاندا... پاش ئەوە سەردار دەستی کردەوه بەقسەکردن، گوتی:

ئەم لاوە، کە دەمێکی دوور و درێژ بەکەڵکمان دێ و، هەموو ژینی خۆیشی تەرخان کردووه، کە بەڕاستییەوه له پێناوی ئێمەدا بەختی بکات، دیاره ئێمەیش بەپێویستی دەزانین کە چاکەی بدەینەوه، ڕاستی و دڵسۆزییەکەی بخەینه پێش چاومان، بەرامبەر ئەوەیش مافی خۆی بدەینێ. وامن خۆم، ئیمڕۆ دەست دەکەم بەدانەوەی ئەو چاکەیه. ئەو سەرداری و دەسەڵاتدارییەیش کە من هەمه، بەپیرۆزی نازانم هەتا بەبی کەموکووڕی

چاکەکەی نەدەمەوە و، تا چەند شەو و ڕۆژێکیش بەزمورەزم و میوانداریی بۆ نەکەم لەم کۆشکەدا».

پاشان ڕووی کردە دەس و پێوەندی کۆشکەکە و گوتی:

«پێویستە هەر لە ئێستاکەوە خەریکی خۆ ئامادەکردن بن بۆ ئاهەنگ گێڕان و بەزمورەزم و کۆڕی پێکەنین و ڕابواردن. هەرچییەکی پێویستە لە خۆراک و خواردنەوە، لە کەلوپەلی ساز و ئاواز و زەماوەند، لە گۆرانیبێژ و دەنگخۆش، بۆی پەیدا بکەن. ژین هەر بریتییە لەو چەند کاتەی کە بەم جۆرە ڕایدەبوێرین.

هیچ کەسێکمان نازانین، تا بەیانی ئەم کاتە دەمێنینەوە لە ژیاندا، یاخود چارەنووس دوایی بەژیانمان دەهێنێ. ئەم ژینە و خۆشییەکەی، ئەم دەسەڵاتە و شۆخ و شەنگییەکەی، ئەم چەرخەیش کە بەم لاو بەو لاماندا دەگەڕێ، ئەوانە هەموو ڕووکەشن، پەشمن، پشتیان پێ نابەسترێ. ئەم شێوانەی کە ڕووناکی و تاریکی لە ناویاندا لەیەک دەئاڵێن، ئەم وێنانەی کە ئاهەنگ و بەزمی دڵخۆشی و بووک هێنانیان تێدایە، بەتەنشت چاو ئەندازانی شیوەن و خەم و خەفەتەوە، ئەوانە هەموویان هوشیارمان دەکەنەوە کە هەل لە دەست نەدەین، وریامان دەکەنەوە کە کاتەکانی بەزم و خۆشی بەفیڕۆ بەخت نەکەین. چونکە ڕۆژێک نەبووە ڕۆژگار لە چەواشەکردنیدا، پیر و سەردار و، خونکار و هەژار، لەیەک جوێ بکاتەوە.».

پاشان ڕووی کردە براکانی (تاژدین) و ئەوانەی لەگەڵیاندا بوون، بەزەردەخەنەیەکەوە پێی گوتن:

«ئێوە هەر وا بزانن کە منیش یەکێکم لە ئێوە بۆ کاری ئێمڕۆی «تاژدین»، لەوەیش دڵنیابن کە منیش وەک خۆتان تێدەکۆشم بۆ جێبەجێکردنی ئەم خواستەو، هەر چیشم لە دەست بێ دەیکەم بۆ ئەمەی دڵی «تاژدین» خۆش بکەم».

***

کە ئێوارەی ڕۆژی دووەم داهات، کۆشکەکەی سەردار کرابوو بەپارچەیەک لە بەهەشت هەرچوار لای کرابوو بەچراخان و، ڕازێنرابووەوە، بەکەلوپەل و بابەتی جوانی و دڵخۆشی و بەزم و ئاهەنگەوە. دەر و ژووری کۆشکەکەیش پڕ بووبوو لە هەموو جۆرە چینێکی کەسان، هەموو جۆرە شێوەیەکی مرۆڤ. لە هەیوانە گەورەکەی کۆشکەکەدا خوانێکی گەورە دانرابوو. تا بڵێی پان و فراوان و درێژبوو.



لەسەربانی خوانەکە بەسەدان ئامانی(*) گەورەی زیوین ڕیز کرابوو(١)، کە هەندێکیان لە شێوەی ئەستێرەدا دروست کرابوون، هەندێکیشیان لە شێوەی مانگدا. بەسەر هەر یەکەیشیاننەوە کڵاوەیەکی زیوینی بریسکەدار دانرابوو، کە لە شێوەیەکی ئەندازەییدا لەگەڵ بنەکەیدا دەڕازایەوە. لەناو هەر ئامانێک لەو ئامانە زلانەدا، بەرخێکی برژاو دانروابوو، نە پەیکەری گۆڕابوو، نەشێوەی. لە ناوەند ئەو ئامانە زلانەیشدا بەسەدان دەفری میوە و شیرینی و خۆرشتی فرە ڕەنگ دانرابوون. لەم لاو لەو لای ئەوانەیشدا گەلێک کاسەی زیوین دانرابوون، کە هەموو جۆرە بابەتێکی خواردنەوەیان تێدا دەبریسکایەوە.

کە شیوخورا، سەرلەنوێ ئاهەنگ دەستی پێ کردەوە. بانگ کراوەکانیش هەر یەکە جێگایەکی بۆ خۆی گرت لەناو ئەو بەربانکە فراوانەدا کە دەیڕوانی بەسەر باخی کۆشکەکەدا. ئیتر دەستیان کرد بەهێنانی هەموو جۆرە خواردنەوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ لە مەسینە زیوینە پڕ نەخش و نیگارەکاندا، ئەوی دەیگێڕان بەناوبانگ کراوەکاندا، هەموو کەنیزەک و کوڕ بوون، کە یەجگار جوان و ڕووخۆش و لەش سووک بوون. پاشان بۆن خۆشترین گوڵاو گێڕا بەسەریاندا بۆنە خۆشەکەی لەگەڵ کزەبای شەو و تیشکی چراخانەکەیدا، بەناوبانگ کراوەکاندا بڵاو بووەوە. لە شێوەیەکی بوێژانەی دڵکێشەردا، لەگەڵ سروەی کزەبادا، دەنگی ساز و ئاواز بەرز بووەوە و دای بەگوێی هەمواندا. ئنجا دەنگی گۆرانیبێژەکانیش بەگۆرانی و بەستەی خۆشی و شادمانییەوە هەموو لایەکی گەشکەدار کرد. جاری وا هەبوو گۆرانییەکانیان بەتەنیا دەگوت. جاری وایش هەبوو هەموویان پێکەوە، بەندو بەستەو ئاوازە دڵکێشکەرەکانیان دەگوت، کە لەناو ئەو کزەبا بۆن خۆشانەدا، بەجوانی و شیرینییەوە دەنگیان دەدایەوە و، لە بێ دەنگییەکی خەواڵو و مەستدا بەرگوێ دانیشتوان دەکەوتن.

لەوکاتانەدا هەموو کەس چاوی بڕیبووە تەختێک کە لەبەر سنگی شوێنەکەدا دانرابوو. (تاژدین) لەسەر ئەو تەختە دانیشتبوو. لە چاوەکانییەوە دیار بوو کە دڵی پڕ لە هیوای زیندوو بوو. چاوەکانی دەبریسکانەوە. لە دەموچاویشیدا نیشانەی خۆشی و شادمانی بەئاشکرا دیار بوو. هەر کەسێ لە تەماشاکردنەکانی سەرنجی بدایە، بەئاسانی بۆی

(*): ئامان: (قاپ: قاجاغ: حاجەتی چێشت خواردن).(وەرگێڕ)

(١) کە دەڵێ: لە سەربانی خوانەکە، لەسەر سفرەکەیە.

دەردەکەوت، کە (تاژدین) هەر چاوی لە شوێنێکە لەو کۆڕەدا، کە پیاو سەیری ئەو شوێنەی دەکرد (مەم)ی لێ دانیشتبوو. دانشتنێکی وایش دانیشتبوو، کە پێوەی دیاربوو، هەر ئاگای لە خۆیەتی، ئاگای لە هیچ لایەکی تر نییە. ئەگەر تەماشایەکی چاوەگێژ و وێژەکانیت بکردایە و، سەیرێکی دەمو چاویت بکردایە کە بەپشتی دەستی بەخواری ڕایگرتبوو و لە بیرکردنەوەیەکی قووڵیشدابوو، بۆت دەردەکەوت کە هیچ شتێک لە جوانی و ڕازاوەییی ئەو ئاهەنگ و جێگایە و، لە خۆشی و ناسکیی ئەو گۆرانی و ساز و ئاوازانە کاری لە دڵی (مەم) نەدەکرد. مەگەر بەجۆرێکی کەم تەرخەمانە نەبێ کە لە دڵی خۆیدا پێی بڵێ: «بەلای منەوە: پەشمیت... تۆ فڕت بەسەر منەوە نییە...».

لەو کاتەدا هەموو لایەک بێ دەنگ بوون... هەموویان هەڵسانە سەرپێ... چونکە سەردار هاتە ژوورەوە. پێش ئەمەی بگاتە سەرەوەی کۆڕەکە، کە (تاژدین)ی لێ دانیشتبوو، (تاژدین) بەپەلە لە جێی خۆی ڕاست بووەوە و، بەرەو پیری چوو، دەستی ماچ کرد. سەرداریش دەستی گرت و بردیە سەرەوە لای خۆیەوە داینیشاند. بەڵام پێش ئەوەی دابنیشێ بەڕوویەکی خۆشەوە و دەمێکی بەزەردەخەنەوە، شەوباشی یەکی لە هەموان کرد. سەردار لەوەیش ئاگادار بوو، کە لە ناوەند (تاژدین) و (مەم)دا خۆشەویستی و دۆستایەتی ڕاست و بەهێز هەیە. لەبەر ئەوە بەهێواشی چاوی گێڕا بەناو بانگ کراوەکاندا، تا دوایی چاوی پێکەوت و دۆزییەوە.

کە تەماشای کرد (مەم) گێژوویژە و دڵی لە لای خۆی نییە. وایزانی لەبەر ئەوەیە، کە لە هاوڕێکەیەوە دوورە، کەچی ئەم ئاهەنگەیش بۆ ئەو کراوە لەبەرئەوە بانگی کردە لای خۆی و پێی گوت:

«تۆ دۆستی «تاژدین» و هاودڵی ئەوی. لەبەرئەوە کەس لە تۆ نزیکتر و لێهاتووتر نییە کە ببێتە برازاوای(*).

لەبەرئەوە هەر لە ئێستاوە ببە بەبرازاوای تا دوارۆژی ژن هێنانەکەی. کەواتە وەرە لایەوە و دابنیشە».

(مەم)یش لەبەردەم سەرداردا خۆی نوشتاندەوە و، گوتی: «فەرموودەت بەجێیە

(*) : برازاوا ئەو کەسەیە کە بەتەنشت زاواوە یان لە دوایەوە دەڕوات. هەروەک پاسەوانێک خۆی پێشان دەدات. ئەمەیش یەکێکە لە ڕەوشتەکانی کوردەواری، کە لە کاتی ژن هێناندا دەر دەکەوێ. جا ئەم برازاوایە لەو کەسانە هەڵدەبژێرێ کە دۆستی ڕاستەقینە و هەرە نزیکی دڵی زاوابن. (وەرگێڕ)



گەورەم». پاشان پاشە و پاش هاتە دواوە و، چووەلای تاژدینەوە دانیشت. ئیتر دەست کرایەوە بەبەزموڕەزم و گۆرانی گوتن. جامی مەییان گێڕایەوە بەناو دانیشتووەکاندا. لەڕاستیدا شەوێکی یەجگار خۆش و ناوازە بوو، دڵی هەمووانی پڕ کرد لە خۆشی و کامەرانی. ئەو کامەرانییە، تا دوایی ئەو شەوە درێژ بووەوە. ئەنجامی بەوە گەیشت کە بناغەی ژن هێنانی تاژدین دامەزرا. واتا کچەشا (ستی) لە (تاژدین) مارەکرا.

## بووک هێنان

وا ئێستا جارێکی تر دەگەڕێینەوە بۆ کۆشکە گەورەکەی سەردار، کە لە پاش ماوەیەک لە دوای مارەکردنەکە، کەوتە خۆی بۆ ئامادەکردنی کەلوپەلی بووک هێنان و ئاهەنگەکەی.

هۆڵەکەی چینی هەرە ژوورووی کۆشکە کە پڕ بووبوو لە سەدان کەنیزەک کە خەریک بوون بابەتی جوانکردن و ڕازاندنەوە بۆ کچەشای. بووک و خوشکەکەی ئامادە بکەن بۆ ئەمەی گیانی ڕێکوپێکی و ڕازاوەییش بخەنەسەر شۆخی و شەنگییەکەی، جوانیی هونەرکاری و دەستکردیش بخەنە سەر جوانی یەکەی.

هاتن بەلای بووکێوە. لە پێشدا سەیرێکی قژەکەیان کرد. ڕەنگی قژەکەی خورمایی بوو، لەنەرمیی ئاوریشمدا، بەپڕی و چڕیەوە، بەهەموولایەکدا شۆڕ بووبووە تا خوارشانەکانیەوە. ئەوەندە جوان بوو، دڵی مرۆڤی کێش دەکرد. لە سەرروویشەوە هەندێک لەو قژە، لە شێوەیەکی شیرین و نازەنیندا لوول درابوو، بەلارییەکەوە کەوتبوە سەر ناوچەوانی. پاشماوەی قژەکەیشی، لە شێوەیەکی چین چینی دڵڕفێندا، بەم لاو بەو لای لاجانگی و ڕووم تیدا بەخشان بوو بوو، پیاوی سەرمەست دەکرد. ئەمە دەستکردێکی ڕەنگینی پەروەردگار بوو، هیچ کەسێک لە تواناییدا نەبوو کەموکووڕیی لێ بدۆزێتەوە و تەواوی بکات، یاخود هەڵەیەکی تێدا ببینێ و ڕاستی بکاتەوە. پاشان سەیری چاوەکانیان کرد. چاوەکانی گەش و فراوان بوون، کە سەیری پیاویان دەکرد وەک تیری تێبگرن وابوو برۆکانی هەر لە کەوانەیان دەکرد. برژانگەکانیشی لە تیریان دەکرد. مەست و خەواڵوو بوون. لە ڕەنگدا ڕەش بوون وەک شەوە زەنگ. کە چاوەکانی لێک دەنا، ئەو برژانگانە لە شێوەیەکی خاوی ناسکی دڵکێشرا دەنیشتنە سەر گلێنەکانی، وەک مەی مرۆڤیان مەست دەکرد. جوانی و شەنگ شۆخییە کە لە کلی خوداییەوە پەیدا بووبوو، ئەو پرشنگە چاوبەستکەرانەی کە لەتیلاییەکانی چاویەوە دەهاتنە دەرەوە، چ داوودەرمانێکی ژنانە هەیە لە جیهاندا، کە وەک ئەو دەستکردی خوداییە بتوانێ بینەخشێنێ و بیرازێنێتەوە!.

پاش ئەوە چاوێکیان خشاند بەبەژن و باڵایدا. بەژن و باڵایەکی شۆخ و شەنگانەی هەبوو کە لە شێوەیەکی زۆر رێکوپێک و جواندا دارێژرابوو. دەستی خودا بەوردەکارییەکی بێ هاوتاوە رێکی خستبوو. لە هەموو پارچەیەک و پەلوپۆیەکیدا رێکوپێک و جوان و رازاوە بوو. هەندێک جوانی دەبەخشییە هێندەکەی تری.

ئایا چ دەستێکی پیشەسازی و چاولێکەری هەیە، رایەی بکەوێ و بتوانێ بڵێ لەو لەش و لارە جوانتر دروست دەکەم؟...

کەنیزەکەکان لە جوانی (ستی) واقیان ورمابوو، بێدەنگ وەستابوون بەهەر چوارلایدا. پێیان لە گەورەیی ئەو جوانییە و دروستکارەکەی دەنا.

پەشۆکان و گەشکەدارییەکەیشیان پێلێنانێک بوو، بۆ ئەوەی کە ئەو جوانییەی خودا بەخشیبێتی، لە توانای کەسدا نییە لەوە جوانتری بکات. پاشان کە سەرنجیاندا هیچیان لە دەست نایەت بیکەن ئەوە نەبێ کە شاکلاوێک بنێنە سەر ناوچەوانی گەش و پرشنگداری «ستی» و، لەناو شەپۆلی ئەو قژە چین چینە ئاوریشمینەدا، کە چاوبەستی مرۆڤ دەکات، بەدوڕ و ئەڵماسە بەنرخ و ناوازەکانیەوە ببریسکێتەوە. لەش ولارەکەیشیان واز لێ هێنا، کە لە پشت کراسێکی سپیی قەدیفەوە، لەنجە و لارەکەی بنوێنێ و کار لە دڵ بکات. کراسەکەی لە بەشی سەروویدا جوان لە لەشی چەسپیبوو، دڵی مرۆڤی کێش دەکرد بۆ جوانییەکەی.

بەسەر کەفی زێڕ، نەخش و نیگاری تێدا کرابوو. لە دامێنەکەیشییەوە تەواو گەورە و فراوان بوو، ئەوەندەیش درێژ بوو، کە دەرۆیشت بەرێوە دەخشا بەسەر زەویەکەدا.

لە ناووکیشیەوە تا دەگاتە ژوورووی سنگی، جوانییەکەی بەوە دەرخرابوو، گوڵێکی ئەڵماس بەبەرۆکیەوە قایم کرابوو، پرشنگی دەدا بەهەموو لایەکدا، دەنکە مرواریی زۆر نایاب و ناوازەیشی پێدا شۆڕ بووبووەوە بۆ سەر ناووکی.

پاش «ستی»، چوون بەلای «زین»ەوە. بەڵام «زین» لەخوشکەکەی خۆی کەمتر پێویستیی هەبوو بەجوانکردن و رازاندنەوە. خۆی لە خۆیدا شاکارێکی دەستی خودایی بوو. خۆی لە خۆیدا، بەڵگە بوو بۆ ئەوەی کە هەر لە توانایی هونەرمەندیی پەروەردگاردا هەیە، لە شۆخ و شەنگی و جوانی (ستی) جوانتر و شەنگ و شۆختر دروست بکات. ئەویش وەک خوشکەکەی، پێویستیی بەجوانکردن و رازاندنەوە نەبوو، ئەوەندەی بۆ (ستی) کرابوو، بۆ ئەویش هەر ئەوەندە بەس بوو.



زۆری پێنەچوو، لە کۆشکی سەردارەوە، دەستە و کۆمەڵێک شۆخ و شەنگانە هاتنە دەرەوە. دوو ریزە ئەسپی رازاوەیان لە پێشەوە بوو. هەرچی رووکەشێکی جوانی هەیە، بەگەورەیی و ناوازەییەوە، لەو دەستە و کۆمەڵەیەدا، دەردەکەوت. بەسەدان کارەکەر و کەنیزەکی تێدابوو کە بەجلوبەرگی جوانەوە، بەلار و لەنجەوە دەچوون بەرێدا. لەناو ئەوانەیشدا دوو کچی جوانی نازداری تێدابوو، کە ئەگەر رۆژی پرشنگدار، بگۆڕایە و ببوایە بەکچی (حەوا)، هەرگیز لەوانە جوانتر و شیرینتر نەدەبوو!.

لە دوای ئەوانەیشەوە بەسەدان کوڕ دەرۆیشتن، لە شێوەیەکی شۆخ و شەنگانەدا رازابوونەوە، هەریەکەیان ئامانێکی بریسکەداری پێبوو، پڕ کرابوو لە گەوهەر و بابەتی ناوازە و دیاری.

ئەو کۆمەڵە ناوازەیە کەوتە ناو گێژاوێکی هەزاران هەزاران کەسەوە کە لە هەموولایەکی دوورگەکەوە هاتبوون و لەوێدا کۆبوونەوە. هەموویان گەشکەدار بوو بوون بەجوانی ئەو دووکچە شایەوە، کە تا ئەو دەمە هەر ناوبانگیان بیستبون و، کۆشک لە بینینیان بەش براوی کردبوون. کۆمەڵەکە بەناو ئەو گێژاوەدا رۆی و، لە ناویدا لەنجەولاری دەکرد. هەموو کەسێکیش چاوی بڕیبووە رووی ئەو دوو جوانە کە وەک رۆژ پرشنگیان دەدا دڵیان کێش دەکرد، تا لەبەردەم کۆشکی (تاژدین)دا وەستا. کۆشکەکە یەجگار جوان و رازاوە دروست کرابوو. پایەکانی و زەوییەکەی و دیوارەکانی، هەموو لە بەردە مەرمەڕی بریسکەدار دروست کرابوون. دەرگا و پەنجەرەکانیشی لە داری سەندەڵ و ئەبەنووسی بێ هاوتا دروست کرابوون. بنمیچ و کەنارەکانیشی بەنەخش و نیگارێکی هونەرمەندانە و، وردەوە بەئاوی زێڕی پوختە، جوان کرابوون و رازێنرابوونەوە. کە بووکەکە گەیشتە ناو هۆڵی دەرەوەی کۆشکەکەوە، لەسەر تەختێکی گەورەی ئەبەنووس، کە بەزێڕ و زیو نەخش نیگار کرابوو، هەڵگیرا. لە ترووکەیەکی چاودا، ئەو تەختە بەسەر سەدان دەست و شانەوە هەڵگیراو برا، لەناو ئەو هەموو سەیرانکەرانەدا، ئەم لاو ئەولای دەکرد. بەناو دەنگە دەنگ و قیژە قیژێکی گەورەدا، کە لەگەڵ دەنگی دەف و ساز و ئاواز و رستەی سەرسوڕمان و، پەسند کردن و، گەشکەدار بووندا تێکەڵ دەبوو، تەختەکە برا تا گەیاندرایە هۆڵی چینی هەرە بڵندی کۆشکەکە. لەو کاتەدا کۆمەڵەی بانگ کراوانیش لە لایەکی تری کۆشکەکەدا دانیشتبوون، لە ناوەند جامی مەی و ساز و ئاواز و گۆرانیی خۆش خۆشدا هاتوچۆیان دەکرد.

(تاژدین)یش، لە جلوبەرگێکی رێکوپێک و ناوازە و جواندا، لەسەر و کۆڕەکەوە، لە

سەر تەختێکی بڵند دانیشتبوو. (مەم)یش، هەر لەو شێوە جوان و ڕازەوەیەدا، بەتەنشتیەوە دانیشتبوو. لەو کاتەدا هەموو دانیشتووانی (جزیر و بۆتان) لە ئاهەنگی بەزمورەزمەدا بوون، لە خواردنەوە و خۆش ڕابواردن و زەماوەندا بوون. ڕۆژگار، رووگرژییەکەی نەمابوو، بەچاوێکی گەش و پڕ لە کامەرانییەوە سەیری هەموانی دەکرد. جامی مەی دەگێڕا بەناو هەمواندا. دەنگی تار و دەف و گۆرانیش دەگەیشتە ئاسمان. بەسەدان کەنیزەک و کوڕانیش، لە ڕەشبەڵەک و هەڵپەڕیندا بوون، هەموو لایەکیان چاوبەست کردبوو. لەو کاتەدا دەس و پێوەندەکانی کۆشک هەر یەکەیان ئامانێکی زیوینی بەدەستەوە گرتبوو، کە پڕ کرابوون لە کۆمەڵە زێڕ و زیو و دیاری و بابەتی ناوازە لە سەرەوە دەیانبەشینەوە بەسەر هەموو ئەو کەسانەدا کە بەهەزاران لە دەرو ژووری کۆشکەکەدا گردبووبوونەوە. ئەوشتانەیش کە بڵاو دەبوونەوە بەناویاندا، وەک ئەستێرەی گەش کە لە ئاسمانەوە بارین وابوو.

بەبریسک و هووڕێکەوە دادەبارین بەسەریاندا. دەست بڵاویی سەردار هەموو کەسێکی گرتەوە. دڵخۆشی ڕاستەقینەیشی بۆ هەمووان پێکهێنا.

لەو شەوەدا ژمارەیەکی زۆر لە هەژاران دەوڵەمەند بوون. ژمارەیەکی زۆریش لە نابووتەکان بوون بەپارەدار. تا حەوت شەویش ئەو بەزمورەزمە درێژەی سەند. کاتێکی پڕ لە خۆشی و شادمانی بەسەربرا. ئەمەیش نۆبەرەی ئەو ژیانە خۆشەبوو کە لە پێشەوە بوو... واتا ئەو کاتەی کە (ستی) و (تاژدین) بەیەک دەگەیشتن.

***

لە کاتی چاو بەستکەری حەوتەمین شەودا، کە بەزمورەزم هەر لە گەرمیدا بوو، دڵی هەموانیش لە فڕیندابوو، ئارەزووی پێگەیشتنی، لە لای بووک و زاوا تاوی سەندبوو. ئاگری دڵداری لە دڵی هەردووکیاندا کڵپەی دەکرد. گڕی ئەو ئاگرە لەگەڵ کزەبا و شەونمی ئەو بەیانییەدا تێکەڵ بووبوو. هەرچی ڕوو کەشێکی بەزمو خۆشیشیان لەم لاو لەو لای خۆیاندا دەبینی بەدڵیاندا دەچزا. ئارامیان لێ هەڵگیرابوو. لەوە بەو لاوە بەرگەیان نەدەگرت، خۆیان بگرن. ئەوەیش سەر سوڕمانی پێ نەدەویست. چونکە ئەو ئاگرەی، کزەبا خۆشی بکات و پڕ و پووشیشی لێ نزیک بخرێتەوە، بێگومان گڕ دەسێنێ و دادەمرکێتەوە. لەوێدا و لە تاوێک لەو تاوانەدا کە کزەبای بەیانی و ڕووناکی خۆشی و شادمانی ئاوێتەی یەک بوو بوون لەبەرامبەر ئەو تەختەوە کە (تاژدین) لەسەری دانیشتبوو، دەرگایەک کرایەوە، لە پشت دەرگاکەوە ژوورێکی ڕازاوەی دڵگیر دەرکەوت،



کە جوانییەکەی پیاوی سەرمەست دەکرد. لە هەموو کەنارێکییەوە بۆنی خۆش بڵاوبووبووەوە. لە هەموو پەناو سووچەکانیدا، مۆم داگیرسێنرابوو، گڕی جۆرجۆریان لێ دەبووەوە. ڕۆشناییەکی جوان و پڕ جادوویان دەدا بەژوورەکە، پیاوی چاوبەست دەکرد. لە هەندێ جێگایشیدا. چەند ئامانێکی زێڕین دانرابوون، شیرینی ڕەنگاوڕەنگیان تێدا دانرابوو، لەگەڵ بابەتی ڕابواردندا. پاشان لە دەستی کۆمەڵێک لە کەسوکاری بووک و زاوادا مۆمێکی گەورە و کەڵەگەت گیرابوو هێندەی باڵای پیاوێک درێژ دەبوو. هەر چوارلای بەگەڵای زەرکفت نەخش کرابوو سەرەکەیشی، کڵاوەیەکی شووشەی بەنەخش و نیگاری لەسەر دانرابوو، زمانەیەکی ڕووناکی هەڵگیرساوی لێوە دیاربوو، بریشکی دەدا بەهەموو لایەکدا.

ئەوەیشیان بۆیەکا لە ناوەڕاستی ئەو ژوورەدا دانابوو بەرامبەر دەمو چاوی (تاژدین) کە بەزمانی خۆی ئاسایی پێی بڵێ:

«ئەی ئەو دڵدارەی ئارەزووی پێگەیشتنی یار دەکەیت و، یار ئارامی لەبەر بڕیویت... وا دیارە تۆیش وەک من وایت، سەرگەردانی دەستی خەم و سووتانیت... کەواتە لەو جێگایەی لێی وەڕس بوویت، هەستە و وەرە ئەو شوێنەی بووکەکەت چاوەڕوانت دەکات... ئازارت زۆر چێشتووە، کەواتە کاتی ئەوەت هاتووە هەستی خۆشی لە پێگەیشتنی یار ببینیت...

هەڵسە، مۆمەکەیشت وەک تۆ لە چاوەڕوانیدایە. ئەویش وەک تۆی بەسەر هاتووە، ئاگری ئارام ناو جەرگی سووتاندووە... بەستە تۆیش وەک ئەو بسووتێیت و بتوێیتەوە؛ وەک ئەو بگریت و فرمێسک هەڵبڕێژیت... ئەو ڕووناکییەی جاران لە پێناوی ئەودا دڵت لەناوچووبوو، وا ئیمڕۆ لەبەردەستدایە... وەرە خۆت بدەرە بەری، چەشنی پەپوولە کە خۆی دەدات بەڕووناکی ئاگردا و، گیانی خۆی بەسەریدا دەبەشێتەوە... ئەی ئەو گەشتوگوزارەی، کە خۆت ماندوو کردووە، تا بگەیتە ئەم پەرستگایە... ئەی ئەو ڕابەرەی کە جەرگی خۆت تینوو کردووە، تا بگەیتە ئەم پەرستگایە... خودای گەورە هەموو شتێکی بەئاسانی بۆ پێکهێناویت... هەموو ئاواتێکی بەئاسانی بۆ هێناویتە دی... ئا ئەمە کابە (کعبە)کەی تۆیە... خۆی هاتۆتە بەردەمت... ئەمەیش پەرستگاکەتە خۆی هاتۆتە نزیکتەوە... ئەی دڵداری کامەران هەڵسە بۆ پەرستگاکەت، بگەڕێ بەناویدا و بەکامی خۆت بگە...

ئەی دڵداری تینوو!. هەڵسە جام پڕە لەمەی... مەییش چاوەڕوانیت دەگات».

(تاژدین)یش لەم نیشانە و بزووتنەوانەوە تێگەیشت کە کاتی پێگەیشتن نزیک بۆتەوە... ڕۆژەکەی گزنگی داوە... ئەویش بەهێواشی و مەندییەوە لەجێی خۆی ڕاست بووەوە و، ڕووی کردە ئەو ژوورەی دەرگای بۆ کرابووەوە...

(مەم)یش کە هاوبەشی خۆشی و ناخۆشیی ئەو بوو، لە تەنشتیەوە ڕاوەستابوو دەستی لە دەستیدابوو، دڵیشی لەگەڵ دڵیدابوو، دەستیشی لەسەر شیرەکەی بوو کە بەتەنشت خۆیەوە هەڵیپەساردبوو. ڕەوشتی کوردەواریش وابوو کە برازاوا لەو شەوەدا وا بکات. کە گەیشتنە بەر دەرگاکە، (مەم) لەجێی خۆی وەستا، نەچووە ژوورەوە. بەڵام هاوڕێکەی خۆی بەخودا سپارد و ئاڕاستەی کرد بچێتە ژوورەکەوە. ئیتر هەر ئەوەندەی هەناسەیەکی پێچوو، (تاژدین) چووە ژوورەوە و، دەرگاکەیش پاش ئەو داخرا. کەچی (مەم) هەر لە جێی خۆی مایەوە، وەک پاسەوانێکی سەر ڕاست و دڵسۆز، پشت دەرگاکەی گرت و بەری نەدا. (تاژدین)یش کە چووە ژوورەکەوە بووکەکەی خۆی دی لە پشت مۆمە گەورە بڵندەکەوە دانیشتبوو. کە لەوەپێش بەزمانی خۆی گفتوگۆی دڵداری و پێگەیشتنی لەگەڵدا دەکرد. ئیتر لەوێدا، لە بێدەنگییەکی خەواڵووانەدا بەچاو شەوباشییان لەگەڵ یەکتردا کرد و، لە واق وووڕمانێکی درێژدا دڵیان ئاوێتەی یەکتری بوون، ئاگری ناوجەرکیشیان گۆڕا، بوو بەهەنگوین و مەی!. ئەو مۆمانەیش کە لەوێدا دەسووتان، پیرۆزباییی نۆشینی ئەو جامی مەیایان دەکرد، کە لێواو لێو پڕ بوو بوون. لەمەی... هەر ئەوانیش بوون بەتەنیا، کە چاویان لە جوانترین و خۆشترین کاتی ژیان بوو، لە نێوان دڵداراندا.

بووک وزاوا تا سێ شەو و سێ ڕۆژ لەوێدا مانەوە. جیهان و ناوەرۆکی جیهانیان لەبیرچوو بووەوە. لە بێشکەی ئاواتیاندا ڕاکشابوون. ئاواتی خۆیان بەدی دەهێنا. خۆرشتیان هەنگوینی پێگەیشتن بوو، خواردنەوەیشیان مەیی ناو لێوان بوو...

لەگەڵ ئەمەیشدا کە ئەو شەوە بانگ کراوەکان، هەموویان بڵاوەیان لێ کرد و هەر کەسە گەڕایەوە ماڵی خۆی، بەڵام (مەم) نەیویست جێی خۆی بەجێ بهێڵێ لە کۆشکی هاوڕێکەیدا... چونکە ئەو فرمانە کۆمەڵایەتییە چاولێکەرییەی کە سەردار بۆی دانابوو، لە شێوەی هەرە دڵسۆزانە و بڵندیدا وای پێدەویست کە هەروەک هەموو پاسەوانێکی ڕاست و دڵسۆز، لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە، تا لە ڕۆژی دووەم یاخود لە ڕۆژی سێیەمدا، زاوا دێتە دەرەوە، بۆ ئەمەی چاوی پێی بکەوێ و لەناو هاوڕێکانیشیدا یەکەم کەس بێ، پیرۆزبایی لێ بکا.

لە ڕاستیدا (مەم) ئەو فرمانەی زۆر پێخۆش بوو، کە سەردار خستبوویە ئەستووی ئەو.



چونکە (تاژدین)ی دۆستی زۆر خۆشدەویست و، حەزیشی دەکرد ڕەنگە (مەم) بەشوێنێکی ناو باخچەی چوار لای کۆشکەکەدا خۆی دامەزراند. لە ڕووی دڵسۆزییەوە، تا ئەو سێ ڕۆژە تەواو بوو، جێگای خۆی بەجێ نەهێشت، تەنیا لە نیوە شەودا نەبێ، یان مەگەر فرمانێکی زۆر پێویستی خۆی بهاتا پێشەوە. بەڵام زۆری پێنەدەچوو، گورج دەگەڕایەوە جێی خۆی، لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوو کە هاوڕێکەی هاتەدەرەوە پیرۆزبایی ئەو دڵدارییەی لێ بکات کە پێی کامەران بووە. لە ڕاستیدا لەپاش ئەوەی بانگ کراوەکان و هەمووان ئەو شەوە بڵاوەیان لێ کرد و، ئەو بەزموڕەزم و دەنگە دەنگە دوایی هات، (مەم) لەناو بیدەنگیی ئەو شەوە تاریکەدا، هەر خۆی بەتەنیا مایەوە. لەو ماوەیەدا کە لەو کۆشکەدا، وەک پاسەوان وەستابوو و چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی (تاژدین)ی هاوڕێی دەکرد، بەتایبەتی لە یەکەم شەویاندا، هەستێکی شۆڕشگێڕانە لەناو دەروونیدا گڕی سەندبوو. گڕی بەردابووە دڵداری و ئارەزووی پێگەیشتنەکەی بۆ (زین).

هەستی بەتەنیایی و بێکەسی و ئاوارەیی دەکرد. برینی دڵی کولا بووەوە... دڵدارییە بەهێز و هەڕەتەکەی وورووژابوو، کە لە ڕاستیدا لە خۆشەویستی (تاژدین) بەهێزتر بوو. ئەگەر ئەوەیش بزانیت کە چ لەو شەوەدا، چ لەشەوەکانی پێشوودا، چەند جارێک شاژنی دڵی خۆی بەرچاو کەوت، (زین)یش ئەوەی بەرچاوکەوت؛ لە شێوەیەکی وایشدا دڵخوازەکەی خۆی بەرچاوکەوت کە بەتەنشت (ستی)ی خوشکییەوە سەرتاپای لە جلوبەرگی جوان و خشڵی ڕازاوەدا نوقم بووبوو... ئەگەر ئەوە بزانیت، بەوەیش پەی دەبەیت کە هەستی (مەم) لەو ماوەیەدا دەبێ یەجگار توندوتیژ بووبێ و، کارێکی گەورەی لە دەروونی کردبێ؛ بەجۆرێکی وا کە لە توانایی کەسدانەبێ، بەرگەی ئازاری بگرێ، هەرچەند خودا هێز و توانایی و ئارامیشی پێبەخشیبێ. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو کاتە هەندێ هیوای بووژێنەرەوە بەسەر هەستەکانیدا دەکشا، کە تائەندازەیەکی گەورە لە وەی و زیانی ئەو شۆڕشی دەروونییە و، ئازاری دڵەی کەم دەکردەوە. بیریشی بەتەزووی ئەو هیوایانەوە خەریک دەبوو، زۆربەی ئەو ئازار و هاواری دڵەی لەبیر دەچووەوە. هەروەک پاسەوان کە دەهات و دەچوو بەناو کۆشکەکە و باخچەکانیدا، بیری لەو هیوایانە دەکردەوە، کە لە ڕوو خۆشییەکانی سەردارەوە، دەردەکەوتن و پرشنگیان لە دڵی دەدا، کە ئەو شەوە و شەوەکانی پێشوویشی سەردار لەگەڵی دەنواند. جا ئەو ڕووخۆشییانی سەرداری دەکرد بەبەڵگەیەک بۆ ئەوەی کە ئاواتەکانی خەریکن بێنە دی... ئایا ئەو سەرنجەی کە سەردار پێشانی دا لە بابەت پەیوەندیی دۆستایەتی و خۆشەویستیی ئەو و (تاژدین)ەوە، هەروەها هەڵبژاردنی

خۆی لەلایەن سەردارەوە کە ببێتە برازاوای (تاژدین)، یان ئەو گەشی و ڕووخۆشییە لە ناکاوانەی کە سەردار پێشانی دەدا بەرامبەری، لەگەڵ خەمخۆری و خۆشەویستی یەکەیدا، وەک ئەوەی کە فەرمووی وەک (تاژدین) بپۆشێ و بڕازێتەوە لە تەنشت (تاژدین)یشەوە دابنیشێ... ئایا ئەمانە نابنە بەڵگەی هەرە گەورە کە سەردار هەرگیز تەگەرە لەو کارە نادات، کە (مەم)یش لەگەڵ (زین)دا بەخۆشییەوە بژی؟... ئایا لەگەڵ یەکەم پەنجەکێشان، یاخود یەکەم تکادا، ئەوەیش پەسند ناکات کە (زین)ی لێ مارە بکات و ئاهەنگێکی وەک ئەم ئاهەنگە ناوازەیەی بۆ بگێڕی...؟

کێ چوزانێ، سەردار، هەندێ لەم خۆشەویستییە شۆڕشگێڕەی لە دڵیدا هەست پێ نەکردووە و، لەم ئاهەنگە خۆشەیشدا، کە هەر هاوڕێکەی تێدا دڵخۆش و کامەران بووە، بەزەییی پێدا نەهاتۆتەوە و، دڵی پێی نەسووتاوە کە ئەوی لێ بەش بڕاو بووە؟... سەردار لە کردەوەکانیەوە لەگەڵ خۆیدا، وا دەرکەوێ ویستوێتی هەستی پێ بکات بەهیوا و، موژدەیش بەدڵی بدات، کە ئەو ئاواتەی دەهێنرێتە دی.

ئەم هیواو ئاواتە جوان و شیرینانە (مەم) یان وا لێ کرد کە ژیانە پڕخۆشییەکەی خۆی بهێنێتە پێش چاوی و، خەوەکانی دڵداریشی لە مێشکی خۆیدا دروست بکات. بیری لەوە دەکردەوە، کە چۆن بتوانێ کۆشکێکی جوان وەک کۆشکەکەی (تاژدین)ی هاوڕێی دروست بکات و بەجوانترین و ناوازەترین کەلوپەلی ناوماڵەوە بیڕازێنێتەوە. باخچەیەکی ڕەنگینیش بەهەر چوار لایدا دابمەزرێنێ، هەروەک باخچەکەی کۆشکی (تاژدین) دڵگیر و چاوبەستکەر بێ. تەنانەت ئەوەیشی بەبیر داهات کە پێویستە هەر لە ئێستاوە دەست بکات بەبیرکردنەوە لە پێکهێنان و ئامادەکردنی ئەو شتانەدا. چونکە ئەگەر هاتوو لەپاش چەند ڕۆژێک (زین)ی نازداری لەسەردار خواست و، سەرداریش وەک لەگەڵ (تاژدین)دا پەلەی کرد، لەگەڵ ئەوەیشدا پەلە بکات، ئەو کاتە بەشی ئەو پەلەپەل کردنە ناکات، ئامادەکردنی کۆشک و کەلوپەلیش لەگەڵ بابەتی ئاهەنگدا، دەمێکی دوور و درێژی وای دەوێ کە چاوەڕوان کردنەکەی لە وزەی ئارامیدا نابێ.

بەکورتی (مەم) لەو سێ ڕۆژەدا کە یەکەمجار بوو لە (تاژدین) دوور کەوتبووەوە و، هەموویشی بەتەنیایی ڕادەبوارد، کە لەناو کۆشکەکەیدا هەر دەهات و دەچوو، چاوەڕوانی دەرچوون و بینینی ئەوی دەکرد، لە بارێکی دەروونیی وادابوو، کە هەر چەشنی پەلکەڕەنگینە، هەموو ڕەنگە هەست و تاسە و تەزوویەکی بەدڵ و دەروون و لەشدا دەهات، کە هەرگیز لە توانایی زماندا نییە بیگێڕێتەوە. پێنووسیش ئەوەی لە دەست



نایەت کە بەتەواوەتی پێشانی بدات. لە ڕاستیدا خۆشەویستییەکی دلڕەقانەی توندوتیژ، تێکەڵ بووبوو لەناو دڵیدا، بەئارەزوویەکی کلپەدارەوە بۆ پێگەیشتن بە«زین» هیوایەکی شەنگوشۆخانەیش تێکەڵی ئەو دوانە بووبوو، کە هەتا بڵێیت جوان و ڕاست و گەش بوو. پاشان ئەوانە هەموویان بەناو هەموو هەستەکانیدا بڵاوبووبوونەوە؛ لەناو ئاگری دووری و دڵداریدا، ئاواتی پڕ کامەرانی و، بزەی گوڵاوی و دڵخۆشی بەئاوات گەیشتنی هاوڕێکەی و کامەرانییەکەی، بۆ دروست کردبوو.

***

لە بەیانی ڕۆژی سێیەمدا (تاژدین) هاتەدەرەوە. هەر لەبەر ئەوەیش هاتە دەرەوە، کە (مەم)ی بیرکەوتەوە. دەمێک بوو نەیبینیبوو، ئارەزووی دەکرد بیبینێ و، بزانێ لەگەڵ دڵی برینداری خۆیدا چیی کردووە؛ تا ئەوەی پێی دەکرێ بۆی بکات، بۆ ئەمەی خۆیشی دڵی بەدڵخۆشیی ئەو بسرەوێ.

کە لە کۆشک هاتە دەرەوە، بەناو باخچەکەدا ڕۆیشت ڕووی کردبوە دەرگای دەرەوە، بۆ ئەمەی لەوێوە بچێتە ماڵی (مەم). ئەوەی نە دەزانی کە (مەم) هێشتا لەوێدایە، وەستاوە. هەر بەبیریشیدا نەدەهات کە (مەم) لەوێ بێ، تا (مەم) لە دوورەوە بینی و، بەهەڵەداوان خۆی گەیاندێ.

لەوێدا هەر دوو هاوڕێ دەستیان کردە ملی یەک و، تاماوەیەک یەکتریان ماچ کرد و گوشی. (تاژدین) سەیرێکی دەموچاوی (مەم)ی کرد. پەیی پێ برد کە ئازار و خەم و خەفەتێکی زۆر لە دڵیدا هەیە، بەڵام بەزۆر، هەمووی کۆکردۆتەوە و، لە گۆشەیەکی ناو دڵی خۆیدا دایناوە، بۆ ئەمەی دڵی ئەو خۆشییە بگرێ کە لە دڵخۆشیی براکەیەوە پێی دەگات. (تاژدین)، (مەم)ی بردە پەنایەکی باخچەکەوە، دەستی مەمی خستە ناو دەستی خۆیەوە و پێی گوت: «ئەی مەم! سوێندت بۆ دەخۆم بەخودا، کە ئەگەر ڕێگەیەکم دەست بکەوتایە بۆ ئەمەی کامەرانیی تۆ پیش کامەرانی خۆم بخەم، یان ئەگەر چارەیەکم بدۆزیایەوە بۆ ئەمەی کامەرانی و خۆشەویستیی خۆم، لە پێناو هەناسەیەکی دڵداری و خۆش بەختیی تۆدا بەخت بکەم، یەکودووم لێ نەدەکرد، دەمکرد. بەڵام تۆ خۆیشت ئەوە دەزانیت، کە چارە هەر ئەوە بوو کە ئەم ڕێگایە بگرین، بۆ ئەمەی هەردووکمان بگەین بەئاواتی خۆمان کە خودا چارەنووسی وا کردووین دڵمان بەو دوانە بگیرسێتەوە. تۆیش ئەی برا، باوەڕت وا بێ کە ئەو کامەرانییەی من هەمە و، تۆ پیرۆزباییم لێ دەکەیت، دڵم پێوەی نانووسێ، تا نەگەم بەکانی خۆم و تۆ بگەیێنمە ئامانجی خۆت و ئاواتی دڵداریت».

بەم ڕەنگە هەردوو هاوڕێ تاماوەیەک بەو جۆرە مانەوە، پیرۆزبایی و ئارام خوازییان لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕییەوە. (مەم)، پیرۆزباییەکی بەدڵی دەکرد لە (تاژدین)و، دڵخۆشیی خۆی پێشان دەدا بەرامبەر بەختیاریەکەی ئەو. (تاژدین)یش دڵی (مەم)ی دەدایەوە و، ئامۆژگاریی ئارام گرتنی دەکرد و، موژدەیشی دەدایە، کە ئەویش بەو زووانە بەکامی خۆی دەگات.

***

دۆست ئەمەتا!... چەند بەنرخ و پایە بڵندە، ئەو دۆستەی لەگەڵ هەناسە ساردیی خۆیشیدا، لەکۆڕی دڵداریدا، دڵی خۆی بکاتەوە بۆ خۆشی و گەشی بەکامەرانیی تۆوە، لە دوای سنگی برینداری خۆیشییەوە، لە ڕۆژی بەختیاریی تۆدا، ئاهەنگێکی بووک و زاوا بگێرێ!

ئەگەر لە جیهاندا دۆستێکی وات دەست کەوت، هەرچییەکت هەیە لەو جیهانەدا لە ڕووکەش و لە بابەتی ژین، بەختی بکە لە پێناویدا. چونکە ئەو چرای تاریکییتە. هیوای دڵیشتە لەکاتی هەناسەساردیتدا.

## ئاژاوە

جیهانە، هەر لە سەرەتای ژیانەوە وابووە: تەختێک بووە بۆ سەیرکردنی وێنەی پێچەوانە و ڕووکەشی بەر ئاوەژوو. ئەمە: ڕۆژ و شەو، ڕووناکی و تاریکی، هەتاوی گەرم و گڕاوی و سێبەری سرەوت بەخش. ئەمە دووری لە یار و گەیشتن بەیار، شین و شایی، خەموخەفەت و دڵخۆشی، سەرگەردانی و کامەرانی. ئەمە: گوڵی ناسک و چقڵی خوێنڕێژ کە چوارلای گرتووە.

ئەمانە هەموویان نموونەی پێشانگای ئەم جیهانە پڕ لە شتی پێچەوانەیەن.(۱) خودایش بۆیەکا وای دروست کردوون، کە لە هەموو چاکە و خراپەیەکدا واتای خۆی دیار بێ، بەهۆی ئەوەوە یەکتری دەربخەن و جیا بکەنەوە، هەموو شتێکیش بەهۆی پێچەوانەکەی خۆیەوە جوێ بکرێتەوە. بێجگە لەوە، بۆ ئەمەی لە جیهاندا گیانی بزووتنەوە و خەبات بڵاوببێتەوە، ئەم هەموو دەستکردی خوداییانەیش بەهۆی یاسای تێکۆشان و یارمەتیدانەوە بەیەکەوە ببەسترێنەوە.

(۱) ڕستەکە دەبوو ئاوابوایە: «... ئەم جیهانە پڕ لە شتە پێچەوانانەن».



ئەم دەستوورە، تەنانەت، لە چیرۆکەکەی ئێمەیشدا خۆی دەرخستووە. بابەتی چاکە و خراپەی تێدا کۆ کردۆتەوە. دڵخۆشیی کامەرانیشی لەگەڵ فرمێسکی سەرگەردانیدا تێکەڵ کردووە...

مرۆڤی خراپیش لەم چیرۆکەدا، دەرگەوانێکی تایبەتیی سەردارە، کە لە پشت دەرگای دەستگاکەیەوە ڕادەوەستا. ناویشی (بکر)ە. بەڵام ناوی باوکی کەس نەیدەزانی. چونکە پیاوێکی ناسراو نەبوو. ئەم دەرگەوانە، دەروونێکی وای هەبوو کە هەموو جۆرە بەدخوویی و فروفێڵێکی خراپی تێدا جێ دەبووەوە. هەروەک گیانی بەخۆشەویستیی ئاژاوەوە پەروەدە کرابێ وا بوو. هەر هەلێکی بۆ هەڵبکەوتایە دەستی بەئاژاوە نانەوە و بەدگۆیی دەکرد. چونکە بەوە کامەران دەبوو.

لەسەر و شێوەیشیدا، هەر ئەوە نەبوو کە کورتەبنە و پشت کۆماو بێ، بێجگە لەوە دەموچاوێکی کۆسە و، ڕەنگێکی کزیشی هەبوو، چاوەکانیشی پڕ بوون لە تیشکی پشم و قین و چاو پێ هەڵهێنان.

(تاژدین)یش زۆر جار ئەوەی دەهات بەبیردا، کە ئەگەر سەردار، ئەو کابرا فڕوفێڵبازە، بەپەندە، بەدخووەی لا ببردایە و، پیاوێکی وایشی بخستایە جێگای کە لەسەر و شێوە و، ڕەوشت و کردەوە و، ڕەسەنیدا، جوانتر و باشتر و بڵندتر بوایە، بۆ کەڵکی کۆشکەکەی باشتر دەبوو. یەکێ لەو قسانەی دەربارەی ئەوی دەکرد ئەمەبوو:

«... گەورەی خۆم! هەرچەندە دەرگەوانەکان هەر ئەوەندەیان لێ دەخوازرێ کە لە سەگ دەخوازرێ، بەڵام هەرچی سەگە: لە سروشتیدا دڵسۆزی و چاکەدانەوە هەیە. هەرچی ئەم دەرگەوانەیە، بەتەنگ هیچەوە نییە، ئەوە نەبێ کە پڕ بەدڵی خۆی، بەدخوویی و نەگریسی بکات...».

سەرداریش سەری بۆ قسەکانی ڕادەوەشاند و، بەزەردەخەنەیەکەوە وەرامی دەدایەوە، دەیگوت:

«تاژدین! ژیانەکەمان ناچارمان دەکات، کە خوێرییەکی بەدخووی وامان

## ٢

«هەبێ... چونکە لەودیو کۆشکەکەمانەوە، کاروبارمان هەیە، بۆ کەڵک و چاکەی خۆمان دەگەڕێین... هەروەها گیروگرفتێکی زۆریشمان دێتە بەردەم، کە بەئەرک و ئازارێکی زۆرەوە نەبێ، بۆمان چارە ناکرێت؛ ئەگەر بێتو لەم جۆرە خوێڕییانەمان لەبەر دەستدا نەبێ... هەر دەرگەوان و پاسەوانێکیش دەبینی بەلای کۆشکەکانی سەرداران و کاربەدەستانەوە، ئەوەندەی بەکاری هەڵسووڕاندنی کاروباریان دێن و، گیروگرفتیان پێ چارە دەکەن، ئەوەندە دەرگەوانییان پێ ناکەن. ئنجا ئەم دەرگەوانە، ناکەسبەچە و ناڕەسەن بێ، ئەوە زیان لە کاروبارمان نادات، بەمەرجێ ئەو کاروبارەمان ببرێ بەڕێوە. دووزمانی و بەدگۆیییەکەیشی، کار لە ئێمە ناکات، نە زیانمان لێ دەدات، نەوەمان پێ دەگەیێنێ!.».

بەم جۆرە سەردار لەسەر ئەوە سووربوو کە (بەکر) لەسەر فرمانی خۆی بهێڵێتەوە. (تاژدین)یش نەیتوانی بیخاتە سەر ئەو بڕیارەی کە دەری بکات و، کەسێکی تر بخاتە جێگای.

چەند ڕۆژێکی پێ چوو، لەو کاتەدا (بەکر) هەستی پێکرد کە (تاژدین) خۆشی ناوێ و ڕقی لێی دەبێتەوە. ئەوەی لە دڵی خۆیدا پێچایەوە. لە کانگای دڵی خۆیشیدا، شتێکی بڕیار دا بیکات. دەستی کرد بەبیرکردنەوە لە نانەوەی داوێک بۆ (تاژدین)... هەر چاوی دەگێڕا بۆ هەلێک کە دەستی بکەوێ... دوایی، ئێوارەیەک ئەو هەلەی بۆ هەڵکەوت...

لەو ئێوارەیەدا، سەردار، بەتەنیا لە پەنایەکی باخچەی کۆشکەکەیدا دانیشتبوو. کەسیشی لانەبوو، دەرگەوانەکەی خۆی نەبێ، (بەکر)، کە خۆی خەریک کردبوو بەهەڵپاچینی هەندێ لقوپۆپی وشک لە درەختەکانی ناو باخچەکەدا و، ڕێکخستنی باخچەکەوە، لە نزیک سەردارەوە. ئنجا کە سەردار لێی پرسی: «ئاخۆ ئەو ڕۆژە (تاژدین) هاتووە بۆ کۆشک یان نا؟»... (بەکر) بەهەڵی زانی، پێی گوت: «گەورەم ئەمە چوار ڕۆژە (تاژدین)، سەری بەکۆشکدا نەکردووە!».

پاش تاوێک بێدەنگی، دەستی کردەوە بەقسەکردن گوتی:

«گەورەم، من وام بۆ دەردەکەوێ، (تاژدین) وەک پێشووی خۆی نەماوەتەوە، هەموو ڕۆژ بێتە دیوەخان».

سەرداریش لێی پرسی:

«چ شتێکی بەدەستەوەیە خەریکی دەکات، وا ناپەرژێ بێتە ئێرە؟».



ئەویش گوتی: «نازانم. دوورنییە هەر لەبەرئەوە بێ، کە هۆیەک نییە، وەک پێشوو، پاڵی پێوە بنێ، زۆر هاتوچۆ بکات!.».

ئنجا کە دی سەردار خەریکی بیرکردنەوەیە، بەهەلی زانی قسە بکات، لێی نزیک بووەوە و پێی گوت:

«لە ڕاستیدا، گەورەم، کەس بڕوای نەدەکرد، کچە شاه (ستیی) بەم جۆرە بەهەرزانی پێشکەشی یەکێکی وەک (تاژدین) بکرێ، کەچی هەموو سەردار و خونکارەکانی کوردستان، چاوەڕوانی ئەم سەربەرزییە بوون، دەستیان بکەوێ، ئامادەیش بوون کە لە پێناو ئەوەدا هەموو سەر و سامانی خۆیان بەخت بکەن».

وا دیاربوو سەرداریش، لە قسەکانی دڵگیر دەبوو و بێزی لێ دەکردەوە، پێی گوت: «کێن ئەوانەی خۆیان بەپیاو دەزانن، تا داوای خوشکی من بکەن؟... کێن ئەو سەردار و خونکارانەی کە دەتوانن بەرامبەر (تاژدین) و هەردوو براکەی بوەستن؟ هەریەکێ لەو سێ برایە، بۆ ئێمە لە ڕۆژی شەڕ و تەنگانەدا، ئەو هەموو کۆمەڵە سەردار و خونکارانە دێنێ!.».

کە (بەکر) گوێی لە قسەکانی سەردار گرت، بەو شێوەیە دەیکات، تێگەیشت کە لەو ڕێگایەوە ناگات بەمەبەسی خۆی. ئیتر لەوێوە ڕێچکەی قسەکانی خۆی گۆڕی. بەدەم خۆ خەریککردنەوە بەفرمانەکەیەوە پێی گوت:

«ئەوە گومانی تێدا نییە، کەوا جوانە پیاوی گەورە، بەردەستەکانی خۆیان هان بدەنە سەر زۆرکردنی سەرڕاستی و کارگوزاریی خۆیان. ئەویش لە ڕێگەی چاکە لەگەڵ کردنیانەوە و، هاوبەشکردنیانەوە لە کۆڕی بەزموڕەزم و مەیخۆریدا. بەڵام مەرج ئەوەتا کە ئەو مەیە سەرخۆشیان نەکات، خۆیان لەبیر بچێتەوە و، لە فرمانی ڕاستەقینەی خۆیشیان لابدەن. وا پێویست دەکات کە خۆنووشتاندنەوە و ڕێزگرتنەکانیان لە کاتی بەزموڕەزمدا چۆن بێ، لەکاتی تەنگانە و شەڕوشۆڕیشدا هەروەها بێ.

بەڵام گەورەی خۆم، من لەوە دەترسم کە ئەم پیاوەتییەیان لە جێی خۆیدا نەبێ و، ئەوی لەگەڵیدا دەکرێ، هەڵنەگرێ لەگەڵی بکرێ، ئەوساکەیش ئەنجامەکەی بەوە دەگات کە ئەو کەسانە سەرکێشی و سپڵەیی بنوێنن. گەورەی خۆم پیاوی سووکیش هەڵناگرێ چاکەی وای لەگەڵدا بکرێ».

ئیتر لێرەدا دەماری سەردار توندبوو. بەتووڕەییەکەوە قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

«وسبە پیسی بەدخوو! کەس سووک نییە خۆت نەبی. من دەزانم کە (تاژدین) لە خۆشەویستی و دڵسۆزیدا چۆنە. خۆیشم دەزانم چی پێویستە بیکەم. ئیتر لەوە بەولاوە قسەیەک مەکە، لە سنووری خۆتدا نەبێ!».

(بەکر)یش گرژبوو، بە ورتە ورتێکەوە گوتی:

«منیش وام دەزانی دڵسۆزە، بەڵام بەشتێکم زانیوە، دوورنییە گەورەی خۆم پێی نەزانیبێ!.».

سەرداریش بەقێزوبێزێکەوە پێی گوت:

«چییە ئەوەی تۆ پێت زانیوە؟».

(بەکر)یش هاتەوە سەرخۆی و سەری بڵند کردەوە و گوتی:

«گەورەم! ئەوەتی تۆ بەم خزمایەتییە سەریی ئەوت بڵند کردۆتەوەو سەربەخۆیانە دەستی کردووە بەهەڵسووڕاندنی گەلێک لە کاروبارەکانی ناو کۆشکەکە... یەکێک لەو کردەوانەی کە سەری منی گێژ کردووە، ئەوەیە کە خەریکە کچە شا، (زین) پێشکەشی (مەم)ی هاوڕێی بکات و بەڵێنیشی داوەتێ کە لێی مارە بکات!...».

لەگەڵ سەردار ئەم قسەیەی بەرگوێ کەوت، بەجارێک مات و سەرسام بوو، گورج هەستایە سەرپێ و چاوی بەهەموو لایەکیدا گێڕا. گوتی:

«چی؟... (تاژدین) وای لێهات کە دەست لە کارێکی وا بدات و من ئاگادار نەکات؟. (تاژدین) خوشکی من بدات بەیەکێکی وا کە ئارەزووی خۆی لەسەری بێ، بێ ئەمەی هیچ نەبێ ڕاوێژێکم پێ بکات؟!... وا دەردەکەوێ بەخودا کە من لە ئەندازە بەدەر چاکەم لەگەڵ کردووە، بۆیەکا هیچ سام و ترسێکم لەسەری نەماوە!...».

(بەکر)یش لێی نزیکبووەوە گوتی:

«بۆچ گەورەی خۆم، نازانیت (تاژدین) کێیە؟... (تاژدین) لە پێش ئەمەی، گەورەی خۆم، ئەم پیاوەتییەی لەگەڵ بکات، هەر پیاوێکی لووتبەرزی لەخۆبایی بوو، و سەرکێش بوو. ئەی ئاخۆ ئێستا چۆنی لێ هاتبێ کە ئەم ڕووە دەبینێ؟!. گەورەم! خودا دەیزانێ، ئەوەی زۆر لێی دەترسم، ئەوەیە: کە ئەم پیاوە، لەم دەستدرێژی و سەرچڵییەی مەبەسی ئەوە بێ، دەسەڵاتی خۆی و کەسوکارەکانی بخاتە ناو هەموولایەکی ئەم کۆشکەوە. ئەویش لە ڕێگای پەیوەندی پەیداکردن و ژن و ژن خوازییەوە. لەویش مەبەسی ئەوە بێ، کە پاشەجار سەرداریی بۆ خۆی داگیر بکات و، بینووسێنێ بەباو و باپیری خۆیەوە...



سەرداریش گەڕایەوە جێگەی خۆی و دانیشتەوە، ئنجا گوتی:

«خودا دەیزانێ، نیازم وابوو کە (زین) بدەم بە (مەم)، هەر بەم زووانەیش شایییان بۆ بکەم. بەڵام وا ئیمڕۆ، سوێند بەسەربەرزیی باووباپیرم دەخۆم لەم خاکەدا، کە هەرگیز نەهێڵم ئەوە سەربگرێ، تەنانەت ئەگەر خوێنیش لە پێناویدا بڕێژم. ئنجا کێ لە گیانی خۆی بێزارە، بام بێتە پێشەوە و، تکا و دەسەڵاتی خۆی بەکاربهێنێ لەم کارەدا».

بەم ڕەنگە بەهۆی بەدگوێیی و دووزمانی (بەکر)ەوە و سەردار دیوارێکی هەرە گەورەی خستە ناوەند خۆی و ئەو کەسانەوە کە دەیانویست بکەونە ناوەوە و لێی بپاڕێنەوە کە (زین) لە هاوڕێکەی (تاژدین) واتا (مەم)، مارە بکات. هەروەها دوا تیشکی هیوای کوژاندەوە، کە ئاهەنگ و زەماوەندی کامەرانیی ئەو دوو خۆشەویستە پێک بێ.

بەڵام، نە (مەم)، نە (تاژدین)، نەکەسێکی تر لە هاوڕێکانیان بەم دووزمانییەیان نەزانی، کە بوو بەهۆی ئەو بڕیارە ناخۆشەی لە دەم سەردار هاتە دەرەوە. کەسیشیان بەم کەتنە نەنگە ناشیرینەی (بەکر)یان نەزانی، کە وای لە سەردار کرد، ئەو بڕیارە ناڕەوا و ڕەقە بدات لە بابەت دڵداریی (مەم) و (زین)ەوە.

سەردار لەم دواییەدا وای لێهات هەرکەسێ ئەو قسەیەی لەگەڵدا بکردایە بەرپەرچی دەدایەوە. هەرکەسێکیش تکای لێ بکردایە (مەم) و (زین) لە یەکتر مارە بکات، بەتوندی قسەکەی دەدایەوە بەدەمیدا. جاری هەرە دواییش، لە کۆڕێکدا کە (تاژدین) و هەردوو براکەی و کۆمەڵێکی گەورە لە هاوڕێکانیانی تێدابوو، بەهەموویشیانەوە خەریکی ئەوە بوون، کە بەهەر کلۆجێک بێ سەردار بخەنە سەر ئەوەی «مەم» و «زین» لە یەکتر مارە بکات، سەردار ئەمەی پێ گوتن:

«... هەمووتان لەوە دڵنیابن، کە ئەگەر (زین) تا دوایی ژیانی، لەم کۆشکەدا، بەکچی ماوەتەوە و شووی نەکردووە، بەهیچ کلۆجێک ڕێ نادەم؛ ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە (مەم) مارە بکرێ!... پێویست ناکات بەوەیش، کە هۆی ئەوەتان پێ بڵێم، هەر ئەوەندە بزانن کە من وام پێ خۆشە و، وام دەوێ ببێ. ئیتر نایشم دەوێ، جارێکی تر، ئەم قسەیەم بەگوێدا بدەنەوە، مەگەر بتانەوێ شەڕێکی وا هەڵبگیرسێنن کە ئیمڕۆ خۆتان ناتانەوێ بقەومێ!.».

ئەوەندەی نەمابوو (تاژدین)یش بەئاشکرا، بەسەردار بڵێ: «ئێمە لەم شەڕە خۆمان ناپارێزین. چونکە هەر خۆتی تێدا دەچیت!»... بەڵام (تاژدین)، بەهیوا بوو، دوارۆژ وا

نەمێنێ و، سەرداریش ئەو توندی و تیژییەی لە دڵ دەربچێ، ئەوساکەیش دەتوانێ ئەو کارە بەئاسانی بباتەسەر. بێجگە لەوە، بەهیوای ئەوەیش بوو، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، لەباتی ڕێگای شۆڕش و شەڕوشۆڕ گرتن، ڕێگای مەندی و زرنگی و نەرمی و شیرینی بگرێتەبەر چاکترە، بۆ ئەمەی سەردار وەرگێڕێتەوە سەر دڵ و ئارەزووی خۆی و ئەو کارەیشی پێ بسازێنێ.

## لە پەرستگای خەمدا

(ستی) و (تاژدین) لە ڕۆژگارێکی پاک و ڕووناکدا ڕایاندەبوارد. جیهان لە خۆشی و بەزمدا زەردەخەنەی بۆ دەکردن، ئەو ژیانە تازەیەی ڕایاندەبوارد، لەژێر سێبەری خۆشی و کامەرانیدا بوو. جامی مەیی پڕ لە کامەرانییان دەخواردەوە و، ڕۆژانی دووری و دڵسووتاوییان لەبیر دەچووە. ئەوان وابوون. کەچی دوو خۆشەویستەکەی تریش، (مەم) و (زین)، لە ئاگری بەشبڕاوی و ئارامیاندا دەسووتان. هەریەکەیان بەشی خۆی لە پەرستگای تەنیایی و خەموخەفەتدا، شەووڕۆژ دەتلایەوە. هیچ کامێکیان کەسێکیان نەدەهات بەلاوە، کە ڕووخۆشییەکیان لەگەڵدا بنوێنێ. هیچ کامێکیشیان دەنگی خاوەن بەزەییەکیان بەرگوێ نەدەکەوت کە دڵی پێیان بسووتێ. خاوەن خەموخەفەتیش ئەگەر هاودەمێکی دڵسۆزی دەست نەکەوێت، کە لە ئازاری خەموخەفەتەکەی کەم بکاتەوە، یان دۆستێکی ڕاستی نەیەت بەلاوە کە فرمێسکەکانی وشک بکاتەوە و، هەناسە گەرمەکانی فێنک بکاتەوە، لە توانایيدا نامێنێ بەرگەی ئەو هەموو خەموخەفەت و فرمێسک و ئاهونالەی گڕاوییانە بگرێ!... هەروەها لە وزەیشیدا نامێنێ ئارام و سرەوت لە دڵی خۆیدا بهێڵێتەوە. بۆ ئەمەی خۆشی و بەزمورەزم شۆخوشەنگانە بێ، بۆ ئەمەی خەموخەفەتیش بتوانرێ بەرگە بگیرێ، پێویستە هاودەم و هاوبەش لە ئارادا بن. ئەگینا ئەو خەموخەفەتەی لەناو تەنیاییدا بمێنێتەوە، زۆری پێناچێ دەبێتە هۆی مێشک تێکچوون و، دەمار وروژان و شێت بوون.

لەوەپێش (تاژدین)، هاودەمی (مەم) بوو، چ لە خۆشییدا، چ لە ناخۆشییدا، هاوبەشیی دەکرد. هەرچەندە دڵداری لە دڵیدا گڕی بسەندایە، (تاژدین) چاکترین پزیشک و خەم ڕەوێنی دڵی (مەم) بوو. هەروەها (ستی)یش، تەنیا کەسێک بوو کە (زین)ی خوشکی لە خۆشی و ناخۆشیدا پەنای دەبردەبەر. لەناو کۆشی ئەودا نەبوایە، (زین) فرمێسکەکانی خۆی نەدەڕشت، بەتەنیشت ئەویشەوە نەبوایە، خۆشیی بەدڵەوە نەدەنووسا.



بەڵام ئیمرۆکە، ئەو دووانە، لە ڕێگای کامەرانیی خۆیانەوە دەڕۆن. خۆشییەکەیان لەوەدایە کە بەیەکەوە خۆیان خەریک بکەن. (مەم)یش لەم ناوەدا، بەتەنیاییەکی ناو چۆڵ و هۆڵییەوە ماوەتەوە. هاوار دەکات لە دەست کڵۆڵیی خۆی و، کەسێک نییە، دڵی پێی بسووتێ. ناڵە دەکات لە دەست ئازاری دڵی خۆی و کەسێک نابینێ دڵی بداتەوە و ئارامێک بەدڵی ببەخشێ. هەروەها (زین)یش بەئازاری دڵی خۆیەوە گینگڵە دەخوات و دەتلێتەوە، کەسێک نییە بزانێ دەردی چییە. هەموو دەم بەتەنیایی، لە ژوورەکەی خۆیدا دەمێنێتەوە. لەناو تاریکیی تەنیایی و بێکەسیدا فرمێسک بە لێشاو هەڵدەڕێژێ. جارجارێک ئاهونالە دەکات لە دەست تەنیایی و بێکەسیی خۆی لەناو ئەو کۆشکەدا. جارجارێکیش دەگری بۆ بەختی ڕەش و کڵۆڵیی خۆی.

تا چل ڕۆژیش، کە بەسەر ئاهەنگی شووکردن و گوێزانەوەی خوشکەکەیدا ڕۆیشت (زین) بەئازاری دڵدارییەوە دەیناڵاند. بەڵام ڕازی خۆی لای کەس نەدەگوت. تا چل ڕۆژیش، (زین) ئاگای لە خۆی نەمابوو، بەگێژ و وێژەییەوە لەناو ژوورەکەی خۆیدا ڕایدەبوارد. هەموو دەم دەگریا. هەموو دەم هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا بۆ ئەو کڵۆڵییەی خۆی. خۆراکی لێ بووبوو بە ژەهر، خواردنەوەکەیشی تێکەڵ بەفرمێسکەکانی دەبوو. لەپاش چل ڕۆژ ئەو کچە شاهە جوانە، کە شۆخوشەنگییەکەی هەزارانی سەرمەست و چاوبەست کردبوو، جوانییەکەی لە کەڵک کەوت و کزبوو، هەروەک مانگێک کە لە پاش تریفەتریف بەناو جەرگی ئاسمانەوە هاتبێتە خوارەوە و لە ئاوابووندا بێ، چۆن تیشکەکەی کز دەبێ و خۆیشی بچووک دەبێتەوە، (زین)یش ئاوەها کز و لەڕ و لاواز و سیس بووبوو، جوانییەکەی باری کردبوو... هیچ کچ و کەنیزەکێک نەما لەو کۆشکەدا هەست بەو کزی و سەرگەردانییەی نەکات. هەموویان سەریان سوڕمابوو لە کاری (زین). بەزەییان پێدا دەهاتەوە. هەموویان بڕوایان وا بوو کە (زین) لەبەر جوێبوونەوەی خوشکەکەی یەجگار خۆشی دەویست، ئەو هەموو خەموخەفەتەی دەخوارد!... زۆرجاری وا هەبوو یەکێک لەو ئافرەتانە، بەبۆنەی شتێکەوە دەهات بەلایدا، دڵخۆشیی دەدایەوە کە ئەوەندە خەفەت بۆ جوێبوونەوەی خوشکەکەی نەخوات، بەڵام کەڵکێکی نەدەگرت. ڕۆژێکیان هەموویان کۆبوونەوە و چوونە لای. لە ژووری تەنیاییەکەیدا دانیشتن و، دەستیان کرد بەخەم ڕەواندنەوە و دڵدانەوەی. بەناسکی و شیرینییەکەوە پێیان گوت:

«ئەی کچە شاهی بچکۆلەمان، تۆ بۆچ ئەوەندە بەئازارەوە فرمێسک هەڵدەڕێژیت؟. هەتا کەی بەم خەموخەفەتەوە دەتلێیتەوە و، بەم ئازارەوە دەنوویت؟!. خوشکەکەت

هەرچەندە لە تۆ جویێ بۆتەوە، بەڵام لە خۆشی و کامەرانی دایە لەگەڵ مێردی خۆیدا، کە ئەو وا لە خۆشی و بەختیاریدا بژی، ئیتر تۆ بۆچ لەناو ئەم هەموو خەم و ئازار و فرمێسک هەڵڕشتنەدا بتلێیتەوە؟!.

«خانم! بەسیەتی... پێویست بەم دڵ ئازارییە ناکات. هەستە و ڕاپەڕە... ئەم هەموو خەموخەفەتە لە دڵت دەربکە. سێبەری ئەم دڵ ئازارییانەیش لە ڕووکاری جوانیت لابدە. فرمێسکەکانت وشک بکەرەوە، بام چاوەکانت جوانییەکەی جارانیان بۆ بگەڕێتەوە و، بکەونەوە چاوبەستکردنی هەمووان. تەمومژی ئەم تەنیاییەیش لە دەموچاوت لابدە، بام گەشی و شیرینییەکەی و پرشنگدانەکەی بێتەوە جێی خۆی.

«ئەم جامی مەیە، کە فرمێسکی پێوە نیشتۆتەوە و، شووشەکەی لێڵ کردووە، پاک بیشۆ، بام هەروەک پێشوو پڕ ببێتەوە لە مەیی یاقووتی. چونکە ئێستا کاتی ئەوەیە کە سەرخۆشی دەست پێ بکاتەوە و، دڵخۆشییش پەیدا ببێتەوە. ئەم ژوورە بەجێ بهێڵە، کە پڕبووە لە هەناسەی سارد و فرمێسکی گەرم، کە کردووتە بەدۆزەخ لە خۆت. ئیتر نۆرەی ئەوەیە کە هۆڵ و هەیوان و ڕاڕەوەکانی کۆشکەکە، بەلارولەنجە و باڵای نەونەمامت بڕازێنیتەوە، کە ئەمە دەمێکی دوورودرێژە لێی بەشبڕاو بوون.

پەردەی دڵتەنگیی دادڕە، بام گوڵی جوانیت دەربکەوێ و پرشنگ بدات بەدڵ، پرچەکانت بەرەڵڵا بکە، بام بەشیرینی و نازەنینییەکەیانەوە، بەسەر شانەکانتدا شۆڕ ببنەوە و بلەرێنەوە. بهێڵە بام ئەگریجەکانیشت بەسەر ڕوومەتەکانتدا چین چین بن، بام قژەکەی ناوچەوانیشت بەکزەبای چاوبەستکەر بلەرێتەوە. گوڵە ئەڵماس و یاقووتەکەت بکەرەوە بەبەرۆکتدا، بام سنگ و مەمکەکەت وەک پێشوو بەبەرجەستەیی و شەنگوشۆخییەوە بنوێنن. گوارە بریسکەدارەکانیشت بکەرەوە بەگوێکانتدا با لەناو شەوەزەنگی قژە ڕەشەکانتدا پرشنگ بدەن.

ئەم جیهانە، خۆی و جوانییەکەی، ئەم سروشتە، خۆی و خۆشییەکەی، ئەم چەند ڕۆژی ژیانەیش کە بەدەمتەوە پێدەکەنن و، پڕیانە لە خۆشی و کامەرانی... مەهێڵە ئەوانەت لە دەست بچێ و، خۆیشت هەر بەلێکدانەوەوە ڕاببوێرێت... خۆت سەرخۆش مەکە، بەمەیی خەموخەفەت و فرمێسکەوە، تا ئەو خۆشییەت لەبیر بچێتەوە...

کچە شای خۆشەویستمان، ژیان خۆشە، ژیان جوانە. بەڵام تۆ لەو جوانتریت. جیهانیش بۆ تۆ پرشنگ دەدات. بەڵام پرشنگی تۆ لە هی ئەو بەهێزترە. هەستە، ڕاپەڕە، دڵی خۆت



خۆش بکە، پێ بکەنە، بۆ ئەمەی جوانی لە ژیاندا بگاتە تەواوی و، گەشی و شەنگوشۆخیی جیهانیش بەتۆوە تەواو ببێ».

ئیتر کەنیشکەکان بێدەنگ بوون و لە قسەکانیان بوونەوە. چونکە لە کاتی قسەکانیاندا خیزەی سنگی بەسەر دەنگیاندا بەرز دەبووەوە. گریانەکەیشی تێکەڵ بەدەنگەکانیان دەبوو. هەرچەند گوێی لە قسەی ئەوان دەبوو، بەلێشاو فرمێسکی هەڵدەڕشت، بەگریان وەرامی دەدانەوە، کە هەرگیز لە ژیانی خۆیدا فرمێسکی وای هەڵنەڕشتبوو.

ئەوەیش شتێکی سەیر نییە چونکە ئارەزووکردنی دیداری یار، ئاگرێکە و لە دڵدا بەردەبێتەوە، تا ئامۆژگاریی خاوەنەکەی بکەیت، گڕی دڵی زۆرتر گڵپە دەسێنێ. ئەویش بریتییە لە ڕازێکی نهێنی کە لە سنگدا جێگیر بووە. نە گلەیی، نە توانج هاوێشتن کاری لێ ناکات، تایەت بنج زۆرتر دادەبەستێت، بەتایبەتی ئەگەر ئامۆژگاریکەرەکە هۆی خەم و ئازارەکەی نەزانێ، قسەی وا دەدات بەگوێیدا کە دووربێ لە ئاوات و ئازاریەوە. بێگومان ئەوە وای لێدەکات کە زۆرتر هەست بەتەنیایی و بێکەسی بکات، زۆرتر بەئازار و دەردی خۆیەوە بتلێتەوە، ئیتر کەنیشک و کەنیزەکەکان لە داخاندا وشک بوون. هەموویان چاویان بڕییە دەمی (زین)، چاوەڕوانی ئەوە بوون وشەیەکی لە دەم بێتە دەرەوە و، هۆی ئەم هەموو خەفەت و ئازارەیان بۆ دەربخات... بەڵام فرمێسکەکانی و هەناسەکانی ماوەیان نەدەدایێ، هیچ قسەیەکیان بۆ بکات.

پاشان هەموویان هەستان بڕۆن، زۆر پەشیمان بوونەوە لە هاتنەکەیان یەک لە دوای یەک لە ژوورەکەی چوونە دەرەوە. هەموویان بەهێواشی چوونە دەرەوە، سەرسامی و دڵشکاوی لە دەموچاویاندا دیاربوو.

کە دوا کەسیان لە ژوورەکە چووە دەرەوە، دەرگای ژوورەکەی پێوە درایەوە... (زین)یش سەرێکی بەرزکردەوە، تەماشایەکی ئەو تەنیایی و بێکەسییەی خۆی بکات کە ترسی لێ دەوەشایەوە، شێوەی ئەو کەنیشک و کەنیزەکانەی دەهێنایەوە پێش چاوی خۆی، کە هەریەکەیان وەک تارماییەکی بەرجەستەی دەنواند لەبەرچاویدا، کە پڕی بێ لە تەم و خەم. لە کانگای دڵە بریندارەکەیەوە هەستی پێکرد، کە هەر ئەو تارماییانەن دۆستی بن، ئەو بەوانەوە و، ئەوان بەووەوە ڕاهاتبن. هەر ئەوانەن کە چوونەتە ڕەگ و خوێنی دڵی و دەروونیەوە، یەک بەیەک لەو تارماییانە ورد دەبووەوە. ئنجا دەستی کرد بەقسەکردن لەگەڵیاندا:

«دۆستەکان ڕۆژباشیتان لێ دەکەم، سەرچاو هاتن... دۆستەکانی دەروونە هەناسە ساردەکان... هاودەمی دڵ بریندارەکان... هاوبەشەکانی ڕازی ناو دڵی پڕ لە ئازار... ئەی تارماییەکانی خەو بۆ چاوی ئەو کەسانەی کە مێشکیان پڕە لە یادی پڕ لە خەموخەفەت... ئەی ئەو جامانەی کە زمانی تاڵ بەخواردنەوەی مەیی ناو ئێوە تێنوێتییی دەشکێ... ئەی ڕووکەشانی خۆشی و شادمانی، کە چاوی بیمار بەبینینی ئێوە دەگەشێتەوە... دڵداران هەموو گەیشتنە پەرستگای نازدار و جوانی خۆیان. ڕێبوارانیش هەموو گەیشتنە خۆشی و شادمانیی پێگەیشتن و کامەرانییان. وا ئەوە دڵی کاول بوومە، لەناوتاندا دانیشتووە و، لەبەر دڵێ ئێوە، بێکەس ماوەتەوە، لە ئێوە بەولاوە کەسی تر تێیدا هاتوچۆ ناکات. جا ئێوە ئیمڕۆ دەتوانن بەئارەزووی خۆتان تێیدا ڕاببوێرن، هەر چۆنێکیشتان دەوێ بەکاری بهێنن. دەیشتوانن لەوەیش بەولاوە بچن. دەتوانن بچنە هەموو سووچێکی دڵ و دەروونمەوە. چاوەکانم بەتیشکی ئێوە دەگەشێنمەوە... لێوەکانم بەجامی مەیی ئێوە تەڕ دەکەم... مێشکم بەچرای ئێوە ڕۆشن دەکەمەوە.

«وەرن ئەی دۆستینە، لای من کۆبنەوە، چونکە کەس لە ئێوە باشتر نییە بۆ چاکەدانەوە، بۆ دڵی من. لە ڕۆژانی ڕەشمدا پێویستیم هەر بەئێوە هەیە. لە شەوانی تاریکیشمدا هەر بەئێوە دڵم دەکرێتەوە».

پاشان لەناو تارماییەکانی ئەو خەمانەدا، تارمایی (ستی)ی چاو پێدەکەوێ وەک لەلایەوە دانیشتبێ و، وەک جاری جاران ڕازی دڵی خۆیان بۆ یەکتر بگێڕنەوە و، گلەییی بەختی خۆیان بۆ یەکتر بکەن و، دڵی یەکتر بدەنەوە، چاوی بەو تارماییە دەگەشێتەوە و، بەرەو پیریی دەچێ، تا دەست بکاتە ملی، ئنجا پێی دەڵێ:

«ئەی خوشکی خۆشەویست... ئەی گیانی (زین) و ڕووناکی ناوچاوانی ئەی هاودەمی خۆشی و تەنگانەم و هاوبەشی ڕازی دڵم... ئەی هێلانەی خەموخەفەت و ئازاری دەروونم... ئەی پەنای سرەوت و ئارامی گیانم... لە دەست چارەنووس چی بکەم، کە خودا وای کردووە، دڵ و دەروونی هاردووکمانی وەک یەک دروست کردووە. کەچی لە بەخت و کامەرانیدا، وا لە یەکتریی جوێ کردووینەتەوە!. سوپاسی هەرە گەورەم پێشکەشی یەزدان دەکەم، کە ئەو بەختەی ویستت دەستت کەوت و، ئەو ئاواتەی لە دڵتدا بوو بۆت هاتەدی و پێشییەوە کامەران بوویت. بام ڕۆژگار بەدەمتەوە پێبکەنێ، تا منیش خەمەکەم پێی بڕەوێتەوە. یاخودا ژین هەر کامەرانت بکات، تا منیش بەکامەرانیی تۆوە باری سەرگەردانییەکەم سووک ببێ.



«بەڵام ئەو بەختەی من هەمە، ڕەشییەکەی هەرچەندێ بێ، هەرگیز لەو بەشە زۆرتر نابێ کە پێویستە لێی بێدەنگ ببم و، ئارامیشی پێ بگرم. دیارە لە سەرەتای ژیانمەوە، خودا ئەمەی بەش داوم کە تووشی ئەم هەموو خەفەتە و، ئەم هەموو هەناسە ساردییە ببم... وا دیارە ئەوە چارەنووسێکە تۆمارکراوە بۆم... خۆشیی ژیان و بەزموڕەزمی بۆ تۆ داناوە. بۆ منیش خەم و دڵی پڕ لە ئازار و کوێرەوەری... (تاژدین)ی بەخشیوە بەتۆ، هەموو جیهان و بەزموڕەزمی جیهانیشی لەگەڵ ئەودا داویتێ... بەمنیشی (مەم) داوە، بەهەموو خەموخەفەت و سەرگەردانییەکەوە. منیش هیچم بۆ نەماوەتەوە، ئەوە نەبێ، کە بەبەشی خودایی دڵخۆش ببم و، بەفەرمانی خودایی بێدەنگ ببم».

لە شەویشدا، زۆربەی کاتی خۆی، لە ژوورەکەیدا، هەر بەتەنیایی ڕادەبوارد، زۆر جاری وا هەبوو، ئەوەی پێخۆشبوو کە بەتەنیشت مۆمێکی داگیرساوەوە دابنیشێ لە سووچێکی ژوورەکەدا. سەرنج لە سووتانی مۆمەکە بدات، لەو دڵۆپانە بدات کە بەملاو بەولای مۆمەکەدا دەهاتنە خوارەوە، وەک فرمێسک. سەرنج لەوەی بدات کە دەتوایەوە و بەرەو نەمان دەڕۆیشت. لەو کاتەدا هەستی بەداخێکی گەورە دەکرد لە جگەریدا، چونکە خۆیشی وەک یەکێک لەو مۆمانە دەهاتە پێش چاو، کە خەریکە بەرەونەمان و کوژانەوەی ژیان بچێت. پاش ئەوە چاوی دەبڕییە مۆمەکە و گفتوگۆی لەگەڵ دەکرد، دەیگوت:

«ئەی ئەو خوشکەی کە لە بەرامبەرمدا وەستاویت و، وەک من بەئاگر دەسووتێیت! دەتوانیت سوپاسی چارەنووسی خۆت بکەیت، کە جیاوازیی ئازاری دڵی تۆ و ئازاری دڵی من، وەک جیاوازیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە. دەتوانیت لە چاو مندا، بەبەشی خۆتەوە شانازی بکەیت. هەرچی گڕی ئاگرەکەی تۆیە، هەر لە دەرەوەیە. بەڵام گڕی ئاگرەکەی من لە کانگای دڵم و جەرگ و هەناومەوە دێتە دەرەوە. ئاگرەکەی تۆ هەر ئەوەندەی سەری زمانێک لە لەشت دەکەوێ، ئیتر لەو ئەندازەیە تێپەڕ ناکات. بەڵام ئاگرەکەی من، گڕەکەی دەگاتە دوایی هەموو ڕێگاکانی گیانم، دەچێ بەگژ هەموو بەشێکی دڵ و دەروون و لەشیشمدا... ئاگرەکەی تۆ کەوتۆتە سەرووتەوە، کە ڕۆشناییەکی تێدایە پرشنگ و خۆشی پەخشان دەکات بەهەموو لایەکتدا... بەڵام ئاگرەکەی من لە هەناوم دایە، هەموو لایەکم لێ دەکات بەتەمومژ و تاریکی. ئاگرەکە لە زمانی تۆدا جادووگەرییەکی پاراوی و هەست دەربڕین و قسە ئارایی پێشان دەدات. بەڵام ئاگرەکەی من لەناو دڵ و دەروونم دایە، ئازاری توندوتیژی وام پێدەگەیێنێ، کە پەکی زمانم دەخات و قسەم پێ ناهێڵێ. پاش ئەوە ئاگری تۆ لەکوێ و ئاگری من و هەناسە بۆ چرووکەکانی من لەکوێ؟. تۆ لە بەیانی

زووەوە لە سرەوت و ڕاکشاندایت تا دەگەیتە ئێواریّ!... بەلاّم من هەر لە هەنسکدانی پڕ ئازار و، ئاگری دەروونیی کلّپەدار و، جەرگ سووتان دام، تاوێکم دەست ناکەوێت پشوویەک بدەم. نەدەمێکم دەست دەکەویّ بیکوژێنێتەوە نەکزەبایەکیشم بۆ پەیدا دەبیّ دایبمرکێنێتەوە».

لەو کاتەیشدا کە شەو بوو و سەرنجی لەو پەروانانە دەدا کە بەچوارلای ئەو مۆمانەدا گڕیان دەخوارد و دەسووڕانەوە، بەچاوێکی پڕ خەموخەفەتی فرمێسکاوییەوە سەیری دەکردن و پێی دەگوتن:

«ئەی ئەو پەلەوەرانەی لە هێلانەی جوێبوونەوە و دووریی یار هەڕاتان کردووە... ئەی ئەو بلبلانەی هۆگری گوڵی گڕی ئاگرن... ئەی بەڵگە ڕاست و دروستەکان لەسەر بیانووگری درۆزن... ئەی ئەو پەروانانەی گیانی خۆتان بەهەرزان و تالاّن بەخت دەکەن، بەپەرۆشی و ئازاییەوە... پێم بلّێن: ئایا تاوێک لەم سووڕانەوەیەی خۆتان وەڕس نابن؟!. ئایا لەم هەموو تێکۆشانە پڕ ترسولەرزەی بێ بڕانەوەتان هیچ ماندوو نابن، کە ئەمەندە بەچوارلای ئەم پەرستگایەی خۆتاندا دەسووڕێنەوە؟!

«بەلاّم جێی داخە کە یەکێک بەمەندی و بێباکییەوە ڕووبکاتە مردن، لەگەلّ یەکێکی وادا بەراورد بکریّ، کە بەترسولەرز و وەڕسبوونەوە ڕووی تیّ بکات. پێویستە بزانن کە ئەم پەلەپەل و هەلّەداوانییەتان لە تێکۆشانەکانتاندا نیشانەی ئەوەن کە ترسولەرزێکی ناشرینتان تێدایە. ئەم هەموو ترسولەرزەیشتان، سەرچلّییەکە، مرۆڤ دەبیّ خۆی لیّ بپارێزیّ. ئەم پەلەپەلەیشتان بۆ خۆلەناوبردن، لە پێش ئەمەدا کە لەشتان بەهۆی ئارەزووی دیداری یارەوە تەواو پیّ بگات، لە ڕاستیدا بریتییە لە خۆ ڕزگارکردن لە ئارام و ئازاری ئارام. ئایا ئیتر وازناهێنن لە خۆتان، بەسرەوتەوە دابنیشن، وەک من، تا هەموو لەشتان لە بۆتەی هەناوتاندا دەتوێتەوە، تا هەرچی کەرەستەیەکتان هەیە لە ئاگری گیانتاندا دەسووتیّ و دەبیّ بەخۆلّ؟!...

ئەوساکە ئەم ڕاستییەی ناو سەر زەمینەتان دەگۆڕیّ و دەبیّ بەگیانێکی پیرۆزی زیندوو کە هەرگیز نامریّ، ئەوساکەیش دەبێتەوە بەگیانێکی پاک لەناو جامێکی ڕووناکدا. ئەوساکەیش واتان لیّ دیّ، کە بیّ سووتان دەتوانن دەست بکەنە ملی ئەم گڕە، هەروەها بیّ برژانیش دەتوانن بەملاو بەولایدا خۆتان بگەوزێنن».

ژیانی (زین) لەم شێوەیەدا بەسەر دەچوو... بەتەنیایی لەگەلّ تارمایی و ئەندێشەدا



دەمایەوە... گفتوگۆیشی لەگەلّ ئەندێشە و شتی پڕوپووچدا دەکرد... ئەو هەموو شتانە بەمێشک و بەبەرچاویدا دەهاتن، ئەو هەموو گفتوگۆیانەیشی دەکرد... بەلاّم لە دوای هەمووی، تەنیا یەک شت لەناو مێشک و دلّ و دەروونیدا جێی خۆی دەگرت... ئەویش ناوی «مەم» بوو. ئەوە بەختە ڕەشەکەی بوو، کە لە هاوڕێی گیانی خۆی دووری خستبووەوە، کە لە هەموو خۆشی و کامەرانییەکی جیهانیش بەشبڕاوی کردبوو.

## ئازاری مەم

بەلاّم (مەم)، کە لەگەلّ ئەوەیشدا، جاران، هاوڕێکەی و دۆستەکەی (تاژدین) بەتەنیشتییەوە بوو، هاوبەشیی خەم و ناخۆشیی دلّی دەکرد، بیّ ئارام بوو، جێی بەخۆی نەدەگرت؛ کەواتە دەبیّ ئیمڕۆ چی بەسەرهاتبیّ، کە هاوڕێکەی لیّ دوور کەوتۆتەوە و، هیوایش لە دلّیدا نەماوە، تەنیا شێوەیەکی «زین» نەبیّ، کە جاروبار بەمێشکیدا دیّ، لە پشت تەمومژێکی هەناسە ساردی و ڕەنجەڕۆیییەوە!؟...

هەمووی چەند ڕۆژێک بوو، زۆری پێنەچوو... کەچی ئەو لاوە شەنگوشۆخەی کە بەهێز و مەردایەتیی خۆیەوە، بەکەسایەتی و، بەچنگیی خۆیەوە شانازیی دەکرد، مرۆڤێکی تری لێوە پەیدا بووبوو، ئەمەندە کز و، شپرزە و، پەشۆکاو بووبوو، پیاو بەزەیی پێدا دەهاتەوە. دابوویە بارێکی و بنێسی، شێوەی پووچ بووبووەوە، ڕەنگ و بۆی پێوە نەمابوو. بەدوو چاوی کز و گێژ و وێژەوە تەماشای ئەملاو ئەولای خۆی دەکرد. هۆشی بەخۆی نەمابوو. وەک شێتی لێهاتبوو. بەشەو و بەڕۆژ وێلّ و سەرگەردان دەسووڕایەوە. دەگەڕا بەچۆلّەوانیدا. بەناو دەشت و، بەسەر گرد دا. جاری وا هەبوو هەموو کەنارەکانی گویّ ڕووباری (دەجلە)ی دەبڕی بەهاتوچۆوە جاری وایش هەبوو، سەر دەکەوتە سەر تەوقەسەری شاخەکان و، دەهاتەوە خواریّ بۆ بنارەکانیان. نەجێگای بەخۆی دەگرت، نە بە هیچ کەسێکیش دلّی خۆش دەبوو. ئەویش هەر ئەو «مەم»ە بوو، کە هیوا و ئاوات دلّی گەشاندبووەوە و خەریکبوون بەری بۆ بدەن، کەچی ڕەنجەڕۆیی بەجارێک لە دلّی دلّدارانەی دا و بەو دەردەی برد، کە بەسەری هاتبوو. هەر ئەو «مەم»ەیش بوو، کە دۆستی دلّسۆزی «تاژدین» بوو، و بەویش دلّی دەکرایەوە... کەچی ئیمڕۆ وای لێهاتووە کە دەیبینیّ، نایناسێتەوە، کە لەلایەوە دادەنیشیّ سەری بۆ بەرز ناکاتەوە تەماشایەکی بکات، هەر لە گێژاوی چەندوچوونی بیرکردنەوەی خۆیدا قەتیس ماوە، بەئاهونالّەی نەبیّ، بەهەنسک و گریان نەبیّ، وەرامی ناداتەوە. هەر ئەو «مەم»ەیشە، کە ڕازنووسی ناو دیوانی سەردار

بوو. کەچی ئیمڕۆ وای لێهاتووە، کە دەچێتە دیوانەوە و، سەرداری چاو پێدەکەوێ، خۆی بۆ ناگیرێ ئاهونالّە و گریانی خۆی لێ بشارێتەوە.

لەگەلّ ئەوەیشدا، دەردی دلّی خۆی لای کەس ئاشکرا نەدەکرد، لای «تاژدین»ی دۆستی نەبێ، کە هەرچیی لە دەست دەهات دەیکرد بۆ ئەمەی خۆشی بخاتە دلّیەوە. بەلاّم کە ئاگری دلّی گڕی دەسەند و، شاردنەوەی دەردەکەوێ هەراسی پێ هەلّدەگرت ڕووی دەکردە چۆلّەوانی، بۆ گوێ ئاوەکان، یان بۆ بناری شاخەکان، لەوێدا هەرچیی لە دلّدا بوایە لە ئاهونالّە و، هەرچیی لە چاودا بوایە لە فرمێسک هەلّی دەڕشت ئەو بایانەی کە شنەیان دەکرد بەملاو بەولایدا و، ئەو ئاوانەی کە خوڕەیان دەکرد بەبەردەمیدا دەیکردن بەیار و هاودەمی خۆی، داخی دلّی خۆی بۆ هەلّدەڕشتن و سکالاّی دەردی خۆی بۆ دەکردن... بەدرێژیی ڕۆژگار لەسەر گوێ ئاوی (دەجلە) دادەنیشت و قسەی خۆی بۆ دەکرد و، هەستی دلّ و دەروونی خۆی دەدا بەڕووی ئاوە خوڕەکەیدا و دەیگوت:

«ئەی ئەو ئاوەی کە بەخوڕ دێیتە خوارەوە، بەچەشنی فرمێسکەکانم کە بەلێشاو هەلّیاندەڕێژم!... ئەی ئاوی شۆڕشگێڕ، کە وەک ئاگری ئارەزووی دلّم بۆ بینینی یار وایت لە هێز و تەوژمدا!... بۆچ وات دەبینم، بەنالّەنالّ و گرمەگرمەوە، هاڕە دەکەیت و هاژە دەکەیت. هیچ کاتێ ناسرەوەێیت و هەرگیز ئارامیش بەخۆت ناگریت؟!

بۆچ تۆیش وەک من وایت: سەرگەردانی دەستی دلّداری و شێتی دووریی یار بیت؛ بۆیەکا وا خرۆشاویت و ڕۆژ و شەو خەریکی ئەم شۆڕشەیت؟!

بەلاّم لەم دوورگە پڕ شیناییە بەولاوە، کە بەهەر چوارلایدا دەسووڕێیتەوە دەبێ کێ هەبێ، دلّخوازی تۆ بێ؟... کەواتە ئەم شۆڕشەت لە چییە؟ ئەی ئەوە نییە یارەکەت لە باوەشتدا نوستووە، خانووەکانی لەناو جەرگتدا هەلّنیشتوون؟ ئەی ئەوە نییە دەستی ڕاستت لە کەلەکەی ئالاّندووە، دەستی چەپیشت لەسەر بەرۆکی قایم کردووە؟

ئەم خۆشی و کامەرانییەیشت لەبەر دەست دایە، کەچی هەستی پێ ناکەیت و سوپاسێکیشی بۆ ناکەیت؟!. هەر لەسەر هاژەهاژ و کەف چەندنی خۆت دەڕۆیت، گرمەگرمت دەگاتە ناو ئاسمان، نالّەنالّیشت دەگاتە خاکی (بغداد)!... پێم نالّێیت ئیتر لەمە بەولاوە چیت دەوێ؟!. کامەن ئەو هیوایەی لێت بڕاوە، تا پێویست بەم هەموو خرۆشان و سووڕانەوەیە بکات بەچوارلای خۆتدا، بۆ ئەمەی دەستت بکەوێتەوە؟!.

ئەو گریان و شینەی تۆ دەیکەیت، دەبوو لە سنگی من بهاتایە دەرەوە، ئەو ورووژان و



شۆڕشەی تۆ دەیکەیت، دەبوو لە دەروونی من پەیدا ببوایە. من لە تۆ لەپێشترم کە گریان و شینم بگاتە ئاسمان، بۆ من پێویستە ئاگری دلّم بەچوارلای ئەم شارەدا هەلّبگیرسێ.

ئەوە هەر منم کە بەرگەی ئەوە بگرم دلّم لەسەر نووکی خەنجەر ڕابوەستێ. تا دوور بووم لێی بریسکانەوەی ئاوێکی شیرینم چاو پێدەکەوت. بەلاّم کە لێی نزیکبوومەوە، ژەهرێکی کوشندە چووە ناو کانگای دلّمەوە، کە تازە چارەی ناکرێ! ئەوە ئەی «دەجلە»! دلّێکی وشک و برنگە، گڕی هەناسە ساردی سووتاندوێتی. تۆ چ زیانێک دەکەیت، ئەگەر جارێک چاوێکی پێدا بخشێنیت یان سەرێکی لێ بدەیت، لەو کاتانەدا کە دەسووڕێیتەوە بەچوار لای ئەم شارەدا کە خۆت کردووتە بە بەهەشتێکی سەر زەویی سێبەردار، پڕە لە دارودرەخت و چیمەن و لالەزار، پڕە لە گولّەباخ و، نێرگس و، وەنەوشەی جوان و نازدار؟... دوور نییە لەو دلّەیشدا دەرختێکی تێدا ڕوابێ و، گەلاّی کردبێ، یان کزەبایەکی فێنک کەوتبێتە ناو گێژەلّووکە گەرمە ژەهراوییەکەی ناویەوە!.».

پاشان ڕووی دەکردە ئەو بایانەی بەملا و بەولایدا شنەیان دەکرد، دەیکردن بەنامەبەرێکی خۆی بۆ کچە شای دلّی، نووسراوەکەی خۆی پێدا دەناردن. دەیگوت:

«ئەی ئەو کزەبا فێنکەی وەک گیان ناسک و ڕەوانی، کە بۆ هەر لایەک بچیت، بۆ هەر جێگایەکی گرنگ و بەربەستکراو بچیت، دەرگات لێکراوەتەوە. ئایا گوێ لە تکای پیاوێکی بەندیی وەک من دەگریت؟... جا ئەگەر گوێی لێ دەگریت، ئەوا ڕووبەرە ئەم ڕۆژهەلاّتە، کە نموونەی جوانی و پاکی و پەرستگای ئارام و کامەرانیی من لەوێ دایە... کە گەیشتیتە بەر دەرگاکەی بوەستە و خاکی بەرپێی لەپێشدا ماچ بکە. پاشان بچۆرە بەردەمی خاوەنی ئەو جوانییە، بەلاّم بەشیرینی و ملکەچی و نەرمییەوە قسەی لەگەلّدا بکە، تا ئەوەندەی هەلّدەگرێ، پێیدا هەلّ بدەیت و ڕێزی لێ بگریت و، پایەبلّندیی دەربخەیت. پاش ئەوە چەند هەنگاوێک بگەڕێرە پاشەوە، بۆ ئەمەی نووسراوی گیانی گڕ تێبەربووی منی پێ بگەیێنیت... پێی بلّێ، ئەمە نووسراوی دلّکێشکراوەکەی تۆیە، کە بەخوێنی خۆی نووسیویەتی، لەسەر لاپەڕەی لەشی گڕ تێبەربووی خۆشی نووسیوە. ئنجا کە دیت دەموچاوی بەو قسەیە کرایەوە و، دلّی پێم سووتا، بەنەرمی و شیرینییەکیشەوە پێی بلّێ:

«گەورەم! «مەم» پیاوێکی بەسەزمان و هەناسە ساردە. تاوێک لە خەو و ئەندێشەی ڕووخۆشیی تۆدا ژیا، بەلاّم زوو بەزوو خەوەکەی لێ زڕا، چونکە ڕووخۆشییەکەی تۆی لەگەلّ نەما، لەوساکەوە تا ئێستا لە ڕەنجەڕۆیی و سەرگەردانی دا دەژی. خودا ئاگادارە

بەو سەرەوە، کە هیچ گوناهێکی نەکردووە، هیچ تاوانێکیشی نییە. مەگەر گوناهی هەر ئەوەندە بێ، کە دڵێکی هەبوو، دەخرۆشا بۆ یەکێک. ئیمڕۆکەیش ئەو دڵە خۆی لێ دوورخستۆتەوە دەمێکە لە دەستی چووە. دوور نییە ئەو کاتەی دڵەکەی دەخرۆشا، خاوەنی ئارەزوو و خرۆشێک بووبێ کە دڵی پێیدا چووبێ. دوور نییە لەوەدەمەدا گوناهێکی کردبێ، یاخود تاوانێکی لە دەست دەرچووبێ، بەڵام ئەویش وەک ئەو هەموو کەسانە وایە کە هاتوونەتە جیهانەوە، لەگەڵ کەموکووڕی و هەڵە و شت لەبیرچوونەوەدا هاتوون.

ئەمە ڕاستە، گەورەم، کە خونکار و خاوەن بەندە، مافی هەیە چاو لە گوناهی بەندەی خۆی نەپۆشێ و، هەر جەزرەبەیەکیش ئارەزوو دەکات پێی بگەیێنێ. بەڵام ئایا ئەوەیشی لێ ناوەشێتەوە، کە دەستی گەورەیی خۆی بەسەردا بکێشێ و بەزەیی پێیدا بێتەوە و، نزیکیشی بخاتەوە لە خۆی، کە لە سایە و سێبەری ئەودا بحەسێتەوە؟!...

ئەوەیشت لەبیر نەچێ، ئەی کزەبا، کە هاتیتەوە لام، هەندێ تۆزی ئەو جێگایەم لەگەڵ خۆتدا بۆ بهێنیت. هەر تۆزێکم لەو خاکە بۆ بهێنیت. هەر تۆزێکم لەو خاکە بۆ بهێنیت بەسمە. چونکە لە گەردەکانیدا ئەو بۆنە هەیە کە دڵم پێی زیندوو دەبێتەوە، ئەو دەرمانەیش هەیە کە دەردی دڵم چاک دەکاتەوە.».

ئەگەر (مەم) زۆرتریش لە ئاهوناڵە و دڵ بریندارییدا بوایە، کزومات دەبوو، هەر بیری لە خۆی و سەرگەردانیی خۆی دەکردەوە، دەکەوتە گێژ و وێژییەکی واوە کە هۆشی بەخۆی نەدەما، نەئاگای لە ڕووکەشیی جیهان دەبوو، نە لە چاو ئەندازانی سروشت، نە لە هیچ کەسێک. لەو کاتەدا لە چەندوچوونێکی خوێناویدا دەبوو، لەگەڵیدا... ئەو دڵەی کە بەجارێک پشتی تێکرد و لایەکی لێ نەکردەوە. بەئازار و هاوارێکی زۆرەوە، تا ماوەیەکی درێژ گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرد، دەیگوت:

ئەی ناپاکی زۆردار... پیم بڵێ، لەبیرت نەچۆتەوە؟... لەبیرتە کە دڵنیات دەکردم و بەڵێنت پێ دەدام و پەیمانت دەدامێ... ئەوانەت، هەموو، بەجارێک لەبەردەممدا دەکرد، تا ئەندازەی دڵسۆزی و چاکەدانەوەی خۆتم بچەسپێنێتە دڵەوە؟ لەبیرتە کە بەهەموو هێز و هەرەتێکی نیازتەوە، باوەڕت پێ دەهێنام، کە لە هەموو کاروبار و کەینەوبەینەیەکدا ڕاست دەبیت لەگەڵمدا و، لە هەموو دەمێکیشدا لێم جیانابیتەوە؟... لەبیرتە کە خۆت لەبەردەمی مندا هەڵدەکێشا و، پڕ بەدەم خۆت وا پێشان دەدا، کە لەپێناوی مندا توندوتیژییەکی گەورە دەنوێنی و لەبەر کەڵکی من هەموو ئەرک و ئازارێک هەڵدەگرێت؟...



لە بیرتە کە دادەنیشتیت، خۆت وا پێشان دەدا، کە گرفتاری دڵداریی منی... ئەو دڵدارییەی، کە هیچ فرمانێک لە بیرتی نەباتەوە و، هیچ هێزێک لێتی دوور نەخاتەوە؟.

لەبیرتە کە لەبەر من خۆت بەگەورە و لووتبەرز پێشان دەدا بەسەر هەمووواندا، وایشت تێ دەگەیاندم، کە لە پێناوی مندا هەموو دانیشتوویەکی سەرزەمین بەچاوی سووک تەماشا دەکەیت؟

جێی داخە... جێی داخە کە ئەو ڕۆژە بە فوو پێداکردنێکی زۆردارانەی تۆ چەواشە بووم، کە بەهۆی ئارەزوویەکی تۆوە، بەجارێک خۆم لە بیر چووەوە... وایش لێم جیابوویتەوە کە هەر چەند دەکەم ناتدۆزمەوە و، نایشتگەمێ.

ئەی باڵداری بچووکی خوێڕی! پێم بڵێ بە چ مافێ، بۆ هەرکوێیەک ئارەزوو دەکەیت دەفڕیت. ئەم گیانە بەئازارەی منیش لەم بەندیخانەی لەشەمدا بەجێ دەهێڵیت؟ ئەم گیانەی کە تۆ و ئەو پێکەوە هاتوونەتە جیهانەوە، کە هەروەک دوو هاوڕێی هەرە باش پێکەوە ژیاون، کە لەشی تۆ لە سایەی ڕازی ئەوەوە بەڕێوە دەچێ، کە گەشیی تۆ لە سایەی ڕووناکیی ئەوەوە پێک دێ.

ئەی دڵ! بەسیەتی سەرچڵی. بەسیەتی ڕەوکردن بۆ ناو جێگای نەبینراو ونەبیستراو. بەسیەتی خۆ دوورخستنەوە لە چرای گیان و تیشکەکانی. ماڵوێران! ڕێگا تاریکە و ئامانجیش یەجگار دوورە لێتەوە.

ئەوە گیانی تۆیە، هەی هەش بەسەر! گیانی تۆیە، کە ئەویش بەشێکە لە تۆ. تۆیش وا هەڵدەگرێ کە هەر ئەوت خۆشبوێ، نەک ئەو گیانانەی دوایان دەکەویت. تۆ ئەگەر مەبەستت جوانی بێ، ئەو جوانییەی کە ئەم گیانە پێی بەخشیویت یەجگار زۆرە. ئەگەر بەدوای گەشی و پرشنگدان و ڕووناکیشدا دەگەڕێیت، کێی تر هەیە لەو زۆرتر گەشی و ڕووناکی و پرشنگت پێ ببەخشێ؟

ئەی دڵ! بگەڕێڕەوە، بگەڕێڕەوە، مەهێڵە جوانی و شەنگوشۆخیی سەر و شێوە چەواشەت بکات. هەرگیز بەزەردەخەنەی لێوان بڕوات نەبێ. بەجوانیی چاوانیش چاوبەست نەکرێیت. گەشی و پڕشنگی دەموچاویش لەناو قژی لوولی ڕەشدا، دڵت کێش نەکات. ئەمانەی لەبەر چاوتدا دەبریسکێنەوە، هەموویان پشکۆ و ئاگرن، زۆری پێناچێ گڕت تێبەر دەدەن، تۆیش لە ناویاندا دەسووتێیت و کڵ و کۆت دادەمرێتەوە. هەزاران بلبلی وەک تۆ هەن، کە هەموو تەمەنیان بەشیوەن و گریانەوە، لەناو گوڵ و گوڵزاردا بەسەر

دەبەن... کەچی هەر ئەوەندەیان پێ دەبڕێ، کە پەروانە لە گڕی ئاگر دەستی دەکەوێ؛ واتا: گەرمایی و، هەڵپڕووکان و برژان. پاشان دەبن بەپارچە گڵێکی وشک، دەکەون لەبەردەم شنەی ئەو لق و گوڵانەدا... ئەی دڵ! تۆ خۆت خستۆتە ناو کۆڕی بەزمورەزم و خۆش ڕابواردنەوە. مەبەستت ئەوەیە، بگەیتە سرەوتی گیانی و کامەرانی... بەڵام من وەک لە پزیشکی شارەزام بیستووە، چاکبوونەوەی تۆ لەم دەردە لەوە دایە کە خۆت لە ئاڵۆش و خرۆشی مێبازی بپارێزیت. لەوێشدا بەکامی خۆت دەگەیت، کە خۆت ڕابهێنیت بەدڕکودالّی خۆڕاگرتن و بەشبڕاوی لەو شتانەوە... ئەم پزیشکە وای پێگوتووم کە دەردەکەی تۆ لەو مەیە خۆشە دایە کە دڵت ئارەزووی دەکات. دەرمانی دەردەکەیشت هەر ئەو ژەهرە تاڵەیە کە بێزاریت لێی بخۆیتەوە.

ئەی دڵ! چۆن لەگەڵت بدوێم؟... چیت لەگەڵدا بڵێم؟... چیی بڵێم؟... هەروام دێتە پێش چاو، کە پشتم تێدەکەیت، کە گوێم نادەیتێ. هەروەک خاوەنی ئەم دەنگە و ئەم تکایە ڕۆژێک لە ڕۆژان نەتناسیبێ وەهایە!.».

ئیتر لێرەوە قسەکانی لێ دەبوو بەپشکۆی ئاگر و دەچزا بەو کلۆڵەیدا. پاشان لە دڵیەوە، تین و گڕەکەی بەرز دەبووەوە بۆ سەری، وەک چەرە دووکەڵێک لە کەللەیدا کۆ دەبووەوە. ئەمەندە پەنگی دەخواردەوە لە مێشکیدا، وەک تەمومژێکی توند و تاریکی ڕۆژی باران کە بەری ئاسمان دەگرێ، ئاوا بەری بیرکردنەوەی ئەو بێچارەیەی دەگرت. پاشان زۆری پێنەدەچوو، دەبوو بەلێشاوێکی فرمێسک و بەدەم گریانەوە لە چاوەکانیەوە دەهاتە خوارەوە!

ئیتر لەوێدا «مەم» خۆی دەدایە دەست فرمێسکەکانی، بەگێژییەکەوە خۆشیی لێ وەردەگرتن، بەگڕەکانیان خۆی باوەشێن دەکرد، بەلێشاوەکەیان خۆی دەبووژاندەوە، کە لەوەپێش قسەکانی وا لە گەرویدا گیریان دەخوارد، ئەوەندەی نەدەما کە بیخنکێنن. ئیتر هەروا دەمایەوە، تا چاوەکانی وشک دەبوونەوە، جەرگ و هەناویشی هەڵدەگوشران. بەڵام دووبارە دەستی دەکردەوە بەجەنگ لە ناوەند (گیان)ی و (دڵ)یدا. جارێکی تریش خۆی دەخنکاندەوە بەهەست و تەزووی سەخت و ناخۆشەوە. ئیتر هەر لەو سەرگەردانییەدا دەمایەوە، تا جارێکی تریش چاوی بەزەیی پێدا دەهاتەوە و، کۆمەڵێکی تریش فرمێسکی پێدەبەخشییەوە.

بەم ڕەنگە ئەم چیرۆکە ڕووی دەدا و، دووبارە دەبووەوە. «مەم» ئەوەندە گریا، چاوەکانی کول بوون... ئەوەندەیش ئاهونالّەی کرد و شین و گریانی کرد، ئەوەندەی نەما کە چرای



ژیانی بکوژێتەوە... ئیتر تا دەهات کز و بێهێز دەبوو. دوایی نەخۆش کەوت و گرانەتای تووش بوو. لە شوێنێکی سەر کەناری (دەجلە)دا لاڵ و پاڵ لێی کەوت. بەبێ کەسی و بەتەنیاییەوە مایەوە. لە چەند دۆستێکی دڵسۆز بەولاوە کە جاربەجارێک دەهاتن بەلایەوە، دڵخۆشییان دەدایەوە، کەسی تری بەلاوە نەبوو، تەماشای دەرد و سەرگەردانی بکات.

خانووەکەیشی کە لەناو شاردا بوو، هەر لە زوویەکەوە بەجێی هێشتبوو، کە هێشتا نەخۆش نەکەوتبوو. زۆر بەپەرۆشیشەوە بوو کە کەس بەڕازی دڵی نەزانێ، دۆستە هەرە دڵسۆزەکانی خۆی نەبێ، وەک «تاژدین». لەوە دەترسا کە سەردار (زين الدين) بەکەینەوبەینەکەی بزانێ، لە سەروو دڵڕەقییەکەیشییەوە، ئەوەندەی تر بەناوی ناوبانگ و ئابڕووی خۆیەوە ئازاری بدات و، لە ڕاستیی کەینەوبەینەکە تێنەگات و، بەقسەی پڕوپووچ باوەڕ بکات.

## گەشتێک بۆ ڕاوکردن

ڕۆژەکە خۆش بوو، پڕشنگی دەدا و دەرودەشتی ڕۆشن دەکردەوە، ئاسمانەکەی شین و پاک و بێگەرد بوو. سروشتیش بەبەرگی هەرە جوان و ڕەنگاوڕەنگ ڕازابووەوە. خۆشیی ڕۆژگار و زەردەخەنەی گوڵ و گوڵزار یەکی گرتبوو.

دەرودەشت بەرگێکی سەوزی ڕەنگینی پۆشی بوو، لەبەر تیشکی ڕۆژی گەوهەرین دەبریسکایەوە. گژوگیاکان بەکزەبای پڕ بۆنی خۆش و ورشەورشیان پێکەوتبوو. گردەکانیش وەک شا کڵاوێکی زمڕووتی، ناوچەوانی سروشتیان ڕازاندبووەوە. لە بنارەکانیدا، دەستی پەروەردگار کەوتبووە کار، جوانترین گوڵ و گوڵزاری پێدا پەخشان کردبوو. شاخە بڵندەکانیش، بەسەر و پۆپە ڕەنگینە بەسامەکانیانەوە، بووبوونە نموونەیەکی جوانی و شەنگوشۆخی، سەیری گەورەیی ئەو خودایەیان دەکرد، کە بەدەستی ڕەنگینی خۆی دروستی کردبوون و، وێنەی کێشابوون. دۆڵەکانیش پڕ بووبوون لە دارودرەختی شۆخوشەنگ، لەناو لقوپۆپەکانیاندا، دەنگی هەموو جۆرە بلبل و پەلەوەر و باڵدارێک دەهات. سەرچاوە ئاوەکانیش بەناو ئەو دەشت و و دۆڵانەدا بەخوڕی دەڕژانە خوارەوە، لەبەر ڕۆژەکەدا بریسک و هووڕیان دەهات، هەر لە خشڵێکیان دەکرد کە بەسەر و پۆتەڵاکی کچێکی جوانەوە دەبریسکێتەوە. بانگ ڕاهێڵی سەرداریش، هەر لە زوویێکەوە بەناو هەموو لایەکی (جزیر)دا بانگی ڕاهێشتبوو، کە سەردار ئەو ڕۆژە نیازی ڕاوی هەیە.

پێویستە هەر کەسێکیش خاوەن تیروکەوان بێ، یان دەست و بازووی بەهێز و چالاکیی هەبێ، لەژێر سێبەری داردا بچێتە ئەو شارە، کە سەردار خۆی سەرپەرشتیی گرەوەکەی دەکات و، خۆیشی هاوبەشیی ڕاوکردنەکە دەکات.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی دیاریکراودا، هەرچی گەورە پیاو و ناودارانی (جزیر) هەیە لەگەڵ شۆڕەسواران و پاڵەوانانیدا، بەسەرۆکایەتیی سەردار و هاوڕێکانیەوە ڕەویان کرد و ڕوویان کردە دەرەوەی شار. هەموویان تیروکەوانەکانیان کردبووە شانیان و هەموو کەلوپەلێکی ڕاویشیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتبوو. بەدوای ئەوانیشەوە هەموو دانیشتوانی (جزیر)، بەگەورە و بچووک و ئافرەت و پیاوەوە، لە شار چوونە دەرەوە، بۆ ئەمەی بەتەماشاکردنی ئەو گرەوە ناوازەیە، کە لەژێر سەرپەرشتیی سەردار دایە، ئەو ڕۆژە بەخۆشییەوە ڕاببوێرن.

زۆری پێنەچوو، ئەو هەموو کۆمەڵە گەورەیە، بەناو شیو و دۆڵ و گرددا بڵاوبوونەوە، لەناو پێچوپەنای شاخەکاندا، لە چاو ونبوون. هەرکەسەیان بەپەرۆشەوە بۆ ئەوە دەگەڕا، کە چەند نێچیرێکی وا بگرێت، ئێوارە لەناو ڕاوکەراندا شانازییان پێوە بکات. دوور نەبوو یەکێکیان شێرێکی دڕندە، یان پڵنگێکی بەرچنگ بکەوێ، کە ئێوارە دەهات ئەندازەی جەربەزەیی و ئازایەتیی خۆی پێوە دەنواند. دووریش نەبوو کە بەشی یەکێکی تریان ئاسکێکی نازەنین دەربچێ، کە ئێوارە دەهات و هەموویان کۆدەبوونەوە، ئەندازەی لەش سووکی و هونەرمەندیی خۆی پێوە دەردەخست. ڕەنگ بوو، یەکێکی تریان کۆمەڵەیەک باڵدار و گیانلەبەری سەیر سەیری بەربکەوێ. دووریش نەبوو هی وایان تێدا هەڵ بکەوێ کە لە هەموو جۆرە ڕەگەزێک ڕاو بکات و کۆی بکاتەوە. کە ئێوارە دادەهات لەناو ڕاوکەرەکاندا ڕم و تیروکەوانەکەی خۆی ڕادەوەشاند، هێز و هەڕەت و دەست و بازووی خۆی پێشان دەدان. هی وایشیان تێدا هەڵدەکەوت، کە بە بێ بەختییەوە دەگەڕایەوە و، هیچ نێچیرێکی دەست نەدەکەوت، ئەوساکەیش سەردار، پەسندکردن و سەرسوڕمانی خۆی بەسەردا دابەش دەکردن و هەرکەسەیشیان بەپێی خۆی پاداشی دەدایە و، لە خۆی نزیک دەخستەوە.



## بەیەکگەیشتنی دڵخوازەکان

جارێ بام ئەوانە بەجێ بهێڵین کە بەناو ئەو گرد و شاخ و دۆڵ و دەشتەدا بڵاوبووبوونەوە و، خەریکی ڕاوی خۆیان بوون، بام بگەڕێینەوە ناو شاری (جزیر)، کە کەسی تێدا نەمابوو. ئنجا بام ڕوو بکەینە کۆشکی سەردار. هەر لە دوورەوە چاومان بەشێوەی کچێک دەکەوێ کە لەبەر پەنجەرەکەیدا وەستاوە مات و بێدەنگە، هەر لە بیرکردنەوە دایە. کە لە کۆشکەکە نزیک بووینەوە، بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەو کچە کەس نییە «زین» نەبێ. (زین) هەر ئەو کچە شەنگوشۆخە بوو، کە جاران بەلەش سووکییەکەی و، ڕووە خۆشەکەی و، ڕەوشتە شیرینەکەی، هەموو دانیشتوانی ناو ئەو کۆشکەی خستبووە بەزموڕەزمەوە کەچی وا ئیمڕۆ، بەشل و شێواوییەکەوە لەبەر ئەو پەنجەرەیەدا وەستاوە بیر لە کەساسی و سەرگەردانیی خۆی دەکاتەوە. خەموخەفەت دڵی داگرتووە، لەڕ و لاوازی کردووە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاندووە، دەستی خستۆتە بن چەناگەی خۆی و، بەچاوێکی ڕاستیی پەرستانە و زرنگانە و تێگەیشتووانەوە، لە چۆڵ و هۆڵیی ئەو کۆشکە ورد دەبێتەوە. سەرنج لە کۆڕ و کۆڵانەکانی پشت ئەو کۆشکەیش دەدات.

ئەو لەو ڕووکەشە ناکاوەدا کە پڕە لە ماتی و بێدەنگی، واتای لەناوچوون و نەمان دێتە مێشکیەوە، کە بەشی هەموو مرۆڤێکە لە پاش تەمەنی بەزموڕەزم و خۆش ڕابواردنی. لەوەیشەوە نموونەیەکی دڵی وێرانی خۆی دێتەوە یاد، کە تا دەمێکی دوورودرێژ پڕبوو لە ئاواتی خۆش خۆش و ناوازە و، لە خەو و ئەندێشەی جوان و شیرین کەچی لەناکاوێکدا، ئەو هەموو گوڵی ئاواتانە و ئەندێشە جوانانە هەڵپرووکان و سووتان و بوون بەخۆڵ، گێژەڵووکەی ڕۆژگار بردنی بەئاسماندا، نە ئاواتی ناوازەما و، نەخەوی خۆش ماوە، نە ئەندێشەی جوان. چەرخی چەپگەرد، ڕایپەڕاند لە خەو و هوشیاری کردەوە، بۆ ئەمەی چارەنووسی هەناسە ساردی و سەرگەردانی و ڕەنجەڕۆیی خۆی بێتە پێش چاو. لەو کاتەدا کە ئەو بیرانە بەمێشکدا دەهاتن، باخچەی کۆشکەکە کەوتە بەرچاوی. لە پێش چاویدا باخچەیەکی گەورە و فراوانی دەنواند، کە سەردار هونەرمەندییەکی زۆری نواندبوو لە داهێنان و، دروستکردن و، ڕازاندنەوەیدا هەرچی داری بەردار هەبوو تێیدا کۆکردبووەوە. لە ناوەند ئەو دارودرەختانەیشدا هەموو جۆرە گوڵێکی ڕەنگاوڕەنگی تێدا ڕازاندبووەوە، کە سروشت لەسەر گردەکان و کەنارەکاندا بەرهەمی هێنابوو. لە ناوەند ئەوانەیشدا جۆگەلەی ئاو هەڵکەندرابوو، کە ئاوە ڕوونە خوڕەکەی ئەوەندەی تر جوانی و ڕازاوەیی دەبەخشی بەباخچەکە.

(زین) ئەو باخچەیەی وا دەهاتە پێش چاو کە چۆڵ و هۆڵە و، کەسی تێدا نییە. نەکەس هاتوچۆی تێدا دەکات، نەکەسیش گەشتی تێدا دەکات، یان تێیدا ڕادەبوێرێ. لەوێدا هەر پەپوولە ڕەنگاوڕەنگەکانی دەدی کە دەفڕین و دەنیشتنەوە بەناو ئەو گوڵ و دارودرەختانەدا. یان هەر گوێی لە دەنگی پەلەوەر و باڵدار دەبوو کە لەناو لقی ئەو درەختانەدا نیشتبوونەوە. (زین) کشی و ماتی و بێدەنگیی باخچەکەی زۆر پێخۆش بوو. وا دەهات بەدڵیدا، کە تا هێزێکی تێداماوە و دەتوانێ بجووڵێتەوە، ئەو هەلە بەکاربهێنێ و، لە بەندیخانەی ناو کۆشکەکە خۆی دەرباز بکات و بچێتە دەرەوە، ناو ئەو باخچەیە، بەڵکو کزەبایەکی فێنک هەڵبمژێ و هەوایەکی باڵی خۆی بدات و، کەمێک سرەوت و ئارام بەلەشە و دڵی بگات.

(زین) بێ دڵی خۆی نەکرد. لە کۆشکەکە هاتە خوارەوە و، بەهەرچی چۆنێک بوو خۆی کێش کرد بۆ ناو باخچەکە. کراسێکی ئاوریشمی سادەی تەنکی لەبەرکردبوو. پشتێنێکی ڕەشیشی لەسەر کراسەکەیەوە بەستبوو، کە بەنەخش و نیگاری سورمە ڕازابووەوە. قژەکانیشی لەناو کڵاوێکی قەیفەی ڕەشی ئەستووردا کۆمەڵە کردبوو، کە لەملاو لەولایەوە دوو قەیتانی سورمە شۆڕ بووبووەوە، لایەکی کڵاوەکەی بەلاری لەسەر ناوچەوانی دانابوو، کە لایەکەی تری بەسەر سەریەوە بەرزبووبووەوە، لەژێریەوە قژە ڕەشە چین چینەکەی دەردەکەوت.

هاتە ناو باخچەکەوە دەستی کرد بەگەڕان بەناویدا، سەرنجی دەدا لەو پەلەوەرانەی لەناو لقوپۆپی دارودرەختەکاندا هەڵدەفڕین و دەنیشتنەوە. پاشان ڕووی تێکردن، دەستی کرد بەقسەکردن لەگەڵیاندا، گوتی:

«ئەی باڵدارە بەختیارەکان! منیش لەناو ئێوەدا، لەناو ئەم باخچە جوانەدا، باڵدارێکی بەسەزمانم هەبوو. بەخت ڕەش و سەرگەردان بوو. لە دەمێکەوە لێرە نەماوە. فڕی بۆ ئاسمان و ئیتر نەهاتەوە. ئاخۆ کەسی واتان تێدا نییە کە بزانێ لە چ باخچەیەکدا نیشتۆتەوە؟... لەسەر چ چڵێک هێلانەی کردووە؟... کەسی واتان تێدا نییە، دەنگوباسێکی ئەوی لای بێ؟ ئاخۆ زیندووە و هێشتا هەر باڵ دەدات بەیەکدا و بەسەر چڵی درەختانەوە دەخوێنێ؟... یاخود ڕۆژگار ئەویشی وەک من سەرگەردان کردووە و لە پەلوپۆی خستووە؟». پاش ئەوە ڕۆیشت تا گەیشتە بن درەختێکی سێبەردار. لەوێدا پاڵی لێدایەوە و پشتی نا بەبنکەکەیەوە. ئنجا دەستی کرد بەسەرنجدان لەو گوڵ و گوڵزارە ڕەنگاوڕەنگ و جۆراوجۆرانەی لەملاو لەولایدا ڕازابوونەوە. پاشان چاوی بڕییە گوڵێکی



زەرد، کە لەناو هەموو گوڵەکانی تردا دیاربوو. ئەمەندە زەردییەکەی گەش بوو، ڕەنگەکەی دڵی بزواند و برینی کولاندەوە. زوو بەزوو ئەویشی وەک خۆی هاتە پێش چاو، لە کلۆڵی و سەرگەردانیدا. وای هاتە پێش چاو، بۆیەکا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە، چونکە لەناو ئەو باخچەیەدا، بێکەس و تەنیایە، کەسێک نییە بێ بەلایەوە، کەسێک نییە بەزەیی پێدابێتەوە. ئنجا بەشیرینی و بەزەیی پێداهاتنێکەوە، ڕووی تێکرد و گوتی: «ئەی گوڵە ڕەنگ زەردەکە! خودا دەیزانێ، ڕەنگە زەرد هەڵگەڕاوەکەت خەفەتی دا بەدڵم. پێم بڵێ ئەی کلۆڵی بەسەزمان، ئاخۆ ئەو ڕەنگە، ڕەنگی کلۆڵی سەرگەردانیتە وەک من، یاخود ڕەنگی خەموخەفەت خواردن و بەزەیی پێداهاتنەوەیە بۆ کلۆڵێکی وەک من؟... یاخود بلبلەکان هەموویان بەگوڵە سوورەکانی خۆیانەوە خەریکن و، تۆیش بەتەنیا ماویتەوە، بێ کەسوکار و، بێ دۆست و یار، کەس نییە خۆشییەک بەدڵت بدات؟...

ئاخ... ئەی کلۆڵی بەسەزمان... خودا دەیزانێ چیرۆکەکەی تۆیش وەک هی من وایە!... منیش خوشکێکم هەیە، وەک ئەم گوڵە سوورە گەشانە، وایە، ڕۆژگار بلبلی خۆش ئاوازی خۆی پێ بەخشیوە، کە پێوەی کامەران بووە. بەڵام منیشی وەک تۆ ڕەنجەڕۆ کردووە... منیش بلبلێکم هەبوو، زۆر لێی پاڕامەوە کە بهێڵێ منیش بەوەوە کامەران ببم، کەچی تکای نەگرتم، منی لێ دوورخستەوە، لە دەردی دووریدا، بەکەساسی و سەرگەردانی و سووکییەوە هێشتمیەوە».

هەروەک ڕۆژگاری، ئەو ڕۆژە، بەزەیی بەو دوو دڵخوازە هەناسە ساردەدا هاتبێتەوە وابوو. لەو ڕۆژەدا کە ئەوانی لێ دەربچێ، هەموو کەس چووبوونە دەرەوە، خەریکی بەزموڕەزمی خۆیان بوون، ڕۆژگاریش بڕیاری دابوو، خەمخۆرییەکیان بکات و لەناو ئەو بێدەنگ و سەنگییەدا کۆیان بکاتەوە... هەر لەو کاتەدا کە «مەم»ی دڵدار و دڵ بریندار لەناو پێخەفی نەخۆشییەکەیدا کەوتبوو، ڕۆژگار ئارەزوویەکی بێ ئەندازەی خستە دڵیەوە بۆ بزووتنەوە... بۆ گەڕان... بۆ گەڕان بۆ لایەک!... «مەم»یش تاوێک لەناو جێگاکەیدا ئەمدیو و ئەودیوی کرد. هیچ بەبیریشدا نەدەهات کە هۆی ئەم ئارەزووە لەناکاوی لەچییەوەیە، وا حەز بەگەڕان دەکات. پاشان پێخەفەکەی لەسەر خۆی لابرد... بەماندوێتییەکی زۆرەوە توانی لە جێگاکەی ڕاست ببێتەوە ئەمەیش سەبارەت بەوە بوو کە دەمێک بوو لەناو جێگادا کەوتبوو... پاشان هەڵسایە سەرپێ و باڵاپۆشە تەنکەکەی خۆی لەبەر کرد، لەژێرەوە بەرگێکی ساکاری سووکی لەبەردابوو... ئنجا دەستی کرد بەگەڕان بەناو ئەو ڕێگەیەدا کە تا چاوی پڕ بکات درێژ دەبووەوە لەبەردەمیدا. بەڵام خۆی

ئاراستەی هیچ شوێنێک نەکرد. ئیتر هەر ڕۆیی و هەر ڕۆیی، بەبڕست بڕاوی و ماندوویێتییەوە، بێ ئەمەی بزانێ بۆ کوێ دەچێ. کاتێکی زانی گەیشتۆتە ناو بازاڕی شاری چۆڵ و هۆڵەوە. لە بێدەنگ و سەنگیی شارەکەوە، کە زۆر بەشی داگیرکردبوو، تێگەیشت کە دانیشتوانی شار هەموو چوونەتە دەرەوە بەدوای سەردار و هاوڕێکانیدا، کە چوون بۆ گەشتوگوزار و سەیری ڕاوکردن. لە دوورەوە سەوزاییەکی ڕەنگینی گەشی چاوپێکەوت، لە لایەکی شارەکەوە، بەدڵیدا هات کە ڕووبکاتە ئەوێ و لەوێ خۆی بحەسێنێتەوە. ئاگای لەوە نەبوو، کە ئەو سەوزاییە چییە و لە کوێ دایە... زۆری پێ نەچوو، «مەم» بەماندوێتییەکی تەواو، و بڕست بڕانێکی بێ ئەندازەوە گەیشتە بەردەم باخچەکەی سەردار (زین الدین). لە پشت دیوارەکانیەوە، سەرنجێکی بە بۆنە خۆشەکەی و کشوماتییەکەی دا. کە تەماشای کرد کەسی تێدا نییە، پەلەوەر نەبێ. ئەویش لەپاش ئەو ماندوویێتییە زۆرەی تووشی بووبوو، بەدڵ ئارەزووی ئەوەی دەکرد کە چەند تاوێک لەبن سێبەری دارێک لە دارەکانیدا خۆی بحەسێنێتەوە. ڕووی کردە ئەو دەرگایەی کە لەسەر باخچەکە دەکرێتەوە... ئەوەندەی نەمابوو کە لەتاو ماندوویێتی بکەوێ بەسەر زەویدا... چەند تاوێکی پێنەچوو، «زین»یش کە هێشتا لەپاڵ درەختەکەدا دانیشتبوو، لە دوورەوە چاوی بە «مەم» کەوت، کە لە پشت دارەکانەوە بەرەو لای ئەو دەهات!... ئەو ڕووداوە لەناکاوە، کارێکی گەورەی تێکرد... دڵی ئەو خۆشییەی پێ هەڵنەدەگیرا... لەپاش ئەمەی سەرنجی لێدا و لێی وردبووەوە، بۆ ئەمەی بزانێ ئەمە خەو و ئەندێشەیە دەیبینێ، یاخود ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە، کە خودا هێناویەتە دی، بۆ دڵخۆشبوونی ئەو، گەشکەدار بوو، سەرسام ماو، لە هۆش خۆی چوو، کەوت لەناو ئەو گژوگیا و گوڵانەدا!... بەڵام (مەم) هەر دەڕۆیشت و بەبینینی ئەو گوڵ و گوڵزارە شەنگوشۆخە کە دەمێک بوو چاوی پێ نەکەوتبوو، چاوەکانی خۆی دەگەشاندەوە، ئاگای لە هیچی تر نەبوو... یەکەم شت لەو گەڕانەدا سەرنجی ڕاکێشا، ئەو بلبلانە بوو کە جێگەیان بەخۆیان نەدەگرت، هەموو دەم لە هەڵفڕین و نیشتنەوە دابوون، لەم چڵەوە بۆ ئەو چڵ، هەموو دەم لە خوێندن و ئاواز دابوون. ئەویش تاوێک لێیان وردبووەوە و دەستی کرد بەگفتوگۆ کردن لەگەڵیاندا، گوتی:

«ئەی باڵداری بچووک! ئەم هەموو گلاراوییەت لە چییە؟ ئەو گوڵەی دڵم پێیدا چووە، لە گوڵەکانی تۆ گەشتر و جوانترە. ئەو بەختەیش کە تووشی من هاتووە، لە بەختی تۆ ڕەشترە، لەگەڵ ئەوەیشدا کەوا خەریکم لە تاو دووریی یار دەتوێمەوە نەشێن دەکەم نەگریان.



«ئەی باڵدارە بچکۆڵە! تۆیش ئەگەر وەک من بوویتایە کە هەر تاقە گوڵێکم هەیە و، لە هەموو باخچەکانی جیهاندا هەر گوڵێک هەبوایە، هەڵی دەگرت کە تۆ ئەم شین و گریانەی بۆ بکەیت. بەڵام لەبەرئەوەی هەموو باخچەیەک پڕە لەم گوڵانە، هەموو گوێ ئاوێک ئەو گوڵانەی تێدایە، لە هەموو کەنارێکی چیاکاندا دەست دەکەون، ئەوە هەڵناگرێ کە دڵدارییەکەت بگاتە ئەم ئەندازەیە لە گلاراوی و ئارەزووی بەهێز و هەڕەتی بەیەکگەیشتندا.

بەڵام تۆ ئەوەم پێ بڵێ، کە ئەو باڵدارەی گرفتاری گوڵێکی وابووە، کە لە هەموو جیهاندا هاوتای نییە و، ڕۆژگاریش بەشبڕاوی کردووە لە بینینی و بەیەکگەیشتنی، کە دووریشی خستۆتەوە لەو باخچەیەی تێدایە، بەڕەڵڵایشی کردووە لە بەندیخانەی تەنیایی و خەموخەفەتدا تا دڵی ببرژێ... دەبێ ئەو باڵدارە چی بکات و بەچی دڵی بکرێتەوە؟...».

«مەم» کە بەناو باخچەکەدا دەڕۆیشت، مێشکی بەم جۆرە گفتوگۆیانەوە خەریک دەبوو، لەگەڵ ئەو باڵدار و گوڵ و دارودرەختانەدا، لەپڕ خۆی دی گەیشتۆتە بەردەم لاشەی کچێ کە لەسەر ئەو گژوگیایانە ڕاکشاوە... ئەویش هەر ئەوەندە چاوی پێکەوت و لێی وردبووەوە و تێی گەیشت، ئیتر گێژبوو و، سەری سووڕایەوە، هەر هەستێکی لە دڵدابوو پەرشوبڵاو بووەوە. کەوتە گێژاوێکی بەرچاو تاریک بوون و لە هۆش خۆچوونەوە. زۆری پێنەچوو، لە نزیک لاشەی «زین»ەوە کەوت بەسەر زەویدا!...

بەرەبەرە «زین» هاتەوە هۆش خۆی. کە تەماشای کرد ئەوا ئەو (مەم)ەی لە دوورەوە چاوی پێکەوت بەناو باخچەکەدا دەگەڕا، لە تەنیشتیەوە لاڵ و پاڵ لێی کەوتووە!. جارێکی تریش لەم کارە سەرسامیی گرتی و واقی وڕما. دەستی کرد بەتەماشاکردنێکی ئەملاو ئەولای خۆی... چاوی کەوت بەو جۆگەلە ئاوەی بەبەردەمیدا دەڕۆیشت و، ئەو گوڵانەی ئەملاو ئەولایان گرتبوو. سەرنجێکی دا لە (مەم) و شێوە و ڕوخسارەکەی. هەروەک لە خۆی بپرسێ: ئایا لە خەو دایە ئەمانە دەبینێ، یان لە ڕووداوێکی ڕاستەقینە دایە؟... پاشان بەتەواوەتی وریا بووەوە... تێگەیشت کە ئەمە ناز و جیاز و بەزەیی هاتنەوەیەکی یەزدانییە، خودا دەیەوێ لە ڕۆژێکی وادا شادمانی بکات... لەوساوە کە لە ڕۆژی نەورۆزدا دیبووی، ئەمە یەکەم جاری بوو کە لە دڵخوازەکەی خۆی نزیک ببێتەوە. بەتیلایی چاوە مەستەکانی سەیرێکی کرد. لەپاش ئەوەی کە دەمێکی دوورودرێژ بوو، ڕۆشناییان تێدا نەمابوو، سەرلەنوێ پرشنگە دڵکێشکەرەکانیان تێ هاتەوە. پاشان بەنەرمییەکەوە دەستی برد بۆ سەری «مەم» و بەرزی کردەوە، ڕانی کێشایە سەر زەوی و

خستیه سەر ڕانی. ئنجا بەشیرینی و نەرمییەکەوە دەستی کرد بەوریاکردنەوەی. پاش چەند تاوێک (مەم) چاوی کردەوە، کە سەیری کرد، سەری لەسەر ڕانی (زین)ی خۆشەویستی دانراوە. وا جوانترین ڕوویش لە جیهاندا، بەدەمێکی پڕ زەردەخەنە و چاوی پڕ فرمێسکەوە تێی دەڕوانێ. وا دەستیشی، لە شێوەیەکی نازەنینانە و خۆشەویستانەدا خستۆتە سەرسنگی کە دڵی لەناویدا لێ دەدا... ئنجا سەری خۆی بەرزکردەوە و دەستی کرد بەتێنواڕینی (زین)... بەتێنواڕینی خۆی... بەسەرنجدان لە هەموو لایەکی خۆی... بەڵام هەردووکیان زمانیان بەسترابوو، ورتەیەکیان لە دەمەوە نەدەهات... (مەم) لەسەرسامییەوە بێدەنگ بووبوو (زین)یش لە شەرمەوە زمانی بەسترابوو... پاش ئەوە (مەم) لە دەموچاوی (زین) وردبووەوە... دەستی کرد بەقسەکردن. گوتی: «خودایە کێ دەبینم؟... تۆ (زین) نیت؟... تۆ دڵی من نیت؟... تۆ ئەو دڵەم نیت کە لێم ون بووبوویت؟... بەڵام پێم بڵێ: ئایا من لە خەوێکی ناوازەدام، یان هەردووکمان لە جیهانەکەی تر داین... ئایا لە بەهەشتداین؟...».

(زین)یش دەستی خستە ناو دەستیەوە، بۆ ئەمەی وریای بکاتەوە، ئنجا پێی گوت: «نەء، خۆشەویستەکەم، من (زین)ی ڕاستەقینەم. ئێمەیش هەردووکمان لە باخچەکە داین... باخچەی کۆشکەکەی خۆمان... بیرت کەوتەوە؟.».

ئنجا کە ناوە ناسکە شیرینەکەی (زین) بەرگوێی (مەم) کەوت، بەتەواوەتی هۆشی هاتەوە بەرخۆی و بڕوای کرد کە ئەو (زین)ی ڕاستەقینەیە و لەبەردەمی دایە تێگەیشت کە ئەوە، ئەو کاتەیە کە لە ڕۆژگار دەپاڕایەوە و فرمێسکی لەبەردەمدا هەڵدەڕشت، کە هەناسەیەکی وای بۆ بهێنێتە دی. دووبارە سەرلەنوێ سەیرێکی دڵخوازەکەی خۆی کردەوە. دەستی کرد بەتێوردبوونەوەی. تاوێک سەیری ئەو چاوەگەشە مەستانەی دەکرد، کە لە شێوەیەکی زەردەخەنە و خۆ بەدەستەوەدان دا چاوبەستی دەکرد. هەروەک پێی بڵێ: «ئەو چاوە جوانانەم پێشکەشی تۆ بێ»، وابوو. تاوێکیش سەیری ئەو لێوە گوڵنارە ناسکەی دەکرد کە وەکو گوڵ دەموچاوی ڕازاندبووەوە... جارێکیش تەماشای دەموچاوی دەکرد، کە پڕشنگی جوانی و شیرینیی گیانی لێ دەدرەوشایەوە دەمێکیش لەو قژە ڕەشە چین چینەی ورد دەبووەوە کە وەک شەو ئەملاو ئەولای مانگی ڕوومەتی داگیرکردبوو. کڵاوە قەیفە ڕەشەکەیشی بەسەردا لاربووبووەوە بۆ خوار ناوچەوانی، کاتێکیش سەیری ئەو لەشە گەرم و نەرمە ڕێکوپێکەی دەکرد، کە لەژێر ئەو کراسە ئاوریشمە سپییە تەنکەیەوە بەبەرجەستەیی دەردەکەوت... تاوێک بێدەنگ بوو. پاشان بەشنەشنێکی خەواڵووانەوە



پێی گوت: «ئەی زین! بەیەزدانی پاک سوێند دەخۆم، تۆ تا بڵێیت جوان و شۆخوشەنگیت».

ئەویش وەرامی دایەوە گوتی:

«هەموو جوانی و چاوبەست و شەنگییەکی من، تۆی، ئەی مەم!. وا بۆت دەرکەوت، کە لەوساوە تۆم لێ ونبوویت، ئەوانەیشم لێ ونبوون!. ئیمڕۆ هیچ مەگەڕێ بەدوای ئەو جوانییەدا، کە لە یەکەم چاوپێکەوتنماندا مەستی کردیت...»... پاشان هەندێ: بیری کردەوە و بەداخێکەوە گوتی: «من ئەوانەم، هەمووی لە پێناوی تۆدا، دانا، هەموویشم لەبەر تۆ لەناوبرد»

مەمیش لێی نزیکبووەوە و پێی گوت:

«نەء، (زین) وا نییە... بەخودای گەورە سوێندت بۆ دەخۆم تۆ ئیمڕۆ لەبەرچاومدا لەو ڕۆژە جوانتریت. وا ئێستاکە من لەناو ئەو نموونەی جوانییانەدا کە لە تۆدا دیبووم، بابەتی جوانیی تر دەدۆزمەوە، کە لەوەپێش هەستم پێنەکرد بوو... لە چاوەکانتدا، بەیەزدان سوێندت بۆ دەخۆم، شتێکی بڵندتریان تێدایە لەوەی کە پێی دەڵێن چاوبەست و دڵکێش کردن. واتایەکی ناوازەیان تێدا دەبینم، کە گیانم سەری لێ شێواوە تێی بگات. کەواتە زمانم چۆن بۆی دەردەبڕێ کە لێی بدوێ؟... دەم و لێوەکەیشت، ئەو مەیەی تێیدایە، ئیمڕۆ زۆرتر سەرخۆشم دەکات. زەردەخەنەکەیشی زۆرتر کار لە دڵم دەکات. ئەم لەڕ و لاوازی و پەشۆکاوییەیش کە بەسەر شێوەت و دەموچاوتدا هاتووە، جوانییەکی تریان لێ هاتۆتە ناو، کە بۆتە سەرباری جوانییە دڵکێشکەرەکانی ترت. ئەو خاوییەیش کە لەسەر شێوەی دەموچاوە ڕازاوەکەت دەردەکەوێ، هەروەک برژانگی خەواڵوو وان، کە بەسەر چاوی مەستدا خاودەبنەوە».

ئیتر لەپڕ قسەکەی خۆی بڕی. هەروەک ئازارێک بەدەروونی گەیشتبێ و بێدەنگی کردبێ وابوو. پاشان سەری دانەواند و، بەشێنەییەکەوە دەستی کردەوە بەقسەکردن وەک قسەکانی لەگەڵ خۆیدا بن وابوو:

«بەڵام من لە کوێ و ئەم قسانە لە کوێ کە لە بابەت جوانییەوە دەیکەم. نەدرێژەی پێ دەدەم، نەبەکاریشم دێ. کلۆڵێکی سەرگەردانی وەک من، کە چارەنووس وای بۆ داناوە، هەتا دەمێنێ ڕەنجەڕۆ و بەشبڕاو بێ، لە کامەرانیی ژیان، چۆن دەبێ زماندرێژی بکات بۆ مانگێکی وا کە ڕایەم ناکەوێ بگەمە بەرزیی ئەو؟!. من هەر ئەوە هەڵدەگرم کە لەو

چۆڵەوانییەدا بژیم کە لێوەی هاتووم، نەک لەم باخچەیەدا کە پیاوی خۆی هەیە تێیدا دابنیشێ و ڕاببوێرێ!...».

پاش ئەوە دایە قولّپەی گریان و قسەکەی پێ بڕا. لە شێوەیەکی زۆر ناسۆردا دەستی کرد بەگریان و شین!... گڕی فرمێسکەکانی بلّێسەی سەند و گەیشتە ناو دڵی (زین)ەوە. ئەویش ئەوەندە گریا، کە تا ئەو ڕۆژە گریانی وای بەخۆیەوە نەدیبوو. پاشان دەستی «مەم»ی خستە ناو دەستیەوە و بەفرمێسکەکانی خۆی تەڕی کرد. پێی گوت:

«سوێندت بۆ دەخۆم بەسەری ئەو فرمێسکانەی شەوگارە تاریکەکانی خۆم پێ ڕۆژ کردۆتەوە... سوێندت بۆ دەخۆم بەسەری ئەو هەناسە گەرمانەی کە جوانی و شەنگوشۆخییەکەی خۆمم پی لەناوبردووە... سوێندت بۆ دەخۆم بەسەری ئەو تەنیاییانەی کە لە وێنەی تۆ بەولاوە کەسی ترم تێدا نەهێناوەتە پێش چاوی خۆم... تەنیایی ناو گۆڕ نەبێ من لە تۆ ناکات... تارمایی مەرگ نەبێ، لە دوای تۆ کەس دەست لە ملم ناکات... من خۆم تەرخان کردووە بۆ تۆ... سا یان دەبێ لە جیهانەدا بەیەکتر بگەین. یان لە ڕۆژی دواییندا بەپێگەیشتنی یەکتری شادبین!.».

دوای ئەوە، ترسان لەوەی یەکێک چاوی پێیان بکەوێ. یاخود گوێی لە گفتوگۆیان بێ. لەبەرئەوە هەستانە سەرپێ و، ڕوویان کردە هۆڵی باخچەکە، کە لە ناوەڕاستی ئەو باخچەیەدا دروست کرابوو. لەوێدا دانیشتن و دەستیان کرد بەسکاڵاکردن بۆ یەکتری... بەدلّدانەوەی یەکتری. بەپێشاندانی بەدکاریی ڕۆژگار و، بەدخوویی دەس و پێوەندەکانی... ئەو پێک گەیشتنە و ئەو گفتوگۆیانە هەردووکیانی خستە مەستییەکی واوە، کە جیهانیان لەبیر چووەوە، نەیاندەزانی چییە و چیی تێدایە.

## چاکەدانەوە

ئێوارە داهات، ڕۆژ ئاوابوو. کۆمەڵ کۆمەڵ ئەوانەی چووبوونە گەشتوگوزار و ڕاوکردن، لە دەشتودەر و چیمەن و لالەزارەکانەوە گەڕانەوە ماڵی خۆیان. ژیان کەوتەوە ناو شاری (جزیر). ئەو کشی و ماتییەی بەدرێژایی ئەو ڕۆژە شارەکەی داگیرکردبوو، دەمودەست نەما، کەچی هەردوو دلّخوازە کامەرانەکانیش هەر پێکەوە مابوون لە هۆڵەکەدا، سەرمەستی بەیەکگەیشتن و پێکەوە ڕابواردن بوون لە پێش چاویاندا جیهان هەمووی تواببووەوە، هیچی لێ نەمابووەوە، ئەو هۆڵە نەبێ کە بەجووتە تێیدا دانیشتبوون. ئیتر ئەوەیان لەبیردا نەمابوو، کە هەردەمە سنوورێکی هەیە و لێی تێپەڕ ناکات، هیچ



کامێکیان هەستیان بەکات نەدەکرد کە چۆن دێ و چۆن دەڕوا.

سەردار و هاوڕێکانیشی لە ڕاو گەڕانەوە. ڕژانە ناو باخچەکەوە، بۆ ئەمەی ئەو نێچیرانەی گرتوویانە وەک ئاسک و گیانلەبەرانی بەرەڵلایان بکەنە ناوی. باخچەکە پڕبوو لەو کەسانە. دەنگەدەنگ و قیژەقیژ لە هەموو لایەکیەوە پەیدابوو. کەچی خۆشەویستەکان هیچ ئاگایەکیان لە خۆیان نەبوو، نەیاندەزانی لە دەرەوە چی ڕوو دەدات.

کە سەردار و هاوڕێکانی گەیشتنە ناو باخچەکە، هەستی بەماندوویێتییەک کرد لە جومگەکانی و ئەندامەکانی لەشیدا. بەپێویستی دەزانی کە کەمێک لەگەڵ هاوڕێکانیدا لەوێدا بحەسێتەوە. ئەوانیش هەموویان بە (تاژدین) و هەردوو براکەیەوە لەگەڵ (بەکر)دا ڕوویان کردە هۆڵەکە، کە «مەم» و «زین»، هێشتا لەوێدا مابوونەوە، لەناو تاریکییەکەیدا گفتوگۆی دلّدارییان دەکرد لەگەڵ یەکتردا. ئاگایان لە هیچ شتێکی جیهان نەمابوو. لەناو ئەو خۆشی و کامەرانییەدا بوون، وریا نەبووبوونەوە، تا تارمایی ئەو کۆمەڵە کەسانە لەناکاو کە کردیان بەژووردا و، ڕووناکیی ناو دەرگاکەیان لێ تاریک بوو!...

ئیتر لەوێدا، هۆشیان هاتەوە بەرخۆیان و، وریابوونەوە. بەڵام تازە تێکەوتبوون و کاریش لە کار ترازا بوو!... لەو شوێنەدا، (زین) هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ کە بچێتە ژێر باڵا پۆشەکەی (مەم)ەوە. خۆی لە پشتی (مەم)ەوە هێنایەوە یەک و بێدەنگ دانیشت. لەو کاتەدا سەردار هاتە ناو هۆڵەکەوە. لە دوای ئەویشەوە دۆست و یاران و کۆمەڵەکەیشی هاتنە ژوورەوە. لەپڕ چاویان کەوت بەتارماییەک لە سووچێکی هۆڵەکەدا دانیشتبوو، لەناو ئەو هەموو تاریکییەدا!... سەردار قیڕاندی بەسەریدا گوتی:

«کێیە، لەناو ئەم تاریکییەدا، بەبێ ڕێدان و بانگکردن لەناو ئەم هۆڵەدا دانیشتووە؟».

«مەم»یش تینی دایە خۆی و، ئازایەتییەکەی خۆی کۆکردەوە. بێ ئەمەی لە جێی خۆی بجووڵێ، پێی گوت:

«من مەمم سەرداری گەورەم!... خۆتان دەیزانن، هەتا ئیمڕۆیش من هەر لە نەخۆشییەکی گەورەدا بووم، نەمدەتوانی لە پێخەفەکەم جوێ ببمەوە، کە هەر لەبەرئەوە بوو نەمتوانی لەگەڵ دەستە و کۆمەڵەکەی گەورەی خۆمدا بچم بۆ ڕاو. بەڵام ئەم ئێوارەیە، تەواو لە تەنیایی وەڕس بووبووم؛ ناچار بووم لە جێگاکەم هاتمە دەرەوە، بۆ ئەمەی تۆزێک بگەڕێم... کە تەماشام کرد گەیشتوومەتە بەردەمی ئەم باخچەیە. منیش حەزم کرد بۆ چەند تاوێک پشووی تێدا بدەم...»...

سەرداریش خەریکبوو بچێتە لای سەرووی هۆڵەکەوە دابنیشێ، پێی گوت:

«باشە... ئیمرۆ چۆنیت؟... بۆچ چرات دانەگیرساندووە بۆ خۆت؟...».

ئەویش گوتی:

«ئەگەر هێزم تێدا بمایە، کە گەورەی خۆم هات، هەڵدەستامە سەرپێ، بۆ ئەمەی نەوازشی خۆم بەرامبەری بەجێ بهێنم... لەبەرئەوە تکا دەکەم کە ببەخشن و لە کەموکووڕییشم چاو بپۆشن...».

چرا داگیرسێنراو هۆڵەکە ڕووناک کرایەوە... ئەوانەی لەگەڵ سەرداردا هاتبوونە ئەوێ، هەرکەسە جێگایەکی بۆ خۆی دۆزییەوە دانیشت. «تاژدین»یش لە جێی خۆیەوە سەرنجی لە (مەم) دەدا، لە دەموچاو و شێوەی دانیشتنەکەی و کشوماتییەکەیدا، پەشۆکان و شڵەژانێکی سەرسامکەری دەهاتە پێش چاو؛ کە کەسی تر ئەو سەرنجەی نەدەدا، چونکە هەر ئەوبوو، بەتەنیا، کە بزانێ ڕازی دڵی (مەم) چییە و، ئازاری دەروونیی لە چ ئەندازەیەک دایە. لەبەرئەوە بێ ئارامی کەوتە دڵیەوە. بەپەرۆشەوە بوو کە بزانێ ڕازی هاتنی (مەم) بۆ ئەو جێگەیە و لەو شێوەیەدا و، لەو کاتەدا چییە!؟...

کە سەردار داوای ئاوی کرد بیخواتەوە، بەهەلی زانی، هەستا و چوو ئاوی بۆ هەمووان پێشکەش کرد بیخۆنەوە. زۆری پێنەچوو گەیشتە لای (مەم)یشەوە. خۆی نوشتاندەوە، وا خۆی نیشان دا کە ئاوی دەداتێ، بەڵام لە ڕاستیدا بەچاو لێی دەپرسی چییە بەسەردا هاتووە و، ڕازی هاتنی بۆ ئێرە چییە؟... (مەم)یش دەمودەست، بەهێواشی پەنجەیەکی کێشا بۆ ناو بالآبۆشەکەی، تۆزێکیش لە پرچەکانی «زین»ی بۆ دەرهێنا و پێشانی دا... «تاژدین»یش سەری هەڵبڕییەوە، لەمە سەری سوڕما. تێگەیشت دۆستەکەی لە تەنگانەیەکی یەجگار کوشندەدایە. ئەوەیش چووبووە دڵیەوە کە ئەگەر سەردار پێی بزانێ، دەمودەست دەیکوژێ. خەریکبوو بەزۆر خۆی ڕاگرێ و ماوە نەدات بەدەمارەکانی خۆی کە بورووژێن. بۆ ئەمەی خۆی وا پێشان بدات، کە هیچی لێ ڕوونەداوە. کەچی شۆڕش کەوتبووە مێشکیەوە و، بەهەموو کوڵی دڵیەوە دەیویست زوو بەزوو کارێکی وا بکات و چارەیەکی وایش بدۆزێتەوە کە هاوڕێکەی لە دەست کوشتن ڕزگار بکات. لەوکاتەدا کە بیری لە دۆزینەوەی ئەو چارەیە دەکردەوە، بیرێک هاتە ناو مێشکیەوە... هەر ئەو بیرەیشی بەباش دەزانی، هیچی تری بەمێشکدا نەدەهات... بەزرنگییەکەوە خۆی وا نواند کە پێویستە کەمێک بچێتە دەرەوە، ناو باخچەکە، بۆ هەندێ کاروباری خۆی... ئیتر هەر



ئەوەندە گەیشتە پشت دەرکی هۆڵەکەوە، ڕووی کردە خانووەکەی خۆیەوە. دەموچاوی وەک شێتی لێهاتبوو، بەجارێک پەشۆکابوو. «ستی»یش بەترسولەرزێکەوە بەپیریەوە چوو گوتی:

«ئەوە چییە؟... چی ڕوویداوە؟... دوژمن هاتۆتە سەرمان؟.».

ئەویش بەپەلە خۆی فڕێ دایە ژوورەوە و بەدەنگێکی ئەسپاییی واوە کە کەس گوێی لێ نەبێ، پێی گوت:

«تا زوو بکەی درەنگە. گورج خۆت و منداڵەکەت و ئەوەی بۆت هەڵدەگیرێ، هەڵی بگرە و دەربازبە. پێویستە من ئەم کۆشکە بسووتێنم!...».

پاشان بەپەلەپەل و شڵەژاوییەکەوە، ڕای کردە ناو ژێرخانی سووتەمەنییەکەوە. قسەکەی خۆی تەواو دەکرد بۆ «ستی»، پێی گوت:

«مەم» و «زین» کەوتوونەتە تەنگوچەڵەمەیەکی سامناکەوە. لەوەدان کە بەم زووانە سەرگەردانییەکی گەورەیان بەسەردا بێت. منیش پێویستە دستپێشکەری بکەم. پێش ئەمەی ئەوە بقەومێ و لە ناویان ببات، من ئەو سەرگەردانییە لەناوببەم.»

پاش ئەوە دەستی کرد بەئاگر تێبەردانی کەلوپەلی ناو ئەو کۆشکە ناوازەیە و، گوێسوانەکانی. بەگورجوگۆڵییەکی شۆڕشگێڕانەوە ئاگری تێبەردان. بەدەم ئەوەیشەوە دەیگوت:

«هەتا ئێستا هەموو کەس ئاگری بەئاو کوژاندۆتەوە. وا من ئاگر بەئاگر دەکوژێنمەوە»! لە هەناسەیەکدا ئاگرەکە کڵپەی سەند و گڕەکەی بەرزبووەوە، بەناو دەرگا و پەنجەرەی ئەو کۆشکە ڕەنگینە ڕەنگاوڕەنگەدا، کە (تاژدین) بەهەموو کوڵی دڵیەوە دروستی کردبوو، بەبۆنەی ئاواتەکانی دڵدارییی خۆیەوە، لە شێوەیەکی هەرە جوان و نازەنین و هونەرمەندانە و دەست بلآوانەدا. ئاگر بەربووە ئەو تەختە ئابەنووسە پڕ نەخش و نیگارانە و ئەو کەلوپەلە ناوازانە... (تاژدین) بۆیەکا ئەو ئاگرەی بەردایە ماڵی خۆی، کە چاکەی «مەم»ی هاوڕێی بداتەوە و، لە کوشتن و ڕیسواییی ڕزگاری بکات!...

(تاژدین) بەهەڵەداوان دەستی کرد بەهاوارکردن و بانگکردن بۆ یاریدەدان. دەنگوباسی ئەو ئاگر بەربوونەوەیە گەیشتە هەموو شوێنێک. دەمودەست ئەو دەنگە بەسەردار و هاوڕێکانیشی گەیشت، کە هێشتا هەر لە هۆڵەکەدا بوون، دانیشتبوون. کە ئەوەیان بیست، هەموو ڕاست بوونەوە و بەپەلە خۆیان گەیاندە ئاگرەکە بۆ یارمەتی و کوژاندنەوە.

هەموویان سەرسام بووبوون، هەموویان واقیان ورمابوو لەو کارەساتە گرنگە... کەچی (مەم) خۆی خایاند، نەبزووت تا کۆڕەکە چۆڵ بوو. ئیتر لەوێدا پشوویەکی دایەوە، هۆشی هاتەوە سەرخۆی ڕووی کردە (زین) و پێی گوت:

«دیت (تاژدین) چۆن کۆشکەکەی خۆی سووتاند لە پێناو ڕزگارکردنی ئێمەدا؟!. ئیتر (زین) بەخودات دەسپێرم... پێویستە بگەمە لای ئەوان، تا ئاگرەکەیان لەگەڵدا بکوژێنمەوە. تۆیش پێویستە هەر ئێستا نەوەستیت زووبەزوو خۆت بگەیێنێتەوە ناو کۆشکەکەتان!...».

***

پشوویەکی سەرپێی:

ئەی مەی بەخش بەسیەتی ... بەسیەتی... وا تەمەنم لە مەرگ نزیک بۆتەوە، کەچی هێشتا هەر بەسەرخۆشییەوە خەریکم... دەترسم منیش وەک (مەم)م لێ بێ. چۆن ئەو (سەردار) دای بەسەریدا، منیش سەرداری مەرگ بدات بەسەرمدا. بەڵام من وەکو «مەم»م بۆ نەلوی، دۆستێکی چاکەدەرەوە بگات بەفریامدا و و بمپارێزێ و ڕزگارم بکات...

ئەی مەیگێڕ! بەخودای گەورە سوێندت بۆ دەخۆم، لە دەست ئەم جامی مەیی ئەندێشەی پڕ درۆیە، وەڕس بووم... کەواتە لە لێومی دووربخەرەوە... دووری بخەرەوە... بەسیەتی ئەمەندە زرمەزلێ و جەربەزەیی و هەڵپەهەڵپ لە پێناو بریسکانەوەی ئەم سەراوەدا(*)...

ماڵوێران دووری خەرەوە لە دەمم، پێش ئەمەی قرچەی گەرمای هەتاوی ڕۆژ لەبەردەم بریسکانەوە درۆکەی ئەو سەرئاوەدا بمخا و بمدا بەزەویدا؛ لەوێدا لە ماندوویێتی و تێنوێتی دا لەناو بچم... بەڵام... بەڵام پێم بڵێ، ئایا لەناو شووشەکانتدا، شووشەی وات نییە، کە مەییەکی تری تێدابێ؟... مەبەسم ئەو مەیەیە کە بڵندم بکاتەوە بۆ بارەگای بەرز و پیرۆز و بەشەنگوشۆخیی جوانیی زیندوویشەوە سەرخۆشم بکات... هەروەها لەم ئەندێشە پڕوپووچە دەمدەمییانە و بریسکە چەواشەکەرانەیش ڕزگارم بکات...

ئاخ... چەند پێویستیم بەجامێکی مەیی وا هەیە کە لە بەرهەمی گیانی پاکەوە دەرهێنرابێ، ئەو گیانەی کە دووربێ لە خۆڵ و تۆزی ئەم جیهانە! چەند پێویستیم بەکاسە مەیێکی وا هەیە کە هەروەک (تاژدین) بەمەیی دڵسۆزی و شنەی چاکەدانەوە، سەرخۆشم

(*) سەراو = (سەراب): بەو لمە دەڵێن کە لە دەشتاییەکی چۆڵ و هۆڵدا، لە دوورەوە وەک ئاو دەبریسکێتەوە. کاروان وا دەزانێ ئاوە و کەچی ئاویش نییە، هەر لمە. (وەرگێڕ)



بکات، بۆ ئەمەی بەسەر ئەم بابەتی کەڵک پەرستییەدا سەربکەوم و، لە پێناوی ئەو گیانەدا کە ڕێزی لێ دەگرم و، ئەو چاکەدانەوەیەدا کە باوەڕی پێ دەکەم و دەیپەرستم، بریسک و هووڕەکەی بخەمە ژێر پێمەوە و وردوخاشی بکەم...

ئەو کۆشکەی تێیدام، شەنگوشۆخییەکەی و پڕشنگدانەکەی بەکەڵکی چیم دێ، بریسک و هۆوڕی تەختی نوستنەکەم بۆ چیم باشە، ئەگەر ئەو گیانەی کە دڵم ئاوێتەیەتی نزیک ببێتەوە لە کوژانەوە و، نەچم ڕووناکیی ئەو کۆشکە و جوانیی ئەو کۆشکە و کەلوپەل و تەختی ئەو کۆشکە لە پێناو ڕزگارکردنیدا بەخت نەکەم؟.

چ زیانێک بەمن دەگات لەو گڕە ئاگرەی کە چوارلای گرتووم، ئەگەر دووربێ لە دڵمەوە و، بۆ دڵیشم فێنکیی ئاسوودەیی و، گەنجینەی خۆشەویستیی خۆی بەجێ بهێڵێ؟...

ئەم بابەتە دەمدەمییەی کە تا سەر نامێنێتەوە بۆ کەس، چەند بەنرخی لێ دێ لە دڵدا و، چەند خۆشی بەدەروون دەگەیێنێ، کاتێ کە دەهێنرێ و لەپێناو واتای بەرز و پیرۆز و نەمردا بەخت دەکرێ. هەر ئەو بابەتەیش چەند بێ نرخ دەبێ لە دەستدا و، چەند سووک و نەنگ دەبێ لەسەر زەویدا، کاتێ کە لە خۆی بایی دەبێ و، لووتبەرز دەکاتەوە، خۆی بخاتە جێگەی (مانەوە) و (نەمردن)ەوە؟!...

## پەیدابوونەوەی ئاژارەوە

خونکاری دڵداری، هەرگیز وانەبووە کە لە پشت پەردەی پانوپۆڕ و شۆڕەوە، یاخود لە پەنای دیوارەوە، لەسەر تەختی دڵان دابنیشێ. هەرچەندێ خۆی بشارێتەوە لە چاوان و گوێیان، هەر چۆنی خۆی پەنا بدات لە هەمووان، دوایی هەر پەردە و مەردە دەدڕێ و بەهێز و هەڕەتەوە خۆی دەردەخات لە پێش چاوی کەساندا، دوایی هەر دەسەڵاتی خۆی پێشان دەدات و خۆی ئاشکرا دەکات لە هەمووان، بێ ئەمەی گوێ بداتە پەسندکردنی ئەم و ئەو، یاخود پەسند نەکردن و تووڕەییان...

(مەم) و (زین)یش توانییان تا ماوەیەک ڕازی دڵداریی خۆیان لەم و لەو بشارنەوە، توانییان هێز و دەسەڵاتی خونکاری دڵداری، کە دڵڕەقانە کاری لە دڵی هەردووکیان کردبوو، لای کەس ئاشکرای نەکەن. بەڵام ئەم خۆڕاگرتن و بەرگەگرتنەیان تا سەر نەیخایاند... زۆری پێنەچوو، ئەو پەردەیەی کە دڵی هەردووکیانی شاردبووەوە، دڕا، فرمێسکەکانیان لەبەر چاوی هەمووان دەڕژا و گلۆر دەبووەوە. ئیتر دڵدارییەکەیان کەوتە سەر زمانی ئەم و ئەو. چیرۆکی ئەو خۆشەویستییە بووبوو بەئاوازێکی کاریگەر،

# نیشتمانپەروەری

# لویس پاستێر

چیرۆکی ژیانی ئەو پیاوەی کە ژیانی ئافرەتانی بەکلوور ڕزگار کرد،
کە بەرامبەر بەنەخۆشی و ناشێتی و جەنگ خەباتی کرد

نوسەری: دانالی

ئەم نوسراوە

چاکترین دیاری ئەمساڵ کە پێشکەشی (لاوانی کورد)ی بکەم ئەم نووسراوەیە: (ژیانی لویس پاستێر) کە لەلایەن مێژوونووسی بەناوبانگ (دانالی)یەوە دانراوە و، لەپاش کورتکردنەوە و پوختەکردنی لەلایەن پسپۆڕێکی تایبەتییەوە، گۆڕیومەتە سەر زمانی کوردی.

(لویس پاستێر) نموونەیەکی هەرە گەورە و بڵندە بۆ شاگردانی زانستگۆکان و زاناکان، کە گەورەیی خۆی لەسەر ئەم سێ سوچکەیە دامەزراند بوو: (ئارەزووی ڕاستەقینە بۆ خوێندەواریی)، (تێکۆشانێکی مەردانە)، (ئارام گرتن بەرامبەر ئەرک و ئازار لە پێناو ئامانجی مرۆڤایەتیدا).

بێجگە لەوە ئەو نیازە پاکەی کە لە دڵیا بوو بەرامبەر بەمرۆڤایەتی.

ئەو خۆشەویستییەی کە هەیبوو بەرامبەر چاکەخوازی و ئاشتی و ئازادی و برایەتی...
ئەو خوێن ساردییەی کە هەیبوو بەرامبەر دوژمنەکانی خۆی کە چاویان پێ هەڵ ئەهێنا و، توانج و پلاریان تێ ئەگرت و، تیزیان پێ ئەکرد و، داویشیان بۆ ئەنایەوە... ئەو دڵسۆزییەی کە هەیبوو بەرامبەر زانست و هونەر و کەڵک و چاکە و کامەرانی نەتەوە و مرۆڤایەتی لەگەڵ گیانە پاکەکەی و لەشە سووکەکەیدا، کە پڕبوون لە چستوچالاکی.

ئەمانە هەموو جێگایان بۆ (لویس پاستێر)ی زانا و نیشتمانپەروەر و مرۆڤ دۆست کردەوە لە جیهان و لە دڵاندا کە ببێتە (زانا) و (داهێنەر) و (دۆزەرەوە)ی هەرە گەورە و بەڕێزی خاکی فەرەنسە و جیهان.

(لویس پاستێر) نەک هەر کەڵکی بۆ فەرەنسە هەبوو کەڵک و فەری بەهەموو جیهانیش بەخشی سەرکەوت بەسەر گەلێک نەخۆشی گرنگ گرنگدا، کە دەرگای خۆشگوزەرانی و



کامەرانی لە فەرەنسە و لە هەموو جیهان کردەوە: وەک (دەردی کرمی ئاوریشم) و (نەخۆشی هاریی) و (نەخۆشی مەی) هەروەها بەملیۆن ئافرەتانی جیهانیشی لە دەست مردن ڕزگار کرد، لە کاتی مناڵ بوونیاندا بەهۆی دۆزینەوەی (خۆرە)وە و زاڵ بوون بەسەر (خۆرە)دا.

(لویس پاستێر) پیاوێکی خۆشبین بوو خەوی بە(یەکێتی مرۆڤایەتی) و (سەرکەوتنی خوێندەواری) و (نەمانی جەنگ)ەوە ئەدیی خەوی بە(ئاشتی) و (کامەرانی)ی مرۆڤەوە ئەدیی باوەڕیشی وا بوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دێ ئەم ئاواتانە؛ لەسەر دەستی خوێندەوارەکانی جیهاندا پێکدێن.

منیش هیوادارم بەخوا کە (لاوانی کورد) یاخود (خوێندکارانی کورد) وێنەی (لویس پاستێر)یان زۆر تیا هەڵکەوێ بەهونەرمەندی و مەردایەتی ئەوانیشەوە، ئاوەدانی کامەرانی و ئاشتی و ئازادی ڕوو بکەنە کوردستان و هەموو جیهان.

سلێمانی: ١٩٦٨
شاکر فەتاح

## شاگردێکی تەمەڵ

(لویس پاستێر[1] شاگردێکی هەرە بێ دەنگ و هەرە بچووک و هەرە تەمەڵە لە پۆلەکەدا!.) ئەم قسانە هی مامۆستایەک بوون کە دەربارەی لویسی شاگردی کردبوون بەڵام کوڕەکە یەجگار سەرچڵ بوو بەهیچ شتێ دانەئەمرکایەوە هەرگیز لە پرسین و پشکنین تێری نە ئەخوارد...

هەرگیز وازی نە ئەهێنا لەو خووەی خۆی کە پرسی گران گران و سەر شێوێن بکات لە مامۆستاکانی خۆی تەنانەت ڕۆژێکیان مامۆستایەک لەو مامۆستایانەی ناچار کرد بدات بەدەمیا و پێی بڵێ: (گوێ بگرە لێم کوڕم!. بهێڵە بام بیبیرت بخەمەوە کە شاگرد ئەوەی لەسەر نییە پرس بکات پێویستە وەرامی پرسەکانی مامۆستاکەی خۆی بداتەوە).

جا ئەوەندەی لویس پاستێری شاگرد سەرچڵ بوو زۆرە ملێی ئەکرد لە وەرگرتنی وەرامی پرسەکانیا، ئەوەندەیش خاوەن کردەوەی بێ هاوتا بوو لە خۆڕاگرتن و ئارام گرتن لە فرماندا. جارێکیان ئەمەی نووسی:

(لە فەرهەنگدا سێ وشەی یەجگار گرنگ هەیە: ئارەزووی ڕاستەقینە و، فرمان و، چاوەڕوانی منیش لەسەر ئەم سێ پایەیە کۆشکی سەرکەوتنی خۆم دروست ئەکەم)

## کوڕی پێستە خۆش کەر

باوکی لویس، پێستەی خۆش ئەکرد (لویس)یش لەوەوە بۆنی پێستەی خۆش کراوی بۆ مابووەوە، واتا حەزی لە بۆنەکەی ئەکرد تەنانەت لەو سەردەمەدا کە لە (پاریس)، لە خوێندنگای (نورمال)دا ئەیخوێند ڕۆژێکیان هەستی ئاوارەیی هاتبووە جۆش و بیری باوک و دایکی ئەکرد، دەمودەست نامەیەکی بۆ باوکی نارد کە ئەمەی تیا نووسیبوو: (ئاخ خۆزگە هەر ئەمەندەم بۆ بکرایە کە بۆنێکی پێستە خۆش کراوەکانم بکردایە ئیتر لەم هەست کردن بەئاوارەییە ڕزگارم ئەبوو!.)

(لویس)یش هەر لە تەمەنی منداڵییەوە ئەو نیازەی لە دڵدا بوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ببێتە کیمیاگەر خۆ لە ناوەند پێستە خۆش کردن و کیمیاگەرییدا جیاوازییەکی کەم هەیە بەڵام دانیشتوانی گوندی (ئەربوا) ئەمەیان زۆر پێ ناخۆش بوو کە منداڵەکە خووی دابووە کیمیا

(١) لویس پاستۆر Pasteur ١٨٢٢-١٨٩٥، زانایەکی فەرەنسی بوو، سەرگەرمی توێژینەوەکانی بوو لە نەخۆشیە درمەکاندا، دەرمانی نەخۆشی (هاریی- داء الكلب)ی بەپێتاندن دۆزیەوە.



بەداخێکەوە بەباوکی لویس یان ئەگوت: (ئەمە زۆر جێگای داخە کە لویس، بەم زانستە نەزۆکەوە خۆی خەریک بکات و کاتی خۆیشی بەفیڕۆ بدات!.) بەڵام (پاستێر)ی باوک، پشتی بەکوڕەکەی خۆی بەستبوو، لەبەر ئەوە لە کانی دڵیەوە وەرامی ئەدانەوە، ئەیگوت:

(من لەوە دڵنیام؛ کە ئەتوانم پشتی پێ ببەستم لە بابەت بیروباوەڕیەوە کە دەربارەی دوا ڕۆژی خۆی ئەیاننوێنێ!.).

بەڵام کە لویس (دیپلومی زانستەکانی وەرگرت لە کیمیادا)، لە پلەی (ناوەڕاست)دا، باوکیشی دڵی لێ کرمێ کرد، کەنەتەوەک بەهەڵەدا چوو بێ لە هەڵبژاردنی پیشەی دوا ڕۆژی خۆیدا! بەڵام لویس بۆ باوکی نووسی:

(بابە گیان ئارامت بێ بڕوایشت بەمن هەبێ، کە بەهەڵەدا نەچووم پاشە جار، بەشێنەیی لە پیشەکەمدا شارەزا ئەبم).

## برسێتی لە پێناو وەرگرتنی زانستدا

(پاستێر) وازی لە خوێندن نەهێنا کۆششی ئەکرد بۆ وەرگرتنی (دوکتورا لە کیمیادا) جا بۆ ئەمەی پارەی بۆ ئەو خوێندنە دەست کەوێ، ناچار ئەبوو، بەیانیان، لە ناوەند کاتی پێنج و کاتی حەوتدا وانای تایبەتی بلێتەوە بەچەند شاگردێک هەروەها داماوییەکەی لەسەر پارەیەکی زۆرتر، ناچاری کرد لە دەمی خۆی بگێڕێتەوە، واتا کەمتر بخوات کەمتر ڕابوێرێ کەمتریش دار بسووتێنێ لە ئاگردانەکەیدا ئەم کەم کردنەوانەیشی گەیاندە سکیەوە ئەینالاند لویس لەم بابەتەوە ئەڵێ: (من لەوەدا بەختیار بووم، کە زۆرجاری وا هەبوو تووشی ژانەسەر ئەبووم ژانەسەرەکەیشم ئەمەندە بەهێزبوو، ئازاری ورگم لە بیر ئەچووە وە لەگەڵ برسێتییە ناخۆشەکەیشدا!)

## شاگردەکە بوو بەمامۆستا

جالەو دەمەدا، لویس، هەندێ (سووتەمەنی)ی تازەی بۆهات کە ئاگری ئارەزووەکانی خۆی پێ خۆش بکات ئەو سووتەمەنییەیش بریتی بوو لە وتارەکانی کیمیاگەری بەناوبانگ (ج. ب. دوماس) لویس لەم بابەتەوە بۆ باوکی خۆی نووسی: (تۆ هەر چەند بکەیت، ئەوە ناتوانی بهێنیتە پێش چاوت کە وتارەکانی ئەم کیمیاگەرە تا چ ئەندازەیەک کەسانی تر کێش ئەکەن بۆ گوێ گرتن... چونکە مسیۆ دوماس هەر کیمیاگەر نییە بوێژیشە ئەزانێ ئەندێشە و سەرچڵیی گوێگرەکانی خۆی چۆن بووروژێنێ!). جا بەهۆی کاریگەریی

زانستی ئەم زانا گەورەیەوە لە دڵ و مێشکی لویس دا، لویس پاستێر لە باتی نووسراوێک، دوو نووسراوی پێشکەش کرد بۆ وەرگرتنی (پلەی دکتۆرا) کاتێ کە لویس (پلەی دکتۆرا)یش وەرگرت و ئەم دەنگە بەرگوێی خێزانەکەی کەوتەوە لە گوندی (ئەربوا)دا، هەموویان بەجارێ دڵشاد و کامەران بوون خێزانەکە، دەستی کرد بەئاهەنگ کردن بەبۆنەی سەرکەوتنی لویسەوە، کە هێشتا لە ئاوارەییدا بوو باوکەکە بۆ لویسی نووسی: (هەرچی ئێمەین لە توانامان‌دا نییە کە نووسراوەکانت هەڵ بسەنگێنین و نرخیان بۆ دابنێین چونکە ناتوانین تێیان بگەین بەڵام ئەوەمان پێ ئەکرێ کە بەرەوشت و خووە ڕاست و دروستەکەت نرخ بدەین بەڕاستی تۆ، هەر هۆیەک کە بۆ دڵخۆشیی هەموو دەمی ئێمە بەکار بێ بەئێمەت بەخشی!.)

لە ڕاستیشدا سەرکەوتنەکەی لویس، دەرگای دوا ڕۆژێکی شەنگوشۆخ و جێی دڵخۆشی بۆ کردەوە هەر لەپاش ئەوە دەمودەست کرا بەیارمەتی دەری مامۆستا (لوران)، کە لە خوێندنگای (نورماڵ) وانای کیمیای ئەگوتەوە ئەمەیش ئەو خوێندگایە بوو کە لویس خۆی زانستەکانی تیا ئەخوێند بەم ڕەنگە شاگردەکە بوو بەمامۆستا ئاواتەکەیشی هاتەدیی، کە شەوگاری بەکۆشش و ڕەنجدانەوە بۆ ئەبردەسەر!.

## زاناکە ئەبێتە سەرباز

بەڵام لەپڕ ئەو جێگا گەورەیەی لەدەست خۆیدا کە بەو هەموو ئەرک و ڕەنجەوە دەستی کەوتبوو چونکە لە ساڵی ١٨٤٨دا شۆڕشێک لە فەرەنسەدا هەڵگیرسا (لویس)یش ئەمەندە خاکەکەی خۆش ئەویست هەر چییەکی لە دەست هات، لە پێناو ئازادی نیشتمانەکەی خۆیدا بەختی کرد هەرچییەکی بۆکۆ کرابووەوە تا ئەوسا، کە بریتی بوو لە سەد و پەنجا فرەنک بەخشی بەکەینەو بەینەی نیشتمانەکەی. ناو زانستگا (کلیە)ی بەجێ هێشت بۆ ئەمەی بچێتە ناو پاسەوانە نیشتمانییەکانی شاری (ئۆرلیان)ەوە، هەروەک سامانەکەی بۆ نیشتمانەکەی بەخت کرد ئامادەییشی پیشاندا کە گیانی خۆیشی بەخت ئەکات لە پێناویا!

## زانست خۆی پێشکەش ئەکات

بەڵام ئەمە لەبەختی مرۆڤایەتی بوو، کە کوڕەکە ئەوەندە ماوەی بۆ نەمایەوە بۆ کوشتارکردن لەگەڵیاندا چونکە شۆڕشەکە دوایی هاتبوو، کەچی ئەو هێشتا ناوی نەهاتبووە



بەرەوە کە بخرێتە ڕیزی سەربازە گشتییەکانەوە لەبەر ئەوە بەناچاریی گەڕایەوە ناو کارگە و خوێندنە کیمیاییەکانی خۆی بەتایبەتی لێکۆڵینەوەی پێشینیەکانی (بلوور پێک هاتن)، کە لە پاشە جاردا گەلێک دۆزینەوەی زانستیی گرنگی لە بابەت گەلێک داوودەرمانی تێکەڵ بووی وشک و تەڕی بۆ چووەسەرکە هەموویان کیمیایی بوون لویس پاستێر، خۆی ئەم دەرمانە کیمیاییانە وا پیشان ئەدا کە:

(هەر لە دروستکردنی چەند خانوویەکی تازە ئەکات کە لەگەڵ خانووەکانی کۆندا، لە تێکەڵی کەرەستەدا زۆر جیاوازییان هەیە کەچی کەرەستەی هەردوولایشیان هەر یەکە و بریتیشە لە خشت و بەرد!)

ئەوەندە هەبوو، ئەو دۆزینەوانە کە چەند مانگێکی دوور و درێژ بۆ پاستێر لێکۆڵینەوەی سەخت و گرانی تیا ئەکردن، لویس خۆی نەی ئەگوت هونەری منی تیایە ئەیگوت (بەرێکەوت) دۆزیومنەتەوە جا ئەم دۆزینەوانە، زوو بەزوو بەرگوێی (مسیۆ بوبی) کەوتنەوە، کە مامۆستای زانستی سروشت بوو لە زانستگۆی (سۆربۆن)دا (مسیۆ بوبی) ئەو دۆزراوانەی بەدڵدا چوو لەبەر ئەوە نامەیەکی تکا و ئامۆژگاریی دا بەلویس پاستێر کە بیبات بۆ سەرۆکی زانستگۆی (سترا سبورگ) و دەرگای ئەو زانستگۆیەی بۆ کرایەوە لەو نامەیەدا ئەمە نووسرا بوو:

(هەرچی مسیۆ پاستێرە کیمیاگەرێکی وریا و زیرەکە لەم دواییەدا چەند لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەیەکی کردووە کە سەرنجی پیاو ڕائەکێشێ بێگومان ئەگەر لە زانستگۆیەکی یەکەم پلەدا، هەلی تەواوی دەست بکەوێ، لە ئەنجامدا ئەگاتە پایەیەکی گەورە لە زانستی کیمیاگەریی دا...)

## کاتێکیش بۆ دڵت دابنێ

بەم ڕەنگە، مانگی یەکەمی ساڵی ١٨٤٩دا پاستێر پایەیەکی تازەی دەست کەوت، کرا بەمامۆستای کیمیا لە زانستگۆی (سترا سبورگ)دا پاستێریش دەموو دەست دەستی کرد بەلێکۆڵینەوەکانی خۆی بەڵام لە کۆڕێکی تازەدا، کە کۆڕی دڵداریی بوو! ئەو کچەیش کە پاستێر لێکۆڵینەوەی دەربارە ئەکرد، پێیان ئەگوت (مادموازیل ماری لۆران) ئەم کچە کچی سەرۆکی زانستگۆی ستراسبورگ بوو هەر ئەوەندە پاستێر پێی خستە زانستگۆکەوە و چاوی پێ کەوت، گرفتاری ئەڤینی بوو لەم بابەتەوە نامەیەکی سەیری بۆ باوکی کچەکە نووسی، سەیرکە چی ئەڵێ:

(باوکی من پێستە خۆش ئەکات لە (ئەربوا)دا خوشکەکانیشم هەر سێکیان لە کارگەو لە ماڵدا یارمەتی ئەدەن ئەمانە لە جیاتی دایکم فرمانی لەگەڵدا ئەبینن، کە لە مانگی پێنجەمی پێشودا مرد و بێ دایکی هێشتینەوە خێزانەکەیشمان دەوڵەمەند نیە، بەڵام مام ناونجییە هەرچی لەبابەت خۆیشمەوە هەیە، ئەوەتا کە من هەر لەزووەوە وازم لە بەشی خۆم هێناوە، لە کەلەپووردا هەر چییەکم بەرئەکەوێ ئەیدەم بەو خوشکانەم کەواتە من هیچ سامانێکم نییە هەرچییەکم هەیە بریتییە لە: تەندروستی و بێ باکی و ئەو پایەیەی دەستم کەوتووە نیازیشم وایە کە هەموو ژیانی خۆم بەخت بکەم لە پێناوی لێکۆڵینەوەکانی کیمیاگەریدا بڕوایشم وایە کەلەم خۆماندوو کردنانەمدا ڕەنجەڕۆ نابم و تا ئەندازەیەکی بەجێ تیایاندا سەر ئەکەوم جا لەگەڵ ئەم کردەوە و دەسەڵاتە پچوکانەدا کە هەمە، دەست درێژ ئەکەم بۆ خواستنی دەستی کچەکەتان!).

## بەر پەرچ دانەوە، زۆرەملێ کردن، ڕێککەوتن

سەرۆکی زانستگۆیش، وەک هەموو باوکێکی تێگەیشتوو نامەکەی پاستێری دایە دەست کچەکەی، بیخوێنێتەوە و، چ قسەیەکیشی هەیە لەو بابەتەوە بیکات بەڵام قسەی کچەکە لویسی ڕەنجەڕۆ ئەکرد! ئەوەندە هەبوو لویس لەوە وریاتر بوو کە بۆ تاقە جارێک کار سەرنەگرتن، کۆڵ بداو واز لە مەبەس و نیازەکەی خۆی بهێنێ ئەم جارە نامەیەکی نارد بۆ دایکی کچەکە تیا نووسی: (من لەوە ئەترسم کە مادموازیل لۆران) بڕیارەکەی خۆی لەسەر ئەوە دابێ، کە یەکەم جار منی بینیوە و بەدڵیا نەچووم جا ئەگەر ئەمە وا بێ، ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە لەم ئەنجامە بەولاوە، کارەکەم بەهیچ ئەنجامێکی تر نەئەگەیشت لە ڕاستیدا سەر و چاوم لەوانە نییە کە دڵی کچان کێش بکات ئەوەندە هەیە بیرەوەریی خۆم وام پێ ئەڵێ کە هەر کەسێ تا ماوەیەکی باش لەگەڵما ژیابێ، دوایی خۆشی ویستووم!).

لاوەکە، بەم نامەیەش وازی نەهێنا چونکە سروشتی زانایەکی لەسەر فرمان ڕۆیشتوو، پاڵی پێوەئەنا کە نامەیەکی تریش بنووسێ بەڵام ئەم جارە نامەکەی بۆ کچەکە خۆی نارد لە نامەکەیدا ئەمەی نووسیبوو: (من هەر ئەوەندە تکام هەیە لای تۆ؛ خانم کە پەلە نەکەیت لە بڕیاردانەکەتا دوور نییە کە بەهەڵەدا بچیت دڵنیایشم لەوە کە پاشە جار بۆت دەرئەکەوێ، کە لە پشت ئەم دیمەنە سارد و سڕەی منەوە دڵێک هەیە کە گرفتاری ئەڤینی تۆیە).



## ژن یاخود لوولەی تاقیکردنەوە؟

زۆرەملێکەی لویس، کاری خۆی کرد دوایی لە جەنگەکەیدا سەرکەوت! ئێوارەی ڕۆژی ٢٩/٥/١٨٤٩یان دانا بۆ مارە کردن بەڵام لە دووامین هەناسەدا، دەنگە دەنگێک پەیدا بوو چونکە هەرچی بانگ کراوو بووک و کەسوکاری بووک و کەشیش هەبوو، هەموو هاتبوون کەچی زاوا لە هیچ لایەکەوە دیار نەبوو! ئەوانیش دڵیان داخورپاو پرسییان: (خوایە ئەبێ ئەم کیمیا گەرە هەرزەکارە لە کوێ بێ؟) لە کارگەکەی خۆی بەولاوە کوێ هەیە لێی بێ؟ کاتێ کە (کابیوس)ی هاوڕێی بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە لای، تەماشای کرد ئەوا خەریکی لوولەکانی تاقیکردنەوەیە لە کیمیاخانەکەیدا سەری خۆی بەوانەوە قاڵ کردووە و هیچی تری لەبیردا نەماوە!.

– هەی گەوجی ناشی، کاتی ژن مارەکردنەکەی خۆت لەبیر چۆتەوە؟

– نە ء لەبیرم نەچۆتەوە.

– کەواتە تۆ چی ئەکەیت لێرە؟

– فرمانەکەی خۆم تەواو ئەکەم هەی نەزان! بۆچ تۆ بەهیوای ئەوەی کە تاقیکردنەوەکەم تەواو نەکەم و بەجێی بهێڵم؟!

## ناوبانگ، چاوبەرایی نەدان، چاو پێ هەڵهێنان

(ماری لۆران) هەرگیز لەوە پەشیمان نەبووەوە کە شووی کردبوو بەلویس پاستێر لەگەڵ ئەمەیشا، گەلێ جاری وایش ڕووی ئەدا، کە لویسی سەرزەنشت ئەکرد لەسەر ئەوەی کە یەجگار خووی دابووە کار و کارگەکەی خۆی بەڵام لویس هەر ساردی ئەکردەوە هەموو جارێ پێی ئەگووت: ئارامت بێ، بەم زووانە ڕێگای ناوبانگ و گەورەییت بۆ ئەکەمەوە!.

قسەکەی ڕاست دەرچوو لە ڕاستیدا لویس توانی ڕێگای ناوبانگ و گەورەیی بۆ خۆی و ژنەکەی بکاتەوە بەڵام هەروەها دەرگای ئەرک و ئازاریشی لە خۆیان کردەوە چونکە هەرگیز ئەوە نەئەگونجا، کە ژنی زانایەک لە دەست تەنگوچەڵە و گیروگرفت ڕزگاری بێ کە ئەو زانایە ئەمەندە بیلمەت و هەڵکەوتوو بێ، زانا هەڵ نەکەوتووەکانی هاوکاری خۆی چاوی پێ هەڵ بهێنن و چاویان بەرایی نەدات بەو جۆرەی ببینن و، پشم و قینی لێ هەڵ بگرن!.

ئیتر هەر لەو کاتەوە کە لێکۆڵینەوەکانی گەیشتنە ڕادەیەکی وەها کە لە کۆڕی کیمیاگەرییەوە بگوێزێتەوە بۆ کۆڕی پزیشکایەتی گیان لە بەران، ئەو چاو پێ هەڵهێنان و

رقـەبەرییـە دەمـودەست دەسـتـی پێ کـرد پشم و قـینـی هەڤـاڵەکـان چوارلایان لێگرت بوو، لویس (بۆ کانیوس)ی دۆستی نووسی:

(من بەهەمـوو هێـز و توانایەکـمـەوە پێـچـوپەنـاو و بابەتە شـارراوەکـانی کـەینەوبەینە سـامناکـەکـەی هەرە کـۆنی جیـهـان ڕاوەدوو ئەنێم، کـە پێی ئـەڵێن کـەینەوبەینـەی (ژین و مەرگ) هیواداریشم کە بەم زووانە لە دۆزینەوەی ئەو ڕازانەدا بگەمە ئەنجامێکی باش).

هەر چەندە دۆستە هەرە دڵسۆزەکانی، ئامۆژگارییان ئەکرد کە واز لەوە بهێنێ و کاتی خۆی بەو بابەتە نەزۆکە دڕکاویەوە بەفیـڕۆ نەدات، لویس ورەی بەرنەدا و کۆڵیـشی نەدا، هەر لەگەڵ لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەکانی خۆیدا خەریک ئەبوو یەکەم شت کە لە کۆڕی لێکۆڵینەوەکانیا دەستی دایە، ئەوە بوو کە ئەو پێش بینییانەی باوبوون لە سەردەمی خۆیدا، لە بابەت گێڕانەوەی ژیانەوە بوو ئەو دروست کراوە وردانەی ئەو جرۆجانەوەرانە کە بەتەواوەتی مردوون ئەو پێش بینیـیـانە لە ناودا نەهێـڵێ، لەسەر بنچینەیە کـە ئەوە لە توانادا نییە! دوو کەس لە زانا گەورەکانی ئەو دەمە پێش بینییەکەی پاستێریان پەسەند نەکرد و پشتیان نەگرت یەکێکیان (پرۆفیسێر بۆشیە)بوو، ئەوی تریش (پرۆفیسێر جولی)بوو ئەمانە هەردووکیان دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی پەرتوکی وا کەپڕ بێ لە توانج و پلار لە پاستێر و زانینەکەی تەنانەت ناویان نابوو: (لۆتی و، چاوو ڕاوکەر و، یاری باز)! بەڵام لویس بۆ باوکی خۆی نووسی: (دوژمنەکانم چی ئارەزوو ئەکەن بام بیڵێن بەڵام ڕاستی بەلای منەوەیە!).

پاش ئەوە پاستێر لە دڵی خۆیدا بڕیاریدا، کە هەر چەند چاو هەڵهێنەرەکانی توانج و پلاری تێ بگرن ئەو بەزەردەخەنەیەکی تیـز پێ کردنەوە بەرامبەریان ئەکات هەمـوو جارێ بەژنەکـەی خـۆی ئەگـوت (وا هەڵ ئەگـرێ پیـاوی زانست بایەخ بەو قـسـەی سـووک و هوروژمانە بدات کە لە سەردەمی ژیانی خۆیدا دەربارەی ئەکەن!)

پاشە جار گیروگرفتی (سەرچاوەی ژیان لە دروست کراوەکاندا) خرایە بەردەم کۆمەڵێک لە زانا هەرە گەورەکان بۆ ئەمەی لەگەڵ هەردوولادا مقۆ مقۆ بکەن لەسەر ئەو بەڵگانەی کە بەدەستیانەوەیە و، ئەو تاقیکردنەوانەیش کە کردویانە دوایی کۆمەڵەکە هاتەسەر ئەو باوەڕەی کە پێش بینییەکەی (لویس پاستێر) ڕاستە، وە پێش بینییەکەی دوژمنەکانی درۆیە کۆمەڵەکە، هەروەها بڕیاریدا:

(کە ئەو لەشانەی زیندووبن، لەشی زیندووە وە نەبێ ناتوانن زیندویتی وەربگرن!).



## هوروژمەکانی پاستێر بەرامبەر خۆرە

کە پاستێر لە جەنگی (بنچینەی ژیان) بووەوە خەبات کردنەکەی خۆی خستە کۆڕێکی ترەوە، کۆڕی (پاراستنی ژیان)! دەردێکی نهێنیی سامناکی نەناسراو، لەو دەمەدا داکەوت لەناو کرمی ئاوریشمدا لە ناوچەی (ئالیە)دا ئەم دەردە هەرەشەی لە پیشەسازیی ئاوریشم نەکرد، لە هەموو خاکی فەرەنسەدا پاستێریش لەو دەمەدا لەبەر سەرکەوتنەکانی پێشوو کرابوو بەئەندامێک لە (کۆمەڵی زانستیی فەرەنسە)دا بانگیان کرد و ئەم فرمانەیان پێ سپارد، کە دەست بکات بەپرسین و لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە بابەت ئەم دەردی کرمی ئاوریشمەوە کە داکەوتووە، تا هۆی دەردەکە بزانێ و ڕێگایەکیش بۆ بەربەست کردنی دەردەکە بدۆزێتەوە. بەڵام چەند مانگێکی پێ چوو، پاستێری زانا، لە فرمانەکەیا هەر سەر نەکەوت دوژمنەکانیشی ئەوەیان بەهەل زانی دووبارە هوروژمیان بردەوە سەری و توانج و پلاریشیان تێ گرتەوە تەنانەت ئەو هوروژمانە کەوتنە ناو خاوەن کشتوکاڵ و جوتیارەکانیشەوە، کە ئەیاندیی کرمەکانیان، هەموو ڕۆژێک هەزارانیان لێ ئەمرێ ئەوانیش بەتووڕەییەکەوە ئەیان پرسی: (لەکارێکی وادا کیمیا گەرێک چی ئەتوانێ بکات؟) بەڵام پاستێر، سنگی دایەبەر هوروژمەکانی دوژمنەکانی هەر ئەوەندەی وەرام ئەدانەوە، کە هەر لەدەم خۆیەوە ئەیبیسترا پێیی ئەگوتن: (ئارام تان بێ!).

## سێ کارەساتی دڵ شکێن

بەڵام چارەنووس ڕێگای نەدا بەپاستێر پشوو بدات ئەوی ناچار کرد، نەک دوژمنەکانی، کە ئەو (ئارام)ە بگرێ کە بانگی بۆ ئەدا چونکە لەو کاتەدا خەریکی تاقیکردنەوەکانی خۆی بوو، یەکێک لە منداڵەکانی مرد، دوا بەدوای ئەو هەر دوو کوڕەکەی تریشی مردن تەنانەت دۆستێکی پاستێر لەم ڕووەوە، کە ئەم سێ سەرگەردانییەی لێ قاومابوو گوتی: (پاستێر بەم هەموو سەرگەردانییشەوە کە بەسەری هاتووەو هەر سێ کوڕەکەی لەدەست چووە، هێشتا بتوانێ کار و فرمانەکەی خۆی ببات بەڕێوە؟ ، بەڕاستی ئەمە ئازایەتییەکی زۆری ئەوێ)

پاستێر یش لەسەرخۆ وەرامی دایەوە گوتی:

(من لەو بابەتەوە کە لە ئازایەتی من ئەدوێن، هیچ نازانم من هەر ئەوە ئەزانم کە فرمانێکم هەیە و ئەبێ ڕایپەڕێنم!).

لە ڕاستییشدا، خۆی خەریک ئەکرد بەفرمانەکەیەوە شەووڕۆژی هەژدە کات فرمانی ئەکرد هەر لە کاتی پێنجی بەیانییەوە دەستی پێ ئەکرد، وازی لە فرمان کردن نەهێنا تا کاتی یانزەی شەو!.

بەڵام لە توانای خۆی زۆرتر کاری ئەکرد، لەبەر ئەوە لە ناکاو، کوتو پڕ تووشی نەخۆشیی پەک کەوتن (شلل) بوو پزیشکەکان تا چەند ڕۆژێکیش بەهیوای ژیانی نەبوون کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا کە لەشی پەکی کەوت بوو، هۆشی هەر لە کاردا بوو! ئنجا لەناو ئەو کاتە درێژە بێ دەنگ و سەنگانەدا، کە بەدەم نەخۆشییەکەیەوە ئەیناڵاند، هۆشەکەی ڕازی نهێنیی دەردەکەی دۆزیەوە، کە ئەویش ئەمە بوو: نەخۆشییەکە لە ڕێگای گەرای کرمە نەخۆشەکانەوە ئەگات بەکرمەکانی تر، ئەمەیش لەم پشتەوە بۆ ئەو پشت، نەخۆشییەکە ئەمێنێتەوە، جا ئەگەر بێتو گەرا نەخۆشەکان لەناو ببرێن، دەردەکە لە چەند ڕۆژێکا نامێنێ!

بەڵام بازرگانەکانی تۆوی کرمی ئاوریشم، ئەم گەرا لەناو بردنەیان پێ ناخۆش بوو، چونکە ژیانی بەبازرگانییەکەیان ئەگەیاند، لەبەر ئەوە هوروژمێکی زۆر توندوتیژیان بردە سەر (پاستێر)، کە پڕی بوو لە بەند و باوی درۆ و توانج و پلاری ناهەموار، لە هەموو شوێنێکا دەنگوباسی درۆ و چاو و ڕاویان بڵاو ئەکردەوە؛ کە گوایا (پاستێر) لە کار و فرمانەکەیا سەرنەکەوتووە، لەبەرئەوە ناچار بووە شارەکە بەجێ بهێڵێ و تێروپڕ بەردەبارانیش بکرێ! کاتێک لویس پاستێر ئەم قسە پڕوپووچانەی بیستەوە، هەر ئەوەندەی کرد بەبێ باکییەوە شانەکانی خۆی بۆ ڕاوەشاند و وشە بەناوبانگەکەی خۆی دووبارە کردەوە و گوتی:

(ئارامت بێ!) کە خاوەن کشتوکاڵەکان دەرمانەکەی پاستێریان بەکار هێنا، یەجگار بەکەڵکیان هات، ئەنجامی باش باشی لێ پەیدا بوو، لەبەرئەوە (لویس پاستێر)ی زانایان، لەسەر (ئارام گرتنە درێژەکەی) گەیاند بەپاداشی خۆی، ئەوەندەیش سوپاسگوزاری کردەوە جوانەکەی بوون، لە شارەکەی خۆیاندا پەیکەرێکیان بۆ دامەزراند! لویس پاستێریش بەرامبەر بەو ڕەنج و کوێرەوەرییەی کە دای و ئەو خۆبەخت کردنانەی کەلێی وەشایەوە؛ دڵی خۆی وا ئەدایەوە ئەیگوت:

(بەختکردنی کەڵک و چاکەی خۆیی لەپێناو لەناوبردنی سەرگەردانییەکدا کە ئەوەندەی نەمابوو بێت بەسەر نیشتمانەکەما، سەربەرزییەکی زۆر گەورەی بەمن بەخشی!).



## دۆزینەوەی پێش بینیی پاککردنەوە

خۆبەخت کردنی زانای کارگوزار، لە چرچ و لۆچەکانی دەموچاویاو ڕەنگە زەرد هەڵگەڕاوەکەی داو، چاوە ماندووەکانیا دیاربوو هەر چەند ئەو کەڵک و چاکە گەورەیەی بەخشیبووە بەهاونیشتمانەکانی خۆی و ئەو کەسانەی کە کرمیان بەخێو ئەکرد و پیشەسازییان لە ئاوریشما ئەکرد، بەڵام پاداشتێکی بەرجەستەی ئەوتۆیان نەدایەوە کە بەو بشێ! کاتێ کە ئەوەیشی پێ بڕا، چاوی بەشاهەنشاه (ناپلیۆنی سێیەم) و شاژن (ئۆجینی) بکەوێ؛ سەرسوڕمانی خۆیان لەوەی پیشاندا کە تا ئەوساکە نەیتوانیوە، بەپێی ئەو ئەنجامانەی دەستی کەوتوون، لە فرمانەکەی خۆی لە پارەو لە بابەتی تر کەڵکی دەست کەوێ پاستێریش لە وەرامدا پێی گوتن: (پیاوی زانا، ئەگەر بێت و کەڵکی تایبەتی خۆی بکات بەئامانج لە فرمانەکەی خۆیدا، بێگومان پایەکەی خۆی لەدەست ئەچێ و لەبەر چاویش ئەکەوێ!)

هەر لەو سەردەمەدا، کەینەوبەینەیەکی گرنگی تر هاتە پێشەوە بۆ پاستێر کە خەباتی لەناودا بکات، ئەویش ئەوەبوو کە بگەڕێ بۆ هۆ و چارەکردنی، ئەو (مەی)ەی کە فەرەنسا ئەینێرێ بۆ هەموو لایەکی جیهان، مەیەکە تێک ئەچوو، ئەترشا ئەمەیش هەر ساڵە ئەبووە هۆی زیانێکی گەورەی وا کە چەند ملیۆنێک لیرەی ئەگرتەوە! پاستێریش کە دەستی کرد بەلێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە، بۆی دەرکەوت کە هۆی تێکچوونی (مەی)ەکە و ترش بونەکەی ئەو (بەکتریا)یانەیە کەلە ناو ئاوی بابەتی سەرخۆشییەکەدا پەیدا ئەبن.

بەڵام ئەوە مایەوە، کە چارەیەک بدۆزێتەوە بۆ لەناو بردنی ئەو (بەکتیریا)یانە، بێ ئەمەی (مەی)ە کە لەکەڵک بخات یاخود کەموکوڕیی تیاپەیدا بکات، پاستێر چەند کەرەستەیەکی پاکژ کەرەوەی خستە ناو مەیەکە خۆیەوە، بەڵام بەهیچ ئەنجامێک نەگەیشت، بەڵام دوایی ئەو ڕازە نەمرەی دۆزیەوە کە تاکو ئێستایش مەیەکان و شیرەکان و بەرهەمەکانیانی پێ پاکژ ئەکەنەوە.

ئەم چارەکردنە کە پاستێر دۆزییەوە، ئێستاکەیش هەر بەناوی خۆیەوە ناونراوە، کەپێی ئەووترێ (پاستێر کردن Pasturization) بەم شێوەیەیش پاستێر کردن بەکار ئەهێنرێ، دێنن ئەو ئاوەی کە ئەیانەوێ لە (بەکتریا) پاکی بکەنەوە، تا پلەی (٥٥)ی سانتیگراد یاخود پلەی (١٣١)ی فەهرنهایت گەرمی ئەکەن، ئیتر لەو پلەیەدا هەرچی (بەکتریا) یەک هەبێ لە ناو ئەو خواردەمەنییە شلانەدا، ئەو مەی و شیرانەدا، ئەمرێ، بێ ئەمەی

ئاوەکان زیانێکیان لێ بکەوێ! واتا بێ ئەمەی ڕەنگ یان چێشکە، یاخود نرخی خورشتییان بگۆڕێ یاخود کەم بکات.

## جارێکی تریش بانگی نیشتیمان

لەو کاتەدا کە پاستێر خەریک بوو خۆی ئامادە بکات و دەست بکاتەوە بەلێکۆڵینەوەو خەباتەکانی خۆی لەپێناو بەدیی هێنانی ئامانجە هەرە بڵندەکەی ژیانی کەبریتی بوو لە: (بەکەڵک هاتنی مرۆڤایەتی لەرێگای گەشەپێ کردن و چاک کردنی تەندروستی مرۆڤەوە و، درێژ کردنەوەی ژیانی، ئەوەندەی بلوێ و، کەم کردنەوەی ئێش و ئازارەکانی) لەو کاتەدا کە ئەو خەریکی ئەوە بوو خونکاری ئەڵمانیا (ویلهلمی یەکەم) چاو برسێتیی هاتبووە جۆش لەگەڵ ڕاوێژکەرە خوێن ڕێژەکەیدا کە ناوی (بیسمارک)بوو، بەهەردووکیان جەنگێکی دوژمنانەیان هەڵگیرساند بەرامبەر فەرەنسەی دراوسێی نیشتمانەکەی خۆیان، ئیتر هەر ئەوەندە لەشکری پروسییەکان کەوتنە ناو خاکی فەرەنسەوە، پاستێر خۆی پێشکەش کرد بەلەشکری خاکەکەی خۆی، بەڵام لەبەر ئەوەی تووشی نەخۆشی پەک کەوتەیی (شلل)بوو بوو، نەیان هێشت بچێتە جەنگەوە، ئەویش وای هات بەبیردا کە کارێکی وا بکات هەرچی لە دڵیایە لە ڕیسواکردنی ئەڵمانیادا هەڵی ڕێژێ، زانستگۆی (بۆن)ی ئەڵمانی لەوەپێش پلەی (دکتۆرا)ی لە (پزیشکایەتی)دا بەناوی نازگرتن و ڕێزگرتنیەوە پێ بەخشیبوو زانای بێزار بوویش، وای بەباش زانی کە ئەو ئاگانامە (شهادە)یەی کە زانستگۆکە بۆی ناردبوو بۆی بنێرێتەوە نامەیەکی خۆیشی لەگەڵدا ڕەوانە کرد کە ئەمەی تیا نووسیبوو:

«هەرچی دەروونمە پاڵم پێوە ئەنێ کە لێتان بخوازم ناوم لە تۆماری زانستگۆکەتاندا بسڕنەوە و، ئاگا نامە «شهادە» کەیشتان وەربگرنەوە مەبەستیشم لەمە ئەمەیە، کە ڕیسواکردنی زانایەکی بچووکی فەرەنسەییتان تێ بگەیێنم بەرامبەر دڕندەیی و خۆپەرستی خونکارەکەتان، کە نیازە تاوانبارەکانی پاڵیان پێوە ناوە، بەبێ گوناە و خۆڕایی، خوێنی دوو نەتەوەی گەورە بڕێژێ!»

لە زانستگۆکەی ئەڵمانیایشەوە ئەم وەرامەی وەرگرتەوە: (خاوەنی مۆرکە سەرۆکی زانستگای پزیشکایەتییە لە زانستگۆی (بۆن)دا زۆر شادمانە کە وەرامی ئەو نامە پڕ لە هوروژمەتان بداتەوە، کە کردوتانەتە سەر نەتەوەی ئەڵمان بەوەی کە قسەی ناشیرینی بێ باکانەتان گوتووە بەشاهەنشاهە پیرۆزەکەی، کە ویلهلمی یە کەمە، خونکاری پروسیا



منیش ڕیسوا کردنی خۆی دەرئەبڕم بەرامبەرتان، ڕیسوا کردنێکی تەواو.

سەرنج: هەر لەبەر ئەوەی کە حەز ئەکەین تۆمارەکانی زانستگۆ بەپاکی بمێنێتەوە و هیچ شتێکی پیسیان نەیێتە ناو، زانستگاه نامەکەی خۆیشتان بۆ ئەنێرێتەوە!)

## تۆ بڵێی سەرگەردانییەکی چوارەمیشی لێ ڕوودا بێ؟

دەنگوباسی شەڕەکە گەیشتە هەموو فەرەنسییەکان چاوی بەوە ئەتر ساندن کە لەشکری فەرەنسە شکاوە و گەڕاوەتەوە دواوە، بەسەر کردەیی (بورباکی)یەوە کە خۆی لەبەردەم لەشکرە زۆربەکەی ئەڵماندا پێ نەگیراوە جا ئەم هەڕەشە گشتییە، هەڕەشەیەکی تایبەتیشی تیابوو بۆ پاستێر چونکە کوڕەکەی چوارەمی، کە لە دەست مەرگ ڕزگاری بوو بوو، لەپاش ئەوەی خوا هەر سێ کوڕەکەی تری بردبوەوە بۆ خۆی، کەوتبووە ناو ئەو لەشکرە شکاوەوە! باوک و دایکە کڵۆڵەکەیش ناچار بوون گالیسکەیەک بەکرێ بگرن و کۆچ بکەن بۆ ئەو شوێنانەی کە نزیکن لە کۆڕی جەنگەکەوە بۆ ئەمەی بگەڕێن بەدووی کوڕەکەیاندا بەهیوای ئەوەیش بوون کە بەزیندوێتی بیدۆزنەوە! گالیسکەکەیش هەر لەڕێی خۆیەوە ئەڕۆیشت ڕێگاکە پڕ بوو بوو لە بەفر لەشکرە شکاوە کە شکاندبووی و پیا ڕۆیشتبوو گالیسکەکە بەناو لاشەی مردوو بریندارەکاندا ئەڕۆیشت کە لە تاو ئازار و برسێتی و سەرما ناڵەناڵیان ئەکرد ئەگەیشتە هەر شوێنێک باوکە دڵشکاوە کە بەترس و لەرزێکی زۆرەوە لە بریندارەکانی ئەپرسی: (ئایا ئەفسەر پاستێرتان نەدیوە؟) بەڵام وەرامەکانیان هەم و دەم، هەر سەر ڕاوەشاندنێک بوو، کە نیشانەی ئەوە بوو نەیاندیووە! لوبس پاستێر هەر ئەوەندەی بۆ دەرکەوت لە زمانی یەکێکیانەوە، کە گوتی: (لەشکرەکەی ئەو کە بریتی بوو لە هەزار و دوو سەد کەس لە سێ سەد کەس بەولاوە کە زیندوون کەسێ تری تیا نەماوە!)

بەم ڕەنگە هیوای باوک و دایکەکە تا ئەهات کز ئەبوو، بەمانی کوڕەکەیان زۆر بڕوایان نەمابوو بەڵام پاشە جار تروسکەیەکی هیوایان لێ دەرکەوت گالیسکە شکاوەکەیان گەیشتبووە ناوچەی (بونتارلییە).

لەوێدا کۆمەڵێک برینداریان چاو پێ کەوت چوار لای ئاگرێکیان گرتبوو خۆیان گەرم ئەکردەوە یەکێک لەو سەربازانە پێی گوتن، دوێنێ کوڕەکەیانی دیوە (کوڕەکەیشیان زیندووە!) ئیتر هەر ئەوەندە سەربازەکە خستنیە سەر ئەو ڕێگایەی دوور نییە کوڕەکەیانی پیادا ڕۆیشتبێ، ئەمان پشتی ئەسپی گالیسکەیان بەقەمچی سوور کردەوە.

بەرەو گوندی (شافوا) ئەو ڕێگایەیان گرتە بەر ڕێگاکە سەهۆڵ دایپۆشیبوو جا لە چەقی ڕێگاکەدا، پیاوێکیان چاو پێ کەوت، لە تاو ماندوێتی و برسێتی بڕابوو، پاڵیش کەوتبوو بەسەر کۆمەڵێک پووشدا.

کلۆجەیەکی شڕ و پڕیشی دابوو بەسەر لەشیا تاریکی داهاتبوو هەر چەندیان کرد دەموچاوی پیاوەکەیان بۆ بەدیی نەکرا پاستێری باوکیشی کە دڵە کوتێی پێ گەیشتبوو لە کابراکەی پرسی: (گەورەی خۆم ئاخۆ ئەفسەر پاستێرت چاو پێ نەکەوتووە؟).

سەربازەکەیش سەری بەرز کردەوە و بەدڵێکی گەرمەوە قیژاندی گوتی (بابە! دایە!)

کوڕەکە لەپاش چەند ڕۆژێک برینەکانی چاک بوونەوە پاشان گەڕایەوە ناو لەشکرەکەی خۆی لە شەڕکردن وازی نەهێنا، تا جەنگ تەواو بوو بەڵام بێ وەی لێی هاتە دەرەوە ئەمەیش بووە جێی دڵخۆشییەک بۆ باوکی، کە ژیانی پڕ بووبوو لە ناخۆشی و ئەرک و ئازار بەڵام خۆشی کەم تیامابوو!.

## دۆزینەوەی پێشبینی خۆرە

لەپاش تەواوبوونی جەنگ، پاستێر دەستی کردەوە بەچالاکی لە بەرەنگاری کردنی نەخۆشی و دەردا ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دەربارەی دەردی کرمی ئاوریشم و (بەکتریا)ی مەی کردبوونی، ڕاستییەکی دامەزراوی گرنگیان پیشاندا، کە لە هەردوو بارەکەدا نەخۆشییەکان بەهۆی هەندێ دروست بوونی زیندووەوە پەیدا بوو بوون کە ژەهراوین و یەجگار وردیشن، پێیان ئەڵێن خۆرە (میکرۆب)! کەواتە چی هەیە بەربەستی بکات لە تاقیکردنەوەی کاریگەری ئەم خۆرانەدا، لە نەخۆشییەکانی ناو مرۆڤدا؟.

بەم ڕەنگە پاستێر خۆی خەریک کرد بەتاقیکردنەوەی ئەم کار تێ کردنی خۆرەیەوە، لە کۆڕی نەشتەرکارییدا کە نەخۆشەکان نەشتەرکاریی ئەکران، ژمارەیەکی زۆریان لێ ئەمرد پیاوی ئەترساند تەنانەت هەر کەسێ نەشتەرکاریی بکردایە، بەلایەوە وابوو کە ئەیکوژن بەڵام کە پاستێر (پێش بینیی خۆرە)ی بەکار هێنا لەم لێکۆڵینەوە تازەیەیدا ئەنجامێکی دڵ بزوێنی دەست کەوت کە لە کۆبونەوەیەکی کۆمەڵی زانایانی پزیشکایەتیدا بەم جۆرە پیشانیدا کوتی: (برینی بەرەڵڵا و کراوە، تووشی خۆرە ئەبێ کە لە ژمارە نایەن ئەم خۆرانەش لە زۆر جێگادا کۆبوونەتەوە لەناو بادا، لە ناو دەس و پلی نەشتەرکاردا لەناو ئەو هەورەدا کە برینەکەی پێ ئەشۆن، لەناو چەک و کەلوپەلی نەشتەرکاریدا، لەناو ئەو



پەڕۆیانەیشدا کە برینەکەی پێ ئەپێچن و گەلێک شتی تردا) هەر ئەوەندە ئەندامەکانی کۆمەڵەکە ئەم قسە سەیرەیان لێ بیست، دەم ودەست دەستیان کرد بەپێ کەنین و بەتیزێکەوە سەریان بۆ ڕاوەشاند پاش ئەوە دەستیان کردەوە بەنەشتەرکارییەکەی خۆیان لەسەر شێوەی کۆن، کە بەسەدان و هەزاران نەخۆشیان لە ناو ئەبرد!.

کەسێ نەبوو بەپێش بینییەکەی پاستێر بڕوا بکات، پزیشکێکی سکوتلاندی نەبێت، کە ناوی (جۆزیف لیستەر) بوو ئەم پەزیشکە مامۆستا بوو لە زانستگۆی (ئەدینبەرە)دا، وانای نەشتەرکاریی ئەگوتەوە دەستی کرد بەپاککردنەوەی کەلوپەلی نەشتتەرکاریی و پروپیتاڵی برینەکان بەتەواوەی ترش و(حامض)ی (کاربۆنیک) لەم کارەیدا تا ئەندازەیەکی گەورە ئەنجامی باش باشی دەستکەوت ئەندازەی مردنی نەخۆشەکانی لەسەدی نەوەدەوە، هاتە خوارەوە بۆ سەدی پانزە!.

لەگەڵ ئەمەیشدا، نەشتەرکارەکانی کۆمەڵی زانستی پزیشکایەتی فەرەنسە هەر لەسەر لاسارییە پڕ لەپشم و قینەکەی خۆیان مانەوە، هێشتا هەر بەتوند و تیژییەکەی خۆیانەوە بەگژ شێوەی فرمان کردنی پاستێر و پێش بینییەکەیدا ئەچوون، ئەنجامەکەیشی ئەوەبوو کە هەزاران نەخۆشیان بەکوشت ئەداو بەزەیشیان بەکەسیاندا نەئەهاتەوە!

## نەهێشتنی تای مناڵ بوون

جا پاستێر بەرامبەر ئەو هەموو بەرهەڵست و دەمار خاوکەرەوانە، خەباتی ئەکرد، کۆڵی نەئەدا بەهاوڕێ کانی خۆی ئەگوت: (پێیان خۆش بێ یان ناخۆش، دوژمنەکانم ناچار ئەکەم پێ لە ڕاستی پێش بینی یەکەم بنێن وایان لێ ئەکەم، بەچاوی خۆیان بیبینن کە ڕاستە وایان لێ ئەکەم پێی باوەڕ بکەن!)

جا ڕۆژێکیان یەکێک لە مامۆستاکانی کۆمەڵی زانستی پزیشکایەتی وتارێکی ئەدا لە بابەت (تای مناڵ بوون)ەوە ئەم تایە تەنیا لەساڵی ١٨٦٤دا سێ سەد دایکی لە خەستەخانەی (پاریس)دا کە بۆ مناڵ بوون دانرابوو، لەناو بردبوو! وتار بێژەکە هاتەسەر پیشان دانی بیروباوەڕی خۆی لە بابەت هۆی ئەو تایەوە لە ناکاو دەنگێک بەرز بوەوە لەناو دانیشتوەکاندا قیژاندی و بەسەربەستییەکەوە پێی گوت.

(ئەمانە قسەی پڕوپووچن قسەی پڕوپووچ! بڵاوبوونەوەی مردن بەناو ئەو دایکە سک پڕانەدا کەتایان هەیە، ئێوەن کە خۆرەی نەخۆشییەکە لە لەشی ژنە نەخۆشەکەوە ئەگوێزنەوە بۆ لەشی ژنە تەندروستەکە!). وتاربێژەکەیش بەتیزێکەوە وەرامی دایەوە، گوتی: (ئایا

ئەتوانی شێوەی خۆرەکەی خۆتم پیشان بدەیت کە ئەڵێی هەیە؟).

پاستێریش دەمودەست لەجێی خۆی ڕاست بوەوە و چووەسەر تەختە ڕەشەکە پارچەیەک پێنوسی گەچی بەدەستەوە گرت و گورج و گۆڵانە وێنەیەکی بۆ کێشا، کە هەر لە زنجیری ئەکرد ئنجا پێی گوت: (فەرموو گەورەم ئەوە وێنەی خۆرەکەیە!).

وتار دانەکە گۆڕرا بوو بەدەنگە دەنگ و دەمەقاڵێ هەرچی پزیشکە کۆنەکان بوو، بوون بەدەستەیەک و هوروژمیان بردەسەر (پاستێر) و پێش بینییەکەی هەرچی خراپە ئەوەیان پێ گوت هەرچی شاگردەکانی زانستگای پزیشکایەتی و پزیشکە پچوکەکان بوو پشتی (پاستێر)یان گرت و لەسەریان کردەوە.

جا ئەو (جەنگ)ە بووە سەرەتای بەرەبەیانێکی تازە لە جیهانی مناڵ لە دایک بووندا چونکە هەر ئەوەندە پێش بینییەکەی (پاستێر) لە بابەت خۆرە کوشتن و پاککردنەوەوە بڵاوبووەوە نەخۆشخانەکانی مناڵ بوون لە (پاریس)دا، بەو جۆرە نەمانەوە کە ببنە گۆڕستانی (ئافرەتە سک پڕ بووەکان)!.

## دۆزینەوەی پێشبینیی کوتان بەهەوێنی نەخۆشی

سەرکەوتن پاستێری هانەدا کە هەر لەسەر خەباتە سەختەکەی خۆی بمێنێتەوە، تا زۆرتر بەکەڵکی مرۆڤایەتی بێ لە دوژمنەکانی خۆی ڕاست بووەوە و دەستی بەبەرپەچ دانەوەی واتەکانیان و بەدرۆ خستنەوەی بیروباوەڕە کۆنەکان نیان لەسەردەمی دواییدا کە لە گەرمەی خەباتەکانیا بوو، گەیشت بەدۆزینەوەی پێشبینییەکی پەزیشکانەی گرنگ کە لە پێشبینی خورەکەی کەمتر نەبوو چ لە نرخ و چ لە کەڵکدا ئەمەیش پێشبینی ئەوە بوو کە بەهۆی دەرمانێکەوە هەندێ لە خۆرەکانی نەخۆشییەکی دیاردی کراو بخرێتە ناو لەشەوە، بەمەرجێ سووک کرابێ و لە توانایشیدا نەبێ لەشی مرۆڤەکە ئازار بدات[١] مەبەست لەمەیش ئەوە بوو کە لەش ڕابهێنرێ بەنەخۆشییەکەوە، تا هەر کاتێ ئەو نەخۆشییەی تووش بوو لەشەکەی بتوانێ بەهێز و هەڕەتێکەوە بەرەنگاریی بکات، تەنانەت ئەگەر بەتوندیش ئەو نەخۆشییەی گرتبێ بتوانێ بەرگەی بگرێ پێش بینیی (هەوێن)ی نەخۆشیش، ئیمرۆکە وای لێ هاتووە، بوەتە زانیارییە سەرتاییەکانی پزیشکایەتی، کە بەهۆی ئەوەوە بەکلوور ژیانی مرۆڤ ئەپارێزرێ...

(١) راستتر: لاواز کرابێ.



## هەوێنی دەردە سەگ

پاش ئەوە پاستێر کەوتە ناو جەرگەی خەباتەوە، کە لە هەمووو ژیانی خۆیدا ئەوەندە خەباتی نەکردبوو لەم دەمەدا دەستی دایە جەنگێکی گەورە بەرامبەر (هاریی) یاخود (دەردە سەگ) ئەم دەردە بەهۆی ئەو سەگەهارانەوە، بەجۆرێکی سامناک بەناو هەمواندا بڵاو بوبوەوە! ئەم جەنگە چەند ساڵێکی تەواوی خایاند پاستێر هەر خەریکی ئەوەبوو کە لیکی سەگەهارەکان بخاتە ناو لەشی کەروێشکەکانەوە جا بۆ ئەمەی ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوانەی بۆ دەرکەوێ، پاستێر ئەیهێنا ئەو تاقیکردنەوانەدا، یەکێک لەو سەگەهارانە کە لە تیپیرەی (بول دۆگ) بوو لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئێش و ئازاری زۆر بوو، لیک و تفیش زۆر لەدەمی ئەهاتە خوارەوە، نەیویست ئەو کەروێشکە بگەزێ کە بۆیان خستبووە ناو چەپەرەکەیەوە لەبەر ئەوە هیچ ڕێیەک نەمابووەوە ئەوە نەبێ کە لیکی ناودەمی سەگەکە دەربهێنرێ و پاشان بخرێتە ناو خوێنی لەشی کەروێشکەکەوە بەم ڕەنگە سەگەکە بەتەپڵەسەری مێزێکەوە زنجیر کراو بەسترایەوە، لەناو کارگەکەدا جا لێرەدا بوو کە؛ سامناکترین کات و گەورەترین تاقیکردنەوەی ژیان بەسەر (پاستێری) مەرد و دلێردا ڕابورد پاستێرم پاستێر نەیکردە نامەردیی ئازایانەو بێ باکانە لوولەیەکی شووشەی گرت بەدەستەوە کە هەردوو سەرەکەی کوناوەدەر بوو.

دەمەکانیشی کرابوونەوە سەرێکی لوولە شووشەکەی خستە ناو دەمی خۆیەوە سەرەکەی تریشیی خوار کردەوە بۆ ناو دەمی سەگە هارەکە پاشان بەهۆی لوولە شووشەکەوە لیکە کوشندەکەی سەگەکەی هەڵ ئەمژی بەڵام وریای خۆیشی بوو کەلیکی سەگەکە نەگاتە ناو دەمی خۆی پاستێر لە ڕاستیدا یارییەکی پڕ لە مەترسیی لەگەڵ مردندا ئەکرد کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا هەر بەبێ دەنگی و هێمنی خۆیەوە مایەوە، هیچ خۆی لێڵ نەکرد! کاتێ کە ئەوەندەی پێویستی بوو لە لیکی سەگەکەی کۆکردەوە سەری لوولە شووشەکەی لە دەمی خۆی دەرهێنا و ڕووی کردە یاریدەدەرەکانی و بەزەردەخەنەیەکەوە پێی گوتن: (دەی هاوڕێکان بام دەست بکەین بەتاقیکردنەوەکەمان!)

## تاقیکردنەوەی هەوێنەکە لە مرۆڤدا

لە پاش ئەو تاقیکردنەوەیە بەچەند مانگێک سەگێکی هار مناڵێکی گرت کە ناوی (جۆزیف میستەر) بوو دایکی مناڵەکە کوڕەکەی خۆی برد بۆ لای (پاستێر) پاستێریش

ئەمەی بەهەل زانی کە هەوێنەکەی خۆی تاقی بکاتەوە لە لەشی مرۆڤدا کە لەوەپێش تاقیکردنەوەکانی لە لەشی کەروێشکەکاندا بەئەنجام گەیشتبوون و سەریشیان گرتبوو[١] ئەمە یەکەم جاری بوو پاستێر کە ئەم هەوێنە لە لەشی مرۆڤدا تاقی بکاتەوە ئەوەندە هەبوو لە فرمانەکەی خۆی دوو دڵ بوو ئەترسا لەسەر نەگرتنی تاقیکردنەوەکەی لەدڵی خۆیدا ئەیگوت: (بەچیا بزانم کە ئەو هێندە خۆرەیەی ئەیخەمە لەشی مناڵەکەوە کە نەخۆشی هاریی گرتووە نەخۆشییەکەی خراپتر لێ ناکات؟! ئایا بەچ مافێکەوە من ژیانی کەسێکی تر بەم ڕەنگە بخەمە مەترسییەوە؟) بەڵام دوایی بەسەر دوودڵییەکەی خۆیدا زاڵ بوو تاقیکردنەوەکەی دەست پێ کرد! لە تاقیکردنەوەکەیشیدا سەرکەوت! سی و یەک (٣١) ڕۆژ بەسەر کوڕە نەخۆشەکەدا تێپەڕی کەچی هیچ نیشانەیەک دەرنەکەوت کە نەخۆشییەکەی گەڕاوەتەوە سەری بەم ڕەنگە مناڵەکە چاک بووەوە!

پاستێریش بەسەر سەگ یاخود هارییدا سەرکەوت!

## ڕۆژانی گەورەیی و ڕێزگرتن

دوای ئەوە ساڵەکانی ژیانی پاستێر پڕ بوون لە هەموو جۆرە ڕێزگرتن و پاداش دانەوە و گەورە کردنێکی بێ هاوتا لە هەموو لایەکەوە (نیشان) و (مەدالیا) و (دیبلۆم) و ئاهەنگانی ڕێزگرتن و پاداش دانەوەی پێشکەش ئەکرا، نیشانی (لیزیون دۆتۆر)ی پێ بەخشرا هەڵبژێررا و کرایە ئەندامی (کۆمەڵی زانستی پزیشکایەتی) لە فەرەنسەدا کە لەوەپێش هەرچی ئەندامێکی هەبوو بەگژیا ئەچوون و دوژمنایەتییان لەگەڵدا ئەکرد! کەچی لەگەڵ ئەمانەشدا هەموو، پاستێر لە خۆی نەگۆڕی هەروەک خۆی مایەوە: پیاوێکی گیان سووک و یەجگار شەرمن بوو بیبیری لە هیچ نەئەکردەوە لەوە نەبێ خەباتی تر بکات بۆ دۆزینەوەی ڕازەکانی پزیشکایەتی.

یەکێک لەو کارەساتە سەیرانەی کە لەم ڕووەوە لێی ئەگێڕنەوە ئەوەیە کە لە پاش ئەمەی فەرمانڕەوایی فەرەنسە هەڵیبژارد و دایمەزراند کە ببێ بەنوێنەری ئەو لە (کۆنگرەی پزیشکایەتی گشت فەرمانڕەواییەکان)دا کە لە شاری (لەندەن)دا ئەگیرا پاستێر چووە ناو ئەو هۆڵەوە کە کۆنگرەکەی تیا کۆبووبوەوە هۆڵەکە ناوی (هۆڵی گەورەی سان جێمس) بوو کە دانیشتووەکان پاستێریان چاوپێ کەوت دەستیان کرد بەچەپڵەڕێزان بەڵام پاستێر ئەوەی

(١) واتە تاقیکردنەوەکانی سەرکەوتوو بوون.



لەتەنیشتەوە دانیشتبوو پێی گوت: (وا دەرئەکەوێ شازادەی ویلز گەیشتۆتە ئێرە خۆزگە لەپێش ئەودا بگەیشتمایە ئەم هۆڵە)

پاش ئەوە گەڕایەوە (پاریس) دەستی کردەوە بەتاقیکردنەوەکانی خۆی (لە پەیمانگای پاستێر)دا کە بەناوی ئەوەوە ناونرابوو هەر بۆ ئەمەی لەیاددا بمێنێتەوە کاتێ کە تەمەنی گەیشتە حەفتا ساڵی، فەرمانڕەوایی فەرەنسە ڕۆژی لە دایک بوونی پاستێری کرد بەپشوویەکی فەرمانڕەوایی لە زانستگۆی (سۆربۆن)دا ئاهەنگێکی گەورەیان بۆ گێڕا بەناوی ڕێزگرتن و پاداش پێدانیەوە کاتێ هەستایە سەرپێ کە چەند وشەیەک پێشکەش بەئاهەنگ گێڕەکان و دانیشتوانی ئاهەنگەکە بکات بەناوی سوپاسەوە کە لە هەموو لایەکی جیهانەوە هاتبوونە ئەوێ پاستێر یەجگار کز و بێ هێز بوو بوو لەڕوو لاواز بوو بوو لەبەر ئەوە ڕووی لە کوڕەکەی خۆی نا کە ئەو وتاری سوپاسە لە بریتیی ئەو بدات وتارەکە ئەمەی تیانووسرابوو:

(گەورەکانم! ئێوە بەم ئاهەنگە کامەرانییەکی بێ ئەندازەتان پێ بەخشیوم بەهەست و تاسەیەکی وا ناسک و ناوازەیشەوە بەرامبەریم ئەکەن و دڵم خۆش ئەکەن کە کەوتوومەتە سەر بیروباوەڕێکی وەها کە هەرگیز لێی لانادەم کە زانست و ئاشتی هەر ئەبێ سەرکەون بەسەر ناشێتی و جەنگا!

جا ئەوکاتانەی کەکزیی و خەفەتباری دڵی نەتەوەکان داگیر ئەکەن نابێ ڕێگایان پێ بدەن، کە ورەتان پێ بەر بدەن، یاخود لە نیازی پاکی خۆتان ساردتان بکەنەوە، باوەڕیشتان ببێ کە نەتەوەکانی جیهان فێری ئەوە هەر ئەبن کە چۆن ببن بەیەک، بەڵام یەک بونێکی وا کە بۆ ئاوەدانکردنەوە بێ، نەک بۆ کاوول کردن، هەروەها ئەوەیش بزانن کە دوا ڕۆژ بۆ خاک داگیرکەرەکان نابێ، هەر بۆ ئەوانە ئەبێ کە مرۆڤایەتیان خۆش ئەوێ و نەوەی ئادەم ڕزگار ئەکەن لە دەست تەنگوچەڵەمە!)

ئەمە نامەی ماڵئاوایی بوو لە مرۆڤایەتی، لەلایەن پاستێرەوە! بەڵام ئاخۆ نامەکەی پاستێر گەیشتوەتە گوێچکەی مرۆڤایەتی؟ ئاخۆ لەناو مێشکیا بنجی بەستوورە؟ یاخود پێش ئەمەی ئێسکەکانی پاستێر لەناو گۆڕەکەیا بڕزێ، لە بیریان چۆتەوە؟!

من ئەمە بۆ هەردوو جەنگەکەی جیهانی، بەجێ ئەهێڵم بام ئەوان وەرامی ئەم پرسانەم بدەنەوە؟

# گاریباڵدی

پێشەوای یەکێتی ئیتالیا و پاڵەوانی ئازادیی لە نیشتمانەکەی خۆی و
لە هەموو نیشتمانێکی داگیرکراودا

نووسەری: هەنری توماس

ئەم نووسراوە

ئەم نووسراوە نایابە کە هی مێژوونووسی ڕاستی پەرستی جیهانی (هەنری توماس)ە و لەلایەن پسپۆڕێکی کارامەوە، بەپوختەی و تەواوی کورتکراوەتەوە، بابەتی ئەم ڕۆژەیە، کە بەدڵێکی پڕ هیوا و ئاواتەوە بیگۆڕمە سەر زمانی کوردی و پێشکەشی دلێران و خوێندەوارانی کوردی بکەم:

(گاریباڵدی) کە لە کۆری جەنگ و زرنگکاری و دڵداریی‌دا بووبووە یەکەم مەرد و پاڵەوانی ئەو سەردەمە؛ لە خاکەکەی خۆیدا، خوای مەزن سێ شتی مەزنی پێ بەخشیبوو:

یەکەم: لەشی جوان و شەنگ.

دووەم: هێز و هەرەتی تەواو.

سێهەم: هۆش و دڵ و دەروونی چاک و پاک و بێ هاوتا. ئەویش ئەم سێ ناز و جیازە نایابانەی لە ڕێگای ئازادکردن و یەکخستنی خاکە پارچە کراوەکەی خۆی دا بەخت کرد. دوایی سەرکەوت. زۆرداری و داگیرکەری سەرەوژێر کرد بەچاوی خۆیشی (ئیتالیا)یەکی سەربەخۆ و یەکگرتوو و ئازاد و کامەرانی چاو پێکەوت. بێجگە لەوە یارمەتی نەتەوەکانی تریشی دا. لە ئازاد بوون و سەربەخۆیی دا؛ لە ئەمەریکای باشووردا.

«گاریباڵدی» کە هەموو کردەوەیەکی گەورە و پیرۆزی پێشەوایانەی لێ ئەوەشایەوە لە هەموو کردەوەکانی بڵندتر ئەوە بوو کە (کەڵک و خۆشی خۆی لە پێناو کەڵک و خۆشی گشتی دا بەخت ئەکرد) سا هەر لەبەر ئەم گیانە پاکەی بوو کە دەستی یارمەتی درێژ کرد بۆ پێشەواکانی تری «ئیتالیا» وەک «مازینی» و «کافور» هەروەها دەستی یارمەتی درێژ کرد بۆ هەموو هاونیشتمانەکانی خۆی و برا داماوەکانی مرۆڤایەتی تا بەو ئامانجە گەورانە گەیشت کە خەباتی بۆ ئەکردن. واتا ئامانجی ڕزگارکردنی نەتەوە لە زۆرداریی ناوخۆ و، لە زۆرداری دەستی بێگانە. هەروەها ئامانجی یەکێتی ئیتالیا. لە ڕاستیدا، ئەم ئاواتانە، لەناو گێژاوێکی وەک ئەو هەموو تەنگ و چەڵەمە و دوژمنە گەورە گەورانەدا، بەیەکێکی وەک ئەو خۆبەخت کەر و نیشتمانپەروەر و ئازادی خواز نەبوایە نەئەهاتنە دی. بەڕاستی ئامانجەکانی «گاریباڵدی» گەورە و گرنگ بوون ڕێگاکانی سەخت بوون خەبات کردنەکانیشی شاکارانەبوون.

بەتەنشت (گاریباڵدی) شەوە نابێ کردەوە گەورەکان و ڕەوشتە شیرینەکانی «ئەنیتا»ی ژنیمان لەبیر بچێتەوە «ئەنیتا» لە ڕاستیدا ژنێتی خۆی گەیاندبووە ئەوپەڕی بڵندی و هونەرمەندی لە خۆبەختکردن و نیشتمانپەروەری و مرۆڤایەتیدا.

پیاوی مەرد و ئازادی وەک «گاریباڵدی» و ژنی سەربەرز و بەجەرگی وەک «ئەنیتا» هەر جێی شانازیی و خۆشەویستی نەتەوەی (ئیتالیا)نین. جێگای شانازیی و خۆشەویستیی هەمووی مرۆڤایەتیشن چونکە هەردووکیان گەوهەرن و لە گەنجینەی مرۆڤایەتیدا ئەدرەوشێنەوە.

نەتەوەی کوردیش مافی هەیە هەردووکیانی خۆش بووێ پێیانەوە بنازێ و ژیانیان بکات بەچرایەکی پرشنگ دەر بۆ ڕووناک کردنەوەی ڕێگای خەباتی خۆی تا ئەگات بەئامانجی خۆی.

ئامانجی «ئازادیی» و یەکێتی.

ئامانجی ڕزگاریی لە خراپی خۆمان و زۆری بێگانە.

ئامانجی ڕزگاریش لە ناکۆکی ناوخۆمان.

(زۆرداریی) و (ناکۆکی) هەردووکیان نەخۆشین لە سەرچاوەی «خۆپەرستی»یەوە هەڵئەقوڵێن.

(داد پەروەریی) و یەکێتیش تەندروستی یەکن لەسەرچاوەی (خواپەرستی)یەوە هەڵئەقوڵێن.

ئامانجی منیش لەم نووسراوە ئەوەیە کە ئەو (خۆپەرستی)یە لە ڕەگوڕیشەوە دەربکێشین تا «ئازادیی» و (یەکێتی)مان پۆ پێک بێ.

ساخوا ئەم ئاواتەم بێنێتە دیی و وێنەی ئەم جۆرە کەسانە لەناو نیشتمانە نازدارەکەمدا زۆر ببینم!.

سلێمانی: ١٩٦٨

شاکر فەتاح

## پاڵەوانێکی نەناسراو

کە تەماشای مێژوو ئەکەین، هەموو دەم ناوی «گاریباڵدی» شان بەشانی بەخت ڕەشی ئەڕوات. کەچی لە ڕاستیدا ئەم بەخت ڕەشییە؛ لە زۆر جاردا لە ئەنجامی کردەوە و کارەکانی خۆیەوە پەیدا بووە!... چونکە گاریباڵدی هەموو دەم بەدوای ئەو کەینە و بەینانەدا ئەگەڕا کە کەڵکیان بۆ خۆی تیانەبوو، کەچی ئەچوو پشتیوانی ئەکردن و لەسەریشی ئەکردنەوە...

هەموو دەم پەلاماری چەکی ئەدا و لەسەر نەتەوە کز و بێچارە و کڵۆڵەکانی ئەکردەوە، کە ئەیان ناڵاند بەدەست زۆردارەوە. جا لە هەر شوێنێک نەتەوەیەکی داگیرکراو هەبووبێ و چاوەڕوانی کەسێک بوو بێ کە ئازادی بکات، سا ئایا لە جیهانی کۆندا بوو بێ. یان لە جیهانی تازەدا، گاریباڵدی دەمودەست، ئەچوو بەهاواریەوە و لەسەری ئەکردەوە سەرکردەیی هێزە. چەنگییەکانی ئەو نەتەوەیەی ئەکرد بۆ ئەمەی ئازادی بۆ بسێنێتەوە!...

گاریباڵدی، کە ئەوەیشی ئەکرد، بۆ مەبەسی گەورەیی یاخود پاداشی نەئەکرد، ئەو بۆیەکا لەسەر ڕاستی و دروستی و مافی ئەکردەوە چونکە ڕاستی و دروستی ماف بوون بۆیەکا نەچوو بەگژ زۆرداری دا، چونکە زۆرداری بوو ئەو لە پێناوی ئەم بیروباوەڕانەدا خۆی ئەخستە تەنگانە و ناخۆشی ژیانەوە. کەچی هیچ باکیشی نەبوو... بۆ وێنە: کاتێ گاریباڵدی لە ساڵی ١٨٤٢دا، خۆی هاوێشتە ناو چەند جەنگێکەوە و تیاشیا سەرکەوت بۆ کەڵکی فەرمانڕەوایی (ئۆراگوای):

خۆی و ژنەکەی لەناو زنجێکا ئەژیان ئەمەندە پەرپووت بوو نە دەرکی هەبوو، نە پەنجەرە!... جا شەوێکیان، سەرداری زرێ (لیتیە) کە سەرکردەی هەموو هێزەکانی فەرەنسە بوو لە ئەمەریکای خواروودا؛ ئەگەڕا بۆ گاریباڵدی بیدۆزیتەوە و پیرۆزبایی لێ بکات بەبۆنەی سەرکەوتنەکانیەوە لەناو ئەو جەنگانەدا. کاتێ کە بردیانە سەر ئەو زنجەی جەنگاوەری دلێر تیا ئەژیا، زنجەکەی دی تاریک و نووتەک بوو. سەرکردە (لینیە) چووە بەردەرگاکەی زنجەکە و وەستا؛ بەدڵ ناخۆشییەکەوە پرسی: بۆچ سەرکردە گاریباڵدی لێرەدا ئەژی؟» کە گاریباڵدی گوێی لە دەنگی بوو ناوی ئەبرد، ڕووی کردە ژنەکەی خۆی و پێی گوت: ئەتینا چرایەکم بۆ بهێنە! «ئەنیتا»ی ژنیشی وەرامی دایەوە پێی گوت (داخەکەم چرامان نییە!) گاریباڵدیش بەم جۆرە پینەی کرد، بەساکارییەکەوە گوتی: «سەیری کە چۆن لەبیرم چۆتەوە کە مۆم لە ناو ڕستەی ئەو شتانەدا نییە کە ئەمانەدەنێ» جا لە دوای ئەو



سەر لێ دانە، سەرکردە فەرەنسەییەکە نووسی، گوتی: بەم ڕەنگە بۆم هەڵکەوت کە دەنگە زێڕینەکەی گاریباڵدی لە گوێما بزرنگێتەوە بەڵام نەمتوانی زەردەخەنە زێڕینەکەی تەماشا بکەم!»(١)

## چیرۆکی کراسە سوور

لە هەموو شوێنێکی خۆیدا زەردەخەنە زێڕینەکەی گاریباڵدی ناوبانگی دەرکردبوو، چونکە دیمەنەکەی ئەو تێکەڵێک بوو لە خوای شەر «مارس» و لە خوای هۆنراوە (ئەپۆلۆ). لە خۆی دا هێزی لەش و جوانی دەموچاوی کۆکردبووەوە. گاریباڵدی کەڵەگەتێک بوو، چوارشانە، لەشێکی توندوتۆڵی هەبوو. قژێکی ڕەنگ زێڕین و قاوەیی ئەملاو ئەولای ڕووی داپۆشیبوو. لە چەناگەیشییەوە ریشێکی چەشنی ئەو دوو ڕەنگانە شۆڕ بووبووەوە خوارێ. لەبەر ئەوە «گاریباڵدی» هەر لە وێنەیەک لە وێنەکانی (میکل نەئجیلۆ)ی ئەکرد... یاخود لە یەکێک لەو خوایانەی ئەکرد کە لەسەر گوزشتەکانی کۆن دا ئاویان براوە و، کراسی سووری لەبەر کردووە! گاریباڵدیش کە ئەم کراسە سوورەی بۆ لەشکرەکەی خۆی هەڵبژاردبوو؛ چیرۆکێکی خۆش و سەیری هەیە گیروگرفتی بەرگوپۆشەنی ناچاری کردبوو کە هەرزان ترین بەرگ بۆ سەربازەکانی خۆی بدۆزێتەوە... دوایی هەندێ کراسی خوریی سووری چاو پێ کەوت کە بازرگانێکی شاری (مونتفیدیو) ئامادەی کردبوون بیان نێرێ بۆ کوشتی خانەی شاری (بۆینس ئایرس) بەتایبەتی ڕەنگی سووریشی هەڵبژاردبوو بۆ ئەو کراسانە، بۆ ئەمەی ئەو پەڵە خوێنانە بشارێتەوە کە جاروبار لە کراسەکانی کوشتیار «قصاب»ەکان ئەکەون. گاریباڵدیش هەر لەبەر ئەم مەبەسە ئەو کراسە سورانەی هەڵبژاردبوو بۆ لەشکرەکەی خۆی. تاکو هەردەمێ سەربازەکان لە گوڕی شەڕدا بریندار کران و خوێن پژا بەلەشیاندا بەهۆی سووری ڕەنگی کراسەکانیانەوە ئەوپەڵە خوێنانە دەرنەکەون!

(١) یان ڕاستتر: ببینم.

## منالی گاریبالدی و پێگەیشتنی

گاریبالدی لە ڕۆژی ١٨٠٧/٧/٤دا لەشاری «نیس»دا لە دایک بووە دوو جۆرە هەست و تەزوو لەناو خوێنی لەشیا هەبوو. یەکێکیان ئەوەبو: حەزی لە ئاسمانی پان و فراوان ئەکرد یەکێکیشیان ئەوەبوو حەزی لە ئازادیی و سەربەستی ئەکرد. ئەم دوو تەزووەیش لەناو هەموو کەشتیوانەکاندا پەیدا ئەبن. دوورنیە کە ئەم تەزووانەی لە باوکییەوە بۆ ما بێتەوە کە ئەویش سەرکردەی کەشتییەک بوو لە ساڵەکانی منالیدا، گاریبالدی حەزی لەوە ئەکرد کە هەڵگەڕێ بەسەر گرد دا، کە مەلە بکات لە ناو دەریادا. یاخود هەروەک خۆی دەری بڕی لە گفتگۆیەکا کە لەگەڵ «ئەلیکسەندەر دۆماس»ی فەرەنسەییدا کردی (وا دەرئەکەوێ من لە ڕەگەزی ئەو گیان لە بەرانەبم کە لەناو ئاو و سەرزەوی دا ئەژین!)[1] کە گاریبالدی بۆ بەکوڕ چاوی لە هیچ نەئەترسا. جارێکیان بەکەنار ڕوبارێکدا ئەگەڕا، بەلای کۆمەڵێک ئافرەتدا تێپەڕی. میوە و گوڵیان ئەشتەوە، یەکێک لە ئافرەتەکان پێی هەڵخلیسکا و کەوتە ناو ئاوەکەوە هەرچەندە مەلەکردن لەو شوێنەدا مەترسیی زۆر تیابوو بەهۆی ئەوەوە کە پڕ بوو لە شەپۆل و گێژاوی تەووژمدار، بەڵام گاریبالدی لاو بەبێ وەستان دەمودەست خۆی فڕێ دایە ناو ئاوەکەوە و دوای ئافرەتەکە کەوت؛ تا ڕزگاری نەکرد لە دەست خنکان نەهاتە دەرەوە لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنی لە هەشت ساڵان تێپەڕی نەکردبوو!.

## واز لە خوێندنگاه دێنی و ئەچێتە دەریاوە

کاتێ گاریبالدی گەیشتە تەمەنی پانزە ساڵان وازی لەخوێندنگاه هێنا!. لەم بابەتەوە ئەڵێ: «سەربەستیی ناو ئاسمانی پان و فراوان لەژوورە تەنگ و تەسکەکەی ناو خوێندنگای زۆرتر کێش کردم!»

دوای ئەوە کوڕەکە بەتەنیا هەربەتاو زرێ دا گەشتی ئەکرد چوو بۆ «جاوا». مەبەسیشی هەر ئەوە بوو کە بگەڕێ بەدوای جەربەزەیی و شتی نەناسراودا... ئەمەیش بەلای باوکیەوە زۆر ناخۆش بوو چونکە ئەو ئاواتی ئەوەی نەخواست کە گاریبالدی ئامادە بکات و ببێتە کەشیشی!... لەگەڵ ئەمەشا، کە باوکەکەی پەیی بەوە ئەبرد کە کوڕەکەی بۆ ئەوە لەدایک نەبووە کە ژینێکی ئاسوودە و پڕ سرەوت بژی. دڵی خۆی ئەدایەوە. ملی بۆ کارەساتی

(١) واتە: (برمائیات).



ڕۆژگار دائەنەواند. کوڕەکەی خستە ناو کەشتییەوانەکانی کەشتییەکەی خۆیەوە، کە هەر خۆی سەرکردەیی ئەکردن.

زووبەزوو گاریبالدی، تێکەڵ بەگەشتییەوانەکان بوو بویشە دۆستیان هەر چەند گاریبالدی لە مەلەکردن و نوقوم بوونی ناو ئاودا بۆ دەرهێنانی گیان لە بەرانی ناو ئاو لەوان بەکارتر و هونەرمەند تربوو، بەڵام توانی خۆی لە هەست وروژان و چاوپیسی ئەو کەشتییەوانانە بپارێزی. ئەمەیش بۆیەکا سەری گرت چونکە کردەوە و ڕەوشتی جوان ئەچربسکایەوە بۆ ئەوان هەروەها لە دەنگەکەیشیا، هەموو دەم، هەستی بەرز و خوشەویستی ئەزرنگایەوە...

بەڵام گاریبالدی؛ هەر لە هۆنەرەکانی زرێ بازیی دا سەرو و هاورێ کانی خۆی نەکەوتبوو. لە گەلێک هونەری زانیاریشدا پێشیان کەوتبوو وەک:

مێژوو، ڕاستی پەرستی و بەتایبەتی هۆنراوە!. خۆشترین دەم ئەو دەمەبوو، بەلای زرێوانەکانەوە، کە دائەنیشتن و گوێیان لە دەنگە زێڕینەکەی گاریبالدی ئەگرت؛ کە لە بێ دەنگی شەوا! هۆنراوەکانی (دانتی) و (ڤۆلیتر)ی بۆ ئەخوێندنەوە. یاخود گۆرانییەکانی شۆڕش کێڕەکانی فەرەنسەی ئەگوت کە دەماری پیاویان ئەبزواند، بەساز و ئاوازە ناسکەکانیەوە، کە ئەمەندە دڵکو بوون و کاریان لە هەست و هۆش ئەکرد پێویست بەوەرگێرانی وشەکانیان نەبوو بۆ سەر زمانی ئیتالیایی.

## ئەچێ بەگژ ڕێگرەکانی ناوزرێ دا . ئەگەڕێ بۆ شەڕوشۆڕ

گاریبالدی دە ساڵی خشتی بەم جۆرە رابوارە: هەر خەریکی کاروباری زرێوانی و گەشتوگوزار و گۆرانی گوتن و... بەڵام لەم ماوەیەدا پێشکەوت لەزرێوانێکەوە کرا بەسەرکردەیەکی کەشتی.

نەچاوی لە تەنگوچەڵەمە ئەترسا نەئەیشی زانی ترس چییە. کاتێ کە تورکەکان و یۆنانییەکان چوون بەگژ یەکتردا. لە نزیک گۆی ئاوی خاکی لوبنانەوە، گاریبالدی بەهەلی زانی بۆ جەربەزەیی دەمودەست بەخۆی و کەشتییەکەیەوە خۆی گەیاندە کۆڕی کوشتار و دەستی کرد بەشەڕکردن!

هەر ئەوەندە لەو شەڕە بووەوە؛ دەستی کرد بەگەڕان بەناو زرێکاندا کوشتاری لەو ڕێگری دەریایانە نەکرد کە هوروژمیان ئەبردە سەر کەشتییەکەی. بەخۆیان و پاچ و خەنجەرەکانیانەوە. بەم ڕەنگە ژیانی گاریبالدی وای لێهاتبوو کەبوو بوو بەزنجیرەیەک لە

جەربەزەیی و تەنگوچەڵەمەی سامناک، کە لە هۆنراوەکانیدا لۆردبایرۆن هونەرمەندانە بەخوێن گەرمییەکەوە لێی دوا بوو بەناوی گەورەکردن و رێزگرتنەوە لە پاڵەوانان و پاڵەوانێتی.

## بینینی مازینی

لەودەمەدا گاریباڵدی بەرگوێی کەوتەوە کە یەکێک لە ئیتالیاییەکان، کە ناوی (مینوتی) بوو بەدەستی نەمسەییەکان کوژرابوو. بۆیەکا بەم سزایەش گەیشتبوو، خەریکی ئەوە بووبوو کە ئیتالیا بکات بەیەک و رزگاریشی بکات لە ژێر دەستی ئەمسەییەکان. بەڵام کوشتنی -مینوتی- بەپێچەوانەی مەبەسی نەمسەییەکان. کاری کرد. لە باتی ئەمەی کە گیانی نیشتمان پەروەری لە دڵی ئیتاڵیاییەکاندا بکوژێنێتەوە، زورتر ئاگری تێ بەردا... ڕۆژێکیان گاریباڵدی گەیشت بەلاوێکی سەر بەمینوتی کە گوتی: (بە سەدان لە پیاوەکانمان بەدەستی نەمسەییەکان کوژراون. بەڵام گەورەترین پیاوی کۆمەڵەکەمان کە ناوی مازینییە هێشتا زیندووە)

دەمودەست؛ لە پاش ئەوە، گاریباڵدی بەخۆی و کەشتییەکەوە چووە مارسیلیا: لەوێ چاوی کەوت بەمازینی کە ئەوساکە دوور خرابووەوە بۆ ئەوێ، بێ ئەمەی دەست لە سەربەستی کەسایەتی بدرێ. پاشە جار گاریباڵدی، لەم بابەتی پێگەیشتنەیەوە نووسی: «لە ڕاستیدا کۆڵۆمبوس کە کامەران بوو بەدۆزینەوەی ئەمریکا، ئەمەندەی من دڵخۆش نەبووە کە ئەم پێغەمبەری بەلێن لەسەر دراوەم دۆزییەوە؛ کە هەر بۆ ئەوە نێراوە کە نەتەوەکەی ئێمە بگەیێنێتە ئەو خاکەی کە گفتمان پێ دراوە وەری بگرین!». هەر ئەو چاوپێکەوتنە بوو، کە بووە سەرەتای یاریدەدانێکی بەردار لەپێناو ئازادیی ئیتالیادا، کە هەتا مان، ژیا هەرچی... «مازینی» بوو خەوی ئەدیی بەئازادیی نیشتمانەکەیەوە هەرچی (گاریباڵدی)ش بوو ئەو خەوەی ئەگورییە سەرکردەوەکە خەم گەورەتر بوون لە قسەکان، هەم کاریگەرتریش بوون!.



## بەرەو یەکێتی نیتالیا

بەڵام لەو دەمەدا ئازادکردنی پارچە خاکەکانی ئیتالیا و یەکخستنیان ئاواتێک بوون وەک دەرئەکەوت کە نەیێنە دیی! چونکە سوێندخواریی فەرمانڕەواییە گەورەکانی ئەوروپا کە لە ساڵی ١٨١٥دا پێکهاتبوو؛ خاکەکانی ئیتالیای لە ئاو کەمەرەی خۆی دەرهاویشتبوو. دانیشی بەئیتالیادا نەنابوو کە فەرمانڕەواییەکی یەک بووە. لەبەر ئەوە خاکەکانی (پیدمۆنت) و (ساردینیا) لەژێر چنگی خونکارەکانی بەرەی (ساڤۆی)دا مابوونەوە. لەلایەکی تریشەوە خاکەکانی (لۆمباردیا) و (ڤینیسیا) خرابوونە سەر نەمسە هەرچی (تۆسکانیا) و (مۆدنیا) و (بارما)یش بوو خرابوونە ژێر چنگی خانەدانە دەسدارەکانی نەمسەییەکانەوە بەڵام (ڕۆما) و (ئەمیریا) و (ڕومانا) ملیان کەچ کردبوو بۆ دەسەڵاتی پاپا کە لەشکرێکی داگیرکەری فەرەنسەیی لەو ناوەدا بوو، یارمەتی ئەدا. مایەوە سەر (ناپۆلی) و (سجیلیا)، ئەوانیش کەوتبونە بەردەست بەرەی (بۆربۆن) بەم ڕەنگە ئیتالیا ئەو قسەیەی پێ نەبڕا کە (مەتەرنیخ)ی زۆرزانی نەمسەیی و کەڵەپیاوی کۆنگرەی (ڤیەننا) دەربارەی کردبوو، کە گوتبوی: هەرچی ئیتالیایە نەتەوەکەی پچڕپچڕ بووە یەکێتییەکەی نەماوە هەر ئەوەندەی پێ ئەبڕێ کە بڵێین بریتییە لە ناوی خاکێکی سەر زەمین!.»

کە وای لێهات گاریباڵدی و مازینتی ڕووبەڕووی کارێکی سەخت و گران وەستابوون. کارەکەیش بریتی بوو لەوەی کە ناوێکی بێ جێ بگۆڕێ و بکرێ بەنەتەوەیەکی وریا و زیندوو!. گاریباڵدیش هەموو دڵ و گیانی خۆی بۆ ئەم کارە گرنگە تەرخان کرد. جارێ لە سەرەتاوە دەستی کرد بەهەڵگێڕانەوەی کەشتییەوانەکانی (جەنەوە) لە سەردارەکانی خۆیان... بەڵام یەکێک لەو زرێوانانە بەدگۆیی دەربارە کرد. گاریباڵدی ناچار بوو، دەربازبێ بۆ (مارسیلیا)، کە گەیشتە ئەوێ چەند پەڕەیەکی لە چاپدراوی دیی؛ کە لە بابەت ناوی ئەوەوە نووسرابوون، فەرمانڕەوایی (پیدمۆنت) بڵاوی کردبونەوە و بەئاشکرا تیا ئەنووسیون هەرچی کەللەی (گاریباڵدی)ی بۆ بهێنی؛ پاداشتێکی گەورەی ئەداتەوە!... بێجگە لەوە کار بەدەستەکان بڕیاری کوشتن یاخود لەناو بردنیشیان دابوو!...

## ئەچێ بۆ ئەمەریکا

که گاریبالّدی ئەوەی دیی؛ تەماشای کرد ناتوانێ بەدڵی خۆی لە ئیتالیادا گوزاریی بنوێنێ... خۆی ڕەنجەڕۆ هاتە پێش چاو... لەوە پێش ئەوەیشی بیستبوو کە چەند شۆڕشێک لەو بەری کەناری رزێی ئەتلانتیکەوە هەڵگیرساوە لە هەندێ لە خاکەکانی ئەمەریکای خوارووودا؛ کە تەنگەتاو بووبوون بەدەست زۆرداریییەوە. لەبەر ئەوە بەخۆی و چەند کەسێکی دڵسۆزی پشتیوانی خۆیەوە بەناوزریدا کەوتە ڕێگا ڕووی کردە ئەوێ... تا دوانزە ساڵ لەو ناوەدا مایەوە (١٨٣٦–١٨٤٨) سەرکردەیی لەشکرەکەی خۆی ئەکرد کە کراسی سووریان لەبەر کردبوو بۆ ڕەنجی نەداوەتی ئەکۆشا بۆ ئازادکردنی خاکەکانی (ئۆرۆگوای) و (ربوگراند)...

چیرۆکی جەرمەزەیییەکانی گاریبالّدی لە ئەمەریکای باشووردا، لە چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە سەیرتر و سەر سورهێنەر ترە. گاریبالّدی لە سەرەتادا شەڕەکەی خۆی لەکۆڕی زریدا ئەکرد هوروژمی ئەبردە سەر دوژمنانی ئازادیی و ئازاردەرانی براکانیان لە مرۆڤایەتیدا ئەمیش لەسەر شێوەی ڕێگرانی ناو زرێ دابوو بەڵام پاش ئەوەی چەند مانگێک بەسەرپشتی شەپۆلەکانی زرێووە مایەوە، کەشتییەکەی خۆی بەجێهێشت و سواری ئەسپ بوو بەخۆی و پیاوە ئازاو دلێرەکانییەوە ڕێی گرتەبەر، بەناو چۆڵ و بیابانەکاندا هەندێکیش لە شۆڕەسوارە هەرە هونەرمەندەکانی (ریوگراندا)یشیان هاتبووە سەر کە یەجگار ئازا و جەنگاوەربوون. هەموویان بەگشتی تاویان ئەدایە ناو کێلّگە و زویرەکاندا بەتیروکەوان و ڕمەکانیانەوە هەرچەندە مانگێکیشی پێ چوو، گاریبالّدی لەو خاوەن پیشانە هەموویان هونەرمەند تر دەرچو لەسوارچاکی و ڕمبازییدا خۆی و پیاوەکانی؛ دوژمنیان لەهەر کوێ یەکدا بدیایە، بێ ووچان هوروژمیان ئەبردە سەریان و ڕاوەدوویان ئەنان. لەهەڵکوتانەکانیاندا هەروەکو تیزکەی تفەنگ گورج و گۆڵ بوون... ڕانە ئاژاڵێکیشیان بەدوای خۆیانەوە کێش ئەکرد لە هەر شوێنێکا برسی بونایە لێیان سەر ئەبڕین و گۆشتەکانیان ئەبرژاندن و ئەیان خواردن! دلێریی ئەو جەنگاوەرانە ئەمەندە سەیر بوو، هێندە سەر سوڕهێنەر بوو نەئەچووە مێشکەوە، کە ئەکەوتنە بەردەست دوژمنەکانیان، هەرچی ئێش و ئازارێک هەیە ئەدران لە کۆڕی شەڕدا نەکوژران بەڵام زەردەخەنە لەلێویان جیا نەئەبووەوە!.

لە ڕاستیدا ژمارەیەکی زۆریان لێ مرد. بەڵام لە جیاتی ئەو مردووانە دەمودەست



کۆمەڵێکی تر لە زیندووان ئەهاتنە پاڵیان. سەرکردە ئازاکەیان؛ هەموو دەم وەک هێزێکی موگناتیسی پێوە بووبێ، کێشی ئەکردنە لای خۆی!. گاریبالّدی خۆیشی، خۆی وا ئەنواند کە هیچ هێزێک نییە لە جیهاندا بتوانێ ئازاری بدات یاخود پەکی جەنگی بخات!

جارێکیان گاریبالّدی کەوتە دەست ئەفسەرێکی دوژمن. ئەفسەرەکەیش ئەیویست ناچاری بکات هەرچی لە دڵدایە و هەر زانیارییەکی هەیە کە بەکەڵکی دوژمنەکەی بێت بیلێ. لەبەرئەوە دەستی کرد بەئازاردان و دارکاریی کردنی. تا دووکاتیش بەپەنجە هەڵیواسی لەناو زیندانەکەیدا، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا گاریبالّدی ورتەیەکی لە دەمەوە نەهات ڕاز و نهێنییەکانی خۆی پێ بلێ لە بابەت جەنگەکەوە! گاریبالّدی ئەوە پاش کە لە بابەت ئەو ئازاردانانەوە ئەدوا ئەیگوت «لە ڕاستیدا ئەوانەیش جۆرێک بوون لە گیان کێشان کە هەرگیز ناتوانم پیشانی بدەم!»

***

## شۆڕەسواری ئازا ملکەچ نەکات بۆ دڵداریی

لەگەڵ ئەوەشا گاریبالّدیش مرۆڤێک بوو، بۆ خۆی چەشنی هەموو مرۆڤێکی تر خاوەنی دڵ بوو. ئەویش وەک هەموو کەسێک دڵی ئەدا بۆ دڵداری!...

ئەوکاتە ڕۆژێک بوو لە ڕۆژانی ساڵی **١٨٣٩** گاریبالّدی وازی لە سوارییی ئەسپ هێنا بوو گەڕابۆوە سەر ژیانی ناو کەشتی و زریوانی ڕۆژێکیان لەسەر پشتی کەشتییەکەی خۆی بوو؛ بەدووربینێکی شت گەورە کەر تەماشای کەناری ئاوەکەی ئەکرد هەروەک خۆی ئەڵێ:

(بەرێکەوت گردێکی بڵند هاتە بەرچاوم کە چەند خانووێکی بچووکی بەسەرەوە دروست کرابوو. خانووەکان هەم جوان بون، هەم ساکار لەبەر دەرگانەی یەکێک لەو خانوانەدا کچێکی جوانم هاتە پێش چاو؛ زۆر چوو بەدڵما. دەمودەست فەرمانم دا بەکەشتییەوانەکان کە کەشتییە کە بگێڕنەوە بۆ لای کەناری ئاوەکە. پاشان لە کەشتییەکە دابەزیم و چوومە سەر وشکانی ڕوویشم کردە ئەو لایەی کە بەلامەوە وابوو ماڵی کچەکە لەوێ دابوو بەڵام هەر ڕەنجێکم بۆ دۆزینەوەی کچەکەدا بەبا چوو!

بەڵام لەوکاتەدا کە خەریک بووم بەرەنجەڕۆیی بگەڕێمەوە جێی خۆم پیاوێکی هاونیشتمانی خۆم تووش هات کە دەمێک بوو ئەمناسی. بانگی کردمە ماڵی خۆیان کە فنجانێ قاوەی لا بخۆمەوە. کە چووم هەتا بڵێی سەرم سوڕما لە کاری خوا و خۆشیش

هاته دڵمەوە چونکە دەمودەست چاوم بەو کچە کەوت کە بۆی ئەگەڕام و لە دەریاکەوە کێشی کرد بووم بۆ کەناری ئاوەکە! منیش تا دەمێک هەر سەیرم ئەکرد و چاوم تێ ئەبڕی. نازانم زۆری پێ چوو، یان کەم، دوایی هاتمەوە هۆش خۆم. بەزەردەخەنەیەکەوە چاک و چۆنیم لەگەڵدا کرد و پێم گوت: «تۆ بەر من نەکەویت!»

ئەوەی گاریبالدی گوتی هاتەدیی کچەکە بوو بەژنی! ناوی کچەکە (ئەنیتار بیرا) بو هەرچەندە تەمەنی لە هەژدە ساڵان تێپەڕی نەکرد بوو، بەڵام باوکی نەبوو لە باوکی بەرپەچی قسەکەی باوکی دایەوە کە ئەیویست بیدات بەپیاوێکی تر![1] ژینی خۆی و چارەنووسی خۆی دایە دەست هێزی موگناتیسی ئازادکەری نیشتمانەکەی خۆی هەر ئەو شەوە خۆی گەیاندە گاریبالدی کە لەسەر پشتی کەشتییەکەی بوو هەر دووکیان پێکەوە بەرەو دوا ڕۆژێکی پڕ لە کامەرانی تەواو و ئەرک و ئازارێکی زۆر و ئەنجامێکی ناسوور و سامناک بەناو زرێکاندا ڕێگایان گرتە بەر! گەلێک زرییان بڕی؛ ڕێگای گەلێک چۆڵ و بیابانیان بەسواری ئەسپ تەواو کرد شان بەشانی یەکتری شەڕیان ئەکرد. هەر یەکەیشیان ئەوی تری ئەپاراست لە ڕمی دوژمن! دوایی لە جەنگێکا ژنە گیرا و کرا بەدیل ژنەکە وای ئەزانی مێردەکەی لە کۆڕی جەنگا کوژراوە ڕییان دا بەژنەکە کە بگەڕێ بۆ لاشەی مێردەکەی خۆی بەڵام دوو سەربازی بەهێز و هەرەتیشیان بوو دانا کە چاویان لێی بێ و دەرباز نەبێ ژنەکەیش لە ناوەند هەر دووکیان دا ئەڕۆیشت؛ کوژراوەکانی ئەپشکنی ڕووی وەرئەگێڕان بۆ بەر ڕووناکی، تاکو بیان ناسێتەوە بەشێوە و دەموچاویان دا لە پڕ هەر دوو یاساوڵەکانی خۆی چەواشە کرد بەدزیی ئەوانەوە خۆی فڕێ دایە سەرپشتی ئەسپێک کە لە دەست جووتیارێکی ڕاپسکاند هەڵات و خۆی گەیاندە ناو جەنگەڵێکەوە و خۆی ون کرد!

لە پاش غارکردنێکی چوار ڕۆژی بەسەرپشتی ئەسپەکەوە بەناو دارستان و مەلەکردن بەناو ڕووبارەکاندا کە بێ خواردن و بێ سرەوت مایەوە دوایی گاریبالدیی مێردی دۆزییەوە بەزیندوویێتی!

کاتێکیش ژن و مێردەکە منالێان بوو ناویان نا (مینوتی) مەبەسیان ئەوە بوو کە یادی دلێری یەکەمی شۆڕشی ئیتالیا زیندوو بکەنەوە.

(١) لەوە دەچێ لێرەدا هەندێ ڕستە پەڕیبێ، وەک لە ئەسڵەکە دایە.



## ژنەکە لە مێردەکەی دڵ پیس ئەکات . مێردەکە دڵسۆزیی ئەنوێنێ

گاریبالدی پیاوێک بوو لە پیاوان. پیاوێکیش بوو لە ڕیزەی ژنان!... کام تەنگ و چەڵەمەی سامناک هەبوو، خۆی تێ فڕێ ئەدا. کام جەنگ سەخت و خوێنڕێژانە بوو کوشتاری تیا ئەکرد. بێجگە لەوانە، کارەساتی وایش ڕووی ئەدا پاکی و دڵسۆزی ئەوی تاقی نەکردەوە بەرامبەر ژنەکەی خۆی. بەڵام هەموو دەم ئەوەی پیشان ئەدا کە چاکترین مێردە و، لە دڵسۆزیی و داوێن پاکییشدا بێ هاوتایە!.

بەڵام ژنەکە، زۆرجاری وا ڕێک ئەکەوت، کە دڵی لە مێردەکەی خۆی پیس ئەکرد... بەڵام گاریبالدی بەبۆنەی ئەو جۆرە کارەساتانەوە، چەندی لە دەست بهاتایە ژنەکەی خۆی دڵنیا ئەکرد کە لە ناپاکی ژن و مێردییەوە دوورە: تەنانەت، جارێکیان؛ ئەو دڵنیاکردنەی بوو بەهۆی ئەوەی کە قژە زیڕینە جوانەکەی خۆی بتاشی تا بێخەکەی!. جا بۆ ئەمەی پاکانە بۆ ئەم کردەوەیەی خۆی بکات پێی گوت: (وا بەم ڕەنگە تۆ ئەتوانیت لە من دڵنیا بیت کە ئافرەتەکان دوام ناکەون!)...

## گەڕانەوەی شەمشون بۆ ئیتالیا

کە گاریبالدی، لە کاروفرمانەکانی خۆی بووەوە، لە ئەمەریکای خوا ڕوودا؛ کە بۆ سەندنەوەی «ئازادی»ی نەتەوەکانی ئەوێ خەباتی ئەکرد. دەمودەست گەڕایەوە نیشتمانەکەی خۆی، بۆ ئیتالیا. کاتی گەیشتە ئەوێ بەگەرموگوڕییەکی ناوازەوە پێشوازیی کرا هۆی ئەمەیش ئەوەبوو، کە لەوودەمەدا کە ئەو دوورکەوتبووەوە لە ئیتالیا ئاگری نیشتمانپەرستی لە دڵی هاونیشتمانەکانیا وەک خۆی مابووەوە. هەر ئەوەندەی ئەویست فوویەکی لێ بکرێ تا هەر لە خۆیەوە کلپە بسێنێ.

گاریبالدی لە پیاوەکانی خۆی کە مابوونەوە نزیکەی هەزار کەسێکی بۆ کۆکرایەوە بەخۆی و ئەوجەنگاوەرانەوە کە هێرشیان بردە سەر شاری «ڕۆما» بەرامبەر بە سی ٣٠ هەزار سەربازی فەرەنسەیی داگیرکەر وەستا! ئەم جەربەزەییەی گاریبالدییە ئەمەندە شێتانە ئەهاتە پیش چاوی هەندێ کەس، پێیان ئەگوت: «مەگەر شتێک لە خواییەوە ڕوو بدات گاریبالدی و پیاوەکانی ڕزگار بکات ئەگینا سەربازە فەرەنسەییەکان لەوانەن بیانخۆن و قووتیان بدەن!»

کەچی کاری خوایی ڕووی دا. هەر ئەوەندە گاریبالدی چەند هێرشێکی شێرانەی بردە

سەریان، لەشکری سەرکردە (ئودینو)ی فەرەنسەیی شکاند، بەم ڕەنگە (پڵنگی مونتەڤیدیۆ) کە هەروەک لە ئەمەریکای خوارووودا پێ یان ئەگوت بەسەرکەوتن شادبوو.
هەر لەدوای ئەم سەرکەوتنەی بڵاوی کردەوە بەهەموو لایەکدا کە «ئیتالیا (فەرمانڕەواییەکە؛ نەبەندیخانەی تیایە و نەچەندوچوون کردنی دادگای تیایە و نەزۆرداریی!) هەروەک فەرمانڕەواییەک بوو بێ، وەک فەرمانڕەواییەکەی «یوتوبیا» کە وێنەی نەبێ لە جیهان دا بۆ چاکی و پاکی و دادپەروەریی وای ئەهاتە پێش چاو واتا: چۆن (سێرتۆماس مۆر)ی ئینگلیزی چاکەخواز (یۆتۆپیا)کەی خۆی هاتبووە پێش چاو کە لەسەر پەڕاو نووسیبوویەوە ئەمیش ئەم فەرمانڕەواییەی خۆی وا ئەهاتە بەرچاو!

بەڵام گاریباڵدی زۆر بەم گەشکەدارییەیەوە نەمایەوە چونکە لەو دەمەدا لە هەموو لایەکەوە لەشکری دوژمنانی لێ کۆ ئەبووەوە کە هەموویان نوێ بوون ڕەنگرێژی شەڕێکی نوێیان پێ درا بوو (ناپاکی)ی نوێ نوێ و تازە داهاتوویشیان بەدەستەوە بوو! سەرکردە فەرەنسەییەکە زۆری پێ نەچوو شەڕ وەستانی ئاشکرا کرد کەچی سەر ڕاستی گاریباڵدیی بەکارهێنا بۆ کەڵکی ناپوختەی خۆی پێش ئەمەی ماوەی شەڕ وەستانەکەی دوایی بێت لەناکاو پەلاماری گاریباڵدی دا ئەم ناپاکییە تەنگ و ناپەسندە بەئەنجامی خۆی گەیشت لەشکری پاراستنی گاریباڵدی سەرومر کوژران بەڵام گاریباڵدی توانی خۆی ڕزگار بکات لەگەڵ ئەوەیشا کە کەلەکەی گوللەیەکی بەرکەوتبوو و ژنەکەیشی لەگەڵ ئەودا خۆی دەرباز کرد بەڵام بەسکی پڕەوە کە مناڵەکەی دووەمی تیا بوو!

هەر چەندە ئەم کارەساتە سەرگەردانییەکی گەورەی تیابوو بەڵام ئەوانەی مابوونەوە لە لەشکرەکەی گاریباڵدی دڵسۆزییان بۆ نوواند پڕ بەدڵ دوای سەرکردە کلۆڵەکەی خۆیان کەوتن ملکەچیان کرد بۆ هاوارە ناسۆر و کاریگەرەی کە بۆی هێنان: (هەر کەسێ ئەیەوێ شەڕ لەگەڵ فەرەنسەییەکاندا بکاتەوە با دوام کەوێ بەڵام نابێ چاو ببڕێتە هیچ شتێک کە لە منەوە دەستی کەوێ چونکە من هیچم نییە بیدەمێ.

نە پارەم هەیە بیدەمێ نە پاداش نە کەلوپەلوخورشت لە برسیتی و تینوێتی و ڕێگا بڕینی بەئەرک و ئازار و شەڕوشۆڕ و مردن بەولاوە هیچی ترم نییە بیدەم بەکەس... جا هەر کەسێ لەکانی دڵیەوە، نەک لە سەری لێویەوە؛ نیشتمانەکەی خۆی خۆش ئەوی؛ با بێت و دوام کەوێ!...».



## فرمێسک و خوێن و خوەی[1] ناوچەوان

ئەوەی کە گاریباڵدی چاوەڕوان بوو بێتە دیی، لە پیاوەکانی کە زۆر کەم بوون هاتە دیی... وایان لێهات، بوون بەکۆمەڵێکی ئاوارە و بێچارە بوو هەر شوێنێک ئەچوون دوژمن بەدوایانەوە بوو دەری ئەپەڕاندن. نەجێیەکیان هەبوو تیا بحەوێنەوە. نەخورشتێکیشیان دەست ئەکەوت، ئاهی سکی خۆیانی پێ بشکێنن... بەڵام نیازێکی بەهێز هەبوو لە دڵیاندا. هەموو دەم پاڵی پێوە ئەنان بۆ پێشەوە. ئەوانە ئەو نیازەیان لە ئازایەتی سەرکردە بریندارەکەیان و ژنە بەجەرگەکەیەوە پێ گەیشتبووە کە هەر چەندە نەخۆش بوو بەهۆی سکەکەیەوە کە مناڵی تیابوو، کە هەر چەندە مێردەکەی لەگەڵیا خەریک بوو لێی ئەپاڕایەوە کە لەگەڵیاندا نەبێ و بمێنێتەوە؛ بەڵام بەگوێی نەکرد، لەگەڵیا خۆی تووشی ئەو هەموو ئەرک و ئازار و مەترسیی ژیانە کرد ئەویش هەر بۆ ئەمەی تا سەر هاوسەر و هاودەردی مێردەکەی بێ.

کاروانەکە، هەر ئەوەندە لە ڕێگادا بەلای ماڵێکا تێپەڕبێ؛ ژنەکەی تکای لە کەیبانووی ماڵەکە کرد کە وەک پیاوان قژەکەی هەڵپاچێ پاشان جلوبەرگی پیاوانەشی پۆشی و سەرلەنوێ سواری ئەسپەکەی خۆی بووەوە کۆمەڵە جەنگاوەرەکە، هەر بەڕۆیشتنی خۆیەوە خەریک بوو. بەڕۆژ خۆی ئەشاردەوە. بەشەویش ئەڕۆیشت بەڕێگادا. تا لە توانایدا بوایە خۆی ئەپاراست لەوەی کە بکەوێتە چنگی دوژمنەوە؛ کە هەر بەدوایانەوە بوون ڕاوە دوویان ئەنان. دوژمنەکەیان ڕۆژ بەڕۆژ بەهێز تر ئەبوو ژمارە سەریان گەیشتبووە حەفتا و پێنج هەزار کەس!.

لە کاتی ئەو ڕاوەدوونانەدا کە دوژمن ئەیکرد و زۆریش سامناک و پڕ لە مەترسی بوو، چەند جارێک گاریباڵدی و کۆمەڵەکەی نزیکی چوار لاگیران بوونەوە. بەڵام هەموو جارێک، لە دوای هەناسەدا، لە تەڵە و داوەکانی دوژمن دەرباز ئەبوون. ئەمەیش بەسایەی زوو هەست پێ کردنی سەرکردەکەیانەوە بوو؛ کە ئەمەندە زیرەک و نەبەرد بۆ هەموو دەم پەیی بەو تاکە ڕێگایە ئەبرد کە دوژمنەکانی بەرەڵڵایان کردبوو پاسەوانییان نەئەکرد!.

هەموو جارێکیش سەرکردە دلێرەکە، بەهیوایەکی تازەوە ڕێگای ئەگرتەوە بەر، کە هەرگیز کز نەئەبوو، نەیش ئەکوژایەوە دوایی کۆمەڵەکە گەیشتنە کەنار دەریا، کەلەوێدا کەشتییان بۆ ئامادەکرا بوو بیانگوێزێتەوە بۆ خاکی ئازادیی.

(*) خوە: (عرق): ئارەق کە لە لەش بێتە دەرەوە. (ش.ف)

بەڵام ژنەکەی گاریباڵدی؛ کەسکی پڕ بووبوو بەمناڵی دووەمی، نەخۆشییەکەی تینی سەند مەترسی لە ژیانی ئەکرا... جا لەبەر ئەوەی کۆمەڵەکە، هیچی تری لە دەست نەئەهات ئەوە نەبێ کە لەسەر ڕاکردنی خۆی بڕوات؛ بەناچاریی چوونە ناو کەشتییەکانەوە و دەستیان کرد بەکۆچ کردن.

بێ ئەمەی نان و ئاوێک لەگەڵ خۆیاندا بەرن بیخۆن... هیچ شتێکیش نەبوو؛ تاریکی ژیانیان بۆ ڕۆشن بکاتەوە، ڕۆشنایی ئەو باوەڕە نەبێ کە هەیانبوو بەڕاستی و دروستی کەینەوبەینەکەی نیشتمانەکەیان و، بەڕووناکی مانگ!. گاریباڵدی، لە هەموو ژیانی خۆیدا، لە مانگی ئەو شەوەی گەش تر و جوانتری نەدیبوو!. تیشکی مانگەکەی ئەو شەوە، ئەکەوتە سەر دەموچاوێکی زەرد هەڵگەڕاو، کە دەموچاوی ژنەکەی بوو ژنە بەسەزمانەکە لەتاو گڕی تایەکەی، لێوەکانی ئەلەرزین. بەڵام بەزۆر زەردە خەنەیەکی کزی لێ پچڕین و بەمێردەکەی خۆی گوت:

«خۆشەویستەکەم؛ هەرچییەکم بەسەر بێ، پێویستە تو هەر لەسەر ڕێگای خۆتەوە بڕۆیت تا کاری خۆت تەواو ئەکەیت!.»

بەڵام پێش ئەمەی ژنەکە لە قسەکانی ببێتەوە، گێژەی گوللە لەم لاو لەو لایانەوە پەیدا بوو... گەلە کەشتییەکانی دوژمن بوو، هوروژمی ئەبردە سەریان!. گاریباڵدی هەر چ کەشتییەکی پێ بوو، هەموویان گیران، سیانیان نەبێ. لەناو کەشتییەک لەو سێ کەشتیانەدا؛ خۆی دانیشتبوو، ژنەکەیشی لە باوەشیابوو گیانی ئەدا!. کەشتییەکەیان، لە بەرەبەیاندا؛ گەیشتە کەنار دەریایەکی چۆڵوهۆل. گاریباڵدیش ژنەکەی خۆی هەڵگرت و گەیاندیە سەر وشکانی لەوێدا لەناو کۆمەڵەکاندا داینا. بەڵام زۆری پێ نەچوو مەرگی بەناو چاویەوە دیی. ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو... کە دەستیشی دا لە مەچەکی زیندوویتی تیا نەمابوو!...

گاریباڵدیش گۆڕێکی بوو «ئەنیتا»ی ژنی هەڵکەند و ملی نایەوە بەڕێگاوە...



## لە ناوەند تەنیایی و کوشتاردا

ئەوەندە هەبو، مەرگەساتەکە کاری لە دڵی گاریباڵدی کردبوو. وایشی لێ کردبوو؛ کە نەتوانێ لەسەر خەبات کردنەکەی خۆی بڕوات. پڕ بەدڵ حەزی لە ژینێکی بێ دەنگ و سەنگ ئەکرد، داماوی سرەوت و حەسانەوەیەک بوو... لەبەر ئەوە کۆچی کرد بۆ خاکە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

لەوێدا خۆی گەیاندە کارخانەیەکی میو دروستکردن؛ خۆی دامەزراند!... بەڵام دیسانەوە یادی ئەو ژیانەی ئەکردەوە کە پێوەی ڕاهاتبوو. لەبەر ئەوە زۆری پێ نەچوو سەرکردەیی کەشتییەکی گرتە ئەستۆی خۆی، کە بەرە و ڕۆژهەڵات ئەچوو... کاتێ کەشتییەکە گەیشتە ناوزریی ناوەڕاست، هەستی کرد بەوەڕس بونێک لە ژیانی جەربەزەیی وە بە ئارەزوویەکی بەهێز کە ژیانی پیری خۆی نزیک بەنیشتمانەکەی خۆی ڕابوێرێ. لەبەر ئەوە خانووێکی تەختەی کڕی لە دوورگەی «کابرا»دا کە نزیک بە«ساردینیا» بوو. ویستی تا ماوە لەوێدا بژی...

بەڵام هاواری هاونیشتمانە زۆر لێ کراوەکانی لە پشت ئەو هەموو زرێیانەوە کەوتەوە بەرگوێ. کە تەماشای کرد وا ئەمجارەیش دڵ و دەروونی ئەورووژێتەوە. هەست بەگلاراویی و دڵتەنگی ئەکاتەوە، هەست بەبێ ئارامی ئەکاتەوە... کاتێ کە دەنگوباسی ڕاپەرینی تازەی ئیتالیای بەرگوێ کەوت. کە لە ژێر پێشەوایی «کافور»دا خەریکە خۆی لە دەست زۆرداریی (نەمسە) ڕزگار بکات و هەموو خاکەکانی ئیتالیا بکاتەوە بەیەک و فەرمانڕەواییەکی گەورەیان لێ پێک بهێنێ، هیوا و ئاواتە نیشتمانییەکانی خۆی بیرکەوتەوە... گاریباڵدی هەستی بەخۆی کرد کە خوێنی لاوێتی سەرلەنوێ، گڤە ئەکاتەوە بەناو دەمارەکانی لەشیا. دەمودەست خۆی لە دەست خاو و خلیچکی ڕزگار کرد و، دورگەکەی بەجێهێشت؛ بۆ ئەمەی خۆی بگەێنێتە هێزەکانی «کافور» و لەگەڵیاندا خەبات بکات...

## شەڕ و دلّداریی

هەروەک بەلای گاریبالّدییەوە؛ شەڕ و دلّداریی، پێکەوە نووسابن وابوو!. هەر لەو کاتانەدا، چاوی بەکچێک کەوت لە تەمەنی نۆزدە سالآن دابوو. ناوی (مارشینا را کموندی) بوو. دلّی پیاچوو. گاریبالّدی دلّی کچەکەی بزواند، تا دوایی بەدلّی خۆی شووی بێ کرد. هەر چەندە لەتەمەکەندا جیاوازی یان زۆر بوو، بەلاّم لە مانگی یەکەمی سالّی ١٨٦٠دا لە یەکتر مارە کران.

بەلاّم ئەم ژن و مێردییە زۆر نەژیا. چونکە چەند ڕۆژێکی بەسەرا تێپەڕی، گاریبالّدی پێی زانی کە ژنە بچووکەکەی لە ژێرەوە پەیوەندیی لەگەلّ لاوێکدا هەیە؛ کە لەپێش شووکردنیا بەخۆی، خۆشی ویستووە!. کە گاریبالّدی بەم کەینەوبەینەیەی زانی دەمودەست لە ژنەکەی جیابووەوە، بەلاّم بەدلّێکی شکاوەوە گەڕایەوە بۆ کۆڕی جەنگ بەهێز و گوڕێکی نوێیشەوە گەڕایەوە بۆ کۆڕی جەنگ تاکو دلّی شکاوی خۆی، لەڕیزە جەنگیکی یەک لەدوای یەک و چەند سەرکەوتنێکی بەرە و دوادا تەخت بکات لە سەرەتای جەنگەکانیدا دوورگەی (سجیلیا)ی لەژێر دەستی خونکاری «ناپولی» دەرهێنا و ئازادی کرد، لە ئەنجامی شەڕەکانیشیا ئاواتە کۆنەکەی خۆی هێنایە دێ: کە بریتی بوو لەیەک خستنی هەموو خاکەکانی ئیتالیا، لەژێر شاه کلاوێک دا. شاه کلاوی خونکار «ئامانوئیل» کە لە خونکارەکانی بەرەی «ساڤۆی» بوو.

کەچی لەگەلّ ئەم هەموو شاکارانەیشدا کە نوواندی، ئەم پالّەوانە نەبەردەیان لەبیرچووەوە پاداشی ئەویان خستە پشتگوێ و، خۆیان تێ نەگەیاند. گاریبالّدی لە هەموو تەمەنی خۆی دا هەروای لێ ئەکرا. گوێی نەئەدایە: کەم تەرخەمی لەگەلّدا ئەنوێنرا، سپلەیی لەگەلّدا ئەکرا.

هەموو دەم لە جەنگ دا ڕیزی پێشەوەیان ئەدایە. پایەی سەروویان پێشکەش ئەکرد کەچی کە شەڕ دوایی ئەهات و کاتی ئەوە ئەهات کە خۆشی لەبەری سەرکەوتن ببینرێ، گاریبالّدی ئەخرایە پشتگوێ و ئەخرایە ڕیزی هەرە دواوە!

کەچی لەگەلّ ئەمەیشدا، گاریبالّدی هەرگیز بۆلّەبۆلّی نەئەکرد!.

هەرچەند کارە جوان و ڕەنگینەکانی ئەویان بەرپەرچ ئەدایەوە و لەبیر خۆیان ئەبردەوە ئەو بەپێچەوانەوە بەزەردەخەنە زێڕینە گەشەکەی خۆی بەرامبەری ئەکردن، کە بریتی بوو لە زەردەخەنەی پالّەوانێکی ئازا و چالاک و نیشتمانپەروەرێکی ناوچەوان بەرز، کە لە



پێناوی چاکە و کەلّکی نەتەوەکەی خۆی دا ئەیزانی چۆن خۆی لەبیر خۆی بباتەوە!

دوایی لە سالّی ١٨٧٥دا گاریبالّدی یان هەلّبژارد کە ببێ بەئەندامێک لە کۆڕی نەتەوەی ئیتالّیادا. گاریبالّدی بەمە کەمێک مافی خۆی دەستکەوت لەلایەن نیشتمانەکەی خۆیەوە کە لە کانی دلّیەوە دلّسوزی بۆ ئەنواند و لەپێناو ئازادی ئەودا گولّی تەمەنی خۆی بۆ لەناو ئەبرد!

لە ١٨٨٢/٦/٢دا مەرگ پەردەی دادایەوە بەسەر ژینەکەیا کە پڕ بوو لەکاری گەورە و بەرز و پیرۆز!

تەواو بوو

# مادام كوری

مێژووی ژیانی ئەو ژنەی كە لە كۆڕی زانست و خەباتی پیرۆزدا لەپێناو
(یاریدەدانی مرۆڤایەتی) و (لابردنی ئازاری نەخۆشان) و
(چاكەپەروەریی)دا خۆی بەكوشت دا

نووسەری: دانالی

ئەم نووسراوە

ئەم نووسراوە كە ژیانی (مادام كوری) پێشان ئەدات، بەنرخترین دیارییە؛ كە لەم ساڵەدا، پێشكەشی خوشكە خوێندەوارەكانی كوردی بكەم. چونكە (مانیا سكلو دوفسكا)، ژنیتی خۆی گەیاندە ئەوپەڕی بەرزیی و گەورەیی، لە كچێنییدا، جوان و شەنگوشۆخ بوو، بزێو بوو، حەزی لە یاری و زرمە زلێ ئەكرد لە سەماكردن و هەڵپەڕكێدا باوی لە هەموو كچانی (پۆڵەندە) سەند بوو. كە بوویش بەشاگردی خوێندنگا زیرەكی و چستوچالاكی و پێشكەوتوویی خۆی گەیاندە ئەوپەڕی بلّندیی. وەك ئافرەتێكیش وێنەی سەربەرزیی و مەردایەتی و خۆبەختكردن و سەر ڕاستی بوو: لە كۆڕی خێزانی و نیشتمانپەروەری و مرۆڤایەتیدا. كە شوویشی كرد بە(بییر كوری) لە شاری (پاریس)دا ئەوپەڕی دلّداریی و دلّسۆزیی و داوێن پاكی و چاكەكاری بۆ نوواند. لە كۆڕی زانست و هونەریشدا، لە دوو سێ زانستدا پلەی (دكتۆرا)ی وەرگرت و جێی خۆی لەناو زانا هەرە گەورەكاندا كردەوە. بێجگە لەوە كاتێ (رادیۆم)یشی دۆزییەوە، كە بەوە دەرگایەكی گەورەی كردەوە بۆ چاككردنەوەی نەخۆشانی شێرپەنجە و برینداران.

بەكورتی: كاتێك زانرا؛ (مادام كوری) لە ساڵی ١٩٠٣دا بووە یەكەم ئافرەت و یەكەم زانا و دۆزەرەوەی بەناوبانگ لە هەموو جیهاندا.

ئەو گیروگرفتانەی هاتنە بەردەم (مادام كوری) و، ئەو تەنگوچەڵەمانەی تووشی ئەو هاتن و، ئەو ئەرك و ئازار و ژیانە سەختەی بەرەنگاری ئەو بوون، نەك هەر لە توانای ئافرەتاندا نەبوون، لە توانای پیاوانیشدا نەبوون كە بەرگەیان بگرن.

لەگەڵ ئەمەیشدا؛ (مادام كوری)، بێ ئەمەی بەدوای كەڵك و چاكەی خۆیدا بگەڕێ. كۆڵی نەدا و؛ وەرەی بەر نەدا هەموو لەش و گیان و تێكۆشانێكی خۆی لەپێناو بەكەڵك



هاتنی زانست و هونەر، لە نیشتمانپەروەریی و مرۆڤایەتیدا بەخت كرد تەنانەت ژیانی خۆیشی خستە پێناو ئەو تیشكی (رادیۆم)ەوە كە هەژارانی كلۆل و بێچارانی پێ چاك ئەكردەوە.

بەڵێ: (مادام كوری) بەژەهری تیشكی ئەو ڕادیۆمە، لەناوچوو كە بۆ چاككردنەوەی دەردی نەخۆشانی دۆزیبووەوە. كەچی لەگەڵ ئەو هەموو ڕەنج و كوێرەوەریەیشدا كە ئەو هەموو ساڵانە دابووی و دیبووی، لەپێناو ئەو دۆزینەوە گرنگ و گەورەیەدا، مزێكی[1] داوا نەكرد؛ پاداشتێكی نەویست، بەرپەرچی ناوونیشان و ڕێزگرتن و ئاهەنگ و زەماوەندیشی ئەدایەوە كە پێشكەشی ئەكران.

(ماری كوری) كە لەناو جەرگی برسێتی و هەژاریی و دەستكورتیدا خوشكە گەورەكەی و خۆیشی پێگەیاند، ئەگەر بیویستایە بەهۆی دۆزینەوەی ئەو (ڕادیۆم)ەوە لە هەموو كان فرۆشەكانی جیهان پارەی وەرئەگرت و بەكلوور پارەی بۆ كۆ ئەبۆوە بەڵام ئەو دەستی نا بەهەموو كەڵك و چاكەیەكی تایبەتی خۆیەوە و ملی دایە كەڵك و چاكەی گشتی. پڕی دایە زانست و هونەرمەندیی، (ماری كوری) وەك گەوهەرێكی گەنجینەی مرۆڤایەتی وا بوو. كەوتە ناو جیهانەوە و، پرشنگیدا و، جیهانی خستە كامەرانییەوە بەڵام بەتەنگ كەڵكی خۆیەوە نەبوو. بەچەشنی مۆمێك داگیرسا و ڕێگای كامەرانی بۆ جیهان ڕۆشن كردەوە. بەڵام خۆی سووتاند، كە ئەمەیش بەگران كەوتە سەر مرۆڤایەتی، كە هەرگیز تۆڵەی بۆ ناكرێتەوە. منیش كە لەم نووسراوەدا (ژیانی مادام كوری) پێشكەش بەنەتەوەی كورد ئەكەم، هیوادارم كە ببێتە نموونەیەكی شەنگ و پرشنگدار بۆ دەستەخوشكەكانمان ڕەوشت و كرداره جوان و بلّندەكانی و خەباتە پیرۆزەكانی و، خۆ بەختكردنە پەسندەكانی ئەو بكەن بەسەرمەشق بۆ خۆیان. تا نەتەوەكەمان لە سایەی خەبات و تێكۆشانی نیشتمانپەروەرانە و مرۆڤپەروەرانەی ئەوانەوە؛ پێشكەوێ و نیشتمانەكەیشمان ئاوەدان ببێتەوە.

سلێمانی – ١٩٦٨
شاكر فەتاح

(١) مز: كرێ، پاداشت (اجرة).

## ناوبانگێکی گەورە

بەناوبانگترین ئافرەت لە جیهاندا؛ لە ساڵی (١٩٠٣)دا کەس نەبوو (مادام کوری) نەبێ چونکە لەو ساڵەدا، بەهاوبەشی مێردەکەیەوە (بیر کوری)[1] پاداشی (نۆبڵ)ی وەرگرت لە زانستەکانی سروشتدا. لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا ناوی (مادام کوری) پەڕییە ناو سەر پەڕەکانی یەکەمی ڕۆژنامەکانی جیهانەوە. لە هەموو لایەکەوە، بەڵێشاو نامەی پیرۆزبایی بەسەردا دائەباری. لە هەزاران کەسەوە داوای بەخشینی مۆرکردنی ناوی خۆیان لێ ئەکرد. لە هەموو لایەکی سەر زەوییەوە بانگیان ئەکرد وتاریان بۆ بخوێنێتەوە، لەناو هۆڵەکانی وتارداندا... تەنانەت بەهۆی مام ناوەندییە گیانییەکانیشەوە، گەلێک نامەی بۆ ئەهات لە لایەن گیانی ئەو مردووانەوە کە لەم جیهانە کۆچیان کردووە!... خۆ پاش ناوی ڕێز لێگرتن و بانگکردن بۆ نانخواردن و خۆ کوتانی گرفتارانی شتی ناوازە کۆکردنەوە لە گەورە گەوران بۆ بینینی ئەو، بێجگە لەوانە ڕۆژنامە گەورەکان و وێنەکێشەکان ئەمەندە زۆر بوون؛ لە ژمارە نەئەهاتن، مادام کوری بەسەزمان بۆ هەر کوێیەک ئەچوو ئەوانە لێی کۆ ئەبوونەوە و لێی ئەئاڵان هەر وەک لەناکاو گیژەڵووکەیەکی پڕ لە دەنگی قاووقیژی لێ هەڵکرد بێ، لەوانەی کە سەرسام بوو بوون لە بلیمەتی ئەو، هەروەها لەوانەی کە لەبەر سەرچڵی خۆیان ئەیانویست بیناسن و تێبیگەن، بەو جۆرە شڵەژا بوو، پەشۆکا بوو، سەری لێ شێوا بوو تەنانەت خاوەن چشتیریکی[2] ئەسپیش هەڵی کوتا بووە سەری، ئەیویست (مادام کوری) ڕێی بدات ناوی ئەو بنێ لە ئەسپە هەرە باشەکەی کە بۆ گرەوی ڕاکردن ئامادەی کرد بوو!... چەند ساڵێکی دوور و درێژ، کەسایەتی مادام کوری لەناو جیهاندا پرشنگی ئەدا... بەئافرەتێکی هەرە بەناوبانگی هەموو جیهان دائەنرا... دوایی مادام کوری لە تەختی ناوبانگەکەی خۆی هاتە خوارەوە و دایە دەست یەکێکی تر!...

ئاخۆ ئەو کەسە کێ بێ، کە ناوبانگی زۆرتر دەرکرد بێ لە مادام کوری و ئەو جێگا گەورەیەی لێ داگیر کرد بێ؟...

---

(١) کوری – بیار – Curie ١٨٥٩–١٩٠٦ زانایەکی بواری فیزیک و کیمیایی فەرەنسی بوو، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا پێکەوە –رادیۆم–یان دۆزییەوە. هاوسەرەکەی: ماری کە لە ڤەرسۆڤیای لە هستان لە دایکبووە ١٨٦٧–١٩٣٤، لە پاریس دەژیا و لە تەک مێردەکەیدا لە ١٩٠٣ پاداشتی (نۆبل)یان بەدەست هێنا، لە ١٩١١دا ماری خۆی ئەم پاداشتەی بەدەست هێنایەوە.

(٢) چتیر: تەویلە، شوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵی بەرزە –إسطبل–.



تۆ بڵێی ئەو کەسە ئەنیشتاین نەبێ؟... گاندی نەبێ!... چارلی چاپلن نەبێ؟ تۆ بڵێی بەرناردشۆ نەبێ؟.

نە ء... هیچ کەسێک لەوانە نەبوو کە ئەو ناوبانگە گەورەیەی دەست کەوتبێ... تەنانەت مادام کوری خۆیشی ئەو کەسەی نەئەناسی، بەڵام ڕۆژێکیان بەڕێگای ئاسندا ئەهات، تا گەیشتە ئێستگەی (بەرلین) تەماشای کرد ژمارەیەکی زۆر لەسەر ڕێبازی ئێستگەکە کۆبووبوونەوە. بەڵام خۆیان تێ نەئەگەیاند. مادام کوری، ئەمە یەکەم جاری بوو کە تێبگات، کۆمەڵانی نەتەوە خۆیانی تێناگەیەنێن تەنانەت کە لە ژووری کاروانی ڕێی ئاسنەکەیش هاتە خوارەوە و لە ئێستگەکەیش چووە دەرەوە؛ کەسێک خۆی تێنەگەیاند. چونکە ئەوانە هەموویان بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندبووە ئەوێ، تا بەرەو پیری کەسێکی تر بچن کە هەر لەناو ئەو کاروانەدا سوار بووبوو. کابراکە (چاک دیمپسی) بوو کە ئەوساکە لە هەموو جیهاندا بەپاڵەوانی زۆرانبازیی دائەنرا!... لە ڕاستیدا (مادام کوری) هیچ ڕووکەشێکی ناوبانگ و گەورەیی پێ خۆش نەبوو واتا خۆنووانندنی نەئەویست ئەو خۆی وا ئەهاتە پێش چاو کە کراوە بەبەندەیەکی پێوەندکراو بەزۆر کێشی ئەکەن بۆ ئەوەی پێشانی کۆمەڵانی بدەن بەڵام لە شێوەیەکی وا دا بوو وەک ئاهەنگی سەرکەوتن بۆ سەرکردە داگیرکەرەکان کرا بێ وا بوو جا لەبەر ئەوە لەگەڵ پۆشینی کڵاو و کۆڵوانەی زانستکۆییدا کەمتەرخەم بوو. هەروەها بەپاش ناوونیشانەکانیش بایەخێکی نەئەدا، لەپاش دەستکەوتنیان خۆی لێیان دوور ئەخستەوە!...

لەناو ئەم هەموو ڕووکەشانی ڕێزگرتن و ئاهەنگانەدا کە بەبۆنەی سەرکەوتوویی ئەوەوە ئەکرا، (مادام کوری) هەر بەتەنگ شتێکەوە بوو. ئەویش سەرپەڕەی ئەو خورشتانە بوو کە لە ئاهەنگی نانخواردنەکان بۆ ئەو دابەش ئەکرا... (مادام کوری) کە ئەهاتە ناو ئەو ئاهەنگانەوە. هەرچەندە بەناوی ئەوەوە کرابوون بەڵام ئەو خۆی وا ئەهاتە پێش چاو کە بۆ سەربڕینی ئەبەن... مادام کوری ئەو سەرپەڕەیەی هەڵ ئەگرت. چونکە لە قاقەزێکی ئەستوور دروستکرا بوو پشتەکەیشی سپی بوو بەکاری ئەوەی ئەو ئەهات کە ژمێرکارییەکانی خۆی لەسەر بنووسێ!... (ئەلبەرت ئینشتاین) کە لە هەموو ناودارەکانی جیهان زۆرتر ملکەچی ئەنوواند. بیروباوەڕی خۆی دەربارەی (مادام کوری) کە لە هەموو ئافرەتە ناودارەکانی جیهان ملکەچتر بوو بەمجۆرە دەرئەبڕی: (مادام کوری). تەنیا کەسێکی گەورەیە لە هەموو جیهاندا؛ کە ناوبانگ کاری خراپی تێ نەکردووە!).

بەڵێ (ئەلبەرت ئینشتاین) ڕاستی ئەکرد (مادام کوری) وا بوو!...

## منالّییەکی خەمبارانە

(مادام کوری) لە سالّی ١٨٦٧دا لە دایک بووە ناوی ئەوسای (مانیا سکلو دوفسکا) بووە. لە خێزانێکی پۆلّەندەیی لە دایک بووە کە لەو ناوچەیەدا لە جووتیارە هەرە سەربەرزەکان ژمێرراون. باوک و دایکەکەی – مادام کوری – توانیویانە لە چینەکەی خۆیان بەرزتر ببێتەوە. چونکە لە ئاسمانی خوێندەوارییەکی بەرز و پەروەردەکردنێکی پێشکەوتووانەدا هەلّفڕی بوون باوکی (مادام کوری) مامۆستای زانستەکانی سروشت بووە لە خوێندنگای بەرزی (وارشۆ)دا... دایکەکەیشی لە پیانۆ لێداندا یەجگار شارەزا بووە...

(مانیا)یش لە باوکییەوە هۆشی بۆ مایەوە. لە دایکیشەوە دەس و پەنجە ڕەنگینەکەی بۆ مایەوە. لەبەر ئەوە هەر لە زووەوە ئامادەیی خۆی لە زانستە تاقیکراوەکاندا دەرخست ئەوەندە هەبوو باوک و دایکەکەی ماوەیان بەهیچ منالّێکی خۆیان نەئەدا لە هەر پێنج منالّەکە کە زۆر لە خوێندنەکانیاندا لێکۆلّینەوە بکەن یاخود خۆیانی تیا کولّ بکەن ئەمەیش سەبارەت بەوە بوو کە خێزانەکە هەموویان سنگیان دەردەدار بوو. هەموویان ئامادەبوون تووشی نەخۆشی سیل ببن. جا هەرچەندە (مانیا) لە منالّیدا خۆی لەناو خوێندنەوەدا ون ئەکرد. بەلاّم دایکەکەی بەنەرمییەوە دەستی ئەخستە بان سەری و بەشیرینییەکەوە پێی ئەگوت:

(مەنیوشا. هەستە بچۆرە ناو باخچەکەوە یاری بکە. ڕۆژەکەی خۆشە با و باران لە ئارادا نییە یارییەکەت لێ تێک بدات!) دایکەکەی خۆیشی نەخۆشی سنگی هەبوو. هەموو ئێوارەیەک نوێژی منالّەکان بەمجۆرە بوو: (خوایە تکات لێ ئەکەین دایکمان چاک بکەرەوە!)

بەلاّم خوا بەجۆرێکی تر خواستی خۆی پێشان دا. دایکەکەیانی بردەوە بۆ خۆی، لەدوای خۆی چوار منالّی بەجێهێشت منالّێکیشیان لەپێش مردنی خۆیدا نەخۆشی گرانەتێی گرتبوو مرد بوو...

کە دایکی مرد (مانیا) تەمەنی دە سالاّن بوو!

لەدوای مردنی (مادام سکلو دوفسکا) کە خێزانەکە لەملا و لەولای خوانی نانخواردنەکەوە کۆ ئەبووەوە. بەماتییەکەوە دائەنیشت. باری ئابووریشیان تێکچوو بوو چونکە لەو کاتەدا باوکەکەیشیان دەستی لە فرمانەکەی کێشرا بووەوە. لە خوێندنگا بەرزەکەی (وارشۆ) دەرکرا بوو هەر لەبەر ئەوەی کە خوێن گەرمی ئەنوواند بۆ



نیشتمانەکەی خۆی و لایەنگیری ئەوە بوو کە پۆلّەندە لە دەست داگیرکەری ڕوسیا ڕزگار بکرێ... لەپاش ئەوە دەمودەست خوێندنگایەکی ناو خۆی کردەوە بەلاّم سەرکەوتنێکی وا سەرنەکەوت تەنانەت ژیانی خێزانەکەیش ئەمەندە گران بوو بوو. بوو بوو بەبارێک بەسەرشانی باوکە بەسەزمانەکەیانەوە... ئەو باوکە کە دەبوو نان و بەرگ و خوێندنی چوار کەسی تر پەیدا بکات... کەواتە چۆن نابێ بەئەرک بەسەریەوە؟...

باوکەکە ناچار بوو هەرچی پارەیەکی کەمی بۆ کۆبووەوە لە کاروباری دەرامەت پەیداکردندا بیخاتە گەڕ تا بتوانێ ئەرکی ژیاندنی ئەو خێزانە بخاتە ئەستۆی خۆی کە تا ئەهات پەرەی ئەسند بەلاّم لەم کارانەیشدا هەر سەرنەکەوت... لەبەر ئەوە هەموو دەرگایەکی هیوا لە ڕوویدا داخرا!...

## زیرەکی و سەرکێشی

هەرچەندە ڕۆژگار لەگەلّ خێزانی سکلو دوفسکادا دلّی ڕەقی ئەنوواند. بەلاّم چوار منالّەکە لەبارییاندا هەبوو کە بەرەنگاری تەنگوچەلّەمە و تەنگانە بکەن. چونکە سروشت، زیرەکییەکی تەواو و نیازێکی ڕاستی پێ بەخشیون. ئەوانە زۆری پێنەچوو زالّبوون بەسەر تەنگوچەلّەمەکانی خۆیاندا. بەرگەگری و ئارامەکە لە خاکی پۆلّەندە خۆیەوە فێربوون، کە توانی بووی بەرامبەری زۆر و ستەم بکات و، تۆوی شۆڕش و سەرکێشیش لەناو خۆیدا بهێلّێتەوە و بپارێزێت بۆ چەند پشتێک تا هەلّی بۆ هەلّ ئەکەوێت و دوژمن پایەمالّ ئەکات!

(مانیا) لە باوکییەوە گیانی سەرکێشی وەرگرتبوو، هەروەها زیرەکی و بلیمەتی... کە ئەچوو بۆ خوێندنگا لە ڕێگادا چاوی بەپەیکەرێک ئەکەوت، زۆرداره داگیرکەرەکانی ڕوس دایانمەزراند بوو، لە سەریشیان نووسی بوو (ڕۆژباشی لەو پۆلّەندەییانەی کە بۆ شاهەنشاهی خۆیان دلّسۆزییان نوواند) واتا لەوانەی کە ناپاکییان لەگەلّ نیشتمانی خۆیاندا کردووە (مانیا)یش هەرچەند بەلای ئەو پەیکەرەدا تێئەپەڕی؛ لە چوونیا بۆ خوێندنگا و لە هاتنەوەیدا بۆ مالّەوە، تفێکی لەو پەیکەرە ئەکرد. گەلێک جاری وایش هەبوو زۆر لە پەیکەرەکە تێ ئەپەڕی و لەبیری ئەچووەوە تفی لێ بکات. لەپڕ بیری ئەوەی ئەکردەوە دەمودەست ئەگەڕایەوە سەر پەیکەرەکە و بەلّێنی دلّی خۆی بەجێ ئەهێنا تفێکی لێ ئەکرد و ئەچووەوە بەڕێی خۆیدا، کە جاری وا هەبوو لەسەر دواکەوتن لەکاتی خوێندن تووشی سزادان ئەبوو!.

بەڵام ئەم سەرکێشییە نەبووە بەرهەڵست لە بەردەمیا کە نیشانە زێڕینەی سەرکەوتنی دەست بکەوێ. لە بڕانەوەی خوێندنی خوێندنگای دووەمیندا ئەوە لە ساڵی ١٨٨٣دا ڕووی دا، دەستکەوتنی ئەو نیشانە بۆ خێزانی سکلو دوفسکا، بوو بووە دەستوورێک کە هیچ کامێکیان لێی بێ بەش نەبوو بوون کە (مانیا) ئەو نیشانە زێڕینەیەی وەرگرت. پێش ئەو لە خێزانی سکلو دوفسکا سێ کەسی تریش وەریانگرت بوو!

باوکە تێگەیشتووەکە لەو مەترسییە هوشیار بووەوە، کە هەڕەشەی لە تەندروستی (مانیا) ئەکرد بەهۆی ئەو دەردی سیلەوە کە لە هەڕەتی هەرزەکاریدا تووشی دایکی بوو و، کوشتبووی، کاتێ کە (مانیا) نیشانە زێڕینەکەی هێنا و بەشانازییەکەوە پێشانی باوکی دا، باوکی پێی گوت: (ئیتر واز لە خوێندن بهێنە بڕۆ بۆ لادێ لەوێدا ساڵێک، بمێنەرەوە تا هەندێک بیووژێیتەوە و بەخۆتا بێیتەوە و گەشەیەک بکەیت!).

(مانیا)یش بەدڵخۆشییەکەوە بەگوێی باوکی خۆی کرد؛ چونکە ئەو لەو کچانە بوو کە حەزیان لە یاریکردن ئەکرد. هەر وەک گرفتاری فرمانکردن بوو بوو ئاوەهاش گرفتاری یاریکردن بوو بوو (مانیا) بەجارێک گیان و لەشی خۆی خستە سەر سرەوت و خاوبوونەوە و تەمەڵی. خۆشی لێوەرگرتن. کاتی خۆی بەوە بەسەر ئەبرد بەناو چڕ و چنوور و دارستانەکاندا ئەگەڕا، مەلەی ئەکرد، خۆی ئەدایە بەر ڕۆژ؛ ڕاوە ماسییشی ئەکرد، بەڵام لە هەموویان زۆرتر حەزی لە هەڵپەرکێ و سەماکردن ئەکرد! لەناو ئەو لەشە لاوازەیدا ئاڵۆش و خرۆشێکی زۆر هەبوو بۆ ئەو هونەرە. زۆری پێنەچوو کوڕە جووتیارەکان شارەزایی و هونەرمەندی (مانیا)یان بۆ دەرکەوت لە سەما و هەڵپەرکێدا، گەلێک شەوی بەوە ڕۆژ ئەکردەوە. کە سەما و هەڵپەرکێی لەگەڵ کاروانی ئاهەنگ و زەماوەنداندا ئەکرد و لەم گوندەوە بۆ ئەو گوند ئەیگوێزایەوە. گەلێک جاریش ڕۆژ هەڵ ئەهات و گزنگی لێ ئەدا، کەچی ئەو هێشتا هەر لە هەڵپەڕینی خۆی نەئەکەوت. هەروەک یەکێک کە سەری گەرم بوو بێ و تای لێ هاتبێ دەستی لەو هەڵپەرکێ ناوازەیەی نەتەوەکەی بەر نەئەدا کە پێیان ئەگوت: (هەڵپەرکێی مازورکای سپی) تا دوایی ناچار ئەبوو پێڵاوە تەنکەکانی دابکەنێ؛ لەبەر سووانی بنەکانیان!

کە ساڵەکە تەواو بوو (مانیا) لادێی بەجێهێشت و گەڕایەوە شاری (وارشۆ) بۆ ئەمەی پاشەڕۆژێکی پڕ پێچ و پەنای تیا ببینێ. چونکە (برونیا)ی خوشکە گەورەی، ئاواتی وا بوو کە خوێندنەکەی لە زانستکۆی (سۆربۆن)دا تەواو بکات. لە (پاریس)دا ئەمە ئاواتی



(مانیا)یش بوو بەڵام خێزانەکە ئەو پارەیەی لە کوێ بوو؟ بەشی یەکێکیان بکات چ جای ئەوەی بەشی هەردووکیان بکات؟!.

ئەمەش گیروگرفتێک بوو هاتبووە بەردەمیان، چارەکردنی ئاسان نەبوو، بەڵام (مانیا) – کە لە پاشەڕۆژدا بووە زانایەکی تەواو – هەر لە سەرەتای ژیانییەوە، خاوەنی چارەسەر دۆزینەوە و، بۆ هەموو گیروگرفتێک! ڕووی کردە خوشکە گەورەکەی و پێی گوت: (من ئەبم بەدایەنی منداڵان تا بەسایەی مانگانەکەی خۆمەوە بتوانم یارمەتیت بدەم و تۆیش بتوانیت خوێندنەکەت لە زانستکۆی پاریسدا تەواو بکەیت. تۆیش هەر کاتێ بوویت بەپزیشک، دەست بکە بەیاریدەدانی من، تا منیش بتوانم خوێندنەکەی خۆم لەو زانستکۆیەدا تەواو بکەم. بەم ڕەنگە هەریەکەمان ئەویتر پێ ئەگەیێنین...).

لە ڕاستیدا ئەمە کارێکی سەخت بوو!... بەڵام (مانیا) بۆ کاری سەخت دروستکرا بوو. کەسایەتییە بەهێزەکەی و گەورەییەکەی بەهۆی ئەو کارە سەختانەوە پێکهاتبوو!.

خانمەکەی یەکەمی (مانیا) کە ناوی (مادام ب) بوو؛ ئافرەتێکی دڵ ڕەق و دڕ و زمان درێژ بوو... لەبەر ئەوە ژیانی دایەنەکەی ماڵی ئەو لە توانای کەسدا نەبوو بیباتە سەر!... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا (مانیا) بەنابەدڵێکەوە ئەو ژیانەی ئەبردە سەر. هەر لەو کاتەیشدا چاوی ئەگێڕا بۆ ماڵێکی تر کە تیا ببێتە دایەن... دوایی بەکامی خۆی گەیشت. بەڵام ئەم خانمی دووهەمەیشی لە بەدسروشتی و دڕییدا لەوی پێشووی کەمتر نەبوو!. کەچی لە ناشێتی و نەزانیدا لەم کەمتر بوو... هەندێک لە منداڵەکانیشی ئەم خانمە لەسەرخۆ و زرنگ بوون. مانیایش بەوانە دڵی ئەکرایەوە و لەگەڵیاندا ئەسازا، لەبەر دڵی ئەوان لەناو ئەو ژیانە ناخۆشەدا خۆی ڕائەگرت.

## دڵدارییەکی سەرنەگرتوو

بەتایبەتی دڵی بەکوڕە هەرە گەورەکەیان زۆر ئەکرایەوە... کوڕەکە شاگرد بوو لە زانستکۆی وارشۆدا. بەبۆنەی پشوویەکی زانستکۆوە گەڕا بۆوە ناو خێزانەکەی خۆی. ئەیویست سرەوتێک بەخۆی بدات و ببووژێتەوە. کاتێکی بەخۆی زانی کەوتە ناو تەنگوچەڵەمەیەکی زۆرەوە کە یەجگار پێیانەوە خەریک ما. کەچی لەو تەنگوچەڵەمەیەیش خۆشییەکی یەجگار بێ هاوتای وەرئەگرت. کوڕەکە دڵی چوو بوو بەدایەنە کردەوە شیرینە ڕووخۆشەکەدا. مانیا، بەلای کوڕەکەوە تەنیا کەسێک بوو کە ئەیتوانی گفتوگۆی لەگەڵدا بکات لە بابەت زانست و هۆش و خوێندەوارییەوە... بەڵام لەوانە گرنگتر و خۆشتر ئەوە بوو کە خاوەنی ئەو بیر و هۆشە ناوازە و پێشکەوتووە، لەشێکی هەرە ناوازە و شارەزایشی هەبوو لە هونەری هەڵپەڕین و سەماکردندا لەبەر ئەوە شاگردی لاوی زانستکۆ گرفتاری ئەڤینی مانیا بوو. دڵداریی هەراسی پێ هەڵگرتبوو.

جا ئەم بارە بوو بووە تەنگوچەڵەمەیەک!. بوو بووە کەتنێک!. خێزانی بەڕیزی دەولەند نەیویست کوڕە نوخشەکەی کچی خێزانی سکاو دوفسکا مارە بکات. نەک لەبەر هیچ، هەر لەبەر ئەوەی کە مانیا دایەنێکی هەژار بوو!... دایکی کوڕەکە ئەوەی لەبیر چوو بووەوە کە خۆیشی ڕۆژێک لە ڕۆژان دایەنی منداڵەکانی خەسووە خوالێخۆشبوەکەی خۆی بوو بوو. کە خۆیشی شووی کرد بوو بەکوڕێکی ئەوماڵە!...

مانیا بیری لەوە ئەکردەوە کە خۆی بکوژێ!... بەڵام لەو جۆرە هەرزەکارانە نەبوو کە بەنازدارییەوە پەروەردە کرا بێ و ئەوەندە شل و شێوا و کز و بێ نیاز بێ، خۆی لەو ڕێگا پڕوپووچەوە لەناو ببات. ژیان هەرچەندێ سەخت بووایە؛ مانیا بەرگەی ئەگرت بەم ڕەنگە زوو بەزوو برینی دڵی داپۆشی و دەستی کرد بەگەڕان بۆ دۆزینەوەی ماڵێکی تر. بەو مەرجەی ئەو ماڵە کوڕی وا گەورەی نەبێ کە شاگردی زانستکۆ بێ و دڵی بەبیر و هۆشی پێگەیشتوو و لەشی توندوتۆڵ و گورجوگۆڵی ئەودا بچێ!.

مانیا توانی فرمانێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە پەیتا پەیتا پارەیش بۆ (برونیا)ی خوشکی بنێرێ، کە خەباتی ئەکرد لە هۆڵەکانی سۆربۆندا بۆ ئەمەی پلەی بەرزی زانستی دەست کەوێ... مانیا لەپێناوی ئەوەدا خۆی فڕێ دابووە بەر برسێتی و سەرما... ئەو سەرمایەی کە هیچ گەرمییەک چارەی نەئەکرد: نە گەرمی خورشت نە گەرمی ئەو ژوورەی کە پڕ بێ لە سووتەمەنی!.



دوایی (برونیا) پلەی زانستکۆی وەرگرت هەروەها مێردێکی لاویشی دەست کەوت کە لە کاتی خوێندنی پزیشکایەتیدا هاوڕێی بوو بوو، لە پاریسدا جێی خۆی کردەوە و دامەزرا. ئنجا ئەویش بۆ خوشکە هەرە بچووکەکەی خۆی نووسی؛ کە بێتە پاریس بۆ ئەمەی یارمەتی بدات و بخوێنێ؛ بەپێی ئەو بەڵێن و نامەیەی کە چەند ساڵێک لەوەپێش لەو شێوە سەر سوڕهێنەرەدا دابوویان بەیەکتری!...

## لە شاری ڕووناکیدا... ژیانێکی تاریک

دوایی گەیشتە سۆربۆن... هۆڵەکانی وتاردان و کارگەکانی زانستگای زانستەکانی دی. ئەمەتا (مانیا سکلو دوفسکا)ی لەشولار باریک و قژ زەرد، وا لە ژووری پۆلی یەکەمدا دانیشتووە لە تەمەنی بیست و سێ ساڵاندایە... لەگەڵ کەسدا نادوێ!. کە وتاری مامۆستاکە تەواو بوو، زوو خۆی ئەکشێنێتە دواوە و لەوێ نامێنێ. کاتێک ئەزانێت گەیشتۆتە ژوورێکی هەژارانە لە چینی شەشەمی خانوویەکی کۆندا کە لە گەڕەکێکی هەژارانەدایە ژوورەکە هەروەک بەش بڕاو بوو بێ لە کەلوپەل وا بوو... نە ڕووناکییشی تیا بوو، نە ئاگر، نە ئاو!...

مانیا لێرەدا وانەکانی خۆی ڕەوان ئەکرد خواردنیشی بریتی بوو لە پارچە کولێرەیەک و تۆزێ کەرە و چەند پیاڵەیەک چایی. جار بەجارێکیش هێلکەیەکی بەخۆی ڕەوا ئەبینی لەگەڵ تۆزێک میوەدا (مانیا) نەیویست لەگەڵ خوشکەکەی و مێردی خوشکەکەیدا بژی. ئەوەی پێ خۆشتر بوو کە لەناو ئەو کونەدا بژی. بمێنێتەوە تا کاتی دووهەمی نیوەشەو، ئەو سەرماوسۆڵە سەختەی شاری پاریسە بچێژێ. پەڕە لەدوای پەڕە لە ژمێرکاریی پڕ بکاتەوە. کە ئەمەندەی نە ئەما پەنجەکانی لە سەرمادا بتەزێن! ڕۆژێکیان دەستەخوشکێکی پۆڵەندەیی مانیا خۆی گەیاندە (برونیا)ی خوشکی و پێی گوت: مانیا لەناو هۆڵی وتاردان‌دا لە هۆش خۆی چووە!... مێردی ژنەکەیشی دەمودەست خۆی گەیاندە ژوورەکەی (مانیا) و لە کۆڵی نەبووەوە، هەتا پێی لێ نا کە چەند ڕۆژێکە دەمی لە هیچ خواردەمەنییەک نەکەوتووە!... لەپاش زۆرەملییەکی زۆر، مانیا، هاتە سەر ڕێ و بۆ چەند ڕۆژێک لە ماڵی خوشکەکەیا مایەوە... بەڵام هەر ئەوەندە هەستی کرد بەخۆی کە بووراوەتەوە؛ دەمودەست گەڕایەوە ناو ژوورە ساردەکەی خۆی، کە لەوێدا لە تەنیایی و برسێتی و لاپەڕەی نووسراوەکان بەولاوە هیچیتری دەست نەئەکەوت!...

مامۆستاکانیشی لە سۆربۆندا، هەستیان بەزیرەکی و تێگەیشتوویی مانیا کرد بوو.

هەمموودەم بەگەرمیێکەوە هانیان ئەدایە سەر خوێندن. ئەیان خستە سەر ئەوەی کە لە بابەتێک زۆرتردا لێکۆڵینەوە بکات. مانیا لەوانەوە پشت ئەستوور بوو بوو بەخۆی ڕۆژێکیان نیازی دڵی خۆی ئاشکرا کرد و بڕیاری دا کە لە دوو لقی زانستیدا پسپۆڕی دەست خۆی بخات. ئەمانەیش هەردووکیان لە یەک کاتدا دەست پێ بکات. بۆ ئەمەی دوو پلەی مامۆستایی دەست بکەوێ: لە زانستەکانی سروشت و لە زانستەکانی ژمێرکارییدا! مانیا قسەی خۆی بردە سەر و بەڵێنی خۆی بەجێ هێنا. لە ڕێدانی زانستەکانی سروشتدا، لە ساڵی ١٨٩٣دا بەیەکەم دەرچوو. لە ساڵی ١٨٩٤یشدا لە ڕێدانی زانستەکانی ژمێرکارییدا بەدووەم دەرچوو!.

## دڵداریی دووەم

لەدوای ئەو سەرکەوتنە دوو لاییە، بەهەڵەدەوان گەڕایەوە نیشتمانەکەی خۆی، تا بۆ چەند ڕۆژێک لەوێدا سرەوتێک بەخۆی بدات و ببووژێتەوە... پاش ئەوە گەڕایەوە (پاریس) و بۆ جاری دووەم کەوتەوە جەربەزەیی دڵدارییەوە! کە دڵدارییەکەی یەکەمی خۆی تاقیکردەوە و سەری نەگرت، کەوتە گێژاوێکی بێ ئامانی هەست و تاسەی خۆیەوە، کە ئەنجامی بەوە گەیشت بەدڵشکاوییەکەوە سەری خۆی کز بکات و سوێند بخوات هەموو ماوەی ژیانی خۆی لە پێناوی یەک تاسەدا بەخت بکات؛ کە ئەویش خۆشەویستی زانست بوو...

مانیا؛ لە جیهانی خۆیدا، جێگای بۆ پیاوان نەهێشتبوو. لەو کاتەدا لاوێک لە (پاریس)دا ئەژیا ناوی (بیر کوری) بوو ئەویش لە ژیانی خۆیدا جێگای بۆ ئافرەت نەهێشتبووەوە!... ئەویش ژیانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی زانست دانا بوو!.

ڕۆژێکیان، هەردووکیان لە خانووی مامۆستایەکی پۆڵەندەییدا چاویان بەیەکتر کەوت... مامۆستاکە خەریکی زانستی سروشت بوو ناوی (کۆفالکی) بوو... (مانیا) لەو بابەتەوە نووسیویە، ئەڵێ: (کە چوومە ژوورەوە، (بیر کوری) بەباڵا کەڵەگەتەکەیەوە وەستا بوو، لە نزیک دەرگایەکەوە کە لەسەر بەر بانکەکە ئەکرایەوە هەرچەندە لە تەمەنی سی و پێنج ساڵاندا بوو بەڵام لە تافی لاوێتیدا ئەهاتە پێش چاوم... دەمودەست ئەوەیم بەدڵا چوو، کە چاوەکانی گەش بوون و ئەوەیان دەرئەخست کە لەناو دڵیا بوو. خۆیشی لە دیمەندا وای ئەنوواند کە لاوێکی کەمتەرخەمە. خۆشیم بەوەیا چوو کە لەسەرخۆ و هێواش قسەی ئەکرد. لاوێکی سادە و ڕاست و ڕەوانی ئەنوواند. پێچ و پەنای نەبوو. لە پێکەنینیشدا



زرنگی و هەرزەکاریی پێوە دیار بوو!... دەستمان کرد بەگفتوگۆکردن لە بابەت کەینەوبەینەی زانستەوە. پێش ئەمەی لە کەینەوبەینەکە تەواو تێبگەین، بووین بەدۆستی یەکتری!...

(بیر کوری) کوڕی زانایەکی فەرەنسەیی بوو، لە تەمەنی شانزە ساڵیدا پلەی (بەکالۆریای زانستەکان)ی وەرگرت لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا پلەی مامۆستایی وەرگرت لە زانستەکانی سروشتدا... کاتێ کە چاویشی کەوت بە(مانیا ) کارگێڕی کارگەیەکی تاقیکردنەوە بوو لە خوێندنگای (پاریس)دا کە بۆ زانستی سروشت و کیمیا دانرا بوو... لێکۆڵینەوەکانی پێشووی لە شێوەیەکی وا دا بوون؛ کە لە ڕیزی پێشەوەی زاناکانی سروشتی فەرەنسەدا جێی بۆ دائەنرا کەچی لەگەڵ ئەم هەموو ڕەنجە بەکەڵک و سەرکەوتووانەیشدا کە دابووی، مانگانەکەی لە دوانزە دینار تێپەڕی نەکرد بوو!

(بیر کوری) ئەمەندە مانگانەکەی کەم بوو؛ بەشەرمێکی زۆرەوە، هاتە پێشەوە لە (مانیا سکلو دوفسکا)؛ تا داوای دەزگیرانی لێ بکات... (مانیا )یش هەر بەشەرمێکی واوە ئەو شووکردنەی پەسەند کرد!. ژن و مێردی یەکەیان لە شێوەیەکی سەیردا پێکهات... نە کەشیشی کڵێسا دەستی تیا بوو، نە پشتیوانێک هەبوو کە بوو بێتە نوێنەری یاسا. نە تۆمارکەری مارەکردنێک هەبوو کە ببێتە نوێنەری فەرمانڕەوایی!... هیچ کامێک لەمانە ئاگایان لێ نەبوو ژنهێنانێکی سەربەستانە بوو، لەسەر ڕەوشتی خاوەن بیرە دەروون ئازادەکان پێکهاتبوو! مانگە هەنگوینەکەیشیان بریتی بوو لە گەشتێک بەسەر دوو ئەسپە ئاسنینەوە، کە بەناو ناوچەی (ئیل دی فرانس)دا کردیان!. ڕەنگە بووک و زاوا شەوێکیشیان لەژێر درەختێکی شەنگوشۆخدا ڕابوارد بێ کە لە سەرە ڕێگای خۆیاندا بەلایدا تێپەڕی بوون یاخود لەناو خانێکی هەژارانەدا ئەو شەوەیان بەسەر برد بێ!.

دوایی ژن و مێرد گەڕانەوە (پاریس) بۆ ئەمەی دەست بکەن بەکارێکی دوو لایی؛ کە لە ئەنجامدا ناوبانگێکی گەورەیان تیا دەرکرد بەڵام هەزاران دەردەدارانی سەر زەوییش لەو کارە کەڵکیان وەرگرت.

## ژن... دایک... خاوەن لێکۆڵینەوە

(مانیا ) کاروباری ماڵەکەی هەڵئەسووڕاند، بەکچە ساواکەی یەکەمی شیری ئەدا. دوای ئەوە شیری دەرخواردی کچە ساواکەی دووەمیشی ئەدا. جاروبارێکیش لێکۆڵینەوەی ئەکرد لە بابەت ماوەی موگناتیسییەوە بەسەر پۆڵادا. کاتێ کە مێردەکەیشی نەهاتەوە ماڵێ و لە فرمانی خۆی ئەبووەوە، پێکەوە دەستیان ئەکرد بەلێکۆڵینەوە لەسەر بنچینەی تاقیکردنەوە لە کارگەکەیاندا. ئەم جۆرە خۆ ماندووکردنەیش ئەنجامی ناخۆشی لێ پەیدا بوو. پزیشکەکان مەترسییان خستە بەر (مانیا ) کە لە سی چەپیا نیشانەی دەردی خراپ دەرکەوتووە ئامۆژگارییان کرد چەند ڕۆژێک واز بهێنێ لە ئەرک و خۆ ئازاردان و خۆی بخاتە سرەوتەوە لە جێگایەکی تەندروستیدا کە بۆ چارەکردنی نەخۆشییەکانی سنگ دروستکراون، بەڵام (مانیا ) گوێی ئەدایە ئامۆژگارییەکانیان. خۆی بەوەوە خەریک کرد بوو کە لە ڕاستی پەرستی (فلسفة)دا خۆی ئامادە بکات بۆ وەرگرتنی پلەی (دوکتۆرا) ئەبوو بۆ ئەوەیش بابەتێکی زانستی تازە داهێنراو ئامادە بکات کە کەس لەپێش ئەودا لێی نەدوا بێ. دوای ئەوە نووسراوێک لەسەر ئەو ئەنجامەیش بنووسێتەوە و پێشکەش بەزاناکانی زانستکۆی بکات، لەو کاتەیشدا کۆمەڵە زانستییەکان بەوەوە خەریک بوون کە ڕازێکی زانستی دەربخەن لە بارەی ئەو لێکۆڵینەوانەوە کە (هەنری پیکویل)ی زانا ئەنجامی پێگەیاند بوون. ئەو ڕازەیش ئەمە بوو کە ئەو هۆیە بدۆزێتەوە کە کاتی (یۆڕانیۆم) وا لێ ئەکات پڕشنگی ڕووناکی شارراوە بدات و بچێت بەناو قاقەزی ڕەشی ئەستووردا و بەناو هەندێ ڕووی تاریک و نووتەکدا!

(مادام کوری) ئەم ڕاژەی بەئامانجی خۆی دانا لەبەر ئەوە دەستی کرد بەخۆماندووکردن لە لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتەدا تا بگاتە ئەنجامێکی دروست و نووسراوەکەی خۆی لەسەرئەوە بنووسێتەوە بۆ وەرگرتنی پلەی (دوکتۆرا). ئەمە بووە سەرەتای ئەو جەربەزەیییە زانستییە گەورەیەی کە خۆی و مێردەکەی پێوە خەریک بوون لە ڕاژە نەزانراوەکانی کیمیادا. دوایی (مانیا ) بەکامی خۆی گەیشت و ئەنجامێکی زانستی گرنگی دەرخست بۆ هەمووان. لەڕاستیدا ئەوە نوخشەی ئەو بەرهەمە بوو کە جیهان پێی تێگەیشت کە تیشکە نەبینراوەکان توانایان هەیە بچن بەناو هەموو کەرەستەیەکدا تا ئەگەنە ئەودیویانەوە!...

(مادام کوری) لەپێشدا بەمجۆرە دەستی کرد بەلێکۆڵینەوەکانی خۆی، کە هەموو جۆرە کەرەستە و کاتێکی ناسراوی تاقیکردەوە: بۆ ئەمەی بزانێ ئەوانیش وەک (یۆڕانیۆم) ئەو



تیشکە نەبینراوانە ئەدەن یان نا، یاخود هەر (یۆڕانیۆم)ە بەتەنیا کە ئەو تیشکە نەبینراوانە ئەدات و ئەهاوێژێ!...

(مانیا ) لەمە سەری زۆر سوڕما، کە لە ناکاو لە کاتی تاقیکردنەوەکانیدا؛ هێزێکی پڕشنگدانی وای بۆ دەرکەوت کە گەلێک لەو هێزی پڕشنگدانە زۆرتر بوو کە بەهیوا بوو لەو تۆزە (یۆڕانیۆم)ەوە پەیدا بێ کە ئەوکاتە تاقیکردنەوەکانی خۆی لەسەر ئەکرد! ئەمەیش ئەوە ئەگەیێنێ کە ئەو تۆزە یۆڕانیۆمە، یۆڕانیۆمی پاکژ نەبووە. تێکەڵ بەکەرەستەیەکی تر بووە کە پڕشنگدانەکەی لە هێزی پڕشنگداری یۆڕانیۆم زۆرتر بووە! جا لەبەر ئەوەی لە کاتی تاقیکردنەوەکانیدا لە هەموو کاتە ناسراوەکاندا هیچ کاتێکی تری نەدۆزیبووەوە کە هێزی پڕشنگدانی هەبێ؛ بێگومان ئەو تۆزە کەرەستەیەی کە لەژێر دەستیا بوو و تاقیکردنەوەی لەسەر ئەکرد، ئەبێ هەندێک کەرەستە یاخود کانی تری (تازە)ی تیا بێ کە هێشتا کەس نەیدۆزیوەتەوە!...

لێکۆڵینەوەکە لک و لۆی زۆر لێ بووەوە. بوو بەلێکۆڵینەوەیەکی خۆش و سەرنج ڕاکێشەر. مادام کوری و مێردەکەی هەستیان پێ کرد، کە خەریکن دۆزینەوەیەکی زانستی تازەیان بۆ بێتە بەرهەم... بەڵام چۆن ئەگەنە ئەودیو دەرگانەی ئەم دۆزینەوەیەوە؟ لێرەدا بیر کوری مێردی مانیا ناچار بوو، دەستی لە تاقیکردنەوە تایبەتییەکانی خۆی هەڵگرت و دەستی کرد بەهاوکاری ژنەکەی لە لێکۆڵینەوە گرنگەکانیا... لەپاش ڕەنجدانێکی چەند مانگی لەسەریەک، ژن و مێرد (بۆمبا )یەکیان فڕێ دایە ناو ناوچەی زانستییەوە. دەنگێکی زۆری دایەوە بۆ هەمووان ئاشکریان کرد کە خەریکن کانێکی تازە بدۆزنەوە. کە ئەو کاتە هێزی پڕشنگدانی دوو ملیۆن جار لە هێزی پڕشنگدانی (یۆڕانیۆم) زۆرترە... ئەم کانە کانێکی وایە، کە تیشکەکانی لە توانایاندا هەیە بچن بەناو تەختە و، بەرد و، پۆڵا و، مسدا. تەنیا یەک شت بەربەستی ئەکات ئەویش دیوارێکی ئەستوورە لە مز!... ژن و مێردەکە، ناوی کانە تازەکەی خۆیان نا (رادیۆم)، واتا پڕشنگدان کە لە وشەی (Radio AGtirity - پڕشنگدان)ەوە وەرگیراوە لە ڕاستیدا ئەمە شاکارێک بوو هەر لە دەست ئەو دوو پزیشکە ئەوەشایەوە!...

بەڵام کۆمەڵانی زاناکان ئەم دەنگەیان بەدرۆ ئەهاتە پێش چاو گومانیان تێ ئەبرد. چونکە ئەم دۆزینەوەیە پێشبینییەکانی ئەوانی سەرەوژێر ئەکرد و هەڵ ئەگێڕایەوە، کە لە سەدان ساڵانەوە پشت لەسەر پشت باوەڕیان پێ کرد بوو!... لە هەموو لایەکەوە دەنگ بەرز بووەوە. لە هەردوو زاناکانیان ئەخواست کە دۆزینەوەکەی خۆیان بخەنە ڕوو؛ بۆ هەموو

لایەکی دەربخەن تا ڕاستی دەرکەوێ ئەویش بەوە پێکدێ کە (نموونە)یەکی پاک و پوختەی ئەم کانە تازەیە پێشکەش بکەن تا هەر کەسێ بیەوێ تاقیکردنەوەکانی خۆی لەسەر بکات!.

## زۆرانبازییەکی سەخت

مادام کوری و مێردەکەی وەرامی ئەو توانج و پلارەیان دایەوە لە چوار ساڵەکەی دواییدا (١٨٩٨ - ١٩٠٢) هەموو هێز و توانایەکی خۆیان خستە پێناو چەند تاقیکردنەوەیەکی سەخت و گران وە تا بتوانن بوونی (رادیۆم) بچەسپێننە دڵی هەمووانەوە چوار ساڵی خشت ئەم دوو زانایە خەباتیان کرد، بێ وەستان و بێ کۆڵ دان خەریکی تاقیکردنەوە بوون تا توانییان (دە)یەکی گرامێک لەم کانە تازەیە بهێننە بەرهەم، کە لە لەتکە نۆکێکی بچووک کەمتر بوو!

تۆ ئەزانیت ئەم (نموونە) بچووکەیان چۆن بۆ پەیدا کرا و؛ چەند ئەرک و کەشمەکەشیان تووش هات تا بەرهەمیان هێنا ؟

ئەو گلی کانەی کە کانی یۆرانیۆمیان لێ دەرئەهێنا و، بەپێی تاقیکردنەوەکانی خۆیان، زۆرتر بیریان بەلای ئەوەدا ئەچوو کە تێکەڵ بوو بێ بەگەردەکانی کانە تازەکە کە هێشتا نەناسراو بوو، لە ڕاستیدا لەناو کانگاکانی (بۆهیمیا)دا زۆر دەست ئەکەوت بەڵام نرخی گران بوو. چونکە خۆڵی یۆرانیۆمی تیا بوو، کە بۆ دروستکردنی شووشە بەکارئەهێنرا. کەواتە چۆن ئەو هەموو کۆمەڵە گلە پەیدا بکەن کە بۆ دەرهێنانی کانە تازەکەیان بەکاری بهێنن؟ ئەو کانە تازەیە لەناو گلەکەدا یەجگار کەم بوو! کەواتە ئەمەیان چۆن بۆ سەر بگرێ؟.

ژن و مێرد، وایان ئەهاتە پێش چاو؛ کە ئەم گیروگرفتەیان پێ چارە ناکرێ! کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا چارەیان بۆ دۆزییەوە! گوتیان: کە ئەم کانە تازەیە؛ بریتی بێ لە کانێکی سەربەخۆ و هیچ فرێکی بەسەر یۆرانیۆمەوە نەبێ، کەواتە بۆچ خەریکی ئەوە نەبین کە لەو تلّپەیە دەری بهێنین کە لەپاش دەرهێنانی یۆرانیۆمەکە ئەمێنێتەوە؟ ئەم تلّپانەیش نرخیان نییە. بەجۆرێکی تێکرایی، هەر ئەوەندەیشمان لەسەر ئەکەوێ کە بیگوێزینەوە بۆ ئەو شوێنەی کە فرمانی تیا ئەکەین؟

ئا بەم ڕەنگە بوو، کە هەردوو زاناکان دەستیان کرد بەهێنانی ئەو تلّپە کەم نرخانە، تەن لەدوای تەن بەهۆی کەشتییەوە ئەیانگوێزایەوە بۆ کارگەکەی خۆیان. کەسانی تر بەشێتیان



دائەنان. وایان ئەزانی ڕێژگاو بوون. ئیتر هەر ئەوەندە ئەگەیشتنە کارگە هەژارانەکەیان، کۆمەڵ کۆمەڵ ئەیانخستنە مەنجەڵی گەورە گەورەوە؛ لەسەر ئاگر ئەکوڵێنران. دوای ئەوە لە هەر کۆمەڵە تلّپەیەک کەمەکێ لەو کانی ڕادیۆمەیان دەرئەهێنا، کە ئەمەندە کەم بوو لە ملیۆنێک بەش بەشێکی لەو گڵە کانییە خاوەی تیا ئەدۆزرایەوە! بەڵام ئاخۆ ئەو دوو زانایە لە چ جێگایەک و لە چ بارێکدا ئەو کارەیان ئەکرد؟. لە خانوویەکی لە تەختە دروستکراوی وێرانە و چۆڵوهۆڵ و بەرەڵڵاکراودا فرمانیان ئەکرد. زەوی ژوورەکە بەردڕێژ نەکرا بوو، بنمیچەکەیشی ڕووخا بوو، نە بارانی ئەگێڕایەوە نە سەرما!. ڕوو بەڕووی ئەو کووره ئاگرانە کە دووکەڵی قەترانی لە کول و کەرەستەی کیمیایی لێ هەڵ ئەسان، کە چاویانی پڕ ئەکرد لە فرمێسک و قوڕگیانی وشک ئەکرد و هەناسەیشیانی توند ئەکرد؛ ئەم دوو کڵۆڵە چوار ساڵی خشت لەناو ئەو فرمانە پڕ ئەرک و ئازارەدا کاریان کرد. دوایی مێردەکە وای لێهات خەریک بوو ئارامی لەبەر ببڕێ و وەڕس بێ و؛ ورە بەر بدات و، واز لەو خەباتە سەختەی خۆی بهێنێ. بەڵام ژنەکەی خۆی نەدا بەدەست هەناسە ساردییەوە، وەڕس نەبوو. کۆڵی نەدا و بەزۆرەملێ ویستی درێژە بدات بەخەباتەکەیان. هەر لەسەر فرمانی خۆیان ڕۆیشتن تا دوایی بەکامی خۆیان گەیشتن. دەیەکی گرامێکیان لە کانی رادیۆمی پوختە لەو تلّپانە هێنایە دەرەوە... ئنجا سەرکەوتنە گەورەکەی خۆیان بۆ جیهان ئاشکرا کرد!.

## گەورەیی تا سەر

بەم دۆزینەوە تازەیە جیهان لە ڕێیەوە (مادام کوری) و مێردەکەی پاداشی نۆبڵی زانستییان درایە ئەوە لە ساڵی ١٩٠٣دا بوو ئافرەتە خەباتکارەکە ناوبانگی لە جیهاندا دەرکرد و گەیشتە سەرە لووتکەی گەورەیی... ئەمەیشمان لەوەپێش پیشان دا. پەزیشکایەتی زۆری پێنەچوو، ئەم کانە تازەیەی بەکار هێنا: بۆ لەناوبردنی نەخۆشی شێرپەنجە. جا لێرەدا هەردوو زاناکە بەرەنگاری سەرگەردانییەکی گەورە بوون، ئەبوو یەکێکیان لەم دوو کارە هەڵبژاردایە؛ یان ئەبوو خۆیان بەتەواوەتی دەوڵەمەند بکەن و سامانیان بگاتە ڕادەیەک کە ئەوپەڕی دیار ئەبێ. یان ئەبوو بەگەورەیی زانستی وازیان بهێنایە و لەژێر سێبەری ژیانێکی ئاساییدا بژیانایە!. لە هەموو لایەکی جیهانەوە بۆ کانی (رادیۆم) ئەگەڕان. چ لە لایەن خەستەخانەکانەوە، چ لە لایەن پزیشکەکانەوە، چ لە لایەن نەخۆشەکانەوە. لە هەموو جیهانیشدا کەس ڕازی ئەوەی نەئەزانی رادیۆم بپاڵێوێ، ئەو

دوو زانایە نەبن. ئەو دووانە ئەیانتوانی لە هەموو تۆزە رادیۆمێک بەشی خۆیان پارە وەربگرن لەوانەی کە دەری ئەهێنن. بەڵام ئەمە کاتێ بۆیان ئەلوا، کە هێشتا ڕازی دۆزینەوەی رادیۆمیان لە کارگە و کارخانەکان ئاشکرا ئەکرد و، کە هاوبەشییە بازرگانییەکان بەو ڕازەیان نەزانی بوو. خۆ ئەگەر وایشیان بکردایە کەسێ نەبوو توانجیان تێبگرێ، یاخود گلەییان لێ بکات. ئەوساکە ئەیانتوانی بەری ڕەنجی چەند ساڵەی خۆیان بخۆن و، پاشەڕۆژی هەردوو کچەکەی خۆیشیان بپارێزن. خۆ هیچ نەبێ ئەوەیان پێ ئەکرا، کە بەو پارەیە کارگەیەکی باش و بەکەڵک و ئاسوودە بۆ خۆیان بکەنەوە، تا بتوانن بەئاسانی و ڕێکوپێکی لێکۆڵینەوەکانی خۆیان درێژە پێ بدەن خۆ ئەمەیش ئاشکرا بوو کەودەمە، یەک گرام رادیۆمیان ئەفرۆشت بەسەد و پەنجا هەزار پاوەند!.

## دەروێشییەک وەک هی پێغەمبەران

بەڵام ئەوەی باوەڕی مرۆڤ بەهێز ئەکاتەوە و تازە ئەکاتەوە بەوەی کە تۆوی چاکەکردن لە ناخی سروشتی مرۆڤایەتیدا هەیە؛ ئەوەیە کە بۆمان ئاشکرا ببێ؛ کە (مادام کوری) نەیویست یەک پوول لە پاداشی ئەم دۆزینەوە گرنگ و نەمرەیدا وەربگری لەم ڕووەوە قسە نەمرەکانی خۆی دووبارە ئەکەینەوە کە لەو دۆزینەوەی زۆرتر ئەمێنێتەوە، لەبیر و هۆش و دڵاندا!... (مادام کوری) گوتی:

(ئەگەر لە پاداشی دۆزینەوەکەمدا پارە وەربگرم، بێگومان پێچەوانەی گیانی لێکۆڵینەوەی زانستی ئەجووڵێمەوە بێجگە لەوە (ڕادیۆم) بۆ نەهێشتنی نەخۆشی بەکارئەهێنرێ. ئەبێتە کەلوپەلێکی بەزەیی پیا هاتنەوە و دڵسووتان بەنەخۆشدا. رادیۆم هی هەموو کەسێکە کە لەسەر ئەم زەوییەدا ئەژی لەبەر ئەوە هەرگیزا و هەرگیز لە پاداشی ئەم دۆزینەوەیەمدا هیچ مزێک، وەرناگرم!) ئەودەمە ئەمە باو بوو کە هەر کەسێ پاداشی (نۆبڵ)ی پێ ببەخشرایە ئەچووە شاری (ستوکهۆڵم) لە خاکی (سوید)دا. لەوێ لە ناوەند ئاهەنگێکی گەورەدا کە بۆی ئەگێڕرا پاداشەکەیان ئەدایە، بەڵام خێزانی (کوری)، هەردووکیان خەباتییان ئەمەندە کرد بوو، بەجارێک شپرزە و ماندوو بوو بوون لەبەر ئەوە لە توانایاندا نەما بوو کە ئەو کۆچەی بۆ بکەن سەبارەت بەوە لە شاری (پاریس)دا مانەوە ئەو تۆزە تەندروستییەی بەلەشیانەوەی مابوو، پاراستیان لە لەناوچوون، هەرچی دەستکەوتێکی کەمیشیان هەبوو لە درێژەپێدانی تاقیکردنەوەکانیاندا بەختیان ئەکرد. هەر کەڵکێکی تایبەتی خۆیان هەبوو، لەپێناو فرمانەکەیاندا لەبیر خۆیان بردەوە... لەگەڵ



ئەمەیشدا ملکەچانە، ساکارانە، خۆنەویستانە ئەژیان و ئەجووڵانەوە بەڕاستی خۆ بەختکردنی وەها و خۆ لە بیرچوونەوەی وەها مەگەر هەر لە دەست پێغەمبەران مابێت!...

بەوەیشەوە نەوەستان: هەر بەهۆی ئەو گیانە بڵندەوە کە هەیانبوو و، سامان و دەسکەوتی ڕەوایان نەویست کە لە ئەنجامی ڕەنجی شانی خۆیانەوە بۆیان پەیدا بوو بوو دیسانەوە هەموو نیشان و بابەتێکی گەورەکردنیشیان نەویست و بەرپەرچیان دایەوە!. ئەوان لە هەموو دارایی جیهاندا هەریەک شتیان ئەویست. ئەیانویست لە بەرامبەر ئەو دۆزینەوە کەڵک بەخش و دڵسۆزانەیەدا کە پێشکەش بەجیهانیان کرد بوو؛ جیهان (کارگە)یەکی ئاسوودە و ڕێکوپێک و تەواویان پێ ببەخشێ، تا بتوانن تا سەر لێکۆڵینەوە زانستییەکانی خۆیانی تیا جێبەجێ بکەن... کاتێ کە جێ باوەڕی زانستکۆی (سۆربۆن) بوو (بیر کوری) نووسی و موژدەی دایە کە کاربەدەستی زانیاری پاڵاوتوویەتی بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی نیشانی - دەستەی سەربەرزی - پێ ببەخشێ - بیر کوری - لەسەر ڕێکەوتنی مانیای ژنی لەسەر ئەو قسەیە بەم ڕەنگە وەرامی دایەوە: تکای من ئەوەیە گەورەی خۆم کە لە ڕووی پیاوەتی خۆتەوە سوپاسێکی کاربەدەستی زانیاریی بکەیت و پێی بڵێیت کە من هیچ ئارەزوویەکی ئەوەم نییە کە سنگی خۆم بەو نیشانە برازێنمەوە هەر پێویستیشم بەو نیشانە نییە ئەوەی من پێویستمە کارگەیەکە تا بتوانم لێکۆڵینەوەکانی خۆمی تیا جێبەجێ بکەم!.

## ڕاکردن لە ناوبانگ

بیر کوری و مانیا، هەردووکیان لەوەدا سەرکەوتن کە بەڕەنج و تەقەلایەکی زۆرەوە لە دەست ناوبانگ خۆیان ڕزگار کرد (مانیا) جاری وا هەبوو خۆی ئەگۆڕیی و شێوەی خۆی ئەشاردەوە لە ناسیاوان. تا بتوانی جار بەجارێک ڕۆژێک لە لادێدا پشوویەک بدا و بحەسێتەوە. ئەودەمە مرۆڤ بڕوای بەوە نەئەکرد کە ئەو ئافرەتە هەرزەکارەی کە کراسێکی ساکاری ژنە جووتیار لەبەرئەکات هەر ئەو ئافرەتەیە کە لەناو هەموو جیهاندا ناوبانگی دەرکردووە و لە هەموو ئافرەتێکیش بەناوبانگترە. هەر ئەو ئافرەتەیە کە پاداشی زانستی (نۆبڵ)ی دراوەتێ!.

کەواتە ئەمە ئاشکرایە کە (مانیا) حەزی لە بینینی ڕۆژنامەگەرەکانیش نەئەکرد. جارێکیان وا ڕێکەوت کە ڕۆژنامەگەرێکی ئەمەریکایی لەدووی دەنگوباسی (مانیا) ئەگەڕا دوایی زانی کە (مانیا) لە گوندێکی بچووکدا خۆی گرتۆتەوە. گوندەکە یەکێک بوو

له گوندی ڕاوکەرەکانی گوێی دەلیای ناوچەی (بریتانی) کابرایش ڕووی کردە ئەو گوندە. پرسی کام ڕێگا ئەڕوات بۆ کۆلیتی (خێزانی کوری) لەوێدا ئافرەتێکی چاو پێ کەوت لە دیمەندا ئاسایی بوو، لەناو دەرگانەی کۆلیتەکەدا دانیشتبوو، هەردوو پێی ڕووت بوون هیچی لە پێدا نەبوو ئەویش وایزانی ئافرەتەکە کارگێڕی خانووەکەیە. یاخود سەرۆکی کارەکەرەکانە. جا بەم ڕەنگە گفتوگۆیان لە ناوەندا پەیدا بوو:

– تۆی کارگێڕی ئەم خانووە؟

– بەڵێ.

– خانم لە ژوورەوەیە؟

– نەء. لە دەرەوەیە.

– تۆ بڵێی بەم زووانە بێتەوە؟

– بڕوا ناکەم.

ڕۆژنامەگەرەکەیش بەتەنیشتیەوە دانیشت لەسەر پلیکانە نزمەکەی خانووەکە و پێی گوت: (ئەتوانیت لە بابەت ژیانی تایبەتی خانمەوە بابەتێکی ناوازەم پێ بڵێیت؟)، (مانیا)یش وەرامی دایەوە گوتی: (هیچم لا نییە لەو بابەتەوە پێت بڵێم. هەر ئەوەندە هەیە مادام کوری ڕووی لێ ناوم کە ئەم ئامۆژگارییە گرنگە بەهەموو ڕۆژنامەگەرەکان بڵێم: (ئەوەندە بەتەنگ دەنگوباسی کەسەوە بن، کە زۆری لە ڕووی سەرچڵیەوەیە. زۆرتر بەتەنگ بیروباوەڕەوە بن!)

## لە بەیانییەکی پڕ لە باراندا

لەگەڵ ئەمەیشدا ناوبانگ و شاکاری ڕێزگرتن لە کۆڵیان نەئەبوونەوە تا ئەهاتن پەرەیان ئەسەند (بیر کوری) خرایە (کۆمەڵی زانستی)یەوە دوایی هاتە ناو ناوانەوە. هاوڕێکانی کە لە خۆی کەمتر بوون. لە زانیاری و کارگوزارییدا؛ دانیان پیا نا، لەبەر ئەوە تا بڵێی ئەمەیان پێ ناخۆش بوو و چاویان پێ هەڵ ئەهێنا. بەڵام بوونی (بیر کوری) بەئەندام لە (کۆمەڵی زانستی)دا کەڵکێکی هەبوو، ڕێگای بۆ کرایەوە کە ببێتە مامۆستا لە زانستکۆی (سۆربۆن)دا. لە ئەنجامی ئەمەدا کارگەیەکی تەواوی کەوتە ژێر دەستەوە کە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی خۆی تیا جێبەجێ بکات... بەم ڕەنگە هیوا و ئاواتە دوور و درێژەکەی خێزانی کوری هاتە دی!.



بەڵام لە بەیانییەکی پڕ لە باراندا، لە مانگی گوڵان (نیسان)ی ١٩٠٦دا بیر کوری لە ماڵ دەرباز بوو. چوو بۆ سەردانی ئەو کەسەی کە نووسراوە زانستییەکانی لە چاپ ئەدا... بەپێ ڕۆیشتە دەرەوە. بەڵام لەپاش چەند کاتێک لەسەر دەست هێنایانە ماڵەوە لەشی وەک لاشەی مردووی لێهاتبوو. ڕێبازەکە باران تەڕ و لووسی کرد بوو (بیر کوری)یش پێی لێ هەڵخلیسکا بوو کەوتبووە سەر زەوی ژێر چەرخی ئۆتۆمۆبێلێکی گرانی شتومەک هەڵگر. کە ئەویش کەوتبوو بەسەر کەللەیدا شکاند بووی مێشکیشی پژاند و کەوتبووە سەر تەختی ڕێگاکە!.

ئەمە دوارۆژی مانیا بوو کە هەست بەکامەرانی بکات بەڵام وازی لە فرمانکردن نەهێنا. خرایە جێگای مێردەکەی خۆی و کرا بەمامۆستا لە زانستکۆی سۆربۆن. ئەمە یەکەم جار بوو لە مێژووی زانستکۆی فەرەنسەدا کە ڕێ بەژنێک درا بێ و مامۆستایی بکات!.

لەوەپێش بیری مێردی فرمانی تیا ئەبینی. دەستی کردەوە بەلێکۆڵینەوەکانی خۆی. ئێستاکە خۆی بوو بەکارگێڕی کارگەکە... بێجگە لەوە ئەبوو خەمی پەروەردەکردنی هەردوو کچەکەیشی بخوات. هەروەها ئەبوو وتارانی زانستی و بڕیارەکانی خۆیشی ئامادە بکات لە بابەت ئەنجامی لێکۆڵینەکانیەوە....

## نامەی شیوەن

ئەبوو شتێکی تریش بکات: ئەبوو هەموو شەوێک پێش نووستن لە شوێنێکا بمێنێتەوە؛ تا بیرەوەری ئەو ڕۆژە و کارەساتەکانی لە شێوەی نامەدا تۆمار بکات بۆ مێردە جوانەمەرگەکەی، هەروەک مێردەکەی مابێ لە ژیاندا و ئەویش نامەی بۆ بنووسێ وا بوو:

(ئەی بیری خۆشەویستم! پێیان گوتم بچمە سەر تەختی دانیشتنەکەی تۆ لە زانستکۆدا... منیش پێم پەسەند بوو...

بەڵام نازانم لەوەدا چاکم کردووە یان خراپ؟)

(بیری خۆشەویستم! من هەموودەم تۆم لەبیردایە. بیرت لێ ئەکەمەوە... سەرم گەرم بووە، ئەوەندەی نەماوە بتەقێ... هۆشم لێ تێکچووە، ئەوەندەی نەماوە شێت ببم... هەرچەند ئەکەم ناتوانم ئەوە تێبگەم یاخود باوەڕی پێ بکەم، کە ئەتوانم بەبێ تۆ بژیم...)

(ئەی بیرە بچکۆلەکەم!... درەختی (لابرنم)ە کە گوڵی کردووە... بەڵام (سوسەن و، وەستاریا و، لاولاو)ەکان تازە خەریکن ئەپشکووین... تۆیش دڵت بەوانە؛ بەهەموویاندا ئەچوو...)

(وام لێهاتووه ئیتر حەز لە ڕۆژ و لە گوڵ ناکەم تەنانەت کە ئەیانبینم دڵتەنگ ئەبم... وام لێهاتووه هەرچەند ئاسمان ئەبێتە تەمومژ و هەورەتریشقە، زۆرتر هەست بەسرەوت ئەکەم چونکە ڕۆژی مردنی تۆ وا بوو... جا ئەگەر هێشتا وام لێ نەهاتبێ کە قینم لە ئاسمانی پاک و بێ گەرد و خۆشیانی هەڵبسێ، هەر لەبەر ئەوەیە کە منداڵەکانم پێویستییان بەوانە هەیە).

(مادام کوری)، لەپێناو مرۆڤایەتیدا و لەبەر کەڵک و چاکەی منداڵەکانی دەستی کردەوە بەفرمانکردن لەبەر گەلێک ئەرک و ئازاردا خۆی ڕائەگرت ئەویش لەپێناو سووک کردنی ئازاری مرۆڤایەتیدا. کاتێ کە بۆ جاری دووەم پاداشی (نۆبڵ)ی درایە، لە ساڵی ١٩١١دا؛ هەر لەبەر ئەوە وەریگرت، کە ئەوەیشی بەهەلێکی تر دانا کە یارمەتی بدات و ماوەی لێکۆڵینەوەکانی خۆی فراوانتر لێ بکات. کوری لێکۆڵینەوەی ئەمجارەی (کاریگەریی ڕادیۆم بوو لە یارمەتیدانی برینەکاندا کە زووتر سارێژ بێن!).

## فریشتەی دڵ پێ سووتان

کاتێ کە ئاگری جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٤دا هەڵگیرسا، گەلێک ئۆتۆمۆبێلی ئامادە کرد و کەلوپەلی چاککردنەوەی نەخۆشەکانی تێخست، کە برینەکانیان بەهۆی تیشکی رادیۆمەوە چاک بکاتەوە. خۆی بەسەر ئەو ئۆتۆمۆبێلانەوە بوو ئەگەڕا بەناو هەموو کۆڕی جەنگەکاندا، لە هەموو خاکی فەرەنسەدا، سەرپەرشتی ئەو کارانەی ئەکرد هەروەک فریشتەی بەزەیی پیا هاتنەوە و دڵ پێ سووتان بوو بێ وا بوو، فەری چاککردنەوەی نەخۆشی ئەبرد بۆ بریندارەکان هەرچی خەموخەفەت و ئازاری دڵی خۆیشی هەبوو، لەودیو ڕووە جوانە زەرد هەڵگەڕاوەکەی خۆی و، زەردەخەنە هانەدەرەکانی و، گفتوگۆ نەرم و شیرینەکانی و دەس و پەنجە ناسکەکانیەوە ئەشاردەوە کە دەرمان سووتاند بوونی!...

کە بریندارە سەرسامەکان ئەو مەکینەی تیشکی رادیۆمە گەورەیەیان ئەدی؛ لێیان پرسی: (ئاخۆ ئازارمان ئەدات؟...)

(مادام کوری) بەدڵنیاییەکەوە وەرامی ئەداتەوە ئەیگوت: دیارە ئازارتان ئەدات... بەڵام هەر ئەوەندەی پێ ئەچێ کە وێنەیەکتان بگرم!...

جەنگ بڕایەوە... (مادام کوری) دەستی کردەوە بەهاتوچۆکانی خۆی؛ وتار بدات ئەچووە هەر جێگایەک ئاهەنگیان بۆ ئەگێڕا و، نیشانیان ئەدایە و، گفتوگۆی ڕۆژنامەیی لەگەڵدا



ئەکرا و؛ خوانی بۆ ئەڕازانرایەوە کە لە سەروو هەموانەوە دابنیشێ... بەڵام ئەو تازە دڵی سارد بوو بووەوە؛ گیانی دامرکا بووەوە، هەموو دەمێکیش خۆی لە ساماندارێتی و ناز و جیازی دەوڵەمەندانە ئەپاراست!... یان هەروەک خۆی ئەیگوت:

(ئەوانەی خەواڵوون؛ هەڵناگرن سامانیان ببێ، چونکە خۆیان ئارەزووی ناکەن!.)

## دوایی ڕێگا

(مادام کوری) خەوەکەی، دوایی هات. ئەویش ڕۆژێک بوو لە ڕۆژانی ساڵی ١٩٣٤... ئەو ڕۆژە کە لە کارگەکەی گەڕایەوە هەستی بەخۆی کرد تەواو ماندوو بووە، تەواو برستی لێ بڕراوە بۆ بەیانی دوایی، هەرچەندی ئەکرد نەی ئەتوانی لە پێخەفەکەی ڕاست ببێتەوە... پزیشکەکانیش هەرچەندێکیان کرد و کۆشان نەخۆشییەکەی ئەویان بۆ دەرنەکەوت!. بەنیشانەکانیا وا دەرئەکەوت کە لە نەخۆشییەکانی پژمەی بزن (ئەنفلوانزە) و سیل و خوێن کزیی بکات بەڵام نەخۆشییەکەی ئەو لەو سێ نەخۆشیانە، هیچ کامێکیان نەبوو!... ڕاستییەکەی ئەوە بوو، نەخۆشییەکەی نەزانرا چییە، تا پاش مردنی. (مادام کوری) ژەهری تیشکی ڕادیۆم لێی دابوو. ئەوەندە خۆی دابووە بەر تیشکی ڕادیۆم، تیشکەکە کاری لە هەموو ئەندامە گرنگەکانی لەشی کرد بوو، بەرە بەرە ڕزاندبوونی، تا بەیەجگاریی مرد بوو!.

بەم ڕەنگە (مادام کوری) لەپێناو نامە گەورەکەی خۆیدا؛ یاریدەدانی مرۆڤایەتی و لابردنی ئازاری نەخۆشان و چاکەپەروەریی، خۆی بەکوشت دا...

(مادام کوری) هەروەک مۆمێک وا بوو، لایەکی تاریکایی جیهانی ڕووناک کردەوە... بەڵام ئەوەیش زۆر گران کەوتە سەر مرۆڤایەتی چونکە خۆی سووتا!.

تەواو بوو

## پێڕست


**دواڕۆژی مرۆڤایەتی** ..... 5
ساڵی یەکەم ..... 7
چارەی دڵداری ..... 33
مێژووی جیهان ..... 63
ڕۆژ و فرمان ..... 155

**وێژەیی** ..... 171
دۆن کیشۆت ..... 173
گرۆزیی ..... 203
ئەلیادە و ئۆدێسسە ..... 243
ئۆدێسسە ..... 265
پیاوی چارەنووس ..... 281
مەم و زین ..... 311
بەزمی خوایی ..... 449
چیرۆکی هەڵبژاردە لە وێژەی هیندی ..... 511

**نیشتمانپەروەری** ..... 585
لویس پاستێر ..... 587
گاریباڵدی ..... 607
مادام کوری ..... 625